# رەخنەی ئەدەبی کوردی

و

## مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# رەخنەی ئەدەبی کوردی

و

## مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر

د. پەرێز سابیر



کتێب: رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر
دانانی: د. پەرێز سابیر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٢٢
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٢٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## پێشەکی

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە سەرەتا ڕاستەقینەکەی لەگەڵ دەستپێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستی پێکردووە، ئەو سامانە گرنگە تا ئەم دواییەش بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و لێی نەکۆڵراوەتەوە، بەڵکو بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە نیو سەدە زیاتر دەخایەنێت وەک کەرەستەیەکی خاو بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو و فەرامۆشکراو ماوەتەوە. ئەو نووسینە کەمانەی لە سەریشی بڵاوکراونەتەوە، واتە لێکۆڵینەوە لەو کەرەستەیەی کە سەرجەم سامانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێک دەهێنێت، چەند هەوڵێکی سەرەتایین و تەنها لایەنێکی بچووکی ئەو بابەتە فراوانەیان گرتۆتەوە، بۆیە نە لە ڕووی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی ئەو نووسینە کەمانەیان پێکهێناوە و نە لە ڕووی چۆنیەتی باسکردن و لێکۆڵینەوەیان کە هەر لە بنەڕەتدا شتێکی سادە و سەرپێیین و لە چەند سەرنجێکی گشتی و خێرا تێپەڕیان نەکردووە، نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی تێروتەسەل و لەسەر ڕێبازێکی زانستییانە لەو کەرەستەیە بکۆڵنەوە و هەڵیسەنگێنن و نرخی تایبەتی لەناو ئەدەبی کوردیدا دیار بکەن. بەمانای ئەوەی ئەو نووسینە کەمانە نەیانتوانیوە باری ڕاستەقینەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دیاربکەن.

بەڵام دەبێ لێرەدا سەرنج بۆ مەسەلەیەکی گرنگ ڕابکێشین ئەویش ئەوەیە کە لەکاتێکدا ئەم ڕاستییانە دەخەینەڕوو، نابێ ئەو ڕاستییە گرنگەش فەرامۆش بکەین کە بایەخ نەدان بەم بابەتە گرنگە بەپێی پێویست و نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەی فراوان و تێروتەسەل لەسەر ئەم بابەتە کارێک بوو هەر لە خۆیەوە نەبوو، بەڵکو هۆی تایبەتی خۆی هەبوو کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆیانە پەرش و بڵاوی ئەو کەرەستەیەبوو لەم لاو ئەولای سەر لاپەڕەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە جۆربەجۆرانەی لە ماوە و شوێنی جیاجیادا بڵاو دەکرانەوە و کەسێک وەیان لایەنێک نەبوو مشووری کۆکردنەوەی ئەو کەرەستە گرنگە بخوات و بیخاتە بەر دەست لێکۆڵەرو شارەزایان، ئەوەبوو ئەم کەرەستەیە بەدرێژایی ئەو ماوەیە ساڵ بەساڵ کۆدەبۆوە و کەڵەکە دەبوو بێ ئەوەی دەستی لێکۆڵینەوەی بگاتێ. دیارە ئەمەش هۆیەکی گرنگ بوو وای لە شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگر و لێکۆڵەران کردبوو لەو سامانە ڕەخنەییە بێ ئاگابن و زۆرجار ڕەمەکییانە چەند ڕایەکی سەرپێیی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەربڕن.



جا ئێمەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیەی کە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەدا هەیە سەبارەت بەو سامانە گرنگەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێک دەهێنێت، دەبوایە بەر لە هەموو شت ئەو کەرەستەیە کۆبکەینەوە ئینجا دەستی لێکۆڵینەوەی بۆ درێژ بکەین. دیارە کۆکردنەوەی ئەو کەرەستەیەش کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونێکی زۆر و ماوەیەکی درێژبوو، چونکە جگە لەو کتێب و نامیلکە و نووسراوانەی بەشێکی کەمی کەرەستە ڕەخنەییەکەیان گرتبووە خۆ، بەشی هەرە زۆری ئەو سامانە کەوتبووە سەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان کە لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا بڵاودەکرانەوە و پەیداکردنیان کارێکی یەکجار گران بوو، بۆیە دەبوایە جگە لە کتێبخانە گشتییەکان و دامودەزگا ڕەسمییەکان کە ڕێژەیەکی کەمی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان تێدا دەست دەکەوت ڕوو بکەینە هەر شوێنێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و ڕوو لە خاوەن کتێبخانە تایبەتییەکانی مامۆستا و شاعیر و نووسەر و ئەدەب دۆستان بکەین و سوودیان لێ وەربگرین. ئەوەبوو لە ئەنجامی گەڕان و پشکنینمان بۆ ئەنجامدانی کارەکەمان لە سەرەتادا ڕوومان کردە کۆکردنەوەی کەرەستەکان بەمەبەستی دیارکردنی بایەخی ڕاستەقینەی ئەو کەرەستە گرانبەهایە کە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو فەرامۆش کرابوو ئینجا ڕوومان کردە لێکۆڵینەوەی ئەو کەرەستەیە بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیەی مەیدانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گرتبۆوە، دیارە ئەمەش بۆ ئەوەبوو شوێنی ڕاستەقینەی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا دیاربکەین.

لە لێکۆڵینەوەی گرنگترین و دیارترین ئەو مەسەلانەی بابەتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییان پێکهێناوە خۆمان بەباسکردنی باری ڕەخنە لە پارچەیەکی دیاریکراوی کوردستان و فەرامۆشکردنی ئەو کەرەستەیە لە پارچەکانی تری کوردستاندا نەبەستۆتەوە، بەڵکو هەوڵمان داوە لە سەرتاسەری سەرجەم پارچەکانی کوردستانی گەورەدا ئاوڕ لەو کەرەستەیە بدەینەوە، چونکە فەرامۆشکردنی ئەو سامانە ڕەخنەییەی کەرەستەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێک دەهێنێت لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان ڕێگای ئەوەمانی لێدەگرت ڕەوتی ڕاستەقینەی مێژووی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دیاربکەین کە سەرجەم ئەو کەرەستەیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە بەبێ ئەوەی ئەو ڕاستییە گرنگە فەرامۆش بکەین کە زرووفی زاتی و مەوزووعی هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان جیاوازبووە و ئەمەش کاری خۆی هەبوو لەسەر جیاوازی پلە و ئاستی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە هەر پارچەیەکدا

کە بەسەرکردنەوە و لێکۆڵینەوەمان لە بەرهەمە ئەدەبی و رەخنەییەکانی شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی کوردی سەر بەپارچە جیاجیاکانی کوردستان ئەوەمانی بۆ دەرخست کە باری ئەدەب و هونەر و رەخنەی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی خواروودا لەچاو پارچەکانی تری کوردستان لە هەموویان پێشکەوتووترە، دیارە هۆی بنەڕەتی رەخساندنی زەمینەی ئەو پێشکەوتنە و دروست بوونی ئەو سیما جیاکارییە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری گرنگ کە لەپێش هەموویانەوە بەستراوەتەوە بەهۆکارە سیاسییەکەوە کە لەهەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستاندا بۆ کورد رەخسابوو.

رەخنەی ئەدەبی کوردی و بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەهۆی ئەو پەیوەندییە پتەو و بەناو یەکداچووەی بەیەکتریانی بەستۆتەوە وای کردووە کەرەستەکانی رەخنە لەو قۆناغەی مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا لەو بابەتانە پێکهاتبن کە چەند مەسەلەیەکی رەخنەیی گرنگی گرتۆتەوە وەک مەسەلەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ لە شیعردا و ئەو مەسەلانەی تایبەت بەشێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعرن، دیارە ئەو مەسەلانەش کە لەقۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا سەریان هەڵداوە و پەرەیان سەندووە و بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەو کەرەستەیەیان پێکهێناوە کە سامانی رەخنەی ئەدەبی کوردییان لێ پێکهاتووە، دەبوایە بۆ دیارکردنی رواڵەت و سیماکانی پەرەسەندنی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا لە دوو رووەوە ئەو کەرەستەیە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لە لایەکەوە بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەو مەسەلانە بکۆڵینەوە کە دیارە ئەمەش لایەنە کرۆنۆلۆجییەکە دەگرێتەوە و لە رووی مێژووییەوە دەبوایە باس بکرابان و لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی ستوونی بەناو قووڵایی ئەو مەسەلانەدا بچینە خوارەوەو بەپێی ئەمە لایەنی گۆڕان و پەرەسەندنی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا دیاربکەین.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە هەر مەسەلەیەک لەو مەسەلانەی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا لێمان کۆڵیوەتەوە بەسەرەتایەکی گشتی لە بارەی ئەو مەسەلانەوە دەستمان پێکردووە کە لە رەخنەی ئەدەبی میللەتانی تری غەیری کورد باس کراون و لێیان کۆڵراوەتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە دەست لەسەر رادەی پێگەیشتن و پەرەسەندنی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا دابنێین و باری راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیاربکەین دیارە ئەمەش پێویستی بەوەبوو ئاوڕ لە هەوڵ و تاقیکردنەوەی میللەتانی تری غەیری کورد بدەینەوە کە ماوەیەکی زۆر پێش ئێمە لەم بوارەدا کاریان کردبوو و دەستکەوتی گەورەیان بەدەست هێنابوو، بەڵام دیسان دەبێ لێرەدا بەئاگادارییەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بوەستین



کە مەبەستمان لە نووسینی ئەو سەرەتایانە لای میللەتانی تر تەنها بۆ ئەوەیە چوارچێوەی گشتی جۆری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو مەسەلانە لە رەخنەی ئەدەبی ئەو میللەتانەدا دیاربکەین و دوای لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانە لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئەوە دەربخەین کە لە ئەنجامی بەراوردکردنی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرەخنەی ئەدەبی میللەتانی تر سەبارەت بەدەست پێکردن و پەرەسەندنی گرنگترین و دیارترین ئەو مەسەلانەی بابەتەکانی شیعری گرتۆتەوە و کەرەستەی سەرەکی رەخنەی پێکهێناوە، دەست لەسەر ئەو خاڵە گرنگە دابنێین کە بۆتە هۆی ئەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی گشتیدا بەرەخنەی ئەدەبی ئەو میللەتانە بچێت و لە رووی بۆچوونێکی هاوبەشەوە تەماشای دیارترین و گرنگترین مەسەلە شیعرییەکان بکەن و هەڵوێستی رەخنەیی خۆیان بەرامبەر دیار بکەن ئنجا لە پاڵ ئەمەدا ئەو خاسیەتە تایبەتییانە دیار بکەین کە مۆرک و شەقڵی رەسەنی تاقیکردنەوە تایبەتی و ئەزموونە خودییەکەی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیار دەکات.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەی ماوەیەکی درێژی مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردی گرتۆتەخۆ کە نیو سەدە زیاتر دەخایەنێت و بەو سەرەتا سادەیە دەستمان پێکردووە کە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی - ١٩١٨)دا دەبینرا و بەردەوام دەبێ تا راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، دیارە هۆی وەستانیشمان لەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ماوەیە لە ژیانی میللەتی کورددا بەسەرەتای دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ دادەنرێت و کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگی بەخۆیەوە بینی کە سیما و رواڵەتێکی نوێی بەخشییە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کورد و ئەو قۆناغەش چ لەسەر ئاستی یەکلابوونەوەی مەسەلە نەتەوایەتییەکەمان، کە لەلای ئێمە لە ریزی پێشەوەی مەسەلەکانی ترەوە دێت، و چ بەگوێرەی لایەنەکانی تری ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی و رەخنەیی، لەبەرئەوەی تاکاتی ئەنجامدانی ئەم کارەمان چوارچێوەیەکی روون و ئاشکرای بۆ دروست نەببوو بۆیە وامان بەچاک زانی لێکۆڵینەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دوابخرێت بۆ دەرفەتێکی تر.

ئەم کتێبە لە ژێر ناونیشانی (رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر)ە، ئەم ناونیشانەش سروشتی ئەو پەیوەندییە دیاردەکات کە رەخنەی ئەدەبی کوردی بە مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەبەستێتەوە لەرێگای دیارکردنی هەڵوێستی رەخنە بەرامبەر بەو مەسەلانە کە کرۆک و بابەتی شیعریان پێک دەهێنا و رادەی پێگەیشتنی بیری رەخنەیی و قۆناغەکانی پەرەسەندنی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا

دیاردەکات. هەر لێرەدا جێی باسە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەوەی لە ناونیشانی ئەم کتێبە وردبێتەوە بەهۆی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی بەسەر ئەو مەسەلانەدا هاتوون لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا کە چەند بزووتنەوەیەکی نوێکردنەوەی بەخۆیەوە بینیوە و چەند هەڵوێستێکی رەخنەیی جیاوازیان لە بارەیەوە دروست بووە، بۆی دەردەکەوێت لێکۆڵینەوەکە پێویستی بەچ کەرەستەیەکی فراوان هەیەو گەیشتن بەئاستی پێویستی لێکۆڵینەوەکەش بەبێ پشت بەستن و گەڕانەوە بۆ ئەو کەرەستانە و پەیداکردنی شارەزاییەکی چاک لە بارەیانەوە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەو کەرەستەیە کارەکە ئەنجام نەدەدرا، هەر بەپێی ئەوەش بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە کتێبەکەمان دابەشکردووە بۆ چوار بەش.

لە بەشی یەکەمدا هەوڵمان داوە لە رێگای دیارکردنی دیارترین ئەو مەسەلانەی کە لە قۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی سەریان هەڵداوە و پەرەیان سەندووە، سیماکانی بەرەو پێشچوون و پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیاربکەین. جا بۆ ئەوەی بتوانین باری راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەدرێژایی ئەو مێژووە دیاربکەین و هەموو ئەو چالاکییە رەخنەییانە بەسەر بکەینەوە و لێکۆڵینەوەکەمان بیانگرێتە خۆی، دەبوایە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەو بزووتنەوە رەخنەییە بەرفراوانە دیاربکەین و سنوورێکی بۆ بکێشین، ئەوەبوو بەدرێژایی ئەو مێژووە هەر (دەساڵ) بە جیا دیارکرا، لە پاڵ ئەو سەرەتایەی کە چەند ساڵێکی پێش (بیستەکان) و لە پاشانیشدا سەرەتاکانی (نەوەد)ی گرتەخۆ. جا بەپێی ئەمە لە هەر قۆناغێکدا لە سنووری ئەو (دە ساڵ)ە جۆری دیارترین ئەو بابەتانەمان دیارکردووە کە لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا سەریان هەڵداوە و بایەخیان پێدراوە و خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. دیارە ئەو کەرەستەیەی سامانی رەخنەی ئەدەبی کوردیشی پێکهێناوە بەدرێژایی ئەو مێژووە هەموو ئەو وتارو نووسینە رەخنەییانەی گرتۆتەوە کە لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە جگە لەو باس و لێکۆڵینەوە و پێشەکییە رەخنەییانەی کتێبەکان گرتبوویانەخۆ. جا بەپێی دەوڵەمەندی جۆری ئەو کەرەستە رەخنەییانە هەوڵمان داوە دەست لەسەر دیارترین لایەنەکانی سیماکانی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی دابنێین و باری راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیاربکەین و هەر لەم روانگەیەوەش ئەو بیروڕایانەمان بەسەر کردۆتەوە کە لەهەر قۆناغێکدا لەلایەن شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانەوە سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی باری رەخنە دەربڕاون، لەلایەکەوە بە مەبەستی دیارکردنی رادەی



شارەزایی و بەئاگابوونی خاوەن ئەو رایانە لە سامانی رەخنەی ئەدەبی کوردی و لەلایەکی تریشەوە ئەوە دیاربکەین ئەو بیروڕایانە لەسەر چ بناغەیەک دروست بوونە و تا چ رادەیەک توانیویانە واقیعی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیاربکەن.

لە بەشی دووەمدا، لە یەکێک لەو مەسەلە رەخنەییە گرنگانەمان کۆڵیوەتەوە کە لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بیروڕاو بۆچوون و هەڵوێستی رەخنەیی جیاوازی لە بارەیەوە دروست بووە ئەویش مەسەلەی کێشەی نێوان کۆن و نوێی شیعرە. جا لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەی کە ژیان لە گۆڕان و پەرەسەندنێکی بەردەوامدایە و ئەدەبیش وەک بەشێکی کاریگەر و زیندووی ژیان دەکەوێتە ژێر یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندن و بەپێی پێویستییەکانی ژیانی هەر سەردەمێک دەگۆڕێت و لە پەرەسەندندا دەبێت و بەپێی ئەمەش لە هەر سەردەمێکدا جۆرە ئەدەبێک دێتە پێشەوە کە لەگەڵ گیانی سەردەمە نوێیەکەدا دەگونجێت و لە ئەنجامی ئەمەشدا وەک شتێکی ئاسایی کێشەیەکی توند لە نێوان ئەدەبە کۆن و ئەدەبە نوێیەکەدا دروست دەبێت، هەوڵمان داوە لەسەر بناغەی ئەم راستییەی سەرەوە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئەو کێشەیەی کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردیدا سەری هەڵداوە ئەوە دەربخەین هۆی سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە چ پەیوەندییەکی بەبارودۆخی ژیانی میللەتی کوردەوە هەبووە و ئەو گۆڕانکارییانەی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی میللەتی کوردیان گرتبۆوە چ کاریگەرییەکی لەسەر گۆڕانی شیعری کوردییەوە هەبووە و بۆتە هۆی ئەوەی بنەڕەتە کۆنەکانی شیعری قۆناغی پێش خۆی فڕێ بدات و هەڵگری کۆمەڵە خاسیەتێکی تازە بێت و لەناو پرۆسەی گۆڕانەکەشدا ئەو هەڵوێستە رەخنەییە جیاوازانەمان دیارکردووە کە لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەرامبەر بەشیعری کۆن و نوێ دروست بوونە ئینجا ئەوەمان دیارکردووە کەوا چۆن جۆری گۆڕانەکە کاری خۆی هەبووە لەسەر سروشتی کێشەکە و وای کردووە گۆڕانەکە چەند رەسەن و کاریگەرتر بێت کێشەکە زیاتر توندتر بێت و دەستیشمان لەسەر ئەو راستییە داناوە کەوا لەم جۆرە کێشەیەدا ئەنجام وا کەوتۆتەوە بەپێی دابین بوونی خاسیەتی داهێنان و رەسەنایەتی و هاتنەکایەی شیعرەکە بەپێی پێویستییەکانی ژیانی سەردەمە نوێیەکە سەرکەوتن بۆ نوێیەکە بێت. جگە لەمە هەر لەناو ئەو بیروڕا رەخنەییانەدا هەوڵی ئەوەمان داوە بزانین بۆ دیارکردنی کۆن و نوێی شیعر چ پێوەرێک لە بەرچاو گیراوە. لە پاشاندا هەر لە چوارچێوەی ئەم کێشەیەدا هەوڵمان داوە لە رێگای دیارکردنی ئەو کێشەیەی لە نێوان قوتابخانە ئەدەبییە سەرەکییەکان (کلاسیک و رۆمانتیک و ریالیزم)، سروشتی کێشەی

نێوان کۆن و نوێ زیاتر روون بکەینەوە ئینجا لە کۆتاییدا دەست لەسەر ئەنجامی کێشەکە دابنێین و هۆی هاتنە پێشەوەی ئەدەبە نوێیەکە و سەرکەوتنی بەسەر ئەدەبە کۆنەکە دیاربکەین.

لە بەشی سێیەمدا کە تەرخانمان کردووە بۆ دیارکردنی هەڵوێستی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرامبەر دیارترین مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شێوەی هونەری شیعر کە پێکهاتووە لە (زمان و کێش و قافیە)، هەوڵمان داوە لەو بیروڕاو سەرنجە رەخنەییانە بکۆڵینەوە کە لە گرنگترین لایەنەکانی ئەو مەسەلانەیان کۆڵیوەتەوە و بەپێی ئەوە ئەم بەشەمان ئەو سێ بابەتە سەرەکییەی گرتۆتە خۆ و لە قۆناغە جیاجیاکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەپێی بیروڕا رەخنەییەکان دیارترین لایەنەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەو مەسەلانەمان دیارکردووە.

لە بارەی زمانی شیعرەوە لەو بیروڕایانەمان کۆڵیوەتەوە کە سروشت و ئەرکی زمانی شیعریان دیارکردووە و لەسەر ئەو خاسیەتە تایبەتییە جیاکەرەوانە وەستاوین کە زمانی شیعر وەک بەکارهێنانێکی تایبەتی دیاردەکات و لایەنێکی گرنگی داهێنانی شیعری پێ دەبەسترێتەوە. ئینجا باسی قۆناغەکانی گۆڕانی زمانی شیعری کوردیمان کردووە و هەوڵمانداوە ئەو هۆیانە دیاربکەین کە پاڵیان بەشاعیرەوە ناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی بگۆڕن و بەرەو زمانە کوردییە پەتییەکە بچن و ئەو سەرچاوانە دیاربکەین کە بۆ پەیداکردنی وشە و زاراوە و دەربڕینە خۆماڵییە رەسەنەکان سوودیان لێوەرگیراوە، ئینجا لە هۆی دروستبوونی ئەو هەڵوێستە جیاوازانەمان کۆڵیوەتەوە کە هەندێ جار هەڵوێستێکی توندو هەندێ جاریش هەڵوێستێکی نەرمی بەرامبەر بە سوود وەرگرتن یان دەرگا داخستن لە رووی زمانی بێگانە نواندووە. دوای ئەمەش لەو هۆیانەمان کۆڵیوەتەوە کە زمانی شیعری کوردییان لە شێوازە ئاڵۆزەکەوە گۆڕی بۆ ئەو شێوازە سادەیەی لەگەڵ دەستپێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دروست بوو.

وە لە بارەی کێشی شیعرەوە لە سەرەتادا لە سروشتی ئەو پەیوەندییە پتەو و بەناویەکدا چووەمان کۆڵیوەتەوە کە کێش و شیعر بەیەکتر دەبەستێتەوە و (کێش) یان (مۆسیقا) بەیەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی بنچینەی پێکهاتنی شیعر دادەنێت، ئینجا لە گۆڕانی کێشی شیعرمان کۆڵیوەتەوە و لەم رووەوە هەوڵمان داوە دەست لەسەر گرنگترین هۆیەکانی



ئەو گۆڕانە دابنێین کە شاعیرانی کورد لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەسەر کێشی شیعریان داهێنا کە بەگەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگەیی (پەنجەیی) و وازهێنان لە کێشی عەرووزی عەرەبی دەستی پێکرد. دوای ئەمەش لەو بیروڕا رەخنەییانەمان کۆڵیوەتەوە کە باسی کێشە باو و بنەڕەتییەکانی شیعری نوێی کوردییان کردووە و هەڵوێستی رەخنەمان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو کێشانە دیارکردووە کە شاعیرانی کورد لە قۆناغەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەکاریان هێناوە. لە پاشاندا لەناو ئەو بیروڕا رەخنەییانەی لە کێشی شیعری کوردییان کۆڵیوەتەوە باسی کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی شیعری کوردیمان کردووە و لەم رووەوە هەوڵمان داوە لە پاڵ دیارکردنی شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی بڕگەکانی کێش، شێوە کەرتکردنەکانی تریش دیاربکەین.

وە لە بارەی قافیەی شیعرەوە لە بناغەی ئەو بیروڕا رەخنەییانەمان کۆڵیوەتەوە کە پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە شیعری کوردی لە سەرەتادا قافیەی نەبووە و لە قۆناغێکی تردا هاتۆتە ناو شیعری کوردی و هەر بەپێی ئەمەش، دوای خستنەڕووی ئەو بیروڕایانەی باسی چەمک و ئەرکی قافیەیان کردووە، لە مەسەلەی پێویستی بوون یان نەبوونی قافیەمان لە شیعری کوردیدا کۆڵیوەتەوە و هەوڵمان داوە لە بناغەی ئەو دوو هەڵوێستە بگەین و ئەو بەڵگانە شی بکەینەوە کە بەدەست شاعیر و رەخنەگرانەوە بوو چ لەلایەن ئەوانەی قافیەیان بەمەرجی بنیاتنانی شیعر دادەنا وەیان ئەوانەی بوون و نەبوونی قافیەیان بە یەک شت لە قەڵەم دەدا، دیارە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەشمان لە هەردوو هەڵوێستەکە بە مەبەستی دیارکردنی راستی و دروستی وەیان هەڵەو نادروستی ئەو بیروڕایانە بوو کە چوارچێوەی هەر هەڵوێستێکی پێک دەهێنا، ئینجا لەو بیروڕا رەخنەییانەمان کۆڵیوەتەوە کە باسی قۆناغەکانی گۆڕانی قافیەی شیعری کوردییان کردووەو لەلایەکەوە ئەو هۆیانەمان دیارکردووە کە کاریان کردۆتە سەر دروستکردنی ئەو شێوە بەکارهێنانە جیاوازانەی لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری نوێی کوردیدا دروست بوونە و لەلایەکی تریشەوە هەوڵمان داوە گرنگترین لایەنەکانی ئەنجامی ئەو گۆڕانانە لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی شیعری نوێی کوردیدا دیار بکەین.

لە بەشی چوارەمدا کە تایبەتمان کردووە بە دیارکردنی هەڵوێستی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرامبەر بەو مەسەلانەی کە نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعری کوردییان گرتۆتەوە و لەم رووەوە لەبەر رۆشنایی بیروڕا رەخنەییەکان لە دوو رووەوە باسی ئەو ناوەڕۆکەمان کردووە:

لەلایەکەوە جۆری ئەو گۆڕانانەمان دیارکردووە کە بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردی داهاتووەو لەلایەکی تریشەوە دیارترین ئەو مەسەلانەمان دیارکردووە کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی بەپێی قۆناغەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دروست بوونە. جا بەپێی ئەمە ئەم بەشەمان دابەش کردۆتە سەر دوو باس:

لە باسی یەکەمدا کە تەرخانمان کردووە بۆ باسکردنی جۆری ئەو گۆڕانانەی ناوەڕۆکی شیعر لە قۆناغە جیاجیاکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەخۆیەوەی بینیوە لە چەند رووێکەوە ئەو ناوەڕۆکەمان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. جارێ بەر لە هەموو شت هەوڵمان داوە بەپێی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ میللەتی کورد دروست بوو، دیارترین ئەو هۆیانە دیاربکەین کە کاریان کردبووە سەر گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر و دوورکەوتنەوەی شاعیرانی نوێ لە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کۆنیان پێک دەهێنا. ئینجا سروشتی ئەو گۆڕانە دیاربکەین کە بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردی داهات و بەپێی ئەو سەرچاوەیەی ناوەڕۆکەکەی پێک دەهێنا لە هۆی خێرایی گۆڕانی ناوەڕۆک و سستی گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر بکۆڵینەوە و ئەو کێشەیە دیاربکەین کە لە پرۆسەی گۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعردا دروست دەبێت. ئینجا بەپێی گۆڕانی قوتابخانە ئەدەبییەکان و کێشەی نێوان ئەو قوتابخانانە هەوڵمان داوە جۆری ئەو بابەتانە دیاربکەین کە لە قۆناغە جیاجیاکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری کوردیدا بەسەر ناوەڕۆکی شیعر داهاتوون و هەر لەم رووەوەش بایەخێکی تەواویان بەو باس و لێکۆڵینەوانە داوە کە بەشێوەیەکی سەرنج راکێشەر لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەو دوو توێی کتێبەکاندا هاتبوونە نووسین و باسی جیاوازی نێوان شیعری کۆن و نوێیان دەکرد و لەم رێگایەوە دەستمان لەسەر دیارترین خاسیەتەکانی هەردوو جۆری ئەدەبەکە داناوە. دوای ئەمەش بەپێی ئەو گۆڕانەی لە حەفتاکاندا بەسەر ژیانی میللەتی کورد داهات و ناوەڕۆکێکی تازەی دروست کردبوو و لە ئەدەبیاتی ئەو ماوەیەدا گوزارشتی لێوەکرابوو، هەوڵمان داوە بەوردی لەسەر ئەو بیروڕا رەخنەییانە بوەستین کە لە رووی باری سەرنجی جیاوازەوە باسی ناوەڕۆکی ئەدەبی ئەو سەردەمە، واتە ئەدەبی (ڕوانگە)یان کردووە. وە لە پاشاندا هەوڵمانداوە بەپێی دیارکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە هەشتاکاندا بۆ میللەتی کورد دروست بوو، جۆری رەنگدانەوەی ئەو رووداو و کارەساتە گەورانە لە ناوەڕۆکی ئەدەبی ئەو ماوەیە دیاربکەین و هەڵوێستی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرامبەر بەسستی و کزی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە لە شیعر و ئەدەبی ئەو ماوەیە دیار



بکەین و دەست لەسەر ئەو هۆیانە دابنێین کە کاریان کردبووە سەر دروستبوونی ئەو حاڵەتە لای زۆربەی شاعیر و نووسەرانی ئەو ماوەیە. وە لەلایەکی تریشەوە بەپێی دیارکردنی بەردەوام بوونی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری حەفتاکانی پێک دەهێنا لە شیعری ژمارەیەک لە شاعیرانی هەشتاکان هەوڵمان داوە هۆی سستی بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو ماوەیەدا دیاربکەین و ئەوە دەربخەین بۆچی ئەو بابەتانەی لە حەفتاکاندا بوونە هۆی دروستبوونی ئەو چالاکییە رەخنەییە بەرفراوانە لە هەشتاکاندا ئەو چالاکییە رەخنەییەی دروست نەکرد.

وە لە باسی دووەمدا بەپێی بیروڕا رەخنەییەکان لە گرنگترین ئەو مەسەلانەمان کۆڵیوەتەوە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی رەوتی بەرەو پێشچوونی شیعری نوێی کوردیدا لە ئەنجامی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعر سەریان هەڵداوە و پەرەیان سەندووە و لە رووی باری سەرنجی جیاوازەوە خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، گرنگترین ئەو مەسەلانەش بریتی بوون لە مەسەلەی ئیلتیزام و تەمومژی و یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی.

لە بارەی مەسەلەی ئیلتیزامەوە لەسەرەتادا هەوڵمانداوە لایەنێکی گرنگی ئەم مەسەلەیە لە رێگای لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییە پتەو و بەناویەکداچووە دیاربکەین کە شیعر بە ژیان دەبەستێیەوە و شاعیر وەک مرۆڤێکی سەربەواقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەی پیشان دەدات، ئینجا بەپێی جۆری هەڵوێست وەرگرتن و مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ گیروگرفت و رووداوەکانی ژیانی سەردەمەکەی، جۆری ئیلتیزام بوونی شاعیر دیاربکەین و لەو بۆچوونە جیاوازانە بکۆڵینەوە کە لە بارەی ئەرک و پەیامی شیعرەوە دروست بوونە. لە پاشاندا هەر لە چوارچێوەی دیارکردنی مانای ئیلتیزام لای شاعیری کورد لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا لایەنێکی تری ئەم مەسەلەیەمان لە جۆری مامەڵەکردنی شاعیر، بەپێی پێویستی بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی میللەتی کورد، لەگەڵ مەسەلە نەتەوایەتی و مرۆڤایەتییەکان دیاربکەین و لەم رووەوە هەوڵمانداوە دەست لەسەر ئەو هۆیانە دابنێین کە وایان لە شاعیری کورد کردووە لە چاوی کوردایەتییەوە بڕواننە مەسەلە مرۆڤایەتییەکان. وە لە کۆتاییشدا لە رێگای لێکۆڵینەوەمان لە جۆری ئەو پرسیارانەی پێویستییەکانی هەر سەردەمێکی ژیانی میللەتی کورد لای شاعیری دروست کردووە و چۆنیەتی وەڵامدانەوەیان، هەوڵمان داوە پەرەسەندنی مانای ئیلتیزام لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دیاربکەین. ئینجا هەر لەچوارچێوەی ئەو پرسیارانە لەو بیروڕا رەخنەییە جیاوازانە بکۆڵینەوە کە بەپێی جۆری تێڕوانین و تێگەیشتنیان لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و

ئیستاتیکییەکەی شیعر لە بارەی مەسەلەی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعرەوە دروست بووە و ئەو بۆچوونە رەخنەییە جیاوازانەی دروست کردووە.

وە لە بارەی مەسەلەی تەمومژی شیعرەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە شیعری نوێی کوردیدا و بوونی بەبنەڕەتێکی ئیستاتیکی شیعر و خۆنواندنی وەک خاسیەتێکی بنچینەیی سروشتی پێکهاتنی ئەو شیعرە، لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە هەوڵمان داوە لەو بیروڕا رەخنەییانە بکۆڵینەوە کە لەلایەنە جۆربەجۆرەکانی دیاردەی تەمومژی کۆڵیوەتەوە و لەم رووەوە ئەو هەڵوێستە رەخنەییە جیاوازانە دیاربکەین کە لە رووی باری سەرنجی جیاوازەوە تەم و مژییان لە شیعری نوێی کوردی رەت کردۆتەوە یان پەسەندیان کردووە، ئینجا لە گرنگترین ئەو هۆیانەمان کۆڵیوەتەوە کە پاڵیان بەشاعیرەوە ناوە بۆ ئەوەی رووبکاتە بەکارهێنانی تەمومژی لە شیعردا، لە پاشاندا هەوڵمانداوە هەر لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیە باسی مەسەلەیەکی تر بکەین کە پەیوەندییەکی پتەو و بەناویەکداچووی لەگەڵ مەسەلەی تەمومژی هەیە ئەویش مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنەو لەم رووەوە گرنگیمان بەدیارکردنی سروشتی ئەو پەیوەندییە داوە کە لە نێوان شیعر و وەرگر، وەیان بەمانایەکی تر شیعر و جەماوەردا، دروست بووە و هەر لەبەر رۆشنایی ئەو بیروڕا رەخنەییانەش کە باسی جۆری ئەو جەماوەرەیان کردووە کە پێویستە شیعرەکانی ئاڕاستە بکرێت، بەرامبەر بەمە جۆری مامەڵەکردنی شاعیرمان لەگەڵ جەماوەرو ئەرکی بەرامبەر بەو جەماوەرە دیارکردووە و لە هەمان کاتیشدا ئەرکی جەماوەرمان بەرامبەر بەشیعر دیارکردووە بۆ نزیک بوونەوە وەیان گەیشتن بەئاستی تێگەیشتنی شیعر کە دیارە ئەمەش مەسەلەیەکی ئاڵۆزی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا پێک دەهێنا بەپێی ئەو بیروڕا جیاوازانەی لە رووی بۆچوونی جیاوازەوە تەماشای مەسەلەکەیان دەکرد.

وە لە بارەی مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی هەوڵمانداوە لەو بیروڕا رەخنەییانە بکۆڵینەوە کە باسی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتیان وەک هەڵوێستێک کردووە کە شاعیر تێیدا بەهۆی نالەباری واقیعی ژیانی میللەتەکەی و کەموکوڕییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی دەنگی نارەزایی بەرز کردۆتەوە و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەرووداوەکانی ژیانی سەردەمەکەی دیارکردووە. جا بەپێی جۆری ئەو هەڵوێستە (یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی) لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی، دیارترین ئەو هۆیانەمان دیارکردووە کە پاڵی بەشاعیرەوە ناوە بۆ ئەوەی یاخی بێت وەیان شۆڕش بەرپابکات. دوای ئەمەش هەوڵمان داوە بەپێی بیروڕا رەخنەییەکان ئامانجی شاعیری کورد لەکاری یاخیبوون و کاری



شۆڕشگێڕێتی دیاربکەین و ئەوە دەربخەین چۆن ئەو ئامانجە زۆرجار لای شاعیری یاخیبوو پەرە دەسێنێت و بەرەو بەرپاکردنی شۆڕش دەچێت. لە پاشاندا هەر لەم روانگەیەوە ئەو پەیوەندییە پتەو و بەناویەکداچووەی نێوان یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتیمان دیارکردووە و بەرامبەر بەو رایەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتییان بەدوو شتی تەواوکەری یەکتر داناوە لە بنچینەی دروستبوونی ئەو رایەمان کۆڵیوەتەوە کە بەپێچەوانەوە یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتییان بەدوو شتی پێچەوانەی یەکتر داناوە.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە لێکۆڵینەوەمان لەو کەرەستەیەی بابەتەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی پێک دەهێنا پێش راپەڕین و سەرنجدانمان لە رەخنەی ئەدەبی کوردی دوای راپەڕین ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دوای راپەڕین وەرچەرخانێکی گەورە لەلایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کورد دروست بوو ئەم وەرچەرخانە رەخنەی ئەدەبی کوردیشی گرتۆتەوە و بۆتە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی گەورە بەخۆیەوە ببینێ چ لە رووی جۆری ئەو بابەتانەی پێکهاتەی کەرەستە رەخنەییەکەی پێک دەهێنا وەیان لە رووی چۆنیەتی باسکردنی ئەو بابەتانە. کە دیارە ئەمەش رێی ئەوەمان پێدەدات بتوانین بڵێین رەخنەی ئەدەبی کوردی دوای راپەڕین هەنگاونان بوو بەرەو شتێکی جیاواز.

# بەشی یەکەم

## مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر
## و
## دیارکردنی سیماکانی پەرەسەندنی
## رەخنەی ئەدەبی کوردی

ئەگەرچی مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی تا ئێستا لە هیچ باس و لێکۆڵینەوەیەکدا بە شێوەیەکی فراوان و تێر و تەسەل و سەربەخۆ لە رووی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین بەشێک لەو بیرورِا رەخنەییانەی لە لایەن شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی کوردەوە دەربڕاون هەندێ جار خۆیان لە سووچێکی ئەم بابەتە داوە کە جاری واهەیە ئەو مەسەلانەی گرتۆتەوە کە پەیوەندییان بە شێوەی هونەری شیعرەوە هەبووە و هەندێ جاریش بەلای ئەو مەسەلانەدا چوونە کە بابەتەکانی ناوەڕۆکی شیعریان گرتۆتەوە.

سەرنجدانێکی ورد لە بارەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرەتای لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکانی نوێکردنەوی شیعری کوردی لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بووە، دیارە ئەمەش بەستراوەتەوە بە سروشتی مەرجی مێژوویی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی میللەتی کوردی پێکهێناوە.

بایەخدان بە مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی - ١٩١٨) کاتێک هەستی پێ دەکرێت کە باس لە سروشتی پێکهاتنی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دەکات و ئەو هەوڵە دەسپێشخەرییەی لە رووی گۆڕینو نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعرەوە دیار دەکات. ئەمەش لە یەکێک لە ژمارەکانیدا دەردەکەوێت کە تیایدا دەڵێ: «حاجی قادر وتمان شاعیرێکی بێ نەظیری کوردە، شیعرەکانی زۆر موتەجەدیدانەیە خۆی (غایات) میللەت پەروەرە. وەک شاعیرەکانی تر بە زولف و(خاڵەوە) خۆی خەریک نەکردووە، هەر لەگەڵ ئیجتماعیاتی قەومی کورد حەیاتی شیعری رابوواردووە»[1][*]. دیارە لێرەدا جۆری ئەو بابەتانەی شاعیر کردوونیەتیە سەرچاوەی شیعرەکانی کە خۆی لە باسکردنی باری دواکەوتووی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری میللەتی کورددا دەنوێنێت، ئەمە سەرنجی ئەم رۆژنامەیەی بۆلای

١- تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد-١٩٧٨، ل١٨٨.

(*) دەبوایە ئەو ژمارانەی سوودیان لێ وەرگیراوە راستەوخۆ لە گۆڤارەکە خۆی وەرگیرابا، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆڤارەکەمان دەست نەکەوت، بۆ ئەم مەبەستە پشتمان بە کتێبەکەی (د. کەمال مەزهەر) بەست.



خۆی راکێشاوە و وای لێکردووە بەم شێوەیە ببێتە مایەی بایەخپێدانی. ئەمەشمان کاتێک زیاتر بۆ روون دەبێتەوە کە دەبینین هەر لەسەر بناغەی پێداگرتنی لەسەر ئەم مەسەلەیە لە ژمارەیەکی تری ئەم رۆژنامەیەدا هاتووە «ئەگەر حەقیقەت مولاحەزە بکرێ دەبینرێ کە شوعەرای کورد بەعزێکیان لەگەڵ تورک و عەرەب و فورسەکان، بەڵکو لە پێش ئەوان سالیکی تەرزی تازەی شیعر بوون و شیعریان تێکەڵاوی ئەحواڵی (ئیجتیماعی)کردووە، چونکە (شاعیرانی)پێشووی کورد وەکو شاعیرانی کۆنی ئەقوامی سائیرە بەحسیان لە مەی و مەحبوب و زولف و خاڵ دەکرد، ئەمما حاجی قادری (کۆیی) ئەم تەرزەی گۆڕی و شیعری تێکەڵاوی ئیجتماعیات کرد و لەم مەسەلەیەدا بە موئەسیس حیساب کرا»[2]. لێرەدا دەست لەسەر راستییەکی گرنگ دادەنێین ئەویش ئەوەیە کە بایەخدان بە شیعرەکانی(حاجی قادر) لەوەوە هاتووە کە باسی باری نالەباری ژیانی میللەتی کوردی دەکردو دیارە ئەم جۆرە باسکردنەش لەگەڵ پەیڕەوی رۆژنامەکەدا دەگونجا کە مەبەستی ئەوەبوو ئینگلیز وەک دۆستێکی دڵسۆزی کورد پیشان بدات چاکترین رێگاش لەبەردەمیدا ئەوەبوو پەنا بباتە بەر نموونەی شیعرە سیاسی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکانی شاعیرانی کوردو لەم رێگایەوە باسی بارودۆخی ژیانی سیاسی ئەو سەردەمە بکات. راستی ئەم بۆچوونەشمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) ئەوە دەردەخات کە ئەم رۆژنامەیە لەدوای دەرچوونی چەند ژمارەیەکی[*]، پەیڕەوێکی دیاریکراوی بۆ خۆی داناوە ئەویش ئەوەیە «...هەوڵی داوە لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردی بەباری سیاسی رۆژانەوە ببەستێ»[3]. بۆیە گرنگییەکی سەرنج راکێشی بە نموونەکانی شیعری سیاسی و نیشتمانی بەشێکی دیار لە شاعیرانی کلاسیکی کورد داوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە«(تێگەیشتنی راستی) لە هەموو شاعیرە ناودارەکانی کورد زیاتر بایەخی بە بەرهەمی هونەری حاجی قادری کۆیی داوە. چەند گۆشەیەکی(ئەدەبیاتی کوردی) ژمارەکانی بۆ ئەو تەرخان کردووە. جگە لەوە زۆر جار (تێگەیشتنی راستی) وتارە سیاسی و مێژووییەکانی خۆی بە شیعری مانای حاجی رازاندۆتەوە»[4]. دیارە هۆی سەرەکی ئەمەش گەڕاوەتەوە بۆ رێککەوتنی ئەو شیعرانە

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

(*) مەبەست لە ژمارە (٢١)ی مارتی١٩١٨ بەدواوەیە.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥و١٨٦.

لەگەڵ ئەو مەبەستەی ڕۆژنامەکە ویستوویەتی بەخەڵکی ڕابگەیەنێت.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە باسکردنی مەسەلەی نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر لای حاجی قادر لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) ئەگەرچی بە مەبەستی وروژاندنی مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر نەبووە، بەڵام وەک سەرئەنجام بۆتە سەرەتایەک بۆباسکردنی ئەم مەسەلەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.

دوای ئەمە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری پەرەی سەندو چالاکییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی کە خۆی لە دەرکردنی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکدا نواند، وەک:

(پێشکەوتن ۱۹۲۰- ۱۹۲۲) و (بانگی کوردستان ۱۹۲۲-۱۹۲۶) و (ڕۆژی کوردستان ۱۹۲۲- ۱۹۲۳) و (بانگی حەق ۱۹۲۳) و ئومێدی ئیستقلال ۱۹۲۳-۱۹۲۴) و (ژیانەوە ۱۹۲۴- ۱۹۲۶) و (دیاری کوردستان ۱۹۲۵- ۱۹۲۶) و (ژیان ۱۹۲۶- ۱۹۳۸) و (زاری کرمانجی ۱۹۲۶-۱۹۳۲) و (پەیژە ۱۹۲۷) و چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی تر.

ئەوەی لەسەر لاپەڕەکانی زۆربەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە بایەخێکی چاک بەبڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە دراوە، هەروەک لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی:

(ئەحمەد موختار جاف و شێخ نوری و عەلی کەمال باپیرو ئەسیری و زێوەر و ئەحمەد فەوزی و مستەفا پاشا) و چەند شاعیرێکی تردا دەبینرێت[٥]. ئینجا دوای ئەو بایەخدانە گەورەیە بە بڵاوکردنەوەی شیعری ئەو شاعیرانە، هەر لەو ماوەیەدا، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژیان)دا (شێخ نوری شێخ ساڵح) زنجیرە وتارێکی گرنگی لەژێر ناوی

٥- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: ر: بانگی کوردستان، ژ: ۱، ل۳و ژ: ۲، ل۱و۳و ژ: ۳، ل۳و ژ: ٦، ل۱و٦و ژ: ۷، ل٤و ژ: ۸، ل۲و ژ: ۹، ل٦ و ژ: (١٤-١)، ل۱و۳ سالانی (۱۹۲۲-۱۹۲٦). هەروەها بڕوانە: ر: ڕۆژی کوردستان، ژ: ۲ ل۳و ژ: ۳، ل۲و ژ: ٥، ل۲و۳ و ژ: ۹، ل۱و۲و ژ: ۱۰، ل۲و۳و ژ: ۱۳، ل٤ ژ١٤، ل۲و۳ سالانی (۱۹۲۲-۱۹۲۳) هەروەها بڕوانە: گ : پەیژە، ژ: ۱، ل۱۰و۱۱ و ۱۳و١٤و ۱٥و١٦و۱۷و۱۸و۲۲و۲۳و٤٠و٤۱. ساڵی (۱۹۲۷).

جێی باسە ئەوە بڵێین لە وەرگرتنی زانیارییەکانی گۆڤاری(پەیژە) پشتمان بەم سەرچاوەیە بەستووە: مستەفا شەوقی و پەیژە، ساغ کردنەوە و لێکۆڵینەوەی مومتاز حەیدەری، مطبعة الاديب البغدادية المحدودة، ۱۹۸٥ .



(ئەدەبیاتی کوردی)دا[٦] بڵاوکردەوە. گرنگی ئەو زنجیرە وتارە لەوەدابوو کە بۆ یەکەمجار بەزمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی وا تێرو تەسەل لەسەر چەند لایەنێکی گرنگی شیعر وەک: کێش و قافیەو شێوە و ناوەڕۆک و شێوازو چەند بابەتێکی تر بنووسرێت و بەوردی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە ساڵانی سییەکاندا، لە ڕێگای ڕەخنە گرتن لە شیعری کلاسیکی لەلایەن چەند شاعیر و نووسەرێکی ئەو سەردەمە سەرەتای وروژاندنی مەسەلەی کۆن و نوێی شیعری کوردی هەستی پێدەکرێت. لەم ڕووەوە دەبینین لەو ماوەیەدا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چەند وتارێک بڵاوکراوەتەوە زۆربەیان لەسەر بناغەی یەک بۆچوونەوە باسی شیعری کلاسیکی و شیعری نوێی کوردییان کردووە و ئەوەیان دەرخستووە کە شیعری کلاسیکی باوی نەماوە و لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەیاندا ناگونجێت، بۆیە داوای ئەوەیان کردووە کە پێویستە شیعری نوێ بەدەنگ پێویستییەکانی قۆناغە نوێیەکەی ژیانی ڕۆژگارە نوێیەکەیانەوە بێت و شوێنی شیعری کلاسیکی بگرێتەوە.

لەم ڕووەوە لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) دا نووسەرێک بەناوی (نەورۆز) لەژێر ناونیشانی (زمان)[٧] دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ڕەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی و پەسەند کردنی شیعری نوێ وە بەتایبەتی شیعری نیشتمانی، دیارکردووە. جێی باسە لێرەدا ئەوە دیار بکەین کە داواکردنی نووسەر بۆ بایەخدان بە شیعری نیشتمانی دیارە لەو بارودۆخە ناهەموارە جیا ناکرێتەوە کە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کوردی پێکدەهێناو کاری خۆی هەبوو لەسەر پەیدا کردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لەناو خەڵکدا بە گشتی و چینی ڕۆشنبیری کورد بەتایبەتی و ببێتە هۆی ئەوەی هەست بە لێپرسینەوە بکرێت بەرامبەر بە میللەت و لە سەر بناغەیەکی جیاوازەوە ئەرکی شیعر و ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵگادا دیار بکرێت.

ئەم وتارە هەر لەهەمان ساڵدا لە (شام) لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (هاوار) دا لەلایەن (حلیم رفقی) ناوێکەوە لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (جوابنامە)[٨]دا وەڵامدرایەوە. خاوەن وتار لە ڕووی هەمان بۆچوونەوە هەڵوێست بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی و شیعری نوێ

٦- بڕوانە: ئەدەبیاتی کوردی، م: نووری، ر: ژیان، ژ: ۲۰-۲۹ و ۳۱-۳۳ و ۳۷-٤۰ و ٤۲-٤۳ و ٤٦ و ٤۸ و ٥۲-٥٥ و ٥۷ و ٥۹ی سالانی (۱۹۲٦-۱۹۲۷).

٧- زمان، نەورۆز، گ: زاری کرمانجی، ژ: ۲٤، ساڵی حەوتەم، ۲۳ تموز ۱۹۳۲ .

٨- جوابنامە، حلیم رفقی، گ: هاوار، هژ: ۷، ۱۹۳۲ .

وەردەگرێت و لەم ڕووەوە لەگەڵ بیروڕاکانی خاوەن وتاری پێشوودا یەک دەگرێتەوە و لە میانەی قسەکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گۆڕانی بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد پێویستی گۆڕانی شیعر و هاتنە پێشەوەی شیعری نوێ دەسەپێنێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەم وتارە گرنگییەکی تایبەتی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەڵگەیەکی گەورەمان دەداتە دەست سەبارەت بەوەی کە ئەدەبی کوردی لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستاندا بێت یەک ئەدەبە و شاعیر و نووسەران ئاگایان لە یەکتر هەبووەو پەیوەندییان لەگەڵ یەک نەپچڕاوە سەرباری ئەو سنوورە دەستکردانەی لەنێوان پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا دروست کراون. جا بوونی بارودۆخ و زرووفێکی لە یەکچوو لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بەهۆی دروستبوونی بیروڕا و بۆچوونی هاوبەش و لەیەکچوو لە نێوان ئەو شاعیر و نووسەرانەی سەر بە پارچە جیاجیاکانی کوردستان دادەنێین و یەکگرتنەوەی بیروڕا و هەڵوێستی خاوەنانی ئەم دوو وتارەش لە (کوردستانی عێراق) و لە (شام) بە ئەنجامێکی سروشتی ئەو بارودۆخەی دادەنێین کە ژیانی میللەتی کوردی پێکدەهێنا و وای کردووە ئەو شاعیر و نووسەرانە لە ڕوانگەی هەستکردن بە گۆڕانی ئەرکی شیعر لە ژیانی کۆمەڵگادا بەپێی گۆڕانی بارودۆخی ژیانی سەردەم بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێویستییەکانی ژیانە نوێیەکە هەست بە لەکەڵک کەوتنی شیعری کلاسیکی و پێویستی هاتنە پێشەوەی شیعری نوێ بکەن.

هەر لەو ماوەیەدا، واتە لە سییەکاندا، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژیان)دا، لە شێوەی پەیامێک کە وەک نەخشەدانانێک وابوو بۆ شاعیرانی ئەو سەردەمە، (سیاپۆش) وتارێکی لەژێر ناوی (شاعیرەکانمان)[9][*]دا بڵاوکردەوە تیادا لە پاڵ باسکردنی باری

---

٩- شاعیرەکانمان، سیاپۆش، ر: ژیان، ژ ٣٣٥و٣٣٦ی ئاغستۆس و ئەیلوولی١٩٣٢ .

(*) ئەم وتارەی سیاپۆش کە بە دوو زنجیرە لە ساڵی (١٩٣٢)دا لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا لە ژمارە (٣٣٥ و ٣٣٦)دا بڵاوکرایەوە، جارێکی تر ساڵی(١٩٣٣) بە هەمان ناونیشان بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکەی لەسەر بێ لە نامیلکەیەکدا بڵاوکرایەوە لەژێر ناوی (یادگاری لاوان) کە (کۆمەڵەی لاوان) لە ساڵی (١٩٣٣)دا دەری دەکرد.

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: شاعیرەکانمان، یادگاری لاوان، چاپخانەی الکرخ- بغداد، ١٩٣٣، ل٣٣-٤٤ . وە بۆ زیاتر شارەزا بوون لە هەل ومەرجی بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیەو هۆی بڵاوکردنەوەی بڕوانە: یادگاری لاوان و دیاری لاوان (چاوگێڕانێک بە باری ڕۆشنبیری کوردستانی عیراقدا لە ساڵەکانی(سی)دا، غەفوور میرزا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.



ڕەخنە، کە بەپێی بۆچوونی خۆی لە ستایش و پیاهەڵدان زیاتر نەبوو، باسی چەند لایەنێکی گرنگی شیعری کردووە وەک: پێناسەی شیعر و سەرچاوەی شیعر و ئەرکی شیعر و مەسەلەی کۆنی و نوێیی شیعر... هتد.

لە ڕاستیدا گرنگی ئەم وتارە لەوەدایە کە ئەو بیروڕایانەی نووسەر لە بارەی ئەو چەند لایەنانەی شیعری دەربڕیوە بە گوێرەی ئەوسا شتێکی تازە بوو و مەیدانی باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی لێی بێ بەش بوو.

ئەگەرچی سەرجەم بیروڕاکانی ئەم وتارە لە سەردەمی خۆیدا هەر لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژیان)دا لە ڕوانگەی بۆچوونێکی جیا لە بۆچوونی خاوەن وتارەکە لە بارەی شیعری کلاسیکی و شیعری نوێ لە زنجیرە وتارێکدا لەژێر ناوی ((یادگاری ولاوان) و (تەنقیدێکی ئەدەبی لە بابەت دەرچوونی (یادگاری لاوان)ەوە)[10] بەتەواوی ڕەت کراوەتەوە، بەڵام لە دواییدا دەبینین لەلایەن چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکەوە بایەخێکی تایبەتی پێدراوە و دەست لەسەر گرنگی دانراوە.

(ڕەفیق حیلمی) لە باسی نوێکردنەوەی شیعری (شێخ نوری)دا ئاماژە بۆ ئەو بیروڕایانە دەکات کە (سیاپۆش) لە بارەی شیعری تازەی دەربڕیبوون واپێدەچێ لە هەموو ڕووێکەوە لەگەڵ سەرجەم بیروڕاکانی خاوەن وتارەکەدا یەکی نەگرتبێتەوە، چونکە ئەو لە کاتێکدا هەوڵەکانی (شێخ نوری) و هاوڕێکانی بۆ تازەکردنەوەی شیعر بەکارێکی داهێنەرانەی گەورە دادەنێت و ڕۆڵی گرنگی شاعیر لە نوێکردنەوەی شیعردا دیار دەکات، دەبینین لە بارەی ئەو زمانەی (شێخ نوری) بەکاری هێناوە بەپێی ئەو بیروڕایانەی لە وتارەکەدا هاتووە دەڵێ: «... لەگەڵ ئەمەشا بەلای ئەدیبە تازەکانی کوردەوە ئەم وشانەی شێخ نوری و تەعبیرە جوانەکانی سەرەوەشی زۆر جێی پەسند نییە. وە ئەوان بەتەواوی شیر لە پێشینان و شیعریان ئەسوون، واتە، بەو ئینقیلابەی کە(نوری) و پەیڕەوەکانی گێڕاویانە کوڵی دەروونیان دانەمرکاوە»[11]. هۆی ئەوەشی گەڕاندۆتەوە بۆ جۆری ئەو ئەرکەی پێویست بوو شیعرە نوێیەکە بیگرتبایە ئەستۆ خۆی کە (ڕەفیق حیلمی) لای ئەوان بەوەی دیار کردووە

---

١٠- یادگاری لاوان، ر: ژیان، ژ: ٣٧٤، ساڵی ٨، ئاغستۆسی، ١٩٣٣، ل٣و ژ: ٣٧٥، ٣١ ئاغستۆسی١٩٣٣، ل٣و٤و تەنقیدێکی ئەدەبی لە بابەت دەرچوونی (یادگاری لاوان)ەوە، ر: ژیان، ژ: ٣٧٦، ٧ ئەیلوولی١٩٣٣، ل٢.

١١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ١٩٥٦، ل٢٠٤ .

«واتە ئەوان (ئەدیبە لاوەکانمان) ئەیانەوێ لە شیعرا (برووسکە)یێک هەبێ کە لە خەو خەبەرمان کاتەوە (بریسکە)یێک هەبێ ڕێی ژیانمان بۆ ڕووناک کاتەوە سیحرێکی تیابێ خوێنمان بخاتە گەڕ. واتە دەیانەوێ شیعر، هۆی وریا کردنەوە و ڕاپەڕاندن بێ»[١٢].

دیارە لێرەدا (ڕەفیق حیلمی) ئەم جۆرە شیعرە پەسند دەکات کە لە بارەی ئەرکی شیعرەوە لەم وتارەدا دیارکراوە، بەڵام لەوەدا لەگەڵ نووسەر یەک ناگرێتەوە کە ئەو شیعرە نوێیەی شاعیرە لاوەکان داوایان دەکرد لەسەر بناغەی ڕەتکردنەوەیەکی موتڵەقی شیعری پێش خۆی بێت و بە تەواوی هەموو هەوڵ و کۆششەکانی شاعیرانی پێش خۆیان تیادا فەرامۆش بکرێت و بەتایبەتیش ئەو هەوڵە گەورانەی لەوکاتەدا (شێخ نوری) و (گۆران) و چەند شاعیرێکی تر لەبواری نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دابوویان.

هەروەها گرنگی ئەم وتارە لای (کەمال میراودەلی) لە بارەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «... ئەم تێگەیشتنە نوێیەی ئەرکی ئەدەب – ئەدەبی ڕۆمانسی– بەشێوەی تیئۆری پراکتیکی لە دوو کۆمەڵە نووسینی (یادگاری لاوان ١٩٣٣) و (دیاری لاوان ١٩٣٤)دا بەڕوونی خۆی بەدەرخست... بەتایبەتی لە وتاری (شاعیرەکانمان) لە (یادگاری لاوان)دا کە بەبانگەوازی ڕۆمانسیەت لە ئەدەبی کوردی دەژمێردرێ»[١٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (میراودەلی) ئەو بیروڕایانەی لەو وتارەدا هاتووە بە بناغەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ئەو قۆناغەی داناوە.

بەڵام دەتوانین بڵێین تا ئێستا (د.کامل حەسەن بەسیر) لە هەموو نووسەر و ڕەخنەگرێک زیاتر بایەخی بەم وتارە داوە و لە لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژدا بیروڕاکانی خاوەن وتارەکەی شی کردۆتەوە و گەلێک سەرنج و بیروڕای لە بارەیەوە دەربڕیوە وەک ئەوەی کە دەنگدانەوەی بیروڕاکانی (ئەفلاتوون) بێ وەیان لەژێر کارتێکردنی (شیللی) و (قودامەی کوڕی جەعفەر)دا بیروڕاکانی دەربڕیبێ[١٤]. بەڵام سەر باری بوونی ئەو هەموو سەرنج و تێبینییانە لەسەر بیروڕاکانی ناو وتارەکە ئەمە ڕێی ئەوەی لێ نەگرتووە ئەوە

١٢– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥ .

١٣– ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا، کەمال مەمەند، گ: نووسەری کورد، ژ: ١، خوولی دووەم، ئایاری١٩٧٩، ل٤٥و٤٦ .

١٤– ڕەخنەسازێک و بیردۆزی هۆنراوە، دکتۆر کامل بەسیر، گ: کۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی کورد)، بەرگی دەهەم، ١٩٨٣، ل١٦و٢٧ .



بڵێ کە «ئەم ڕەخنە سازە کوردە بەلای ئێمەوە زۆربەی تایبەتییەکانی ئەو خوێندەوارەی تێدا بەدی دەکرێ و پەنجا ساڵ لەمەوبەر دەنگێکی دلێری لە کۆڕی ڕەخنە سازی کوردیدا– سەرەڕای هەموو تێبینییەکانمان بەرز کردۆتەوە»[١٥]. هەروەها هەستکردن بەگرنگی ئەم وتارە لای (د. بەسیر) کاتێکیش تەئکیدی لەسەر کراوە کە مەبەستی لەباسکردن و ڕەخنەگرتنی لەلایەنە جیاجیاکانی وتارەکە دیار دەکات و دەڵێ: «هەڵبەت ئێمە لێرەدا نامانەوێ نرخی ئەم کارەی نووسەرەکەمان بشکێنین، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆچوونمان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم نووسەرە یەکەم ڕەخنەسازی جەسووری کوردە کە لەو سەردەمەدا ویستوویەتی ڕێگای هۆنراوەی ڕاستەقینە بۆ هەستیارە کوردەکان نەخشە بکێشی، بەڵام بەداخەوە تەنها هەر ئەوەندەی پێکراوە کە سەری گوریسەکە بدا بەدەستەوە»[١٦]. دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (د. بەسیر) ئەم بیروڕایانەی نووسەر بەسەرەتای کێشانی نەخشەیەک دادەنێت بۆ شیعری نوێی کوردی ئەو سەردەمە، ئەگەرچی بەپێی ئەو توانایەی کە هەیبووە لە هەوڵێکی سەرەتاییش دەرنەچوویێت.

وە لە ڕووی هەمان باری سەرنجەوە گرنگی ئەم وتارە لای (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)یش دیسان لەوەدا دەردەکەوێت کە دوای ئەو گۆڕان و نوێکردنەوانەی پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران بەسەر شیعری کوردییان داهێنا، ئەو بیروڕایانەی لەو وتارەدا هاتووە بەنەخشەیەک دادەنێت بۆ شیعری نوێ و دەڵێ: «ئەگەر لای زۆر لە گەلان و لە زۆر سەردەمدا ئەوە باو بووبێ، کە پێش پەرەسەندنی ڕێبازێکی نوێ لە ئەدەبدا، یا بەدەم ئەو پەرەسەندنەوە چەشنە زەنگێک لێدرابێ، یا هەندێ بەیانامەی ئەدەبی دەرچووبێ، ئەوا پاش تازە نواندنی شێخ نوری و لەگەڵ بڵاو کردنەوەی شیعری نوێی گۆران و کوردی پەتی نووسینی پیرەمێردا ئەو وتارە دەبینین کە لە (یادگاری لاوان)دا بەبێ ناوی نووسەر لە ژێر سەرناوی (بۆ شاعیرەکانمان)دا بڵاوکراوەتەوە و هەر لە نەخشەیەک ئەچێ بۆ شیعری تازە»[١٧]. ئەمەش لەپاڵ گرنگی هەوڵەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی کە لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی دیاری وەک پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران ئەنجام درابوو، بایەخی ئەو بیروڕایانەی (سیاپۆش) لە بارەی دیارکردنی چەمک و خاسیەتەکانی ئەو شیعرەی داوای دەکرد دیاردەکات.

١٥– سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ .

١٦– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

١٧– ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل٤٧ .

کەواتە لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموو ئەو بیروڕایانە پێیان لەسەر گرنگی ئەو بیروڕایانە داگرتووە کە نووسەر بەگوێرەی ئەو ڕۆژگارە لە بارەی شیعری نوێی دەربڕیوە، لەکاتێکدا ئەو بیروڕایانە لە سەردەمی خۆیدا بەتوندی ڕەتکراوەتەوە و پەسند نەکراوە. ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە هەر بیروڕایەکی نوێ کاتێک کە سەرهەڵدەدات ئەگەر زەمینەی وەرگرتنی بۆ نەڕەخسابوو ڕەت دەکرێتەوە و پەسند ناکرێت تا ماوەیەکی بەسەردا نەچێت و بەپێی یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندن شوێنی خۆیان نەکەنەوە کە لە ئەنجامدا حەتمیەتی شوێن گرتنی کۆنەکە دەسەپێت.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کە بایەخدان بە شیعری نوێ، لەو ماوەیەدا، تەنها لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا نەدەبینرا، بەڵکو کتێبیشی گرتەوە کە لە دەرچوونی دوو کتێبدا دەبینرێت لەو ماوەیەدا ئەوانیش (کۆمەڵەی شیعری شاعیرانی کورد)ی (عەبدولکەریم هەکەزی)[١٨] و (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم)ی (عەلی کەمال باپیر)ە[١٩].

ئەوەی ڕاستی بێ هەردوو کتێبەکە[*] گوڵبژێرێکە[**] لە شیعری چەند شاعیرێک و کورتە باسێکی ژیانیانە، واتە هەردوو کتێبەکە ئەگەرچی بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی شیعری چەند شاعیرێکی نوێ داوە، بەڵام بەلای لێکۆڵینەوەی شیعرەکان و باسکردنی شیعری نوێدا نەچوونەو بەهیچ شێوەیەک هیچ مەسەلەیەکی نوێکردنەوەی شیعریان نەوروژاندووە. لە کاتێکدا دەبینین (لوسی پۆل مارگرێت) و (ک.أ.ب) ساڵی **١٩٣٧** بە

---

١٨- کۆمەڵەی شیعری شاعیرانی کورد، عەبدولکەریم هکزی، بەغدا، **١٩٣٨**.

١٩- گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم، عەلی کەمال باپیر، چاپی یەکەم، سلێمانی، **١٩٣٩**.

(*) پێش ئەم دوو کتێبە (ئەمین فەیزی) ساڵی١٩٢١ کتێبی (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد)ی بڵاوکردەوە. بەڵام تەنها گوڵبژێرێک بوو لە شیعرو بەسەرهاتی(ژیانی) چەند شاعیرێکی دەوری بابان. بڕوانە: انجمن ادیبانی کورد، ئەمین فەیزی، ئەستانبول، **١٩٢١**.

(**) بۆیە وشەی (گوڵبژێر)مان بەکارهێنا، چونکە بینیمان پڕ بە پێستی زاراوەی (Anthology)دێت کە مانای(مقتطفات) دەگەیەنێت و ئەم زاراوەیە لە بنچینەدا بۆ دەستەیەک لە جوانترین پارچە شیعر بەکار هاتووە، بەڵام ئێستا بە هەموو هەڵبژاردەیەکی ئەدەبی دەگوتریت چ شیعر یان پەخشان بێت. بڕوانە:

-A Dictionary of Literary terms (English - Franch - Arabic), Magdi Wahba, Beirut Lebnan, New Impression 1983, P.20.



زمانی فەڕەنسی لێکۆڵینەوەیەکی کورتی گرنگ لە بارەی شیعری کوردییەوە دەنووسن و(ڕەفیق حیلمی) دوای ساڵێک وەری دەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و لەنامیلکەیەکدا لەژێر ناوی (دراسة في الشعر الكردي)[٢٠]دا بڵاوی دەکاتەوە.

ڕاستە نووسەران لەم کتێبەدا بایەخێکی تەواویان داوە بە باسکردن و دەربڕینی چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی گرنگ لە بارەی شیعری چەند شاعیرێکی وەک (عەلی تەرموکی)و[*] (ئەحمەدی خانی) و (حاجی قادری کۆیی) و چەند نموونەیەک لە شیعرەکانیان بڵاوکردۆتەوە و وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و ماناکانیان لێکداوەتەوە، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا چەند وردە سەرنجێکیان لە بارەی شیعری نوێ دەربڕیوە وەک ئەوەی کە دەڵێن: «بنچینەی داڕشتنی شیعر دەنگەکانە نەک پیتە هیجائییەکانی و بڕگەکردنی شیعریش ڕادەی هەمە چەشنی شیعری شاعیر دیار دەکات و کوردیش هەموو ئەم شتانە بەکار دەهێنن. وە لەقافیەشدا یەکگرتنی دەنگەکان بەشێوەی دووانە (مزدوج) یان یەک بەدوای یەک (متعاقب) دەدۆزینەوە هەروەک چۆن شیعری (ئازاد)یش بەکاردەهێنن. وەیان بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین تەقریبەن کورد هەموو شێوەکانی شیعر دەزانن»[٢١]. ئەمەش شارەزایی ئەم دوو نووسەرە لە بارەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دیار دەکات و شتێکی گرنگمان بۆ دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە لە پاڵ شیعرە کلاسیکییەکە شیعری نوێش سەرنجی نووسەر و ڕەخنەگرانی بیانی ڕاکێشاوە. ئەم بایەخدانە بەشیعری نوێی کوردی هەروەها لەو ئاماژە بۆ کردنە گرنگەدا دەردەکەوێت کە ناوی چەند شاعیرێکی وەک گۆران و جگەرخوێن و ئەسیری و بێکەس و زیلو و چەند شاعیرێکی تر دەهێنن[٢٢].

---

٢٠- دراسة في الشعر الكردي، لوسي پول مارگريت و ك. ا. ب، پاريس**١٩٣٧**، تعريب رفيق حلمي، مطبعة التفيض الاهلية - بغداد **١٩٣٩**.

(*) بە پێی ئەو زانیارییەی لە (د. مارف خەزنەدار)م وەرگرتووە (عەلی تەرمۆکی) نییە، بەڵکو (عەلی تەرەماخی)یە و بە شاعیر نەناسراوە، بەڵکو زمانەوانەو ئەو شیعرانەی دراونەتە پاڵیشی هەڵبەستراون و ئەو خاوەنیان نییە، بۆ زیاتر ئاگادار بوونیش لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە بڕوانە: دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی - عەلی تەرەماخی، لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسین و ئامادەکردنی بۆ چاپ دکتۆر مارف خەزنەدار، چاپخانەی (دار الزمان)، بەغدا، **١٩٧١**.

٢١- دراسة في الشعر الكردي لوسی پۆل مارگريت و ک.ا.ب، ص١٣.

٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ص٤٨و٤٩.

هەروەها نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەم دوو نووسەرە سەرنجیان داوەتە زمانی شیعری (حاجی قادر و شێخ رەزا و مەولەوی) و ئەوەیان دەرخستووە کە ئەم شاعیرانە زمانێکیان بەکارهێناوە نزیک لە زمانی قسەکردنی خەڵک بوو بەرادەیەک وای لێکردوون بۆ ئەوە بچن کە لەوانەیە زمانی شیعر و زمانی قسەکردن ببنە یەک زمان[٢٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دوو نووسەرە وەنەبێ هەر تەنها چەند سەرنجێکی گشتی و سەرپێییان لە بارەی شیعری کوردییەوە دەربڕیبێ. بەڵکو لە نزیکەوە لە شیعری کوردییان کۆڵیوەتەوە و بەوردی بیروراکانیان دەربڕیوە نەک هەر بەگوێرەی بەشی شیعرە نووسراوەکە بەڵکو لە بارەی ئەدەبە فۆلکلۆرییەکەش بیروراکانیان ئەم وردییەی پێوە دیارە.

ئینجا هەر لەو ماوەیەدا نابێ گرنگی ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتوو خوازە نوێیانەی (عەبدولواحد نوری) فەرامۆش بکەین کە لەچەند وتارێکدا لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژین)دا بڵاوی دەکردنەوە و وەک داوایەک وابوو بۆ شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمە لە بارەی ئەو ناوەڕۆکەی پێویست بوو لەبەر رۆشنایی بیروباوەڕە پێشکەوتوو خوازەکانەوە گوزارشتیان لێوە بکرێت و تیایدا تەئکیدی لە سەر ئەرکی ئەدەب لە چاککردنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگادا دەکرد[٢٤].

ئەگەر بشمانەوێ لە بنج و بناوانی ئەو چالاکییە گەورەیە بگەین کە لە کۆتایی سی بۆ چلەکان بەدواوە بەشێوەیەکی فراوان مەیدانی بڵاوکردنەوەی شیعر و بەشە جیاجیاکانی پەخشانی گرتەوە، ئەوا دەبێ باسی دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩)بکەین کە توانی لەو ماوەیەدا جموجۆڵ و چالاکییەکی ئەدەبی فراوان بنوێنێت، بەبێ ئەوەی رۆڵی رۆژنامەی (ژین ١٩٣٩-١٩٦٣)و گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە ١٩٤٣-١٩٤٧)فەرامۆش بکەین کە ئەوانیش لە شوێنی خۆیاندا دەستیان لەو چالاکییە ئەدەبییەدا هەبوو.

نرخ و بایەخی ئەم گۆڤارە لە بواری لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبییدا هەر لەوەدا دەرناکەوێت کە دەرگای گۆڤارەکەی بۆ نووسەر و شاعیر و رەخنەگران خستبووە سەر گازی

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢.

٢٤- بڕوانە: بۆ سەلام: ئەدەبیاتی تازەو ئینسانیەت!، بە قەڵەمی: ع.و.نووری، ر: ژین، ژ: ٥٧٠ ١٥-٦-١٩٣٩ و ژ: ٥٧٢، ٢٩-٦-١٩٣٩ و ژ: ٥٧٥، ٣ / ئاغستۆس، ١٩٣٩ و ژ: ٥٧٦، ١٧/ ئاغستۆس ١٩٣٩.



پشت بۆ ئەوەی چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆیان لە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە ئەدەبی و وتارە رەخنەییەکاندا بنوێنن، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا نرخ و بایەخی ئەم گۆڤارە لەو تێگەیشتنە وردەشیدا دەردەکەوێت سەبارەت بە رەخنە، کە لە یەکێک لە ژمارەکانیدا لە بارەیەوە دەڵێ: «گەلاوێژ لە ژێر ئەم ناوەدا -لێکۆڵینەوە- هەرجارە چەند لاپەڕەیەک تەرخان ئەکا، بەڵام بەو شەرتە ئەوەی ئەیەوێ لە شتێک بکۆڵێتەوە، لانەدا لەڕێ ی راست: کەسێ بیەوێ رەخنە لە نووسینێکی ئەدەبی یا لە برە شیعرێک بگرێ ئەبێ بەبێ ئەوەی خۆی لە خاوەن مەقال بگەیەنێ، مرازەکەی خۆی لە رووی ئەدەبییەوە بنووسێ»[٢٥]. دیارە ئەمەش پەیڕەو و پرۆگرامی گۆڤارەکە لە بارەی بایەخدانی بە رەخنەی ئەدەبی دیار دەکات و جۆری تێگەیشتنی وردی لە ئەرکی راستەقینەی رەخنە دیار دەخات کاتێک ئەرکی رەخنە بەوە دیار دەکات کە پێویستە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکە بکات و پەیوەندی بە خاوەنەکەی نەبێت. بەڵام ئەم بیروڕایانەی (گەلاوێژ) لەلایەن ئەو شاعیر و نووسەرانەی دەستیان دابووە کاری رەخنەگرتن تا چ رادەیەک پەیڕەوکرا؟ ئەمەیان مەسەلەیەکە پێویستی بە هەڵوەستەیەک هەیە.

ئەوەی بەر لە هەمــوو شت ســەرنجمــان رادەکێشێت ئەوەیە کە زۆربەی ئەو وتارە رەخنەییانەی لە ژێر ناوی (لێکۆڵینەوە)دا بڵاو دەکرانەوە، وەڵامیان هەبوو. واتە هەرجارەی وتارێک لەسەر شیعرێک جا چ شیعرەکە بەگشتی وەیان بەیتێک یاچەند بەیتێکی شیعرەکە لە رووی کێش و قافیە و زمان و ماناوە رەخنەی لێ گیرابێت، کە ئەمەیان بەشی زۆری وتارەکان دەگرێتەوە، زۆربەی جار لەلایەن خاوەنانی ئەو شیعرەی رخنەی لێ دەگیرا، وەڵام دەدرایەوە. هەندێ جاریش تەنانەت وەڵامەکانیش دیسان وەڵام دەدرانەوە. جا لێرەدا ئەگەر بمانەوێ هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە دیار بکەین.

پێش هەموو شت بۆ ئەوە دەچین کە هۆی سەرەکی ئەمە ئەوە بووە کە رەخنەگر کاتێک هاتووە رەخنەی لە شیعرێک گرتووە شێوازی رەخنەگرتنەکەی توندوتیژ بووە جاری وا هەبووە هەستی شاعیری بریندار کردووە، بۆیە بەرامبەر بەمە شاعیرەکەش بێ دەنگ نەبووەو توندوتیژی وەڵامەکەی زۆر جار لە توندوتیژی رەخنەکەی ئاراستەی کراوە کەمتر نەبووە. هەر بۆ نموونە سەرنجدانێک لەو وتارە رەخنەیی و وەڵامدانەوانەی لە لایەن (فایق

٢٥- گ: گەلاوێژ، ژ: ٨، ساڵی٤، ئابی١٩٤٣، ل٣٠.

بێکەس)[٢٦] و (پیرەمێرد)[٢٧] و (میرزا مارف)[٢٨] و (مەنگوڕی)[٢٩] و (ا. ب. هەوری)[٣٠] و (جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی)[٣١] و (سارێژ)[٣٢] و... هتد لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە، ڕاستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنن.

نارەزایی و وەڕس بوونی (گەلاوێژ) بەرامبەر بەو شێوازە ڕەخنەییەی لەسەر لاپەڕەکانیدا بڵاودەکرایەوە لە نەهێشتنی ئەو بەشەدا دەردەکەوێت کە بۆ ڕەخنەی تەرخان کردبوو. ئەم هەنگاوەشی بۆ ئەوە بوو ئەو دیاردە سەلبییە لە شوێنی خۆی رابگرێت و نەهێڵێت پەرە بسێنێت کە لە ڕەخنە گرتن چووبووە دەرەوە بۆ شەڕە قسە و بریندارکردنی هەستی یەکتر.

بەڵام ئەم هەنگاوەی (گەلاوێژ) لەلایەن نووسەرێکەوە بەناوی (سارێژ) زۆر بەتوندی ڕەتکرایەوە، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «گەلاوێژ سەردەمێک لە مەوبەر کەلەبەرێکی بۆ ڕەخنە(*) بازی تەرخان کردبوو، بەڵام زۆری بەسەرا نەچوو دەستی پیاگرت

---

٢٦- بڕوانە: (م.کاردۆخی) لە تای تەرازووی شیعردا، ف. بێکەس، گ: گەلاوێژ ژ: ٩، س: ٤، ئەیلوول-١٩٤٣، ل٥٥-٥٨. -ا.ب هەوری لە تای تەرازووی شیعردا، ف. بێکەس، گ: گەلاوێژ، ژ: ٢، س: ٥، شوباتی ١٩٤٤، ل٦٥-٦٨. -پێشکەشی مامۆستا ا.ب هەوری، ف. بێکەس، گ: گەلاوێژ، ژ: ٥، س: ٥، مایسی١٩٤٤، ل٥١-٥٤ -سەرنجدانێ لە (ئەدەبیاتی مەنگوڕی)، ف.بێکەس، گ: گەلاوێژ، ژ: ٧، س: ٥، تەمووز ١٩٤٤، ل٦٢-٦٥.

٢٧- بڕوانە: - جەنابی میرزا مارفی قەڵادزە لە گەلاوێژدا ببیینێ، پیرەمێرد، گ: گەلاوێژ، ژ: ١٢، س: ٤، کانوونی یەکەمی١٩٤٣، ل٦٠و٦١. - بۆ گەلاوێژی خۆشەویست، پیرەمێرد، گ: گەلاوێژ، ژ: ٣، س: ٩، مارت ١٩٤٨، ل١٠و١١.

٢٨- بڕوانە: بۆ مامۆستای زۆر گەورە جەنابی پیرەمێرد، میرزا مارف، گ: گەلاوێژ، ژ: ١١، س: ٤، تشرینی دووەم١٩٤٣، ل٥٨و٥٩.

٢٩- بڕوانە: وەرامی ڕەخنەگر، مەنگوڕی، گ: گەلاوێژ، ژ: ٩، س: ٥، ئەیلوولی ١٩٤٤، ل٦١-٦٤.

٣٠- بڕوانە: وەرام بۆ ف. بێکەس، ا.ب هەوری، گ: گەلاوێژ، ژ:، س: ٥، نیسانی١٩٤٤، ل٦٢-٦٥.

٣١- (محەمەد ئەمین بەگی جاف) و تەرازووی شیعر، ج. ب. ڕۆژبەیانی، گ: گەلاوێژ، ژ: ٣، س: ٥، مارت ١٩٤٤، ل٥١ و٥٢.

٣٢- چاوپیاخشاندنێک بە ژمارەی پێشوودا، سارێژ، گ: گەلاوێژ، ژ: ٢، س: ٩، شوبات ١٩٤٨، ل٢٠-٢٨.

(*) نووسەر دەنووسێ (ڕەغنە)، بەڵام ئێمە بۆ یەکبوونی ڕێنووسەکە دەنووسین (ڕەخنە).



بە بۆنەی ئەوەوە کە ڕەخنەگرەکان لەوەدا بوون دەست بدەنە یەخەی یەکتری»[٣٣] ئەمەش ئەگەرچی باری ناهەمواری ڕەخنە لە سەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە دیاردەکات، بەڵام نەدەبوایە ئەمە ببێتە پاساوێک بۆ دەرگا داخستن لە ڕووی ئەو بەشە گرنگەی ئەدەبیاتی کوردی کە لەوپەڕی پێویستی دابوو، بۆیە نووسەر لەم ڕوانگەوە گلەیی لە (گەلاوێژ) دەکات و دەڵێ: «من لام وایە گەلاوێژ بە نارەوا (ناحەق) ئەو کەلەبەرەی لەئێمە داخست، ئەگەر هەر ئەیویست مشتومڕ و دەمەقاڵێ ڕوونەدات، ئەو ڕەخنانەی نەنووسیایە کە بەجوانی نازانێت»[٣٤]. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم ڕایەی نووسەر زۆر لە جێی خۆی دابوو و ڕادەی هەست کردنی بە پێویستی کورد بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەگەر (گەلاوێژ) بەڕاستی تەنها مەبەستی ئەوە بوایە چارەسەری ئەم دیاردەیە بکات ئەوا دەیتوانی بێ دەرگا داخستن لە ڕووی ڕەخنە ئەو وتارانەی بڵاونەکردبایەوە کە ڕەزامەندی لەسەر نەبوو، بەڵام دیارە ژمارەیەک لەوانەی نووسینە ڕەخنەییەکانیان لەسەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەدا بڵاودەکردەوە و لەسەرەتادا هەر خۆیان بەو شێوازە ڕەخنەییە توندوتیژە دەستیان پێکردبوو، هەر ئەوانە خۆیان پشییان تەنگ ببوو بەرامبەر بەو وتارو وەڵامانەی ئاراستەیان دەکرایەوە. ئەوەتا (فایق بێکەس) کە یەکێک بوو لە دیارترین ڕەخنەگرانی سەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە لە بارەی جۆری وەرگرتنی ڕەخنەکانی لەلایەن ئەو شاعیر و نووسەرانەی ڕەخنەکانیان ئاراستە دەکرا دەڵێ: «لەوەتەی لە گەلاوێژا بەشی لێکۆڵینەوە تەرخان کراوە من زۆر تووشی دەردەسەری و ناخۆشی بووم، باوەڕم پێبکەن لە ژینی خۆم بێزارم هەروەکو پێشینان وتوویانە (دارێکم بە دەستەوەیە هەردوو سەری......) نازانم چی بکەم؟ ئەگەر ڕەخنەم لە شیعری کەسێ گرت ئەو کەسە لە خۆڕایی لێم ئەبێتە دوشمنی بەخوێنی سەرم تینوو، چونکە داخەکەم ئێمە هێشتا لە مەعنای(ڕەخنەگرتن) نەگەیشتووین، بە جنێوی ئەزانین، ئەگەر قسەش نەکەم و هەرچییەکەم دی چاوی لێ بنووقێنم و بەسەریا بڕۆم گوێی نەدەمێ ئەوەش نابێ...»[٣٥] ئەمەش ڕادەی بێزاری و وەڕس بوونی ڕەخنەگر دەردەخات بەرامبەر بەو ئەنجامەی لەکاری ڕەخنە گرتنەکەیدا پێی گەیشت.

---

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠ .

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠ .

٣٥- سەرنجدانێ لە (ئەدەبیاتی مەنگوڕی)، ف. بێکەس، گ: گەلاوێژ، ژ: ٧، س: ٥، تەموز ١٩٤٤، ل٦٢.

هەروەها (جەمیل بەندی رۆژبەیانی) لە رووی هەمان بۆچوونەوە بەڵام بەشێوەیەکی تر بێزاری خۆی بەرامبەر جۆری ئەو رەخنانە دیاردەکات کە لە (گەلاوێژ)دا بڵاو دەکرانەوە ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە داوا لە گۆڤارەکە دەکات خۆی ئەرکی رەخنەگرتن بگرێتە ئەستۆ "تکا ئەکەم -لێت دەپاڕێمەوە - خۆت ئەم ئەرکی رەخنەبازییە بگرە مل، و مەیدە بەکەس. ورد بینانە. وشە، و وتەکان واڵابێژکە. مەیدان بەوەمەدە کە هەندێ کەس لەتوێ پەردەوە ئامانجی بێ فەڕ، بڵاوبکاتەوە... وەیا وشەی بێ جێ بەکار بێنێ...»[٣٦] وە دەتوانین بڵێین (شێخ محەمەدی خاڵ)یش هەر لە رووی ئەم بۆچوونەوە داوا لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دەکات ئەو وتارانە بڵاونەکاتەوە کە ناوی ئاشکرای خاوەنەکەی لەسەر نەبێ کاتێک دەڵێ: «گەلاوێژ! تاقانە ئەستێرەی هیوا و بەختیاریمانە، چەند جارت پێ وترا شتی بەبێ ناو یا ناوی خواستەمەنی (اسم مستعار)یەوە مەنووسە، ئەو کەسەی کە خۆی فڕهەڵدابێ بۆ رەخنەبازی نابێ بترسێت، وەهەر لە پەناوە پەلار باوێت»[٣٧].

ئەم بیرورِایانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن چ ئەوانەی وتارە رەخنەییەکانیان دەنووسی و چ ئەو شاعیر و نووسەرانەی رەخنەکانیان ئاراستە دەکرا، هیچ کامێکیان رایان لە جۆری ئەو رەخنەیە نەبوو کەلەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) دا بڵاودەکرایەوە. مانای رەخنەش ئەگەرچی لای هەندێکیان لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی راست و دروستەوە چەند لایەنێکی دیاری کراوە، ئەوا لای هەندێکی تریان بەمانای جوێن و پەلار هاویشتن و تیر و توانج تێگرتن هاتووە.

وەسەبارەت بەبایەخدانی شاعیر و نووسەرانی گۆڤاری (گەلاوێژ) بەئەدەبی نوێ، چاومان بە وتارێکی گرنگی (حامد فەرەج) دەکەوێت کە تیایدا باسی چەند لایەنێکی گرنگی ئەدەب دەکات وەک پێویستی گۆڕان و نوێ بوونەوەی ئەدەبیات و دەست نەدانی ئەدەبی کۆن بۆ سەردەمە نوێیەکە و ئەرکی ئەدەب لە دیارکردنی کەمو کورپییەکانی ژیان و چارەسەر کردنیان[٣٨].

٣٦- گەلاوێژ، لەیلان - بەیانلو.ج.ب. رۆژبەیانی، گ: گەلاوێژ، ژ: ٩-١٠، س: ٨، ئەیلول و تشرینی یەکەمی١٩٤٧ ل٦٠.

٣٧- وەرامی رەخنەگر، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: گەلاوێژ، ژ: ٣، س: ٩، مارت ١٩٤٨، ل١٠ .

٣٨- بڕوانە: ئەدەبیاتی تازە چۆنە و دەبێ چۆن بێ؟، ح. ف، گ: گەلاوێژ، ژ: ٧، س: ١، ١٩٣٩، ل ١-٤



هەروەها (گۆران) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کەڵکی ئەدەب) چەند سەرنجێکی ورد لە بارەی ئەدەب وەک پێویستییەکی گرنگ لە ژیانی هەر میللەتێکدا دیار دەکات و لەپوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەلایەکەوە پێی لەسەر گرنگی ئەدەبدا دەگرێ وەک هۆیەک بۆحەسانەوە و ئارام کردنەوەی دەروونی مرۆڤ. وە لەلایەکی تریشەوە گرنگی ئەدەب لەوەدا دەبینێت کە هۆیەکە بۆ پاراستنی لایەنێکی گرنگی کەلتوور و ئەدەبیاتی هەر میللەتێک وە بەتایبەتیش بۆ میللەتێکی وەکو میللەتی کورد کە لە قۆناغی پێگەیشتن دایە[٣٩].

هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ)یش لە وتارێکدا لەژێر ناوی (شیعر و شاعر) باسی نوێبوونەوەی شیعری کوردی وەک پێویستییەک لە پێویستییەکانی ژیانی سەردەمە نوێیەکەی دەکات، ئینجا پێ دادەگرێ لەسەر دیارکردنی کەم و کورپییەکانی شیعری کلاسیکی و دەست نەدانی ئەم شیعرە بۆ قۆناغە نوێیەکەی ژیانی میللەتی کورد[٤٠].

دەتوانین بڵێین بڵاوکردنەوەی ئەم چەند وتارە لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی نوێ لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا ئەگەرچی کەمیش بێت لەچاو سەرجەم ئەو وتارە رەخنەییانەی لە زۆربەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا بە بەردەوامی بڵاودەکرایەوە، هەرچۆنێک بێت گرنگی و بایەخدانی شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمەمان بە ئەدەبی نوێ بۆ دەردەخات.

هەروەها بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە بارەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو سەردەمەدا نابێ ئەو وتارە گرنگەی (تەوفیق وهبی) لەبیر بکەین کە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا لەژێر ناوی (تەنقید) بڵاوی کردۆتەوە و تیایدا دەڵێ: «تەنقید کردەوەیەکی زۆر پێویستە بۆ دۆزینەوەی راستی و بەرزکردنەوەی زانست و خوێندەواری....لەناو نەتەوە بەرزەکانا هەموو کردەوەیێک تەنقیدی بۆ ئەنووسرێ. ئامانجی تەنقید هەر دۆزینەوەی راستییە بۆ سوودی گشتی و راکێشانی لێ وردبوونەوەی مرۆڤە ئەسەر کردوەکان تا چاکتر لێی بکۆڵنەوە و پتر شارەزایی تێدا پەیا بکەن»[٤١]. ئەمەش جۆری تێگەیشتنی راست و دروستی نووسەرمان لە بارەی مانا و ئەرکی رەخنە بۆ دیاری دەکات و ئەوە دەردەخات کە رەخنە پێویستییەکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی ئەدەب. ئینجا دوای ئەمە باسی باری رەخنەی ئەدەبی لای کورد

٣٩- کەڵکی ئەدەب، گۆران، گ: گەلاوێژ، ژ: ٥و٦، س: ٣، مایس و حوزەیرانی١٩٤٢، ل٢٥-٣٢.

٤٠- شیعر و شاعر، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: گەلاوێژ، ژ: ٥، س: ٧، مایس١٩٤٦، ل٤٤-٤٨ .

٤١- تەنقید، تۆفیق وەهبی، گ: دەنگی گێتی تازە، ژ: ١، بەرگی یەکەم، تشرینی یەکەم١٩٤٣، ل٥

دەکات و دەڵێ: «تەنقیدی نووسراو و کردەوەیەکی هەڵە و ناڕاست، هێنانە مەیبیانی ڕاستیەکەیەتی، نەک پەلاماردانی خاوەن کردەوە و لەپاش ملەبوون و توانج تێگرتنییەتی کە وەکو هەتا ئێستا لەلای ئێمە باو بووە»[٤٢] ئەمەش باری نالەباری ڕەخنە لای کورد لەو سەردەمەدا دیار دەکات کە زیاتر لە پەلاماردان و پەلار هاویشتن و تیر و توانج تێگرتندا خۆی دەنواند.

لەو ماوەیەدا، واتە لە چلەکاندا، بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی (ڕەفیق حیلمی) لە کۆڕی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بایەخێکی تایبەتی پەیدا کرد.

ڕاستە (ڕەفیق حیلمی) لەم کتێبەدا لە سەر هەمان شێوازی کتێبەکانی پێش خۆی چەند شاعیرێکی هەڵبژاردووە و باسی ژیانیانی کردووە و چەند نموونەیەکی شیعرەکانیانی وەرگرتووە، بەڵام دەشتوانین بڵێین بە هەنگاوێکی بەرەوپێشچووی هەوڵەکانی پێش خۆی دادەنرێت کە ئەمەش لەو شیکردنەوە و سەرنجە ڕەخنەییە وردانەدا دەردەکەوێت کە لە ڕێگای باسکردنی شیعری چەند شاعیرێکدا خۆی لە باسکردنی چەند لایەنێک و مەسەلەیەکی گرنگی شیعر داوە، وەک مەسەلەی زمانی شیعر و پەسەندکردنی بەکارهێنانی کوردی پەتی و شێوازێکی ئاسان و ڕەوان هەروەک لە باسکردنی شیعرەکانی (ئەحمەد موختار جاف)[٤٣] و (پیرەمێرد)[٤٤]دا دەردەکەوێت. وە یان پەسەندکردنی بەکارهێنانی وشەی نوێی بەکارنەهاتوو هەروەک لە باسکردنی شیعرێکی (مەلا حەمدوون)[٤٥]دا دەردەکەوێت، وەیان باسکردنی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆک و پەیوەندی پتەوی نێوان ئەم دوو لایەنە و گرنگییان لە پێکهاتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا کە بە تایبەتیش لە باسکردنی شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)[٤٦]دا دەردەکەوێت.

ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی شیعری کوردی لە ساڵانی پەنجاکاندا پەرەسەندنێکی چاکی

---

٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

٤٣- بڕوانە: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حلمی بەرگی یەکەم، چاپخانەی التفیض-بەغدا، ١٩٤١، ل١٦و٢١و٢٢.

٤٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩و٩٠.

٤٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، پەراوێزی(٢)، ل١٣٢.

٤٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١و١٠٢.



بەخۆیەوە بینی و زیاتر بایەخی پێدرا. ئەمەش لەو باس و لێکۆڵینەوانەدا دەبینرێت کە لەسەر لاپەڕەکانی زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاودەکرایەوە.

ڕۆژنامەی (ژین) هەر چەندە بایەخێکی زۆر گەورەی بەشیعری کۆن داوە و ئەم بایەخدانەش لەبوونی چەند گۆشەیەکی وەک (شیعر و شاعرەکانمان)(*) و (زنجیرەی ئەدەبی نەتەوایەتیمان) و (شاعیرە نەمرەکانمان) و (ئەوانەی نامرن)دا دەردەکەوێت[٤٧]، بەڵام لەپاڵ ئەم بایەخدانە بەشیعری کۆن هەروەها بایەخیشی بەشیعری نوێ داوە.

(نوری ئەمین مەحموود) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (شیعر ئەبێ چۆن بێت؟) لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا وەک نووسەرێکی سەر بەژیانی واقیعی سەردەمی خۆی و لە ڕوانگەی بەستنەوەی شیعر بەژیان دەڕوانێتە خاسیەتەکانی ئەو شیعرەی داوای دەکات و ئەوە دەردەخات کە بوونی شێوەیەکی هونەری جوان بۆ شیعر بەس نییە، بەڵکو پێویستە ناوەڕۆکێکی بە پێز و چاکی هەبێت بەشێوەیەک خزمەت بە جەماوەر بگەیەنێت ئینجا مەرجێکی تری پەسەندکردنی شیعر بە ئەرکی شیعر لە گەیاندنی ئەو مەبەستە دەبەستێتەوە کە کار لە خەڵک دەکات و کەم و کوڕییەکانی ژیانیان دیارە دەکات و ڕێگای ڕاستیان پیشان دەدات.[٤٨] کە ئەمەش پەیامداری و ئیلتیزامی شاعیر لە ڕووی خۆبەستنەوەی بەگیروگرفتەکانی کۆمەڵ و چارەسەرکردنیان پیشان دەدات و ئەرکی شیعر لە ڕووی دیارکردنی کەم و کوڕییەکان و چارەسەرکردنیان دیار دەکات.

(محەمەد سدیق عارف)(**) لە چەند وتارێکدا گرنگی بە شیعری نوێ داوە و لە بارەی چەند لایەنێکی شیعر چەند بیروڕایەکی گرنگی دەربڕیوە. لەیەکێک لەو وتارانەدا کە لە ژێر ناوی (قوتابخانەی شیعری تازە)دا بڵاوی کردۆتەوە، لە ڕێگای باسکردنی

---

(*) نەجمەدین مەلا بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەم گۆشەیەدا بە بەردەوامی بەسەرهاتی ژیان و نموونەی شیعری شاعیرانی کۆنی کوردی بڵاودەکردەوە هەر بۆ نموونە بەسەرکردنەوەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژین)ی ساڵانی سەرەتای پەنجاکان (١٩٥١) تا شەستەکان بەدواوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم ڕۆژنامەیە تا چ ڕادەیەک بەهۆی هەستکردنی بە گرنگی ئەو زانیارییانەو دەقە شیعرییە کۆنانە وەک کەرەستەیەک بۆ پاراستنی مێژووی ئەدەبی کوردی، بایەخی بە شیعری کۆن داوە.

٤٧- ئەم گۆشانە لە ماوەی جیاجیادا لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین)دا لە ساڵانی(١٩٥١-١٩٦٢) دەبینرێن.

٤٨- شیعر ئەبێ چۆن بێت؟ ن. ا. م، ر: ژین، ژ: ١٠٧٦، س: ٢٦، ١٩٥١، ل٢.

(**) (محەمەد سدیق عارف)، (حسێن عارف)ی چیرۆکنووسە.

قوتابخانەی شیعری نوێی عەرەبی، بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بە کێش و قافیە دەردەبڕێتو لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەمانی کێش و قافیە بە شێوە بەکارهێنانە کۆنەکەی بۆ مەبەستی خزمەتکردنی دەربڕینی مانای شیعر پەسەند دەکات. ئینجا ئەوە دەردەخات کە ئەو شاعیرانەی ئەم ڕێچکەیەیان گرتۆتەبەر ئەو شاعیرانەن کە باوەڕیان بە بەستنەوەی شیعر بە ژیان هەیە و دژی ئەوەن کە شیعر لەژیانی کۆمەڵگا داببڕێت و تەنها بۆ مەبەستێکی هونەری ڕووت و مجەرەد بێت. دیارە هەر ئەمەشە لەدواییدا گەیاندوویەتییە ئەو ئەنجامەی بڵێ: «کەوابوو رزگار بوون لە وەزن و قافیە ڕێگا بەرپا ئەکا بۆ ئەو شاعیرە کە بەئاسانی بگاتە ئەو ئامانجەی بۆی ئەچێ لە شیعرەکەیا. وەبەم جۆرە ئەتوانێ ئەو بیروباوەڕەی لەمێشکیا گرێئەخوا، بێ کەم و کوڕی بیخاتە سەر کاغەز»(٤٩) ئینجا لە وەڵامی وتارێکی (مەنگوڕی)دا زیاتر پێ لەسەر ڕایەکەی دادەگرێ و ئەمجارە هۆیەکی تریش زیاد دەکات و دەڵێ: «لەلایەکی تریشەوە، ئەم سادە و بێ ئەرکییەی زوبانەکەمان هەروەکو بۆ شیعری کۆن ڕێک ئەکەوێ و بەکەڵکە، بێگومان بۆ شیعری تازەش بەم جۆرەیە بەڵکو بگرە دڵنیام لەوەی کە باشتر بۆی ئەگونجێ و جوانتر ئەم جۆرە شیعرەی پێ ئەوترێ»(٥٠) واتە ئەو زمانە کوردییە سادە و ڕەوانەی شاعیرانی نوێ ڕوویان تێ کرد ئەمە بەگونجاوتر دادەنێت بۆ ئەو شیعرە نوێیەی لە پەیڕەوکردنی کێش و قافیە کۆنەکەی شیعری کلاسیکی لای داوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرنجی بۆ ڕابکێشین ئەوەیە کە نووسەر لە رووی باری سەرنجێکی وردەوە ڕایەک دەردەبڕێت بەڵگەی لێزانین و شارەزایی ئەوەمان لە مۆسیقای شیعر بۆ دیار دەکات کاتێک دەڵێ: «خۆ رزگارکردن لە وەزن و قافیە مانای ئەوە نییە هونەری شیعرەکە ون ئەبێ و ئەبێتە وتە و چیرۆک، چونکە وەزن و ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەیە کە پارێزگاری هونەری شیعرەکە ئەکات. بەڵام زۆر جیاوازە لە شیعری کۆن»(٥١). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری نوێ بێ کێش و قافیەیە، بەڵکو مانای ئەوەیە جۆرە بەکارهێنانێکی نوێیە کە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ بەکارهێنانە کۆنەکەدا هەیە.

٤٩- قوتابخانەی شیعری تازە، محمد صدیق عارف، ر: ژین، ژ: ١٢٧٧، س: ٣٠، ١٩٥٥، ل٥.

٥٠- وەڵامی ڕەخنەکەی کاک مەنگوڕی، محمد صدیق عارف، ر: ژین، ژ: ١٢٨٧، س: ٣١، ١٩٥٦، ل٣.

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



هەر لەم وتارەدا (محەمەد سدیق عارف) ڕایەکی گرنگ لە بارەی سەرچاوەی شیعر دەردەبڕێت و ئەوە دەردەخات کە ڕووداوەکانی ژیانی سەردەم و گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵگا سەرچاوەی شیعرن بۆیە دژی ئەو ڕایە دەوەستێت کە دەڵێ: شیعر ئیلهامە و لەم ڕووەوە دەڵێ: وێژە ژیانە، ئەو کارەسات و بەسەرهاتانەیە کە لە هەموو قۆناغێکی ژیانمانا لەسەر ڕێگەمانە... کەوابوو شاعیر لە پێچ و پەناو لە ناخی ئەم ژیانەوە کەرەسەی شیعرەکانی دەردێنی، نهێنی ئەم ژیانە ئەخاتە ڕوو، لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە قووڵەدا. وە بەرزی و نزمی هەموو شاعیرێکیش بەم پێیە ئەپێورێت، ئیتر ئیلهامی چی؟»(٥٢) ئەمەش بۆچوونێکی ڕەخنەیی گرنگە و لە بارەی سەرچاوەی شیعرەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە هۆی سەرکەوتن و لێهاتوویی شیعری شاعیر بەتواناو دەسەڵاتی خودی شاعیر دەبەستێتەوە نەک بە شتێک لە دەرەوەی ئەو.

هەروەها (نەسرین فەخری) لە زنجیرە وتارێکدا لە بارەی شیعری کۆن و نوێ بەوردی باسی چەند لایەنێکی گرنگی شیعر دەکات و بەتایبەتیش ئەو لایەنانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعرن.

نووسەر دوای ئەوەی مەبەستی خۆی لە نووسینی وتارەکانیدا دیار دەکات و لەم ڕووەوە دەڵێ: «بەڕادەی یەکەم ئەوەی پاڵی پێوەنام بۆ ئەم بیرەو بۆ نووسین لەسەری ئەوەبوو کە زۆر هەن پاڵپشت یا بەربەرەکانی شیعری تازە ئەکەن بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی ڕاستیان بەدەستەوە بێت لە بارەی ڕاستی و تەواوی بیرەکەیانەوە یا بێن کەسانی تر قایل بکەن، بەڵکو تەنیا ئەوەی هەیە ئەو قسەو باسەیە کە لەناو خۆیانا ئەیکەن.»(٥٣) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم وتارانە وەڵامێکن بۆ ئەو کەسانەی لە خۆیانەوە بێ ئەوەی زەمینەیەکی ڕۆشنبیری پتەو و زانیارییەکی ئەوتۆیان هەبێ بەرگری لە شیعری نوێ دەکەن یا ڕەتی دەکەنەوە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەو سەردەمەدا کێشەیەکی توند لە نێوان شیعری کۆن و نوێدا سەری هەڵدابوو و هەڵوێست وەرگرتنیش بەرامبەر بە شیعری نوێ وەنەبێ لەسەر بناغەی بۆچوونێکی مەوزووعییەوە دروست بووبێت، بەڵکو زۆر جار لە قسەی ڕووت بەولاوە شتێکی تر نەبووە. ئینجا لەسەر بناغەی باوەڕهێنانی بە گۆڕان و پەرەسەندنی هەموو شتێک، گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعر بە پێویستییەک لە

٥٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٥٣- شعر، شعری کۆن و تازە، نەسرین فەخری، ر: ژین، ژ: ١٣١٦، س: ٣١، ١٩٥٦، ل٣.

پێویستییەکانی ژیانی سەردەمە نوێیەکەی دادەنێت و دەڵێ: «...ئێمە ئەزانین کە هەموو شتێک لە سەرەتاوە شالاوی بۆ ئەبرێ و وەبڕوای پێ ناکرێت، بەڵام پاش ئەوە بڕوای پێ ئەکەن و ئەکەونە لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لێی بەرەبەرە گۆڕینی بەسەرا ئەهێنن. شیعریش وەک ئەمە وایە و پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە و گۆڕینی بەسەرا بێت تا بگونجێت لەگەڵ رۆژانی چەرخەکەیا»(٥٤). ئەمەش جۆری تێگەیشتنی نووسەرمان لە بارەی چەمکی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعر بۆ دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە هەموو شتێکی نوێ لەسەرەتادا شتێکی ئاساییە رەت بکرێتەوە و بە ئاسانی وەرنەگیرێت تا ماوەیەکی بەسەردا رەت نەبێت و وەک پێویستییەک لە پێویستییەکانی ژیانی سەردەمە نوێیەکە خۆی نەچەسپێنێت.

ئینجا لەسەر بناغەی کێش و قافیە شیعری کۆن و نوێ لە یەک جیا دەکاتەوە و لە رووی باری سەرنجی تایبەتی خۆیەوە باسی هەریەکەیان دەکات.

لە بارەی کێشی شیعرەوە بەتوندی دژی خۆبەستنەوەی شاعیر بە کێشی عەرووز دەوەستێت و داوای ئەوە دەکات شیعر لەو کۆت و بەندە رزگار بکرێت و هۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «هەر دۆزراوەیەک ئیشی تیا تەواو نابێت، بەڵکو بە درێژایی و هەمیشە گۆڕینی بەسەرایەت وەک چۆن چەرخیش ئەگۆڕێت... بەڵێ لەیاسا و نەریتەکانی ئەحمەد خەلیلا شتی واهەیە کە شیعر لەگەڵیا رێک ناکەوێت بەهیچ جۆرێک تاکو ئیمڕۆش....»(٥٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کێشی شیعری کۆن، واتە کێشی عەرووز، بەهۆی ئەو گۆڕانانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەی گرتەوە و وای کرد شاعیر خۆی لەبەردەم ناوەڕۆکێکی نوێدا ببینێتەوە و ئەو ناوەڕۆکە نوێیەش پێویستی بە شێوە دەربڕینێکی تازەتر هەبوو، بۆیە هەستکردن بە نەگونجانی ئەو جۆرە کێشە بۆ شیعرە نوێیەکە ئەنجامێکی ئاسایی ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی گرتبۆوە.

وە لە بارەی قافیەشەوە شیعری کۆن بەو شیعرە دادەنێت کە خۆی بە(یەکێتی قافیە) دەبەستەوە و دەڵێ: «... شیعری کۆن بەتەنیایی قافیە «وحدة القافیة» ناسراوە... و تەعریفی تەواوی شیعری قافیەدار ئەمەیە کە (بەیت)ەکانی لە یەک دەریا بن و شاعیر

٥٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٣و٧.

٥٥- شعر، شعری کۆن و تازە، نەسرین فەخری، ر: ژین، ژ: ١٣١٧، س: ٣١، ١٩٥٦، ل٣.



یەک (قافیە)ی تیا بگرێت...و ئەمە مەعنای ئەوەیە کە هەموو شیعرێک لە هەموو بەیتەکانیا یەک بوونی قافیەو یەک قافیەی تیا بەکار نەهێنرا بەشیعری تازە یا بەگۆڕینێک لە کۆنەوەی بۆ تازەی دابنێین»(٥٦). ئینجا بە دوورو درێژی جۆرە بلاوەکانی شیعر بەپێی بەکارهێنانە جۆربەجۆرەکانی کێش و قافیە دیار دەکات و لەباسکردنی هەرجۆرێکیان نموونە لە شیعری کوردی دەهێنێتەوە. دیارە ئەمەش بۆمەبەستێکی گرنگ بووە ئەویش ئەوەیە نووسەر ویستوویەتی پێمان بڵێ ئەو جۆرە بەکارهێنانەی کێش و قافیە کە لادانێک بوو لەشێوە بەکارهێنانە کۆنەکەی شیعر، ئەم گۆڕان و نوێکردنەوەیە شیعری کوردیشی گرتۆتەوە و بوونی ئەم نموونانەشی لە شیعری کوردیدا بە بەڵگەی ئەو نوێکردنەوەیە داناوە کە بەتایبەتیش لەو شێوە بەکارهێنانە نوێیانەدا دەرکەوتن کەلەلایەکەوە لە رووی کێش و لەلایەکی تریشەوە لە رووی قافیەوە دیاری کردبوون.

جێی باسە لێرەدا ئەوە بڵێین کە باسکردنی قافیەی شیعر لەلایەن (نەسرین فەخری) بەو جۆرە دوور و درێژە و دیارکردنی جۆرەکانی شیعر لەسەر بناغەی جۆری بەکارهێنانە جیاوازەکانی قافیە لەپاڵ کێش لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەیەک بوو لە شیعر بە گشتی و بەتایبەتیش شیعری عەرەبی بەڵام دوورو نزیک شیعری کوردیشی گرتۆتەوە هەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کردو لەمەیدانی لێکۆڵینەوە لە قافیەی شیعر بە شتێکی سەرنج راکێشەر دادەنرێت و کەلێنێکی چاک لەو بوارە پڕدەکاتەوە کە رەخنە و لێکۆڵینەوەی شیعری کوردی لێی بێبەش بوو.

هەروەها مەسەلەی گۆڕانی شیعر لە یەکێک لە وتارەکانی (ژین)دا لە دیارکردنی ئەرکی شیعردا دیارکراوە کاتێک داوای ئەوەی کردووە کەشیعر دەبێ بەدەنگ پێویستییەکانی ئەو قۆناغەوە بێت کە بارودۆخی ژیانی سەردەمەکە دروستی دەکات، بۆیە لە رێگای ئەم داوایەوە سیماکانی ئەو جۆرە شیعرە دیار دەکات کە پێویستە ئامانجەکانی میللەتی کورد بنوێنێت و لەم رووەوە بۆچوونی خۆی لە بارەی ئەو شیعرەی رەنگدانەوەی ژیانی سەردەمەکەیەتی بەوە دیارکردووە کاتێک لە بارەی ئەوجۆرە شیعرەوە گوتوویەتی: «ئێمە وتمان کورد لە قۆناغێکا ماوەتەوە کە پێ ی ئەوترێ قۆناغی پەیداکردنی قەوارەی نەتەوایەتی بۆ ئەمە ئەبێ ئاراستەکردنی (ئەدەب)مان بگونجێ لەگەڵ ئەم قۆناغەدا. کەوابێ ئەبێ پەنا بەرینە بەر حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، زێوەر، حەمدی، بێ کەس،

٥٦- جۆرەکانی شیعری تازە -٣-، نەسرین فەخری، ر: ژین، ژ: ١٣١٩، س: ٣١، ١٩٥٦، ل٣.

ئەحمەد موختار... هتد بۆچی؟»[٥٧] هۆی پەنابردنە بەر شیعری ئەو شاعیرانەش بەوە دیار دەکات چونکی خاوەنی ئەو شیعرانەن کە لەگەڵ پێویستی ئێستەی نەتەوەکەمانا ئەگونجێ چونکی پڕن لەهاندان بۆ تیژکردنی گیانی نەتەوە پەرستی و بیرلە دوارۆژ کردنەوەی»[٥٨]. ئەمەش ئەو بۆچوونە دیار دەکات کە دەبێ شیعر ڕەنگدانەوەی ژیانی سەردەمی خۆی بێت و ڕۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێت لە ڕووی بەجێ هێنانی پێویستییەکانی ژیانی میللەت لە هەرقۆناغێکی ژیاندا.

هەروەها لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (بەراوردێکی ئەدەبی کوردی) کە لەلایەن (ئیحسان فوئاد)ەوە نووسراوە دەستنیشانی قۆناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعر کراوەو (حاجی قادری کۆیی) بەپێشەنگی ئەو شاعیرانە دانراوە کە گۆڕانی بەسەر شیعری کوردیدا هێنا لە ڕووی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکەوە، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «...حاجی قادری کۆیی شێوەی و جۆری هەڵبەستەکانی تاڕادەیەکی زۆر گۆڕی، وەلە قافیەی یەک شێوە هەتا ڕادەیەک خۆی ڕزگارکرد... ئەمیش سەرەتای جوولانەوەیەکی تازەی ئەدەبی بوو کە لە هەستێکی نەتەوایەتی تەواوەوە ئەهاتە دەرێ»[٥٩]. ئینجا دوای ئەوەی خۆنەبەستنەوەی (حاجی قادر) بەیەکێتی قافیە و ڕەنگدانەوەی بیری نەتەوایەتی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بە هەنگاوی یەکەمی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعردا دەنێت کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێکرد، دێتە سەر سەدەی بیستەم و لە بارەی شیعری ئەم قۆناغەوە کە بە تەواوکەری هەوڵەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری قۆناغی پێش خۆی دادەنێت دەڵێ: «لە سەدەی بیستەما ئەم چەشنە گۆڕانە دەستی کرد بەتەواو بوون. هەتا بلیمەتی هۆنراوەی نوێ (گۆران) ئەم سنوورەی بڕی و هەنگاوێکی زۆر گرنگی هاویشتە پێشەوە، جگە لە مامۆستا (گۆران) ئەم چەشنە گۆڕانە لەهەڵبەستی گەلێ بوێژی تر ئەبینین لەمانە ئەحمەد موختار بەگ، پیرەمێرد، زێوەر، بێکەس کە هەستێکی تەواو ئەکرێ بەم گۆڕانە لە هەڵبەستەکانیا...»[٦٠]. ئەگەرچی لێرەدا ڕەخنەی ئەوە دێتە سەر نووسەر کە دەبوایە باسی (شێخ نوری شێخ سالح)یشی بکردبایە و هەوڵە گرنگەکانی ئەم

٥٧- زنجیرەی ئەدەبی نەتەوایەتیمان- لە ڕێی بووژانەوەی ئەدەبی کوردا، ر: ژین، ژ: ١٣٣٢، س: ٣٢، ٧-٢-١٩٥٧، ل٨.
٥٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٨.
٥٩- بەراوردێکی ئەدەبی کوردی، ئیحسان، ر: ژین، ژ: ١٣٨٢، س: ٣٣، ٢٠-٢-١٩٥٨، ل١.
٦٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١.



شاعیرەی لەبواری نوێکردنەوەی شیعری کوردی فەرامۆش نەکردبایە، بەڵام دیارە ئەو پەلەپەل و شێوازە گشتییەی بە وتارەکەیەوە دیارە ئەوەمان بۆ دەردەخات بۆ ئەو کەلێنانە لە وتارەکەیدا دەبینرێت و تەنانەت ئەمە وای لێکردووە ئەو شیعرەی کە پێش (گۆران) ناوەڕۆکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە قاڵبە کۆنەکەی شیعر دەردەبڕێ، لەگەڵ شیعری (گۆران) بخاتە یەک خانەوە و بە شێوەیەکی گشتی خاسیەتەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری سەرجەم ئەو شاعیرانەی ناویانی هێناوە لەوەدا کۆبکاتەوە. «بەکارهێنانی وشەی پوختی کوردی، قافیەی جیاوازو، بەکارهێنانی مانای جوان کە لە جەرگەی کوردەواری یەوە هەڵئەقوڵێ»[٦١]. ئەمەش چەند لایەنێکی گرنگی نوێکردنەوەی شیعر لە ڕووی زمان و قافیە و ناوەڕۆکەوە دیار دەکات.

هەروەها لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە لەو ماوەیەدا دوای ئەوەی (نەریمان)[*] دیوانێکی شیعری لەژێر ناوی (هاواری لاوان) بڵاوکردەوە. نووسەرێک بەناوی (کلۆڵ)[**] لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین)دا بەشێوازێکی توندوتیژ لە زنجیرە وتارێکدا[٦٢] ڕەخنەیەکی توندوتیژی ئاراستەی شاعیر کردووە و توندوتیژی نووسینەکەی لە زۆر شوێندا گەیشتۆتە ڕادەی سووکایەتی پێکردن و هەست بریندار کردن، بۆیە (نەریمان)یش لێی بێدەنگ نەبووە و ئەویش لە زنجیرە وتارێکدا لە گۆڤاری (هەتاو)[٦٣]دا وەڵامی داوەتەوە و بەرگری لەخۆی کردووە و گلەییەکی زۆریشی لە ڕۆژنامەی (ژین) کردووە، وە بەتایبەتیش (گۆران)ی شاعیر کە ئەوسا سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە و ڕێگای داوە ئەو جۆرە قسانە بەناوی ڕەخنە بڵاوبکرێتەوە.

دیارە بەهۆی ئەو شێوازە توندوتیژەی وتارەکەی پێ نووسراوەتەوە، وای کردووە نووسەرانی تریش پێی تووڕەبن و بێنە قسەکردن هەروەک لەو وتارەی (گیو موکریانی)دا

٦١- سەرچاوەی پێشوو، ل١.
(*) مەبەست (مستەفا نەریمان)ی، نووسەرە کە لە ساڵی ١٩٥٣دا دیوانێکی شیعری بە ناوی (هاواری لاوان) بڵاوکردەوە.
(**) لە بارەی ئەو نووسەرەی لەژێر ناوی (کلۆڵ)دا شتی دەنووسی (د. مارف خەزنەدار) ئەو زانیارییەی پێداوم کە مامۆستا (جەمال نەبەز) لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا نازناوی (کلۆڵ)ی بۆ خۆی هەڵبژارد بوو ئینجا لە پاشاندا گۆڕی و کردی بە(نەبەز).
٦٢- بڕوانە: هاواری لاوان، کلۆڵ، ر: ژین، ژ: (١١٧٢-١١٧٥)، س: ٢٨، ١٩٥٣.
٦٣- بڕوانە: وەڵامی کلۆڵ و ژین، نەریمان، گ: هەتاو، ژ: (٦-٨)، س: ١، ١٩٥٤.

دەبینین کە لەوەڵامی (کلۆڵ)دا لەشێوەی چەند ئامۆژگارییەکدا دەڵێ: «گیانە رەخنە گرتن بۆ دۆزینەوەی راستی و بەرزکردنەوەی خوێندەواری و زانست ئێجگار پەسەندو گرنگ و پێویستە بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئێمە دەست نادات کە هەموومان تێکڕا هەموو فەرمانێکی باشتر بەجێ بێڵین و هەر خەریکی رەخنەگرتن و تانووت لێکدان و دڵشکاندنی یەکتری بین...»(٦٤) ئەمەش وەک ئەوە وایە نووسەر پێمان بڵێ رەخنە راستە بۆ پێشخستنی ئەدەب شتێکی پێویستە، بەڵام لای کورد لە مانا راستەقینەکەی خۆی دەرچووە و بۆتە پلارو تیروتوانج تێگرتن و پەلاماردانی یەکتر. بۆ سەلماندنی راستی ئەم بۆچوونەشمان ئەم رایەی بەبەڵگە دەهێنینەوە کەتیایدا دەڵێ: «... بێ شک لەسەرەتاوە هەموو چتێک چەوتی هەر دەبێ ئەگەر لە رووی نەزاکەت و پێشواز (ادب)ەوە جارجارە بۆ لابردنی چەوتی و دەرخستنی راستی رەخنە بگیرێ جێگای خۆبەتی ئیتر نەوەکو پار نەریمانی بێچارە دەسکە گوڵێکی بەناوی هاواری لاوان پێشکەشی نیشتمانی کردووە کەچی نیشتمانییەکانیش لە جیاتی تەقدیر لەپارەوە تا ئەمڕۆ خەریکی پەلاماربردنە سەر وین و ناویشیان ناوە رەخنە بەڕاستی ئەمە کارێکی زۆر شەرم ئاوەر و ئابڕووبەرە...»(٦٥) ئەمەش ئەرکی راستەقینەی رەخنە لە رووی دیارکردنی کەم وکورییەکان و چارەسەرکردنیان دیاردەکات و لەهەمان کاتیشدا جۆری ئەو رەخنە توندوتیژە پیشان دەدات کەلەو سەردەمەدا لای چەند کەسێک پەیڕەو دەکرا.

دیارە پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە رەخنەییە توندوتیژەش پاڵی بەڕۆژنامەی(ژین)ەوە ناوە بۆ ئەوەی لە وتارێکدا لەشێوەی چەند ئامۆژگارییەک باسی چۆنیەتی رەخنەگرتن و وەرگرتنی رەخنە بکات و بڵێ: «رەخنە کارێکی زۆر گەورەی هەیە بەسەر ئەو کەسانەدا کە خاوەنی نەفسیەتێکی بێ هێزن و ئەو رەخنەیە ئەبێتە هۆی تێکچوون و سەرلێ شێواندنیان. وەهەموو کەسێ چون یەک نییە بۆ وەستان بەرامبەر بەرەخنە. هەندێ بە دڵێکی فراوانەوە رەخنەکەی وەرئەگرێ، بەڵام هەندێکی تر بە دڵتەنگیەکەوە بەپیر رەخنەکەوە ئەچێت»(٦٦). دیارە لەم حاڵەتەدا رەخنە کارێکی زۆر خراپ دەکاتە سەر دەروونی رەخنە لێگیراوەکە و زیانێکی زۆری پێدەگەیەنێت و بەتایبەتیش ئەو کەسانەی باوەڕیان بەخۆیان نییە و هەموو

٦٤- بیروباوەڕی ئێمەش لە بابەت رەخنەبازی یەوە، گ: هەتاو، ژ: ٨، س: ١، ٣١ ئاغستۆس١٩٥٤، ل١٩.

٦٥- سەرچاوەی پیشوو، ل١٩.

٦٦- چۆن رووبەڕووی رەخنە ئەوەستی؟. ر: ژین، ژ: ١٢٧٠، س: ٣٠، ٢٧-١٠-١٩٥٥، ل١.



جۆرە رەخنەیەک کاریان تێدەکات بۆیە لەم رووەوە بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم جۆرە رەخنەگرتنە «ئەبێت بە گرێ یەکی قورس لە دڵیاو عەقڵ و هەست و بیری هیلاک دەکات»(٦٧). ئینجا لە بارەی جۆری رەخنە و چۆنیەتی وەرگرتنی هەر جۆرێکیان لای رەخنە لێگیراوەکە دەڵێ: «وەئەگەر هات و دەرکەوت رەخنەکە لە جێگای خۆی دایەو ئەبێ بەدڵێکی زۆر فراوانەوە وەربگیرێ، بەڵام ئەگەر وانەبوو و رەخنەیەکی بێ رێ و شوێن بوو واپێویستە هیچ گوێ ی نەدرێتێ و بەخەیاڵیشیا نەیەت.

ئیتر ئا بەمە گرەو ئەبرێتەوە وەڕاستی سەرئەکەوێ».(٦٨) ئەمەش بە ئاشکرا مەبەستی وتارەکەمان بۆ دەردەخات کە هاندانی نووسەر و شاعیران و راهێنانیانە لەسەر ئەوەی بە هێمنی ئەو رەخنانە وەربگرن کە ئاراستەیان دەکرێت هەتا ئەگەر رەخنەکەش توندوتیژو لەجێی خۆیدا نەبوو ئەوا پێویستە فەرامۆش بکرێت و گوێی پێ نەدرێ، چونکە لەکۆتاییدا مانەوە و بەردەوام بوون هەر بۆ شتی چاک دەبێت.

هەر لە بارەی بایەخدان بەشیعری نوێی کوردی (د.مارف خەزنەدار) لە زنجیرە وتارێکدا لە ژێر ناوی (ئەدەبی نوێی کوردی) دوای ئەوەی بەدووروودرێژی باسی ئەدەبی کۆنی کوردی دەکات، دێتە سەر باسکردنی شیعری نوێ و لەم رووەوە لە رێگای بەراوردکردنی نێوان شیعری کۆن و نوێ لە چەند رایەکی گشتیدا دیارترین سیماکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیمان بۆ دیار دەکات(٦٩).

لە بارەی زمانی شیعرەوە ئەوە دەردەخات کە شاعیرانی نوێ پشتیان لە زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کرد و روویان کردە بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی(٧٠). لە رووی کێش و قافیەوەش شیعری نوێ لەوە دوورکەوتەوە خۆی بە یەکێتی کێش و قافیە ببەستێتەوە، بەڵکو رووی کردە جۆرە بەکارهێنانێکی تازەی جیا لە پەیڕەوە کۆنەکە(٧١).

٦٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١.

٦٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١.

٦٩- بڕوانە: الادب الكردي الحديث، معروف خەزنەدار، جريدة اربيل، العدد٩١-٩٢، السنة الثانية، ١٩٥٢.

٧٠- بڕوانە: الادب الكردي الحديث-١٨-، معروف خەزنەدار، جريدة اربيل، العدد٩٢، السنة الثانية، ١٩٥٢، ص١.

٧١- سەرچاوەی پێشوو، ص١.

لە رووی ناوەڕۆکیشەوە لە رێگای باسکردنی (قوتابخانەی ریالیزمی) ئەوە دەردەخات کە شاعیر و نووسەرانی کورد دوای ئەوەی روویان کردە واقیعی ژیانی میللەتەکەیان، بابەتەکانی ناوەڕۆکی نووسینەکانیان لە ژیان هەڵهێنجاو باسی گیروگرفتەکانی کۆمەڵیان کردووە[٧٢]. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەوەی لە رووی ناوەڕۆکەوە سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە نووسەر بایەخێکی زۆری بە باسکردنی ئافرەت داوە و جۆری تەماشاکردنی شاعیر و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئافرەتدا لە شیعری کۆن و نوێ دیار کردووە[٧٣].

هەر لەو ماوەیەدا لە بارەی ئەدەبی نوێ نووسەرێک بەناوی (کاکە شوان)[*] لە گۆڤاری (نەورۆز) دا لە زنجیرە وتارێکدا لە ژێر ناوی (ئەدەبی نوێ) بەشێوەیەکی گشتی باسی قۆناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی ئەدەب دەکات و لەبەر رۆشنایی باسکردنی قۆناغەکانی گۆڕانی شیعر لە کلاسیکەوە بۆ رۆمانتیک و لە دواییدا بۆ ریالیزم لە شیعر و ئەدەبیاتی رۆژئاوادا، باسی قۆناغەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و لەم رووەوە ئەوە دەردەخات کە ئەو بیروڕایانەی لە بارەی نوێکردنەوەی شیعری کوردییەوە هاتوونەتە کایەوە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێنە دوو بەش. بەشێکیان داوای ئەدەبێکی رۆمانتیکی و بەشەکەی تریان داوای ئەدەبی ریالیزمی دەکات و لە رووی بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە هەردوو رایەکە رەت دەکاتەوە و بەلاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە و گواستنەوەیەکی کتومتی تاقیکردنەوەی نەتەوەکانی تری دادەنێت و داوای ئەوە دەکات کە پێویستە نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بە بارودۆخی تایبەتی ژیانی میللەتی کورد خۆی ببەسترێتەوە نەک بەفەرامۆشکردنی ئەم لایەنە گرنگە و گواستنەوەی ئەو ئەدەبە نوێیە کە بارودۆخی تایبەتی ژیانی ئەو میللەتانە دروستیان کردووە[٧٤].

لە راستیدا باسکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەر بناغەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە

---

٧٢- بڕوانە: الادب الکردی الحدیث، معروف خەزنەدار، جریدە اربیل، العدد٩٣-٩٦، السنە الثانیە، ١٩٥٢.

٧٣- بڕوانە: الادب الکردی الحدیث-٢٢-، معروف خەزنەدار، جریدە اربیل، العدد٩٦، السنە الثانیە، ١٩٥٢، ص١.

(*) بەپێی ئەو زانیارییەی بە (د. وریا عومەر ئەمین)م وەرگرتووە (کاکە شوان) (د. ئیحسان فوئاد)ە.

٧٤- ئەدەبی نوێ، کاکە شوان، گ: نەورۆز، ژ: ١-٣، س: ١، ١٩٥٩.



وردەوە، کە نوێکردنەوە دەبێ لەدایکبووی بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی سەردەمی خۆی بێت و پێ بەپێی لەگەڵ قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵگای کورد بەڕێوە بچێت، بەشتێکی سەرنج راکێشەر و گرنگی مەیدانی رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دادەنرێت و رادەی پێگەیشتن و وردی تێگەیشتن لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعر دیاردەکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە لە هەندێ شوێندا ئەم وردییە لە بیروڕاکانیدا نابینرێت، بۆ نموونە کە باسی سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و تەنها بە(گۆران)ی دەبەستێتەوە و دەڵێ: «کە ئەڵێین هۆنراوەی نوێ لە ئەدەبی کوردەواریا یەکسەر بلیمەتی ئەم قوتابخانەیەمان دێتە بەر چاو کە مامۆستا (گۆران)ە. چونکە لە هەموو بوێژەکانی کەی ئەو سەردەمەمان زیاتر بەجەرگ تر هاتە پێشەوە وە گیانێکی تازەی کرد بەبەرگی هۆنراوەی کوردیا»[٧٥]. ئەمەش فەرامۆش کردنێکی تەواوی رۆڵی (شێخ نوری شێخ سالح)ە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا کە پێش (گۆران) هەوڵەکانی خۆی لە بواری نوێکردنەوەی شیعری کوردی ئەنجام دابوو و تەنانەت کاری لە (گۆران) و شاعیرانی تری سەردەمی خۆشی کردبوو.

لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (بڵێسە)دا (شێخ محەمەدی خاڵ) لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (پێویستی وێژە) باسی شیعری کۆن و نوێ دەکات و لە رێگای ئەم بەراوردکردنەوە هەڵوێستی رەتکەرەوەی خۆی بەرامبەر بەشیعری کۆن دیار دەکات و خاسیەتەکانی ئەوجۆرە ئەدەبە نوێیەش دیار دەکات کە پێویستە هەبێت و لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر داوای ئەدەبێک دەکات سەر بە کۆمەڵ بێت و لە خزمەتکردنی خەڵکدا بێت و ئەدەبەکەش دەبێ بە شێوەیەک دەرببڕێت کە لە ئاست تێگەیشتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دابێت[٧٦].

ئەوەی راستی بێ ئەم وتارە گرنگییەکی تایبەتی پەیدا دەکرد لە رووی لێکۆڵینەوە و باسکردنی خاسیەتەکانی ئەدەبی نوێ، ئەگەر هاتوو باسی ئەو شیعرەی بکردبایە کە هەبوو نەک ئەو شیعرەی هێشتا لەدایک نەبووە و بۆ شاعیرانی بەڕادان دابوو و داوای لێدەکردن

---

٧٥- ئەدەبی نوێ، کاکە شوان، گ: نەورۆز، ژ: ٢، س: ١، ١٩٥٩، ل١٦و١٧.

٧٦- بڕوانە: پێویستی وێژە، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: بڵێسە، ژ: ٢٢، س: ١، ئەیلوولی ١٩٥٩، ل٦-٩.

له سەری بڕۆن، چونکه کەس لەگەڵ ئەوەدا نییه شیعر بەڕادان بدرێت و داوا له شاعیر بکرێت بەپێی نەخشەیەکی دانراو و سنوور بۆکێشراو شیعر بڵێت.

هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ) لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (هیوا)دا وتارێک بڵاودەکاتەوە و تیایدا باسی ئەو پەیوەندییه دەکات که ئەدەب به ژیان دەبەستێتەوە و گۆڕانی ئەدەب بەپێی ئەو گۆڕانانه دیار دەکات که بەسەرلایەنه جۆر بەجۆرەکانی ژیان دادێت و دەڵێ: «وێژه بەگۆڕانی گەل ئەگۆڕێ، وه هیچ گەلێ ناتوانێ لەسەر خوانی وێژەی کۆنی خۆی بژی، وه پێویسته وێژەی هەموو گەلێک هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ گەلەکەدا بۆ پێشەوه بڕوات»[77]. ئەمه جۆری تێگەیشتنی (خاڵ) له حەتمیەتی گۆڕانی ئەدەب به پێی قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانی هەر میللەتێک دیاردەکات و هەڵوێستی ئەومان بەرامبەر به مەسەلەی کۆن و نوێ بۆ دەردەخات. وه لەکۆتایی وتارەکەیدا دەگاته ئەو ئەنجامەی که ئەدەبی کوردی له بارێکی دواکەوتوودایه و ئەوه دەردەخات که ئەو ئەدەبه توانای ئەوەی نییه وەڵامی پێویستییەکانی ژیانی سەردەمەکەی بداتەوە.

بەڵام ئەم رایەی(خاڵ) له بارەی دواکەوتوویی ئەدەبی کوردی لەلایەن نووسەرێکەوه هەر له گۆڤاری (هیوا)دا وەڵام درایەوه ورەت کرایەوە. ئەوەی لەم وەڵامەدا بەلامانەوه گرنگ بێ ئەوەیه که نووسەر باسی قۆناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و ئەوه دەردەخات که شیعری کوردی به پێی ئەو بارودۆخەی ژیانی میللەتی کوردی پێکهێناوه گۆڕاوه و پەرەی سەندووه و لەم رێگایه و له رایەکی کورت و گشتیدا هەوڵی ئەوەی داوه جۆری ئەو شیعره دیار بکات که بەپێی گۆڕانی ژیانی میللەتی کورد له هەر قۆناغێکدا هاتۆته پێشەوە. بەمانای ئەوەی لەبەر ئەوەی سەرچاوەی شیعر ژیانه، ئەو شیعره سروشتی ژیانی میللەتی کوردی وەرگرتووه له هەر قۆناغێکدا[78].

له وتارێکدا که لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هیوا)وه بڵاوکراوەتەوه له رووی ئەو بۆچوونەوه تەماشای ئەدەبیان کردووه «ئەبێ ئەو ئەدەبه بۆ گەل بێت، وه هەست و ئازار و ئاواتی گەل دەردەخات و بچێته ناو جەرگەی گەلەوە، وه بەشێک بێت له تێکڕایی خەباتی بەڵکو پێشەنگێک بێت رێگەی بۆ روون بکاتەوە...... وه که ئەڵێین ئەدەب ئەبێ

---

٧٧- وێژه، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: هیوا، ژ: ٨، س: ١، شوبات ١٩٥٨، ل٧٠

٧٨- بڕوانه: لیکۆڵینەوەیەک له وتاری (وێژه)ی مامۆستا خاڵ، م.م، گ: هیوا، ژ: ٩، س: ١، مارت ١٩٥٨، ل٦٥-٧١٠



بچێته ناو جەرگەی گەلەوه دیاره ئەوه ناگەیێنێ که ئەدەب خۆی له بیر بچێت و راده و سنووور و دیمەنی خۆی لەیاد بکات...»[79] ئەمەش ئەوه دەگەیەنێت که ئەم گۆڤاره بایەخێکی زۆری به مەسەلەی بەستنەوەی ئەدەب به ژیانی خەڵک داوه و ئەرکی ئەدەبی له رووی رێبەرایەتی کردنی میللەت و هاوبەشی کردنی له خەبات و تێکۆشانیدا دیار کردووە.

جا ئەگەر زانیمان ئەمه بەرنامەی گۆڤارەکەیه بۆ مان دەردەکەوێت بۆچی ئەوەنده بەتەنگ مەسەلەی ئیلتیزام و خۆبەستنەوەی شاعیر و نووسەران بووه به مەسەلەکانی ژیانی میللەت که ئەمەش زۆر به زەقی له چەند وتارێکدا رەنگ دەداتەوە.

(محەمەدی مەلا کەریم) له وتارێکدا زۆر پێ دادەگرێ له سەر ئەرکی نووسەر و شاعیران بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی سەردەمەکەیان هێنابوویه پێشەوەو داوای ئەوەیان لێدەکات زیاتر بارودۆخی ژیانی ئەو رۆژەی میللەتەکەیان لەبەرچاو بگرن و ئەرکی راستەقینەی خۆیان له رێبەرایەتی کردنی جەماوەری خەڵک و بەدەنگەوه هاتنی پێویستییەکانیان بگێڕن[80].

هەروەها نووسەرێک بەناوی (ئەحمەد حامد دڵنیا ) له رێگای باسکردنی قوتابخانەی (ئەدەب بۆ ئەدەب) و (ئەدەب بۆ ژیان) و پەسەند کردنی دووەمیان رۆڵی کاریگەری ئەدەب له ژیاندا دیار دەکات و پێ لەسەر ئەو پەیوەندییه پتەوه دادەگریت که ئەدەب به ژیان و مەسەله گرنگەکانی مرۆڤ دەبەستێتەوه دیاره ئەمەش لەوەوه سەرچاوەی گرتووه که ئێش و ئازار و گیروگرفتەکانی مرۆڤ بەسەرچاوەی دادەنێت[81].

ئەگەرچی وەک رای تایبەتی ئێمه لەگەڵ ئەو دابەشکردنه سەقەتەدا نین که ئەدەب بۆ ئەدەب و ئەدەب بۆ ژیان دابەش دەکات، چونکه دوا را لەسەر ئەوه گیرساوەتەوه که ئەدەبێکی رووت و موجەرەد نییه که تەنها شێوه هونەرییەکه لەبەرچاو بگرێت و بۆ

---

٧٩- هیوا له کۆڕی ئەدەبا، دەستەی نووسەران، گ: هیوا، ژ: ٩، ١٠، س: ٢، نیسان و مایس ١٩٥٩، ل٢٠

٨٠- بڕوانه: ئەدیب و هونەرمەندەکانمان و پێویستییەکانی ئەمڕۆی سەرشانیان، محەمەدی مەلا کەریم، گ: هیوا، ژ: ٩، ١٠، س: ٢، نیسان و مایس١٩٥٩، ل٤٠-٤٤.

٨١- بڕوانه: ئەدەب بۆ کێ ئەنووسرێ، ئەحمەد حامد دڵنیا، گ: هیوا، ژ: ١١، ١٢، س: ٢، حزیران و تەموز ١٩٥٩، ل٢٩-٣١.

مەبەستە هونەرییەکە بێت، چونکە تەنانەت ئەو جۆرە ئەدەبەی کە بەوەی لە قەڵەم دەدەن دژی ژیانە و بۆ خزمەتکردنی ژیان نییە، ئەمەشیان بە هەڵوێستێک دادەنێن کە لە ژیان نەپچڕاوە ئەگەرچی دژیشی بێت.

بەهەر حاڵ ئەوەی لەم وتارانەدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە نووسەرانی گۆڤاری (هیوا) وا پێدەچێ لە روانگەی یەک ئایدیۆلۆژیاوە بیروڕاکانیان سەبارەت بە مەسەلەی ئیلتیزام و بەستنەوەی ئەدەب بەژیان دیارکردووە و وەک ئەوە وایە ئەو بەرنامەیەیان جێبەجێ کردبێ کە گۆڤارەکە بۆ خۆی دانابوو و ئەوان لەسەری دەڕۆیشتن.

هەر لە پەنجاکاندا لە مەیدانی نووسین لەسەر شیعر و باسکردنی چەند مەسەلەیەکی شیعری چ لە رووی شێوەی هونەری وەیان لە رووی ناوەڕۆکەوە بێت، لە نووسینی ئەو پێشەکییانەدا دەبینرێت کە هەندێ جار شاعیران خۆیان و زۆرجاریش شاعیر و نووسەرانی تر دەیاننووسی.

گرنگی ئەو پێشەکییە رەخنەییانە لەوەدایە کە زۆر جار چەند بیروڕایەکی رەخنەیی گرنگ و بایەخدارمان لە بارەی چەمکی نوێکردنەوە و قۆناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری بەرچاو دەکەوێت. دەتوانین بڵێین دیارترین ئەو مەسەلە شیعرییانەش لە رووی شێوەی هونەری شیعرەوە بریتی بوون لە کێش و قافیەو زمانی شیعر، و لە رووی ناوەڕۆکیشەوە بریتی بوون لە دیارکردنی سەرچاوە و ئەرک و پەیامی شیعر و پەیوەندی بە ژیانی خەڵک و رۆڵی لە ژیانی کۆمەڵگادا.

دیارترین ئەو نووسەر و شاعیرانەی لەو ماوەیەدا پێشەکییەکانیان دەنووسی: (د.مارف خەزنەدار و کامەران موکری و دیلان و دڵزار و کامل ژیر و مستەفا ساڵح کەریم) و چەند کەسێکی تر بوون.

(د. مارف خەزنەدار) لە ریزی پێشەوەی ئەو نووسەرانە دێت کە لەو ماوەیەدا پێشەکی بۆ دیوانە شیعرییەکان دەنووسی و لە نووسینەکانیدا باسی چەند لایەنێکی گرنگی شیعری کردووە وە بەتایبەتیش ئەو مەسەلانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعر بوون.

(د. خەزنەدار) لە پێشەکی دیوانی (ڕازی تەنیایی)ی (هەردی)دا باسی قۆناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات و سەرەتای گۆڕانی شیعری کلاسیکی کوردی، کە بە(مەدرەسەی تەقلیدی) ناودەبات، لە گرنگیدان بەشێوەی هونەری بۆ گرنگیدان بەناوەڕۆکی شیعر دەداتە پاڵ (حاجی قادری



کۆیی) تا دەگاتە سەدەی بیستەم و لە سەرنجێکی ورددا سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەگۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر و هێشتنەوەی شێوە هونەرییە کۆنەکە دیاردەکات تا دەگاتە (گۆران) و سەرەتای دەست پێکردنی (شیعری تازە)ی دەداتە پاڵ[٨٢].

دەبێ لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە مەبەستی (خەزنەدار) لە شیعری تازە گۆڕانو نوێکردنەوەی شێوەی هونەری شیعر و ناوەڕۆکەکەیەتی، کە لە شیعرەکانی شێخ نوری - ئەگەرچی لێرەدا نووسەر ناوی ناهێنێت -و گۆران و چەند شاعیرێکی تری ئەو دەورەدا دەبینرێت، چونکە نابینین ناوی شیعری تازە لەو شیعرە بنێت کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لای کورد پەیدابوو و تەنها بەگۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر دەستی پێکرد. ئەم رایە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی بە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر دەستی پێکرد ئینجا لە قۆناغێکی تری نوێکردنەوەی شیعردا شێوە هونەرییەکەشی گرتەوە. وە لە بارەی زمانی شیعرەوە (د. خەزنەدار) لە پێشەکی دیوانی (حەمدی)دا لە چەند وردە سەرنجێکدا دوای ئەوەی باسی هۆی پەیدابوونی ئەو زمانە تێکەڵە دەکات کە لە شیعری کلاسیکیدا دەبینرێت و دەیبەستێتەوە بەو بارودۆخەی زمانەکەی تیادا پێکهات، هەڵوێستی خۆی لە بارەی بوونی وشەی بێگانە لە شیعری کوردیدا دیاردەکاتو ئەگەرچی لە کۆتایی قسەکانیشیدا ئەوە پەسەند دەکات کە زمانێکی کوردی پەتی بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەمە رێی ئەوەی لێناگرێ سوود وەرگرتن لە زمانانی تر و بوونی وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا و بەکارهێنانی لای شاعیرانی کورد بەشتێکی نا ئاسایی و ناپەسەند دابنێت[٨٣].

وە لە بارەی کێش و قافیەوە (د.خەزنەدار) لە پێشەکی دیوانی (سەلام) دا، دوای ئەوەی پێ لەسەر حەقیەتی گۆڕانی شیعر بەپێی گۆڕانی ژیان دادەگرێ، چەند رایەکی گرنگ لە بارەی کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا دەردەبڕێت و ئەوە دەردەخات کە گۆڕانی کێش و قافیە شێوەی داڕشتنی شیعرن وەیان هەروەک خۆی دەڵێ: (فنوونی شیعرن) و بەپێی ئەمە سێ جۆرە شیعر دیار دەکات کە یەکێکیان ئەو شیعرەیە کە پەیڕەوی یەکێتی کێش و قافیە دەکات، دیارە مەبەستی شیعری کلاسیکییە، وەجۆرێکی تریشیان ئەو

٨٢- رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٥٧، پێشەکییەکەی بە پێنووسی. مارف خەزنەدار، ل٤-٦.

٨٣- دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ (صاحبقران)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٥٧، پێشەکییەکەی بە پێنووسی. مارف خەزنەدار، ل١٤-١٥.

شیعرەیە کە وەزن و قافیەیەکی گۆڕاو و هەمەچەشنیان هەیە و بە شیعری تازەی ناودەبات و جۆری سێیەمیشیان بەو شیعرانە دادەنێت کە کێش و قافیەیان نییە و واپێدەچێ مۆسیقای شیعر بەبەدیلی ئەوان دادەنێت[٨٤]. ئەمەش قۆناغەکانی گۆڕانی کێش و قافیەی شیعری کوردی دیاردەکات و لایەنێکی گرنگی هەنگاوەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەردەخات. وە دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو رایەی (د.خەزنەدار) بکەین کە لە بارەی ئامانجەکانی (اغراض) شیعر ئەوە دەردەخات کە لەبەر ئەوەی ژیان هەوێنی شیعرە بۆیە ئامانجەکانی شیعریش بەپێی فراوانی و جۆربەجۆری لایەنەکانی ژیان جۆربەجۆر و فراوان دەبن[٨٥]. دیارە ئەمەش تێبینییەکی وردە لە بارەی سەرچاوەی شیعر و پەیوەندی بەژیانەوە.

(کامەران موکری) لە پێشەکی دیوانی (دیاری)دا بیروڕای تایبەتی خۆی لە بارەی چەند مەسەلەیەکی گرنگی شیعر دەردەبڕێت، وەک باسکردنی مەسەلەی نوێکردنەوە و هەڵوێستی بەرامبەر بە شیعری کۆن و نوێ. ئەوەی لەم رووەوە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە (کامەران) پێ لەسەر حەتمیەتی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەب دادەگرێت و ئەوە دەردەخات کە هەر قۆناغ و سەردەمێک پێویستی بەئەدەبێکی نوێ دەبێت، بێ ئەوەی ئەمە مانای رەتکردنەوەیەکی موتڵەقی کۆنەکە بێت، بەڵکو لەڕووی بۆچوونێکی هێمن و مەوزووعییەوە تەماشای ئەدەبی کۆن دەکات و بەبناغەی بنیاتنانی ئەدەبە نوێیەکەی دادەنێت و داوای ئەوە دەکات ئەو ئەدەبە کۆنە نرخی تایبەتی خۆی بدرێتێ و وەک سامانێکی نەتەوایەتی بەنرخ بپارێزرێت و سوود لەلایەنە چاک و بەپێزەکانی وەربگیرێت[٨٦]. ئینجا لە روانگەی ئەو تێگەیشتنەی کە سەرچاوەی هەموو نووسینێکی ئەدەبی جۆرە ئایدیۆلۆجیاییێکە و سروشتی ئەو ئایدیۆلۆجیایە وەردەگرێت کە سەرچاوەی بیروباوەڕی نووسەر یان شاعیر پێکدەهێنێت و ئەوە دەردەخات کە ئەدەب دەبێت لەخزمەتکردنی خەڵکدا بێت[٨٧]، بۆمان دەردەکەوێت کە مەسەلەی ئیلتیزام بەمانای

٨٤- دیوانی سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا، ١٩٥٨، پێشەکییەکەی بە پێنووسی. مارف خەزنەدار، ل٢٣و٢٥ .

٨٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧و٢٨.

٨٦- دیاری، کامەران، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٧، پێشەکییەکەی بە پێنووسی. کامەران، ل٧و٨و٩و١١و١٢.

٨٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥و٦و٩و١٢و١٣.



خۆبەستنەوە بەبەرەی گەل و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو هاتووە. هەروەها لە رایەکی گرنگدا لە بارەی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعر زۆر بەتوندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ بایەخ بە هەردووکیان بدرێت و وەک دانەیەکی یەکگرتوو کە لەسەر بناغەی ئەم دوو بنچینەیە پێکهاتووە، تەماشای ئەدەب بکرێت و یەکێکیان بەقوربانی ئەوی تریان نەکرێت[٨٨].

دیارترین بیروڕاکانیشی لە بارەی ئەو مەسەلانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعرن ئەوەیە: لە رووی زمانەوە خۆدوورخستنەوە لە زمانە تێکەڵەکەی شیعری کۆن و بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پەتی لای شاعیرانی نوێ پەسەند دەکات[٨٩]. هەرچی کێش و قافیەیە، ئەوا لەم بارەیەوە ئەوە دەردەخات کە شیعری کلاسیکی کوردی هەروەک خۆی دەڵێ: «... هەندێکی لە رووی (اسلوبەوە) پەیڕەوی هۆنراوەی (فارسی) ئەکات ... کە ئەوە شتێکی باش و پێویست نییە چونکە پاراستنی شێوەی نەتەوایەتی زۆر زۆر پێویستە...»[٩٠]. ئینجا وەک روونکردنەوەیەک لە بارەی ئەو شێوە نەتەوایەتییەی باسی لێوە دەکات دەڵێ: «... ئەو شێوەیەی کە زۆر خۆی بە(قافیە)وە نابەستێت»[٩١]. پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین کە مەبەستی (کامەران) نەمان و فەرامۆشکردنی قافیە نییە، بەڵکو - هەروەک لە نموونەکاندا دەبینین - خۆ دوورخستنەوەیە لە خۆبەستنەوە بەیەکێتی قافیە و پەیڕەوکردنی جووت قافیە. کە باسی کێشی پەنجەش دەکات بە پەسەندترین جۆری کێشی دادەنێت کە لە شیعردا پەیڕەو دەکرێت[٩٢].

ئەم بیروڕایانەی (کامەران) مشتومڕێکی زۆری لەسەر دروست بوو و لەلایەن چەند نووسەرێکەوە لە رووی باری سەرنجی جیاوازەوە خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. (مارف بەرزنجی) لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (شەفەق)دا رەخنە لە زۆربەی بیروڕاکانی (کامەران) دەگرێت و رەتیان دەکاتەوە لەم رێگایەوە لە بیروڕا و بۆچوونە تایبەتییەکانی دەگەین سەبارەت بەو مەسەلانەی باسی کردبوون چ لە رووی شێوەی هونەری یان ناوەڕۆکەوە بێت. دیارە یەکێک لە دیارترین ئەو مەسەلانەی سەرنجی نووسەریان راکێشاوە و زۆر بە توندی

٨٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

٨٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

٩٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

٩١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٩٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

رای پێش خۆی لە بارەیەوە ڕەت کردۆتەوە ئەو رایەیە کە پەیوەندی بەکێشی شیعرەوە هەیەو لە وەڵامیدا دەڵێ: «لەلایەن هەڵبەست و هۆنراوەی کۆنمانەوە ئەڵێی: پەیڕەوی (اسلوب)ی فارسی ئەکا. لێرەدا باش بۆی نەچووی چونکە عەرەب و فارس و کورد و تورک هەموویان لەسەر یەک اسلوب هەڵبەستیان وتووە کە (عروضە) ئەگەر بتووتایە، ئەدەبی فارسی کاری لێ کردووە. ئەمە راستە چونکە خوێندنی نووسەر و هونەری کۆنمان فارسی و عەرەبی بووە لەبەر ئەمە ئەدەبی ئەم دوو زمانە کاریان زۆر کردۆتە سەر ئەدەبی کۆنمان بەڕادەیەک تام و رەنگی کوردی تیا نەهێشتووە...»[٩٣] تا لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو رایەی کە «ئەمڕۆ کورد (اسلوب)ی تایبەتی نییە بۆ هۆنراوە و هەڵبەست ...»[٩٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە شیعری کوردی کێشی رەسەنی نەتەوەیی خۆی هەبێ و ئەوەی کە هەشە سەرچاوەکەی بەوە دادەنێت کە لە بێگانەوە وەرگیراوە جا چ بۆ کۆنەکە کە بەکێشی عەرووزی عەرەبی دیارکردووە وەیان بۆ تازەکە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ رۆژئاوا[٩٥]. ئەم رایەی (مارف بەرزنجی) هەر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (شەفەق)دا لەلایەن (د.مارف خەزنەدار)ەوە وەڵام درایەوە و بەپێچەوانەوە بەرامبەر بەو رایەی کە نکۆڵی لەوە دەکات کورد (اسلوب)ی تایبەتی خۆی هەبێ، لە وەڵامدا وەک رەتکردنەوەیەک بۆ ئەم رایە دەڵێ: «نەتەوەی کورد اسلوبی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هەڵبەست».[٩٦] بۆ سەلماندنی ئەم رایەش لە رووی کێش و قافیەوە شیعری کوردی دابەش دەکاتە سەر ئەم چوار بەشە: «١- وەزنی گۆرانی (هەشت هیجایی و دە هیجایی). ٢- وەزنی بەیت (حەیران و لاوک). ٣- وەزنی عەرووزی (ئەمەیان لە عەرەب وەرگیراوە). ٤- وەزنی شیعری تازە (ئەمەیان لە رۆژئاواییەوە وەرگیراوە)».[٩٧] ئینجا دوای ئەم دابەشکردنە ئەوە دەردەخات کە "وەزنی یەکەم و دووەم واتە (گۆرانی) و (بەیت) شێوەیێکی بنچینەیی راستەقینەی ئەدەبی کوردییە، با وەزنی سێیەم و چوارەم هی بێگانە بێ»[٩٨]. دیارە

٩٣- کامەران و دیارییەکەی، مەعروف بەرزنجی، گ: شەفەق، ژ: ١، س: ١، کانوونی دووەمی ١٩٥٨، ل٨.

٩٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

٩٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨و١٥.

٩٦- کوردو اسلوبی شیعر، معروف خزنەدار، گ: شەفەق، ژ: ٢، س: ١، شوباتی١٩٥٨، ل٦٠

٩٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠

٩٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠



ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد کێشی رەسەنی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو رایەی (مارف بەرزنجی) ڕەت دەکاتەوە کە نکۆڵی لەمە دەکات.

(دلزار)یش وەک پشتگیرییەک لە رایەکەی (مارف بەرزنجی)وەڵامی ئەو رایەی (مارف خەزنەدار) دەداتەوە کە (وەزنی گۆرانی - هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی) بە کێشی رەسەنی کوردی دادەنێت و لە هەوڵێکی نەزۆکدا ویستوویەتی ئەوە بسەلمێنێت کە بناغەی کێشی هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە سەر کێشی عەرووزی عەرەبی و کێشی رەسەنی کوردی نین.[٩٩] لە کاتێکدا زۆربەی زۆری ئەو بیروڕایانەی باسی ئەم دوو کێشەیان کردووە - هەروەک لە دواییدا باسی دەکەین - بە پێچەوانەی ئەو رایەی(دلزار) ئەوەیان دەرخستووە کە کێشی رەسەنی کوردین و نموونەیان لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی و کتێبی (ئاڤێستا)دا هەیە.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەو نووسینەی (ناکام)یش رابکێشین، کە لایەنێکی تری رەخنەکەی (مارف بەرزنجی) ڕەت دەکاتەوە بەرامبەر بە بیروڕاکانی (کامەران) و دەتوانین بڵێین یەکێک لەو سەرنجە وردانەی ئەوەبوو کە نووسینی پێشەکییە و شیعرەکان دوو شتی جیاوازن بۆیە دەڵێ: «... پێشەکییەکە خۆی باسێکی تایبەتییە و مافی بەسەر چاک و خراپی هەڵبەستەکانەوە نییە، واتە ئەگەر هاتوو ئەو پێشەکییە پەسەند نەکرا پایەی هەڵبەستەکان لەگەڵیا هەرەس ناهێنێ».[١٠٠] ئەم بەرگرییەی نووسەر لە (کامەران) وەک ئەوە وایە پێمان بڵێ کە رەخنەگرتن لەو بیروڕایانەی شاعیر لە پێشەکی دیوانە شیعرییەکەیدا دەری بڕیون لە نرخ و پلە و پایەی شیعرەکانی دانابەزێنن و (بەرزنجی)ش دەبوایە وەک دوو شتی جیاواز بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەمە بکردبایە و لەسەر ئەم بناغەیە رەخنەکەی بنیات نابا.

(کامل ژیر) لە پێشەکی دیوانی (نازەنین)دا کێش و قافیە و مەبەستی شیعر و پەیوەندی بە جەماوەر دەکاتە بناغەی جیاکردنەوەی شیعری کۆن لە شیعری نوێ، لە بارەی کێش و قافیەی شیعری کۆن ئەوە دەردەخات کە هەر لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی پەیڕەوی یەک کێش و یەک قافیەی دەکرد، کەچی شیعری نوێ ملکەچی خۆبەستنەوە بە یەکێتی کێش و قافیە نەبوو، بەڵکو رووی کردۆتە بەکارهێنانی کێش و قافیەی هەمەجۆرو جیاواز، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەوەش دەردەخات کە شاعیری نوێ جاری وا هەیە واز لە

٩٩- کورد و اسلوبی شیعر، دلزار، گ: پێشکەوتن، ژ: ٨، س: ١، نیسان، ١٩٥٨، ل٧-٩٠

١٠٠- ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوە ناشێ، ناکام، چاپخانەی(لیواء)، بەغدا، ١٩٥٨، ل٢٣٠

یەکێکیشیان دەهێنێت. ئینجا ئەوە دەردەخات کە شاعیری نوێ مەبەستی لەو گۆڕانانەی بەسەر کێش و قافیەی شیعریدا هێنا ئەوەبوو بواری دەربڕینی ناوەڕۆکەکەی فراوانتر بێت و شاعیر ناچار نەبێت بە هۆی خۆبەستنەوەی بە یەکێتی کێش و قافیە قوربانی بە لایەنێکی دەربڕینی ناوەڕۆکەکەی بدات[۱۰۱]. ئینجا جیاوازییەکی تری نێوان شیعری کۆن و تازە لەو مەبەستەدا دەبینێت کە شاعیر لەبەر چاوی دەگرێت و ئەوە دەردەخات کە شاعیری کۆن بایەخی بەوە نەدەدا خەڵک لە شیعرەکانی بگەن، بەڵکو زیاتر لایەنە هونەرییەکەی لەبەرچاو بوو و بەلایەوە گرنگ نەبوو خەڵک لێی تێبگەن یان لێی تێنەگەن، چونکە هەر تەنها دەستەیەکی هەڵبژاردەی لەبەر چاو دەگرت، ئەویش ئەو دەستە ڕۆشنبیر و شیعر دۆستانە بوون کە شیعرەکانیان ئاراستە دەکرا، کەچی شاعیری نوێ بە پێچەوانەوە بەلایەوە مەبەستە شیعرەکانی بگەیەنێتە زۆربەی زۆری جەماوەر[۱۰۲].

(مستەفا ساڵح کەریم) لە پێشەکی دیوانی (ئازار و ئاوات)ی (هەوری)دا لە بارەی سەرچاوەی شیعرەوە بۆ ئەوە دەچێت کە ژیانی تایبەتی شاعیر زۆر جار دەبێتە هەوێنی شیعر و ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژگارە دەبێت کە شاعیر تیایدا دەژی، ئەمەش ئەو پەیوەندییە پتەوە دیار دەکات کە شیعر بە مەسەلەکانی ژیانی مرۆڤ دەبەستێتەوە. ئینجا جیاوازی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کۆن و نوێ پێکدەهێنن بەوە دیار دەکات کە شیعری نوێ پێویستی خەڵک و بەرژەوەندی گشتی پێش حەزە خودی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەخات و (نیشتیمان) لای (هەوری) بە نموونەی ئەو جیاوازییە گەورەیە دادەنێت کە لە شیعری نوێدا شوێنی ئەو یارە دەگرێتەوە کە شاعیری کلاسیکی شەو و ڕۆژ پێی دەتلایەوە[۱۰۳]. دیارە ئەمەش ئەرکی شیعری نوێ لە ڕەنگدانەوەی ژیانی سەردەم دیار دەکات و ئاماژە بۆ ئەو ڕۆڵە کاریگەرە دەکات کە شیعر لە ژیانی مرۆڤدا دەیگێڕێت.

تەئکیدکردن لەسەر ئەرکی شیعر و ئەو پەیوەندییەی شیعر بە کۆمەڵ دەبەستێتەوە لەو پێشەکییەدا دەبینرێت کە (دیلان) بۆ دیوانی (گوڵزاری کوردستان)ی (عوسمان عوزێری) نووسیوە و تیایدا باسی ئەوەی کردووە کە شاعیر پێویستە شۆڕ ببێتەوە ناخی کۆمەڵەکەی و کەموکوڕی و گیروگرفتەکانی دیار بکات و لە دواییشدا چارەسەریان بکات و ڕێگای

۱۰۱- نازەنین، کامل ژیر، چاپخانەی النور-بەغدا، ۱۹۵۷، ل ج-و.

۱۰۲- سەرچاوەی پێشوو، ل و-ز.

۱۰۳- ئازارو ئاوات، ا.ب هەوری، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ۱۹۵٦، پێشەکییەکەی بە پێنووسی مستەفا ساڵح کەریم، ل۸-۱۲.



ڕاستیان پیشان بدات، واتە ئەرکی ڕاستەقینەی شیعر لە ڕێبەرایەتی کردنی خەڵکدا دەبینێت ئینجا ئەوە دەردەخات کە شاعیر دوای ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر بە میللەتەکەی بەجێ دەهێنێت دەتوانێت ڕوو بکاتە میللەتانی تر و بە هەمان هەست بە لێپرسینەوە کردن هەڵوێست وەرگرێت و هاوهەستییان لەگەڵدا بکات و باوەش بکاتەوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی.[۱۰٤] هەروەها (نەجمەدین مەلا) لە پێشەکی دیوانی (یادی بادینان)ی (هاوار)دا، دوای ئەو پێناسە تەقلیدییە کۆنەی شیعر کە بە وتەیەکی بە مانای کێشداری قافیەداری دادەنێت، دێتە سەر دیارکردنی ئەرکی شیعر و شیعر بەو چرایە دەشوبهێنێت کە لە شەوی تاریکدا ڕێگا لە بەردەم میللەت ڕووناک دەکاتەوە[۱۰۵]. واتە ئەرکی شیعر بە دیارکردنی کەم و کوڕییەکانی ژیانی کۆمەڵ و چارەسەرکردنی ئەو کەم و کوڕییانە دیار دەکات و ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنی خەڵک دەخاتە ئەستۆی شاعیر.

هەروەها لایەنێکی تری ئەو پەیوەندییە پتەوەی شیعر بە ژیانی مرۆڤ دەبەستێتەوە لەو ڕایەی (دڵزار)دا دەردەکەوێت کە لە پێشەکی دیوانی( ئاوازی ژیان)ی (عوسمان خۆشناو)دا دەری دەبڕێت و ئەوە دەردەخات کە شیعر وێنەیەکە لە وێنەکانی ئایدیۆلۆجیاو ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی شاعیر و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و بیرو باوەڕیەتی[۱۰٦]. دیارە ئەمەش جۆری ئەو ئیلتیزامە دیار دەکات کە خۆی بە گەیاندنی ئەو پەیامە دەبەستێتەوە کە لای هەر شاعیرێک لەسەر بناغەی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیای تایبەتی خۆیەوە دروست دەبێت.

کەواتە لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەی لە پێشەکی ئەو دیوانە شیعرییانەدا هاتوون و چەند لایەنێکی گرنگی ئەو مەسەلە شیعرییانەیان باس کردووە کە بە پێی تێپەڕبوونی کات بوونەتە سامانێکی ڕەخنەیی گرنگ، کەلێنێکی تری ڕەخنەی ئەدەبی کوردییان پڕ کردۆتەوە.

لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی شیعری کوردی لە پەنجاکاندا جگە لەو چالاکییەی لەسەر

۱۰٤- گوڵزاری کوردستان، عثمان عوزێری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ۱۹۵۸، پێشەکییەکەی بە پێنووسی محەممەد ساڵح دیلان، ل٦.

۱۰۵- یادی بادینان، بەشی یەکەم لە دیوانی م.ڕەسوول (هاوار)، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ۱۹۵۹، پێشەکییەکەی بە پێنووسی، نجم الدین ملا، ل۸.

۱۰٦- بڕوانە: ئاوازی ژیان، کۆمەڵەی دووەم لە هۆنراوەی چاپکراوی ع: خۆشناو، چاپخانەی (الشمال)، کرکوک، ۱۹۵۹، پێشەکییەکەی بە پێنووسی. دلزار، ل٤٠.

لاپەڕەکانی گۆڤار و رۆژنامەکان و پێشەکی دیوانە شیعرییەکاندا بەخۆیەوە بینی، هەروەها ئەو چالاکییە مەیدانی بڵاوکردنەوەی کتێبیشی گرتەوە.

(مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەدین سەجادی) ئەگەرچی ئاشکرایە مەبەستی سەرەکی نووسەر ئەوە بووە سەرەتایەک بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دابنێتو بەردێک بخاتە ئەو کەلێنە گەورەیەی مەیدانی مێژووی ئەدەبی کوردی گرتبۆوە، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا لە رێگای باسکردن و لێکۆڵینەوەی لە شیعری ئەو شاعیرانەی کتێبەکە گرتبووینە دوو توێی خۆی، چەند بیروڕایەکی گرنگی لە بارەی چەند مەسەلەیەکی شیعری کوردی دەربڕیوە و شوێنی تایبەتی خۆیان لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە. دەتوانین بڵێین دیارترینیان چەند مەسەلەیەک بوو، وەک: مەسەلەی کۆن و نوێی شیعر و مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆک و مەسەلەی کێش و قافیە و زمانی شیعر و چەند بابەتێکی تری تایبەت بە ناوەڕۆکی شیعر.

لە سەرجەم بیروڕاکانی (سەجادی)دا هەست بەوە دەکەین بە چاوێکی بەرزەوە تەماشای شیعری کلاسیکی کوردی دەکات و بە سامانێکی نەتەوایەتی گرنکی دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی بۆچوونێکی مەوزووعییەوە تەماشای شیعری کۆن و نوێ دەکاتو باسی گۆڕانی شیعر دەکات و ئەوە دەردەخات کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێ بە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی ببەسترێتەوە و لەو روانگەوە تەماشای بکرێت کە لەدایکبوونی ژیانی سەردەمی خۆیەتی و هەر سەردەمێک چێژ و زەوقێکی هەیە جیایە لەگەڵ چێژ و زەوقی سەردەمێکی تر، بۆیە شتێکی ئاساییە جۆری حوکمدان و هەڵوێست وەرگرتنیش بەرامبەر بە شیعر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێت، ئەم بۆچوونە وردەی (سەجادی) بە شێوەیەکی پراکتیکی کاتێک دەردەکەوێت کە باسی شیعرێکی (ناری) دەکات و بە پێی بەستنەوەی شیعرەکە بە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی جۆری هەڵسەنگاندنە رەخنەییەکەی دیار دەکات[١٠٧].

لە بارەی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعرەوە، پارسەنگی بایەخدان زیاتر دەخاتە سەر ناوەڕۆک و زۆر بە توندی پێ لەسەر گرنگی ماناو مەبەستی شیعردا دەگرێ و ئەوە رەت دەکاتەوە لە پێناو شێوەی هونەری شیعر قوربانی بە ناوەڕۆک بدرێت[١٠٨]. هەرچی زمانی شیعرە ئەوا بە ئاشکرا لە باسکردنی شیعرەکانی (خانی) و (پیرەمێرد) و (ئەحمەد

١٠٧- بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی ١٩٥٢، ل٤٦١-٤٦٢.

١٠٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢ و ١٢٣ و ٢٠٠ و ٢٠١ و ٤٤٩.



موختار جاف)دا دەردەکەوێت کە لە پوختەی بیروڕاکانیدا بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی پەسەند دەکات و بە لایەنێکی گرنگی کاری داهێنەرانەی شاعیر دادەنێت[١٠٩].

هەروەها لە بارەی شێوەی دەربڕینی شیعرەوە هەروەک لە باسکردنی شیعرەکانی (مەحوی) و (سالم)دا دەردەکەوێت، (سەجادی) داوای ئەوە دەکات شیعر شێوەیەکی رەوانی هەبێت و خوێنەر بە ئاسانی لێی تێبگات[١١٠]. ئینجا لە باسکردنی شیعری چەند شاعیرێکی وەک (حاجی قادری کۆیی) و(بێکەس) و (ئەحمەد موختار جاف)دا بیروڕای خۆی لە بارەی کارتێکردنی بارودۆخی ژیانی سەردەم لەسەر شاعیر و رەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا و گۆڕانی ئەرکی شیعر بە پێی گۆڕانی پێویستییەکانی هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی ئەو میللەتە دیار دەکات[١١١]. ئەمەش ئەو پەیوەندییە پتەوە دیار دەکات کە شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە و جۆری تێگەیشتنی ئەومان لە بارەی گۆڕانی شیعرەوە بۆ دیار دەکات.

دوای ئەم کتێبەی (سەجادی)، (ڕەوشەن بەدرخان) بە زمانی عەرەبی کتێبێکی دەرکرد بە ناوی (صفحات من الادب الكردي). نووسەر هەر لەسەرەتاوە مەبەستی خۆی لە دانانی ئەم کتێبە دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە مەبەستی سەرەکی ناساندنی برا عەرەبەکانە بە نموونەی بەرزی ئەدەبیاتی کوردی[١١٢]. ئەوەی لە بارەی ئەم کتێبەوە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە ئەم کتێبە گوڵبژێرێکە لە شیعری چەند شاعیرێکی کلاسیکی و نوێی کورد و بە کورتەیەک لە ژیانی ئەو شاعیرانە دەست پێدەکات و بە بڵاوکردنەوەی نموونەیەک یان چەند نموونەیەکی شیعری کۆتایی دێت. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشێکیان تەنها ئامادە کردن و وەرگێڕانە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (سەجادی)[١١٣]. ئەو شاعیرە نوێیانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە بریتین لە فایق بێکەس و پیرەمێرد و گۆران و هەژار و عوسمان سەبری و قەدری جان و جگەر خوێن و چەند شاعیرێکی تر. ئەگەرچی هەروەک گوتمان نووسینەکە لە باسکردنێکی کورتی ژیانی ئەو شاعیرانە و بڵاوکردنەوەی نموونەی شیعریان تێپەڕی نەکردووە. بەڵام لە لایەکی ترەوە

١٠٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢ و ٢١٣ و ٢٣٧ و ٤٢٣ و ٤٢٤ و ٥١٠ و ٥١١.

١١٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ل٣٣٥ و ٣٧٢ و ٣٧٣.

١١١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢ و ٣٢٣ و ٥٠٧ و ٥٠٨ و ٥١٩... هتد.

١١٢- صفحات من الادب الكردي، روشن بدرخان، مطبعة سميا- بيروت، ١٩٥٤، ص٥ و ٦.

١١٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٦.

دەبینین گرنگییەکی تایبەتی پەیدا دەکات کاتێک تێبینی ئەوە دەکەین نووسەر تەنها خۆی بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە نەبەستۆتەوە و دیارترین شاعیرانی کوردی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گەورەی هەڵبژاردووە کە ئەمەش بە ئاوڕدانەوەیەکی زیرەکانە و مەبەستدار بۆ نووسەر لە قەڵەم دەدرێ. هەر لە بارەی ناساندنی شیعر و ئەدەبی کوردی، و بە تایبەتیش شیعری نوێی کوردی، بە عەرەب لەو ماوەیەدا چاومان بە چەند هەوڵێکی تر دەکەوێت لە بواری باسکردن و وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

یەکێک لەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دەبینرێت و باسەکەی شێوەیەکی فراوانتری وەرگرتووە ئەو کتێبەی (عەبدولسەلام حیلمی و عەبدولمەجید لوتفی)یە کە لەژێر ناوی (نظرات في الادب الكردي)دا بڵاویان کردۆتەوە و تیایدا دوای ئەوەی هۆی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسی و عەرەبییان لەسەر شیعری کوردی دیار کردووە، شیعری کوردییان بە ئاو و هەواو ژینگەی سروشتی ناوچەکە بەستۆتەوە. ئینجا لەبەر رۆشنایی باسکردنی مەبەستەکانی شیعری عەرەبی باسی مەبەستەکانی شیعری کوردییان کردووە و بە گوێرەی چەند مەبەستێک ناوی چەند شاعیرێکیان هێناوە[١١٤].

هەروەها (د.مارف خەزنەدار) لە رووی هەمان مەبەستی ناساندنی چەند شاعیرێکی کورد بە عەرەب ژیان و بەسەرهاتی چەند شاعیرێک و نموونەی شیعریانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە کتێبێکدا لەژێر ناوی (اغاني كردستان)دا بڵاوی کردۆتەوە[١١٥].

ئەگەر ئەم هەوڵانە هەموویان لەوەدا یەکیان گرتبێتەوە کە هەڵبژاردنی شیعری چەند شاعیرێکە ئەوا (حسێن عارف) لە کتێبێکدا لەژێر ناوی (فتاة نغدة) چەند نموونەیەک لە شیعری یەک شاعیر ئەویش (کامەران موکری)یە هەڵدەبژێرێت و وەری دەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی[١١٦].

بەڵام چاکترین و فراوانترین لێکۆڵینەوە کە لە پەنجاکاندا لە بارەی شیعری نوێی کوردییەوە کرابێ، بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی (رەفیق حیلمی)یە.

ئەگەرچی لەم کتێبەی (رەفیق حیلمی)دا نابینین مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر وەک

١١٤- بڕوانە: نظرات في الادب الكردي، عبدالسلام حلمي و عبدالمجيد لطفي، مطبعة الصباح- بغداد، ١٩٥٥.

١١٥- بڕوانە: اغاني كردستان، معروف خزنەدار، بغداد، ١٩٥٥.

١١٦- فتاة نغدة- قصائد لكامران، ترجمة حسين عارف، مطبعة -كامران، سليمانية، ١٩٥٩.



بابەتی سەربەخۆ باس کرابن و لە گۆڕان و پەرەسەندنیان کۆڵرابێتەوە، بەڵکو (رەفیق حیلمی) کە بە پێی پیتە ئەبجەدییەکان شاعیرەکانی ریزکردووە و هەر جارێ باسی شاعیرێکی کردووە و لە شیعرەکانی کۆڵیوەتەوە، لەم رێگایەوە هەر جارێ چەند سەرنجێکی رەخنەیی وردی لە بارەی لایەنێک وە یان چەند لایەنێکی ئەو مەسەلە شیعرییانەی دەربڕیوە و بەرە بەرە لە درێژایی باسەکەیدا جۆری بۆچوون و تێڕوانینی لە بارەی هەر مەسەلەیەک لەو مەسەلانە دەرکەوتووە.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی (رەفیق حیلمی) بایەخێکی زۆر و سەرنج راکێشەری پێداوە، دیارکردنی چەمکی نوێکردنەوە و پێداگرتن لەسەر حەتمیەتی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعرە. ئەوەی لە سەرجەم بیروڕاکانیدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە زۆر پێی لەسەر پێویستی گۆڕانی شیعر داگرتووە و بەیەکێک لە پێویستییەکانی ژیانی سەردەمە نوێیەکەی داناوە و ئەگەرچی زۆر بە توندیش پشتگیری ئەو شیعرە نوێیەی کردووە کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی رۆژگارە نوێیەکەدا گونجاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی تێگەیشتنێکی مەوزووعییەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعری کۆن دیار کردووە و بە سامانێکی گرنگ و بایەخداری ئەدەبیاتی داناوە. ئەم هەڵوێستەشی بریتییە لە پشتگیری کردنی شیعری نوێ و لە هەمان کاتدا رەتکردنەوەیەکی موتڵەقی شیعری کۆن بێ ئەوەی تووشی ناکۆکی بکات لەسەر بناغەی بەستنەوەی شیعر بە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆیەوە هاتووە.[١١٧]

لە بارەی زمانی شیعرەوە یەکێک لەو لایەنانەی زۆر بە زەقی لە بیروڕاکانیدا رەنگ دەداتەوە مەسەلەی پێداگرتنیەتی لەسەر بە کوردی پەتی نووسین و سادەو رەوانی دەربڕینە[١١٨]. هەروەها لە بارەی کێش و قافیەوە، ئەگەرچی لە چەند شوێنێکی کەمی کتێبەکەیدا بە پەلە و بە کورتی باسی کردوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە باسی گۆڕانی کێش و قافیە دەکات و بە گوێرەی چێژ و زەوقی سەردەمەکەی، بەکارهێنانە نوێیەکە بە شتێکی پەسەندتر دادەنێت[١١٩].

١١٧- بڕوانە: شیعرو ادبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، بەرگی دووەم چاپی یەکەم، چاپخانەی(الشباب)، بەغدا، ١٩٥٦، ل٣٠-٣٣ و ١٢٣ و ١٢٩ و ١٣٣ - ١٣٤ و ١٤١ - ١٤٢ و ١٥٣ - ١٥٤.

١١٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠ و ١٦٩ - ١٧٢ و ٢٠٠ - ٢٠٢.

١١٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢ و ١٦٣ - ١٦٤ و ١٦٨ - ١٦٩ و ١٧٤ - ١٧٦.

له بارەی تێگەیشتنی (ڕەفیق حیلمی)یەوە سەبارت بە ئەدەبی ڕیالیزم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەدەبی ڕیالیزم -بەپێی بیروڕای ئەو-ئەو ئەدەبەیە کە سەرچاوەکەی لە ژیانەوە هەڵدەهێنجرێ و باسی لایەنە جۆر بە جۆرەکانی دەکات[١٢٠]. وە لە ڕوانگەی جۆری ئەم بۆچوونەوە هەڵوێستی خۆی دیار دەکات لە بارەی جۆری تێگەیشتنی لە مەسەلەی ئیلتیزام و[١٢١] جۆری دەربڕینی ناوەڕۆک و داگرتنی بۆ ئاستی تێگەیشتنی جەماوەر[١٢٢].

ئەگەر ئەمانە بە گشتی ئەو مەسەلە سەرەکییانە بن کە(ڕەفیق حیلمی) لە ڕێگای باسکردنی شیعری شاعیرەکانەوە -نەک وەک بابەتی سەربەخۆ-بە لایاندا چووبێ و چەند بیرو ڕایەکی ڕەخنەیی وردی لە بارەیانەوە دەربڕیبێ، ئەوا دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێت کە ئەو بیرو ڕایانەی ئێمە دەستنیشانمان کردوون لە چەند شوێنێکی تری کتێبەکەدا لە باسکردنی شیعری چەند شاعیرێکی تریشدا بێ ئەوەی شتێک بۆ سەر مەسەلەکان زیاد بکات لە چەند دەربڕینێکی کورت و خێرادا سەرنجی گشتییان لە بارەیەوە دەربڕاوە و دووبارە کراونەتەوە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی لە سەریان بوەستین و ئێمەش دووبارەیان بکەینەوە. لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ مەسەلەیەکی گرنگ ڕابکێشین ئەویش بیروڕای (ڕەفیق حیلمی)یە لە بارەی سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی و ڕۆڵی (شێخ نوری) و (گۆران) لەو نوێکردنەوەیەدا.

لەم ڕووەوە(ڕەفیق حیلمی) لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا لە بارەی (شێخ نوری)یەوە دەڵێ: «... سەردەمێک (شێخ نوری) سەرکردەی شاعیرە لاوەکانی کوردی (سولەیمانی)بوو، و زۆربیان تەنانەت (گۆران)یش هەوڵی لاسایی کردنەوەی (شێخ نوری)یان ئەدا»[١٢٣]تا دەگاتە ئەوەی بڵێ: «بە کورتییەکەی چە لە ئسلووبا وەچە لە وەزن و قافیە و ئاهەنگا تەرزێکی تازەی بۆ شیعر داناوە، وەتا ماوەیێک لە شیعری کوردیا ئینقیلابی گێڕاوە...[١٢٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (شێخ نوری) بەهۆی ئەو گۆڕانانەی بەسەر شیعری کوردی داهێنا و توانی شێوەیەکی هونەری و ناوەڕۆکێکی نوێ بداتە

١٢٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩١ و ١٥٩ - ١٦١ و ١٧٢ - ٣٧٣.

١٢١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

١٢٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧ و ٤٨.

١٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

١٢٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢و٢٠٣.



شیعری کوردی و کار بکاتە سەر شاعیرانی دەوری خۆی، بە هۆی ئەمەوە بە پێشەنگ و سەر ئامەدی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دابنرێت. بەڵام دەبینین (ڕەفیق حیلمی) دوای دوو ساڵ وەک پاشگەزبوونەوەیەک لەم ڕایە لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (ئینقیلاب لە شیعری کوردی)دا دەڵێ: «(نوری)، لەگەڵ ئەوەشا کە ئەڵقەی بەیەکەوەنووسانی دەورەکانی کلاسیکی و وریابوونەوەیە... لە ڕاستی یا، خۆی دەورێکی تایبەتی ئەنوێنێ. دەستە قوتابییەکی ئەوتۆی شوێن نەکەوت و یا پێی نەگەیاند کە دەورێکی وا بنوێنن بشێت بخرێتە مێژووی ئەدەبی کوردەوە (نوری) و (دەوری نوری) یەکێک واتە هەر خۆی بوو... ئەمەش وا ئەگەیەنێت کە (تەرانە)کانی (نوری)کە شوێن (تۆفیق فیکرەت)ی بوێژی ناوداری تورک کەوتبوو و لاسایی ئەوی ئەکردەوە لەگەڵ چەشتنی کوردا ڕێ نەئەکەوت و لەبەر ئەمە موریدانی نەبوو. واتە نوری ئینقیلابێکی پێ نەکراو لە بیر چووەوە»[١٢٥]. ئەمە ئەوە دەردەخات کە (ڕەفیق حیلمی) لێرەدا بە پێچەوانەی ڕایەکەی پێشووی سەبارەت بەوەی کە (شێخ نوری) توانیبووی (ئینقیلاب)ێک- ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ- لە شیعری کوردیدا بگێڕێ، لەم ڕایەی دواییدا هەر بە تەواوی و زۆر بەتوندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە (شێخ نوری) نەیتوانیوە ئەو (ئینقیلاب)ە لە شیعری کوردیدا بگێڕێت و لە پوختەی قسەکانیدا بۆ ئەوە دەچێت کە (گۆران) بە هۆی ئەوەی توانی کار بکاتە سەر چەند شاعیرێکی وەک (کامەران و هەردی و هەژار) و شوێن پێی بکەون، بۆیە لە ڕایەکەی پێشووی هەڵدەگەڕێتەوە و ئەو (ئینقیلاب)ە دەداتە پاڵ (گۆران)[١٢٦]. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین ئەگەرچی بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە ڕۆڵی کاریگەرانەی (گۆران) و داهێنانەکانی لە بواری شیعری نوێی کوردیدا ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ لە بواری نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا نکۆڵی لە ڕۆڵی دەستپێشخەرانەی(شێخ نوری) بکرێت و بە ناحەق مافی سەر ئامەدی و پێشەنگی لێ بسێنرێتەوە و ئەو ڕاستییە بشێوێنرێت کە یەکەم بەردی بناغەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە کوردستانی خواروودا لە لایەن (شێخ نوری)یەوە بوو.

هەر لە پەنجاکاندا لە مەیدانی لێکۆڵینەوە لە شیعری نوێی کوردی، وەک شتێکی نوێ و تازەبابەت کە باسی شاعیرێکی دیاریکراو بکرێت و لە کتێبێکی سەربەخۆدا بێت،

١٢٥- ئینقیلاب لە شیعری کوردیدا، ڕەفیق حیلمی، گ: پێشکەوتن، ژ: ١، س: ١، شوباتی - ١٩٥٨، ل٧.

١٢٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

چاومان بە کتێبی (کامەران و هۆنراوەی نوێ)ی (محەمەد صدیق عارف) دەکەوێت.

نووسەر لەم کتێبەدا باسی شیعری کۆن و نوێ دەکات و خاسیەتی هەریەکەیان دیار دەکات و هێرشێکی توند دەکاتە سەر شیعری کۆن و بەرامبەر بەمە شیعری نوێ پەسەند دەکات و ئەوە دەردەخات کە شیعری نوێ لەبەر ئەوەی وەک پێویستییەکی مێژوویی هاتۆتە پێشەوە بۆیە شتێکی حەتمییە وەک سەرئەنجام شوێنی کۆنەکە بگرێتەوە[١٢٧]. ئینجا باسی هۆیەکانی یاخیبوون لە شیعری کۆن دەکات و هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ (کێش) و (قافیە)[١٢٨].

ئەوەی لەم کتێبەدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە نووسەر لە هەوڵێکی بێ هوودەدا دەیەوێ ئەوە دەربخات کە شیعری نوێی کوردی هێشتا لە دایک نەبووە و هەرچی لەم بوارەشدا کراوە هەر لە (حاجی قادری کۆیی)یەوە بۆ پیرەمێرد و ئەحمەد موختار جاف و بێکەس و گۆران تا دەگاتە کامەران و شاعیرانی ئەو دەورە ئەمانە بە قۆناغی گواستنەوە دادەنێت[١٢٩]. ئەوەی راستی بێ ئەو سنووردانانە بۆ دیارکردنی قۆناغی گواستنەوە و دابەشکردنی بەسەر چەند شاعیرێک ئەمانە سەریان لێ شێواندووە و تووشی شپرزەییان کردووە و وایان لێ کردووە لە رایەکی بێ سەروبەردا دان بەبوونی شیعری نوێی کوردیدا نەنێت. ئینجا نووسەر کە دێتە سەر باسکردنی شیعرەکانی (کامەران) لایەنی بەپێز و چاک و لایەنی لاواز و کەم و کوڕی شیعرەکانی دیار دەکات و شیعرە واقعییەکانی پەسەند دەکات و ئەو شیعرانەی بە رۆمانسی و رەمزی دادەنێت، رەت دەکاتەوە[١٣٠].

زۆربەی ئەم بیروڕایانەی (محەمەد سدیق عارف) بەشێوەیەکی گشتی لە بارەی شیعری کۆن و نوێ و شیعری نوێی کوردی و شیعرەکانی (کامەران)ی دەربڕیبوون، لە کتێبێکی قەوارە بچووکدا لەژێر ناوی (هۆنراوەی نوێ...) لەلایەن (ناکام)ەوە وەڵام درایەوە.

(ناکام) لەسەر هەموو بەشەکانی کتێبەکەی (محەمەد سدیق عارف) دەوەستێت و لە رووی باری سەرنجی تایبەتی خۆیەوە رایەکان شی دەکاتەوە و سەرنجی خۆی لە بارەیانەوە دەردەبڕێت. سەبارەت بە شیعری نوێ ئەوە دەردەخات کە هەر سەردەمێک پێویستی بەجۆرە

١٢٧- بڕوانە: کامەران و هۆنراوەی نوێ، محمد صدیق عارف، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٨، ل١٤-١٦.

١٢٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦-١٨.

١٢٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩-٢٤.

١٣٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٦٢.



شیعرێک هەیە جیایە لە شیعری پێش خۆی، بۆیە بە پێی یاسای پەرەسەندن کە هەموو شتێک لە گۆڕان و پەرەسەندنێکی بەردەوامدایە شیعریش دەگۆڕێت و وەک سەرئەنجام شیعرە نوێیەکە شوێنی کۆنەکە دەگرێتەوە. بەڵام نووسەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە نابێ ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی لە نرخ و بەهای ئەدەبی کۆنمان کەم بکەینەوە بەڵکو وەک سامانێکی نەتەوایەتی بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای بکەین و بیپارێزین. ئینجا ئەوە دەردەخات کە نابێ هەموو شیعرێکی نوێ بە شیعری چاک دابنێین هەر لەبەر ئەوەی نوێیە، بەڵکو چۆن نموونەی چاک و خراپ لە شیعری کۆندا دەبینین بە هەمان شێوە دەبێ بزانین نموونەی چاک و خراپیش لە شیعری نوێدا هەیە[١٣١].

ئینجا زۆر بەتوندی دژی ئەو رایەی (محەمەد سدیق عارف) دەوەستێت کە دەڵێ: شیعری نوێمان نییە و لە وەڵامدا بەپێچەوانەوە ئەوە دەردەخات کە کوردیش شیعری نوێی هەیە و لەم رووەوە دەڵێ: «کاکی دانەر، بە هەڵبەستی ئێستامان قایل نییە و پشتی کردۆتە شیعری رابردوومان و بە تەمای هۆنراوەییێکی نوێیە کە خۆی نازانێ چۆنە!!...»[١٣٢] ئەمەش تەئکید لەسەر سەرلێشێوانی نووسەر دەکات و ئاماژە بۆ نەبوونی بیروڕایەکی روون و ئاشکرا لە بارەی خاسیەتەکانی ئەو شیعرە نوێیە دەکات کە نووسەر بەلایدا نەچووە و دیاری نەکردووە بۆیە وەک پێداگرتنێک لەسەر ئەمە دەڵێ «ئەگەر مەبەستی لە وشەی نوێ، بابەتی ئایدیۆلۆجی و بیری پێشکەوتوو بێ، هەمانە. ئەگەر قسە لەسەر قەوارە و چەشنی رێکخراوی هەڵبەستێک بێ کە لە لاسایی شێوەی کۆن لای دابێ و رێگاییێکی تازەی تایبەتی گرتبێ، هەمانە. خۆ ئەگەر قسەی لاوازی بێ کێش و بێ مۆسیقاو بێ شیرازەش ئەڵێ کە جارێک وەکو گوریس درێژەی ئەدرێتێ و لە پڕ تەنها دوو پیتی بۆ ئەکرێ بە لابار و زیاتر لە گۆرانی سەرخۆش و یا وڕێنەی نەخۆش ئەچێ ئەویشمان هەیە. ئیتر نازانم کاکی دانەر کامیان بە نوێ دائەنێ؟»[١٣٣] جا لێرەدا لە کاتێکدا لەگەڵ ئەو رایەی (ناکام)دا یەک دەگرینەوە کە کورد شیعری نوێی هەیە و دەمێکە لەسەر بناغەیەکی پتەو رەگی داکوتاوە، بەڵام لەو رووەوە لێی جیا دەبینەوە کە شیعری نوێ بەڕیزکردنی چەند وشە و پیتێک دادەنێت و بە وڕێنە و گۆرانی سەرخۆشی لە قەڵەم

١٣١- بڕوانە: هۆنراوەی نوێ لێکۆڵینەوەییێکی وێژەیی، ناکام، چاپخانەی کامەران-سلێمانی، ١٩٥٩، ل١٢-١٨.

١٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

١٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

دەدات. دیارە ئەمەش جۆری تەماشا کردن و تێگەیشتنی نووسەرمان لە بارەی ئەو شیعرە نوێیە بۆ دیار دەکات کە جاری وا هەیە ناوەڕۆکەکەی بە شێوەیەکی وا دەردەبڕێت و لە قالبێکی هونەری وادا دادەڕێژرێت دەبێتە هۆی ئەوەی لێی حاڵی نەبن و بەم شێوەیە ئەو جۆرە حوکمە نابەجێیانەی لەسەر بدەن.

ئینجا دوای ئەوەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لێکۆڵینەوە و رەخنەی شیعر لە پەنجاکاندا لە چ بارێکدا بوو، بە پێویستی دەزانین سەرنجێک بدەینە ئەو بیروڕایانەی لەلایەن شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی ئەو سەردەمە لە بارەی رەخنەوە دەربڕاوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو بیروڕا و سەرنجانە تا چ رادەیەک لەگەڵ واقیعی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەدا دەگونجێت. جارێ پێش هەموو شتێک ئەوەی لەو ماوەیەدا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤار و رۆژنامە و لە دووتوێی کتێبەکاندا سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە هەستکردن بە گرنگی رەخنە لای زۆربەی شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی ئەو ماوەیە وەک یەکێک لە پێویستییە گرنگەکان هاتۆتە پێشەوە، بۆیە زۆر پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەبێ ئاوڕ لەو بەشە گرنگەی ئەدەبیات بدرێتەوە و گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێ.

رۆژنامەی (ژین) هەر زوو هەستی بەو کەلێنە کردووە بۆیە لە یەکێک لە ژمارەکانیدا بە ئاشکرا داوای ئەوە دەکات کە جگە لە شیعر بایەخ بە بوارەکانی تری ئەدەبیش بدرێت بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە نەخشەیەک لە بەردەم خۆی دادەنێت و دەڵێ: «هەروەها بڕیارمان داوە ژین هەر بە شیعر پڕ نەکەینەوە جارێ لە شیعرێک زیاتر نەنووسین لەبەر ئەوە تکا لە نووسەران ئەکەین سەر بکەنە سەر نووسینی شتی تر و خۆیان هەر بە شیعرەوە خەریک نەکەن»(١٣٤).

ئینجا لەلایەن چەند نووسەرێکەوە لە رووی هەمان بۆچوونەوە داوای ئەوە کرا کە پێویستە گرنگی بە رەخنە بدرێ. (محەمەد سدیق عارف) لەم رووەوە دەڵێ: «مەبەستم لەوەیە کە بڵێم: ئەدەبەکەمان لە ئێستەیا، هێندەی پێویستی بە هێنانە بەرهەمی شیعر و چیرۆک هەیە، پتر پێویستی بە دانانی پەڕاو هەیە لە بارەی دواندن و لێکۆڵینەوە و رەخنە و دەربڕینی بیروباوەڕ»(١٣٥). دیارە هەر ئەم هەستکردنەشە بە گرنگی رەخنە پاڵی پێوە

١٣٤- لێمان ببوورن، ر: ژین، ژ: ١٠٧٦، س: ٢٦، ١٩٥١، ل٢.

١٣٥- ناتەواویەکی تری ئەدەبەکەمان، محمد صدیق عارف، ر: ژین، ژ: ١٣٥٢، س: ٣٢، ٨-٧-١٩٥٧، ل١.



ناوە لە وتارێکدا لەژێر ناوی (رەخنەی ئەدەبی) باسی جۆرەکانی رەخنە و مەبەست لە رەخنە گرتن و ئەرکی رەخنە و چەند لایەنێکی تری رەخنە بکات و لە کۆتاییشدا داوای ئەوە بکات کە شێوازێکی هێمن و مەوزووعییانە لە رەخنەگرتندا پەیڕەو بکرێ(١٣٦).

هەروەها هەستکردن بە گرنگی رەخنە و بایەخدان بەو بەشە گرنگەی ئەدەبی کوردی لە لایەن نووسەرێکی تریشەوە بە ناوی (ئیحسان) تەئکیدی لەسەر کراوە، ئەمەش لەو داوایەی نووسەردا دەردەکەوێت کە تیایدا دەڵێ: «دەسا ئەو پێویستییەی ئەمڕۆ کەوتۆتە سەر شانمان زیندووکردنەوەی ئەدەبی کۆنی کوردییە و لێکۆڵینەوەیەکی وردە لە ئەدەبی رابردوومان و تازەمان. ئینجا ئەگەر رێی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسترابێتەوە لەبەردەم نووسەرە کۆنەکانمانا بە چەند هۆیەکی تایبەتییەوە...پێویست نییە ئێمەش ئەم کارە گرنگە بخەینە پشت گوێ»(١٣٧).

گۆڤاری (هیوا) لە یەکێک لە ژمارەکانیدا دوای ئەوەی گرنگی رەخنە لە رووی پێشخستنی ئەدەبیات دیار دەکات دەڵێ: «بڕیارمان دا کە دەرگایەکی تایبەتی و هەمیشەیی بکەینەوە لەژێر ناوی لێکۆڵینەوەدا بۆ بەراورد کردن و لێ وردبوونەوەی نووسراوەکانی (هیوا)»(١٣٨). ئەمەش هەستکردن بە پێویستی بایەخدان بە لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی لای دەستەی بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە دیار دەکات.

هەروەها رۆڵی گۆڤاری (شەفەق) لە بواری ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە رەخنەی ئەدەبی کاتێک دەردەکەوێت کە (موحەڕەم محەمەد ئەمین) دەڵێ: «بەلای منەوە گۆڤاری (شەفەق)ی خۆشەویست کە لە یەکەم ژمارەیەوە ئەم دەرگایەی-دەرگای رەخنە- کردۆتەوە کەلەبەرێکی لە وێژەی کوردیدا پڕ کردەوە کە ئومێدەوارین کە رۆژنامە و گۆڤارەکانی تریشمان چاویان لێ بکەن»(١٣٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم گۆڤارە وەک بەرنامەیەک هەر لە ژمارەی یەکەمییەوە ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە بایەخێکی تایبەتی بە رەخنەی ئەدەبی بدات. دیارە ئەم بایەخ دانەش لە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە رەخنەییانەدا دەبینرێت، کە نەک هەر بواری رەخنەی شیعری دەگرتەوە بەڵکو رەخنەی چیرۆک و

١٣٦- بڕوانە: ڕەخنەی ئەدەبی، محمد صدیق عارف، ر: ژین، ژ: ١٢٩٦، س: ٣١، ١٩٥٦، ل٧.

١٣٧- ئەدەبی کوردی و پێویستی لێکۆڵینەوە، احسان، ر: ژین، ژ: ١٣٧٩، س: ٣٣ / ٣٠-١-١٩٥٨، ل١.

١٣٨- لێکۆڵینەوە، گ: هیوا، ژ: ٧، س: ١، کانوونی دەووەم، ١٩٥٨، ل٧٨.

١٣٩- رەخنە، محرم محمد امین، گ: شەفەق، ژ: ١، بەرگ: ١، کانوونی دووەم ١٩٥٨، ل٦.

دراماشی گرتەوە[١٤٠]. ئەمەش بەشتێکی سەرنج ڕاکێشەر دادەنرێت لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.

هاتنە پێشەوەی ڕەخنە وەک پێویستییەک لە لایەن گۆڤاری (بڵێسە)ش کاتێک هەستی پێدەکرێت کە لە یەکێک لە ژمارەکانیدا دەڵێ «ئێمەش لەم ڕۆژەدا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە ڕەخنە هەیە و پێویستیەکی تەواویشمان بەوە هەیە کە ڕەخنە نرخی تەواوی خۆی بدەینێ بۆ بەرزکردنەوەی وێژەی نەتەوایەتیمان»[١٤١]. سەرجەم ئەو بیروڕایانەی پێ دادەگرن لەسەر گرنگی بایەخدان بە ڕەخنە، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ڕەخنەی ئەدەبی لەو ماوەیەدا وەک پێویستییەک هاتۆتە پێشەوە. دیارە هەستکردنیش بەم پێویستییە لە جۆری تێگەیشتنیان لە ئەرکی ڕەخنە و ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەبیاتی کوردییەوە هاتووە.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو بیروڕایانەی باسی ئەرکی ڕەخنەیان کردووە دەبینین بەگشتی لە ڕوانگەی یەک بۆچوونەوە ئەرکی ڕەخنەیان بەوە دیار کردووە کە بریتییە لە بژارکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەمەبەستی جیاکردنەوەی بەرهەمە چاکەکان لە بەرهەمە خراپەکان. لەو ڕووەوە (جیهان عومەر) دەڵێ: «ڕەخنە هەروەک بژاری زەوییەک وایە کە لە گژوگیایەکی زەرەردەری ڕزگار بکەیت. جا بۆ ئەوەی کە ئەم زەوییە ئەم گژوگیایەی لێ دەربهێنرێت و پاک بکرێتەوە... ئەبێت بکەوینە بژاری»[١٤٢] هەر لە ڕووی هەمان بۆچوونەوە (ا.ب. هەوری) دەڵێ: «بەڵێ ڕەخنەگری ڕاستی لێهاتوو هەروەک وەرزێرێک وایە خەرمانەکە گێرە و شەن و کەو ئەکات و ئەیداتە بەر قەلبیری بیر و گێژ و تەتەڵەی هۆش بۆ ئەوەی سەر کۆزەرە و کۆتەڵە پووچەکەی بگرێ و فڕێی بدات تاوەکو دانەوێڵەکە بە جوانی دەرکەوێت و بیخاتە بەر چاوی خوێندەواران و ئەوانیش بە چاوی کڕیار لێی وردببنەوە»[١٤٣] هەروەها (موحەرەم محەمەد ئەمین)یش لەو مەبەستە سەرەکییە دوور ناکەوێتەوە کاتێک لە بارەی گرنگیدانی گۆڤاری (شەفەق) بە ڕەخنە دەڵێ: «شەفەق لەم

---

١٤٠- بڕوانە: چیرۆکی ئاوازو کەباب، ڕەئوف محەمەد زهدی، گ: شەفەق، ژ: ٤، س: ١، نیسان ١٩٥٨، ل ٥ و ٦. - عەلی ئەفەندی، مستەفا ساڵح کەریم، گ: شەفەق، ژ: ٥و٦، س: ١، مایس و حوزەیران ١٩٥٨، ل١٢-١٤.

١٤١- ڕەخنە چییە؟؟، گ: بڵێسە، ژ: ٤، س: ١، تشرینی دووەم ١٩٥٩، ل٣.

١٤٢- ڕەخنەگرو ڕەخنەلێگیراو، جیهان عومەر، گ: هەتاو، ژ: ١٤٣، س: ٥، تشرینی دووەم ١٩٥٨، ل٣.

١٤٣- ڕەخنەو ڕەخنەگر، ا.ب هەوری، گ: هیوا، ژ: ١٠، س: ١، نیسان ١٩٥٨، ل٥٧ و ٥٨.



دەرگایەوە مەبەستی دوو شتە، یەکەم لە هونەری ڕەخنە سەلیقەی نووسەران و ئەدیبەکانمان ببزوێنێ، و ڕەخنەگری بەرزمان بۆ پێ بگەیێنێ کە ببن بە قەڵای پاراستنی ئەدەبە ساواکەمان لە پووش و پەڵاشی ئەدەب. دووەم، ئەو نووسەر و ئەدیبانەی بەرهەمیان بڵاوئەکەنەوە و وریا و دوور ئەندێشە بن... چونکە ئەدیب کە زانی بەرهەمەکەی بە ئاسانی تێپەڕ نابێ و ئەگەر لە ئینجانەی زێڕینیش پێشکەشی بکا گوڵی قەلەفسە و ڕاستەقینە هەر دەرئەکەوێ»[١٤٤]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەبەست و ئەرکی سەرەکی ئەدەب بژارکردنیەتی لە بەرهەمە خراپەکان و ڕاهێنانی شاعیر و نووسەرانە لەسەر نووسینی بەرهەمی چاک و بەپێز. هەر لە ڕووی بۆچوونی جیاکردنەوەی بەرهەمی چاک لە بەرهەمی خراپ و دیارکردنی کەم و کوڕییەکانی هەر بەرهەمێک بۆ ڕێنمایی کردنی خاوەنەکەی و چاککردنی کەم و کوڕییەکان (محەمەد سدیق عارف) بۆ ئەوە دەچێت کە هەر بزووتنەوەیەکی ئەدەبی پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێ ئەگەر ڕەخنەشی نەبوو «چونکە کە جووڵانەوەیەک نەبێ لەم بابەتە، ئەدەبەکەمان بپاڵێوی و چارەسەرێک بۆ ناتەواوییەکانی دابنێ و بەرهەڵستییەکانی سەر ڕێگای تەخت کا، بێگومان وەک نەمامێکی بێ ئاوی وشک هەڵاتووی لێ دێ»[١٤٥]. ئەمەش ڕادەی هەستکردن بە پێویستی گرنگی بایەخدان بە ڕەخنە و ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەبدا دیار دەکات.

ئەگەرچی (عوسمان مستەفا خۆشناو) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ بارودۆخ و کاتو شوێنی هاتنە نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکە لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام دیسان لەگەڵ بیروڕاکانی نووسەرانی پێش خۆی یەک دەگرێتەوە کە ئەرکی ڕەخنە بە دیارکردنی لایەنی بە پێز و یان لایەنی لاواز و کەم و کوڕی بەرهەمەکان دەبەستێتەوە کاتێک دەڵێ: «...ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە وێژە و هونەردا بە دوو کردەوەی گرنگ هەڵئەسێ لە لایەکەوە ڕوونکردنەوە و پیشاندانی ئەو هۆیانەی کە بەروبوومەکەی هێناوەتە بەرهەم لەگەڵ ڕوونکردنەوەی وەخت و شوێن کە لێی هاتۆتە دی، لە لایەکی تریشەوە بڕیار لەسەر تەواوی و ناتەواوی بەروبوومەکە (انتاج) بدرێت لەسەر ڕەوشەنایی ئەم ڕوون کردنەوە و لێک بەستنەوەی بە وەخت و زروفی نووسەر لە هەموو ڕوویێکەوە»[١٤٦].

---

١٤٤- ڕەخنە، محرم محمد امین، گ: شەفەق، ژ: ١٠، س: ١، کانوونی دووەم ١٩٥٩، ل٦.

١٤٥- کامەران و هۆنراوەی نوێ، محمد صدیق عارف ل١١و١٢.

١٤٦- لە پێناوی بووژانەوە و پێش خستنی ئەدەبی نەتەوایەتیمان، سەفین (عثمان مستەفا خۆشناو)، گ: پێشکەوتن، ژ: ١٥، س: ١، حوزەیرانی١٩٥٨، ل٨.

هەروەها جۆری تێگەیشتنی گۆڤاری (بلێسە)یش لە ئەرکی رەخنە کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «کە ئەڵێین رەخنە مەبەستمان ئەو رەخنەیەیە کە ئامانجی روون کردنەوەی رێ و شوێنی نووسەرە لە رێی دەرخستنی جوانی و ناشیرینی یان کەم و کوڕی و بەنرخی ئەو نووسینە»[١٤٧]. وردبوونەوە لەو بیروڕایانەی باسی ئەرکی رەخنەیان کردووە، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەرکی رەخنە بە تێگەیشتنی شاعیر و نووسەرانی ساڵانی پەنجاکان لەوە تێپەڕی نەکردووە کە بەرهەمی چاک لە بەرهەمی خراپ جیا بکاتەوە و رێنمایی خاوەنەکەی بکات لەسەر پەرەپێدان بەلایەنی چاکی بەرهەمەکەی و یان خۆ دوورخستنەوە لەو کەم و کوڕییانەی لە بەرهەمەکەیدا دیار دەکرا. دوای ئەوەی جۆری تێگەیشتنی شاعیر و نووسەرانی کوردمان لە بارەی ئەرکی رەخنەوە زانی، پێویستە ئەوەش بزانین چۆن تەماشای باری رەخنەیان لە ئەدەبی کوردیدا کردووە و تا چ رادەیەک ئەو بیروڕایانە لەگەڵ واقیعی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا یەکی گرتۆتەوە و رووی راستی پیشانداوە.

(محەمەد سدیق عارف) دوای ئەوەی باوەڕی پتەوی خۆی بە رۆڵی کاریگەری رەخنە لە پەرەپێدان و پێشخستنی ئەدەبدا دیار دەکات، تەماشای باری رەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات و دەڵێ: «بەڵام لام وایە بە هەڵەش ناچم ئەگەر بڵێیم هێشتا باری رەخنەگرتن لە ئەدەبەکەمانا ساوایە. وە هەر لەبەر ئەمەش ئەڵێم. بەخێوکردنی زۆر پێویستە، تا دەوری باڵای خۆی ببینێ لە پێش خستن و پەرەپێدانی ئەدەبەکەمانا»[١٤٨]. ئەمەش باری دواکەوتوو و شێوە سادەکەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو ماوەیەدا دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا هێشتا لە شێوە سەرەتاکەیدایە و پێویستی بە بایەخدان و پەرەپێدانە. ئینجا دوای دوو ساڵ جۆری تێگەیشتنی خۆی لە بارەی رەخنەوە دیار دەکات و دەڵێ: «ئەبی ئەوەش بزانین کە (رەخنە)ی زانیاری مانای هێرش نییە، شەڕە قسە و بەسەریەکا خوێندن و یەکتر شکاندن نییە،(رەخنە) تەرازوویەکە بۆ ئەوەی ئەدەبی پێ لە سەنگی مەحەک بدرێ»[١٤٩]. ئەمەش وەک وەڵامێک وایە بۆ ئەو کەسانەی بە هەڵە لە رەخنە گەیشتوون و لە مانا راستەقینەکەی دوور کەوتوونەتەوە.

(ئەمینی میرزا کەریم) مەترسی خۆی بەرامبەر بە جۆری ئەو نووسینانە دیار دەکات کە

١٤٧- رەخنە چییە؟؟، گ: بلێسە، ژ: ٤، س: ١، تشرینی دووەم١٩٥٩، ل٢.

١٤٨- رەخنەی ئەدەبی، محمد صدیق عارف، ر: ژین، ژ: ١٢٩٦، س: ٣١، ١٩٥٦، ل٧.

١٤٩- کامەران و هۆنراوەی نوێ، محمد صدیق عارف، ل١٠.



بە ناوی رەخنە بڵاو دەکرانەوە و بە ئاژاوەنانەوەیانی دادەنێت و دەڵێ: «ئەم ئاژاوەیەی کە دروست بووە لە رێزی نووسەرە کوردە بەڕێزەکانا بە ناوی (رەخنە)وە سەرنجی هەموو خوێندەوارێکی کوردی راکێشاوە بە تایبەتی لەم ماوەیەی دواییەدا و ئەمەش بێ گومان ئەنجامی چاکی نییە و جێگای ستەمە و پێی ناوترێت خزمەت»[١٥٠]. ئەمەش سروشتی ژیانی ئەدەبی و جۆری ئەو رەخنەیە دیار دەکات کە لەو ماوەیەدا بڵاودەکرایەوە.

(موحەڕەم محەمەد ئەمین)یش هەوڵی ئەوە دەدات باری ناهەمواری رەخنە لە رێگای دیارکردنی جۆری تێگەیشتن لە مانای رەخنە دیار بکات، بۆیە لەم رووەوە دەڵێ: «داخەکەم ئێمە رەخنە زۆر بە هەڵە تێگەییوین، زۆر کەس هەیە هەر کە ناوی رەخنەی لا ئەبرێ روو گرژ ئەکا و مۆن ئەبێتەوە، چونکە وا تێگەیشتوون کە رەخنە مانای دووەمی جنێوە»[١٥١]. ئەمەش مانای ئەوەیە کە نووسەر ویستوویەتی ئەوە بڵێ کە ئەو جۆرە رەخنەیەی ئەوسا لە ئەدەبی کوردیدا دەبینرا لە قسەی ناشیرین و جنێو بەیەکدان و یەکتر سووککردن بەو لاوە شتێکی تر نەبوو.

دیارە هەر لە روانگەی ئەم بۆچوونەوەش لە یەکێک لە وتارەکانی گۆڤاری (بلێسە)دا لایەنێکی تری رەخنە بە هێرش بردنە سەر یەک و پەلاماردانی یەکتر دیار کراوە بۆیە دوای ئەوەی ئەو جۆرە رەخنەیە دیار دەکات کە خاوەنەکەی دەیکاتە هۆیەک بۆ هەڵڕشتنی رق و کینەی دێتە سەر ئەوە بڵێ: «بێ گومان... لەناو ئێمەدا بە زۆری رەخنە بەم جۆرە ئەڕوات و بەم جۆرە نرخی رەخنە کەم کراوەتەوەوە بە پێچەوانەی ئامانجی خۆی بەکار ئەهێنرێ... و زۆر کەس گەر ناوی رەخنە بێنێت یەکسەر بیری ئەچێ بە لای هێرش و دەرخستنی کەم و کوڕی ئەو شتەوە»[١٥٢]. ئەمەش ئەو رایە لە بارەی رەخنەی ئەدەبی کوردی دەهێنێتە پێشەوە کە تەنها بە دیارکردنی لایەنی خراپ و کەم وکوڕی بەرهەمەکەی دەبەستێتەوە کە دیارە ئەنجامی ئەمەش دروستبوونی ئەو شێوازە توندوتیژەیە کە نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە.

هەرچی (جیهان عومەر)ە ئەوا لایەنێکی تری هۆی دواکەوتنی باری رەخنەی ئەدەبی کوردی بە نەبوونی رەخنەگری پسپۆڕ دەبەستێتەوە، بۆیە دەڵێ: «بەڵام لە لای ئێمە هەر

١٥٠- لەو هەفتەوە بۆ ئەم هەفتە، ئەمینی میرزا کەریم، ر: ژین، ژ: ١٣٩٣، س: ٣٣، ١٩٥٨، ل٣.

١٥١- رەخنە، محرم محمد امین، گ: شەفەق، ژ: ١، س: ١، کانوونی دووەم، ١٩٥٨، ل٤.

١٥٢- رەخنە چییە؟؟، گ: بلێسە، ژ: ٤، س: ١، تشرینی دووەم ١٩٥٩، ل٢.

کەسێکی کە دەستی دایە پێنووس دەستی لە هەموو شتێکەوە وەرئەدا جا شارەزایی هەبێت یا نا!؟»[١٥٣].

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بیروڕایانەی هەوڵی ئەوەیان داوە باری رەخنەی ئەدەبی کوردی ساڵانی پەنجاکان دیار بکەن، نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی مەوزووعی رووی راستی باری رەخنە لەو ماوەیەدا پیشان بدەن، چونکە ئەو بیروڕایانە زیاتر هەوڵی ئەوەیان داوە ئەوە دەربخەن کە رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو ماوەیەدا زیاتر بریتی بوو لە شەڕە قسە و جوێن و پەلاماردانی یەکتر لە کاتێکدا ئەو نووسینانەی ئەم خاسیەتەیان هەبوو و لە ژێر ناوی رەخنەدا بڵاو دەکرانەوە رێژەیەکی کەم بوو لەچاو سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینە رەخنەییانەی شێوازێکی هێمن و لەسەرخۆیان هەبوو و بیروڕاکانیان لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی ورد و لێزانینەوە بنیات نرا بوو و وەک سەرئەنجام چالاکییەکی رەخنەیی چاکیان ئەنجام دابوو. دەبێ لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە زۆربەی ئەو مەسەلە شیعریانەی لە زۆربەی لێکۆڵینەوە و نووسینە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیەدا باس کراون و لێیان کۆڵراوەتەوە ئەو مەسەلانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعر بوون لەو مەسەلانەی ناوەڕۆکی شیعریان دەگرتەوە، زیاتر بایەخیان پێدراوە و خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەو لێکۆڵینەوانەش سەرنجی ورد و بۆچوونی زانستییانەیان تیادا دەبینرا.

ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بڵێین ئەو بیروڕایانەی باسی باری رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەیان کردووە و هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی سادە و ساکار و دواکەوتووی پیشان بدەن لەگەڵ واقیعی باری لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا یەکی نەگرتۆتەوەو رووی راستی باری رەخنەی ئەو ماوەیەیان پیشان نەداوە.

لە ساڵانی شەستەکاندا سەرباری ئەوەی ژمارەی ئەو وتار و کتێب و نووسینە رەخنەییانەی بڵاو کرایەوە لەچاو ساڵانی پەنجاکان کەم بووە، کە دیارە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییە تایبەتییە بوو کە لەو ماوەیەدا هاتبووە پێشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆری لێکۆڵینەوە و نووسینە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیە، سەرباری بوونی چەند نووسینێکی کاڵ و کرچ و لاواز، سیمای بەرەو پێش چوونێکی چاکی پێوە دیار بوو کە

١٥٣- رەخنەگر و رەخنە لێ گیراو، جیهان عومەر، گ: هەتاو، ژ: ١٤٣، س: ٥، تشرینی دووەم ١٩٥٨، ل٥.



ئەمەش لەلایەکەوە لە جۆری بابەتەکان و لەلایەکی تریشەوە لە چۆنیەتی باسکردنیاندا دەبینرێت.

باسکردن و لێکۆڵینەوە لە شیعری نوێی کوردی، لە سەرەتای شەستەکاندا، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕوناهی)دا لە چەند وتارێکدا دەبینرێت. (هەژار) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئەدەبی کوردی سەر بەرەو ژێر دەڕوا) دوای ئەوەی ئەوە دەردەخات کە شیعری کوردی پێویستە خۆی لە کێشی عەرووز رزگار بکات لە هەمان کاتدا دژی ئەوەش دەوەستێت شاعیران رووبکەنە لاسایی کردنەوەی رۆژئاوا، واتە بەگشتی ئەوە دەردەخات کە دژی لاسایی کردنەوەیە ئینجا لاسایی کردنەوەی هەر کێ بێت، بەڵکو لە پوختەی قسەکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە داوا لە شاعیرانی کورد دەکات بگەڕێنەوە سەر سەرچاوە خۆماڵییە رەسەنەکەی کورد و سوود لەو سەرچاوەیە وەربگرن لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا[١٥٤]. ئینجا کە دێتە سەر باسکردنی شیعری کۆن و نوێ هەڵوێستی خۆی بەوە دیار دەکات کە پێویستە شاعیرانی کورد شیعری کۆن بکەنە بناغەی نوێکردنەوەی شیعرەکانیان[١٥٥]. لە دواییشدا لە هەڵوێستێکی توندوتیژدا هێرش دەکاتە سەر شاعیرانی نوێ و شیعرەکانیان بە لاسایی کردنەوەیەکی منداڵکارانە دادەنێت و دەڵێ: «کاکی خۆم ئەمانە کە تازە داتان هێناوە شیعرنین و لە ترسی گیرە ناوی خۆیان گۆڕیوە پەخشانیش نین چونکە پەخشان پارچە پارچە و بێ مەعنا نابێ ئەمانە وەک وشتر مرخ وان ئەگەر دەڵێین بفڕە دەڵێ وشترم ئەگەر دەڵێین با بارت کەین دەڵێ باڵدارم»[١٥٦]. دەبێ لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە مەبەستی (هەژار) لەو قسانە ئەو شاعیرانە بوو کە لەو ماوەیەدا دەستیان دابووە شیعر نووسین، چونکە بە ئاشکرا بەوپەڕی رێزەوە ناوی پیرەمێرد و گۆران و قانع و چەند شاعیرێکی تر دەهێنێت و شیعرەکانیان پەسەند دەکات. بۆیە دەبینین هەر لەسەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە (جەوهەر غەمگین) خۆی بە یەکێک لەو شاعیرانە دادەنێت کە (هەژار) هێرشی کردبوونە سەر و بەرامبەر بەو توندوتیژییەی لە وتارەکەیدا نواندبووی ئەویش بە شێوەیەکی توندوتیژ وەڵامی دەداتەوە و پاساو بۆ ئەم کارەی دەهێنێتەوە و دەڵێ: «وە پێش ئەوەی دەست کەم بە وەڵامدانەوەی تکای لێ بووردن

١٥٤- بڕوانە: ئەدەبی کوردی سەر بەرەو ژێر دەڕوا، هەژار، گ: روناهی، ژ: ١، س: ١، چریائیکی- ١٩٦٠، ل٦٣-٦٦.

١٥٥- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢-٧٤.

١٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

لە مامۆستا هەژار ئەکەم... چونکە هەندێک توندم نووسیوە یاخود بە توندی ئەزانم...ئەمەش خەتای من نی یە... بەڵکو ئەو و مامۆستا بەشیر(*) زۆر توندیان نووسیوە»(١٥٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە توندوتیژی نووسینەکەی خۆی بەکاردانەوەیەک دادەنێت بۆ توندوتیژی شێوازی نووسینەکانی پێش خۆی کە ئەمەش شتێکی گرنگمان لە بارەی ئەو نووسینە رەخنەییانە بۆ دیار دەکات ئەویش بوونی شێوازێکی توندوتیژە لە بەشێک لە نووسینە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیەدا.

ئینجا وەک وەڵامێک بۆ (هەژار) بەرامبەر بە مەسەلەی لاسایی کردنەوە کە لێیەوە دەستی پێکردبوو بۆ هێرش هێنانەکەی بۆ سەر شاعیرانی نەوەی نوێ، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە بەڵگەیەک بهێنێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی رایەکەی (هەژار) تەنها نموونەی شیعری خۆی بڵاو دەکاتەوە و دەڵێ: «وا منیش دوو نموونەی شیعری خۆم پێش(**) مامۆستا ئەکەم کە لەم تازە بابەتەن و لە ساڵی (١٩٥٧) نووسراون و بڵاو کراونەتەوە... بەبێ ئەوەی بڵێم شاگردی مامۆستا گۆرانم...»(١٥٨). ئەمەش وەک ئەوە وایە (جەوهەر غەمگین) شیعرەکانی خۆی بکاتە پێوەری رەسەنایەتی شیعری نەوەی نوێ و تێپەڕاندن و تەجاوزکردنی شیعرەکانی (گۆران) و هاوڕێکانی بێ ئەوەی تەنها ئاماژە بۆ یەک لەو شتانە بکات کە بەڵگەی ئەم کارە گەورەیە بێت.

لە وەڵامی ئەم وتارەی (جەوهەر غەمگین)دا (قانع) لە وەڵامێکی توندوتیژتردا وەک پشتگیرییەک لە رایەکانی (هەژار) هێرش دەکاتە سەر شیعری نوێ و هەڵوێستەکەی لەسەر بناغەی نەبوونی مانا لە شیعری ئەو شاعیرانە دروست دەکات و شیعرەکانیان بە شتی (هیچ و پووچ) دادەنێت و دەڵێ: «کاک جەوهەر زۆرجار ئەهات بە دڵما کە منیش هەندێ لەو بەزمە بڵێم و بڵاوی بکەمەوە هەتاکو لە جنێوی تازە شاعیر پارێزراو بم بەڵام بەتاوانم ئەزانی کەوا شتی هیچ و پووچ بڵاو بکەمەوە چونکە بەرامبەر بە مێژووی ئەدەبی

(*) دیارە مەبەستی ئەو وتارەی (بەشیر موشیر)ە، کە لە ژێر ناوی (من و شاعیرەکان)دا بڵاوی کردبۆوە و بێزاری خۆی بەرامبەر بەو ژمارە زۆرەی شاعیر لە ناو کورددا دەربڕیبوو وە بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز بە(شارە زەردەواڵە)ی ناوبردوون. بڕوانە: من و شاعیرەکان، بەشیر موشیر، گ: رۆژی نوێ، ژ: ٦، س: ١، ئەیلوول-١٩٦٠، ل٣٦و٣٧ .

١٥٧- ئەدەبی کوردی، جەوهەر غەمگین، گ: روناهی، ژ: ٢، س: ١، چریا دووی، ١٩٦٠، ل٧٤.

(**) دیارە مەبەستی (پێشکەش)ە، بەڵام لە چاپ دەرنەچووە.

١٥٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.



نەتەوەکەم گوناهبار ئەبووم»(١٥٩) جێی باسە ئەوە بڵێین کە(قانع)یش وەک (هەژار) کاتێک رەخنە لە شیعری نوێ دەگرێ مەبەستی شیعری شاعیرانی ئەو نەوەیە بوو کە لەو کاتدا تازە دەستیان دابووە شیعر نووسین ئەگەر نا شیعرەکانی (گۆران) و (کامەران)ی لێ دەرنەدەکردن. هەروەها هەر لە وەڵامی ئەو وتارەی (جەوهەر غەمگین)دا نووسەرێک بەناوی (جوانڕۆ) لە رۆژنامەی (ژین)دا زۆر بە توندی پشتگیری لە بیروڕاکانی (هەژار) دەکات و بەرامبەر بەمە لە شێوازێکی گاڵتە ئامێزدا دەڵێ: «بۆ دان بەو راستی یانەدا نەنێین کە مامۆستا (هەژار)دەری خستوون... بەڵام... نەء دیار بوو، وتارەکە کاریگەر بوو، کاری خۆی کرد چونکە لە ژمارە دووی (ڕوناهی)دا کولیسوارێک خۆی هاویشتە مەیدانەوە و ئەیەوێ بە سواری بارگیرە نەخۆشێک کە تازە لە تاعونی وڵاخە بەرزە رزگاری بووە بەو بارگیرەوە لەگەڵ ئەسپە کەحیلەی هەژار تاوی بدات»(١٦٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر تا چ رادەیەک لەگەڵ ئەو بیروڕایانەدا یەک دەگرێتەوە کە (هەژار) لە بارەی شیعری نوێی ئەو سەردەمەی دەربڕیبوو ئینجا هەڵوێستی ئەو نووسەرەمان کاتێک بە تەواوی بەرامبەر بە شیعری ئەو شاعیرە نوێیانە بۆ دەردەکەوێت کە پەنا دەباتە بەر هێنانەوەی ئەو نموونانەی (هەژار) و (نەجمەدین مەلا) بۆ گاڵتەکردن بە شیعری نوێ لە وتار و قسەکانیاندا بە نموونە هێنابوویانەوە(١٦١).

لە راستیدا باسکردنی شیعری نوێی کوردی بەشێوەی ئەو نووسین و وەڵامانەی لەلایەن ئەو شاعیر و نووسەرانەدا بینیمان روویەکی دواکەوتووی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەمان پیشان دەدات، بۆیە دەبینین ئەم حاڵەتانە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژین)دا سەرنجی چەند شاعیر و نووسەرێکی ئەو ماوەیەی راکێشاوە.

(مەحموود زێوەر) لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (تێکچوونی شیرازەی ئەدەب)دا دەناڵێنێ لە دەست زۆری شیعر و نەبوونی نووسین لە بوارەکانی تری ئەدەبدا بۆیە دەڵێ: «زۆربوونی شاعیر و نەبوونی چیرۆک نووس و رەخنەگر و پەخشان نووس دەورێکی کاریگەرە لەم تێکچوونی شیرازەی ئەدەبەی ئیمڕۆدا و تا وای لێهاتووە گەیشتۆتە رادەی

١٥٩- هەژار راست ئەکا یان خەمگین؟، قانع، گ: روناهی، ژ: ٤، س: ١، کانوونی دووی-١٩٦١، ل ٧٦ و ٧٧.

١٦٠- ئەمە ئەدەبی کوردی بوو یان پاشاگەردانییە کاک جەوهەر؟، جوانڕۆ، ر: ژین، ژ: ١٥٧٨، س: ٣٥، ١٩٦٠، ل٣.

١٦١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

پاشاگەردانی»[١٦٢] هۆی ئەمەش ئەگەر لە لایەکەوە بگەڕێنیتەوە بۆ باری دواکەوتوویی ژیانی میللەتی کورد و رۆڵی گۆڤار و رۆژنامەکان لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرە لاوازانە، ئەوا لە لایەکی ترەوە هۆیەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خۆ هیلاک کردن و ماندووبوونەی رەخنەگر یان لێکۆڵەر لە رووی پتەوکردنی زەمینە رۆشنبیرییەکەیەوە دەیبینی بۆیە بۆ ئەوە دەچێت کە کەم کەس خۆیان لەم بوارانە دەدەن و روو دەکەنە نووسینی ئەو جۆرە شیعرانە، لەبەر ئەوە دەبینین پێ لەسەر گرنگی رەخنە دادەگرێ لە چارەسەرکردنی ئەو بارە دواکەوتووەدا بۆیە دەڵێ: «ئەدەبی ئیمرۆمان زیاتر پێویستی بە رەخنە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی چیرۆک و پەخشان هەیە وەک لە شیعر»[١٦٣]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رەخنە وەک پێویستییەکی گرنگ لەو ماوەیەدا داوا کراوە.

دیارە هەر ئەم هەستکردنە قووڵەشە بە پێویستی کورد بۆ رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پاڵی بە(دیلان)وە ناوە لە زنجیرە وتارێکدا باسێکی فراوان لەژێر ناوی (چۆن ئەدەبی کوردی دیراسە بکەین) بڵاو بکاتەوە. هەر لە ناونیشانەکەوە دیارە مەبەستی (دیلان) ئەوەبوو پەیڕەو و رێ و شوێنێک بۆ لێکۆڵینەوە و رەخنەگرتن دابنێت و لەسەر بناغەیەکی راست و دروست مامەڵە لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا بکرێت، واتە بە کورتی هەوڵی ئەوەی داوە جۆرە هۆشیارییەک و رۆشنبیرییەک لەم بوارەدا بڵاو بکاتەوە و بناغەیەکیش بۆ چۆنیەتی لێکۆڵینەوە و رەخنەگرتن لە ئەدەبی کوردیدا دابنێت[١٦٤].

سەرنجدانێکی ورد لەو زنجیرە وتارە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە (دیلان) هەوڵی ئەوەی داوە ئەو پێوەرە دیار بکات کە پێویست بوو لەسەر بناغەکەی لە شیعری کوردی بکۆڵرێتەوە و لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەبێ خاسیەتەکانی خودی شیعری کوردی لەبەر چاو بگیرێت و بە پێی ئەمە لێی بکۆڵرێتەوە نەک بەپێی ئەو پێوەرە وەرگیراوەی هەر لە بنچینەدا بۆ شیعری عەرەبی دانرابوو و لەگەڵ خاسیەتەکانی ئەو ئەدەبەدا دەگونجا. ئینجا هەروەک لە پوختەی بیروڕاکانیدا دەردەکەوێت لە رێگای بەراوردکردنی شیعری کوردی بە شیعری جیهانی بەپێی رێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکانی وەک رۆمانتیک و ریالیزم و رەمزی و بوونی قاڵبی دراماتیکی و چەند بابەتێکی تر، لە

١٦٢- تێکچوونی شیرازەی ئەدەب، مەحمود زێوەر، ر: ژین، ژ: ١٥٨٣، س: ٣٦، ١٩٦١، ل٣.

١٦٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

١٦٤- بڕوانە: (چۆن ئەدەبی کوردی دراسە بکەین)، دیلان، ر: ژین، ژ: ١٦٨٣-١٦٨٨ بەدواوە، س: ٣٧، ١٩٦٢.



رێگای ئەم بەراوردکردنانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەروەک خۆی دەڵێ: «جا... ئەگەر هاتوو توانیمان بیسەلمێنین کە شیعری کوردی ئەو لایەنانەی تێدا هەیە، وەکو وتمان ناچارین بیگوێزینەوە بۆ (نطاقی) جیهان... و مەسەلەی دیراسەکردنی ئەبێ بە مەسەلەی رزگار کردنی لە (خصائص)ەکانی شیعری عەرەبی»[١٦٥]. واتە هەروەک لەم قسانەدا بۆمان دەردەکەوێت مەبەستی سەرەکی دانانی پەیڕەو و رێ و شوێنێکی تازە بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعری کوردی و رزگارکردنی لەو پێوەرەی لە لێکۆڵینەوەی شیعری عەرەبیدا رەچاو دەکرا و راستەوخۆ وەردەگیرا و شیعری کوردی پێ لەسەنگ دەدرا. ئەمەش ئاراستەی مەبەستێکی دیاریکراو کرا بوو ئەویش رزگارکردنی شیعری کوردی بوو لەو چوارچێوە ناوچەییەی گەمارۆی دابوو بۆ یەکگرتنەوەی لەگەڵ ئەدەبی بەرفراوانی جیهانی.

لێرەدا لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا، لەم وتارەدا، مەسەلەیەکی گرنگ سەرنجمان رادەکێشێت ئەویش ئەو بایەخپێدانە سەرنج راکێشەرەیە بە قوتابخانە و رێبازە ئەدەبییەکان کە لەو ماوەیەدا بۆ یەکەمجار بەو شێوە فراوانە و بەو دوورودرێژییە خرابێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە دواییشدا دەبینین لە زۆربەی لێکۆڵینەوە و نووسینە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیەدا دووبارە بۆتەوە.

هەوڵەکانی رۆژنامەی (ژین) بۆ چاککردنی باری دواکەوتووی لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردی لە بڵاوکردنەوەی دوو زنجیرە وتاری تریشدا دەبینرێت. یەکێکیان وەرگێڕانی کورتەی نووسینێکی (رەفیق حیلمی)یە بە زمانی عەرەبی کە لەژێر ناوی (چەند سەرنجێک دەربارەی ئەدەبی کوردی)دا بڵاوکرایەوە.

ئەم زنجیرە وتارەی (رەفیق حیلمی) باسی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شیعری کوردی دەکات هەر لە پێش هاتنی ئیسلامەوە تا دەگاتە سەدەی نۆزدەهەم و لای چەند شاعیرێکی وەک (شێخ رەزای تاڵەبانی و مەولەوی و حاجی قادری کۆیی و جەلی زادە) دەوەستێت[١٦٦]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (رەفیق حیلمی) لە باسەکەیدا نەگەیشتۆتە سەدەی بیستەم و باسی شیعری نوێی کوردی نەکردووە، بەڵام سەرباری ئەوەش سەرنجمان بۆ شتێکی گرنگ رادەکێشێت ئەویش ئەو گۆڕانە گرنگەیە کە لە سەدەی

١٦٥- چۆن ئەدەبی کوردی دراسە بکەین، دیلان، ر: ژین، ژ: ١٦٨٥، س: ٣٧، ١٩-٧-١٩٦٢، ل١.

١٦٦- بڕوانە: چەند سەرنجێک دەربارەی ئەدەبی کوردی، رەفیق حیلمی، ر: ژین، ژ: ١٦٩٤و١٦٩٥، س: ٣٧، ١٩٦٢.

نۆزدەهەمدا بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردیدا هات و بە تایبەتی لای شاعیران (حاجی قادر) و (جەلی زادە).

زنجیرە وتاری دووەمیش ئەو لێکۆلینەوە فراوانەیە کە (ساجد ئاوارە) لە بارەی ئەدەبی نوێی کوردی نووسیوە و هەر لە سەرەتاوەش ئەوەی دەرخستووە کە ئەو وتارانەی بڵاویان دەکاتەوە بەشێکن لە کتێبێکی چاپ نەکراو کە لەژێر ناوی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد)ە[*] و لە چوار بەش پێکهاتووە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێ لە بارەی شیعرەوە، ئەو بەشەیە کە باسی شیعری کۆن و نوێ دەکات.

نووسەر لە سەرەتادا پەیوەندی ئەدەب بە ژیان دیار دەکات و لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندییە باسی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەب دەکات، ئینجا بە پێی سێ ڕێبازە سەرەکییەکەی ئەدەب کە (کلاسیک و ڕۆمانتیک و ریالیزم)ن باسی قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندن و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات[١٦٧].

نووسەر لە سەرەتای باسکردنی ئەدەبی کوردیدا ئەوە دەردەخات کە ئەدەبی کوردیش وەک ئەدەبی میللەتانی تری ڕۆژهەڵات لە ژێر کارتێکردنی ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا بوو و بەم شێوەیە مایەوە تا سەدەی نۆزدەهەم کە لەسەر دەستی (حاجی قادری کۆیی)، و بە تایبەتیش لە رووی ناوەڕۆکەوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی کاتێک رووی کردە باسکردنی بابەتەکانی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی[١٦٨]. ئینجا لە هەنگاوێکی تری گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری نوێی کوردیدا سەرنجمان رادەکێشێت بۆ ئەو زمانە کوردییە پەتییە و رووکردنە باسی نیشتمانی و باری کۆمەڵایەتی لای چەند شاعیرێکی وەک (پیرەمێرد و ئەحمەد بەگ و بێکەس و زێوەر)[١٦٩].

دوای ئەمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە شیعری جیهانی لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بەخۆیەوەی بینی، باسی ڕۆمانتیکییەت لە شیعری

(*) ئەم کتێبە دوای پێنج ساڵ بە چاپ گەیەندرا، بڕوانە: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی، ئاوارە، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٧.

١٦٧- بڕوانە: ئەدەبی نوێی کوردی - بەشی یەکەم، هۆنراوەی کۆن و نوێ، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٨٩-١٦٩٥، س: ٣٧، ١٩٦٢.

١٦٨- بڕوانە: ئەدەبی نوێی کورد...، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٨٩و١٦٩٠، س: ٣٧، ١٩٦٢، ل٤و٥.

١٦٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥.



کوردیدا دەکات و ئەوە دەردەخات کە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمانتیکییەت لە ئەدەبی جیهانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێزاربوونەی باڵی بەسەر شاعیراندا کێشابوو لە ئەنجامی هەستکردنیان بە نەگونجان لەگەڵ واقیعەکەیان و نائومێدییان لە چاککردنی باری نالەباری کۆمەڵەکەیان ئەوەبوو لە ئەنجامی ئەمەدا دوو تاقم پەیدا بوون، تاقمێکیان ئەو شاعیرانە بوون کە روویان کردە گۆشەگیری و خەو بینین بەو ژیانەی لە واقیعە هەبووەکەیاندا دەستیان نە دەکەوت و تاقمەکەی تریشیان ئەو شاعیرانە بوون کە ژیانی شارستانییەتیان رەت دەکردەوە و بە دوای ئەو شوێنەدا دەگەڕان کە دەستی پێشکەوتنی نەگەیشتبووێ و دوور بوو لەو گیروگرفتانەی بە ئەنجامی ئاڵۆزبوونی ژیانی شارستانییەتیان دادەنا. جا لەسەر بناغەی باسکردنی ئەمە ئەوەی دەرخستووە کە لە دوای جەنگ چەند شاعیرێکی کورد باسی بێزاری و نائومێدی و سەرگەردانی خۆیان و بەختی میللەتەکەیان کردووە و شیعری (ناری) و (تاهیر بەگ)ی بە نموونە هێناوەتەوە و ئاماژەی بۆ بوونی ئەم جۆرە شیعرەی لای (زێوەر) و (ئەحمەد موختار جاف) و (حەمدی) کردووە و بەم جۆرە لە باسەکەیدا بەردەوام بوو تا گەیشتۆتە (گۆران) و ئەوەی دەرخستووە کە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەر دەستی ئەم شاعیرە گەیشتە چڵە پۆپە[١٧٠].

ئینجا دوای ئەوەی ڕێبازی ریالیزم بە گونجاوترین و چاکترین ڕێبازی ئەدەبی دادەنێت و لە شیعری کوردیدا (گۆران) بەسەر ئامەد و پێشەنگی شاعیرانی ریالیزم دادەنێت. هەر لە ڕێگای بیروڕاکانی(گۆران) خۆی سیماکانی شیعری نوێی کوردی دیاردەکات و بۆ ئەمە پشت بەو وتارەی شاعیر دەبەستێت کە لە گۆڤاری (هیوا)دا لەژێر ناوی (کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا ) بڵاوی کردبۆوە[١٧١].

ئەوەی شایانی باسە ئەم وتارەی (گۆران) بە یەکێک لەو وتارە گرنگانە دادەنرێت کە بە هۆیەوە دەتوانرێت بە وردی گرنگترین خاسیەتەکانی شیعری کۆن و نوێ دیار بکرێت و لە ڕێگای ئەو بەراوردە وردەی کە لە نێوان شیعری کۆن و نوێی کردووە چ لە رووی شێوەی هونەرییەوە وە یا لە رووی ناوەڕۆکەوە رادەی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری کوردی دیار بکرێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج راکێشانە ئەوەیە کە (ساجد ئاوارە) کاتێک هاتووە

١٧٠- بڕوانە: ئەدەبی نوێی کورد، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٩١، س: ٣٧، ل٥و٦.

١٧١- بڕوانە: کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، گ: هیوا، ژ: ٣١، س: ٤، کانوونی دووەمی١٩٦١، ل٥-١١.

بیروڕاکانی (گۆران)ی وەرگرتووە تەنها ئەو بەشەی لە بیروڕاکان وەرگرتووە کە پەیوەندی بە شیعری نوێوە هەیە و بەشەکەی تری فەرامۆش کردووە کە تایبەت بە شیعری کۆنە لە کاتێکدا وتارەکانی خۆشی هەر لە بارەی شیعری کۆن و نوێیە، بۆیە فەرامۆشکردنی ئەو بەشەی وتارەکە لە جێی خۆیدا نەبووە و دەبوایە باس بکرابا.

ئینجا لە کۆتاییدا هەر لەسەر بناغەی باوەڕی پتەوی بە ڕێبازی ریالیزم بیروڕاکانی خۆی لە بارەی چەند لایەنێکی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر دەربڕیوە. جارێ لە سەرەتادا ئەو پەیوەندییە پتەوەی دیاری کردووە کە شیعر بە ژیانی کۆمەڵ دەبەستێتەوە و ئەرکی شیعری بە دیارکردنی گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵ و چارەسەرکردنیانی بەستۆتەوەو پەیامی شیعریشی لە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەدا بینیوە کە دەبوایە لە خزمەتی جەماوەردا بێت[١٧٢]. لە بارەی شیعری کۆن و نوێش ئەوا شیعری کۆنی بە سەرچاوەی شیعری نوێ داناوە و تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ هەموو نوێیەک لەسەر بناغەی لایەنە چاک و بە پێزەکەی شیعری کۆن بنیات بنرێ[١٧٣].

هەرچی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکە وەک نووسەرێکی ریالیستی لەنگەری بایەخدان زیاتر دەخاتە سەر ناوەڕۆک بەڵام بێ ئەوەی لە گرنگی شێوە هونەرییەکەش کەم بکاتەوە[١٧٤]. دیارە هەر لەسەر بناغەی ئەم بۆچوونەشەوە ئەمەی پەسەند کردووە کەوا لە شیعردا بۆ خزمەتکردنی ئەو مانایەی شاعیر ویستوویەتی دەری ببڕێت بواری ئەوەی پێبدرێ واز لە کێش و قافیە بهێنێت بەڵام مۆسیقای شیعرەکە لەبەر چاو بگرێت و بە توندیش پێی لەسەر ئەو رایە گرنگە داگرتووە کە شیعر بێ مۆسیقا نابێت[١٧٥].

یەکێک لەو لێکۆڵینەوە فراوانانەی بە پێی پەیڕەوێکی زانستی لە ڕێبازەکانی ئەدەبی کوردی کۆڵیوەتەوە ئەو کتێبەی (د. عیزەدین مستەفا رەسوول)ە، کە ڕێبازی ریالیزمی لە ئەدەبی کوردیدا کردۆتە کەرەستەی سەرەکی نووسینەکەی و لە پاڵ ئەمەشدا بە وردی لە هەر یەکێک لە ڕێبازەکانی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی ئەدەبی کوردی کۆڵیوەتەوە و بە پێی باسکردنی ئەم ڕێبازانە قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعر و ئەدەبی کوردی

١٧٢- بڕوانە: ئەدەبی نوێی کورد...، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٩٣، س: ٣٧، ١٩٦٢، ل٤.
١٧٣- بڕوانە: ئەدەبی نوێی کورد، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٩٤و ١٦٩٥، س: ٣٧، ١٩٦٢، ل٦.
١٧٤- بڕوانە: ئەدەبی نوێی کورد، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٩٤، ل٥.
١٧٥- بڕوانە: ئەدەبی نوێی کورد، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٩٣، ل٤ و ٥.



دیارکردووە و لەم ڕێگایەوەش ئەو مەسەلانەی خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە تایبەت بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر و ئەدەبن[١٧٦].

نووسەر هێڵی گشتی قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی بە پێی ڕێبازەکان بەوە دیار دەکات کە سەرەتا بە ڕێبازی کلاسیکی دەستی پێکرد و چەند سەدەیەکی خایاند تا گەیشتە سەرەتای سەدەی بیستەم و دەستپێکردنی کێشەی نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیک و کۆتایی هاتنی بەسەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانتیک ئینجا سەرهەڵدانی کێشەی نێوان ڕێبازی ڕۆمانتیک و ریالیزم بە ئەنجامی ئەو بارودۆخە دەبەستێتەوە کە لە ماوەی جەنگی دووەم هاتە پێشەوە و بە کزبوونی ڕۆمانتیک و زاڵبوونی ریالیزم کۆتایی هات[١٧٧]. یەکێک لەو مەسەلانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعرەو بە وردی باسکراوە کێشی شیعرە[*]. نووسەر لە سەرەتادا یەکێتی کێش و قافیە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە دیارترین خاسیەتی ئەم شیعرە دادەنێت ئینجا دێتە سەر باسکردنی هەنگاوەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی کێشی شیعر و گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگەیی لە شیعری نوێدا و بە تایبەتی لای چەند شاعیرێکی وەک (پیرەمێرد) و (شێخ نوری) و (گۆران) و دیارکردنی دیارترین جۆرەکانی کێشە بڕگەییەکان لە شیعری نوێی کوردیدا[١٧٨]. و لە بارەی قافیەی شیعرەوە لە چەند سەرنجێکی ورددا دیارترین هەنگاوەکانی گۆڕانی قافیەی شیعری کوردی دیار دەکات. جارێ بەر لە هەموو شت یەکێتی قافیە بە خاسیەتێکی دیاری شیعری کوردی دادەنێت[١٧٩]. ئینجا سەرەتای نوێکردنەوەی قافیەی شیعر لە خۆ دوورخستنەوە لە یەکێتی قافیە بۆ پەیڕەوکردنی جووت

١٧٦- بڕوانە: الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفي رسول، منشورات المكتبة العصرية- بيروت، ١٩٦٦.
١٧٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٨٦-١١٢.
(*) دیارە لە ئەنجامی هەستکردنی نووسەر بە گرنگی ئەم باسە پاڵی پێوە ناوە ئەم بەشەی کە لە بارەی کێشی شیعری کوردییە دوای لێ زیادکردنێکی کەم دووبارە لە شێوەی وتارێکی سەربەخۆدا بڵاو بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:
حول الاوزان في الشعر الكردي د.عزالدين مصطفى رسول، جريدة التاخي، العدد٦٧، ٧-٧-١٩٦٧، ص٢.
١٧٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٨-٢٠٠.
١٧٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٧.

قافیە دیار دەکات و ئاماژەش بۆ ئەو بەکارهێنانە هەمە جۆرانەی قافیە لە چوار خشتەکی و پێنج خشتەکیدا دەکات.[١٨٠] تا دەگاتە ئەوەی لە سەرنجێکی خێرادا ئاماژە بۆ ئەو هەوڵانە بکات کە پشت بە دەربڕینی سەربەخۆ دەبەستێت و کێش و قافیە پشتگوێ دەخات و بۆ ئەمە نووسینی (بەرەو رووناکی)ی (بلە)[*] بە دیارترین نموونە دادەنێت[١٨١]. ئەگەرچی هەر بە گشتی ئێمە ئەو رایەمان هەیە کە شیعر ئەگەر کێش و قافیەشی نەبوو بە مانا لاساییەکە، بەڵام هەر دەبێ جۆرە مۆسیقایەکی هەبێ بەدیلی شێوە بەکارهێنانەکانی تری کێش و قافیە بێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم تێبینییەی نووسەر لە سەرێکی ترەوە ئاماژەکردنە بۆ ئەو گۆڕانانەی بەسەر قافیەی شیعردا هاتووە.

جا لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە نووسەر ئەگەرچی بە هیچ شێوەیەک ناوی مۆسیقای شیعر ناهێنێت و تەنها لەم نووسینەدا باسی وازهێنان لە کێش و قافیە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو نووسینەی بە پەخشانی رووت دانەناوە و لەژێر ناوی (الشعر المنثور)دا جیای کردۆتەوە. بۆیە ئێمە زیاتر بۆ ئەوە دەچین کە ئەمە هەر خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە نووسەر لەوە غافڵ نییە کە شیعر ئەگەر کێش و قافیەشی نەبێ شتێکی تری هەر هەیە لە پەخشانی جیا دەکاتەوە، دیارە ئەویش مۆسیقای شیعرە.

سەبارەت بە زمانی شیعریش لە سەرەتادا زمانە کوردییە تێکەڵەکە وەک یەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دیار دەکات. ئینجا هۆی سەرەکی گۆڕانی زمانی شیعری کوردی لە زمانە تێکەڵەکەوە بۆ کوردییە پەتییەکە لە بزووتنەوەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بە بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی شاعیرانی کورد دەبەستێتەوە و لەم رووەوە رۆڵی (پیرەمێرد) و (گۆران) لە داهێنانی ئەو زمانە شیعرییەدا دیار دەکات[١٨٢]. ئینجا باری سەرنجی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە دیارکردنی لایەنی چاک و لایەنی خراپی پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشە و موفرەداتی زمانانی بێگانە و لە پوختەی قسەکانیدا لەسەر بناغەی تێڕوانینێکی راست و دروستەوە لە بارەی زمانی شیعر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرباری گرنگی بایەخدان بە زمانە نەتەوەییەکە، چاکتر وایە لەنگەری بایەخدان بخرێتە سەر لایەنی جوانکاری زمانە شیعرییەکە نەک جۆری وشە

١٨٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٨.

(*) (ئیبراهیم ئەحمەد)ی چیرۆکنووسە.

١٨١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٠.

١٨٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠١.



و موفرەداتەکان و قوربانیدان بەم لایەنە گرنگە تەنها لە پێناو بەکارهێنانی وشەی خۆماڵی[١٨٣]. ئینجا دوای ئەوەی لە دووتوێی لێکۆڵینەوەکەیدا توانی دەست لەسەر سروشتی جۆری ئەو بابەتانە دابنێت کە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی و رۆمانتیکی پێک دەهێنا، هەوڵی ئەوە دەدات دیارترین و گرنگترین بابەتەکانی ناوەڕۆکی ئەدەبی ریالیزمی دیار بکات و بەپێی ئەمە دەست لەسەر گۆڕانی ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی دادەنێت و سیماکانی نوێکردنەوەی ئەو بابەتانە دیار دەکات کە ناوەڕۆکی ئەدەبە نوێیەکەی پێک دەهێنا[١٨٤].

هەروەها (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (برایی)دا لە وتارێکدا کە بە دوو زنجیرە لە ژێر ناوی (پرۆژەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی کوردی)دا[١٨٥] بڵاوکرایەوە، بۆ یەکەمجار دەرگا لە رووی باسێکی گرنگ لە بارەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا دەکاتەوە ئەویش بەناو یەکدا چوونی رەگەزە ئەدەبییە جیاوازەکانە وەک بوونی رەگەزی رۆمانتیکی یان ریالیزمی لە ڕێبازی کلاسیکیدا... هتد. بۆ سەلماندنی ئەو رایەشی شیعرەکانی (بابە تاهیری هەمەدانی) بە نموونەیەکی دیاری بوونی دیمەنی واقیعی لە شیعری کلاسیکیدا دەهێنێتەوە و لە دواییشدا مەبەستی خۆی بە ئاشکرا لە ورووژاندن و خستنە رووی ئەم باسەدا دیار دەکات کاتێک دەڵێ: «گەر ریالیزمی وەک راستییەک لە ریالیزمی وەک قوتابخانەیەک جیا بکەینەوە، ئەوا لە شیعری بابە تایەردا گەلێک تاوی بەتینی رەگی ئەو راستییە ریالیزمییە بەدی دەکەین، کە ئەدەبیاتی ریالیزمی لەمەو دوای کوردی لەسەر بنچکی روا»[١٨٦].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو رەگەزانەی بە پێی تێپەڕبوونی کات کەڵەکە دەبن و سنووری چوارچێوەیەک دەکێشن و لە ئەنجامدا قوتابخانەیەک وەیان ڕێبازێک دروست دەکەن. ئەم رەگەزانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە پێش ئەوەی قوتابخانەکە دروست بکەن. واتە لە سەرەتادا وەک راستییەک لە شێوەی چەند رەگەزێکدا دەبن ئینجا لە کۆتاییدا ئەو

١٨٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠١و٢٠٢.

١٨٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص١١٣-١٩٦.

١٨٥- بڕوانە: پرۆژەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی کوردی، د. عیزەدین مستەفا، بەشی یەکەم و دووەم، ر: برایەتی، ژ: ٢٢و٣٦، س: ١، ١٩٦٧ ل٤، ٢.

١٨٦- پرۆژەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی کوردی، د. عیزەدین مستەفا، ر: برایی، ژ: ٣٦، س: ١، ٣-٦-١٩٦٧، ل٢.

چوارچێوەیە دروست دەکەن کە سنووری قوتابخانە یان ڕێبازەکە دیار دەکەن.

دەبێ لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەو جۆرە باسانە لەبەر ئەوەی نزیک دەبنەوە لە سروشتی ئەو بابەتانەی دەچنە مەیدانی تیۆریزە کردنی ئەدەبی (التنظیر الادبی)[*] و بیروڕا و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن و دەرگای باسکردن و گفتوگۆکردن لە بارەیانەوە بە کراوەیی بەجێ دەهێڵن، بۆیە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا گرنگییەکی تایبەتی پەیدا دەکەن و لە ئەنجامدا دەبنە هۆی دروستبوونی گفتوگۆی ئەدەبی دەوڵەمەند. جا ئەگەرچی نووسەر لەم باسەیدا، کە بە پرۆژەیەکی داناوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، داوای لە نووسەرانی تر کردووە بە گفتوگۆ و باس و لێکۆڵینەوە بەشداری لە پرۆژەکەیدا بکەن، بەڵام دیارە تازەیی ئەم بابەتە وای کردووە بە کزی وەڵامی داواکەی بدرێتەوە.

هەر لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (برایی)دا لەلایەن (د. مارف خەزنەدار)ەوە زنجیرە وتارێکی گرنگ لەژێر ناوی (ڕۆمانتیزم لە ئەدەبی کوردیدا)[187][**] بڵاوکرایەوە و بەشێکی وتارەکەی بە بەشداربوونێک دادەنرێت لەو پرۆژەیەی کە (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) لەسەر هەمان لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیەدا خستبوویە روو، چونکە (د. مارف خەزنەدار)یش لە رووی هەمان بۆچوونەوە باری سەرنجی تایبەتی خۆی لە بارەی مەسەلەی بوونی رەگەزەکانی رۆمانتیک لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی تردا دەردەبڕێت و لەم رووەوە دەڵێ: «کەوابێ ئەوانەی کە دەڵێن: (هۆنراوە بەبێ رۆمانتیزم نابێ) لە قسەکەیانا راستن. ئێمە بە شێوەیێکی تر ئەتوانین بڵێین کە رۆمانتیزم بۆ هۆنراوە وەکو خوێ وایە بۆ خواردەمەنی»[188]. ئەمەش ئەو بەناویەکدا چوونە دیاردەکات کە لە نێوان رەگەزەکانی

(*) کەمال میراودەلی بۆ زاراوەی (التنظیر) وشەی (تێئۆراندن) بەکار دەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، ل٨٦.
بەڵام ئێستا بۆ زاراوەی (التنظیر) (تیۆریزەکردن) بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئێمەش بۆ یەکبوونی زاراوەکان هەر ئەمە بەکار دەهێنین.

١٨٧- بڕوانە: رۆمانتیزم لە ئەدەبی کوردیدا، د. مارف خەزنەدار، ر: برایی، ژ: ٢٤٨و٢٥٠و٢٥٢، س: ١، ١٩٦٨.

(**) شایانی باسە ئەم زنجیرە وتارە جارێکی تر بە زمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە، بڕوانە: الاتجاه الرومنطيقي في الادب الكردي، د. معروف خزندار، مجلة الثقافة الجديدة، العدد التاسع، كانون الاول، ١٩٦٩، ص١٩٧-٢٠٥.

١٨٨- رۆمانتیزم لە ئەدەبی کوردیدا، د. مارف خەزنەدار، ر: برایی، ژ: ٢٤٨، س: ١، ٢٨-٣-١٩٦٨، ل٩.



ڕێبازە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە کاتێکدا (د.عیزەدین مستەفا رەسوول) زیاتر پێی لەسەر بوونی رەگەزەکانی واقیعی لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی تردا داگرتبوو، (د.مارف خەزنەدار) تەئکیدی لەسەر بوونی رەگەزەکانی رۆمانتیک لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی تردا دەکرد. دیارە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی تەوەری باسی هەریەکەیانی پێکهێنا بوو کە لای یەکەم (ڕیالیزم) و لای دووەم (ڕۆمانتیک) بوو.

ئینجا لە رووی مێژووییەوە ماوەی سەرهەڵدانی ڕێبازی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە پاشاندا هۆیە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە لە ئەدەبی کوردیدا دیار دەکات و لەلایەکەوە بە پێی لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی تایبەتی ژیانی میللەتی کورد بە مەسەلە چینایەتی و نەتەوایەتییەکەی دەبەستێتەوە و لە لایەکی تریشەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئەو ناوەڕۆکە پێشکەوتووخوازەی ئەدەبی نوێی تورکی پێک دەهێنا و (شێخ نوری) و (گۆران) و (هەردی) بەدیارترین شاعیرانی رۆمانتیکی دادەنێت و ئاماژەش بۆ بوونی چەند نموونەیەک لە شیعری رۆمانتیکی لای پیرەمێرد و بێکەس و دڵدار دەکات[189].

نووسەر کاتێک باسی چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعری نوێی کوردی دەکات کە باسی کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییەکان دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی لە ئەنجامی بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەوە دروست ببوو بووە هۆی گۆڕانی شێوەی هونەری شیعریش کە دیارترین ئەو گۆڕانانە بەوە دیار دەکات کە لە رووی ناوەڕۆکەوە بابەتی دڵداری و سروشت بوون بە کەرەستە بۆ باسکردنی مانای نیشتمان پەروەری و لەرووی شێوەی هونەریشەوە گەڕانەوە سەر فۆلکلۆر و زمانیشیان لە وشە و موفرەداتی بێگانە پاک کردەوە و بەرەو کوردی پەتی چوو[190].

دەبێ لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە لە کاتێکدا باسی ئەو باس و لێکۆڵینەوانە دەکرێت کە لە ساڵانی شەستەکاندا دەربارەی مەسەلە شیعرییەکانەوە کرابێت، دەبێ لەم

١٨٩- بڕوانە: رۆمانتیزم لە ئەدەبی کوردیدا، د. مارف خەزنەدار، ر: برایی، ژ: ٢٥٠و٢٥٢، س: ١، ١٩٦٨، ل٩و١٠.ل٩

١٩٠- بڕوانە: رۆمانتیزم لە ئەدەبی کوردیدا، د. مارف خەزنەدار، ر: برایی، ژ: ٢٥٠، س: ١، ١٠-٤-١٩٦٨، ل٩.

رووەوە ڕۆڵی دیاری (د.مارف خەزنەدار) دیار بکرێت کە ئەمەش لەو کتێبە گرنگەدا دەردەکەوێت کە لە بارەی کێش و قافیەی شیعری کوردییە(١٩١).

لە ڕاستیدا ئەم کتێبە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ساڵانی شەستەکاندا بەشتێکی تازە بابەت دادەنرێت، چونکە لەو ماوەیەدا بۆ یەکەمجار چاومان بە کتێبێک دەکەوێت کە وەک بابەتێکی سەربەخۆ مەسەلەیەک یان چەند مەسەلەیەکی شیعری بگرێتە خۆی و بیانخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

نووسەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا، کە لە بارەی کێشی شیعرە، لە سەرەتادا پێناسە و چەمکی ئەو وشە و زاراوانە دیار دەکات کە پەیوەندییان بە کێشەوە هەیە ئینجا بە شێوەیەکی گشتی باسی کێشی شیعری زمانە هیندۆ - ئەوروپاییەکان و کێشی شیعری عەرەبی دەکات ئینجا دێتە سەر کتێبی (ئاڤێستا ) و بە دوور و درێژی لەسەر جۆری کێشەکان دەوەستێت(١٩٢) لە پاشاندا کە دێتە سەر کێشی شیعری کوردی دوو جۆرە کێش دیار دەکات ئەوانیش کێشی عەرووز و کێشی بڕگەیی (هیجایی)ن(١٩٣) ئەم کێشەش واتە کێشی بڕگەیی، دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر: جۆرێکیان ئەو کێشانەن کە لە فۆلکلۆردا هەن، و بە تایبەتیش گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان. جۆرەکەی تریشیان ئەو کێشانەن کە لە شیعری نوێی کوردیدا دەبینرێن و لە ژێر ناوی (شیعری هونەری تازە)(١٩٤)دا باسیان دەکات.

گرنگی باسکردنی ئەو کێشانەی کە لە شیعری نوێی کوردیدا هەن کاتێک دەردەکەوێت کە دەبینین لەم ڕێگایەوە قۆناغەکانی گۆڕانی کێش دیاردەکات و بە پێی ئەمە دیارترین سیماکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری کوردیمان لەم رووەوە بۆ دەردەخات. دیارە ئەمەش زۆر بە ئاشکرا لەو دابەشکردنەدا دەردەکەوێت کە دوو جۆرە کێش لە شیعری نوێی کوردیدا دیار دەکات و هەر جۆرێکی بە قۆناغێکی دیاریکراو دەبەستێتەوە کە ئەوانیش: (شیعری یەک کێشی خۆماڵی) و (شیعری کێشی ڕەنگاو ڕەنگی خۆماڵی)ن(١٩٥). ڕاستی ئەم بۆچوونەشمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر لەم بارەیەوە دەڵێ: «... شیعری یەک

١٩١- بڕوانە: کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، مارف خەزنەدار، مطبعة الوفاء، بغداد، ١٩٦٢.

١٩٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١-٢١.

١٩٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩و٣٠.

١٩٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠-٤٤.

١٩٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤-٥٥.



کێشی خۆماڵی، ئەو شیعرانەن کە بە یەک کێش لە کێشە هیجاییە خۆماڵییەکان ئەکێشرێن، دیارە ئەو جۆرە شیعرە تازەیە لە رووی کێشەوە پێش ئەو سەردەمە داهاتووە کە شاعیر چەند کێشێکی خۆماڵی بەکار هێناوە بۆ یەک قەسیدە، واتە ئەمەیان تازەترە»(١٩٦). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری نوێی کوردی لە سەرەتادا کە وازی لە کێشی عەرووز هێنا و رووی کردە کێشی بڕگەیی تەنها یەک کێشی بەکار دەهێنا ئینجا دوای ئەمە لە هەنگاوێکی تردا رووی کردە هەمە چەشنی مۆسیقای شیعرەکە و بەکارهێنانی کێشێک زیاتر.

وە لە بەشی دووەمدا، کە لە بارەی قافیەی شیعرە، نووسەر لە سەرەتادا پێناسەی قافیە دەکات و مەرجەکانی قافیە دیار دەکات و بە لای پێویستی بوون یان نەبوونی قافیە وەک مەرجێکی بنەڕەتی شیعردا دەچێت، ئینجا لە رووی مێژووییەوە گفتوگۆ لەسەر ئیحتیمالی نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا دەکات و زیاتر بۆ ئەوە دەچێت کە شیعری کوردیش وەک شیعری زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکان و هیندۆ-ئێرانییەکان پیتەکانی(*) جۆرە ئاوازێکیان هەبووە لە شیعردا شوێنی قافیەیان گرتۆتەوە(١٩٧). لە پاشاندا لە شێوەکانی قافیەی شیعری کوردی کۆڵیوەتەوە و لەم رووەوە دوو شێوەی دیاری کردووە: یەکێکیان یەکێتی قافیەیە و ئەوی تریان قافیەی ڕەنگاوڕەنگە(١٩٨). ئینجا سەرچاوەی دروستبوونی هەر شێوەیەک لەو شێوانەی قافیەی شیعری کوردی دیار کردووە و باسی جۆری پیتەکانی وشەی قافیەی کردووە و هەروەها ئەوەی دەرخستووە پاش قافیە، وەیان هەروەک نووسەر خۆی دەڵێ: قافیەی دووەم، چییە و جۆرەکانی پاش قافیە لە شیعری کوردیدا چین(١٩٩). ئەمانەی بە دوور و درێژی و بە نموونەوە باس کردووە. وە لە بارەی قافیەی ڕەنگاوڕەنگیشەوە دیارترین جۆرەکانی لە شیعری کوردیدا بە جووت قافیە و قافیەی خۆماڵی دیار کردووە(٢٠٠).

دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیەی (د. مارف خەزنەدار) لە بارەی قافیەی شیعری

١٩٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣و٥٤.

(*) (د.خەزنەدار) وشەی(تیپ) لە جیاتی(پیت) بەکار دەهێنێت.

١٩٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦و٥٧.

١٩٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧-٦٤.

١٩٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٦٢.

٢٠٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣و٦٤.

کوردییەوە تا ئێستا بە فراوانترین و پوختەترین لێکۆڵینەوە دادەنرێت لە رووی باسکردنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی قافیە و جۆر و شێوە جیاوازەکانی لە شیعری کوردیدا، کە دیارە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەش بە هۆی کەمی باسکردنی ئەم جۆرە بابەتانە نرخ و بەهایەکی تایبەتی لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا پەیدا دەکەن.

هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تر لەو لێکۆڵینەوانەی بایەخی بە رێبازەکانی ئەدەبی کوردی داوە ئەو کتێبەی (د. بەدرخان سندی)یە کە لە رێگای ئەدەبەوە باسی سروشتی پێکهاتنی کۆمەڵی کورد دەکات[٢٠١].

ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە نووسەر ئەدەبی کردۆتە هۆیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە باری کۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤی کورد و دیارکردنی سروشتی پێکهاتنی کۆمەڵی کورد و لەم رێگایەوە باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی رێبازە ئەدەبییە کوردییەکانی کردووە ئەوەی دەرخستووە کە هەر رێبازێک لەو رێبازە ئەدەبییانە لە ئەنجامی بارودۆخی تایبەتی سروشتی پێکهاتنی کۆمەڵ لە قۆناغێکی دیاریکراودا سەریان هەڵداوە و سروشتی ژیانی ئەو سەردەمەیان وەرگرتووە کە تیایدا لە دایک بوونە[٢٠٢] هەروەها مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلە گرنگانەی نووسەر بایەخی پێداوە و باری سەرنجی خۆی لە بارەیەوە دەربڕیوە مەسەلەی بەناو یەکداچوونی رەگەزەکانی رێبازە ئەدەبییەکانە، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «لە راستیدا رێبازە ئەدەبییەکان چەند رێبازێکن کە پەیوەندییەکی تێکچڕژاو لە نێوانیاندا هەیە و بەم بۆنەیەوە دەمەوێ رای تایبەتی خۆم لە بارەیەوە دەرببڕم و بڵێم کلاسیکیەت مانای کلاسیکیەتی تەواو و رۆمانتیکیەت مانای رۆمانتیکیەتی تەواو ناگەیەنێت، بەڵکو دەتوانرێ ئاوێتە بوونێک لە بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکاندا ببینرێت»[٢٠٣]. بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکەشی دەڵێ: «دەتوانرێ یەک پارچە نووسینی ئەدەبی بە کلاسیک دابنرێ بە هۆی ئەو خاسیەتانەی تیایدا هەیە و دەیخاتە خانەی کلاسیکەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ شوێنەواری رێبازە ئەدەبییەکانی تری تێدا ببینرێ»[٢٠٤].

٢٠١- بڕوانە: طبيعة المجتمع الكردي في ادبه-دراسة نفسية اجتماعية ادبية، د. بدرخان السندي، الجزء الاول، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٦٧.

٢٠٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٩٥-١٠٨.

٢٠٣- سەرچاوەی پێشوو، ص٩٧.

٢٠٤- سەرچاوەی پێشوو، ص٩٧.



دەتوانین بڵێین ئەم رایانەی (د. سندی) دیسان بەشدار بوونێکە لە پرۆژەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی (د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ) خستبوویە روو و تیایدا لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە داوای لە نووسەران کردبوو بەشداری تیادا بکەن.

ئەوەی لەسەرجەم بیروڕای ئەو نووسەرانەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە گشت رایەکان لەم رووەوە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە بەناو یەکدا چوونی رەگەزەکانی رێبازە ئەدەبییە جیاوازەکان شتێکی سروشتییە و بە شێوەیەکی ئاسایی لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت.

(د.کامل حەسەن بەسیر) لەسەر بناغەی جۆری تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لە دیارکردنی چەمکی قوتابخانەی ئەدەبی بۆ ئەوە دەچێت کە سەرهەڵدانی قوتابخانە ئەدەبییەکان لای هەر میللەتێک بەستراوەتەوە بە بارودۆخە ئابوورییە تایبەتەکەی ئەو میللەتە. بۆیە مەرج نییە قوتابخانە ئەدەبییەکان لای هەموو میللەتان بەیەک شێوە سەرهەڵبدەن و هەمان خاسیەت وەربگرن، بەڵکو بەپێی گۆڕانی بارودۆخە ئابوورییەکە دەگۆڕێت. جا لە روانگەی ئەم جۆرە بۆچوونەوە بۆ ئەوە دەچێت کە میللەتی کورد بەهۆی نەبوونی هەمان ئەو بارودۆخە ئابوورییەی لە وڵاتانی ئەوروپادا هەبوو، بە چەمکە ئەوروپییەکەی، قوتابخانەی ئەدەبی نییە[٢٠٥]، بەڵکو بە پێی بارودۆخی ئابووری و قۆناغە مێژووییەکەی ژیانی میللەتی کورد هەر لە خۆیەوە دوو قوتابخانە بەناوی دوو شاعیر دیار دەکات کە ئەوانیش (قوتابخانەی بابە تایەری هەمەدانی) و(قوتابخانەی عەلی تەرمۆکی)[*][٢٠٦] بەڵام هەر خۆی زوو هەستی بە نەبوونی بناغەیەکی زانستی لە بیروڕاکەیدا کردووە و زانیویەتی بە ئاسانی لێی وەرناگیرێت، بۆیە دەگەڕێتەوە و وەک پاساو هێنانەوەیەک بۆ ئەو کەلێنانەی لە رایەکەیدا هەیە دەڵێ: «ئەوەی لێرەدا حەز بکەم بیڵێم ئەوەیە کە چەمکی ئەم دوو قوتابخانەیەی ئێمە چەمکێکی زانستی ورد نییە بەهەمان مانای چەمکی قوتابخانەی ئەدەبی نەتەوەکانی تر کە بارودۆخە ئابوورییەکەی پەرەسەندنێکی بنەڕەتی قووڵی

٢٠٥- بڕوانە: كامران شاعر من كردستان، كامل حسن البصير، مطبعة كامران- سليمانية، ١٩٦٠، ص٢٦.

(*) پێشتر بەپێی بیروڕاکانی (د.مارف خەزنەدار) ئەوەمان دەرخست کە شاعیرێکمان نییە بەناوی (عەلی تەرموکی) بەڵکو (عەلی تەرەماخی)یە و لە بواری زماندا نووسینێکی هەیە. بڕوانە. ل٢٨ی کتێبەکەمان.

٢٠٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦.

بەخۆیەوە بینی، بەڵکو چەمکێکی ئیستیلاحییە مەبەستی دەستنیشان کردنی هێڵی گشتی کۆمەڵێک لەو شاعیرانە کە لەسەر پێڕەوکردنی ئەو هێڵانە ڕێک کەوتبوون... لێرەوە چەمکی قوتابخانە لای ئێمە روونتر دەبێ ئەگەر بە وشەی ڕێچکەی شیعر(الاتجاه الشعري) بگۆڕینەوە»[٢٠٧] ئەم رایەی نووسەر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە پێمان بڵێ: ئێمە قوتابخانەیەکی ئەدەبی وەک ئەوروپامان نییە.

دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێین کە دیارکردنی ئەو راستییەی کە هەر قوتابخانەیەک یان ڕێبازێکی ئەدەبی بەپێی بارودۆخی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی تایبەتی هەر میللەتێک سەر هەڵدەدات، ئەم راستییە بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە قوتابخانەیەکی ئەدەبی وەک قوتابخانە ئەدەبییەکانی میللەتانی ئەوروپامان نییە، چونکە ئێمە دەبێ لەو روانگەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین کە هەموو میللەتانی ئەوروپاش لایەنە جۆر بەجۆرەکانی بارودۆخی ژیانیان کتومت وەک یەک نییە تا ئەمە ڕێمان پێ بدات بڵێین قوتابخانەی ئەدەبییان هەیە، بەڵکو ئەو میللەتانە و میللەتی کوردیش هەموو لەوەدا یەک دەگرنەوە کە چوارچێوەی گشتی ئەو قوتابخانە ئەدەبییانە لای ئەو میللەتانە یەک شتە سەرباری بوونی ئەو خاسیەتە تایبەتییانەی کە لە ئەنجامی بارودۆخی ژیانی تایبەتی هەر میللەتێک دروست دەبێت و سیما تایبەتییەکانی ئەدەبی هەر میللەتێک دیار دەکات.

ئینجا لە ڕێگای دیارکردنی شوێنی (کامەران موکری) لە بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، کە بە خاوەنی قوتابخانەیەکی شیعری دادەنێت[٢٠٨]، لەم ڕێگایەوە بیروڕای (د. بەسیر)مان سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر بۆ دەردەکەوێت. لە رووی شێوەی هونەرییەوە باسی چەند مەسەلەیەک دەکات، لە بارەی زمانی شیعرەوە و پاککردنەوەی زمان لە وشەی بێگانەو بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پەتی پەسەند دەکات و لە رووی کێشی شیعرەوەش گەڕانەوە بۆ کێشی بڕگەیی بە سیمایەکی گرنگی شیعری نوێدا دادەنێت ئینجا خۆ رزگارکردنی شاعیر لە پەیڕەوکردنی یەکێتی قافیە و رووکردنە جووت قافیە بە سیمایەکی تر لە سیماکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دادەنێت[٢٠٩]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دیارترین

٢٠٧- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦و٢٧.

٢٠٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

٢٠٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٨ و ٣٩.



خاسیەتەکانی شیعری نوێی کوردی بە زمانە کوردی پەتییەکە و کێشی بڕگەیی و جووت قافیە دیار دەکات و لە رووی ناوەڕۆکیشەوە لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆر پێ لەسەر ئەو پەیوەندییە دادەگرێت کە شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە و ئەرکی شیعر لە رەنگدانەوەی کێشە سەرەکییەکانی ژیانی میللەت و ئێش و ئازارەکانیدا دەبینێت و لەم ڕێگایەوە مانا سادەکەی ئیلتیزاممان بۆ دیار دەکات کە خۆی لەخۆ بەستنەوەی شاعیر بە بەرەی گەل دەنوێنێت[٢١٠].

بایەخدان بە لێکۆڵینەوە و باسکردنی ڕێبازەکانی ئەدەبی کوردی لای (عەلائەدین سەجادی) لەو باسەدا دەبینرێت کە لە بارەی بەراوردکردنی نێوان شیعری کۆن و نوێیەو تیایدا باسی خاسیەتەکانی ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیک دەکات کە یەکەمیان بە (ئەدەبی پەیڕەو)و دووەمیان بە (ئەدەبی داهاتوو)[٢١١] ناو دەبات.

(سەجادی) گۆڕانی ئەدەبی کوردی هەر بەگشتی دەبەستێتەوە بە گۆڕانی ژیان و ئەو پەیوەندییە پتەوە دیار دەکات کە بە یەکتریان دەبەستێتەوە ئینجا کە باسی گۆڕانی ئەدەبی کوردی دەکات لە ڕێبازی کلاسیکەوە بۆ ڕۆمانتیک ئەمە بە ئەنجامێکی راستەوخۆی کارتێکردنی ئەدەبیاتی وڵاتانی تر لەسەر ئەدەبی کوردی دادەنێت و لە پاشاندا دوای دیارکردنی هۆی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعری کۆن و نوێ دیار دەکات و لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەرچی هاتنە پێشەوەی شیعری نوێ بە ئەنجامی پێویستی چێژ و زەوقی سەردەمە نوێیەکە دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم ئەدەبی کۆنیش رەت ناکاتەوە هەر لەم روانگەیەوەش سەرجەم ئەدەبی نوێ پەسەند ناکات[٢١٢].

(سەجادی) لە ڕێگای باسکردنی قوناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی، باسی مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعری کوردی کردووە. لە سەرەتادا سەرنجی بۆ زمانە کوردییە پەتییەکەی (پیرەمێرد) راکێشاوە[٢١٣] ئینجا ڕۆڵی هەریەک لە (شێخ نوری) و (گۆران) لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی دیارکردووە و دەستی

٢١٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٠-٣٧.

٢١١- بڕوانە: ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی مەعارف-بەغدا، ١٩٦٨، ل٥٥-٦٧.

٢١٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤ و ٦٧ و ٣٠٠.

٢١٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣.

لەسەر ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانە داناوە کە ئەم شاعیرانە لە پاڵ زمان و شێوەی دەربڕینی شیعر بەسەر کێش و قافیە و ناوەڕۆکی شیعری کوردییان داهێناوە[٢١٤].

کەواتە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین بوونی ئەم باس و لێکۆڵینەوانە لە بارەی ڕێبازەکانی ئەدەبی کوردی لە ساڵانی شەستەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە باس کردن و لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە لەو ماوەیەدا بایەخێکی گەورە و سەرنج ڕاکێشەری پێدراوە و بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوە و نووسینە ڕەخنەییەکانی ئەو ماوەیە بوون کە زۆر جار وەک بابەتی سەربەخۆ هەندێ جاریش لە ڕێگای باسکردنی بابەتە ئەدەبییەکانی ترەوە باس کراون و بوونەتە کەرەسەی چەند کتێب و نامیلکە و بەشێکی دیاری ئەو وتارانەی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو دەکرانەوە.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ شتێکی گرنگ ڕابکێشین ئەویش ئەوەیە کە بایەخدان بە ڕێبازە ئەدەبییەکان وەک بابەتێکی دیار و سەرنج ڕاکێشەری لێکۆڵینەوە و نووسینە ڕەخنەییە کوردییەکانی ساڵانی شەستەکان بۆتە هۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا بەرهەمێکی ئەدەبی کە لە نووسینی چەند شاعیر و نووسەرێک بوو، لە شێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا هەر بە ناوی (ڕێباز)[٢١٥] دەربچێت. دیارە ناونانی ئەم بەرهەمەش بەم ناوە هەر خۆی لە خۆیدا بەڵگەی هاتنە پێشەوەی بایەخدانە بە ڕێبازە ئەدەبییەکان وەک بابەتێکی سەرەکی مەیدانی لێکۆڵینەوە و نووسینە ڕەخنەییەکانی ساڵانی شەستەکان.

هەروەها لایەنێکی تری ئەو چالاکییە ڕەخنەییەی لە شەستەکاندا هەبوو لە نووسینی ئەو پێشەکییانەدا دەردەکەوێت کە شاعیر و نووسەران بۆ دیوانە شیعرییەکانیان دەنووسی و چەند سەرنجێکی ڕەخنەییان لە بارەی چەند مەسەلەیەکی شیعری دەربڕیوە.

یەکێک لەو مەسەلانەی کە لەو پێشەکییانەدا بایەخێکی زۆری پێدراوە باسکردنی مەسەلەی ئیلتیزامە لە ڕێگای دیارکردنی ئەرکی شیعر. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو نووسەر و شاعیرانەی باسی ئەم مەسەلەیەیان کردووە لە ڕوانگەی یەک بۆچوونەوە پێیان لەسەر ئەو پەیوەندییە پتەوە داگرتووە کە شاعیر بە ژیانی کۆمەڵ و نەتەوە

٢١٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤-٣٣٢.

٢١٥- ڕێباز، نووسینی: ئاوارە، ئەمین میرزا کەریم، مەدهۆش، جەمال شاربازێڕی، ئەنوەر قەرەداغی، شێخ جەعفەر حسێن بەرزنجی، کۆکردنەوەی. ڕەئوف مەعروف، لە بڵاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاوێژ، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٨.



دەبەستێتەوە و ئەرکی شیعریان بە دیارکردنی کەم و کوڕی و گیروگرفتەکانی ژیان و چارەسەرکردنیان دیارکردووە[٢١٦].

هەروەها مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی بایەخی پێدراوە، مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکە، کە گرنگی هەردووکیان لە پێکهاتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا دیار کراوە ئەگەرچی هەندێ جاریش هەست بەوە کراوە کە پارسەنگی بایەخدان زیاتر خراوەتە سەر یەکێکیان بەڵام بێ ئەوەی لە نرخی لایەنەکەی تریان کەم کردبێتەوە[٢١٧].

کەواتە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ساڵانی شەستەکان چەند وتار و نووسینێکی کەمی لێ دەربچێت کە توندوتیژییان پێوە دیاربوو و لایەنی مەوزووعییان تیادا فەرامۆش کرابوو و لایەنێکی دواکەوتووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان پیشان دەدات، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی زۆریەی زۆری لێکۆڵینەوە و نووسینە ڕەخنەییەکانی ئەو ماوەیە پەیڕەوی شێوازێکی مەوزووعییان کردووە و چەند پسپۆڕ و شارەزایەکی مەیدانی ئەدەبی کوردی بە چەند نووسینێکی گرنگ کە سیمای پەیڕەوکردنی بنەما زانستییەکانی لێکۆڵینەوەیان پێوە دیار بوو هاتنە پێشەوە. جا لە کاتێکدا ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ساڵانی شەستەکان لە بارێکی چاکدا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەو ڕایە هەر لە ئارادا بوو کە ئاماژەی نەک هەر بۆ باری دواکەوتووی ڕەخنە، بەڵکو نکۆڵیشی لە بوونی ڕەخنەی لە ئەدەبی کوردیدا دەکرد.

لەم ڕووەوە خستنە ڕووی چەند بیروڕایەک ڕاستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دیار دەکات.

٢١٦- بڕوانە: کوردایەتی، کامل ژیر، چاپخانەی(نەجاح)، بەغدا، ١٩٦٠، پێشەکییەکەی بە پێنووسی، جەمال نەبەز، ل٧ و ٨. سۆزی دەروون، کاکەی فەللاح، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: کاکەی فەللاح، ل٣. دیاری و یادگار، عثمان شاربازێڕی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: عثمان شاربازێڕی، ل٤. دیاری و یادگار، خورشیدە بابان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٩، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: ئاوارە، ل٤.

٢١٧- بڕوانە: ئازادی و ژیان، کەریم شارەزا، چاپخانەی وەفا، بەغدا، ١٩٦٠، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: عەبدولڕەزاق محەمەد (بیمار). بتی شکاو، عەبدوڵڵا پەشێو، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، ١٩٦٨، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: د.مارف خەزنەدار، ل٥-٧، کۆشی ئارام، سەعدوڵڵا پەرۆش، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، ١٩٦٩، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: محەمەد حەسەن مەنگوڕی، ل٧.

(موحەرەم محەمەد ئەمین) دوای ئەوەی پەرەسەندنی چەمکی رەخنە دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە لەو مانایە دەرچووە کە تەنها پلار و توانج تێگرتن و گاڵتە پێکردن بێ، دێتە سەر دیارکردنی باری رەخنەی ئەدەبی کوردی و دەڵێ: «... سەرەڕای ئەوەش کە تا ئێستا رەخنەگرێکی ئەوتۆمان تیا هەڵنەکەوتووە لە رەخنەدا قاڵ بووبێ و شارەزایەکی تەواوی هەبێ و پرۆگرامێکی هەبێ لەسەری بڕوا، بگرە هەموو ئەو رەخنانەی تا ئێستا لە رۆژنامەکانماندا لە بەرهەمی ئەدەبی گیراوە لەسەر تامی خۆی (ذوقي شخصي) بووە یا (شەلم کوێرم ناپارێزم) دراوە بەسەر یەکدا»[٢١٨] ئەمەش باری دواکەوتووی رەخنەی ئەدەبی کوردیمان لە سەرەتای شەستەکاندا پیشان دەدات و ئەوە دەردەخات کە رەخنە لە چەند بیروڕایەکی خودی بەولاوە شتێکی تر نەبووە. جا ئەگەر ئەم رایە لە سەرەتای شەستەکاندا پەسەند بکرێت و تا رادەیەک رووی راستەقینەی باری دواکەوتوویی رەخنەی ئەدەبی کوردیمان بۆ دیار بکات، بەڵام دەبینین لە کۆتایی شەستەکانیشدا، سەرباری ئەو پەرەسەندنەی بە سیمای نووسینە رەخنەییەکانەوە دیار بوو، ئەو رایە هەر لە ئارادا بوو کە نکۆڵی لە بوونی رەخنەیەکی راستەقینە لە ئەدەبی کوردیدا دەکات هەروەک لەم رایەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ: «ئێمە لە دەست نەبوونی رەخنەوە دەناڵێنین... ئەوەی کە جار جارەش دەبینرێت... رەخنە نییە بەڵکو رایەکی تایبەتییە پشت بە هیچ بنچینەیەکی ئەدەبی یان فیکری نابەستێت...»[٢١٩] لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەم رایە سەرباری ئەوەی لە دوای ناوەڕاستی شەستەکان باسی باری دواکەوتوویی رەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات و لە چەند رایەکی تایبەتی زیاتری دانانێت. ئەگەر ئەم رایە لە سەرەتای شەستەکاندا کە بە سیمای ئەو نووسینە رەخنەییانەوە دیار بوو کە لەو ماوەیەدا بڵاو دەکرانەوە، ئەوا لە ناوەڕاستی شەستەکان بە دواوە بەهۆی ئەو پەرەسەندنەی بواری لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردی بەخۆیەوەی بینی، پەسەند ناکرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو رایەی لە بارەی رەخنەی ئەدەبی کوردییەوە هەبوو لەگەڵ واقیعی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا یەکی نەگرتۆتەوە و نەیتوانیوە رووی راستەقینەی باری رەخنەی ئەدەبی کوردی پیشان بدات.

بۆ سەلماندنی راستی ئەو ئەنجامەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە پێی گەیشت، کە لە سەرەتای

٢١٨- رەخنەی ئەدەبی، موحەرەم محەمەد ئەمین، ر: ژین، ژ: ١٥٨٤، س: ٣٦، ١٦-٦-١٩٦١، ل١.
٢١٩- ازمة النقد الادبي الكردي، حسین محمد سعید، جریدة التآخي، العدد، ٣٢٨، السنة الثانیة، ٢-٨-١٩٦٨، ص٣.



شەستەکانەوە دەستی پێکرد و تا کۆتایی هاتنی بەردەوام بوو، دەتوانین ئەو رایەی (خالد دلێر) بە بەڵگە بهێنینەوە کە تەواو لەگەڵ ئەو ئەنجامەی ئێمەدا یەک دەگرێتەوە کاتێک دەڵێ:

«... لە سەرەتای شەستەکانەوە، ئەدەبی کوردی، بە هەموو بەشەکانیەوە تووشی مەیین و بەستن و خەوتن هات... ئەم بارە درێژەی کێشا هەتا دوادوای شەستەکان، واتە پێش ساڵی (١٩٧٠)، کە لەو ساڵانەدا، وێژەی کوردی دەستی بەجم و جۆڵ و بووژانەوە کردەوە و سەرەتای تەوژم و گوڕێکی تازەی ئەدەبی دەرکەوت»[٢٢٠]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بزووتنەوە رەخنەییە چالاکەی لە حەفتاکاندا دەرکەوت سەرەتای خۆشکردنی زەمینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکان، بەڵام تەقینەوەکە لە سەرەتای حەفتاکاندا دەرکەوت. کە خۆی لەو بزووتنەوە ئەدەبییەدا نواند کە بە ئەدەبی (ڕوانگە) ناسرا.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە رەخنەی ئەدەبی کوردی لە حەفتاکاندا لە ئەنجامی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی روانگە گەورەترین چالاکی بە خۆیەوە بینی و رەنگدانەوەی ئەم چالاکییەش بە شێوەیەکی دیارو سەرنج راکێشەر لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (هاوکاری)دا دەبینرا.

پشتگیری کردنی رۆژنامەی (هاوکاری) لە بزووتنەوەی (ڕوانگە) هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی بزووتنەوەکە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیاندا لەسەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیەدا دەبینرێت و[٢٢١] لەگەڵ بووژانەوەیاندا دەبێت و بەردەوام دەبێت تا کز بوون و بێدەنگ بوونیان. ئەگەرچی شاعیر و نووسەرانی روانگە سێ ژمارەیان لە گۆڤارێک دەرکرد بەناوی (ڕوانگە)[٢٢٢] و زۆربەی بەرهەمەکانی خۆیان لەو گۆڤارەدا بڵاو دەکردەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو چالاکییە رەخنەییەی کە لە ئەنجامی بزووتنەوەکەیان سەری هەڵدا و خۆیانیش لایەنێکی ئەو چالاکییەیان پێک دەهێنا، ئەوا لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (هاوکاری)دا بوو.

٢٢٠- هەندێ وتار و چاوپێکەوتنی وێژەیی، خالد دلێر، ل٨١.
٢٢١- بڕوانە: بانگەوازێک لە روانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە، شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، - کاکە مەم- جەمال شارباژێڕی-جەلال میرزا کەریم - کەمال رەئوف محەمەد، ر: هاوکاری ژ: ١٥، ٢٥-٤-١٩٧٠.
٢٢٢- بڕوانە: روانگە: ژ: ١و٢و٣، ١٩٧٠-١٩٧٢.

سەرنجدانێکی ورد لەو وتارو نووسینانەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو دەکرایەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەوانەی لەسەر ڕوانگەیان دەنووسی دوو بەرەی جیاوازیان پێکدەهێنا: بەرەیەکیان پشتگیری لە ڕوانگە دەکرد و بەرەیەکیان دژی بوو.

ئەوانەی لەگەڵ ڕوانگەدا بوون و بەرگرییان لێدەکرد بە پلەی یەکەم شاعیر و نووسەرانی ڕوانگە خۆیان بوون لە پاڵ چەند شاعیر و نووسەرێکی تری ئەو ماوەیە کە دیارترینیان شێرکۆ بێکەس و حوسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم و کاکە مەم بۆتانی و عەبدولسەلام محەمەد و ئەنوەر شاکەلی و محەمەد حەمە باقی و عەبدوڵڵا عەباس و چەند کەسێکی تر بوون، بەڵام ئەوانەی دژی ڕوانگە بوون و بە توندی ڕەخنەکانیان ئاراستە دەکردن ئەوا چەند شاعیر و نووسەر و شارەزایەکی مەیدانی ڕەخنە و ئەدەبی کوردی بوون کە دەتوانین بڵێین دیارترینیان (فوئاد قەرەداغی و فازڵ مەلا مەحموود و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و کەمال میراودەلی و فوئاد مەجید میسری و محەمەدی مەلاکەریم) و چەند شاعیر و نووسەرێکی تر بوون. سەرنجدانێکی ورد لە سروشتی دروستبوونی ئەو کێشەیەی لەو ماوەیەدا لە نێوان ڕوانگەییەکان و ئەوانەی دژی ڕوانگەیان دەنووسی، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هۆی سەرەکی کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەو پێودانگەی کردبوویانە بناغەی بنیاتنانی ڕەخنەکانیان لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە دروست ببوو کە ئەویش بنجی لەسەر بیروڕاکانی مارکس و لینین و ماوتسی تونگ داکوتا بوو و بە (پێوانەی سیاسی)یان ناو دەبرد.

لە ڕاستیدا ئەو پێودانگە ڕەخنەییەی لەو ماوەیەدا کرابووە بناغەی بنیاتنانی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەدەبی ڕوانگە دەکرا بیروڕای جیاوازی لەسەر دروست ببوو.

(فوئاد قەرەداغی) کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕەخنەگرانە دێت کە لە حەفتاکاندا دەستێکی باڵایان لە نووسینی ڕەخنەدا هەبوو، لە بارەی ئەو فەلسەفەیەی کە پێویستە بکرێتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەڵێ: «بە ڕای من لێکۆڵینەوە لە هەر ڕێبازێکی ئەدەبی و هەڵوێست وەرگرتن لێی پێویستە لەبەر تیشکی سەرەتاکانی تیۆری مارکسی- لینینی بێت»(٢٢٣). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بیروڕایانەی لەسەر بناغەی فەلسەفەی مارکسییەوە سەرچاوەیان دەگرت ئەو بیروڕایانە تاکە پێوەرێک بوون

٢٢٣- ئەدەب و هەندێ بنچینەی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنە گرتن، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٣، ٩-٩-١٩٧٢، ل٣.



کە دەکرانە سەنگی مەحەک بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کە دیارە ئەم بەزۆر سەپاندنەش لەگەڵ سروشتی خودی ئەدەبدا هەر لە بنەڕەتدا ناکۆکە، بۆیە دەبینین هەر لەو ماوەیەدا لە بارەی ئەو پێودانگە سیاسییەی لە لایەن چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکەوە لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا پشتگیری لێدەکرا، لەلایەن چەند ڕایەکی ترەوە بەرهەڵستی کرا.

یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی زۆر بە توندی پێی لەسەر پێودانگە سیاسییەکەدا دەگرت (فوئاد قەرەداغی) بوو کە لەم ڕووەوە دەڵێ: «پێوانەی سیاسی بۆ بەرهەمی ڕێبازە ئەدەبییەکان، و بۆ نوێنەرانی ئەم ڕێبازە ئەدەبییانە دەستنیشان کردنی شوێنی ڕاوەستانیان، ڕوانینێکی چەند لایەنی بۆیان، هەڵسەنگاندنیان لەسەر جۆری هەڵوێستیان لە شۆڕش و خەباتی گەل، باشترین هۆیەکە بۆ یەکخستن و سازدانیان لە ریزی خەباتی جەماهیری گەلە چەوساوەکەماندا دژی دوژمنەکانی، و لە هێنانەکایەی ئەدەبی نوێی کورد»(٢٢٤). هەروەها لەبەر چاوگرتنی ئەم پێودانگە لەلایەن (فازڵ مەلا مەحموود) کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «ئەمەوێ... دەستی ڕەخنە بخەمە سەر لایەنە ئەساسییەکانی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکانی، کە تا ئێستا بایەخی تەواوی پێ نەدراوە لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ڕوانگەییەکانا»(٢٢٥). هەر لە ڕووی هەمان بۆچوونەوە پەسەند کردنی ئەم پێودانگە لەلایەن (محەمەدی مەلا کەریم) کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ «چاوچێوەی وتارەکەی فازڵ لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی ڕوانگە لە بارەی سەرنجی سیاسی و چینایەتییەوە و، پێودانگی منیش بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمی ڕوانگە و بۆ هەر دیاردەیەکی تری ناو کۆمەڵ هەر ئەوەیە...»(٢٢٦).

سەرجەم ئەم بیروڕایانە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە بایەخ تەنها بەلایەنێکی بەرهەمە ئەدەبییەکان دراوە و تەنها گرنگی ناوەڕۆک لەبەرچاو گیراوە و لە ڕوانگەیەکی یەک لایی تەسکەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکان کراوە. دیارە ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی پاڵیان بە (شێرکۆ بێکەس)ەوە ناوە ئەگەرچی بە تەواوی ئەم پێودانگە ڕەت نەکاتەوە بەڵام پشتگیرییەکی تەواویشی لێنەکات بۆیە لەم ڕووەوە بۆ ئەوە دەچێت کە

٢٢٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٢٢٥- ڕوانگە یان ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست؟، فاضل مەلا مەحمود، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢، ل٣.

٢٢٦- ئەمجارە لەگەڵ برادەر فاضل مەلا مەحمود، محەمەدی مەلا کەریم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦-٨-١٩٧٢، ل٣.

«بەرهەمی ئەدەبی یەک رەنگ و بەرگ ناپۆشی دنیایەکەشی بە تەنیا بریتی نییە، لە یەک دوو ناوی سنوور بۆ کێشراو. پاڵەوانێکیش بە تەنیا هەموو ژیانی، دیوی ناوەوە و دەرەوەی هەر بریتی نییە لە پاڵەوانێتی و بەس...»[227] ئینجا بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «بەڵێ بەستنەوەی مەسەلەی ئەدەبیمان بە لایەنی سیاسییەوە کارێکی پیرۆزە، بەڵام... ئەو ئەدیبە گەورە و بلیمەتانەی تا ئەمڕۆ، دنیای ئەدەب ناسیونی، ئەو ئەدیبانەن، لە دوو رەنگ و سێ رەنگ زیاتریان دۆزیوەتەوە... ئێمە ئەمانەوێ تەماشای ئەم دنیایە لە هەموو لایەکەوە بکەین»[228]. ئەمەش پەسەند نەکردنی پشت بەستن تەنها بە پێودانگە سیاسییەکە دەردەخات، بۆیە دەبینین (فوئاد قەرەداغی) دوای ئەوەی لە سەرەتادا -هەروەک لە پێشەوەدا بینیمان- تەنها تەئکیدی لەسەر پێودانگە سیاسییەکە دەکرد ئەمجارە لە لایەکەوە بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنی رایەکەی پێشووی و لە لایەکی تریشەوە وەک وەڵامێک بۆ (شێرکۆ بێکەس) بۆ ئەوە چوو کە «هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە دوو پێوانەی بۆ بکرێت، پێوانەیەکی سیاسی و پێوانەیەکی هونەری. ئەم دوو پێوانەیە دوو لای یەک مەسەلە پێک دەهێنن کە ئەویش رەخنەگرتنی ئەدەبییە. بۆیە بەیەکەوە گرێ دراون و یەک کار ئەکاتە سەر ئەویتر»[229]. ئینجا بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستی و دیارکردنی گرنگی هەردوو پێوانەکە دەڵێ: «نە پێوانەیەکی سیاسی بەتەنها هەڵسەنگاندنێکی راست و دروستی ئەو بەرهەمانە ئەداتە دەست وە نە پێوانەیەکی هونەری رووتیش هەڵسەنگاندنێکی تەواو ئەدات بە دەستەوە. بۆیە چاکترین هەڵسەنگاندن بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوەیە کە نرخی هەردوو لای سیاسی و هونەری پێکەوە دابنرێت»[230]. ئەمەش بۆچوونێکی راست و دروستە، چونکە شێوەی هونەری و ناوەڕۆک بە دوو رووی یەک شت دادەنێت و وەک دانەیەکی یەکگرتوو تەماشای بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکات، دیارە هەر لەسەر بناغەی ئەم جۆرە بۆچوونەش (کەمال میراودەلی) بیروڕای خۆی لە بارەی ئەو پێودانگەی پێویستە لە پرۆسەی

227- روانگە و... کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی یەکەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٩، ١٢-٨-١٩٧٢، ل٣.

228- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

229- روانگە و تەرازووی ویژدان، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٥، ٢٣-٩-١٩٧٢، ل٧.

230- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



رەخنەگرتندا لەبەرچاو بگیرێت بەوە دیار دەکات کە «هیچ شتێکی راست نییە کە هەندێ سەرەتای سیاسی و ئایدیۆلۆژی وەربگرین و بیکەین بە پێوانە بۆ نرخ دانان بۆ ئەدەب»[231]. ئینجا هۆی ئەم هەڵوێستەشی کە خۆی لە پەسەند نەکردنی خۆ بەستنەوە بە پێودانگە سیاسییەکەدا دەنوێنێت کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «رەخنە بەلای منەوە خۆی لە خۆیدا هونەرێکە و لایەنی داهێنان (ابداع)ی زیاترە لە لایەنی بەدواکەوتن (اتباع)»[232] ئەمەش بە رەتکردنەوەیەکی راستەوخۆی ئەو بیروڕایانە دادەنرێت، وە بەتایبەتی لەلایەن روانگەییەکان کە رەخنە لای زۆربەیان تەنها شوێنکەوتنی ئەو بیروڕایانە بوو کە نووسەر یا شاعیر لە ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا دەریان دەبڕن.

سەرنجدانێکی ورد لەو وتارانەی دژی روانگە بڵاودەکرایەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو وتارانە وەنەبێ هەموویان یەک گرنگییان هەبێ لە رووی باسکردنی ئەو مەسەلانەی تایبەت بە تاقیکردنەوە شیعرییە نوێیەکەیان بوو، بەڵکو لە سەرەتادا ئەو وتارانە لە چەند سەرنجێکی گشتیدا رادەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەو شاعیر و نووسەرانەیان دیار دەکرد بە گوێرەی ئەو بیروڕایانەی لە بانگەوازەکەیاندا لە سەرەتای بزووتنەوەکەیاندا بڵاویان کردبۆوە. لەم رووەوە (عەبدولڕەزاق بیمار) لە سەرنجێکی گشتیدا لە بارەی روانگەوە دەڵێ: «بانگەوازەکەیان بە پەلە و لەناکاو بوو، چونکە تا ئێستا لە مەیدانی نموونەکارییەوە، نموونەیەکی لە خەڵک بەدەریان پێ نەداوین، قەڵایەکی تازەیان نەگرتووە کە پێویست بە دەرکردنی بەلاغێکی مارش ئامێز بکات»[233]. ئینجا نەگونجانی داواکانی شاعیر و نووسەرانی روانگە لەگەڵ واقیعی دواکەوتووی ژیانی میللەتی کورد دیاردەکات کاتێک دەڵێ: «گەلی کورد تا ئێستا هۆڵێکی شانۆ و مۆسیقای نییە و کەرەستەی چاپ و بڵاوکردنەوەی نییە... ئیتر کام دامودەزگای هەڵتەکێنین و لە کام کەلاوە لە رووی شێوەی ناوەڕۆکیا بوەستین»[234].

هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) هەر لە بارەی هەلومەرجی دەرکردنی بانگەوازەکەی روانگەو جۆری ئەو بیروڕایانەی دەریان بڕیبوو دەڵێ:

231- بیروڕایەک دەربارەی ئەدەب و رەخنە، ئامادەکردنی: رەفیق صابر، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٢، ١٧-١١-١٩٧٢، ل٧.

232- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

233- بانگەوازی روانگە، عەبدولرەزاق بیمار، ر: هاوکاری، ژ: ١٧، ٩-٥-١٩٧٠، ل٤.

234- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

«شەش هاوڕێی ئەدیب بانگەوازێکی پەلەی بە تەم و مژی نادیاریان بڵاوکردەوە کە کوت و مت لە زیقە و هاواری چەن چۆلەکەیەکی بەندکراو ئەچێ... نیشـانەی هەڵەشەیی و بێ ئاگایی، زۆر ئاشکرا لە بانگەوازەکەیانا نیشان دراوە[٢٣٥]. ئینجا بەپێی تێگەیشتنی خۆی لەسەر بناغەی رەتکردنەوەی کۆن لەلایەن روانگەییەکانەوە هێرشێکی توندی کردۆتە سەریان و ئەو راستییەی دەرخستووە کە هەموو شتێک لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، بەڵام گۆڕان و پەرەسەندن مانای رەتکردنەوەی سەرجەم کۆنەکە ناگەیەنێت، بۆیە بۆ سەلماندنی راستی ئەم بۆچوونەی بۆ ئەوە چووە کە «راستە هەموو شت لە گۆڕان دایە و ئەبێ قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش بڕوا. بەڵام ئایا ئەم گۆڕانە ئەبێ لەسەر ئێسک و پروسکی کۆن بێ... ئەبێ پێشکەوتن و سەرخستنی هەموو بابەتێکی ژیان، لەسەر بناغەی رابردوو بێ»[٢٣٦]. ئەمەش جۆری تێڕوانینی نووسەرمان بەرامبەر بە ئەدەبیاتی کۆن بۆ دەردەخات و تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە نوێکردنەوەی شیعر دەبێ لەسەر بناغەی ئەدەبیاتی کۆن بنج دابکوتێ و لەوییەوە سەرچاوە بگرێت.

هەروەها (تەڵعەت سامان) لەسەر بناغەی دیارکردنی هەڵوێستی بەرامبەر بە کۆن جیاوازی نێوان یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی دیار دەکات و لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یاخیبوون بە کارێکی بەرەڵڵاو ئاژاوە دادەنێت و روانگەییەکان بەوە تاوانبار دەکات کە «...ئەوان لە قۆناغێکی (بیر)ی دان ئەتوانین بڵێین، قۆناغی هەرزەکاری بیرە»[٢٣٧].

بەڵام ئەو وتارانەی لە سەرەتادا دژی روانگە دەنووسران و شێوە باسکردنێکی سادەیان پێوە دیار بوو و لە چەند رایەکی گشتی سەبارەت بە روانگە و بانگەوازەکەی رەتی نەدەکرد، پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە رێگای بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانەی روانگەییەکان خۆیان دەیاننووسی و وەڵامدانەوە بوون بۆ ئەو وتارانەی دژیان دەنووسرا.

لە راستیدا بڵاوکردنەوەی وتارەکانی دژ بە روانگە و وەڵامدانەوەیان لەلایەن روانگەییەکان گفتوگۆیەکی ئەدەبی دەوڵەمەندی لەسەر ئەو مەسەلانە دروست کرد کە

٢٣٥- هەمدیس دەربارەی بانگەوازەکەی روانگەی ئەدەبی کوردی نوێ، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ر: هاوکاری، ژ: ٢٢، ١٣-٦-١٩٧٠، ل٤.

٢٣٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

٢٣٧- دەربارەی روانگە، تەلعەت سامان، ر: هاوکاری، ژ: ٤٣، ٣١ی تشرینی یەکەم، ١٩٧٠، ل٧.



شاعیرو نووسەرانی روانگە لە بانگەوازەکەیان و بەشێک لە ناوەڕۆکی ئەدەبەکەیاندا دەریان بڕیبوو. ئەو پەرەسەندنەش لەو وردبوونەوە و قوڵبوونەوەیەدا دەردەکەوێت کە بە جۆری باسکردنی ئەو مەسەلە ئەدەبییانەدا دەبینرا کە پەیوەندی بە ئەدەبی روانگەوە هەبوو، وە بەتایبەتیش ئەو مەسەلانەی تایبەت بە ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان بوو.

ئینجا لە ئەنجامی نووسینی ئەو وتارانەی دژی روانگە دەنووسراون و لەلایەن روانگەییەکان و ئەو شاعیر و نووسەرانە وەڵام دەدرایەوە کە پشتگیرییان لێدەکردن، دوو بەرە دروست بوو هەریەکەیان لە باری سەرنجی تایبەتی خۆیەوە باسی ئەو مەسەلانەی دەکرد کە پەیوەندی بە ئەدەبی روانگەوە هەبوو.

(حسێن عارف) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ڕوانگە لە بانگەوازەکەوە تا ئێستا) هێرشێکی توند دەکاتە سەر سەرجەم ئەو نووسینانەی -لە ماوەی نۆ مانگدا- دژی روانگە بڵاوکرابۆوە و دوای ئەوەی ئەوە دەردەخات کە ئەو نووسینانە هیچ کامێکیان لەسەر بنچینەیەکی زانستی رەخنەکانیان ئاراستەی روانگە نەکردووە، لە کۆتایی وتارەکەیدا لە شێوەی هەڕەشە کردنێک بەرامبەر ئەوانەی لە دژایەتی کردنی روانگە بەردەوام دەبن دەڵێ: «ئەوەشی رێگەی پلار و تیر و توانج و پاشقوڵ گرتنمان لەگەڵدا ئەگرێتەبەر و کوتەکمان لێ ئەگرێت بە دەستەوە، گروکفی کاریگەری لاوێتی خۆمانی لێ ئەخەینە کارو یەک بە دووی لەگەڵدا ئەکەین»[٢٣٨].

دیارە نووسەر و رەخنەگرانی ئەو سەردەمە بەرامبەر بەو هەڕەشەیە بێدەنگ نابن بۆیە (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) بە وتارێک لە وەڵامی (حسێن عارف)دا لە بارەی روانگەییەکان دەڵێ: «کاتێک بانگەوازەکەی روانگەی ئەدەبی نوێی کوردی پێش نۆ مانگ لەمەوبەر بڵاوکرایەوە زۆر لە خوێندەواران و ئەدیبان ئەم رووداوەیان بە جووڵانەوەیەکی نوێ زانی لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام جووڵانەوەیەکی سەرگەرمانەی خاوەن بە کەفوکوڵی هەستی لاوێتییەکی بەتین بوو»[٢٣٩]. ئینجا نووسەر لە رێگای باسکردنی مەسەلەی یاخیبوون هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی کۆن و نوێ لە ئەدەبدا دیار

٢٣٨- روانگە لە بانگەوازەکەوە تا ئێستا، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٤٨، ٥ی کانوونی یەکەم، ١٩٧٠، ل٢.

٢٣٩- تیشکێ بۆ سەر روانگە، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ر: هاوکاری، ژ: ٥١، ٢٦-١٢-١٩٧١، ل٣

دەكات و لە رووی ئەو بۆچوونەوە تەماشای دەكات كە دەبێ بە چاوێكی بەرزەوە تەماشای بكرێت. ئینجا باسی هەڵوێستی روانگە بەرامبەر بە مەسەلەی كۆن و نوێی شیعر دەكات و بۆ ئەوە دەچێت كە روانگەییەكان بە تەواوی كۆن رەت دەكەنەوە، بۆیە بە بۆچوونی خۆی بیروڕاكانی (حوسێن عارف) بە پاشگەز بوونەوە دادەنێت بەرامبەر بەو بیروڕایانەی پێشتر لەگەڵ شاعیر و نووسەرانی تری روانگەدا لە بانگەوازەكەیاندا دەریان بڕیبوو.

(لەتیف هەڵمەت) لە چاوپێكەوتنێكدا لەسەر بناغەی باسكردنی جۆری تێگەیشتنی روانگە لە یاخیبوون رەخنەیەكی توندیان لێدەگرێت و دەڵێ:

«روانگە (هێلكەیەكی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا) پێشڕەوەكانی روانگە ئەیان وت (ئێمە یاخیین) لەگەڵ ئەوەشا یاخی نەبوون... من نازانم ئەوان لە چی یاخی ئەبن... لە سامانی كۆن یاخی نابن... لە ئێستا یاخی نابن... لە پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكان یاخی نابن...لە دروشمە رامیارییەكان یاخی نابن... لە شێوە و داڕشتنی هۆنراوە و چیرۆكی كۆن یاخی نابن... ئەی لە چی یاخی ئەبن...؟»[٢٤٠]. ئەم رایەی (هەڵمەت) بە ئاشكرا دیارە شێواندنێكی بە ئەنقەستی رووی راستی ئەم مەسەلەیەیە، چونكە سیما نوێیەكانی تاقیكردنەوەكانی شاعیر و نووسەرانی روانگە لە شوێنی خۆیا ئەوە دەسەلمێنن تا چ رادەیەك لە ئەدەبیاتی پێش خۆیان لایان داوە و بە پێی پێداویستییەكانی قۆناغی سەردەمە نوێیەكان گوزارشتیان لە چ ناوەڕۆكێك كردووە و بە چ شێوەیەك ئەو ناوەڕۆكەیان دەربڕیوە.

ئەم بیروڕایانەی (لەتیف هەڵمەت) لەلایەن نووسەرێكەوە بەناوی (كاوە) رەت كرایەوەو نووسەر تیایدا وەك بەرگرییەگ لە روانگە لە چەند رایەكی ئاڵۆز و شپرزەدا بیروڕای خۆی سەبارەت بە یاخیبوون دیار دەكات و ئەوە دەردەخات كە یاخیبوون گەلێك دیمەنی هەیە و چەند شێوەیەكی جیاواز وەردەگرێت هەندێ جار بە مانایەكی سەلبی و خراپ دێتو هەندێ جاریش لە كارێكی چاك و ئیجابیانەدا خۆی دەنوێنێت[٢٤١].

لە ناو ئەو وتارانەی كە لەو ماوەیەدا دژی روانگە دەنووسرا، دەتوانین بڵێین ئەو وتارەی

---

٢٤٠- «هاوكاری»و یەكێتی نووسەرانی كورد- لقی كەركوك، هیوا شوان، ر: هاوكاری، ژ: ٤٤، ٤ی كانوونی یەكەمی، ١٩٧١، ل٧.

٢٤١- بڕوانە: كاتی یاخی بوون لە قسە نەترازێ، كاوە، ر: هاوكاری، ژ: ٤٦، ١٨-١٢-١٩٧١، ل٣ و ٥ و ٧.



(فازڵ مەلا مەحموود) كە لە ژێر ناوی (ڕوانگە یان ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست؟)دا بڵاوی كردەوە، ئەم وتارە بووە هۆی هاتنە نووسینی كۆمەڵە وتارێكی تر چ لە شێوەی وەڵامدانەوەیەكی راستەوخۆی ئەم وەیان وەڵامێكی تری ئەو وتارانەی وەڵامی نووسینەكەی ئەم بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەم وتارەی (فازڵ مەلا مەحموود) وەك سەرئەنجام بنچینەی ئەو چالاكییە رەخنەییە سەرنج راكێشەرەی پێكهێنا بوو كە ژمارەیەك لە شاعیر و نووسەرانی ئەو ماوەیە بەشدارییان تیادا كردبوو و لای هەندێكیان شێوەی رەخنەیەكی مەوزووعی دەنواند و لای هەندێكیشیان تەواو لە مەوزووعیەتی لادەدا و لە چەند رایەكی توندوتیژ بەولاوە تێپەڕی نەدەكرد.

(فازڵ مەلا مەحموود) لەم وتارەدا دوای ئەوەی ئەو پێوانە سیاسییە دیار دەكات كە لێیەوە دەڕوانێتە هەموو ئەو مەسەلانەی كە پەیوەندییان بە ئەدەبی روانگە هەبوو، دێتە سەر باسكردنی بەشێكی دیار لەو مەسەلانەی روانگەییەكان باسیان لێوە دەكرد كە دەتوانین بڵێین دیارترینیان بریتی بوو لە باسكردنی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆك كە نووسەر سەرباری ئەوەی گرنگی هەردووكیانی دیار كردووە، بەڵام پارسەنگی بایەخدانی زیاتر خستۆتە سەر ناوەڕۆك و پێی لەسەر پێویستی رەخساندنی هەموو شتێك بۆ خزمەتكردنی ناوەڕۆكەكە داگرتووە. ئینجا لای لە باسێكی تر كردۆتەوە ئەویش چۆنیەتی دەربڕینی ناوەڕۆكی بەرهەمە ئەدەبییەكانە بە شێوەیەكی وا سادە و رەوان كە لە ئاستی تێگەیشتنی زۆربەی زۆری جەماوەردا بێت، بە پێچەوانەی روانگە كە هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەدەب بە دەستەیەكی هەڵبژاردەی كۆمەڵ ببەستنەوە ئەویش چینە رۆشنبیرەكە بوو. ئینجا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر پەسەند نەكردنی تەم و مژی لە شیعردا دیاردەكات و لەسەر بناغەی برەودانی روانگە بە تەم و مژی رەخنەیەكی توندیان ئاراستە دەكات و لە وڕێنە بەولاوە بەشتێكی تری دانانێت. وە لە بارەی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆكی ئەدەبی روانگەی پێك دەهێنا رەخنەكانی ئاراستەی ئەوە كردبوو كە روانگەییەكان ئاوڕیان لە مەسەلەی چەوسانەوەی چینایەتی نەداوەتەوە و باسی جوتیار و كرێكار و ئێش و ئازارەكانی مرۆڤی رەش و رووتی كۆمەڵی كوردیان نەكردووە، بەڵكو خۆیان بە باسكردنی گیروگرفتی بچووكو بێ بایەخ خەریك كردووە و بەلای گیروگرفتە بنچینەییەكاندا نەچوونە. ئینجا كە دێتە سەر مەسەلەی یاخیبوون لە شۆڕشگێڕێتی جیاكردۆتەوە و لە پوختەی بیروڕاكانیدا یاخیبوونی بە كارێكی ناپەسند داناوە بەهۆی پشت بەستنی بە دەستەیەكی هەڵبژاردەی كۆمەڵ و باوەڕ نەبوونی بە سەرجەم هێزی گەل لە كاتێكدا شۆڕش بە خەباتی هەموو گەل

دادەنێت. ئەمە جگە لەوەی یاخیبوون بە کارێکی بێ ئەنجام دادەنێت لە کاتێکدا شۆڕشگێڕێتی بەهۆیەک دادەنێت بۆ گۆڕانە بنچینەییەکانی کۆمەڵ. لە پاشاندا لا لە باسکردنی چەند مەسەلەیەکی گرنگی تر دەکاتەوە کە لە ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی ئەو ماوەیەدا باس دەکرا کە گرنگترینیان باسی ئایین و سێکس و ئافرەت بوو تا لە کۆتایی وتارەکەیدا ئەوە دەردەخات کە چاکترین ڕێباز بۆ ئەدەبی کوردی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستییە و لەسەر بناغەی پەسەندکردنی ئەم ڕێبازە ڕەخنە توندوتیژەکانی ئاراستەی ڕوانگە دەکات و هەر بە پێی باوەڕی پتەوی بەم ڕێبازە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی کۆن و نوێ دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەدەبی ڕەسەن ئەو ئەدەبەیە کە لەسەر بناغەی سوود وەرگرتن لە لایەنە چاکەکانی ئەدەبە کۆنەکە بنیات دەنرێت[٢٤٢].

ئەو مەسەلانەی (فازڵ مەلا مەحموود) لە وتارەکەیدا باسی کردبوون لە پاشاندا لە چەند وتارێکدا لە نێوان خۆی و (محەمەدی مەلا کەریم)[٢٤٣]دا تەوەرەی ئەو باس و گفتوگۆیانەی پێکهێنا کە لە شێوەی وەڵامدانەوەی یەکتردا خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە و سەرجەم بیروڕاکانیان بە پێی پێوانە سیاسییەکە لە چوارچێوەی گشتیدا یەکی گرتبۆوە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی هەریەکەیان باس کرابوون و لێیان کۆڵرابۆوە. جا ئەوەی لەو کۆمەڵە وتارەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە وەک سەرئەنجام دوای مشتومڕێکی زۆر هەردوو نووسەرەکە دوای دروستبوونی ئەو کێشە توندەی کە ڕوانگە سەر بە کام بەرەی گەلە، لەگەڵیایەتی یا دژیەتی، لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەردووکیان پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە ڕوانگە سەر بە بەرەی گەلە.

هەروەها (کەمال میراودەلی) لە وەڵامی وتارەکەی (فازڵ مەلا مەحموود) و پێداچوونەوەکەی (محەمەدی مەلا کەریم)دا، دوای ئەوەی بیروڕای خۆی سەبارەت بەو

٢٤٢- بڕوانە: ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست؟ فاضل ملا مەحمود، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢، ل٣و٧.

٢٤٣- بڕوانە: چوونەوەیەک بە وتاری: ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستدا، محەمەدی مەلا کەریم، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٧، ٢٩-٧-١٩٧٢، ل٣و٧.

- سەرنجێک لە پیاچوونەوەکەی کاک محەمەدی مەلا کەریم، فاضل ملا مەحمود، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٩، ١٢-٨-١٩٧٢، ل٣و٧.

- ئەمجارە لەگەڵ برادەر فاضل ملا مەحمود، محەمەدی مەلا کەریم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦-٨-١٩٧٢، ل٣و٧.



پێوەدانگە دیاردەکات کە دەبێ بکرێتە بناغە لە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا کە ئەویش لەبەرچاوگرتنی لایەنی ناوەڕۆک و شێوەی هونەرییە بیروڕای خۆی سەبارەت بە چەند مەسەلەیەک دەردەبڕێت. یەکێک لەو مەسەلە گرنگانە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعرە کە هەوڵی داوە لە ڕووی بۆچوونێکی جیاوازەوە باسیان بکات کە دەبینین گرنگییان بەوە دیار دەکات کە تا چ ڕادەیەک یەکگرتنی ئەم دووانە دەبێتە هۆیەک بۆ بوونی توخمێکی تر ئەویش (جەماهیریەت)ە[٢٤٤]. دیارە مەبەستی نووسەر لێرەدا ئەوەیە کە نە شێوەی هونەری بە تەنیا گرنگە و نە ناوەڕۆک، بەڵکو گرنگییان لەوەدایە کە ژمارەیەکی گەورە لە جەماوەر لە بەرهەمە ئەدەبییەکە بگەن و خواست و پێویستییەکانی خۆیان تیادا ببینن. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە کە نووسەر ویستوویەتی وەک خستنە سەرێکی تازە بۆ مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆک بیخاتە ڕوو، بۆچوونێکی ئاڵۆز و شپرزەیە و لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەدەب بە خزمەتکردنی گەورەترین ڕێژە لە کۆمەڵانی خەڵک دەبەستێتەوە و ئەو پەیوەندییە لە ڕادەی خۆبەستنەوەی شاعیر بە جەماوەر و ڕەنگدانەوەی ژیانیان و نزیکبوونەوەی لە ئاستی تێگەیشتنی زۆربەیاندا دیار دەکات کە دیارە ئەم مەسەلەیەش بەو شێوە موتلەقە وەرناگیرێت و مەسەلەیەکی ڕێژەیی (نسبی)یە، چونکە بە پێی دید و بۆچوونی تایبەتی شاعیر و نووسەران دەگۆڕێت و لە ڕووی باری سەرنجی جیاوازەوە تەماشای دەکرێت. ئینجا لە وەڵامی ئەو ڕایەی (فازڵ مەلا مەحموود)دا کە تیایدا ڕەخنە لە ڕوانگە دەگرێت بەوەی کە باسی چەوسانەوەی ئێش و ئازاری چینی چەوساوەی جوتیارانی کورد ناکەن، (میراودەلی)وەک بەرگرییەک لە شاعیرانی ڕوانگە ئەوە دەردەخات کە لە لایەکەوە هۆیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو شاعیرانە زیاتر لایان لە باسکردنی ئەو گیروگرفتانە کردۆتەوە کە لە شاردا هەبوون و باسی ئەو کەسانەیان کردووە کە لەگەڵیاندا ژیاون و لە لایەکی تریشەوە هۆیەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ جۆری ئەو هۆشیارییەی کە زیاتر هۆشیارییەکی نەتەوەیی بوو نەک چینایەتی و ئەوە دەردەخات کە لە چوارچێوەی باسکردنی مەسەلە نەتەوایەتییەکە خزمەتی چینی چەوساوەی کوردیشیان کردووە[٢٤٥]. ئینجا باسی مەسەلەی ئیلتیزام دەکات و خۆبەستنەوەی شاعیر بە بەرەی

٢٤٤- ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست؟، کەمال میراودەلی، بەشی یەکەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٥، ٢٣-٩-١٩٧٢، ل٣.

٢٤٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧. هەروەها بڕوانە: ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست؟، کەمال میراودەلی، بەشی دووەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٦، ٣٠-٩-١٩٧٣، ل٣.

گەل و خزمەتکردنی لە ڕێگای بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکان بە پێوەری ئیلتیزام بوونی شاعیر دادەنێت[٢٤٦].

لە پاشاندا لا لە مەسەلەیەکی گرنگ دەکاتەوە ئەویش مەسەلەی خۆشەویستی و جنس و چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئافرەت. کە لەم ڕووەوە مەسەلەی دڵداری و جنس بە شتێکی ڕەوا و سروشتی ژیانی مرۆڤ دادەنێت و لە ڕوانگە مرۆڤایەتییەکەوە تەماشای ئافرەت دەکات و ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی بۆ دیار دەکات کە لە سەنگەری خەباتدا لە پێناو مافە ڕەواکانی میللەتدا شان بە شانی پیاو دەیگێڕێت[٢٤٧].

دەتوانین بڵێین پێداگرتنی (کەمال میراودەلی) لەسەر دیارکردنی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردییان پێک هێناوە ئەوە دەردەخەن کە ویستوویەتی جۆری ئەو پەرەسەندنە دیار بکات کە بەسەر جۆری بابەتەکانی ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردیدا هاتووە. شایانی باسە کە ئەم وتارەی (کەمال میراودەلی) لەلایەن (محەمەدی مەلا کەریم)ەوە وەڵام درایەوە بە پێی پێودانگە سیاسییەکە بەرگری لە هەمان ئەو بیروباوەڕانە کردووە کە پێشتر سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە ناوەڕۆکی شیعری دەربڕیبوون و لەم ڕووەوە نابینین شتێکی تازەی خستبێتە سەر بیروڕاکانی پێشووی ئینجا لە سەرنجێکی گشتیدا نووسینەکەی (میراودەلی) بە نووسینێکی ئاڵۆز و نادیار لە قەڵەم دەدات و پێ لەسەر هەمان بۆچوونەکانی جارانیدا دەگرێت سەبارەت بەو مەسەلانەی خستبووینە بەر باس و لێکۆڵینەوە[٢٤٨].

بەڵام فراوانترین لێکۆڵینەوە کە لەسەر وتارەکەی (فازڵ مەلا مەحموود) نووسرابێ، ئەو زنجیرە وتارەیە کە (شێرکۆ بێکەس) لە ژێر ناوی (ڕوانگە و...کوێرە ڕەخنە) لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا لە شەش زنجیرە وتاردا بڵاوی کردەوە و وەڵامی هەموو بیروڕاکانی (فازڵ مەلا مەحموود)ی دایەوە بەدوور و درێژی ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە لە بارەی ئەو مەسەلانەی دەربڕیبوو کە لە بانگەوازەکەی ڕوانگە و ناوەڕۆکی ئەدەبەکەیاندا هاتبوو.

---

٢٤٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٤٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣ و ٧.

٢٤٨- لەگەڵ کاک میراودەلیشدا دوو وشەم هەیە، محەمەدی مەلا کەریم، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٠، ٢٨-١٠-١٩٧٢، ل٣ و ٧.



(شێرکۆ بێکەس) سەرەتای دەست پێکردنی وتارەکەی بە پەسەند نەکردنی ئەو پێودانگە سیاسییە دیار دەکات کە (فازڵ مەلا مەحموود) لە لێکۆڵینەوەکەیدا لێیەوە دەیڕوانییە ڕوانگە جا چ سەبارەت بە بانگەوازەکەیان وەیان ناوەڕۆکی ئەدەبەکەیان بێ، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «ئایا لێکدانەوەکەی کاک (فاضل) بەرامبەر بە ئەدەبی ڕوانگە لەم نووسینەدا، لەو سنوورە تەنگەبەرەوە نەهاتۆتە دەرەوە، کە تەنیا لەیەک کونەوە ئەڕوانێتە جیهانی ئەدەب لەسەر یەک خەتی بیر کردنەوە ڕاستە و ڕاست تەماشای هەموو لایەنەکانی ئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتی ناکات؟... بەرهەمی ئەدەبی، یەک ڕەنگ بەرگ ناپۆشێ...»[٢٤٩] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بناغەی ئەو هەڵوێستەی (شێرکۆ بێکەس) لەو مەترسییەوە هاتووە کە پشت بەستن تەنها بە پێودانگە سیاسییەکە دروستی دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو تەنگەبەرییەی لە بیرکردنەوەی هەر نووسەرێکدا دروست دەبێت و ئەو تێڕوانینە یەک لایییە بنیات دەنێت کە وەک سەرئەنجام زیان بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەگەیەنێت. بۆیە بە ناوی ڕوانگەوە بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم جۆرە تێڕوانینە دەڵێ: «ئێمە دەمانەوێ تەماشای ئەم دنیایە، لە هەموو لایەکەوە بکەین، هەوای پاک لە هەموو جێگەیەکدا وەرگرین، ئەسیر و دەست بەستەی قەوارەیەکی سنووردار نەبین»[٢٥٠]. ئینجا دوای ئەمە دێتە سەر دیارکردنی هەڵوێستی بەرامبەر بە چەند مەسەلەیەکی شیعری وەک ڕەتکردنەوەی ئەو شێوە دەربڕینە ڕاستەوخۆ و سادە و ساکارانەی ئاستی بەرهەمە ئەدەبییەکە دادەگرێتە خوارەوە بۆ ئاستی نووسینێکی ئاسایی بە بیانووی گەیاندنی مەبەستەکان بە شێوەیەکی ئاسان[٢٥١]. ئینجا هەر لەسەر بناغەی ئەم بۆچوونەی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لە ئەدەب دیار دەکات و ئەوە ڕەت دەکاتەوە خوێندنەوەی ئەدەب بۆ کات بەسەر بردن بێت و خوێنەر بە ئاسانی و بەبێ ئەرک کێشان لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم لێی تێ بگات[٢٥٢]. وە لە

---

٢٤٩- ڕوانگەو... کوێرە ڕەخنە، شێرکۆ بێکەس، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٩، ١٢-٨-١٩٧٢، ل٣.

٢٥٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٥١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧. هەروەها بڕوانە: ڕوانگەو.. کوێرە ڕەخنە، بەشی سێیەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦-٨-١٩٧٢، ل٣.

٢٥٢- بڕوانە: ڕوانگەو.. کوێرە ڕەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی دووەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٠، ١٩-٨-١٩٧٢، ل٣. هەروەها بڕوانە: ڕوانگەو.. کوێرە ڕەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی شەشەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٤، ١٦-٩-١٩٧٢، ل٣.

بارەی ئیلتیزامەوە بایەخ بەوە نادات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆ کێ دەنووسن؟. بەڵکو بایەخ بەوە دەدەن کە چی دەنووسن و دەیانەوێ چ پەیامێک رابگەیەنن(٢٥٣). وە لە بارەی زمانی شیعرەوە ئەوە دەردەخات کە زمان لای روانگەییەکان لەوە دەرچووە تەنها بەکارهێنانێکی سادە بێت و هۆیەک بێت بۆ لەیەکتر گەیشتن، بەڵکو بەکارهێنانێکی تایبەتی جیاوازە لە بەکارهێنانە ئاساییەکە(٢٥٤). سەبارەت بە یاخیبوونیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە یاخیبوونی روانگەییەکان یاخیبوونێکی ئیجابییە کە هەڵگری تۆوی شۆڕشەو نارەزایی دەربڕینە بەرامبەر بە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک و کەموکورییەک کە لە ژیانی میللەتەکەیاندا دەبینرا(٢٥٥). هەرچی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکە، ئەوا لەم بارەیەوە زۆر بە توندی پێ لەسەر گرنگی هەردووکیان دادەگرێت لە پێکهاتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیداو ئەوە رەت دەکاتەوە یەکێکیان لەوی تر گرنگتر بێت، بەڵکو ئەوە دەردەخات کە هەردووکیان بەقەد یەک گرنگن و تەواوکەری یەکترن و شان بەشانی یەکتر دەوەستن(٢٥٦).

ئەم زنجیرە وتارەی (شێرکۆ بێکەس) لە کۆمەڵە وتارێکدا هەر لە رۆژنامەی (هاوکاری) لەلایەن (فوئاد قەرەداغی) و لە رۆژنامەی (ژین)دا لەلایەن (فوئاد مەجید میسری) بە دوور و درێژی وەڵام درایەوە.

(فوئاد قەرەداغی)هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەشی چوارەمی وتارەکەی (شێرکۆ بێکەس) دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی خۆی کە لە سەرەتادا بە وتارێک دەستی پێکرد لەژێر ناوی (ڕوانگە و... کوێرە لێکدانەوە). ئەم وتارە هەروەک لە ناونیشانەکەیدا دیارە وەڵامێک بوو بۆ ئەو رایەی (شێرکۆ بێکەس) بەرامبەر بەو نووسینانەی دەربڕیبوو کە لەسەر روانگەیان نووسیبوو و بە کوێرە رەخنەی لە قەڵەم دابوون کە دەبینین قەرەداغیش بەرامبەر بەمە بیرورا و سەرنج و لێکدانەوەکانی ئەو بە کوێرە لێکدانەوە لە قەڵەم

٢٥٣- بڕوانە: روانگەو.. کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی دووەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٠، ١٩-٨-١٩٧٢، ل٧. هەروەها بڕوانە: روانگەو.. کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی شەشەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٤، ١٦-٩-١٩٧٢، ل٣.

٢٥٤- بڕوانە: روانگە و... کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی سێیەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦-٨-١٩٧٢، ل٣.

٢٥٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٢٥٦- بڕوانە: روانگە و... کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی پێنجەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٣، ٩-٩-١٩٧٢، ل٣.



دەدات(٢٥٧) و هەڵەی بیرورا و بۆچوونەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەشارەزایی لەو رێبازەی کە ئەو نووسەر و رەخنەگرانە لە نووسینەکانیاندا پەیڕەویان دەکرد و بریتی بوو لە پشت بەستن بە یاساکانی مەتریالیزمی دیالیکتیکی کە بنچینەی گشتی ئەو لێکۆڵینەوە و رەخنانەی پێکدەهێنا کە لەسەر روانگە دەنووسرا و لە چوارچێوەی گشتیدا لەیەکی نزیک خستبوونەوە و بناغەیەکی هاوبەشی لا دروست کردبوون سەبارەت بە هەڵوێست وەرگرتن لە روانگە کە (شێرکۆ بێکەس)ی بە هەڵەدا بردبوو و وای لێکردبوو بۆ ئەوە بچێت کە نووسەر و رەخنەگرەکان لەژێر کارتێکردنی یەکتر بیرورا و بۆچوونەکانیان - هەروەک خۆی دەڵێ: فۆتۆکۆپی یەکتر بکەن. لە کاتێکدا هەروەک (فوئاد قەرەداغی)دەری دەخات ئەو بەیەکچوونەی لە بیروڕاکانیان و ئەو یەکگرتنەوەی لە هەڵوێستەکانیاندا دەبینرا هەمووی دەگەڕایەوە بۆ بناغە ئایدیۆلۆژییەکەی ئەو رەخنەگر و نووسەرانە کە لەسەر بناغەی بیروڕا فەلسەفییەکانی مارکسی - لینینی سەرچاوەی دەگرت(٢٥٨). ئینجا (فوئاد قەرەداغی) بیروڕا و سەرنجی خۆی لە بارەی چەند مەسەلەیەکی شیعری دیار دەکات، وەک مەسەلەی تەم و مژی لە ئەدەبی روانگەو بەستنەوەی بە سروشتی ئەو ئایدیۆلۆجیایەی کە بە ئایدیۆلۆجیایەکی شێواوی دادەنێت(٢٥٩). وە لەسەر بناغەی باسکردنی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنەوە رەخنەیەکی توند ئاراستەی روانگە دەکات لەو رووەوە کە ئەدەبەکەیان تەنها ئاراستەی چینێکی هەڵبژاردەی کۆمەڵ کردووە کە چینە رۆشنبیرەکەیە و تەنها ئاستی تێگەیشتنی ئەو چینەشیان لەبەرچاو گرتووە و ئاستی تێگەیشتنی خەڵکیان بە گشتی فەرامۆش کردووە(٢٦٠). سەبارەت بە مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکیش پێ لەسەر گرنگی هەردووکیان دادەگرێ و سروشتی هەریەکەیان و رۆڵیان لە پێکهاتنی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا وەک دوو رووی یەک شت دیاردەکات(٢٦١).

٢٥٧-بڕوانە:روانگەو... کوێرە لێکدانەوە، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ:١٣٢، ٢-٩-١٩٧٢، ل٧.

٢٥٨- بڕوانە: ئەدەب و هەندێک بنچینەی زانستی بۆ لێکدانەوە و رەخنەگرتن، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٣، ٩-٩-١٩٧٢، ل٣.

٢٥٩- بڕوانە: روانگە و تەرازووی ویژدان، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٥، ٢٣-٩-١٩٧٢، ل٧.

٢٦٠- بڕوانە: رەخنەی جەماهیری و رەخنەی پسپۆڕەکان، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٨، ١٤-١٠-١٩٧٢، ل٣.

٢٦١- بڕوانە: لایەنی بنچینەیی لە یەکێتی شێوە و ناوەڕۆک، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٣، ٢٤-١١-١٩٧٢، ل٣ و ٧. هەروەها بڕوانە: بەرهەمەکانی روانگەو رەخنەی هونەری، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٢، ١٧-١١-١٩٧٢ ل٣.

هەروها (فوئاد مەجید میسری) لە زنجیرە وتارێکدا لەژێر ناوی (کوێرە ڕەخنە یان کوێرە ڕێ) وەڵامی بیروڕاکانی (شێرکۆ بێکەس) دەداتەوە و سەرجەم بۆچوون و لێکدانەوەکانی، کە بە کوێرە ڕێ دادەنێت، لەسەر بناغەی باوەڕی تەواوی بە ڕێبازی مارکسی - لینینی شی دەکاتەوە و بە ئاشکرا نووسینەکانی ڕوانگە بە زادەی بیروڕاکانی فەلسەفەی وجوودی دادەنێت[٢٦٢]. دیارە وجوودیەت و مارکسییەتیش لە ڕووی دوو بۆچوونی جیاوازەوە دەڕواننە ئەرکی ئەدەب و پەیوەندی ئەدەب بە ژیان و مەسەلەی ئیلتیزام و یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی و ...هتد.

(فوئاد مەجید میسری) لەسەر بناغەی پشت بەستنی بە ئایدیۆلۆژیا تایبەتییەکەی وەک مارکسییەک هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ڕوانگە دیار دەکات و باری سەرنجی خۆی لە بارەی چەند مەسەلەیەک دەردەبڕێت وەک مەسەلەی کۆن و نوێ لە ئەدەبدا و دیارکردنی سوود وەرگرتن لە ئەدەبی کۆن بۆ بنیاتنانی ئەدەبی نوێ و هەروەها دیارکردنی ڕۆڵی گرنگی کەلەپوور لە پێشخستن و پەرەپێدانی ئەدەبی نەتەوایەتی.[٢٦٣] و باسکردنی مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی کە دەبینین یاخیبوون بە کارێکی گێرەشێوێنی بەرەڵڵای بێ ئەنجامی دادەنێت کەچی شۆڕشگێڕێتی بە هۆیەک دادەنێ بۆ هەڵتەکاندنی بناغەی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و دەرکێشانی ڕەگ و ڕیشەی چەوسانەوە و گۆڕینی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان[٢٦٤].

هەروەها مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی بایەخێکی زۆری پێداوە مەسەلەی تەم و مژی ئەدەبە کە لەم ڕووەوە ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ئەو شێوە دەربڕینە تەم و مژییە دەکات کە لە نووسینەکانی ڕوانگەدا بینراوە دەتوانین باسکردنی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنیش بدەینە پاڵ ئەم مەسەلەیە کە لەم ڕووەوە ئەوە دەردەخات کە پێویستە شاعیر بە شێوەیەک ئەدەبەکەی دەربڕێت کە لە ئاستی تێگەیشتنی زۆربەی خەڵکدا بێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ئاراستەکردنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان و

---

٢٦٢- بڕوانە: کوێرە ڕەخنە یان کوێرە ڕێ، فوئاد مەجید میسری، ر: ژین، ژ: ٨٩، ١٢-١٠-١٩٧٢، ل٣ و ٤.

٢٦٣- بڕوانە: کوێرە ڕەخنە یان کوێرە ڕێ، فوئاد مەجید میسری، ر: ژین، ژ: ٨٦، ٢١-٩-١٩٧٢، ل٣ و ٨.

٢٦٤- بڕوانە: کوێرە ڕەخنە یان کوێرە ڕێ، فوئاد مەجید میسری، ر: ژین، ژ: ٨٨، ٥-١٠-١٩٧٢، ل٦.



چاککردنی باری ژیانیان، کە دیارە ئەم هەموو ئەرکەش ئەگەرچی بارگرانی دەخەنە سەر ئەدەب، بەڵام مەبەستی ڕەخنەگر ئەوە بووە پێ لەسەر ئەو پەیوەندییە پتەوە دابگرێت کە ئەدەب بە ژیان دەبەستێتەوە و ئەرکی ئەدەب لە خۆبەستنەوەی بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دیار دەکات و گەیشتنیش بەم مەبەستە، بە پێی بۆچوونی خۆی بەستراوەتەوە بەو شێوە دەربڕینە سادەیەی بە ئاسانی ناوەڕۆکی ئەدەبەکە بە جەماوەر ڕادەگەیەنێت[٢٦٥].

لە پاشاندا ئاوڕ لە چەند بابەتێکی تر دەداتەوە وەک جۆری باسکردنی مەسەلەی چەوسانەوەی جوتیاران و ئافرەت و تێڕوانینی لە بارەی مەسەلەی جنس، کە لەم ڕووەوە بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆی بەوە دیاردەکات کە ڕوانگەییەکان وەک بۆرژوازییەک بیریان لە ئافرەت دەکردەوە و بە هۆیەکیان دادەنا بۆ چێژ لێوەرگرتن و ڕووتکردنەوەی لە هەموو سیفەتێکی مرۆڤایەتی، لە کاتێکدا لە سەر بنچینەکانی بیروڕای مارکسییەت گۆڕینی باری نا هەمواری ئافرەت و ڕزگارکردنی بە نەهێشتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەبەستێتەوە کە ئافرەتی بە ئامێرێک دادەنا بۆ چێژ لێوەرگرتن و بەرهەم هێنانی منداڵ[٢٦٦]. ئینجا لایەنە دژ و ناکۆکەکانی بیروڕاکانی (شێرکۆ بێکەس) دیار دەکات سەبارەت بەوەی کە لە لایەکەوە بە بیانووی ئەوەی کە لەگەڵ جووتیاراندا نەژیاون توانای ئەوەیان نییە باسی ئێش و ئازارەکانیان بکەن و خۆیان لە مەسەلەی چەوسانەوەیان بدەن و لە لایەکی تریشەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی مایەی بایەخپێدانیانە ئاوڕدانەوەیە لە مەسەلەی چینی چەوساوە و ڕەش و ڕووتی میللەتی کورد[٢٦٧]. ئەمەش بە ئاشکرا گوزارشت لە بیروڕایەکی شپرزە و بێ سەر و بەر دەکات، چونکە مەسەلەی چینی چەوساوەی کورد چ لە شار یان لە گوند بێت یەک مەسەلەیە و کەرتکردنی بۆ نییە.

جگە لەو نووسین و وتارە ئەدەبیانەی لە شێوەی وەڵامدانەوەی یەکتردا بوون، هەروەها چەند شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرێک، دوور لەو نووسین و وەڵامانە بە نووسینی چەند وتارێکی ڕەخنەیی بەشدارییان لەم چالاکییە ڕەخنەییەدا کرد کە سەبارەت بە ڕوانگە

---

٢٦٥- بڕوانە: کوێرە ڕەخنە یان کوێرە ڕێ، فوئاد مەجید میسری، ر: ژین، ژ: ٨٤، ٧-٩-١٩٧٢، ل٣و ژ: ٨٥، ١٤-٩-١٩٧٢، ل٣ و ژ: ٩٠، ١٩-١٠-١٩٧٢، ل٦.

٢٦٦- بڕوانە: کوێرە ڕەخنە یا کوێرە ڕێ، فوئاد مەجید میسری، ر: ژین، ژ: ٩٠، ١٩-١٠-١٩٧٢، ل٣.

٢٦٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

دروست ببوو، جا ئەو نووسینانە هەندێکیان بەرگرییان لە روانگە دەکرد و هەندێکیشیان دژی بوون.

لەناو ئەو دەستەیەی بەرگرییان لە روانگە دەکرد، دەبینین چەند وتارێک گرنگییان بەوە داوە جۆری ئەو جەماوەرە دیاری بکەن کە ئەدەبەکەی ئاراستە دەکرا و باسکردنی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنیش هەر لە پاڵ ئەو مەسەلەیە باس کراوە. جا هەر چەندە ئەمە بابەتێکی هاوبەشی چەند وتارێکی پێکدەهێنا بەڵام لە رووی باری سەرنجی جیاوازەوە باس کرابوو. بۆ نموونە (جەلالی میرزا کەریم) و (کاکە مەم بۆتانی) کە هەردووکیان سەر بە دەستەی روانگە بوون، بەڵام لە رووی دوو بۆچوونی جیاوازەوە باسی ئەم مەسەلەیان کردووە، چونکە لە کاتێکدا( جەلالی میرزا کەریم) بۆ ئەوە دەچێت کە ئەدەب دەبێ ئاراستەی زۆربەی زۆری جەماوەری خەڵک بکرێت و چەکێک بێت بەدەست جەماوەر بۆ خزمەتکردنی ژیانیان[٢٦٨] ، (کاکە مەم بۆتانی) لە رووی بۆچوونێکی ترەوە بۆ ئەوە دەچێت کە ئەدەب پێویستە ئاراستەی چینێکی هەڵبژاردەی کۆمەڵ بکرێت ئەویش چینە رۆشنبیرەکەیە و تەنها ئاستی تێگەیشتنی ئەو چینەش لەبەرچاو بگرێت[٢٦٩] .

سوود وەرگرتنی شاعیر و نووسەرانی روانگە لە کەلەپووری کۆن بۆ بنیاتنانی ئەدەبی نوێ لای (تەها سەعید) کاتێک دەردەکەوێت کە باسی جۆری ئەو مامەڵەکردنە دەکات کە لەسەر بناغەی سوود لێوەرگرتنەوە بنیات نرابوو[٢٧٠] . کە ئەمەش بە رای نووسەر هەڵوێستی ئیجابییانەی روانگە بەرامبەر بە کەلەپووری نەتەوایەتی دیار دەکات.

هەر لە رووی هەمان بۆچوونی سوود لێ وەرگرتنەوە (عەبدوڵڵا عەباس) باسی تێڕوانینی شاعیر و نووسەرانی روانگە بەرامبەر بە مەسەلەی کۆن و نوێ دەکات. ئینجا لەپاڵ ئەمە لا لە چەند مەسەلەیەکی تر دەکاتەوە وەک مەسەلەی تەمومژی و تێگەیشتن و تێنەگەیشتن و ئیلتیزام و یاخیبوون و چەند مەسەلەیەکی تر. لە بارەی مەسەلەی تەم و مژییەوە، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم جۆرە تەم و مژییە دەستکردەی شیعر دەکاتە

٢٦٨- بڕوانە: ئەوانەی لە بانگەوازەکە ناگەن، جەلال میرزا کەریم، ر: هاوکاری، ژ: ٢٥ ، ٢٧-٦-١٩٧٢ ، ل٤.

٢٦٩- بڕوانە: چەند وتەیەک بۆ ئاسۆی ئەرخەوانی، کاکە مەم بۆتانی ر: هاوکاری، ژ: ٤ ، ١٠-١-١٩٧١ ، ل٥ .

٢٧٠- بڕوانە: سەرنجێک دەربارەی روانگەی ژمارە یەک، تەها سەعید ر: هاوکاری، ژ: ٢١ ، ٢٦-٦-١٩٧١ ، ل٣ .



مەتەڵێک بەوە دیاردەکات کە پێویستە شیعر لە گرانی تێنەگەیشتن دوور بخرێتەوە و چاکترین رێگاش بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە دەربڕینیەتی لە قاڵبێکی هونەری گونجاو بە شێوەیەک بە ئاسانی بگەیەنرێتە جەماوەر[٢٧١] . وە لە بارەی مەسەلەی ئیلتیزامەوە لەسەر بناغەی دیارکردنی ئەو پەیوەندییە پتەوەی ئەدەب بە سیاسەت دەبەستێتەوە، وە بەتایبەتی بەهۆی بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی میللەتی کورد ئەو بۆچوونە رەت دەکاتەوە کە هەوڵی ئەوە دەدات ئەدەب لە سیاسەت دوور بخاتەوە بەو بیانووەی نزیکبوونەوەی ئەدەب لە سیاسەت لایەنی داهێنان کز دەکات[٢٧٢] . ئەوەی راستی بێ چاوپۆشی لەوە ناکرێت کە رەنگدانەوەی سیاسەت لە ئەدەبدا مەترسی خۆی هەیە کاتێک دەبێتە چەند دروشمێکی زەق و زیاتر بەلای پڕوپاگەندەدا دەشکێتەوە، بەڵام ئەو بۆچوونەی (عەبدوڵڵا عەباس) بە راست دەزانین و لەگەڵیدا یەک دەگرینەوە کاتێک پێ لەسەر خودی ئەو پەیوەندییە پتەوە دادەگرێ کە سیاسەت بە ئەدەب دەبەستێتەوە و رەنگدانەوەی لەناو ئەدەبیاتدا بە شێوەیەک دیار دەکات کە ئەودیوی واقیعی ژیانی میللەتی کورد رەنگڕێژ دەکات بە شێوەیەک بێ ئەوەی ناوی بهێنرێت هەست بە رەنگدانەوەی دەکرێت. سەبارەت بەیاخیبوونیش ئەوا بەهەڵوێستی رۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕی دادەنێت کە لە ئەنجامی هەستکردنی بەنەگونجانی دیوی ناوەوەی دەروونی و دیوی دەرەوەی واقیعەکەیدا دروست دەبێت و لە دواییدا پەرە دەسێنێت بۆ ئەو شۆڕشەی واقیعە نالەبارەکەی لە بنەڕەتەوە هەڵدەتەکێنێت[٢٧٣] .

هەر لە بارەی یاخیبوونەوە (عەبدولسەلام محەمەد) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هۆیەکە لە هۆیەکانی تەقینەوە و هەڵشاخان بەڕووی تەوقە رزیوەکان بۆ گەیشتن بەو سەربەستییەی خەونی راستەقینەی هەموو کوردێکی دڵسۆز دەنوێنێت[٢٧٤] .

لەناو سەرجەم ئەو وتارانەی بەرگرییان لە روانگە دەکرد، ئەو مەسەلانەی تایبەت بە ئەدەبی روانگە بوون و بە شێوەیەکی چاک و پەسندکەر رووی گەشی ئەو ئەدەبەی دیار دەکرد، بەرامبەر بەمە لەناو ئەو وتارانەی دژی روانگە دەنووسران هەر هەمان ئەو مەسەلانە

٢٧١- بڕوانە: هۆنراوەی نوێ ژیان و تاقیکردنەوە و هەڵوێست لە رۆژ ژمێری (١٩٧١)دا عەبدوڵڵا عەباس، ر: هاوکاری، ژمارەی تایبەتی، ١-١-١٩٧٢ ، ل٢٦ .

٢٧٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧ .

٢٧٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧ .

٢٧٤- بڕوانە: خەو و هۆنراوە و یاخی بوون، عەبدولسەلام محەمەد، ر: هاوکاری، ژ: ٢٩ ، ٢١-٨-١٩٧١ ، ل٦ .

لەپاڵ چەند مەسەلەیەکی تر، لەڕووی تێڕوانین و بۆچوونێکی جیاوازەوە خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

(بەکر حوسێن) لە وتارێکی رەخنەیی توندوتیژدا باسی چەند مەسەلەیەک لە بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی روانگە دەکات. سەبارەت بە مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکەوە دوای ئەوەی رۆڵی سەرەکی دەداتە ناوەڕۆک گرنگی شێوەی هونەریش دیار دەکات چ لە رووی رێگرتن لە پەرەسەندنی ناوەڕۆکی ئەدەبدا یان لە ئەنجامدانی ئەو پەرەسەندنەدا[٢٧٥]. لە بارەی مەسەلەی ئیلتیزامیشەوە خۆ شاردنەوەی روانگەییەکان لەم مەسەلەیە لەو هەڵوێستەدا دەبینێت کە لە بێ لایەنیدا دەیاننواند[٢٧٦]. هەرچی تەم و مژی و تێگەیشتن و تێنەگەیشتنە ئەوا رای خۆی لەم رووەوە کاتێک دیار دەکات کە هێرش دەکاتە سەر ئەدەبەکەیان لەو رووەوەی بەرهەمەکانیان دەبەستەوە بە ئاستێکی دیاریکراو لە تێگەیشتن کە لە ئاستی تێگەیشتنی جەماوەری خەڵک بە گشتی بەرزتر بوو و لە کۆتایی نووسینەکەیدا بە ناوی خۆی و خوێنەرانەوە داوای بەرهەمێک دەکات کە لێی تێبگەن[٢٧٧].

(فوئاد مەجید میسری) لە رێگای رەخنەگرتنی لە چەند شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس) هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە چەند مەسەلەیێک دیار دەکات. وەک مەسەلەی کۆن و نوێ لە ئەدەبدا کە دژی ئەو بۆچوونە دەوەستێت کە سەرجەم ئەدەبی کۆن رەت دەکاتەوە، بەرامبەر بەمە لە رووی بۆچوونی سوود لێ وەرگرتنەوە هەڵوێست بەرامبەر بە ئەدەبی کۆن وەردەگرێت و داوای سوود وەرگرتن لەلایەنە چاکەکانی ئەو ئەدەبە دەکات و بە توندی پێ لەسەر گرنگی پشت بەستن بە لایەنە چاکەکانی ئەدەبە کۆنەکە دادەگرێ[٢٧٨]. کە باسی یاخیبوونیش دەکات بە کارێکی ترسناکی دادەنێت کە ئەنجامێکی ترسناکی لێ چاوەڕوان دەکرێ و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی گیانی ورە بەردان و تەمبەڵی[٢٧٩]. ئینجا بایەخ و

٢٧٥- بڕوانە: چەند تێبینی و سەرنجێکی رەخنەگرانە لەسەر روانگەو هەندێ لە بەرهەمەکانی، بەکر حوسێن، ر: هاوکاری، ژ: ١٠٧، ١١-٣-١٩٧٢، ل٣.

٢٧٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٧٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٧٨- بڕوانە: ناوەڕۆک لە چەند نموونەیەکی شیعریدا، فوئاد مەجید میسری، ر: هاوکاری، ژ: ١١٩، ٣-٦-١٩٧٢، ل٣.

٢٧٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.



گرنگی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بە رادەی گەیاندنی بەرهەمەکەی بە زۆربەی زۆری جەماوەری خەڵک و بە تایبەتی بە چینی جووتیار و کرێکار دەبەستێتەوە و لەم رووەوە ئەوە دەردەخات کە بەرزی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تەنها لە بەرزی لایەنە هونەرییەکەیدا نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە رادەی تێگەیشتنی لە لایەن خەڵکەوە[٢٨٠].

هەروەها بایەخدان بە مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شێوەی هونەری لای شاعیرانی روانگە لە چەند وتارێکی کەمدا دەبینرێت کە دیارترینیان وتارێکی (فوئاد مەجید میسری)یە لەژێر ناوی (سەرنجێک لە رواڵەتی شیعری تازە)دا کە تیایدا باسی یەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی شیعری ئەو ماوەیە دەکات ئەویش زۆری بەکارهێنانی هونەری خواستن (استعارە)یە لە شیعردا بە شێوەیەکی بێ تام و زیاد لە پێویست بە جۆریک وای لە نووسەر کردووە بڵێ: «ئەتوانم بڵێم شێوەی زۆری ئەو بەرهەمانە لە چەند کۆمەڵە وشەیەکی بەیەکاچووی خواستەمەنی بەولاوە شتێکی ئەوتۆ زیاتر نییە[٢٨١]». ئینجا بۆ روونکردنەوەی مەبەستی ئەوە دەردەخات کە وەنەبێ بەکارهێنانی ئەم هونەرە پەسەند نەکات، بەڵکو پەسەند نەکردنی شێوە بەکارهێنانە فراوانەکەیەتی کە لە ئاکامدا پاڵی بە نووسەر وەناوە مەترسییەکانی ئەم شێوە بەکارهێنانە بەوە دیار بکات کە «... بەکارهێنانی ئیستعارە بەو شێوەیە و بەو جۆرە، ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئەدەبێکی تا بڵێی لاوازە... دیارە ئەم چەشنە ئوسلووبە لە رووی رواڵەتەوە کەلێنێک پڕ ناکاتەوە ئەگەر چەند کەلێنێکی تر پەیدا نەکا»[٢٨٢]. ئەم رایانەی (فوئاد مەجید میسری) لەلایەن (سامی شۆڕش)ەوە وەڵام درایەوە و بە توندی رەت کرایەوە. جا لە سەرەتادا وەک راستکردنەوەیەک بۆ هەڵەی تێگەیشتنی (میسری) لە بارەی هونەری خواستنەوە دەڵێ: «ئەمەوێ کاک فوئاد ئەوە بزانێ کە (استعارە)ی وشە و تەعبیر لە عیلمی بەلاغەتدا نییە، بەڵکو هونەرێکی زمانەوانی هەیە پێی ئەوترێ (استعارە) کە بە هۆی وشەوە وێنەیەکی شیعری دروست ئەکات بۆ دەربڕینی حاڵەتێک یان واقیعێکی دیاریکراو». [٢٨٣] ئینجا دوای ئەوەی خواستن بە هۆیەک دادەنێت لای شاعیر بۆ دەربڕینی

٢٨٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٨١- سەرنجێک لە رواڵەتی شیعری تازە، فوئاد مەجید میسری، ر: هاوکاری، ژ: ١١٤، ٢٩-٤-١٩٧٢، ل٣.

٢٨٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٨٣- سەرنجێک لە: سەرنجێک لە رواڵەتی شیعری تازە، سامی شۆڕش، ر: هاوکاری، ژ: ١١٥، ٦-٥-١٩٧٢، ل٣.

تاقیکردنەوەکەی لە بەرگرییەکی بەهێزدا بۆ ڕەتکردنەوەی ڕایەکەی پێش خۆی بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە شیعری نوێدا دەڵێ: «کەواتە... شاعیری تازەی کورد. لە نەزانین و بێ دەسەڵاتییەوە ڕوو لە ئیستیعارە ناکات. بەڵکو بە شیاوترین شێوەی ئەزانێ بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی واقیعە پڕ ئەشکەنجەکەی بگرێتە خۆی»(٢٨٤). ئەم دوو بۆچوونە سەرباری ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا دەبینرێت، بەڵام شتێکی گرنگمان بۆ دەردەخات ئەویش ئەو بایەخپێدانەیە بە یەکێک لە خاسیەتە هونەرییەکانی شیعر کە لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، وە بەتایبەتی لە بارەی ڕوانگەوە، بەدەگمەن نەبێ ئاوڕی لێ نادرێتەوە.

هەروەها (ئەحمەد تاقانە) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ) لە مەسەلەیەکی گرنگی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعری ڕوانگە دەکۆڵێتەوە ئەویش مەسەلەی کێشی شیعرە و لەم ڕووەوە ئەوە دەردەخات کە شتێکی تازە بابەتیان دانەهێناوەو هەرچییەکیان کردبێ بەردەوامی تاقیکردنەوەکانی شاعیرانی پێش خۆیانە(٢٨٥).

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ مەسەلەیەکی گرنگ ڕابکێشین ئەویش ئەوەیە کە ئەو چالاکییە ڕەخنەییەی لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگە پەیدابوو، ئەو چالاکییە زۆر بە زەقی لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٧٢) دەبینرا، ئیتر لەمە بەدواوە، واتە دوای ئەم سێ ساڵە، بەرەو کزی چوو تا وای لێهات ئەگەر جاروبار لە وتارێک یان لە چاوپێکەوتنێکدا باسی لێوە کرابا(٢٨٦)، دەنا بە دەگمەن نەبێ بەلایدا نەدەچوون، چونکە چاوخشاندنێک بە ڕەوتی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ساڵانی

---

٢٨٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٨٥- بڕوانە: ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ، ئەحمەد تاقانە، ر: هاوکاری، ژ:٣٥، ٢-١٠-١٩٧٢، ل٣ و٧

٢٨٦- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:- وتووێژێکی واڵا دەربارەی ئەمڕۆ و ئەدەب و ژیان، ئەحمەد ڕێبوار، ر: هاوکاری، ژ: ١٨٠، ١٧-٨-١٩٧٣، ل٦و٧.

- دگەل تورفانەکی دی، ژ نڤیسینا. ئەنوەر محەمەد تاهیر، ر: هاوکاری، ژ: ١٨٦، ٢٨-٩-١٩٧٣، ل٥. -ئەدەبی ڕوانگەو هەنگاوەکانی، عیزەدین ڕەزا، گ: بەیان، ژ: ٨، ١٩٧٣، ل٣-٥.
- شاعیری نوێ، کەمال میراودەلی، گ: بەیان، ژ: ٨، ١٩٧٣، ل١٧.
- ئەم ڕوانگانە لە چوار پرسیارداو ئاوڕدانەوەیەک لە شیعری ئەمڕۆمان، ر: بیری نوێ، ژ: ١٩٥، ٦-١٢-١٩٧٦، ل٥ و ٧.
- چاوگێڕانێک بە ڕەوتی بزووتنەوەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، کەمال غەمبار، بەشی یەکەم و دووەم، ر: بیری نوێ، ژ: ٢٤٩ و٢٥٠، ١٦-٧-١٩٧٧ و ٢٢-٧-١٩٧٧، ل(٤، ٧) و (٤، ٧).



حەفتاکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە نیوەی دووەمی حەفتاکان بەدواوە پەردەی بێدەنگی بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا درایەوە.

دەتوانین بڵێین لە حەفتاکاندا ئەو چالاکییە ڕەخنەییەی بزووتنەوەی ڕوانگە دروستی کردبوو شان بە شانی ئەمە چالاکییەکی تری ڕەخنەیی هەبوو پەیوەندی بە ڕوانگەوە نەبوو و لە چوارچێوەی ئەم چالاکییە ڕەخنەییەدا دیسان ڕەنگدانەوەیەکی چاکی بایەخدان بە باسکردنی مەسەلە شیعرییەکان دەبینرا کە لەلایەن چەند شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرێکی ئەو سەردەمە خرابوونە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ئەوەی لێرەدا سەبارەت بەم چالاکییە ڕەخنەییە سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە لە کاتێکدا ئەو چالاکییە ڕەخنەییەی تایبەت بە ڕوانگە بوو زیاتر لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا دەبینرا، چالاکییە ڕەخنەییەکەی تر لەپاڵ ڕۆژنامەی (هاوکاری) هەروەها ڕەنگدانەوەیەکی چاکیشی لەسەر لاپەڕەی زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تری ئەو سەردەمەدا هەبوو.

ئەو مەسەلانەی لە چوارچێوەی ئەو چالاکییە ڕەخنەییەدا بایەخیان پێدرابوو هەندێکیان وەک بابەتی سەرەکی لە وتاری سەربەخۆدا و هەندێکیشیان لا بەلا لەپاڵ چەند بابەتێکی تر باسکراون.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو مەسەلانە هاتووە کە لەناو ئەو چالاکییە ڕەخنەییەدا باس کراوە و لێیی کۆڵراوەتەوە، مەسەلەی کێش و قافیەیە.

لەم ڕووەوە پێویستە بەر لە هەموو شتێک ئاماژە بۆ ئەو زنجیرە وتارە ڕەخنەییە گرنگانەی (گۆران) بکەین کە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین)دا لەلایەن (کاکەی فەللاح)ەوە بڵاو دەکرایەوە و چەند وتارێکی تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی کێشی شیعری کوردی.

(گۆران) لەسەر بنچینەیەکی زانستی ئەوە دیار دەکات کە هەر زمانێک بەپێی خاسیەتە تایبەتییەکانی خۆی جۆرە مۆسیقایەکی تایبەتی هەیە و لەسەر بناغەی ئەمە سروشتی پێکهاتنی جۆری کێشەکان دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە کێشی بڕگەیی پشت بە ژمارەی بڕگەکان نەک کورتی و درێژییان دەبەستێت بە پێچەوانەی کێشی عەرووز کە لەپاڵ ژمارەی بڕگەکان پشت بە کورتی و درێژی بڕگەکانیش دەبەستێت. ئینجا هۆی گەڕانەوەی شاعیرانی کورد بۆ سەر کێشە نەتەوەییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی

هەستی نەتەوایەتی و کەوتنە ژێر کارتێکردنی شیعری نوێی تورکی و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، لە دواییشدا چەند کێشێکی دیاری شیعری نوێی کوردی دیاردەکات وەک کێشی (دە، هەشت، حەوت) بڕگەیی[٢٨٧].

(هەردی) دوای ئەوەی لەسەر بناغەیەکی زانستی ورد بە دوور و درێژی باسی کێشی عەرووز لە شیعری کوردیدا دەکات، دێتە سەر کێشی بڕگەیی و بە کێشێکی نەتەوەیی دادەنێت و ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شیعری ناوچەی گۆران بە سەرچاوەی ئەم کێشە دادەنێتو پێ لەسەر ئەو راستییە گرنگە دادەگرێ کە کێشی بڕگەیی پشت بە ژمارە نەک کورتی و درێژی بڕگەکان دەبەستێت و لە پاشاندا دیارترین کێشە بڕگەییەکان دیار دەکات کە کێشی (دە، یازدە، پازدە، هەشت، حەوت، دوازدە، سێزدە) بڕگەیین[٢٨٨].

(عەزیز گەردی) لەو ماوەیەدا بە کۆمەڵە وتارێکی گرنگ کەلێنێکی دیاری لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی کێشی شیعری کوردی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا پڕ کردۆتەوە[٢٨٩].

بە گوێرەی کێشی شیعری نوێی کوردی یەکێک لە لێکۆڵینەوە گرنگەکانی (عەزیز گەردی) ئەو وتارەیە کە لەژێر ناوی (کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردی دا) بڵاوی کردۆتەوە تیایدا وەک شارەزایەکی ئەم مەیدانە لەسەر بناغەی سەرنجدانێکی ورد هەنگاوەکانی گۆڕانی کێشی کوردی دیارکردووە کە لە (دێر)ەوە گۆڕا بۆ (هەنگاو). بناغەی ئەم گۆڕانەشی راستەوخۆ گەڕاندۆتەوە بۆ باری دەروونی شاعیر و بڕی هەستە هەڵقوڵاوەکەی کە کورتی و درێژی دێڕی شیعرەکانی دیار دەکات و شاعیر ناچار ناکات هەست و سۆزە راستەقینەکەی بشێوێنێت و قوربانی بەم لایەنە بدات[٢٩٠].

٢٨٧- بڕوانە: هەڵبەست-کێش و قافیە، گۆڕان، ر: ژین، ژ: ١٧-٢٤، ٧، ٤-٢٧/٥-٩٧١، ل١و٨.

٢٨٨- بڕوانە: کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، س: ١، کانوونی دووەمی ١٩٧١ ل٢-١٢.

٢٨٩- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:

- خەندەکەی بابی و هۆنراوەی ئەمڕۆمان، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ٣٢و٣٣، ٩/١١و٩/١٨-١٩٧١، ل(٣و٦)و(ل٣).
- هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ٢٥و٢٦و، ٧/٢٤و/٧/٣١-/١٩٧١، ل٣و٧.
- کێش لە شیعری کوردیدا لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی و رەئوف عوسماندا، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ٣٦و٣٧و٣٨، تشرینی یەکەمی ١٩٧١، ل(٦، ٦و٧، ٦و٧).



لە بارەی قافیەی شیعری نوێ ئەوە دەردەخات کە شاعیری نوێ خۆی لە یەکێتی قافیە رزگار کردووە و سەربەستی پەیدا کردووە لە رووی دەربڕینی هەست و سۆزەکانی بێ ئەوەی قاڵب و دەستوورێکی دیاریکراوی بەزۆر بەسەردا بسەپێنرێت[٢٩١].

(رەفیق سابیر) لە سێ زنجیرە وتاردا لەژێر ناوی (کێش لە شیعری نوێی کوردیدا) بەوردی باسی قۆناغەکانی گۆڕانی کێش و قافیەی شیعری کوردی دەکات و لەم رووەوە سەرەتای ئەو گۆڕانە لای شاعیرانی نوێ لە وازهێنان لە یەکێتی کێش و قافیەدا دەبینێت. ئینجا گەڕانەوەی شاعیران بۆ سەر کێشی پەنجە دوای سوود وەرگرتنیان لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و شیعری ناوچەی گۆران و باوەڕهێنان بە گونجانی ئەم جۆرە کێشە لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی و رووکردنە بەکارهێنانی جووت کێش و جووت قافیە ئینجا کێش و قافیەی رەنگاورەنگ بە دیارترین هەنگاوەکانی نوێکردنەوەی کێش و قافیەی شیعری کوردی دادەنێت تا لە کۆتاییدا ئەوە دەردەخات کە شاعیری نوێ بەوپەڕی سەربەستییەوە چۆنی بوێت بەو شێوەیە کێش و قافیە بەکار دەهێنێت[٢٩٢].

هەروەها لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (سروە)دا بابەتێکی چاک بە مەسەلەی کێش و قافیە دراوە و لەم رووەوە چاومان بە چەند وتارێک دەکەوێت.

(دارا. م) بەپێی قوتابخانە ئەدەبییەکان باسی کێش و قافیەی شیعری کوردی دەکات. لە قوتابخانەی رۆمانتیکیدا ئەوە دەردەخات کە شاعیرانی رۆمانتیک وازیان لە کێشی عەرووز و یەکێتی قافیە هێناوە و گەڕاونەتەوە سەر کێشی بڕگەیی[٢٩٣]. هەروەها (خالید ئەحمەد شەریف) ئەویش هەمدیسان گۆڕانی کێش و قافیەی شیعری نوێی کوردی لەو خاسیەتە نوێیانەدا دەبینێت کە خۆی لە بەکارهێنانی کێشی پەنجە و جووت قافیەدا دەنواند[٢٩٤].

بەڵام فراوانترین لێکۆڵینەوە کە لەسەر قافیە و کێشی شیعر کرابێت زنجیرە وتارێکی

٢٩٠- بڕوانە:کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردیدا،عەزیز گەردی، ر:هاوکاری، ژ:١٢٤،٨-٧-١٩٧٢، ل٣

٢٩١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٩٢- بڕوانە: کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، ر: بیری نوێ، ژ: ٩٩-٢٠١، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم، س: پێنجەم، تەمووزی ١٩٧٦، ل(٤و٥و٧)، (٤و٥)و(٤و٥و٧).

٢٩٣- بڕوانە:باسی ئەدەبی، دارا.م، گ:سروە، ژ: ٦، س: ٢، هاوینی ١٣٦٥ک(١٩٧٧ز)، ل١٠-١٣

٢٩٤- بڕوانە: باسی ئەدەبی. شیعری هێمن، خالید ئەحمەد شەریف، گ: سروە، ژ: ١٠، س: ٣، بانەمەڕی ١٣٦٦(١٩٧٨ز)، ل١١-١٤.

(سەید قادر سیادەت)ە لەژێر ناوی (شیعر چییە) و وتارێکی(دارا.م)ە کە لەژێر ناوی (قافیە)دا بڵاو کراوەتەوە.

وتارەکەی (سەید قادر سیادەت) بە درێژایی سێ زنجیرە زۆربەی زۆری شێوە بەکارهێنانەکانی قافیە لە شیعری (مثنوی، غەزەل، قصیدە، قطعە، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند، ملمع، مسمط، مخمس، مستزاد، رباعی، دوو بەیتی) دیار دەکات. جا ئەوەی لێرەدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها باسی شیعری کلاسیکی کردووە و بەلای شیعری نوێدا نەچووە نەک هەر بە گوێرەی قافیە، بەڵکو بە گوێرەی کێشی شیعریش کە باسەکەی لە بارەی کێشی عەرووزە[٢٩٥].

هەرچی وتارەکەی (دارا.م)ە ئەوا ئەویش بەپێی جۆرەکانی شیعر باسی شێوە جیاجیاکانی بەکارهێنانی قافیە دەکات و ئەوەی پەیوەندی بە قافیەی شیعری نوێوە هەبێ لە دوو شوێندا باسی لێوە دەکات. جارێکیان کاتێک قافیە بە یەکێک لە پێویستییە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیک دادەنێت و بەرامبەر بەمە بۆ شیعری نوێ بە شتێکی پێویستی دانانێت و تەنانەت ئەوە دەردەخات کە شاعیری نوێ ئەگەر پێویستی کرد بۆی هەیە وازی لێ بهێنێت[٢٩٦]. وە لە شوێنێکی تردا کە باسی جووت قافیە دەکات ئەوە دەردەخات کە ئەم جۆرە قافیەیە لەو شیعرانەدا باوە کە لەسەر کێشی خۆماڵین[٢٩٧].

جاری وا هەیە لە رێگای باسکردنی تاقیکردنەوەی شیعری شاعیرێک لە بارەی کێش و قافیەوە سیما نوێیەکانی شیعری کوردی لەم رووەوە دیارکراوە.

لەم رووەوە (کەمال میراودەلی) کاتێک باسی هەوڵەکانی(گۆران) دەکات لە بواری مامەڵەکردنە تایبەتییەکەی لە رووی گەڕانەوەی بۆ سەر کێشی خۆماڵی و داهێنانەکانی لەم رووەوە و رووکردنە قافیەی هەمەڕەنگ، لەمەوە چەند لایەنێکی نوێی شیعری کوردی لە رووی کێش و قافیە دیار دەکات[٢٩٨]. هەروەها (شێرکۆ بێکەس) لە رووی هەمان بۆچوونەوە لە رێگای باسکردنی جۆری مامەڵەکردنی (گۆران) لەگەڵ کێشی شیعر چەند

٢٩٥- بڕوانە: باسی ئەدەبی: شیعر چییە؟، سەید قادر سیادەت، گ: سروە، ژ: ٢٢-٢٥، س: چوارەم، ١٣٦٧(١٩٧٩ز)، ل١٠و١١ بەدواوە.

٢٩٦- بڕوانە: باسی ئەدەبی. قافیە، دارا.م، گ: سروە، ژ: ٢٧، س: ٤، ١٣٦٧(١٩٧٩ز)، ل١٢.

٢٩٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٢٩٨- بڕوانە: سروشت و جوانی لە شیعری گۆراندا، کەمال میراودەلی، گ: نووسەری کورد، ژ: ٩، ئابی ١٩٧٣، ل٨١ و ٨٢.



سیمایەکی شیعری نوێی کوردیمان بۆ دیار دەکات وەک سوود وەرگرتن لە زۆربەی کێشەکانی شیعری فۆلکلۆری کوردی و دۆزینەوەی چەند کێشێکی نوێ و بەکارهێنانی چەند کێشێکی هەمەڕەنگ کە بە داهێنانێکی تازەی دادەنێت لە بواری کێشی شیعری کوردیدا ئەگەرچی لە سنوورێکی تەسکیشدا بووبێت[٢٩٩].

زمانی شیعر یەکێک بوو لەو مەسەلە گرنگانەی لە نووسین و لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانی ساڵانی حەفتاکان بایەخی پێدرابوو و چەند خاسیەتێکی گرنگی خرا بووە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین ئەو وتارانەی لەسەر بنچینەیەکی زانستی ورد لە زمانی شیعری کوردییان کۆڵیوەتەوە وتاری (تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی)ی (دکتۆر محەمەد نووری عارف)ە کە تیایدا دوای ئەوەی سروشتی پێکهاتنی زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کوردی دیار دەکات، دێتە سەر دیارکردنی گرنگترین هەنگاوەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی زمانی ئەدەبی کوردی و سەرەتای ئەم گۆڕانە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و بەتایبەتی دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١)دا و لەم رووەوە باسی گرنگی ئەو کۆمەڵەیە دەکات کە لە ساڵی (١٩٢٦)دا لەژێر ناوی (کۆمەڵەی بژاری زمانی کوردی) دامەزرا و ئامانجی بژارکردنی زمانی کوردی بوو لە وشەی بێگانە، دوابەدوای ئەمە ئەو هەنگاوانە دیار دەکات کە لەم بوارەدا دەنرا بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و هاتنەکایەی ئەو زمانە کوردییە پەتییەی لە دواییدا لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا بوو[٣٠٠].

هەروەها (دکتۆر ئەمین مۆتابچی) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی) دوای ئەوەی لە چۆنیەتی پێکهاتنی زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کوردی دەکۆڵێتەوە باسی گۆڕانی زمانی شیعری کوردی دەکات. سەرەتای ئەم گۆڕانەش لە کوردییە تێکەڵەکە بۆ کوردی پەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەوتنە ژێر کارتێکردنی تاقیکردنەوەی نووسەر و شاعیرانی نوێی تورک کە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتییان روویان کردبووە زمان و کەلتووری نەتەوایەتییان و هەر بەپێی ئەمەش

٢٩٩- بڕوانە: چەند سەرنجدانێک لە (گۆران)ی لوتکە، شێرکۆ بێکەس، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ٦٤، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٧٨، ل٦٠ و ٦١.

٣٠٠- بڕوانە: تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لە سەرئەدەبی کوردی، د. محەمەد نووری عارف، گ: کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: ١٨، ١٩٧٤، ل٧٢-٨٥.

گەڕانەوەی شاعیر و نووسەرانی کورد بۆ زمان و کەلتووره نەتەوایەتییەکەیان دەگەڕێنێتەوە بۆ سوود وەرگرتنیان لە تاقیکردنەوەی ئەو شاعیر و نووسەرانە کە لە نزیکەوە ئاگاداری جموجۆڵیان بوون[٣٠١].

دیارکردنی زمانی شیعر وەک زمانێکی تایبەتی لەلایەن (سەلاح شوان)ەوە لە وتارێکدا لەژێر ناوی (زمان و ئەدەب)دا باس کراوە و لە چەند لایەنێکی گرنگی ئەو زمانە کۆڵراوەتەوە وەک ئەو بەکارهێنانە تایبەتییەی زمانی شیعر لە زمانی قسەکردن و نووسینی ئاسایی جیا دەکاتەوە و هەڵوێستی خۆی لە بارەی ئەو شێوە ڕەوانەی پێویستە شیعری پێ دەربڕێت دیار دەکات و پێ لەسەر لایەنی ئیستاتیکی زمانی شیعر دادەگرێت و ئەو هێزە ئیحائییە دیار دەکات کە بنچینەی زمانی شیعر پێک دەهێنێت[٣٠٢].

هەروەها (سەباح غالب) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (زمانی شیعر) هەوڵی ئەوەی داوە تایبەتمەندێتی زمانی شیعر دیار بکات و دەست لەسەر خاسیەتە تایبەتییەکانی دابنێت و تواناو دەسەڵاتی شاعیر دیار بکات لە ڕووی چۆنیەتی بەکارهێنان و مەزراندنی وشەکان بۆ چڕکردنەوەی ماناکان و بەخشینی ئەو مانا نوێیانەی شاعیر لە بەکارهێنانە تازەکەیدا بەدوایاندا دەگەڕێت[٣٠٣].

(ئازاد عەبدولواحید) لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی ورد لە سروشتی پێکهاتنی ئەو زمانە تایبەتییەی پێی دەگوترێت زمانی شیعر، باسی چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو جیهانە شیعرییە دەکات کە پشت بە توانا و کارامەیی شاعیر دەبەستێت لە ڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وشەکان و بەکارهێنانیان بۆ بنیاتنانی ئەو جیهانە ئینجا گرنگی لەبەرچاو گرتنی لایەنی ئیستاتیکی و قووڵی و بەپێزی ماناکان دیاردەکات و دەست لەسەر ئەو مەترسییانە دادەنێت کە لە ئەنجامی بایەخدان بەلایەنێک لەسەر حیسابی ئەوی تریان دروست دەبێت[٣٠٤].

هەروەها (کەمال میراودەلی) زمانی شیعر بە مەرجێکی سەرەکی تەواوکردنی پرۆسەی

٣٠١- شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی، د.ئەمین عەلی موتابچی، گ: کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: ١٦، ١٩٧٣، ل٥-١٤.
٣٠٢- بڕوانە: زمان و ئەدەب، سەلاح شوان، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ٥٢، ئابی١٩٧٦، ل٩-١١.
٣٠٣- بڕوانە: زمانی شیعر، سەباح غالب، ر: هاوکاری، ژ: ٤٦١، ١٢-٢-١٩٧٩، ل٣.
٣٠٤- بڕوانە: لەو شیعرەوە هەنگاوێک بەرەو ڕەسەنایەتی، گ: بەیان، ژ: ٤٩، مایسی١٩٧٨، ل١٨.



داهێنانی شیعر دادەنێت و گرنگی وشە وەک بڕبڕەی پشتی دەربڕینی تاقیکردنەوە شیعرییەکە دیاردەکات و پێ لەسەر توانا و کارامەیی شاعیر لە ڕووی بەکارهێنانە تایبەتییەکەی زمان و دابینکردنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشە دادەگرێ[٣٠٥].

یەکێک لەو مەسەلە شیعرییانەی لە نووسینەکانی ساڵانی حەفتاکان بە شێوەیەکی دیار و سەرنج ڕاکێشەر هاتبێتە پێشەوە، مەسەلەی تەم و مژی و بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانەیە و هەر لەپاڵ ئەمەش باسی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنیش کراوە.

مەسەلەی تەم و مژی شیعر لە ڕووی دوو بۆچوونی جیاوازەوە باسکراوە کە یەکێکیان پەسەندی دەکات و ئەوی تریان ڕەتی دەکاتەوە.

لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئەدەبی تەم ومژ) ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ئەو شێوە دەربڕینە تەم و مژاوییە کراوە کە شاعیر بە دەستی ئەنقەست مانای شیعرەکانی پێ دەشارێتەوە.دیارە ئەم هەڵوێستە توندوتیژەش لەوەوە هاتووە کە ئەدەبی تەم و مژی وەڵامی پرسیارەکانی واقیعی پڕ لە کارەساتی ژیانی سەردەم ناداتەوە بۆیە لە کۆتایی وتارەکەدا داوای ئەدەبێک کراوە کە خەڵک لێی تێبگات و ئاوێنەیەک بێت خۆی تێدا ببینێت[٣٠٦].

ئەم وتارە لە ڕووی باری سەرنجێکی جیاوازەوە لەلایەن نووسەرێکەوە بەناوی (سیروان) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کام ئەدەبی تەم و مژ؟) وەڵام درایەوە و نووسەر تیایدا بەرگری لەو شێوە دەربڕینە تەم و مژاویە کردووە کە بە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەنجامی ژیانە ئاڵۆز و دەروونە نادیار و شاراوەکەی داناوە ئینجا لەپاڵ ئەمە باسی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی کردووە و بە مەسەلەیەکی ڕێژەیی و نەچەسپاوی داناوە بەهۆی جیاوازی ئاستی تێگەیشتنی کەسەکان و لە دواییدا بە پێچەوانەی وتارەکەی پێشوو کە داوای ئەوەی دەکرد کە شاعیران بە شێوەیەک بنووسن خەڵک لێیان تێبگات، نووسەری ئەم وتارە داوای ئەوە دەکات خەڵک لەم جۆرە ئەدەبە ڕابهێنرێت[٣٠٧].

ئەو نووسینە ڕەخنەییانەی (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لە زنجیرە وتارێکدا لەسەر

٣٠٥- بڕوانە: سروشت و جوانی لە شیعری گۆڕاندا، کەمال میراودەلی، گ: نووسەری کورد، ژ: ٩، ئابی١٩٧٣، ل٨٥ و ٨٦.
٣٠٦- بڕوانە: ئەدەبی تەم ومژ، ر: هاوکاری، ژ: ٢٧٤، ٤-٧/١١/١٩٧٥، ل٣و٧.
٣٠٧- بڕوانە: کام ئەدەبی تەم و مژ، سیروان، ر: هاوکاری، ژ: ٢٧٨، ١-٨ /٨/١٩٧٥، ل٣و٧.

لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (برایەتی)دا لە بارەی شیعری چەند شاعیرێکی نوێی ئەو سەردەمەی بڵاودەکردەوە، بە سەرەتایەکی چاکی باسکردنی مەسەلەی (ڕەمز) لە شیعری نوێی کوردی دادەنرێت کە تیایدا دوای شیکردنەوەیەکی وردی ناوەڕۆکی شیعرەکان لە جۆری ئەو ڕەمزانە و چۆنیەتی بەکارهێنانیانی کۆڵیوەتەوە و لە پوختەی سەرنجە ڕەخنەییەکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زیاتر بەکارهێنانی ڕەمزی خۆماڵی پەسەند دەکات و داوا لە شاعیران دەکات سوود لە ئەدەب و کەلەپووری نەتەوایەتی خۆیان وەربگرن ئینجا ڕوو بکەنە ئەدەبیاتی جیهانی[٣٠٨].

هەروەها (ئەرسەلان بایز) لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (ڕەمز لە ئەدەبی نوێی کوردیدا) باسی هۆی پەنا بردنە بەر ڕەمز لە شیعری نوێی کوردیدا دەکات و ئەوە دەردەخات کە شاعیر لە ئەنجامی هۆیەکی سیاسی زۆرجار ناچار دەبێ مەبەستەکەی بشارێتەوە و لە پەنای ڕەمزدا دەریان ببڕێت. ئینجا هەڵوێستی خۆی لە بارەی وەرگرتنی ڕەمزەکان لە ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی نەتەوایەتی دیار دەکات[٣٠٩].

هەر لەو ماوەیەدا چاومان بە چەند وتارێکی ڕەخنەیی دەکەوێت سەبارەت بە ڕەمز لە ئەدەبی کوردیدا، وە بەتایبەتی ئەو چەند وتارەی مایەی باس و گفتوگۆی نێوان (جەمال محەمەد) و (سابیر ڕەشید) بوون کە هەردووکیان لە چوارچێوەی گشتی باسەکانیاندا پێیان لەسەر گرنگی بەکارهێنانی ڕەمز داگرتووە وەک خاسیەتێکی دیاری شیعری نوێی کوردی لەپاڵ ئەمەش لایان لە مەسەلەیەکی گرنگ کردۆتەوە ئەویش جیاکردنەوەی (ڕەمز)ە

٣٠٨- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:
- ئەنوەر قادر جاف لە جانتای پۆستەبەرێکی شاری گریانا، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ر: برایەتی، ژ: ٣١ و ٣٢، ٢٨-١٢-١٩٧٢ و ١٤-١-١٩٧٣، ل٨ و ٦.
- عەبدولا عەباس و هۆنراوەیەکی تەواونەبوو، د.عیزەدین مستەفا، ر: برایەتی، ژ: ٣٥، ٢٥-١-١٩٧٣، ل٤ و ٥.
- سەلاح شوان و ڕاستیەک نابێ بە دوولەتەوە، د.عیزەدین مستەفا، ر: برایەتی، ژ: ٣٩، ٢١-٢-١٩٧٣، ل٢.
- نەوزاد ڕەفعەت و خەونێک لە باوەشی ئاڤێستادا، د.عیزەدین مستەفا، ر: برایەتی، ژ: ٤٠، ٢٨-٢-١٩٧٣، ل٨.
٣٠٩- بڕوانە: ڕەمز لە ئەدەب نوێی کوردیدا، ئەرسەلان بایز، ر: هاوکاری، ژ: ١٩٧، ١٤-١٢-١٩٧٣ ل٣و٧.



لە (ئەدەبی ڕەمزی) و هەر بەپێی ئەمەش خاسیەت و سروشتی ڕەمزیان لە ئەدەبی کوردیدا دیار کردووە[٣١٠].

لە چەند نووسینێکی ڕەخنەیی ئەو ماوەیەدا مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لە ڕووی چەند بۆچوونێکی ڕەخنەیی جیاوازەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

یەکێک لەو وتارە گرنگانەی ئەم مەسەلەیەی کردۆتە تەوەری باسەکەی ئەو وتارەی (دڵشاد عەلی)یە کە لەژێر ناوی (کاتێ کە لە بەرهەمی ئەدەبی ناگەین)دا بڵاوی کردۆتەوە و تیایدا لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی وردی ئەم مەسەلەیە بە لەبەرچاو گرتنی جیاوازی ئاستی تێگەیشتنی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ ئەوە دەردەخات کە نووسەر و شاعیران سەربەستییەکی تەواوییان نییە لە داگرتنی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بۆ ئاستێکی نزم و دەربڕینیان بە شێوەیەکی سادە و ساکار بە بیانووی نزیک کردنەوەی ئەو بەرهەمانە لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵک، بەڵکو ئەرکی نووسەر و شاعیران بەوە دیار دەکات کە بەرزکردنەوەی جەماوەرە بۆ ئاستی ئەدەبەکە[٣١١].

هەروەها ئەو مەسەلەیە لەلایەن چەند شاعیر و نووسەرێکی ترەوە باس کراوە و لێی کۆڵراوەتەوە، بەڵام نەک وەک بابەتێکی سەرەکی بەڵکو لەپاڵ چەند بابەتێکی تر. جا ئەو نووسینانە بەشێکیان داوای ئەوەیان کردووە کە ئەدەب دابگرێتە خوارەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی جەماوەر[٣١٢].

٣١٠- بڕوانە:ڕەمز و نوێخوازی لە ئەدەبدا، جەمال محەمەد، ر: هاوکاری، ژ: ٣١٤، ٢٢-٤-١٩٧٦ ل٥.
- ڕەمز و نوێخوازی لە ئەدەبدا، چەند سەرنجێ، سابیر ڕەشید، ر: هاوکاری، ژ: ٣١٧، ١٣-٥-١٩٧٦ ل٤ و ٥.
- وەڵامێک بۆ ڕەمزو نوێخوازی لە ئەدەبداو چەند سەرنجێ، جەمال محەمەد، ر: هاوکاری، ژ: ٣٢٢، ١٧-٦-١٩٧٦ ل٤.
- دوو سەرنج بۆ وەڵامەکەی: ڕەمزو نوێخوازی لە ئەدەبدا، سابیر ڕەشید، ر: هاوکاری، ژ: ٣٢٦، ١٤-٧-١٩٧٦ ل٥و٨.
٣١١- بڕوانە: کاتێ کە لە بەرهەمی ئەدەبی ناگەین، دڵشاد عەلی، گ: ئاسۆی زانکۆیی، ژ: ٥، س: ١، ئازاری ١٩٧٨، ل٨٦-٨٩.
٣١٢- بڕوانە: لکە زەیتون لە گێژاوی خوێندا... چۆن بوو، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، گ: نووسەری نوێ، ژ: ٢، س: ٢، ١٩٧٤، ل٢٧و٢٨.
- وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆ، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: بەیان، ژ: ٢٢، شوباتی ١٩٧٥، ل١و٢.

بەشێکیشیان بە پێچەوانەوە داوای ئەوەیان کردووە جەماوەر بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی ئەدەبەکە[٣١٣].

هەروەها مەسەلەی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر یەکێک بوو لەو مەسەلە گرنگانەی لە نووسینە ڕەخنەییەکانی ئەو ماوەیەدا بایەخی پێدرا. جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەوە بڵێین کە سەرجەم ئەو بیروڕایانەی لە بارەی ئەم مەسەلەیە دەربڕاوە یا ناوەڕۆکیان لە شێوە هونەرییەکە بە گرنگتر داناوە[٣١٤]. یان هەردووکیان بە دوو بنچینەی پێکهاتنی بەرهەمە ئەدەبییەکە داناوە کە یەکێکیان تەواوکەری ئەوی تریانە[٣١٥].

لە بارەی مەسەلەی ئیلتیزامەوە، زۆربەی ئەو نووسینانەی باسی ئەم مەسەلەیان کردووە لەو ماوەیەدا لەو چەمکە دەرنەچوونە کە ئیلتیزامیان بە مانای خۆبەستنەوە بە بەرەی گەل

٣١٣- بڕوانە: وێژەی هونەری کوردی لە مەدارێکی سەرگەردانا، ئاسۆ، گ: ڕۆژی کوردستان، ژ: ٣و٤، ئاب و ئەیلوولی١٩٧١، ل٥١.
- روخساری هۆنراوەی نوێی کوردی و ئیستاتیک، عیزەدین رەزا، ر: هاوکاری، ژ: ١٩٩، ٢٨-١٢-١٩٧٣، ل٣.
- شاعیری نوێ، کەمال میراودەلی، گ: بەیان، ژ: ٨، ١٩٧٣، ل١٦و١٧.
- وشەیەکی ڕەخنەیی (لە نێوان رۆشنبیرییەوە)، حسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٣٣٨، ١٣-١٠-١٩٧٦، ل٤.
٣١٤- بڕوانە: وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆ، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: بەیان، ژ: ٢٢، شوباتی١٩٧٥، ل١.
- لە بابەت بەراوردکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ڕەخنەی ئەدەبی بێگانەوە، فوئاد ئەنوەر عومەر، گ: بەیان، ژ: ٤٨، ئادارو نیسانی ١٩٧٨، ل٦.
٣١٥- بڕوانە: ڕوخسار و ناوەڕۆک لە هۆنراوەدا، عەزیز گەردی، گ: هەولێر، ژ: ١و٢و٣و٤، س: ٢، ١٩٧١. هەروەها بڕوانە:
- ڕوخسار و ناوەڕۆک لە هۆنراوەدا، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ٢٨، ١٤-٨-١٩٧١، ل٦ و ٧.
- سەرنجدانێکی سەرپێیی: دەربارەی فۆرم و ناوەڕۆک عیزەدین رەزا، ر: هاوکاری، ژ: ١٦٤، ٢٧-٤-١٩٧٣، ل٣.
- وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆکەی مامۆستا خاڵ و چەند وردکردنەوەیەک، گ: بەیان، ژ: ٢٤، نیسانی ١٩٧٥، ل٩.
- ئەدەبی ئێستا و ئەدەبی ڕابردوومان لە ڕووی شێواز و داڕشتن و ناوەرۆکەوە، موحەرەم محەمەد ئەمین، ر: هاوکاری، ژ: ٢٦٥، ٢-٩/٥/١٩٧٥، ل٣.
- دەنگی تایبەتی، ئومێد ئاشنا، گ: تریفە، ژ: ٤-٥، بەشی یەکەم، ئەیلوولی١٩٧٧، ل٣٢.
-باسی ئەدەبی، سەید قادر سیادەت، گ: سروە، ژ: ١١، س: ٣، ١٣٦٦(١٩٧٨ز)، ل١٤.
- مەبەستی ئەدەبیات، یوسف بابەکری، گ: سروە، ژ: ٢٩، س: ٤، ١٣٦٧(١٩٧٩ز)، ل١٠.



و خزمەتکردنی بەرژەوەندی جەماوەر بەکارهێناوە[٣١٦]. هەروەها مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی لەو ماوەیەدا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، مەسەلەی کۆن و نوێ بوو لە ئەدەبدا، سەرنجدانێکی ورد لەو نووسینە ڕەخنەیی و گفتوگۆ ئەدەبیانەی تایبەت بەم مەسەلەیە بوون ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆربەی بیروڕاکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە ئەدەبی کۆن بناغەی بنیاتنانی ئەدەبی نوێیە و پێیان لەسەر ئەو پەیوەندییە پتەوە داگرتووە کە هەردوو ئەدەبەکەی بەیەکتر بەستۆتەوە و لەسەر بناغەی بۆچوونێکی مەوزووعییەوە داوای سوود وەرگرتنیان لە لایەنە چاک و بەپێزەکانی ئەدەبە کۆنەکە کردووە، چونکە لەسەر ئەو بناغەیە تەماشای ئەدەبیان کردووە کە نە هەموو کۆنێک خراپە و نە هەموو نوێیەکیش چاکە، بەڵکو چاکی و خراپی لە هەردوو ئەدەبەکەدا هەیە[٣١٧]. کەواتە لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بایەخدان بە مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر

٣١٦- بڕوانە: ئیلتیزام لە شیعری کوردیدا، جەمیل ڕەنجبەر، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٧، ٢٢-١٢-١٩٧٢، ل٣.
- ئیلتیزام لە ئەدەبی کوردیدا، عەبدولقادر حەمە ئەمین ماوەتی، ر:برایەتی، ژ:٤٩، ٤-٥-١٩٧٣، ل٣.
- لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێندا. چۆن بوو، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، گ: نووسەری نوێ ژ: ٢، س: ٢، ١٩٧٤، ل٢٨.
- لە پێناو ئەدەبێکی ڕەسەندا، جەمال محەمەد، ر: هاوکاری، ژ: ٢١١، ٢٩-٣-١٩٧٤، ل٣.
- مەبەستی ئەدەبیات، یوسف بابەکری، گ: سروە، ژ: ٢٩، س: ٤، ١٣٦٧(١٩٧٩ز)، ل١٠.
- شیعر و شاعیر، ئۆرخان غالب، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٨، تەمووزی ١٩٧٩، ل١٠.
٣١٧- بڕوانە: نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا-٢-، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ١٥٥، ٢٣-٢-١٩٧٣، ل٣.
- هاتنە پێشەوەی چەند پرسیارێک، ئامادەکردنی، مەحمود زامدار، ر: هاوکاری، ژ: ١٦٣، ٢٠-٤-١٩٧٣، ل٦ و ٧. (بڕوانە ڕایەکانی: کەمال غەمبار، مەدحەت بێخەو، پیربال مەحموود، یوسف دەرگەڵەیی).
- ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، گ: کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٧٥، ل٩٥و٩٦.
- وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆکەی مامۆستا خاڵ و چەند وردکردنەوەیەک، ڕەئوف عوسمان، گ: بەیان، ژ: ٢٤، نیسانی ١٩٧٥، ل٦.
- ئەدەب و هەنگاو ئاسۆی بەیانی، محەمەد ڕەنجاو، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ٥٥-٥٦، کانوونی یەکەمی ١٩٧٦، ل٢٦.
- سەرەتایەک دەربارەی شیعر، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ:٤، حوزەیرانی١٩٧٧ ،ل٦
- هەڵوێستێک و چەند وشەیەک، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٦، مایسی١٩٧٩، ل٩

لەناو ئەو چالاکییە رەخنەییەدا، مەسەلەکانی تایبەت بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعری گرتبۆوە و رەنگدانەوەی ئەم بایەخدانەش لە هاتنە نووسینی ئەو لێکۆڵینەوە و وتارە رەخنەییانەدا دەبینرا کە لەو ماوەیەدا بەو شێوە فراوانە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤار و رۆژنامەکاندا بلاو دەکرایەوە. کەچی باسکردن و لێکۆڵینەوەی مەسەلە شیعرییەکانی ناو چوارچێوەی ئەو چالاکییە رەخنەییەی تایبەت بە روانگە بوو زیاتر مەسەلەکانی ناوەڕۆکی شیعری گرتبۆوە. بە هەرحاڵ باسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلە شیعرییانە لە نووسینە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە لە ساڵانی حەفتاکاندا لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکاندا بزووتنەوەیەکی رەخنەیی فراوان و چالاک لە کۆڕی ئەدەبیاتی کوردیدا هەبوو.

جگە لەمە لایەنێکی تری بزووتنەوە رەخنەییەکەی ساڵانی حەفتا لە دەرچوونی چەند کتێبێکدا دەبینرێت کە تیایاندا باس لە چەند مەسەلەیەکی شیعری کوردی کراوە.

(عەلائەدین سەجادی) لە کتێبی (نرخ شناسی)دا لە چەند مەسەلەیەکی شیعری کوردی کۆڵیوەتەوە کە دیارترینیان مەسەلەی کێش و قافیە و شێوە و ناوەڕۆکە.

لە بارەی کێشەوە لە رووی مێژووییەوە باسی سەرهەڵدان و گۆڕانی کێشی شیعری کوردی دەکات و ئەوە دەردەخات کە کێشی شیعری کوردی بە پێی سروشتی زمانەکە هەر لە بنەڕەتدا کێشی پەنجە بووە ئینجا لە قۆناغێکی دیاریکراودا چۆتە سەر کێشی عەرووزو لە دواییشدا گەڕاوەتەوە سەر کێشە نەتەوەییەکەی، واتە کێشی پەنجە(٣١٨). هەروەها لە بارەی قافیەوە دیسان لە رووی مێژووییەوە باسی سەرهەڵدانی قافیەی لە شیعری کوردیدا کردووە و لە دواییدا لە گۆڕانی قافیەی کۆڵیوەتەوە و لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قافیە بە دیمەنێکی رواڵەتی شیعر دادەنێت و پێش قافیە کە بە (پاشکۆی قافیە)ی ناو دەبات پەسەند ناکات(٣١٩). هەرچی شێوە و ناوەڕۆکە ئەوا لەسەر بناغەی باسکردنی (لەفز) و (مەعنا) لەم مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە و گرنگی هەردووکیان دەردەخات کاتێک بە تەواوکەری یەکتریان دادەنێت و بوونی شێوە و ناوەڕۆکێکی جوان و بەپێز دەکاتە پێوەری شیعری راستەقینە(٣٢٠).

٣١٨- بڕوانە: نرخ شناسی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠، ل٩٧-١٠٣، ١٠٨-١٣٠.
٣١٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣-١٠٨، ١٤١-١٤٥.
٣٢٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦-٦٢.



(کاکەی فەللاح) لە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا لە رێگای لێکۆڵینەوەی شیعری چەند شاعیرێکی نوێ هەر لە شیعری ئەو شاعیرانەدا لە چەند مەسەلەیەکی شیعری کۆڵیوەتەوە کە دەتوانین بڵێین دیارترینیان مەسەلەی کۆن و نوێ و کێش و قافیە و زمانی شیعرن.

سەبارەت بە مەسەلەی کۆن و نوێ لەسەر بناغەی سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی کۆن بۆ بنیاتنانی ئەدەبی نوێ هەڵوێستی بەرامبەر بەم مەسەلەیە دیار دەکات(٣٢١). لە بارەی کێشی شیعریشەوە لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کێشی عەرووز رەت دەکاتەوە و کێشی پەنجە پەسەند دەکات(٣٢٢). یەکێتی قافیەش بە یەکێک لەو کۆتانە دادەنێت کە زیان بە ناوەڕۆکی شیعر دەگەیەنێت بەهۆی تەسک کردنەوەی بواری دەربڕین لە بەردەم شاعیر(٣٢٣). هەرچی زمانی شیعرە ئەوا بە ئاشکرا زمانە کوردییە پەتییەکە پەسەند دەکات(٣٢٤).

ئەوەی لە بارەی ئەم کتێبەوە پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە ئەم کتێبە لە ساڵانی حەفتادا بە یەکێک لە گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانە دادەنرێت کە لە بارەی شیعری نوێی کوردییەوە نووسرابێت و لەسەر بناغەیەکی ورد و مەوزووعی لە رووی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکەوە شیعری چەند شاعیرێکی نوێی کوردی خستبێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج راکێشان و مایەی رەخنە لێگرتنە ئەوەیە کە (کاکەی فەللاح) نەدەبوایە لەکاتی دیارکردنی رۆڵی (شێخ نووری شێخ ساڵح) لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا نکۆڵی لەو راستییە بکردبایە کە دانانی یەکەم بەردی بناغەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە کوردستانی خواروودا لەلایەن ئەم شاعیرەوە بوو، ئینجا (گۆران) و چەند شاعیرێکی تری ئەو دەورە بەشدارییان لەم تاقیکردنەوەیەدا کرد، بێ ئەوەی ئەمە بە هیچ شێوەیەک مانای کەمکردنەوە بێت لە رۆڵی کاریگەر و داهێنەرانەی (گۆران) لە بواری نوێکردنەوە و پەرەپێدانی شیعری کوردی.

هەر لەو ماوەیەدا مەسەلەی کۆن و نوێ وەک بابەتێکی سەربەخۆ دوو کتێبی لەسەر

٣٢١- بڕوانە: کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەللاح)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا، ١٩٧٨، ل٢٠٤-٢٠٥.
٣٢٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤-٣٦.
٣٢٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٣٧، ٢٤٩-٢٥٠.
٣٢٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥-٤٨، ١٨٠.

بڵاوکرایەوە. یەکێکیان کتێبی (شیعری کۆن و تازە یا بیری کۆن و تازە)ی (ص. هەژار)[*] بوو کە بە پێی پێوانە سیاسییەکە لە رووی بۆچوونێکی تەسکی یەک لایییەوە مەرجی بنیاتنانی شیعری نوێ بەو بیرە دەبەستێتەوە کە بە بیری نوێی ناو دەبات و لە بیری شۆڕشی پرۆلیتاریدا دەبینێت و بەپێی ئەمە شیعرە سیاسییەکانی (گۆران) دەکاتە پێوانەی پەسەندکردنی جۆری ئەو شیعرە نوێیەی رەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕانەیە کە نووسەر وەک خاسیەتێک بۆ شیعری نوێی دیار کردبوو. ئینجا بەپێی تێگەیشتنی لە ئەرکی شیعر کە دەبێ رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی بارودۆخی لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی میللەت بێت و بە تایبەتی مەسەلە نەتەوایەتییەکە و رۆڵی لە دیارکردنی بەرەی دۆست و دوژمن، رەخنەیەکی توند ئاراستەی روانگە دەکات و ئەوە دەردەخات کە روانگەییەکان هەوڵی ئەوەیان داوە لەسەر بناغەی بیری مارکسییەت هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە مەسەلە نەتەوایەتی و چینایەتییەکەی میللەتەکەیان دیار بکەن. وە بە تایبەتیش ئەم رەخنانە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) و (جەلالی میرزا کەریم)ی گرتبۆوە کە وەک وەڵامێک بوو بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو رایانەی (حسێن عارف) کە لە ژمارە دووی روانگەدا لە وتارێکدا لەژێر ناوی (گیانی یاخیبوون و بەگژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا) سەبارەت بە شیعری ئەم دوو شاعیرەی دەربڕیبوو[٣٢٥]. هەروەها لایەنێکی تری هۆی توندوتیژی ئەو بیروڕا رەخنەییانەی ئاراستەی روانگەییەکان کرابوو پەیوەندی بە مەسەلەی جۆری تەماشا کردن و مامەڵەکردنی شاعیر و نووسەرانی روانگە بوو لەگەڵ کەلەپوور و سامانی ئەدەبیاتی نەتەوایەتییان، کە بەپێی تێگەیشتنی رەخنەگر مامەڵەکردنێکە لەسەر بناغەی رەتکردنەوەیەکی تەواوی ئەدەبیاتی کۆن دامەزرا بوو و بەپێی ئەمە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم مەسەلەیە بەوە دیار دەکات کە پێویستە ئەو ئەدەبیاتە بکرێتە بناغەی ئەدەبە نوێیەکە[٣٢٦].

کەواتە لەم کتێبەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خاسیەتی کۆن یان نوێی شیعر بەستراوەتەوە بە جۆری ئەو بیرەی لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا رەنگ دەداتەوە و پێوەری تازەیی بیرەکەش بەوە دیار دەکات سەر بە بیری مارکسییەت بێ کە دیارە ئەمەش

(*) (سالّح هەژار)ە، شاعیرەو خەڵکی هەڵەبجەیە.

٣٢٥- بڕوانە: شیعری کۆن و تازە یا بیری کۆن و تازە، ص: هەژار، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٣، ل١٦-٣٤.

٣٢٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.



رەنگدانەوەیەکی ئاشکرای بیری تەسکی نووسەر نیشان دەدات کە تەنها پێوەرە سیاسییەکە دەکاتە پێوانەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە بێ ئەوەی لایەنە هونەرییەکە لەبەر چاو بگرێت.

هەر لە بارەی مەسەلەی کۆن و نوێ لە شیعردا چاومان بە کتێبی (شیعری کۆن و نوێ)ی (أ. ب. هەوری) دەکەوێت کە نووسەر تیایدا ئەوە دەردەخات کە شیعری هەر قۆناغێک رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەیەتی بۆیە شیعری هەر قۆناغێک بەپێی پێویستییەکانی ژیانی ئەو سەردەمە دەگۆڕێت و بە دەنگ ئەو پێویستییانەوە دەچێت کە بارودۆخی قۆناغە نوێیەکە دروستی دەکات. جا بەپێی ئەمە دەست لەسەر خاسیەتەکانی شیعری هەر قۆناغێک دادەنێت. لێرەدا ئەوەی پێویستە سەرنجی بۆ رابکێشین ئەوەیە کە(هەوری) لەکاتی هەڵوێست وەرگرتنی بەرامبەر بە شیعری کۆن پێوانە مێژووییەکە لەبەرچاو دەگرێت کە بەپێی ئەمە بێ ئەوەی لە نرخی شیعری کۆن کەم بکاتەوە شیعری نوێ پەسەند دەکات و ئەوە دەردەخات کە لە هەر سەردەمێکدا جۆرە شیعرێک پەسەند دەکرێت کە لەگەڵ چێژ و زەوقی ئەو سەردەمەدا بگونجێت[٣٢٧].

لێکۆڵینەوە و باسکردنی چەند مەسەلەیەکی شیعری وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە بواری لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە کتێبی (چەند مەسەلەیەکی شیعری)ی (شێرزاد عەبدولڕەحمان)دا دەبینرێت کە نووسەر تیایدا باس لە چەند مەسەلەیەکی شیعری وەک (ئیلتیزام و تەم و مژی و شۆڕشگێڕێتی و شێوە و ناوەڕۆک) دەکات و هەر لەپاڵ ئەم مەسەلانەش چەند دیاردەیەکی باوی شیعری نوێ وەک چەند مەسەلەیەکی تر باس دەکات وەک (خەم و خەوەکانی شاعیر و شاعیر و سروشت و جوانی و سات و شاعیر و شیعر و ئاوارەبوون)[٣٢٨].

ئەوەی لەم کتێبەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە نووسەر وەک چەند باسێکی گشتی باسی بابەتەکانی کردووە و ئەوەندی خۆی بەلایەنی تیۆری ئەو بابەتانەوە خەریک کردووە ئەوەندە بایەخی بەوە نەداوە تایبەتمەندێتی ئەو مەسەلە و دیاردانە لای شاعیرانی کورد دیار بکات، ئینجا ئەگەر هەر بە شێوەیەکی گشتیش رێژەی ئەو لایەنانە وەربگرین کە

٣٢٧- بڕوانە: شیعری کۆن و نوێ، أ.ب هەوری، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٥، ل٢٨-٣٠.

٣٢٨- بڕوانە: چەند مەسەلەیەکی شیعری، شێرزاد عەبدولڕەحمان، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٧.

تایبەت بە باسکردنی شیعری کوردین دەبینین ڕێژەیەکی کەمی سەرجەم نووسینەکەی پێکدەهێنێت کە لایەنی گشتی بابەتەکانی گرتبۆوە و دەیتوانی بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە نموونەی زیاتری لە شیعری کوردی بهێنابایەوە و لێیانی بکۆڵیبایەوە. بەهەر حاڵ ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە سەرباری بوونی ئەم تێبینییانە، دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم کتێبە لە بواری لێکۆڵینەوەی چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە شیعری کوردی وەک بابەتێکی سەربەخۆ بەهەوڵێکی دەستپێشخەری دادەنرێت.

لە کۆتایی حەفتاکاندا (حەمە سەعید حەسەن) بەدوو کتێبی قەوارە بچووک لە شیعری چەند شاعیرێکی نوێی کوردی کۆڵیوەتەوە و هەر لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی لە شیعری ئەو شاعیرانە باری سەرنجی ڕەخنەیی خۆی لە بارەی چەند مەسەلەیەکی شیعری دەربڕیوە.

کتێبی (شیعر هەڵوێستە) هەروەک لە ناونیشانەکەیدا دیارە ڕەخنەگر دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە شیعری هەر شاعیرێک هەڵوێستێکی دیاریکراو دەنوێنێت، جا لێرەدا مەبەستی کام هەڵوێستە؟ ئەوا دیارە خۆی وەڵاممان دەداتەوە کاتێک دەڵێ: «... شیعر چییە ئەگەر وەک هێزێکی کاریگەر جەماوەر نەبزوێنی و هۆشیاری نەکاتەوە؟... شیعر چییە ئەگەر شێوەیەک نەبێ لە شێوەکانی تێکۆشان؟ شیعر چییە ئەگەر وا لە مرۆڤ نەکات کە هەست بکات گەورەترین سەرمایەیە... شیعر چییە ئەگەر بەشداری نەکا لە گۆڕینی واقیعدا؟»[٣٢٩] ئەم پرسیارانە کە هەر خۆیان چەند وەڵامێکن و لە شێوەی پرسیاردا داڕێژراون ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەرکی شیعر بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە لەڕیزی جەماوەردا و چەکێکی کاریگەری تێکۆشانە بۆ خزمەتکردنی میللەت و گۆڕینی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نالەبارەی باڵی بەسەر ژیانیدا کێشاوە کە دیارە ئەمەش لاکردنەوەیە لە باسی ئیلتیزام لە شیعردا کە خۆی لە دیارکردنی ئەو پەیوەندییە پتەوەدا دەنوێنێت کە شیعر بە ژیانی میللەت دەبەستێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ ڕەخنەگر لەم کتێبەیدا لە ڕێگای پێداگرتنی لەسەر شیکردنەوەی بیروڕاکانی (شێرکۆ بێکەس) کە لە دیوانی (کازێوە)دا دەری بڕیبوون، باسی مەسەلەیەکی باوی کۆڕی ئەدەبیات و ڕەخنەی کوردی ئەوسا دەکات ئەویش ئەو پەیوەندییەیە کە ئەدەب بە سیاسەت دەبەستێتەوە و لە زۆربەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا تەواو پشتی بەو پێوانە سیاسییە بەستووە و

٣٢٩- شیعر... هەڵوێستە، حەمە سەعید حەسەن، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٤٤.



بەپێی ئەمە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعرەکانی شاعیر دەربڕیوە، کە دیارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە پوختەی بیروڕاکانیدا بەپێی بناغە فیکرییەکەی خۆی دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە (شێرکۆ بێکەس) شاعیرێکی بێ هەڵوێستە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرنجی بۆ ڕابکێشین ئەوەیە کە (حەمەسەعید حەسەن) لەم کتێبەیدا توانیویەتی وەک ڕەخنەگرێکی شارەزا جۆرە هاوسەنگییەک دروست بکات لە ڕووی بایەخدان بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر، چونکە دەبینین لەپاڵ ئەو پێداگرتنەی لەسەر لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی شیعرەکان بایەخێکی چاکی بەلایەنە هونەرییەکەش داوە و لەم ڕووەوە لە چەند لایەنێکی شیعری کۆڵیوەتەوە وەک کێش و قافیە و زمانی شیعر و وێنەی شیعری و تەم و مژ و بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانە و چەند بابەتێکی تر[٣٣٠].

هەروەها پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازە لەلایەن (حەمە سەعید حەسەن) لە کتێبەکەی تریشیدا دەبینرێت کە لەژێر ناوی (وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان)دا بڵاوی کردبۆوە و تیایدا لەسەر هەمان پەیڕەو بەپێی پێودانگە سیاسییەکە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی کۆڵیبۆوە ئینجا ئاوڕی لەلایەنی هونەری شیعرەکان دابۆوە.

جیاوازی ئەم بەرهەمە لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوو لەوەدایە کە تەنها لە دیوانی شیعری یەک شاعیری نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو شێوەیەکی فراوانتری وەرگرتووە و لە شیعری شاعیران: سەلاح شوان و ئیحسان نەقشەبەندی و مارف ناسراو و کەمال میراودەلی و دڵشاد محەمەد ئەمینی کۆڵیوەتەوە و لەم ڕێگایە چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعری خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لە بارەی مەسەلەی کۆن و نوێ لە شیعردا پشت بەستن بەلایەنە چاکەکانی شیعری کۆنی کردۆتە بناغەی بنیاتنانی شیعری نوێ[٣٣١]. لە بارەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعریشەوە، ناوەڕۆکی لە شێوەی هونەری بەگرنگتر داناوە بێ ئەوەی لە نرخی شێوەی هونەری کەم بکاتەوە و ڕۆڵی کاریگەری لە بنیاتنانی شیعر دیار بکات[٣٣٢]. هەرچی زمانی شیعرە

٣٣٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧-٤٤.

٣٣١- بڕوانە: وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، حەمە سەعید حەسەن، مطبعة علاء-بغداد، ١٩٧٩، ل١١ و ٥٢ و ٥٣ و ٦١.

٣٣٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

ئەوا لە ڕێگای باسکردنی وێنەی شیعرییەوە جۆری مامەڵەکردنی شاعیری لەگەڵ وشە و ڕستەکاندا دیارکردووە و دەستی لەسەر ڕادەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی شاعیر داناوە و چڕ و پڕی لە دەربڕین و دوورکەوتنەوە لە ڕاستەوخۆیی دەربڕین و خۆپاراستن لە وشە و دەربڕینە ناوچەییەکان پەسەند دەکات[٣٣٣]. لە بارەی قافیەی شیعریشەوە وازهێنان لە قافیە لای شاعیرانی نوێ بە شتێکی ئاسایی دادەنێت و بگرە پەسەندیشی دەکات[٣٣٤]. ئینجا مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی بایەخی پێداوە و لەسەر بناغەی یەک بۆچوونەوە لای زۆربەی شاعیران پێی لەسەر داگرتووە ئەو ئیلتیزامەیە کە بە مانای خۆبەستنەوە بە بەرەی گەل و خزمەتکردنی چینی چەوساوە هاتووەو بەپێی ئەمە شیعری شاعیرەکانی ڕەت کردۆتەوە یان پەسەندی کردوون[٣٣٥]. هەروەها بایەخێکی تایبەتیشی بە مەسەلەی تەم و مژ و بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانە داوە و لەم ڕووەوە بەوردی ڕەمزی شیعرەکانی شی کردۆتەوە و جۆری مامەڵەکردنی شاعیری لەگەڵ ئەم بابەتە گرنگە دیار کردووە. هەروەها لە بارەی تەم و مژییەوە لە پوختەی بیروڕاکانیدا لەگەڵ تەم و مژیدا نییە تەنها ئەو جۆرە تەم و مژییە پەسەند دەکات کە پەردەیەکی تەنک دروست دەکات و ڕواڵەتێکی جوان دەداتە شیعر[٣٣٦].

هەر لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ گرنگی ئەو لێکۆڵینەوە فراوانە بکەین کە (حوسێن عەلی شانۆف) لەسەر(گۆران)ی نووسیبوو و(شکور مستەفا) لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا وەری گێڕایە سەر زمانی عەرەبی. ئەم کتێبە لەسەر بناغەی پەیڕەوێکی زانستی ورد بەپێی قوتابخانە ئەدەبییەکان قۆناغەکانی پەرەسەندنی شیعری شاعیریان دیارکردووە و[٣٣٧] لە ڕووی شێوەی هونەریشەوە لە دیارترین خاسیەتە هونەرییەکانی کۆڵیوەتەوە و بەتایبەتی

٣٣٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦ و ٢٤ و ٣٩ و ٧٣. هەروەها بڕوانە: شیعر هەڵوێستە، حەمە سەعید حەسەن، ل٢٨-٣٦.

٣٣٤- بڕوانە: وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، حەمە سەعید حەسەن، ل١٧-٢٠. هەروەها بڕوانە: شیعر هەڵوێستە، حەمە سەعید حەسەن، ل٢٧.

٣٣٥- بڕوانە: وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، ل١٠ و ١٤ و ٣٢ و ٤٨ و ٤٩ و ٥٥ و ٧٤.

٣٣٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١-٢٣ و ٢٥ و ٤٧ و ٤٨. هەروەها بڕوانە: شیعر هەڵوێستە، حەمە سەعید حەسەن، ل٣٦ و ٣٩-٤٣.

٣٣٧- بڕوانە : (شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران)، حسين علي شانوف، ترجمة شكور مصطفى، مطبعة دار الجاحظ-بغداد، ١٩٧٥، ص٢٧-١٦٠.



لایەنی کێش و قافیە و زمانی شیعر و داهێنانی چەند بابەتێکی تر[٣٣٨].

شایانی باسە کە (عەزیز گەردی) هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵە وتارێکی پێشووی خۆی لە دووتوێی کتێبێکدا لە ژێر ناوی (ئەدەب و ڕەخنە) بڵاو کردەوە[٣٣٩].

هەروەها ئەوەی لە حەفتاکاندا سەرنجمان ڕادەکێشێت بەردەوامی بڵاوبوونەوەی دیاردەی نووسینی پێشەکییە بۆ دیوانە شیعرییەکان چ لەلایەن شاعیران خۆیانەوە وەیان لەلایەن کەسانی ترەوە. جا ئەو پێشەکییە ڕەخنەییانە کە لایەنێکی تری چالاکییە ڕەخنەییەکەی ئەو ماوەیەی دەنواند، لەو پێشەکییانەدا باسی چەند مەسەلەیەکی شیعری کراوە.

لە بەشێکی دیاری ئەو پێشەکییانەدا بایەخێکی گەورە بە مەسەلەی ئیلتیزام دراوە لە ڕێگای بەستنەوەی ئەرکی شیعر بە ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵک و خزمەتکردنی بەرژەوەندییان[٣٤٠]. هەر لەپاڵ ئەم مەسەلەیەش جاری وا هەیە باسی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن کراوە و ئەوە دیارکراوە کە ئەدەب پێویستە لە ئاستی تێگەیشتنی جەماوەردا بێت[٣٤١]. لە بەشێک لەو پێشەکییە ڕەخنەییانەش ڕەنگدانەوەیەکی چاکی بایەخدان بە چەند مەسەلەیەکی تر دەبینرێت وە بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعر بوون. (کامەران موکری) لە پێشەکی دیوانی (خۆشەویست)دا لە بارەی کێش و قافیەی شیعرەوە ئەوە دەردەخات کە کێش پێویستییەکی بنچینەیی شیعرە و دەبێ هەر هەبێ بەڵام دەکرێ بگۆڕێ و شێوە بەکارهێنانی جیاواز وەربگرێت[٣٤٢]،

٣٣٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠-١٩٤.

٣٣٩- بڕوانە: ئەدەب و ڕەخنە، عەزیز گەردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٧٤.

٣٤٠- بڕوانە: بەستەی چوار داستان، ئاوارە، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٧٠، پێشەکییەکەی بەپێنووسی: ئاوارە، ل١١-٢٠. ڕێگەی دوور، کەریم شارەزا، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧١، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: عبدالرزاق بیمار، ل٣-٧، زایەڵەی زەنگ، ئەژی گۆران، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١، ل١٦. شەپۆڵی هەست، حەمە عەلی وریا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٣، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: ساجد ئاوارە، ل٦-٨. سۆزی ئەندێشە، حەمە عەلی وریا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٩، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: بەختیار، ل٦.

٣٤١- بڕوانە: سۆزی ئەندێشە، حەمە عەلی وریا، ل٧.

٣٤٢- بڕوانە: خۆشەویست، ئەرخەوان، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٢، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: کامەران موکری، ل٥.

کەچی لە بارەی قافیەوە ئەوە دەردەخات کە بۆی هەیە جارجارە نەمێنێ و ئەویش دەتوانێ شێوە بەکارهێنانی تر وەربگرێت[٣٤٣]. هەروەها باسی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆک دەکات و پێ لەسەر گرنگی هەردووکیان دادەگرێت[٣٤٤].

(د. عیزەدین مستەفا رەسوولّ) لە پێشەکی دیوانی (خونچەی سەهۆلّ)دا لەسەر بناغەی چۆنیەتی بەکارهێنان و دارِشتنی وشە لە شیعردا ئەو رایە رەت دەکاتەوە کە وشەکان دابەش دەکات بۆ وشەی شیعری و ناشیعری و ئەوە دەردەخات کە بەپێی توانا و کارامەیی شاعیر لە رووی چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان هەموو وشەیەک بۆی هەیە ببێتە وشەی شیعری[٣٤٥].

(عەزیز گەردی) لە پێشەکی دیوانی (کاروانی یار)دا باسی چەند مەسەلەیەکی شیعری دەکات وەک مەسەلەی ئیلتیزام کە لەو پەیوەندییە پتەوەیدا دەبینێت کە ئەدەب بە ژیان دەبەستێتەوە و پەیامی پیرۆزی ئەدەبیش لە رەنگدانەوەی ژیاندا دەبینێت بۆیە بە توندی پێ لەسەر حەتمیەتی پەیوەندی نێوانیان دادەگرێ[٣٤٦]. لە بارەی کێش و قافیەی شیعرەوە بەوردی لە رێگای باسکردنی شیعرەکانی شاعیر شێوە بەکارهێنانەکانی هەردووکیان دیاردەکات[٣٤٧]. هەروەها لە بارەی رەمزەوە دوای ئەوەی ئەرکی رەمز لە خەستکردنەوە و قووڵکردنەوەی مانای شیعردا دەردەخات ئەو جۆرە رەمزە پەسەند دەکات کە دەرگای تێگەیشتن لە رووی خوێنەر داناخات[٣٤٨].

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تا ئێستا لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا گەورەترین بووژانەوە کە رەخنەی ئەدەبی کوردی بەخۆیەوە بینیبێ لە ساڵانی حەفتاکان بوو. دیمەنەکانی ئەو بووژانەوەیش لە ژمارە و جۆری ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینە رەخنەییانەدا دەردەکەوێت کە لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی چالاک لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکان و

٣٤٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠
٣٤٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦و٧٠
٣٤٥- بڕوانە: خونچەی سەهۆڵ، ئازاد دلزار، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٧٥، پێشەکییەکەی بە پێنووسی، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ل١٤-١٦٠
٣٤٦- بڕوانە: کاروانی یار، جەلال مەدحەت خۆشناو، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦، پێشەکییەکەی بە پێنووسی، عەزیز گەردی، ل٤و٥٠
٣٤٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٥٠
٣٤٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١-٢٣٠



لە دووتوێی کتێب و چاپکراوەکانی تردا بڵاوکرایەوە و سیمای پەرەسەندنی رەخنەکە لە پەیڕەوکردنی بنەما مەوزووعییەکاندا دەبینرا لە بەشێکی دیاری ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینە رەخنەییانەدا دیاربوو.

بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە سەرباری ئەو بووژانەوە و پەرەسەندنەی بەسەر رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەدا هاتبوو، زۆربەی ئەو رایانەی باسی باری رەخنەی ئەدەبی کوردییان دەکرد رەمەکییانە لە چەند بیروڕایەکی گشتیدا رەخنەی ئەدەبی کوردییان نەک هەر بە رەخنەیەکی دواکەوتوو لەقەڵەم دەدا بگرە نکۆڵیشیان لە بوونی دەکرد. دیارە هۆی سەرەکی ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ مانەوەی سامان و کەلتووری رەخنەی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو و نەبوونی سەرچاوەیەکی ئەوتۆ کە ئەو کەرەستەیە کۆ بکاتەوە و لێی بکۆڵێتەوە و هەنگاوەکانی بەرەو پێشچوونی رەخنە لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکان دیار بکات. دیارە ئەمەش هۆیەکی گرنگە بۆ بێ ئاگابوونی خاوەن ئەم رایانە لەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەخۆیەوەی دەبینی.

جا لێرەدا بەسەرکردنەوەی بەشێک لەو بیروڕایانەی لەم رووەوە بە درێژایی ساڵانی حەفتا باسی باری رەخنەی ئەدەبی کوردییان دەکرد، راستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت.

(د. مارف خەزنەدار) پشت لە سەرجەم سامانی رەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات و چاو لە هەوڵ و کۆششی هەموو رەخنەگران بە خراپ و چاکەوە دادەپۆشێت کاتێک رەخنەی ئەدەبی کوردی لەشەڕە جنێو زیاتر دانانێت و دەڵێ: «داخی گرانم تا ئێستاکە رەخنەیەکم بە کوردی نەخوێندۆتەوە کە رەخنەی پێ بڵێین، شەڕەجنێوە و هیچی تر»[٣٤٩] ئینجا هەر لەسەر بناغەی ئەم تێڕوانینە لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «بەلای ئێمەوە وشەی (رەخنە) وەکو زاراوەییێکی زانستی بەکارهێنانی بۆ کاری ئەدەبی هونەری، لە مێژوویی ئەدەبی کوردیدا شتێکە هەیە و بەکار ئەهێنرێ، بەڵام ناوێکی بێ ناوکە...»[٣٥٠] لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین هەر چەندە ئێمەش لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دان بەبوونی چەند دیمەنێکی دواکەوتوو دادەنێین، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لە رەخنەی

٣٤٩- گفتوگۆیەک لەگەڵ دکتۆر مارف خەزنەدار، ر: هاوکاری، ژ: ٥، ٢٦-٢-١٩٧٠، ل١٤٠
٣٥٠- هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری رەخنەم، د.مارف خەزنەدار.گ: دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، مایس-ئاغستۆسی ١٩٧٠، ل٤٩٠

ئەدەبی کوردی هەر قۆناغێک ئەوەی بۆ دەرخستووین کە بوونی ئەم دیمەنانە مانای نەبوونی رەخنەی چاک نەبووە لە ئەدەبی کوردیدا، بۆیە ناتوانین ئەو رایە گشتییە و حوکمە موتلّەقەی (د.خەزنەدار) کە سەرجەم رەخنەی ئەدەبی کوردی گرتۆتەوە و بە شتێکی خراپ و دواکەوتووی لەقەڵەم داوە بە راست بزانین.

هەروەها (حوسێن عارف) لە بارەی باری دواکەوتووی رەخنەی ئەدەبی کوردییەوە دەڵێ: «بەداخەوە باری رەخنەگری لە ئەدەبەکەمانا گەلێک تاریک و نووتەک ئەبینم! بەڵام ئەمە ئەگەرچی بەسەرێک جێگەی داخە، بەسەرێکی تر بەلای منەوە ئەنجامێکی دواکەوتوویی ئەدەبەکەمانە بەگشتی ئەی ئەگینا کەی ئەوە رەخنەیە ئەگیرێ و کەی ئەوەش دەستووری رەخنەگرتنە کە پەیڕەو ئەکرێ!»[٣٥١] ئەوەی لێرەدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە ئەم رایە نەک هەر باری رەخنەی ئەدەبی کوردی بەدواکەوتوو دادەنێت، بەڵکو نکۆڵیش لە بوونی ئەدەبێکی پێشکەوتوو دەکات کە پێش ساڵانی حەفتا هەبووبێت، لەکاتێکدا سامانی ئەو ئەدەبە پێشکەوتووەی کە بە درێژایی مێژوو بۆمان بەجێ ماوە، پێچەوانەی ئەم رایە دەسەلمێنێت.

هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (دڵشاد مەریوانی) نەبوونی رەخنەیەکی چاک بە ئەنجامی نەبوونی ئەدەبێکی پێشکەوتوو دادەنێت کاتێک دەڵێ: «کە ئەدەب هەبوو رەخنەش هەیە. بەڵام دەتوانین بڵێین رەخنەی باشمان نییە... بۆ؟ چونکە ئەدەبی باشمان نییە...»[٣٥٢].

(حەسیب قەرەداغی) کە بە ئاشکرا رەخنە بە پاشکۆی ئەدەب دادەنێت، ئەویش پێ لەسەر ئەو رایە دادەگرێ کە هۆی دواکەوتنی رەخنە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەدەبێکی دواکەوتوو، بۆیە لەم رووەوە دەڵێ: «رەخنە خۆی لەگەڵ ئەدەبدا دەڕوات... بەڕای من لە ئەدەبدا بە شێوەیەکی گشتی دواکەوتنێکمان هەیە، و ئەوەش هۆی تایبەتی خۆی هەیە، جا لەبەر ئەوەی رەخنەش رواڵەتێکە لە رواڵەتەکانی ئەدەبەوە پەیدا دەبێت بێ گومان ئەو مۆرکی دواکەوتنی ئەدەبەش بەرەخنەشەوە هەیە»[٣٥٣] بەڵام لەکاتێکدا ئەم رایانە هۆی

٣٥١- گفتوگۆیەک لەگەڵ حسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٧، ٢٧-٢-١٩٧٠، ل٩.

٣٥٢- وتووێژێکی والا لەسەر ئەمڕۆ و ئەدەب و ژیان، ئامادەکردنی، ئەحمەد رێبوار، ر: هاوکاری، ژ: ١٧٣، ٢٩-٦-١٩٧٣، ل٣.

٣٥٣- رواڵەتە بنەڕەتییەکانی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا، ئامادەکردنی: سعدی المالح، ر: بیری نوێ، ژ: ٢٤٦، س: ٦، ٢٥-٦-١٩٧٧، ل٤.



دواکەوتنی رەخنەی ئەدەبی کوردییان دەگەڕاندەوە بۆ دواکەوتنی ئەدەبی کوردی، چەند رایەکی تر بە پێچەوانەوە ئەوەیان دەرخست کە کورد خاوەنی ئەدەبێکی پێشکەوتووە بەڵام رەخنە لە بارێکی دواکەوتوودایە و توانای ئەوەی نییە شان بەشانی ئەدەبەکە بێت. لەم رووەوە (دلّزار) دەڵێ: «بەڕای من رەخنەی ئەدەبی کوردی لەچاو بەرهەمی ئەدەبیماندا زۆر لە دوایە هێشتا جووڵانەوەی رەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا پرۆگرامێکی زانستی رێک و پێکی نییە»[٣٥٤].

هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (فوئاد حەمە خورشید) دەڵێ: «... رەخنەی ئەدەبی لە راستیدا نەیتوانیوە هاوشانی بەرهەمە ئەدەبییەکان هەنگاو بنێت و لە چارەسەرکردنی مەسەلە ئەدەبییە هاوچەرخە گرنگەکانی ئەدەبی کوردیدا سەرنەکەوتووە»[٣٥٥].

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەردوو بۆچوونەکە چ ئەوەی ئەدەبی کوردی بە دواکەوتوو داناوە وەیان ئەوەی ئەدەبی کوردی بە پێشکەوتوو داناوە، هەردووکیان رەخنەی ئەدەبی کوردییان بە رەخنەیەکی دواکەوتوو لەقەڵەم داوە. بەڵام هەر لەو ماوەیەدا چەند بیروڕایەکی تر هەبوو بەوەش نەوەستا رەخنەی ئەدەبی کوردی بە رەخنەیەکی دواکەوتوو دابنێت بەڵکو نکوڵی لە بوونی رەخنەیەکی راستەقینە و هەندێ جاریش هەر لەبوونی رەخنە بەگشتی کردووە.

لەم رووەوە (عەباس عەبدوڵڵا) نکۆڵی لە بوونی رەخنەیەکی راستەقینە لە ئەدەبی کوردیدا دەکات و دەڵێ: «رەخنە بەمانا راستەقینەکەی لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا نەبووە، ئەگەر چەند هەوڵێکیش هەبێت ئەوا پێ نەگەیشتوون و تا ئێستا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە»[٣٥٦]. هەروەها (دڵشاد عەبدوڵڵا) دەڵێ: «... هەتا ئێستا رەخنەی مەوزووعی لای ئێمە لە دایک نەبووە و چاوەڕێی لە دایک بوونی ئەکەین»[٣٥٧]. هەرچی (سەڵاح

٣٥٤- واقیعی رەخنەی ئەدەبی لەئەدەبی کوردیدا، دلّزار، ر:بیری نوێ، ژ: ٢١١، ٩-١٠-١٩٧٦، ل٥

٣٥٥- رەخنەی ئەدەبی لایەنەکانی و جێگای لە جووڵانەوەی رۆشنبیری کوردیدا، فوئاد حەمە خورشید، وەرگێڕانی سەڵاح شوان، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ٥١، گەلاوێژی١٩٧٦، ل٢٢.

٣٥٦- مسافرون في رحلة يتيمة، اعداد انور الشاكلي، جريدة التآخي، العدد١١٠١، ٣-٨-١٩٧٢، ص٦.

٣٥٧- چوار پرسیار و دەنگی نەوەی نوێ لە هەولێردا، ئامادەکردنی، . ع. م، ر: برایەتی، ژ: ٢٤، ٥-٢-١٩٧٤، ل٧.

شوان)ە، ئەوا لەمە زیاتریش دەڕوا کاتێک نکۆڵی لە بوونی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا دەکات و دەڵێ: «ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بیلێێین ئەوەیە کە ئەدەبەکەی ئێمە بێ رەخنەیە!»[٣٥٨]. ئەگەرچی لە دواییشدا دەگەڕێتەوە و ئاماژە بۆ بوونی چەند هەوڵێکی دڵسۆزانە دەکات لەم بوارەدا بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە دەردەخات کە ئەو هەوڵانە هێشتا لە سەرەتادانە.

هەروەها (فازڵ ئەحمەد) هەمان ئەنجاممان دەداتە دەست کاتێک دەڵێ: «ژماردنی رەخنەگرە کوردەکان کارێکی ئیجگار گرانە، نەک لەبەر ئەوەی ژمارەیان ئەوەند زۆرە دوایی نایە، بەڵکو لەبەر ژمارە کەمییان... بەڵێ رەخنەگرمان ئەوەندە کەمە ئەگەر هەموو قوژبنەکانی مێژووی ئەدەبی کورد بگەڕێین ئەوسا لەوانەیە بەدەستی بەتاڵ بێینە دەرەوە»[٣٥٩]. ئەمەش گومانی نووسەرمان بەرامبەر بە بوونی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ دیاردەکات.

هەندێ جاریش سادەیی بە رواڵەتێک لە رواڵەتەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی دانراوە بەهۆی تازەیی ئەم بابەتە لای کورد بۆیە دەبینین بەشێک لە بیروڕاکان لەسەر بناغەی ئەمە یەک تێڕوانینیان بەرامبەر بە رەخنەی ئەدەبی کوردی هەبووە هەروەک لای (ئیسماعیل رەسوول) و (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) و (سەلام محەمەد)دا دەبینرێت کە هەموویان ئەوە دەردەخەن کە رەخنەی ئەدەبی کوردی کۆرپەیەکی ساوای پێ نەگرتووە و لەسەرەتای گاگۆڵکەکردن دایە و پێویستی بە چاودێری کردن و پێشخستن هەیە[٣٦٠].

هەروەها لایەنێکی تری ئەو رایانەی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا بەدواکەوتوو دادەنێن لە جۆری تێگەیشتنیان لە مانای رەخنەدا دەردەکەوێت کە هەندێک لەو مانایانە ئاژاوە[٣٦١]

٣٥٨- رەخنە... رەخنە، سەڵاح شوان، ر: برایەتی، ژ: ٥٣، ١-٦-١٩٧٣، ل٨.

٣٥٩- دژی رەخنە، فازڵ ئەحمەد، ر: هاوکاری، ژ: ٢٨٤، ١٩-٩-١٩٧٥، ل٣.

٣٦٠- بڕوانە: -دوانێک دەربارەی رەخنە، ئامادەکردنی، شێرزاد عەبدولرەحمان، ر: هاوکاری، ژ: ٣٣٨، ١٣-١-١٩٧٦، ل٤.

- شیعر و لەدایکبوون، سەلام محەمەد، گ: بەیان، ژ: ٤٦، کانوونی دووەمی١٩٧٨، ل٢٤.

- رەخنەی ئەدەبی لە نێوان بوون و نەبوونیدا، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ر: هاوکاری، ژ: ٤٣٨، ٢١-٨-١٩٧٨، ل٧.

٣٦١- بڕوانە: بیروڕایەک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنە، ئامادەکردنی رەفیق سابیر، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٢، ١٧-١١-١٩٧٢، ل٧.



و تانووت و پەلار هاویشتن و[٣٦٢] تیر و توانج و رق و کینە و[٣٦٣] و جوێنی[٣٦٤] گرتۆتەوە. جا لەکاتێکدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرجەم ئەم بیروڕایانە پێیان لەسەر باری دواکەوتووی رەخنەی ئەدەبی کوردی داگرتووە، دەبێ لێرەدا سەرنجیش بۆ ئەوە رابکێشین کە لەپاڵ ئەم رایانە چەند رایەکی کەم ئەوەیان دەرخستووە کە لە حەفتاکاندا بزووتنەوەیەکی رەخنەیی هەبووە وە بەتایبەتیش ئەو بزووتنەوە رەخنەییەی تایبەت بە روانگە بوو.

لەم رووەوە (فوئاد قەرەداغی) سەرباری لەبەرچاوگرتنی کەموکوڕییەکانی ئەدەبی روانگە کاریگەری ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە لەسەر پەیداکردنی بزووتنەوەیەکی رەخنەیی لە ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەدا دیاردەکات و دەڵێ: «ڕاستییەک هەیە کە پێویستە هەموو نووسەران و ئەدەب دۆستانی کورد دانی پیا بنێن، ئەویش ئەوەیە کە رێبازی ئەدەبی روانگە بزووتنەوەیەکی رەخنەگرتنی لە ئەدەبی کوردیدا دروست کرد»[٣٦٥] هەروەها (شێرکۆ بێکەس) دان بەهەمان راستی دادەنێ کاتێک دەڵێ: «ڕوانگە پەیوەندییەکی بەهێزی رەخنەی ئەدەبیشی لەناو خۆیدا دروست کردووە، بۆ چاوپێداگرتنەوە لە بەرهەمەکانیانا، ئەم پەیوەندییە چاکترین سوود ئەگەیەنێت بە بەرهەمەکان لە رووی گەشەکردنیانەوە، لەهەمان کاتیشا چاکترین هاندەرە بۆ تازەبوونەوەی هەمیشەیی...»[٣٦٦] هەرچی (کەمال میراودەلی)یە لەپاڵ پێشبینی کردنی ئەو پێشکەوتنەی کە بزووتنەوەی روانگە دروستی دەکات ئەوەش دەخاتە سەر رایەکەی کە «... رەخنەی ئەدەبی کوردی پشت بەستوو بەڕێبازو فەلسەفەیەکی ئاشکراوە، لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا دروست بوو، بەتایبەتی لە ئەنجامی ئەو لێدوان و دەمەتەقێیانەدا کە دەربارەی ئەدەبی (ڕوانگە) هاتنە گۆڕێ»[٣٦٧]. لێرەدا

٣٦٢- بڕوانە:ئەدەب و رەخنە، عەزیز گەردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، چاپی یەکەم،١٩٧٤، ل٢٧.

٣٦٣- بڕوانە: رەخنەی ئەدەبی کوردی و دوا چارەکی سەدەی بیستەم، ئازاد ئەحمەد عەلی، ر: هاوکاری، ژ: ٣٣٠، ١١-٦-١٩٧٦، ل٥.

٣٦٤- بڕوانە: ئەم شاعیرە و وتووێژێک، ئامادەکردنی: مستەفا ساڵح کەریم، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٤، شوباتی١٩٧٩، ل٩.

٣٦٥- روانگە و تەرازووی ویژدان، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٥، ٢٣-٩-١٩٧٢، ل٣.

٣٦٦- روانگە و... کوێرە ڕەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی شەشەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٤، ١٦-٩-١٩٧٢، ل٣.

٣٦٧- وتووێژێ لەگەڵ شاعیری (بارانی پەڵە هەورێکی کۆچەری)دا، ئامادەکردنی: مستەفا ساڵح کەریم، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق ژ: ٢٣، کانوونی دووەمی١٩٧٩، ل٩.

پێویستە ئەوە بڵێین کە بوونی ئەم چەند رایە، سەرباری کەمی ژمارەیان، گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە راستییەکی گرنگی لایەنێکی بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دیاردەکات و بە وەڵامێک دادەنرێت بۆ ئەوانەی دانیان بەبوونی رەخنە لە ئەدەبی کوردی دانەدەنا.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین، ئەو چەند رایە کەمەی لێ دەربچێت کە باسی بوونی بزووتنەوەیەکی رەخنەیی لەو ماوەیەدا دەکات، زۆربەی زۆری ئەو رایانەی رەخنەی ئەدەبی کوردییان بە رەخنەیەکی دواکەوتوو داناوە لە رووی بۆچوونێکی مەوزووعییەوە باسی باری رەخنەی ئەدەبی کوردییان نەکردووە و رەمەکییانە چەند سەرنجێکی گشتییان نەک هەر لە بارەی رەخنەی ئەو ماوەیە دەربڕیوە بەڵکو سەرجەم سامانی ئەدەبی کوردی لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا گرتۆتەوە کە دیارە ئەمەش پێچەوانەی باری راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیاردەکات کە لەو ماوەیەدا پەرەسەندنێکی چاکی بەخۆیەوە بینیبوو.

سەرنجدانێک لە بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ساڵانی هەشتاکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو بزووتنەوە رەخنەییە لەچاو ساڵانی حەفتا وە بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا کزی و سستییەکی دیار بە سیمای ئەو بزووتنەوەیەوە دیار بوو سەرباری ئەوەی لە کۆتایی حەفتاکاندا هەست بە جۆرە جموجۆڵییەکی رەخنەیی کرا دوای بڵاوکردنەوەی چەند وتارێک لەسەر ئەو چامە شیعرییەی کە (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) لەژێر ناوی (لم نیازمە)دا بڵاویکردبۆوە و ئەو وتارانە لە رووی دوو بۆچوونی جیاوازەوە لێیان کۆڵیبۆوە و هەڵوێستی رەخنەیی خۆیان بەرامبەر دیار کردبوو، جا ئەو دوو بۆچوونە یەکێکیان بەرگری کردن بوو لەو شێوە دەربڕینە ئاڵۆز و تەماوییە و زمانە تێک شکاوەی کە شاعیر بەکاری هێنابوو بە ئەنجامێکی ئاسایی باری دەروونی و سروشتی ژیانی سەردەمی شاعیری دانابوو[٣٦٨] و بۆچوونەکەی تریشیان بە پێچەوانەوە لەسەر بناغەی ئەو شێوە تەم و مژییەی باڵی بەسەر شیعرەکەدا کێشابوو و دەرگای تێگەیشتنی نەک هەر لە رووی کۆمەڵانی خەڵک داخستبوو بگرە چینە رۆشنبیرەکەشی گرتبۆوە جگە لە تێکشکانی زمان و لادان لە بەشێک لە دەستوورەکانی ئەمانە مایەی رەخنە لێگرتنێکی توند

٣٦٨- بڕوانە: لم نیازمە لە ڕوانگەیەکی ترەوە، شێرزاد حەسەن، ر: هاوکاری، ژ: ٤٨٨، ٢٠-٨-١٩٧٩، ل٣و٧.



بوون[٣٦٩]. بەهەر حاڵ چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە لەو ماوەیەدا ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی چالاکییەکی رەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا و ئەو چالاکییە لە هەشتاکاندا زیاتر پەرەی پێبدرێ و ببێتە هۆی بووژانەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی، کەچی لەپڕ لە شوێنی خۆی وەستا و بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشا.

جا کە تەماشای ئەو نووسین و وتارە رەخنەییانە دەکەین کە لە سەرەتای هەشتاکاندا لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، لەلایەکەوە کەمی ژمارەی ئەو نووسین‌و وتارانە سەرنجمان رادەکێشێت و لەلایەکی تریشەوە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی نووسین و وتارەکانی پێکدەهێنا کە بەردەوامی بەشێک لەو بابەتانە بوون کە لە حەفتاکاندا لە بارەی شیعری نوێی کوردییەوە خرابوونە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

یەکێک لەو مەسەلە شیعرییانەی لە نووسینە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیەدا بایەخی پێدرابوو، مەسەلەی تەم و مژی و بەکارهێنانی رەمز و ئەفسانە بوو لە شیعری نوێی کوردیدا. لەم رووەوە (عەبدوڵڵا عەباس) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی شیعر و تەم و مژ لە شیعری نوێدا) باسی مەسەلەی تەم و مژی دەکات و بە پێویستییەک لە پێویستییەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت کاتێک بە سروشتە ئاڵۆزەکەی ژیانی سەردەمە نوێیەکەی دەبەستێتەوە[٣٧٠].

هەروەها بایەخدان بە بەکارهێنانی رەمز و ئەفسانە و چەند مەسەلەیەکی دیکەی شیعری نوێی کوردی لەو دیدارەدا دەبینرێت کە لە شێوەی کۆڕێکی فراواندا لە چەند زنجیرەیەکدا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکرایەوە و چەند شاعیر و نووسەر و رەخنەگرێکی کورد بەشدارییان تیادا کرد (سەلاح شوان) لە چەند سەرنجێکی ورددا جۆرەکانی بەکارهێنانی رەمز و ئەفسانە لە شیعری نوێی کوردیدا دیاردەکات چ بەکارهێنانیان بێت وەک ئیشارەت وەیان وەک کەرەستەیەک بۆ بینای دەقە ئەدەبییەکە[٣٧١]. هەروەها

٣٦٩- بڕوانە: هەندێک لێکدانەوە و سەرنج دەربارەی -لم نیازمە- ئومێد ئاشنا، ر: هاوکاری، ژ: ٤٥٧، ١٥-١-١٩٧٩، ل٣. هەروەها بڕوانە: وقفة ثانية مع المجموعة الشعرية الرمل نيتي، كمال غمبار، جريدة العراق، العدد٨٨٧، ٢٩-١-١٩٧٩، ص٣.

٣٧٠- بڕوانە چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی شیعرو تەم ومژ لە شیعری نوێدا، عەبدوڵڵا عەباس، گ: رۆژی کوردستان، ژ: ٥٨، ئازاری١٩٨٠، ل٣٣-٣٥.

٣٧١- بڕوانە: تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی دووەم، گ: بەیان، ژ: ٧٨، نیسانی١٩٨٢، ل١١٧

(شێرکۆ بێکەس) لە ڕێگای باسکردنی بەکارهێنانی کەلەپوور لە شیعری (گۆران)دا باسی جۆرەکانی بەکارهێنانی ئەفسانە دەکات ئینجا پێ لەسەر ئەو بوعدە دادەگرێ کە شاعیر لەو دیوی ڕەمزەکەوە دەیەوێ بیگەیەنێت[٣٧٢]. هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (حەسیب قەرەداغی) هۆی بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانە و داستان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو مەودا فراوانەی لەم ڕێگایەوە شیعرەکە پەیدای دەکات و ئەو مانا تازەیەی دەیبەخشێت[٣٧٣]. هەرچی (ئەحمەد هەردی)یە ئەوا بۆ ئەوە دەچێت کە سوود وەرگرتن لە کەلەپوور لەلایەن شاعیرەوە شتێکی نوێ نییە بۆیە زیاتر پێ لەسەر جۆری داڕشتن و بەکارهێنانی کەرەستەکە دادەگرێت و لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە داوای سوود وەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی و ڕووداوە مێژووییەکانی دەکات وەک کەرەستەیەک لە شیعری نوێدا[٣٧٤]. هەروەها مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی لەو دیدارەدا باس کرا مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعرە، لەم ڕووەوە (شێرکۆ بێکەس) بۆ ئەوە دەچێت کە گۆڕانی ئەو مەبەستانەی شاعیر دەریان دەبڕێت دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوە هونەرییەکە و مەبەستە نوێیەکان شێوەی هونەری نوێ بۆ خۆیان دەدۆزنەوە[٣٧٥]. بەڵام (سەلاح شوان) لە ڕایەکەیدا کە بە بەرپەرچدانەوە دادەنرێت بۆ ڕایەکەی (شێرکۆ بێکەس) ئەوە دەردەخات کە مەرج نییە ناوەڕۆکی چاک شێوەی هونەری چاک بێنێتە کایەوە، چونکە زۆرجار وارێک کەوتووە کە شیعر ناوەڕۆکێکی زۆر چاکی هەبووە و نەشیتوانیوە ئەو شێوە هونەرییە چاکە بێنێتە کایەوە و بەپێچەوانەوەش لەوانەیە ناوەڕۆک لاواز بێت کەچی شێوەیەکی هونەری بە هێزی هەبێت[٣٧٦]. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین ناکرێ مەسەلەکە بە شێوەیەکی ڕەها وەربگیرێت و نکۆڵی لە بوونی ئەو نموونانە بکەین کە شێوە و ناوەڕۆکیان بەم شێوەیە تیادا بینراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیش ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی لە هەر سەردەمێکدا ژیانی قۆناغە نوێیەکە دەیهێنێتە پێشەوە پێویستی بە شێوە دەربڕینێکی نوێ دەبێت و دەیهێنێتە کایەوە. جگە لەمە هەر لەو دیدارەدا (ئەحمەد هەردی) چەند

٣٧٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣و١١٤.

٣٧٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

٣٧٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

٣٧٥- بڕوانە: تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی سێیەم، گ: بەیان، ژ: ٧٩، مایسی١٩٨٢، ل٨٨.

٣٧٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.



سەرنجێکی گرنگ لە بارەی کێشی شیعری کوردی دەردەبڕێت و ئەوە دەردەخات کە هەر میللەتێک ئەو جۆرە کێشە لە شیعردا بەکاردەهێنێت کە لەگەڵ سروشتی زمانەکەیدا دەگونجێت ئینجا کێش بە یەکێک لە مەرجەکانی پێکهاتنی شیعر دادەنێت[٣٧٧]. وە لە بارەی پەیوەندی شیعر بە جەماوەر (دڵشاد محەمەد ئەمین) لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی ورد لە ڕۆڵی کاریگەری شیعر لە ژیاندا ئەوە دەردەخات کە شاعیر دەبێ پێویستییەکانی جەماوەر نەک ئارەزووەکانی لەبەرچاو بگرێت[٣٧٨].

هەر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (بەیان)دا لەو ماوەیە چاومان بەچەند وتارێکی تر دەکەوێت کە لایان لە چەند مەسەلەیەکی شیعری کردۆتەوە، وەک ئەو وتارەی (ئیسماعیل ڕۆژبەیانی) کە لەژێر ناوی (چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری ئەمڕۆمان)دا بڵاوی کردبۆوە و تیایدا باسی مەسەلەی کۆن و نوێی لە شیعردا کردبوو و ئەوەی دەرخستبوو کە ناکرێ کات بکرێتە پێوەری کۆن و نوێیی شیعر بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بە خودی شیعرەکەوە هەیە لە ڕووی چاکی و خراپییەوە[٣٧٩]، ئینجا پێ دادەگرێ لەسەر گرنگی پشت بەستنی شیعری نوێ بە سامانی ئەدەبیاتی کۆن و ئەوە دەردەخات کە پێویستە شیعری نوێ لەسەر بناغەی شیعری کۆن بنیات بنرێت[٣٨٠].

لە بارەی مەسەلەی قافیەوە (ئازاد عەبدولواحید) و (کەمال غەمبار) لە ڕێگای باسکردنی قافیە لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا چەند سەرنجێکی ڕەخنەییان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەربڕیوە.

(ئازاد عەبدولواحید) دوای ئەوەی کێش و قافیە بە کۆت و بەند دادەنێت، بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیری نوێ بۆ فراوان کردنی بواری دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعر خۆی لە کێش و قافیە ڕزگار دەکات[٣٨١].

٣٧٧- بڕوانە: تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی شەشەم، گ: بەیان، ژ: ٨٣، تشرینی یەکەم، ١٩٨٢، ل٩١.

٣٧٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠و٩١.

٣٧٩- بڕوانە: چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری ئەمڕۆمان، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، گ: بەیان، ژ: ٦٤، تەمموزی ١٩٨٠، ل٢٩.

٣٨٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

٣٨١- بڕوانە: قافیە لە (پرچی ئەو کچە...)دا، ئازاد عەبدولواحید، گ: بەیان، ژ: ٥٩، شوباتی ١٩٨٠، ل١٨.

هەر لە بارەی قافیەوە (کەمال غەمبار) بەشێوەیەکی فراوان و تێروتەسەل لە رووی باری سەرنجێکی وردەوە لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان قافیە و مانای شیعردا هەیە و لەو ئەرکە دەردەچێت کە تەنها رازاندنەوەی شیعر بێت ئینجا باسی لایەنێکی تری قافیە دەکات ئەویش دووبارەکردنەوەیەتی لە شیعردا کە ئەمە بەکارێکی پەسەند دانانێت ئەگەر پێویستی شیعری نەیسەپاندبێت، لە پاشاندا باری سەرنجی خۆی لە بارەی بوون و نەبوونی کێش و قافیە لە شیعری نوێدا دیاردەکات[٣٨٢] و لەم رووەوە هەست بە جۆرە ئاڵۆزی و تێکەڵییەک لە بیروڕاکەیدا دەکەین، چونکە دوای ئەوەی ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ ئیقاعی ناوەوەی شیعردایە ناتوانێ بەتەواوی وازهێنان وەیان خۆبەستنەوەی شیعری نوێمان بە کێش و قافیە بۆ ساغ بکاتەوە هەرچەند ویستوویەتی ئەوە دەربخات کە لە پێناو پاراستنی دیمەن و وێنە جوانەکانی شیعر دەکرێ وازیان لێ بهێنرێت. لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین دەکرێ بەپێی ئیقاعی ناوەوەش شاعیر ئەو دیمەن و وێنە جوانانە لە شیعردا دروست بکات.

هەروەها (فەرەیدوون عەبدول) لەو ماوەیەدا هەر لە بارەی کێش و قافیە لە وتارێکدا لەژێر ناوی (هۆنراوەی ئازادی کوردی دەرکەوتن و خۆگرتنی) هەوڵی ئەوە دەدات لە رێگای دیارکردنی جۆری مامەڵەکردنی شاعیری نوێ لەگەڵ کێش و قافیە سیماکانی شیعری نوێ دیار بکات. جا لە رووی قافیەوە هەر لە سەرەتای باسەکەیەوە ئەوە دەردەخات کە لەکاتێکدا کێش پێویستییەکی بنەڕەتی پێکهاتنی شیعرە، قافیە سەرباری ئەو ئاوازەی دەیداتە شیعر گرنگییەکی ئەوتۆی نییە[٣٨٣]. ئینجا پەسەند نەکردنی جۆری ئەو قافیەیە دیار دەکات کە بەزۆر سەپێنراو بێت و جووینەوە و دووبارەکردنەوەی تێدا بێت بەرامبەر بەمەش ئەو جۆرە قافیەیە پەسەند دەکات کە بەشێوەیەکی سروشتی وەیان هەروەک خۆی دەڵێ: بە شێوەیەکی (عەفەوی) دروست دەبێت و ئاوازێکی ناسک دەداتە شیعرەکە بێ ئەوەی هەست بە زۆر سەپاندنی تیادا ببینرێت[٣٨٤]. وەلە بارەی کێشەوە لەسەر بناغەی ئەوەی کە کێش مەرجێکی بنەڕەتی بنیاتنانی شیعرە رەخنەیەکی توند

---

٣٨٢- بڕوانە: قافیە لە پرچی ئەو کچەدا کام بۆچوونی ڕەخنەگرانە، کەمال غەمبار، گ: بەیان، ژ: ٦٣، حوزەیران ١٩٨٠، ل٣٦ و ٣٧.

٣٨٣- بڕوانە: هۆنراوەی ئازادی کوردی دەرکەوتن و خۆگرتنی، فەرەیدوون عەبدول، گ: ئاسۆی زانکۆیی، ژ: ٣٠، ١٩٨١، ل٨٩.

٣٨٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩و٩٠.



ئاراستەی ئەو شاعیرە نوێیانە دەکات کە بایەخ بە کێشی شیعر نادەن[٣٨٥]. دوای ئەمە باسی چەند لایەنێکی کێشی شیعری نوێی کوردی دەکات وەک جۆرەکانی کێشی خۆماڵی و کێشە باوەکانی شیعری نوێی کوردی کە لەم رووەوە لەسەر بناغەی سەرنجدانێکی ورد لە کێشی شیعری نوێی کوردی چەند راستییەکی گرنگ لەم بارەیەوە دیار دەکات وەک زۆری بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی کێشی هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی و هۆی بڵاوبوونەوەی بەم شێوە فراوانە و ئەنجامی نالەباری ئەم دیاردەیە کە دیارترینیان، بەپێی بیروڕاکانی کامەران موکری کە دیارە خاوەن وتاریش لەگەڵیدا یەک دەگرێتەوە، لەبیرچوونەوە و لەناوچوونی کێشەکانی ترو دروستبوونی ئەو لێکچوونە دیارەیە کەلە نێوان شیعری شاعیراندا بڵاوبۆتەوە[٣٨٦].

لەسەر لاپەڕەکانی پاشکۆی رۆژنامەی(عێراق)دا هەر لەو ماوەیەدا لە چەند وتارێکدا بایەخ بە چەند مەسەلەیەکی شیعر دراوە. (جەباری حاجی کەریم) لە وتارێکدا بەپێی دیارکردنی ئەرکی ئەدەب و رۆڵی لە ژیانی خەڵکدا باسی مەسەلەی ئیلتیزام دەکات و مۆرکی رەسەنایەتی شیعر بەم مەسەلەیە دەبەستێتەوە و هەر بەپێی ئەمەش باسی مەسەلەی کۆن و نوێیی لە شیعردا دەکات و ئەوە دەردەخات کە شیعر دەبێ ئاوێنەی ژیانی سەردەمی خۆی بێت و رۆڵی خۆی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و سەرچاوەی ناوەڕۆکی شیعری راستەقینەش لەباسکردنی ئێش و ئازارەکانی خەڵکدا دەبینێت ئینجا لە روانگەی ئەمەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هەموو شیعرێک کۆن و نوێیی هەیە و لە رایەکی سەرپێیی و رەمەکییانەدا ئەدەبی کۆن بەو ئەدەبە دادەنێت کە وەک گوڵێکی بۆن خۆش وایە و تەنها بۆ رابواردنە لەکاتێکدا ئەدەبی نوێ بەو ئەدەبە دادەنێت کە ناوەڕۆکێکی بەپێزی هەیە و سەرچاوەی بابەتەکانی ئێش و ئازار و گیروگرفتەکانی خەڵکەو ئەرکی هۆشیارکردنەوە و فراوان کردنی ئاسۆی تێگەیشتنیانە[٣٨٧]. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەم رایە لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی هەڵەی کۆن و نوێ دروست بووە و بە شێوەیەکی موتڵەق شیعری کۆن بە خراپ و شیعری نوێی بە چاک لەقەڵەم داوە،

---

٣٨٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

٣٨٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠و٩١.

٣٨٧- بڕوانە: هەڵوێستێکی ئەدەبی، جەباری حاجی کەریم، پاشکۆی رۆژنامە عێراق، ژ: ٣٦، مایسی ١٩٨٠، ل٦ و ٧.

لە کاتێکدا نە سەرجەم ئەدەبیاتی کۆنمان خراپە و نە سەرجەم ئەدەبیاتی نوێشمان چاکە بەڵکو چاکی و خراپی لە هەردوو جۆری بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت، بۆیە ئەم پێوەرە بۆ دیارکردنی کۆنی و نوێیی شیعر بەڕاست نازانین.

لە وتارێکی تری سەر لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیە (عەبدوڵڵا تاهر حوسێن) لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) بیروڕای خۆی لە بارەی زمانی شیعرەوە دیار دەکات و دەڵێ: «شاعیر لە ڕێگای وشەوە تەعبیر لە حاڵەتی هەستی هەڵچووی خۆی ئەکات بۆیە شاعیر ئەبێت هەموو کاتێک ئاگای لە وشە بێت و زۆرتر بەدوای وشە(موحی)یدا بگەڕێت»[٣٨٨] . لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە لای هەمووومان ئاشکرایە شاعیر لە ڕێگای وشەوە حاڵەتەکانی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە ڕەخنەگر وشەکان بە شێوەیەکی رووت وەردەگرێت و سیفەتی(ئیحا )یان دەداتە پاڵ لە کاتێکدا ئاشکرایە ئەو توانا ئیحائییەی زمانی شیعر پەیدای دەکات زیاتر بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان نەک جۆری وشەکان بەتەنیا و لە دەرەوەی داڕشتنە شیعرییەکە ئەگەرچی هەندێ وشەش هەن لە رووی ماناوە دەوڵەمەندترن و دەتوانن بە شێوەیەکی جوانتر ئەو مانایانە بگەیەنن کە شاعیر مەبەستیەتی بە مەرجێک بتوانرێ بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە شیعردا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

هەر لە بارەی ئەم بابەتە (موحسین ئاوارە) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (وشەی هێزدار و ڕۆڵی لە هۆنراوەدا) هەوڵی ئەوە دەدات ئەوە دەربخات کە هەندێک وشە هەن لە رووی ماناوە لە هەندێکی تریان دەوڵەمەندترن، بەڵام چ لە ناونیشانی وتارەکە و چ لەناو باسەکەیدا ئاماژە بۆ توانای ئەو وشانە دەکات کە لە ڕێگای بەکارهێنانیاندا دەتوانن ئەو مانایانە بگەیەنن نەک بە شێوەیەکی رووت و دوور لە بەکارهێنانە شیعرییەکە[٣٨٩] .

ئینجا ئەگەر هەر لەو ماوەیەدا سەرنج بدەینە ئەو وتارە ڕەخنەیی و چاوپێکەوتنە ئەدەبییانەی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (سروە)دا بڵاودەکرانەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت

٣٨٨- گیانە ئاوارەکەی (لەتیف هەڵمەت) لە ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ، عەبدوڵڵا تاهیر حوسێن، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٤٠ ، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ ، ل١٤ .

٣٨٩- بڕوانە: وشەی هێزدار و ڕۆڵی لە هۆنراوەدا، موحیسن ئاوارە، ر: هاوکاری، ژ: ٣٧٩ ، ٢٤-٥-١٩٨٤ ، ل٥ و ٦ .



کە ئەم گۆڤارە زیاتر بایەخی بە شیعری نوێی کوردی داوە و ئەم بایەخ پێدانەش تەنها ئەدەبیاتی کوردستانی ئێرانی نەگرتبۆوە، بەڵکو ئەدەبیاتی کوردستانی عێراقیشی گرتبۆوە. کە ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگی یەکێتی ئەدەبەکەمان لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا دەسەلمێنێت و ئەوە دەردەخات کە شاعیر و نووسەرانی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا ئاگایان لەیەک بووە و زانیویانە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لە چ پلە و بارێکدا بووە.

یەکێک لەو وتارە گرنگانەی لە خاسیەتە تایبەتییەکانی شیعری نوێی کوردی کۆڵیبێتەوە ئەو وتارەی (جەلال مەلەکشا )یە کە تیایدا لەسەر بناغەی پێداگرتنی لەسەر گرنگی پشت بەستن بە سامانی ئەدەبیاتی کۆن بۆ بنیاتنانی ئەدەبی نوێ، هەڵوێستی ڕەخنەیی خۆی بەرامبەر بەو شاعیرە نوێیانە دیار دەکات کە لەژێر کارتێکردنی تەواوی شیعری فارسی شیعریان نووسیوە و خۆیان لە سامانی ئەدەبیاتی کۆن پچڕاندووە و مۆرکی ڕەسەنایەتییان لە دەست داوە و تایبەتمەندێتی شیعری کوردییان وەک شیعرێکی تایبەت بە میللەتێکی دیاریکراو ون کردووە و بەرامبەر بەمە تاقیکردنەوە شیعرییەکەی (گۆران) پەسەند دەکات کە سامانی ئەدەبیاتی کۆن و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی کردبووە بناغەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی کە یەکێک بوو لە هۆیە گرنگەکانی پاراستنی تایبەتمەندێتی شیعری کوردی[٣٩٠] . ئینجا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی جیهانی دیار دەکات و بەشتێکی پەسەندی دادەنێت بە مەرجێک لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە و کتومتی ئەو ئەدەبیاتە نەبێت[٣٩١] ، کە دیارە ئەنجامی ئەم جۆرە کارە لە دەستدانی هەموو جۆرە تایبەتمەندێتییەکە لە شیعری کوردیدا. وە لە بارەی هەوڵی هەندێک لە شاعیران بۆ وازهێنان لە کێشی شیعر بە توندی ئەو هەوڵەیان ڕەت دەکاتەوەو ئەوە دەردەخات کە کێش یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی بنیاتنانی شیعر و بوونی شیعر بە بوونی کێش دەبەستێتەوە[٣٩٢] . جا ئەوەی لەم وتارەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە نووسەری ئەم وتارە بایەخ بە قافیە نادات وەک ئەوەی قافیە مەرجێکی بنەڕەتی پێکهاتنی شیعر نەبێت.

٣٩٠- بڕوانە: دەسکەوتەکانی ئەنجوومەنی ئەدەبییانە «تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێی کوردی» ، جەلال مەلەکشا ، گ: سروە، ژ: ٥١ ، س: شەشەم، ڕەزبەری ١٣٦٩ (١٩٨١ز)، ل٢٩-٣١ .

٣٩١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١و٣٢ .

٣٩٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣ .

ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە بایەخی ئەم وتارەی (جەلال مەلەکشا) تەنها لە باسکردنی ئەو مەسەلانەدا نییە کە خرابوونە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵکو لەپاڵ ئەمە گرنگییەکەی لەوەدایە کە خاوەن وتار وەک یەک ئەدەب تەماشای ئەدەبی پارچە جیاجیاکانی کوردستان دەکات و بیروڕاکانی سەرجەم ئەدەبی کوردی دەگرێتەوە.

هەروەها (ڕەحیم لوقمانی) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر) لە ڕێگای پێداگرتنی لەسەر گرنگی ئەو پەیوەندییەی شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت باسی مەسەلەی ئیلتیزام دەکات و بایەخ بە جۆری ئەو پەیامە دەدات کە شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکەیدا دەری دەبڕێت کە دەبێ لە خزمەتکردنی خەڵک دابێت و گیانی بیرکردنەوە و هاندانی تێدا بێت[٣٩٣] . مەرجی گەیشتنی ئەو پەیامەش بە جۆری ئەو زمانە دەبەستێتەوە کە دەبێ زمانێک بێ لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵک نزیک بێ[٣٩٤] . ئینجا لە بارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانی، سوود وەرگرتن لەلایەنە چاک و بەپێزەکانی ئەدەبی پێشکەوتووی جیهانی بەشتێکی ڕاست دادەنێت و پەسەندی دەکات[٣٩٥] .

هەروەها کێشی شیعری کوردی یەکێک بوو لەو مەسەلانەی لە وتارێکدا بە دوو زنجیرە لەلایەن (عەبدوڵڵا تاهیر عومەر پشدەری) بەدوور و درێژی لێی کۆڵراوەتەوە و تیایدا باسی جۆرەکانی کێش کراوە کە کێشی عەرووز و کێشی پەنجەن. نووسەر دوای ئەوەی بە دوور و درێژی باسی کێشی عەرووز دەکات دێتە سەر کێشی پەنجەو لە چەند خاڵێکدا جیاوازی نێوان هەردوو کێشەکە دیار دەکات و کێشی پەنجە دابەش دەکات بۆ کێشی پەنجەی هاوتا و کێشی پەنجەی نا هاوتا. کێشی پەنجەیی هاوتا بەو کێشە دادەنێت کە هەموو میسرەعەکانی بە یەکسانی یەک ژمارەیان هەبێت ئینجا لەناو ئەو کێشەدا بەپێی ژمارەی بڕگەکان جۆری کێشەکان دیار دەکات وەک کێشی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی و...هتد[٣٩٦] هەرچی کێشی پەنجەیی نا هاوتایە ئەوا ئەمەش دابەش دەکات

٣٩٣- بڕوانە: ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر-٢-، ڕەحیم لوقمانی، گ: سروە، ژ: ٦٣، س: حەوتەم، ڕەزبەری ١٣٧٠(١٩٨٢ز)، ل١٢.

٣٩٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

٣٩٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٣٩٦- بڕوانە: سەرەتایەک دەربارەی (کێش) لە هەڵبەستی کوردیدا (٢)، عەبدوڵڵا تاهیر عومەر پشدەری، گ: سروە، ژ: ٣٩، س: پێنجەم، ڕەزبەری ١٣٦٨(١٩٨٠ز)، ل٢٢و٢٣.



بۆ دوو جۆر یەکێکیان نیمچە سەربەست و ئەوی تریان سەربەستە و لە ڕێگای باسکردنی ئەم جۆرە کێشانە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو ڕایانە دیار دەکات کە باسی بوون و نەبوونی کێش و قافیە دەکەن و ئەوە دەردەخات کە ئەگەر شاعیری نوێ سەربەستی هەبێت لە هەڵبژاردنی جۆری کێش و قافیەکان ئەوا سەربەستی ئەوەی نییە واز لە کێش و قافیە بهێنێت.[٣٩٧] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر کێش و قافیە بە دوو بنەمای بنەڕەتی پێکهاتنی شیعر دادەنێت.

هەر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (سروە)دا (ئازاد عەبدولواحید) وتارێکی گرنگی لە ژێر ناوی (ڕەخنە لە نێوان خوێنەر و داهێنان دا) بڵاودەکاتەوە و تیایدا باسی مەسەلەیەکی گرنگ دەکات ئەویش دیارکردنی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان خوێنەر و شیعردا هەیە و بە وردی لە ڕێگای ئەمەوە سروشتی پێکهاتنی شیعری نوێ دیار دەکات کە یەکێک لە دیارترین سیماکانی ئەو داچڵەکاندنەیە کە خوێنەر دەهەژێنێ و دووچاری خوێندنەوەیەکی قووڵی ئەو شیعرانەی دەکات کە بە ئاسانی خۆیان نادەنە دەست.[٣٩٨] دیارە لێرەدا مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن دێتە پێشەوە کە بەڕای ڕەخنەگر هۆی تێنەگەیشتنی خوێنەری کورد لە شیعری نوێ لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زەمینەیەکی ڕۆشنبیریو لەلایەکی تریشەوە ڕاهاتنی لەو شیعرانەی وەڵامی حازر بەدەستیان پێیە بە پێچەوانەی شاعیری نوێ، کە لێرەدا بە شاعیری پێشڕەو ناوبراوە، خوێنەر ڕووبەڕووی پرسیاری قووڵ دەکاتەوە و ئەرکی وەڵامدانەوەشیان دەخاتە ئەستۆ، دیارە جۆری ئەو وەڵامانەی دەستی دەکەوێت گۆڕان بەسەر بیروباوەڕ و بۆچوون و تەماشاکردنی خوێنەر دادەهێنێت بۆیە هەر بەپێی ئەمەش شۆڕشگێڕێتی شیعر لە پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ لای خۆی دیار دەکات نەک پێچەوانەکەی،[٣٩٩] کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جەماوەر پێویستە بەرز بکرێتەوە بۆ بەرزی ئاستی شیعرەکە. ئینجا لە چەند بیروڕایەکی توندا کە زێدەڕۆییەکی ئاشکرای پێوە دیارە باسی باری دواکەوتووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات و بە هۆیەکی تری دروستبوونی ئەو حاڵەتی تێنەگەیشتنە لە شیعری نوێ لای خوێنەری کورد

٣٩٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣و٢٤.

٣٩٨- بڕوانە: ڕەخنە لە نێوان خوێنەرو داهێناندا، ئازاد عەبدولواحید، گ: سروە، ژ: ٥٧، س: حەوتەم، خاکەلێوەی ١٣٧٠(١٩٨٢ز)، ل٢٩. شایانی باسە ئەم وتارە جارێکی تر لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە(١٢٥)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦، (ل٢٣-٢٨)دا بڵاوکرایەوە.

٣٩٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣١.

دادەنێت[٤٠٠]. پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە گرنگی ئەم وتارە هەر لەو بابەتانەدا دەرناکەوێت کە ناوەڕۆکی وتارەکەی پێکهێناوە، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا گرنگییەکی تری هەیە ئەویش بەشداربوونی نووسەر و رەخنەگرانی کوردە لە چالاکییە ئەدەبی و رەخنەییەکانی پارچە جیاجیاکانی کوردستان کە دیارە ئەمەش ئەنجامی باوەڕی پتەوی شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی کوردە بەیەکێتی ئەدەبی کوردی.

لێرەدا دەبێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە لەکاتێکدا باسی هەوڵەکانی دیارکردنی یەکێتی ئەدەبیاتی سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەکەین، پێویستە ئەو هەوڵە دڵسۆزەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) لەبەرچاو بگرین کە لە یەکێک لە ژمارەکانیدا کە تایبەت بە شیعر بوو دۆسیەیێکی بچووکی بۆ شیعری شاعیرانی کوردستانی ئێران تەرخان کردبوو و بۆ دیارکردنی ئەم مەبەستە تیایدا هاتبوو کە «یەکێتی نووسەرانی کوردستان کە بەردەوام بەرهەمەکانی خۆی کردۆتە کلاوڕۆژنەی هەموو نووسەرێکی کوردستان، ناو ناوە لەم شیعرانەی پێ دەگات جا لەبەر ئەوەی دەتوانین بڵێین ئەوەیان یەکەمین تاقیکردنەوەیە لە بارەی بەشداری کردنی شاعیرانی پارچەکانی تری کوردستان بۆیە بەوپەڕی شانازییەوە نووسەرانیش بڕیاری ئەوەیان دا مەلەفێکی بچکۆلانەیان بۆ ساز بکات».[٤٠١] جا ئەگەر زانیمان ئەو شیعرانەی لەو ژمارەیەدا بڵاو کرابوونەوە ئاستێکی نزمیان هەبوو و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش چاوپۆشییان لەم لایەنە کردبوو، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کارە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە مەسەلە - ئەدەبییەکانەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر هەستە نەتەوایەتییەکە لە پشت ئەم هەوڵەدا بووە بە مەبەستی دروستکردنی پردی بەیەکگەیشتن لە نێوان ئەدەبی پارچە جیاجیاکانی کوردستان.

هەر لەو ماوەیەدا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ئاوێنە)دا (حەسەن سەلاح سۆران) بەدوو زنجیرە وتارێکی لەژێر ناوی (چۆن هۆنراوە بهۆنینەوە؟)دا بڵاو کردۆتەوە تیایدا بیروڕای خۆی لە بارەی چەند مەسەلەیەکی شیعری دەربڕیوە وەک مەسەلەی کێش و قافیە و شێوە و ناوەڕۆک و چەند بابەتێکی تر لە بارەی کێشی شیعرەوە دوای ئەوەی بە پێویستییەکی بنەڕەتی شیعری دادەنێت و مەرجی بنیاتنانی شیعری پێ دەبەستێتەوە لە بارەی قافیەوە ئەوە دەردەخات کە لە کاتێکدا لە شیعری کۆندا وەک کێش لە شیعردا پێویست بوو، ئەوا

٤٠٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٢٩و٣٠.

٤٠١- کوردستانی ئێران، دەستەی نووسەران، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ٩، کانوونی یەکەم، ١٩٨٤، ل١٠١.



بە گوێرەی شیعری نوێ هەرچەندە بوونی زیاتر پەسەند دەکات بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رێی ئەوەش دەدات کە دەتوانرێ وازی لێ بهێنرێت[٤٠٢]. وە لە بارەی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعرەوە پێ لەسەر گرنگی هەردووکیان دادەگرێ و شیعری بەنرخ و بەهادار بەو شیعرە دادەنێت کە شێوەیەکی جوان و پەیامێکی پیرۆزی دەبێت[٤٠٣].

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دیسان چاومان بە چەند وتارێکی رەخنەیی کەم دەکەوێت کە لە بارەی شیعری نوێی کوردییەوە هاتبێتە نووسین. یەکێک لە گرنگترین ئەو وتارانە وتارێکی (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ)ە کە لەژێر ناوی (شیعری تازەی کوردی)دا بڵاوی کردۆتەوە تیایدا بەووردی لە رێگای باسکردنی چەند مەسەلەیەکی شیعری گرنگترین سیماکانی شیعری نوێی کوردی دیار دەکات هەر وەک لە باسکردنی مەسەلەی کێش و قافیە و زمانی شیعر و چەند بابەتێکی تردا دەردەکەوێت. لە بارەی کێشی شیعرەوە ئەوە دەردەخات کە هەنگاوی یەکەمی گۆڕانی کێش لە شیعری نوێی کوردیدا وازهێنان بوو لە کێشی عەرووز و رووکردنە بەکارهێنانی کێشی بڕگەییە.[٤٠٤] لە رووی قافیەوەش ئەو گۆڕانە لەسەرەتادا لە وازهێنان لە یەکێتی قافیە و رووکردنە بەکارهێنانی جووت قافیەدا دەبینێت.[٤٠٥] لە بارەی زمانی شیعریشەوە بەووردی لە هەنگاوەکانی گۆڕانی زمانی شیعری کوردی دەکۆڵێتەوە و سێ پلە بۆ زمانی کوردی دیار دەکات کە لە کلاسیکەوە دەست پێدەکات بۆ ئەو زمانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەژێر کاریگەری شیعری نوێی تورکیدا پەیدابوو و بە زمانی کوردی عوسمانلی ناو دەبات تا دەگاتە دوا هەنگاوی گۆڕانی زمانی شیعری کوردی کە لە پلەی سێیەمدا بەرەو کوردییەکی پەتی تەواو چوو[٤٠٦]. کە باسی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعریش دەکات گۆڕانی بنەڕەتی ئەو ناوەڕۆکە لە زاڵبوونی ئەو بابەتانەدا دەبینێت کەسەر بە باسی مەسەلەی نەتەوایەتی بوون[٤٠٧].

٤٠٢- بڕوانە: چۆن هۆنراوە بهۆنینەوە؟، حەسەن سەلاح سۆران، گ: ئاوێنە، ژ: ٢-٣، جۆزەردان، پوشپەڕ، ١٣٩٦(١٩٨١ز)، ل٣٤-٣٦.

٤٠٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

٤٠٤- بڕوانە: شیعری تازەی کوردی، د.عیزەدین مستەفا رەسوول، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئاداری ١٩٨٥، ل١٩٤.

٤٠٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.

٤٠٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩و٢٠٠.

٤٠٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

هەروەها وتاری (گەشتێک بە جەنگەڵ و وەرزەکاندا)ی (د. نافع ئاکرەیی) بە یەکێک لە وتارە گرنگەکانی ئەو ماوەیە دادەنرێت کە نووسەر تیایدا باسی مەسەلەیەکی شیعری گرنگ دەکات ئەویش مەسەلەی تەم و مژی و بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانەیە لە شیعری نوێدا. نووسەر لەسەرەتادا بەرگرییەکی بەهێز لە شیعر دەکات و ئەوە دەردەخات کە سەرباری ئەو پێشکەوتنەی بواری زانست و تەکنەلۆژیای گرتەوە و ئەو گۆڕانانەی لە ئەنجامی ئەمەدا بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا هات شیعر نەک هەر شوێنی گرنگی خۆی لە دەست نەداوە بگرە لەناو ئەو ژیانە مادییە وشکەدا وەک پێویستییەکی گیانی هاتۆتە پێشەوە[٤٠٨]. جا چاکترین کەرەستە کە لەبەردەست شاعیر بوو بۆ بەجێ هێنانی ئەم مەبەستە ئەفسانە بوو کە گەڕانەوەی خەونی منداڵێتی دەنوێنێت ئینجا نووسەر هۆی بەکارهێنانی ئەفسانە لای شاعیر دەگەڕێنێتەوە بۆ هەستکردنی شاعیر بەتەنیایی و شپرزەیی ژیان و دابڕانی لە کۆمەڵەکەی و خەوبینین بە گەڕانەوەی ڕابردوو و وشکبوونەوەی بابەتە هاوچەرخەکان جگە لەوەی بواری دەربڕینی مەبەستەکان فراوان دەکات و بەبێ ترس لە پەنا ڕەمزەکانەوە توانای دەربڕینێکی تەواوی مەبەستەکانی دەبێت[٤٠٩]. ئینجا دوای ئەوە باسی تەم و مژی لە شیعردا دەکات و هۆی سەرەکی ئەمە بەشێوەی دەربڕینی شیعرەکە دەبەستێتەوە[٤١٠]. کەواتە ئەو وتارە کەمانەی لەو ماوەیەدا بڵاو دەکرانەوە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەسەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکان سستی و کزییەکی دیار باڵی بەسەردا کێشا بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە جۆرە چالاکییەک کەوتە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە ئەمەش لەو نووسین و وتارە ڕەخنەییانەدا دەردەکەوێت کە لەو ماوەیەدا بڵاو دەکرانەوە.

لایەنێکی ئەو چالاکییە ڕەخنەییە لە هاتنە نووسینی ئەو وتار و وەڵامانەدا دەبینرێت کە بەشێوەیەکی دیار و سەرنج ڕاکێشەر لەو ماوەیەدا بڵاو دەکرانەوە و بەتایبەتی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا کە بەهۆی ئەو گرژی و توندوتیژییەی بە سیمای زۆربەی نووسینەکانەوە دیار بوو نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی دووچاری بارێکی ئاڵۆزو شپرزە هاتبوو.

---

٤٠٨- بڕوانە: گەشتێک بەجەنگەڵ و وەرزەکاندا، د.نافع ئاکرەیی، ر:هاوکاری، ژ: ٧٩، ٢٣-٥-١٩٨٥ ،ل٥.

٤٠٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

٤١٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١١.



(کەمال غەمبار) لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (ڕەخنە یان لە خۆبایی بوونێکی لە ڕادەبەدەر) لە وەڵامێکی توندی وتارێکی (ئازاد عەبدولواحید)دا دەبینین ئەوەندەی بایەخی بەوە داوە کە (ئازاد عەبدولواحید) بە ڕەخنەگرێکی بەفیز و لەخۆبایی پیشان بدات نابینین ئەوەندە بە تەنگ باسکردنی مەسەلە ئەدەبییەکانەوە بێت[٤١١].

هەروەها (مەولوود ئیبراهیم حەسەن) لە وتارێکدا کە بەدوو زنجیرە بڵاو کرایەوە لە ژێر ناوی (ئامرازی پەیوەندی) بەشێوەیەکی توندوتیژ وەڵامی ئەو بیروڕایانەی (محەمەد خدر مەولوود) دەداتەوە کە لە بارەی شیعرەکانییەوەی دەری بڕیبوون و تیایدا هێرشێکی توندی کردبووە سەر شاعیر و بەحەق و ناحەق شیعرەکانی خستبووە بەر نەشتەری ڕەخنە[٤١٢]. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین ئەگەرچی ئەو حەقە دەدرێتە شاعیر بەرگری لە خۆی بکات ئەگەر بە ناڕەوا هێرشی کرایە سەر و لە چەند ڕوویەکەوە لەگەڵ شاعیردا یەک دەگرینەوە کە ڕەخنەگر زیاد لە پێویست گرژی و توندوتیژی باڵی بەسەردا کێشاوە، بەڵام شاعیریش لە وەڵامەکەیدا توندوتیژییەکەی لەو کەمتر نەبووە.

هەر لەو ماوەیەدا لە نێوان (سەلاح شوان) و چەند شاعیر و نووسەرێکدا نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی نموونەی شەڕە ئەدەبییەکی توندی بەخۆیەوە بینی دوای ئەوەی (سەلاح شوان) لە چەند وتارێکدا لە ڕووی بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر چەند دیاردەیەکی تایبەت بە شیعر و ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دیار کردبوو[٤١٣].

بەرامبەر بەمە چەند شاعیر و نووسەرێک لێی هاتنە وەڵام و بەشێوەیەکی توند بیروڕا و بۆچوونەکانیان ڕەت کردەوە. جا لەناو ئەو وەڵامانەدا هەبوو تەنها شێوەی بەرگری لە خۆکردنێکی ڕووتی وەرگرتبوو و لە باسکردنی شتی تایبەتی و لاوەکی بەولاوە بەلای باسکردنی بابەتێکی ئەدەبیدا نەچوو بوو هەروەک لەو وتارەی (مەسعوود پەرێشان)دا دەبینرێت کە لەژێر ناوی (لە پەراوێزی چەند ڕاستییەکی شێوێندراودا) بڵاوی

---

٤١١- بڕوانە: ڕەخنە یان لەخۆبایی بوونێکی لە ڕادەبەدەر، کەمال غەمبار، ر: هاوکاری، ژ: ٨٥، ٢١-٧-١٩٨٦، ل٩و١١.

٤١٢- بڕوانە: ئامرازی پەیوەندی، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، ر: هاوکاری، ژ: ٩١٦و٩١٧، ٢٢-١٠و٢٦-١٠-١٩٨٧، ل٨، ٨ و ١١.

٤١٣- بڕوانە: تەفرەیەکی تر، سەلاح شوان، ر: هاوکاری، ژ: ٩٢٢، ١٢-١١-١٩٨٧، ل٨. هەروەها بڕوانە: ئەم چوارەش..!، سەلاح شوان، ر: هاوکاری، ژ: ٩٢٩، ٣-١٢-١٩٨٧، ل٦ و ١١.

کردبۆوە[٤١٤]. هەشبوو لە وەڵامەکەیدا هەوڵی ئەوەی دابوو بۆچوونی تایبەتی خۆی لە بارەی مەسەلەیەکی ئەدەبی دیاریکراو دەرببڕێت. لەم رووەوە ئەو وتارەی (مەحموود زامدار) کە لەژێر ناوی (زمانی دەمەتەقێ و پاشەڕۆژی شیعر و داهێنان)دا بڵاوی کردبۆوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بەهۆی ئەو سەرنجە رەخنەییانەی لە بارەی شیعری قۆناغی هەشتاکانی دەربڕیبوو و بەرگرییەکی بەهێز بوو لەو شاعیرانەی بە (نەوەی سێیەم) و (نەوەی دوای دوای گۆران)ی ناو بردبوون[٤١٥].

هەر لەم رووەوە چاومان بە وتارێکی تریش دەکەوێت کە لەلایەن (عادل گەرمیانی)یەوە هاتبووە نووسین و دیسان وەڵامێکی توندی بیروڕاکانی (سەڵاح شوان) بوو و لەم رێگایەوە باری سەرنجی تایبەتی خۆی لە بارەی شیعری ئەو قۆناغە دەربڕیوە و رەخنەیەکی توندیشی لەو شاعیرانە گرتووە کە بە شاعیری (تەلیعی) ناویان دەرکردبوو[٤١٦].

هەر لەم بارەیەوە لەناو ئەو وتارانەدا (سەلام محەمەد) لە وەڵامی وتارێکی (غەفوور سالّح عەبدوڵڵا)دا لە وتارێکدا لەژێر ناوی (شیعر بەهرەیە) لە رووی بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە ئەو رایەی پێش خۆی رەت دەکاتەوە کە شیعر تەنها شارەزایی بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بنچینەی شیعر بەهرەیە و بەهرە بە خوێنی شیعر دادەنێت، هەرچی شارەزاییە ئەوا بە هۆیەکی یاریدەدەری دادەنێت بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی شاعیر و قووڵکردنی تێڕوانین و شیکردنەوەکانی و زیادکردنی دەسەڵات و توانای لە کێشانی وێنە هونەرییەکاندا. ئینجا باسی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی روانگە دەکات و ئەو رایەی نووسەر رەت دەکاتەوە کە لاسایی کردنەوەی تاقیکردنەوەی شیعری نەتەوەیەکی تر بێت، بەڵکو لەدایکبوونی روانگە بە ئەنجامی هۆیە زاتی و مەوزووعییەکانی ژیانی میللەتی کورد دەبەستێتەوە.[٤١٧] شایانی باسە لێرەدا ئەوە بڵێین کە ئەوەی ئەم وتارە لە وتارەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە شێوازی

٤١٤- بڕوانە: لە پەراوێزی چەند راستییەکی شێوێندراودا، مەسعوود پەرێشان، ر: هاوکاری، ژ: ٩٢٩، ٧-١٢-١٩٨٧، ل٦.

٤١٥- بڕوانە: زمانی دەمەتەقێ و پاشە رۆژی شیعرو داهێنان، مەحمود زامدار، ر: هاوکاری، ژ: ٩٣٣، ٢١-١٢-١٩٨٧، ل٩.

٤١٦- بڕوانە: بۆ ئەوەی بەری رۆژ بە بێژینگی (سەڵاح شوان) نەگیرێ، عادل گەرمیانی، ر: هاوکاری، ژ: ١٠٠٣، ١-٩-١٩٨٨، ل٨.

٤١٧- بڕوانە: شیعر بەهرەیە، سەلام محەمەد، ر: هاوکاری، ژ: ٩٢١، ٩-١١-١٩٨٧، ل٨و١١.



وەڵامدانەوەکەی لە رووی توندوتیژییەوە لە وتارەکانی پێش خۆی نەرمترە و زۆر جاریش نووسەر لە رووی سەرنجدانێکی وردەوە بیروڕایەکانی دەربڕیوە.

دوور لەو وتارانەی شێوەی وەڵامدانەوەی یەکتری وەرگرتبوو چاومان بە چەند وتارێکی گرنگ دەکەوێت کە بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ لە شیعری نوێی کوردییان کۆڵیوەتەوە و باری سەرنجی تایبەتی خۆیان لە بارەی ئەو مەسەلانەوە دەربڕیوە کە تەوەری باسەکانیانی پێکهێنابوو.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی مایەی بایەخ پێدانی (د. ئیحسان فوئاد) بوو، مەسەلەی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر بوو کە بە وردی لەسەر بناغەی سەرنجدانێکی ورد و مەوزووعییەوە لە چەند لایەنێکی ئەم بابەتەی کۆڵیوەتەوە وەک گرنگی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر وەک دوو لایەنی بنچینەیی لە پێکهاتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی[٤١٨]. ئینجا سروشتی گۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری و دیارکردنی هۆی سستی گۆڕانی شێوەی هونەری لەچاو ناوەڕۆکی شیعر[٤١٩].

هەروەها (ئومێد ئاشنا) کە باسی شێوەی هونەری شیعر دەکات هۆی گۆڕانی دەبەستێتەوە بە گۆڕانی ژیان و پەیدابوونی شێوە هونەرییە نوێیەکەی شیعری کوردی بە بەرەو پێشچوونی ئەو تاقیکردنەوانە دادەنێت کە بەسەر ئەم لایەنەی شیعری کوردیدا هاتووە ئینجا باسی قۆناغەکانی گۆڕانی کێشی شیعری کوردی دەکات و ئەوە دەردەخات کە سەرەتا پەیڕەوی کێشی بڕگەیی کردووە، ئینجا چۆتە سەر کێشی عەرووز و لە دواییدا لەگەڵ دەستپێکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی گەڕایەوە سەر کێشی بڕگەیی[٤٢٠].

هەر لە بارەی کێشی شیعرەوە (کامل ژیر) بەپێی دیارکردنی تایبەتییەکانی زمانی کوردی چەند سەرنجێکی ورد لە بارەی کێشی عەرووز و کێشی بڕگەیی لە شیعری کوردیدا دەردەبڕێت و ئەوە دەردەخات کە هەموو کێشێکی عەرووزی دەکرێ بە تەرازووی کێشی بڕگە، وەیان هەروەک خۆی دەڵێ: کێشی پەنجە، بکێشرێت، بەڵام ناکرێ هەموو کێشێکی

٤١٨- بڕوانە: رێچکە شکێن، د.ئیحسان فوئاد، گ: بەیان، ژ: ١٢٥، تشرینی دووەمی، ١٩٨٦، ل١٧.

٤١٩- بڕوانە: ئەدەب و نوێخوازی، د، ئیحسان فوئاد، گ: ئۆتۆنۆمی، ژ: ١، س: یازدەهەم، ١٩٨٦، ل٧٩.

٤٢٠- بڕوانە: شێوە لە شیعری نوێی کوردیدا، ئومێد ئاشنا، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ٨٢، ١٢-٤-١٩٨٩، ل١٠.

بڕگەیی بە تەرازووی کێشی عەرووز بکێشرێت.[٤٢١] دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەکاتێکدا کێشی عەرووز ژمارە و کورتی و درێژی بڕگەکان لەبەرچاو دەگرێت کێشی بڕگە تەنها ڕەچاوی ژمارەی بڕگەکان دەکات بێ ئەوەی گوێ بداتە کورتی و درێژییان. ئینجا لە ئەنجامی سەرنجدانێکی وردی مۆسیقای شیعری کوردی ئەو رایە گرنگە دەردەبڕێت کە هەندێ جار مۆسیقای شیعرەکە لە تێکەڵکردنی هەردوو جۆری کێشەکە دروست دەبێت[٤٢٢].

هەروەها بایەخدان بە مەسەلەی قافیە لە چەند وتارێکدا دەبینرێت، لەم رووەوە (عەبدولخالق سەرسام) لە وتارێکدا دوای ئەوەی چەند سەرنجێک لە بارەی چییەتی شیعر دەردەبڕێت و قۆناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دیار دەکات، بەوردی دەست لەسەر هەنگاوەکانی گۆڕانی قافیە لە شیعری کوردیدا دادەنێت و لە پەیڕەوکردنی یەکێتی قافیە لای شاعیرانی کلاسیک دەست پێ دەکات بۆ جووت قافیە و بۆ بوونی جۆرێک لەو قافیەیەی شاعیرانی نوێ بەکاریان دەهێنا بۆ وازهێنان لە مانا لاسایەکەی قافیە و پشت بەستن بەڕیتمی ناوەوەی شیعر، ئینجا هۆی سەرەکی هەموو ئەو گۆڕانانە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەوڵی شاعیران بۆ فراوانکردنی بواری دەربڕینی مەبەستەکانیان[٤٢٣].

هەروەها پشتگیری کردنی (ئازاد عەبدولواحید) لە هەوڵەکانی خۆدوورخستنەوە و وازهێنان لە قافیەی شیعر کاتێک دەردەکەوێت کە ئەو بیروڕایانەی (شوکری فەزڵی) پەسەند دەکات کە کاتی خۆی بۆ پشتگیری کردنی هەوڵەکانی (زەهاوی) بۆ وازهێنان لە قافیە دەری بڕیبوون، لەم رووەوە رەخنەگر رەخنەیەکی توند لە شاعیرانی نوێی کورد دەگرێت بەهۆی خۆبەستنەوەیان بە قافیەی شیعر کە لەم رووەوە دیارترین کەموکوڕییان بەوە دیار دەکات کە «... شیعرەکان لەبەر (قافیە) زۆری لەیەک دەچن، نەک هەر کۆنەکان، بەڵکو ئەم گرفتە شاعیرە نوێیەکانیشی گرتووەتەوە، لەناو ئەوانە شاعیری وای تیایە خۆی بە نوێنەری راستەقینەی تازەکردنەوەش دەزانی کەچی ریشی خۆی داوەتە دەست

٤٢١- بڕوانە: هەڵبەستی کوردی لە نێوان عەرووز و پەنجەدا، کامیل ژیر، گ: کاروان، ژ: ٧٢، س: حەوتەم، شوباتی، ١٩٨٩، ل٢٧و٢٨.

٤٢٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

٤٢٣- بڕوانە: شیعری نوێ و دیاردەیەکی شارستانی، عەبدولخالق سەرسام، ر: هاوکاری، ژ: ٩٣٠، ١٠-٢-١٩٨٧، ل٨.



(قافیە)»[٤٢٤]. ئەمەش هەڵوێستی رەخنەگرمان لە بارەی رادەی پەسەندکردنی خۆ دوورخستنەوەی شاعیرانی نوێی کورد لە خۆبەستنەوە بە قافیەی شیعر بۆ دیار دەکات.

زمانی شیعر یەکێکە لەو مەسەلانەی کە (کەریم شارەزا) لە چەند وتارێکدا لێی کۆڵیوەتەوە و رۆڵی گرنگی وشەی لە شیعردا دیار کردووە و ئەوەی دەرخستووە کە وشە رۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی لە بناغەی بنیات نانی شیعردا دەگێڕێت[٤٢٥] ئینجا لەسەر بناغەی سەرنجدانێکی وردی سروشتی زمانی شیعر ئەوە دەردەخات کەوا سنوورێک نییە وشەی شیعری و ناشیعری لێک جیا بکاتەوە، بەڵکو ئەوەی بایەخی راستەقینەی وشە و تەنانەت جوانی و ناشیرینییەکەی دیار دەکات چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی لەناو رستە و دەربڕینە شیعرییەکان نەک جۆری وشەکان بەڕووتی و لە دەرەوەی بەکارهێنانەکەدا[٤٢٦].

هەروەها (موحسن ئاوارە) لە وتارێکدا بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی چۆنیەتی داڕشتنی وشە و دەربڕینی ماناکانی شیعر دەدات و لەم رووەوە زۆر بە توندی پێ لەسەر گرنگی کەم کردنەوەی وشە و قووڵ کردنەوە و خەست کردنەوەی ماناکان دادەگرێت و بەدەستهێنانی ئەم مەبەستەش بە توانا و دەسەڵاتی شاعیر دەبەستێتەوە و لە رووی چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکە بەشێوەیەک ببێتە هۆی ئەوەی بەکەمترین دێڕ مانایەکی قووڵ و فراوان دەرببڕێت[٤٢٧].

لە چەند وتارێکدا بایەخ بەمەسەلەی تەمومژی و بەکارهێنانی رەمز و ئەفسانە دراوە. جا ئەوەی لێرەدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە بەشێک لە رایەکان لە روانگەی بۆچوونێکی لەیەکچوو و هاوبەشەوە باسی ئەم مەسەلەیان کردووە و ئەو جۆرە تەم و مژییەیان لە شیعردا پەسەند کردووە کە پێوستی سەپاندوویەتی، لەکاتێکدا دژی ئەو جۆرە

٤٢٤- شوکری فەزلی پاڵپشتی نوێ بوونەوەی کوردی دەکات، ئازاد عەبدولواحید، گ: بەیان، ژ: ١٤٥، تەمموزی ١٩٨٨، ل٣١.

٤٢٥- بڕوانە: وشەی شیعری لەلای مەحوی، کەریم مستەفا شارەزا، گ: کاروان، ژ: ٦٥، حوزەیرانی١٩٨٨، ل١٩.

٤٢٦- بڕوانە: وشەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا، کەریم مستەفا شارەزا، گ: بەیان، ژ: ١٥٦، حوزەیرانی ١٩٨٩، ل٣٧-٣٩.

٤٢٧- بڕوانە: بە(کەم دێری)، (مانا زۆر) توانای شاعیر بەدیار دەکەوێ، محسین ئاوارە، ر: هاوکاری، ژ: ١١٢٣، ٢-١١-١٩٨٩، ل٧.

تەم و مژییە وەستاون کە بەدەستی ئەنقەست بۆ ونکردنی ماناو مەبەستی شیعرەکان بەکارهاتووە[٤٢٨]. جاری واش هەیە لە روانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی رووتەوە تەماشای تەم و مژی شیعر کراوە و بە هەموو جۆرەکانییەوە بەتەواوی رەتکراوەتەوە هەروەک لای (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)دا دەبینرێت[٤٢٩]. دیارە ئەم هەڵوێستە توندوتیژەش لە جۆری تێگەیشتنی نووسەرەوە هاتووە بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شیعر و بەستنەوەی بە خزمەتکردنی چینێکی دیاریکراو کە چینە زەحمەتکێشەکەیە.

ئینجا لایەنێکی تری مەسەلەی تەم ومژی لە باسکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی رەمز و ئەفسانەدا دەردەکەوێت کە دەبینین لەم رووەوە بەشێک لە بیروڕایەکان لەسەر بناغەی هەست کردنیان بە گرنگی داستان و ئەفسانەکان وەک کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی پڕ لەمانا ئیحا بەخشەکان لەرێگای بەکارهێنانیان وەک رەمز، ئەو جۆرە سوود وەرگرتنەیان پەسەند کردووە کە شاعیر تیایدا مامەڵەیەکی تازە لەگەڵ ئەو کەرەستانە دەکات و شتێکی تازە دەڵێت، نەک کەرەستەکان وەک خۆیان وەربگیرێن و بگوازرێنەوە ناو شیعر، لەم رووەوە (محەمەد بەدری) بەجوانترین شێوە گوزارشت لەم مەبەستە دەکات کاتێک دەڵێ: «من هەرگیز لەگەڵ ئەمەدا نیم کە شاعیر بێت و ئەو داستان و حیکایەت و ئەفسانانە وەکو چۆن خۆیانن زیندوویان بکاتەوە لە شیعرەکانی... بەڵکو شاعیر ئەتوانێ سوود لەو شتانە وەربگرێ و بەرۆح و نەفەسێکی هاوچەرخی سەرکەوتوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەتوانێ بیانکاتە رەمز، بیانکاتە حاڵەتێکی نوێ...»[٤٣٠] لەمەوە ئەو تێگەیشتنە وردەی نووسەرمان سەبارەت بە گرنگی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کەرەستەیە لە شیعری نوێی کوردیدا بۆ دەردەکەوێت.

---

٤٢٨- بڕوانە: -هەندێ تێبینی دەربارەی شیعر و شاعیر، محەمەد بەدری، گ: نووسەری کورد، ژ: ٧، خووڵی سێهەم، ئابی١٩٨٩ ، ل٣٤،

- چاوپێکەوتنی ژمارە: شاعیری فەرهەنگی خەم و بیر...، حەمە سەعید حەمە کەریم، گ: بەیان، ژ: ١٣٧ ، تشرینی دووەمی١٩٨٧ ، ل٩١.

- هەر جارەی لەگەڵ شاعیرێکدا، ئومێد کاکەڕەش، ر: هاوکاری ژ: ٩٣٥ ، ٢٨-١٢-١٩٨٧ ، ل٧.

٤٢٩- بڕوانە: شیعر و رەمز و کەلەپوور، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ر: هاوکاری، ژ: ١١١٨ ، ١٦-١٠-١٩٨٩ ، ل١٠.

٤٣٠- هەندێ تێبینی دەربارەی شیعر و شاعیر، محەمەد بەدری، گ: نووسەری کورد، ژ: ٧، ئابی ١٩٨٩ ، ل١٣٤ . هەروەها بڕوانە: چاوپێکەوتنی ژمارە: شاعیری فەرهەنگی خەم و بیر...، حەمە سەعید حەمە کەریم، گ: بەیان، ژ: ١٣٧ ، تشرینی دووەمی١٩٨٧ ، ل٩٠.



هەر لەو ماوەیەدا چاومان بە وتارێکی گرنگی (هەڤاڵ کوێستانی) دەکەوێت کە تیایدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ چەند مەسەلەیەکی شیعری خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە دوای ئەوەی باری سەرنجی تایبەتی خۆی لە بارەی باری ناهەمواری شیعری ساڵانی هەشتاکان دەربڕیوە. یەکێک لەو مەسەلانەی لایەنێکی گەورەی وتارەکەی بۆ تەرخانکراوە مەسەلەی ئیلتیزامە کە لە رێگای ئەمەوە دەرگای باسکردنی چەند مەسەلەیەکی تر دەخاتە سەر پشت وەک مەسەلەی تەم و مژی و تێگەیشتن و تێنەگەیشتن و شێوە و ناوەرۆک و چەند مەسەلەیەکی تر.

جارێ بەر لە هەموو شت گرنگی بایەخدان بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکییەکەی شیعر دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە پێویستە شیعر لە پاڵ ئەو ئەرکەی خستوویەتییە ئەستۆی خۆی لە گۆڕینی باری نالەباری واقیع و چارەسەرکردنی گیروگرفت و کەموکوڕییەکانی ژیان، بایەخ بەلایەنە هونەرییەکەش بدات[٤٣١]. ئینجا ناوەڕۆکی ئەو واقیعەش دەبێ سەر بە ئەمڕۆی ژیانی شاعیر بێت[٤٣٢]. هەرچی دەربڕینیەتی ئەوا دەبێ بەشێوەیەک دەربڕێت بێ ئەوەی لە ئاستی خۆی دابەزێت ئاستی تێگەیشتنی جەماوەریش لەبەرچاو بگرێت[٤٣٣]. دوای ئەمە بەوردی لە سروشتی زمانی شیعر دەکۆڵێتەوە و دیارترین خاسیەتەکانی دیار دەکات و بەزمانێکی چڕو مۆسیقادار و سرووش بەخشی دادەنێت و بە زمانی (مەجاز)ی ناو دەبات و ئەمە دەکاتە یەکێک لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی جیاکردنەوەی شیعر لە بابەتە ئەدەبییەکانی تر، ئینجا پێ لەسەر گرنگی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکە دادەگرێ و بە توانا و دەسەڵاتی شاعیری دەبەستێتەوە[٤٣٤]. جگە لەمە گرنگی زمانی شیعر لە دروستکردنی وێنەی شیعریشدا دەردەکەوێت کە لەم رووەوە نووسەر هێزی شیعر لە جۆری ئەو وێنانەدا دەبینێت کە بە شێوەی ئیحا گوزارشت لە هزر و بیری شاعیر دەکات و لە شێوە دەربڕینە زەق و راستەوخۆییەکانی دوور دەخاتەوە[٤٣٥]. ئینجا مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی بایەخی

---

٤٣١- بڕوانە: ئێستای شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری، هەڤاڵ کوێستانی، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ١٦ ، پایزی ١٩٨٩ ، ل٤٢-٤٥.

٤٣٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

٤٣٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ و ٤٥.

٤٣٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢ و ٥٣.

٤٣٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣ و ٥٤.

پێداوە، مۆسیقای شیعرە. نووسەر لەم رووەوە مۆسیقای شیعر بە بنەمایەکی تر دادەنێت لەو بنەمایانەی شیعر لە لقەکانی تری ئەدەب جیا دەکاتەوە و بناغەی بنیاتنانی شیعری پێ دەبەستێتەوە و بوونی شیعر لە بوونی ئەو مۆسیقایەدا دەبینێت[٤٣٦]. لەپاشاندا بە خێرایی باسی ناچاری پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی رەمز لای شاعیری نوێ دەکات و لە لایەکەوە بەباری نالەباری بارودۆخە سیاسییەکەی دەبەستێتەوە و لەلایەکی تریشەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ فراوانکردنی بواری دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکە و خۆ دوورخستنەوە لە دەربڕینی راستەوخۆ و درێژدا دڕی[٤٣٧]. لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەم وتارەی (هەڤاڵ کوێستانی) لە بارەی لێکۆڵینەوەی مەسەلە شیعرییەکان لە چاو زۆربەی وتارەکانی تری ئەو ماوەیە شوێنێکی گرنگ و تایبەتی هەیە جا چ لە رووی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی وتارەکەیانی پێکهێناوە یان لە رووی چۆنیەتی باسکردن و لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە کە سیمای تێگەیشتنێکی وردی خاوەن وتارەکە دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە لەسەر بناغەی زەمینەیەکی رۆشنبیری پتەو بیروڕا و سەرنجە رەخنەییەکانی دەربڕیوە. کە باسی رەخنەی ئەدەبی کوردی ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە دەکەین دەبێ ئاماژەش بۆ گرنگی ئەو نووسینە رەخنەییانە بکەین کە (حوسێن عارف) لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (هاوکاری)دا لە گۆشەی (ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی)دا بڵاوی دەکردنەوە و تیایدا وەک شارەزایەکی مەیدانی رەخنە لەسەر بناغەی بۆچوونێکی ورد و لێزانینەوە سەرنجە رەخنەییەکانی خۆی لە بارەی شیعری نوێی کوردی دەخستە روو. جا یەکێک لەو مەسەلە شیعرییە گرنگانەی تەوەری زۆربەی نووسینەکانی پێکهێنابوو، کێشی شیعر بوو. ئەوەی راستی بێ نووسەر لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە بەوردی چەند لایەنێکی گرنگی کێشی شیعری نوێی کوردی باس کردووە وەک قۆناغەکانی گۆڕانی کێشی شیعری کوردی لە کێشی عەرووزییەوە لە شیعری کلاسیکیدا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگەیی لای (گۆران) و لای شاعیرانی دوای ئەمیش، ئینجا دیارکردنی یەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری نوێ ئەویش بڵاوبوونەوەی دیاردەی دووبارەکردنەوە و جووینەوەی کێشی (هەشت بڕگەیی)یە لای زۆربەی زۆری شاعیران[٤٣٨]. ئینجا لە نووسینێکی تردا

٤٣٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

٤٣٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

٤٣٨- بڕوانە: ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی (دیسان شیعر)، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٩٧٤، ١٢-٥-١٩٨٨، ل٦.



هۆی سەرەکی زۆری بەکارهێنانی ئەم کێشە، کە بە پەتای شیعری ناو دەبات، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاسانی بەکارهێنانی کێشەکە[٤٣٩].

هەر لە بارەی کێشی شیعرەوە (حوسێن عارف) لە دوو نووسینی تردا لەلایەنێکی گرنگی شیعری نوێی کوردی، یان هەروەک خۆی ناوی دەنێت شیعری سەربەست، دەکۆڵێتەوە ئەویش ئەو سەربەستییەیە کە لەبەردەم شاعیردا هەیە و لەم رووەوە بە توندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو سەربەستییە مانای بەرەڵایی و پشتگوێ خستنی هەموو دەستوور و پەیڕەوەکانی شیعر ناگەیەنێت، بەڵکو سەربەستییەکە، سەربەستییەکی سنووردارە. دیارە ئەو جۆرە سەربەستییەش لە کەرتکردنی بڕگەی کێشەکاندا دەبینێت[٤٤٠]. ئینجا لە ئەنجامی سەرنجدانی لە کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی شیعری کوردی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەشێکیان شێوەیەکی ئاسانیان هەیە وەک کێشی (٨، ١٠، ١٢، ١٥، ١٦) بڕگەیی و بەشێکیان گرانن وەک (٥، ٧، ١١، ١٣، ١٤) بڕگەیی[٤٤١].

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (حوسێن عارف) لەو نووسینە رەخنەییانەیدا بایەخی سەرەکی بە شێوەی هونەری شیعری نوێی کوردی داوە و بەتایبەتی کێشی شیعر و لەم رووەوە لای لە باسکردنی چەند لایەنێکی گرنگی ئەم مەسەلەیە کردۆتەوە.

هەروەها کە باسی بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دەکەین، واتە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە، دەبێ رۆڵی ئەو تاقیکردنەوە شیعرییەی (ئەنوەر مەسیفی) و هاوڕێکانی دیار بکەین وە بەتایبەتی کاریگەری شیعری (جلوبەرگ) و (جمکەکان)ی (مەسیفی) کە رۆڵی خۆیان هەبوو لە وروژاندنی چەند مەسەلەیەکی شیعری و پەیداکردنی جۆرە چالاکییەک لە رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەدا.

٤٣٩- بڕوانە: ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی(سێ شاعیر و سێ شیعر و دوو کێشی«نا مەلاخۆر»)، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٩٨٣، ١٦-٦-١٩٨٨، ل٧.

٤٤٠- بڕوانە: ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی (کێشەکانی شیعری کوردی و شیعری سەربەست)، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٩٩٥، ٤-٨-١٩٨٨، ل٦.

هەروەها بڕوانە: ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی(سەربەستی یەکە)، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٩٩٧، ١١-٨-١٩٨٨، ل٧.

٤٤١- بڕوانە: ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی(شیکردنەوە)، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٩٩٩، ١٨-٨-١٩٨٨، ل٦.

دیاره ئەو چالاکییە ڕەخنەییەش لە ڕووی دوو تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازەوە تەماشای ئەو تاقیکردنەوە شیعرییەی دەکرد، بۆیە لە ئەنجامدا دوو هەڵوێستی جیاواز دروست ببوو یەکێکیان دژایەتی و ئەوی تریان پشتگیری دەکرد.

(سەڵاح شوان) یەکێک بوو لەو شاعیرانەی بە توندی دژایەتی دەکردن و لەسەر بناغەی ئەو ڕایەی کە زمانی شیعر دەبێ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بێت و ڕۆڵی خۆی هەبێ لە پتەوکردنی بنچینەی ئەو زمانە، هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئەو شاعیرانە و بەکارهێنانی وشە و دەربڕینە ناوچەییەکان بە کارێکی گێرەشێوێن دادەنێت و زمانە شیعرییەکەشیان لە ڕیزکردنی چەند وشە و دەربڕینێکی شێواو بەولاوە بە شتێکی تر لە قەڵەم نادات[٤٤٢].

هەروەها (هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیران) لە ڕووی ئەو بۆچوونەی کە شیعر دەبێ لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی خەڵک دابێت و بە زمانێکی ڕوون و قووڵ دەرببڕێت و دوور بێت لەو تەم ومژییە دەستکردەی دەرگا لە ڕووی تێگەیشتن دادەخات و لەسەر لێ شێوان بەولاوە ئەنجامێکی تری نابێت، ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ئەو جۆرە شیعرە دەکات و بە وڕێنەی لەقەڵەم دەدات[٤٤٣].

هەرچی (تیلی ئەمین)ە ئەوا دوای ئەوەی ئەو پەیوەندییە گرنگەی نێوان شیعر و کەلەپوور دیار دەکات و گرنگی سوود وەرگرتنی شیعر لە کەلەپوور دەردەخات و شیعری ڕەسەن بەو شیعرە دادەنێت کە سوود لە لایەنە چاکەکانی کەلەپوور وەردەگرێت و سیما نەتەوایەتییەکەی میللەت دەپارێزێت، بەپێی تێگەیشتنی خۆی لەسەر بناغەی ڕەتکردنەوەی کەلەپوور لای ئەو شاعیرانە ڕەخنەیەکی توندیان لێ دەگرێت و شیعرەکانیان ڕەت دەکاتەوە و بەشتێکی نا پەسەندیان دادەنێت[٤٤٤].

لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنەی کە شیعر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە (نەوزاد عەلی ئەحمەد) سەرباری لەبەرچاو گرتنی گرنگی شێوەی هونەری، پێ لەسەر گرنگی ناوەڕۆک

٤٤٢- بڕوانە: زمانەکەت بپارێزە...!، سەڵاح شوان، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ١٩، ٢٠-١-١٩٨٨، ل٥.

٤٤٣- بڕوانە: فەرموون بەرد بخۆن؟!، هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیران، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢١، ٣-٢-١٩٨٨، ل١٣.

٤٤٤- بڕوانە: شیعرا نوێ و ڕێبازی شیعرا کوردی، تیلی ئەمین، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٣، ١٧-٢-١٩٨٨، ل١٣.



دادەگرێ و بەپێی ئەمە لە ڕووی تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لە بارەی ئەو تاقیکردنەوە شیعرییە و بایەخدانیان بە فۆڕمە هونەرییەکە و فەرامۆش کردنی ناوەڕۆک، هێرشێکی توندیان دەکاتە سەر و شیعرەکانیان بە فۆڕمێکی بێ ناوەڕۆک لە قەڵەم دەدات[٤٤٥].

ئەوەی لە زۆربەی ئەم وتارانەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە زۆربەی بیروڕاکان هەرچەندە لەسەر بناغەی باسکردنی چەند مەسەلەیەک بنیات نراون، بەڵام لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی وردی بەرهەمە شیعرییەکانەوە دروست نەبوونە، بەڵکو زیاتر شێوەی ئینتیباعێکی خێراو سەرنجێکی گشتی خاوەن ڕایەکانی نواندووە بۆیە لە ئەنجامدا نەیانتوانیوە بەوردی دەست لەسەر سروشتی ڕاستەقینەی ئەو بابەتانە دابنێن کە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعرەکانی پێک دەهێنا. تەنانەت ئەم دەردە بەشێک لەو وتارانەشی گرتۆتەوە کە بەشێوەیەکی فراوانتر لەو شیعرانەیان کۆڵیوەتەوە و جۆرە سەرنجدانێکی وردیشیان تیادا دەبینرێت. هەروەک لەو وتارەی (ئەحمەد تاقانە)دا دەبینین کە بەوردی باسی مەسەلەی تێکشکاندنی زمانی شیعر و وازهێنان لە قافیە و ڕووکردنە تەم و مژی و بەکارهێنانی داستان و ئەفسانە لە شیعری ئەو شاعیرانەدا دەکات[٤٤٦]، کەچی سەرباری ئەو زەمینە ڕۆشنبیرییە پتەوەی بناغەی بیروڕایەکانی لەسەر داڕشتووە تەنها نموونەیەکیش بۆ سەلماندنی ڕاستی بۆچوونەکانی ناهێنێتەوە، دیارە دەربڕینی هەر ڕایەکیش بێ پشت بەستن بە نموونە تا ڕادەیەک بایەخی خۆی لە دەست دەدات.

هەروەها لایەنێکی تری ئەو چالاکییە ڕەخنەییەی لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوە شیعرییە پەیدابوو، لە هاتنە نووسینی ئەو وتار و وەڵامانەدا دەردەکەوێت کە چەند شاعیر و نووسەرێک بەشدارییان تیادا کرد.

(قادر ئیبراهیم مینە) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (پرۆژەی نوێکردنەوە لە شیعردا) بەرگرییەکی توند لە شیعری ئەو شاعیرانە دەکات و هەڵوێستیان بەرامبەر بە کەلەپوور و مەسەلەی تەم و مژی و تێگەیشتن و تێنەگەیشتن دیار دەکات و بایەخێکی تایبەتیش بە زمانە شیعرییەکەیان دەدات و بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆی بیروڕاکانی دەردەبڕێت و ئەوە دەردەخات کە ئەو شاعیرانە نە خۆیان بەشتە کۆنەکان دەبەستنەوە و نە لاسایی

٤٤٥- شاعیرە فۆڕمالیستەکان؟!، نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕ: هاوکاری ژ: ٩٢٢، ١٢-١١-١٩٨٧، ل٨

٤٤٦- بڕوانە: لەبارەی هەندێک لایەنی هونەری شیعری نوێوە، ئەحمەد تاقانە، ر: هاوکاری، ژ: ١٨٠٢، ٨-٦-١٩٨٩، ل٩.

بێگانەش دەکەنەوە، بەڵکو واقیعی ژیانی سەردەمەکەیان دەکەنە سەرچاوەی شیعرەکانیان بێ ئەوەی دەرگای سوود وەرگرتنیش لە رووی تاقیکردنەوەکانی شیعری بێگانە دابخەن و لەسەر بناغەی سوود وەرگرتن لە هەردووکیان تاقیکردنەوە شیعرییەکەی خۆیان بنیات دەنێن. لە بارەی ئەو شێوە دەربڕینە گرانەی لە شیعرەکانیشیاندا دەبینرێت لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوە دەردەخات کە ئەو شیعرانە هەموو خوێنەرێک پێیان ناوێرێ، بەڵکو خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیە. لە بارەی زمانی شیعریشەوە وازهێنانی شاعیر لە ئامرازی پەیوەندی بە شتێکی ئاسایی دادەنێت بەپێی ئەوەی کە چەند وشەیەک لە زمانی کوردیدا هەیە لە بنچینەدا ئامرازی پەیوەندییان هەبووە و ئێستا نەیان ماوە و خەڵکیش بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاریان دەهێنێت[٤٤٧]. دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێین کە نووسەر دیارە ئەوەی لە بیر کردووە کە ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمان دادێن بڕیارێک نییە لەلایەن کەسێکەوە بدرێت و لەپڕ رووبدات، بەڵکو لە ئەنجامی چەند هۆیەک و بەپێی تێپەربوونی کاتێکی دوور و درێژ روو دەدات، نەک هەروەک لەم تاقیکردنەوە شیعرییەدا دەیبینین شاعیر لە شیعرەکانیدا وازی لە چەند ئامرازێکی پەیوەندی هێناوە گوایە شتی زیادن و پێویستە فڕێ بدرێن. دیارە ئەم جۆرە مامەڵەکردنەش لەگەڵ زمان کارێکە لە شێواندنی زمان زیاتر شتێکی تر ناگەیەنێت.

(موکەڕەم تاڵەبانی) لە وەڵامی ئەم وتارەدا، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (پرۆژەی نوێکردنەوە یاخود شێواندن) بیروڕاکانی (قادر ئیبراهیم مینە) لە وتاری پێشوودا رەت دەکاتەوە و لە رووی بۆچوونێکی جیاوازەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو رایانەو شیعری ئەو شاعیرانە دیار دەکات. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە خاوەن وتار هەرچەندە لە چەند شوێنێکی وتارەکەیدا هەوڵی داوە بەپێی نموونە شیعرییەکان بیروڕاکانی دەرببڕێت، بەڵام ئەو نموونە کەمانە کە تەنها چەند پارچەیەکی کورتی قرتێنراوی چەند نموونەیەکن لە شیعرەکانی (ئەنوەر مەسیفی) و (سەباح ڕەنجدەر)[٤٤٨]، ئەو نموونە کەمانە، باسی زمانە شیعرییەکەی لێ دەربچێت کە چەند سەرنجێکی وردی لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن و جۆری ئەو زمانەی کە پێویستە بکرێتە زمانی شیعر دەربڕیوە، ئەوا نەیتوانیوە شتێک

٤٤٧- بڕوانە: پرۆژەی نوێکردنەوە لە شیعردا، قادر ئیبراهیم مینە، ر: هاوکاری، ژ: ١٠٧٧، ٢٢-٥-١٩٨٩، ل٩.

٤٤٨- بڕوانە: پرۆژەی نوێکردنەوە یاخود شێواندن؟، موکەڕەم تاڵەبانی، ر: هاوکاری، ژ: ١١٣٣، ٧-١٢-١٩٨٩، ل٩.



بلێ، یان شتێک ساغ بکاتەوە سەبارەت بەو رایانەی لە بارەی کەلەپوور و مەسەلەی لاسایی کردنەوەی دەربڕیبوون، چونکە لەو نموونانەدا بە هیچ شێوەیەک بەلای باسکردنی ئەو مەسەلانەدا نەچووە.

(فوئاد سدیق) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (وشەیەک لە رێگای ئەدەب و لە پێناوی تازەخوازیدا) ئەو تاقیکردنەوە شیعرییە بە رێبازێکی نوێی شیعری کوردی دادەنێت و ناوی تەکانبەرایەتی لێ دەنێت و (ئەنوەر مەسیفی)ش بە دامەزرێنەری ئەو رێبازە دادەنێتو پەسەندکردنی ئەم شیعرانە لای نووسەر گەیشتۆتە رادەیەک ئەو شیعرانە بە هەورازێکی وا رک دابنێت کە لە (مەسیفی) زیاتر هیچ شاعیرێک نەک هەر توانای چوونە سەر ئەو هەورازەیان نییە بگرە زاتی نزیکبوونەوەشی ناکەن، بەڵام زۆری پێ ناچێ نووسەر هەر خۆی دەگەڕێتەوە و بێ توانایی و دەستەوەستانی ئەو شیعرانە بەرامبەر بە چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشەکانی ژیان دیار دەکات. ئینجا دوای ئەوەی یاخیبوون وەک لایەنێکی چاکی یەکێک لە شیعرەکان دیار دەکات دیسان دەگەڕێتەوە و لەسەرنجێکی خێرا و بەپەلە ئەوە دەردەخات کە یاخیبوونێکە لە نێوان سوریالیزم و ریالیزم دایە بێ ئەوەی بتوانێ مەبەستی خۆی روون بکاتەوە، پاشانیش وەک ئامۆژگارییەک بۆ شاعیر کە بایەخدان بە پێگەیاندنی ئایدیۆلۆژیاکەی و پەروەردەکردنی بە شێوەیەکی چاک بەرەو ریالیزمی دادەشکێنێتەوە بێ ئەوەی دید و بۆچوونی شاعیر لەبەرچاو بگرێت و لەوە بگات کە بناغەی ئەم تاقیکردنەوە شیعرییە هەر لە بنچینەدا لەسەر چی بنیات نراوە[٤٤٩]. پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە نووسەر لە کاتێکدا ئەو تاقیکردنەوە شیعرییە بە رێبازێکی نوێ دادەنێت لە شیعری کوردیدا بۆ سەلماندنی ئەو رایەی تەنها نموونەی دەقێکی شیعریشمان بۆ ناهێنێتەوە تایبەتییەکانی ئەو رێبازە دیار بکات.

ئەم رایە لەلایەن (خدر گولانی)یەوە لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (نوێخوازی و تێڕوانینێک)دا بە توندی رەتکرایەوە کاتێک نووسەر لەبەرپەچدانەوەی رایەکەی (فوئاد سدیق)دا ئەوەی دەرخست کە بەشدارنەبوونی شاعیرانی تر لەم تاقیکردنەوە شیعرییەدا دەگەڕێتەوە بۆ بێ ئەنجامی و بێهوودەیی ئەو جۆرە شیعرانە نەک بۆ شتێکی تر[٤٥٠].

٤٤٩- بڕوانە: وشەیەک لە رێگای ئەدەب و لە پێناوی تازە خوازیدا، فوئاد سدیق، ر: هاوکاری، ژ: ١٠٧٢، ١-٥-١٩٨٩،

٤٥٠- بڕوانە: نوێخوازی و تێڕوانینێک، خدر گولانی، ر: هاوکاری، ژ: ١٠٩٧، ٣-٨-١٩٨٩.

بەڵام دەبینین لە کاتێکدا نووسەر ئەم حوکمە توندانە بەسەر ئەو تاقیکردنەوە شیعرییەدا دەردەکات، نابینین بە هیچ شێوەیەک تەنها نموونەیەکیش لە دەقی شیعرێک بهێنێتەوە بیکاتە بناغەیەک بۆ حوکم و بڕیارەکانی لەبەر ئەوە لە ئەنجامدا ئەم رایانە بوونەتە چەند قسەیەکی رووتی بێ بناغە.

لەسەر بناغەی ئەو شێوە دەربڕینە تەم ومژواییەی ئەو شاعیرانە گرتوویانەتە بەر و بەهۆیەوە دیوارێکیان لە نێوان بەرهەمە شیعرییەکانیان و تێگەیشتن لەو بەرهەمانە لەلایەن جەماوەر دروست کردووە، (کاوە عومەر بەرزنجی) رەخنەیەکی توندیان ئاراستە دەکات و شیعرەکانیان بەڕێزکردنی چەند وشەیەکی بێ جێ و نەشیاو لەقەڵەم دەدات و بەرامبەر بەمە شیعری راستەقینە بەو شیعرە دادەنێت کە نزیک بێت لە هەست و تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک و رەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی رۆژگاریان[٤٥١].

کەچی لە وەڵامی ئەم وتارەدا (قادر ئیبراهیم وەرتی) لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (شیعر و تەقینەوەی مرۆڤ...!)دا بەتوندی لەسەر بناغەی لێکدانەوەی مەسەلەی تێنەگەیشتن لە شیعری ئەو شاعیرانە وەک ئەوەی شتێکی نوێی لەو شیعرانەدا دۆزیبێتەوە ئەوە دەردەخات کە ئەو شاعیرانە پەنایان بردۆتە بەر دەربڕین بە وێنە و بۆ ئەمە ئەو وتەیەی (هیۆم) دەهێنێتەوە کە دەڵێ: «وێنە لە شیعردا تەنیا زەخرەفە نییە، بەڵکو جەوهەری راستەقینەی زمانی شیعرە»[٤٥٢] بێ ئەوەی لە رێگای شیکردنەوەی نموونە شیعرییەکانەوە توانیبێتی ئەوە ساغ بکاتەوە چۆن ئەو وێنانە ئەو جەوهەرە راستەقینەیە دەنوێنن، ئەگەرچی هەوڵی ئەوەی داوە بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکەی ئەوە دەربخات کە لایەنی داهێنانی شیعر لە جۆری ناوەڕۆکدا دەرناکەوێت چونکە ناوەڕۆک لای شاعیران یەک ناوەڕۆکە بەڵام لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکەدا دەردەکەوێت[٤٥٣]، جا لە کاتێکدا ئەم رایەی لە بارەی زمانی شیعرەوە بە سەرنجدانێکی ورد دادەنرێت و جۆری تێگەیشتنی راستی نووسەر لەم رووەوە دەردەخات، نابینین لە رایەکەیدا پشتی بە شیکردنەوەی دەقێکی شیعری بەست بێت، بەڵکو نموونەیەک لە شیعری (ئەنوەر مەسیفی) و (کەریم دەشتی) دەهێنێتەوە و خوێنەر دەکاتە سەر پشک بۆ دەرکردنی حوکمی پەسەندکردن، یان رەتکردنەوەی جۆری

٤٥١- بڕوانە: دیاردەیەکی نوێی شیعری ئەمڕۆمان، کاوە عومەر بەرزنجی، ر: هاوکاری، ژ: ١٠٢٨، ٢٨-١١-١٩٨٩، ل٩.

٤٥٢- شیعر و تەقینەوەی مرۆڤ...!، قادر ئیبراهیم وەرتی، ر:هاوکاری، ژ:١١٦، ٩-١٠-١٩٨٩، ل٩

٤٥٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩.



شیعرەکە. دیارە ئەمەش خۆدزینەوەی نووسەرمان بۆ دەردەخات لە رووی دەرکردنی بڕیارێکی ئاشکرا و راستەوخۆ، چونکە لە کاتێکدا لەسەرجەم بیروڕاکانیدا شیعرەکانی (ئەنوەر مەسیفی) پەسەند دەکات، دەگاتە سەر ئەم خاڵە و خۆی دەکێشێتەوە و بڕیارەکە دەداتە دەست خوێنەر.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو مەسەلە شیعرییانەی لە چوارچێوەی ئەو چالاکییە رەخنەییەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە هاتنە بەرباس و لێکۆڵینەوە زیاتر بەلای ئەو مەسەلانەدا چووبوو کە تایبەت بە شێوەی هونەری شیعر بوو، بەتایبەتیش زمانی شیعر کە لە ریزی پێشەوەی ئەو مەسەلانە بوو کە لە پاڵ مەسەلەکانی تردا خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ئینجا لایەنێکی تری بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ساڵانی هەشتا لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و نامیلکانەدا دەبینرێت کە بەشێکی دیاریان تەوەری باسەکانیان شیعری نوێی کوردی بوو. جا ئەو کتێبانەش بەپێی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکیانی پێکدەهێنا جیاوازییان هەبوو. بۆیە دەتوانین بەپێی ئەمە ئەو کتێبانە دابەش بکەین بۆ چەند بەشێک. بەشێک لەو کتێبانە چەند باسێکیان گرتبووە خۆ، وەک کتێبی (شەش وتار دەربارەی: شیعری نوێ و تاقی کردنەوە)ی (عەبدوڵڵا عەباس) کە تیایدا باری سەرنجی خۆی لە بارەی بزووتنەوە شیعرییەکەی ساڵانی حەفتا دەردەبڕێت و سەرباری تێپەربوونی ئەو ماوەیەش هەر بە تاقیکردنەوەی شیعری ناو دەبات[٤٥٤]. بەتوندی پێ لەسەر ئەو پەیوەندییە پتەوە دادەگرێ کە شیعری نوێ بە شیعری کۆن دەبەستێتەوە و هەر بەپێی ئەمەش بزووتنەوە شیعرییەکەی روانگە بە بەردەوامی شیعری پێش خۆی دادەنێت[٤٥٥]. ئینجا باسی مەسەلەی ئیلتیزام دەکات بەو مانایەی کە شاعیر لەسەر رێبازێکی فیکری روون و ئاشکرا بێت و سەر بە بەرەی گەل بێت و خزمەتی میللەت و تێکڕای مرۆڤایەتی بکات، لەپاشاندا هەر لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیەدا باسی پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت دەکات و ئەوە دەردەخات کە بوونی ئەم پەیوەندییە بەهیچ شێوەیەک مانای فەرامۆش کردنی لایەنە هونەرییەکە ناگەیەنێت، هەروەک هەندێک بۆی دەچن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە دەردەخات کە دۆزینەوەی رێڕەوی فیکری سەر بە گەل و تێکڕای

٤٥٤- بڕوانە: شەش وتار دەربارەی: شیعری نوێ و تاقی کردنەوە، عەبدوڵڵا عەباس، چاپخانەی- عەلاء، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٤.

٤٥٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥ و ٢٦.

مرۆڤایەتی پاڵپشتی داهێنانی شاعیر دەکات[٤٥٦]. ئینجا لەکاتی باسکردنی مەسەلەی داهێنان و چۆنیەتی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی بەهرەی داهێنان باسی مەسەلەیەکی گرنگی زمانی شیعر دەکات ئەویش چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکانە[٤٥٧]، لەپاشاندا هەر لە بارەی زمانی شیعری کوردییەوە لە سەرنجێکی خێرادا هێڵی گشتی پەرەسەندنی زمانی شیعری کوردی دیار دەکات هەر لە نالییەوە بۆ پیرەمێرد بۆ گۆران و بۆ شاعیرانی حەفتاکان و بەپێی ئەمە بەرەو پێشچوونی زمانی شیعری کوردی بە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوی دادەنێت[٤٥٨]. پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ گرنگی چەند سەرنجێکی نووسەر بکەین سەبارەت بە زمانی شیعر وەک ئەوەی شاعیری داهێنەر زمانە رەسەنەکەی خۆی لەگەڵ شێوەی نوێی هاوچەرخدا بگونجێنێ و لە رەگ و ریشەی زمانەکەی خۆی نەپچڕێنی، لەپاشاندا مەبەستی خۆی لە بارەی شێوە بەکارهێنانە نوێیەکەی زمان روون دەکاتەوە کاتێک ئەوە دەردەخات کە مەبەست تێکدانی زمان نییە، بەڵکو مەبەست مامەڵەکردنێکی نوێ و داهێنەرانەیە لەگەڵ زمانەکەدا[٤٥٩].

هەروەها یەکێک لەو کتێبانەی باسکردنی چەند بابەتێکی تایبەت بە شیعری گرتۆتە خۆ، کتێبی (لە بانێژەی شیعرەوە)ی (مەحموود زامدار)ە.

پێویستە هەر لەسەرەتاوە سەبارەت بەم کتێبە ئەوە بڵێین کە نووسەر چاکی کردووە ناوی لە کتێبەکەی ناوە (لە بانێژەی شیعرەوە) نەک (لە بانێژەی شیعری کوردییەوە)، چونکە تێکڕای بابەتەکان چەند باسێکی گشتین لە بارەی ئەم بابەتانە و لەو شوێنانەشدا کە باسی شیعری کوردی کردووە، زۆرجار لە سەرنجێکی خێرادا چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە بێ ئەوەی لەو نموونانەی کۆڵیبێتەوە و خاسیەتە تایبەتییەکانی لە شیعری کوردیدا دیارکردبێ و لە هەندێ بابەتیش هەر بەلای شیعری کوردیدا نەچووە. جا ئەوەی لە تێکڕای باسەکانیدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەو وەسفە ئینشائیە دوور و درێژانەیە کە بۆ بابەتەکانی دارشتووە لەکاتێکدا دەکرا لە جیاتی ئەمە زیاتر بایەخ بە کەرەستە زانستییەکان بدرێت لە بارەی ئەو بابەتانەوە. بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو سەرنج و بیروڕایانەن کە سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی شیعری دەربڕیوە.

٤٥٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧-١٩.

٤٥٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

٤٥٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧-٥٩.

٤٥٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٦٠.



ڕەمز و ئەفسانە یەکێکە لەو مەسەلانەی نووسەر بایەخیانی پێداوە و رۆڵی گرنگیانی لە شیعردا دیارکردووە، جارێ سەبارەت بە رەمز بە پێویستییەکی گرنگی شیعری دادەنێت و تەنانەت بوونی شیعر بە بوونی رەمز دەبەستێتەوە.[٤٦٠] هۆی ئەم هەست کردنەشی بە گرنگی رەمز دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک، لەلایەکەوە بۆ سوود وەرگرتنی شاعیران لە مانا شاراوە و مت بووەکانی رەمز و لەلایەکی تریشەوە بۆ بەکارهێنانی رەمز وەک هۆیەک بۆ خۆپاراستنی شاعیر لە ئەزیەتدان لەو بارودۆخە نالەبارانەی ژیانی سەردەمەکەی پێکدەهێنێت و دەربڕینی راستییەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەردەسەری لە دوادا دەبێت[٤٦١]. لە بارەی بەکارهێنانی رەمز لە شیعری کوردیدا رەگ و ریشەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ شیعری کلاسیکی و چەند نموونەیەک بۆ بوونی رەمز لە شیعری بابە تاهیر و مەحوی و مەولەوی و مەلای جزیری و شێخ رەزای تاڵەبانی دەهێنێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی مانای رەمزەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان دیار بکات و لێیان بکۆڵێتەوە[٤٦٢]، لەپاشاندا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پەسەند نەکردنی ئەو جۆرە رەمزانە دیار دەکات کە تەنها بۆ مەبەستی رواڵەتکاری بەکار دەهێنرێت و بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە (ڕەمز بۆ رەمز) و جەماوەر فەرامۆش دەکات[٤٦٣]. لە بارەی ئەفسانەوە پێ لەسەر گرنگی بەکارهێنانی دادەگرێ لە دروست کردنی دەمامک و هێماکاندا لەلایەن شاعیری داهێنەرەوە کە دەتوانێ بە شێوەیەک بەکاریان بهێنێت گیانێکی تازەیان بە بەردا بکات و مانای تازەیان پێ دەربڕێت[٤٦٤].

لە بارەی زمانی شیعرەوە، نووسەر لە روانگەی سەرنجدانێکی وردی سروشتی زمانی شیعر بیروڕا و سەرنجە بە نرخەکانی دەخاتە روو. جا یەکێک لەو خاڵانەی بە توندی پێی لەسەر دادەگرێ جیاکردنەوەی زمانی شیعرە لە زمانی قسەکردنی رۆژانە و دیارترین خاسیەتەکانی ئەو زمانەش لەو بەکارهێنانە تایبەتییەی زمانەکەدا دەبینێت کە شاعیر بەهۆیەوە مانای چڕ و قووڵ و تازە دروست دەکات و لەو مانا فەرهەنگییە سادە و رووتانە

٤٦٠- بڕوانە: لە بانێژەی شیعرەوە، مەحمود زامدار، چاپخانەی جریدة العراق، ١٩٨١، ل٣٣ و ٣٥.

٤٦١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣ و ٣٦.

٤٦٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤ و ٣٥.

٤٦٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

٤٦٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

دوور دەکەوێتەوە کە وشەکان لە دەرەوەی بەکارهێنانە شیعرییەکە دەیان گرێتەخۆ[٤٦٥].

مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلە گرنگانەی مایەی بایەخ پێدانی نووسەر بووە، هەڵوێست وەرگرتنی بوو سەبارەت بە شیعری کۆن و نوێ. جارێ بەر لە هەموو شت ئەگەر زانیمان نووسەر کتێبەکەی پێشکەش بە نەوەی نوێ کردووە، ئەوا لایەنێکی ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی نووسەرمان بۆ دەردەکەوێت چ سەبارەت بە پشتگیری کردنی لە شیعری نوێ یان ڕەتکردنەوەی شیعری کۆن، کە دەبینین لە هەردوولاوە زێدەڕۆیی و تەتەڕووف دەنوێنێت، چونکە هەموو شیعرێکی کۆن بە خراپ و هەموو شیعرێکی نوێ بە چاک لە قەڵەم دەدات و پەسەندی دەکات[٤٦٦]. لەکاتێکدا ئاشکرایە نە هەموو شیعرێکی نوێ چاکە و نە هەموو شیعرێکی کۆنیش خراپە، بەڵکو چاکی و خراپی لە هەردووکیاندا هەیە. ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کە نووسەر لە دوا باسی کتێبەکەیدا دەکەوێتە ناکۆکی و هاودژی لەگەڵ خۆیدا کاتێک بە پێچەوانەی هەڵوێستی پێشووی بە چاوێکی بەرزەوە تەماشای شیعری کۆن دەکات و تەنانەت بە شیعرێکی نەمریشی لەقەڵەم دەدات[٤٦٧]. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر نەیتوانیوە خۆی ساغ بکاتەوە بەرامبەر بەم مەسەلەیە و هەڵوێستێکی دیار و چەسپاو بنوێنێت، بەڵکو دوودڵی و ڕاڕاییەکی ئاشکرا بە بیروڕاکانییەوە دیارە.

(ئەحمەد ڕێبوار) لە کتێبی (بژار)دا دوای ئەوەی مەبەستی سەرەکی خۆی لە دانانی ئەم کتێبە دیار دەکات کە ئەویش بژارکردنی ئەدەبی کوردییە لە بەرهەمە کاڵ و کرچ و لاوازەکان و لەهەمان کاتیشدا بایەخدانە بە بەرهەمی چاک و هاندانی خاوەنەکانیانە[٤٦٨]، لەناو ئەو پێنج باسەی کتێبەکە گرتوویەتییە خۆ، دەبینین لە یەکێک لەو باسانەدا لەسەر بناغەی جۆری تێگەیشتنی لە مەسەلەی ئیلتیزام بەو مانایەی کە دەبێ شاعیر خۆی بە کۆمەڵ ببەستێتەوە و بارودۆخی تایبەتی ژیانی کۆمەڵەکەی و جۆری بیرکردنەوە و دابونەریت و خووڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکەی لەبەرچاو بگرێت و ئەرکی ئەدەب بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و چاککردنی باری نالەباری ژیانیان ببەستێتەوە، ڕەخنەیەکی

٤٦٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩-٥٢.

٤٦٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥-٣٢.

٤٦٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦-٩٨.

٤٦٨- بڕوانە: بژار، ئەحمەد ڕێبوار، چاپخانەی(الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤.



توند لە شیعری (تاوانی بەرگ)ی (کامل ژیر) دەگرێت لە ڕووی ئەو تێڕوانینەی کە ئەو بابەتە سێکسییەی ناوەڕۆکی شیعرەکەی پێکهێناوە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵی کوردەواریدا ناگونجێت[٤٦٩]. دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە نووسەر بەشێوەیەکی ڕەها و ڕەمەکییانە سوود وەرگرتنی شاعیر و نووسەرانی لەم بابەتە ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو لە ڕووی بۆچوونێکی ڕاست و دروستەوە ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی لە شاعیر وەرگرتووە کاتێک وەک پارچەیەکی زیندووی ژیان تەماشای شیعری کردووە و سەربەستییەکی تەواوی داوەتێ بۆ سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لەناو ئەمانەش بابەتی سێکس، بەڵام بەو مەرجەی لەو بابەتە سێکسییە ڕووتانە دوور کەوێتەوە کە لە وروژاندنی هەستە سێکسییەکان زیاتر مەبەستێکی تری نابێت.

مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی (ئەحمەد ڕێبوار) لەم کتێبەدا بەوردی باسیکردووە مەسەلەی کۆن و نوێیە لە شیعردا، کە لە ڕووی بۆچوونی سوود لێوەرگرتن لەلایەنە چاکەکانی ئەدەبە کۆنەکە دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە[٤٧٠].

(ڕەئووف حەسەن) لەناو ئەو باسانەی کتێبی (دەرزی ئاژنی خەمەکان)ی پێکهێناوە، لەباسێکدا کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی چەند شیعرێکی (هەمزە عەلی)، لە ڕێگای شیعرەکانی ئەم شاعیرە سەرنجمان بۆ مەسەلەیەکی گرنگی شیعری نوێی کوردی ڕادەکێشێت، ئەویش بڵاوبوونەوەی دیاردەی غەمە لە شیعردا. ئینجا هەڵوێستی نووسەرمان سەبارەت بە ئەرکی شیعر و پەیامداری شاعیر کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە باسی جۆری ئەو غەمە دەکات، کە ئەم شاعیرە و شاعیرانی تر، کە بە شاعیری پێشکەوتووخوازیان ناو دەبات و لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا گوزارشتیان لێوە کردووە و لەو غەمە تایبەتییە دەرچووە کە شێوەی پاڕانەوە و کڕوزانەوە و خۆبەدەستەوەدانی شاعیری وەرگرتووە بۆ ئەو غەمە گەورەیەی سەرچاوەی تەقینەوە و بەگژداچوونی دوژمنە بۆ گۆڕینی واقیعە نالەبارەکە لەپێناو بنیاتنانی واقیعێکی چاکتر[٤٧١]. ئەمەش جۆری تێگەیشتنی نووسەرمان سەبارەت بە مەسەلەی ئیلتیزام بۆ دیاردەکات کە خۆی لە خۆبەستنەوەی شاعیر

٤٦٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٥٨.

٤٧٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥١و٩٤و٩٥.

٤٧١- بڕوانە: دەرزی ئاژنی خەمەکان، نووسینی: هەمزە عەلی، فوئاد محەمەد ئەمین، ڕەفیق فایق، پێشەکی و لێکۆڵینەوەی ڕەئووف حەسەن، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٨ ل٣٩-٤٢.

به مەسەلە گەورەکانی مرۆڤ دەنوێنێت و ئەو پەیامە پیرۆزە دیاردەکات کە شاعیر بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەی و سەرجەم مرۆڤایەتی گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی.

پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی (هەمزە عەلی) رابکێشین، ئەویش هەوڵدانی نووسەرە بۆ دیارکردنی پەیوەندی نێوان شیعرەکان و هونەری شێوەکارییە[٤٧٢]، کە لەم رووەوە سەرباری ئەوەی وردی بە نووسینەکەیەوە دیار نییە و زۆرجار دیارکردنی ئەو پەیوەندییە لە ناوهێنانی هونەرمەندێکی جیهانی یان کوردی و هێنانەوەی پارچە شیعرێکی شاعیر رەتی نەکردووە و نەچۆتە سەر شیکردنەوەی شیعرەکان و دیارکردنی لایەنی بەیەکچووی نێوان شیعری شاعیر و خاسیەتە تایبەتییەکانی هونەری هەریەک لەو هونەرمەندانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لایەنەی نووسینەکەی بە گوێرەی رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی بە شتێکی تازە بابەت لەقەڵەم دەدرێت.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی (شێخ محەممەدی خاڵ) لە کتێبی (ناڵەی دەروون)دا گرنگییەکی تایبەتی پێداوە و تەوەری یەکێک لەو باسانەی پێکهێناوە کە کتێبەکە گرتوویەتییە خۆی مەسەلەی کۆن و نوێیی شیعرە کە لەم رووەوە ئەگەر لەسەرەتادا لەسەر بناغەیەکی راست و دروست ئەوەی دەرخستبێت کە شیعر بەپێی گۆڕانی ژیان دەگۆڕێت و لەهەر قۆناغێکدا بەپێی پێویستییەکانی ئەو سەردەمە تەعبیر لە ناوەڕۆکێک دەکات رەنگدانەوەی ژیانە نوێیەکەیە[٤٧٣]، کە دێتە سەر دیارکردنی خاسیەتەکانی شیعری نوێ، دەبینین باسی شیعرێک ناکات کە هەیە، بەڵکو باسی شیعرێک دەکات کە بەپێی بۆچوونی خۆی پێویستە هەبێت و بۆ ئەمەش کۆمەڵە بیروڕایەک دەخاتە روو و دەیخاتە بەردەم شاعیران بۆ ئەوەی لەسەری برۆن. ئینجا کاتێک کە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعری کۆن، واتە شیعری کلاسیکی، دیاردەکات، رەمەکییانە سەرجەم ئەو شیعرە رەت دەکاتەوە و بە شتێکی بێ بایەخی لەقەڵەم دەدات[٤٧٤]. لەمەوە دەتوانین بڵێین ئەو سەرنج و بیروڕایانەی (خاڵ) لەلایەکەوە بەهۆی توندوتیژی و زێدەڕۆییەکەی بەرامبەر بە شیعری کۆن و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەڕادانانی شیعرە نوێیەکە و خۆ دوورخستنەوەی لە

٤٧٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣٦.

٤٧٣- بڕوانە: ناڵەی دەروون، شێخ محەممەدی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپخانەی ئیرشاد- بەغدا. ١٩٨٤، ل٢١٧.

٤٧٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧-٢٢٠.



باسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەو شیعرە نوێیەی کە هەیە، هەموو جۆرە بایەخێکی لە دەست داوە.

یەکێک لەو کتێبە گرنگانەی بایەخێکی گەورەی بە باسکردن و لێکۆڵینەوەی چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە شیعری نوێی کوردی داوە، کتێبی (چەند گۆتارەکێد رەخنەیی)ی (ئەنوەر محەممەد تاهیر)ە.

هەر لە سەرەتاوە دەبێ ئەوە بڵێین کە رەخنەگر لەسەر بناغەی زەمینەیەکی رۆشنبیری پتەو ئەو مەسەلانەی لە شیعری نوێی کوردیدا خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هەوڵی داوە بە شێوەیەکی تێروتەسەل لە بابەتەکان بکۆڵێتەوە.

لە یەکێک لەو باسانەی کتێبەکەی لێ پێکهاتووە، بەپێی لێکۆڵینەوە لە شیعری (عەبدولڕەحمان مزوری) و (بەدرخان سندی) و شاعیری گەورەی عەرەب (عەبدولوەهاب بەیاتی) لە مەسەلەی چۆنیەتی سوود وەرگرتنی شاعیر لە ئەفسانە و داستانەکان دەکۆڵێتەوە و لە پوختەی لێکۆڵینەوەکەیدا دوای ئەوەی جۆری مامەڵەکردنی هەر شاعیرێک لەو شاعیرانە لەگەڵ ئەو بابەتە دیار دەکات، ئەوە دەردەخات کە سەرباری بوونی کەرەستەیەکی دەوڵەمەند لە داستانە کوردییەکان کەچی سوود وەرگرتنی شاعیرانی نوێی کورد بەپێی پێویست نەبووە و زۆرجار ئەو سوودوەرگرتنە لەو بەکارهێنانە سادەیە رەتی نەکردووە کە خۆی لە ئیشارەت و ناوهێنانێکی سادەدا نواندووە[٤٧٥]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رەخنەگر بە ئاشکرا دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کەوا چۆن (بەیاتی) سەرکەوتووانە توانیویەتی بۆ بینای پێکهاتنی شیعرەکانی سوود لە داستان و ئەفسانەکان وەربگرێت، بەهەمان شێوە ئەو بەکارهێنانە هونەرییە بۆ شیعری نوێی کوردی بەپەسەند دەزانێت.

وە لە باسێکی تری کتێبەکەدا کە سیما تایبەتییەکانی نوێخوازی دیاردەکات، باسی چەند مەسەلەیەکی تری شیعری نوێی کوردی دەکات. جارێ پێش هەموو شت کە دێ هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی کۆن و نوێ دیاردەکات، ئەوە دەردەخات کە نوێخوازی مانای رەتکردنەوەی سەرجەم سامانی شیعر و ئەدەبیاتی کۆن نییە بە چاک و خراپییەوە، بەڵکو دەتوانرێ سوود لەلایەنی چاک و بەپێزەکانی وەربگیرێت بۆ بنیاتنانی

٤٧٥- بڕوانە: چەند گوتارەکێد رەخنەیی، ئەنوەر محەممەد تاهیر، ژ بەلاڤکرنا ئەمینداریا گشتی یا رۆشنبیری و لاوان ل دەڤەرا کوردستانێ، ١٩٨٨، ل٦٩.

شیعرە نوێیەکە[٤٧٦]، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕەخنەگر لە رووی بۆچوونی سوود لێوەرگرتنەوە تەماشای شیعری کۆن دەکات. ئینجا مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی بایەخێکی گەورەی پێداوە، مەسەلەی تەم و مژی شیعرە کە لەم رووەوە دوو جۆرە شاعیر لێک جیا دەکاتەوە و ئەوە دەردەخات کە بەشێک لەو شاعیرانە بۆ داپۆشینی کەموکوڕی و بێ توانایی شیعرییان پەنایان بردۆتە بەری و بەشێکیشیان بە پێچەوانەوە لێهاتووانە وەک پێویستییەک بۆ خۆ رزگارکردن لە دەربڕینە سادە و راستەوخۆکان و قوولکردنەوە و چڕکردنەوەی ماناکان روویان تێکردووە، دیارە ئەم جۆرە شیعرەش تەنها لە دەست شاعیری بە توانا و شارەزا دێت. جا پەسەندکردنی تەم و مژی شیعر لای ڕەخنەگر کاتێک دەردەکەوێت کە شیعری سەرکەوتوو بەو شیعرە دادەنێت کە قووڵییەکەی وا دەکات لە هەر خوێندنەوەیەکیدا جۆرە تامێکی هەبێت[٤٧٧]. ئینجا چەند سیمایەکی تری نوێخوازی بەوە دیاردەکات کە شیعر نابێ خۆی بەرابردوو و ئێستا ببەستێتەوە، بەڵکو بایەخ بە داهاتوو بدات، یان شاعیر نابێ خۆی بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو ببەستێتەوە و لە خولیای بابەتە تایبەتییەکان بسووڕێتەوە[٤٧٨]. جگە لەمە لە رووی سەرنجدانێکی وردەوە خاسیەتی وێنەی هونەری لە شیعری نوێی کوردی بەوە دیاردەکات کە لەکاتێکدا شاعیری کۆن شتێکی لە دەرەوە دەهێنا و بەشتێکی تری دەشوبهاند، وێنە لە شیعری نوێدا خۆبەخۆ دروست دەبێت[٤٧٩]. ماوە ئەوە بڵێین شۆڕشگێڕێتی لای ڕەخنەگر ئەوە نییە شاعیر بێ بەشێوەیەکی ڕۆمانسی لەدەست ناهەمواری ژیانی سەردەمەکەی بناڵێنێ، بەڵکو شاعیری شۆڕشگێڕ بەو شاعیرە دادەنێت کە بەرپرسە لە پێشخستنی ژیانی کۆمەڵگاکەی. جگە لەمە لە رووی هونەرییەوەش مەرجی ئەوە بۆ شاعیری شۆڕشگێڕ دادەنێت کە دەبێ بەسەر قاڵبە کۆنەکاندا یاخی بێت و لەسەر بناغەی ئەو کۆنە شتێکی نوێ بنیات بنێت[٤٨٠].

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بایەخدان بە لێکۆڵینەوە و باسکردنی مەسەلە شیعرییەکان لەناو سەرجەم ئەم کتێبانەی کە باسمان کردن لەپاڵ چەند بابەتێکی تر بوو کە پەیوەندی بەلایەنێکی تری ئەدەبی کوردی یان ئەدەبی میللەتانی ترەوە هەبوو. جا ئەگەر

٤٧٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧ و ٩١.

٤٧٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩ و ٩٠.

٤٧٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

٤٧٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥ و ٩٦.

٤٨٠- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.



لەم کتێبانەدا خستنە بەرباس و لێکۆڵینەوەی مەسەلە شیعرییەکان لەپاڵ بابەتەکانی تردا بووبێت، ئەوا لە بەشێکی تری کتێبەکاندا لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە شیعری شاعیرێکی دیاریکراوەوە بایەخ بە باسکردنی مەسەلە شیعرییەکان دراوە.

لەم رووەوە کتێبی (دیلان شاعیر و ئازادیخواز)ی (دڵشاد عەلی) بە یەکێک لەو کتێبانە دادەنرێت کە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا گرنگییەکی تایبەتی پەیدا کردووە، لەلایەکەوە بەهۆی ئەو ڕێبازە زانستییەی لە نووسینەکەدا پەیڕەو کراوە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو زەمینە ڕۆشنبیرییە پتەوەی سەرنج و بۆچوونە وردەکان سەرچاوەیان لێگرتووە و لەئەنجامدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل لەو مەسەلانە کۆڵراوەتەوە کە شیعری نوێی کوردی بە گشتی و شیعری (دیلان)ی بەتایبەتی گرتۆتەوە. جا ئەو مەسەلانە بەشێکیان لایەنی ناوەڕۆکی شیعری گرتۆتەوە و لە رووی سەرنجدانێکی وردەوە لە چەند بابەتێکی کۆڵیوەتەوە کە گرنگترینیان جوانی سروشت و جوانی ئافرەت و خۆشەویستی و نیشتیمانپەروەری و ئاشتیخوازی بوون و بەهۆی ئەم بابەتانەوە گۆڕان و پەرەسەندنی ناوەڕۆکی شیعری دیارکردووە[٤٨١]. بەشێکیشیان لایەنی شێوەی هونەری شیعری گرتۆتەوە و لەم رووەوە لە کێش و قافیە و زمان و وێنەی شیعری کۆڵیوەتەوە و[٤٨٢] لەم ڕێگایەوە دیارترین سیما تازەکانی شیعری ئەم شاعیرە و تاڕادەیەکی چاکیش شیعری نوێی کوردی بەگشتی دیارکردووە.

هەروەها لەناو ئەو کتێبانەی شیعری شاعیرێکی دیاریکراویان کردۆتە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیان، چاومان بە کتێبی (کامیل ژیر و هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و ڕەخنەدا)ی (ب. هەندرێن) دەکەوێت. پێش هەموو شت دەبێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەو بەشانەی کتێبەکەی لێ پێکهاتووە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر لەسەر بناغەی نەخشەیەکی پتەو بەشەکانی کتێبەکەی دانەڕشتووە، جگە لەمەش دەبینین نووسەر زۆرجار لەبابەتە سەرەکییەکەی، تەنانەت لە بەشی سێیەمیشدا کە چاکترین بەشی کتێبەکەیە، لە بابەتە سەرەکییەکەی دوور کەوتۆتەوە و خۆی بە وەڵامدانەوەی رای نووسەرانی ترەوە خەریک کردووە، ئەمەش لەکاتی بەرپەچدانەوەی رایەکانی گوشاد حەمە سەعید و

٤٨١- بڕوانە: دیلان شاعیر و ئازادیخواز، دڵشاد عەلی، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١، ل٦-٤٩.

٤٨٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٦٦.

محەمەدی مەلا کەریم و کاکەی فەللاح و د. مارف خەزنەدار و د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ و بەرگری کردنی لە بیری نەتەوایەتی بە گشتی و لای (کامیل ژیر) بەتایبەتی دەردەکەوێت[٤٨٣]. ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە بیرورِا و سەرنجەکانی نووسەر دەبینین دەچێتە خانەی رەخنەی ئایدیۆلۆژییەوە و بە توندی بەپێی بیری نەتەوەیی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەدەرکردنی حوکمەکانی لەسەر شیعر دیاردەکات.

(عەبدولخالق عەلائەدین) لە کتێبی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد)دا دوای ئەوەی باسی ژیان و نووسینەکانی و سەرچاوەی شیعرەکانی شاعیر دەکات، بایەخێکی تەواو بە مەسەلەی ئیلتیزام دەدات، بۆیە دەبینین سەرباری ئەوەی هەست بەسادەیی زمانە شیعرییەکەی شاعیر دەکات، بەڵام وەک هەڵوێستێکی پێش وەخت لە رووی پەسەندکردنی شیعرەکان بەپێی لەبەرچاو گرتنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شیعر و بەستنەوەی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و رێنمایی کردنیان، گرنگی لایەنە هونەرییەکە فەرامۆش دەکاتو تەنانەت داوای ئەوەشمان لێ دەکات لەو شوێنانەی سادەیی و لاوازی بە شیعرەکانەوە دەبینین گلەیی لە شاعیر نەکەین بەپێی ئەو تێگەیشتنەی نووسەر کە (دڵدار) مەبەستی سەرەکی لە شیعرەکانیدا بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و هۆشیاری سیاسی و پیشاندانی خەباتی میللەت و ئێش و ئازاری چینی چەوساوە بوو.[٤٨٤] دیارە ئەمەش جۆری تێگەیشتنە نازانستییەکەی نووسەرمان سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی تەنها لایەنێکی بەرهەمەکانمان بۆ دەردەخات کە ئەویش ناوەڕۆکە، لەکاتێکدا دەمێکە ئەو راستییە سەلمێنراوە کە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی سەرکەوتوو لە ناوەڕۆکێکی بە پێز و شێوەیەکی هونەری جوان پێک دێت و هەردووکیان دووڕووی یەک شت پێک دەهێنن و هەر لاوازییەک لە یەکێکیان زیان بە تێکڕای بەرهەمەکە دەگەیەنێت.

هەروەها هەر لە بارەی (دڵدار)ەوە (شێرزاد عەبدولڕەحمان) لە کتێبی (دڵدار... شیعر و هەڵوێست)دا، بەپێی ئەو تێگەیشتنەی کە شاعیر زیاتر مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکی شیعرەکانی بووە.[٤٨٥] پارسەنگی بایەخدان زیاتر دەخاتە سەر ئەم لایەنەی شیعرەکان و

٤٨٣- بڕوانە: کامیل ژیر و هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و ڕەخنەدا، ب. هەندرێن، چاپخانەی ئۆفسێتی میناء، بغداد ١٩٨٥، ل٧-٤٥ و ٨١-١١٢.

٤٨٤- بڕوانە: دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدین، طبع بمطابع دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥، ل١٦٧.

٤٨٥- بڕوانە: دڵدار.. شیعر و هەڵوێست، شێرزاد عەبدولرەحمان، مطبعة الرسالة، بغداد، ١٩٨٦، ل١٠.



هەر لە رێگای لێکۆڵینەوەی ئەم شیعرانەش تێگەیشتنی تایبەتی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی ئیلتیزام دیاردەکات و پێ لەسەر گرنگی ئەو پەیوەندییە دادەگرێ کە شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە و ئەرکی سەرەکیشی بە رەنگدانەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی چینی چەوساوە و هاوهەستی کردن بە ئێش و ئازارەکانیان دیاردەکات و هەر بەپێی ئەمەش شاعیر وەک مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست پیشان دەدات و ئەو هەڵوێستەی بەجۆری تەماشاکردنی شاعیر و مامەڵەکردنی لەگەڵ بارودۆخی واقیعی ژیانی سەردەمەکەی دیاردەکات[٤٨٦].

هەروەها (عەبدوڵڵا عەزیز خالد) - ئاگرین - لە لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی (شوکری فەزلی)دا، وە بەتایبەتی ئەو شیعرەی بۆ (شێخ مەحموود)ی ناردووە و نووسەر ناوی (دیاری) لێناوە، بێ ئەوەی ناوی ئیلتیزام بهێنێت باسی ئەم مەسەلەیە دەکات و بۆ ئەوە دەچێت کە ئەرکی شاعیر خۆبەستنەوەیەتی بە ژیانی سەردەمەکەی و بەکارهێنانی شیعرەکانییەتی وەک چەکێکی کاریگەر بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی لە رێگای رەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی ژیانی ئەو سەردەمە و چارەسەر کردنیان[٤٨٧].

هەروەها یەکێک لەو شاعیرانەی لە هەشتاکاندا ئاوڕی لێدرایەوە و بایەخی پێدراو چەند کتێبێکی لەسەر بڵاوکرایەوە (شێخ نوری شێخساڵح) بوو.

(د. کامل حەسەن بەسیر) لە کتێبی (شێخ نوری شێخ ساڵح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و رەخنە سازیدا) پێش چوونە ناو باسە سەرەکییەکەی کە پێکهاتبوو لە لێکۆڵینەوە لەو زنجیرە وتارەی (شێخ نوری) لە ساڵانی (١٩٢٦-١٩٢٧)دا لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوی کردبوونەوە، چەند سەرنجێک دەردەبڕێت سەبارەت بە دیارکردنی رۆڵی (شێخ نوری) لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا و موناقەشەکردنی ئەو رایەی دەیەوێ رێبەرایەتی لە (شێخ نوری) بسێنێتەوە و بیداتە دەست (گۆران)[٤٨٨]. ئینجا لە سەرەنجامە گشتییەکانی کتێبەکەیدا جارێکی تر پێ لەسەر رۆڵی (شێخ نوری)

٤٨٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩-٣٣.

٤٨٧- بڕوانە: شوکری فەزلی شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالد-ئاگرین-، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٥، ل٣١-٤٦.

٤٨٨- بڕوانە: شێخ نووری شێخ ساڵح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و رەخنەسازیدا، د.کامل حسن عزیز البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠ ل٧-٩.

له ڕێبەرایەتی کردنی شیعری نوێی کوردیدا دەگرێ. جا له کاتێکدا ئێمەش له ڕووی مێژووییەوە دەستپێکردنی سەرەتای نوێکرنەوەی شیعری کوردی له کوردستانی خواروودا دەگەڕێنینەوە بۆ (شێخ نوری) ئینجا (گۆران) و شاعیرانی تر، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەو پێداگرتنەی (د. بەسیر)ە لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە کاریگەری و تەئسیرێکی شیعری جیهانی بە گشتی و شیعری نوێی تورکی بەتایبەتی،[٤٨٩] له کاتێکدا زۆربەی زۆری سەرچاوەکان جگە له (گۆران) خۆشی باسی ئەو کارتێکردنەی شیعری تورکی و بەتایبەتی (قوتابخانەی فەجری ئاتی)یان لەسەر تاقیکردنەوە شیعرییەکەی شاعیرانی ئەو ماوەیە کردووە. دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێین کە ئەو هەڵوێستەی (د. بەسیر) لەوەوە هاتووە دیارە کارتێکردن و سوود وەرگرتن له تاقیکردنەوەی شیعری نەتەوەکانی تر بە نەنگی و کەموکوڕی دادەنێت، له کاتێکدا تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکان سەرچاوەیەکە دەکرێ هەموو کەس سوودی لێ وەربگرێ بەمەرجێ بارودۆخی تایبەتی ژیانی میللەتەکەی لەبەرچاو بگرێت و له لاسایی کردنەوەی کوێرانە دوورکەوێتەوە.

(موسلیح جەلالی) له کتێبی (شێخ نوری دەنگی ڕەسەنی شیعر)دا دوای ئەوەی باسی ژیانی شاعیر دەکات، ئەو ڕایانە دەخاتە ڕوو کە ڕۆڵی (شێخ نوری)یان له تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دیار کردووە بێ ئەوەی خۆی هیچ بۆچوونێکی تازە یا لێ زیادکردنێکی هەبێ. ئینجا بەپێی مەبەستەکانی ناوەڕۆکی شیعرەکانی شێخ نوری دابەش دەکاتە سەر بابەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و دڵداری و جوانی سروشت و شیوەن. وە لەپاشاندا چەند ڕایەک سەبارەت بەلایەنە تازەکانی شیعری شاعیر دیار دەکات[٤٩٠].

بەڵام لەناو ئەو نووسینانەی کە لەو ماوەیەدا له بارەی (شێخ نوری)یەوە بڵاوکرانەوە، چاکترین بەرهەم بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەی (ئازاد عەبدولواحید)ە کە له دوو بەشدا له ژێر ناوی (دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح)دا بڵاوکرایەوە.

(ئازاد عەبدولواحید) له بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا بەپشت بەستن بە کەرەستەیەکی دەوڵەمەند و شیکردنەوەی هەموو ئەو ڕایانەی سەبارەت بە دیارکردنی ڕۆڵی (شێخ نوری)

٤٨٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

٤٩٠- بڕوانە: شێخ نووری دەنگی ڕەسەنی شیعر، موسڵح مستەفا جەلالی، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤، ل١٤٧-١٦٢.



له نوێکردنەوەی شیعری کوریدا بڵاوکرابوونەوە، دوای شیکردنەوەیەکی وردی ڕایەکان ڕۆڵی ڕاستەقینەی (شێخ نوری) وەک شاعیرێکی ڕچە شکێن و دانەری یەکەم بەردی بناغەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دیار دەکات. یەکێک لەلایەنە زانستییەکانی بیری ڕەخنەیی (ئازاد عەبدولواحید) کاتێک دەردەکەوێت کە بەرامبەر بە دیارکردنی ڕۆڵی(شێخ نوری) له نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بە هیچ شێوەیەک له نرخی هەوڵەکانی (گۆران)ی شاعیری کەم نەکردۆتەوە و ڕۆڵی کاریگەری ئەویشی وەک شاعیرێکی داهێنەر له چەسپاندنی بناغەی ئەو قوتابخانە نوێیەی شیعری کوردی دیارکردووە. ئینجا لەپاڵ ئەمەدا چەند سەرنجێکی وردی له بارەی چەند مەسەلەیەکی شیعری دەربڕیوە. کێشەی نێوان کۆن و نوێ یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی مایەی سەرنج ڕاکێشانی ڕەخنەگر بووە و له ڕووی تێگەیشتنێکی وردەوە خستوویەتییە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ئەوەی دەرخستووە کە شیعر بەپێی گۆڕانی لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ژیان دەگۆڕێت و بەدەنگ پێویستییەکانی ژیانی سەردەم دەچێت، بۆیە خۆڕانەگرتنی شیعرە کۆنەکە له بەردەم ئەو ڕاتەکانە گەورەیەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد له سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە خۆیەوەی بینی شتێکی ئاسایی بوو شیعرە کۆنەکە بکشێتە دواوە و ئەو شیعرە نوێیە بێتە پێشەوە کە پێویستی ژیانی سەردەمە نوێیەکە هێناویەتییە کایەوە. دیارە له بەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە زاتی و مەوزووعییە بووە هۆی ڕەخساندنی زەمینەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لای چەند شاعیرێک له پێش هەمووشیانەوە لای (شێخ نوری)، بەڵام دەبێ لێرەشدا سەرنج بۆ خاڵێکی گرنگ ڕابکێشین کە ڕوویەکی تری بیری مەوزووعییانەی ڕەخنەگرمان پیشان دەدات ئەویش خستنە ڕووی ئەو بۆچوونەی کە نوێکردنەوە مانای ڕەتکردنەوەیەکی تەواوی شیعری کۆن نییە، بەڵکو تێپەڕاندنی ئەو شیعرەیە بەپێی گیانی سەردەمە نوێیەکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە کۆنەکە بناغەی نوێیەکەیە.[٤٩١]
ئینجا مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی بایەخی پێداوە مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعرە کە لەم ڕووەوە هەوڵی ئەوەی داوە سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری (شێخ نوری) له ڕووی شێوەی هونەری و له ڕووی ئەو بابەتانە دیار بکات کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێکهێناوە و لەم ڕووەوە ئەوە دەردەخات کە بارودۆخی سەردەم له کاتێکدا بووە هۆی هاتنە پێشەوەی

٤٩١- بڕوانە: دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و له سەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ل١٠، ١٥٢-١٥٧، ١٦١-١٦٣، ١٦٦-١٧٠، ١٧٨-١٨٠.

ناوەڕۆکێکی تازە ئەمە وای لە شاعیر کرد بە دوای بەرگێکی نوێدا بگەڕێ بۆ ئەوەی ئەو ناوەڕۆکەی پێ دەربېڕێت، ئەوەبوو نوێکردنەوەکە شێوە و ناوەڕۆکی گرتەوە.[٤٩٢] ئەمەش گرنگی شێوەی هونەری و ناوەڕۆک وەک دوو رووی تەواوکەری یەکتر لە بنچینەی پێکهاتنی شیعردا دیار دەکات.

هەروەها لەناو ئەو کتێبە کەمانەش کە تایبەت بەڕەخنەی ئەدەبی کوردی و چەند بابەتێکی تری ئەدەبین، دیسان دەبینین باسی چەند مەسەلەیەکی گرنگی تایبەت بە شیعرو ئەدەب کراوە.

(کەمال مەمەند میراودەلی) لە کتێبی (چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی)دا لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەی کە ئەدەب و هونەر بەشێکن لەسەرخانی کۆمەڵ و رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانانەن کە لە ژێرخاندا روودەدات، بەپێی ئەمە دەڕوانێتە ئەو پەیوەندییەی ئەدەب بە ژیان دەبەستێتەوە و رۆڵی ئەدەب لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دیار دەکات و ئەرکیشی بە گۆڕینی باری نا لەباری ژیانی سەردەمەکە و رەخساندنی ژیانێکی چاکتر دەبەستێتەوە.[٤٩٣] دیارە هەر بەپێی ئەمەشە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەوە بەپەسەند دەزانێت شاعیر بە زمانێک بنووسێت تەنها ئاراستەی دەستەیەکی هەڵبژاردەی کۆمەڵ نەکرێت، بەڵکو ئاراستەی جەماوەری خەڵک بکرێت و لە ئاست تێگەیشتنی چینی چەوساوە دابێت[٤٩٤].

ئینجا مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی بایەخێکی زۆری پێداوە، مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکە[*] و هەر لە سەرەتاوە لەسەر بناغەی جۆری بیرکردنەوەکەی وا دەردەکەوێ وەک هەڵوێستێکی پێش وەخت بەپێی پێداگرتنی لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی ئەدەب و هونەر، لەسەرەتادا گرنگی ناوەڕۆکی دیارکردووە و پارسەنگی بایەخدانی زیاتر خستۆتە سەری،

---

٤٩٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤و٢٣٥.

٤٩٣- بڕوانە: چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١، ل٦١-٦٧.

٤٩٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤و٦٨.

(*) ئەو بیروڕایانەی لێرەدا پەیوەندییان بە شێوە و ناوەڕۆکەوە هەیە، بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ نووسەرێکی تر، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەر بناغەی یەک بیر کردنەوە لە گەڵ بیروڕاکانی (مەمەند)دا یەکیان گرتۆتەوە و دیارە هەر بە پێی ئەمەش وەری گێڕاوە و ئاخنیویەتییە کتێبەکەی، بۆیە ئێمەش لەگەڵ یەکدا باسمان کرد.



بەڵام بێ ئەوەی لە نرخی لایەنە هونەرییەکەشی کەم کردبێتەوە[٤٩٥].

هەروەها (ئیسماعیل رەسوول) لە کتێبی (چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی)دا باسی چەند مەسەلەیەکی ئەدەبی دەکات. شێوە و ناوەڕۆک یەکێکە لەو مەسەلانەی لە رووی سەرنجدانێکی وردی سروشتی پێکهاتنی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە باس کراوە و بەدوو رووی بنچینەیی پێکهاتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دانراوە.[٤٩٦] لایەنێکی تری وردی سەرنجدانە رەخنەییەکانی نووسەر لە تێگەیشتنی ئەو پەیوەندییە دایە کە ئەدەبی نوێ بە ئەدەبی کۆن دەبەستێتەوە و بە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراویان دادەنێت و ئەدەبە نوێیەکە بە بەرەوپێشچوونی ئەدەبە کۆنەکە دادەنێت، بەڵام بە مەرجێک ئەدەبە نوێیەکە بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکە لەبەرچاو بگرێت و رەنگدانەوەی ئەو ژیانە بێت و لە ئەدەبە کۆنەکە بەرزتر بێت[٤٩٧].

هەروەها لە چوارچێوەی باسکردنی رەخنەی ئەدەبی کوردی ساڵانی هەشتاکان پێویستە باسی ئەو نووسینە رەخنەییانەش بکەین کە وەک پێشەکییەک بۆ دیوانە شیعرییەکان دەنووسران.

جارێ هەر لەسەرەتاوە دەبێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە نووسینی ئەو پێشەکییانە بۆ ئەو دیوانە شیعرییانەی لە شێوەی نامیلکەدا بڵاودەکرایەوە لەم ماوەیەدا ئەوەندە باوی نەماو بەرەو کزی چوو[٤٩٨] بەڵام لە جیاتی ئەمە نووسینی ئەو پێشەکییانە شوێنی گرتەوە

---

٤٩٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥١ و ٥٢ و ٥٨ و ١١٠ و ١١١.

٤٩٦- بڕوانە: چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی، ئیسماعیل رەسوول، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٨١، ل٣٣-٣٥.

٤٩٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣و٧٤.

٤٩٨- بڕوانە: -دیوانی بنەوشەکان، عەبدولرەزاق بیمار، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: د.ئیحسان فوئاد و کاکەی فەللاح، ل٦-٨.

- نیگای خۆشەویستی، تۆفیق فارس عەزیز نەبەز، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨١، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: عەبدول شارباژێڕی، ل٣-١٣.

-چەپکێ وەنەوشە، دایکی سۆلاف، دار القادسية للطباعة، بغداد، ١٩٨٢، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: کەمال مەمەند، ل٧-٢٥.

-گۆرانی کۆچەری کوێستان، عەبدوڵڵا عەباس، مطبعة علاء - بغداد، ١٩٨٣، پێشەکییەکەی بە پێنووسی د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١-١٦.

که بۆ ئەو دیوانە شیعرییانە دەنووسران کە زۆربەی وەیان سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرێکی دەگرتەخۆ کە لەم ماوەیەدا، واتە لە هەشتاکاندا، بایەخدان بە کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرێک لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا برەوی پەیدا کرد و لەم رووەوە چاومان بە چەند بەرهەمێکی گرنگ دەکەوێت[٤٩٩].

جێی باسە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە بکەین کە لە نووسینی هەردوو جۆری پێشەکییەکاندا دەبینرێت، کە دیارترینیان ئەوەیە ئەو پێشەکییانەی بۆ ئەو دیوانە شیعرییانە دەنووسرا کە لە شێوەی نامیلکەدا بڵاودەکرانەوە، زۆربەیان چەند سەرنجێکی گشتی و خێرا و بەپەلەن و بەدەگمەن نەبێ شێوەی لێکۆڵینەوەیەکی وردی شیعرەکانی وەرنەگرتووە. کەچی ئەو پێشەکییانەی بۆ ئەو دیوانە شیعرییانە دەنووسرا کە سەرجەم وەیان بەشێکی شیعرەکانی شاعیری دەگرتە خۆ، ئەوا بە گشتی لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و تا رادەیەک تێروتەسەلی شیعرەکان دەنوێنێت و زۆر جاریش نووسەری ئەو پێشەکییانە بە

٤٩٩- بڕوانە: -دیوانی بێکەس، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی الادیب، بەغدا ١٩٨٠، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: محەمەدی مەلا کەریم، ل٥-٤٢.

- کاکەی فەللاح، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: د. عیزەدین مساتەفا رەسوول، ل٣-٦٦.

- دیوانی گۆران -سەرجەمی بەرهەمی گۆران- بەرگی یەکەم، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل هـ-س. لێرەدا جێی باسە بڵێین لە دواییدا لە ژێر سەردێری (پاشکۆی دیوانی گۆران- پێشەکییەک)، لێکۆڵینەوەیەکی وردی شیعرەکانی گۆران لە لایەن (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) لە (١٦) لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە. بەڕای ئێمە ئەمە دەچێتە خانەی ئەو پێشەکییانەی باسمان کرد نەک نووسینەکەی (محەمەدی مەلا کەریم).

- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٦، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: د.عیزەدین مستەفا رەسوول، ل٧-٤٧.

- (دیوانی شیعر) محەمەد ساڵح دیلان، چاپخانەی(سومر)، بەغدا، ١٩٨٧، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: عەبدوڵڵا عەزیز خالد، ل١٥-٤٦.

- دیوانی کامەران موکری، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٧، ل٣-٢٠.

- بەشێک لە دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٩، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: مەحموود ئەحمەد محەمەد، ل٣-٢٣.



وردی دەستیان لەسەر قۆناغەکانی تاقیکردنەوەی شیعری شاعیر داناوە و بە وردی شیعرەکانیان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

جێی باسە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو کتێبانەش بکەین کە نووسەرانی کورد بە زمانی عەرەبی لەسەر شیعری کوردییان بڵاوکردۆتەوە. جارێ بەر لە هەموو شت پێویستە ئەوە بزانین کە مەبەستی سەرەکی ئەم کتێبانە ناساندنی شیعری کوردییە بە خوێنەرانی عەرەب، بۆیە زیاتر وەرگێڕانی شیعرەکانی شاعیرانی نوێی گرتۆتە خۆ، بەڵام سەرباری ئەوەش بێ بەش نین لە چەند سەرنجێکی رەخنەیی ورد سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی و شاعیرانی کورد هەروەک لە کتێبی (اضمام قزحية من الشعر الكردي الحديث)ی (ئازاد عەبدولواحید)دا دەبینرێت کە لە سەرەتادا چەند سەرنجێک لە بارەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەردەبڕێت هەر لە (گۆران)ەوە تا دەگاتە شاعیرانی هاوچەرخ ئینجا زۆر بە کورتی و بەگشتی دیارترین سیما تازەکانی شیعری ئەو شاعیرانە دیار دەکات و لە دواییشدا چەند نموونەیەک لە شیعری (١٦) شاعیر وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی[٥٠٠].

هەروەها کتێبی (السمكة الفضية)ی (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) دیسان بەمەبەستی ناساندنی (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیرە بە خوێنەرانی عەرەب، لە سەرەتادا رای چەند شاعیر و رەخنەگرێک لە بارەی شیعرەکانی شاعیر دەخاتە روو ئینجا هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی شاعیر وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی[٥٠١].

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ساڵانی هەشتاکان، ئەگەرچی لە سەرەتا و ناوەڕاستی ئەو ماوەیەدا سستی و کزییەکی دیاری تیادا دەبینرا، بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە بووژانەوە و پەرەسەندنێکی چاکی بەخۆیەوە بینی، سیمای ئەو پەرەسەندنەش لە هاتنە پێشەوەی چەند نووسەر و شارەزایەکی مەیدانی رەخنەدا دەبینرێت کە لە نووسینەکانیاندا پشتیان بەو زەمینە رۆشنبیرییە دەبەست کە لە ماوەدای ئەزموونی نووسینی تایبەتی خۆیاندا لە رووی هونەری و فیکرییەوە دەستیان کەوتبوو، ئەوەبوو بیری رەخنەیی بەشێکیان گوزارشتی لە سەرنجی ورد و

٥٠٠- بڕوانە: اضمام قزحية من الشعر الكردي الحديث، اختارها وترجمها آزاد عبدالواحد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٠.

٥٠١- بڕوانە: السمكة الفضية، قصائد مختارة للشاعر الكردي لطيف هلمت اختارها وترجمها عبدالله طاهر البرزنجي، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٧.

بۆچوونی زانستییانە دەکرد، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە شان بەشانی ئەم رەخنەگرانە، هەندێ کەسیش هەبوون دوور لە پەیڕەوکردنی رێڕەوە زانستییەکەی رەخنە، بەناوی رەخنەوە شتیان بڵاودەکردەوە.

جا ئەگەر زانیمان ئەمە باری رەخنەی ئەدەبی کوردی بوو لە هەشتاکاندا و بەراوردێکی بکەین لەگەڵ ئەو بیروڕایانەی لەو ماوەیەدا سەبارەت بە رەخنەی ئەدەبی کوردییەوە دەربڕاوە، بۆمان دەردەکەوێت تا چ رادەیەک ئەو بیروڕایانە بە دەگمەن نەبێ، نەیانتوانیوە باری راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو ماوەیەدا دیار بکەن.

لەم رووەوە (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) وەک شارەزایەکی مەیدانی رەخنە بەلەبەرچاوگرتنی پلەی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی لە رووی سەرنجدانێکی وردەوە لە بارەی باری راستەقینەی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا، هەر لە سەرەتای هەشتاکاندا، بەو رایە دێتە پێشەوە کە «رەخنەی ئەدەبیمان هەیە و مانگ بە مانگیش ناوی تازە دەبینین کە دێنە ناو رەخنەگرییەوە و هیوای گەشەسەندنیان هەیە و هەموو میللەتێکیش هەروا یا کزتر دەستی پێکردووە رەنگە بڵێین ئەدەبیاتەکە هێشتا زۆر گەشەدارتر و فراوانتر و قووڵترە لە بەرهەمی رەخنە، بەڵام هەوڵی رەخنەگریی لە رەخنە گەیشتن و شارەزابوونی تەجروبەی گەلان و زانستی رەخنەی ئەدەبیش نەوەستاوە».[٥٠٢] ئینجا روویەکی تری بیری مەوزووعییانە و وردی سەرنجەکانی رەخنەگرمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە بەبێ لایەنی لە لایەکەوە لایەنی چاک و لە لایەکی ترەوە لایەنی خراپی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیار دەکات و دەڵێ: «زۆر جێی شانازییە کە زۆرجار سەرنجی ورد و بۆچوونی قووڵ لە چەند دێرێکیشدا بێت دەبینرێت، بەڵام جێی داخە کە زۆرجار هەوڵ و کۆشش و لاپەڕەی چاپکراوێک لەشتی لاوەکیدا خەسار دەکرێت»[٥٠٣] ئەم سەرنجانە چەند راستییەکی گرنگمان لە بارەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ دەخاتە روو و ئەوە دەردەخات کە رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەگەرچی لە ئاستی ئەدەبە پێشکەوتووەکەدا نییە و هەندێ کەموکوڕیشی تیادا دەبینرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سەرجەم رەخنەی ئەدەبی کوردی خراپە، بەڵکو سەرباری ئەمەش لە بەرهەمی چاک بێ بەش نییە.

---

٥٠٢- چاوپێکەوتنێک لە گەڵ د.عیزەدین مستەفا رەسوول دا، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ٣٦، مایسی ١٩٨٠، ل٣.

٥٠٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.



هەروەها (تیلی ئەمین) لە رووی هەمان بۆچوونەوە تەواو لەگەڵ ئەو رایەی (د. عیزەدین مستەفا رەسوول)دا یەک دەگرێتەوە کاتێک دەڵێ: «هەروسا لە مەیدانا ئەدەبی کوردی، رەخنە سەری خودهلینیت و رەخنەگر دهێنە پێش ئەگەر چ رەخنە و شعرا مە نەد بەرامبەرن، لێ مە رەخنە هەیە و رەخنەگرێت مە دکارن کارەکی چاک د دەقێت ئەدەبی و کاروانێ ئەدەبیدا ب کەن»[٥٠٤].

هەروەها (کەمال غەمبار) لەو رایانەی پێشوو جیا نابێتەوە کاتێک دەڵێ: «... جا ئێمە هەر چەندە گلەییشمان لە رەخنەی شیعری کوردی هەبێ ناتوانین بڵێین دواکەوتووە»[٥٠٥].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرباری بوونی کەموکوڕی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک مانای ئەوە ناگەیەنێت کە رەخنەی ئەدەبی کوردی بە رەخنەیەکی دواکەوتوو لە قەڵەم بدرێت. هەر لێرەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو بۆچوونە راست و سەرنجدانە وردەی رەخنەگر بکەین سەبارەت بە دیارکردنی باری راستەقینەی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا کاتێک کورتی تەمەنی ئەزموونی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا لەبەرچاو دەگرێت و بەپێی ئەمە ئەو حوکمە دەردەکات کە لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی دەتوانرێ رەخنەی ئەدەبی کوردی بە رەخنەیەکی دواکەوتوو لەقەڵەم نەدرێ.

جا لە کاتێکدا ئەم بیروڕایانە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە رەخنەی ئەدەبی کوردی لە پاڵ ئەو کەموکوڕییانەی کە هەیەتی، بەرهەمی چاکیشی تیادا دەبینرێت. بەرامبەر بەم چەند رایە کەمە، زۆربەی زۆری بیروڕا و سەرنجەکانی تر تەنها پێیان لەسەر دیارکردنی لایەنی کەموکوڕی رەخنەی ئەدەبی کوردی داگرتووە و بەلای ئەوەدا نەچوونە لە پاڵ کەموکوڕییەکان لایەنە چاکەکانیشی دیاربکەن، نەک هەر ئەمە بگرە هەندێ جار هەر نکوڵی لە بوونی رەخنەیەکی راستەقینە لە ئەدەبی کوردیدا کراوە.

(کاکەی فەللاح) دوای ئەوەی بەرزی ئاست و پلەی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی دیار دەکات، بۆ دیارکردنی نزمی ئاستی رەخنەی ئەدەبی کوردی حوکمێکی سەرپێیی دەدا و رەمەکییانە دەڵێ: «... من رام وایە رەخنەی ئەدەبی دەربارەی شیعر هیچ خزمەتێکی ئەوتۆی نەکردووە. رەخنە لە لای ئێمە بە رادەیەکی زۆر پشت بە سۆز و هەڵوێستی

---

٥٠٤- رەخنە، تیلی ئەمین، ر: هاوکاری، ژ: ٩٢٩، ٧-١٢-١٩٨٧، ل١٢.

٥٠٥- تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی: کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی دوایی، ئامادەکردنی سەلاح شوان، گ: بەیان، ژ: ٨٤، نەورۆزی١٩٨٣، ل٦٣.

نووسەرەکەی دەبەستی... کە وایان لێدەکات چاو لە ئاستی راستیەکە بنووقێنن و بەو جۆرەی لێک بدەنەوە کە خۆیان ئەیانەوێ، نەک بەو جۆرەی کە هەیە»[٥٠٦]. لێرەدا پێویستە ئەو راستییە بخەینە روو کەوا ئێمەش نکۆڵی لە بوونی ئەو جۆرە کەموکوڕییانە لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا ناکەین کە بە سیمای بەشێک لە نووسینەکانییەوە دیارە، بەڵام پێویستە ئەمە وامان لێ نەکات رووی راستییەکان بشێوێنین و رەمەکییانە بۆ ئەوە بچین کە رەخنەی ئەدەبی کوردی نەیتوانیوە بە هیچ شێوەیەک خزمەتی شیعری کوردی بکات، چونکە سەرنجدانێکی وردی مێژوویی رەخنە دەیان نموونەی چاکمان لە بواری رەخنەی شیعردا دەخاتە بەرچاو.

هەروەها (ئازاد عەبدولواحید) بەپێی لەبەرچاو گرتنی پلەی پێشکەوتنی شیعری کوردی لە بارەی رەخنەی ئەدەبی کوردییەوە دەڵێ: «ئێمە ئەو هەموو شاعیرە گەورەیەمان هەیە، کەچی رەخنەگرێ دووان نییە توانیبێتی بە قەدەر بەشێکی گەورەی ئەو شاعیرانە بنەمای رەخنەیی خۆیان لەسەر ئەو شاعیرانە بنیاد بنێن و بەرنامەی رەخنەیان لەسەر دروست بکەن»[٥٠٧]. ئەگەرچی ئێمەش لێرەدا لەگەڵ ئەو رایەی رەخنەگردا یەک دەگرینەوە کە زۆربەی رەخنەگرانی کورد، بە مانا زانستییەکەی بەرنامە، نەیانتوانیوە بەرنامەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی دابنێن، بەڵام دیارە ئەمەش نکۆڵی کردن نییە لە بوونی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە کورد رەخنەی هەیە، بەڵام بەپێی پێڕەوکردنی بەرنامەیەک نییە، بەڵام دەبینین رەخنەگر ئەو وردییە لە رووی دەربڕینی بیروڕا و سەرنجەکانی لە دەست دەدات کاتێک دوای ماوەیەک لە رایەکی توندوتیژدا باسی ونبوونێکی تەواوی رەخنە دەکات و دەڵێ: «ئەوەی ئەمڕۆکە بە چاوێکی دڵسۆزانەوە تەماشای باری ئەدەبی و هونەری بکات، ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە رۆژ لە دوای رۆژ ئەدەب و هونەرێکی پەککەوتە و لەڕ و لاواز -لەبەر ونبوونی رەخنە- خەریکی پێگرتنە و پەل و پۆ دەهاوێ، تەنانەت گەیشتوەتە رادەیەک، ئەو هونەر و ئەدەبە بێ خوێنە بوونەتە هونەر و ئەدەبی باوی سەردەم»[٥٠٨]. بەڵام رەخنەگرمان دیارە هەر خۆی هەستی

٥٠٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

٥٠٧- رەخنە و ئەرکی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا، ئازاد عەبدولواحید، ر: هاوکاری، ژ: ٦٥٤، ١٦-٩-١٩٨٢، ل٦.

٥٠٨- رەخنە لە نێوان ونبوون و دەرکەوتندا، ئازاد عەبدولواحید، ر: هاوکاری، ژ: ٨٨٥، ٢-٤-١٩٨٧، ل٩.



بەتوندوتیژی و نادروستی رایەکەی خۆی کردووە بۆیە زۆر ناخایەنێت دەگەڕێتەوە و ئاماژە بۆ بوونی رەخنە دەکات ئەگەرچی لە دەرکەوتنێکی کەمیشدا بێت کاتێک دەڵێ: «رەخنە ناهەقی نییە ئەمڕۆکە ون بێت و کەم کەم دەرکەوێ... چاو لە زۆر و بۆرەکە بپۆشێ کە کتێبخانەکانیان خنکاندووە، چونکە ئەو زۆر و بۆرانە دەیان و سەدانن هەر فریایان ناکەوێ بیانخاتە ژێر نیگای رەخنەوە... تەنیا بەرامبەر بە کەمێکیان دەوەستێ کە کەمە رەسەن و باشەکانن و شایانی لەسەر وەستان و لەسەر نووسینن»[٥٠٩]. پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە هەرچەندە (ونبوون) و (دەرکەوتن) دوو شتی پێچەوانەی یەکترن و هەرگیز لەیەک کاتدا و لەگەڵ یەکدا روو نادەن، کەچی رەخنەگرمان بەیەکەوەی گرێداون و لەیەک کاتدا ئاماژەی بۆ ونبوون و دەرکەوتنی رەخنە کردووە، کە دیارە ئەمە هیچ یاسایەکی مەنتیقی قبووڵی ناکات، بەڵام هەروەک لە ناونیشانی وتارەکەدا دیارە کە (ونبوون) و (دەرکەوتن) بەدوو شتی جیا دادەنێت و لەپاشانیشدا لە لێکدانەوەی بۆچوونەکانیدا ئەو مەبەستەی گەیاندووە، بۆیە دەکرێ پوختەی مەبەستی رەخنەگر لەبەرچاو بگرین کە رەخنەی ئەدەبی کوردی سەرباری ئەو نووسینە سادە و کاڵ و کرچانەی لە بەشێکی دیاری بەرهەمەکانیدا دەبینرێت، سەرباری کەمی بەرهەمی چاک لەو ماوەیەدا، وە بەتایبەتی لە بەشێکی ئەو بەرهەمانەی لە دوای ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە بەرچاو دەکەون، لەبەرهەمی چاک بێبەش نەبووە.

توندوتیژی بەشێک لە بیروڕاکان گەیشتۆتە رادەیەک گومان لە بوونی رەخنەیەکی چاک و راستەقینە بکەن. لەم رووەوە (عەبدوڵڵا عەباس) دەڵێ: «ئێمە رەخنەگری راستەقینەی ئەدەبیمان نییە، بەتایبەتی لە رووی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەدەبی نوێ وە»[٥١٠]. هەروەها (محەمەدی بەدری) ئەویش لەو مانایە دوور ناکەوێتەوە کاتێک پێ لەسەر نەبوونی رەخنەگری چاک دادەگرێ و دەڵێ: «... رەخنەی راستەقینە دەبێ دوور بێ لە مەسەلەی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی و ئەمەو ئەوە و ئەمە فلانە کەسە، چونکە ئەوەی لەلای ئێمەدا باوە -بەداخەوە- ئەو شتانەیە کە بەڕاستی بوونەتە هۆی ئەوەی رێگە لە پێشکەوتنی ئەدەبەکەمان بگرن»[٥١١]. ئینجا لە درێژەی قسەکانیدا زیاتر مەبەستەکەی روون دەکاتەوە کاتێک دەڵێ: «رەخنەگر کە دەیەوێ رەخنە بگرێ پێویستە سەیری دەقە

٥٠٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

٥١٠- شەش وتار دەربارەی شیعری نوێ و تاقیکردنەوە، عەبدوڵڵا عەباس، ل٢٣.

٥١١- رەخنە وا نابێ!، محەمەد بەدری، ر: هاوکاری، ژ: ٦٦٠، ٤-١١-١٩٨٢، ل٣.

ئەدەبییەکە بکات، دەبێ لەگەڵ بەرهەمەکەدا مامەڵە بکات نەک لەگەڵ خاوەنەکەی - هەرچەندە نووسەر لە بەرهەمەکەی جیا ناکرێتەوە، بەڵام ئەمە پێوەندی بە شتێکی ترەوە هەیە- بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەلای ئێمەدا باوە ئەوە نییە و هەر ئەمەیە کە بووە هۆی نەبوونی رەخنەگری باش و پەیدابوونی ئاژاوە و ناکۆکی لە بواری ئەدەبیماندا»(٥١٢). کەواتە بەپێی ئەم رایە رەخنەی ئەدەبی کوردی لەلایەکەوە دووچاری دەردێکی کوشندە هاتووە ئەویش فەرامۆش کردنی دەقەکان و خۆ خەریک کردنە بەخاوەن دەقەکان و شتی لاوەکی و تایبەتییەوە، وە لەلایەکی تریشەوە ئەوە دەردەخات کە رەخنە بۆتە مەیدانی رقابەرایەتی و ئاژاوەنانەوە.

لەلای (دڵشاد محەمەد ئەمین مەریوانی)یش رەخنەی ئەدەبی کوردی نەک هەر تەنها مەیدانی تانە لێدان وەیان پیاهەڵدانی شاعیرەکانە، بگرە سڵ لەوە ناکاتەوە هەموو رەخنەگرانیش بەلاسایی کەرەوە تاوانبار بکات و بڵێ: «رەخنەگران رەخنەکانیان لەم لاو ئەو لاوە کۆ دەکەنەوە و ئامادەن بۆ ئەوەی بەسەر بەرهەمێکدا بیخەن، وەکو کڵاو گرتوویانن بەدەستەوە و بە دوای ئەدەبێکدا ئەگەڕێن بیکەنە سەری کە لە زۆربەی جاریشدا بەو بەرهەمە و بەسەر ئەو ئەدیبە ناکات و هەر بە زۆر بەسەریدا سەپێنراوە»(٥١٣) ئینجا وەک هەڵوێستێکی پێش وەختی ئەو رەخنەگرانە کە بەپێی بۆچوونی خۆی، پشت بە هیچ بنەمایەکی زانستی نابەستێت بۆ ئەوەدەچێت «جا ئەگەر رەخنەکە مل شکاندن بێت ئەوە ناحەزێکی بۆ ئەدۆزنەوە و، خۆ ئەگەر پێداهەڵدانیش بێت ئەوە دۆستێک. هەردوو لایەنەکەش زیانبەخشن نەک سوود بەخش»(٥١٤).

هەرچی (شێرکۆ بێکەس)ە ئەوا باری رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەوەندە ترسناک پیشان دەدات تا رادەیەک ئەو رەخنەیەمان وەک کارەساتێک دێنێتە بەرچاو و دەڵێ: «دەربارەی ئەو رەخنانەی لە ئارادا هەن، ئەمە جگە لەوەی- بەشی هەرە زۆریان- هەر بەناو رەخنەن- کارەساتن و رووdەدەن- رەخنەی راستەقینە، لەناو پەیوەندی نادروست و نا جۆردا دروست نابێت، تا ئێستەش پەیوەندی نێوان ئەدیبان خۆیان- لە پەیوەندییەکی تیرەگەری و

٥١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٥١٣- تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی: کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی دوایی، ئامادەکردنی، سەلاح شوان، گ: بەیان، ژ: ٨٤، نەورۆزی١٩٨٣، ل٦٥.

٥١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.



عەشایەری دەکات... کارەسات گەیشتۆتە رادەیەک، تۆ پێم بڵێ کێ لەسەر کێی نووسیوە من پێشەکی پێت ئەڵێم رەخنەکە چۆنە؟»(٥١٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی زۆری ئەو رەخنانەی لە ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت ئاراستەی کەسەکان، واتە خاوەن بەرهەمەکان دەکرێ، نەک خودی بەرهەمە ئەدەبییەکە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین ئەگەرچی مەترسی ئەم دیاردەیە، واتە فەرامۆش کردنی دەقەکان و بایەخدان بە خاوەنەکانیان لە پرۆسەی رەخنەگرتندا وەک یەکێک لە کەموکوڕییە دیارەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە بەشێکی دیاری بیروڕا و سەرنجە رەخنەییەکاندا باس کراوە و ئەنجامی نالەباری دیارکراوە(٥١٦). کە دیارە ئەمەش باری سەرنجی راست و دروستی خاوەن ئەو رایانە سەبارەت بە گرنگی پشت بەستن و لەبەرچاو گرتنی دەقە ئەدەبییەکان دیار دەکات، بەڵام سەرباری ئەمەش دەکرا دیارکردنی ئەو کەموکوڕییانە رێی ئەوەی لێ نەگرتبان رووی گەش و لایەنی چاکی رەخنەی ئەدەبی کوردیشیان لە پاڵ کەموکوڕییەکان دیار بکردبا. جا لە کاتێکدا لەم جۆرە سەرنجە رەخنەییانەدا بە ئاشکرا مەبەست لە دیارکردنی کەموکوڕییەکان دیارە کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕییانە و پێشخستنی رەخنەی ئەدەبی کوردییە، دەبینین هەندێ جار بیروڕای وا سەبارەت بە رەخنەی ئەدەبی کوردی دەردەبڕێت لە شێواندنی راستییەکان بەولاوە هیچ مەبەستێکی تر ناگەیەنێت، وەک ئەو رایەی (لەتیف هەڵمەت) کە تیایدا دەڵێ: «من ناڵێم رەخنەمان نییە، بەڵام دەڵێم کە ناوی رەخنە دێ یەکسەر رم و چەقۆی ژەنگن و شمشێری ژەهراوی و دارلاستیکم دێتەوە یاد»(٥١٧) یان (ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی) کە دەڵێ: «... -رەخنە- لە مەیدانی رۆشنبیری ئەمڕۆماندا گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە

٥١٥- تۆمارێکی تایبەتی بۆ بەیان، حەمە سەعید حەمە کەریم، گ: بەیان، ژ: ٦٢، ئایاری١٩٨٠، ل٧٣.

٥١٦- بڕوانە: -هەڵخلیسکان لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، ئەحمەد رێبوار، گ: بەیان، ژ: ٦٥، ئابی١٩٨٠، ل٤٩.

- چەند بیرێکی راگوزاری دەربارەی ئەدەب و شیعرو هەندێ شتی تر..، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، گ: رۆژی کوردستان، ژ: ٦٤، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی١٩٨١، ل٥٣.

- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدولواحید، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ل١١.

- رەخنە دەبێت چۆن بێت؟، موعتەسەم ساڵەیی، ر: هاوکاری، ژ: ٩٩٦، ٨-٨-١٩٨٨، ل٨

٥١٧- لەتیف هەڵمەت، شیعر شکاتنامەی منە، هێرش، ر: هاوکاری، ژ: ٩١٠، ١-١٠-١٩٨٧، ل٧.

خۆزگە بە کۆڕی چەقۆ وەشێن و... بخوازین»[٥١٨]. ئەگەرچی لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین وەنەبێ ئێمەش نکۆڵی لە بوونی توندوتیژی بکەین وەک یەکێک لە دیمەنە خراپەکانی بەشێک لە نووسینە ڕەخنەییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە لایەنە چاکەکانی ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەش فەرامۆش نەکەین کە هەر نەبێ لە چەند سەرنجێکی ورد و بۆچوونێکی زانستییانە بێبەش نین.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو سەرنج و بیروڕایانەی هەوڵیان داوە باری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەڵسەنگێنن، چەند رایەکی کەمی لێ دەرچێت، زۆربەی زۆریان لەلایەکەوە بەهۆی ئەو تێڕوانینە یەک لاییەی تەنها لایەنێکی ڕەخنەی لەبەرچاو گرتووە کەلایەنە خراپەکەی بووە و هەندێ جاریش بەهۆی پشت بەستنی خاوەن رایەکان بە هەوەس و ئارەزووی تایبەتییان و لەبەرچاو نەگرتنی هیچ پێوەرێکی زانستی و دەربڕینی چەند رایەکی توندوتیژی ڕەمەکییانە لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە، ئەو سەرنج و بیروڕایانە لەگەڵ باری راستەقینەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا یەکیان نەگرتۆتەوە و نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی بۆچوونێکی مەوزووعییانەدا باری راستەقینەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دیار بکەن.

جا لە کاتێکدا ئەو تاقیکردنەوە شیعرییەی (ئەنوەر مەسیفی) و هاوڕێکانی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بووە هۆی پەیداکردنی جۆرە چالاکییەکی ڕەخنەیی بە هۆی ئەو وتار و وەڵامانەی لە نێوان شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەو ماوەیەدا هاتبوونە نووسین و تا کۆتایی هەشتاکانیش هەر بەردەوام بوو و چاوەڕوان دەکرا لە ساڵانی دواتریشدا بەردەوام بێ، کەچی دەبینین دەگاتە ساڵانی نەوەد و بێ دەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێت و بە دەگمەن نەبێ لەم ڕووەوە چاومان بە شتێک ناکەوێت. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو نووسینە کەمانەی جاروبار دەکەوتنە بەرچاو زیاتر چەند نووسینێکی (ئەنوەر مەسیفی) بوون کە جۆری تێگەیشتنی تایبەتی لە سروشتی شیعر پیشان دەدات و لە بیر و هزری موجەرەدی خاوەن رایەکەوە سەرچاوەی دەگرت، لەم ڕووەوە ئەو نووسینەی (مەسیفی) کە لە ژێر ناوی (ئایینی شیعر)[٥١٩]دا لەو ماوەیەدا بڵاوی کردۆتەوە، یەکێکە لەو نموونانەی دەچێتە خانەی ئەو جۆرە نووسینانەی کە دوای ئەو ماوەیەش (مەسیفی) هەر لەسەری

٥١٨- تەنقید، ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٦، ٩-٣-١٩٨٨، ل١١.
٥١٩- بڕوانە: ئایینی شیعر، ئەنوەر مەسیفی، ر: هاوکاری، ژ: ١١٧٢، ٢٣-٤-١٩٩٠.



بەردەوام بوو[*]. بەواتایەکی تر دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە ئەو نووسینانە ناکەونە خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

ئینجا سەرنجدانێکی باری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە سەرەتای ساڵانی نەوەد تا دەگاتە ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە بەهاری (١٩٩١)دا ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی گرتەوە، لەو ماوەیەدا کە سستییەکی دیار باڵی بەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا کێشابوو بەدەگمەن نەبێ شتێکی ئەوتۆمان لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەرچاو ناکەوێت.

جا لەناو ئەو وتارە کەمانەدا یەکێک لەو کارە زانستییە گرنگانەی لەسەر بناغەی پەیڕەوێکی زانستی ورد لە یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی شیعری کوردی کۆڵیبێتەوە، وتاری (شەپۆڵەکانی شیعری کوردی)ی (د. وریا عومەر ئەمین)ە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک شتێکی تازە بابەت لە مەیدانی لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا، هەوڵی داوە ڕێبازێکی زانستی دابنێت لەلایەکەوە بۆ دیارکردنی ئەو بناغە گشتییە هاوبەشەی لە سروشتی پێکهاتن و داڕشتنی کێشی شیعری میللەتە جیاجیاکاندا هەیە، وە لەلایەکی تریشەوە دیارکردنی ئەو خاسیەتە تایبەتییانەی لە کێشی شیعری کوریدا هەیە.

لێکۆڵەر دوای ئەوەی سێ جۆرە کێش لە شیعری کوریدا دیاردەکات، ئەوانیش کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی و کێشی شیعری ئازادن[٥٢٠]. دوای دیارکردنی سروشتی پێکهاتن و داڕشتنی کێش لە شیعردا، دێتە سەر باسکردنی ئەو کێشانە لە شیعری کوردیدا و خاسیەتە تایبەتییەکانیان دیار دەکات.

بە گوێرەی کێشی عەرووز دوای ئەوەی هۆی هاتنی ئەم کێشە بۆ ناو شیعری کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو سەرچاوە ڕۆشنبیرییەی کە دوای بڵاوبوونەوەی

(*) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: -نامەیەکی ئاسان بۆ خوێنەری فۆڕمی گران، ئەنوەر مەسیفی، ر: کوردستانی نوێ، ژ: ١٦١، ١٠-٨-١٩٩٢.
- بەیانی دووەمی فۆڕمی گران، ئەنوەر مەسیفی، ر: کوردستانی نوێ، ژ: ٤٩٥، ٢٨-٩-١٩٩٣.
- تەکانبەرایەتی، ئەنوەر مەسیفی، ر: رزگاری، ژ: ١٢، ٢٢-١١-١٩٩٤.
٥٢٠- بڕوانە: شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر ئەمین، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٤٧.

ئایینی ئیسلام لەناو کورددا پەیدا بوو، ئەوە دەردەخات کە لەو شازدە (بەحر)ەی کێشی عەرووزی لێ پێکدێت، بەپێی رێککەوتن و گونجانی چەند (بەحر)ێک لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا، ئەو چەند (بەحر)ە دیار دەکات کە لەوانی تر زیاتر لە شیعری کوردیدا دەبینرێت، ئەوانیش (ڕەمەل و هەزەج و موزاریع و سەریع)ن[٥٢١].

ئینجا باسی کێشی خۆماڵی دەکات و هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە خاسیەتە تایبەتییەکانی ئەو کێشە لە شیعری کوردیدا بەوە دیار دەکات کە پشت بە ژمارەی بڕگەکان نەک کورتی و درێژییان دەبەستێت، لە پاشاندا ئەوە دەردەخات کە کێشی شیعری خۆماڵی سێ گرێ (تەفعیلە)ی هەیە کە ئەوانیش گرێی (سێیی و چواری و پێنجی)ن و پێکهاتنی (باڵ)[*] لە یەکگرتنی ئەو گرێیانە دیار دەکات کە هەر جۆرە دەرکەوتنێکیان (شەپۆڵ)ێک پێکدەهێنێت و بەپێی ئەمە(دوازدە) شەپۆڵ لە شیعری کوردیدا دیار دەکات و نموونەیان بۆ دەهێنێتەوە و لە دواییشدا بەپێی ژمارەی بڕگەکان و دابەشبوونیان بەسەر گرێیەکاندا نەخشەیەک بۆ پێکهاتنی سەرجەم شەپۆڵەکانی شیعری کوردی دادەڕێژێت[٥٢٢].

بەگوێرەی کێشی شیعری ئازاد، لێکۆڵەر وەک هەنگاوێکی تری گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری نوێی کوردی لە سەرنجێکی ورد دا ئەوە دەردەخات کە لەم جۆرە کێشەدا شاعیر چەمکی (باڵ) و (دێڕ)ی تێک شکاندووە[٥٢٣]. بە مانای ئەوەی گرێ، واتە تەفعیلەی کردۆتە بنەڕەتی کێشی شیعر.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پوختی و لەسەر بناغەی پەیڕەوێکی زانستی قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی کێشی شیعری کوردی دیار کردووە هەر لە کێشی عەرووزییەوە بۆ کێشی پەنجەیی، کە بە کێشی خۆماڵی ناو دەبات، بۆ کێشی شیعری ئازاد. هەروەها مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی، لەو ماوەیەدا بایەخی پێدراوە، مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنە لە شیعردا کە لە دوو وتاردا لە روانگەی دوو بۆچوونی جیاوازەوە لێی کۆڵراوەتەوە و لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیەش لە دەرگای باسکردنی چەند مەسەلەیەکی تر دراوە.

٥٢١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

(*) لێکۆڵەر باڵی راست بۆ(صدر)، باڵی چەپ بۆ(عجز) بەکار دەهێنێت.

٥٢٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥و٥٦.

٥٢٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.



(ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی) لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەی کە دەقی ئەدەبی خوێنەری جیای هەیە و مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنیش لە دەقی ئەدەبی مەسەلەیەکی نسبییە و دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی کەسەکان، ئەوە دەردەخات کە بەرزی ئاستی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەستراوەتەوە بە ئەزموونە خودییەکەی خاوەنەکەی و زەمینە رۆشنبیرییە پتەوەکەی و جۆری بیرکردنەوە و تێڕامانی، بە مانای ئەوەی بەرزی ئاستی بەرهەمەکە بەو ئاستە بەرزە دەبەستێتەوە کە خاوەنەکەی پێی گەیشتووە، بۆیە ئەم جۆرە بەرهەمانە کە تایبەت بە جۆرە خوێنەرێکی هەڵبژاردەن ناکرێ رێ بەوە بدرێ خوێنەری سادە و ساکار داوای داگرتنە خوارەوەیان بکات بۆ ئاستی خۆیان[٥٢٤].

جگە لەمە (ئیسماعیل بەرزنجی) هەر لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیە لا لە باسکردنی چەند مەسەلەیەکی تریش دەکاتەوە، وەک زمانی شیعر، کە لەم رووەوە ئەم زمانە بە زمانێکی تایبەتی دادەنێت و لە زمانی جۆرەکانی تری ئەدەبی جیا دەکاتەوە بە شێوەیەک کە «... بە زمانێک بنووسێت لە ئاماژە و هێما نزیکتر بێت نەک زمانی راڤەکردن»[٥٢٥]. وە چڕی و تێکچڕژانی ئەو زمانەش بە یەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی دادەنێت[٥٢٦]. هەروەها لە سەرنجێکی خێرادا لەسەر بناغەی بۆچوونێکی راستدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری جیهانی دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە شاعیر و نووسەران بۆیان هەیە سوود لە سەرچاوەی ئەدەبیاتی جیهانی وەربگرن بە مەرجێک کەلەپووری ئەدەبیاتی میللەتی خۆیان فەرامۆش نەکەن[٥٢٧].

هەروەها (سەعدی عەلی) لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (ئەمە شیعرە یان مەتەڵە) باسی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن دەکات، بەڵام لە رووی ئەو بۆچوونەی کە شیعر نابێ تایبەت بێ بە ئاستی تێگەیشتنی چینێکی دیاریکراو، بەڵکو ئاراستەی زۆربەی زۆری خەڵک بکرێت، وەیان هەمووی[٥٢٨]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر بە توندی پێ

٥٢٤- بڕوانە: دەقی ئەدەبی و مەسەلەی تێگەیشتن و تێ نەگەیشتن، ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی، ر: هاوکاری، ژ: ١١٤٥، ١٨-١-١٩٩٠، ل٦.

٥٢٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠

٥٢٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

٥٢٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

٥٢٨- بڕوانە: ئەمە شیعرە یان مەتەڵە...!، سەعدی عەلی، ر: هاوکاری، ژ: ١١٦٥، ٢٩-٣-١٩٩٠، ل٦.

لەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شیعر دادەگرێ و شاعیریش بە یەکێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵ دادەنێت و ئەرکی بەوە دیار دەکات کە خزمەتی چینە جۆربەجۆرەکان بکات و بە تایبەتیش چینی زەحمەتکێشی میللەتەکەی بۆیە مەرجی سەرکەوتنی شیعر بەرادەی تێگەیشتن لەو شیعرە لەلایەن زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک دەبەستێتەوە،(٥٢٩) دیارە ئەم جۆرە تێروانینە یەک لایییە کە تەنها ناوەڕۆکی شیعر لەبەرچاو دەگرێت و لایەنە هونەرییەکەی فەرامۆش دەکات، کاڵ و کرچی و نادروستی بیروڕای نووسەرمان بۆ دیار دەکات، چونکە هەروەک دەزانین بنەڕەتی پێکهاتنی هەموو دەقێکی ئەدەبی سەرکەوتوو لەسەر بناغەی یەکگرتنی ناوەڕۆکێکی بە پێزو شێوەیەکی هونەری جوان بنیات دەنرێت. هەر لێرەوەش هەڵەی بۆچوونی نووسەرمان بۆ دەردەکەوێت لەو رووەوەی کە شاعیر دەبێ بە شێوەیەک بنووسێت لە ئاستی تێگەیشتنی زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکدا بێت، چونکە دیارە ئەرکی شیعر ئەوە نییە دابەزێتە ئاستێکی نزم، بەڵکو لەسەریەتی جەماوەر پەلکێش کات بۆ لای خۆی بە مەرجێک قووڵی دەربڕین لەبەرچاو بگرێت نەک دروستکردنی ئەو پەردە تەماوییەی بەدەستی ئەنقەست دەرگای تێگەیشتن لە رووی جەماوەر دادەخات.

هەروەها یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی (عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا) باسی کردووە و چەند سەرنجێکی وردی لە بارەیەوە دەربڕیوە، زمانی شیعرە. کە لەم رووەوە دەبینین هەست کردنی بە گرنگی زمانی شیعر وای لێ دەکات ئەو زمانە بە شادەماری خوێنی شیعر دابنێت کاتێک بۆ ئەوە دەچێت کە شیعر هونەری زمانە(٥٣٠).

ئینجا لایەنێکی وردی سەرنجەکانی نووسەرمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە دوای ئەوەی ئەوە دەردەخات کە زمان شێوەیەکی رەمزی هەیە، دیارترین خاسیەتەکانی ئەو زمانە بەو چڕی و خەستبوونەوە و مانا ئیحا بەخشانە دیار دەکات کە تایبەت بەو زمانەن(٥٣١). ئەمەش جۆری ئەو تێگەیشتنە وردەمان بۆ دەردەخات کە زمانی شیعر بە بەکارهێنانێکی تایبەتی و جیا لە بەکارهێنانە ئاساییەکەی زمانی خەڵک دادەنێت و لەو ئەرکە دەردەچێت کە تەنها بۆ گەیاندن و لەیەکتر گەیشتنە بۆ ئەو ئەرکە ئیستاتیکییە دیاریکراوەی تایبەت بە زمانە شیعرییەکەیە.

هەر لەو ماوەیەدا چاومان بە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ دەکەوێت کە کەرەستەیەکی

٥٢٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

٥٣٠- بڕوانە: کورتە شیعر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ر: هاوکاری، ژ: ١١٨٧، ١٨-٦-١٩٩٠ ل٧.

٥٣١- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



دەوڵەمەندی لە بارەی شیعری چەند شاعیرێکی قۆناغێکی گرنگی شیعری نوێی کوردی خستۆتە بەردەست، ئەویش کتێبی (ئەدەبیاتی نوێی کوردی)ی (د. عیزەدین مستەفا رەسوول)ە کە بەشێوەیەکی فراوان لە شیعری (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و قەدری جان)ی کۆڵیوەتەوە و رۆڵی هەریەکەیانی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی ئەو قۆناغە دیار کردووە.

سەبارەت بە دیارکردنی چوارچێوەی گشتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ئەو قۆناغە چ لە رووی شێوەی هونەری شیعر وەیان لە رووی ناوەڕۆکەوە، ئەو بەشەی کتێبەکە کە لەژێر ناوی (ئەدەبی نوێی کوردی)یە بەگرنگترین بەش دادەنرێت، چونکە لەم بەشەدا هەلومەرج و سروشتی نوێکردنەوەکە و دیارترین خاسیەتەکانی شیعری نوێی کوردی ئەو قۆناغە دیار کراوە. جا دیارترین ئەو مەسەلانەی لە رووی شێوەی هونەری شیعرەوە خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە مەسەلەی کێش و قافیە و زمانی شیعر و چەند وردە باسێکی ترن.

لە بارەی کێش و قافیەی شیعری کوردییەوە، دوای ئەوەی سەرەتای ئەو گۆڕانە دەگەڕێنێتەوە بۆ سروودی کوردی و ئەو پەیوەندییە دیار دەکات کە تازەکردنەوەی شیعری کوردی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد دەبەستێتەوە و هاتنە پێشەوەی سروود لە شیعری کوردیدا بە پێویستییەکی ژیانی سیاسی ئەو سەردەمە دادەنێت،(٥٣٢) دێتە سەر دیارکردنی دیارترین خاسیەتە نوێیەکانی کێش و قافیەی شیعری نوێی کوردی و لەم رووەوە لە بارەی کێشەوە ئەوە دەردەخات کە هەنگاوی یەکەمی ئەو گۆڕانە وازهێنان بوو لە کێشی عەرووز و گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگەیی(٥٣٣). وە لە بارەی قافیەوەش وازهێنان بوو لە خۆبەستنەوە بەیەکێتی قافیە و رووکردنە بەکارهێنانی جووت قافیە و قافیەی هەمەڕەنگ(٥٣٤). هەرچی زمانی شیعرە ئەوا لەم رووەوە گۆڕانی زمانی شیعری کوردی لە سێ پلەدا دیار دەکات کە لەو زمانە تێکەڵەوە دەست پێ دەکات کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکاردەهات بۆ ئەو زمانەی تەئسیری رۆمانتیکی تورکی بەسەریەوە بوو و بە

٥٣٢- بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د.عیزەدین مستەفا رەسول، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠، ل٣٨و٣٩.

٥٣٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩و٤٢و٥١. هەروەها بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: ل١٤٥و١٤٦، ١٥٨، ١٧٤-١٧٧.

٥٣٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣و٥١. هەروەها بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: ل١٤١، ١٤٦- ١٤٩، ١٧٧-١٧٨.

(کوردی عوسمانلی) ناوەبرا بۆ ئەو زمانە کوردییە پەتییەی لە دوا پلەدا زمانی شیعری کوردی پێی گەیشت[٥٣٥].

وە لە رووی ناوەڕۆکیشەوە لە ڕێگای باسکردنی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری شاعیرانی ئەو قۆناغەی پێکدەهێنا، دەست لەسەر جۆری ئەو گۆڕانانە دادەنێت کە ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەو ماوەیەدا بە خۆیەوەی بینی و لەم ڕووەوە ئەوە دەردەخات کە جۆری بابەتەکان لە سنووری ئەو چەند بابەتە دیاریکراوە دەرچوو کە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی پێکدەهێنا و هەمەڕەنگی بە سیمای ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەوە دەبینرا کە شیعری نوێی کوردی گرتبوویە خۆی[٥٣٦]. ئینجا زاڵبوونی ئەو بابەتانەی سەر بە باسکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بوون بە دیارترین گۆڕان دادەنێت کە ناوەڕۆکی شیعری کوردی بەخۆیەوەی بینی و هەر لە چوارچێوەی ئەمەوەش بۆ دیارکردنی جۆری ئەو گۆڕانەی بەسەر جۆری باسکردنی بابەتەکاندا هاتووە، باسکردن و وەسف کردنی ئافرەت و جوانی سروشت وەک دوو بابەتی دیار بە نموونە دەهێنێتەوە و لە روانگەی بەستنەوەی مرۆڤ بە خاک و پیشاندانی جوانی کوردستان و چەسپاندنی خۆشەویستی نیشتیمان باسیان دەکات[٥٣٧].

شایانی باسە لێرەدا ئەوە بڵێین کە لە کاتێکدا لە سەرەتادا بە کورتی و بە شێوەیەکی گشتی ئەو خاسیەتانە دیار دەکات کە چوارچێوەی سیماکانی شیعری نوێی کوردی ئەو قۆناغە پێک دەهێنێت، دوای ئەمە دێ لە شیعری هەر شاعیرێکدا بە شێوەیەکی فراوان لەو خاسیەتانە دەکۆڵێتەوە و دیارترین خاسیەتی شیعری هەر یەکەیان لە رووی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکەوە دیار دەکات.

لەمەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەو ماوەیەدا ئەو مەسەلانەی تەوەری ئەو چەند بەرهەمە رەخنەییانەی پێکدەهێنا بەردەوامی جۆری ئەو مەسەلانە بوو کە پێشتر باس کرابوون و لێیان کۆڵرابۆوە، چونکە نابینین مەسەلەیەکی دیاریکراو وورووژابێ و مشتومڕی لەسەر دروست بووبێ چ لە رووی ناوەڕۆکەوە یان لە رووی شێوەی هونەرییەوە بێ، بەڵکو

٥٣٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣و٤٤و٤٦. هەروەها بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: ل٧٥، ١٢٣-١٢٦، ١٤٩، ١٧٨ و ١٧٩.

٥٣٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

٥٣٧- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠-٤٢.



چەند بابەتێک بوون پێشتر ئاوڕیان لێدرابۆوە و لێیان کۆڵرابۆوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەندێ جار لە رووی چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانە لە بەشێکیاندا چڕی و پڕی و بۆچوونی زانستییانەی بیری رەخنەیی وردیان تیادا دەبینرێت.

لێرەدا ئەگەر بمانەوێ چاوێک بەو رایانەدا بخشێنین کە باسی باری رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دەکات دەبینین لەلایەکەوە زۆربەی زۆریان لەسەر یەک شت یەکیان گرتۆتەوە ئەویش کەمتەرخەمی رەخنەی ئەدەبی کوردییە بەرامبەر بە لێشاوی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە زۆرانەی لەو ماوەیەدا بلاودەکرانەوە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەست بە بوونی جۆرە جیاوازییەک دەکرێت لە نێو ئەو رایانەدا کاتێک مەسەلەی هەڵسەنگاندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی هاتۆتە پێشەوە.

لەم رووەوە (موکەڕەم تاڵەبانی) دوای ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «لەناو وێژە و رۆشنبیری خۆماندا، بەدەگمەن هەست بە رەخنە و رەخنەگر و رەخنەگرتنێکی راستەقینە دەکرێت»[٥٣٨] دەگەڕێتەوە و رەمەکییانە تەنها باسی ئەو جۆرە رەخنەیە دەکات لە ئەدەبی کوردیدا کە مەبەستیان پیاهەڵدان یان شکاندنەوەی خاوەن بەرهەمەکانەو ئەمە وای لێ دەکات بگاتە ئەو ئەنجامەی بڵێ: «... رەخنەی راستەقینەمان تا ئێستا لەسەر پێ رانەوەستاوە و نەیتوانیوە بەرانبەر ئەو هەموو بەرهەمە وێژەییە خۆی رابگرێت، کە بازاڕی چاپەمەنی و رۆشنبیری کوردی بەخۆیەوەی دەبینێت!»[٥٣٩] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نووسەر گلەیی لە رەخنەگرانی کورد دەکات بەهۆی کەمتەرخەمییان بەرامبەر بەو بەرهەمە ئەدەبییە زۆرانەی لەو ماوەیەدا بلاو دەکرانەوە.

هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (بەهرە)[*] لە وەڵامی نووسینێکی (محەمەد موکری)دا لەگەڵ رایەکەی (موکری)دا یەک دەگرێتەوە کە کورد بەرهەمی ئەدەبی چاکی هەیە «... «بەڵام کێشەکە لەوەدایە، سەرنج نادەین، شییان ناکەینەوە... لە دایک دەبن و دەڕۆن و ئاوڕیان لێ نادەینەوە»[٥٤٠]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاوەن وتار لە دەست نەبوونی رەخنە دەناڵێنێ، ئەگەرچی ناویشی ناهێنێت، چونکە گرفتەکە لە فەرامۆشکردن و بایەخ

٥٣٨- رەخنە و رەخنەکاری، موکەرەم تاڵەبانی، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ١٣١، ٤/٤/١٩٩٠. ل٦.

٥٣٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

(*) (عەبدوڵڵا عەباس)ی شاعیرە.

٥٤٠- بیرێکی ڕاگوزاری گوێتان لەو زەنگە بوو...؟، بەهرە، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ١٣٠، ٢٨-٣-١٩٩٠، ل٨.

نەدان بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەبینێت نەک نەبوونی بەرهەمی ئەدەبی چاک.

هەرچی (ئازاد عەبدولواحید)ە ئەوا لە روانگەیەکی ترەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە کاتێک دەڵێ: «... رەخنەگری کورد ئەمڕۆکە بەرهەمی داهێنەرانەی زۆری لە بەردەستدا نییە و ناشتوانێ شوێن پێی ئەو هەموو بەرهەمە چاپکراو و بڵاوکراوانە بکەوێ کە بەبێ پسانەوە بڵاو دەکرێنەوە و بازاڕی رۆشنبیری کوردییان خنکاندووە، لە کاتێکدا هەر ئەو بەرهەمانە بوونەتە سەروەری باری رۆشنبیری باو و بەسەر بڵاوکراوەکاندا زاڵ بوون. ئەم لافاوی بەرهەمانەش بە هیچ شێوەیەک ترووسکەی داهێنانیان تێدا بەدی ناکرێت»[٥٤١]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رەخنەگر لەلایەکەوە لەگەڵ رایەکانی پێشوودا یەک دەگرێتەوە کە رەخنەی ئەدەبی کوردی نەیتوانیوە بە سەرجەم ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە را بگات کە لەو ماوەیەدا بڵاو دەکرانەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە لێیان جیا دەبێتەوە کاتێک هۆی دواکەوتنی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ نزمی ئاستی بەرهەمەکان نەک بۆ خودی رەخنەی ئەدەبی کوردی، بە مانای ئەوەی دژی ئەو رایە دەوەستێت کە دواکەوتوویی وەک سیفەتێکی هەمیشەیی دەداتە پاڵ رەخنەی ئەدەبی کوردی. بۆیە دەبینین لەم بارەیەوە دەڵێ: «... ئەوانەی دەهۆڵی دواکەوتنی رەخنەی ئەدەبی کوردی لێ دەدەن، ئەوانە پێش وەخت... خۆیان بە داهێنەری گەورە دەزانن»[٥٤٢]. ماوە ئەوە بڵێین کە رەخنەگر لە کاتێکدا ئەوە دەردەخات کە ئەم جۆرە کارە لە داهێنەری راستەقینە ناوەشێتەوە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە ئەوانەی پەنجەی دواکەوتن بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی درێژ دەکەن، ئەوانە ئەو شاعیر و نووسەرە بێ توانایانەن کە لە پەنای ئەمەدا بێ توانایی خۆیان دەشارنەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رەخنەگر بەرهەمە ئەدەبییەکان نەک رەخنە بەدواکەوتوو دادەنێت.

کەواتە لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو رایانەی لەسەر رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە هەبوو ئەوە دەردەخات کە رەخنە لەو ماوەیەدا -جا لەبەر هەر هۆیەک بێت- بەپێی پێویست شوێن بەرهەمە ئەدەبییەکان نەکەوتووە، ئەمەش ئەو راستییە دەخاتە روو

---

٥٤١- رەخنە و دۆنکیشۆتەکانی داهێنان، ئازاد عەبدولواحید، ر: هاوکاری، ژ: ١١٩٦، ٢٣-٧-١٩٩٠، ل٦.

٥٤٢- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦.



کە سەرباری بوونی چەند بەرهەمێکی رەخنەیی چاک، رەخنەی ئەدەبی کوردی سستییەکی دیاری تیادا دەبینرا.

**لە ئەنجامدا** ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە رەخنەی ئەدەبی کوردی بە سەرەتایەکی سادە دەستی پێکردووە و هەر لە بنەڕەتدا بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو وەک مەبەستێکی پێش وەخت بۆ هێنانەکایەی ئەو بەشەی ئەدەبیات نەبووە و ئاراستەی ئەو مەبەستە نەکراوە، بەڵکو بۆ بەجێ هێنانی مەبەستێکی تر بووە هەروەک لە بایەخ پێدانی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) بە ناوەڕۆکی بەشێک لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا دەردەکەوێت کە بۆ مەبەستی خزمەتکردنی سیاسەتی ئینگلیز بووە، بەڵام ئەنجام واکەوتەوە ببێتە هەوڵێکی سەرەتایی لە مەیدانی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا. لێرەدا پێویستە ئەو لێ زیادکردنەشی بخەینە سەر کە لەم هەوڵە سەرەتاییەدا باسی هیچ مەسەلەیەکی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعر نەکراوە و تەنها بایەخ بە ناوەڕۆکی شیعر دراوە.

ئینجا لەگەڵ بووژانەوەی بزووتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌و دەرچوونی چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکی کوردی، وە بەتایبەتی لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا، ئەوەی تا ئێستا بۆمان دەرکەوتووە، یەکەم هەوڵی راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەو زنجیرە وتارەی (شێخ نوری شێخ ساڵح) دەست پێدەکات کە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژیان)دا لە ژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی)دا بڵاوکراونەتەوە و تیایدا وەک شتێکی تازە بابەت بۆ یەکەمجار لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا چەند مەسەلەیەکی شیعری و بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعر بوون خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە سییەکاندا بووژانەوە و پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەلایەکەوە لە زیادبوونی ژمارەی ئەو شاعیر و نووسەرانەدا دەبینرێت کە روویان کردە مەیدانی نووسینی رەخنەیی، وە لەلایەکی تریشەوە لە جۆری ئەو بابەتانەدا دەبینرێت کە ناوەڕۆکی نووسینە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیەی پێکدەهێنا. بۆ نموونە سەرنجدانێکی وردی ئەو وتارەی (سیاپۆش) کە لە ژێر ناوی (شاعیرەکان)دا بڵاوی کردبۆوە و تیایدا لە رووی تێڕوانینێکی تازە، بەپێی ئەو سەردەمە، باسی پێناسە و ئەرک و سەرچاوەی شیعری کردبوو لە پاڵ مەسەلەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ و چەند وردە باسێکی تر کە تا ئەوسا ئەو بابەتانە نەهاتبوونە کۆڕی لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردی لەم بوارەدا بەشێکی

تازە بابەت دەدرێتە قەڵەم و لە رەوتی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا شوێنێکی تایبەتی بۆ دادەنرێت. ئینجا هاتنە پێشەوەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ لە شیعردا وەک مەسەلەیەکی گرنگ و سەرنج راکێشەر لای ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و نووسەران لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەی کە حەتمیەتی گۆڕانی ژیان پێویست بە گۆڕانی شیعر دەکات و ژیانی سەردەمە نوێیەکە پێویستی بە شیعرێکی نوێ هەیە گیانی ئەو سەردەمە دەرببڕێت، رواڵەتێکی تری پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیار دەکات.

هەروەها بایەخدان بە شیعری نوێی کوردی، لە سییەکاندا، لە دووتوێی کتێبی سەربەخۆدا، لە پاڵ گۆڤار و رۆژنامەکان، ئەگەرچی بواری لێکۆڵینەوە و رەخنەی نەگرتبۆوە و تەنها گوڵبژێرێکی شیعری چەند شاعیرێکی نوێی کورد بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەنگاوێکی گرنگی بەرەو پێشچوونی بایەخدان بە شیعری نوێی کوردی دادەنرێت و دەشتوانین بڵێین ئەم هەنگاوە بەرێ خۆشکەرێک دادەنرێت بۆدەرچوونی کتێبی سەربەخۆ لە بارەی لێکۆڵینەوە و رەخنەی شیعری کوردی هەروەک لە چلەکاندا لە دەرچوونی بەرگی یەکەمی کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی (رەفیق حیلمی)دا دەبینرێت.

ئینجا کە دەگەینە کۆتایی سییەکان و پێ دەنێینە چلەکان دەبینین ئەو پەرەسەندنەی بوارە جۆربەجۆرەکانی شیعر و ئەدەبی کوردی بە خۆیەوەی بینی لە ئەنجامی دەرچوونی چەند گۆڤار و رۆژنامەیەک بوو بەتایبەتی گۆڤاری گەلاوێژ کە توانی بۆ ماوەی دە ساڵ رۆڵێکی کاریگەر بگێرێت لە پێشخستنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی، جا یەکێک لەو بوارە گرنگانە مەیدانی رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی بوو.

یەکێک لەلایەنە دیارەکانی پەرەسەندنی بیری رەخنەیی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) لە هێنانە پێشەوە و سەپاندنی مەرجی بایەخدان بە دەقی ئەدەبی و خۆ دوورخستنەوە لە خاوەن بەرهەمەکاندا دەبینرێت. دیارە ئەم رایەش لە چوارچێوەی قۆناغی خۆیدا رادەی پێگەیشتنی بیری رەخنەیی و راستی تێگەیشتن لە پرۆسەی رەخنەگرتن دیاردەکات. هەر لێرەوەش دەتوانین بڵێین نەمانی ئەم بەشەی تایبەت بە لێکۆڵینەوە بوو لەم گۆڤارەدا دوای ئەو توندوتیژییەی مەیدانی رەخنە لە چلەکاندا لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا بە خۆیەوەی بینی، رادەی پێداگرتن و سووربوونی ئەم گۆڤارە لەسەر بەجێ هێنانی ئەو بەرنامەیەی هەر لە سەرەتاوە بۆ رەخنەی دانابوو دیاردەکات.

لە پەنجاکاندا شیعری نوێی کوردی وەک بابەتێکی سەرەکی لەلایەکەوە تەوەری زۆربەی



وتارەکانی سەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکانی پێکدەهێنا و لەلایەکی تریشەوە ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو کتێبانەی پێکدەهێنا کە لەو ماوەیەدا ژمارەیان بە شێوەیەکی سەرنج راکێشەر لە زیادبووندا بوو و لە گرنگترین مەسەلە شیعرییەکانی تایبەت بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعری دەکۆڵییەوە جا چ وەک بابەتی سەربەخۆ یان لە پاڵ بابەتی تردا بووبێت. هەروەها ئەو سامانە رەخنەییەی لە ئەنجامی نووسینی ئەو پێشەکییە رەخنەییانە پەیداببوو کە بۆ دیوانە شیعرییەکان دەنووسران و زۆرجار سەرنجی رەخنەیی وردیان تیادا دەبینرا، گرنگی تایبەتی خۆیان هەبوو لە رووی وردبوونەوە و باسکردنی چەند لایەنێکی گرنگی ئەو مەسەلە شیعرییانەی تایبەت بە شێوەی هونەری یان ناوەڕۆکەوە بوون.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەگەر لایەنی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو بایەخدانە گەورەیەدا ببینرێت کە بەشیعری نوێی کوردی درابوو، ئەوا لایەکی تری ئەو پەرەسەندنە لە چۆنیەتی باسکردن و لێکۆڵینەوەی بابەتەکاندا دەبینرێت کە لە بەشێکی دیاریاندا لە رووی فراوانی و دەوڵەمەندی کەرەستەو تیروتەسەلییەوە، لەچاو قۆناغی پێش خۆی، پەرەسەندنێکی چاکیان تیادا دەبینرێت. ئینجا سەرنجدانێکی ورد لەو پەرەسەندنەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو ماوەیەدا بەخۆیەوەی بینی و ئەو داوایەی وەک پێویستییەک تەماشای هاتنە پێشەوەی رەخنەی دەکرد و پێی دادەگرت لەسەر گرنگی بایەخدان بە رەخنە لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو ماوەیە ئەوە دەردەخات کە ئەو پەرەسەندنە ئەنجامی ئەو پێویستییە بوو.

ماوە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە سەبارەت بە باسکردن و لێکۆڵینەوەی مەسەلە شیعرییەکان لە پەنجاکاندا هەر چەندە لە بەشێک لە بەرهەمە رەخنەییەکان بایەخیان بەو مەسەلانە داوە کە ناوەڕۆکی شیعری پێکهێنا بوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو مەسەلانەی تایبەت بە شێوەی هونەری شیعر بوون زیاتر بایەخیان پێدراوە.

لە شەستەکاندا ئەگەرچی بزووتنەوەی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی لەو ماوەیەدا هاتبووە پێشەوە، لەچاو پەنجاکان، کز بوو، بەڵام جۆری بابەتەکان و چۆنیەتی باسکردن و لێکۆڵینەوەیان سیمای بەرەو پێشچوونێکی چاکی پێوە دیاربوو. جا هاتنە پێشەوەی مەسەلەی بایەخدان بە قوتابخانە و رێبازە ئەدەبییەکان لەو ماوەیەدا وەک شتێکی سەرنج راکێشەر کە تەوەری زۆربەی بەرهەمە رەخنەییەکانی ئەو ماوەیەی پێکدەهێنا چ وەک بابەتی سەربەخۆ وەیان لە پاڵ باسکردنی بابەتی ترەوە ئینجا لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە لە زۆربەی بەرهەمەکاندا لەسەر بناغەی پەیڕەوکردنی رێبازێکی

زانستییانە رادەی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە رووی جۆر و چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی مەسەلەکان لە رەخنەی ئەدەبی کوردی دیاردەکات.

لە بارەی باسکردن و لێکۆڵینەوە لە مەسەلە شیعرییەکان چ لە رووی شێوەی هونەری وەیان لە رووی ناوەڕۆکەوە بێت، ئەوا بەپێی رێبازە ئەدەبییەکان لە قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری کوردی کۆڵراوەتەوە و لە چوارچێوەی ئەو رێبازانە کلاسیک و رۆمانتیک و ریالیزم باسی مەسەلە شیعرییەکان کراوە و لە گرنگترین مەسەلەکانی تایبەت بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعری کوردی کۆڵراوەتەوە.

لە حەفتاکاندا ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی بە خۆیەوەی بینی ئەنجامێکی ئاسایی بوونی ئەو دوو چالاکییە رەخنەییە بێت کە یەکێکیان لە ئەنجامی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی روانگە دروست بوو و ئەوی تریشیان لە دەرەوەی روانگە بوو، بەڵام لایەنێکی گرنگی دیکەی بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەی پێکدەهێنا کە گرنگییەکەی لە چالاکییە رەخنەییەکەی تر کەمتر نەبوو. بوونی ئەم دوو چالاکییە رەخنەییەش لە یەک کاتدا لەو ماوەیەدا ئەوە دەردەخات کە بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە حەفتاکاندا لە چ بووژانەوەیەک دابوو. جا لەکاتێکدا ئەم بووژانەوەیە تەنها لایەکی پەرەسەندنی بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەمان بۆ دەردەخات، دەبینین لایەکی تری ئەو پەرەسەندنە لە جۆری ئەو مەسەلانەدا دەردەکەوێت کە لەناو هەردوو چالاکییە رەخنەییەکەدا ناوەڕۆکی بەرهەمە رەخنەییەکانی پێکدەهێنا و هەندێک لەو مەسەلانە لە دایکبووی بزووتنەوە شیعرییەکەی ئەو سەردەمە بوو و هەندێکیشیان بەردەوامی مەسەلە شیعرییەکانی قۆناغی پێش خۆیان بوون جا چ ئەو مەسەلانە تایبەت بە شێوەی هونەری وەیان ناوەڕۆکی شیعر بن. ئینجا لە پاڵ ئەمانە جۆری باسکردن و چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی ئەو مەسەلە شیعرییانەی لەناو هەردوو چالاکییە رەخنەییەکەدا هەبوو، سەرباری بوونی جۆرە جیاوازییەکیش لە نێوانیاندا بەهۆی جیاوازی سروشتی پێکهاتنی ئەو بابەتانەی تەوەری هەریەکەیانی پێکدەهێنا، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەیان وردی و قووڵییەکی دیاریان تیادا دەبینرا کە ئەمەش رووێکی تری پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەمان بۆ دیار دەکات.

وە لە بارەی گرنگیدان بە باسکردن و لێکۆڵینەوەی مەسەلە شیعرییەکان ئەوەی لەم رووەوە سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە بایەخدان بە مەسەلە شیعرییەکانی ناو چالاکییە رەخنەییەکەی تایبەت بە روانگە بە دەگمەن نەبێ بایەخی بە مەسەلەکانی تایبەت بە



شێوەی هونەری شیعر نەداوە بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخی بەو مەسەلانە داوە کە ناوەڕۆکی شیعری گرتۆتەوە. کەچی چالاکییە رەخنەییەکەی تر، ئەگەرچی هەندێ وتار جاری واهەیە تەنها بایەخیان بە ناوەڕۆکی شیعر داوە و بەلای شێوە هونەرییەکەیدا نەچوونە و پێچەوانەی ئەمەش دەبینرێت و هەندێ جاریش بایەخ بە هەردووکیان دراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە بەرهەمە رەخنەییەکانی ناو ئەو چالاکییە هەست بەبوونی جۆرە هاوسەنگییەک دەکرێت لە رووی بایەخدان بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر.

لە هەشتاکاندا ئەگەرچی ئەو جموجۆڵ و چالاکییە رەخنەییەی کە هەبووە لەچاو ساڵانی حەفتاکان کز بوو وە بەتایبەتیش لە سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکاندا، کە ئەم کزییە تەواو بەسیمای رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیە دەبینرا و ئەو بابەتانەی کە ناوەڕۆکی بەرهەمە رەخنەییەکانیشی پێکدەهێنا تا رادەیەکی گەورە بەردەوامی بابەتەکانی پێش خۆی بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە وە بەتایبەتی لە ئەنجامی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی ئەو ماوەیە جۆرە چالاکییەکی رەخنەیی پەیدابوو و ئەو مەسەلانەی کە گفتوگۆیان لەسەر دروست بوو و لە رووی بۆچوونی جیاوازەوەش خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە زیاتر ئەو مەسەلانەی گرتبۆوە کە پەیوەندییان بە شێوەی هونەری شیعرەوە هەبوو وە بەتایبەتیش زمانی شیعر کە لە ریزی پێشەوەی ئەو مەسەلانەدا بوو کە مایەی گفتوگۆ و باس و لێکۆڵینەوە بوو. ئینجا لایەنێکی تری بووژانەوە و پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو چالاکییەدا دەبینرێت کە بواری بڵاوکردنەوەی کتێبی گرتبۆوە لەسەر شیعری نوێ کە لەم رووەوە لەو ماوەیەدا چاومان بە ژمارەیەک کتێبی گرنگ دەکەوێت تەوەری سەرەکییان شیعری نوێی کوردی بوو، جگە لەمە گۆڕانی ئەو پێشەکییە رەخنەییانەی بۆ دیوانە شیعرییەکان دەنووسران و زۆربەیان چەند سەرنجێکی گشتی و خێرای شیعری ناو دیوانەکەیان پێکدەهێنا بۆ ئەو لێکۆڵینەوە فراوان و تێروتەسەلەی سەرجەم وەیان بەشێکی دیاری شیعری شاعیرێکی دیاریکراوی دەگرتەوە، لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە پەرەسەندنێکی چاک دادەنرێت. ئینجا دوای هەشتاکان کە پێ دەنێینە ساڵانی نەوەد، دەبینین سەرباری ئەو کزییەی بە رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەوە دیارە و جۆری بابەتەکانیش بەردەوامی بابەتەکانی پێش خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرەسەندن بە چۆنیەتی باسکردن و لێکۆڵینەوەی بابەتەکان لە بەشێک لە بەرهەمەکاندا دەبینرێت -ئەگەرچی ژمارەشیان کەم بوو- کە ئەمەش پلەی پێگەیشتن و رادەی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردیمان لەو ماوەیەدا بۆ دەردەخات.

جا لەکاتێکدا ئەمە هێڵی گشتی قۆناغەکانی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردیمان بۆ دیار دەکات نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە رەخنە لەهەر قۆناغێکدا بێ کەموکوڕی نەبووە، بەڵام بوونی ئەو کەموکوڕییانە لە بەشێک لە بەرهەمە رەخنەییەکاندا بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێت ئەو رایە قبووڵ بکەین کە نکۆڵی لە بوونی رەخنەیەکی راستەقینە لە ئەدەبی کوردیدا دەکات وەیان بەشتێکی دواکەوتووی لە قەڵەم دەدات هەروەک لە زۆربەی رایەکاندا هەمیشە دەمانبینی ئەویش بەهۆی ئەو تێڕوانینە شێواوە یەک لایییەی کە تەنها کەم و کوڕییەکانی لەبەرچاو دەگرت و لایەنە چاکەکانی فەرامۆش دەکرد ئەوەبوو ئەنجام واکەوتەوە باری رەخنەی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەک هەڵسەنگێنن رووی راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی تیادا بشێوێت و ئەو بیروڕایانە لەگەڵ واقیعی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا یەک نەگرنەوە و رووی راستەقینەی پیشان نەدەن.

# بەشی دووەم

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی
## و
## کێشەی نێوان کۆن و نوێ

– سەرەتایەک لە بارەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ

– پەیدابوونی کێشەی نێوان کۆن و نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

– کێشەی نێوان کۆن و نوێ و دوو هەڵوێستی جیاواز

* توندوتیژی هەڵوێستی یەکەم

* نەرمی هەڵوێستی دووەم

– قوتابخانە ئەدەبییەکان و کێشەی نێوان کۆن و نوێ

– سەرئەنجامی کێشەکە

## سەرەتایەک لە بارەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ

ژیان لە گۆڕان و پەرەسەندنێکی بەردەوامدایە، هەر پەرەسەندنێکیش لە ئەنجامی گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەوە روودەدات. ئەم گۆڕانکارییانەش دەبنە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی توند لە نێوان ئەو رەگەزە نوێیانەی واقیعە نوێیەکە دروستی کردوون و نێوان ئەو رەگەزە کۆنانەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ رەگی خۆیان لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی پێشوودا داکوتابوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کێشەی نێوان کۆن و نوێ مەسەلەیەکە بە ناخی مێژوودا چۆتە خوارەوە و بەستراوەتەوە بە یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندن. جا لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان لە گۆڕان و پەرەسەندنێکی بەردەوامدان، بۆیە کێشەی نێوان کۆن و نوێش هەمیشە بە پێی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی گۆڕانی ژیان سەری هەڵداوە و دووبارە بۆتەوە.

لەبەر ئەوەی شیعر و ئەدەبیاتیش لایەنێکی زیندوو و کاریگەری ژیانی هەر میللەتێکن، بۆیە ئەوانیش دەکەونە ژێر یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندن و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەر قۆناغێکدا بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا دێن دەگۆڕێن و پەرە دەسێنن، لەبەر ئەوە دەبینین کێشەی نێوان کۆن و نوێ حاڵەتێک نییە تەنها تایبەت بە ئەدەبی میللەتێکی دیاریکراوەوە بێت، بەڵکو دیاردەیەکی بەر فراوانە «لە ئەدەبیاتی هەموو میللەتاندا دەبینرێت چونکە پێوەندییەکی پتەوی بە پەرەسەندنی ژیان و کۆمەڵەوە هەیە، جا لەبەر ئەوەی ژیان لە گۆڕاندایە و شێوە و پێکهاتەکانی ناوەوەی کۆمەڵ لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە کێشەی نێوان کۆن و نوێش هەر بەردەوام دەبێت»[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دیاردەیە وەک خاسیەتێک لە خاسیەتەکانی ئەدەبی زیندووی هەر میللەتێک خۆی دەنوێنێت و بە درێژایی مێژوو لەناو ئەدەبیاتی میللەتاندا رووی داوە و روودەدات، بۆیە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو و ئاوڕدانەوە لە چەند نموونەیەکی ئەو کێشەیە لەناو ئەدەبیاتی ئەو میللەتانەدا راستی بۆچوونەکانمان بۆ دەسەلمێنێت.

١- فن الشعر، هۆراس، ترجمة الدكتور لويس عوض، الطبعة الثانية، الهيئة المصرية العامة للثقافة والنشر، المطبعة الثقافية، القاهرة، ١٩٧٠، ص ٣٣ .



نموونەیەکی کۆنی ئەم کێشەیە هەر لە زووەوە لای ئەو شاعیرە گریکییانە دەبینرێت کە لە سەدەکانی پێش زایینیدا ژیاون، یەکێک لە دیارترین ئەو شاعیرانە (ئەریستۆفانس)ە کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینیدا ژیاوە و چەند شانۆگەرییەکی لەدوا بەجێ ماوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو شانۆگەرییانە کۆمیدیای (بۆقەکانە). وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەم شانۆگەرییە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەوا نووسەر بایەخێکی تەواوی بە مەسەلەی کۆنی و تازەیی شیعر داوە.

بابەتی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە گاڵتە پێکردنی نووسەرە بەشاعیری گەورەی یۆنانی (یۆربیدس) کە ساڵێک بوو بەر لە نمایشکردنی شانۆگەرییەکە کۆچی دوایی کردبوو. نووسەر لەناو شانۆگەرییەکەدا گفتوگۆیەکی ئەدەبی لە نێوان شاعیران (ئەسکیلیۆس) و (یۆربیدس) ساز دەدات و لە میانەی ئەم گفتوگۆیەدا هەڵوێستی نووسەر بەرامبەر هەردوو شاعیر دەردەکەویت کاتێک شیعرەکانی ئەسکیلیۆس پەسەند دەکات، چونکە بە چاکی باسی خواوەند و پەیڕەوە ئاینییەکان دەکات، کەچی هێرش دەکاتە سەر یۆربیدس چونکە خۆی لە پیرۆزی خواوەندەکان دەدات و کەموکورییەکانیان پیشان دەدات[2]. جا ئەگەر تەماشای جۆری ئەو بابەتانە بکەین کە ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکەی پێک هێناوە و لەسەر بناغەی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە هەڵوێستی نووسەر دیار بکەین دەبینین ئەریستۆفانس «ئەسکیلیۆس و یۆربیدس بەدوو هێما دادەنێت یەکەمیان بۆ کۆن دووەمیان بۆ نوێ. ئەسکیلیۆس باوەڕی وابوو شاعیر پێویستە خۆی ببەستێتەوە بەو سنوورەی بۆی دانراوە و بابەتێک هەڵبژێرێت تایبەت بێ بەباسکردنی خواوەند و پاڵەوانەکان و بەزمانێکی بەرز نووسرابێتەوە نزیک لە زمانی شاعیرە کۆنەکان، کەچی یۆربیدس باوەڕی وابوو شاعیر پێویستە بابەتەکانی ژیانی رۆژانە هەڵبژێرێت و زمانە سادەکەی بەکاربهێنێت»[3]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پشتگیری کردنی نووسەر لە ئەسکیلیۆس و پەسەندکردنی شیعرەکانی، پشتگیری کردنیەتی لە دەستوور و پەیڕەوەکانی شیعری کۆن و داواکردنیەتی بۆ رێزگرتن لە کۆن. ئەم هەڵویستەی ئەریستۆفانس کاتێک زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا نووسەر لەو دونیادا یۆربیدس بەجێ دەهێڵێت و ئەسکیلیۆس

٢- بڕوانە: النقد الادبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، الطبعة الاولى، دار العودة - بيروت ١٩٨٢، ص ٢٨ .

٣- في النقد الادبي، الدكتور شوقي ضيف، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر ١٩٦٦، ص ١١ .

دەگەڕێنێتەوە سەر زەوی بۆ ئەوەی بە هۆی شیعرەکانیەوە ئامۆژگاری ئەسینییەکان بکات و ڕێنماییان بکات[٤]. ئەمە جگە لەوەی کە هۆیەکی تری پشتگیری کردنی ئەسکیلیۆس لە لایەن ئەریستۆفانسەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەیەکچوونی بناغەی فیکری هەردووکیان و ڕێزگرتنیان لە کۆن و پاراستنی ئەو کۆنە بەوەش «... لە یۆربیدس جیا دەبێتەوە کە هەوڵی دەدا خۆی لە کۆت و بەندی کۆن رزگار بکات و بە ئازادی بیروڕای خۆی دەرببڕێت هەتا ئەگەر ئەو لادانە پێوەندی بە خواوەندو عەقیدەی یۆنانییەوەش هەبێت»[٥].

ئەم بیروڕایانەی ئەریستۆفانس سەبارەت بە ڕێزگرتن لە کۆن و خۆ بەستنەوە بەو یاسا و دەستوورانەی بۆ ئەدەب دانراون بوون بە هۆی ئەوەی کە مەسەلەی کۆنی و تازەیی وەک مەسەلەیەکی رەخنەیی بێتە کایەوە.

کێشەی نێوان کۆن و نوێ لەناو ئەدەبیاتی ڕۆمانیدا شێوەیەکی فراوانتری وەرگرت لەلایەن قوتابخانە ئەدەبییە نوێیەکاندا و[*] لەلایەن رەخنەگرانەوە باس کراوە. ئاشکرایە کە ڕۆمانەکان لە سەرەتادا تەنها بایەخیان بە سوپا دەدا بۆیە لەکاتێکدا لە رووی سوپاییەوە وەک بەهێزترین دەوڵەت خۆی دەنواند بەرامبەر بەمە لە رووی فەلسەفەو زانست و ئەدەبیاتەوە زۆر دواکەوتوو بوو بە پێچەوانەی یۆنان کە خاوەن شارستانیەتێکی پێشکەوتوو بوو و سامانێکی دەوڵەمەندی فەلسەفی و زانستی و ئەدەبی هەبوو، بۆیە هەر دوای داگیرکردنی کەوتنە ژێر کاریگەری یۆنانییەکان و روویان کردە لاسایی کردنەوە و سوود وەرگرتن لەو سامانە دەوڵەمەندەی یۆنان. هەر لەبەر ئەوەشە (هۆراس) داوای لە شاعیران دەکرد «ڕوو بکەنە ئەدەبیاتی یۆنانی و شەو و رۆژ خۆیان پێوە خەریک بکەن»[٦] هۆراس بە چاوێکی زۆر بەرزەوە تەماشای ئەدەبیاتی یۆنانی دەکرد و هیوایەکی گەورەی

٤- بڕوانە: النقد الادبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، ص ٢٨ .

٥- مدخل الى تاريخ الآداب الاوروبية، الدكتور عماد حاتم، الدر العربية للكتاب، ليبيا - تونس، ١٩٧٩، ص ٨٣ .

(*) لەناو ئەدەبیاتی ڕۆمانیدا دوو قوتابخانە پەیدابوو قوتابخانەی ئەسکەندەریە و قوتابخانەی ئەدەبی نوێ. ئەم دوو قوتابخانەیە ڕەخنەیەکی توندیان لە شاعیرانی کۆنی ڕۆمانی دەگرت وە بەتایبەتیش لە زمانی شیعرییان و داوایان لە شاعیرانی نوێ دەکرد لە شێوازی شیعری کۆن دوور بکەونەوە. ئەگەر چی هۆراس سەر بەو دوو قوتابخانەیە نەبووە بەڵام بەشێک لە بیروڕاکانیانی پەسەند دەکرد. بڕوانە . فن الشعر، هوراس، ص ٣٦، ٤٠، ٤١ .

٦- فن الشعر، هوراس، ص ١٢٨ .



هەبوو ڕۆمانییەکان سوود لەو ئەدەبیاتە بەرزە وەربگرن، بەڵام ئەم هەڵوێستەی هۆراس نابێ بەوە لێک بدرێتەوە کە تەنها پشتگیری کۆنی کردووە ئەگەرچی ڕێزیشی لێ نابێت، بەڵکو بیروڕاکانی سەبارەت بە شاعیرانی قوتابخانەی نوێ ئەوە دەردەخەن کە بەرگری لە شاعیرانی نوێ کردووە، بۆیە «ئەگەر ویستمان شوێنی هۆراس لەناو ئەو گفتوگۆیەدا دیاری بکەین کە لە نێوان کۆن و لایەنگرانی نوێدا دروست ببوو، دەبینین بەلای شاعیرە نوێیەکاندا دەشکێتەوە نەک شاعیرە کۆنەکان»[٧]. لەمەوە دەتوانین بڵێین هەڵوێستی هۆراس لەناو ئەو کێشە گەورەیەی کە لە نێوان شاعیرانی قوتابخانەی ئەدەبی نوێ و شاعیرانی کۆنی ڕۆمانی وە بەتایبەتیش (ئەنیۆس) کە بە باوکی شیعری ڕۆمانی دادەنرێت، هەڵوێستێکی نەرمی هەبوو، چونکە جگە لەوەی بە چاوێکی بەرزەوە تەماشای ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی دەکرد لە پاڵ ئەمەدا لە نرخی شیعرەکانی شاعیرە ڕۆمانییە کۆنەکانی کەم نەدەکردەوە ئەگەرچی رەخنەشی لێ گرتبان و بەرامبەر بەمەش لە هەموو شوێنێکدا ئەگەر لایەنێکی چاکی لە ئەدەبی نوێی ڕۆمانیدا بینیبا پەسەندی دەکرد و بە ئاشکرا رای خۆی دەردەبڕی. هەروەها لەناو ئەدەبیاتی عەرەبیدا یەکێک لەو مەسەلە رەخنەییە گرنگانەی بایەخێکی زۆری پێدرا کێشەی نێوان کۆن و نوێ بوو کە لە ئەنجامی چەند هۆیەکی گرنگ سەری هەڵدا. یەکێک لە دیارترین ئەو هۆیانە هەوڵدانی چەند شاعیرێک بوو بۆ نوێکردنەوەی شیعر، بۆیە «سەرهەڵدانی ئەم مەسەلەیە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچیدا لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو گۆڕانکارییانە دەستی پێکرد کە بەسەر شیعری عەرەبی داهات. دیارە ئەمەش بوو بە هۆی دروستبوونی کێشە لە نێوان رەخنەگران دەربارەی پەسەندکردنی شیعری کۆن یان نوێ»[٨]. رەخنەگرانی عەرەب لەم رووەوە بوون بە چەند بەشێک، لای هەر بەشێکیان مەسەلەکە بەشێوەیەک دەهاتە پێشەوە، هەندێ جار کۆن بەسەر نوێ و جاری واش هەبوو نوێ بەسەر کۆندا پەسەند دەکرا «سەدەی دووەمی کۆچی کۆتایی هات و کێشەکەش هەر بەردەوام بوو، هەندێکیان کۆن و هەندێکیشیان نوێیان پەسەند دەکرد»[٩].

٧- سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٠ .

٨- النظرية النقدية عند العرب، الدكتورة هند حسين طه، منشورات وزارة الثقافة والاعلام سلسلة دراسات، دار الرشيد - بغداد ١٩٨١ ،ص٢١٠، هەروەها بڕوانە: النقد الادبي الحديث في العراق، الدكتور احمد مطلوب، معهد البحوث والدراسات العربية، مطبعة الجبلاوي، ١٩٦٨، ص٦٢.

٩- بڕوانە: النظرية النقدية عند العرب، الدكتورة هند حسين طه، ص٢١٧ .

لە سەردەمی نوێدا وە بەتایبەتیش لە سەدەی نۆزدەهەمدا کێشەی نێوان کۆن و نوێ کارێکی گەورەی هەبوو لەسەر پەرەسەندنی ئەدەبی عەرەبی و ئەو مەسەلەیە لە میسردا گەیشتە لووتکەی پێشکەوتنی لەسەر دەستی (طه حسين و عباس محمود العقاد و مصطفى صادق الرافعي و زكي مبارك) و چەند نووسەرێکی تر هەروەها لە عێراق ئەو کێشەیە لەسەر دەستی (زەهاوی) و (رصافی) گەیشتە چڵەپۆپە[١٠].

کێشەی نێوان کۆن و نوێ وەک مەسەلەیەکی رەخنەیی لەناو ئەدەبیاتی عەرەبیدا ئەوەندە درێژەی کێشاو لق و پۆپی لێ بووەوە بوو بەهۆی هاتنە پێشەوەی ئەو رایەی کە ئەوەندەی مەسەلەی کۆن و نوێی شیعر و پەسەندکردنی یەکێکیان بەسەر ئەوەی تریان مشتومڕی لەسەر دروست بوو، مەسەلەیەکی تر لەناو رەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا ئەو هەموو کێشەیەی لەسەر دروست نەبووە[١١]. وەک سەرەنجامیش ئەم کێشەیە بۆتە هۆی دروستبوونی چەند بیروڕا و چەمکێکی رەخنەیی گرنگ سەرباری بوونی ئەو رایەش لە بارەی ئەم مەسەلەیە کە گوایە «نەبۆتە هۆی وروژاندنی مەسەلەیەکی فیکری قووڵ لەبەر ئەوەی تەنها رووی دەرەوەی گرتۆتەوە و زۆر دوور نەڕۆیشتووە، چونکە هەر خۆی لە بنەڕەتدا پشتی بە مەسەلەیەکی فیکری نەبەستووە...»[١٢] بوونی هەر بیروڕایەک ناتوانرێت رێی ئەوەمان لێ بگرێت چاو لەو دەسکەوتە رەخنەییە گرنگانە بپۆشین کە لە ئەنجامی ئەم مەسەلەیە لە رەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا دروست بووە.

بەهەر حاڵ ئەم مەسەلەیە لەناو ئەدەبیاتی هەموو میللەتاندا هەیە و لەگەڵ بزووتنەوەی پەرەسەندنی ئەدەبدا زیاتر پەرەی سەندووە و لق و پۆپی لێ بۆتەوە و ئاڵۆز بووە و لای هەر میللەتێک لەهەر سەردەمێکدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی گرتۆتەوە بەشێوەیەکی تایبەت بە بارودۆخی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی ئەو میللەتە رەنگی داوەتەوە.

١٠- بڕوانە: النقد الادبي الحديث في العراق، الدكتور أحمد المطلوب، ص ٦٢، ٦٤ .

١١- بڕوانە: مقالات في تاريخ النقد العربي، د. داود سلوم، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة دراسات، دارالرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص ٤٤١ .

١٢- الصراع بين القديم والجديد في الشعر العربي، الدكتور محمد حسين الاعرجي، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة دراسات، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨، ص٢٠٩ .



## پەیدابوونی کێشەی نێوان کۆن و نوێ لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا

لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا هۆی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان کۆن و نوێ بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی لە سەدەی بیستەمدا بۆ میللەتی کورد دروست بوو. بێگومان ئەو بارودۆخە نوێیە کارێکی گەورەی کردە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئەدەبی و بوو بەهۆی دروستبوونی ناوەڕۆکێکی تازە، ئەو ناوەڕۆکە تازەیەش پێویستی بە ئەدەبێکی نوێ بوو بۆ ئەوەی دەربیبڕێ و بەکۆمەڵانی خەڵکی رابگەیەنێت، بۆیە دەبینین لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا کێشەیەکی بەهێز لە نێوان شیعری کۆن و شیعری نوێ دروست بوو. هەڵگرانی مەشخەڵی ئەم کێشەیەش لە رووی بۆچوون و تێڕوانینێکی جیاوازەوە رەخنەکانیان ئاراستەی شیعری کۆن دەکرد و بیروڕای خۆیان سەبارەت بە گۆڕانی ئەرکی شیعر دەردەبڕی.

کێشەی نێوان کۆن و نوێ پەیوەندییەکی پتەوی بە مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعرەوە هەیە، چونکە ئەو کێشەیە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەوە دروست دەبێت کە شاعیران بەسەر رەگەزە کۆنەکانی شیعری دادەهێنن چ لە رووی شێوەی هونەرییەوە بێت یا لە رووی ناوەڕۆکەوە. بۆیە سەرەنجام مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر لەهەر سەردەمێکدا وەک پێویستییەک لە پێویستییەکانی سەردەم دێتە پێشەوە، چونکە «وەک شتێکی بەدیهی هەر سەدە و چەرخێک جۆرە شاعیر و نووسەرێک دەهێنێتە کایەوە کە لەگەڵ باری گۆڕانکاری نوێی کۆمەڵگاکەدا بگونجێت ئەمیش وەک دیاردەیەکی مێژوویی خۆی دەچەسپێنێتە سەر شاعیر و نووسەری سەدە نوێیەکە، چونکە هەر سەردەمێک بەپێی گۆڕانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت شاعیر و نووسەرانی ئەم کۆمەڵگایە تازەیە خاوەنی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیێکی تایبەتی هەبێت، بەچاوی سەدەی نوێیەکەوە بڕوانێتە کۆمەڵ»[١٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا دێت دەبنە هۆی گۆڕانی ئەدەبیات و گۆڕانی تێڕوانینە کۆنەکەی شاعیر و دروستبوونی تێڕوانینێکی نوێ بەجۆرێک ژیانی سەردەمە نوێیەکە ببێتە سەرچاوەی دروستبوونی ئەو تێڕوانینە «لەبەر ئەوەی ژیان سەرچاوەی

١٣- رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩، ل٧٢ .

ئەدەبیاتە، واتە تەرزی ژینیش هەمیشە لە گۆڕاندایە! پێویستە بۆ ئەدیبێک لەم عەسرەدا بزانێ کە هەرچی گۆڕانێک بەسەر عالەم و بەشەکانی دێ، دەبێ ئەدەبیاتیش بەشداربێ تیایا و ئەو دەستوورەی کە ژینی لەسەر دەڕوا هەموو کاتێ هەموو دەمێک تەرحە باوێک (مۆدەییێک)ی بۆ دێتە پێشەوە، هەروەها ئەدەبیاتیش بەو پێیە پێویستە تازە بێتەوە»[١٤]. کەواتە نوێبوونەوەی ئەدەبیات شتێک نییە لە خۆیەوە بێتە کایەوە، بەڵکو پێویستی دروستی دەکات و دەیسەپێنێت، چونکە ئەگەر ژیان سەرچاوەی ئەدەبیات بێت و ئەو ژیانەش لە گۆڕانێکی بەردەوامدا بێت ئەوا بێگومان ئەدەبیاتیش بەرگی کۆنی خۆی دادەکەنێ و بەرگێکی نوێ لەبەر دەکات و لە ئەنجامدا ئەدەبێکی جیاواز لە ئەدەبی پێشوو دروست دەبێت، دیارە هەر ئەم پێویستییەشە وای لە (ڕەفیق حیلمی) کردووە باوەڕ بە حەتمیەتی گۆڕانی شیعری کوردی و هەنگاونانی بەرەو شیعرێکی نوێ بهێنێت «ئەمزانی کە هیچ شتێکیش نییە تا دنیا دنیایە لە پێستێکا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە ئیمانم بەوە هەبوو کە شیعری کوردیش هەرچەند دواکەوێ، جێی شک نییە کە بەپێی دەستووری گۆڕان، کاژی ژیانی کۆن هەر فڕێ ئەدا و لێی ئەچێتە دەرەوە، ئەبووژێتەوە و بەرەو ژیانی تازە هەنگاو ئەهاوێژێت و بناغەی هەستێکی بەرز بۆ خۆی دائەنێت»[١٥]. هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ) لە رووی هەمان باری سەرنجی پێشووەوە گۆڕانی ئەدەب بە گۆڕانی ژیانی کۆمەڵگا دەبەستێتەوە و داوا دەکات ئەو ژیانە نوێیە ببێتە سەرچاوەی دروستبوونی ئەدەبیات «وێژە بە گۆڕانی گەل ئەگۆڕێ، وە هیچ گەلێ ناتوانێ لەسەر خوانی و وێژەی کۆنی خۆی بژی، وە پێویستە وێژەی هەموو گەلێک هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گەلەکەدا بۆ پێشەوە بڕوات»[١٦]. چونکە هەر سەردەمێک بارودۆخێکی جیاوازی دەبێ، پێویستە ئەدەب دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە لەبەرچاو بگرێت و هەوڵدات شان بەشانی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیان هەنگاو بنێت و لە کاروانی بەرەو پێشچوونی ژیاندا دوانەکەوێت و وەک ئەدەبێکی زیندوو ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەکەی بێت «ئەمەیە مەبەست لە وێژەی زیندوو، کە ئەبێ بە پێی ڕۆژ بگۆڕێ، وە لەسەر بارێک نەمێنێتەوە، ئەگینا وەک گۆمێکی لێ دێ، کە لە شوێنی خۆی وەستابێ و ئاوی نەچێتە سەر و بۆگەن

١٤- ئەدەبیاتی تازە چۆنە و دەبێ چۆن بێ!، ج.ف، گ: گەلاوێژ، ژ:٧، ساڵی١، ١٩٣٩، ل١ .

١٥- ئینقلاب لە شیعری کوردیدا، ڕەفیق حیلمی بەگ، گ: پێشکەوتن، ژ:١، ساڵی١، شوباتی ١٩٥٨، ل٦ و ٧ .

١٦- وێژە، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: هیوا، ژ:٨، ساڵی١، تشرینی یەکەمی ١٩٥٨،



بێ»[١٧]. ئەم بیروڕایانە بەگشتی چەمکی نوێکردنەوە لای شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی کورد دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە هەموویان لەو خاڵەدا یەک دەگرنەوە کە پێویستە ئەدەب لەگەڵ گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا بگۆڕێت و بەرەو پێشەوە بچێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەک ئەدەبێکی زیندوو تەعبیر لە گیانی سەردەمەکەی بکات.

بەڵام گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەب کارێکی وا ئاسان نییە بێ گیروگرفت ئەنجام بدرێت، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی بەرپەچدانەوە و بەگژداچوون و بەرهەڵستییەکی توند دەبێت لەلایەن ئەدەبە کۆنەکەوە، چونکە دەزانێت لەگەڵ هاتنی ئەدەبە نوێیەکە جێی لەق دەبێ و بوونی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە تاکە ڕێگایەک بۆ بەرگری لە خۆکردنی بەرهەڵستی کردنی ئەدەبە نوێیەکەیە. لە ئەنجامی ئەمەدا کێشەیەکی بەهێز لەنێوان ئەدەبی کۆن و ئەدەبی نوێ سەر هەڵدەدات. (کامەران موکری) لە کاتی دەستنیشانکردنی سروشتی ئەو کێشەیەی لە نێوان ئەدەبی کۆن و نوێدا دروست دەبێت مەرجی سەرکەوتنی هێزی نوێکەرەوەکە دەبەستێتەوە بە ڕادەی شۆڕبوونەوەی ئەو هێزە بە ناخی ژیانی کۆمەڵایەتیدا «(کاتێ کە هێزی نوێکەرەوە چ لە ئدەبدا، وە چ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا) ئاڵای خەبات بەرز ئەکاتەوە، هێزی کۆنەپەرست، بەرەنگاری ئەبێتەوە وە بە هەموو جۆرێک شاڵاوی بۆ دێنێ بەڵام ئەگەر هێزی نوێکەرەوە، هێزێک بێت سوودمەند و لەناو جەرگەی بەرژەوەندی کۆمەڵەوە هەڵقولابێ ئەوا گومانی تێدا نییە سەرکەوتووە».[١٨] هەروەها (فەرەیدوون عەلی ئەمین) لە رووی هەمان تێڕوانینەوە تەئکید لەسەر ململانێ و کێشەی نێوان ئەو دوو هێزە دەکات «هەموو تەقەڵاو جووڵانەوەیەک - ئەدەبی یان ئەدەبی نەبێ - لەگەڵ پەیدابوونیدا دووهێز پەیدا دەبێ، یەکەمیان هێزی جووڵانەوە نوێیەکەیە کە ئەیەوێت بنج داکوتێ و ئینجا دڕ بەگلمێک و کۆسپی ڕێگای بدات، دوای ئەوە سەر هەڵبدات و بوونی خۆی بسەلمێنێ و هێزی دووەمیش هەموو ئەو هێزانەن کە لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیەدا نین، بەرهەڵستی ئەکەن و ئەکەونە زۆران بازییەوە لەگەڵیدا بۆ ئەوەی لەناوی ببەن»[١٩]. لەپاشاندا مەرجی بەردەوامبوون و مانەوەی یان لەناوچوونی بزووتنەوەکە دەبەستێتەوە

١٧- وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆ، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: بەیان، ژ:٢٢، شوباتی ١٩٧٥، ل١ .

١٨- هۆنراوەی شێخ نوری شێخ ساڵح، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٥٨، پێشەکییەکەی بە پێنووسی کامەران، ل٣ .

١٩- ئایا چۆن ئەدەبی پاش قۆناغی گۆران هەڵدەسەنگێنن؟، ر: هاوکاری، ژ: (١١١)، ٨-٤-١٩٧٢، ل٣ .

بەڕادەی ڕەسەنایەتی «ئینجا ئەگەر جوولانەوە نوێیەکە ڕەسەن (أصیل)بێت و لەناو جەرگەی پێویستییەکی مێژووییەوە هەڵقوڵابێت. ئەوا خۆشمان بێ و ترشمان بێ، ئەمێنێتەوە و ئەژی و زاڵ ئەبێ. خۆ ئەگەر وانەبوو ئەوا پووچ ئەبێتەوە و شوێنەواری نامێنێ»[٢٠] چونکە ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەدەبدا دێن، مەرج نییە هەموو کاتێک گۆڕانێکی ڕەسەن بن و بتوانن ڕەگی خۆیان لەناو ئەدەبیاتی میللەتدا دابکوتن و بەردەوام بن، بەڵکو هەندێ جار دەبینین هەندێ لەو گۆڕانانە دەستکردن و بە زۆرەملێ خراونەتە ناو ئەدەبیاتەوە نەک لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سروشتییەکانەوە دروست بووبن و یاسا مەوزووعییەکانی گۆڕان و پەرەسەندن هێنابیانە کایەوە، بۆیە مۆرکی ڕەسەنایەتییان پێوە دیار نابێت و سەرئەنجامیش بەردەوام نابن و لە ناو دەچن، لەبەر ئەوەی «هەر سەردەمێکی مێژوویی و هەر بەرەیەکی ئادەمیزاد هونەرێکی تایبەتی و گونجاوی خۆی هەیە کە جوانییەکی تایبەتی خۆی پێوەیە... ئەو هونەرە تازەیە ئەگەر پێبگا و ڕەگ دابکوتێ و بەردەوامی هەبێ، دەردەکەوێ کە حەقی مانەوەی هەیە و قۆناغێکی پێویستی پێشکەوتنی هونەرە، خۆ ئەگەر کارەکەش تەنیا تێکدان و سەرلێشێواندن بێ، دیسان دەتوانین دڵنیا بین کەوا ئەو تێکدان و سەرلێشێواوییە تێک دەشکێ و ڕاپەڕینێکی بەدوا دادێ»[٢١]. بۆیە دەبینین ئەو گۆڕانانەی نارەسەنن هەر لەگەڵ لەدایکبوونیان هۆیەکانی مردن لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و دوای ماوەیەک لەناو دەچن.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەدەب لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا دێت دەگۆڕێت و لە قۆناغێکەوە دەچێتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە قۆناغە نوێیەکەدا خاسیەت و ڕەگەزی نوێ پەیدا دەکات، چەند گۆڕانەکە ڕەسەن و پتەو بێت ئەوەندە زیاتر لە ئەدەبە کۆنەکە دوور دەکەوێتەوە و مەترسی لەناوچوونی بەهێزتر دەکات، بۆیە لە ئەنجامدا ئەو ئەدەبە نوێیە لەلایەن ئەدەبە کۆنەکەوە بەرهەڵستی دەکرێت و سەرئەنجام کێشەیەکی توند لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

---

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٢١- باسی ئەدەبی، دارا. م، گ: سروە، ژ:٦، ساڵی دووەم، هاوینی ١٣٦٥(١٩٧٧ز)، ل٩٤ .



## کێشەی نێوان کۆن و نوێ و دوو هەڵوێستی جیاواز

لەناو ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەی کە لە کێشەی نێوان کۆن و نوێی شیعری کوردییان کۆڵیوەتەوە، دوو هەڵوێستی جیاواز بەرامبەر بەم کێشەیە دەبینرێت:

هەڵوێستی یەکەم: هەڵوێستێکی توندوتیژە و گرژی و تووڕەیی بە بیروڕاکانیەوە دیارە و لە ئەنجامی ئەمەدا لە زۆر شوێندا بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە مەوزووعییەتی لەدەست داوە و لە هەڵچوون و بەگژداچوونێکی بێ بناغە زیاتر شتێکی تری تێدا نابینرێت.

هەڵوێستی دووەم: هەڵوێستێکی نەرم و هێمنە و لەسەرخۆ بیروڕاکانی تیادا خراوەتە ڕوو و زیاتر شێوەیەکی مەوزووعی ڕێکوپێکی وەرگرتووە.

ئەم دوو هەڵوێستەش لەخۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی دیاریکراو، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە شیعرەکان خۆیانەوە هەیە و هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە زیاتر پەیوەندییان بەو شتانەوە هەیە کە لە دەرەوەی شیعرن و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەخودی شیعرەکەوە نییە.

### توندوتیژی هەڵوێستی یەکەم

بەگوێرەی هەڵوێستی یەکەم، واتە ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی شاعیر و ڕەخنەگران بەرامبەر بەشیعری کۆنیان وەرگرتووە هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی تێڕوانین و بۆچوونی ئەو شاعیر و ڕەخنەگرانە بۆ ئەرکی شیعر، چونکە ئەمانە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دەبێ شیعر بچێتە مەیدانی ژیانەوە و نابێ لەمەودوا لە ژیان داببڕێت و لە دەوروبەری ئەو بابەتانەدا بسووڕێتەوە کە ناوەڕۆکی شیعری کۆنی پێکدەهێنا و پەیوەندییان بە ئێش و ئازاری چینی چەوساوەی میللەتی کورد نەبوو و تەعبیری لە گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی سەردەم نەدەکرد وە بەتایبەتیش دوای ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ میللەتی کورد دروست بوو کارێکی گەورەی کردە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری میللەتی کورد، بۆیە لەو سەردەمەدا ئەو بۆچوون و تێڕوانینە دروست بوو کە شیعر دەبێ بەشداری لە بەرەو پێش چوونی ژیانی میللەتدا بکات و لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکدا بێت بۆیە سەرنجدان لە چەند نووسینێکی ئەو ماوەیە ڕاستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێ کە زۆربەی ئەو ڕایانەی لەو ماوەیەدا هاتوونەتە کایەوە تەئکید

لەسەر ئەوە دەکەن کە شیعری کلاسیکی توانای ئەوەی نەماوە شان بەشانی ئەو بارودۆخە ئالۆزە بڕوات بەڕێوە و ئەرکی سەر شانی لە گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکە تازەیە بەجێ بهێنێت بۆیە گۆڕان و پەیدابوونی شیعرێکی نوێ بوو بە پێویستییەک لە پێویستییەکانی ئەو قۆناغە بۆیە لە رووی ئەم باری سەرنجەوە نووسەرێک بەناوی (نەورۆز) لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (زمان) رەخنە لە شاعیرێکی ئەو سەردەمە دەگرێت کە لەسەر شێوازی کۆن شیعری نووسیوە «لە ئاخریا شیعرێکتانم چاوپێکەوت بەخۆشییەوە خوێندمەوە. ئەفسوس! یەئس لە دوای ئومێد چەند ناخۆشە! ئەو هەموو ئومێدە، ئەو هەموو خۆشییە بەبا چوو نەما!! چونکی هیوامان وابوو کە لەپاش ئەوەندە تەجرەبە و رابواردنە ئیتر واز ئەهێنین لە شیعر و غەزەلی کۆن و شیرین وە بەتەمای شیعری حسسی، میللی وە ئەدەبیات بووین وەبەتەمابین!»[٢٢] نووسەر گلەیی لەو شاعیرە دەکات کە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کورد داهاتووە چارەڕوانی ئەوەی لێ دەکرد سوود لەو تاقیکردنەوانە وەربگرێت و شیعرێک بنووسێت لەگەڵ سەردەمەکەیدا بگونجێت، کەچی شاعیر ئەمانەی هەموو پشتگوێ خستووە و خۆی بەچەند بابەتێکی سواوەوە خەریک کردووە بۆیە چەند پرسیارێکی گلەیی ئامێز ئاڕاستەی شاعیر دەکات و لە میانەی ئەو پرسیارانەدا رەخنە لە شاعیر بەتایبەتی و لە شیعری کلاسیکی بەگشتی دەگرێت و دەست نەدانی ئەو جۆرە شیعرە بۆ ئەو رۆژگارە دیاردەکات «ئایا چ میللەتێک هەیە جەنابی شاعیر لە عەسرێکی وا نازک و حەیاتیدا، لە وەختی هەوڵ و تەقەڵادا کە بیەوێ پێ بگا و سەرکەوێ هەموو (ئەدەبیات)ی میللیەی هەرشتی بێ سوود و بێ غایە بێ! چ میللەتێکی تر هەیە لە عەسری فەن و عیلمدا، لە زەمانی عیرفان و سەنعەتدا شاعیرە پڕ هۆشەکانی، لەپاش هەموو رابواردنێک لە شیعردا باسی (مژگان و چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و...) بکەن؟ هەتاکەی وا گاڵتە بەم زمانە شیرینە ئەکەن، هەتا کەی بەزەییتان بە(کوردی وەکو کورد)دا نایێتەوە؟»[٢٣]

لێرەدا دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کەوا نووسەر لەکاتێکدا رەخنە لە شیعری کلاسیکی دەگرێت و بەکەڵک نەهاتن و دەست نەدانی ئەو جۆرە بابەتانە دیاردەکات کە ناوەڕۆکی شیعرییان پێکدەهێنا بۆ ئەو رۆژگارە، رەخنەکەی تەنها لەو روانگەوە هاتووە کە ئەو جۆرە

٢٢- زمان، نەورۆز، گ: زاری کرمانجی، ژ:٢٤، ساڵی حەوتەم، **٢٣ تەمووزی ١٩٣٢**، ل١٠ .

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠و١١ .



شیعرە بۆ سەردەمی ئەوان دەست نادات، ئەگینا شاعیر بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای شیعری کلاسیکی دەکات و گرنگی ئەو سامانە نەتەوایەتییە بۆ پاراستنی مێژووی میللەتی کورد دیار دەکات «کورد درەنگ و زوو، ئەبێ بکەوێتە رێی ژیانەوە، بکەوێتە دەس بزێوی و تێکەڵی، لەو مەیدانەدا، لەو جدالەدا ئەگەر (زبان و ئەدەبیات)ی کۆنی بپارێزرێ وەبهێڵێ (کورد) ئەمێنێ و ئەژی، ئەگینا مردن و نەمان موحەققەقە.»[٢٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نووسەر لە رووی تێڕوانینێکی وردی مەوزووعییەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعری کۆن دیار کردووە، چونکە نرخ و بەهای هەر جۆرە شیعرێک دەبەستێتەوە بەو چوارچێوە مێژووییەی تێیدا لەدایک بووە. بۆیە لەکاتێکدا لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەدا تەئکید لەسەر گرنگی شیعری کلاسیکی دەکات بۆ پاراستنی مێژووی نەتەوایەتیمان، بەرامبەر بەمە داوای جۆرە شیعرێکی جیاواز دەکات بۆ سەردەمەکەی خۆی بەمەش نووسەر تەئکید لەسەر مەسەلەی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەب دەکات لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.

ئەم هەڵوێستەی نووسەر سەبارەت بە شیعری کۆن و نوێ لەلایەن (حەلیم رفقی) ناوێکەوە لەوتارێکدا لەژێر ناوی (جوابنامە)دا وەڵام درایەوە و بیروڕاکانی نووسەری تێدا پەسەند کرا «جارێ لەپێش هەموو شتێکدا عەرزتان ئەکەم کە من لەو تەنقیدەتان زۆر موتەحسس و پێخۆشحاڵ بووم. چونکی دووبارەی ئەکەمەوە قسەکانتان حەقە و راستە لەگەڵ ئەمەیشدا (زەمێکی تەحتەل مەدح)ە.»[٢٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاوەنی جوابنامە لەگەڵ نووسەردا یەک دەگرێتەوە سەبارەت بەرەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی و دەست نەدانی ئەو جۆرە شیعرە بۆ سەردەمەکەیان ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە نووسەر رەخنە لە هەڵبژاردنی کاتی بڵاوکردنەوەی وتارەکە دەگرێت، چونکە ماوەیەکی درێژ دەکەوێتە نێوان نووسینی دەقە شیعرییەکە و بڵاوکردنەوەی رەخنەکەوە ئەگەر لە روانگەی بەستنەوەی هەر بەرهەمێک بە سەردەمی لەدایکبوونییەوە بڕوانینە وتارە رەخنەییەکە گلەییەکە دەکەوێتە سەر وتارەکە نەک دەقی شیعرەکە، بۆیە خاوەنی جوابنامە ئەم خاڵە دەکاتە بناغەی رەخنەکەی «هەر چەندە تەنقیدەکەت بەڕاستی مەعقوول و مەقبوولە بەڵام ئەگەر عاجز نەبی دەڵێم: کە بۆ نەشری ئەو تەنقیدە لە ئینتیخابی زەماندا ئیسابەتت

٢٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠ .

٢٥- جوابنامە، حەلیم رفقی، گ: هاوار، هژ:٧، ساڵی ١٩٣٢، ل٤ .

نەکردووە. چونکی تەنقیدی فعلێک ئسولەن یا لە وەختی کردنی ئەو فعلەدا یا لەعقبەوە دەکرێت... ئێوە تەنقیدی شیعرێک ئەکەن کە حەوت ساڵ لەمەو پێش نەشر کراوە...» (٢٦)
لە راستیدا ئەم خاڵە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لە رێگای موناقەشەکردنی ئەم خاڵەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعری کۆن و نوێ دیار دەکات. ئەگەر ئەم وتارە لە بناغەدا بەرگری لە خۆکردنی شاعیرێک بێت کە شیعرێکی لەسەر شێوەی کلاسیکی پێش هەشت ساڵ بڵاو کردبێتەوە بۆمان دەردەکەوێت خاوەنی (جوابنامە) بۆچی بەو شێوەیە وەڵامی وتارە رەخنەییەکەی پێش خۆی داوەتەوە، ئەگەرچی وتارەکە بە هێچ شێوەیەک ئاراستەی ئەویش نەکرابێ. ئاشکرایە خاوەنی (جوابنامە) دەیەوێ بڵێ هەموو شتێک لە گۆڕان دایە و بەپێی ئەمە شیعریش دەگۆڕێت و ئەوەی دوێنێ پەسەند دەکرا مەرج نییە ئەمڕۆ پەسەند بکرێ بۆیە ئەگەر شیعرێک بەر لە (هەشت ساڵ) بڵاوکرابێتەوە دەبێ ئەو شیعرە بەپێی (پێوانەی مێژوویی)(*) بەکاتی لەدایکبوونی ببەسترێتەوە نەک ماوەیەکی درێژی بەسەردا رەت بێت. ئێمەش لەگەڵ ئەو رایەی پێشوودا یەک دەگرینەوە کە رەخنەگر پێویستە بە وریایی هەر بەرهەمێک بەکات و سەردەمی لەدایکبوونی ببەستێتەوە، بەڵام ئەو چەند ساڵەش -حەوت یان هەشت ساڵ- ماوەیەکی ئەوەندە دوور و درێژ نییە تاکو کارێکی وا بنەڕەتی و کاریگەر بکاتە سەر گۆڕانی رێبازی شیعری. بەهەر حاڵ ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێ لەم خاڵەدا ئەوەیە خاوەنی (جوابنامە) کاتێک هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی دەردەبڕێت تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە شیعری کلاسیکی بۆ ئەو سەردەمە تازەیە دەست نادات و شاعیر پێویستە خۆی لە جۆری ئەو بابەتانە دوور بخاتەوە کە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا و شیعرێک بنووسێت لەگەڵ بارودۆخی نوێی سەردەمدا بگونجێت.

لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژیان)دا نووسەرێک بەناوی (سیاپۆش )(**)ەوە

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤ .

(*) مەبەست لەم پێوانەیە گەڕانەوەی هەر بەرهەمێک بۆ سەردەمی لەدایکبوونی بەرهەمەکە و بەستنەوەی بە چوارچێوەی ئەو قۆناغە مێژووییەی تیایدا لەدایک بووە .

(**) ئەم وتارە هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد جگە لەوەی کە بە دوو ژمارە لە رۆژنامەی (ژیان ١٩٣٢)دا لە ژمارە (٣٣٥و٣٣٦)دا بڵاوکرایەوە، دوای ساڵێک هەر ئەم وتارە لەپاڵ چەند بەرهەمێکی تردا لە نامیلکەی (یادگاری لاوان)دا بڵاوکرایەوە، بەڵام دەبێ ئەو لێخستنە سەرەشی بۆ زیاد بکەین کە ئەو وتارەی لە نامیلکەکەدا بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ وتاری رۆژنامەکە ئەگەرچی ووردە =



وتارێکی رەخنەیی بڵاوکردۆتەوە، لەپاڵ رەخنەگرتنی لە شاعیرانی کۆن هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئەو شاعیرانەی سەردەمی خۆی کە هێشتا لەسەر شێوەی کلاسیکی شیعریان دەنووسی... نووسەر بە تووڕەییەوە روویان تێ دەکات و بەگژیاندا دەچێت و هەڕەشەیان لێدەکات کە لەمەو بەر ئەگەر لەبەر نەبوونی رەخنە شیعرەکانیان بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ بڵاو کرابێتەوە و بەبێدەنگی کارەکانیان بۆ چووبێتە سەر و کەس لێیان بەدەنگ نەهاتبێ، ئەوا لەمەودوا ئەم کارەیان رووبەڕووی دەمی تیژی رەخنە دەبێتەوە «بەڵێ، هەتا ئێستا بێ لێکدانەوە هەڵمان کێشاون لەمەشدا بیانوومان هەیە چونکە پیاو لە تاریکیدا جوان و ناشرینی لاوەک یەکە، بەڵام لەمەو دوا ئەو دەورە رۆیشت کە بەزەرد بوترێ زێڕ، بەسەدەف بلـرێ مرواری لەمەو دوا رۆشنایی زانین بەرچاومان رووناک ئەکاتەوە هەموو شتێ وەکو خۆی ئەبینین و پێویستە هەرشتێ بەپێی بەرزی و نزمی خۆی ریز بکەین بەپێی چاکی و خراپی ناوی لێ بنێین بە بەیبوون نەڵێین نێرگز و بە نێرگز نەڵێین بەیبوون» (٢٧).

ئینجا دوای ئەوەی نووسەر بەم جۆرە واقعی رەخنەی ئەدەبی کوردی پیشان دەدات دێتە سەر شاعیرانی کلاسیکی کورد و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەڕەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی دیار دەکات. بەلام دەبێ ئەوەش بڵێین رەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی هەڵوێستێک نییە نووسەر لەخۆیەوە وەری گرتبێ، بەڵکو چەند هۆیەکی بنەڕەتی هەبوو کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆیانە لە لایەکەوە بارودۆخی سیاسی ئەوسای میللەتی کورد بوو کە بارودۆخێکی ئاڵۆزی درروست کردبوو وپێویستی بەوە دەکرد هەرکەسێک لە شوێنی خۆیدا هەست بەلێپرسینەوە بکات بەرامبەر بەمیللەتەکەی و بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕهێنانی نووسەر بەو بیروڕا پێشکەوتووخوازانەی ئەوسا لە ئارادا بووو ببووە هۆی دروستبوونی

= جیاوازییەکی هەیە لەو رووەوەکە وتاری نامیلکەکە لە وتاری ڕۆژنامەکە درێژترە و ناوی نووسەرەکەشی لەسەر نییە، بەڵام بەراوردکردنی دەقی هەردوو نووسراوەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەردووکیان یەک شتن بەڵام نووسەر لەبەر هەر هۆیەک بێت کاتی خۆی لە ڕۆژنامەکەدا نەیتوانیووە یان نەیویستووە وتارەکە تەواو بکات ئەوەبوو هەروەک دەردەکەوێت ئەمەی بۆ هەلێکی تر هەڵگرتبوو تا لە نامیلکەکەدا وتارەکە بە تەواوی بڵاوکرایەوە. ئێمەش لەبەر ئەوەی وتارەکە لە نامیلکەکەدا تەواوکراوە و هەموو بەشەکانی بڵاوکراوەتەوە و تاوەکو دوو سەرچاوەی جیاوازیش بۆ یەک شت بەکارنەهێنن پشتمان بە وتاری نامیلکەکە بەست .

٢٧- شاعیرەکانمان، یادگاری لاوان، ١٩٣٣، ل٣٣ .

تێڕوانینێکی نوێ سەبارەت بەئەرک و پەیامی شیعر، ئەمەش زۆر بەئاشکرا لەو کۆمەڵە سەرنج و بیروڕایانەدا دەردەکەوێت کە نووسەر لە وتارەکەیدا وەک نەخشەیەک بۆ شیعری نوێی داناون.

بەسەرکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو بیروڕایانەی نووسەر دەری بڕیبوون ئەوەمان بۆ دەردەخەن تا چ رادەیەک هەستی بە لێپرسینەوە کردووە بەرامبەر بەمیللەتەکەی و هەموو ئامانجێکی لە هەوڵ و کۆششەکەیدا دروستکردنی ئەو قەناعەتە بووە لای شاعیرانی سەردەمی خۆی.

نووسەر چەند نموونەیەک لە شیعری کلاسیکی دەهێنێتەوە و دەڵێ: «زۆری شاعیرەکانمان ئەگەر لەبەر ئێوە نەڵێم هەموویان دڵدارێکی خۆپەرست و بێباکن وەکو یەکێکیان ئەڵێ:

من و یارم لە کونجێ دابنیشین

چەبکم، عالەمی زێڕ و زەبەربێ!

بەزۆر و بەخوایش ئەگرین و ئەقیژێنن لە باسی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و رووی رۆژی و پرچی شەوی و باڵای سەرویەوە چیدیکە نازانن، بەڵام کاشکی ئەمەشیان چاک بزانیایە من لەگەڵ (ئەسیری) ناڵێم. «تەرکی ئەشعاری عشق بازی کە گەر زەوقت هەیە» چونکە لای من شیرینی دوڵبەران، لەنجە و لاری یاران جوانییە بەڵام بەشێکیەتی هەمووی نییە»[٢٨] لەم دەقەدا رەخنەی سەرەکی نووسەر لە شاعیرانی کلاسیک جارێ پێش هەموو شتێ ئەوەیە کە ئەو شاعیرانە لەلایەکەوە خۆیان تەنها بەچەند بابەتێکی دیاری کراوی هەمیشە دووبارە کراوە بەستۆتەوە، لەلایەکی تریشەوە تەنها لایەنێکی بچووکی بابەتەکە دەبینن لەکاتێکدا هەر بابەتێک لەو بابەتانە چەندان لایەنی تریان لێ دەبێتەوە ئەوەتا ئەو شاعیرانە تەنها خۆیان بەخۆشەویستی یارەکانیان دەبەستنەوە و تەنها مەبەستیان گەیشتنە بەو یارە و جوانیش تەنها لە رووخساری ئەو یارەدا نەبێ لە شتێکی تریدا نابینن، بەرامبەر بەم تێڕوانینە تەسکەی ئەو شاعیرانە نووسەر ئاماژە بۆ گەلێک بەهای بەنرخی خۆشەویستی و جوانی دەکات و دەستیان لەسەر دادەنێت و داوا لە شاعیران دەکات ئاوڕ لەو لایەنە جۆربەجۆر و دەوڵەمەندەی سروشتی جوانی کوردستان و واقعی پڕ لە دەرد و مەینەتی کۆمەڵی کوردەواری بدەنەوە و بیانکەنە سەرچاوەی بەپێزی شیعرەکانیان، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا نووسەر لەکاتێکدا ئەم رەخنانە ئاراستەی شاعیرانی کلاسیک

٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨و٣٩ .



دەکات، بنەڕەتی مەوزووعییانەی بیروڕاکانی خۆی دەپارێزێت کاتێک ئەو بیروڕایەی (ئەسیری) شاعیر رەت دەکاتەوە کە داوا لە شاعیران دەکات واز لە (ئەشعاری عیشق بازی) بهێنن، چونکە دەزانێت ئەو بابەتە یەکێکە لە بابەتە گرنگ و باوەکانی شیعر و شیعری هیچ سەردەمێک لەو بابەتە زیندووە بێبەش نییە بۆیە ناکرێ بابەتێکی وا گرنگ رەت بکرێتەوە و داوا لە شاعیران بکرێت خۆیانی لێ دوور خەنەوە، بەڵام دەکرێ شاعیر ئەم بابەتانە نەکاتە تەنها مەبەستێک و هەموو شیعرەکانی لەخولیای ئەو بابەتەدا بسوورێنێتەوە، چونکە شیعر بەپێی بارودۆخی سەردەمی نوێ گەلێک ئەرکی گرنگ و پیرۆزی هاتۆتە پێش دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

سەرنجدانێکی وردی هەندێ لە بیروڕاکانی نووسەر سەبارەت بەئەرکی شیعر بەتەواوی هەڵوێستی نووسەرمان بەرامبەر بەشیعری کۆن و نوێ بۆ دەردەخات «شیعر: لە شەوانی لێک دابڕاندا فوو لە کوورەی دڵداری ئەکا، لە رێگەی ژیاندا چرای هیوا بۆ تێکۆشەران هەڵ ئەکات، لەگەڵ چنگی ئاسنینی گەردوون دەم بەپێکەنین دەست بازی ئەکات، لەگەڵ شنەی وەشت گەمە بەپرچی نازداران ئەکا، لەبەر چاوی بێ هیوا یان ژین شیرین ئەکاتەوە، لەگەڵ زرەی زنجیری گیرۆدەییدا ئەچێتە گوێی بەندیانەوە، لە خەوی بێهۆشی رایان ئەچڵەکێنێ؛ لە ژێر بەیاغی ئازادییدا بەسەر زریەی خوێنی کوژراوان و جوانەمەرگاندا دێت...»[٢٩] ئەگەر نووسەر ئەم هەموو ئەرکە گرنگە بەشیعر بسپێرێت و ئەو رۆڵە کاریگەرەی بداتێ لە رێنمایی کردنی کۆمەڵانی خەڵک و بەشداری کردن لە خەبات و تێکۆشانی میللەت، دەتوانین لەوە بگەین بۆچی ئەو ئەوەندە لەو شاعیرانە بێزار و بەگلەیییە کە هێشتا گیرۆدەی بابەتە سواوەکانی شیعری کلاسیکین «بینینی هەزاران ژنی سک سووتاو، مندالّی بێ باوان و بەندی بێ تاوان و چاوپێکەوتنی ئەو هەموو شێوە دڵگیرو گریەنەرانە تاکەی لە دڵی شاعیرەکانماندا هەر یادی ئەسکەندەر و ئاوی بەقا، تەختی کەی و جامی جەم و بەختی زەحاک زیندوو ئەکاتەوە؟؟ تاکەی لە ماهی کەنعان و عەزیزی میسر واز ناهێنن؟»[٣٠] کەواتە داوای نووسەر بۆ وازهێنانی شاعیران لەو بابەتانەی کە بۆ ئەمڕۆی ژیانی سەردەمەکەیان دەست نادات داوایەکی ئاشکرایە، نەک هەر ئەمە بەڵکو مەرجی سەرەکی دارشتنی بناغەی شیعری نوێی راستەقینەیە...

٢٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤و٣٥ .

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠ .

«شاعیرەکانیشمان رەنگە ژەنگی کۆنی بەریان بدا ئەگەر خۆیان بخەنە بۆتەی ژیانەوە جلەو بۆ ئەسپی لێکدانەوەیان شل بکەن دەست لە کلکی سیمرخ و گوێسوانەی شاری جابلقا بکەنەوە.[٣١]

لەناو ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی ئەو شاعیر و رەخنەگرانە بەرامبەر بەشیعری کۆنی کوردییان وەرگرتبوو وەنەبێ ئەم توندوتیژییە تەنها بەرامبەر بەشیعری کۆن بووبێ، بەڵکو شیعری نوێشی گرتۆتەوە، چونکە هەر لەناو ئەمانەدا چەند دەنگێک بەرزبۆتەوە دژی شیعری نوێ و بەتوندی رەخنەی لێ گرتووە و تەنانەت گاڵتەشی پێکردووە. هەر لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژیان) نووسەرێک لە زنجیرە وتارێکدا وەڵامێکی توندوتیژی وتارە رەخنەییەکەی (سیاپۆش)ی داوتەوە و لە رێگای ئەمەوە بیروڕا رەخنەییەکانی پێش خۆی رەت کردۆتەوە و رەخنەیەکی توندی ئاراستەی شیعری نوێ کردووە.

نووسەر وتارەکەی بەچەند ئامۆژگارییەک دەست پێ دەکات سەبارەت بەشێوازی رەخنەگرتن کە دەبێ هێمن و لەسەرخۆ و دوور لە دەمارگرژی و تیر و توانج تێگرتن بێ، بەڵام دیارە نووسەر هەر زوو قسەکانی خۆی لەبیر دەکات، چونکە هەر خۆشی بەگرژی و تووڕەیی وەڵامی وتارە رەخنەییەکەی (سیاپۆش)دەداتەوە و بەنەزان و نەشارەزای لەقەڵەم دەدات.

«ئەمەوێ بڵێم ئەو کوڕەی دەربارەی شاعیرەکان دواوە و خۆی شاعیر نەبووە و تا لەچەندوچۆنی و چاکی و خراپی شیعر بزانێ و لە هونەری شاعیران بگا.[٣٢]» ئینجا ئەگەر تەماشای هەڵوێستی نووسەر بکەین بەرامبەر بەشیعری کۆن و نوێ دەبینین نووسەر بەرگری لە شیعری کلاسیکی دەکات و بەرامبەر بەمەش گاڵتە بەشیعری نوێ دەکات ئەمەش زۆر بە روونی لە هێنانەوەی نموونە شیعرییەکاندا دەردەکەوێت.

زۆر کەس دەبینم بەنالی ئەڵێن ئەمە شیعرە وتوویە؟:

(هەر جۆگە و جێگاییی کەوا سور و سوێر بێ
جێی جۆششی گریانی منە خوێنە رژاوە
پێ دەکەنن و ئەمە پەسەند ئەکەن:
(بەلاڕانی نەرمیدا شیرین تەشی دەڕێسێ)

٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ .

٣٢- یادگاری لاوان، ر: ژیان، ژ: ٣٧٥ ، ٣١ ئاغوستوسی ١٩٣٣، ل٤ .



ئینجا لەم دوو تام و کامەدا هەر کەسە پایەی هونەرمەندی خۆی دەردەخا[٣٣]» نووسەر بەردەوام دەبێ لەسەر بەرگری کردنی لە شیعری کلاسیکی و مەسەلەی (ئاسانی و گرانی تێگەیشتن) لە شیعر دەکاتە بناغەی هێرش کردنی بۆ سەر شاعیرانی تازە و تاوانبارکردنیان بەنزمی ئاستی شیعرەکانیان و هەر ئەم خاڵە دەکاتە بناغەی بەرزکردنەوەی شیعری کلاسیکی و لەم رووەوە بەرزی شیعرەکانی (نالی) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە شیعرەکانی وەک شیعری نوێ نییە ئاراستەی هەموو کەس بکرێت و لێی تێبگەن، بەڵکو شیعرەکانی ئەو تەنها ئاراستەی دەستەیەکی هەڵبژاردەی هونەرپەروەران کراوە «گوناهی نالی ئەوەیە بۆ پایەی بڵندانی هونەر واتەی هۆنیوەتەوە وەک تازە پیا گەیوەکان نەی وتووە:

لە هاویندا لەبەر قرچەی هەتاوا
لەبن سایەی گوڵی هەرمێ کوڵاوا
لە هەڵهێنانی دوو چاوی (نواوا).........»[٣٤]

نووسەر هەر لەسەر شێوازەکەی جاران بەتەوسەوە پاساو بۆ روونی واتای شیعر لای شاعیرانی نوێ دەهێنێتەوە و لەهەمان کاتدا دەیەوێ بەرامبەر بەخۆماندوو کردن و هیلاکی شاعیرانی کلاسیک، ئاسانی هۆنینەوەی شیعری نوێ پیشان بدات «کوڕە راست ئەکا ئێستا شیعر ئەوەیە چۆن هاتە پێش چاو و چۆنت دی ئەوە بەشێوەی رەوانی و بەزبانی خۆت بیهۆنیتەوە».[٣٥]

ئاشکرایە نووسەر گاڵتە بە شیعری نوێ دەکات و بەچاوێکی نزمەوە تەماشای دەکات و هەر هەڵێکی بۆ هەڵکەوتبێ لەدەست خۆی نەداوە و هێرشی خۆی کردۆتە سەری و پێی لەسەر کەموکوڕییەکانی داگرتووە و بەرامبەر بەمەش بەتوندی بەرگری لە شیعری کلاسیکی کردووە و بە نموونەی بەرزی ئەدەبیاتی کوردی لەقەڵەم داوە. بێ ئەوەی گوێ بداتە پێویستییەکانی سەردەمی خۆی کە پێویستی بە جۆرە شیعرێکی تازەیە بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە تازەکەی ئەو سەردەمەی تیایدا دەژی.

٣٣- تەنقیدێکی ئەدەبی لە بابەت دەرچوونی (یادگاری لاوان)ەوە، ر: ژیان، ژ: ٣٧٦، ساڵی٨، ئەیلولی، ١٩٣٣، ل٣ .

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢ .

٣٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

هەروەها (قانیع)ی شاعیر هەڵوێستێکی توندوتیژ بەرامبەر بە شیعری نوێ دەنوێنێت، لەلایەکەوە ڕەخنە لە شاعیران و لەلایەکی تریشەوە ڕەخنە لە شیعرەکانیان دەگرێت.

(قانیع) کە باسی خووڕەوشتی شاعیرانی نوێ دەکات لەگەڵ خووڕەوشتی خۆی و شاعیرانی سەردەمی خۆی بەراورد دەکات و شاعیرانی نوێ بەوە تاوانبار دەکات کە ڕێز لە شاعیرانی پێش خۆیان ناگرن و پەلار و تیر و توانجیان تێدەگرن «ئێمە کە پێمان نایە دەشتی جیهانەوە وپێنووسمان گرت بەدەستەوە و نەختە نەختە هۆنراوەمان بلاوئەکردەوە لە ڕۆژێکا بووین تەماشای دیوانی تایەر بەگمان ئەکرد نووسراوبوو:

سەد نامی خودا بێت لە دوو بوستانی ئەنارت
گرد و شلک و نازک و پڕ چەنگ و قەشەنگ

یا وەفایی - {شیرین تەشی دەرێسی بەڕانی نەرم و لووسی} یا ناری - {ڕووت وەکو ئاگر موژەت، وەک تیرە ئەبرۆت قیمەکێش} یا مصباح الدیوان هەروەک لە بەهێی کاڵ درابێ دەمی نەشتەرە ئێمە شاگردی ئەم باخەبووین هیچ تانووت و توانجمان نەدا لەوان و نەمان وت ئەمانە نەزان بوون خراپیان کرد نەچووین بەگژیانا لە نووسراوەکەمانا تانەمان لێنەدان...»(٣٦) بەڵێ شاعیر خووڕەوشتی شاعیرانی نەوەی خۆی لە خووڕەوشتی شاعیرانی نەوەی نوێ بە بەرزتر دادەنێت. ئینجا ئەوە دەردەخات کە شاعیرانی نەوەی خۆی لە هیچ کاتێکدا گیانی تەوازوعکارانەی خۆی لەدەست نەداوە و هەمیشە ڕێزی لە شاعیرانی پێش خۆی گرتووە سەرباری تێگەیشتنی قووڵی ئەو شاعیرانە لەبارەی گۆڕانی ئەرکی شیعر بەپێی گۆڕانی بارودۆخی سەردەمەکەیان کە ئەمەش لەو گۆڕانکارییانەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەو شاعیرانە بەسەر شیعریان داهێنا «... بەلاَم بەپێی هێزی پێنووسی خۆمان پاڵێکمان نا بە نووسینی کوردییەوە کە من لەباتی {گرد و شلک و نازک نووسیومە:

قەفقەفی حەڵقەی کەلەپچەکەت هەڵبڕە وەک پاڵەوان
خۆ تو منداڵت بە کوشت دە بۆ ڕەواجی نیشتیمان

ئەحمەد موختار جاف لەباتی شیرین تەشی دەرێسی فەرموویەتی:

لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهدی فەزل و هونەرتانە

٣٦- بەهۆی هەتاوی پرشنگ زێڕینەوە، قانع، گ: هەتاو، ژ: (١١٥)، ساڵی٤، ٣٠تشرینی دووەمی ١٩٥٧، ل١ .



یا خوالێخۆشبوو مامۆستا بێکەس لەباتی (ڕووت وەکو ئاگر قژت وەک شیش ئەو ئەبرۆ قیمەکێش) فەرموویەتی:

شەرتە شەرتی پیاوەتی پێ گەر خوا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە

یا مامۆستای هەموان... زێوەر خوالێخۆشبوو لەباتی (هەروەک لە بەهێی کاڵ درابێ دەمی نەشتەر) فەرموویەتی:

ڕانکو چۆغەی لای ڕەواندز پەستەکی پاڵەم هەیە
بۆ کڵاشی تیرە مەحکەم ڕوو لە هەورەمان ئەکەم»(٣٧)

بەراوردکردنی ناوەڕۆکی ئەم شیعرانەی قانیع و شاعیرانی نەوەی خۆی لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆی بەئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە شیعر چ جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە و چۆن ڕاستەوخۆ تەعبیرێکی ڕاستەقینەی لە بارودۆخی ئەو سای میللەتەکەیان کردووە و لەو بابەتانە دوور کەوتۆتەوە کە شاعیرانی پێش خۆی خۆیان پێوە خەریک کردووە. شاعیر لە هێنانەوەی ئەم نموونانەدا زیرەکانە ئاماژەی بۆ ڕۆڵی شاعیرانی نەوەی خۆی کردووە لە بەشداری بوونیان لە دەربڕینی گیروگرفت و ئێش و ئازاری میللەتەکەیان، بەلاَم سەرباری ئەوەش وەک شاعیرانی نەوەی نوێ، واتە شاعیرانی دوای خۆیان نەهاتوونە لە نرخی شاعیرانی پێش خۆیان کەم بکەنەوە و بە چاوێکی نزمەوە تەماشایان بکەن.

ئەم بیروڕایانەی (قانیع) لەکاتێکدا سەبارەت بە هەڵوێستی بەرامبەر بە شاعیرانی پێش خۆی، واتە شاعیرانی کۆن، چوارچێوەیەکی مەوزوعی ڕێکوپێکی وەرگرتووە. بەرامبەر بەمە هەڵوێستی بەرامبەر بەشاعیرانی نوێ بەتەواوی مەوزوعییەتی لەدەست داوە. چونکە (قانیع) کە هەڵوێست بەرامبەر بە شیعری نوێ وەردەگرێت هەر بەوە ناوەستێ ڕەخنە لە شیعری نوێ بگرێت و پەسەندی نەکات، بەڵکو سووکایەتیشی پێ دەکات لەلایەکەوە لە هەموو مانایەکی بەتاڵ دەکات و بەشیعرێکی بێ مانای لەقەڵەم دەدات کاتێک قسەکانی ئاراستەی شاعیرانی نوێ دەکات و دەڵێ :«کاکە گیان ئەمانەی ئێوە پێیان ئەڵێن شیعری تازە سێ سەد ساڵ لەمەو پێش شاعیرە نەخوێندەوارەکانمان شیعری وایان وتووە بەلاَم هینەکەی ئەوان مەعنایان تێدایە»(٣٨). لەلایەکی تریشەوە هەر

٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢و٣ .

٣٨- هەژار ڕاست ئەکا یا خەمگین؟، قانع، گ: ڕوناهی، ژ:٤، ساڵی١، ١٩٦١، ل٧٥و٧٦ .

بەوە ناوەستێ شیعری نوێ بەشتی هیچ و پوچ لەقەڵەم بدات، بەڵکو نووسینی ئەم جۆرەشیعرە بۆ خۆی بەتاوان دادەنێت بەرامبەر بە ئەدەبی کوردی بۆیە هەر توخنی ئەم جۆرە شیعرە ناکەوێ «... زۆرجار ئەهات بەدڵما کە منیش هەندێ لەو بەزمە بڵێم بڵاوی بکەمەوە هەتاکو لە جنێوی تازە شاعیر پارێزراوبم بەڵام بەتاوانم ئەزانی کەوا شتی هیچ و پوچ بڵاو بکەمەوە چونکە بەرامبەر بە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەم گوناهبار ئەبووم...»(٣٩).

دیارە (قانیع) بەرامبەر بەهەندێ لە نموونە بەرزەکانی شیعری نوێ هەستی بەنامەوزوعیەتی هێرشە توندوتیژەکەی کردووە بەرامبەر بەشیعری نوێ، بۆیە بۆ ئەوەی کەمێک لە توندوتیژی زمانەکەی کەم بکاتەوە و تۆزە مەوزوعیەتێک بداتە بیروڕاکانی هەوڵی داوە چەند شاعیرێکی دیاری کراو لە هێرشەکەی دوور بخاتەوە «... شیعری تازە زۆر جوانە بەو مەرجەی وەکو شیعرەکانی مامۆستا (گۆران) و مامۆستا (کامەران) بێت ئایا کەس هەیە لەناو شاعیران بڵێت گۆران و کامەران خەراپ ئەنووسن نەوەڵڵا برای باش هەرکەس وەک ئەوان شیعری مانادار و لەسەر شێوەی تازە بنووسێت زۆرچاکە بەڵام بەو مەرجە مەعنای تێدا بێت»(٤٠). (قانیع) دەیەوێ ئەوە بڵێت کە هۆی هێرش کردنی بۆ سەر شاعیرانی نوێ نەبوونی مانایە لە شیعرەکانیاندا هەر کاتێک ئەو شاعیرانە شیعری ماناداریان نووسی ئەوا شیعرەکانیان پەسەند دەکرێت، دەتوانین بڵێین ئەمە داوایەک بوو بۆ شاعیرانی نوێ بۆ ئەوەی لە شیعرەکانیاندا بایەخ بە مانا بدەن و لەو بابەتانە دوور بکەونەوە کە شاعیرانی ئەوسا خۆیان پێوە خەریک دەکرد.

لەمەوە دەتوانین بڵێین لەناو ئەم هەڵوێستە توندوتیژە دا بەرامبەر بەشیعر، لە چەند رایەکی کەم بەولاوە نابینین رەخنەگرانی کورد هێرشیان کردبێتە سەر شیعری نوێ، بەڵکو بەگشتی زۆربەی زۆریان، بە گژ شیعری کۆندا چوونە و رەخنەیان لێ گرتووە و رەتیان کردۆتەوە.

(عبدولواحید نوری) لە روانگەی بیروباوەڕێکی دیاری کراوەوە هێرش دەکاتە سەر شیعری کلاسیکی ئەویش خۆبەستنەوەیەتی بە چینێکی دیاری کراوی کۆمەڵەوە کە چینی سەرەوەیە لە کاتێکدا نووسەر لەو بڕوایەدایە کە پێویستە ئەدەب بۆ هەموو چینەکانی

٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦و٧٧ .

٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧ .



کۆمەڵ بێت «داخەکەم ئەو دەورە کۆنە دەورێکی زۆر عەنتیکە بووە! هەموو مادەی ئەدەبیات عیبارەت بوو لە باسکردنی ژیانی ئەرستۆکراتییەکان کە ئەمە لە تەئریخی ئەدەبیاتا بە دەورێکی تاریکی تاڵ ئەناسرێ نەک ئەدەبیاتی ئینگلیز، عەرەب، ئێران، کورد هەموو ئەدەبیاتەکانی عالەم مەگەر بە تاسووقی سەنکرێکی گەورەی پڕ حەممیەت دانی بەخۆیا نابێ بەڕاستی تۆزێ هەژارانی لاواندبێتەوە!»(٤١) ئینجا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شیعری نوێ دەردەخات لە پشتگیری کردنی ئەم جۆرە شیعرە بەهۆی شۆڕبوونەوەی بۆ ناخی کۆمەڵ و ئاوڕدانەوەی لە چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ بەتایبەتیش چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی میللەتی کورد «بەڵام کە شعووری ئینسانەکان تۆزێ کامل بوو و تۆزێ دوورکەوتەوە لە وەحشەت، پیاوماقوڵانی وڵاتان وازیان لەو فیکرە کۆنە هێنا و دەستیان کرد بە رازاندنەوەی ژیانی فەللاح، جووتیار، قەساب، کەوش دروو، خەیات، کە باسی پیاوماقووڵان ئەکرا بە چەشنێکی عەوامی لێی ئەدوا و باسی خۆشی و تاڵی و ترشی هەموو میللەت گەورە و بچووک، دەوڵەمەند و هەژار، وەک یەک ئەکرا و ئەم مەفکورەیە تا ئێستا تازە خەریکە قاڵ بێ و داڕێژرێ!.»(٤٢)

هۆیەکی تری پەسەند نەکردن و رەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی دەگەڕێتەوە بۆ تەم و مژ و مانای شاراوە و نادیاری شیعرەکان کە کاتێکی زۆری لە خوێنەر دەوێ بۆ تێگەیشتن لەو مانا شاراوانەی کە جاری وا هەیە کلیلی ماناکان تەنها لای شاعیران خۆیان دەست دەکەون، بۆیە بە رای ئەمانە ئەم کارەی شاعیرانی کلاسیک لە کوشتن و بەفیڕۆدانی کات زیاتر مەبەستێکی تری لە دوادا نییە «ئێمە لە دەورێکدا نین کە گاڵتە بە وەخت بکەین کە ئەدیبەکان یا شاعیرەکان نووسراو و شیعری دوور و درێژی بێ فەڕی مانا قووڵ(!) هەروەکو عەرەب دەڵێت: "المعنى في بطن الشاعر"مان بۆ دابنێن کە هەموو ژیانی بە رێکخستن و دانان و رازاندنەوەیانەوە خەریک کردبێ.»(٤٣) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لایەنێکی تری هۆی پەسەند نەکردنی شیعری کلاسیکی جگە لە تەم ومژی و نادیاری مانای شیعرەکان، خۆ خەریک کردنی شاعیرانی کۆنە بە رازاندنەوە و ئارایشت کردنی روخساری شیعرەکانیان.

٤١- ئەدەبیاتی تازە و ئینسانیەت، ع. و. نوری، ر: ژین، ژ: ٥٧٠، ساڵی١٤، ١٩٣٩، ل٣.

٤٢- ئەدەبیاتی تازە و ئینسانیەت، ع. و. نوری، ر: ژین، ژ: ٥٧٢، ساڵی١٤، ١٩٣٩، ل٢.

٤٣- ئەدەبیاتی تازە چۆنە و چۆن دەبێ؟، ح. ف، گ: گەلاوێژ، ژ: ٧، ساڵی١، ١٩٣٩، ل٣.

(شێخ محەمەدی خاڵ) ئەگەرچی لە لایەکەوە لەگەڵ ئەو رایەی پێشوودا یەک دەگرێتەوەو هۆی پەسەند نەکردنی شیعری کلاسیکی دەگەڕێنێتەوە بۆ بایەخدانی سەرەکی شاعیرانی کلاسیک بە روخساری شیعرەکانیان، لە لایەکی ترەوە هۆی ئەم هەڵوێستە توندوتیژەی بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی دەگەڕێتەوە بۆ خۆ خەریک کردنی شاعیران بەو بابەتە سواوانەی بە دوور و نزیک پەیوەندییان بە گیروگرفت و ئێش و ئازارەکانی ژیانی میللەتی کوردەوە نییە «زۆرترینی شاعیرە کۆنەکانمان تا چەند ساڵێ لەمەوپێش شیعرەکانیان هەر لە باسی زوڵف و خاڵ و چاو و برۆ و گەردەن و باڵا و ناوقەدا بووە، تەنانەت پیاوە دینییەکانیشمان هەر لەو بابەتەوە شیعریان وتووە، وەک هیچ مەعنایەکی تر نەبووبێ وابووە.»[٤٤] گرژی و تووڕەیی نووسەر لەم رادەیە ناوەستێ ئەمجارە هێرشەکەی ئەوەندە توندوتیژ دەکات هەرچی سیفەتی خراپە دەیداتە پاڵ شیعری کلاسیکی و جووینەوەی بەردەوامی بابەتەکان و بەسەرچوونی کاتی ئەو بابەتانە و بێ کەڵکییان دەکاتە بناغەی تەواوکردنی هێرشەکە بۆ سەر شیعری کلاسیکی «... ئەو شاعیرە کۆنەپەرستانەی هەرزەگۆیانەی، بێ گیان و دەمارانەن کە لە شێوەیەکی کۆنی هەزار ساڵ لەمەو پێشدا فێری شیعر وتن بوون، چەن تەشبیە و ئیستیعارەیەکی ناقۆڵایان لە شاعیرە کۆنەکانەوە بە کەلەپوور (میرات) بۆ بەجێماوە، هەموو رۆژێ لە کالایکی کۆنی رزیوی، ناشرینی بێ کەڵکا دەری دەخەن، وە بە مەدح یا زەم، یا مێژووی لەدیکبوون، یا مردنی ئەم و ئەو بەسەری ئەبەن، کۆمەڵ ئەبێ لە سروشتی بێ فەڕی ئەم جۆرە شاعیرانە چ بەهرەیەک وەرگرێ؟! لە گوفتار و وتاری پچڕاوەی نادیاری ئەم هەرزەگۆیانە چە قازانجێ بکا؟!![٤٥]».

(موحەڕەم محەمەد ئەمین)یش لایەنێکی تری ئەم هێرشە بۆ سەر شیعری کلاسیکی روون دەکاتەوە کاتێک بە لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێ و گۆڕانی پێداویستییەکانی کۆمەڵ لەو سەردەمە و هاتنە پێشەوەی ناوەڕۆکێکی نوێ، تەئکید لەسەر بەسەرچوون و مردنی یەکجارەکی شیعری کلاسیکی و دەست نەدانی بۆ سەردەمە نوێیەکە دەکات «سەردمی کۆن کە وێژە تەنها بۆ ستایش و دڵداری و پلار و لاوانەوە تەرخان کرابوو سەردەمێکی مردووە و ناگەڕێتەوە، ئەو سەردەمەی کە وێژە تیایا هۆی رابواردن و بەزمی چەند کەسانێک بوو کە تۆوی نالەباری لە دەروونیانا چاندرا بوو ئەو سەردەمە مردوو تازە

٤٤- شیعر و شاعیر، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: گەلاوێژ، ژ: ٥، ساڵی٧، ١٩٤٦، ل٤٧ .

٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.



نابێتەوە... سەردەمێکی تازە لەدایک بووە، سەردمی زانست، سەردەمی تازەبوونەوە، سەردەمی پێشکەوتن[٤٦]».

یەکگرتنەوەی نووسەران و شاعیرانی نوێی کوردی لەسەر گۆڕانی ئەرکی شیعر بە پێی بارودۆخی سەردەم لای چەند شاعیر و رەخنەگرێک دووبارە دەبێتەوە، ئەگەرچی ماوەیەکی کەمیش ناکەوێتە نێوانیان، بەڵام لە هەڵوێستێکی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە. (نەریمان)[*] لەو پێشەکییەدا کە بۆ دیوانی (هاواری لاوان)ی نووسیوە بە توندی دژی شیعری کۆن دەوەستێت و بیروڕای خۆی لەبارەی پەیام و ئەرکی شیعری نوێ دیاردەکات و دەڵێ: «لە سەردەمی رابردوودا شاعیر چاوەڕوانی مووچەی گەورە بوو ئەیانگوت ئەمە شاعیری فلان گەورەیە بەڵام لەم دەمەدا ئەوە بەسەر چوو ئەڵێن شاعیری گەلان، لاوان، ئەحزان هتد... هەروەها مەوزوعی شیعر ئەبێ لەگەڵ وەزعی گەل و زەمان بگۆڕێت، تازە وەسفی چاوی کاڵ و باڵای قەد عەرعەری یار و مەدحی بێ پوچ لە دەمەدا باویان نەما[٤٧]». ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر لەو نووسینەیدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا ناگونجێت کە رووبەڕووی شاعیری نوێ بۆتەوە و پێویستە دەریان ببڕێت و رۆڵی کاریگەری خۆی لە ژیانی واقیعی ئەو سەردەمەدا بگێڕێت، بۆیە ئەرکی شیعری نوێ لەوەدا دەبینێت کە شاعیران شیعرەکانیان بە ژیانی بە میللەتەکەیان ببەستنەوە و بە زمانی خەڵک قسە بکەن و لە بەرەی چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی میللەتدا بن و پشت لەو بابەتە بێ کەڵک و سواوانە بکەن کە شاعیرانی کۆن خۆیان پێوە خەریک دەکرد.

ئەم بیروڕایانەی (نەریمان) لەلایەن (کلۆڵ) ناوێکەوە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژین)دا لە زنجیرە و وتارێکدا وەڵامدرایەوە و بە توندی رەتکرایەوە[٤٨].

لە سەرەتادا نووسەر ئەو رایەی (نەریمان) رەت دەکاتەوە کە دەڵێ (شیعر ئاوێنەیەکی

٤٦- پەیام «رسالە»ی وێژەوانی کورد، محرم محمد أمین، گ: هەتاو، ژ:٩٥، ساڵی ٣، ٣٠ نیسانی ١٩٥٧، ل ١٣. هەروەها بڕوانە: شیعر و شاعیر، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: گەلاوێژ، ژ: ٥، ساڵی ٧، مایسی ١٩٤٦، ل ٤٧.

(*) ئەمەیان (مستەفا نەریمان)ی نووسەرە، ساڵی ١٩٥٣ نامیلکەیەکی شیعری بەناوی (هاواری لاوان) دەرکردووە .

٤٧- هاواری لاوان، نەریمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی جامعە، بەغدا، ١٩٥٣، پێشەکییەکەی، ل٧.

٤٨- بڕوانە: هاواری لاوان، کلۆڵ، ر: ژین، ژ: (١١٧٢-ل١و٤) و ژ: (١٩٧٣- ل٣و٤) و ژ: (١١٧٤- ل٣ و ٤) و ژ: (١١٧٥- ل٢ و ٤) ی ساڵی ٢٨، ١٩٥٣ .

راستی گەلە) و ئەوە دەردەخات کە ئەم رایە زۆر گشتییە و هەموو جۆرە شیعرێک دەگرێتەوە، چ ئەو شیعرەی لە بەرژەوەندی چینی چەوساوەی گەل بێت یا ئەو شیعرەی خزمەتی چینی سەرەوەی میللەت دەکات، بۆیە دەبوایە شاعیر جۆری ئەو شیعرەی دیار بکردبایە کە بە راستی ئاوێنەیەکی راستەقینەی ژیانی گەلە بۆیە رایەکەی پەسەند ناکات و دەڵێ: «... بێگومان ئەمە وا نییە، چونکە نەی وتوە چ جۆرە شیعرێک ئاوێنەی راستی گەلە. شتێکی دیارە شیعر بە گوێرەی شاعیر ئەگۆڕێت شاعیرێکی (ئەرستۆکراتی) بە تەنها چاوی هەر چینەکەی (طبقە) خۆی ئەبینی هەڵبەستەکانی ناهۆنێتەوە جگە بۆ خزمەتی دارودەستەی خۆی نەبێت. کەواتە لە چینی خۆی زیاتر چینێکی تر نانوێنێ... گەلێک شاعیران هەن هەڵبەستی ئەوتۆ رێک ئەخەن هەمووی هێرش بردنە بۆ سەر بەرژەوەندی (مصالح) گەل و کۆمەڵ، ئەو چەشنە شاعیرانە لە هەموو نەتەوەیەکدا هەن. جا ئیتر چۆن ئەتوانین بڵێین (شیعرەکانیان ئاوێنەی راستی گەلە)[49]». ئینجا نووسەر لەگەڵ (نەریمان)دا یەکی گرتۆتەوە لە بارەی گۆڕانی شیعر و دروستبوونی ناوەڕۆکێکی نوێ بە پێی بارودۆخە نوێیەکەی ژیانی سەردەم و ئەرکی شیعری نوێ لە رووی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە و جیابوونەوەی لەو ناوەڕۆکە بێ سوود و لە کەڵک کەوتووەی شیعری کلاسیکی، بەڵام بوونی ئەو جیاوازییەی لە نێوان شیعری کۆن و نوێ بەڕای نووسەر بێ هۆ نەبووە و لە خۆیەوە دروست نەبووە، بۆیە داوای لێکردووە بۆ ئەوەی مەسەلەکە نەشێوێت و رووی راستەقینەی دەربکەوێت پێویست بوو بە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی ببەستبایەوە و ئەو هۆیانەی دیاربکردبا کە ببوونە هۆی ئەوەی شاعیرانی کۆن خۆیان لە چینی خاوەن دەسەڵاتەکان نزیک بخەنەوە و ئەو جۆرە شیعرە بنووسن «... بەڵام ئەوەبوو (کاک نەریمان) وەک سەردوولکەی باسەکەی دامەزراند هیچ نەبوایە بە کورتی ئەو پاڵە مێژووییانە (العوامل التاريخية)ی لێک بدایەتەوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی شاعیرانی ئەو حەلە دەم لار بکەنەوە لە کاربەدەستان....[50]».

(نەریمان) بەرامبەر بەو وتارە رەخنەییانەی (کلۆڵ) تەنگەتاو دەبێ و لە هەڵوێستێکی زۆر توندوتیژدا بەوپەڕی تووڕەییەوە لە زنجیرە وتارێکدا[51] نەک هەر وەڵامی رەخنەکانی

٤٩- هاواری لاوان، کلۆڵ، ر: ژین، ١١٧٤، ساڵی ٢٨، تشرینی دووەمی ١٩٥٣، ل٤ .

٥٠- هاواری لاوان، کلۆڵ، ر: ژین، ١١٧٥، ساڵی ٢٨، تشرینی دووەمی ١٩٥٣، ل٢ .

٥١- بڕوانە: وەڵامی ژین و کلۆڵ، نەریمان، گ: هەتاو، ژ: (٦- ل ٤ و ٥) و (٧- ل٢ و ٣ و ٤) و (٨- ل ١٥ و ١٦ و ١٧) ساڵی١، ١٩٥٤ .



نووسەر دەداتەوە بەڵکو کۆمەڵە قسەیەکیش بە (گۆران)ی شاعیر دەڵێ کە ئەوسا خاوەنی (ژین) بوو و ڕێی دابوو وتارەکانی (کلۆڵ) بڵاوبکرێتەوە «ئەگەر هەڵسووڕێنەری کاروباری ئێستای ژین شاعیری بەناوبانگ تەماشایەکی گەلاوێژی بکردبایە وای ئەکرد عەدالەتێکی راستی دەنواند. نازانم لەمەدا چ ئامانجێکی هەیە، ئایا ئەیەوێ دوژمنایەتی لەگەڵ میللەتەکەی بکا یا ئەیەوێ ئەستێرەی گەشی ژین بکوژێنێتەوە و یا هەر ئەوەندەی لێ ئەزانێ و یا نفسیا دەرەبەگێتی ئەنوێنێ و یا... و یا... بۆ کلۆڵ ناوێک چەند لاپەڕەکی لە ژمارەکانی تەرخان ئەکا بەراست و چەپا گێرە شێوێنێ بکا[52]». ئینجا وەک تەئکید کردنێک و سووربوونێک لەسەر قسەکانی پێشووی سەبارەت بە ئەرکی شاعیری نوێ و هەڵوێستی بەرامبەر بە شیعری کۆن هەمان رای پێشووی خۆی دووبارە دەکاتەوە «... شیعر بە پێی عەسر ئاوێنەی گەلی ئەو عەسرە بووە لە پێشدا شوعەرای کوردستان زۆرتر باسی چاوی کاڵ و باڵای قەد عەرعەری یاریان ئەکرد ئێستا تەقریبەن ئەمە بەسەرچووە لە مەوزووعی کۆمەڵایەتی و ناگوزیری وڵات زیاتر باس ئەکرێت[53]».

هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ) لە رووی هەمان بۆچوونەوە تەئکید لەسەر ئەو ئەرکە نوێیە دەکات کە بارودۆخی ئەوسای میللەت خستوویەتییە سەرشانی شاعیرانی سەردەم و داوای ئەوەیان لێ دەکات ئاوڕ لە کۆمەڵەکەیان بدەنەوە و خۆیان بە گیروگرفتەکانی خەڵکەوە ببەستنەوە و لەو کۆمەڵە بابەتە سواوانەی شاعیرانی کلاسیک دوور بکەونەوە «جاران هۆنراوە و پەخشانمان هەمووی هەر لە خزمەتی یەکە یەکەی کۆمەڵ دابووە، بە دەوری ئەم و ئەودا هاتووە، چونکە ئەوەی کە نووسراوە یا مەدح و پیاهەڵدان بووە، یا زەم و پیاهەڵخوێندن یا غەزەل و دڵداری بووە، یا شین و واوەیلا، یا گلەوخوتە، یا جنێوو پلار، یا مەتەڵۆکە و شتی پێچراوە یا گەلێ شتی تری هیچ و پووچی وا بووە.... بەڵام لەمەولا پێویستە لەسەر وێژەر و شاعیر ئاوڕێک بدەنەوە بە لای کۆمەڵ و گەلاوە بە گیانێکی بەرزی کۆمەڵایەتییەوە شت بنووسن[54]».

هەر لەو ماوەیەدا (رەفیق حیلمی) وەک یەکێک لە دیارترین رەخنەگرانی ئەو سەردەمەی کورد هاتۆتە پێشەوە و بە بیروڕا رەخنەییە زانستی و مەوزوعییەکانییەوە لە مەسەلەکانی

٥٢- وەڵامی ژین و کلۆڵ، نەریمان، گ: هەتاو، ژ: ٦، ساڵی١، ٣٠ تەمموزی ١٩٥٤، ل٤.

٥٣- وەڵامی ژین و کلۆڵ -٣-، نەریمان، گ: هەتاو، ژ: ٨، ساڵی١، ٣١ ئاغستۆسی ١٩٥٤، ل ١٥و ١٦.

٥٤- پێویستی وێژەر، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: بڵێسە، ژ: ٢، ساڵی١، ئەیلوولی ١٩٥٩، ل٦.

نوێکردنەوەی شیعری کۆڵیوەتەوە و یەکێک لەو مەسەلانەی کە بەو شێوە فراوانە و مەزوعییە لێی کۆڵیبێتەوە و بایەخێکی یەکجار گرنگی پەیدا کردبێ مەسەلەی کۆنی و تازەیی شیعرە، چونکە بیروڕاکانی لە زەمینەیەکی رۆشنبیری پتەوە و هەڵقوڵاوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی وردی نموونەی شیعرەکانییەوە دروست بووە.

هەڵوێستی (رەفیق حیلمی) بەرامبەر بە شیعری کۆن دەچێتە پاڵ ئەو هەڵوێستە توندانەی کە شاعیر و رەخنەگرانی ئەو سەردەمە بەرامبەر بە شیعری کۆنیان وەرگرتبوو. ئەم هەڵوێستەی رەفیق حیلمی لە خۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی سەرەکی یەکێک لەو هۆیانە ئەو بارودۆخە سیاسییە تایبەتییە بوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ میللەتی کورد دروست بوو و رەفیق حیلمیش یەکێک بوو لەو نیشتمانپەروەرە دیارانەی لە ناو ئەو رووداوانەدا ژیاوە و لە ریزی پێشەوەی میللەتدا بووەو بەشداری لە رووداوەکاندا کردووە و شارەزاییەکی تەواوی بارودۆخی سەردەمەکەی بووەو زانیویەتی بارودۆخێکی جیا لە بارودۆخی پێشوو بۆ میللەتی کورد هاتۆتە پێشەوە بۆیە ئەمە پێویست بەوە دەکات لە روانگەیەکی نوێوە و بە پێی پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە تەماشای لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کورد بکرێت و لە رووی تێڕوانین و بۆچوونێکی نوێوە باسیان لێوە بکرێت. لەبەر ئەوە کە رەفیق حیلمی وەک رەخنەگرێک هاتۆتە پێشەوە و بیروڕاکانی سەبارەت بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەربڕیوە لەو روانگە نوێیەوە تەماشای ئەرکی نوێی شیعری سەردەمی خۆی کردووە و هەستی بە زەرورەتی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری کوردی کردووە بۆیە داوای هاتنە پێشەوەی شیعرێکی نوێی کردووە کە گوزارشت لەو بارودۆخە نوێیە بکات کە لە ژیانی میللەتی کورددا دروست بووە. جا بەپێی ئەمە رەفیق حیلمی گەیشتۆتە ئەو بیروڕایەی کە شیعری کۆن دەوری جارانی نەماوە و ناتوانێت باری گرانی بارودۆخی ئاڵۆزی ژیانی سەردەم هەڵگرێت بۆیە پێویستە بکشێتە دواوە و مەیدان چۆڵ کات بۆ هاتنە پێشەوەی شیعری نوێ «هەرچەن جێی ئینکار نییە کە لە شیعری پێشینانا زۆری وای هەیە کە وەکو (ئەهرام)ەکانی میسر بەرزە یادگارێکی مێژووینی بە نرخە، یا لە دونیای وشە و وتارا لە شتە سەیر و عەجاییەکان ئەژمێررێ، جارێکی تر نایەتەوە ناوترێتەوە، بەڵام دیسانەوە کاتیان بەسەر چووەوە باویان نەماوە. چونکە خەڵکی ئەم زەمانە لەبەر گۆڕانی تیژ و خێرایی دونیاوە لە عاستی داهاتنی یەک لە دوای یەکی شتی سەیر سەیر و عەجاییی ئیمرۆدا ئەبلەق بوون و نایان پەرژێتە ئاوڕدانەوە بۆ سەر ئەم شتە کۆنانە لەبەر ئەمە ئەبێ ئیتر ئەو شیعرانەی



چەرخەکانی پێشوو وەکو (عەنتیکە)، بخرێنە (مۆزەخان)ەکانی ئەدەبەوە، بۆ ئەو شاعیر و گەڕۆکانە کە لە عەنتیکە و شتی کۆن ئەگەڕێن[٥٥]». ئەم رایەی رەفیق حیلمی بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری کلاسیکی ئیتر بە کەڵکی ئەم سەردەمە نایەت و بۆ ئەم ژیانە نوێیە دەست نادات، بەڵام دەبێ بە وردی تێبینی ئەوە بکەین کە لە کاتێکدا رەفیق حیلمی ئەم رایە دەردەبڕێ ئەمە بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێت کە بە چاوێکی نزمەوە تەمشای شیعری کلاسیکی کردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە سامانێکی گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی داناوە و داوای ئەوەی کردووە وەک شتێکی نایاب و بەنرخی سامانی نەتەوایەتیمان بپارێزرێت. بەڵام کاتێک هاتووە بە چاوی سەردەمەکەی خۆیەوە تەماشای شیعری کلاسیکی کردووە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کاتی ئەو جۆرە شیعرە بەسەرچووە و بۆ ژیانی سەردەمە نوێیەکەیان دەست نادات، بۆیە ئەمجارە هاتووە سەرجەم شیعری کلاسیکی رەت کردۆتەوە «من بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە شیعری کۆن بە چاک و خراپییەوە ئەبێ وردە وردە بکشێتە دواوە و (ئەنتیکە خانە)کانی ئەدەبی پێ بڕازێنرێتەوە...[٥٦]».

دەتوانین بڵێین هۆیەکی تریش هەبووە پاڵی بە(رەفیق حیلمی)یەوە ناوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستە توندوتیژە بەرامبەر بە شیعری کۆن وەربگرێ، ئەویش پەیدابوونی هەستێکی قووڵ بوو لای ئەو بەرامبەر بەو گۆڕانە بە پەلەو خێراییانەی بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتانی تردا دەهات و لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتری دەبردن، بۆیە بۆ ئەوەی میللەتی کوردیش لە کاروانی بەرەوپێش چوونی میللەتاندا دوانەکەوێ ئەو بڕوایەی لا دروست ببوو کە مەرجی بنەڕەتی ئەو پێشکەوتنە پچڕاندنی هەموو جۆرە پەیوەندییەکە بە رابردوو و ئاوڕدانەوەیە لە شتی کۆن «چونکە دەوری ئاوڕدانەوە لە شتی کۆن تێپەڕی تا روو ئەکەیتە دواوە لە کاروانی بەشەر کە وەکو گوللە رێ ئەبڕێ و پێش ئەکەوێ ئەوەندە بەجێ ئەمینێ[٥٧]».

هەروەک گوتمان رەفیق حیلمی لە کاتێکدا هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە شیعری کۆن وەرگرتووە لە هەمان کاتدا لە نرخ و بەهای ئەم جۆرە شیعرەی کەم نەکردۆتەوە، بێ ئەوەی ئەمە تووشی ناکۆکی کردبێت، لە راستیدا ئەوەی یارمەتیداوە بۆ ئەوەی بەرەو ئەو

٥٥- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل١٥٣و١٥٤ .

٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢ .

٥٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤ .

ناکۆکییە نەچێت، پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازە زانستییە بوو کە (پێوانە مێژوویی)یەکەی تێدا لەبەر چاو گرتووە و بەپێی ئەمە توانیویەتی بە شێوەیکی مەوزوعییانە لە شیعری کلاسیکی بکۆڵێتەوە و نرخی خۆی بداتێ سەرباری باوەڕهێنانی تەواوی بە شیعری نوێ.

(کەمال میراودەلی) سەبارەت بە بایەخی زانستی ئەم (پێوانە مێژوویی)یە دەڵێ: «ڕوویەکی دیکەی بۆچوونی زانستییانەی رەفیق حیلمی رەخنەگر، بەرچاوگرتنی پێوانەی: مێژووییە. نووسەر ئەو راستییە دەخاتە روو کە لە رووی هونەرییەوە ئەو بەرهەمەی لە سەردەمێکی جیاوازدا لە دایک بووە و سەر بە رێبازێکی ئەدەبی جیاوازە، پێوانەیەکی جیاواز هەڵدەگرێ لە بەرهەمێکی تر کە لە سەردەمێکی دیکەی جیاوازدا لە دایک بووبێ و سەر بە رێبازێکی کەبێ. لێرەوە ناشێ هەمان پێودانگ و بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانە بۆ شیعری کلاسیکی و شیعری نوێ بەکار بێنین[٥٨]». هەرچەندە ئێمەش لەگەڵ ئەو رایە یەک دەگرینەوە کە پێویستە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یا هونەری بە سەردەمی لەدایکبوونی ببەستینەوە و نرخ و بایەخی لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆیدا دیار بکەین، بەڵام ئەمە هەر تەنها لایەنی هونەری بەرهەمەکان ناگرێتەوە، هەروەک کەمال مەمەند بۆی چووە، بەڵکو ناوەڕۆکیش دەگرێتەوە، چونکە بەپێی قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە هەر سەردەمێکدا ئەو بیروڕایانەش گۆڕانیان بەسەردادێ کە ناوەڕۆکی بەرهەمەکان پێک دەهێنن. جا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگاش لە گۆڕان و بەرەوپێش چوونێکی بەردەوام دایە بۆیە لە هەر قۆناغێک لەو قۆناغانەدا کۆمەڵە بیروڕایەک دروست دەبێ لە بیروڕاکانی قۆناغی پێش خۆی پێشکەوتووتر دەبێ، بۆیە ئەو بیروڕایەی ئەمڕۆ بە دواکەوتووی دادەنێن ئەگەر بیگەڕێنینەوە بۆ قۆناغی مێژوویی خۆی دەبینین ئەویش لە شوێنی خۆیدا بە گوێرەی ئەو قۆناغە لە بیروڕاکانی قۆناغی پێش خۆی پێشکەوتووتر بووە. بۆیە بەڕای ئێمە لایەنی هونەری و ناوەڕۆکی بەرهەمەکان هەردووکیان بەم پێوانە مێژووییە دەپێورێن.

ئەگەر بمانەوێ بەپێی ئەم پێوانە مێژووییە هەڵوێستی رەفیق حیلمی بەرامبەر بە شیعری کۆن دیار بکەین، دەبینین ئەم پێوانەیە یارمەتی داوە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە هەر لە چوارچێوە مێژووییەکەی سەردەمی خۆیاندا نرخ و بەهای تایبەتییان دیار بکات، لە لایەکی تریشەوە وەک رەخنەگرێکی هاوچەرخ هەڵوێست بەرامبەر بەو شیعرانە وەربگرێت‌و بیروڕای خۆی سەبارەت بە دەست نەدانی ئەو جۆرە شیعرە بۆ ئەم سەردەمە دیار بکات و

٥٨- چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، ل٨٢ .



داوای شیعرێکی نوێ بکات. بۆ نموونە لە باسی شیعرەکانی (بێخود)دا ئەگەرچی رەفیق حیلمی دەست لەسەر لایەنی چاکی شیعرەکانی دادەنێت و ئاماژە بۆ توانا و دەسەڵاتی شاعیرێتی شاعیر دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک رەخنەگرێکی هاوچەرخ داوای ئەوەی لێدەکات واز لە بابەتە سواوەکانی شیعری کۆن بهێنێت و روو بکاتە ئەو بابەتە نوێیانەی ناوەڕۆکی شیعری نوێ پێک دەهێنن «بەڵام ئێمە (بێخود)مان بۆ ئەم نەوعە شیعر و سەنعەتانە ناوێ و نامانەوێت کە ئیتر وەسفی زاج و پرچمان بۆ بکا و یا مەرسیە بۆ مردوو بنووسێتەوە حەتا نایشمانەوێ هەر بە مەدحی پێغەمبەرەوە خەریک بێ و بۆ ئاخیرەتی هەوڵ بدا، بەڵکو هیوامان وا پێیەتی کە ماوەی عومری خۆی، سەرفی (دیوان)ێکی عەسری و تازە بابەت بکا و بە شیعری بەرز و رەنگینی نیشتمان پەروەرانە، روحێکی نوێ بکا بە بەری لاوەکاندا...[٥٩]» هەروەها کە باسی شیعرە نیشتمانییەکانی (ڕەمزی) دەکات، بیروڕای خۆی سەبارەت بە شیعری نیشتمانی لە شیعری نوێی کوردیدا دەردەبڕێ‌و بەپێی بیروڕاکانی لەبەر ئەوەی ئەو شیعرە نیشتمانییانەی رەمزی دەچێتە خانەی شیعری کۆنەوە و ئەو شیعرانەش کاتیان بەسەرچووە و لەگەڵ بارودۆخی ئەم رۆژگارەدا ناگونجێن و دەست نادەن، بۆیە پەسندی نەکردوون «ئەم چەشنە شیعرانە ئیتر باویان نەماوە و نابێ ئێمە بگەڕێینەوە سەری و بیکەینەوە بە باو!... بەڵکو ئەبێ ئیتر ئسلووبێکی تازەی بۆ دابنێین و بە شێوەیەکی وا لە نیشتمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستی ئەم چەرخەی ڕێکەوێ، و شان بەشانی شارستانیەتی بڕوا[٦٠]». هەروەها لە بارەی شیعرەکانی کەمالی (عەلی باپیر ئاغا)دیسان لە روانگەی بیرێکی هاوچەرخەوە بێ بایەخی ئەو بابەتانە دیار دەکات کە شاعیر خۆیانی پێوە خەریک کردووە. رەفیق حیلمی دەربارەی نەگونجای شیعری کۆن لەگەڵ چێژ و زەوقی سەردەمی نوێدا شیعرێکی (کەمالی) بە نموونە دەهێنێتەوە ئێمەش ئەم بەیتەی لێ بڵاو دەکەینەوە کە رەخنەکانی بە پلەی یەکەم ئەم بەیتە دەگرێتەوە:

لە لام وەک شەکر و نوقل و نەبات و قەند و هەنگوینە
جنێو و قەهر و لێدان و بیانو گرتن و قینت![٦١]»

رەفیق حیلمی دەڵێ: «لەم شیعرانەدا کە لەسەر شێوە و ئسلووبی کۆن دانراون، هەندێ

٥٩- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، ل ٥٨ و ٥٩ .
٦٠- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل٣٢ .
٦١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣ .

سەنعەت بەکارهێنراوە. وەکو: (لەف و نەشر)ی بەیتی دووەم، کە جنێو و تار و لێدان و بیانووگرتن و قینی) بۆ خۆی بە (شەکر و نوقڵ و نەبات قەند و هەنگوین) داناوە. لێرەدا لە بەرامبەر هەر یەکە لەو شتە خراپانەی وەکو جنێو وتار و لێدان و دانانی شتێکی شیرینی وەکو شەکر و نوقڵ و نەبات، ڕێزکردنیان، هەرچەندە بەپێی قانوونی ئەدەب، بە سەنعەتێکی شیعر ئەژمێردرێت و پێی ئەڵێن: (لەف و نەشر)، بەڵام وا ئەزانم (کەمالی) خۆشی ئینکاری ناکا کە هیچ ئەبیاتێکی وا بە بیردا نایەت چونکە لە تێکەڵاوکردنی شەکر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینی وەربگرێ و بەڵکو نابێ بە سەیر بزانرێت کە هی وا هەبێ لەم هەموو (شیرین)یە دڵیشی تێکەڵ بێ![٦٢]» ئینجا تەئکید لەسەر بێ بایەخی و بە کەڵک نەهاتنی ئەم جۆرە شیعرە دەکات بۆ ئەم سەردەمە نوێیە «بەتایبەتی لە رووی تێفکرینی ئەدەبی ئەم چەرخەوە لە نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینا شیرینی نایەت بە خەیاڵا و ئەم جۆرە شیعرەش بەهایەکی نییە...[٦٣]».

بە کورتی دەتوانین بڵێین هەڵویستی ڕەفیق حیلمی بەرامبەر بە شیعری کۆن و نوێ هەڵوێستێکی چەسپاوە و لە سەر بناغەیەکی روون و ئاشکرا بنیات نراوە و هەمیشە وەک ڕەخنەگرێکی هاوچەرخ هاتۆتە پێشەوە(*) و لەسەر بناغەی بیروباوەڕێکی پتەو و بەهێزەوە پشتگیری لە شیعری نوێ کردووە و لە هەمان کاتیشدا بەچاوی ڕەخنەگرێکی هاوچەرخ تەماشای شیعری کۆنی کردووە و هەڵویستی خۆی لە بارەی کاتی بەسەرچوون و دەست نەدانی ئەم جۆرە شیعرە بۆ ژیانی سەردەمی نوێ دیارکردووە بێ ئەوەی لە نرخ و بایەخیشی کەم کردبێتەوە.

بینینی کێشەی نێوان کۆن و نوێ لە ماوە و قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا بەڵگەی بەردەوامی ئەم کێشەیە دەسەڵمێنێت. لە حەفتاکان بە دواوە هۆی ئەم هەڵوێستە توندوتیژەی شاعیر و ڕەخنەگران بەرامبەر بە شیعری کۆنیان وەرگرتبوو بە شێوەیەکی

٦٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣و١٢٤ .

٦٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤ .

(*) ئەگەرچی ڕەفیق حیلمی لە چەند شوێنێکی کەمدا وەک ڕەخنەگرێکی لاسایی (تقلیدی) لە شیعری کۆڵیوەتەوە و ئەمە جۆرە لادانێکە لە ڕێبازە گشتییەکەی، بەڵام ئەمە - بەڕای ئێمە - وەک حاڵەتێکی بەجیا وەستا و خۆی دەنوێنێت بۆیە نەیتوانیوە کار بکاتە سەر هەڵوێستی سەرەکی بەرامبەر بە شیعری کۆن و نوێ بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل ١٢٦-١٢٩ و ل ١٣٣-١٣٤.



سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێک نەکەوتن و نەگونجانی شیعری کلاسیکی لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە نوێیەی بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە دروستی کردبوو.

گۆڕانی ئەرکی شیعر بەپێی بارودۆخی نوێی ئەو ڕۆژگارە و بەستنەوەی بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و هاتنە پێشەوەی چەمکی (ئەدەب بۆ ژیان) بنەڕەتی سەرەکی بەگژدا چوونی شیعری کلاسیکی بوو لەو ماوەیەدا «ئەدەبی پێشووی کوردیش وەکو ئەدەبی زۆربەی گەلان هەر بە دواکەوتوویی مایەوە، جگە لەوەی کە بە زمانێکی پەتی نەئەنووسرا تێکەڵ بە وشەی بێگانە بوو، بەڵکو لە واقیعێکی راستەقینە هەڵنەئەقولاو تەنها هەر بۆ وەلامدانەوەی (عاتفە)ی نووسەر و یا رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکی مادی بووە پاڵ پێوەنەری هەڵڕشتنی توێکڵی ئەدەبێک کە بۆ بەرژەوەندی و رۆشنبیرکردن و خزمەتی کۆمەڵ نەبووە. وەک (ئەدەب بۆ ئەدەب) بووبێ و بەس. لە راستیا لە چارەکردنە بنەڕەتییەکانی گیروگرفتی جەرگەی گەلەکەمان بە دوور بووە[٦٤]». جا لەبەر ئەوەی سروشت و ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا لەگەڵ ئەو بۆچوون و تێڕوانینەدا نەدەگونجا کە ئامانجی ئەدەبی بە خزمەت کردنی خەڵک دەبەستەوە بۆیە لە رووی ئەم تێڕوانین و بۆچوونەوە تەئکید لەسەر رەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی کراوە «لە ژیانی ئەوڕۆدا کاتی باسی رەشماری پرچ و گۆنای ئاڵ بەسەر چووە. ئەوڕۆ شیعری هەر شاعیرێک دەبێ گیروگرفتی کۆمەڵەکەی پێشاندا و هەر شیعرەش مەبەستێکی تێدا بەدی بکرێ کە سەرچاوەکەی کۆمەڵە[٦٥]». کە کۆمەڵ دەبێتە سەرچاوەی شیعر ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیری ئەمڕۆ خاوەن پەیامێکی پیرۆزە و ماوەی ئەوەی نەماوە چیتر خۆی بەو بابەتانەوە خەریک بکات کە جاران شاعیران لە خولیایدا دەسووڕانەوە و تەوەری شیعرەکانیانی پێک دەهێنا، بەڵکو واقیعێکی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و دەرد و مەینەت و گیروگرفتی گەورە دروست بووە و ناکرێ فەرامۆشی کات «ئیمڕۆکە دەستە دەستە و سەدان بە سەدان مرۆڤی ئازا بەدەست ملهوڕان و زۆرداران لە چوارقەڕنەی جیهاندا دەکوژرێن و بێ نێو دەکرێن. کوا جێی ئەوەیە کە شاعیر لە بورجی عاجی خۆی دانیشی و وردە فەرمایشان بەرەڵڵا بکا؟ لە کوێ جێی ئەوەیە کە نووسەر و شاعیر بە دەم و مەم و چەم و

٦٤- لەپێناو ئەدەبێکی پێشکەوتوودا، جەمیل رەنجبەر، گ: تیشک، ژ: ٢، ساڵی دووەم، ١٩٧٠، ل٦١ و ٦٢ .

٦٥- شیعر چییە؟ ئەمیر حوسێنی، گ: سروە، ژ: ٣، ساڵی چوارەم، ١٣٦٧ (١٩٧٩ز)، ل١٦ .

خەمدا هەڵبلێ و قەسیدان هەڵبەستێ؟... کوا دەرفەتێک بۆ وچاندان لەسەر خاڵی سەر گۆناو زەنگوڵ ئارەقەی نێوچاوان هەیە؟ هەرکات شاعیرێک گوێی خۆی لەو مەبەستانە باخنێ و چاوی خۆی لە دیتنی ئەوانە بێ بەش کا ئیتر ڕۆژی لە گۆڕنانی ئەو بە رواڵەت شاعیرەیە[٦٦]». شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە بتوانێت شان بەشانی سەردەمەکەی هەنگاو بنێت و لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا بژی و گوزارشتیان لێوە بکات نەک هەر لە جووینەوە و دووبارە کردنەوەی دوێنێی بەسەرچوودا بێ «ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە نانی ئیمڕۆ دەخۆن و قرپی دوێنێ دەهێننەوە خۆیان دەبێ سوورِ بزانن کە لە ئەدەبی جیهانی ئەمڕۆدا ڕێ نادرێن و دەستیشیان کورتە لە ڕابردووی بابردوویان کەواتا یەکێ لە هۆیەکانی تری لاوازی ئەدەبیاتی ئێمە (ئەگەر لە بەشی فۆلکلۆری چاوپۆشی بکەین) چاولێکەرییەکی ساویلکە و منداڵانەیە[٦٧]».

کەواتە هۆی سەرەکی ئەم هەڵوێستە توندوتیژە دروستبوونی تێڕوانینێکی تر بوو بەرامبەر بە ئەرک و پەیامی شیعر دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لایەنە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردی گرتەوە و ناوەڕۆکێکی تازەی دروست کردبوو بە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا و لەگەڵ بارودۆخی سەردەمە نوێیەکەدا نەدەگونجا.

**- نەرمی هەڵوێستی دووەم**

بەرامبەر بە هەڵوێستی یەکەم، واتە ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی کە زیاتر سیمای بەرهەڵستی کردن و بەگژداچوونی شیعری کۆن و هەندێ جاریش شیعری نوێی پێوە دیاربوو کە زۆر جاریش دەگەیشتە ڕادەی ڕەتکردنەوە و گاڵتە پێکردنی شیعر لەلایەن لایەنگرانی هەر لایەکیان بەرامبەر ئەوی تریان، بەرامبەر بەمە کۆمەڵێک لە شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگران لە ڕووی تێڕوانین و بۆچوونێکی جیاوازەوە تەماشای مەسەلەی کۆنی و تازەیی شیعریان دەکرد و تێڕوانینی ئەمانە بەرامبەر بە شیعری کۆن لە ڕەتکردنەوەی تەواو و یەکجارەکی سەرجەمی شیعری کۆنەوە نەهاتبوو، هەروەک چۆن پەسەندکردنی شیعری نوێش سەرجەم شیعرەکەی نەدەگرتەوە. دیارە ئەم هەڵوێستە نەرمەش کارێکی گەورەی

٦٦- شاعیری و لاسایی کردنەوە، مەنسور حامیدی، گ: سروە، ژ: ٣٠، ساڵی چوارەم، ١٣٦٧ (١٩٧٩ز)، ل١١ و ١٢ .

٦٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣ .



هەبوو لەسەر دروستبوونی چەند بیروڕایەکی ڕەخنەیی گرنگ و مەوزووعیانە سەبارەت بە مەسەلەی چۆنیەتی تەماشاکردنی سامانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی لە لایەکەوە و چۆنیەتی مامەڵەکردن و سوود وەرگرتن لەو سامانە ئەدەبیاتە لە لایەکی ترەوە.

چۆنیەتی تەماشاکردنی شیعری کۆن یا نوێ گرنگییەکی زۆری هەیە لەسەر دیارکردنی جۆری هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە هەردوو جۆری شیعرەکە، چونکە چ پەسەندکردنی لایەنی چاک و چ ڕەتکردنەوەی لایەنی خراپی شیعرە کۆن یا نوێیەکە، ئەمانە هەموویان سیما و سروشتی ڕاستەقینەی ئەم هەڵوێستە لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دیاردەکەن.

(عەلائەدین سەجادی) بەوە ناسراوە کە بە چاوێکی بەرزەوە تەماشای ئەدەبیاتی کلاسیکی کردووە و لە زۆربەی زۆری باس و لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخێکی زۆری بەو ئەدەبە داوە، بەڵام ئەم ڕێزلێنانە لە ئەدەبی کۆن نەبۆتە هۆی ئەوەی حوکمی کوێرانە لەسەر سەرجەم ئەدەبیاتی کۆن بدات، بەڵکو وەک ڕەخنەگرێکی شارەزا لە ڕوانگەی بۆچوونێکی وردو مەوزووعییەوە بیروڕا ڕەخنەییەکانی دەربڕیوە. یەکێک لەو هەوڵوێستە ڕەخنەییانەی کە مەوزووعیەتێکی زۆری تێدا نواندووە ئەوەیە کاتێک لە شیعری کلاسیکی کۆڵیوەتەوە ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی بە (تەرازووی ڕەوانبێژی) شیعرەکانی کێشاوە و هەڵیسەنگاندووە، بەڵام جاری واش هەیە لەناو ئەمەدا (پێوانەی مێژوویی) لەبەرچاو گرتووە.

جا ئەگەر بەپێی ئەم (پێوانە مێژوویی)یە لە هەڵوێستی (سەجادی) بکۆڵینەوە بەرامبەر بە شیعری کۆن دەبینین لەو شوێنانەدا کە ئەو پێوانەیەی تێدا بەکار هێناوە، بەرهەمە ئەدەبییەکەی بە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی بەستۆتەوە و نرخ و بایەخی هەر بەرهەمێکی بەپێی سەردەمی خۆی دیار کردووە.

جا هەر بەپێی ئەم (پێوانە مێژوویی)یە ئەوە دیار دەکات کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەپێی سەردەمی خۆی چێژ و زەوقێکی تایبەتی هەیە و بەستراوەتەوە بە جۆری پێکهاتنی کۆمەڵگا لەو قۆناغەدا، بۆیە چێژ وەرگرتنیش لە هەر بەرهەمێک لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت و ئەگەر جاران شیعری کلاسیکی لەگەڵ چێژ و زەوقی ئەوسادا گونجابێت زۆر ئاساییە لەگەڵ چێژ و زەوقی ئەمڕۆدا نەگونجێت.

(سەجادی) ئەم بەیتە شیعرەی (ناری) دەهێنێتەوە کە دەڵێ:

ڕووت وەکو ئاگر، موژەت وەک شیشە، ئەبرۆت قیمەکێش

مروەحەت زولف و کەبابت جەرگی پارەی «ناری»یە![٦٨]

ئینجا دوای ئەوەی بە دوور و درێژی مانای شیعرەکە لێک دەداتەوە، لە وەسفێکی خۆشدا دەڵێت: «ئەمە دوکانێکی کەبابچێتی لەم لاوە بۆ دانا!. جا ئەڵێ گۆشتی کەبابی ئەم کەبابخانەیە جەرگی پارە پارە کراوی «ناری»یە بە دەست دووریتەوە![٦٩]». سەجادی بە تەرازووی بەلاغەوە لە ڕێگای دیارکردنی سەنعەتەکانی شیعر، شیعرەکە دەکێشێ و بە نموونەیەکی بەرزی شیعری کوردی دادەنێت «ئەم دوو شیعرەی ناری یەکێکن لەو شیعرە زۆر بەرزانەی کە لە بابەت تەشبیە و بەلاغەوە لە باسی عەشقدا لە زمانی کوردیدا وترابیێتن![٧٠]».

بێگومان (سەجادی) ئەو حوکمەی لەسەر بناغەی پێوانە مێژوییەکە دروست کردووە و شیعرەکەی بە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی بەستۆتەوە و لە ناو شیعرەکانی ئەو قۆناغەدا حوکمی لەسەر داوە، بەڵام ئەمە ڕێی لێ نەگرتووە دەرک بەو ڕاستییە بکات کە ئەو شیعرانە «لەسەر زەوقی ئەدەبی ئێستە ڕێک ناکەون...[٧١]» ئینجا هۆی گۆڕانی ئەو چێژ و زەوقە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دیار دەکات و بە گۆڕانی قۆناغەکانی کۆمەڵگای دەبەستێتەوە «... ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە پەردەی عەقلیەتی هەر دەورەیەک شان بە شانی عەنعەنات و یاسای ئەو دەورەیە ئەچێ بەڕێوە. دیارە ئەم عەقلیەتەش زۆرتر لە ئاوێنەی مێشکی ئەدیب و شاعیرەکان جێگیرتر ئەبێ، چونکە تەنها ئەوانن کە تەعبیر لە کارەسات بدەنەوە و بیکەن بە ئازوخەی پاشەڕۆژ[٧٢]». سەجادی باوەڕێکی تەواوی بە کارتێکردن و تەئسیری بارودۆخی کۆمەڵگا لەسەر سروشت و پێکهاتنی شیعر هەیە بۆیە بەرامبەر بەو وێنانەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بۆ ئافرەتیان کێشاوە دەڵێ: «شاعیرەکانی دەوری ئەووەل و ناوەڕاستی کورد لە هەموو شت زیاتر بەوە فێربوون کە تەشبیهی زوڵفی یار بە (کەمان) و برژانگ بە (تیر و دەرزی) و برۆی بە (شیر و

٦٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، ل٤٦٠ .

٦٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١ .

٧٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١ .

٧١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١ .

٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢ .



قیمەکێش) بکەن...[٧٣]». ئینجا هۆی کێشانی ئەم وێنە ترسناکەی ئافرەتی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو بارودۆخە تایبەتییەی میللەتی کورد تێیدا ژیاوە و هەمیشە لە شەڕوشۆڕدا بووە و شاعیریش وەک مرۆڤێکی سەر بەو کۆمەڵە کەرستە و ئامێرەکانی شەڕ دەوری داون و هەمیشە لەبەر چاوی بوون، نەک هەر ئەمە کە ویستوویەتی گفتوگۆ لەگەڵ یارەکەی بکات ناچار بووە باسی شتێک بکات کە پێی ئاشنا بووە و لێی ڕاهاتووە «...فێربوونی شاعیرەکان بۆ تەعبیردانەوەیان لە ستایشی دۆستی هاوڕازیان بەم جۆرە شتە ترسێنەرانە ئەوە پیشان ئەدا کە قەومی کورد قەومێکی جەنگاوەر و شەڕانی بوون، ژیانیان ژیانێکی شەڕوشۆڕ و هەردەگەری بووە، هامڕازی شەو و ڕۆژیان شیر و تیروکەوان بووە. بە حوکمی تەبیعەت ناو و تاپۆی ئەم جۆرە شتانە لە هەموو شت زیاتر بەسەر زمان و لەبەر چاوی گەورە و بچووکیانەوە بووە،... ئینجا شاعیرێک کە ویستبێتی ڕاز لەگەڵ دۆستێکا بکا ناچار بووە بە شتێک قاپی ئەم ڕاز و نیازەی لەگەڵدا بکاتەوە کە باو بێ و دیار بووبێ، ئەو شتەش کە ئاشکرا بووبێت و لەگەڵ عەقلیەتی دۆستەکەیا لەوانە پێ موتوربە بکرێ تەنها باسی شەڕوشۆڕ بووە بە تیر و گورز و کەمان...[٧٤]» لێرەدا ئەگەرچی (سەجادی) دانی بەو ڕاستییە داناوە کە شاعیرانی کۆن بە شێوەیەک وەسفی ئافرەتیان کردووە کە بەپێی زەوق و بیرکردنەوەی ئێستا لەگەڵ سروشتی جوان و ناسکی ئافرەتدا ناگونجێت، بەڵام دیارکردنی هۆی ئەم نەگونجانە و گەڕاندنەوەی هۆیەکە بۆ بارودۆخی سەردەمی لەدایکبوونی شیعرەکە بە بەرگرییەکی بەهێز و پاساو هێنانەوەیەکی چاک دادەنرێت بۆ شاعیرانی کۆن.

سەجادی هەوڵی داوە بەپێی ئەم پێوانە مێژووییە لەلایەکەوە شیعرەکە بە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی ببەستێتەوە و سروشتی ئەو شیعرە بەپێی بارودۆخی ئەو قۆناغە دیار بکات و نرخی تایبەتی خۆی بداتێ، وە لەلایەکی تریشەوە هەوڵی ئەوەی داوە وەک ڕەخنەگرێکی هاوچەرخ بیروڕای تایبەتی خۆی دەرببڕێت و وێنەیێکی جیاواز بۆ ئافرەت بکێشێ کە لەگەڵ سروشتی جوان و ناسکیدا بگونجێت وە جیا بێت لە وێنە کۆنەکەی شاعیرانی پێشوو «مەعشوقێک بەو ناسک و نازدارییەی ئەبێ زوڵفی لە باتی (کەمان) بکرێ بە پەردەی نازکی ئاوریشمی بەسەر کۆگای گەوهەردا هەڵدراو. برژانگی لە

٧٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١، هەروەها بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٥٧ .

٧٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢ .

باتی (تیر) بە تیشکی باریکی بریسکەی ئاڵتونی بەر هەتاو و برۆی لە باتی (شیر) بە پەڕی لە مێشک هەڵکێشراوی بە جۆقەی پادشاهانەوە ئاوێزان کراو، چونکە ئەمانە لەگەڵ نازکی و شۆخی ستایشی بەرزی مەعشوقدا ڕێ ئەکەون نەوەک ئەو شتە ترسێنەرە پێشووانە کە پیاو زارە ترەک ئەکەن!...[٧٥]» کەواتە لە جێ دانانی ئەم شتانە لە شوێنی شتە کۆنەکان و کێشانی ئەم وێنە نوێیە مانای نەگونجانی کۆنەکەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤی سەردەمی نوێ کە وەک بوونەوەرێکی ناسک و جوان تەماشای ئافرەت دەکات.

بەڵام نەگونجانی کۆنەکە لەگەڵ چێژ و زەوق و بیرکردنەوەی سەردەم بە هیچ شێوەیەک وای لە سەجادی نەکردووە ئەدەبی کۆن ڕەت بکاتەوە. بۆیە سەرباری ڕەخنەگرتنی لە ئەدەبە کۆنەکە هەر لەسەر بڕوای جارانی ماوەتەوە کە شیعری کۆن بناغەی شیعری نوێیە «... بەڵام ڕاست نییە بۆ ئەوە کە ئەبێ ئەو ئەدەبە کلاسیکە ئیتر لاپەڕەکەی فڕێ بدرێ و بخرێتە گۆشەی لەبیرچوونەوە و گوێ نەدانەوە، چونکە ئەدەبی کوردی بە تایبەتی بناغەکەی لەسەر ئەو ئەدەبە کلاسیکە دارێژاوە، ئەگەر ئەو ئەدەبە نەمێنێ و بڕووخێنرێ ئەدەبە ڕۆمانتیکەکەی بە هیچ دەرئەچێ و بەبێ بناغە ئەمێنێتەوە[٧٦]».

بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە سەجادی ئەگەرچی بەپێی پێوانە مێژوویییەکە هەوڵی ئەوەی دابێ دوو شت لەیەک جیابکاتەوە، ئەوانیش: یەکێکیان لەبەرچاو گرتنی سەردەمی لەدایکبوونی بەرهەمەکە و ئەوی تریان بیروباوەڕ و بیرکردنەوە و چێژ و زەوقی سەردەمە، بەڵام نەیتوانیوە بەبێ لایەنی کارەکەی ئەنجام بدات، چونکە پەسەندکردنی کۆن بەسەر نوێ تا ڕادەیەک لە بیروڕاکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەگەرچی ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە لە کاتێکدا ئەدەبی کۆن لە ئەدەبی نوێ زیاتر پەسەند دەکات، بەڵام سەرجەم ئەدەبی نوێی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنها بەشێکی ئەو ئەدەبەی گرتۆتەوە، ئەگەرچی بەشێکی کەمیش بێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت سەرجەم ئەدەبەکەی ڕەت نەکردۆتەوە بۆیە لە ڕووی ئەم بۆچوونەوە هەموو ئەدەبێکی کۆن بە ئەدەبی لاسایی کردنەوە و هەموو ئەدەبێکی نوێش بە ئەدەبی داهێنەر دانانێت «لەگەڵ ئەوەشا ئەبێ بزانین. ئەمە ئەوەمان پێ ناڵێ کە هەچ ئەدەبێکی پەیڕەوی هەیە ئەبێ کۆن بێت، واتە هەرچی ئەدەبی کۆن هەیە ئەبێ ئەدەبی پەیڕەوی بێ!. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ چونکە گەلێ ئەدەبی وامان بەرچاو ئەکەوێ هی پێش

٧٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١و٤٦٢ .

٧٦- ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، گ: کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥، ل٩٥و٩٦ .



ئەو سەردەمەیە کە ئەدەبی داهاتوو پەیدابووبێ کەچی لەوانەیە بە گەلێ ساڵی تر ئەدەبی داهاتوو شان و قۆڵ بکوتێ هەر نەگا بە پەرێزی ئەوا[٧٧]». ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەجادی لەگەڵ ئەو بیروڕایەدا نییە کە پێوەری کات بکرێتەوە بناغەی پەسەندکردنی یان پەسەند نەکردنی بەرهەمێکی ئەدەبی و دیارکردنی کۆن و تازەیی ئەو بەرهەمە، چونکە چ لە ئەدەبی کۆن یا لە ئەدەبی نوێدا بەرهەمی چاک و خراپ دەبینرێت.

ئینجا ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی دیاریکردنی پێوەری کۆنی و تازەیی بەرهەمە ئەدەبییەکان، دەبینین هەموویان لەسەر یەک پێوەر ڕێک نەکەوتوون، بەڵکو چەند پێوەرێکی جیاوازیان دیارکردووە کە لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوونی تایبەتی هەر شاعیر یا ڕەخنەگرێک دەگونجێت و جۆری تەماشاکردنیان بۆ شیعری کۆن یا نوێ دیار دەکات.

بەشێک لە بیروڕا ڕەخنەییەکان کۆنی و تازەیی شیعر دەبەستنەوە بە مەسەلەی کات، واتە کات دەکەنە پێوەری جیاکردنەوەی شیعری کۆن و نوێ و دەستنیشانی کردنی چوارچێوەی هەریەکەیان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی کۆن یا نوێی ئەدەب بەستراوەتەوە بە سەردەم و ڕۆژگاری لەدایکبوونی بەرهەمەکە و بەپێی ئەمە هەر بەرهەمێک ناوی کۆن یا نوێی لێ دەنرێت، چونکە «... ئەوەی دوێنێ نوێ بوو ئەمڕۆ کۆنە، ئەوەی ئەمڕۆ نوێیە بەیانی کۆن ئەبێ، کەواتە تازەکردنەوە کردەوەیەکی بەردەوامە و وەستانی بۆ نییە، ئەوەندە هەیە زۆرجار بار و زرووفی ژیان وا ئەکا جۆرە ئەدەبێک بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێ و گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەیێ، لەگەڵ ئەوەشا لە ناوەوە لە ڕەگەزی گۆڕان و نوێبوونەوە خاڵی نییە، ئەوەندە هەیە بەو هێز و گوڕە نییە کە دەربکەوێ...[٧٨]» بەپێی ئەم ڕایە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، شیعریش لە هەر قۆناغێکدا گۆڕانی بەسەر دادێت و پەرە دەسێنێت بۆیە بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە لە هەر سەردەمێکدا ئەدەبێک پەیدا دەبێت کە بەپێی کاتی لە دایکبوونی، واتە لە سەردەمی خۆیدا ئەدەبی نوێی پێ دەگوترێت و لە ئەدەبەکەی پێش خۆی جیا دەکرێتەوە کە دەچێتە خانەی ئەدەبی کۆنەوە. ئینجا قۆناغەکانی جیاکردنەوەی ئەدەبی کۆن لە ئەدەبی نوێ زۆر جار ماوەیەکی دیاریکراو ناگرێتەوە چونکە جاری وا هەیە کورت و جاری واش هەیە درێژ خایەن دەبێ «ئەدەبی نوێ

٧٧- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، ل٦٤ .

٧٨- نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا -٢-، عەزیز گەردی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٥٥، ١٩٧٣، ل٣.
هەروەها بڕوانە: ڕەمزی مەلا مارف و قووەی شیعرو شاعیری ١٩٠٢-١٩٧٦، سۆران مەحوی، گ: ئۆتۆنۆمی، ژ: ٥٧، ساڵی دوازدەهەم، ١٩٨٧، ل٤٩ .

که به کاتەوە دەستنیشان دەکرێ، ئەم کاتەش مەرج نییە ساڵێک یان دە ساڵ یان پشتێک بێت، بەڵکو زەمانێکە و ئەم زەمانەش قۆناغێکی مێژوویی دیاری دەکات کە گۆڕان و باری پێشکەوتنی دەرفەت و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم قۆناغە دەرسکێنێ... ئەم (زەمانە) یان سەردەمە ئەدەبییەش هەردوو لای ئەدەبەکە دەگرێتەوە: ناوەڕۆک و روخسار[٧٩]».

راستە ئەدەب لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان دەگرێتەوە دەگۆڕێت و لە شێوەی ئەدەبێکی نوێدا دێتە پێشەوە بەڵام ئەمە لە هەموو کاتێکدا سەرجەم ئەدەبی پێشوو ناگرێتەوە هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی رێژەی ئەدەبە رەسەن و بەرزەکە لە چاو سەرجەم ئەدەبیاتی هەر سەردەمێک کەمە، بەڵام لە نموونەی سەرکەوتووش بەدەر نییە بۆیە بەپێی ئەمە دەتوانرێ بگوترێ «ئەو شیعرەی ئەمڕۆ نوێیە سبەی کۆنە... مەگەر ئەو تاک تاکانە نەبن کە نەمرن، رەسەنن و هەرگیز کۆن نابن[٨٠]».

بەڵام لە کاتێکدا بەپێی ئەم بیروڕایانە پێوەری کات بۆتە بناغەی دەستنیشان کردنی کۆنی و تازەیی شیعر، لە لایەکی ترەوە دەبینین بە پێچەوانەوە بەشێکی تر لە بیروڕا رەخنەییەکان لە رووی بۆچوونێکی جیاوازەوە تەماشای کۆنی و تازەیی شیعر دەکەن و ئەو بۆچوونە رەت دەکەنەوە کە کۆنی و تازەیی شیعر بە کات و سەردەمی لەدایکبوونی بەرهەمەکە ببەستنەوە، بەڵکو کۆنی و تازەییەکە دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆیەکی تر کە لای هەریەکێکیان بە شێوەیەک رەنگی داوەتەوە. ئەوەتا هەندێ جار ئەو ناوەڕۆکە مرۆڤایەتییە کاریگەر و هەمیشە زیندووەی کە بەرهەمە ئەدەبییەکە بەخۆیەوەی دەگرێت ئەمە دەبێتە هۆی خۆپاراستنی لە کۆن بوون و مانەوەی بە زیندوویێتی بۆیە لەم حاڵەتەدا «کۆنی و نوێی ئەدەب لەو ماوەیەدا نییە کە بەسەریا تێپەڕ ئەبێ و لەم قاڵبەیدا نییە کە ئەکرێ بە بەریا... نە. ئەوەی ئەدەب دەمرێنێ و کۆنی دەکا دوورکەوتنەوەیەتی لە دڵ و دەروونی نەتەوە و ئادەمیزاد، ئەوەی بەزیندوویی و گەرم و گوڕی دەیهێڵێتەوە ئەو توانای دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤانەیە کە تێیدایە...[٨١]» هەر لە رووی هەمان روانگەی دیارکردنی ئەدەبە

٧٩- ئەدەبی نوێ و نوێخوازی، عەبدولڕەزاق بێمار، گ: رۆژی کوردستان، ژ: ٣٤، کانوونی یەکەمی ١٩٧٥و کانوونی دووەمی ١٩٧٦، ل٤٥ .

٨٠- دیدارێک لەگەڵ دلزاری شاعیردا، محەمەد رەنجاو، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ٧، ئاداری ١٩٨٣، ل١١ .

٨١- کۆن و نۆی لە ئەدەبدا، کەمال میراودەلی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٤٢، ٢٤-١٠-١٩٧٠، ل ٨ .



نوێیەکە بە پێی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە پێک دەهێنن هەندێ جار دەگەڕێتەوە بۆ رادەی خۆبەستنەوەی بە ئامانجەکانی گەل و خزمەتکردنی شۆڕشی رەوای میللەتەکە «مەسەلەیەکی تر هەیە دەربارەی ئەدەبی نوێ و رێبازی نوێ. ئەویش ئەوەیە کە ئەدەبی نوێ بەو بەرهەمانە ناوترێت کە لە رووی وەختەوە تازەترین بەرهەمن و هێشتا بۆنی مەرەکەبیان لێ دێت! بەڵکو ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە ئەوە دیاری ئەکات تا چ رادەیەک لە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیەتدا نوێیە و ئەگونجێ لەگەڵ رێبازی سیاسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە. کەواتە ئەدەبی نوێ ئەو ئەدەبەیە کە بە تەواوی لە خزمەتی شۆڕشی درێژخایەنی گەلەکەمانایە و شان بە شانی بزووتنەوەکەی وەکو پارچەیەکی دەستکاری شۆڕش ئەجوولێتەوە و دەور ئەبینێ[٨٢]». جا ئەو ناوەڕۆکە لە کاتێکدا رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی ژیانی واقیعی کۆمەڵگا دەبێت و تەعبیر لە لایەنی گەشی بیروڕا پێشکەوتووخوازەکانی سەردەم دەکات، هەتا ئەگەر کاتێکی زۆریشی بەسەردا رەت بێت گرنگی و بایەخی خۆی هەر لەدەست نادات «ئەدەبی رەسەن لەهەر قاڵب و بەرگێکدا بێت هەر رەسەنە. زۆری هۆنراوەکانی حاجی قادر و پیرەمێرد و بێکەس و دڵدار تاکو ئێستاش تامی تازە ئەدەن و هیچ لە جۆش و پلەی بەرزییان کەم نەبۆتەوە، هەر زیندوون[٨٣]». چونکە لێرەدا مەسەلەکە بەستراوەتەوە بە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە پێک دەهێنێت نەک جۆری ئەو قاڵبەی ناوەڕۆکەکەی تێدا دادەڕێژرێت ئەمەش بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە «هەموو کارێکی ئەدەبی کاتێ سەرکەوتوو ئەبێت کە لە واقیعەوە نزیک بێت. بیروباوەڕێکی خاوێنی تیا بەدی بکرێت، بۆ زۆربەی جەماوەر بێت. لە روخسارێکی بەرزی هونەری و جوانکاریدا خۆی بنوێنێت. ئیتر ستوونی و نا ستوونی زۆر لە پلەی هۆنراوەکە ناگۆڕیت[٨٤]». ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمی رەسەن تەنها خۆی بە سنووری ئەو سەردەمە نابەستێتەوە کە تێیدا لەدایک دەبێ، بەڵکو توانای بەزاندنی سنوورەکان و تێپەڕاندنی سەردەمی خۆی بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی هەیە و هەر بۆیەشە لە قۆناغەکانی دوای سەردەمی خۆشی کاریگەرێتی هەر دەمێنێت و بە نەمری دەمێنێتەوە چونکە بە راستی «شیعری رەسەن حیسابی سەردەم و قۆناغ و

٨٢- ڕوانگە و ئەدەبی نوێمان، فاضل مەلا مەحمود، ڕ: هاوکاری، ژ:٤، ٣٠-١-١٩٧١، ل ٣ .

٨٣- ئاخۆ هۆنراوەی کۆن هەتا کەی بڕ ئەکات؟، محەمەد فەریق حەسەن،گ: بەیان، ژ: ٢١، کانوونی دووەمی ١٩٧٥، ل ٧ .

٨٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ .

قوتابخانەی بۆ نییە، هەر شیعرێک زادەی بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازانەی بێت و ڕەنگدانەوەی واقیع بێت و مولتەزیم بێت لە هەر سەردەم و زەمانێکا بێت بوونی خۆی دەسەلمێنێ...[٨٥]».

هەموو ئەو بیروڕایانە دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییەی کە نابێ تەنها کات بکرێتە پێوەری دیارکردنی کۆن و نوێی بەرهەمە ئەدەبییەکان، چونکە مەسەلەکە لەمە فراوانترە تەنها خۆی بە سنووری تەسکی سەردەمێک یا قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە، بەڵکو مەسەلەکە بەستراوەتەوە بە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە پێک دەهێنێت و ڕادەی خۆبەستنەوەی بە واقیعی کۆمەڵگای سەردەمەکەی و تەعبیرکردنی لە بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکانی ئەو سەردەمە. وە لە لایەکی ترەوە ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی پشت دەبەستێت بە پێوەری کات بۆ دیارکردنی کۆن و نوێی بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆتە هۆی ئەوەی بەشێک لەو بیروڕا ڕەخنەییانە مەسەلەکە ببەستنەوە بەبوونی بەرهەمی چاک و خراپ لە هەموو کات و سەردەمێکدا، نەک تایبەت کردنی بە سەردەمێک یا قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بیروڕا ڕەخنەییانە بە هیچ شێوەیەک ڕوویان نەکردۆتەوە ئەوەی سیفەتی چاک یان خراپ بدەنە پاڵ ئەدەبی سەردەمێکی دیاریکراو و بەپێی مێژووی سەرهەڵدانی بەرهەمەکە پەسەندی بکەن یا نەیکەن. ئەگەرچی هەندێ جاریش ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی تر هاتۆتە پێشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو بنەڕەتانەی لانەداوە کە چوارچێوەی گشتی ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی پێکهێناوە و زیاتر لە شێوەی پەسەندکردنی بەشێک، نەک سەرجەم بەرهەمەکەی گرتۆتەوە بۆیە نەبۆتە هۆی لادان لە ڕێڕەوی گشتی ئەو بیروڕایانەی چوارچێوە گشتییەکەی ئەم جۆرە تێڕوانینەی دروست کردووە. چونکە ئەگەر پەسەندکردنێکی تەواو یان ڕەتکردنەوەیەکی تەواوی سەرجەم بەرهەمەکەی بگرتبایەوە ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبووە هۆی لادانێکی تەواو لە ڕێڕەوە گشتییەکە بەڵام لەبەر ئەوەی پەسەندکردنەکە تەنها بەشێکی بەرهەمەکەی گرتۆتەوە توانیویەتی خۆی لەم لادانە بپارێزێت هەروەک لای (کامەران موکری) و (عەلائەدین سەجادی)دا دەبینرێت.

(کامەران موکری) پێ لەسەر ڕاستییەکی گرنگ دادەگرێت کاتێک بوونی بەرهەمی چاک و خراپ بە سەردەمێکی دیاریکراو و تایبەتییەوە نابەستێتەوە، بەڵکو دان بە بوونی

٨٥- هەڵوێستێک دەربارەی شیعر، حیدر عبدالرحمن، ڕ: هاوکاری، ژ:٣٤٧، ٢٢-١٢-١٩٧٦،ل٥ .



شیعری چاک و خراپ دادەنێت لە هەموو کات و سەردەمێکدا، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە (کامەران) زیاتر لایەنگری شیعری نوێیە و زیاتر ئەم جۆرە شیعرەی بۆ ئەم سەردەمە پەسەند کردووە و لە شیعری کۆنی بە چاکتر زانیوە، ئەمەش بەهۆی گونجانی ئەم جۆرە شیعرەیە لەگەڵ بارودۆخی سەردەم، بەڵام دیسان ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی لە پلە و پایەی شیعری کۆن کەم بکاتەوە. ئەگەرچی جیاوازی نێوان شیعری کۆن و نوێشی لەبەرچاو گرتبێ «هۆنراوەی تازەی کوردی جیاوازە لە هۆنراوەی (کۆن)مان لە زۆر ڕووەوە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا... وە لەگەڵ ئەمەشدا کە هی تازە ئەبێت پەسەندتر بێت (بۆ ئەمڕۆ) ناشبێت هەموو تازەیەک بە باش دانێین... ئەڵێم هۆنراوەی تازە (بەکەڵکترە بۆ ئەمڕۆ) لە هی کۆن... بەڵام مانای ئەوە نییە کە هی کۆن باش و بە کەڵک نییە... نەء... بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوە... ئێمە پێویستە لەسەرمان کە (هۆنراوەی کۆن) وەک نموونەیەکی جوان لە وێژەی (کۆن)مان بپارێزین چونکە میراتی نەتەوایەتی ئێمەیە...[٨٦]» کەچی (عەلائەدین سەجادی) بە پێچەوانەی (کامەران)ەوە ئەدەبی کۆن زیاتر پەسەند دەکات و لەناو ئەو ئەدەبیاتەدا نموونەی ئەوەندە بەرز دەبینێت لەوانەیە ئەدەبیاتی نوێ تا ماوەیەکی تریش نەتوانێت بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیاتە، بەڵام ئەم جۆرە پەسەندکردنەی ئەدەبیاتی کۆن لای (سەجادی)، هەروەک پێشتر باسمان کرد، نەبۆتە هۆی ئەوەی سەرجەم ئەدەبیاتی نوێ پەسەند نەکات، بەڵکو بەشێکی ئەدەبەکەی مەبەست بووە[٨٧].

ئەگەرچی ئەم دوو ڕایەی (کامەران) و (سەجادی) جۆرە لایەنگیرییەکی تێدایە بۆ نوێ لای یەکەم و کۆن لای دووەم، بەڵام ئەو لایەنگیرییە و پەسەندکردنی کۆن یا نوێیە لای هەر یەکێکیان لەبەر ئەوەی سەرجەم ئەدەبی کۆن یا نوێی نەگرتۆتەوە و هەریەکەیان تەنها بەشێکی ئەدەبەکەیان مەبەست بووە بۆیە لە چوارچێوەی ئەو بیروڕایانە دەرنەچوونە کە دەچنە ناو هەڵوێستە گشتییەکە.

جگە لەم جۆرە بۆچوون و بیروڕایانەی کە جۆرە پەسەندکردنێکی نوێ بەسەر کۆن یا کۆن بەسەر نوێی تێدا دەبینرێ، جۆرە بۆچوونێکی تر دەبینین زۆر بەبێ لایەنی بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لە نێوان کۆن و نوێ چاکی و خراپی بەرهەمەکان دەستنیشان دەکات، چ بەرهەمێکی کۆن یا نوێ بێت، چونکە لێرەدا تەنها مەسەلەی ڕەسەنایەتی بەرهەمەکە

٨٦- دیاری، کامەران، چاپخانەی مەعارف - بەغدا، ١٩٥٧، پێشەکییەکەی بە پێنووسی کامەران، ل ٨ و ٩ .

٨٧- بڕوانە: ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، ل ٦٤.

لەبەرچاو دەگیرێت «لە بەرهەمی ئەدەبی کۆندا گەلێ شتی جوان هەیە کە لەوانەیە دەیان سەدەی تریش بژین لە بەرهەمی نوێشدا گەلێ شتی وا هەیە هەرکە ئەنووسرێ و بڵاو دەکرێتەوە ئیتر ئەمرێت و لەبیر دەچێتەوە[٨٨]» . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمی خراپ هەر لەگەڵ لەدایکبوونی بەرگەی هیچ ناگرێت و دەمرێت بە پێچەوانەی بەرهەمی چاک و بەپێز کە خۆی بە سنووری سەردەمێکی دیاریکراوەوە نابەستێتەوە و نەوە دوای نەوە بە نەمری دەمێنێتەوە بۆیە لەم حاڵەتەدا «شیعر تەمەنی تایبەتی نییە تازەیی و کۆنی دەگەڕێتەوە بۆ چاکی و بەهێزی شیعرەکە خۆی چەندەها شیعر هەن لە کاتێکی زۆر کۆندا وتراون بەڵام هەروەکو خۆر تیشک دەدەن. شیعری وەهاش هەیە ئەمڕۆ ئەوترێت بۆ سبەی وەکو بڵقی سەر ئاوی لێ دێت نموونەش بۆ ئەم دوو جۆرە شیعرەش زۆرە. شیعرەکانی نالی و حاجی و بێکەس و... چەندەها کەڵە شاعیری کەی وەکو ئەمانە هەتا هەتایە شیعرەکانیان ئەمێنێتەوە و ئەوترێتەوە، ئەو شاعیرانەش وا بە ئیفلیجی لەدایک دەبن هەر ئەو ڕۆژە گۆڕ دەکرێن چونکە شیعر تەنها وشە ریزکردن نییە[٨٩]» . واتە مەرج نییە ئەو شیعرانەی لە کاتێکی کۆندا گوترابن بەرگی کۆن لەبەر بکەن و بچنە خانەی کۆنەوە، بەڵکو بەشێک لەو بابەتانەی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان پێک دەهێنن لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانیان ئێش و ئازار و حەز و ئارەزوو و خەونەکانی مرۆڤ دەنوێنن و تەعبیرێکی راستەقینە لە ناخی مرۆڤ دەکەن لە هەموو دەور و زەمانێکدا کاریگەرێتییان هەر دەمێنێت و بە زیندوویی دەمێنێتەوە بۆیە لە رووی ئەم بۆچوونەوە دەتوانرێ بگوترێ «... هەندێ بابەتی وا هەیە هەرگیز کۆن نابێ و هەمیشە تازەیی و هاوچەرخێتی خۆی راگیر ئەکات، چونکە لە ناخی دەروونی ئادەمیزادەوە هەڵئەقوڵێ و دەردێکی دڵی ئادەمیزاد دەردەبڕێ کە لە هەر کات و سەردەمێکا بە شێوەیەک خۆی دەرئەبڕێ. لە عاستی بابەتی وادا باسی کۆنە و نوێ دروست نییە[٩٠]» . وەنەبێ ئەمە هەر تەنها جۆری ئەو بابەتانە بگرێتەوە کە ناوەڕۆکی

---

٨٨- ئەدەبی نوێ و نوێخوازی لە ئەدەبدا، (کۆڕی گۆڤاری بەیان)، گ: بەیان، ژ: ٢٨، ئابی ١٩٧٥، ل ٤٤ . هەروەها بڕوانە . ئەم شاعیرە و وتووێژیک، ئامادەکردنی مستەفا ساڵح کەریم، پاشکۆی ڕۆژنامەی عیراق، ژ: ٣٤، شوباتی ١٩٧٩، ل ٩ . والمدخل لدراسة الادب الكردي، تحسين ابراهيم الدوسكي، الجزء الثاني، ص ٨٤ .

٨٩- چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری ئەمڕۆمان، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، گ: بەیان، ژ:٦٤، تەمووزی ١٩٨٠، ل ٢٩ .

٩٠- ئەدەبی نوێ و نوێخوازی لە ئەدەبدا، کۆڕی گۆڤاری بەیان، گ: بەیان ژ: ٢٨، ئابی ١٩٧٥، ل٤٥



بەرهەمە ئەدەبییەکان پێک دەهێنن، بەڵکو لە پاڵ ئەو ناوەڕۆکە بەپێزە شێوە هونەرییەکەش دەگرێتەوە کە تا رادەیەکی زۆر لایەنێکی دیکەی تازەیی بەرهەمەکەی لەسەر دەوەستێت. «بابەتی واش هەیە بۆیە کۆن نابێ چونکە شێوەی دەربڕینەکەی ئەوەندە فانتازیانەیە تۆزی کۆنی لێ نانیشێ بابەتەکە خۆیشی وەک ناوەڕۆک کاتی بەسەر چووبێ و بووبێ بە رووداوی مێژوو. بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەدەبی نەمر ئەو ئەدەبەیە کە یا لەگەڵ هونەرمەندانەیی فۆڕمەکەیدا ناوەڕۆکەکەشی هەمیشە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزادا بژی، یا ئەگەر بووبێتیش بە یادی رابردوو جوانی فۆڕمەکەی نەهێڵێ بمرێ و بڕزێ[٩١]» .

هەروەها بەشێک لە بیروڕا رەخنەییەکان ئەوە رەت دەکەنەوە کە کێش و قافیە بکەنە تاکە پێوەری دیارکردنی کۆن و نوێی شیعر «هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە کۆنی و تازەیی شیعر بە وەزن و قافیە لەیەک جیا ئەکرێتەوە، واتە شیعری کۆن ئەو شیعرەیە کە یەکێتی وەزن و قافیەی تیا ئەبێ، وە شیعری تازە بەو شیعرە ئەوترێ کە وەزن و قافیەی ئەگۆڕێ وە لەسەر یەک وەزن و یەک قافیە نابێ. بەلای منەوە شیعری کۆن بەمە لە شیعری تازە جیا ناکرێتەوە...[٩٢]» ، واتە نابێ ئەم دوو رەگەزە بکرێتە پێوانەی جیاکردنەوەی شیعری کۆن لە نوێ، چونکە بە رای نووسەر زۆر شاعیر هەن ئەگەرچی ئەم دوو رەگەزەشیان لەبەرچاو گرتبێ و لە شیعرەکانیاندا پەیڕەویان کردبێ کەچی شیعرەکانیان هەر دەچنە خانەی شیعری نوێوە، چونکە لێرەدا مەسەلەکە مەسەلەی کێش و قافیە نییە، بەڵکو چەند رەگەزێکی ترە «جا لەبەر ئەوە شاعیر ئەتوانێ، ئەگەر شاعیر هونەروەرێکی بەرز بێ هەر بە جۆری یەکەمی شیعر شیعری تازە بنووسێتەوە واتە شیعری تازە بابەت بنووسێتەوە بە قافیە و وەزنێکی مووەحەد، بۆ ئەمەش ئەگەر تەماشای شیعرەکانی (محمد مهدي الجواهري) و (بدر شاكر السياب)، لە دیوانی (ازهار ذابلة) و (هەردی) لە دیوانی (ڕازی تەنیایی) و هەندێ لە شیعرەکانی (دیلان) بکەین، ئەبینین ئەم شاعیرە مەزنانە وەستاییێکی گەلێ بەرزیان بەکار هێناوە بۆ داڕشتنی شیعرەکانیان، وە شیعرەکانیان بە تەرازووی عەرووز و پەنجە (مقطع) کێشاوە، وە گەلێ سەرنجیان داوەتە قافیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا گومان لەوەدا نییە کە شیعرەکانیان شیعری تازە بابەتن، وە ئەو شیعرانەیان

---

٩١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥ .

٩٢- دیوانی سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا، ١٩٥٨، پێشەکییەکەی بە پێنووسی مەعروف خەزنەدار، ل ٢٦ .

به بیری تازه و خەیاڵی تازه و مۆسیقای تازه له شیعری کۆن جیا ئەکرێتەوه نەک به وەزن و قافیه[٩٣]». هەر له رووی هەمان باری سەرنجەوه رایەکی تر پێوەری کێش و قافیه بۆ جیاکردنەوەی شیعری کۆن له نوێ رەت دەکاتەوه ئەویش بەهۆی خۆنەبەستنەوەی شیعره نوێیەکه به یەک شێوازی دیاریکراوەوه «کاتێک نێوی شیعری نوێ دێته گۆڕێ بەلای هەندێکەوه تاکه پێوانه بۆ جوێکردنەوەی کۆن و نوێ له یەکدی بوونی کێش و قافیەیەکی رێکوپێک و نەبوونیەتی، بەڵام له راستیدا ئێمه هەرگیز ناتوانین بەوەنده قسەیه شیعری نوێ بناسین و حوکمی بەسەردا بدەین چونکه چەندان رێباز و سەبکی جۆربەجۆر له نێو ئەو شێوه نوێیەدا خۆیان دەنوێنن[٩٤]». له کاتێکدا ئەم رایه ئەوه رەت دەکاتەوه که خۆبەستنەوەی شاعیران یا خۆنەبەستنەوەیان به کێش و قافیەیەکی دیاریکراو بکاته پێوەری دیارکردنی کۆن و نوێی شیعر، رایەکی تر مەسەلەکه دەبەستێتەوه به گۆڕانی ژیان و دروستبوونی (ڕوانینی تازه) و بەرپەرچدانەوەی ئەو یاسا و دەستوورانەی شیعر کۆت و بەند دەکەن «... شیعری تازەش به (کێش و قافیه) هەڵ ناسەنگێنرێ، بەڵکو روانینی تازەی بۆ هونەری شیعر و ژیان دەکرێته پێوەر، چونکه زمانی کۆن دەرەقەتی ژیانی تازه و ئەزموونی تازه نایێ... سەربەستی شاعیریش له شیعردا، ئەوه نییه له هونەرەکه هەڵگەڕێتەوه، بەڵکو سەربەستی هەڵگەڕانەوەیه لەسەر ئەو یاسایانەی که بۆ هونەرەکه دادەنرێ و پشتی له زەوی دەدەن[٩٥]». جاری واش هەیه مەسەلەکه مەسەلەی شیعری چاک یا خراپه جا ئیتر هەر قاڵبێکی هونەری هەبێت و لەسەر هەر جۆره کێشێک بێت و پەیڕەوی هەر جۆره قافیەیەک بکات گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت «دەربارەی شیعری کۆن و نوێش، بەلای منەوه شیعری چاک، نه به کۆنییه و نه به تازەییه و نه بەوەزنه و نه به قافیەیه ئەوه شیعری نالی و ئەوەش شیعری گۆران لای ئەم دوو کەڵه شاعیره دەیان نموونەی بەرزی شیعری جوان ئەبینین، شیعر ئەبێ شیعر بێت یان شیعر نەبێت، جا ئیتر له هەر روخسارێکدا خۆی بنوێنێ، له شیعری تەقلیدیماندا، وەک شیعری زیندوو هەیه، هەروەها له تاقیکردنەوەکانی شیعری نوێشدا هەردوو نموونەکان بەرچاو ئەکەون[٩٦]».

٩٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦ و ٢٧ .

٩٤- باسی ئەدەبی، دارا. م، گ: سروه، ژ: ٦، ساڵی دووەم، هاوینی ١٣٦٥ (١٩٧٧ ز)، ل ٩٤ .

٩٥- ڕەخنه له نێوان خوێنەرو داهێناندا، ئازاد عەبدولواحید، گ: سروه، ژ:٥٧، ساڵی هەشتەم، خاکەلێوەی ١٣٧٠ (١٩٨٢ز)، ل ٣٢.

٩٦- تۆمارێکی تایبەتی بۆ بەیان، حەمە سەعید کەریم، گ:بەیان، ژ: ٦٢، ئایاری ١٩٨٠، ل٦٩و ٧٠.



سەرنجدان لەم بیروڕا رەخنەییانه جۆری تێڕوانین و تەماشاکردنی شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی کوردی سەبارەت به مەسەلەی دەستنیشان کردنی کۆن و نوێی شیعرمانی بۆ دەرخست، که له رووی چەند تێڕوانین و باری سەرنجێکی جیاوازەوه تەماشای مەسەلەکەیان کردووه، وەک: باوەڕهێنانی هەندێکیان به پێوەری کات و رەتکردنەوەی ئەم پێوەره لای هەندێکی تریان و باسکردنی جۆری بابەتەکانی ناوەڕۆک و مەسەلەی رەسەنایەتی و رەتکردنەوەی پێوەری کێش و قافیه و چەند مەسەلەیەکی دیکه... بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین که رێک نەکەوتن و جیابوونەوەی ئەمانه لەسەر مەسەلەی دیارکردنی کۆن و نوێی شیعر، کاری نەکردۆته سەر هەڵوێستی نەرمیان بەرامبەر به شیعری کۆن یا نوێ، چونکه ئەمانه هەر بیروڕایەکیان دەربڕیبێ هەڵوێستێکی وایان نەنواندووه رەتکردنەوەی یان پەسەندکرنی جۆره شیعرێک بێت لەسەر حیسابی ئەوی تر چ کۆن یان نوێ بێت. بەڵکو ئەگەر مەسەلەکه پەسەندکردن یا رەتکردنەوه بێت بەشێکی بەرهەمەکانی گرتۆتەوه نەک سەرجەمی ئەو بەرهەمانه به کۆن و نوێیەوه، وه ئەگەر مەسەلەکەش خستنه رووی تێڕوانین و بۆچوونێکی نوێ بێت بەرامبەر به شته کۆنەکانی پێش خۆیان ئەوا هەردوو جۆری ئەدەبەکەی وەک یەک گرتۆتەوه.

هەرچەنده لەلایەکەوه جۆری تێڕوانین و تەماشاکردنی مەسەلەی کۆن و نوێی شیعر لایەنێکی گرنگی سروشتی نەرمی هەڵوێسته رەخنەییەکه پیشان دەدات، دەبینین لەلایەکی ترەوه چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامان و کەلەپووری ئەدەبی نەتەوایەتی کوردییەوه لایەنێکی دیکەی ئەو هەڵوێسته رەخنەیییه تەواو دەکات.

ئەوەی راستی بێ هۆی سەرەکی ئەو هەڵوێسته نەرمەی که خۆی لەو بیروڕا رەخنەییانەدا نواندووه، لەو روانگەوه هاتووه که دەبێ له رووی بۆچوونی سوود لێ وەرگرتنەوه رووبکرێته ئەدەبیاتی کۆنمان نەک رەتکردنەوه و پشتگوێ خستنی که زەرەر و زیانێکی گەوره به مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوایەتی کوردیمان دەگەیەنێت، چونکه دەبێ ئەوه لەبەرچاو بگیرێت که ئەدەبیاتی کۆن بناغەی دروستبوونی ئەدەبی نوێمانه و بێ کۆنەکه نوێیەکه لەدایک نابێ.

ئەگەر تەماشای بیروڕای ئەو رەخنەگر و شاعیرانه بکەین که باسی چۆنیەتی مامەڵەکردنیان کردووه لەگەڵ ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، دەبینین زۆربەی زۆریان لەسەر ئەوه یەکیان گرتۆتەوه که ئەمڕۆ بەردەوامی دوێنێیه و ئەدەبی نوێ درێژەپێدان و بەردەوامی ئەدەبه کۆنەکەیه و هەردووکیان به درێژایی قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەبیات

وەک زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو هەمیشە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبووە و تەواوکەری یەکتر بوونە. بۆیە نوێکردنەوەی ئەدەبی ئەمڕۆ پێویستە لەسەر بناغەی پتەوی تاقیکردنەوەکانی ئەدەبی دوێنێ بێ «دەبێ چاوێک لە گەلانی خودا پێداو بکەین، بزانین ئەوان دەگەڵ رابردووانی خۆیان چۆنن ئێمەش وابین. نابێ ئەدەبی کۆنمان لەبیر بەرینەوە و بڵێین دنیا تازە بۆتەوە و باوی ئەمانە نەماوە. دەبێ بیان خوێنینەوە و بەغاریش بەسەریاندا نەڕۆین و وردبینەوە و تێیان بگەین و بەشی خۆمانی لێ هەڵنجێنین و لەگەڵ ئەدەبی تازەدا بیگونجێنین[97]». واتە نوێکردنەوەی ئەدەب نابێ مانای فەرامۆشکردنی ئەدەبی کۆن بگەیەنێت و بکرێتە هۆیەک بۆ رەتکردنەوەی ئەو ئەدەبە، بەپێچەوانەوە پێویستە نەک هەر لەبیر نەکرێ بەڵکو زۆریش لەسەری بوەستین و لێی وردبینەوە و بۆ تاقیکردنەوە نوێکانمان سوودیان لێ وەربگرین «دەسا با کۆنە فڕێ نەدەین و بڕوانین پێشینان چییان بۆ نووسیوین. لێیان بخوازینەوە و نەخش و نیگارێکی تازەی بە بەردا بکەین و بەهرەی لێ وەرگرین... تۆ بێنە دیوانی مەلای جزیری بخوێنەوە و تێبگە ئەو ئەوین و دڵدارییە بەسۆزەی کە ئەو بۆ دڵبەرەکەی دەکا و کردووە تۆ دەرسی لێ وەرگرە و بەو سۆزەوە دڵداری نیشتمانت بە. وەک مەم بمرە بۆ زین بەڵام با زینەکەی تۆ کوردستان بێ. ئازیزی مەولەوی کەسێک بووە با ئازیزی تۆ هەموو کوردێک بێ. حەبیبەکەی نالی با ببێتە هەستی ئازادی لەلای تۆ[98]».

ئەم قسانە بەڵگەی تێگەیشتنێکی چاک و هەزمکردنێکی قووڵی سامانی ئەدەبیاتی کۆنمان دەگەیەنێت، چونکە بایەخدان بەو سامانە ئەدەبیاتە لەو سنوورە دەرچووە کە تەنها خۆی بەرێز لێگرتن و تەماشاکردنێکی پیرۆزی ئەدەبە کۆنەکە ببەستێتەوە، بۆ جۆرە مامەڵەکردنێکی نوێ ئەویش بەکارهێنانی ئەدەبە کۆنەکەیە بۆ مانا و مەبەستێکی نوێی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی سەردەم.

دیارە ئاوڕدانەوە و سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی کۆن لەسەر بناغەی ئەم تێڕوانین و بۆچوونە نوێیە هەموو ئەدەبیاتی کۆنی نەگرتۆتەوە بەڵکو مەبەست تەنها لایەنە گەش و چاکەکانی بوو، واتە ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشچوونی ژیاندا دەگونجێت «... هۆنراوەی کلاسیکیمان دایکی نوێی ئەمڕۆمانە، بە تایبەتی نوێیەک کە لێوەشاوە و

97- ئەدەبی کوردی سەربەرەو ژێر دەڕوا، هەژار، گ: روناهی، ژ: ١، ساڵی، ١، ١٩٦٠، ل٧٢ .
98- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣ و ٧٤ .



پەسەند بێ، وە لەگەڵ یاسای گۆڕانی ژیان تێکڕا بکەوێتە رۆیشتن و دوا نەکەوێ[99]». بەپێی ئەم بۆچوونە نوێکردنەوەی ئەدەبیات لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەدەبیاتی کۆن لەسەر بناغەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە قووڵە هەر دەبێ ئەنجامەکەی چاوەڕوانکردنی ئەدەبیاتێک بێ ئەگەر پێش کۆنەکەش نەکەوێ نابێ بە هیچ جۆرێک دوای کەوێ «بەم پێیە ئەبێ هۆنراوەی نوێ ئەگەر لە هۆنراوەی جوانتر و رێکوپێکتر و هونەرمەندی تر نەبێ یا تەک بە تەکی رابردووی (نەمرمان) (کلاسیک) نەڕوا ئەوا نابێ دوا بکەوێ[100]».

لە حەفتاکاندا لەگەڵ سەرەتای دەست پێکردنی ئەو نوێکردنەوەیەی بەسەر شیعری کوردیدا هات و خۆی لەو چالاکییە ئەدەبییەدا نواند کە بە بزووتنەوەی روانگە ناسرا، مەسەلەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی یەکێک بوو لەو مەسەلە گرنگانەی زۆر بە وردی لەسەری وەستان و بایەخێکی زۆریان پێدا.

ڕوانگە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دەرکردنی بانگەوازەکەی، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئەدەبی کۆن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتە دیار کرد «کۆن بەلای ئێمەوە – لە پێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا – هەر ئەوە نییە کە کوێرانە یاخیبوونێکی دژ بەرپا بکەین. ئێمە بڕوامان وایە کە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵپشتێک بوون بۆ رێڕەوە تازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لە منداڵدانی ئەوا لەدایک بوون و لە باوەشی ئەوا کەوتوونەتە گڕوگاڵ[101]».

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە روانگەخوازەکان تاقیکردنەوەی خۆیان بە بەردەوامبوون و درێژەپێدانی تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئەدەبیاتی کۆن داناوە و مەبەستیان رەتکردنەوە یا پەسەندکردنی سەرجەم ئەدەبی کۆن نەبووە، بەڵکو جۆری مامەڵەکردنیان لە روانگەی بۆچوونی بژارکردنی لایەنە چاکەکان و سوود وەرگرتن لەو لایەنانە بووە و رەخنەگرتنیشیان لە ئەدەبی کۆن هەر لە روانگەی دەست نەدان و بەکەڵک نەهاتنی ئەو جۆرە بابەتانەوە هاتووە کە لەگەڵ بارودۆخی نوێی کۆمەڵی کوردا نەدەگونجا و پێویستی بە

99- ئەدەبی نوێی کورد، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٩٤، ١٩٦٢، ل ٦ هەروەها بڕوانە: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی، ئاوارە، ل ١٧ .
100- ئەدەبی نوێی کورد، ساجد ئاوارە، ر: ژین، ژ: ١٦٩٥، ٢٧-٩-١٩٦٢، ل ٦ . هەروەها بڕوانە: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی، ئاوارە، ل ١٧ و ١٨ .
101- بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێمانەوە، گ: روانگە، ژ: ١، چاپخانەی (النعمان)، نەجەف، ١٩٧١، ل١٠ .

ناوەڕۆکێک بوو بتوانێت تەعبیر لە ژیانی سەردەمی نوێ بکات «لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو بابەتە ئەدەبییە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە کە هونەری ناوەڕۆک ئەکەن بەژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و دار و پەردووی وشەی وشک و برنگی رەق و بێ گیانەوە. ئەو بابەتە ئەدەبیانە، هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون و لە ئازار و ئاواتی چەوساوەکانی نەگەیشتوون... سەردەمی بەرهەمی دروستکراوی بێ بۆنە و ستایشی درۆ و هەجووی بێ پێز بەسەر چووە و ئەدەبیش لەو قەڵەمڕەوی دەرەبەگایەتییە رزگاری بووە کە بکرێت بە تاجێکی گەوهەر و مرواری و بەبڕیاری چەند کەسێک بکرێتە سەری یەکێکەوە[١٠٢]». ئینجا دوای ئەوەی لایەنی کەموکوڕی شیعری کۆن دیاردەکەن و داوای ئەوە دەکەن کە ئەو شیعرانە لەبەر ئەوەی بۆ ئەم سەردەمە دەست نادەن پێویستە بکشێنەوە دواوە و شوێنی خۆیان چۆڵ کەن بۆ شیعری نوێ، دوای ئەمە ئەرک و پەیامی شاعیری نوێ دیار دەکەن کە نابێ وەک شاعیرانی کۆن لە کونجی خەڵوەت دوور لە گیروگرفتی کۆمەڵ و دەرد و مەینەتەکانی مرۆڤەوە خۆیان بەکۆمەڵە بابەتێکەوە خەریک بکەن کە هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە، بەڵکو شاعیری نوێ لەباتی ئەو دوورەپەرێزییە خۆی بخاتە باوەشی کۆمەڵ و شۆڕببێتەوە ناخی مرۆڤ و رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی گیانی سەردەمەکەی بێت و دەوری کاریگەری خۆی لەناو کۆمەڵدا بگێڕێت «نووسەر و شاعیری ئەمڕۆمان، پێویستە ئەو قاوغی ویقار و فیز و لەخۆبایی بوونە کلاسیکییانە بشکێنێ کە دوورەپەرێز و لە سووچێکەوە دابنیشێت وە تەنها بۆ حەز و ئارەزووی خۆی بهۆنێتەوە و بنووسێت!. نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ، شان بە شانی پیشەی نووسین و شیعر وتنی کارگێڕیشە... شۆڕشگێڕیشە... جەنگاوەریشە. ئەو تاقیکردنەوانەی لە ژیانی رۆژانەدا ئەدیبی تیا ئەژی و لە کوورەی بەسەرهات و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات. هەر تەنیا ئەو تاقیکردنەوانەن رێگەی پوختەترین و باڵاترین بەرهەمی داهاتووی بۆ خۆش ئەکەن[١٠٣]». ڕوانگەییەکان وەنەبێ هەر تەنها لە بانگەوازەکەیاندا ئەم بیروڕایانەیان سەبارەت بە سامانی ئەدەبیاتی کۆن دەربڕیبێ، بەڵکو بە بەردەوامی تەئکیدیان لەسەر ئەم بیروڕایانەی خۆیان دەکردەوە و درێژەیان پێدەدا. بۆ نموونە لە کۆڕێکی ئەدەبی فراواندا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە شاعیر و نووسەرەی بانگەوازەکەیان مۆر کردبوو، چەند شاعیرێکی تریش کە

١٠٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١ .

١٠٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢ .



چووبوونە پاڵیان[*]، دیسان سەبارەت بەم مەسەلەیە تەئکیدیان لەسەر هەڵوێستی خۆیان کردەوە و ئەمجارە بە شێوەیەکی فراوانتر بیروڕاکانی خۆیان دەربڕی «سامانی ئەدەبی کۆن، بەلای ئێمەوە چەند تاقیکردنەوەیەکی پێکەوە بەستراوە بە مێژووی نەتەوەوە و، هەر تاقیکردنەوەیەکیش لەوانە روخسار و سیمای قۆناغێکی تایبەتی ئەو کۆمەڵەی وەرگرتووە و لە بنەڕەتا بۆتە کۆڵەگەیەک لەو کۆڵەگانەی مێژووی ئەو نەتەوەیەی لەسەر بنیات نراوە[١٠٤]». هەروەها کە دێنە سەر باسکردنی پەیوەندییان بەو ئەدەبیاتە دیسان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە مەبەستیان سەرجەم ئەدەبیاتی کۆن نییە، بەڵکو تەنها لایەنە چاک و سوودبەخشەکانی ئەو ئەدەبیاتانەیان لا مەبەستە و مامەڵەکردنیشیان لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتە مامەڵەکردنێکی جیایە و لەسەر بناغەی بەکارهێنانێکی نوێ دامەزراوە «پەیوەندی نەوەی نوێی ئێمە بەو سامانەوە پەیوەندی جوینەوە و دووپاتکردنەوەی تەواوی ئەو تاقیکردنەوانە نییە کە کۆن لە بزووتنەوەی ئەدەبیماندا بووە، ئەگەرچی لەکاتی خۆشیانا بەپێی پێویستییەکانی ئەو سەردەمە راست و رەوا و سەرکەوتوو بووبن، بەڵکو پەیوەندیمان بەو سامانەوە، پەیوەندی سوودوەرگرتن و پێشخستنی بەهرەمەندییانەیە لە رووە باش و تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی. پەیوەندی بەرپاکردنی جەنگێکی لە رەگ و ریشە دەرهێنەریشە بەرامبەر ئەو رووە خراپ و تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووە چەوتانەی کە بە کەڵکی ئەم سەردەمەمان نایەن[١٠٥]». واتە رەتکردنەوەی ئەمانە بۆ ئەدەبیاتی کۆن رەتکردنەوە و رەفزکردنێکی موتڵەقی هەموو ئەدەبیاتەکە نییە «ئێمە سەرانسەر قەڵا و کۆشکی سامانی ئەدەبی کۆنمان نادەینە بەر پاچ و خاکەنازی رووخاندن و تەفروتوونا کردن، چونکە بەلای ئێمەوە ئێستامان و ئەم چەرخ و سەردەمەیەمان ئەڵقەیەکی تەواوکەری زنجیرەی رابردوومانە، بەڵام دوای بژارکردنی رووە خراپەکانی و بەهرەوەری نواندن لە گۆڕان و پێشخستنی رووە باشەکانیا[١٠٦]».

لە راستیدا ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو بیروڕایانەی لە بانگەوازەکەدا هاتووە سەبارەت بە ئەدەبیاتی کۆن و چۆنیەتی مامەڵەکردن بۆ سوود وەرگرتن لەو ئەدەبیاتە و

(*) ئەو شاعیرانەی کە چوونە پاڵیان ئەمانە بوون: عەبدوڵڵا پەشێو، عەبدوڵڵا عەباس، سەڵاح شوان و چەند کەسێکی تر.

١٠٤- کۆڕێکی ئەدەبی ڕوانگە خوازەکان، ر: هاوکاری، ژ: ٦، ٢٠-٢-١٩٧١، ل ٣ .

١٠٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧

١٠٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ .

بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو بیرورِایانەی روانگەییەکان لە کۆرِەکەدا دەریان برِیوە دەبینین دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو بیرورِایانەیە کە پێشتر لە بانگەوازەکەدا بڵاویان کردبۆوە. ئەمەش تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە ئەمانە سەبارەت بەم مەسەلەیە بیرورِاکانیان لەسەر بناغەی باوەڕێکی پتەو و چەسپاوەوە بنیات ناوە.

هەروەها بەسەرکردنەوەی بیرورِای چەند نووسەر و شاعیرێکی بزووتنەوەی روانگە راستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەمانە هەڵوێستیان بەرامبەر بە چۆنیەتی تەماشاکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی لەسەر بناغەی گرنگی پێدان و سوود وەرگرتن لە لایەنە چاک و ئیجابییەکانی ئەدەبیاتی کۆن بوو، هەر بۆ نموونە (شێرکۆ بێکەس) کە یەکێک بوو لە دیارترین شاعیرانی روانگە و دەتوانرێ بە دەمرِاستی ئەو بزووتنەوەیە دابنرێ بەهۆی ئەو چالاکییە گەورەیەی چ لە بواری داهێنانی شیعر و چ لە بواری بەشداریکردنی لە چالاکییە رەخنەییەکەی ئەو سەردەمەدا دەینواند، هەمیشە لە روانگەی بۆچوونی تێگەیشتنێکی قووڵەوە هەڵوێستی بەرامبەر بە سامان و کەلەپووری ئەدەبیاتی کۆنەوە وەرگرتووە و پێی لەسەر گرنگی و بایەخی ئەم سامانە گرنکە داگرتووە بۆ بنیاتنانی تاقیکردنەوەکانی نوێکردنەوەی شیعری و لەسەر ئەم برِوایەش ماوەتەوە «هەرگیز وجودی بێ رابردوو نییە، ئێمە ناتوانین بە حەزی خۆمان - با نکۆڵیشی لێ بکەین- ئەو رابوردووە لابەرین و بیسرِینەوە. عیبرەت لەوەدایە چۆن لە رابردوو بدوێین - نەک ئاورِی لێ نەدەینەوە. بەلای منەوە گەرِانەوە بۆ رابردوو بەژیانەوەی نییە -یان دووبارەکردنەوەی- یان روانین بە چاوی رابوردووەوە بۆ ئێستە و بۆ داهاتوو یان تەقدیس کردنەوەی گوتارەکانی نەء - بەڵکو هەڵشێلانەوەیەتی بە واتایەکی تر باسکردنەوەیەتی بۆ ئەوەی رێگای پاشەرِۆژ چاکتر بناسین، بۆ ئەوەی لە رووکردنە داهاتوومان پشت ئەستوورتر بین...[١٠٧]» ئەم رایە دووبارە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەدەبی ئەمرِۆ بناغەکەی لەسەر سامانی ئەدەبیاتی کۆن دامەزراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیری ئەمرِۆ لە کاتێکدا روو دەکاتە ئەو سامانە ئەدەبیاتە و سوودی لێ وەردەگرێت تەنها شتە کۆنەکان دەجووێتەوە و کوێرانە لاسایی دەکاتەوە، یان گەرِانەوە بێ بۆ دواوە و تەماشاکردنی ئەمرِۆ بێ بە چاوی دوێنێ، بەڵکو مەبەست بەکارهێنانەوەیەتی بە شێوەیەکی نوێ و هاوچەرخانە

١٠٧- بەفر و ئاڵەکۆک - پرس و ئەزموون لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا، کەریم دەشتی، کتێبی کاروان، ژ١-، ١٩٩٣، ل ٧٥ و ٧٦.



بەجۆرێک کە لەگەڵ ژیانی نوێی سەردەمدا بگونجێت و شان بەشانی هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی ژیان هەنگاو بنێت. ئینجا مەبەستی هوشیارانەی شاعیری نوێ لەو ئاورِدانەوەیە دیاردەکات کاتێک دەڵێ: «ئاسەوار» بەسەرکردنەوە لای کۆنەپەرستان هەر بە کۆیلەیەتی ژیان و بە کۆیلەیەتی بیرکردنەوەیە، یان کۆیلەیەتی عەقڵە، بەڵام لای شاعیر زۆرجار بەسەرکردنەوەی سەرزەنشت کەرانەیە، زۆر جاری تریش بۆ رووخانیانە و بۆ بنیاتنانەوەی تازەیە لە جێگەیان و هەندێ جاریش بۆ (مەسح)ی تێرِامان و تێگەیشتنە لەو رابردووانە ئەم بەسەرکردنەوانە بۆ خەیاڵی شاعیر هۆی گەشانەوەی زمانە، یان بە واتایەکی تر ئەو ئاسەوارانە... داهاتوو خۆشەویستتر ئەکات، تاریکی بینین، بەهای رووناکی گەورەتر و بەنرختر ئەکات، لە ساتەکاتی نوشوستیدا ئاسەوارەکانی رابوردوو، ئەو شوێنەوارە کەلاوانەی بە زەمانێکدا، مێژووی سەروەرییەک بوون، خۆیان لە خۆیاندا هاندانێکی روحین بۆ خۆشەکانی ئایندە...[١٠٨]» بەڵێ شاعیری وریا ئاورِدانەوەی لە سامان و کەلەپووری ئەدەبیاتی کۆنی میللەتەکەی لە رووی ئەو بۆچوونە هۆشمەندانەوە ئەو مەبەستە گرنگانە لەبەرچاو دەگرێ و ئەو ئەدەبیاتە کۆنە دەکاتە هۆیەک بۆ گەیشتن بەو مەبەستانە بۆیە لێرەدا «شیعری تازە کەلەپوور بە بەندیخانە نازانێ خۆی تێدا زیندانی بکات، بەڵکو لە سەرچاوە روونەکانیەوە هێز و گورِی نوێ بەرەو پاشەرِۆژ وەرئەگرێ، چونکە شیعری تازە چاو پێداگێرِانەوەی بەردەوامە. گەرِان و گەشتی بێ کۆتایی ئەزموونگەرییە[١٠٩]».

هەروەها (عەبدوڵڵا پەشێو) لە نامەیەکدا کە بۆ (ئەنوەر قادر جاف)[*]ی شاعیری ناردووە، چەند بیرورِایەک سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی دەردەبرِێ و یەکێک لەو مەسەلانە کە باسیان لێوە دەکات ئەوەیە شاعیرانی نوێ ئاورِ لە سامانی ئەدەبیاتی پێش خۆیان بدەنەوە و لە رووی بۆچوونی سوود لێ وەرگرتنەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. رێزلێنانی (پەشێو) بۆ شاعیرانی پێش خۆی و پەسەندکردنی شیعرەکانیان گەیشتۆتە

١٠٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧ و ٧٨ .

١٠٩- وتووێژ لەگەڵ شێرکو بێکەس -٢-، ئامادەکردنی بەرِۆژ ئاکرەیی، گ: سروە، ژ: ٦٨، ساڵی حەوتەم، رِەشەمەی ١٣٧٠ (١٩٨٢ز)، ل١٨ .

(*) ئەنوەر قادر جاف یەکێک بوو لە شاعیرە دیارەکانی حەفتاکان، دیوانێکی شیعری لە ژێر ناوی (زریان)دا بەچاپ گەیاند کە لەو کاتەدا دەنگدانەوەیەکی چاکی هەبوو و جێی سەرنج رِاکێشانی زۆربەی شاعیر و رِەخنەگرانی ئەو سەردەمە بوو .

رادەیەک، هۆراس ئاسا، داوا لە شاعیرانی نوێ بکات شەو و ڕۆژ شیعرەکانیان بخوێننەوە و سوودیان لێ وەربگرن «بەمن بێ حوجرەیەکتان بۆ دەکەمەوە. هەمووتان داوێمە بەر خوێندن، بۆ ئەوەی لە بەیانییەوە تا ئێوارێ شیعری بەردەشانی و جزیری و خانی و حاجی و نالی و مەحوی و مەولەوی و گۆران و پیرەمێرد و هەردیتان بۆ بخوێنرێتەوە[110]».

(حوسێن عارف)یش وەک یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی بزووتنەوەی روانگە دیسان لە رووی تێگەیشتنێکی قووڵی کەلەپوور و سامانی ئەدەبیاتی کۆنەوە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بنج و بناوانی تاقیکردنەوەی ئەدەبی نوێیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی کۆن و نوێخوازیش لای ئەوان بە هیچ شێوەیەک مانای لادان و سڕینەوەی ئەو ئەدەبە کۆنە نییە کە بناغەی بنیاتنانی ئەدەبە نوێیەکەی لەسەر دامەزراوە «... ئێمە شەڕی رووخاندن و سڕینەوەی سامانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری رابردووی نەتەوەکەمان ناکەین و ئەو سامانە لای ئێمە رەگ و ریشەمانە و بنجمان لەسەر ئەوە داکوتاوە. بەڵام ئێمە شەڕی نوێخوازی و تازەکردنەوە و بەرەو پێشەوەچوون ئەکەین شەڕی دەربڕینی هیوا و ئاوات و بیر و هۆشی نەوەی ئەم سەردەمەی خۆمان ئەکەین.»[111]

هەروەها (عەبدوڵڵا عەباس) تێگەیشتن و هەزمکردنی دوێنێ دەکاتە بناغەی تێگەیشتنی ئەمڕۆ و بەپێی ئەمە کۆن بە بناغەی نوێ دادەنێت «مێژوو بە قەناعەتەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو ئەنێ، بە رووپۆشی وەرزی پێشووەوە پێ ئەنێتە وەرزێکی نوێ، جا بەپێی ئەو پێکەوە بەستراوەیە نەبێ ئێمە لە هیچ ناگەین، کەواتە پێویستە سەری گرۆڵەکە بە پێکەوە بەستراوەیەوە بدۆزینەوە، هەر شێواوییەکیش لەو ماوەی پێشوودا خولقابێ گوناهی هەموو رابردوو نییە، بەڵکو هەڵە لە چۆنیەتی سەرنجدانی رابوردوودا «وەک هەمووی بێ کەڵک بێت» روو ئەدات، جا بۆیە پێویستە سەرنج دانەوەمان لە رابوردوو (یان کۆن) بە وردی (فەرز)بێ بۆ خولقاندنی بەسەر هەڵەکانی پێشوودا بڕوات و ڕێگای پاشەڕۆژ دیاری بکات[112]». هەرچی (سامی شۆڕش)ە ئەوا ئەگەرچی سەرهەڵدانی

١١٠- نامەیەکی کراوە، عەبدوڵڵا پەشێو، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٥، مارت و نیسانی ١٩٧٩، ل ١٦

١١١- ڕوانگە لە بانگەوازەکەوە تا ئێستا، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٤٨، ٢٥-١٢-١٩٧٠، ل ٢ .

١١٢- هۆنراوەی نوێ ژیان و تاقیکردنەوە و هەڵوێست لە ڕۆژژمێری "١٩٧١" دا، عەبدوڵڵا عەباس، ر: هاوکاری، ژمارەی تایبەتی، ساڵی سێیەم، ١-١-١٩٧٢، ل ٢٦.



ئەدەبە نوێیەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ وشک بوونەوەی ئەدەبی کۆن بەڵام لە هەمان کاتیشدا بوونی ئەدەبە نوێیەکەی لە بناغەی کۆنەکە نەپچڕاندووە «... شیعری تازە، شتێکی غەریبی لەخۆوە دروستبوو نییە، بەڵکو ئەنجامێکی زۆر ئاسایی نەجوولانەوە و وشکبوونەوەی کۆنەکەیە... لەبەردەم لێشاوی ناوەڕۆکی ژیانی ئەم سەردەمە...[113]» بەڵام (رەفیق سابیر) بەرامبەر بە تاوانبارکردنی بەتۆمەتی رەتکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبیاتی کۆن لە رووی بۆچوونێکی راست و دروست و تێگەیشتنێکی وردەوە بەرگری لەخۆی دەکات و بیروڕای خۆی لەبارەی ئەم مەسەلەیە دەردەبڕێ «ئەگەر عیبادەت نەکردنێکی کوێرانە و سەر نەلەقاندن بۆ هەموو شیعرێکی کۆن (بە چاک و خراپییەوە) رەفزکردنی (تراث)بێ ئەوا من شانازی بەو رەفزکردنەوە دەکەم[114]». ئینجا هەڵوێستی خۆی زیاتر روون دەکاتەوە کاتێک مەسەلەی رەتکردنەوە یان رەتنەکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبیاتی کۆن بە رادەی خزمەتکردنی کۆمەڵ دەبەستێتەوە «بەلای منەوە خزمەت کردنی (تراث) لەوەدایە کە ئاشکرای بکەی چەند ئەو (تراث)ە، خزمەتی مرۆڤی سەردەمی خۆی کردووە و چەند خزمەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەکات و بەلەکی شۆڕش و پێشکەوتنی ئەم سەردەمە ناگرێت. بۆ نموونە من بەو چاوەوە سەیری نالی و حاجی قادر و کوردی... هتد دەکەم کە چەند خزمەتی قۆناغی خۆیانیان کردووە و چەند خزمەتی ئەمڕۆ دەکەن یا ڕێگە لە پێشکەوتنی ناگرن... ئەوانەی ئەو تۆمەتە ئەدەنە پاڵ ئێمە و ئەیانەوێ (تراث) بکەن بە چەکێک و سەری هەموو تاقیکردنەوەیەکی نوێی پێ پان بکەنەوە تا چەند توانیویانە لەم لایەنەوە (تراث)مان بۆ یەکالا بکەنەوە و بژاری بکەن... یا ئاشکراتر بڵێیم خزمەتی راستەقینەی (تراث) بکەن[115]».

ئەم بیروڕایانە هەموو تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە هەڵوێستی روانگە بەرامبەر بەو سامانە ئەدەبیاتە کۆنەی بۆیان بەجێ مابوو لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەوە دروست ببوو کە تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئەدەبیاتی کۆن یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی بنیاتنانی تاقیکردنەوەی نوێکردنەوەی شیعریان و رووکردنە ئەو سامانە ئەدەبیاتەش بە مەبەستی

١١٣- سەرنجێک لە: سەرنجێک لە ڕواڵەتی شیعری تازە، سامی شۆڕش، ر: هاوکاری، ژ: ١١٥، ٦-٥-١٩٧٢، ل ٣ .

١١٤- وتووێژێکی والا دەربارەی ئەمڕۆ و ئەدەب و ژیان، ئەحمەد ڕێبوار، ر: هاوکاری، ژ: ١٨٠، ١٧-٨-١٩٧٣، ل ٧ .

١١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

بژارکردنی لایەنی چاک و بەپێزی ئەدەبەکە و بەکارهێنانەوەیەکی نوێی کەرەسە کۆنەکەیە بەشێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەدا بگونجێت و تەعبیرێکی راستەقینە لەلایەنە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی ئەو سەردەمە بکات.

ئەوەی کە باسمان کرد هەڵوێستی شاعیر و نووسەرانی روانگە بوو بەرامبەر بە ئەدەبی کۆنی کوردی، ئینجا ئەگەر تەماشای هەڵوێستی رەخنەگرانی ئەو سەردەمە بکەین بەرامبەر بەم مەسەلەیە دەبینین لە روانگەی بۆچوونێکی هاوبەش و لەیەکچووەوە تەماشای ئەم مەسەلەیەیان کردووە، بۆیە ناکۆکی لە نێوانیاندا نابینین.

رەخنەگرانی ئەو سەردەمە راستەوخۆ لەژێر تەئسیر و کاریگەری فەلسەفەی مارکسی – لینینی[*]دا بوون، وە بە تایبەتی لە روانگەی (مەتریالیزمی دیالیکتیکی) کە بەشێکی ئەو فەلسەفەیەیە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە سامانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی دیاری کردووە.

یەکێک لە بیروڕا سەرەکییەکانی مەتریالیزمی دیالیکتیکی تەئکید کردنیەتی لەسەر گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامی دیاردەکان و لەناو چوونی دیاردە کۆنەکان و لەبەرچاو گرتنی لەدایکبوونی دیاردە نوێیەکانە. بەڵام هەرگیز دیاردە کۆنەکانی بە تەواوی رەت نەکردۆتەوە، بەڵکو تەئکیدی لەسەر لایەنە چاکەکانی ئەو دیاردە کۆنانە کردووە «هەموو دیاردەیەک کە لە سروشت و کۆمەڵدا سەرهەڵدەدەن بە رێگای سروشتی خۆیاندا دەڕۆن، بە مانای ئەوەی ئەوانیش لەگەڵ تێپەڕبوونی کات کۆن دەبن و جێگا چۆڵ دەکەن بۆ ئەو دیاردانەی لەوان نوێتر و بەهێزترن. جا ئەگەر ئەو دیاردانە کاتی خۆیان دیاردە کۆنەکانی پێش خۆیان نەفی کردبێ، ئەوا ئێستا هەر ئەم دیاردانە کۆن بوونە و لەلایەن دیاردە

(*) ئەو تیۆرە فەلسەفییەیە کە پێکهاتووە لە بیروڕا فەلسەفی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی مارکس و ئینگلز لینین. بناغەی ئەم تیۆرە فەلسەفییەش لەسەر دوو لقی سەرەکی دامەزراوە ئەوانیش مەتریالیزمی دیالیکتیکی و مەتریالیزمی مێژووییین، فەلسەفەی مارکسییەت هەر لە سەرەتادا ئامانجی سەرەکی داکۆکیکردن بوو لە چینی چەوساوەی کرێکار کە بەهێزی بنیاتنەری سوسیالیزم و کۆمۆنیزمی دادەنا، یەکێک لە خاسیەتە سەرەکییەکانی مارکسی-لینینی وەک فەلسەفە تەئکید کردنی لەسەر ئەو پێوەندییە پتەوە بوو کە لە نێوان تیۆر و پەیڕەوکردندا دەبینێ و هەوڵی دەدا ئەنجامەکانی لە ئەزموونە شۆڕشگێڕییەکەی جەماوەر دەستکەوتە نوێکانی زانست وەدەست بهێنێت.
بڕوانە: الموسوعة الفلسفية، م: روزنتال و.ب. يودين، ترجمة سمير كرم، الطبعة الثانية، دار الطليعة – بيروت، ١٩٨٠.



نوێیەکانەوە نەفی دەکرێن[١١٦]». ئەم یاسایەش کە پێی دەگوترێت (نفي النفي) لەسەر بناغەیەکی زانستی وردەوە مامەڵە لەگەڵ کۆن دەکات و ئەوە دەردەخات کە پەرەسەندن بەهیچ شێوەیەک بە مانای رەتکردنەوەیەکی موتڵەقی شتە کۆنەکانی پێش خۆی نییە بەخراپ و چاکیەوە چونکە «لە پرۆسەی پەرەسەندندا هەر پلەیەکی بەرز هەڵدەستێت بە نەفیکردن و لادانی پلەی پێش خۆی و لەهەمان کاتدا بۆ پلەیەکی نوێی بەرز دەکاتەوە و ناوەڕۆکە چاکەکەشی دەپارێزێت»[١١٧]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا هیچ پەرەسەندنێک لەخۆیەوە روونادات و هیچ دیاردەیەکی نوێش لەو گۆڕە بەبێ پشت بەستن بە لایەنە چاک و بەهێزەکانی سامانە کۆنەکە سەر هەڵنادات و بەردەوام نابێت، بۆیە «نەفیکردنی نەفی دیالێکتیکی لە یەک کاتدا نەفیکردن و پاراستنی تێدایە بەڵام پاراستنی هەموو ئەو لایەنە چاکانەی لە دیاردە کۆنەکەدا هەیە و بەبێ ئەمە هەر پەرەسەندنێک مەحاڵە»[١١٨]. چونکە لێرەدا مەبەست لە پەرەسەندن ئەوەیە کە هەر پلەیەک وەک زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو تەواوکەری پلەکانی پێش خۆیەتی و لەسەر بناغەی سوود وەرگرتن لە لایەنە چاکەکانی شتەکانی پێش خۆی بنیات دەنرێت نەک فڕێدان و پشتگوێ خستنی هەموو ئەو شتانەی پێش خۆی بەناوی پەرەسەندن و نوێکردنەوە.

(کەمال میراودەلی) لە روانگەی ئەم بۆچوونە فەلسەفییەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی کۆن و نوێ دیار دەکات و کۆن بە بناغەی نوێ دادەنێت، بەڵام نەک هەموو کۆنێک، بەڵکو تەنها ئەو کۆنەی دەتوانێت پێش سەردەمی خۆی بکەوێت و لە قۆناغەکانی دوای خۆشی زیندوویێتی خۆی بپارێزێت و بە بەردەوامی سەرچاوەیەکی زیندووی تاقیکردنەوەکانی دوای خۆی بێت «ئەگەر دیقەتێکی وردبین چ لە رواڵەتەکانی سروشت و چ لە مێژووی کۆمەڵی ئادەمیزاد بکەین لە کۆنەوە تائێستا ئەبینین هیچ تازەیەک لە خۆیەوە دروست نەبووە بەڵکو لەسەر کۆتەرەی کۆن چرۆی دەرکردووە دوای ئەوەی کە کۆن لە پەل و پۆ کەوتووە و توانای خۆڕاگرتنی نەماوە... بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو کۆنێک ئەبێ بمرێ... چونکە زۆر (کۆن) هەیە بمانەوێ و نەمانەوێ

١١٦- عرض موجز للمادية الديالكتيكية، بودو ستنيك و ياخوت، دار التقدم، موسكو، مطبعة العراق والنشر، ١٩٧٠، ص١٠٤.
١١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦ .
١١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

زیندووە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە چونکە گرەوی خۆی بردۆتەوە و نیشانەی هەنگاوتووە و پێش رۆژگار کەوتووە»[١١٩] . هەر لەڕووی هەمان بۆچوونی رەخنەییەوە (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) کە یەکێکە لە رەخنەگرە دیارەکانی ئەو سەردەمە هەمان هەڵوێست بەرامبەر بە کۆن دەنوێنێت و تەئکید لەسەر مەسەلەی بنیاتنانی نوێ لەسەر بناغەی کۆن دەکات «هەموو جوولانەوەیەکی نوێ و نوێخوازی لە هەرچی لایەکی ژیانا بێ پەسەندە. پیرۆزە، بەنرخە. بەڵام بەمەرجێ شووڵی یاخیبوونی لێ هەڵنەکێشێ و پشت نەکاتە ئەوانەی پێشوو -نوێ- یەک دابمەزرێنێ کە بنچینەی نەبێ و زۆر نەبات بڕمێ هەروەک خانووی منالاّنە لەسەر لم. نوێ و نوێخوازی ئەبێ هەنگاوێکی گۆڕان بێ لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی پێشکەوتووتر. ئەبێ بنیاتنانێکی بناغە پتەو بێ کە هیچ رەهێڵە و تەوژمێ کاری تێ نەکا.»[١٢٠] بەڵام ئەو کۆنەش نابێ وەک خۆی بەبێ دەسکاری وەربگیرێت و بگوازرێتەوە ناو ئەدەبیاتی نوێوە، بەڵکو دەبێ گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت و لەگەڵ لایەنە نوێیەکانی ژیانی سەردەمی نوێدا بگونجێنرێت، واتە سەرلەنوێ بەشێوەیەکی نوێ بەکار بهێنرێتەوە «کەواتە پشت بەستن بە سامان و کەلەپووری نەتەوایەتیمان مەرجێکی پێویستەو نابێ پشت گوێ بخرێ. بەڵام ئەبێ ئەو کۆنە هەمدیس بە ئاوی نوێ بشێلرێتەوە تاکو بگونجێ لەگەڵ پلەی ئێستامان و بە تەواوی لە خزمەت شۆڕش و جەماوەرانی شۆڕشگێڕانا بێ».[١٢١]

ئەم بیروڕایانە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە شاعیر و نووسەرانی روانگەو رەخنەگرانی ئەو سەردەمە لە روانگەی یەک بۆچوونەوە هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئەدەبیاتی کۆن وەرگرتووە و لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە ئەدەبی کۆن بکرێتە بناغەی بنیاتنانی ئەدەبی نوێ وە بە تایبەتیش سوود لە لایەنە چاک و بەهێزەکانی تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئەدەبیاتی کۆن وەربگیرێت و وەک سەرچاوەیەکی زیندوو دووبارە بەشێوەیەکی نوێ بەکار بهێنرێتەوە بەجۆرێک کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی رۆژگارە نوێیەکەدا بگونجێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بیروڕایانەی هەوڵی ئەوەیان داوە روانگە بەوە تاوانبار بکەن گوایە بەشێوەیەکی موتڵەق سەرجەم ئەدەبیاتی کۆن رەت دەکاتەوە و خەتێکی راست و چەپ

١١٩- کۆن و نوێیی لە ئەدەبدا، کەمال میراودەلی، ر: هاوکاری ژ: ٤٢،٢٤-١٠-١٩٧٠، ل٨.

١٢٠- روانگە لە دوو توێی تاقیکردنەوەدا، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، گ: دەنگی مامۆستا، ژ: ٥، ساڵی دووەم، کانوونی دووەم، ١٩٧٢، ل ١٣ .

١٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥ .



بەسەر لایەنە چاک و خراپەکانی ئەو ئەدەبیاتەدا دەهێنێت، هەوڵێکی پووچ و بێ بناغەیەو لە هەڵوێستی راستەقینەی روانگەوە دوورە.

ئەوەی راستی بێ یەکێک لەو بیروڕایانەی رەخنەگران هەوڵیان داوە بیقۆزنەوە و بەهۆیەوە بەگژ روانگەدا بچن و تاوانی رەتکردنەوەی سەرجەم کەلەپوور و سامانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی بدەنە پاڵ بیری(یاخیبوون لە کۆن)ە.

راستە لە شوێنێکی بانگەوازەکەی روانگەدا هاتووە «نوێ خوازە...بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت.»[١٢٢] بەڵام دەبێ ئەوە بزانین مەبەست یاخیبوونە لە کامە کۆن؟ هەموو کۆنێک یا بەشێکی کۆنەکە؟ ئینجا مەبەست لە کۆن چییەو چی دەگرێتەوە؟. چونکە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەڵوێستی راستەقینەی روانگە بەرامبەر بەم مەسەلەیە دیار دەکات.

هەروەک پێشتر روونمان کردەوە روانگە هەڵوێستێکی دیاریکراوی هەبوو بەرامبەر بە ئەدەبیاتی کۆن، ئەویش جیاکردنەوەی دوو شت بوو، یەکێکیان رەتکردنەوەی ئەو لایەنانەیە لە ئەدەبە کۆنەکە کە لە پەلوپۆ کەوتووە و لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەی سەردەمدا ناگونجێت و بۆ ئەو رۆژگارە نوێیە دەست نادات، ئەوی تریشیان ئەو لایەنە چاکانەیە لە ئەدەبە کۆنەکە کە کاریگەرێتی خۆی پاراستووە و بە زیندوویێتی ماوەتەوە و پێش رۆژگاری خۆی کەوتووە و نەوە دوای نەوە وەک سەرچاوەیەکی زیندووی لەبن نەهاتوو سوودی لێ وەردەگرێت و بە بەردەوامی بەکار دەهێنرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵوێستی روانگە بەرامبەر بە کۆن بەهیچ شێوەیەک رەتکردنەوەیەکی موتڵەقی سەرجەم ئەدەبیاتە کۆنەکەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لایەنە چاک و بەپێزەکانی لەبەرچاو گرتووە و بۆ بنیاتنانی ئەدەبیاتە نوێیەکە سوودی لێ وەرگرتووە. ئەم هەڵوێستەش بە ئاشکرا چ لە بانگەوازەکەی روانگە و چ لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی دەبەسترا و چ لەو وتار و نووسینانە و چ لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵیاندا دەکرا، هەمیشە تەئکیدی لەسەر کراوە و دووبارەکراوەتەوە[١٢٣]، بۆیە لە کاتێکدا (حوسێن عارف) باسی هەڵوێستی روانگە دەکات بەرامبەر بە کۆن و ئەو ئەدەبیاتە کۆنە بە بناغەی ئەدەبیاتی نوێی کوردی دادەنێت و[١٢٤] رەخنەگرێک ئەم قسانەی (حوسێن عارف) بە پاشگەزبوونەوە دادەنێت لەو

١٢٢- بانگەوازێک لە روانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە، گ:روانگە، ژ: (١)، ١٩٧٠، ل ١٤ .

١٢٣- بڕوانە: ل ١٠٤ و ١٠٦و١٠٧و ١٠٨و ١٠٩ ی کتێبەکەمان .

١٢٤- بڕوانە: روانگە لە بانگەوازەکەوە تا ئێستا، حوسێن عارف، ر: هاوکاری، ژ: ٤٨، ٥-١٢-١٩٧٠، ل ٢ .

بیروڕایانەی کە پێشتر روانگەخوازەکان لە بانگەوازەکەیاندا دەریان بڕیبوو.[125] ئێمە بە پێچەوانەوە ئەم بیروڕایانە بە تەئکید کردنێک دادەنێین لەسەر ئەو بیروڕایانەی لە بانگەوازەکەدا هاتبوو، چونکە لە کاتێکدا باسی نوێخوازی و یاخیبوون دەکەن بە وردی و دوور و درێژی مەبەستی خۆیان روون کردۆتەوە و چەند جارێک گەڕاونەتەوە سەری و بە بەردەوامی تەئکیدیان لەسەر هەڵوێستی پێشوویان کردۆتەوە و هەڵوێستی راستەقینەی خۆیان دیار کردووە کە مەبەستیان رەتکردنەوەیەکی تەواوی سەرجەم ئەدەبیاتی کۆن نەبووە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە مەسەلەی یاخیبوون هەر تەنها ئەدەبیاتی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەپاڵ ئەمە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری گرتۆتەوە و داوای واقیعێکی لەبارتر و چاکتری کردووە لەو واقیعەی کە هەبووە، لەم رووەوە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ: (یاخی بوون) لای ئێمە... هەڵگەڕانەوەیە لەڕووی ئەو-واقیعە-دا، کە حەقیقەتی تیا بریندار کراوە، پاکێتی تیا پیس ئەکرێ، پیسێتی تیا ئەکرێ بە پاک، یاخی بوونە دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک، لەسەر کردنەوەی چەوساوەکانە، راماڵینی هەموو ئەو نەریت و عورف و تەقالیدە رزیوانەیە کە رێگەیان لە گۆڕین و پێشکەوتن گرتووە، شەڕ کردنە لەگەڵ کۆنەپەرستیدا...»[126] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەسەلەی یاخیبوون لای روانگە مەسەلەیەکی فراوانە هەر تەنها هەڵوێستی روانگەییەکانی بەرامبەر بە ئەدەبیاتی کۆن دیار نەکردووە، بەڵکو رۆڵی ئەو شاعیر و نووسەرانەشی بەرامبەر بە رووداوەکانی سەردەم و بەشداربوونیان لە گۆڕین و پەرەپێدانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگای کورد دیار کردووە. هەموو ئەم بیروڕایانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە هەڵوێستی روانگە بەرامبەر بە ئەدەبیاتی کۆن لەسەر بناغەی بۆچوونێکی زانستی ورد و مەوزووعییەوە دامەزراوە و لەڕووی بۆچوونی سوود وەرگرتن لە لایەنە چاک و رەتکردنەوەی لایەنە خراپەکانی ئەو ئەدەبیاتە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

جا ئەگەر بە وردی تەماشای ئەم جۆرە مامەڵەکردنە بکەین لەگەڵ ئەدەبیاتی کۆنی کوردی دەبینین بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە و وەک هەڵوێستێکی چەسپاو لە بیروڕای شاعیر و رەخنەگرانی دوای روانگەش بە بەردەوامی دەبینرێت.

١٢٥- بڕوانە: تیشکێ بۆ سەر روانگە، ئەحمد سەید عەلی بەرزنجی، ر: هاوکاری، ژ: ٥١، ٢٦-١٢-١٩٧٠، ل ٣ .

١٢٦- روانگەو کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی سێیەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦- ٨-١٩٧٢، ل ٧ .



(کاکەی فەلاح) کە روو دەکاتە ئەدەبیاتی کۆنی کوردی دژی ئەوە دەوەستێت کوێرانە لاسایی ئەدەبە کۆنەکە بکرێتەوە و راستەوخۆ بەبێ دەسکاری کردن ئەو ئەدەبیاتە بگوازرێتەوە ناو ئەدەبیاتە نوێیەکە، لەبەر ئەوەی ژیان لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و هەمیشە بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەدەبە کۆنەکەش سەر بە بارودۆخ و سەردەمێکی جیا لە سەردەمە نوێیەکەیە، بۆیە پێویستە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەدەبە تەنها سوود لەو لایەنانە وەربگیرێت کە بۆ ژیانی سەردەمی نوێ دەست دەدات و لەگەڵ رەوتی پێشکەوتندا دەگونجێت چونکە «لە شیعر و ئەدەب و تێکڕا ژیاندا باوەڕی بە گۆڕین و پێشکەوتن و نوێبوونەوە هەیە و نوێ لە منداڵدانی کۆندا دروست بووە و رەوا نییە وەک سامان و کەلەپووری نەتەوایەتی، نە هەمووی فڕێ بدەین و نە باوەشیش بۆ هەموو بگرینەوە... راست وایە تەنها سامانی باش و بە کەڵک و زیندوو بقۆزینەوە و ئاوێتەی بەهرەو هونەر و چێژوپێزی خزمەت و بەرهەمی سەردەمی خۆمانیان بکەین و لایەنە دزێو و مردووەکانیش پشت گوێی بایەخ و رەنجمانیان بخەین...»[127] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ سامانی ئەدەبیاتی کۆنمان کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەو ئەدەبیاتەیە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی چاک و بەهێزی لە لایەنە خراپ و لاوازەکانی، کەواتە پێویستە «... سوود وەرگرتنەکەمان لە رێگەی بژار و رەخنە و هەڵسەنگاندن و نرخاندنەوە بێت...»[128].

ئەوەی راستی بێ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە بیروڕا و هەڵوێستی زۆربەی ئەو شاعیرو نووسەرانەی باسی سامانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردییان کردووە دەبینین بەگشتی هەڵوێستیان بەیەک دەچێت و لە روانگەی بۆچوونێکی هاوبەشی لەیەک چووەوە تەماشای ئەدەبیاتی کۆنیان کردووە و لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە ئەدەبە کۆنەکە دەبێ بکرێتە بناغەی ئەدەبە نوێیەکە بە مەرجێک لایەنە چاک و سوودبەخشەکانی هەڵبژێرێت و بەشێوەیەکی نوێ بەکار بهێنرێتەوە و لەگەڵ بارودۆخی سەردەمە نوێیەکەدا رابهێنرێت و بگونجێنرێت.[129]

(١٢٧- کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەلاح، ل ٢٠٤ . هەروەها بڕوانە: (ئەدەب و هەنگاو و ئاسۆی بەیانی)محەمەد رەنجاو، گ:رۆشنبیری نوێ، ژ:(٥٥- ٥٦)، کانوونی یەکەم، ١٩٧٦، ل٢٦

١٢٨- بژار، ئەحمەد رێبوار، ل ٩٤ .

١٢٩- بڕوانە: هەڵوێستێک و چەند وشەیەک، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٦، مایسی ١٩٧٩، ل ٩. لەپێناو وێژەیەکی پێشکەوتنخوازدا، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی رۆژنامەی=

## قوتابخانە ئەدەبییەکان و کێشەی نێوان کۆن و نوێ

هەروەها بیروڕای ڕەخنەگران سەبارەت بە کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییەکان لەناو ئەدەبی کوردیدا سروشتی کێشەی نێوان کۆن و نوێمان زیاتر بۆ روون دەکاتەوە و دەست لەسەر هۆیەکانی دادەنێت، چونکە هەر قوتابخانەیەک لە قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی کوردی، کلاسیک و ڕۆمانتیک و ریالیزم، لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتییەوە سەریان هەڵداوە و ڕەگ و ریشەیان لەناو ئەدەبیاتدا داکوتاوە و گوزارشتیان لە ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی تایبەت بە سەردەمێکی دیاریکراو کردووە، بۆیە سەرهەڵدانی هەر قوتابخانەیەکی نوێ بۆتە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی بەهێز لەگەڵ قوتابخانە ئەدەبییەکەی پێش خۆی، چونکە لە کاتێکدا قوتابخانە نوێیەکە هەوڵی ئەوە دەدات جێ بە قوتابخانە کۆنەکە لەق بکات و شوێنی بگرێتەوە، بێگومان ئەو کۆنە بەرگری لەخۆی دەکات و بەرهەڵستی نوێیەکە دەکات. بۆیە بە درێژایی مێژووی پەرەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی، وەک ئەدەبیاتی هەموو میللەتان، کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییەکان حاڵەتێک بووە پێویستی قۆناغەکە دروستی کردووە و وەک سەرەنجام لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی پەرەسەندنی ئەدەب و ڕەخنەدا بووە.

لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا سەرەتای دەست پێکردنی کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دوای ئەوەی قوتابخانەی کلاسیکی ماوەیەکی دوور و درێژ کە چەند سەدەیەکی خایاند، باڵی بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا کێشاو تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام بوو «شیعری کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کورد سەر بەیەک جیهانی شیعر بوون کە ناونراوە شیعری کلاسیکی کوردی.»(١٣٠) بە درێژایی ئەو مێژووە دوور و درێژەی قوتابخانەی کلاسیکی

= عێراق، ژ:٢٥، مارت و نیسانی١٩٧٩، ل ١٤ . تیشکێ بەسەر هۆنراوەی نوێدا، ئامادەکردنی. عەبدولکەریم دەشتی، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژک ٢٥، مارت و نیسانی ١٩٧٩، ل ١٢ . چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری ئەمڕۆمان، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، گ: بەیان، ژ: ٦٤، تەمووزی ١٩٨٠، ل ٣١ . دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدولواحید، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٨٥، ل ١٠ . هەندێ وتارو چاوپێکەوتنی وێژەیی، خالد دلێر، ١٩٨٥، ل ٦٥ .

١٣٠- شیعری تازەی کوردی، د. عزەدین مستەفا ڕەسوول، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئادار ١٩٨٥، ل ١٩٥ .



سامانێکی ئەدەبی بەپێز و دەوڵەمەند لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا دروست بوو، بۆیە دەرکەوتنی قوتابخانەیەکی ئەدەبی نوێ کارێکی دژوار و گران بوو، بەڵام بەپێی پێویستی مێژوویی دەبوایە ئەو ئەدەبە نوێیە دروست ببێت و هەر ئەو پێویستییەش بسەپێنێت، لەبەر ئەوە سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا «... شۆڕشێک بوو بۆ سەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی، چونکە ئەدەبی کلاسیکی بۆ ماوەیەک بوو، وەک گۆمێکی مەنگ کە قەوزە سەری پۆشابێت وای لێ هاتبوو، هیچ جۆرە تازەگەری و داهێنانێکی تیادا بەدی نەدەکرا، هەر بریتی بوو لە لاسایی کردنەوەی شاعیران لەناو خۆیاندا، هەمان کەرەسەی شاعیرانی پێش خۆیان دەجوویەوە بێ دەسکاری کردن، ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەدەبی کوردی ئەو سەردەمە دەبینین هەر ئەو کەرەسە شیعرییەی نالی بوو کە ببووە سەرمەشقی شاعیرانی دوای خۆی بێ ئەوەی گۆڕانێکی هونەری تیادا بکەن لە قاڵبێکی وشکدا، شیعرەکەیان مەیاندووە...»(١٣١) ئەمەش کارێکی گەورەی هەبوو لەسەر دروستبوونی هەڵوێستێکی تر بەرامبەر بە ئەدەبی کلاسیکی، بە تایبەتیش لە لایەن چینی ڕۆشنبیری کورد لەو ماوەیەدا، چونکە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کوردی گرتەوە و بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جیاواز دروست بوو، دەبوایە ئەدەبێکی تر دروست ببێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ناوەڕۆکە نوێیە دەرببڕێت کە لەو سەردەمەدا دروست ببوو. ئەوەی زیاتریش کاری کردە سەر دروستبوونی ئەو هەڵوێستە پەیدابوونی چینی بۆرژوازی کورد بوو «لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە چینی بۆرژوازی لە کۆمەڵی کوردا پەیدابوو، شێوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەرا تێپەڕی، لە ناوەڕۆکا هەوڵی ئەدا بۆ لەناوبردنی پێوەندی عەشایری و هۆزایەتی و پێکهێنان و پتەوکردنی نەتەوەی کوردی تازە. لەم بزووتنەوەیەدا شارستانییەکان(*) دەوری باڵایان هەبوو.»(١٣٢) هاتنە پێشەوەی چینی بۆرژوازی کورد لە دوای جەنگی یەکەم کارێکی گەورە و کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕانی

(١٣١- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، ل ١٠٨ .

(*) مەبەستی نووسەر خەڵکی دانیشتووانی شارە، (سکان المدن) .

١٣٢- ڕۆمانتیزم لە ئەدەبی کوردیدا، د. مارف خەزنەدار، ر: برایی (بەشە کوردییەکەی جریدة التآخي)، العدد (٢٥٠)، السنة الاولي، ١-٤-١٩٦٨، ل ١٠، هەروەها بڕوانە: الأتجاه الرومنطيقي في الأدب الكردي، د. معروف خزنه دار، مجلة الثقافة الجديدة، العدد التاسع، كانون الاول ١٩٦٩، ص ١٩٩ .

ئەو بیروباوەڕە کۆنەپەرستە دواکەوتووانەی ماوەیەکی دوور و درێژ رەگی خۆیان لەناو عەقڵی مرۆڤی کورددا داکوتابوو، چونکە «... هەر لەناو ئەو چینەدا دەستەیەک رووناکبیر پەیدا بوون هەڵگری بیروباوەڕە پێشکەوتووخواز و سۆشیالیستەکان بوون و چارەنووسی خۆیان بەو بیروباوەڕانە بەستبووەوە.»[١٣٣] ئەگەرچی ئەو دەستە رووناکبیرە توانی بەهۆی بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکانی کارێکی گەورە بکاتە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی واقعی ئەوسای کۆمەڵی کورد و جۆرێک لە هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بڵاو بکاتەوە، دەبوایە بەپێی ئەو بیروباوەڕە نوێیانە نارەزایی خۆی بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی دەرببڕێت و زەمینە خۆش بکات بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەم قوتابخانەیە لە سەرەتادا نەیتوانی یەکسەر چۆک بە قوتابخانەی کلاسیکیدا بدات و وەک تاکە هێزێکی ئەدەبی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا خۆی بسەپێنێت، چونکە سەرباری پەیدابوونی چینە رۆشنبیرە نوێیەکە، چینە رۆشنبیرە کۆنەکە، واتە ئەو چینە رۆشنبیرەی سەر بە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان بوو، هێشتا لە پەلوپۆ نەکەوتبوو و کاریگەرێتی خۆی پاراستبوو، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر قوتابخانەی رۆمانتیکی لە سەرەتادا نەیتوانیبێ قوتابخانەی کلاسیکی لەناو ببات، ئەوا هۆی سەرەکی لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێکهاتنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کورد و لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی ئەو سامانە دەوڵەمەند و بەپێزەی قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دروستی کردبوو، بۆیە «... لەو ماوەیەدا پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی دوو رێڕەوی گرتبووە بەر:

١- **رێڕەوی ئەدەبی کلاسیکی**: کە چینی رۆشنبیری سەر بە مزگەوتەکان پەیڕەویان دەکرد و نوێنەری ئەو دەرەبەگانە بوون کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا رێبەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی دەکرد.

٢- **رێڕەوی شەپۆلی رۆمانتیکی**: کە چینی رۆشنبیری قوتابخانە نوێیەکان لە دەوریدا کۆببوونەوە، ئەوانیش ئەو چینە بوون کە کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئەدەبی رۆمانتیکی تورکی و ئەدەبیاتی ئەوروپی کە لە رێگای زمانی تورکییەوە دەیگەیشتنێ.»[١٣٤] بەهەر حاڵ بوونی هەردوو قوتابخانەی کلاسیکی و رۆمانتیکی لەیەک کاتدا لەناو ئەدەبی

١٣٣- الواقعية في الأدب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص ٨٩ .
١٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٩ .



کوردی بوو بەهۆی دروستبوونی کێشەیەکی بەهێز لە نێوان هەردوو قوتابخانەکە، بەڵام سەرنجدانێکی وردی بارودۆخی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە دڵنیاییەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە دەبوایە وەک سەرەنجام ئەدەبی کلاسیکی بکشێتە دواوە و مەیدان بۆ هاتنە پێشەوەی قوتابخانەی رۆمانتیکی چۆڵ بکات، چونکە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بارودۆخێکی نوێ لە جیهاندا دروست بوو وە بەتایبەتیش بۆ ئەو میللەتانەی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، میللەتی کوردیش یەکێک بوو لەو میللەتانە و شان بەشانی میللەتانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی لە تێکۆشان دابوو بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆی. جا لەو ماوەیەدا چینی رۆشنبیری کورد پەیوەندی بەدەوڵەتی نوێی تورکیا نەپچڕابوو، نەک هەر ئەوە، بەڵکو راستەوخۆش بەهۆی زانینی زمانی تورکییەوە پەیوەندییەکی پتەویان بە تورکیاوە هەبوو و دەوڵەتی نوێی تورکیش کە چینی بۆرژوازی نیشتمانی تێدا دروست ببوو و ئەویش کەوتبووە ژێر کارتێکردنی بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکانی ئەوروپا، چینی رۆشنبیری کوردیش لە رێگای ئەدەبی پێشکەوتووی تورکییەوە و بەهۆی زانینی زمانەکەیەوە کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازانە و سوودی لێ وەردەگرتن، بەڵام لێرەدا نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە «ئەوەی جێی سەرنج راکێشانە ئەوەیە کە بزووتنەوەی پێشکەوتووخوازی تورکی باوەشی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی کوردی نەکردبۆوە و ئەدەبی تورکیش رەنگدانەوەی هیوا و ئاواتەکانی میللەتی کورد نەبوو، بەڵام ئەم «واقیعە نالەبارە» رێگای لە رۆشنبیرانی کورد نەگرت لە سەرچاوەی ئەدەبی پێشکەوتووخوازی تورکی بخۆنەوە و وەک سەرچاوەیەکی رۆشنبیری سوودی لێ وەربگرن...»[١٣٥].

ئینجا دوای ئەوەی قوتابخانەی کلاسیکی ماوەیەک کەوتە کێشە لەگەڵ قوتابخانەی رۆمانتیکی لە کۆتاییدا نەیتوانی خۆی راگرێ بەرامبەر بە تەوژمی قوتابخانەی رۆمانتیکی کە رۆژبەڕۆژ زیاتر بەهێزتر دەبوو بۆیە «قوتابخانەی کلاسیکی بەرەبەرە کشاوە دواوە دوای ئەوەی ئەو بابەتانەی مەبەستە شیعرییەکانی پێک دەهێنا نەیانتوانی تەعبیر لە گیروگرفتەکانی جەماوەر بکەن».[١٣٦] چونکە ئەو بارودۆخە نوێیەی لە دوای جەنگی

١٣٥- الأتجاه الرومنطيقي في الأدب الكردي، د. معروف خزنه دار، مجلة الثقافة الجديدة، العدد التاسع، كانون الاول ١٩٦٩، ص ١٩٨ .
١٣٦- الواقعية في الأدب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص ١٠٥ .

یەکەمی جیهانی بەهۆی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و لە ئەنجامی پەرەسەندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد هاتە پێشەوە پێویستی بەوە کرد ئەدەبیش بگۆڕێت و بەرگێکی نوێ لەبەرکات و تەعبیر لە ناوەڕۆکێک بکات رەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە بێت «نێوانی هەردوو جەنگی جیهانی ماوەی داهێنان و نوێخوازی بوو لە لایەن شاعیر و هونەرمەندانی کوردەوە بە دوای داهێنانی نوێدا دەگەڕان بۆ ئەوەی لەگەڵ باری کۆمەلایەتی ئەوسای نەتەوەی کوردمان بگونجێت، چونکە ئەو بارودۆخەی ئەوسای کۆمەڵگای کوردەواری پێویستی بە جۆرە شاعیر و نووسەرێک بوو، کە دەنگی ئازادیخوازی میللەتی کورد بگەیەنێتە دەنگی ئازادیخوازی نەتەوەکانی جیهان، هەروەها پێویست بوو بە وردی لە گیروگرفتی دواکەوتنی میللەتی کورد بدوێن، بە تایبەتی کێشەی نەبڕاوەی نێوان چینی جوتیار و دەرەبەگ»[١٣٧]. ئەوەبوو دوای سەرکەوتنی قوتابخانەی رۆمانتیکی بەسەر قوتابخانەی کلاسیکی، کێشەیەکی تر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان قوتابخانە ئەدەبییە کوردییەکان دروست بوو ئەویش کێشەی نێوان قوتابخانەی رۆمانتیک و قوتابخانەی ریالیزم بوو چونکە «ئەو شەپۆڵە شۆڕشگێڕییە فراوانەی لە دوای راپەڕینی **١٩٤٨** عێراقی گرتەوە جگە لەوەی لایەنی شۆڕشگێڕێتی ئەدەبی عێراقی بەهێزتر کرد، هەروەها بەشداربوونی راستەوخۆی جەماوەری عەرەب و کورد لەو شەڕەی دوایی کارێکی گەورەی هەبوو لەسەر بەهێزبوونی لایەنی ریالیزمی لە ئەدەبی کوردیدا، وە ئەو سەرکەوتنانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕێتی بەدەستی دەهێنا و چین و توێژی زیاتری جەماوەر بەشداری تێدا دەکرد کارێکی گەورەی کردبووە سەر هەستی نووسەران و لە ئەنجامدا لایەنی رۆمانتیکی لاواز بوو و بەرەو لەناوچوون دەچوو»[١٣٨]. کەواتە ئەو بارودۆخە نوێیەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دروست بوو بووە هۆی ئەوەی شاعیر و نووسەرانی کورد روو بکەنە ژیانی واقیعی کۆمەڵی کورد و سەرچاوەی بابەتەکانیان لەو واقیعە هەڵهێنجن، بۆیە لە ئەنجامدا لایەنی ریالیزمی بەسەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا زاڵ بوو، بەلام زاڵبوونی لایەنی ریالیزمی نەبووە هۆی بزربوونێکی تەواوی دیمەنی کلاسیکی و رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا «وەیان بە واتایەکی تر بەناو یەکداچوونی رەگەزەکانی ئەو رێبازە جیاوازانە لە یەک قەسیدەدا لای

١٣٧- رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، ل ٧٣ .

١٣٨- الواقعية في الأدب الكردي، د.عزالدين مصطفى رسول، ص ١٠٦ .



هەندێ شاعیر دەبینرا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی مێژوویی کە پێوەندی بە چەند شتێکەوە هەیە وەک سروشتی پێکهاتنی کۆمەڵگای کوردی و مەسەلە چینایەتییە ئاڵۆز و مەسەلە نەتەوایەتییە چارەسەر نەکراوەکەی»[١٣٩]. مانەوەی دیمەنی ئەدەبیاتی قوتابخانەیەک دوای هاتنی قوتابخانەیەکی تر لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بە درێژایی کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییە سەرەکییەکانی کوردی، ئەگەرچی لەهەر قۆناغێکدا لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتییەوە قوتابخانەیەک هاتۆتە پێشەوە و باڵی بەسەر ئەدەبیاتدا گرتووە، بەلام نەیتوانیوە یەکسەر قوتابخانەکەی پێش خۆی بە تەواوی لەناو ببات و هەموو دیمەنەکانی لە ئەدەبە نوێیەکەدا بسڕێتەوە، بەلام بوونی ئەو دیمەنە جیاوازانەش لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا نەیتوانیوە رێ لە گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی بگرێت، بەڵکو لەگەڵ لەناوچوونی هۆیەکانی مانەوەیان ئەوانیش بەرەبەرە کزبوونە و دیمەنەکانیان کاڵتر بۆتەوە. هەر بۆیەشە هەروەک بینیمان کلاسیک لە دوای جەنگی یەکەمەوە لەگەڵ رۆمانتیک کەوتە کێشەو ماوەیەک شان بەشانی وەستا تا لە کۆتاییدا لە پەل و پۆ کەوت و کشاوە دواوە، بەلام دیمەنی لەناو ئەدەبیاتدا هەر دەبینرا، هەروەها لەگەڵ زاڵبوونی ریالیزم، رۆمانتیکی هێزی جارانی نەما و بەرەبەرە دیمەنەکانی لەناو ئەدەبی کوردیدا کاڵ بوونەوە.

## سەرئەنجامی کێشەکە

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کێشەی نێوان کۆن و نوێ وەک مەسەلەیەکی رەخنەیی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، مەسەلەیەک بوو پێویستی قۆناغە مێژووییەکە لەهەر سەردەمێکدا دروستی کردووە و بەهیچ شێوەیەک لە مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە جیا نەکراوەتەوە و ئەو کێشەیەش لە ئەنجامی هەر هۆیەکەوە سەری هەڵدابێت و چەندی خایاندبێت و چ شێوەیەکی وەرگرتبێت ئەنجامەکەی یەک شت بووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئەدەبیاتە نوێیەی لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆیەکی مەوزووعی دروستەوە دروست بووە، لە ئەنجامدا توانیویەتی دوای سوود وەرگرتن لە لایەنە چاکەکانی تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئەدەبیاتە کۆنەکە شوێنی ئەو ئەدەبیاتە کۆنە بگرێتەوە و خۆی بسەپێنێت، بۆیە وەک سەرەنجام هەمیشە ئەو کێشەیەی کە بە بەردەوامی لە

١٣٩- الأتجاه الرومنطيقي في الأدب الكردي، د.معروف خزنه دار، ص ٢٠١ . هەروەها بڕوانە: الواقعية في الأدب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص ٩١ .

قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەدەبیاتدا لە نێوان کۆن و نوێدا دروست بووە بەپێی کات ساغ بۆتەوە و بەلای ئەو لایەنانەدا شکاوەتەوە کە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا گونجاوە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کێشەیەی لە نێوان کۆن و نوێدا دروست بووە لەبەر ئەوەی ئەنجامێکی سروشتی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەبیات بووە و ئەویش لەهەر سەردەمێکدا ئەنجامی گۆڕانکاری لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان بووە و ئەم پرۆسەیەش هەمیشەیی و بەردەوامە و ئەنجامەکەی دروستبوونی کۆمەڵە رەگەزێکی نوێی تایبەت بە قۆناغە نوێیەکەیە و بۆ بەجێ هێنانی پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە هاتۆتە کایەوە، بۆیە سەرکەوتن هەر بۆ نوێیەکە بووە و دەبێت.

# بەشی سێیەم

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

## و

## مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شێوەی هونەری شیعر

- باسی یەکەم: زمانی شیعر
- باسی دووەم: کێشی شیعر
- باسی سێیەم: قافیەی شیعر

# باسی یەکەم

## زمانی شیعر

- سەرەتایەک لەبارەی زمانی شیعر
- گۆڕانی زمانی شیعر «تێکەڵاو بۆ پەتی»
- کوردی پەتی و دوو هەڵوێستی جیاواز
- شێوازی زمانی شیعر «ئاڵۆز بۆ سادە»

## سەرەتایەک لەبارەی زمانی شیعر

بایەخدان بەزمانی شیعر و جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی خەڵک و دیارکردنی سروشتو خاسیەتە تایبەتییەکانی ئەو زمانە هەر لەکۆنەوە لەلایەن ئەفلاتوون و ئەرستۆوە باس کراوە و لێی کۆڵراوەتەوە، ئینجا ئەو باس و لێکۆڵینەوانە لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانە ئەدەبی و رەخنەییەکان پەرەیان سەندووە و فراوان بوونە.

ئەفلاتوون بەپێی تیۆری زانین و تیۆری رەوشت هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەشاعیران دیاردەکات و هەڵوێستێکی توندوتیژیان بەرامبەر دەنوێنێت، وە لەچەند شوێنێکی کۆمارەکەیدا باس لەتەئسیر و کاریگەری شیعر دەکات لەسەر خەڵک. ئەمەش هەر خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەفلاتوون جۆرە تایبەتییەکی داوەتە شیعر و هەر زوو هەستی بەو جیاوازییە کردووە کە شیعر بەهۆی قاڵبە هونەرییەکەوە پەیدای کردووە و گەیشتۆتە ئەو رایەی کە بەنەمانی ئەو قاڵبە هونەرییە لە پەخشانێکی رووت بەولاوە شتێکی تری لێ دەرناچێت «شاعیر بەهۆی وشە و رستەکانییەوە شێوەیەکی گونجاو دەداتە هەموو هونەرێک بێ ئەوەی لە سروشتی ئەو هەنگاوە بگات، تەنها ئەوەندە نەبێت کە تایبەت بەلاسایی کردنەوەکەیەتی و، کار لە کەسانێک دەکات لەخۆی نەزانتر نین... جا ئەگەر قاڵبە شیعرییەکەت لە شیعر داماڵی ئەوا دەتوانیت لەکاتی گۆڕانی بۆ پەخشان رووە راستەقینەکەی ببینیت»[1] هەرچەندە ئەفلاتوون لێرەدا شاعیر بەنەزان لەقەڵەم دەدات و هۆی نەزانینەکەشی بەپێی تیۆری زانین دەگەڕێنێتەوە بۆ مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ شتە هەست پێکراوەکان و وەستانی لەدیوی دەرەوەی شتەکان و دوورکەوتنەوەی لە عەقڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شاعیر بەهۆی (وشە و رستەکان) بەرگێکی هونەری لەبەر شیعر دەکات، جا ئەگەر بەپێی ئەم قسەیە بمانەوێ ئەو توانایە بدەینە پاڵ شاعیر ئەوا هەر بەپێی بیروڕای ئەفلاتوون خۆی لەبارەی سەرچاوەی شیعرەوە کە شاعیر لە رێگای ئیلهامەوە شیعری بۆ دێت و هیچ رۆڵێک ناگێڕێت تەنها گەیاندنی شیعرەکە نەبێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت شاعیر لەو توانا و دەسەڵاتە بەدوورە، بەهەرحاڵ ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێ ئەوەیە کە ئەفلاتوون شیعر بەجۆرێکی تایبەتی لە بەکارهێنانی زمان دادەنێت، چونکە ئاماژەکردنی بۆ بوونی جۆرە (ئەفسوون)ێک لە شیعردا و بەخشینی ئەو

١- جمهورية افلاطون، دراسة وترجمة الدكتور فؤاد زكريا، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤، ص٥٥٦ .



تەئسیر و کاریگەرییە ئەمانە هەموو تەئکید لەسەر ئەو خاسیەتە جیاکەرەوەی شیعر دەکەن کە جۆرە دەربڕینێکی تایبەتییە. وە لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین ئەفلاتوون هەر خۆشی مەسەلەی بەکارهێنان بەهونەرێک دادەنێت و جوانی هەموو شتێک بەجۆری بەکارهێنانەکە دەبەستێتەوە کاتێک دەڵێ: «سێ هونەر هەیە پەیوەندییان بەهەموو شتێکەوە هەیە: هونەری بەکارهێنانی، هونەری دروستکردنی، هونەری لاسایی کردنەوەی.[2] ئینجا ئەوە دیاردەخات کە جوانی هەر شتێک بەستراوەتەوە بەجۆری بەکارهێنانی ئەو شتە[3] کەواتە شیعر کە تەئسیری خۆی لەسەر بەرامبەرەکەی هەیە و جۆرە ئەفسوونێکی تێدا بەدی دەکرێت کە بێگومان مەبەستی ئەو تەئسیرەیە کە لە جوانی بەکارهێنانەکەوە دروست دەبێت، ئەوا هەڵبەت تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە شیعر جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە.

هەروەها (ئەرستۆ) زمانی قسەکردنی لە زمانی شیعر جیاکردۆتەوە و جۆرە تایبەتمەندێتییەکی داوەتە زمانی شیعر. (عەبدولڕەحمان بەدەوی) لەم رووەوە دەڵێ: «ئەرستۆ رای وایە کە زمانی قسەکردن لە زمانی شیعر جیایە... وەبۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەتی بەکاربهێنێت کە لە زمانە ئاساییە بڵاوەکە دوور بێت».[4] زمان لای ئەرستۆ بایەخێکی زۆر گەورەی پێدراوە و بەفراوانی باس کراوە و بەپێی مەبەست جۆری بەکارهێنانی دیارکراوە، «شیعر لە جەوهەریدا دەتوانێ لە رووی کارتێکرنی لە رەوشتی خەڵک عەمەلی بێ و لە لێکدانەوەی مەنتیقی رووداوەکانیشدا زانستی بێت، بۆیە دەتوانرێ بەپێی ئەنجامە عەمەلی و زانستییەکانییەوە تەماشا بکرێت.»[5] ئینجا جیاوازی نێوان هەردووکیان دیاردەکات، «بنچینەی جیاوازی نێوان بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستێکی زانستی یان مەبەستێکی عەمەلی ئەوەیە کە لە حاڵەتی یەکەمدا بریتییە لەو پێوەر و بەڵگانەی خاسیەتی شتە چەسپاوەکانی بۆ دیاردەکات، وە لە حاڵەتی دووەمدا مەبەست وروژاندنە بۆ ئەنجامدانی کاری چاک وەیان دەربڕینی

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٧ .

٣- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٧ .

٤- فن الشعر، ارسطو طاليس، ترجمه عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه عبدالرحمن بدوي، الطبعة الثانية، دار الثقافة بيروت - لبنان، ١٩٧٣، ص٦١ .

٥- النقد الادبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، ص٤٨ .

ئەنجامەکانی». (٦) جا زمانەکە بۆ هەر مەبەستێک بەکاربهێنرێت گرنگ یەک شتە ئەویش توانا و لێهاتوویی بەکارهێنانی ئەو زمانەیە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە «کەواتە ئەوەی گرنگ بێ چاکی بەکارهێنانی هەرجۆرێک لە جۆرەکانی ئەو دەربڕینانەیە کە باسمان کرد». (٧) ئەمانە بەگشتی ئەوە دەردەخەن کە ئەرستۆ زمانی شیعری بەجۆرە زمانێکی تایبەتی داناوە و بایەخێکی تایبەتی بەجۆری بەکارهێنانی زمانەکە داوە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی بۆی دانراوە.

دوای ئەمەش جیاکردنەوەی زمانی شیعر لە زمانە ئاساییەکەی قسەکردنی خەڵک هەر بەردەوام بوو و بەشێکی زۆری بیروڕاکانیش لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە زمانی شیعر زمانێکی تایبەتییە و لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانەوە لەلایەن شاعیرەوە دروست دەبێت بۆ گەیاندنی مانایەکی نوێی جیا لە مانا ئاساییە بڵاوەکەی ناو خەڵک. بۆیە ئەو بەکارهێنانە تایبەتییەی زمان، سەرباری ئەو بیروڕا جیاواز و جۆربەجۆرانەی لەبارەی پێناسەکردنی شیعرەوە دروستی کردووە و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی لێک جیاکردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خاڵی یەکگرتنەوەیانی لا بەجێ هێشتووە، چونکە ڕێک نەکەوتنیان لەسەر پێناسەکردنی شیعر، ڕێی ئەوەی لێ نەگرتوون دان بەو ڕاستییە دابنێن کە سروشت و خاسیەتی سەرەکی شیعر دیاردەکات، ئەویش تەماشاکردنی شیعرە وەک «... جۆرێکی تایبەتی لە بەکارهێنانی زمان». (٨)

جا دەستنیشان کردنی لایەنی تایبەتمەندێتی زمانی شیعر چەند هۆیەکی جیاوازی بۆ دیارکراوە. هەندێ جار لە بەرچاوگرتنی لایەنی هونەری زمانی شیعر کراوە بەبناغەی جیاکردنەوەی ئەم زمانە لە زمانە ئاساییەکەی خەڵک «شیعر بەتایبەتمەندێتیە هونەرییەکەی دیاردەکرێت، واتە لەو ڕووەوە کە شێوەیەکی تایبەتی دەربڕینە». (٩) ئەوەی ڕاستی بێ بایەخدان بەلایەنی هونەری زمان و ئەرکە ئیستاتیکییەکەی لە پرۆسە شیعرییەکەدا، یەکێک بوو لەو مەسەلە گرنگانەی شاعیران لەسەری وەستان و بەوردی

---

٦- سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧، ٤٨ .

٧- فن الشعر، ارسطو طاليس، ص٦١ .

٨- النقد التطبيقي التحليلي، د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافية العامة، سلسلة كتب شهرية، الطبعة الاولى، بغداد ١٩٨٦،ص٢٠.

٩- الثابت والمتحول (٣- صدمة الحداثة)، ادونيس، الطبعة الخامسة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٦، ص ٥٥ .



مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەگەر زمان تەنها ئامرازێکی گەیاندن نەبێ لەناو خەڵکدا، ئەوا شتێکی ئاساییە هەروەک (کرۆتشێ) بۆی دەچێت، فەلسەفەی زمان بەئیستاتیکا ببەسترێتەوە، چونکە هەردووکیان پەیوەندییان بەدەربڕینی دەروونەوە هەیە و ناتوانرێ ناوبڕێک دابنرێت بۆ جیاکردنەوەی حاڵەتی هۆش لە دەربڕینی زمان. (١٠) بوونی ئەو پەیوەندییە بەناویەکدا چووەی نێوان زمان و دەروونی مرۆڤ ئەوەمان بۆ دەردەخات بۆچی زمانی شیعر حاڵەتێکی چەسپاو و نەگۆڕ وەرناگرێت و هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوامدا دەبێت، چونکە بەپێی گۆڕانی باری دەروونی شاعیر دەربڕینە شیعرییەکانیش دەگۆڕێن و شێوەی جیاواز و هەمەجۆر وەردەگرن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شیعر سەرچاوەیەکی گرنگی نوێ بوونەوەی زمانە، چونکە زمان «پێویستی بە بووژانەوەیەکی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی وشک نەبێتەوە و نەزۆک نەبێت و شیعریش ئەو سەرچاوە سەرەکییەیە کە زمان دەپارێزێت و نوێی دەکاتەوە». (١١) هەروەک زانیمان ئەو پەیوەندییەی لە پرۆسە شیعرییەکەدا زمان بەبارە دەروونییەکانی شاعیر دەبەستێتەوە هۆیەکی گرنگی گۆڕان و نوێبوونەوەی ئەو زمانەیە، بۆیە ئەمە وا لەزمانی شیعر دەکات وەک بوونەوەرێکی زیندوو، هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بێت، چونکە ئەو هەست و سۆزە نوێیانەی بەبەردەوامی دروست دەبن دەبنە هۆی گۆڕانی بەردەوام لە دەنگ و مانادا، بۆیە گەڕان بەدوای زمانێکی نموونەیی گەڕانە بەدوای بەستنەوەی هەست و سۆزەکان لە قاڵبێکی چەسپاودا. (١٢) ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سروشتی شیعردا ناگونجێت کە هەمیشە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت و خۆی لەیەک شێوەدا ناگرێت.

هەندێ جاریش لەپاڵ دیارکردنی مەرجی بایەخدان بەلایەنی هونەری زمانی شیعر، بەکارهێنانی هێما لەو زمانەدا بۆتە هۆی دیارکردنی لایەنێکی تری خاسیەتی ئەو زمانە، بۆیە بەپێی ئەمە زمانی شیعر «زمانێکی هونەرییە و دەبێ بەهۆی بەکارهێنانی جۆرێک لە هێما مانایەکی تایبەتی ببەخشێت، لێرەدا زمانی شیعر ئەو زمانەیە کە کۆمەڵە خاسیەتێکی زمانەوانی دەبێت. شیعریش بەکۆن و نوێیەوە ئەمەی دەوێ ئەگەرچی

---

١٠- بڕوانە: Theory of Literature, Rene Wellek and Austin Warren, New Haven, Published, 1949, P. 188.

١١- الشعر كيف نفهمه ونتذوقه، اليزابث درو، ترجمة محمد ابراهيم الشوش، مكتبة منيمنة – بيروت ١٩٦١، ص٨٤ .

١٢- بڕوانە: Aesthetic, Benedetto Croce, Vision press, London, 1953, P 150.

جیاوازیش لە نێوانیاندا هەبێت، جیاوازییەکەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو هێمایانە لای کۆن و نوێیەکە».[١٣] کەواتە زمانی شیعر لە هەموو سەردەمێکدا زمانێکە کۆمەڵە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە، بەمانای ئەوەی زمانەکە پەیڕەوی هەمان یاسا و دەستوورەکانی زمان دەکات، بەڵام بەپێی ئەو بارودۆخە نوێیانەی کە لە ئەنجامی یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانەوە ڕوودەدەن، ئەویش لەهەر سەردەمێکدا مانای نوێ پەیدا دەکات و تەعبیر لە دەلالەتێکی نوێ دەکات کە لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێت. ئەمە جگە لە بایەخدان بەو لایەنە ئیستاتیکیەی کە خاسیەت و سیمای سەرەکی زمانی شیعر دیاردەکات و سەرکەوتنی پرۆسە شیعرییەکەی تا رادەیەکی زۆر لەسەر دەوەستێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان وەک کەرەستەی یەکەمی بەرهەمەکە لەناو پرۆسە شیعرییەکەدا خاسیەتی زمانێکی تایبەتی وەردەگرێت کە پێی دەگوترێت زمانی شیعر و ئەرکێکی تری دەبێت و لەوە دەردەچێت کە «... تەنها ئامرازێک بێت بۆ دەربڕین، بەڵکو خۆی لەخۆیدا دەبێتە داهێنانێکی هونەری».[١٤] ئەمەش توانا و کارامەیی شاعیر دەردەخات لە رووی دەسەڵات و توانای زاڵبوونی لەسەر کەرەستەکانی دەربڕینی شیعری و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە لە قاڵبێکی هونەری سەرکەوتوودا. دیارە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زمانی شیعر لای شاعیری هەڵکەوتوو لەیەک کاتدا دەبێتە هۆ و مەبەست.

جگە لەمە دیارکردنی سروشت و خاسیەتی زمانی شیعر و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو زمانە بەرامبەر بەزمانە ئاساییەکەی خەڵک هەندێ جار پەیوەندی بەجیهان بینی (ڕوءیا)ی شاعیرەوە هەیە و بەهۆی ئەمەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە «زمان لای خەڵک شتێکی گشتی ژیانی رۆژانەیە، هەر لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە هۆی لەیەکتر گەیشتن و بیرکردنەوەیان بووە، بەڵام لە شیعردا سروشتێکی تایبەتی وەردەگرێت، ئەرکی شاعیر بەرزکردنەوەی زمانە لە شێوە گشتییەکەیەوە بۆ دەنگێکی تایبەتی، واتە لە رێگای (ڕوءیا)ی بەهرەی تایبەتی خۆیەوە لە کاریگەرترین شێوەدا رێکی بخات و چەند بەتوانا بێت لە خولْقاندنی زمانی تایبەتیدا ئەوەندە زیاتر داهێنانی بەدەردەکەوێت»[١٥] ئەمەش

١٣- في لغة الشعر، د. ابراهيم السامرائي، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، ص٣ .
١٤- في الادب والنقد، الدكتور محمد مندور،دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة١٩٧٣، ص٢٢.
١٥- لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع القرن العشرين والحرب العالمية الثانية، د. عدنان حسين العوادي، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة دراسات (٣٧٥)، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٥، ص٩ .



ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر لە رێگای زمانە شیعرییەکەیەوە دەنگی تایبەتی خۆی پەیدا دەکات و جیهانە شیعرییە تایبەتییەکەی دروست دەکات و هەر بەهۆی ئەوەشەوە نەک هەر لە خەڵک جیا دەبێتەوە بەڵکو شوێنی دیاریکراو و جیاکەرەوەی خۆشی لەناو شاعیراندا دیاردەکات.

جاری واش هەیە بەپێی پێوەری عەقڵ یان خەیاڵ، زمانی شیعر لە زمانە ئاساییەکەی خەڵک جیا دەکرێتەوە، لەم رووەوە (شیلەر) دەڵێ: «زمان بەپێوەری عەقڵ هەموو شتێک دەردەبڕی، بەڵام پێویستە شاعیر بەپێوەری خەیاڵ شتەکان دەربڕێت، شیعر (ڕوءیا)ی دەوێ، بەڵام زمان لە چەمکەکان زیاتر چیتر ناداتە دەست، ئەمەش مانای ئەوەیە کە وشە لەوە دەردەهێنرێت کە دەبوایە لە شێوە تاکێتییەکەیدا بەرجەستەی بکردبا و لەلای خۆیەوە خاسیەتێکی نوێی بەسەردا دەسەپێنێت»[١٦] جا ئەو خاسیەتە نوێیە وا دەکات زمان لەوە دەربچێت بەشێوە ئاساییەکە بەکاربێت، بەڵکو بەکارهێنانێکی تایبەتی دەبێت و مانایەکی نوێی نائاسایی دەگەیەنێت «نهێنی شیعریش ئا لەمەدایە، واتە خاسیەتی شیعری لە دەربڕینی ئەو جیهانەدایە کە زمانی ئاسایی بەرامبەری دەستەپاچە دەوەستێت و ناتوانێ دەری ببڕێ، ئەو زمانە سنووردارە، لەکاتێکدا ئەو جیهانە سنووری نییە و ناشتوانین بەسنووردارێک بێ سنوورێک دەربببڕین، کەواتە دەبێ رووبکەینە ئەو هۆیانەی لە رێگایانەوە بەسەر ئەو سنوورداریيەدا زاڵ دەبین، ئەو هۆیانەش، بەشێوەیەکی دیاریکراو، خاسیەتی شیعری یان زمانەکەیە. کە کۆنەکان ناویان نابوو زمانی خوازە (لغة المجاز)».[١٧] بێگومان ئەم زمانە تایبەتییەش کۆمەڵە خاسیەتێکی دیاریکراوی هەیە لە زمانە ئاساییەکەی جیا دەکاتەوە «دەربڕین لەم زمانەدا چالاکی زیاترە و فراوانترە لەو دەربڕینەی لە زمانی ئاساییدا هەیە، چونکە جگە لە دەربڕینی مانا بنچینەییەکەی خۆی، ئاماژە بۆ لایەنی نەبینراو دەکات و هەروەها لایەنی هەڵچوون و خەیاڵ کردنەکەش دەگرێتەوە، کەچی دەربڕین لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بۆ ئەو واقیعە دەکات کە راستەوخۆ لەبەر چاومانە».[١٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعر رەهەندێکی تر دەداتە زمان، چونکە لەکاتێکدا وشە و دەربڕینەکان لە مانا بنچینەییەکەی خۆیان دەردەچن، کە مانا فەرهەنگییەکەیە، ئەمە مانای ئەوەیە لەو چوارچێوە ئاساییە دەردەچن کە خەڵک

١٦- الاشتراكية و الفن، ارنست فيشر، ترجمة اسعد حليم، دار القلم، بيروت، ١٩٧٣، ص٤٥ .
١٧- الثابت و المتحول (٣- صدمة الحداثة)، ادونيس، ص٢٩٧ .
١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٧ .

لەسەری ڕێککەوتوون و بەشێوەیەکی ڕەمەکی بەکاریان دەهێنا، ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت بەوەی کە مانا و دەلالەتی نوێیان دەداتێ بۆ ئەوەی ناوێکی نوێ لە شتەکان بنێت و مانایەکی نوێ دەرببڕێت. جا داهێنانی شاعیر پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی هەیە بەدەربڕینی ئەو مانا نوێیەی لە مانا فەرهەنگییەکە دوور دەکەوێتەوە. شاعیر بۆ پەیداکردنی ئەو مانا نوێیە «...تاکە ڕێگایەک کە لەبەردەمی والآبێت بۆ ئەو داهێنانە ئەوە بوو: ١- لادان لە مانا ئاساییەکە، ٢- داهێنانی مانایەکی نوێ، ٣- پەنابردنە بەر یاریکردن بە وشەکان»[١٩] واتە شاعیر چەند لە مانا فەرهەنگییەکە دوورکەوێتەوە ئەوەندە زیاتر توانا و دەسەڵاتی شیعری دەردەکەوێت و دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی شاعیر تا ڕادەیەکی گەورە لە دۆزینەوەی ئەو مانا نوێیەدا بەرجەستە دەکرێت.

ئەم بیروڕایانە بەگشتی بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕایەن کە زمانی شیعر جۆرە دەربڕینێکی تایبەتییە و لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێت بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ و دوورکەوتنەوە بەپێی توانا و دەسەڵاتی شیعری شاعیر لە شێوازی دەربڕینی ڕاستەوخۆ و گەیاندنی مانا فەرهەنگییە ڕووتەکان.

یەکێک لەو مەسەلە شیعرییە گرنگانەی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، زمانی شیعر بوو.

شاعیر و ڕەخنەگرانی کورد لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بایەخیان بەزمانی شیعرداوە، یەکێک لە دیارترین ئەو هۆیانە هەستکردنیان بوو بەو جیاوازییەی لە نێوان زمانی شیعرو زمانی قسەکردندا هەیە، کاتێک تێبینی ئەوەیان کرد کە زمانی شیعر وەک زمانی قسەکردن نییە تەنها ئامرازێک بێت بۆ لەیەکتر گەیشتن، بەڵکو بەکارهێنانەکە لەبەکارهێنانە گشتییەکەیەوە دەردەچێت بۆ بەکارهێنانێکی تایبەتی هونەرییانەو پەیداکردنی کۆمەڵە خاسیەتێکی نوێی جوانکاری بەجۆرێک وەک زمانێکی جیاواز خۆی بنوێنێت و ببێتە هۆی دروستبوونی بەرهەمێکی نوێی جیا لەنووسینی ئاسایی. بۆیە دەبینین مەسەلەی دیارکردنی خاسیەتە تایبەتییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان و جیاکردنەوەی لە نووسینی ئاسایی هەر زوو سەرنجی شاعیر و ڕەخنەگرانی کوردی ڕاکێشاوە و ئەو خاسیەتە تایبەتییانە دیارکراوە کە بەرهەمی ئەدەبی وەک بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان و داڕشتنی لەقاڵبێکی هونەری دیاریکراودا دیاردەکات.

19- Arab Conception of poetry, A, Elkot, 1950. P. 61



(شێخ نوری شێخ ساڵح) بناغەی جیاکردنەوەی هەر نووسینێکی ئەدەبی لەنووسینی ئاسایی بەستۆتەوە بەمەرجی دابینکردنی لایەنی ئیستاتیکی لە نووسینە ئەدەبییەکەداو داڕشتنی لەقاڵبێکی هونەری دیاریکراودا «ئەساسی ئەدەبیات جوانییە، یەعنی لیباسێکی جوان بدرێ بەمەعنایەک...».[٢٠] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (شێخ نوری) داڕشتنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەقاڵبێکی ئیستاتیکیدا بەیەکێک لەدیارترین و گرنگترین مەرجە سەرەکییەکانی دیارکردنی خاسیەتە تایبەتییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەنێت وخاڵی جیاکەرەوە لەدەربڕینی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە بەرگێکی جواندا دەبینێت. ئینجا مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی (شێخ نوری) بایەخێکی تەواوی پێداوە، مەسەلەی چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستە ئەدەبییەکانەو سەرکەوتنی بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی تا ڕادەیەکی گەورە بەستۆتەوە بەتواناو لێهاتوویی شاعیر لەڕووی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەو هێنانەکایەی ئەو هەستە کاریگەرەی کە لەئەنجامی جوانی بەکارهێنانی کەرەستەکانەوە دروست دەبێت. وەنەبێ، ئەمەش تەنها تایبەت بکات بەهونەری نووسینی ئەدەبی بەڵکو هەموو هونەرێک لەهونەرەکانی مۆسیقاو بیناسازی و وێنەکێشان و... هتد. مەبەست بووە «... بەعزێ وەسائیت هەیە وە ئەم وەسائیتە وەکو بەیانمان کرد ڕەسم، معماری، مۆسیقاو سائیرەیە. عەجەبا هەموو ڕەسمێ، هەموو قسەییێک، هەموو هەیکەلێک، هەموو مۆسیقەیەک، حەزو هەیەجانێکی بەدیعی لە ئێمەدا حاسل ئەکا؟ نەخێر... کەوابوو لەم وەسائیت موختەلیفەیەدا کە حیسابمان کرد ئەوەی کە لە ڕووحی ئێمەدا حەزێکی بەدیعی حاسل بکا ئەوەیە کە لەدەستی ساحیبی مەهارەتێک و سەنعەتکارێک دەربچی یەعنی هەموو وەقتێک ئەوەی کە هەیە جانێکی بۆ ئێمە حاسل ئەکا ڕەسم و مۆسیقا نییە بەڵکو ئەو سەنعەت و مەهارەتەیە کە قیمەت ئەدا بەمانە».[٢١] کەوابوو (شێخ نوری) سەرکەوتنی بەرهەمە ئەدەبییەکان یان هونەرییەکان بۆ خودی بەرهەمەکان و جۆری کەرەستەکانی ئەو بەرهەمانە ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو سەرکەوتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەتواناو بەهرەو دەسەڵاتی شیعری شاعیرەکە -وەیان دەسەڵاتی هونەری هونەرمەندەکە- دەبەستێتەوە لەڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەرەستانە و جۆری بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی شارەزاو کارامە. هەر بۆ تەئکیدکردن لەسەر

٢٠- ادبیات کوردی، م. نووری، ڕ: ژیان، ژ: ٢٤، ١٥-٧-١٩٢٦، ل١ .

٢١- ادبیات کوردی، م. نووری، ڕ: ژیان، ژ: ٢١، ١٧-٦-٩٢٦، ل١ .

مەسەلەی بایەخدان بە توانا و دەسەڵاتی شاعیر و شارەزایی لە بەکارهێنانی کەرەستەکان و بەستنەوەی سەرکەوتنی شیعرەکە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکە لە شوێنێکی تری وتارە رەخنەییەکانیدا بە شێوەیەکی تر باسی هەمان مەسەلە دەکات و نموونەی بۆ دەهێنێتەوە «١- کاسبی پیاو ئەژێنێ ٢- زەحمەت رەحمەت ئەهێنێ. مەعنای ئەم دوو جوملەیە ئەگەر تەحلیل بکرێ هەردووکیان زۆر نزیکی یەکن، ئەتوانم بڵێم عەینی یەکترن. بەڵام میسالی راست و رەوان مەقسەدەکە ئیفا و بەیان ئەکا».(٢٢) واتە هەردوو نموونەکە لە گەیاندنی مانایەکی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە، بەڵام بەدوو شێوەی جیاواز دەربڕاون. یەکەمیان دەربڕینێکی ئاساییە و لە بەکارهێنانە گشتییەکەی زمان دەرنەچووە ئەویش گەیاندنی مانایەکی حەقیقییە بەڵام دووەمیان ئەگەرچی لەگەڵ مانای نموونەی یەکەمدا یەکیش بگرێتەوە، بەڵام بەهۆی داڕشتنی لە قاڵبێکی هونەری دیاریکراودا کە لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانەکەوە هاتووە، چەند مانایەکی تریشی لێ دەبێتەوە «فەقەت تەماشای میسالی دووەم بکەین ئەم جوملەیە جوملەیەکی سادە نییە بەڵکو پێچ و پەنای زۆری تیایە چونکە (زەحمەت رەحمەت ئەهێنێ) هەرچەند زاهیرەن جوملەیەکی تەزادە، بەڵام ئیفادەیەکی حەقیقەتە بە تەرزێکی جوان و مەعنادار یەعنی ئینسان کە ئیختیاری سەعی و زەحمەتی کرد فەیز و رەحمەت دەستگیری ئەبێ بێ زەحمەت ئیسراحەت تەئمین ناکرێ بێ هەوڵدان پیاو دەوڵەمەند نابێ، بێ خوێندن پیاو عالم نابێ، خولاسە هەزار مەعنای حەقیقی لێ ئەدۆزرێتەوە».(٢٣) بەپێی ئەم رایانەی (شێخ نوری) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسینی ئەدەبی بەهۆی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان خاسیەتێکی جیاکەرەوەی دەبێت و لە نووسینی ئاسایی جیا دەبێتەوە، جا چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە نەک هەر نووسینێکی ئەدەبی لە نووسینێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە، بەڵکو هەر لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکانیشدا رادەی بەپێزی یان لاوازییان دیار دەکات «هەموو ئەسەرێکی ئەدەبی بە نیسبەت دەرەجەی ئیستیعداد و مەهارەتی سەنعەتکارانەی موئەسیرەکەیەوە لە ئەسەری یەکێکی تر ساحیب قیمەتێکی فەزلە وەیا نوقسانە».(٢٤)

ئینجا ئەگەر تەماشای رەخنەی ئەدەبی کوردی بکەین دەبینین مەسەلەی دیارکردنی

٢٢- ادبیات کوردی، م. نووری ر: ژیان، ژ: ٢٢، ٢٤-٦-١٩٢٦، ل٣

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٢٤- ادبیات کوردی، م. نووری، ر: ژیان، ژ: ٣٣، ١٦-٩-١٩٢٦، ل٤ .



خاسیەتە تایبەتییەکانی زمانی شیعر و جیاکردنەوەی لە زمانی قسەکردنی خەڵک لە هەموو قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری کوردی دووبارە بۆتەوە و لەڕووی باری سەرنجی جیاوازەوە لای شاعیر و رەخنەگرانی کورد باس کراوە.

یەکێک لەو رایە گرنگانەی بەبەردەوامی دووبارە بۆتەوە، دیارکردنی زمانی شیعرە وەک زمانێکی تایبەتی خاوەن کۆمەڵە خاسیەتێکی جیاکەرەوەی هەمیشەیی، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێت و لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرێت بێ ئەوەی کار لە تایبەتمەندێتی زمانە شیعرییەکە بکات و رێی لێبگرێت وەک زمانێکی تایبەتی خۆی بنوێنێت و خاسیەتە جیاکەرەوەکانی خۆی بپارێزێت، کەواتە گۆڕانی شێوە و قاڵبی شیعر و جیاوازییان نابێتە هۆی لەدەستدانی ئەو تایبەتمەندێتییەی خاسیەتی زمانی شیعر دیاردەکات «زمانی شیعریش هەمیشە تایبەتێتییەکی هەبوو، ئەگەرچیش ئەو تایبەتێتییە لەیەک قاڵب و یەک شێوەدا نەبووبێت».(٢٥)

جا ئەگەر یەکێک لە خاسیەتەکانی زمانی شیعر ئەوەبێت کە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان بێت لەلایەن شاعیرەوە، ئەوا چڕکردنەوەی مانای شیعر یەکێکە لەو لایەنە هەرە گرنگانەی پەیوەندی بەو بەکارهێنانە تایبەتییەی زمانی شیعرەوە هەیە بەهۆی ئەو توانا و دەسەڵاتەی شاعیر هەیەتی و یارمەتی ئەوەی دەدات زمانێکی تایبەت بەجیهانی شیعری خۆی دروست بکات و لە زمانی ئاسایی خەڵکی جیابکاتەوە «زمان بەهەموو بەشەکانیەوە، لەوانە وشە، مولکی - خەڵکییە و سامانی نەتەوەییە. بۆیە گشت ئەو کەسانە بەتەواوی سەربەستییەوە مافی بەکارهێنانیان هەیە، بەڵام چڕی مانا بەخشین بە وشە لەدەست هەموو- یەکێک نایە و ئەمیان ماڵی تێکڕا کەسەکان نییە.(٢٦) بۆیە ئەو زمانە شیعرییەی شاعیر بەکاری دەهێنێت زمانێکی گرانە و پێویستی بەدەسەڵات و توانایەکی گەورە هەیە، جا لەبەر ئەوەی ئەم توانا و دەسەڵاتەش لای هەموو کەسێک نییە و لە دەست هەموو کەس نایەت بەم شێوە تایبەتییە زمان بەکار بهێنێت بۆیە ئەم جۆرە بەکارهێنانە بەکارێکی یەکجار گران دادەنرێت و تایبەت بەشاعیر دەبێت «زمانی ئەدەبی، زمانێکی تایبەتییە هەر لەبەر ئەوەش هونەری بەکارهێنانی تەنها لەدەست ئەو کەسانە

٢٥- زمان و ئەدەب، صلاح شوان، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ، ٥٢، ئابی ١٩٧٦، ل٩ .

٢٦- زمانی شیعر، صباح غالب، ر: هاوکاری، ژ: ٤٦١، ١٢-١٢-١٩٧٩، ل٣ .

دێت کە بەهرەی نووسین و شاعیرێتییان تیادا هەیە».[27] ئینجا چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکانی شیعر و بەرجەستەکردنی لەو بەکارهێنانە تایبەتییەدا جگە لەوەی خاسیەتی جیاکەرەوەی زمانی شیعر دیاردەکات هەروەها مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی بەرهەمە شیعرییەکەشی پێ دەبەسترێتەوە، چونکە ئەو بەکارهێنانە هونەرییەی زمانی شیعر تەنها تایبەت بەشاعیرە «شیعر ئەو زمانەیە کە لەدەست گشتمان نایە قسەی پێ بکەین. زۆرجار دەبێ مرۆڤێ بیری قووڵ و ورد، لێکدانەوەی بەرز، ئەندێشە و سۆزی ناسکی هەیە، کەچی ناتوانێ بیخاتە قاڵبی شیعرەوە. چونکە ناتوانێ شاعیرانە وشە بەکاربێنێ کە دیارە بەکارهێنانی هونەرمەندانەی وشە بۆ خۆی شتێکی باڵاو مەرجی هەرە پێویستی شیعرە».[28] جا لەکاتێکدا دەبینین ئەم بەکارهێنانە تایبەتییەی زمانی شیعر تەنها تایبەتە بەشاعیر، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، شاعیران هەموویان ئەو توانا و دەسەڵاتەیان هەیە، بەڵکو لەناو شاعیرانیشدا تەنها شاعیری بەهرەمەند و بەتوانا دەتوانێت دەرک بەگرنگی و بایەخی ئەو بەکارهێنانە تایبەتییە بکات و بەبناغەی داهێنانە شیعرییەکەی خۆی دابنێت و مامەڵەیەکی هۆشیارانەی لەگەڵدا بکات و بەشێوەیەک زمانەکە بەکاربهێنێت بتوانێت لە رێگای ئەو زمانەوە دەنگی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە دەبینین زۆرجاریش مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی بەرهەمە شیعرییەکە دەبەسترێتەوە بەو بەکارهێنانە تایبەتییەی زمانی شیعر لەلایەن شاعیرەوە. لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕبڕەی پشتی شیعر زمانە و ئەو زمانە شیعرییەش بەهۆی بەکارهێنانە تایبەتییەکەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵە خاسیەتێکی تایبەتی شیعر، لەسەر دەستی شاعیری شارەزا و لێهاتوو خۆی لە خۆیدا وەک داهێنانێکی هونەری گەورە خۆی دەنوێنێت. بۆیە زۆرجار شاعیر و رەخنەگرانی کورد لە روانگەی بۆچوونێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی وردی سروشت و ئەرکی زمانی شیعرەوە پرۆسەی داهێنانی شیعریان بەستۆتەوە بەزمانی شیعر و بەیەکێک لە گرنگترین بنەماکانی مەرجی داهێنانە شیعرییەکەیان داناوە بۆیە لەم رووەوە (کەمال میراودەلی) دەڵێ: «بەڵام رەگەزێکی کەی گرنگ ماوە کە عەمەلیەی داهێنانەکە ئیبداعەکەمان بۆ تەواو دەکات. ئەویش زمانە، ئەوەی راستی بێ ئەگەر شاعیر، هەر شاعیرێک، دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر زماندا نەڕوا و فەرهەنگێکی وشەی دەوڵەمەندی نەبێت... لە دەربڕینی تاقیکرنەوەکەیدا پەکی دەکەوێت، چونکە ئەداتی دەربڕینی شاعیر

٢٧- ڕێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رشید احمد، ل١٤٨ .

٢٨- زمانی شیعر، صباح غالب، ڕ: هاوکاری، ژ ٤٦١، ١٢-١٢-١٩٧٩، ل٣ .



وشەیە».[29] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی شیعر چەند سەرچاوەکەی دەوڵەمەند و هەمەجۆر بێت ئەوەندە زیاتر بواری دەربڕینی تاقیکردنەوەکەی شاعیر فراوانتر دەکات و رێگای بۆ خۆش دەکات داهێنانەکانی خۆی بنوێنێت. دیارە هەر لەم روانگەوە لە ئەنجامی هەستکردنی بەگرنگی زمان لە پرۆسەی داهێنانە شیعرییەکەدا (ڕۆستەم باجەلان) بۆ ئەوە دەچێت کە «ئیبداع بەبێ کەرەسەی زمان مەحاڵە زمان رێگا مەیسەر دەکا بۆ داهێنان و ئیبداع.».[30]، بەڵام ئەم داهێنانەش کارێکی وا ئاسان نییە لە دەست هەموو کەس بێت، بەڵکو کارێکی تاکەکەسی زۆر تایبەتییە و پەیوەندی بەتوانای تایبەتی خودی شاعیرەکەوە هەیە و هەرکاتێک ئەو توانایەی لا هەبوو و لە پاڵ ئەوەشدا شارەزاییەکی تەواوی لە فەرهەنگ و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکەدا هەبوو ئەمە زیاتر یارمەتی ئەوەی دەدات پەرە بەتاقیکردنەوەکانی بدات و لە رێگای بەکارهێنانە تایبەتییەکەی زمانەوە داهێنانەکانی خۆی ئەنجام بدات، بۆیە (محەمەد بەدری) لە رووی ئەم تێگەیشتنەوە تایبەتمەندێتی زمانی شیعر دیاردەکات و لە زمانی ئاسایی خەڵکی جیادەکاتەوە و دەڵێ: «زمانیش موڵکی هەمووانە. واتە شتێکی کۆمەڵایەتییە، هەموو کەسێک هەر لە بەقاڵ و حەماڵەوە بگرە تا گەورەترین رۆشنبیر و زانا بەکاری ئەهێنن و سوودی لێ وەرئەگرن و بووەتە هۆی بەردەوامی پەیوەندییان بەیەکەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەتاقە کەسییەوە هەیە داهێنانە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زمانەیە بەشێوەیەکی هونەری جوان... چونکە هەموو کەسێک لە مەسەلەی بەکارهێنانی زماندا داهێنەر نییە، داهێنان پەیوەندی بەمرۆڤەکە، نووسەرەکە، شاعیرەکە خۆیەتی...»[31] لەبەرئەوە یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی پەیوەندییەکی پتەوی بەکاری داهێنەرانەی شاعیرەوە هەیە لە رووی بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکەیەوە رادەی لادانیەتی لە بەکارهێنانە ئاسایی و سواوەکەی زمانەوە و پەڕینەوەیەتی لە سنووری تەسکی مانا فەرهەنگییەکان و شۆڕبوونەوە بۆ ئەودیوی زمان بۆ دۆزینەوەی مانا شاراوەکان، بۆیە (لەتیف هەڵمەت) لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنەوە ئەم شێوە بەکارهێنانە تایبەتییە دەکاتە پێوەری سەرکەوتنی شیعر و دەڵێ:

٢٩- سروشت و جوانی لە شیعری گۆراندا، کەمال میراودەلی، گ: نوسەری کورد، ژ: ٩، ئابی ١٩٧٣، ل٨٥ و ٨٦ .

٣٠- «دیوانی شیعر» لە نێوان رەخنەو روانگەی کۆمەڵەوە، ڕۆستەم باجەلان، گ: ئۆتۆنۆمی، ژ: ٥٦، ساڵی دوانزەهەم، ١٩٨٧، ل٧٣ .

٣١- دیسانەوە نوێخوازی، محەمەد بەدری، ڕ: هاوکاری، ژ: ١١٣٩، ٢٨-١٢-١٩٨٩، ل١٢ .

«سەرکەوتنی هۆنراوەیەک لەوەدایە کە شاعیر بتوانێ وشەکانی بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژێ و شێوەیەکی نەبینراو... شێوەیەک کە روویەکی تری ئەفسانەکە دەربخات... هەموو وشەیەک لە شیعرێکی جواندا... دوورگەیەکی تایبەتییە هۆزەکانی بەزمانێکی تایبەتی ئەدوێن». [٣٢] جا ئەو تایبەتمەندێتییەی زمانی شیعر پەیدای دەکات پێویست بەوە دەکات شاعیر بەسەر ئەو بەکارهێنانە کۆن و سواوانەدا یاخی ببێت و هەڵیان وەشێنێتەوە بۆ خولْقاندنی ئەو شیعرە تازەیەی لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەوە دروست دەبێت. دیارە (شێرکۆ بێکەس)یش لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنەوە تازەیی شیعر بەم لادانەی شاعیر لە بەکارهێنانە کۆنەکەی زمانی شیعر دەبەستێتەوە و دەڵێ: «تازە بەمانای هەرە فراوانی کە بوومەلەرزەبن و زمان تووشی هەژاندن و لەرزین بکەن و روانینە کۆنەکانی ژیان لەبەریەک هەڵتەکێنن». [٣٣] ئەو توانایەی شاعیریش بۆ لادان لە بەکارهێنانە ئاساییەکەی زمانی خەڵک تا رادەیەکی گەورە بەستراوەتەوە بەتێڕوانین و تێگەیشتنی شاعیری نوێ بۆ زمانی شیعر بۆیە (فەرید زامدار) هۆی خۆ نەبەستنەوەی شاعیر بەبەکارهێنانە لاساییەکەی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «زمانی شیعر زمانێکی موتڵەق و سەربەستە و خۆی بەکۆت و بەندەکانی زمانی ئاسایی نابەستێتەوە، کە دەڵێن ئەفسوونی زمان (سحر اللغة) مەبەستیان زمانی شیعرە، هەر ئەم خاسیەتە ئەفسووناوییەشە زمانی شیعر دەنوێنێت و لە زمانی ئاساییدا نابینرێت، زمانی منداڵ زمانێکی ناتەواوە، بەڵام کە دەگرییێ ژان بەرجەستە دەکرێ و ئەم ژانەش لە زمانەکەی گەورەترە.». [٣٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو مانایەی شاعیر بەزمانە شیعرییەکەی دەری دەبڕێت مانایەکی گەورەتر و فراوانترە لەو مانا فەرهەنگییەی زمانی ئاسایی خەڵک دەیگەیەنێت، چونکە شاعیر بەهۆی بەکارهێنانە تایبەتییەکەی زمانی شیعرەوە خۆی بەسنووری تەسکی مانا فەرهەنگییەکان نابەستێتەوە، بەڵکو لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی نوێوە وە بەپێی توانا و دەسەڵاتی شیعری لە مانا فەرهەنگییەکە دوور دەکەوێتەوە و مانای تر دەدۆزێتەوە کە پێشتر لە زمانە ئاساییەکەی خەڵکدا نەبووە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە کە

---

٣٢- سەرەتایەک بۆ هۆنراوەی نوێ، لەتیف هەڵمەت، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٦، ٣٠-٣-١٩٧٣،ل٣ .

٣٣- وتووێژ لەگەڵ شێرکۆ بێکەس - ئامادەکردنی بەرۆژ ئاکرەیی، گ: سروە، ژ: ٦٧، ساڵی حەوتەم، رێبەندانی ١٣٧٠ (١٩٨٢ز)، ل١٥ .

٣٤- ندوة الشعر الكردي المعاصر، الحلقة الثالثة، جريدة العراق، العدد ٤٠٥٥، ١٦-٥-١٩٨٩، ص٤ .



بەکارهێنانی زمانی شیعر بەو شێوەیە کارێکی داهێنەرانە دەنوێنێت و توانای شاعیر لە رووی ئەو مامەڵەکردنە تایبەتییەی زمانەکە دیاردەکات. بۆیە لێرەدا زمانی شیعر لەوە دەردەچێت تەنها هۆیەک بێت، بەڵکو لەیەک کاتدا دەبێتە هۆ و ئامانج.

## گۆڕانی زمانی شیعر «تێکەڵاو بۆ پەتی»:

یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی زمانی شیعر کە لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بایەخێکی زۆری پێدرا و بەوردی باسکرا گۆڕانی جۆری ئەو زمانە بوو کە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکاردەهات.

سەرنجدانێکی ورد لە زمانی شیعری کوردی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە سەرەتادا ئەو زمانەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بەکاریان دەهێنا، زمانێکی کوردی تێکەڵ بوو. واتە زمانێک بوو سوودێکی تەواوی لە وشە و زاراوەکانی زمانانی تری رۆژهەڵات وەرگرتبوو وە بەتایبەتی زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی جا ئەگەر بەوردی تەماشای هەریەک لەو زمانانە بکەین دەبینین هەریەکەیان لە ئەنجامی چەند هۆیەکی جیاوازەوە کاری کردۆتە سەر زمانی کوردی.

بەر لە هەموو شت پێویستە لە سەرەتادا ئەو راستییە بخەینەڕوو کە زمان و ئەدەبی فارسی لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەدەبی کوردییەوە کاریگەری بەسەر زمان و ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییەوە هەبووە و هۆی ئەم کاریگەرییەش هەروەک (دکتۆر محەمەد نووری عارف) دیاری دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە «ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە، واتە لەو رۆژەوە کە ئەدەبی نووسراومان هەیە پێوەندییێکی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بوو تا دەگاتە رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ئەم پێوەندییە بێگومان بۆتە هۆی کارتێکردن و هەمیشە بەردەوامیش بووە». [٣٥] ئەمەش راستییەکی مێژوویی گرنگمان بۆ دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە تەئسیر و کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی ماوەیەکی درێژی خایاندووە و چەند سەدەیەکی پێ چووە کە لەسەرەتای دەست پێکردنی ئەدەبی کلاسیکییەوە دەست پێ دەکات و درێژە دەکێشێت تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا.

---

٣٥- تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، دکتۆر محەمەد نووری عارف، گ:کۆلێجی ئەدەبیات، ژ: ١٨، ١٩٧٤، ل٧٢ .

ئەو پەیوەندییە پتەوەی کە لە نێوان زمان و ئەدەبی کوردی و فارسیدا هەبووە، لەئەنجامی چەند هۆیەکی گرنگەوە دروست بووە (د. مارف خەزنەدار) یەکێک لە دیارترین ئەو هۆیانە دەگەڕێنێتەوە بۆ خزمایەتی نێوان زمانی فارسی و زمانی کوردی کەسەر بەیەک خێزانە زمانن و ئاشنابوونی کورد هەر لە زووەوە بەئەدەبیاتی فارسی و گونجانی ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبیاتە لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیدا. بۆیە لەم رووەوە دەڵێ: «فارسییەکەیان لەبەر ئەوە لەباربووە، چونکە زمانی فارسی هەندێ نزیکایەتی لەگەڵ کوردییا هەیە و بیروباوەڕی شاعیرەکانی فورس لەگەڵ بیروباوەڕی شاعیرەکانی ئێمەدا ئەگونجێ، هەروەها (گوڵستان) و (دیوانی حافظ) و (شاهنامە)ش هەموو کات هەر لەناوەوە بووە».(٣٦)

وە بەڕای (د. ئەمین موتابچی) هۆیەکی تری کارتێکردنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی، جگە لە خزمایەتی نێوان هەردوو زمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو بابەتانەی لە مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکاندا دەخوێندرا بەزمانی فارسی بوون و چینی رۆشنبیری کورد لە رێگای زانینی زمانی فارسییەوە راستەوخۆ پەیوەندی بەئەدەبیاتی فارسییەوە کردووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو زمان و ئەدەبیاتە «لە کوردستانی ئێمەدا مەڵبەند و شوێنی خوێندەواری لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامی مزگەوتەکان بوون و خوێندەوارەکانیشمان بەزۆری شێخ و مەلاکانی ئەو مزگەوتانە بوون، ئەمانەش دوای تەواوکردنی قورئان بۆ ئەوەی فێری نووسین و خوێندنەوە بن بەواتا فێری پەخشان و نووسین بن، چەند کتێبێکی فارسی بووە کە خوێندوویانە بەتایبەتی (گوڵستان)ی شێخی سەعدی، وە لەبەر نزیکی دوو زمانی کوردی و فارسی لەیەک خوێندنەوە و نووسینی فارسییەکەیان زۆر بەلاوە ئاسان بووە و زوو فێری بوون، لەبەرئەوە دەبینین تا دوای شەڕی جیهانی یەکەم زۆربەی خوێندەوارەکانمان لەگەڵ ئەو بەشەیانا کە لە قوتابخانەکانی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی تورکییان زانیوە، فارسییان بەخوێندن و نووسینەوە زانیوە».(٣٧) هەروەها گونجانی ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبیاتە لەگەڵ سروشتی پێکهاتنی کۆمەڵگای کورد و ئەو سەرچاوە رۆشنبیرییەی لەسەر بناغەیەکی ئایینی هاوبەشدا دروست ببوو بەهۆیەکی تری ئەو کارتێکردنەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لەسەر

---

٣٦- دیوانی حەمدی بەگ (صاحبقران)، پێشەکییەکەی بەپێنووسی مەعروف خەزنەدار، ل١٤ .

٣٧- شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی، دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی، گ: کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: ١٦، ١٩٧٣، ل١٣ .



زمان و ئەدەبیاتی کوردی دادەنێت «... دیوانی شاعیرە فارسەکان... لە کوردستاندا لەلای خوێندەوارەکان بەزۆری مەلاکانمان ناسراوبووە و خوێندراون، جگە لەوەی کە هاومەزهەبی و هاوتەریقەتی و گەلێ شتی تر دەوریان بووە لە بۆ باوبوونی شیعر و بەرهەمی ئەو جۆرە شاعیرانە، وەکو شێخ سەعدی شیرازی و حافزی شیرازی و مەولانا جامی کە خەلیفە و دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندییە».(٣٨) ئەمە جگە لەوەی کە بەیەکچوونی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی شاعیرانی فارس و کورد تێیدا ژیاون بۆتە هۆی ئەوەی زەمینە بۆ ئەو کارتێکردنە خۆش بکات «لەلایەکی تریشەوە شوێن و ئاووهەوای کوردستان و جۆری بیروباوەڕ و لێکدانەوەی شاعیرە کوردەکان و ئەو شوێن و دەوروپشتەی تیادا ژیاون ئەوەندە جیاوازی نەبووە لەگەڵ بیر و شوێن و دەوروپشتی شاعیرە فارسەکان».(٣٩)

کەواتە ئەمانە گرنگترین هۆیەکانی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسین لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی کە سروشتی ئەو پەیوەندییە پتەوە دیاردەکەن کە لە نێوان زمان و ئەدەبیاتی ئەم دوو نەتەوەیەدا دروست بووە و کاری خۆی کردووە لە رووی دروستبوونی ئەو زمانە تێکەڵەی یەکێک لەخاسیەتە دیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی پێک هێناوە.

وە بەگوێرەی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی عەرەبی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی، ئەگەرچی هەردوو زمانەکە سەر بەدوو خێزانە زمانی جیاوازن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی گەورەی کردۆتە سەر زمان و ئەدەبی کوردی. هەڵبەتە ئەمەش لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بوو.

سەرنجدانێکی ورد لە زۆربەی ئەو بیروڕایانەی باسی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی عەرەبی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی دەکەن هۆی سەرەکی ئەم کارتێکردنە دەگەڕێننەوە بۆ هۆیە ئایینییەکە، واتە بۆ هاتنی ئایینی ئیسلام و کاریگەری ئەو ئایینە لەسەر میللەتی کورد بەگشتی و چینی رۆشنبیری کورد بەتایبەتی.(٤٠)

زمانی عەرەبی زمانی قورئان بوو و ئایینی ئیسلامیش بەهۆی ئەو زمانەوە لەناو نەتەوە موسوڵمانە غەیرە عەرەبەکان بڵاوبۆوە، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو زمانی عەرەبیش لەگەڵ

---

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣ .

٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤ .

٤٠- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی، دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی، گ: کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: ١٦، ١٩٧٣، ل٥ . دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ (صاحبقران)، =

بڵاوبوونەوەی ئایینەکە کار لە زمان و ئەدەبیاتی ئەو میللەتانە بکات کە چوونە ناو ئەو ئایینەوە. هەر لەسەر بناغەی هەستکردن بەم پەیوەندییە پتەوەی نێوان زمان و ئایین (د. مارف خەزنەدار) هۆی بڵاوبوونەوەی وشە و زاراوەکانی زمانی عەرەبی لەناو زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا بە شتێکی حەتمی دادەنێت و دەڵێ: «عەرەبییەکەیان لەبەرئەوە لەباوبووە، چونکە زمانی ئایینی زۆربەی کوردبووە، وەهەموو طقوسێکی دینیش بەو زمانە کراوە، جا لەبەرئەوە هەموو کاتێک ئەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە وشەی بێگانە لە شیعری مەدرەسەی تەقلیدی کوردیا بەدی بکەین». [٤١]

کارتێکردنی زمانی عەرەبی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی لە سەرەتادا ئەوەندە بەهێز بوو بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی هەستی ئایینی و لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی بەجۆرێک تا وای لێهات چینی رۆشنبیری کورد ئەدەبە نەتەوایەتییەکەی خۆیان لەبیر بچێتەوە و تەنها مەبەستێکیان خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام بێت، بۆیە لە رووی ئەم باری سەرنجەوە (عەلائەدین سەجادی) دەڵێ: «کورد لە پاش داهاتنی ئیسلامەتی بە گیان و بە دڵ باوەشی کرد بەئایینی پیرۆزی ئیسلاما. لە سەرەتای ئەم دەورەدا وەکو چۆن کورد بەگیانێکی پاکەوە ئەو باوەشەی بۆ ئەو ئایینە پاکە گرتەوە پیاوانی سەرەتای ئیسلامیش بەچەشنی باوەڕپاکی باوەشیان ئەگرتەوە بۆ ئەو قەومانەی کە ئەچوونە ژێر ئەو ئاڵا پیرۆزەوە... لەبەرئەم باوەڕە پاکەی هەردوولا گوێ بەهیچ بەڵگەیەکی قەومی نەئەدرا تەنها بەرزبوونەوەی ئیسلام نەبێ. قەومی کورد وەیا زانایانی کورد ئامانجی هەرە گەورەیان خزمەت کردن بەئیسلام و ئیسلامیەت بوو». [٤٢] ئینجا ئەوە دیاردەکات کە بەرە بەرە

---

=پێشەکییەکەی (معروف خەزنەدار، ل١٤. الادب الكردي الحديث، مەعروف خەزنەدار، جريدة اربيل، العدد ٨٧، ١٩٥٢، ص١ , حول مقال (مسؤولية الاديب الكردي الكبرى) للاستاذ عبدالمجيد لطفي بقلم العلامة توفيق وهبي، ص٦ . مێژووی رەخنە بەکورتی، گۆران، ڕ. ژین، ژ: ٤، ساڵی، ١، ١٩٧٠، ل٢، وردەکاری لە شیعری کۆندا، هاوار، ڕ، ژین، ژ: ١٥٨٦، ساڵی ٣٦، ١٩٦١، ل٣١، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادی، ل١١١ .

٤١- دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ، پێشەکییەکەی بەپێنووسی معروف خەزنەدار، ل١٥ . هەروەها بڕوانە: الادب الكردي الحديث، مەعروف خەزنەدار، جريدة اربيل، العدد ٧٨، ١٩٥٢، ص١ .

٤٢- ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادی، گ: بلێسە، ژ: ٧، ١٩٦٠، ل٤٠ .
هەروەها بڕوانە: دەقەکانی ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادی، ل١١١، ١١٢ .



بەهۆی کارتێکردنی ئایینەکەوە وشە و زاراوە عەرەبییەکان تێکەڵ بەزمانی کوردی بوون و لەناو زمان و ئەدەبی کوردیدا بڵاوبوونەوە «بەوێنە زمانێکی وەکو زمانی عەرەبی لە سەردەمەکانی پێشوودا، واتە لەسەردەمی ئەدەبی کلاسیکی کورددا بەهۆی ئایینەکەوە کەوتۆتە سەر زاری هۆنەر و ئەدیبەکانی کورد و هێناویانە موفرەداتی ئەو زمانەیان بەتەواوی لەگەڵ زمانی کوردیدا جۆشداوە و لە قاڵبی هۆنراوە وەیا رستەدا دایان رشتووە، ئەو موفرەداتانە وایان لێ هاتبوون بە پاژێکی زمانەکە و لەوانەیە بووشبن بەکوردی، بەڵام چەمکەکانی ئەو موفرەداتانە بەپێی چەرخ و رۆژ گۆڕان». [٤٣]

جێی سەرنج راکێشانە کە زۆربەی ئەو بیروڕایانەی باسمان کردن زیاتر تەئکیدیان لەسەر تەئسیری زمانی عەرەبی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، بەڵام (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) زیاتر تەئکید لەسەر تەئسیری ئەدەبیاتی عەرەبی لەسەر ئەدەبی کوردیدا دەکات و ئەوە دەردەخات کە نەتەوەی کوردیش وەک یەکێک لەنەتەوە غەیرە عەرەبەکان کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی چونکە «ئەدەبی عەرەبی، ئەدەبی رەسمی میللەتە موسوڵمانەکان بوو، کاتێک کە ئەو میللەتانەش گەڕانەوە بۆ زمانە نەتەوایەتییەکان و ئەو زمانەیان بۆ نووسینی ئەدەبیات بەکارهێنا، کاریگەری ئەدەبی عەرەبی لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کورد هەرمابوو». [٤٤]

ئەم بیروڕایانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە ئایینی ئیسلام هۆی سەرەکی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی عەرەبی بوو لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی و لە ئەنجامدا لەپاڵ ناوەڕۆکە ئیسلامییەکە وشە و زاراوەکانی زمانی عەرەبی هاتۆتە ناو شیعری کلاسیکی کوردی و ئەو زمانە تێکەڵەی دروست کردووە.

هەروەها زمانی تورکیش یەکێک بوو لەو زمانانەی شاعیرانی کلاسیکی کورد سوودیان لە وشە و زاراوەکانی وەرگرتووە و بەکاریان هێناوە، بەڵام (د. ئەمین موتابچی) ئەوە دەردەخات کە کاریگەری زمانی تورکی بەسەر زمان و ئەدەبی کوردی وەک کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسی و عەرەبی نەبوو بەڵکو کەمتر بوو «... چونکە زمانێکی زۆر جیاوازە لە رووی خێزانی زمانەوە و هەروەها زمانێک نەبووە کە زانستی ئایینی و

---

٤٣- ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادی، گ: کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥، ل٩٤ .

٤٤- الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص١٣ .

فەلسەفی پێ بخوێنرێ لە مزگەوت و قوتابخانەکاندا بەپێچەوانەی فارسی، لەبەر ئەمانە کاریگەرییێکی ئەوتۆی نەبووە».[٤٥] هەروەها هۆیەکی تر لە هۆیەکانی کەمی ئەم کارتێکردنەی زمانی تورکی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بەڕای (د. مارف خەزنەدار) دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە سیاسییەکە چونکە «زمانی تورکی ئەو زمانە بوو کە بەزۆری بەسەر کوردەکاندا دەسەپێندرا، لەبەرئەوەی بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی».[٤٦]

دوای ئەوەی لە سروشتی پێکهاتنی زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کوردی گەیشتین و کارتێکردنی هەریەک لە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکیمان لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی پیشاندا، پێویستە سەرنج بۆ ئەوەش رابکێشین کە دیاردەی بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانی زمانە بێگانەکان، هۆیەکی گرنگی هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە «شاعیرەکانمان لە کۆنا باوەڕیان وابوو کە بەکارهێنانی ئەو هەموو وشە و زاراوانە بەرزی و قووڵی و رەوانی و سەرکەوتنە لە شیعرەکانیاندا».[٤٧] ئەو باوەڕەش لە ئەنجامی ئەوەوە دروست ببوو کە شاعیر چەند شارەزایی لە زمانانی بێگانە هەبوایە و چەند بیتوانیایە وشە و زاراوەی زمانە غەیرە کوردییەکان بەکاربهێنێت ئەوەندە زیاتر لێهاتوویی و کارامەیی دەردەکەوێت، هەر بۆیەشە شاعیرانی کلاسیک «... هاتوونە وشەکارییەکی زۆریان کردووە، وشەی بەتوێکڵیان لە عەرەبی و فارسی و تورکی هێناوە و ئاوێتەی وشە و زاراوەکانی گراماتیکی کوردییان کردووە هەتا وەک شیعرەکانیان بە بەها بێت و پێیان نەوترێ شاعیری کەم توانا».[٤٨]

بەڵام ئەم بۆچوون و تێڕوانینەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بەرامبەر بەزمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی لەگەڵ بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەلایەن شاعیر و رەخنەگرانی کورد گۆڕانی بەسەردا هات و پێچەوانە بۆوە. ئەوەتا هەڵوێستێکی تر بەرامبەر بەزمانی شیعر دروست بوو ئەویش پەسەند نەکردنی زمانی شیعری کلاسیکی

٤٥- شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی، دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی، گ. کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: ١٦، ١٩٧٣، ل٥ و ٦ .

٤٦- الادب الكردي الحديث، مەعروف خەزنەدار، جريدة اربيل (رۆژنامەی هەولێر) العدد ٧٨، ١٩٥٢، ص١ .

٤٧- تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، دکتۆر محەمەد محەمەد نووری عارف، گ: کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: ١٨ ، ١٩٧٤ ، ل٧٣ .

٤٨- رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، ل١٥٣ .



کوردی بوو، ئەم هەڵوێستەش لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە دروست بوو. یەکێک لە دیارترین ئەو هۆیانە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی میللەتی کورد بوو کە بوو بەهۆی ئەوەی بارودۆخێکی نوێ دروست بێت و ناوەڕۆکێکی تازە بێتە پێشەوە، زمانە کۆنەکەی شیعری کلاسیکی نەتوانێت ئەو ناوەڕۆکە تازەیە دەرببڕێت، بەڵکو پێویستی بەزمان و کەرەستەی نوێ بێت بۆ ئەوەی گوزارشتی لێوە بکات. بۆیە (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) لە رووی ئەم بۆچوونەوە دەڵێ: «هەستی نەتەوایەتی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و زمانەوانی پەیداکرد ئامانجی پاککردنەوەی زمانی کوردی بوو لە وشە و زاراوە عەرەبییەکان بەپلەی یەکەم ئینجا ئەو وشە و زاراوانەی تێکەڵ بەزمانی کوردی بوون. ئەم بزووتنەوەیەش لای زۆربەی میللەتانی رۆژهەڵات پەیدابوو، هەروەک چۆن لای عەرەبیش لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا پەیدا بوو».[٤٩] جا لەکاتێکدا دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە تازەیە پێویستی بەزمانێک بوو لە زمانی خەڵک بچێت و نزیک بێت لە ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکەوە، زمانی شیعری کلاسیکی پێچەوانەی ئەم زمانە بوو، بۆیە (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە بەپێی پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە نوێیە دەبوایە زمانێکی نوێ دروست ببێت چونکە «خۆبەستنەوە کلاسیکییەکە لە واقیع دووربوو تەنانەت لە هەڵبژاردنی وشەکاندا، شاعیرانی کلاسیک زۆرجار پشتیان بەو دەربڕینە عەرەبی و فارسییە جوانانە دەبەست لە ناواخنی کتێبە کلاسیکییەکاندا بوو، ئەو دەربڕینانەش دوور بوون لە تێگەیشتنی خوێنەران، وەیان بەشێوەیەکی وردتر بڵێین دوور بوون لە تێگەیشتنی جەماوەری خەڵک».[٥٠]

هۆیەکی تر لە هۆیەکانی پەسەند نەکردنی زمانی شیعری کلاسیکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەستنەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بەچەند وشە و زاراوە و دەربڕینێکی دیاریکراو و دووبارەکردنەوە و جووینەوەی ئەو کۆمەڵە وشە و دەربڕینانە لە شیعرەکانیاندا، بۆیە (د. مارف خەزنەدار) لەم رووەوە لەسەر بناغەی ئەم سەرنجدانە وردەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم دیاردەیە لە شیعری کلاسیکی کوردی دیار دەکات و دەڵێ «... زۆر دوور ناڕۆم ئەگەر بڵێم شاعیرانی کۆن بەگوێرەی ئەو وشە و مانایانەی لە شیعرەکانیاندا

٤٩- الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص٢٠١ هەروەها بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٩ .

٥٠- الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص٢٠١ .

بەکاریان دەهێنا لەیەک خولیادا دەسووڕانەوە، شیعری کوردی تەنها لەبڕێکی کەم و دیاریکراوی وشە و سۆفی و ویژدانی و زاراوە جەنگییەکان پێکدەهات و ماناکانیش دووبارەکردنەوەی یەکتر بوون و لە دەوروبەری یەک شتدا دەسووڕانەوە وەک پێکچواندنی روخساری جوان بەمانگ و برۆ بەهیلال، «الريق بالعسل» پرچ بەڕەشی شەو و مەمک بەسپێتی رۆژ ئەگەر شیعرەکە غەزەل بوایە و پێکچوواندنی مردوو بەحاتەم لە بەخشندەیی، رۆستەم لە ئازایەتی، ئەگەر قەسیدەکە لاواندنەوە بوایە و بەم جۆرە...(٥١) ئینجا سەرباری ئەوەی کە شاعیرانی کلاسیکی کورد تەنها خۆیان بەکۆمەڵە وشە و زاراوەیەکی دیاریکراو دەبەستەوە بایەخدانیشیان بەم وشە و زاراوانە زیاتر رواڵەت و دیوی دەرەوەی وشەکانی دەگرتەوە و لەسەر حیسابی مانا و دەلالەتی ئەو وشە و زاراوانە بوو بۆیە بەڕای (عەلائەدین سەجادی) یەکێک لەو هۆیە گرنگانەی لە پشت پەسەندنەکردنی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بوو لەگەڵ زماندا دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی تێڕوانینی شاعیرانی نوێ بۆ زمان و بایەخدانیان بە ماناو دەلالەتی وشەکان زیاتر لە روخسار بۆیە (سەجادی) لە رووی ئەم بۆچوونەوە دەڵێ «لەم سەدەیەدا کە ئەدەبی رۆمانتیکی پەیدابوو لەوانەیە چەمکی ئەدەبی کلاسیکی وای لێ بێ باڵ بگرێتەوە و لە مێشکی هونەری رۆمانتیکیدا نەمێنێ و بفڕێ!. بەڵگە هونەر و ئەدیبەکانی رۆمانتیک بۆ ئەم ئیشەیان ئەوە بوو کە وتیان: سەردەمی خۆ خەریککردن بەوشەوە بەسەر چووە، ئەبێ کۆشش بخرێتە سەر گوزارە و گوزارە فراوان بکرێتەوە(٥٢)».

کەواتە لە ئەنجامی ئەو هۆیانەی باسمان کرد، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زمانی شیعر لەو زمانە تێکەڵەوە گۆڕا کە شاعیرانی کلاسیکی کورد بەکاریان دەهێنا بۆ زمانێکی تر، ئەو زمانەی کە شاعیرانی ئەو سەردەمە نوێیە بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەیان بەکاردەهێنا کە قۆناغە نوێیەکە دروستی کردبوو. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە لەو قۆناغە نوێیەدا گۆڕانی زمانی شیعری کلاسیکی یەکسەر لە زمانە کوردییە تێکەڵەکە نەگۆڕا بۆ زمانی کوردی پەتی، بەڵکو زمانە کوردییە تێکەڵەکە هەر ما، بەڵام بەشێوەیەکی تری جیاواز لە زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کوردی.

٥١- من اعلام الشعر الكردي المعاصر - دڵدار - مەعروف خەزنەدار، مجلة المعلم الجديد، الجزء الاول، المجلد التاسع، ١٩٥٦، ص ٧٣ .

٥٢- ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، گ: کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥، ل٩٤-٩٥ .



ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە زمانی شیعری (شێخ نوری) و ئەو چەند نموونە شیعرییەی (گۆران) لە دیوانی (بەهەشت و یادگار)دا وە بەتایبەتی بەشە کۆنەکەی کە لەبەشی (یادگار)دا لەژێر ناوی (لاسایی ئەدەبی عوسمانی)دا بڵاوی کردۆتەوە.(٥٣) بۆمان دەردەکەوێت ئەم شاعیرانە چ جۆرە گۆڕانێکیان بەسەر زمانی شیعری کوردی داهێناوە. راستە ئەو زمانە شیعرییەی ئەوانیش زمانێکی تێکەڵ بوو، بەڵام جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کوردی هەیە. (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) راستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت کاتێک خاسیەتەکانی زمانی شیعری رۆمانتیکی کوردی دیاردەکات و دەڵێ: «لەگەڵ راپەڕینی رۆمانتیکی نێوان دوو جەنگدا، زمانێکی تازە هاتە ناوەوە، گۆران خۆی باشی ناو ناوە بەزمانی کوردی عوسمانلی، ئەو زمانە تەواو لەژێر تەئسیری رۆمانتیکە تورکەکاندا بوو. بناغەی ئەویش زمانی کوردی بوو، ئەویش کوردییەکی لە رووی داڕشتن و رێزمانەوە، ساغی بێ هەڵە بوو، بەڵام لە پاڵ وشەی کوردیدا پڕ بوو لەو وشە تورکی و عەرەبییانەی لە ئەدەبیاتی رۆمانتیکی تورکییەوە وەرگیرابوون،(٥٤) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وشە و دەربڕینە غەیرە کوردییەکان راستەوخۆ لە زمانەکەی خۆیەوە وەرنەدەگیرا، بەڵکو لە رێگای زمانی تورکییەوە دەهاتنە ناو زمانی کوردی بۆیە ئەو وشە و دەربڕینانە بەکارهێنانێکی جیاوازیان هەبوو لە بەکارهێنانە کۆنەکەی شیعری کلاسیکی و مانایەکی جیاواز و نوێیان دەبەخشی بۆیە لەم رووەوە (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) دەڵێ: «دیارە جیاوازی وشەی عەرەبی ناو ئەدەبیاتی تورکی ئەوسا و (بەو پێیە کوردیش) بریتی بوون لە کۆمەڵێک وشەی عەرەبی کە لەوشە عەرەبییەکانی ناو ئەدەبیاتی کلاسیکی نەدەچوون، بەڵکو وشەی عەرەبی بوون، مانای تازەیان پێدرابوو، واتە هەموویان لەمانایەکی دوور یا نزیک لە مانا فەرهەنگییە عەرەبییەکەوە بەکار دەهاتن، بەڵام هەرگیز بەمانای پڕ لە پڕی ئەو بەکار نەدەهاتن.(٥٥)

(شێخ نوری شێخ ساڵح) و (گۆران) و چەند شاعیرێکی تر کە دەستیان بەنوێ کردنەوەی شیعری کوردی کرد، یەکێک لەو لایەنە گرنگ و کاریگەرانەی گۆڕانی بەسەردا

٥٣- بڕوانە: بەهەشت و یادگار، گۆران، چاپی دووەم، چاپخانەی کامەرانی-سلێمانی، ١٩٧١، ل٨٢.

٥٤- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل٤٤، هەروەها بڕوانە: شیعری تازەی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئاداری ١٩٨٥، ل١٩٩ .

٥٥- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل٤٤، هەروەها بڕوانە: شیعری تازەی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئاداری ١٩٨٥، ل١٩٩ .

هات زمانی شیعر بوو، لەناو ئەو بەرهەمە شیعرییانەشدا کە لە سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا سەرنجی شاعیر و ڕەخنەگرانی کوردی ڕاکێشا و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و بەووردی لەسەری وەستان و لێیان کۆڵییەوە، شیعری (ژیانی ئادەمیزاد)ی (شێخ نوری شێخ ساڵح) بوو کە بەهۆی ئەو لایەنە تازانەی گرتبوویە خۆی چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی شێوە هونەرییەکەیەوە، واتە لە ڕووی کێش و قافیە و زمانی شیعرەوە، لە مێژووی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری نوێی کوردیدا بایەخێکی گەورەی پەیدا کردبوو و هەستکردن بەگرنگی ئەم شیعرە وای لە ڕەخنەگران کرد بەم شێوە وردە لێی بکۆڵنەوە و لە باسکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەمیشە لەبەرچاویان بێت.

جا لەلایەکەوە لەبەر گرنگی ئەم شیعرە لەناو بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیداو لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی لە ڕاستی ئەو بیرورا ڕەخنەییانە بگەین کە لە بارەی ئەم شیعرەوە خراونەتە ڕوو بەپێویستمان زانی پێش باسکردنی بیرورا ڕەخنەییەکان چەند کۆپلەیەک لە نموونەی شیعرەکە بخەینە بەرچاو:

ژیانی ئادەمیزاد

لەناو شەپۆلی خەما سەرنگوون و بێ ئارام
بەکێوی سەختی ژیانا، بەپێ، بەچنگەڕنێ(*)
خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە، بگاتە سەری
لەپڕ نشێوی کڵۆڵی بواری لێ ئەتەنێ
بەدوای یەئس و ئەلەم، تاروپۆی لەئاخ و لەزام!...

***

زەبوون و ڕێ هەڵە بووی دەشتی چۆڵ و هۆڵە بەڵا
شکستە باڵ و شپرزەی پلاری دەستی قەدەر
کەسێ نییە کە لەلاوە دەستێ بداتە پەلی
یەکێ نییە کە لەلای ئەو خەفەت بدا بە هەوا
بەلایەکا بیەوێ تێپەڕێ، نییە ڕەهبەر!(٥٦)

(*) ڕەفیق حیلمی بەلایەوە جوانترە (چنگەکڕێ) بێ نەک (چنگە ڕنێ) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، پەراوێزی ژمارە (١)، ل٢٠١.

٥٦- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل٢٠٠ و ٢٠١ .



(ڕەفیق حیلمی) لە ڕێگای سەرنجدانی لە شیعری (ژیانی ئادەمیزاد)ی شێخ نوری، دەست لەسەر ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە دادەنێت کە شاعیر بەسەر شیعری داهێناوە و دەڵێ: «(ژیانی ئادەمیزاد)، یەکێکە لەو شیعرانەی (نوری) کە لەسەر ئسلووبی (تۆفیق فیکرەت) دای ناوە... وەکو (تۆفیق فیکرەت)، ئەمیش زۆری وشەی فارسی و عەرەبی بەکارهێناوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەی کوردی پەتی، تەعبیری جوان و تازەشی خستۆتە پاڵ وشە بێگانەکان وەبەم جۆرە شێوەیێکی دڵگیر و ئاهەنگێکی مۆسیقی شیرینی لێ پەیدا کردوون، بەکورتییەکەی چ لە ئسلووب و چ لە وەزن و قافیە و ئاهەنگا تەرزێکی تازەی بۆ شیعر داناوە، وەتا ماوەیەک لە شیعری کوردی ئینقلابی گێڕاوە وشە و تەعبیرەکانی وەکو: سەرنگون و بێ ئارام، یأس ئەلەم، شکستە باڵ، ڕەهبەر، صوورەت، تاروبیم ئاوەر، زەبوون، استهزا، استعجال، تیرەو تار کە هەندێکیان فارسی و هەندێکیان عەرەبییە، هەموویان بەلای کوردێکی خوێندەوارەوە -بەتایبەتی کە دەم لە ئەدەبەوە بدا- بەبێگانە ناژمێررێن، جگە لەمە ئەم وشانە جوانی و شیرینییان داوە بەشیعرەکان و ئەوەندەی کە لە ئسلووبی ئەدەبی کۆن دووریان خستۆتەوە ئەوەندەش لە ئەدەبی تازە چەشکەداریان کردووە».(٥٧) ئەمەش گرنگی ئەو هەوڵ و کۆششەی (شێخ نوری) دەردەخات لە دانانی بەردی بناغەی تاقیکردنەوە نوێیەکەی شیعری کوردیدا، چونکە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی شاعیر بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی شیعری کوردی داهێنا بەتەواوی ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم شاعیرە تا چ ڕادەیەک کاری داهێنەرانەی خۆی لە هەوڵەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ئەنجامداوە. کە یەکێک لە دیارترین ئەم لایەنانە ئەو زمانە شیعرییە بوو کە لە سەرەتای دەست پێکردنی تاقیکردنەوە شیعرییەکەیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو و وای لێکرد لە شیعری کلاسیکی دوور بکەوێتەوە و پێ بنێتە قۆناغێکی نوێی شیعری کوردییەوە.

هەروەها (عەلائەدین سەجادی) سەبارەت بەشیعری (ژیانی ئادەمیزاد) ئەوە دەردەخات کە (شێخ نوری) ئەگەرچی زمانە شیعرییەکەی تێکەڵە و وشەی بێگانەی بەکار هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی توانیویەتی بەشێوەیەکی جیاواز و نوێ بەکاری بهێنێت و مانای نوێیان پێ ببەخشێت، بۆیە بایەخێکی ئەوتۆی بەبوونی ئەو وشە بێگانانە نەداوە وەک چەند وشەیەکی فەرهەنگی وەرگێڕاوی زمانانی تر بەڵکو مانا و گوزارەکانی لەبەرچاو گرتووە و

٥٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠-٢٠٣ .

بەپێی ئەمە ئەم شیعرەی بەموژدەی لەدایکبوونی شیعری نوێی کوردی داناوە «بۆ باری لێکۆڵینەوە ئەو رەخنەیە کە لەم هۆنراوانە بگیرێ ئەوە نییە کە وشەی بێگانەی لە وشەی کوردی لە هەندێ شوێنا بەکارهێناوە، چونکە با ئەم هۆنراوانە لەسەر شێوەی رۆمانتیک - یش چووبن، ئەو وشانە زیان بەوبوونی رۆمانتیکە ناگەیەنن، بەتایبەتی کە ئەم جۆرە هۆنراوانە بەچەپەری بەینی دوو قۆناغ دائەنرێن؛ کە لە قۆناغی یەکەم دوور کەوتبێتەوە و لووتی ژەند بێ بەقۆناغی دووەمەوە، واتە لەبەینی کلاسیک و رۆمانتیکدا. ئەبێ ئەوەش بزانین کە بڕینی رێگای دوورکەوتنەوە لە قۆناغی کلاسیک زۆرترە هەتا مانی بە رۆمانتیک. ئەمەشمان بە گوزارەی شتەکانا بۆ دەرئەکەوێ کە بەپوختی چووەتە جەرگی گوزارەکانەوە و بەسادەییەکی نزیک بەساکارانە وشەکانی بۆ داناوە... لەگەڵ ئەوەشا گوزارشتەکانی تری: «شەپۆڵی غەم، ژیان بەکێوکردن، هەڵمەت بردن بۆ سەرکەوتن، نشێوی کلۆڵی، تەنینی بووار بەتار و پۆی ئێش و زام...» ئەمانە هەموو گوزارشتێکن کە بەڕاستی شێوەیەکی ژیانی داوە بەداهاتنی ئەدەبی تازەی کوردی.»[٥٨]

ئەگەرچی (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) لەگەڵ ئەو رایەی (سەجادی)دا یەک دەگرێتەوە لەبارەی مانەوەی شێخ نوری لە نێوان هەردوو قۆناغی کلاسیک و رۆمانتیکدا، بەڵام ئەوەش زیاد دەکات کە شاعیر وەنەبێ هەر نەیتوانیبێ لەم دوو قۆناغە بپەڕێتەوە، بەڵکو لە کۆتاییشدا گەڕاوەتەوە سەر کلاسیکەکە «ئەم دەستنیشان کردنە تا رادەیەکی تەواو راستە، بەڵام ئەبوو ئەوەش دەستنیشان بکرایە کە شێخ نوری هەر لەسەر سنووری ئەو دوو قۆناغەدا مایەوە و بەتەواوی نەیدا بەلایەکیاندا و لە ساڵانی دواییدا بەرەو کلاسیکەکە گەڕایەوە».[٥٩] جگە لەو رۆڵە گرنگ و کاریگەرەی (شێخ نوری شێخ ساڵح) لە رووی داهێنانی ئەو زمانە شیعرییەوە داویەتی، هەروەها (گۆران)یش دەوری کاریگەری خۆی هەبوو لە گۆڕانی زمانە کۆنەکەی شیعری کلاسیکی و داهێنانی ئەو زمانە نوێیە و چەسپاندن و پەرەپێدانی لە شیعری نوێی کوردیدا.

پێویستە پێش هەموو شتێک سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەو زمانەی لە سەرەتادا (گۆران) بەکاری دەهێنا لە ژێر کارتێکردنێکی تەواوی شیعری کلاسیکی کوردیدا بوو و پڕ بوو لەوشە و زاراوە غەیرە کوردییەکان و ئەمەش لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بوو وەک

٥٨- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٣١٨ و ٣١٩ .

٥٩- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١١٦ .



ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژیا و سروشتی سەرچاوە رۆشنبیرییەکەی و تێڕوانین و تەماشاکردنی سەردەمەکەی بۆ ئەو سامانە بەپێز و دەوڵەمەندەی شیعری کلاسیکی کوردی بۆیە هەروەک (حوسێن عەلی شانۆف) بۆی دەچێت شاعیر نەیتوانیوە لە سەرەتادا خۆی لە هێزی ئەو کارتێکردنەی شیعری کلاسیکی بەدوور بگرێت «زمانی شیعری گۆران لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بەجوانترین نموونەی زمانی ئیستاتیکی دادەنرێت و هیچ گومانی تێدا نییە کە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان داهێنانە هونەرییەکانی قۆناغی یەکەم و دوا قۆناغیدا هەیە، گۆران تا ساڵانی ١٩٣٠ بەشێکی زۆری لە وشەی بێگانە بەکاردەهێنا و ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە، چونکە ئەو دەوروبەرەی گۆران چاوی تێدا کردەوە بەقەد بوونی ئەو وشە و موفرەداتە عەرەبی و فارسییانە لە شیعرەکاندا دانی بەشاعیریەتی شاعیر دادەنا، ئینجا پاشماوەی شێوە هونەرییە لاساییە مۆمیاکراوەکانی شیعری کلاسیکی تا دەهات بواری زمانەکەیان تەسک دەکردەوە و تەگەرەیان دەخستە بەردەم هەوڵ و کۆششە ئیبداعییەکانی و رێگای بەرەو پێشچوونی داهێنانەکانیان لێدەگرت».[٦٠] بۆیە لە ئەنجامدا وازی لەو زمانە شیعرییە هێنا کە لە سەرەتادا بەکاری دەهێنا و گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر داهێناو لە دواییدا تەواو بەرەو کوردییە پەتییەکە چوو «لەو شیعرانەدا کە گۆران لەو دواییەدا دای نا چاومان بەوشەکانی (قامە) و (سانحات) و (الهام) ناکەوێت کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا باوبوون چونکە شاعیر چەند بەوردی سوودی لە زمانە دەوڵەمەندەکەی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتبێت ئەوەندە زیاتر زمانە شیعرییەکەی دەبووژێتەوە و لە دەربڕینە ئامادەکراوەکان دوور دەکەوێتەوە. مەسەلەی زمانی هونەری شیعر لای گۆران ئەوەندە مەسەلەیەکی گرنگ بوو وای لێهات بۆ ئەوە بچێت کە ئاستی داهێنانی شاعیر بەزمانە شیعرییەکەی دەپێورێت».[٦١] هەروەها بەڕای (حوسێن عەلی شانۆف) هۆیەکی تری کوردییە پەتییەکەی زمانی شیعری گۆران، جگە لە پشت بەستنی بەسەرچاوە دەوڵەمەندەکەی سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی لایەنی ریالیزمی بەسەر شیعرەکانیدا «... چەند واقیعیەت لە شیعرەکانیدا بڵاوبووە ئەوەندە زیاتر زمانە میللییە خۆشەکە لە شیعرەکانیدا زاڵ دەبێت».[٦٢]

٦٠- شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران. حسين علي شانوف، ص١٨١ .

٦١- سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٢ .

٦٢- سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٢ .

ئەوەی راستی بێ مەسەلەی بەستنەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی لای شاعیران بەبڵاوبوونەوەی ڕێبازی ریالیزم لەناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، مەسەلەیەکە لای چەند لێکۆڵەر و رەخنەگرێکی تریش بەرچاو دەکەوێت. (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) لە رووی ئەم باری سەرنجەوە دیاردەی کوردی پەتی زمانی شیعری نوێ دەگەڕێنێتەوە بۆ هاتنە پێشەوە و زاڵبوونی ڕێبازی ریالیزم لەناو ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا و دەڵێ: «لە پلەی سێیەمدا، هەروەک بەردەوامی ئەو دوورکەوتنەوەیە لە زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی و لەگەڵ خەیاڵی ڕۆمانتیکی بەرەو راستی واقیعیدا ڕۆیشتن، زمانی ئەدەبی کوردیش بەرەو کوردی پەتی ڕۆیشت.»(٦٣) هەر لەسەر بناغەی هەمان بۆچوونەوە (خورشید رەشید ئەحمەد) تەئکید لەسەر مەسەلەی کوردییە پەتییەکەی زمانی شیعری کوردی و ڕۆیشتنی ئەو شیعرە بەرەو ریالیزم دەکات و دەڵێ: «شاعیرانی ڕۆمانتیکی کوردی بەو قاڵبە ئەدەبییەوە نەوەستان، بەڵکو بەرەو دۆزینەوەی قاڵبێکی تازەی کوردی خۆماڵی هەنگاویان دەهاویشت ئەویش کوردی پەتی بوو، کە روخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانیان پێ دادەڕشت و ئەم بەرەو کوردی پەتییە ڕۆیشتنە هەر لەو سەردەمەدا لەسەر دەستی (م. نوری) و گۆران و پیرەمێرد و رەشید نەجیب-دا دەستی پێکرد، لە قۆناغی ریالیزمدا بەتەواوەتی پەیڕەوی دەکرا بووە دیمەنێکی گشتی ئەدەبیاتی کوردی».(٦٤)

لە راستیدا هەوڵ و کۆششەکانی گۆران و تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکەی لە رووی داهێنانی ئەو زمانە رەوان و پاراوەی خاسیەتێکی گرنگی کاری داهێنەرانەی شاعیری نواندووە جێی سەرنج راکێشان و لێ وردبوونەوەی شاعیر و رەخنەگران بووە.

(رەفیق حیلمی) بۆ ئەوە دەچێت کە لەسەر دەستی گۆران و داهێنانەکانی ئەم شاعیرەوە بوو لە بارەی زمانی شیعرەوە ئەو رایە هەڵوەشایەوە کە دەیگوت شیعری داهێنەر ناتوانێت لەسەر بناغەی زمانێکی سادەوە دروست ببێت و توانی ئەوە بسەلمێنێت کە شاعیر لە رێگای بەکارهێنانە تایبەتییەکەی زمانی شیعرەوە دەتوانێت لە سادەترین زمان بەرزترین و جوانترین شیعر دابهێنێت «تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا کە لە وشەی پەتی و ساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێ. بەڵام بەهۆی ئسلووبێکی دای هێنا لە (فەن)ی

٦٣- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ل٤٦. هەروەها بڕوانە: شیعری تازەی کورردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئاداری ١٩٨٥، ل٢٠٠ .

٦٤- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، ل١٥٨ و ١٥٩ .



شیعرا، گۆران، ئەم باوەڕەی گۆڕی، لام وایە هەرچی وشەی جوان و بەرز و بەمانای عەرەبی و فارسی هەیە بۆ نەخشاندنی (تصویر)ی رەوتی کەروێشکێک بەکاری بهێنایە بەچەشنی ئەوەی کە لەم شیعرانەی خوارەوەدا(*) هەستی پێ دەکرێ جوانی و شیرینی و رەوتی کەروێشک نەئەچووە دڵەوە و جێی نەئەبووەوە».(٦٥)

هەروەها (عەلائەدین سەجادی) لە باسکردنی شیعری (ئافرەت و جوانی)دا تەئکید لەسەر ئەو توانا و دەسەڵاتە شیعرییە گەورەیەی گۆران دەکات کاتێک لە رووی بەکارهێنانی زمانە شیعرییە سادە و رەوانەکە و داهێنانی ئەو شیعرە بەرزانە دەڵێ: «ئەم وشانە وشەیەکی ساکاری کوردی -ن بۆ دانانەکەیان هیچ خۆ عەزیەت دانێکی تێدا نییە، بەڵام کاتێ کە سەیری گوشادی گوزارەکانیان ئەکرێ لەم شوێنەدا ئەوترێ ئەمە (پەرچو)یەکە و گۆران لە ئەدەبی کوردیدا دروستی کردووە.»(٦٦)

هەرچی (کاکەی فەلاح)ە ئەوا پەسەندکردنی ئەو زمانە سادە و رەوانە و بەکارهێنانی بەو شێوە داهێنەرانە کاتێک دەردەکەوێت کە باس لە وەستایی و شارەزایی (گۆران) دەکات لە رووی داهێنانی ئەو نموونە شیعرییە بەرزانە و دەڵێ «... لە شێوازدا کەم شاعیری کورد هەیە، ئەوەندە تەڕو داهێنەر و بەرچاو کەوتووبێت و شەقڵ و سیمای شاعیرانەی بەڕوخسار و شێوەی بەرهەمەکانیەوە بەو زەقییە دیاربێت. ئەو زمانە پاراوە شیعرییەی وەک شێوازی تایبەتی خۆی پێیی دواوە، هەر تەواو جێگای سەرنج و مایەی قووڵبوونەوەیەکی بێ سنوورە. ئەم راستییەمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە چەند جارێک بەناو باخچەی بەرهەمەکانیدا سەروخوار گەشتوگوزار بکەین».(٦٧)

ئەمانە دەمانگەیێننە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی ئەو بیروڕایانە لەسەر ئەوە یەک دەگرنەوە

(*) مەبەست شیعری (ڕەوتێکی جوان)ی (گۆران)ە کە تیایدا دەڵێ:

«... یا کەروێشکی تێر و قەڵەو
لەبەر تریفەی مانگەشەو
چەند جوان ئەڕوا بەقونەقون.
سرک و، گورج و سپی و، خرپن...»

بڕوانە دیوانی گۆران، محەمەدی مەلاکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠، ل١١.

٦٥- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل١٦٩ .

٦٦- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، ل٣٢٥ .

٦٧- کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل٤٥ .

کە (گۆران) لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانێکی سادەوە توانیویەتی ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر بگێڕێت، لە ڕووی پەرەسەندنی زمانی شیعری نوێی کوردی و ئەو زمانە شیعرییە سەرکەوتووە دابهێنێت کە لایەنێکی هەرە گرنگی بناغەی سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەر وەستاوە. جا هەندێک لەو ڕایانەی کە باسی زمانە کوردییە پاراو و پەتییەکەی شیعری گۆران دەکەن دیاردەی ئەم کوردی پەتییە دەگەڕێننەوە بۆ دووشت، لەلایەکەوە بۆ زیرەکی و توانا و کارامەیی گۆران لە ڕووی سوود وەرگرتنی لە سامانە دەوڵەمەندەکەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی بەشێوەیەکی لێهاتووانە و لەلایەکی تریشەوە بۆ شۆڕبوونەوەی شاعیر بۆ ناخی ژیانی واقیعی خەڵک و نزیک بوونەوە و تێکەڵبوونی لەگەڵ چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ و سوود وەرگرتن لە هەمە چەشنی ئەو سەرچاوە لەبن نەهاتووەی زمانی خەڵک کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی تاقیکردنەوە جۆربەجۆرەکانی ژیانی خەڵک دەنوێنێت. (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لەم ڕوانگەوە زمانە کوردییە پەتی و پاراوەکەی شیعری گۆران دیاردەکات و دەڵێ: «زمانی گۆران پوخت و ساغ و پتەو و جوان و ڕەوان و زۆر لەخۆکردنی تێدانییە وەڕەسەنێتی خۆی لە زمانی خەڵک و سامانی بەپیتی نەتەوەوە وەردەگرێ، گۆرانیش شارەزای ئەم زمان و سامانە بوو و ئەمەش قووڵی و ڕەنگینی بەشیعرەکانی بەخشیوە، هەر لەبەر ئەوەش زمانی شیعری گۆران بەبەڵگەیەک دەزانرێ بۆ زمانی کوردی و لەڕیزی پێشەوەی ئەو شیعرانەیە کە دەکرێن بەنموونە با هاوچەرخیش بێت». [٦٨]

ئەگەرچی ئەم بیروڕایانە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە هۆی زمانە کوردییە پاراو و پەتییەکەی شیعری (گۆران) دەگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتنی لە سەرچاوە لەبن نەهاتووە دەوڵەمەندەکەی سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و سوود وەرگرتن لە زمانی قسەکردنی خەڵک، بەڵام نابێ ئەو هەوڵ و کۆششە گرنگانەی (پیرەمێرد) لەبیر بکرێت لە بواری هێنانەکایەوەی زمانێکی کوردی پەتی و چەسپاندنی ئەو زمانە لەناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا. جا ئەو هەوڵ و کۆششانەی (پیرەمێرد) بۆ بژارکردن و پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەکانی زمانە غەیرە کوردییەکان لە ڕێگای ئاوڕدانەوە و بایەخدان بەسامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و سوود وەرگرتن لە وشە و دەربڕینە

٦٨- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل١٤٩، هەروەها بڕوانە: شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص١٨٢ .



جۆربەجۆرەکانی زار و شێوە زارەکانی کوردی و نزیکبوونەوە لە زمانی خەڵک، ئەمانە پێش هەوڵەکانی (گۆران) و شاعیرانی تری دەوری (گۆران) کەوتوون. تەنانەت (گۆران) هەر خۆشی نکۆڵی لەو دەورە ناکات کە (پیرەمێرد) لەم ڕووەوە گێڕاویەتی ئەگەرچی تەئسیری کوردییە پەتییەکەشی لایەنی هونەری بەکارهێنانی زمانەکەی نەگرتبێتەوە و زیاتر لایەنی بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی گرتبێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پیرەمێرد پێش گۆران توانای خۆی خستۆتە کار بۆ هێنانەکایەوەی زمانە کوردییە پەتییەکەی شیعری نوێی کوردی.

(گۆران) لە سەرەتادا ئەو سەرچاوانە دیاردەکات کە پیرەمێرد کردوویەتییە بناغەی کوردییە پەتییەکەی و دەڵێ: «شیعری پیرەمێرد، فۆلکلۆری کوردی، هەڵبەستی شێوەی گۆرانی تەئسیری تێکردووە هەروەها ئەدەبی تورکیش تەئسیری هەر لەسەر دیاربوو». [٦٩] ئینجا خاسیەتی ئەو زمانە کوردییە پەتییە دیاردەکات کە (پیرەمێرد) لە شیعردا بەکاری دەهێنا و بەراوردی دەکات لەگەڵ کوردییە پەتییەکەی خۆیان و دەڵێ: «ئەگەر بەراوردێک بکەین لە بەینی شیعرەکانی ئەو و هی قوتابخانەکەی ئێمە ئەبینین شیعری ئەو (قەومی)تر بوو صنعاتی کوردی و هەستی کوردی زیاتر پیشان ئەدا. بەڵام (کوردی پەتی) لە نووسینەکانی ئەوا کە لە بێژینگ بدرێ، لە شیعردا بەقەدەر من و لە پەخشاندا بەقەدەر (شاکر فەتاح و ئیبراهیم ئەحمەد) نییە، ئەو ئەی هێنا وشە کوردییە نەبیستراوەکانی بڵاودەکردەوە... وشە کوردییەکان وەکو ناوی گژوگیا و گوڵ و شتی تر... بێگومان ئەم کردەوەیەشی تەئسیری هەر هەبوو و بێ کەڵک نەبوو تەئسیرەکەیشی لەلایەن ئیحساساتی نەتەوایەتییەوە بوو نەک لەلایەن هونەرەوە کە خەڵکی هان ئەدا کوردی پەتی بنووسن». [٧٠]

ئەگەرچی مەبەستی (گۆران) لەم قسانەدا بەئاشکرا دیارە ئەوەیە کە دەیەوێ ئەوە بڵێ کە کوردییە پەتییەکەی قوتابخانە شیعرییەکەی ئەوان لە هی (پیرەمێرد) پەتی تر و ڕەوانتر بوو لە ڕووی هونەرییەوە تەئسیری لەسەر پەرەسەندنی زمانی شیعری کوردی هەبوو و لای (پیرەمێرد) کاریگەرییەکەی تەنیا بزواندنی هەستی نەتەوایەتی دەگرتەوە و مەبەستی تەنها هاندانی شاعیر و نووسەران بوو بۆ نووسین بەزمانی کوردی پەتی، بەڵام

٦٩- دانیشتنێک لەگەڵ -گۆران-دا، عبدالرزاق بیمار، گ: بەیان، ژ: ٢، شوباتی ١٩٧٠، ل٣ .

٧٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠ .

ئەمانە هیچ لەو راستییە ناگۆڕن کە (پیرەمێرد) لە بەکارهێنانی زمانە کوردییە پەتییەکەدا دەستپێشخەری کردووە و لەم مەیدانەدا پێش ئەوان هەوڵەکانی خۆی بەئەنجام گەیاندووە. هەر لێرەدا ئاماژە کردن بۆ ئەو هەوڵەی (پیرەمێرد) دایبوو بۆ نووسینی شیعری (بەیانی بوو لە خەو هەڵسام...) زیاتر بەتەنگهاتنی ئەومان بۆ دەردەخات لەبارەی بایەخدانی بە زمانە کوردییە پەتییەکە. (کاکەی فەللاح) لەم رووەوە باسی ئەم هەوڵەی (پیرەمێرد) دەکات و دەڵێ «... لە سەردەمی راپەڕینەکانی شێخ مەحموددا و لە گرتنی شاری سلێمانیدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کاربەدەستە داگیرکەرەکان، بۆ مەبەستی سیاسییانەی خۆیان، تۆزقاڵە جووڵە و برەوێکیان بەزمانی کوردی و رۆژنامەگەری کوردی دا، بۆ یەکەمجار بەهۆی رۆژنامەی (پێشکەوتن)ی ئەو سەردەمەوە موسابەقەی[*] کوردی پەتی نووسین هاتەکایەوە و شێخ نوری شێخ ساڵح و جەمیل سائیب و مستەفا سائیب دەرچوون. پیرەمێردی رەحمەتیش هەر شیعری (بەیانی بوو لە خەو هەڵسام)ەکەی هەر بەهەوای ئەو موسابەقەیەوە دوای چەند ساڵێک نووسی، لەو رۆژگارەوە مەسەلەی بەکوردی پەتی نووسین و بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە سەری هەڵدا و بایەخی پێدرا.»[٧١] وەنەبێ لای نووسەر و رەخنەگرانی کورد هەر تەنها ئاماژە بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی (پیرەمێرد) کرابێ لە بارەی بەکارهێنانی زمانە کوردییە پەتییەکەدا لە شیعری کوردی، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا (پیرەمێرد) بەرێ خۆشکەرێک دانراوە بۆ (گۆران) و شاعیرانی تر بۆ رووکردنە نووسینی شیعر بەزمانی کوردی پەتی، لەم رووەوە (د. کامل حەسەن بەسیر) دەڵێ:

«پیرەمێرد شاعیرێکە لە شیعردا جوانی و پرشەنگی بۆ زمانی کوردی گەڕاندۆتەوە، ئەو هونەرمەندەیە کە خاوەن زمانێکی سادە و چێژدارە، هەر ئەویشە لای ئێمە بەرێ

---

(*) مێجەر (سۆن)ی حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا رۆژنامەیەکی کوردی دەرکرد، بەناوی (پێشکەوتن ١٩٢٠-١٩٢٢) لەسەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیەدا پێشبڕکێیەکی بۆ نووسەرانی کورد سازکرد بۆ نووسین بەکوردی پەتی و سێ پاداشتی بۆ سێ نووسین تەرخان کرد ئەوەبوو لە ئەنجامدا شێخ نوری شێخ ساڵح بەبابەتی (جووت و گا شتێکی چاکە) پاداشتی یەکەم و مستەفا سائیب بەپەخشانی (بۆچرووک) پاداشتی دووەم و جەمیل سائیب بەپەخشانی (رۆژەوە بوونێک) پاداشتی سێیەمی وەرگرت، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: ڕ: پێشکەوتن، ژ: ٣٠، ساڵی یەکەم، ١٩٢٠، ل٢ و ٣ و ٤ .

٧١- کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل٤٧ .



خۆشکەرێک دادەنرێت بۆ مامۆستا گۆران لە شۆڕشی شێوازە شیعرییەکەیدا لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا».[٧٢]

هەروەها (مەعرووف بەرزنجی) تەئکید لەسەر ئەو دەستپێشخەرییەی (پیرەمێرد) لە رووی داهێنانی کوردییە پەتییەکەی زمانی شیعری کوردی دەکات و لەم رووەوە ئاماژە بۆ رێبەرایەتی دەکات و بە مامۆستای (گۆران)ی دادەنێت و دەڵێ:

«... پێشەوای ئەم نووسینەش پیرەمێردە لە شێوەی کرمانجیدا. وە مامۆستا گۆران شاگردی ئەوە و هونەری ئەم ئەوەیە کە توانی زوو وە باش خۆی لە بابەتی کۆنەوە بگۆڕێتە سەر بابەتی تازەوە هەوڵی دا بەکوردی پەتی رەوان بنووسێ و لەسەر شوێن پێی پیرەمێرد بڕواو پێش کەوێ».[٧٣]

هۆی ئەم بایەخدانەش بەدەوری (پیرەمێرد) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەند هەنگاوێکی چاکی نا بۆ پەرەپێدان بەزمانی شیعری کوردی و تەنانەت وای لێهات لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە لە بواری زمانی شیعرەوە ئەنجامی دا بەیەکێک لە شاعیرە نوێکەرەوەکان دابنرێت، ئەوەتا (رەفیق حیلمی) دوای بڵاوکردنەوەی شیعری (من و ئەستێرەکان) ئەوە دەردەخات کە (پیرەمێرد) بەپشت بەستن بەتوانا و دەسەڵاتی شیعری تایبەتی خۆی و بێ رووکردنە لاسایی کردنەوە بەهۆی ئەو توانایەی لە بواری دانانی شیعرەوە نواندوویەتی تەناتەت چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا ببێتە پێشەنگی شاعیرانی سەردەمی خۆی «پیرەمێرد هەروەکو لە شیعرەکانیا لاسایی کەسی نەکردووەتەوە و بەڵکو ویستوویەتی کە خۆی ببێ بەئیمامی شاعیرە کوردەکانی ئەم عەسرە لەلایەکی تریشەوە لە شیعرا، کوردی پەتی تاقی کردووەتەوە و بۆی دەرخستووین کە زمانەکەمان زمانێکی دەوڵەمەند و شیرینە».[٧٤] هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ) ئەویش لەسەر بناغەی هەستکردنی بەتوانا و لێهاتوویی شاعیر لە رووی بەکارهێنانی ئەو زمانەی لەم شیعرەدا بەکاری هێناوە دەڵێ: «یەکێک ئەگەر بەچاوێکی وردبوونەوە تەماشای ئەو شیعرانەی بکات کە لەژێر عینوانی (من و ئەستێرەکان)دا وتوویەتی بەکوردییەکی پەتی وا کە ئەڵێی

---

٧٢- کامران شاعر من کردستان، کامل حسن البصیر، ص٢٠.

٧٣- کامەران و دیارییەکەی، مەعروف بەرزنجی، گ: شەفەق، ژ: ١، ساڵی یەکەم، ١٥ کانوونی دووەم ١٩٥٨، ل١٥.

٧٤- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی بەرگی یەکەم، ل٩٠ .

ئاوی ڕەوانە، سەری سورِ دەمێنێ و لەو قسە شیرینانە کە لەو بەرگ و کالاّ جوانە ڕەنگینیانەدا نیشانی داوە». [٧٥] هەرچی (عەلائەدین سەجادی)یە ئەوا لە ڕوانگەی هەستکردنی بە گرنگی ئەو زمانە کوردییە پەتییەی (پیرەمێرد) لەم شیعرەدا بەکاری هێناوە و ئەو توانا و دەسەڵاتە شیعرییە گەورەیەی لە بەکارهێنانی زمانی شیعرەکەدا نواندوویەتی، ئەمە وای لێکردووە ئەم شیعرە بەسەرەتای دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی دابنێت و بڵێ: «کەوابوو ئێمە ئەتوانین بڵێین ئەم هۆنراوانە لەبەر ئەم شتانە کە باس کران دەرگای سەردەمێکی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا ئەکەنەوە، کە ئەم دەرگایە بەم جۆرە پێش ئەم گیجە نەخراوەتە سەر گیجەنە تا ئێستە...». [٧٦] بایەخدانی (سەجادی) بەم شیعرەی (پیرەمێرد) هەر بەمە ناوەستێ، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدات لایەنەکانی تری داهێنانەکانی ئەم شیعرە دیار بکات و باسی بیرو زمانی شیعرەکە دەکات و هۆی داهێنانەکە تا ڕادەیەکی گەورە دەبەستێتەوە بەجۆری بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکە و دارِشتنی لە قاڵبە هونەرییەکەدا «بەڕاستی ئەم بیرە تا ئەوپەڕی تازەیی تازەیە. ئەمجا وشە: ئەیژین وشەکانیش تازەن. مەبەست ئەوە نییە کە ئەم وشانە دروست کراوە و وەیا تازە کوورەن و خراونەتە ناو زمانی کوردییەوە، مەبەست ئەوە نییە چونکە ئەم وشانە لەگەڵ بناغەی زمانەکەدا هەر هەبوون و هاتوون، بەڵام دارِشتنیان بەو جۆرە و خستنە ناو چوارچێوەی هۆنراوەوە ئەمە تازەیە و بەوجۆرە تا ئەو سەردەمە نەکراوە. هەر ئەم دارِشتنەیە کەوا بەو چەشنە شێوەیەکی ئەدەبی بەرزی لە زمانەکەدا دروست کردووە، لە دروستکردنی شێوە ئەدەبییەکە بەتەواوی سۆزی تیا کەوتۆتە جووڵە، وەکو چۆن پەردەیەکی ڕۆمانتیک - یش لە بیر و دارِشتنەکەوە پەیدابووە و زنجیرەی بیری هۆنیوەتەوە!.». [٧٧] ئینجا (سەجادی) دوای ئەوەی ئاشنابوونی پیرەمێرد بەشیعری چەند شاعیرێکی وەک بێسارانی و مەولەوی و شاعیرانی قوتابخانەی بابان دیاردەکات و ئاماژە بۆ کاریگەری شیعری ئەو شاعیرانە لەسەر (پیرەمێرد) دەکات، یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی خاسیەتی زمانە کوردییە پەتییەکەی (پیرەمێرد) دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆیشتنی شاعیر بۆ تورکیا و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی شاعیر لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو نالەبارەی

٧٥- نالەی دەروون، شێخ محەمەدی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ارشاد، بغداد، ١٩٨٤، ل٨٠ و ٨١ .

٧٦- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٣٠٦ .

٧٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٤ و ٣٠٥ .



میللەتی کورد تێیدا دەژیا کە وای لێ کرد لە شیعری غەزەل و دڵداری دوور بکەوێتەوە و ڕوو بکاتە شیعری نیشتمانی و لەگەڵ ئەم گۆڕانەی بەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا هات زمانی شیعریش بگۆڕێت و بەرەو کوردی پەتی بچێت «کە چوو بۆ ئەستەمبوڵ و عەنعەناتی قەومەکانی چاو پێکەوت کە، چی ئەکەن بۆ قەومیەت و تەماشای کرد ئەو پەردانە کە حکومەتی وەخت ئەیدا بەسەر وڵاتە سەر لێ شێواوەکەیا، پەردەیەک بوون تەنها لایەلایەیان بۆ خەو لێخستن ئەکرد! بەتەنیشت ئەمەشەوە ڕووی ئەکردە ئەو دیواخانانە کە کۆنگرەی قسەکردن بوون لەباری چەوسانەوە، وەیا حەسانەوەی هەموو قەومێک، سەرباری ئەمانەش خوێنە گەشەکەی شێخ سەعید بەسەر ریشە سپییەکەیەوە چاو پێ کەوت -کە بۆ کورد ئەو دیمەنەی نواند- بەجارێ دەوری ڕابردووی دایە دواوە و شعوری شیعری غەرامی بوو بەشعوری شیعری نیشتمانی». [٧٨] ئەمەش سەرنج بۆ خاڵێکی گرنگ ڕادەکێشێت ئەویش ئەوەیە کە لەکاتێکدا (پیرەمێرد) بەرەو واقیعیەت چووە بەکارهێنانی زمانە کوردییە پەتییەکەش هاتۆتە پێشەوە و چەسپاوە، وەک ئەوە وابێت هەست بەجۆرە گونجانێک کرابێ لە نێوان جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعریان پێکهێناوە و شێوازی دەربڕینیان و جۆری ئەو زمانەی ناوەڕۆکە شیعرییەکەی پێ دەربڕاوە.

لە ئەنجامی دیارکردنی هەوڵ و کۆششەکانی ئەم شاعیرانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیرانی نوێی کورد هەریەکەیان بەپێی چەند هۆیەکی تایبەت بەتاقیکردنەوە شیعرییەکەیان، هەوڵ و تەقەلای خۆیان داوە بۆ گۆڕانی ئەو زمانە شیعرییەی ماوەیەکی دوور و درێژ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکار دەهات و داهێنانی ئەو زمانە شیعرییەی کە لەلایەکەوە لەگەڵ بیرورِا و بۆچوونە تایبەتییەکانیاندا دەگونجا سەبارەت بەتاقیکردنەوەی نوێکردنەوەی شیعری و لەلایەکی تریشەوە ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی لەو سەردەمەدا هاتبووە پێشەوە پێویستی بەوە بوو بەزمانێکی جیاواز لە زمانە کۆنەکە دەرببڕێت بەشێوەیەک کە نزیک بێت لە زمانی کۆمەڵانی خەڵک بۆیە هەر دەبوایە لەگەڵ دەست پێکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی زمانەکەش بگۆڕابا، جا لەم ڕووەوە هەوڵ و کۆششەکانی هەریەک لە (پیرەمێرد) و (شێخ نوری) و (گۆران)مان بۆ دەرکەوت لە ڕووی گۆڕانی زمانە شیعرییە کۆنەکە و دروستبوونی ئەو زمانە نوێیەی کە تایبەت بەتاقیکردنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بوو، بەتایبەتیش لە ڕووی هونەرییەوە لای (شێخ نوری) و (گۆران) کە بەپلەی یەکەم لە ئەنجامی کارتێکردنی شیعری نوێی

٧٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٤٢٤ .

تورکییەوە دروست بوو و پێش ئەوانیش لای (پیرەمێرد) کە زیاتر لە ئەنجامی هەستە نەتەوایەتییەکەوە بوو و هەر ئەم کوردییە پەتییەش بوو کە لە دواییدا لەلایەن (گۆران)ەوە زیاتر پەرەی پێدرا و لە بزووتنەوەکانی تری نوێکردنەوەی شیعری دوای (گۆران)یش بەردەوام بووە.

## کوردی پەتی و دوو هەڵوێستی جیاواز

لەگەڵ گۆڕانی زمانی شیعری کوردی وە بەتایبەتی لە رووی بەکارهێنانی کوردییە پەتییەکە، لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دوو هەڵوێست بەرامبەر بەزمانی شیعری نوێی کوردی دروست بوو، هەڵوێستێکیان داوای ئەوەی دەکرد زمان لە وشە و زاراوە و دەربڕینەکانی زمانە غەیرە کوردییەکان پاک بکرێتەوە و روو بکاتە کەرەستە خۆماڵییەکە و خۆی بە وشە و زاراوە کوردییە رەسەنەکان ببەستێتەوە، هەڵوێستێکیشیان بەپێچەوانە داوای سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەکانی زمانە غەیرە کوردییەکانی دەکرد و هیچ زەرەر و زیانێکی لەم وەرگرتنەدا نەدەبینی بەڵکو بەپێچەوانەوە پەرەسەندنی هەر زمانێکی بەبوونی ئەو پەیوەندییە دەبەستەوە کە زمانە نەتەوەییەکە لەگەڵ زمانانی تردا پەیدای دەکرد.

(رەفیق حیلمی) بەئاشکرا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر پەسەندکردنی بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پەتی لە شیعردا دیاردەکات وە لە چەند شوێنێکی هەردوو بەرگی کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)دا تەئکید لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی دەکاتەوە.

(رەفیق حیلمی) لە باسکردنی غەزەلێکی (ئەحمەد موختار جاف)دا بەکارهێنانی دەربڕینێکی کوردی وەک لێکچواندنی (ڕەقیب بە سەگی پەتیارە)، زۆر سەرنجی رادەکێشێت و لەسەری دەوەستێت و ئەم بەکارهێنانەی زۆر بەلاوە پەسەند دەبێت «... لە شیعرەکانی ئەحمەد موختارا رەوانی و سەلاسەتێک هەیە چاویشتان لەم سەلاسەت و سادەییەی بێ کە لەم غەزەلەی خوارەوەدایە:

کە من پەروانەکەی شەمعی سەری دوو کوڵمی تۆم جانا
دڵی (ئەحمەد) بەفیتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە

ڕەقیبی بە (سەگی پەتیارە) تەشبیە کردووە بەکوردییەکی پەتی، وەسفێکی سادە و تەواوی رەقیب، لەمە باشتر چۆن ئەبێ، ئەی لەبەردەمی خۆشەویستێک کە لە دڵ و گیانی عاشقی تەسخیر کردبێ، بەزمانێکی لەوە سادەتر بۆ چە شاعیرێک شەکوای حاڵ کراوە؟[٧٩]

٧٩- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، ل٢١ .



هەروەها (رەفیق حیلمی) لە شیعری (من و ئەستێرەکان)ی (پیرەمێرد) تواناو لێهاتوویی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەو زمانە کوردییە پەتییەدا دیاردەکات کە بەهۆی ئەو وشە و دەربڕینە کوردییە رەسەنە هەمە جۆرانە توانیویەتی دەست لەسەر دەوڵەمەندی زمانی کوردی دابنێت و ئەوە بسەلمێنێت کە شاعیر دەتوانێت پشت بەزمانە نەتەوایەتییەکەی خۆی ببەستێت و سەرکەوتووانە هەر لە رێگای پشت بەستن بەو زمانە داهێنانەکانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت. بۆیە لە بارەی بەکارهێنانی کوردییە پەتییەکەی ئەم شیعرەوە دەڵێ: «لەم شیعرە بەرزانەدا بگەڕێن بۆ وشەیەکی بێگانە، بۆ واتەیەکی ناپەسەند، بۆ لاری و چەوتییەک و سەرنجی ئەوە بدەن کە شاعیر ئایا خۆی تەنگەتاو کردبێ و مێشکی گوشیبێ بۆ یەکخستن و رێکخستنیان و لە دوای ئەمە لەو سەنعەت و بەلاغەتەش وردبنەوە کە تیایەتی».[٨٠] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (رەفیق حیلمی) هۆی سەرەکی بەرزی ئەم شیعرە بەپلەی یەکەم دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کوردییە پەتییەی شاعیر لە شیعرەکەیدا بەکاری هێناوە ئینجا بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زمانە بۆ گەیاندنی ئەو مانایەی شاعیر مەبەستی بووە.

وە لە باسکردنی شیعرێکی (کەمالی)دا (رەفیق حیلمی) ئەو لایەنە نوێیانەی زمانی شیعری شاعیر لەبەر چاو دەگرێت و لەلایەکەوە بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکە و لەلایەکی تریشەوە گەیاندنی ئەو مانا نوێیەی شاعیر دای هێناوە سەرنجی رادەکێشێت و دەڵێ: «زۆری لە شاعیرە کۆنەکان (برۆی خۆشەویستەکانیان جارێ کردووە بە (محراب) و جارێ بە(هلال). هەندێکیشیان شوبهاندوویانە بە (کەوان) و (تاق) و (شمشێر). بەڵام (کەمالی) کە لەسەر پێ و شوێنی ئەوان رۆیشتووە هاتووە (برۆ)ی، وەکو ئەوان بە(شمشێر) داناوە دیسان ئەم (شمشێر)ەی لە خەیاڵی ئەدەبی خۆی بەشدار کردووە، وە رەوشتێکی تازەی داوەتێ:

بەئیما گفتوگۆی دائم لەگەڵ ئەهلی دڵە ئەبرۆت،
عەجیبە کەی بووە خاسیەتی(تەل سز) لە شمشێرا؟»[٨١]

واتە (کەمالی) ئەگەر لەو رووەوە لەگەڵ شاعیرانی کلاسیک یەکی گرتبێتەوە کە بۆ (برۆ) (شمشێر)ی بەکارهێنابێت، ئەوا لە رووی بەکارهێنانی وشەی نوێ و گەیاندنی

٨٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩ .

٨١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل١٢٩ و ١٣٠ .

ماناکەوە لێیان جیابۆتەوە، چونکە وشەیەکی وەک وشەی (تەل سز) لەلایەکەوە لە شیعردا وشەیەکی نوێیە، چونکە پێشتر لە شیعری کلاسیکیدا بەکار نەهاتووە، وەلایەکی تریشەوە ئەو مانایەی (کەمالی) گەیاندوویەتی لە گفتوگۆی نێوان (برۆ) و (دڵ) لە شیعری کلاسیکیدا پێش ئەم بەم شێوەیە لای هیچ شاعیرێکی کلاسیکی بەکار نەهاتووە بۆیە دەڵێ: «کەمالی لەم بەیتەدا (برۆ - ئەبرۆ)ی خۆشەویستەکەی بە(شمشێر)ێ دائەنێ کە رووی کردبێتە دڵی. وە بە(زمانی حاڵ) واتە بەئیشارەت تێی ئەگەیەنێ کە ئامادەیە بۆ کوشتنی. ئینجا بەلایەوە سەیرە کە دڵی، لە مەبەستی شمشێری (برۆ) چۆن تێ ئەگا ئەگەر ئەم شمشێرە (خاسیەت)ی (تەل سز)ی تیا نەبێ»[٨٢] ئەوەی زیاتریش لەم رایەدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەو گلەییەیە کە (رەفیق حیلمی) لە (کەمالی) کردووە سەبارەت بەبەکارهێنانی وشەی بێگانە و دەستکاری کردن و گۆڕینی چەند وشەیەکی شیعرەکە و دانانی وشەی کوردی پەتی لەجیاتی وشە غەیرە کوردییەکان «لێرەدا رەخنەیەکیش لە کەمالی ئەگرین کە (لاسلکی) بەوشەی (تەل سز)ی تورکی تەرجەمە کردووە، لە کاتێکدا بەکوردی پێی ئەڵێن (بێ تەل) وە بەفارسی (بی سیم). کە وابوو ئەگەر نیوە شیعرەکەی بەم جۆرە بوایە جوانتر ئەبوو:

لەلام سەیرە ببێ خاسیەتی بێ تەل لە شمشێرا»[٨٣]

لێرەدا (رەفیق حیلمی) وشەی (سەیرە) و (بێ تەل) لە شوێن (عەجیبە) و (تەل سز) بەکاردەهێنێت لەبەر هیچ نا هەر لەبەر ئەوەی (سەیرە) و (بێ تەل) دوو وشەی کوردی پەتین و بەڕای ئەو بەهای جوانی شیعرەکەیان لەسەر دەوەستێت. دیارە هەر ئەم دەمارگرژی و بیرکردنەوە تەسکەشە لەبارەی خۆبەستنەوە بەزمانە خۆماڵییەکە تووشی ئەم هەڵە گەورەیەی کردووە و وای لێکردووە رێگا بەخۆی بدا دەستکاری وشەکانی شیعر بکات و بەئارەزووی خۆی بیانگۆڕێت گوایە وشە و دەربڕینەکانی شیعر چەند کوردییەکی پەتی بن ئەوەندە زیاتر شیعرەکە جوان دەکەن بێ ئەوەی ئەوەی لەبەر چاو گرتبێت کە هەر وشەیەک ئاواز و مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە و شاعیر لەسەر بناغەی هەستکردنی بەبەها مۆسیقییەکەی ئەو وشانە، هەڵیان دەبژێرێت و شیعرەکەی لێ دادەڕێژێت.

وە لە باسکردنی شیعرەکانی(گۆران)دا (رەفیق حیلمی) لەسەر بناغەی تێڕوانینێکی

٨٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠ .

٨٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠ .



نوێوە رایەکی گرنگ لە بارەی زمانی شیعرەوە دەردەبڕێت و ئەوە دەردەخات کە شاعیری بەتوانا دەتوانێت شیعری جوان و بەرز لەسەر بناغەی پشت بەستن بەزمانە کوردییە پەتی و سادەکە دروست بکات و بەمەش ئەو بۆچوونەی رەت کردەوە کە ماوەیەکی درێژ باوەڕی وابوو ئەم زمانە بۆ شیعری چاک دەست نادات و لەم رووەوە دەوری داهێنەرانەی گۆران دیار دەکات و دەڵێ: «تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا کە لە وشەی پەتی و ساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێ، بەڵام بەهۆی ئسلووبێکی دای هێنا لە(فن)ی شیعرا، گۆران، ئەم باوەڕەی گۆڕی»[٨٤].

ئەم بیروڕایانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە (رەفیق حیلمی) بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی پەسەند دەکات و داوا لە شاعیرانی کورد دەکات رووبکەنە وشە و دەربڕینە کوردییە پەتییە رەسەنەکان و خۆیان لە وشە و زاراوە و دەربڕینە غەیرە کوردییەکان بەدوور بگرن، ئەم رایەش لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنەوە لای دروست بووە کە بەرزبوونەوەی بەها جوانکارییەکەی شیعر تا رادەیەکی گەورە بەبەکارهێنانی کوردییە پەتییەکەوە بەستراوەتەوە.

هەروەها (عەلائەدین سەجادی) لە سەرجەمی ئەو بیروڕایانەی بەرامبەر بەزمانی شیعری چەند شاعیرێکی دەربڕیوە هەڵوێستی خۆی بەئاشکرا بەرامبەر بە پەسەندکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی لە شیعردا دیاردەکات، شیعری (من و ئەستێرەکان)ی (پیرەمێرد) زۆر سەرنجی رادەکێشێت و بەوردی لەسەر زمانە شیعرییەکەی دەوەستێت و بەکارهێنانی کوردییە پەتییەکە و جۆری داڕشتنی زمانەکە بەشۆڕشێکی ئەدەبی دادەنێت و دەیکاتە بناغەی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە شیعری کوردیدا و دەڵێ: «ئێمە کە سەیری سەردەمی ئەم هۆنراوانە و سەردەمی پێش پەیدابوونی ئەم هۆنراوانە ئەکەین بەتەواوی بۆمان دەرئەکەوێ کە شۆڕشێکی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا پەیدابووە، بەڵێ!. لەسەر ئەو قسانە کە ئەکرێن ئەم هۆنراوانە ئاشنایەتییەکی تەواویان لەگەڵ زانیاری عەرەوزدا هەیە، بەڵام شێوە و داڕشتنیان گەلێ جیایە لە شێوە و داڕشتنی ئەدەبی پێش ئەو سەردەمە. بگرە دەروازەیەکە و خراوەتە سەر گازی پشت بۆ دانانی ئەدەبی کوردی بە کوردی پەتی لەسەر ئەو شێوەیە»[٨٥]. وەکە باسی شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی) دەکات، بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای شیعرەکانی دەکات و بەگەورەترین شاعیری کوردی دادەنێت

٨٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩ .

٨٥- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٣٠٣ .

بەهۆی ئەو ناوەڕۆکە بەپێزەی باس لە مەسەلە نەتەوایەتییەکەی میللەتی کورد دەکات لەو قۆناغە دواکەوتووەی ژیانی سیاسیدا، «ئەم شیعرانە وا بەئێمە پیشان ئەدەن کە ئەحمەدی خانی بەرزترین شاعیرێکی کوردە لە هەموو ئەم چەرخانەدا کە هاتووە؛ لەوەدا کە هەست و شعووری قەومیەتی کردووە لەو دەورە تاریکەدا، لەمەدا کە باری چیرۆکی و رازی قەومی کردووە بە رێچکەی ئەدەبی کوردی».[٨٦] جا لەکاتێکدا دەبینین بەو چاوە بەرزەوە تەماشای ناوەڕۆکی شیعرەکانی (خانی) دەکات و بەچاکترین شیعری کوردی دادەنێت، بەرامبەر بەمە کە دێتە سەر باسکردنی زمانە شیعرییەکەی نرخ و بەهایەکی ئەوتۆ لە زمانە تێکەڵەکەیدا نابینێت «... مێژووی ئەدەبی کوردی لە بابەت وشەوە قسە لەم شیعرانەوە ناکا چونکە زۆرتر لە وشەکانی وشەی زمانێکی غەیری کوردییە و بەرانبەر بەئەدەبی ساغی کوردی وەنەبێ نرخێکی وای بێ![٨٧]» ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو زمانەی (سەجادی) پەسەندی دەکات، زمانە کوردییە پەتییەکەیە وە بە تایبەتیش بۆ ناوەڕۆکێک کە شاعیر تیایدا باس لە مەسەلە نەتەوایەتییەکەی بکات. لە راستیدا (سەجادی) چەند جارێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە و بەکارهێنانی کوردییە پەتییەکەیە دەبەستێتەوە بە بوونی ناوەڕۆکە نیشتمانی و سیاسییەکەی شیعرەوە، هەر بۆ نموونە کە باسی شیعرەکانی (ئەحمەد موختار جاف) دەکات بەئاشکرا دەرک بەو راستییە دەکەین کاتێک دەڵێ: «لەم فیکرەوە ئەکەوینە سەر ئەوە کە زمانی کوردی زمانێکی ئەدەبییە و بە هەموو جۆر ماوەی ئەوەی هەیە کە خزمەت بکرێ و لە وشەی بێگانە دوور بخرێتەوە، دێنێ ئەم رێچکەیە ئەشکێنێ و بەو نیازە دەست ئەکات بە وتنی شیعری کوردی پەتی، کە ئەمە بۆ ئەو سەردەمە نیشانەی گیانێکی پاک و هەستێکی بەرز لەودا دەرئەخا و قەومییەتێکی خاوێن بە ئاشکرا ئەنوێنێ. رێچکە ئەشکێنێ و ئەڵێ:

گرپە و گرەی تەنوورە، بڵێسەی هەناوەکەم
سیروان و تانجەڕۆیە، خوڕەی ئاوی چاوەکەم
شێواوی مووی خاوی کەسێکم بە رۆژ و شەو
بۆیە پەشێوە ئێستەکە، بیرە بڵاوەکەم ...[٨٨]»

٨٦- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٢١٢ و ٢١٣ .
٨٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢ .
٨٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٠ و ٥١١ .



لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەو زمانە کوردییە پەتییەی (ئەحمەد موختار جاف) و پەیوەندی بە ناوەڕۆکە سیاسییەکەی شیعرەکانی وەنەبێ هەر سەرنجی (سەجادی) راکێشابێ، بەڵکو دەبینین (د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ)یش لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندییە باسی زمانی شیعری (ئەحمەد موختار جاف) دەکات و هۆی گۆڕانی زمانی شیعر لای ئەو شاعیرە لە زمانە کوردییە تێکەڵەکە بۆ زمانە کوردییە پەتییەکە دەبەستێتەوە بە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعرەکان، کاتێک ئەوە دەردەخات کە شاعیر لە شیعرە دڵدارییەکانیدا کوردییەکی تێکەڵ و لە شیعرە نیشتمانییەکانیدا کوردییەکی پەتی بەکار دەهێنێت و دەڵێ: «ئەوەندەش لەم تێبینییە زیاد ئەکرێ کە ئەحمەد موختار بەو زمانە تێکەڵە زیاتر غەزەلی بچووکی وتووە، کەچی بەم کوردییە پەتییە قەسیدەی درێژی هەیە[٨٩]». ئینجا بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکەی دەڵێ: «هەر ئەم لێ زیادکردنە بە جۆرێکی تریش ئەوترێت ئەویش ئەوەیە کە شیعری دڵداری ئەحمەد موختار جاف ئەچێتە قاڵبی غەزەلی بچووکەوە، بەڵام زۆر لە شیعرە نیشتمانییەکانی قەسیدەی درێژن. ئەتوانین بڵێین لەوی یەکەمدا تەجروبەکە یا بیر و سۆزەکە خەست کراوەتەوە و لە غەزەلێکی چەند دێریدا داڕێژراوە. بەڵام ئەمیان کە هەموو خاک و مرۆڤ و مەسەلە ئەگرێتەوە، بەو خوێن گەرمییەی شاعیر ئاو دراوە و مەودای پان و بەرینی چەند قەسیدەی ویستووە... لێرەدا رەنگە بڵێم ناوەڕۆک و روخسار، واتە نیشتمانپەروەری و کوردی پەتی بەچەشنێک ئەچن بەناویەکدا کە شیعری جوان و رەسەنی تازە دەهێننە کایەوە».[٩٠]

هەر لە رووی هەمان ئەو بۆچوونەی بەکارهێنانی کوردی پەتی بەبوونی ناوەڕۆکێکی سیاسی یان نیشتمانی (کامل حەسەن بەسیر) هۆی سەرەکی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی لای (کامەران موکری) دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوەڕۆکی سیاسی شیعرەکانی و دەڵێ: «لامان وایە ئەو فۆڕمە تایبەتییەی پێوەندییەکی بەهێزی بەو قوتابخانە شیعرییەوە هەیە کە ئامانجی بەجێ هێنانی بیرێکی سیاسی دیاریکراو بوو، بینیمان ئەو بیرە سیاسییەش خۆی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کردبوو، کەواتە دەبێ ئەو فۆڕمە شیعرییەی ئەو ناوەڕۆکە دەخاتە روو ئەویش کوردی بێت، لێرەدا بینیمان شاعیرمان، هیچ وشەیەکی بێگانە لە

٨٩- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوە و پێشەکی بۆ نووسینی د. عیزەدین مستەفا رەسوول، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٦، ل٣٩ .
٩٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩ و ٤٠ .

شیعرەکانیدا بەکار ناهێنێت، بەڵکو هەوڵ دەدا زمانەکەی بەتەواوی کوردی پەتی بێت».[٩١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جۆری ئەو بابەتە سیاسی و نیشتمانییەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (کامەران)یان پێک دەهێنا ئەمەیان کاری کردبووە سەر فۆڕمە شیعرییەکەی و ببووە هۆی دروستبوونی ئەو زمانە کوردییە تەڕ و پاراوەی لایەنێکی دیاری خاسیەتە تایبەتییەکانی شیعری ئەم شاعیرەیان پێک دەهێنا.

هەروەها (مارف بەرزنجی) کە باسی زمانی شیعری (کامەران) دەکات سیما نەتەوایەتییەکانی شیعرەکانی لە بەکارهێنانی زمانە کوردییە پەتییەکەیدا دەبینێت و دەڵێ: «وە ئەم تام و بۆن و ڕەنگی نەتەوایەتییە کە ئەو لە هۆنراوەی ئەمڕۆمانا هی ئەوەیە کە بەکوردی پەتی ئەنووسرێ...»[٩٢] ئینجا لە درێژەی قسەکانیدا مەبەستەکەی زیاتر روون دەکاتەوە کاتێک سروشتی نەتەوایەتی شیعرەکانی دیاردەکات و هۆی ئەم خاسیەتە نەتەوایەتییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «١- ئامانجی تازەی گەلی کوردی پێ دەرئەخرێ.

٢- بەکوردی پەتی ئەنووسرێ»[٩٣] دوای ئەمە هەر لەسەر بناغەی زمانی شیعرەوە رایەکی گشتی لە بارەی شیعری کلاسیکییەوە دەردەبڕێت و لە هەموو تایبەتمەندێتییەکی نەتەوایەتی بێ بەش دەکات هەر لەبەر ئەوەی زمانەکەی زمانێکی تێکەڵە «وە هەڵبەستەکانی کۆنن، چونکە پڕ بوون لە وتە و رستەی بێگانە کە بەزۆرترین لە عەرەبی و فارسی پێکهاتبوون وە ئامانجێکی گەلی کوردی تیا نەبوو ئەم تام و بۆی کوردییەی ئەمڕۆی لێ نەئەهات هی ئەو زمانە بێگانانەی لێ ئەهات»[٩٤] ئەگەرچی ئێمەش تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو رایەدا یەک دەگرینەوە کە پەیوەندییەکی پتەو و بەناو یەکداچوو لە نێوان زمانی شیعر و ناوەڕۆکی شیعردا هەیە و کوردییە پەتییەکەش زۆرجار گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ناوەڕۆکە سیاسی و نیشتمانییەی شیعری لێ پێکهاتووە، بەڵام لەو رووەوە لەگەڵ ئەو رایەدا یەک ناگرینەوە کە تەنها بەکارهێنانی زمانە کوردییە تێکەڵەکە دەکاتە هۆی لەدەستدانی هەموو جۆرە تایبەتمەندییەک لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چونکە شیعری

٩١- کامران شاعر من کردستان، کامل حسن البصیر، ص٣٨ .

٩٢- کامەران و دیارییەکەی، مەعروف بەرزنجی، گ: شەفەق، ژ: ١، ساڵی یەکەم ١٥ی کانوونی دووەم ١٩٥٨، ل١٥ .

٩٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ .

٩٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ .



کلاسیکی کوردی لەناو شیعری کلاسیکی رۆژهەڵاتدا سەرباری بەکارهێنانی کوردییە تێکەڵەکە خاسیەتی تایبەتی خۆی وەک ئەدەبێکی سەربەخۆی سەر بەنەتەوەیەکی دیاریکراو هەر پاراستووە، هەر بۆ نموونە چاوخشانێک بەشیعرەکانی خانی و لاوانەوەکانی مەولەوی و هەجوەکانی شێخ رەزا و شیعرە نیشتمانییەکانی سالم و ... تد، راستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت. بەهەر حاڵ ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگ بێت هەڵوێستی نووسەرە لەڕووی پەسەندکردنی بەکارهێنانی زمانە کوردییە پەتییەکە و رەتکردنەوەی زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکییە بەهۆی ئەوەی خاسیەتە نەتەوایەتییەکە لە بەکارهێنانی کوردییە پەتییەکەدا دەبینێت بۆیە دەڵێ: «وا لێرەشدا دووبارە تەلسمی وتەی کوردیمان بۆ دەرئەکەوێتەوە، کە بە وتەو رستەی کوردی پاک و رەوان بنووسی رەنگ و بۆی کوردی ئەبێ، هی زمانی بێگانەی تێ بخەی هی بێگانە ئەبێ.»[٩٥]

شایانی باسە لێرەدا باسی ئەوە بکەین کە ئەو زمانە کوردییە تەڕ و پاراوەی (کامەران موکری) لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە و مایەی سەرنج راکێشانی نووسەر و رەخنەگران بوو، کارێکە بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراوەوە لەلایەن شاعیرەوە لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە ئەنجام دراوە، ئەمەش لەو بیروڕایانەدا دەردەکەوێت کە (کامەران) لە کۆتایی پەنجاکاندا لە پێشەکی دیوانی (دیاری)دا باسی کردووە و بیروڕای خۆی لە بارەی زمانی شیعرەوە دەربڕیوە و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەپەسەندکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی دیارکردووە و بەڕاشکاوی داوای پاککردنەوەی زمانی شیعری لە وشە و زاراوەی بێگانە کردووە،[٩٦] دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە نوێیە بوو کە بۆ میللەتی کورد هاتبووە پێشەوە و ناوەڕۆکێکی نوێی دروست کردبوو، جا دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەش پێویستی بەزمانێکی نوێ بوو کە لەگەڵ سروشتی راستەقینەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەدا بگونجێت و بەرگێکی خۆماڵی لەبەر بکات و رەنگدانەوەی خاسیەتە نەتەوایەتییەکەی ئەو قۆناغە بێت بۆیە لە رێگای بەراوردکردنی زمانی شیعری کلاسیکی و زمانی شیعری نوێی کوردی بۆ تەئکید کردن لەسەر ئەم باری سەرنجە دەڵێ: «هۆنراوەی کوردی (کۆن) لام وایە هەندێکی لە رووی (ئسلووبەوە) پەیڕەوی هۆنراوەی (فارسی) ئەکات... کە ئەمە شتێکی باش و پێویست نییە چونکە پاراستنی شێوەی نەتەوایەتی زۆر زۆر پێویستە، بەڵام

٩٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ .

٩٦- بڕوانە: دیاری، کامەران، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٧ . ل١٢.

هۆنراوەی تازە زۆری لەسەر شێوەی نەتەوایەتی خۆمانە بەتایبەتی هینەکانی (گۆران)، بەلای منەوە باشترین نموونە بۆ ئەو بوێژانەی کە لە رووی ئسلووبەوە شێوەی کوردەوارییان گرتووە لە (کۆن و تازە) مەولەوی، وەلی دێوانە، ئەحمەد بەگی جاف و (گۆران)ە...»(٩٧) لێرەدا ئاماژەکردنی (کامەران) بۆ شیعری ئەم چەند شاعیرە پڕ بەپێستی مەبەستەکەی بووە لەبارەی تەئکیدکردنی لەسەر شێوە نەتەوایەتییەکەی شیعرەوە لە رووی زمانە کوردییە پەتییەکەیەوە، چونکە تەماشاکردنێکی وردی شیعری ئەم شاعیرانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە خاسیەتێکی هاوبەش لە شیعری ئەم شاعیرانەدا هەبووە ئەویش بەکارهێنانی زمانە کوردییە پەتییەکەیە. (مەولەوی) و (وەلی دێوانە) وەک هەموو شاعیرانی شێوەی گۆران شیعرەکانیان بەزمانێکی کوردی تەڕ و پاراوی ناوچەکەیان گوتووە، (ئەحمەد موختار جاف) لە شیعرە نیشتمانیەکانیدا بەرەو کوردییە پەتییەکە رۆیشتووە. هەرچی (گۆران)ە ئەوا لە دوای چەند نموونەیەکی کەمی سەرەتای تاقیکردنەوەی شیعری بە تەواوی بەرەو کوردییە پەتییەکە رۆیشتووە، بۆیە (کامەران)یش وەک روونکردنەوەیەک بۆ قسەکانی پێشوو هۆی ئاماژەکردنی بۆ ئەم شاعیرانە دیاردەکات کاتێک دەیگەڕێنێتەوە بۆ کوردییە پەتییەکە و دەڵێ: «هۆنراوەی ئەوانە (مەولەوی هەموو هۆنراوەکانی، وەلی هەمووی، ئەحمەد موختار هەندێکی، وەگۆران زۆربی) لەسەر شێوەیەکی کوردی جوانن...»(٩٨) ئینجا لە هێنانەوەی نموونەی شیعری چەند شاعیرێکی وەک (بێسارانی، وەلی دێوانە، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، گۆران) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (کامەران) بەهۆی (شێوە نەتەوایەتی)یەکەی ئەم شیعرانە کە بەباشترین شێوەی دادەنێت، بۆ شیعری کوردی بۆیە ئەم شیعرانەی پەسەند کردووە،(٩٩) هەروەها هۆیەکی تری ئەم هەڵوێستەی (کامەران) لەبارەی تەئکیدکردنی لەسەر شێوە نەتەوایەتییەکە پەیوەندییەکی پتەوی بەژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری شاعیرەوە هەبوو، ئەمە جگە لە سەرچاوە رۆشنبیرییەکەی و خوێندنەوە و شارەزابوونی لە شیعری ئەو شاعیرانەی پشتیان بەزمانە کوردییە پاراوەکە دەبەست وە بەتایبەتی شاعیرانی شێوەی گۆران، ئەمانە بەڕای (کامل حەسەن بەسیر) کاری خۆیان هەبوو لەسەر دروستکردنی ئەم هەڵوێستەی کامەران لە بارەی زمانی شیعرەوە بۆیە دەڵێ: «نموونەی شیعری ئەو شاعیرانەی لەبەر بوو کە زمانە کوردییە تەڕ و

٩٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٩ .

٩٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٩ .

٩٩- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠ .



پاراوەکەیان وەرگرتبوو و بەکاریان دەهێنا، بەڵام هەستی دەکرد ئەمە بەس نییە بۆ وەدەستهێنانی ئەو زمانە کوردییەی ئەو دەیویست بۆیە بەدوای سەرچاوەی تردا دەگەڕا. ئەوەبوو ژیانی راونان و دەربەدەری و راکردنی بۆ گوندەکانی بناری چیاکان و نێو دۆڵەکان، ئەو گوندانەی هێشتا حوشتری عەرەبی پێ نەگەیشتبوو و پاپۆڕی فارسی لێ نزیک نەببوەوە و جەندرمەی تورکەکان داگیریان نەکردبوون، ئەمانە یارمەتی دۆزینەوەی ئەو سەرچاوەیاندا».(١٠٠)

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆی سەرەکی ئەم هەڵوێستەی (کامەران) لە بارەی تەئکیدکردنی لەسەر بەکارهێنانی شێوەی کوردییە پەتییەکە لە شیعری نوێی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند شتێک وەک بناغەی فیکری شاعیر و سروشتی ژیانی تایبەتی و سەرچاوەی پێکهاتنی رۆشنبیری و ئینجا واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوسای میللەتی کورد کە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعرەکانیانی پێک دەهێنا پێویستی کرد شاعیر بەزمانێک قسە بکات نزیک بێت لە زمانی تێگەیشتنی خەڵک کە ئەویش زمانە کوردییە پەتییەکە بوو.

جاری وا هەیە خۆ بەستنەوە بەکوردییە پەتییەکە لە رووی بۆچوون و تێڕوانینێکی تەسکەوە دروست بووە و خۆی لە هەڵوێستێکی توندوتیژدا نواندووە (د. کامل حەسەن بەسیر) کە باسی زمانی شیعری کوردی دەکات تەنها بەکارهێنانی زمانە نەتەوایەتییەکە لەبەرچاو دەگرێت و دەرگا لە رووی زمانە بیانییەکان دادەخات و هەموو جۆرە کارتێکردنێکی ئەو زمانانە لەسەر زمانی کوردی رەت دەکاتەوە و تواناو دەسەڵاتی شاعیر بەڕادەی خۆ دوورخستنەوەی لە زمانە بیانییەکان و خۆبەستنەوەی تەواوی بەزمانە نەتەوایەتییەکە دەبەستێتەوە بۆیە لەم روانگەیەوە دەڵێ: «هەستیاری پێشەوا کە لە کۆڕی ژیاندا ئەرکی هونەری و ئایدیۆلۆجی خۆی بەدی دەهێنێ، پەنا دەباتە بەر پەرستگای پیرۆزی زمانی نەتەوایەتی، ئەم پەنا بردنە بەرەش پێویستە وەکو هێزی گەردوون چارەنووسی بێت و هەستیار پێویستە بەو زمانە نەتەوایەتییە گۆش بکرێت و هەنگاو بەهەنگاو لە بیستنی یەکەم وشەیەوە لەگەڵیا گەورە بێت و مێشک و دڵ و هەست و نەستی بە ئاوازی واژە و فەلسەفەی دەربڕین و تەلیسمی رستەکانی زاخاو بدرێت و بەهۆیەوە شوورەیەک لە چۆنیەتی پێکهێنانی فەرهەنگەکەی و وێنە هونەرییەکانی بنیات

١٠٠- کامران شاعر من کردستان، کامل حسن البصیر، ص٣٩ .

بنێت، بۆ ئەوەی خۆی لە رەشەبای کارتێکردنی زمانە بیانییەکانی بپارێزێ».[١٠١] ئینجا هەوڵ دەدا هۆی ئەم هەڵوێستەی روون بکاتەوە کاتێک مەسەلەی بەکارهێنانی زمانە نەتەوایەتییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاشنابوونی خەڵک بەو زمانە و نزیکی لە ئاستی تێگەیشتنیانەوە «زمانی نەتەوایەتی هەستیاری پێشەوا گرنگیەکەی ئەوەیە کە باشترین رێگایە بۆ گەیاندنی هۆنراوە بەفراوانترین جەماوەری ئەو نەتەوەیە»[١٠٢] ئینجا لەدواییدا زۆر بەتوندی پێ لەسەر هەڵوێستی خۆی دادەگرێ و لە بارەی بەکارهێنانی زمانە نەتەوایەتییەکە لە شیعر کاتێک بەکارهێنانی ئەو زمانە دەکاتە مەرجی رەسەنایەتی هەموو شیعرێک «سەرەنجام ئێمە بڕوامان وایە ئەگەر بێت و هەستیارانی نەتەوەیەک پێیان نەکرێ کەرەسەی زمانی هونەری یان لە زمانی نەتەوایەتییانەوە وەربگرن، بەهیچ جۆرێک بەرهەمەکانیان بەهۆنراوەی نەتەوایەتی رەسەن لەقەڵەم نادرێت»[١٠٣] ئەوەی راستی بێت ئەم هەڵوێستەی (د. بەسیر) ئەگەرچی بۆ مەبەستی چەسپاندنی زمانە کوردییە پەتییەکە و پاراستنی زمانە نەتەوایەتییەکە تا رادەیەک پاساوی بۆ بهێنرێتەوە و بەشێک لە راستی تێدابێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە زەرەر و زیان بەزمانە نەتەوایەتییەکە دەگەیەنێت، چونکە رێگا لەبەردەم پەرەسەندنە سروشتییەکەی زمان دەگرێت کە لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ زمانانی ترەوە دروست دەبێت و ناهێڵێت سوود لەو وشە و زاراوانە وەربگرێت کە لە ئەنجامی گۆڕان و پەرەسەندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی زانستی و ئەدەبی و رۆشنبیری گشتییەوە روودەدات. بۆیە لێرەدا پێویستە بەئاگادارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکەین، نە ئەوەندە وشە و زاراوە لە زمانانی تر وەربگرین کە ببێتە هۆی لەدەسدانی مۆرکی نەتەوایەتی زمانەکە و نەدەرگاش لە رووی زمانی بێگانە دابخەین بەجۆرێک رێگا لەبەردەم پەرەسەندنە سروشتییەکەی زمان بگرێت، بەڵکو سوود لەو زمانانە وەربگیرێت، بەڵام بەپێی پێویست و لە سنوورێکی دیاریکراودا بەشێوەیەک کار نەکاتە سەر رەسەنایەتی زمانە نەتەوایەتییەکە.

گۆڕانی زمانی شیعری کوردی و رۆیشتنی بەرەو کوردییە پەتییەکە، وای لە شاعیری کورد کرد بەدوای ئەو سەرچاوانەدا بگەڕێت ک بەهۆیانەوە کوردییە پەتییەکەی لێ دەستدەکەوێت ئەوەبوو «شاعیری کورد بۆ پەیداکردنی وشەی کوردی رەسەنی لە شیعری

١٠١- وێژەی کوردی و ڕەخنە سازی، دکتۆر کامل حەسەن بەسیر، ل٢٢٩ .

١٠٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠ .

١٠٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠ .



پێشوودا بەکارنەهاتوو، سەری کردە سەر سامانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و چووە ناو خەڵکەوە بۆ ئەوەی لە وشە و قسەی رۆژانەوە سامانێکی گەورەو تازە پەیدا بکات و لەناو شیعری کوردی زیندوویی و جوانی بەو وشانە ببەخشێت.»[١٠٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و قسەکردنی خەڵک بوون بەدوو سەرچاوەی گرنگی دروستبوونی زمانە پەتییەکەی شاعیری کورد کە لە تاقیکردنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا پشتی پێ بەست. بەڵام جگە لەم دوو سەرچاوەیە، سەرچاوەیەکی تریش هەبوو بایەخێکی زۆری پێدرا و سوودێکی چاکی لێ وەرگیرا بۆ پەیداکردنی وشەی رەسەنی کوردی بۆ زمانە کوردییە پەتییەکە ئەویش دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بوو.

ئەوەی راستی بێ مەسەلەی سوود وەرگرتن لە دیالێکتە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی لای زۆربەی شاعیر و رەخنەگران پەسەند کراوە و بەپێویستییەک لە پێویستییەکانی پتەوکردنی زمانە نەتەوایەتییەکە دانراوە.(حوسێن عەلی شانۆف) کە باسی زمانی شیعری (گۆران) دەکات لە رووی باری سەرنجێکی وردەوە لەبارەی سوودی بەکارهێنانی وشە و موفرەداتی دیالێکتە جیاجیاکانی زمانی کوردی بۆ دروستکردنی زمانێکی نزیک لە تێگەیشتنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان سەرنجەکانی خۆی دەربڕیوە و یەکێک لەلایەنە بەپێز و چاکەکانی شیعری شاعیری گەڕاندۆتەوە بۆ ئەم مامەڵەکردنەی شاعیر لەگەڵ زمان «زمانی شیعری گۆران لەو وشانە پێک هاتووە کە لە زۆربەی دیالێکتە کوردییە زیندووەکاندا بڵاوە، خوێنەری کوردیش سەر بەهەر تیرەیەک بێت و زەحمەتییەکی ئەوتۆ لە تێگەیشتندا نابینێت. ئەگەرچی گۆران بەسۆرانی دەنووسێت، بەڵام سوودیشی لە کرمانجی وەرگرتووە و زۆرجار ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە لە نێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەدا هاوبەشن»[١٠٥] هەروەها (عەبدوڵڵا پەشێو) دیالێکتە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی بەبناغەی دروستبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دادەنێت بۆیە سوود وەرگرتن لە وشە جۆربەجۆرەکانی دیالێکتە کوردییە جیاوازەکان پەسەند دەکات بەمەرجێک خۆی بەسنووری فەرهەنگەوە ببەستێتەوە بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: «من لەگەڵ ئەوەدام، کەڵک لەهەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەربگیرێ بەمەرجێ کەڵک وەرگرتنەکە لە سنووری

١٠٤- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ل٤٦ .

١٠٥- شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ل١٨٥ .

لیکسیک دەرنەچێ و توخنی ڕێزمانی ئەو دیالێکتە نەکەوێ کە پاڵێوراوە بۆ زمانی یەکگرتووی ئەدەبی دوارۆژ»[١٠٦] جگە لەمە سوود وەرگرتن لە دیالێکتە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی بەڕای (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول) بەهۆیەکی گرنگی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی دادەنرێت، چونکە لەم ڕێگایەوە خەڵک لە بەشێکی زۆری ئەو وشانە ڕادێن کە پێشتر لە زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەکەدا بەکار نەدەهات بەهۆی دووری ناوچەکە و تەسکی بواری بەکارهێنانی وشەکان، بۆیە بەکارهێنانی وشە و موفرەداتی ئەو دیالێکتانە لە ڕێگای زمانی شیعرەوە بەپێی تێپەڕبوونی کات بڵاودەبنەوە و تێگەیشتنیان ئاسان دەبێ بۆیە هەست کردنی (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) بەگرنگی ئەم سوود وەرگرتنەی شاعیری نوێی کورد لە دیالێکتە جیاجیاکان وای لێکردووە لەسەر ئەنجامی ئەم کارە بوەستێت و بڵێ: «کارێکی گرنگی تری ئەم بەدوادا گەڕانە ئەوەبوو کە شاعیر خۆی بەدیالێکتی قسەکردنەوە نەدەبەست، بەڵکو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون، بەناویاندا دەگەڕاو بەم هۆیەوە زۆر وشەی ئەم ناوچەی تەسک یا ئەوی تەعمیم دەکران و لە ڕێی شیعرەوە دەبوون بەوشەیەکی کوردی گشتی هەمەلایی».[١٠٧]

جا لەکاتێکدا زۆربەی بیروڕاکان لەسەر ئەوە یەک دەگرنەوە کە سوود وەرگرتنی شاعیران لە وشە و موفرەداتی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بنچینەی چەسپاندنی بناغەی زمانە نەتەوایەتییەکە و دەوڵەمەندکردنی ئەو زمانەیە، بەرامبەر بەمە خۆبەستنەوەی شاعیران بەتەنها دیالێکتێکی زمانەکەوە تەگەرەیەکی گەورە لەبەردەم هەوڵەکانی دروستبوونی زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەکە دروست دەکەن ئەمەش بەهۆی خۆ بەستنەوەی شاعیران بەسنووری تەسکی دیالێکتێک وەیان بەشە دیالێکتێکی ناوچەیەکەوە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی دیالێکتەکان زیاتر لەیەک دوور بکەونەوە و لێک دابڕێن و بواری دروستبوونی پردی لە یەکتر گەیشتنیان تەسکتر بێتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە ئەو مەترسییانەی (د. کامل حەسەن بەسیر) زۆر لە جێگای خۆیانن کە ئەگەر دەمارگرژی و بیری تەسکی ناوچەگەرێتی هۆی خۆ بەستنەوەی شاعیر بێت بەدیالێکتی ناوچەیەکی

١٠٦- وام نەبیستووە، وام بیستووە، عەبدوڵڵا پەشێو، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق. ژ: ١٩، ئەیلوولی ١٩٧٨، ل١٣ و ١٤ .

١٠٧- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل٤٦ .



دیاریکراوەوە ئەوا بێگومان زیانێکی گەورە بەزمانە نەتەوایەتییەکە دەگەیەنێت بۆیە لەم ڕووەوە ئەنجامی ئەم کارە سەلبییە دەخاتە ئەستۆی ئەو شاعیرانە و دەڵێ: «گومان لەوەدا نییە کە ئەم هەستیارانە لە ملکەچ کردن بۆ ئەم دیاردە هۆنراوەییە بەرپرسیانین ئەگەر هات و مەبەست و بە عەنقەست خۆیان لێ نەپاراست، بەڵام ڕاستەوخۆ بەرپرسیار دەبن لەکاتێکدا کە ئاگرەکەی خۆش بکەن و لەبەر دەمارگرژی بۆ زاری ناوچەیی و خێڵایەتی یان زمانی نەتەوایەتی خۆیان فەرامۆش بکەن».[١٠٨]

وا دیارە لە هەشتاکاندا مەترسی خۆبەستنەوەی شاعیر بەسنووری تەسکی زمانی ناوچەیەکی دیاریکراو و ئەو ئەنجامە خراپەی لەم خۆ بەستنەوەیەدا دێتە دی ئەمەبوو بەهۆی بەرزبوونەوەی چەند دەنگێک دژی ئەو هەوڵانەی چەند شاعیرێکی ئەو ماوەیە دایان لە بواری بەکارهێنانی وشە و موفرەداتی زمانی ناوچەکەیان، لەم ڕووەوە ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی (سەلاح شوان) دەبینین بەرامبەر بەو شاعیرانەی هەوڵی ئەوەیان دا پشت بەزمانی ناوچەکەیان ببەستن کاتێک دەڵێ: «دوا هەوڵێ لەم بابەتەش، کە لەم دواییەدا، لە هەندێ شوێندا، بەرچاو دەکەوێت، چەند دەنگێکی ناسازی کوڕە کەچەڵە ئاسان، کە بەناوی شیعرەوە، هەندێ ڕستەی بەدەستی ئەنقەست شێوێنراو و، ڕێزکردنی هەندێ وشە و بەکارهێنانی ناوچەگەرییانەی دواکەوتووی بێ کەڵک بەکاردەهێنن، هیچی لە چوارچێوەی گەڕەک یا گوندەکەی خۆیان دەرناچێت و، ناچێتە ناو هیچ فەرهەنگێکی پاکی وشەی کوردییەوە».[١٠٩] ئینجا هۆی ئەم هەڵوێستە توندوتیژەی خۆی بەوە دیار دەکات کە ئەم شاعیرانە بەئەنقەست ڕوویان کردۆتە ئەم کارە کە بەکارێکی ڕووخێنەر و پڕ لە مەترسی دادەنێت و دەڵێ: «بەڵام ئەگەر هەر ئەمانە خۆیان پێش ئێستا، بەزمانێکی وەها شتیان نووسیبێت کە گشت کوردێک تێی گەیشتووبێت و، ئێستا لە ئەنجامی کارێکی گێرەشێوێنییەوە بایاندابێتەوە سەر ناوچەگەری و بەئەنقەست بەکارهێنانی وشە و ڕستەی وەها کە لەم سەر تا ئەوسەری کوردستان (١٠) کەس نەبێت تێی بگات دەبێ بڵێین چی؟!»[١١٠] هەر لە ڕووی ئەم بۆچوونەوە (مکرم تاڵەبانی) خۆ بەستنەوەی شاعیرانی ئەو ماوەیە بەبەکارهێنانی زمانی ناوچەکەیان بەکارێکی ناوچەگەرێتی دادەنێتو دەیکاتە یەکێک لە هۆیەکانی هێرشکردنی بۆ سەر ئەو شاعیرانە کاتێک نەک

١٠٨- وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، دکتۆر کامل حەسەن بەسیر، ل٢٣١ .

١٠٩- زمانەکەت بپارێزە، سەلاح شوان، پاشکۆی ڕۆژنامەی عیراق، ژ: ١٩، ٢٠/ ١/ ١٩٨٨، ل٥ .

١١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٥ .

هەر لە بارەی زمانە شیعرییەکەیان بەڵکو هەر لە بارەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەیان بەگشتی دەڵێ: «... شەپۆڵێکی بەزۆر سەپێنراو و بێ بنەما و دوور لە کۆمەڵ و دوور لە رەوتی ویژەی رەسەن و دژ بەهەموو نەریت و بەهایەکی کەلەپووری ویژەیی و مێژووییە، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی هەر تەم و مژاوییە و لەلای هەر زەوقدار و بەرهەمی ئەدەبی پەسەند کارێک رەق و ناهەموار و نالەبارە، بەڵکو لەپاڵ ئەوانەیشدا مەبەستی ناوچەگەری تەسکە و تێکدانی زمانی شیرینی کوردییە».[١١١]

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەگەر لایەنێکی هێرش کردن بۆ سەر شاعیرانی ئەو ماوەیە هۆیەکەی خۆ بەستنەوەی شاعیران بێت بەزمانی ناوچەکەی خۆیان، ئەوا روویێکی تری ئەو هێرش کردنە دەگەڕێتەوە بۆ دەست تێوەردان و دەستکاری کردنی زمان وەک فڕێدانی چەند ئامرازێکی پەیوەندی وە بەتایبەتی کە لەلایەن (ئەنوەر مەسیفی)یەوە خرایە بەر باس و بەتوندی پێی لەسەر داگرت.[١١٢] و ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی هەندێک لە شاعیر و رەخنەگران دژی بوەستن و بەتوندی بەرپەرچی بدەنەوە و بەشێواندنی زمانی لەقەڵەم بدەن.[١١٣]

ئەوەی راستی بێ ئەو هەڵوێستە توندوتیژە بەرامبەر بەو شاعیرانە ئەگەر لە رووی ئەو بۆچوونەوە بێت کە ئەم شاعیرانە بۆ مەبەستی تەسکی ناوچەگەرێتی وەیان لادان لە دەستوور و یاساکانی زمان بێت تەنها بۆ ئەوەی خۆیان بەتازەگەر لەقەڵەم بدەن، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستانە بێت ئەوا دیارە چ جۆرە تەئسیرێکی خراپ دەکاتە سەر زمان، بەڵام ناتوانین ئەم حوکمە بەشێوەیەکی موتڵەق وەربگرین و بیسەپێنین بەسەر سەرجەم شیعری ئەو ماوەیە، چونکە تەماشاکردنێکی وردی چەند نموونەیەکی شیعری (ئەنوەر مەسیفی) کە بەیەکێک لە شاعیرە دیارەکانی ئەو ماوەیە دادەنرێت، دەبینین پەیوەندییەکی قووڵی

١١١- پرۆژەی نوێ کردنەوە یاخود شێواندن؟، موکەرەم تاڵەبانی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١١٢٣، ١٧-١٢-١٩٨٩، ل٩ .

١١٢- بڕوانە: خاوەنی شیعری (تەمبور قوڕ)، ئامادەکردنی: شێرزاد عبدالرحمن، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٠١، ٢٥-٨-١٩٨٨، ل٩ .

١١٣- بڕوانە" پرۆژەی نوێکردنەوە، قادر ابراهیم مینە، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٧٧، ٢٢-٥-١٩٨٩، ل٩،
پرۆژەی نوێکردنەوە یاخود شێواندن؟، موکەڕەم تاڵەبانی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١١٣٣، ٧-١٢-١٩٨٩، ل٩ .
سوریالیزم، موعتەسەم ساڵەیی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٧٧، ٢٢-٥-١٩٨٩ .



بەکەلەپوورەوە هەیە و بەشێک لە وێنە شیعرییەکانی لەسەر بناغەی ئەو کەلەپووە دامەزراوە، بۆیە مەسەلەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕینەکانی زمانی ناوچەکەی بەڕای ئێمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلە سایکۆلۆژییەکە و پێکهاتنی دیوی ناوەوەی جیهانی شاعیر، چونکە خۆ دۆزینەوەی شاعیر لەباوەشی ژیانێکی دیاریکراو و بوونی کۆمەڵە دابونەریت و بەکارهێنانی کۆمەڵە وشە و دەربڕینێک و بوونی ئەم شتانە بەبەشێک لە سروشتی پێکهاتنی ژیانی شاعیر ئەمە وای کردووە هەست بکات کە ئەو حاڵەتەی ویستوویەتی تەعبیریان لێوە بکات دەتوانێت بەهۆی ئەو وشە و دەربڕینانە دەریان ببڕێت کە بناغەی زمانی قسەکردنی رۆژانەی شاعیری پێکهێناوە. بۆیە لەگەڵ ئەو حوکمە موتڵەقەدا یەک ناگرینەوە کە هۆی بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوانە تەنها لە رووی ناوچەگەرێتییەوە بوو، بەڵام لە رووی دەستکاری کردنی زمان و فڕێدانی چەند ئامرازو کەرەستەیەکی بەبیانووی ئەوەی کە شتی زیادن و پێویستە وازیان لێ بهێنرێت بەحەقیقەت ئەمەیان بۆچوونێکی سەقەتە و گۆڕانی زمانیش کارێکی وا ئاسان نییە بەسەپاندن و لەپڕ بەنووکە قەڵەمێک بڕیاری لەسەر بدرێت. بەڵکو کارێکی ئاڵۆزە و بەستراوەتەوە بەیاساکانی گۆڕان و پەرەسەندنی دیاردە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکاندا.

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەڵوێستێکی گشتی هەیە ئەویش پەسەندکردنی سوود وەرگرتنی شاعیرە لە وشە و موفرەداتی دیالێکتە جیاجیاکان و خۆ دوورخستنەوەی لە خۆ بەستنەوە بەزمانی ناوچەیەکی دیاریکراو وەک هەنگاوێک بۆ پەرەپێدان بەزمانە ئەدەبییە یەکگرتووەکە و چەسپاندنی کوردییە پەتییەکە. بەرامبەر بەم هەڵوێستە رەخنەییەی کە داوای بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پەتی دەکرد و خۆ بەستنەوەی تەنها بەم زمانە دەکردە بناغەی دروستبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی و هۆی سەرەکی بوونی زمانە نەتەوایەتییەکە بەپێچەوانەی ئەم هەڵوێستە، هەڵوێستێکی رەخنەیی جیاواز هەبوو دەرگای لە رووی زمانانی تر کردبۆوە بۆ ئەوەی زمانی کوردی سوودیان لێ وەربگرێت و بەپێی پێویست وشە و زاراوەکانی ئەو زمانانە بەکاربهێنێت و ئەم سوود وەرگرتنەشی بەپێویستییەک لە پێویستییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی زمانی کوردی دادەنا.

یەکێک لەو هەڵوێستە نەرمانەی بەرامبەر بەسوود وەرگرتن لە زمانی بێگانە وەرگیراوە، هەڵوێستی (د. مارف خەزنەدار)ە کە تیایدا ئەو رایە رەت دەکاتەوە شاعیرێتی شاعیر بەخۆ بەستنەوەی بەزمانە کوردییە پەتییەکە ببەستێتەوە «هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن

که ئەو شاعیرەی وشەی بێگانە بەکاربهێنێ شاعیری راستەقینە نییە. من ئەڵێم وا نییە، چونکە بنچینەی زمان (ادات و فعل)ە، ئەگەر زمانێک ئەم دوو سووچەی بەهێز بوو ئەوا زمانێکی بەهێزە، وە ئەو وشە بێگانانەی کە دێنە زمانەوە بەزۆری وشەی (اسم – ناو)ن، ناویش ئەهەمیەتێکی ئەوتۆی نییە لە دەستووری زمانا». [١١٤] بەپێی ئەم بۆچوونە ئەگەرچی سوود وەرگرتنی زمانی کوردی ئەگەر خۆی تەنها بەوەرگرتنی (ناو) ببەستێتەوە مەترسی لێ ناکرێت بەپێی ئەوەی کە (ئامراز و فەرمان)ەکانی زمان بنچینەی دەستووری زمانن، بەڵام دیسان لە پاڵ ئەم دەستنیشان کردنە لە دیوەکەی تری ئەم رایەدا هەست بەوە دەکەین نووسەر سەرئەنجام زیاتر کوردییە پەتییەکە پەسەند دەکات «کە ئەمە ئەڵێم مەبەستم ئەوەنییە، کە ئەبێ ئەم وشە بێگانانە لەناو زمانەکەمانا بمێننەوە، نا، بەڵکو زمانی ئێمە توانای ئەوەی هەیە خۆی لە هەموو وشەیەکی بێگانە پاک بکاتەوە. بەڵگەشم ئەوەیە، کە تائێستا نووسەر و شاعیرە تازە بابەتەکان توانیویانە -تاپایەیێکی بەرز- زمانەکەمان لە وشەی بێگانە پاک بکەنەوە». [١١٥] کەواتە ئەم رایە لەسەر بناغەی هەستکردنی بەبێ توانایی زمانەکەوە دروست نەبووە لە حاڵەتی وازهێنانی لە وشە و زاراوەکانی زمانانی بێگانە، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرباری باوەڕهێنان بەتوانای زمانەکە لە وازهێنانی لە وشە و زاراوە بیانییەکان ئینجا ئەوە رەتدەکاتەوە کە لە رووی بۆچوونێکی تەسکەوە توانای شاعیرێتی تەنها بەبەکارهێنانی زمانێکی کوردی پەتی ببەستێتەوە.

هەروەها لە رووی هەمان باری سەرنجەوە (م.م)(*) ناوێک جۆری زمانەکە دەبەستێتەوە بەبارودۆخ و زرووفی ژیانی میللەتەکە بۆیە بەهیچ شێوەیەک بەکارهێنانی وشەی خۆماڵی و خۆ دوورخستنەوە لە وشەی بێگانە ناکاتە بناغەی پەسەندکردنی ئەدەبەکە «پاکی لە وشەی بێگانە و زۆری وشەی خۆماڵی تەرازووی سەنگ و کێشانەکردنی دەوڵەمەندی و هەژاری هیچ وێژەیەک نییە، چونکە کەم و زۆری وشەی خۆماڵی لە زرووفی ژیانی نەتەوەی خاوەن وشەوە دێن». [١١٦]

ئەگەر لەم بارەیەوە بەوردی تەماشای هەڵوێستی (هێمن) بکەین، دەبینین زۆر بەتوندی

١١٤- دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ (ساحیب قران)، پێشەکییەکەی، ل١٤ .

١١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤،

(*) بە رای د. مارف خەزنەدار ئەم (م.م)ە رەنگە (محمدی مەلا کەریم) بێ.

١١٦- لێکۆڵینەوەیەک لە وتاری (وێژە)ی مامۆستا خاڵ، م.م، گ: هیوا، ژ: ٩، ساڵی یەکەم، مارت ١٩٥٨، ل٦٨ .



دژی ئەو هەوڵانە وەستاوە کە ویستوویانە زمانە کوردییەکە تەنها خۆی بەسنووری زمانە نەتەوایەتییەکەی ببەستێتەوە و دەرگا لە رووی زمانە بیانییەکان دابخات کە لە ئەنجامدا زەرەر و زیانێکی گەورە بەزمانە نەتەوایەتییەکە دەگەیەنێت «هەموو گەلێک دەبێ ببەخشێ و وەرگرێ تا نەمرێ و بژی لەو نێوەدا تەنیا ئێمەین وەک کەلی کوتانی لە مەیدان چەقیوین. چاومان لە هەوا بڕیوە. فیزمان ناهێنێ لە کەس وەربگرین و ئاگاشمان لێ نییە چۆنمان لێ وەردەگرن نازانم ئەو بەرزە دەماخییە لە کام پلەمان هەڵدەدێرێ نازانم چمان بەسەر دێ؟ نازانم بەو حاڵە دەگەینە کوێ؟ هەر ئەوەندەی تێدەگەم زیانمان زۆر لێ دەکەوێ و زۆر شتی باشمان لەکیس دەچێ». [١١٧] لە راستیدا ئەم هەڵوێستەی (هێمن) لەسەر بناغەی بۆچوونێکی مەوزووعی پتەوەوە بنیات نراوە و ئەو راستییە گرنگە دەسەلمێنێت کە زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو ناتوانێ بەتەنیا و خۆجیاکردنەوەی لە زمانانی تر بژی و پەرەبسێنێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە بەپێی پێداویستییەکانی هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی میللەت ئەویش کەرەسەی تازە بەدەست بهێنێت و یەکێک لەو رێگایانەی بەهۆیەوە ئەو کەرەستانەی پێ دەستدەکەوێت سوود وەرگرتنیەتی لە زمانانی تر. جا هەر لەم روانگەیەوە دەبینین باسی چەند تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووی زمانی چەند میللەتێک دەکات کە ویستوویانە زمانەکانیان لە زمانانی تر دابڕن و تەنها پشت بەکەرەسە خۆماڵییەکانی زمانە نەتەوایەتییەکە ببەستنەوە و لە وشە و زاراوە بیانییەکانی پاک بکەنەوە. هەر بۆ نموونە کە باسی ئەم تاقیکردنەوەیە دەکات لە زمانی تورکیدا راستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت «پاش بڕانەوەی شەڕی جیهانی یەکەم، پاش لەبەریەک هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی. کەمالیستەکانی تورکیا بەهەڵە هەڵ و پەلە پەل تێدەکۆشان خەڵکی وڵاتەکەیان فێری رێ و شوێنی ئەورووپایی بکەن. توند بەگژ رێ و شوێنی کۆن داچوون... خەتیان گۆڕی و خەریک بوون وشەی بێگانە بەتایبەتی عەرەبی لە زمانەکەیان دەربناوێژن». [١١٨] ئینجا ئەنجامی سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵە بەوە دیار دەکات کە «پاش ماوەیەک هەڵسووڕ داسووڕی شێتانە و تەپ و تۆزی مندالانە هاتنە سەر رەوتەکەی جارانیان. ئێستا نووسەرانی تورک بەزمانێکی تێکەڵاو دەنووسن». [١١٩]

١١٧- رێزی نان بگرن، هێمن، کۆکردنەوەی ئەسعەد عەدۆ، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠، ل٤٢ و ٤٣ .

١١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩ .

١١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠ .

هەر بەهەمان شێوە باسی ئەم تاقیکردنەوەیە لە زمانی فارسیدا دەکات و پێ لەسەر ئەنجامی سەرنەکەوتنی تاقیکردنەوەکە دادەگرێت بۆ تەئکید کردن لەسەر راستی بۆچوونەکەی کاتێک دەڵێ: «پان ئێرانستی واش لە ئێران پەیدا بوون کە ویستیان بەفارسی پەتی بنووسن. ئەوانیش برێکیان تەپ و تۆز کرد، بەم لاوئەولادا هەڵسووڕان و گێچەڵیان نایەوە. بەڵام ... کەس بە ربەی ئەوانی نەپێوا، کەس گوێی نەدانێ».[120] ئینجا لە دەروازەی تاقیکرنەوە سەرنەکەوتووەکانی زمانی ئەم دوو میللەتە دراوسێیەی میللەتی کورد دێتە سەر باسکردنی ئەو هەوڵەی لەم بارەیەوە بۆ زمانی کوردی دراو دەڵێ: «بەداخەوە ئەو تەپ و تۆزەی کە پاش شەڕی یەکەم لە تورکیا و ئێران هەستا و لەو وڵاتانە خۆی نەگرت، پاش شەڕی دووهەم رووی لە کوردستانی عێراق کرد، رووی لەو پارچەی نیشتمانەکەمان کرد کە تا رادەیەک دەرەتانی کوردی نووسینی لێ هەبوو. لەوێدا وەستا، مەیی، نەڕەوی و نەڕەوی تا رۆژی رووناکی لێ کردینە شەوەزەنگی تاریک. پیاوی بێ مایە و لەخۆیایی دەرفەتیان هێنا قەڵەمیان فڕێدا و رووبوونە پێنووس و بنووس، کتێبیان دڕاند و پەرتووکیان لەبن هەنگڵ نا. کاغەزیان بەدەم بادا دا و تیانووسیان خستە بەردەست».[121] ئەم رایە راستییەکی گرنگمان بۆ دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە رەتکردنەوەی بنەڕەتی سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوە بیانییەکان و فڕێدانی ئەو وشە و زاراوە بیانییانەی دەمێکە لە پاڵ وشە رەسەن و خۆماڵییەکان جێی خۆیان لەناو زمانە نەتەوایەتییەکەدا کردۆتەوە، ئەنجامێکی نالەباری دەبێت و کارێکی خراپ دەکاتە سەر زمانە نەتەوایەتییەکە کە ئەویش رووکردنە داتاشینی وشەی نوێیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی دوای فڕێدانی وشە و زاراوە کۆنەکان لە زماندا دروست دەبێت، هەروەک لە داتاشینی چەند وشەیەکی دروستکراوی وەک (پێنووس و بنووس و، پەرتووک و تیانووس)دا دەردەکەوێت کە لە جیاتی (قەڵەم و کتێب و کاغەز) دروست کراون و داتاشراون، ئەو وشانەی ئەگەرچی سەرچاوەکانیان زمانە بیانییەکانیش بێت، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانیاندا بەپێی تێپەڕبوونی کات بوونەتە بەشێکی سروشتی زمانە نەتەوایەتییەکەو فڕێدانیان کەلێنێکی دیار لە زمانەکەدا دروست دەکات و ناچاری داتاشینی وشەی نوێی بەسەردا دەسەپێنێت.

١٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠ و ٤١ .

١٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥ .



ئەگەرچی تەواو لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی (هێمن)دا یەک دەگرینەوە کە داتاشینی وشە لە زماندا کارێکی خراپ دەکاتە سەر زمان و ئەو وشە و زاراوانەش کە لە زمانە بیانییەکان وەرگیراون و ماوەیەکی زۆر بەسەر بەکارهێنانیاندا رەت بووە و بوونەتە بەشێکی گرنگی زمانەکە و پێویستە دەستیان لێ نەدرێ و لەناو زمانەکەدا بمێننەوە. بەڵام ئەمە رێگای ئەوەمان لێ ناگرێت ئەو راستییە بخەینە روو کە ئەم هەوڵانەی لە بیستەکاندا سەریان هەڵدا و ئامانجیان هاندانی بەکوردی پەتی نووسین و چەسپاندنی زمانە نەتەوایەتییەکە بوو، نەبوو بەهۆی ئەوەی هەروەک (هێمن) دەڵێ: «هەرکەس لەبەرخۆیەوە دەستی بە وشە داتاشین کرد. هەرچی بەقەڵەمی چەپرەکی داهاتبێ ئەوەی هەست بەمەسئولیەتی مێژوویی بکات نووسی».[122] راستە ئەم هەوڵانە ئەم لایەنە خراپەی تێدا دەبینرا، بەڵام بەگشتی لەگەڵ سەرهەڵدانی رێبازی ریالیزمی کە زمانە شیعرییەکە بەتەواوی بەرەو کوردی پەتی رۆیشت، سەرچاوەی سەرەکی کوردییە پەتییەکە داتاشینی وشەی نوێ نەبوو، بەڵکو سەرچاوەکەی ئاوڕدانەوە و سوود وەرگرتن لە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و زمانی خەڵک و دیالێکت و بەشە دیالێکتە جیاجیاکانی زمانی کوردی بوو. بۆیە ناتوانین ئەو رایە گشتییەی (هێمن) بەڕاست بزانین کە تەنها لایەنە خراپەکانی هەوڵەکانی دروستبوونی زمانە کوردییە پەتییەکە دەبینێت و تێکڕای هەوڵەکانی پاککردنەوەی زمان لە وشەی بێگانە بەکارێکی خراپ لەقەڵەم دەدات، چونکە ئەم هەوڵانە وەک سەرنجام بوونە هۆی دانانی بناغەی زمانە کوردییە پەتییەکە.

ئەوەی راستی بێ ئەگەر بە وردی تەماشای هەردوو هەڵوێستەکە بکەین، واتە چ ئەو هەڵوێستەی داوای خۆبەستنەوەی تەواو بە سنووری زمانە نەتەوایەتییەکە و پشت بەستن تەنها بە وشە و زاراوە خۆماڵییە رەسەنەکانی زمان دەکات، وەیان ئەو هەڵوێستەی دژی خۆبەستنەوەیە بەسنووری تەسکی زمانە خۆماڵییەکە و بەشێوەیەکی ئاسایی روودەکاتە وشە و زاراوە بیانییەکان و لە پاڵ وشە و زاراوە خۆماڵییەکان بەکاریان دەهێنێت. ئەم دوو هەڵوێستە هەردووکیان لایەنی چاک و لایەنی خراپیان هەیە، لایەنی چاکی هەڵوێستی یەکەم ئەوەیە کە تەنها خۆبەستنەوە بەسنووری زمانە نەتەوایەتییەکە بۆ دروستبوونی زمانە کوردییە پەتییەکە دەبێتە هۆی ئاوڕدانەوە و بایەخدان بەسەرچاوە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی وشە و زاراوە کوردییە خۆماڵییە رەسەنەکان ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە

١٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥ .

سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و زمانی خەڵک و ئەدەبیاتی دیالێکتە جیاوازەکانی تری زمانی کوردی، بەڵام ئەم خۆ بەستنەوەیە بەسنووری زمانە نەتەوایەتییەکە لایەنی خراپیشی هەیە کە یەکێک لە دیارترینیان ئەوەیە دەبێتە هۆی دابڕانی زمان لە زمانانی تر و بەمەش ڕێگا لەبەردەم پەرەسەندنە سروشتییەکەی زمان دەگرێت. هەرچی هەڵوێستی دووەمە واتە ئەو هەڵوێستەی لەسەر بنەڕەتی سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەی زمانە بیانییەکان مامەڵە لەگەڵ زمانانی تر دەکات و تەنها خۆی بەسنووری تەسکی زمانە نەتەوایەتییەکە نابەستێتەوە، ئەوا لایەنی چاکی ئەو هەڵوێستە ئەوەیە کە وەک بوونەوەرێکی زیندوو مامەڵە لەگەڵ زمانانی تر دەکات و بەکارهێنانی وشە و زاراوە بیانییەکان بەپێویستییەک لە پێویستییەکانی پەرەسەندنی زمانە نەتەوایەتییەکە دادەنێت، بەڵام دیسان ئەم سوود وەرگرتنە بێ مەترسی نییە، بەڵکو لایەنی خراپی خۆی هەیە ئەگەر هاتوو ئەو وشە و زاراوانە بەلێشاو هاتنە ناو زمانە نەتەوایەتییەکە و بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتن، چونکە لە ئەنجامدا زەرەر و زیانێکی گەورە بەلایەنی ڕەسەنایەتی زمانەکە دەگەیەنێت و مۆرکی نەتەوایەتی لەدەست دەدات، بۆیە «بەکورتی نە دەبێ دەرهەق بە وشەی بێگانە بەکارهێنان ئەوەندە دەست بگێڕێتەوە کە دەرگای زمانەکەمان لەسەر زمانانی تر بەتەواوی دابخەین و بەو پێیە ڕێگەی پێکرا لکان و پێشکەوتن و بووژانەوەی لێ بگرین و، نەدەبێ ئەوەندەش دەرگای لێ ئاواڵە بکەینەوە کە بۆن و بەرامەی تایبەتی خۆی لەدەست بچێ و، بەچەشنێکی لێ بەسەربێ کە توانای پاککردنەوەی لە وشەی زمانی بێگانەی هەر نەمێنێت». [123] کەواتە نابێ زمانی نەتەوەیەک پەیوەندی بپچڕێ بە زمانی نەتەوەکانی تر، بەڵکو دەبێ بۆ پەرەپێدانی زمانەکە ڕووبکاتە سوود وەرگرتن لەو زمانانە، بەڵام بەپێی پێویست بۆ پاراستنی مۆرکی ڕەسەنایەتی زمانە نەتەوایەتییەکە، چونکە «ڕەسەنی لەوەدایە کە بێ بیر تەنگی (تعصب)ی کوێرانە هەمیشە پردێک لە نێوان فەرهەنگی ئێمە و فەرهەنگی میللەتانی دنیادا هەبێ، بێ ئەوەش کە خۆمان لەبیر بچێتەوە». [124] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سوود وەرگرتن لەیەکتر نابێتە هۆی لە دەستدانی مۆرکی ڕەسەنایەتی زمانە نەتەوایەتییەکە ئەگەر هاتوو سوود وەرگرتنەکە پێویستی دیاری بکات و لە سنوورێکی دیاریکراودا بێت.

١٢٣- وشەیەک دەربارەی پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە، جەلال دەباغ. گ: ڕۆژی کوردستان، ژ: ٥٢، تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، ل٣١ .

١٢٤- باسی ئەدەبی، دارا. م، گ: سروە، ژ: ٦، ساڵی دووەم، هاوینی ١٣٦٥ (١٩٧٧ز)، ل٩٥ .



## شێوازی زمانی شیعر "ئاڵۆز بۆ سادە"

گۆڕانی زمانی شیعر لە شێوازە ئاڵۆزەکەیەوە بۆ شێوازێکی سادە یەکێک بوو لەو مەسەلە گرنگانەی لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بایەخی پێدراو لەلایەن شاعیران و ڕەخنەگرانەوە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

وەنەبێ مەسەلەی گۆڕانی شێوازی زمانیش لە زمانە ئاڵۆزەکەوە بۆ زمانێکی سادە، مەسەلەیەک بێت تەنیا تایبەت بێ بەتاقیکردنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، بەڵکو لەناو بزووتنەوەکانی نوێکردنەوەی شیعری میللەتە جیاجیاکاندا دەبینرێت.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لەناو بزووتنەوەی شیعری ڕۆمانتیکیدا شاعیران داوای گۆڕانی ئەو زمانە ئاڵۆزەیان کرد کە پێش ئەوان لە شیعردا بەکار دەهات و هەوڵیاندا زمانێک بەکاربهێنن کە نزیک بێ لەتێگەیشتنی خەڵک و گەیاندنی بە کۆمەڵانی خەڵک ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە «داواکردنی بەکارهێنانی زمانی ژیانی ڕۆژانە داوایەکی نوێ نییە، بەڵکو بەشێکە لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی لە جیهان دا. [125] گۆڕانی زمانی شیعریش لە شێوازە ئاڵۆزەکەیەوە بۆ بەکارهێنانی شێوازێکی سادە لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بوو کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆیانە ئەوە بوو کە شاعیرانی ڕۆمانتیک خۆیان لە باوەشی واقیعێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نالەباردا بینی و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخە ناهەموارەکەی سەردەمەکەیان بوون، ئەمەش بێگومان کاری خۆی هەبوو لەسەر گۆڕانی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری پێک دەهێنا و لەپاڵ ئەمەش گۆڕانێکی گەورەیان بەسەر زمانی شیعر داهێنا ئەوە بوو «لە ڕووی دارشتنەوە شاعیرانی دەریاچە توانییان زمانێکی نوێ دابهێنن و ئەو (کلێشانە) لەناو ببەن کە لە سەدەی هەژدەهەمدا بەکاردەهات و ئەو وشانە بەکاربهێنن کە بەهۆیانەوە توانییان بگەنە ئەو دەربڕینە زیندووانەی تەعبیر لە سروشت و ژیان و هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەکان دەکەن». [126]

١٢٥- دیر الملاك (دراسة نقدیة للظواهر الفنیة في الشعر العراقي المعاصر)، د. محسن اطمیش، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة دراسات (٣٠١)، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٨٣، ص١٧٢ .

١٢٦- مدخل الى تاریخ الاداب الاوربیة، الدكتور عماد حاتم، الدار العربیة للكتاب، لیبیا- تونس، ١٩٧٩، ص٣٠٨ .

هەر لەو ماوەیەدا (وردزۆرث) و (کۆلریدج)، کە دوو شاعیری گەورەی ڕۆمانتیکین، دیوانێکی شیعرییان دەرکرد و چەند بیروڕایەکی گرنگیان لە بارەی زمانی شیعرەوە دەربڕی و توانییان گۆڕانێک بەسەر ئەو زمانە دابهێنن و نوێی بکەنەوە[١٢٧] جا هەر ئەو بیروڕایانەی ئەو ڕۆمانتیکییانە خستیانەڕوو لە بارەی زمانی شیعرەوە و سوود وەرگرتن لەو زمانە سادەیەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنێت، هەر ئەم بیروڕایانە بوو کە (ئیزراپاوند) و (ئیلیوت) لە دواییدا قۆزتیانەوە و لە شیعری نوێی سەردەمی خۆیاندا بەکاریان هێنا.[١٢٨]، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە مەبەست لە سوود وەرگرتن لە زمانی سادەی خەڵک مانای ئەوە نەبوو زمانەکە ڕاستەوخۆ و بەبێ دەسکاری وەک خۆی بگوازرێتەوە ناو شیعر، بەڵکو هەروەک ئیلیوت دەڵێ: «... ئەو کەرەستەیەیە کە لەو ژینگەیەدا دەیدۆزێتەوە و دەبێ شیعرەکەی لێ دروست بکات».[١٢٩] نەک لاسایی کردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ و کت و متی شێوازی قسەکردنی ڕووتی خەڵک کە بێ بەشە لە هەموو خاسیەتێکی هونەری کە بەمەرجی سەرەکی زمانی شیعر دادەنرێت لە هەموو سەردەمێکدا.

هەروەها لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا بەکارهێنانی ئەو زمانە سادەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شیعری ڕۆمانتیکی عەرەبی پەیدابوو دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگای عەرەبی گرتەوە ئەوەبوو «ڕۆمانتیکە عەرەبەکان داوای ئەوەیان کرد زمانی ئەدەب ئاسان بکرێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ ژیانە سادەکەی خەڵکدا بگونجێت».[١٣٠] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕانی زمانی شیعر لە شێوازە ئاڵۆزەکەیەوە بۆ شێوازێکی سادە لە ئەنجامی گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سەردەمەوە هاتۆتە دی و پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە بەو ناوەڕۆکە تازەیەی هاتۆتە پێشەوە و بۆتە هۆی گۆڕانی تێڕوانینی شاعیر و ڕەخنەگران بەرامبەر بەزمانە شیعرییەکە و گۆڕانی لە زمانە ئاڵۆزەکەوە بۆ زمانێکی سادە.

لەناو بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیشدا مەسەلەی گۆڕانی زمانی شیعر لەو

١٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣ .

١٢٨- بڕوانە: دير الملاك، محسن اطميش، ص١٧٣ .

١٢٩- قضية الشعر الجديد، د. محمد النويهي، مكتبة الخانجي و دارالفكر بيروت، ١٩٧١، ص٢٢

١٣٠- اهم مظاهر الرومنطيقية في الادب العربي الحديث واهم المؤثرات الاجنبية فيها، فؤاد الفرفوري، الدار العربية للكتاب التونسية للطباعة وفنون الرسم، جوان، ١٩٨٨، ص١٠٦ .



زمانە ئاڵۆزەی شاعیرانی کلاسیک بەکاریان دەهێنا بۆ زمانێکی سادەی نزیک لە تێگەیشتنی خەڵک لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بوو، وەک دروستبوونی واقعێکی تازە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و کەوتنە ژێر کارتێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری نوێی تورکی کە بوو بەهۆی ئاوڕدانەوە لە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و بایەخدان بەزمانی قسەکردنی خەڵک وەک سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی ئەو شێوازە سادەیەی شاعیر بەدوایدا دەگەڕا بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە تازەکەی. دەبێ لێرەشدا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە زۆربەی ئەو بیروڕایانەی لەم ڕووەوە باسی زمانی شیعریان کردووە وەک دەردەکەوێت پەسەندکردنی زمانی شیعر لایان بەستراوەتەوە بەگۆڕانی تێڕوانینی ئەو شاعیر و ڕەخنەگرانە بۆ ئەرکی شیعر و بەستنەوەی بەگەیاندنی پەیامێکەوە کە ئەمەش پێویستی بەوە دەکرد شاعیر بەزمانێکی نزیک لە زمانی تێگەیشتنی خەڵک شیعر بڵێت بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بەگەورەترین ژمارە لە کۆمەڵانی خەڵک.

سەرەتا ئەگەر بەبیروڕاکانی (شێخ نوری شێخ ساڵح) دەست پێ بکەین، دەبینین لەو زنجیرە وتارە ڕەخنەییانەی کە لەژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی)دا بڵاوی کردۆتەوە کاتێک باسی (شێواز) دەکات بەپێی بیروڕاکانی پێش خۆی دابەشی دەکات بۆ سێ جۆر: «١- ئسلووبی سادە ٢- ئسلووبی موزەیەن یاخود متوسط ٣- ئسلووبی عالی».[١٣١] ئەگەرچی ئەم دابەشکردنە پەسەند ناکات، چونکە بنەڕەتی جیاوازی شێواز ناگەڕێنێتەوە بۆ خودی شێوازەکە بەڵکو دەیبەستێتەوە بەجۆری بابەتەکان و گۆڕانی ئەو بابەتانە دەکاتە بناغەی دروستبوونی شێوازی جیاواز کاتێک دەڵێ: «... فەقەت ئسلووب بەم سوورەتە بەنەوعی تەقسیمی جائز نییە چونکە لەم ئیزاحاتەوە کە لەسەرەوە داومانە دەرئەکەوێ کە ئسلووب بزاتیهی ماهییەتێکی مەخسووسی نییە، فیلحەقیقە ئسلووب خۆی لە خۆیەوە ماهییەتێکی مەخسووسی نییە کامیلەن تابعی مەوزووعە، مەوزووع کە گۆڕا ئسلووبیش بەمەجبووری تەعقیبی گۆڕانی مەوزووعەکە دەکات».[١٣٢] بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگ بێ دیارکردنی هەڵوێستی (شێخ نوری)یە بەرامبەر بەمەسەلەی سادەیی یان ئاڵۆزی شێوازی نووسین ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە باسی مەسەلەیەکی گرنگ

١٣١- ادبيات كوردى، م. نورى، ڕ: ژيان، ژ: ٤٠، ٤ تشرين الثانى ١٩٢٦، ل٢ .

١٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢ .

دەکات کە پەیوەندی بەگەیاندنی مەبەستی بابەتەکانەوە هەیە چ بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا وەیان بەشێوەیەکی ئاڵۆز بێت کە بە(وضوح) و (تعقید)ی ناو دەبات و لە رێگای ئەمەوە بەئاشکرا هەڵوێستی خۆی دیار دەکات کە روونی و ئاشکرایی مەبەستەکان بە پێویستییەک لە پێویستییەکانی نووسین دادەنێت، چونکە ئاڵۆزی لە نووسیندا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی سەر لێ شێوان و رێگا گرتن لە بەردەم گەیشتنی مەبەستە راستەقینەکەی بەرهەمەکە ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «تەعقید بە دوو نەوع ئەبێ یا ئەو شتەی کە ئەینووسین لە مێشکمانا هیچمان تەعیین نەکردووە یەعنی ئەو فکرەی کە لە دەماخمانایە بەتەواوی کەسبی وزووح و سەراحەتی نەکردووە یاخود ئەو فکرەی کە ئەینووسین ئەلفاز و تەعبیراتەکەی سەحیح نییە و سەبەبی بەبێ دیقەتی لە تەرتیبی کەلامدا تەشەوشێک دێتە وجوود». [١٣٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (شێخ نوری) مەسەلەی ئاڵۆزی، بەر لە هەموو شتێک بەسروشتی پێکهاتنی بیرەکە دەبەستێتەوە، واتە رادەی کامل بوون یا ناکامڵی بیرەکە، بەمانای ئەوەی وەک خاسیەتێکی عەقڵی پیشان دەدات ئینجا دەیبەستێتەوە بەمەسەلەی دارِشتنی وشە و دەربڕینەکان. کەچی بەپێچەوانەی شێوە ئاڵۆزەکە لەو بڕوایە دایە کە دەربڕینی بابەتەکان بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا زۆر بەئاسانی ئامانجەکەی بەدەست دەهێنێت ئەویش گەیاندنی مەبەستە راستەقینەکەی بەرهەمەکەیە بۆیە دەڵێ: «وزووح (وضوح) - ئەفکار و حسسیات بەسەهلی تێ گەیاندنە. وزووح بۆ هەموو ئاساری موحەریرە زۆر جائزی ئەهەممیەتە...». [١٣٤] لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (شێخ نوری) روونی و ئاشکرایی دەربڕینی مەبەستەکان پەسەند دەکات و دوور کەوتنەوە لە مەترسی شێوانی مەبەستە راستەقینەکان بەمە دەبەستێتەوە و بەپێویستییەکی گرنگی سەرکەوتنی نووسینی ئەدەبی دادەنێت.

هەڵوێستی (گۆران) لەبارەی پەسەندکردنی بەکارهێنانی زمانێکی سادە لە شیعری نوێدا کاتێک دەردەکەوێت کە بەراورد لە نێوان شیعری نوێ و شیعری کلاسیکدا دەکات و ئەوە دەردەخات کە شاعیری کلاسیک بۆ پیشاندانی توانا و دەسەڵاتی شیعری لە رێگای خۆ خەریک کردنی بەبەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی و رازاندنەوەی رواڵەتی

١٣٣- ادبیات کوردی، م. نوری، ڕ: ژیان، ژ: ٤٦، ساڵی ١، ١٦ کانونی اول، ١٩٢٦، ل١ .
١٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١ .



شیعرەکەی زیاتر خۆی لە خانەی گەمارۆدان و بەستنەوەی مەبەستی شیعر بەمەبەستە هونەرییەکە دەبینیەوە، بۆیە لەم رووەوە سیماکانی شیعری نوێ و شیعری کلاسیک بەوە دیار دەکات کە «لە هەڵبەستی کۆنا نرخی وێنە لە پێش نرخی ناوەڕۆک (محتوی)دا دێ. لەبەر ئەوە نیشانەی وشە بازی لە هەڵبەستی کۆنا زەق ئەکەوێتە بەرچاو {جناس، لف و نشر، تاد.}، بەڵام لە هەڵبەستی تازەدا، بەتایبەتی لە هی قوتابخانەی ریالیزمی تازەدا، وشە بازی و زەرکەشی کردنی ئوسلووب باوی نەماوە، وە لەباتی ئەوە لەنگەری بایەخ پێدان خراوەتە سەر ناوەڕۆک. » [١٣٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیری نوێی کورد بۆ هەڵوەشاندنەوەی تێڕوانینە کۆنەکەی شاعیری کلاسیکی کورد لە بارەی مەبەستی شیعرەوە، رووی کردۆتە بایەخدانێکی زیاتر بەناوەڕۆکی شیعر و گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکە بەهۆی زمانێکی سادەی دوور لە زمانە رازاوە و ئارایشتکراوەکەی شیعری کلاسیکی.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە زۆربەی ئەو بیرورِا رەخنەییانەی لای شاعیر و رەخنەگرانی کوردەوە لە بارەی بەکارهێنانی ئەم شێوازە سادەیەی زمانی شیعرەوە دروست بووە، دەبینین بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە هۆی سەرەکی دروستبوونی ئەم شێوازە سادەیە لە شیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیران بەپلەی یەکەم گەیاندنی ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بەلاوە مەبەست بووە.

(رەفیق حیلمی) لە باسکردنی شیعری چەند شاعیرێکدا باس لەو شێوازە دەکات کە بە (ئاسانی گران)[*]ی ناودەبات و لە میانەی بیروڕاکانیدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم شێوازە سادەیە پەسەند دەکات و بەچاکترین هۆی دادەنێت بۆ خزمەتکردنی ئەو مەبەستەی شاعیر لەبەرچاوی دەگرێت، هەر بۆ نموونە کە باسی شیعرەکانی (پیرەمێرد) دەکات لە سەرەتادا ئەو شێوازە سەرنجی رادەکێشێت کە شاعیر پەیڕەوی کردووە، واتە شێوازی (ئاسانی گران)[١٣٦] ئینجا دێتە سەر دیارکردنی هۆی بەکارهێنانی ئەو شێوازە سادەیە

١٣٥- کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، گ: هیوا، ژ: ١٦، ساڵی ٤ کانوونی دووەمی، ١٩٦١،ل٧.

(*) واتە: السهل الممتنع، ئەویش ئەوەیە هەرکە مرۆڤ گوێی لێ دەبێ یان دەیخوێنێتەوە وا هەست دەکا شتێکی زۆر ئاسانەو ئەویش دەتوانێ ئەمە بکا، بەڵام هەرکە ویستی ئەمە بکا پێی ناکرێ.
بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: معجم النقد العربي القديم، الدكتور احمد مطلوب، الجزء الثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٥٠ .

١٣٦- بڕوانە: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، ل٨٢ .

لای شاعیر و دەیبەستێتەوە بە جۆری تێگەیشتن و تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەرکی شیعر کە بەهۆیەکی داناوە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو، «وەبەم رەنگە لەم وێنەگەرییە نەک هەر وێنەگەری مەبەست بووبێ. بەڵکو پەند و نەسیحەتی قەومەکەی خۆیشی لێکداوەتەوە وەباشی و بەکەڵکی خوێندنی خستوونە بەرچاو...». [١٣٧]

وە نەبێ ئەو شێوازە ئاسان و رەوانەی لە شیعرەکانی (پیرەمێرد)دا دەبینرێت، تەنها سەرنجی (رەفیق حیلمی) راکێشابێت، بەڵکو سەرنجی چەند نووسەرێکی تریشی راکێشاوە و لە رووی بۆچوونی پێشووەوە باسی هۆی سادەیی و رەوانی شیعرەکانی (پیرەمێرد) کراوە، واتە بەستنەوەی شێوازە سادە و ئاسانەکەی بەجۆری تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەرکی شیعر. محەمەد رەسوڵ (هاوار) لە سروشتی ژیانی تایبەتی شاعیر و ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییە دەست پێ دەکات کە شاعیر لە نزیکەوە هەڵسوکەوتیانی لەگەڵدا کردووە و زانیویەتی بە چ شێوازێک شیعرەکانی ئاڕاستەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە هەژار و نیمچە خوێندەوارە بکات و لە رێگای شیعرەکانیەوە کۆمەڵانی خەڵک هوشیار بکاتەوە و دەستیان بگرێ و رێگای تاریکیان رۆشن بکاتەوە، بۆیە لەبارەی پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە لەلایەن شاعیرەوە دەڵێ: «بێگومان ئەو جۆرە قوتابییانە[*]» لە وشەی سادە و پەتی و بێ گرێ و خۆماڵی بەولاوە هیچی تریان بەدڵا نەچوو و کاری تێ نەئەکردن پیرەمێردێک کە زۆربەی ژیانی لەگەڵ ئەو قوتابییانەدا ئەبردە سەر وەکو بەنگینە و حاجی عەلی و گەلێکی تر، ئیتر چۆن ئەیتوانی شیعری بەتوێکڵ و ئاڵۆزکاو و پڕ لە وشەی بێگانە بڵێ و لە رۆژنامەکەیدا بڵاوی بکاتەوە». [١٣٨] ئینجا زیاتر درێژە بەقسەکانی پێشووی دەدات و تەئکید لەسەر ئەو هۆیانە دەکاتەوە کە (پیرەمێرد)یان والێکردووە رووبکاتە ئەو شێوازە سادەیە لە شیعرەکانیدا کاتێک دەڵێ: «کەواتە ئەتوانین بڵێین رۆژنامەکەی پیرەمێرد زمانی حاڵی ئەو قوتابی و خوێندەوارانە بووە، زمانی حاڵی گشتی گەلەکەی بووە، ئیتر چۆن بۆی دەست داوە کە وەکو کۆنەکان خۆی بهاوێژێتە ناو گێژی دەریای شیعری گران و

١٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣ .

(*) مەبەست ئەو قوتابییانەیە کە سەر بە (قوتابخانەی زانستی)بوون، ئەو قوتابخانەیەش لەلایەن کۆمەڵەی زانستییەوە بەڕێوە براوەو (پیرەمێرد) بۆ ماوەیەکی درێژ بەڕێوەبەری بووە، قوتابییەکانیش پێک هاتبوون لە کۆمەڵە کەسێکی هەژارو کاسبکارو کرێکارو دوکاندار...تد، کە بەڕۆژ کاریان دەکردو بەشەو دەچوونە بەر خوێندن، بڕوانە: پیرەمێردی نەمر، محمد رسول(هاوار) ل٤٣-٤٤ .

١٣٨-پیرەمێردی نەمر، محمد رسول (هاوار)، چاپخانەی العانی، بەغدا، ١٩٧٠، ل٦ و ٧



ئاڵۆزکاو. ئەو ئەیویست باسی جوانی و خۆشی نیشتمانەکەی بکات، باسی رابردوو و بەسەرهاتی ناوچەکانی کوردستان بکات، ئەیویست لاوەکان قوتابییەکان هان بدا کە فێری خوێندن و خوێندنەوە ببن و لە ژیان بکۆڵنەوە و هۆی دواکەوتنی گەلەکەیان تێبگەن و... بۆ ئەمە تەنها هەر شێوەی شیعری سووک و بێ پێچ و پەنابوو کە بتوانێ پێشکەشی ئەو جیلە تازەیەی وڵاتەکەی بکات نەک بەشیعری قورسی پڕ لە وشەی توێکڵاوی...[١٣٩] ئەگەرچی نووسەر بەپێی ئەم رایە هەوڵی ئەوە دەدات ئەوە دەربخات کە (پیرەمێرد) بۆیە شیعرەکانی بەو شێوە سادەیە نووسیوە بۆ ئەوەی لەگەڵ نزمی ئاستی رۆشنبیری ئەو جەماوەرەدا بگونجێت کە شیعرەکانی ئاڕاستە کردوون و هەوڵی ئەوەی داوە شیعرێک بنووسێت ئەو جەماوەرە نیمچە خوێندەوارە لێی تێبگات، بەڵام ئەم بۆچوونە بەبۆچوونێکی لاواز دادەنێین سەرباری ئەوەی کە ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێت کە (پیرەمێرد) تا رادەیەک پلەی رۆشنبیری ئەو کەسانەی لەبەرچاو گرتووە کە لێیەوە نزیک بوون و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون، بەڵام هۆیەکی گرنگتر هەبوو بووە هۆی دروستبوونی ئەو شێوازە سادەیە لە شیعرەکانیدا ئەویش رۆیشتنی بوو بۆ ئەستەمبووڵ و خوێندنەوە و شارەزابوونی لە ئەدەبیاتی نوێی تورکی و هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە نوێیەی لە دوای جەنگی یەکەم بۆ میللەتی کورد رەخسا ئەوەبوو هەروەک (عەلائەدین سەجادی) بۆی دەچێ لە ئەنجامی ئەم هۆیانەوە (پیرەمێرد) «... بەجارێ دەوری رابوردووی دایە دواوەوە شعوری شیعری غەرامی بوو بەشعوری شیعری نیشتمانی». [١٤٠] ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی زمانە شیعرییەکەی بەرەو کوردی پەتی بچێت و شێوازە شیعرییەکەشی شێوازێکی ئاسان بگرێتە بەر هەر ئەم هەستە نەتەوایەتییەش بوو وای لە (پیرەمێرد) کرد شیعر بە پەیامێکی پیرۆز دابنێت و ئەرکێکی گەورەش بخاتە ئەستۆی شیعر ئەویش گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە کۆمەڵانی خەڵک کە بێگومان ئەمەش پێویستی بەپەیڕەوکردنی شێوازێکی سادە و بەکارهێنانی زمانێک بوو کە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ لێی تێبگەن ئەویش زمانە نەتەوایەتییەکەیە. هەر ئەم راستییەشە کە لەلایەن دەستەیەک نووسەری وەک (فائق هوشیار و مەحموود ئەحمەد محەمەد و مستەفا ساڵح کەریم و محەمەد نوری تۆفیق و ئەحمەد زرنگ مستەفا) تەئکیدی لەسەر کراوە کاتێک هۆی سادەیی شیعرەکانی پیرەمێردیان بەستۆتەوە بەباوەڕهێنانی بەبوونی ئەو پەیامە پیرۆزە «لەبەر ئەوەی کە

١٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٧ .

١٤٠- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٤٢٤ .

پیرەمێرد –وەک دەرکەوت– خۆی بەخاوەنی پەیامێکی پیرۆز ئەزانێ، بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی زۆر بەساکاری لەتەک میللەتەکەیدا ئەدوا، نەدەگەڕا بۆ وشەی وا کە پێویست بە فەرهەنگ بکات بۆ لێکدانەوەی».(١٤١)

کەواتە زۆربەی ئەو رایانەی باسی سادەیی شێوازی شیعرەکانی (پیرەمێرد)یان کردووە هۆیەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ جۆری تێگەیشتنی (پیرەمێر) لە ئەرکی شیعر و شێوازی دەربڕین و گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکە.

هەروەها (رەفیق حیلمی) کە باسی شیعرەکانی (دڵدار) دەکات، دیسان یەکێک لەو لایەنانەی لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا سەرنجی رادەکێشێت و دەبێتە هۆی پەسەندکردنی شیعرەکانی ئەوەیە کە شاعیر پەیڕەوی شێوازی (سەهلی مومتەنع) دەکات «شیعرەکانیشی هەرچەند سادەیە، بەڵام زادەی تەبیعەتێکی ئازاد و رەوانە وەئەشێ کە بە(سەهلی مومتەنع)ی دابنێین، خۆزگە هەموو لاوێکی کورد لەسەر ئەم پێ و شوێنە ئەڕۆیشت، ئەوساکە دەرئەکەوت کە ئەم قەومە چۆن دەس لەمل هیوا ئەکا و ئەگا بەئامانجی پیرۆزی».(١٤٢) وە لە بارەی شیعری (گوڵی خوێناوی)ی گۆران (رەفیق حیلمی) لە رووی تێگەیشتنێکی قووڵی بەکارهێنانی زمانی شیعرەوە بیروڕا رەخنەییەکانی خۆی دەردەبڕێت کاتێک دەست لەسەر بنەڕەتێکی گرنگی شیعر دادەنێت ئەویش چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی شیعرە «... شیعر و ئەدەب ئەوە نییە کە بە وشەی قەڵەوی نەبیسراو وەیا بە (تەعبیر)ی پەردەداری بێگانە تەقەلای شاردنەوەی بیرێکی سادە و وێنەیێکی بێ نموود بدەی وە سەرەنجی بێ سوودی راکێشیتە سەر بەڵکو ئەدەب ئەوەیە کە بتوانێ بەچەند وشەیێکی ساکار، بەڵام مۆزیقاوی و بەئاهەنگ و نەغمە، پەردە لە رووی وێنەیێکی شیرین هەڵدەیتەوە.»(١٤٣) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە (رەفیق حیلمی) شیعری راستەقینە بەو شیعرە دادەنێت کە بتوانێ ناوەڕۆکێکی قووڵ و بەپێز و چاک بە وشەی سادە دەربڕێت و بگەیەنرێتە خەڵک.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە زۆرجار رووکردنە بەکارهێنانی زمانێکی

---

١٤١– دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی فائق هۆشیار، محمود احمد محمد،مصطفی ساڵح کریم، محمد نوری وفیق، احمد زرنگ مصطفی، بەرگی یەکەم، مطبعە الزمان، بەغدا، ١٩٩٠،٩٣.

١٤٢– شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل٢١ .

١٤٣– سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١ .



سادە و شێوازێکی ئاسان لای شاعیرانی نوێی کورد لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە چوارچێوەی رەوانبێژیدا باسکراوە. هەر بۆ نموونە سەرنجدانێک لە بیروڕاکانی (شێخ نوری) لە بارەی شێوازەوە ئەوە دەردەخات کە هەر لە چوارچێوەی رەوانبێژیدا باسی شێوازی کردووە و تەئسیری بیروڕای رەخنەگرانی کۆنی عەرەبی لەسەر دیارە و تەنانەت (شێخ نوری) هەر خۆشی لەکاتی باسکردنی جۆرەکانی شێوازدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سوودی لە چەند سەرچاوەیەک وەرگرتووە کاتێک دەڵێ: «تەقسیمی ئسلووب – لە بەعزێ کتێبی ئەدەبیەدا ئسلووب بەئیعتیباری ماهییەت...».(١٤٤) جگە لەمە (د. کامل حەسەن بەسیر) ئەویش بە وردی باسی مەسەلەی سوود وەرگرتنی (شێخ نوری) لە سەرچاوە عەرەبییەکان دەکات و دەڵێ: «... شێخ نوری شێخ ساڵح لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەیدا گەلێ سەرچاوەی عەرەبی لەبەر دەست دایە و نایەوێ راستەوخۆ وەریان بگێرێت و تۆماریان بکات. هەرچەندە نابێ راستییەک فەرامۆش بکەین کە دەڵێ: شێخ نوری شێخ ساڵح هەمیشە باسی وەرگێڕاو لە رەوانبێژی و فەساحەی عەرەبی بە چەشنێکی وشەیی تۆمار ناکات، بەڵکو گیانێکی تازە دەکا بەبەریداو بۆن و بەرامێکی کەسایەتی پێ دەبەخشێ...»(١٤٥) وە (رەفیق حیلمی)ش لە چوارچێوەی رەوانبێژی دەرنەچووە کاتێک باسی شێوازی (ئاسانی گران)ی شیعری کردووە. جگە لەمانە (عەلائەدین سەجادی)ش هەر لە چوارچێوەی رەوانبێژیدا باسی شێوازە سادە و ئاسانەکەی شیعرەکانی (سەلام) دەکات و هەڵوێستی خۆی لە بارەی پەسەندکردنی ئەو شێوازە دیار دەکات کە شاعیر تیایدا راستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا روو دەکاتە دەربڕینی مەبەستە شیعرییەکەی بەزمانێکی سادە و شێوازێکی ئاسانی نزیک لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵک.

ئەگەرچی (سەجادی) لە سەرەتادا ئاماژە بۆ ئەو راستییە دەکات کە شیعرەکانی (سەلام) ناکەونە خانەی شیعری نوێوە و هێشتا لە دەوری کلاسیکدا ماونەتەوە سەرباری هەوڵەکانی شاعیر بۆ دوورکەوتنەوە لە رێبازە کلاسیکەکە، بەڵام هێزی کاریگەری شیعرە کلاسیکەکە نەی هێشتووە لە هەوڵەکانیدا سەرکەوێت، بۆیە وەک سەرئەنجام هەر لە خانەی شیعری کلاسیکیدا ماوەتەوە و لێی دەرباز نەبووە، بەڵام هەر لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەی بۆ دوورکەوتنەوە لە رێبازە کلاسیکەکە توانیویەتی لە زمانە شیعرییەکەیدا لە

---

١٤٤– ادبیات کوردی، م. نوری، ڕ: ژیان، ژ: ٤٠، تشرینی ثاني ١٩٢٦، ل٢ .

١٤٥– شێخ نوری شێخ ساڵح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و رەخنەسازیدا، دکتۆر کامل حسن عزیز ئەلبەسیر، ل٧٣ .

شاعیرانی کلاسیک جیابێتەوە ئەویش لە ڕێگای دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکەی بەزمانێکی سادە و شێوازێکی ئاسان و ڕەوان. ئەو شێوازەی وای لە (سەجادی) کردووە شیعرەکانی پەسەند بکات و بەوردی لەسەر هۆیەکانی دروستبوونی ئەو زمانە سادەیە بوەستێت و بڵێ «کەوابوو پایەی ئەم هۆنراوانە بەرانبەر بەئەدەبی کوردی ئەوەیە کە هەتا ئەوپەڕی سادەیی سادە و ساکارە، هیچ عەزیەتێکی بۆ وشە دانان تێدا نییە، هەموو وشەکان وشەیەکن کە ڕاستە و ڕاست لە جەرگی وشەی سەرزاری ڕەمەکی کوردەوارییەوە هەڵهێنجراون... کاتێ کە ئەخوێنرێتەوە وا ئەچێتە دڵەوە کە هەموو کەس پێی ئەکرێ شتی وا دابنێ کەچی واش نییە، دیارە ئەم وا نەبوونەی زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەو هێزی هونەرییە لە خاوەنی ئەم هۆنراوانەدا هەیە لە یەکێکی ترا نییە بۆیە وا بەوجۆرە پەردەکەی وەکو ئەڵێین ئەبێ بە (سهلی ممتنع).» .[١٤٦] کەواتە (سەجادی) بەهۆی ئەو شێوازە (ئاسانە گران)ەی شاعیر لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی کردووە لە چوارچێوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا لە شیعرەکانی (سەلام)ی کۆڵیوەتەوە و زمانە سادەکەی پەسەند کردووە و شیعرەکانی بەنموونەی بەرزی شیعری کوردی داناوە «... ئەوەندە هەیە بۆ هێنانی وشەی ساکاری کوردی دوور لە هەموو عەزیەتێکەوە ئەدەبەکەی ئەم یەکێکی بەبایەخە لە ئەدەبە بەرزەکانی کوردی» .[١٤٧]

هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ) وەک نەخشەدانانێک بۆ شاعیران داوای بەکارهێنانی زمانێکی سادە و شێوازێکی ئاسان دەکات بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان و گەیاندنی مەبەستەکانیان و ئەنجامدانی ئەمەش دەبەستێتەوە بەئاستی ڕۆشنبیری خەڵک و ڕادەی ئامادەبوونیان بۆ وەرگرتنی قسەکانی شاعیر و تێگەیشتن لە مەبەستەکانی. بۆیە لەکاتی دیارکردنی ئەرکی شیعر ئەم خاڵە دەکاتە پێوەری شیعری سەرکەوتوو و دەڵێ: «شیعر و وێژەیان چونکە بۆ تێگەیاندنی گەل، وە پێشڕەوی دەنگی گشتییە - ئەبێ بەزمانی گشتی بێ واتە وەک ئاوی ڕەوان وابێ وە هەموو یەکەیەکەی گەل بەئاسانی تێی بگا. وە لە شێوە و ئاهەنگی قسە و گفتوگۆیان نەچێتە دەرەوە.[١٤٨] بەپێی ئەم ڕایە دەبێ شاعیر بەتەواوی خۆی بەئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکە ببەستێتەوە و بەهیچ شێوەیەک نابێ بەزمانێک قسە بکات کە لە ئاستی تێگەیشتنیان بەرزتر بێت. وەنەبێ (شێخ محەمەدی

١٤٦- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٣٦١ .

١٤٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣ .

١٤٨- پێویستی وێژەر، شێخ محەمەدی خاڵ، گ: بڵێسە، ژ.: ٢، ساڵی ١، ئەیلوول ١٩٥٩، ل٨ .



خاڵ) هەر بەمە وەستا بێ و لە قسەکانیدا تەنها مەبەستی ئەوە بێت شاعیر ئەو چینە لە حیسابی خۆی دەرکات کە پلەیەکی ڕۆشنبیری چاکیان هەیە و تەنها حیساب بۆ چینە خوێندەوارەکە بکات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ئەوەندە شیعرەکانی سادە و ساکار بکات دابەزێنێتە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکە نەخوێندەوارەکەش بەشێوەیەک ئەم نەخوێندەوارە لە ڕووی تێگەیشتنی شیعرەکانەوە هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەگەڵ خوێندەوارەکە «جاران هۆنراوەیەک پەسەند بوو کە پێچراوە بوایە و مانای نەزانرایە، لەمەولا هۆنراوەیەک پەسەندە کە وەک ئاوی ڕەوان ئاسان، وەبێ قۆرت و گرێ بێ، بەجۆرێک کە خوێندەوار و نەخوێندەوار وەک یەک تێی بگەن.»[١٤٩] جارێ پێش هەمووشت بەرامبەر بەم ڕایەی (خاڵ) پێویستە ئەوە بڵێین کە نەخشە وەیان پەیڕەو بۆ شاعیر دانانرێت و شیعر بەڕادان نادرێت، چونکە ڕەخنەی لەم بابەتە لەسەر شتێک دروست دەبێ کە هەیە، نەک هێشتا نەبووە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دیارە تێگەیشتنی (خاڵ) بۆ مەسەلەی ئاسانی شیعر تێگەیشتنێکە تەواو بەستراوەتەوە بەمەسەلەی ئەرکی شیعر و بەکارهێنانی وەک هۆیەک بۆ خزمەت کردنی زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەو خەڵکەی زۆربەیان بەپێی قسەکانی خۆی جوتیار و کرێکار و سەپان و گاوانن، نەک خوێندەوارەکان کە ڕێژەیەکی کەمی خەڵکەکە پێک دەهێنن.[١٥٠] ئەمەیە بەرەو ئەو ڕایەی بردووە کە ئەرکی شیعر ئەوەیە دابەزێتە ئاستی تێگەیشتنی ئەم چینە ڕەش و ڕووتەی میللەتی کورد، لە کاتێکدا پێویستە جەماوەری خەڵک بەرز بکرێتەوە بۆ تێگەیشتن لە شیعر نەک دابەزاندنی شیعر و نزمکردنەوەی بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بەخوێندەوار و نەخوێندەواریشەوە لێی تێبگات. لە ڕاستیدا شیعری ڕاستەقینە ئەو شیعرەیە کە جەماوەر بۆ خۆی بەرزبکاتەوە و بەیەک خوێندنەوە هەموو نهێنییەکانی نەداتە دەست و لەهەر خوێندنەوەیەکی نوێدا شتی تازەی تێدا بدۆزێتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە بیروڕاکانی (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) دەبینین کە باسی مەسەلەی ئاسانی دەربڕینی مەبەستی شیعر و سادەیی زمانی شیعر دەکات لە ڕووی ئەو بۆچوونەوە باسی دەکات کە شیعر دەبێ بکرێتە هۆیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی

١٤٩- ناڵەی دەروون - کۆمەڵە وتارێکی وێژەیی و مێژوویی و ئایینی و کۆمەڵایەتین شێخ محەمەدی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ارشاد، بغداد، ١٩٨٤، ل٢١٨ .

١٥٠-بڕوانە: پێویستی وێژەر، شێخ محمدی خاڵ، گ: بڵێسە، ژ: ٢، ساڵی(١)، ئەیلوولی ١٩٥٩،ل٨.

رۆشنبیریو پەروەردەکردنی چێژی هونەری و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خەڵک، کە ئەمەش لە شیعری نوێی کوردیدا لە ڕێگای زمانی خەڵکەوە دەبێت بۆیە بۆ ئەوە دەچێت کە «مەلای جزیری و نالی، وێنەیەکی بەرزی شیعر بوون، دیمەنی شارستانێتی و تەجروبەی شیعری گەلانی هاوسێیان کرد بەکوردی. بەڵام لە ڕێگەی زمانی شیعری کلاسیکییەوە، لە ڕێگەی زمانە تێکەڵەکەوە. هەرچی گۆرانە هەموو وێنەی شارستانێتی لە ڕێگەی وشەی کوردی ڕەسەنەوە، لە ڕێگەی زمانی خەڵکەوە بەخەڵک سەلماند. هەر بەمەش سنووری لە شیعری کوردی گەیشتنی فراوانتر کردەوە. زمانی خەڵک بەکارهێنان و بەرزکردنەوەی چێژی خەڵکی و ڕادەی لە هونەر گەیشتنیانی تێکەڵ کرد».[151] کە ئەمەش ڕادەی پەسەندکردنی ئەو زمانە سادەیەمان بۆ دەردەخات کە لە شیعری نوێی کوردیدا وە بەتایبەتی لەلایەن گۆرانەوە بەکار دەهات.

بەڵام (کەمال میراودەلی) بەشێوەیەکی تر باسی سادەیی شێوازی شیعر دەکات، کاتێک ئەم مەسەلەیە دەبەستێتەوە بەجۆری ئایدۆلۆژیای شاعیر و تێڕوانینی بۆ ئەرک و پەیامی شیعر. بۆیە تێڕوانینی شاعیرێکی بۆرژوا جیاوازە لەگەڵ تێڕوانینی شاعیرێکی شۆڕشگێڕ. چونکە شاعیرە بۆرژواکە شیعر بۆ دەستە و تاقمێک دەڵێت و شیعرەکانی تەنها ئاراستەی ئەمانە دەکات و بە ئەنقەست شێوازێکی گران و تەم و مژاوی بەکاردەهێنێت کە لە تێگەیشتنی زۆربەی خەڵکەوە دوور دەبێت «ئەو شاعیرەی کە بیرکردنەوەیەکی بۆرژوازییانەی هەبێت تەنیا ئەوەی مەبەستە کە شیعر بڵێت و بەس... شیعرێکی بەرز، بەرز تا ڕادەیەک کە کەم کەس دەستی تێگەیشتنی بگاتێ».[152] بەڵام شاعیری شۆڕشگێڕ بەپێچەوانەی شاعیرە بۆرژواکە ئەگەرچی ئەو توانایەی هەیە بەو شێوازە گرانە شیعر بنووسێت، بەڵام لەبەرئەوەی تێڕوانینی بۆ ئەرکی شیعر جیایە بۆیە زۆرجار بەپێی پێداویستییەکانی ئەو قۆناغەی تێیدا دەژی و بۆ گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکەی دەیەوێ بەخەڵکی رابگەیەنێت رووەدەکاتە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و شێوازێکی ئاسان «بەڵام شاعیری شۆڕشگێڕ شیعر لەپێناو شیعردا نانووسێت بۆ میللەتی دەنووسێت...

151- پاشکۆی دیوانی گۆران، نووسینی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل١٠ و ١١ لە دیوانی گۆران.

152- چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١، ل١٠ .



میللەتیش داوای لێ دەکات کە لەو قۆناغەدا شیعرەکانیان سادە و ساکار بێت و ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن. ئەمیش وەکو وتمان دەشێت تەنها بەتاکتیکی دابنێین و مەرج نییە شاعیر هەموو شیعرەکانی بەو جۆرە بن... وە مەرجیش نییە کە هەتا سەر شیعری وەها، سادە بنووسێت، بەڵکو تەنیا ماوەیەکە تا ئاستی تێگەیشتنی جەماهیریش بەرز دەبێتەوە.».[153] بەپێی ئەم بیروڕایانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (میراودەلی) ئەم جۆرە سادەییە لە شیعردا پەسەند ناکات بۆیە بەسیفەتێکی هەمیشەیی و بەردەوامی شیعری دانەناوە، چونکە ئەگەر (ستراتیژیەتی شیعر) بەپێی بۆچوونی خۆی بریتی بێت لە (ناوەڕۆکێکی بەرز و شێوەیەکی هونەری بەرز)[154] ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری چاک بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو لایەنە دروست دەبێت، ئەمانە بەخاسیەتی هەمیشەیی شیعر دادەنێت، کەچی رووکردنە بەکارهێنانی زمانێکی ئاسان لە شیعردا جاری وا هەیە لە ئەنجامی بارودۆخێکی دیاریکراو و بەشێوەیەکی کاتی نەک هەمیشەیی دەبێت بۆیە شاعیر وەک (تاکتیک)ێکی شیعری رووەدەکاتە ئەم سادەییە و لە دواییدا دوای بەجێهێنانی ئەرکەکەی وازی لێ دەهێنێت، واتە لە شێوازە سادەکەی دوور دەکەوێتەوە.

سەرنجدانێکی ورد لەم بیروڕایانە، دەمانگەیێنە ئەو بڕوایەی کە (میراودەلی) هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی ئاشکرا مەبەستی خۆی لە بارەی سادەیی زمانی شیعر و ئاسانی شێوازەکەی -بەتایبەتی لە شیعری شۆڕشگێڕدا- دەرنەبڕێت و لەپەنای چەمکی (ستراتیژیەت) و (تاکتیک)ی شیعردا خۆی بشارێتەوە و بەرگری لە شتێک بکات هەر لە سەرەتاوە خۆی پێش هەموو کەس دەزانێت بەرگە ناگرێت بەرامبەر بەخاسیەتە چاک و هەمیشەییەکانی شیعر کە بە(ستراتیژیەتی شیعر)ی ناوبردووە. بۆیە بەڕای ئێمە لە شیعردا شتێک نییە پێی بگوترێ (تاکتیک) و لەژێر ئەم پەردەیەدا بیانوو بۆ لاوازی و کرچ و کاڵی شیعر بهێنرێتەوە. گوایە هەندێ جار بارودۆخێکی دیاریکراو شیعر ناچار دەکات واز لە هەندێ لەو شتانە بهێنێت کە لە سروشتی پێکهاتنی شیعری چاکدان.

153- سەرچاوەی پێشوو، ل١١، ١٢ .

154- سەرچاوەی پێشوو، ل١١

# باسی دووەم

## کێشی شیعر

- سەرەتایەک لەبارەی کێش
- گۆڕانی کێش
- کێشە بڵاوەکانی شیعر
- کەرت کردنی بڕگەکانی کێش

## سەرەتایەک لەبارەی کێش

کێش وەک یەکێک لە مەسەلە سەرەکییەکانی بنچینەی پێکهاتنی شیعر لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنیدا هەر لە کۆنەوە خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و گرنگی بەو پەیوەندییە پتەوە دراوە کە لەنێوان شیعر و کێشدا هەبووە و هەردووکیانی بەیەکتر بەستۆتەوە.

(ئەفلاتوون) لەو گفتوگۆیەدا کە لە بارەی مەسەلەی (ئیلهام)ەوە لە نێوان (سوکرات) و (ئەیۆن)دا دروست دەبێ هەستی بەو پەیوەندییە بەهێزە کردووە کە لە نێوان شیعر و مۆسیقادا هەبووە بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: «هەموو شاعیرەکان، چ شاعیرانی داستانەکان، یان شاعیرە لیریکییەکان بن، شیعرەکانیان لە رێگای ئیلهامەوە دادەنێن، هەروەک چۆن سەماکەرانی کۆریبانت(*) «Corybantes» کە سەما دەکەن ئاگایان لەخۆیان نییە، هەروەها شاعیرە لیریکەکان لەکاتی دانانی گۆرانییە جوانەکانیان ئاگایان لەخۆ نییە، بەڵکو کێش و مۆسیقا بەسەریاندا زاڵ دەبێ و ئیلهامیان پێ دەبەخشێ و بەرەو خۆیان رادەکێشێ.[1] راستە لێرەدا (ئەفلاتوون) کێش و مۆسیقای شیعر بە هێزێکی کاریگەر دادەنێت، بەڵام لەکتێبی دەیەمی کۆمارەکەیدا، لە باسی لاسایی کردنەوەدا، ئەو کاریگەرییەی کێشی شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی جۆرە ئەفسوونێک کە لە مەسەلەی کارتێکردن و تەئسیری شیعر بەسەر خەڵکدا رەنگ دەداتەوە بۆیە بەڕای (ئەفلاتوون) کە شاعیر شیعر دەڵێ بێ ئەوەی بشزانێت چی دەڵێ: «... ئەو ئەفسوونەی لەکێش و ریتمەکەدا هەیە وا دەکات وابزانرێت کە باسێکی لە بارەی سەرکردایەتی شەڕ... یان هەر بابەتێکی هونەری تر دەکات. جا ئەگەر ئەو قاڵبەت لە شیعرەکە داماڵی، بێگومان دەتوانیت دوای گۆڕانی بۆ پەخشان حەقیقەتەکەی ببینیت».[2] کەواتە (ئەفلاتوون)

(*) کۆریبانت: ئەو ئافرەتانەن کە بەئافرەتانی باخوسی خوای شەراب ناسراون و لە ژێر تەئسیری دیونیزیوس سەرمەست و شێتگیرو بێ ئاگادەبن، بە کورتی ئەمانە رەمزی حاڵەتی بێ هۆشی و بێ ئاگایی و سەرمەستین. بڕوانە: نصوص النقد الادبي، د. لويس عوض، الجزء الاول، دار المعارف بمصر، ١٩٦٥، ص ٤١٧ و ٤١٨.

١- نصوص النقد الادبي، د. لويس عوض، الجزء الاول، ص١٨و ١٩.

٢- جمهورية افلاطون، دراسة وترجمة الدكتور فؤاد زكريا، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤، ص٥٥٦.



بناغەی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان لە بوونی (کێش و ریتم)دا دەبینێت و بەخاسیەتێک لە خاسیەتە بنەڕەتییەکانی شیعری دادەنێت.

هەروەها (ئەرستۆ) لەسەر بناغەی کێش شیعر لە پەخشان جیا دەکاتەوە، بۆیە «شیعر بە پەخشان دادەنێت و ئەوە دەردەخات کە شیعر قسەیەکی کێشدارە وە هەر بەپێی ئەم بۆچوونە شیعر لە کێش جیاناکرێتەوە».[3]

ئینجا دوای ئەوەی (ئەرستۆ) هۆی سەرهەڵدانی شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو شتی سروشتی لای مرۆڤ کە ئەوانیش غەریزەی لاسایی کردنەوە و چێژ وەرگرتن لە لاسایی کردنەوەکەن باسی چۆنیەتی لەدایکبوونی شیعر دەکات و دەڵێ:

«لەبەر ئەوەی لاسایی کردنەوە وەک ئاواز و ریتم شتێکی سروشتییە لە ئێمەدا، بۆیە لە سەرەتادا ئەوانەی لە هەموو کەس زیاتر ئەو بەهرەیەیان هەبوو، ئەمانە بەرە بەرە پێشکەوتن و ئیرتیجالیان کرد و لەمەوە شیعر پەیدا بوو».[4] جگە لەمە (ئەرستۆ) باسی لایەنێکی گرنگی تری کێشی شیعر دەکات کاتێک پەیوەندی نێوان کێشی شیعر و ئەو بابەتانە دیاردەکات کە ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنن و لەم رووەوە جۆری ئەو کێشە دیاردەکات کە بۆ هەر بابەتێک دەست دەدات «تاقیکردنەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە کێشی پاڵەوانێتی بۆ داستانەکان چاکترین کێشە، وە ئەگەر یەکێک لە لاسایی کردنەوەی چیرۆکەکان کێشێکی تر یان چەند کێشێکی تری بەکار هێنا ناساز دەردەچێت، چونکە کێشی پاڵەوانێتی سەنگینترین و فراوانترین کێشە کە بەتەواوی لەگەڵ وشە غەریبەکان و خوازەکاندا دەگونجێ... هەرچی کێشی ئەیامبی(*) و کێشی چوارین (تروکی(**))یە ئەوا پڕە لە جووڵە: یەکێکیان بۆ سەماو ئەوی تریان بۆ کردەوە دەست دەدات، وە لە هەمووش

٣- اوزان الشعر الفارسي. دكتور پرويز ناتل خانلرى، ص٥.

٤- فن الشعر، ارسطو طاليس، ترجمه عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه عبدالرحمن بدوي، الطبعة الثانية، بيروت - لبنان، ١٩٧٣، ص١٣.

(*) کێشی ئەیامبی، وە یان شیعری ئەیامبی، ئەو شیعرەیە کە لەسەر دەریای رەجەزە. وشەی (ئەیامبوس) وشەیەکی گریکییە لە بارەی بنچینەکەیەوە هەندێک دەڵێن دەگەڕێتەوە بۆ ئاسیاو ئەرخیلوکوس بۆ یەکەمجار بەکاری هێناوەو ئەرستۆش دەڵێ: بۆیە کەمجار لای هۆمیروس بەکارهاتووە و ئەو لە هۆمیروسی وەرگرتووە. بڕوانە: نصوص النقد الادبى، الدكتور لويس عوض، ص ٢٧٤-٢٧٦.

(**) کێشی تروکی: کێشێکی کۆنەو زیاتر بۆ دراماو لیریک بەکاردەهات.

خراپتر ئەوەیە وەک خاریمون(*) ئەو کێشانە تێکەڵ یەکتر کەین». [٥] ئینجا دوای جیاکردنەوەی کێشەکان، بەپێی بابەتەکان و تایبەت کردنی هەر کێشێک بەبابەتێکی دیاریکراو ئەوە دەردەخات کە «سروشت خۆی ڕێگای ئەوەمان بۆ دیاردەکات چاکترین کێش هەڵبژێرین». [٦]

لای عەرەبیش لە سەرەتادا هەر لە ژێر تەئسیری بیروڕاکانی (ئەرستۆ)دا وە بەتایبەتی لای زانا موسڵمانەکان و بەشێک لە ڕەخنەگرە کۆنەکان، کە باسی شیعر کراوە، کێش بە مەرجێکی بنەڕەتی بنچینەی پێکهاتنی شیعر دانراوە و بەهیچ شێوەیەک لێی جیانەکراوەتەوە. [٧] ئینجا لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی هەروەک لە بیروڕای شاعیر و ڕەخنەگرانی عەرەبدا دەردەکەوێت، دەبینین مەسەلەی کێش لە شیعردا هەر ڕەچاو کراوە. (نازك الملائكة) کە یەکێکە لە ڕێبەرانی شیعری نوێی عەرەبی زۆر بە ئاشکرا و ڕاشکاوی داوای خۆبەستنەوەی شاعیری نوێ بە کێشەکانی شیعری کۆنی عەرەبی دەکات و دەڵێ: «ئێمە داوای ئەوە دەکەین لە هەر شازدە دەریاکانی شیعری عەرەبی بکۆڵرێتەوە و ئەو توانایەی دیاربکرێت کە دەتوانێت پێشکەش بەو شاعیرە نوێیەی بکات کە دەیەوێ بە سەربەستی تەعبیر لە ژیانی خۆی بکات». [٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شیعری نوێی عەرەبی وازی لە کێش نەهێناوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە داوایەکە بۆ بایەخدان بەکێشە کۆنەکانی شیعر، بەڵام بەشێوەیەکی نوێ و جیاواز بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەزموونە نوێیەکەی شاعیردا بگونجێت. هەر بەهەمان شێوە لای ڕەخنەگرانی عەرەبیش مەسەلەی بوونی کێش لە شیعردا هەر ڕەچاوکراوە و تەئکیدیان

---

(*) خاریمون: شاعیرێکە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی پێش زایینی ژیاوە، شانۆگەریەکانی زیاتر بۆ خوێندنەوە دەست دەدەن نەک بۆ نواندن. شێوازی نووسینیشی بەکارهێنانێکی زیاد لە پێویستی. خوازە و ڕازاندنەوە و ئارایشت کردنێکی زۆری بەسەردا زاڵە، بڕوانە: فن الشعر، ارسطو طاليس، ترجمة عبدالرحمن بدوي، ص٧.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ص٦٨.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ص ٦٨ .

٧- بڕوانە: نظرية الشعر عند الفلاسفة المسلمين (من كندي حتى ابن رشد)، د. الفت كمال الروبي، ص٢٣١-٢٦٥.

٨- قضايا الشعر المعاصر، نازك الملائكة، الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين، بيروت - لبنان، ١٩٧٨، ص٧٠.



لەسەر ئەوە کردووە کە شاعیرانی نوێ لە شیعردا دەستبەرداری کێش نەبوونە، بەڵکو دەستکارییان کردووە و گۆڕانیان بەسەردا هێناوە، چونکە «شیعری نوێ نە کێش و نە قافیەی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو ڕێگای بەخۆی داوە... گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان بەسەردا بهێنێت بۆ ئەوەی بواری دەربڕینی هەست و سۆزەکانی هەبێت کە قاڵبە کۆنەکە ئەم بوارەی بۆ نەدەڕەخساند». [٩] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیران لە تاقیکردنەوە نوێیەکەیاندا شێوەی بەکارهێنانە کۆنەکەی کێشیان گۆڕیوە و بەشێوەیەکی جیاواز و نوێ بەکاریان هێناوە. بۆیە هەر لەم ڕوانگەوە دەتوانرێ بگوترێ «شاعیرانی نوێ ئەو پێناسە کۆنەی شیعریان گۆڕی کە دەڵێ (شیعر قسەیەکی کێشدار و قافیەدارە) بۆ پێناسەیەکی تر کە دەڵێ: «شیعر دەربڕینێکی ماقووڵە، لەسەر کێشی خەلیلە(*)، بەڵام بێ خۆ بەستنەوە بەسیستەمی دوو دێڕ (شطرين)یان ژمارە چەسپاوەکانی پێیەکان (تفعيلات)...» چونکە هەستەکانی مرۆڤ لەوە فراوانترن خۆیان بەم قاڵبە چەسپاو و نەگۆڕانەی بابەتە شیعرییەکان ببەستنەوە». [١٠] واتە گۆڕانی سروشتی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعریان پێک دەهێنا و فراوانبوونی ئەزموونی شیعری شاعیری نوێ و ئاڵۆزبوون و تێکچڕژانی ژیان ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی قاڵبە کۆنەکەی شیعر دادی شاعیری نوێ نەدات بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە، بۆیە دەستکاریکردن و گۆڕانی کێش و مۆسیقای شیعریش وەک سەر ئەنجام هەر دەبوایە ڕوویدات، جا بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر کێشی شیعردا هاتووە «هەر کەسێک سەرنج بداتە شێوە تازەکانی پەرەسەندنی مۆسیقای شیعری هاوچەرخ دەتوانێ بەئاسانی سێ قۆناغی بۆ دیار بکات: قۆتاغی یەکەم، قۆناغی (بەیت)ی شیعرییە کە لە دوو دێڕی هاوتەریبی پێکهاتووە... قۆناغی دووەم، ئەو قۆناغەیە کە بنیاتی عەرووزی بەیتی شیعری تیادا هەڵوەشاوەتەوە و تەنها خۆی بەیەک دانەی مۆسیقی بەستۆتەوە ئەویش (تەفعیلە)یە... هەرچی قۆناغی سێیەمە، ئەوا قۆناغێکی بەرەو پێشچووی پێش خۆیەتی و دەتوانرێ بە قۆناغی (ڕستە)ی شیعری ناو ببرێت». [١١]

---

٩- الشعر العربي المعاصر قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، الدكتور عزالدين اسماعيل، الطبعة الثالثة، دار العودة ودار الثقافة، بيروت، ١٩٨١، ص٦٥.

(*) خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی (١٠٠ - ١٧٥ه) بە دانەری زانستی عەرووز دادەنرێت.

١٠- الشعر العراقي الحديث - مرحلة وتطور - الدكتور جلال الخياط، دار صادر - بيروت، ١٩٧٠، ص١١٧.

١١- الشعر العربي المعاصر قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، الدكتور عزالدين اسماعيل، ص٧٩.

ئەمانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە شیعر لە قۆناغە جیاجیاکانیدا نەک هەر پەیوەندی بەکێش نەپچڕاوە، بەڵکو بوونی کێش و مۆسیقا لە شیعردا بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شیعر دانراوە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعردا ئەویش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە شێوە کۆنەکە دەرچووە و بەشێوەیەکی جیاواز بەکارهاتووە.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بایەخی پێدراو لەلایەن شاعیر و رەخنەگرانەوە لێی کۆڵرایەوە، کێشی شیعر بوو، وە بەتایبەتیش شاعیران کە لە تاقیکردنەوە نوێیەکەیاندا زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە وەستان و بەوردی لێیان کۆڵییەوە و بەپێی پێویستییەکانی قۆناغە نوێیەکە گۆڕانکارییان بەسەردا هێنا و داهێنانەکانی خۆیان لە رووی جۆری بەکارهێنان و داڕشتنی قاڵبە نوێیەکەی شیعر ئەنجام دا.

پەیوەندی نێوان کێش و شیعر، کە پەیوەندییەکی بەناویەکدا چوو و پتەوە و هەروەک پێشتر باسیشمان کرد لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی میللەتە جیاجیاکاندا تەئکیدی لەسەر کراوە و لێک جیانەکراونەتەوە، دەبینین لای شاعیر و رەخنەگرانی کوردیش تەئکید لەسەر ئەو پەیوەندییە کراوە و زۆربەی زۆری ئەو بیروڕایانە لەم بارەیەوە باسی سروشتی ئەو پەیوەندییەیان کردووە و کێش وەیان مۆسیقایان بە یەکێک لە خاسیەتە سەرەکییەکانی پێکهاتنی شیعری کوردی داناوە و بەهۆیەکی سەرەکی جیاکردنەوەیان داناوە لە پەخشان. (شێخ نوری شێخ ساڵح) لەسەر بناغەی کێش و قافیە شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوە «ئاثاری ئەدەبییە بە ئیعتباری شکل بەدوو قسم جیا ئەکرێتەوە: ١- نەزم. - نەسر، نەزم بەو تەرزی بەیانە ئەڵێن ک موزەییەن بێ بە وەزن و قافیە، نەسریش بەو ئەسەرانە ئەڵێن کە موقەیەد نەبن بەقیودی وەزن و قافیە بەڵکو سادە و موافقی قاعیدەی نەحو تەرتیب کرابێ، لەم تەعریفەوە وا دەرئەکەوێ کە بەئاساری ئەدەبیە ئەڵێن مەنزومە و مەنسورە».(١٢) بەم جۆرە (شێخ نوری) بەرهەمە ئەدەبییەکان دابەش دەکاتە سەر شیعر و پەخشان و کێش و قافیە تایبەت بەشیعر دەکات و بە خاسیەتە بنەڕەتییەکانی شیعری دادەنێت، ئینجا درێژە بە قسەکانی دەدات و بە نموونەوە مەبەستی خۆی زیاتر روون دەکاتەوە کاتێک بەیتە شیعرێک بە دوو شێوەی جیاواز دادەڕێژێت. جارێکیان بە شێوەی پەخشان «ئەی جوان و شەبابی وەتەن تەجەدودی ئەمڕۆ و سبحەینێ بۆ تۆیە چونکە تۆ

١٢- ئەدەبیاتی کوردی، م. نوری، ر: ژیان، ژ: ٢٧، ٥-٨- ١٩٢٦، ل٢.



ئومێدی وەتەن و خادمی حەیاتی».(١٣) وە جارێکیشیان بەشێوەی شیعر: «سبحەینی ئەم تەجەدودە بۆ تۆیە ئەی شەباب؟ بۆتۆیە ئەی ئومێدی وەتەن و خادمی حەیات؟»(١٤) ئینجا لە دواییدا لە ئەنجامی بەراوردکردنی نێوان هەردووکیان ئەوە دەردەخات کە ئەوەی لە یەکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە یەکەمیان لەبەرئەوەی کێش و قافیەی نییە پەخشانە و دووەمیان لەبەر ئەوەی کێش و قافیەی هەیە دەچێتە خانەی شیعرەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (شێخ نوری) کێش و قافیەی کردۆتە بناغەی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و بوونی کێش و قافیەی بە مەرجی سەرەکی پێکهاتنی شیعر داناوە.

هەروەها (گۆران) دوای ئەوەی شیعر و پەخشان بەدوو جۆرە سەرەکییەکەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەنێت، دێتە سەر باسکردنی کێش و قافیە و لە پوختەی قسەکانیدا بۆمان دەردەکەوێت کە کێش و قافیە پێویستییەکی گرنگ و بنەڕەتین لە پێویستییەکانی شیعر و بناغەی جیاکردنەوەی شیعریش لە پەخشان بە بوون یان نەبوونی کێش و قافیە، وە بەتایبەتیش کێش دەبەستێتەوە.

(گۆران) لە رووی تێگەیشتنێکی وردەوە باسی سروشتی پێکهاتنی شیعر دەکات و بە دوور و درێژی لەسەر مەسەلەی کێشی شیعر دەوەستێت و لەم رووەوە کێش بەمەرجێکی سەرەکی بنیاتنانی شیعر دادەنێت، ئەگەرچی بە تەنها مەرجێکیشی دانەنێت «مەرجی هەڵبەست، تەنیا (کێش و قافیە) نییە، بەڵام هەبوونی مۆسیقایەکی رەوان (جۆرە کێش و قافیەیەک) بە تایبەتی (کێش) هەرە گرنگی پێویستییەکانی هەڵبەستە».(١٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (گۆران) لە رۆڵی گرنگی کێش گەیشتووە وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتنی شیعر، بەڵام بەشێوەیەکی رووت و دوور لە بنەماکانی تری پێکهاتنی شیعری باس نەکردووە، چونکە ئەگەر تەنها مەسەلەکە کێش و قافیە بوایە ئەوا لەم حاڵەتەدا تەنها بوونی ئەم دوو بنەمایە، واتە کێش و قافیە، لەهەر بەرهەمێکدا بەس بوو بۆ ئەوەی بەرهەمەکە بخاتە خانەی شیعرەوە.(*) کەچی دەبینین بەرهەمێکی وەک فەرهەنگی (ئەحمەدی) ئەگەرچی کێش و قافیەشی هەیە، کەچی بەشیعری دانەناوە

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢.
١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢.
١٥- هەڵبەست - کێش و قافیە -، گۆران، ر: ژین، ژ: ١٧ ساڵی ١، ٧-٤-٩٧١، ل٧.
(*) گۆران زاراوەی (هەڵبەست) بۆ شیعرو (هۆنراو) بۆ (نظم) بەکاردەهێنێت.

«پێشینان ناونیشانی هەڵبەستیان بەکێش و قافیە هەڵداوە، وە وتوویانە (هەڵبەست ئەو قسانەیە کە کێش و قافیەیان هەیە) بەم پێیە ئەبێ فەرهەنگە عەرەبییە کوردییەکەی (ئەحمەدی)ش:

رأس: سەرە، عين: چاوە، بەدەن: قالّب، اسم: ناوە - بە هەڵبەست دابنرێ ئاشکرایە ئەوە قسەی هۆنراوەیە، نەک هەڵبەستی راستەقینە، هەڵبەستی راستەقینە سەرەڕای هۆنراوەی وشەکان دەبێ واتاکەشی پەتی نەبێ لە گەوهەرەکانی هونەر. (ئەندێشە، خەیاڵ، بیر، هەست.)[١٦] کەواتە (گۆران) وەک دانەیێکی یەکگرتوو تەماشای شیعر دەکات و بناغەی بنیاتنانی شیعر بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو رەگەزانە دەبەستێتەوە کە بەرهەمەکەی لێ پێکدێت و بەهیچ شێوەیەک کێش و قافیە لە بنەماکانی تر جیاناکاتەوە، چونکە لێک جیاکردنەوەی ئەم بنەمایانە و بەستنەوەی شیعر تەنها بەکێش و قافیە سروشتی راستەقینەی پێکهاتنی شیعر دیار ناکات کە تەنها بەیەکگرتنێکی پتەوی هەموو بنەماکان دەردەکەوێت، بۆیە تەنها وەرگرتنی کێش و قافیە رواڵەتی دەرەوەی شیعرەکە دەگرێتەوە، لەبەرئەوە (گۆران) لە بارەی بەستنەوەی شیعر تەنها بە کێش و قافیە و جیاکردنەوەی لە بنەماکانی تر دەڵێ: «پێشینان لە دانانی تەعریفی لای سەرەوەدا تەنیا سەرنجیان لە دیمەنی دەرەوەی هەڵبەست لە قالّبەکەی داوە، ئەگینا قسەی هۆنراوەی بێبەش لە هەوێنی گەوهەرەکانی هونەر تەنیا لەبەر ئەوەی کێش و قافیەی هەیە، هەرگیز بەهەڵبەست دانانرێ».[١٧] چونکە ئەو بەرهەمەی تەنها بنەمای کێش و قافیە لە بەرچاو دەگرێت و بنەماکانی تر فەرامۆش دەکات، (گۆران) ناو لەو بەرهەمانە دەنێت (هۆنراو) واتە (نظم) نەک شیعر.

ئینجا کە دێتە سەر باسکردنی شیعر و پەخشان، کێش و قافیە دەکاتە بناغەی جیاکردنەوەیان و دەڵێ: «هەروەها قسەیەکی پەخشانیش هەرچەند پڕبێ لە هەوێنی هونەری بە مەرجێک کێش و قافیەی نەبێ یان فراوانتر بدوێین بێبەش بێ لە جۆرێک ئاهەنگ و مۆسیقای تایبەتی ئەو قسەیەش پێی ناوترێ هەڵبەست».[١٨] دوای ئەوە درێژە بەقسەکانی دەدات و مەبەستەکەی زیاتر روون دەکاتەوە کاتێک بەیتە شیعرێکی (نالی)

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١.

١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١ و٧.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیخاتە قالّبی ئەم پەخشانەوە: «یار نووستبوو لە ژوور سەریا هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا... بای هەناسەم زوڵفە رەشەکانی... لە رووی رووناکی لادا... بەڵام داخەکەم! چاوە مەستەکانی نەکردەوە... ئەوەندە بێ ناو چاوبووم... لەگەڵ ئەوەی کزەبای بەیان هەڵی کرد و تاریکییە خەستەکەی شەوی تەران، کەچی دوو نێرگزە جوانەکەی ئەو هەر نەگەشایەوە.».[١٩] ئینجا مەبەستی خۆی لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە دیاردەخات کاتێک دەڵێ: «ئەگەر (نالی) هەر بەم جۆرە بیخستایە سەر کاغەز، پێی ئەوترا بەرهەمی وێژەیی یان پارچەیەک پەخشانی جوان، چونکە لە هەموو جۆرەکانی هەوێنی هونەردا بەشدارە: بیری ورد خەیاڵی جوان، وێنە و نیگاری رەنگین... هتد. بەڵام هەرگیز هەڵبەستی پێ نەئەوترا تا بەم جۆرەی لای خوارەوە لە کێش و قافیەیەکی تایبەتیدا نەی هۆنیایەوە: «هەناسەم زوڵفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی) (نەسیم ئەنگوت و شەو رابورد دوو نێرگس هەر لەخەودابوو».[٢٠] لەم قسانەی (گۆران)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر هاتوو هەموو ئەو بنەمایانەی لە بەرچاو گرتبوو کە هەست و سۆز و بیر و خەیاڵ دەگرێتەوە و زۆربەی ئەو بنەمایانە پێک دەهێنێت کە شیعری لەسەر بنیات دەنرێ و تەنها لە بنەمای کێش و قافیە، وە بەتایبەتیش لە بنەمای (کێش) بێبەش بوو، ئەوا بە شیعر دانانرێت. بۆیە لە کۆتایی قسەکانیدا لە بارەی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان کێشی تایبەت کرد بەبناغەی ئەم جیاکردنەوەیە، دیارە بەهۆی بوونی (سجع) لە پەخشاندا کە بەرامبەر بەجۆرە قافیەیەک دەوەستێت لە شیعردا، هەستی بەوە کردووە ئەمە تا رادەیەک جۆرە بەیەکچوونێک لە نێوان شیعر و پەخشاندا دروست دەکات، بۆیە لە کۆتاییدا هەست بەوە دەکەین زیاتر تەئکیدی لەسەر کێش کردووە بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و لەم رووەوە گوتوویەتی: «مەرجی هەڵبەست، تەنها (کێش و قافیە)نییە، بەڵام هەبوونی مۆسیقایەکی رەوان (جۆرە کێش و قافیەیەک) بەتایبەتی (کێش) هەرە گرنگی پێویستییەکانی هەڵبەستە».[٢١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (گۆران) ئەگەرچی لە سەرەتادا لە رایە گشتییەکەیدا کە باسی جیاوازی نێوان شیعر و پەخشانی کردبوو بوون یان نەبوونی کێش و قافیەی بە بناغەی جیاکردنەوەیانی دانا، بەڵام

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

له کۆتاییدا زیاتر لەسەر کێش وەستاوە و کردوویەتی بەبناغەی جیاکردنەوەکە.

کەواتە بەکورتی دەتوانین بڵێین لە پوختەی بیروڕاکانی (گۆران)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەلایەکەوە کاتێک باسی سروشتی پێکهاتنی شیعر دەکات تەنها بە بنەمای کێش و قافیەی نابەستێتەوە بەڵکو چەند بنەمایەکی تری وەک هەست و سۆز و بیرو خەیاڵ لە بەرچاو دەگرێت بۆ ئەوەی لە (نظم) کە بە (هۆنراو)ی ناودەبات جیابکاتەوە کە تەنها پشت بەبوونی کێش و قافیە دەبەستێت و بنەماکانی تری تێدا فەرامۆش دەکرێت، وە لەلایەکی تریشەوە کە باسی شیعر و پەخشان دەکات بوون یان نەبوونی کێش و قافیە، وە بەتایبەتی کێش، دەکاتە بناغەی جیاکردنەوەیان.

(ڕەفیق حیلمی) ئەویش هەمدیسان لەسەر بناغەی کێش و قافیە باسی شیعر و پەخشان دەکات و بەدوو بەشە سەرەکییەکەی ئەدەبی دادەنێت «ئەدەب لە بنیاتا دوو بەش، وە یا دوو لقە، هۆنراوە و پەخش (نەزم و نەسر)».[(٢٢)] ئینجا لە درێژەی قسەکانیدا ئەوە دەردەخات کە مەرجی بنیاتنانی شیعر کێش و قافیەیە «... ئەگەر هاتوو (وەزن و قافیە)ی بوو پێی ئەڵێین نەزم».[(٢٣)]

هەروەها (عەلائەدین سەجادی) هیچ بەرهەمێکی نووسراو بەشیعر دانانێت ئەگەر ئەو بەرهەمە بێبەش بوو لە کێش، جا گرنگ نییە ئەو کێشە کێشی عەرووز یا کێشی پەنجە بێت، گرنگ ئەوەیە کێشی تێدابێت «... ئەگەر هۆنراوێک خاڵی بێ لەو پەردە رواڵەتییە کە عەرووزە بۆ هەندێ هۆنراو، وەیا ژمارەی پەنجە و سەروایە بۆ هەندێکی تر، ئەوە لە هۆنراوی دەرچوو!.».[(٢٤)]

هەندێ جار لە روانگەی بۆچوونێکی هەڵەوە وازانراوە شیعری نوێ کە هەندێ جار بە (شیعری ئازاد) و هەندێ جاریش بە (شیعری سەربەست) ناونراوە، ئەو شیعرەیە کە تەواو لە کێش و قافیە دوور کەوتۆتەوە و وازی لێهێناون، بۆیە (محەمەد سدیق عارف) کە باسی کێش و قافیەی شیعری نوێ دەکات ئەو بۆچوونە راست دەکاتەوە کە بە هەڵە لەم بارەیەوە شیعری نوێیان بەو شیعرە داناوە کە هیچ جۆرە کێش و قافیەیەکی تێدا نەبێت و

---

٢٢- شیعر و نووسینی کوردی، ڕەفیق حیلمی، گ: شەفەق، ژ: ٤، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٥٨، ل٢و٣.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢٤- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٣٢٩.



دەڵێ: «تا ئێستاش زۆر لەوانەی دوورەپەرێز وەستاون لە هۆنراوەی نوێ، وا ئەزانن مەبەست لە خۆڕزگارکردن لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە، واز لێ هێنانیانە بە تەواوی!! بێگومان ئەمانە بە هەڵەچوون، چونکە لەبارەی وەزنەوە، هۆنراوەی نوێش هەر لەسەر ئەو (بەحر)انە ئەوترێ کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دائەڕێژرێ، بەڵام تەنها هێندە هەیە کە شاعیری نوێ بە ئارەزووی خۆی یاری بەو (بەحرانە) ئەکا و هەڵیان ئەسووڕێنێ.».[(٢٥)] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری نوێ وازی لە کێش نەهێناوە، بەڵکو کێش بەیەکێک لە بنەما گرنگەکانی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی داناوە، بەڵام پەیڕەوی هەمان بەکارهێنانە کۆنەکەی نەکردووە، بەڵکو گۆڕانی بەسەر داهێناوە و شێوە و قاڵبێکی نوێی لێ دروست کردووە. ئینجا کە هاتۆتە سەر باسکردنی سروشتی پێکهاتنی شیعر تەنها کێش و قافیەی بە بنچینەی پێکهاتنی شیعر دانەناوە، بەڵکو بە بنەماکانی تری شیعری بەستۆتەوە و هەمووی بەیەکەوە کردۆتە بناغەی پێکهاتنی شیعر، چونکە کە باسی فەرهەنگی (ئەحمەدی) دەکات سەرباری ئەو بەکارهێنانە راست و دروستەی کێش و قافیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمەکەی بە شیعر لە قەڵەم نەداوە «ئەوەی راستی بێ، وەزن و قافیە دران بە هۆنراوە بۆ ئەوەی ئاوازێکی کاریگەری تایبەتی بەنێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە، وە نەبێ تەنها (وەزن و قافیە)بن ئەو ئاوازە بدەن بە هۆنراوە، وەیا بەجۆرێکی تری بڵێین: وە نەبێ هەموو قسەیەکی بە وەزن و قافیە هۆنراوە بێ».[(٢٦)] ئینجا بۆ سەلماندنی راستی بۆچوونەکەی ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە و دەڵێ: «سەیری ئەم دوو دێڕە کەن: (عین) چاوە، (حاجب) برۆ (رأس) سەرە، (ركبة) ئەژنۆ. لێرەدا لە (وەزن و قافیە)دا هیچ کەموکورییەک نابینرێ لەگەڵ ئەوەشا ناشێ پێی بوترێ هۆنراوە. بۆچی؟... چونکە وشک و پەتییە، یانی نە هەستێکی بەجۆش، یا لێ وردبوونەوەیەکی قووڵ یا سەرنجێکی تیژ، وەیا وێنە و دیمەنێکی تەڕ و تامداری تیا نابینین. ئەو باسەی لێی ئەدوێ، هۆنراوە لێی بێ بەرییە، کەوابوو ئاواز و لێدان بە تەنها لە (وەزن و قافیە)دا نییە، بەڵکو لە چۆنیەتی هۆنینەوەی هۆنراوەکەشایە».[(٢٧)] لێرەدا مەبەستی نووسەر ئاشکرایە کە شیعر تەنها لە کێش و قافیە پێک نایەت، بەڵکو کۆمەڵە بنەمایەکی تر هەن پێویستە لە شیعردا

---

٢٥- کامەران و هۆنراوەی نوێ، محمد صدیق عارف، ل٥٤.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥ و٥٦.

ڕەچاوبکرێن وەک هەست و سۆز و بیری تیژ و خەیاڵ و وێنەی هونەری و... تد، شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەم بیروڕایانەی (محمد صدیق عارف) تەواو لەگەڵ بیروڕاکانی (گۆران)دا یەک دەگرێتەوە لە بارەی سروشتی پێکهاتنی شیعرەوە و زۆرجار بەیەکچوونێکی کتومت لە نێوانیاندا دەبینرێت چ لە ڕووی جۆری باسکردنی بابەتەکە و چ لە ڕووی هێنانەوەی نموونە.

هەروەها (عەزیز گەردی) هەر لە ڕوانگەی ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵەوە کە شیعری نوێ بەو شیعرە دادەنێت کە کێش و قافیەی نییە باسی بنچینەی پێکهاتنی شیعر دەکات و بەپێی بوونی بنەماکانی کێش و قافیە لە پاڵ بنەما شیعرییەکانی تر سروشتی پێکهاتنی شیعر دیاردەکات و بەپێی ئەم بنەمایانە لە پەخشانی جیادەکاتەوە و دەڵێ: «... ئەو هۆنراوەیەی کە پێی ئەڵێن (هۆنراوەی ئازاد) یا (هۆنراوەی سەربەست) ناوەکەی پڕ بەپێستی خۆی نییە، چونکە هۆنراوە ئەگەرچی گوزارشتدانەوەیەکی ڕاستەقینەیە لە ویژدان و لەو سۆزەی کە لە دڵی هۆشەردا پەیدا ئەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا دەبێ لەکاتی دەربڕینا هەندێ نیشانە و دروشم جۆرە ساز و ئاوازێکی هەر تیا بمێنێ کە لە پەخشان دایبڕێنێ چونکە ئەگەر هۆنراوە لە هەموو شتێ ئازاد بکرێ -لە کێش و سەروا و دارشتنی هونەرییەوە- مانای وایە ئەبن بە پارچەیەک پەخشان».[٢٨]

سەرنجدانێکی ورد لەم بیروڕایانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەم بیروڕایانە تەئکیدیان لەسەر گرنگی بوونی کێش و قافیە، وە بەتایبەتیش کێش لە شیعردا کردووە و بە پێویستییەکی گرنگ لە پێویستییەکانی شیعریان داناوە و بناغەی جیاکردنەوەی شیعر و پەخشانیشیان بەستۆتەوە بەم بنەمایانە، بەڵام هەندێ جاریش دەبینین لە جیاتی ئەمە مۆسیقای شیعریان کردۆتە بنچینەی دەستنیشانکردنی خاسیەتەکانی پێکهاتنی شیعر و بەمەرجی سەرەکی بنیاتنانی شیعریان داناوە.

لێرەدا پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین کە باسکردنی کێشی شیعر لە باسکردنی مۆسیقای شیعر جیاناکرێتەوە، چونکە ئەگەر بەوردی تەماشای کێش بکەین دەبینین هەر خۆی لە خۆیدا مۆسیقای شیعریش دەگرێتەوە و لێی جیاناکرێتەوە وە بەتایبەتیش «ئەگەر زانیمان کێش زانستی مۆسیقای شیعرە و بەپێی ئەوە هەر بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەک بە

٢٨- هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، عەزیز گەردی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٥ ساڵی دووەم، ٢٤-٧-١٩٧١، ل٣.



مۆسیقای کۆدەکاتەوە، ئەو پەیوەندییەش خۆی لەلایەنی دەنگدا دەنوێنێت».[٢٩] بۆیە دەنگیش لە مۆسیقای شیعردا ئەو ڕۆڵە کاریگەرە دەگێڕێت چونکە «مۆسیقا پشت دەبەستێت بە دابەشکردنی ڕستەکان بەسەر چەند بڕگەیەکی کورت و درێژی جیاواز، وەیان چەند دانەیەکی دەنگی دیاریکراو لەسەر ڕەوتێکی دیاریکراو بێ گوێدانە سەرەتاوە یان کۆتایی وشەکان. هەروەها بەگوێرەی عەرووز، هەر بەیتە شیعرێک دابەش دەکرێت بۆ چەند دانەیەکی دەنگی دیاریکراو وەیان چەند بڕگەیەکی دەنگی کە بەپێ (تەفعیلە) دەناسرێت بە چاوپۆشین لە سەرەتاوە یان کۆتایی وشەکان».[٣٠] وە لەبەر ئەوەی زمانی هەر میللەتێک خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە شیعریش لای هەر میللەتێک سیستەمێکی مۆسیقی دیاریکراوی هەیە کە بەپێی خاسیەتە دەنگییە تایبەتییەکانی ئەو زمانە دیاردەکرێت.

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە (گۆران) لە بارەی مۆسیقای شیعرەوە چەند بیروڕایەکی گرنگی هەیە. یەکێک لەو بیروڕایانەی ئەوەیە کە مۆسیقای شیعر هەر بەپێی ئەو خاسیەتە تایبەتییانەی لە زمانی هەر میللەتێکدا هەیە لە سروشتی زمانی میللەتەکە خۆیەوە دروست دەبێت بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ: «لە هەموو زمانەکانی گەلانی دنیادا هەڵبەست هەیە، وە هەڵبەستی هەر زمانەش بەپێی تایبەتییەکانی (خصائص)ی خۆی جۆرە مۆسیقایەکی جیاواز لە مۆسیقاکانی پەخشانی هەیە».[٣١] لێرەدا (گۆران) لە ڕووی باری سەرنجێکی وردەوە دوای ئەوەی ئاماژە بۆ جیاوازی مۆسیقای شیعر و پەخشان دەکات، باسی ئەو سیستەمە مۆسیقییە دەکات کە بناغەی کێشی شیعر لای هەر میللەتێک دیاردەکات «ئەو مۆسیقایەی هەڵبەست بە عەرەبی (وەزن)ی پێ ئەڵێن وە ئێمە لە کوردی تازەدا وشەی (کێش)مان بۆ داناوە ئەگەر بێتو چاو بەکێشی هەڵبەستی زمانە پێشکەوتووەکانی کۆن و تازەی دنیادا بگێڕین، ئەبینین چی لەناو گەلانی ڕۆژهەڵات و چی لەناو گەلانی ڕۆژئاوادا کێشی هەڵبەست (لە ڕێکخستنی قسە پەیدا بووە لەسەر بنەڕەتی دەستە دەستە کردنی دەنگەکانی، بەدانانی شوێنی پشوودان، لە ناوەندی هەموو ریزە

٢٩- علم العروض والقافية، د. عبدالعزيز عتيق، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت ١٩٧٤، ص١٢.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ص١٢.

٣١- لە هەڵبەستا -کێش-، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ١٨، ساڵی یەکەم، ١٥-٤-١٩٧١، ل١.

رستەیەکدا) ئەم دەنگە دەستە دەستە کراوانە لە عەرەبیدا (تەفعیلە) و لە زمانەکانی ڕۆژئاوادا (پێ)یان پێ ئەڵێن». [٣٢] ئینجا هەر لە روانگەی باسکردنی سیستەمە مۆسیقییەکەوە دێتە سەرباسکردنی کێش لای کورد و دەڵێ: «کورد بە جۆرێکی ڕێکەوتی و ناو گەلی (عفوي و شعبي) نزیک کەوتۆتەوە لە دۆزینەوەی زاراوە (اصطلاح) ڕۆژئاواییەکە، لە کاتێکدا کە جۆرێک لە جۆرەکانی هەڵپەڕکێی ناو ناوە (سێ پێ یی) ئەم دەستە قسانە، کە لەمەوپاش (پێی هەڵبەست)یان پێ ئەڵێین لەسەر بنەڕەتی بڕگەکانی دەنگ ڕێکخراون، بەڵام هەر زمانە بەپێی تایبەتییەکانی (خصائص) و جیاوازییەکی خۆی لە ژماردن و پێوان و ریزکردنی بڕگەی دەنگدا ڕێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی گرتووە». [٣٣]
ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کێشی شیعری کوردی بەپێی خاسیەتە بەیەکچوو و هاوبەشەکانی لەگەڵ زمانانی (ڕۆژئاوا) لەو زمانانە نزیک دەبێتەوە و لەسەر هەمان بناغە دروست دەبێت، کەچی هەر بەپێی جیاوازی ئەو خاسیەتانەی کە لە زمانی کوردیدا هەیە لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی عەرەبی، لە کێش و مۆسیقای عەرەبی دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش ڕاستییەکی گرنگ لە بارەی جۆری دروستبوونی کێشی شیعری کوردی دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە کێشە رەسەنەکەی شیعری کوردی، واتە کێشی بڕگە، وەیان وەک هەندێک پێی دەڵێن: کێشی پەنجە، تەنها پشت بەژمارەی بڕگەکان دەبەستێت بێ ئەوەی گوێ بداتە کورتی و درێژی بڕگەکان. کەچی کێشی عەرووز لەپاڵ ڕەچاوکردنی ژمارەی بڕگەکان پشت دەبەستێت بەکورتی و درێژی بڕگەکانیش. (گۆران) بۆ تەئکید کردن لەسەر ئەم ڕاستییە دەڵێ: «لە هەڵبەستی تازەی زمانی کوردیدا، دوو ڕێچکەی جیاوازی کێش هەیە: ڕێچکەی یەکەم: ئەو بوێژانە لەسەری ئەڕۆن کە پەیڕەوی بوێژە کۆنەکانمان ئەکەن کە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە لە ڕێگای وێژەی فارسییەوە هەندێ دەریایان لە کێشی عەرووزی عەرەبییەوە وەرگرتووە، کێشی عەرووزی عەرەبی ڕۆژهەڵاتناسەکان، وە زاناکانی عەرەب وەک یەکگرتوو وان لەوەدا کە لە بنەڕەتا لەسەر حیسابی چەند بڕگە - واتە درێژی و کورتییەکەی دروست بووە... ڕێچکەی دووەم: ڕێچکەی بوێژە تازەکانەوە لەسەر بنەڕەتی ژمارەی بڕگە ئەڕوا». [٣٤]

---

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١.

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١.

٣٤- کێشی هەڵبەست لە زمانی کوردیدا، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ١٩، ٢٢-٤-١٩٧١، ل١.



پشت بەستنی کێشی بڕگەی نەتەوەیی بەژمارەی بڕگەکان نەک کورتی و درێژییان پێش (گۆران) لای (شێخ نوری)ش هەستی پێدەکرێ ئەگەر بەشێوەیەکی روون و ئاشکراش ئەوەی دەستنیشان نەکردبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە باسی کێشی بڕگەیی (وەزنی هیجائی) دەکات و مەرجی دروستبوونی ئەم کێشە بەبوونی ژمارەی یەکسانی بڕگەکان لە دێڕی یەکەم و دووەمی شیعردا دەبەستێتەوە و تەنها ژمارەی بڕگەکان دەکاتە بناغەی دروستبوونی کێشەکە، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە گوێی بەکورتی و درێژی بڕگەکان نەداوە و تەنها ژمارەی بڕگەکانی لەبەر چاوگرتووە هەروەک لەم پێناسەیەیدا دەردەکەوێت کە بۆ کێشی بڕگەی کردووە «وەزنی هیجائی بە عیبارەتێکی موسەلسەل ئەڵێن کە خرابێتە شکلێکی مەوزوونەوە وەقتێ کە پارچەکانمان جیاکردەوە عەدەدی هیجای مسرەعی ئەوەڵ لەگەڵ عەدەدی هیجای مسرەعی سانیدا (ثانی) مساوی و بەقەدەر یەک بن کەوا بوو موافقی وەزنی هیجایی لە مسرەعێکدا چەند هیجابێ لازم ئەکا لە مسرەعەکەی تریشدا ئەوەندە هیجا بێ». [٣٥]

دوای ئەمە دەبینین دیارکردنی ئەم خاسیەتە گرنگەی کێشی بڕگەیی، واتە پشت بەستنی بە ژمارەی بڕگەکان نەک کورتی و درێژییان لای زۆربەی ئەو شاعیر و رەخنەگرانە تەئکیدی لەسەرکراوە کە باسی کێشی شیعری کوردییان کردووە. [٣٦]

لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە بیروڕاکان کێش و قافیەیان بە بنچینەی بنیاتنانی شیعر داناوە، دەبینین (د. مارف خەزنەدار) مۆسیقا بە بڕبڕەی پشتی شیعر دادەنێت، بۆیە مەرجی سەرەکی بنیاتنانی شیعر بە کێش و قافیە نابەستێتەوە، بەڵکو دەیگەڕێنێتەوە بۆ بوونی مۆسیقای شیعر، لەبەر ئەوە بۆ ئەوە دەچێت کە ئەگەر کێش و قافیەش لە شیعردا نەبێ، بەڵام مۆسیقای هەبێ ئەمە کار ناکاتە سەر سروشتی پێکهاتنی شیعر بۆیە لە رووی ئەم باری سەرنجەوە تەئکید لەسەر ئەم ڕاستییە دەکات کاتێک دەڵێ: «وشە پاش ئەوەی

---

٣٥- ادبیات کوردی، م. نوری، ڕ: ژیان، ژ: ٢٨، ١٢-٨-١٩٢٦، ل٣.

٣٦- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: نرخ شناسی، علاءالدین سجادی، ل١٠٢ و کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، کانوونی دووهەمی ١٩٧١، ل٣ و سەرەتایەک دەربارەی (کێش) لە هەڵبەستی کوردیدا، عەبدوڵڵا تاهیر عومەر پشدەری، گ: سروە، ژ: ٣٩، ساڵی پێنجەم، رەزبەری ١٣٦٨ک (١٩٨٠م)، ل٢٢ و هەڵبەستی کوردی لە نێوان عەرووز و پەنجەدا، کامیل ژیر، گ: کاروان، ژ: ٧٢، ساڵی حەوتەم، شوباتی ١٩٨٩، ل٢٨ و ٢٩ و شەپۆلەکانی شیعری کوردی، وریا عمر امین، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦ ساڵی ١٩٩٠، ل٤٨.

ئەخرێتە رستەییێکەوە، یاخود رستەییێکی لێ دروست ئەکرێ، وە ئەو رستەیەش وتەیە ئەو کاتە مانابیێکی تایبەتی ئەگەیێنی، جا ئەگەر رێکخستنی ئەم وشانە چەشنە وەستایی و تام و مۆسیقاییێکی تایبەتی تیابوو لەگەڵ بیرێکی رێک و خەیاڵێکی جوان من بەشیعری دائەنێم با وەزن و قافیەشی نەبێ». [٣٧] ئینجا وەک روونکردنەوەیەک بۆ رایەکەی پێشووی درێژە بەقسەکانی دەدات و ئەوە دەردەخات کە مەبەستی رەتکردنەوەی کێش و قافیە نییە لە شیعردا کە شێوەکەی بەرجەستە دەکەن، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ئەوە بڵێ کە جەوهەری شیعر مۆسیقایە بۆیە بوون یان نەبوونی کێش و قافیە کار لە خاسیەتی شیعری بەرهەمەکە ناکات بەڵکو تەنها شێوەکەی دەگرێتەوە. بۆیە بۆ تەئکیدکردن لەسەر ئەم رایە دەڵێ: «ئەوەش ئەوە ناگەیێنێ کە شیعر نابێ وەزن و قافیەی ببێ، یاخود ئەگەر وەزن و قافیەی بوو نابێ بگۆڕێ، نا ئەوە نییە بەڵکو بوونی وەزن و قافیە و نەبوونی و گۆڕانی ئەمانە هەمووی شێوەی داڕشتنی شیعرن.». [٣٨] ئەمەش راستییەکی گرنگ لە بارەی شیعرەوە دیاردەکات ئەویش ئەوەیە کە بوونی خودی شیعر بەستراوەتەوە بەبوونی مۆسیقاوە، نەک کێش و قافیە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە گۆڕانی کێش و قافیە، گۆڕانێکە تەنها قاڵب و شێوەی شیعرەکە دەگرێتەوە و بەهیچ جۆرێک کار ناکاتە سەر خاسیەتی شیعری بەرهەمەکە، بەڵکو بەپێی گۆڕانەکان شێوەی جیاواز وەردەگرێت ئینجا لەسەر بناغەی رەچاوکردنی چەند بنەمایەکەوە و لەناو ئەمانەش (مۆسیقا) شیعر لە جۆرەکانی تری ئەدەب جیا دەکاتەوە «بەپێی ئەم بیروباوەڕە بۆمان دەرئەکەوێ کە وەزن و قافیە مەرج نییە بۆ شیعر، بەڵکو تەنها بیر و خەیاڵ و رێکخستنی وشە و مۆسیقا شیعر لە جۆرەکانی تری ئەدەب جیا ئەکاتەوە». [٣٩] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاکردنەوەی شیعر لە جۆرەکانی تری ئەدەب ئەگەر کێش و قافیە نەبێ، بێگومان لە پاڵ بنەماکانی تری شیعر، ئەوا مۆسیقای شیعرە.

هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (ساجد ئاوارە) باسی مۆسیقای شیعر دەکات و بۆ ئەوە دەچێت کە بنچینەی بنیاتنانی شیعر مۆسیقایە بۆیە ئەگەر شاعیر ناچاریش بوو هەندێ جار واز لە کێش و قافیە بهێنێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک رێگای ئەوەی پێ نادرێ

٣٧- دیوانی سەلام، پێشەکییەکەی لە نووسینی: معروف خەزنەدار، ل٢٤.

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤ و٢٥.



مۆسیقای شیعرەکە لەبەر چاو نەگرێت، چونکە هەر بەرهەمێک بێبەش بوو لە کێش و قافیە و مۆسیقاشی تێدا نەبوو بەشیعر لەقەڵەم نادرێ، بۆیە لەم رووەوە مۆسیقا بە مەرجی هەرە پێویستی شیعر دادەنێت و دەڵێ: «وە لێرەش مەبەست ئەوە نییە کە شاعیر بە تەواوی دەست لە وەزن و قافیە هەڵگرێت نەء ئەبێ هەڵبەستی نوێ چەشنە داڕشتن و لەرە و مۆسیقایەکی تایبەتی ببێ، ئەبێ شاعیری ئەمڕۆ کە هاتە سەر نووسینی (شیعر) هەموو هۆش و هەستی بخاتە سەر ئەو ئامانجەی خۆی بۆ ئامادەکردووە و ئیتر بەبێ خەفەت قافیە لە پێناوی مانادا بشێلێ، تەنانەت هەندێ جار بۆی هەیە قیروسیا لە کێشیش بکات! بەڵام هەرگیز رێگای ئەوەی نادرێتێ نووسینەکەی مۆسیقای نەمێنێ». [٤٠]

ئەگەر لەناو ئەدەبی کوردیدا بە وردی سەرنج بدەینە ئەو هەڵوێستە رەخنەییەی تەئکیدی لەسەر ئەو پەیوەندییە کردووە کە کێش و مۆسیقای بە شیعر بەستۆتەوە ئینجا بیروڕای چەند شاعیرێکی سەر بە چەند نەوەیەکی شیعری جیاواز وەربگرین لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە هەر بەتەواوی راستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیران و رەخنەگرانی کورد بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شیعری کوردی پێیان لەسەر گرنگی کێش و مۆسیقای شیعر داگرتووە و بە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی بنچینەی پێکهاتنی شیعریان داناوە، پێشتر بینیمان چۆن (شێخ نوری شێخ ساڵح) و (گۆران) لە وتارە رەخنەییەکانیاندا لەسەر بناغەی کێش و قافیە و بەتایبەتیش (گۆران) لەسەر بناغەی کێش، شیعریان لە پەخشان جیاکردۆتەوە و کێش و قافیەیان بەبنچینەی پێکهاتنی شیعر داناوە. هەروەها (قانیع)ی شاعیر هەڵوێستێکی توندوتیژ بەرامبەر بەو شاعیرانە دەنوێنێت کە لە شیعر داناندا پەیڕەوی کێش و قافیە ناکەن و لێی لادەدەن و هۆی خۆ نەبەستنەوەی شاعیرانی نوێ بەکێش و قافیە دەگەڕێنێتەوە بۆ بێ توانایی شیعری شاعیر بۆیە رووی دەمیان تێدەکا و دەڵێ: «لاوەکانم شیعر ئەگەر لە نووسین جیانەبووایە و قافیە و وەزنی پێویست نەبایە ناوێکی تایبەتی وەرنەئەگرت وە پێیان نەئەوت شیعر هەر پێی ئەوترا وتار. یا شاعیر هێندە کەم نەئەبوو هەروەکو ئێستە هەموو خوێندەوارێک شاعیر ئەبوو، ئەڵبەتە زانینێک و تێگەیشتنێکی ئەوێ بەڵێ ئێوە راست ئەکەن و حەقتانە

٤٠- ئەدەبی نوێی کورد، ساجد ئاوارە، ڕ: ژین، ژ: ١٦٩٣، ١٣-٩-١٩٦٢، ل ٤و ٥ هەروەها بڕوانە: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، ئاوارە، ل١٥.

قینتتان بێت لە هۆنراوەی کۆن چۆن ئەو هەموو ڕێکی و پێکی و ئەم سەر و ئەوسەر وەک یەک بوونە لەتافەت و نکتە بۆ هەموو کەسێ ناکرێت».[٤١] هەروەها (هێمن)ی شاعیر کێش بە مەرجی سەرەکی بنچینەی بنیاتنانی شیعر دادەنێت و هیچ نووسینێکی بێ کێش ناخاتە خانەی شیعرەوە «من قسەی بێ کێش با زۆر قووڵ و جوانیش بێ بە شیعر نازانم، شیعر دەبێ کێشی هەبێ تا لە پەخشان جودا بکرێتەوە».[٤٢] هەروەها (هەردی) تەئکید لەسەر گرنگی کێش لە شیعردا دەکات و بەخاسیەتی سەرەکی شیعری دادەنێت و بوونی شیعر بەبوونی کێش دەبەستێتەوە و دەڵێ: «بەڵام ئەو نووسینانەی هیچ جۆرە کێشێکیان تیا بەکار نەهێنراوە ناکرێ بە شیعر دابنرێن».[٤٣] (کامەران موکری) ئەویش دیسان سەبارەت بەشیعری نوێ کە بە (هۆنراوەی سەربەست)ی ناودەبات تەئکید لەسەر ئەو ڕاستییە دەکات کە ئەم جۆرە شیعرە بەهەڵە وا دەزانرێ بێ کێشە، وەنەبێ ئەویش کێشی تایبەتی خۆی هەیە «ئینجا هۆنراوەی سەربەست، خۆ وەنەبێ پەخشان بێ وەک نەشارەزایان تێی گەیشتوون، ئەمیش هەرچەندە سەربەستە هەر ڕێ و شوێنی خۆی هەیە و هەر تێکەڵ بە دەریا تایبەتییەکانی هۆنراوە ئەبێتەوە و شارەزایی زۆری ئەوێت».[٤٤] کەواتە هەروەک لەم قسانەدا دەردەکەوێت (کامەران) بەهۆی کێشەوە شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوە و کێش وەک خاسیەتێکی بنچینەیی شیعر دادەنێت، بۆیە لە شوێنێکی تردا بۆ دانانی سنوورێک لە نێوان شیعر و پەخشان، کێش تایبەت دەکات بەشیعر و دەیکاتە مەرجی جیاکردنەوەیان بۆیە دەڵێ: «بەڵام ئەوەی کە پێویستی بەزانینە ئەوەیە کە ئەبێ سنوورێ هەبێ بۆ هۆنراوە بۆ ئەوەی لە پەخشان جیابکرێتەوە، چونکە ئەگەر هاتوو ئەو سنوورە نەما ئەوا ئەم دوو بەشەی وێژە تێکەڵ ئەبن بەیەکتری و لە یەکتر جیاناکرێنەوە، وە ئەو سنوورەش تەنیا کێشە».[٤٥]، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بزانین کە (کامەران) ئەگەرچی داوای پەیڕەویکردنی کێش لە شیعردا دەکات، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا تەئکید

٤١- بە هۆی هەتاوی پرشنگ زێڕینەوە، قانیع، گ: هەتاو، ژ: ١١٥، س: ٤، ٣٠-١١-١٩٥٧، ل٣.

٤٢- ئەزموونی شاعیریم، هێمن، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ١٠، کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، ل٥.

٤٣- تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی: کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی شەشەم، ئامادەکردنی سەلاح شوان، گ: بەیان، ژ: ٨٣، تشرینی یەکەم ١٩٨٢، ل٩١.

٤٤- لەگەڵ (کامەران)دا، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٦، ٢-٥-١٩٧٠، ل٤.

٤٥- خۆشەویست، ئەرخەوان، چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی، ١٩٧٢، پێشەکییەکەی بەپێنووسی کامەران موکری، ل٥.



لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە قاڵبی کێش گۆڕانکاری تێدا بکرێت و بەشێوەی جیاواز و هەمە جۆر بەکاربهێنرێت بەشێوەیەک ببێتە هۆی ئەوەی شاعیر ئەو قاڵبە چەسپاوانە بشکێنێت و داهێنانەکانی خۆی لە ئەنجامی بەکارهێنانە جیاوازەکانی کێشی شیعرەوە ئەنجام بدات «کێشیش ئەگەرچی وتمان بنچینەی هۆنراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە وەک چۆن بووە هەر وابێ وەیان وەک چۆن هەیە هەروا بمێنێتەوە، ئەگونجێ کێش پارچە پارچە بکرێ، وە لە هەندێ شوێندا چەند پارچەیەکی لێ لابرێ و لە چەند شوێنێکی تردا چەند پارچەیەکی بدرێتە دەم، بەڵام ئەبێ ئەم کارە نەبێ بەهۆی ون بوونی بنچینەی کێشەکە، چونکە ئەگەر هاتوو وای لێ بەسەرهات ئەوا ئەبێ بەپەخشان».[٤٦] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بنچینەی پێکهاتنی شیعر و جیاکردنەوەی لە پەخشان کێشە.

(ئەنوەر قادر جاف) بوونی شیعر بەبوونی کێش دەبەستێتەوە و مردنی شیعر لە نەمانی کێشدا دەبینێت و دەڵێ: «ئاشکرایە تائێستەش نەتوانراوە خۆ لە کێش ئازاد بکرێت، چونکە ئەو خۆ ئازادکردنە مردنە نەک ئازادی».[٤٧]

لای (عەبدولڕەزاق بیمار) مەرجی خۆ بەستنەوەی شاعیر بەکێش پێویستییەکە ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێت و بەکارێکی ناچاری دادەنێت و دەڵێ: «جا هەڵبەست چار نییە دەبێ کێشی هەبێت، کێشەکەش دەبێ لەسەر بناغەی هاوئاهەنگی و ترپە دامەزرابێت و، لە خوێندنەوەدا ئاواز و هەوایەکی تایبەتی مۆسیقا هەست پێ بکرێت، هەر بۆیەشە سەرجەمی کێشی هەڵبەست بە مۆسیقای هەڵبەست ناودەبرێت».[٤٨] هەروەها (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) بنچینەی بنیاتنانی شیعر دەبەستێتەوە بە بوونی کێش و بەتوندی دژی ئەوە دەوەستێت کە کێش لە شیعردا فەرامۆش بکرێت، چونکە پشتگوێ خستنی کێش لە شیعردا دەبێتە هۆی ونبوونی خاسیەتی شیعری خودی شیعرەکە و سروشتی پێکهاتنەکەی دەگۆڕێت و لە خانەی شیعری دەباتە دەرەوە، بۆیە بەتوندی پێ لەسەر بوونی کێش لە شیعردا دەگرێ و دەڵێ: «بەڕای من فەرامۆش کردنی کێش لە شیعردا (تازە یان کۆن) ئەو بەرهەمە ئەدەبییە لە ژێر مەداری شیعردا لا دەبا و ناچێتە ژێر خانەی شیعرەوە جا ئیتر چی

٤٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

٤٧- کاتێ شاعیر ئەیەوێ فۆرمێکی تازە بۆ هۆنراوەکانی بدۆزێتەوە، ئەنوەر قادر محەمەد، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٧٦، ١٨- ١٩٧٥/٧/٢٥، ل٣.

٤٨- کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار، چاپخانەی دار الحریة، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٩٢، ل١٠.

ناوەنێن ناوی بنێن» .[٤٩] ئەگەرچی بەڵگە نەویستە کە شیعری کلاسیکی هەمیشە پەیڕەوی کێش و قافیەی کردووە، بەڵام دیارە لێرەدا شاعیر کە ئاماژە بۆ شیعری (کۆن و نوێ) دەکات دەیەوێ ئەوە بڵێت کە شیعر بەگشتی هەر لەکۆنەوە تا ئێستا بنچینەی بنیاتنانی بەستراوەتەوە بە بوونی کێش و هەر بەرهەمێکی نووسراو کێشی نەبێ بەشیعر دانانرێ.

یەکگرتنەوە و ڕێککەوتنی ئەم شاعیرانە، کە سەر بە نەوەی شیعری جیاوازن، لەسەر گرنگی بوونی کێش یا مۆسیقا لە شیعردا، ڕاستییەکی گرنگ دەخاتە روو ئەویش ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شیعری کوردی تەئکید لەسەر گرنگی کێش و مۆسیقای شیعر کراوە و بەیەکێک لە پێویستییە بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی شیعر دانراوە، داواکردنی شاعیران و ڕەخنەگرانیش بۆ گۆڕانی کێشی شیعر بەهیچ شێوەیەک بە مانای وازهێنان و ڕەتکردنەوەی کێش لە شیعری کوردیدا نەهاتووە، بەڵکو بە مەبەستی گۆڕانی شێوەی بەکارهێنانە کۆنەکەی کێش هاتووە، بۆ ئەوەی شێوەی بەکارهێنانێکی نوێ وەربگرێت تا شاعیری نوێ بتوانێت لەم ڕێگایەوە گوزارشت لە ئەزموونە شیعرییە نوێیەکەی بکات.

### - گۆڕانی کێش

گۆڕانی کێشی شیعری کوردی، یەکێک بوو لەو مەسەلە گرنگانەی لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی هاتە پێشەوە و لەلایەن شاعیر و ڕەخنەگرانی کوردەوە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە. جا ئەو گۆڕانەی شاعیرانی کورد لە تاقیکردنەوە نوێیەکەیاندا بەسەر کێشی شیعریان داهێنا، گۆڕانی کێش بوو لە کێشی عەرووزییەوە بۆ کێشی برگەیی، وە یان وەک هەندێک پێی دەڵێن کێشی پەنجە.

پێش ئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد کێشی عەرووز بەکاربهێنن، کورد کێشی برگەیی بەکارهێناوە کە کێشێکی کۆنی ڕەسەنی کوردییە و لەناو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا بەکارهاتووە، ئەمە جگە لەو کەلەپوورەی لە کتێبە ئاینییە کۆنەکان پێکهاتووە و تیایدا

٤٩- تاوێک لەگەڵ فەرەیدون عەبدول بەرزنجی - شاعیر و گفتوگۆیەکی هێمن دەربارەی شیعری ئەمڕۆی کوردی، ئامادەکردنی هەمیدادی حوسێن، ڕ: هاوکاری، ژ: ٩٢٤، ١٩-١١-١٩٨٧، ل٦، هەروەها بڕوانە: هۆنراوەی ئازادی کوردی دەرکەوتن و خۆگرتنی، فەرەیدون عەبدول، مجلة آفاق جامعیة (ئاسۆی زانکۆیی)، العدد ٣٠، ١٩٨١، ل٨٩.



بەکارهاتووە. هەرچی کێشی عەرووزە ئەوا لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە و لەلایەن شاعیرانی کوردەوە پەیڕەو کراوە. جا زۆربەی ئەو رایانەی باس لە مێژووی بەکارهێنانی کێشی عەرووز لە شیعری کوردیدا دەکەن لەوەدا یەک دەگرنەوە کە کێشی عەرووز دوای هاتنی ئایینی ئیسلام هاتۆتە ناو شیعری کوردییەوە بەتایبەتی «دوای فراوانبوونی فتوحاتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کە میللەتان باوەڕیان بەم ئایینە هێنا و خەڵکەکە رووی کردە زمانی عەرەبی کە زمانی ئایین و سوننەت بوو بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە شارەزایی لە ئایینە نوێیەکەیان پەیدا بکەن. ئەوەبوو شارەزای زانستە عەرەبییەکان بوون و یەکێک لەو زانستانە نیزامی شیعری عەرەبی بوو... کە کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر شیعری نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان و کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانە» .[٥٠] هەروەها (عەزیز گەردی) کێشی عەرووز بەیەکێک لەو شتانە دادەنێت کە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام کورد لە عەرەبی وەرگرتووە «بێگومان عەرووز زانیارییەکە، تایبەت بە عەرەب، بەڵام لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی کورد و عەرەب و پەرەسەندنی ئایینی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی لەناو کوردا پاڵی بە زاناکانەوە نا بۆ فێربوونی زمانی (ئایین) ئیتر ئەمەیان وای کرد کە کورد بۆ ماوەیێکی زۆر خزمەتی زمانی عەرەبی بکات و خەرمانی بیر و ژیری خۆی بخاتە سەر زمانی عەرەبی، بەمەوە هەندێ مۆری ئەو دوو زمانە تێکەڵ بوون و هەندێ شتیان لەیەک وەرگرت، عەرووزیش یەکێک بوو لەو شتانەی کە کورد لە عەرەبی وەرگرت و ماوەیەکی زۆر دەستە و دامێنی بوو بەری نەئەدا» .[٥١] هەرچی (د. وریا عومەر ئەمین)ە ئەوا هۆی هاتنی کێشی عەرووز بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی دەبەستێتەوە بەو سەرچاوە ڕۆشنبیرییەی کە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لەناو کورددا دروست بوو بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: «کوردیش وەک میللەتانی تری ئیسلامی کەوتە ژێر کاریگەری زمان و ڕۆشنبیری عەرەب و میللەتەکانی دەوروبەری کە ئەمانیش هەر ئیسلامین، خوێندەوار و شاعیر بەزۆری مەلا بوون، مەلاش خوێندنی بە عەرەبی بوو سەرچاوەی ڕۆشنبیری زمان و ئەدەبی عەرەبی و میللەتە دراوسێیەکانی بوو. بۆیە شتێکی سروشتییە لە شیعر دانانا پێڕەوی قاڵبەکانی عەرەبی بکەن» .[٥٢]

٥٠- المدخل لدراسة الادب الكردي، تحسين ابراهيم الدوسكي، الجزء الاول، ص ٨٠.
٥١- کێش لە شیعری کوردیدا، عەزیز گەردی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٣٦، ٩-١٠-١٩٧١، ل٦.
٥٢- شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عمرامین، گ: ڕۆشنبیری نوێ: ژ: ١٢٦، ساڵی ١٩٩٠، ل٥٤.

دوای خستنە رووی ئەم چەند بیروڕایە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بیروڕایانە هەموویان بەڵگەی ئەوەن کە هاتنی کێشی عەرووز بۆ ناو شیعری کوردی ئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتییە بوو کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئایین و ڕۆشنبیری ئیسلامییەوە هاتۆتە ناو شیعری کوردی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کێشی عەرووز شتێکە تایبەت نییە بەسروشتی خودی خاسیەتە نەتەوایەتییەکانی شیعرە خۆماڵییەکە، بەڵکو شتێکە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا هاتۆتە ناو شیعری کوردییەوە، بۆیە گۆڕان و نەمانی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی پێشتر کێشی عەرووزی هێنابووە ناو ئەدەبی کوردی، شتێکی ئاسایی بوو ببێتە هۆی نەمانی ئەم کێشە و گۆڕانی کێشی شیعر لە کێشی عەرووزەوە بۆ کێشی بڕگەیی، کە ئەوەش لەگەڵ دەست پێکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەستی پێکرد.

(شێخ نوری شێخ ساڵح) کە باسی کێشی بڕگەیی دەکات، لە پوختەی قسەکانیدا ئەوە دەردەکەوێت کە داوای گەڕاندنەوە و بایەخدان بەکێشی بڕگەیی دەکات و بەکارهێنانی ئەم کێشە نەتەوەییە بە پێویستییەک لە پێویستییەکانی شیعری سەردەمە نوێیەکەی خۆی دادەنێت. دوای ئەوەی بەوردی دەست لەسەر ئەو هۆیانە دادەنێت کە وای کردووە شاعیرانی کورد پەیڕەوی کێشی عەرووز بکەن. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات لەبەرچی لە بارەی کێشی بڕگەییەوە دەڵێ: «ئەم نەوعە وەزنە لە هەموو مەنزوومەی ئەلسینەی غەربیەدا ئیستعمال ئەکرێ و لە کوردیشدا کراوە، لە زبانی کوردیشدا ئێستاش هەرچەند لازم بوو کە صرفی ئەم وەزنە ریوایەت بکرایە فەقەت لەبەر ئینقلاباتی تەئریخی قەومی کورد دائیمەن مەدەنیەتی عەرەب و عەجەمی تەقلید کردووە و... بەتوولی زەمان تەحەولاتێکیان داوە بە ئسلووب و ئاهەنگی زبانەکەی خۆیان، لەبەر ئەم جهەتانە شاعیرەکانمان وەزنی هیجایان تەرک و وەزنی عەرووزیان ئیستعمال کردووە».(٥٣) لەم قسانەدا پێویستە سەرنج بۆ شتێکی گرنگ رابکێشین ئەویش ئەوەیە کە (شێخ نوری) پێی لەسەر راستییەکی گرنگ داگرتووە ئەویش ئەوەیە کە کێشی بڕگە کێشێکی کوردی رەسەنەو پێش کێشی عەرووز کورد بەکاری هێناوە و ئەگەر لە ئەنجامی بارودۆخێکی دیاریکراوەوەش ماوەیەک وازی لێ هێنابێت، ئەوا پێویستە دووبارە بەپێی پێداویستییەکانی قۆناغە نوێیەکە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و بایەخی پێبدرێت.

٥٣- ادبیاتی کوردی، م. نوری، ڕ: ژیان، ژ: ٢٨، ساڵی ١، ١٢-٨-١٩٢٦، ل٤.



(گۆران) یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی گۆڕانی کێشی شیعر لای شاعیرانی نوێی کورد لە کێشی عەرووزییەوە بۆ کێشی بڕگەیی دەگەڕێنێتەوە بۆ تەئسیر و کارتێکردنی ئەدەبی نوێی تورکی لەسەر شاعیرانی کورد و سوود وەرگرتنیان لەو تاقیکردنەوە نوێیەی شیعری تورکی بۆیە بۆ ئەوە دەچێت کە «هۆی گرتنی ئەم ڕێچکەیە لەلایەن بوێژە تازەکانەوە، بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، دەستێکی گەورەی تێدا هەیە، لە سەرەتای ئەم سەدەیەی ئێستاوە لەناو تورکە عوسمانییەکاندا جووڵانەوەی تورکاندنی (تتریک) هەموو دەزگا و رواڵەتەکانی کۆمەڵایەتی کەوتبووە گوڕسەندن، تێکۆشین هەتا بڵێی گەرم بوو بۆ گۆڕینی ئەلف و بێ و بۆ بژاردنی زمانی تورکی، بۆ بادانەوە لە هەڵبەستا لە کێش و عەرووزەوە بۆ ئەو کێشە تورکییە گەلانییە کە عوسمانییەکان خۆیان (کێشی پەنجە یان هیجا) یان پێ ئەوت».(٥٤) کەواتە بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی بەهێزترین هۆی گەڕانەوەی شاعیرانی نوێی تورک بوو بۆ سەر کێشە نەتەوایەتییەکەیان، هەر لەم روانگەیەوەش دەتوانین بڵێین شاعیرانی کوردیش کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و پتەویان بەئەدەبی نوێی تورکییەوە هەبوو ئاگاداری ئەم جموجۆڵە گەورەیەی شاعیرانی تورک بوون بۆیە ئەوانیش ئەگەرچی لە ژێر کارتێکردنی ئەدەبی نوێی تورکییەوە گەڕانەوە سەر بەکارهێنانی کێشی بڕگە، بەڵام ئەم وازهێنانەشیان لە کێشی عەرووز و گەڕانەوە بۆ سەر کێشە نەتەوایەتییەکە لە بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی شاعیرانی کورد جیاناکرێتەوە. ئەوەی راستی بێ (گۆران) هەر خۆشی ئاماژە بۆ ئەم راستییە دەکات کاتێک ئەم کارتێکردنەی شاعیرانی تورک لەسەر شاعیرانی کورد بەکارێکی سروشتی دادەنێت و دەڵێ: «ئەم تەقەڵا بەگوڕانە سروشتی بوو کە سەرنجی رۆشنبیرەکانی کوردی ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی رابکێشن، ئەمانیش هەر لەو سەردەمەوە ورده ورده کەوتنە بایەخدان بەم باری سەرنجە تازەیە بەرامبەر بە بەرژەوەندی نەتەوایەتی (مصالحی قومی) و ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی بوێژەکان لە ماوەی بۆ لوانیان بەسووری (گەرمی) دەستیان دایە چاوگێڕان بە شوێن کێشی تایبەتی نەتەوەیی کوردا، ئەمانە بۆ گەیشتنی زوو بەئامانج، لەلایەکەوە، فۆلکلۆرە رەنگینەکەی گەلی کورد بەگشتی، لەلایەکی ترەوە کێشە دە بڕگەییەکەی هەڵبەستی گۆڕانی (شێوەی زمانی گۆران) بە هونەرە بەرزە جوانەکەی مەولەوییەوە رێگای ئارەق رشتنی بۆ ئاسان کردن».(٥٥)

٥٤- کێشی هەڵبەست لە زمانی کوردیدا، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ١٩، ساڵی ١، ٢٢-٤-١٩٧١، ل١.
٥٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١و٨.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیرانی کورد لە تاقیکردنەوەکەیاندا بۆ نوێکردنەوەی کێشی شیعری کوردی گەڕانەوە بۆ کەرەستە خۆماڵییە رەسەنەکانی خۆیان و سوودیان لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبیاتی شێوەی گۆران وەرگرت و ئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو «... هەم چەند جۆرێکی کێشی نەتەوەیی رەسەن (اصیل) دۆزرایەوە هەم لە رێگای لێکدانی ئەوانەوە چەند جۆرێکی (تازە داهاتوویش) هێنرایە کایەوە». [٥٦] واتە شاعیرانی کورد کە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە خۆماڵییە کۆنە رەسەنەکان بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوە نوێیەکەیاندا پشتیان پێ ببەستن هەر بەوە نەوەستان کێشەکان بدۆزنەوە و بیگوازنەوە ناو تاقیکردنەوە نوێیەکەیان، بەڵکو هەوڵ و کۆششەکانیان بەردەوام بوو لە رووی بەکارهێنانی ئەم کێشانە بەشێوەی جیاواز تا لە ئەنجامدا کێشی نوێیان لێ دروست بکەن و کاری داهێنەرانەی خۆیان لەم بارەیەوە ئەنجام بدەن.

جگە لەمە هۆیەکی تری گەڕانەوەی شاعیرانی نوێی کورد بۆ سەر کێشی بڕگە لای (گۆران) دەگەڕێتەوە بۆ گونجانی ئەم جۆرە کێشە لەگەڵ زمانی کوردیدا، بۆیە لە بارەی تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆیدا سەبارەت بە بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی دەڵێ: «شیعرە تازەکان بەوەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەند شیعر دۆستەکانی کۆن بەخوێندنەوەی رانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە وە لەگەڵ خەسائسی زمانەکەمان چاتر رێک ئەکەوێ، بە پێویستم زانی، لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما، رۆژ بەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بەتەواوی، وەلام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵڵا کرد، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی روویدا». [٥٧] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (گۆران) هۆی سەرەکی وازهێنانی لە کێشی عەرووز دەگەڕێنێتەوە بۆ نەگونجانی ئەو کێشە لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی.

ئەوەی راستی بێ رێک نەکەوتنی کێشی عەرووز لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی پەتی لە زۆربەی بیروڕا رەخنەییەکانی شاعیران و رەخنەگراندا تەئکیدی لەسەر کراوە و بە یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی وازهێنان لە کێشی عەرووز و گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگە دادەنرێت.

(د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) لە بارەی گونجان و رێککەوتنی زمانی کوردی پەتی و

---

٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

٥٧- بەهەشت و یادگار، گۆران پێشەکییەکەی، ل١٢.



بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی دەڵێ: «کوردی پەتی خاسیەتی شیعر بەرەو ئاواز و ئیقاعی کوردی دەبات، لەبەرئەوە زیاتر بەکێشی خۆماڵی شیعری پێ دەخولقێ لەکاتێکدا کە زمانە تێکەڵەکە، خاسیەتی بۆ شیعری عەرووز دەستی دەدا». [٥٨] بەڵام دیسان ئەم زمانە تێکەڵەش کە زیاتر لەگەڵ کێشی عەرووزدا دەگونجێ، سەرباری بوونی ئەم جۆرە گونجانەش، هەمدیسان هەموو دەریاکانی کێشی عەرووز لە ناو شیعری کوردیدا نابینرێت، جا هۆی ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ رێک نەکەوتنیان لەگەڵ زمانی کوردی. بۆیە کە دێتە سەر باسکردنی شێوەی هونەری شیعری کلاسیکی کوردی دەڵێ: «لە رووی فۆڕم -شکل-ەوە شیعری کلاسیکی کوردی لەسەر عەرووزی عەرەبی ئەڕوا و گەلێک لە بەحرەکانی عەرووز کە چ یەکسەر لە رێگەی عەرەبییەوە یا لە رێگەی فارسییەوە هاتوونەتە شیعری کوردییەوە بەکار ئەهێنرێت، بەڵام ئەمانە هەموو بەحرەکانی عەرووزی عەرەبی نین، چونکە زۆر لەو بەحرانە لەگەڵ قاڵبی زمان و شیعری کوردیدا ناگونجێن». [٥٩] ئەم نەگونجانەی نێوان کێشی عەرووز و زمانی شیعری کوردی کە لە ئەنجامی جیاوازی خاسیەتەکانی زمانی کوردی لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی عەرەبیدا دروست بووە، بەهۆی ئەوەی کە کێشی عەرووز هەر لە بنچینەدا بەپێی خاسیەتەکانی زمانی عەرەبی دانراوە بۆیە لە بارەی ئەمەوە دەڵێ: «دوا را ئەوەیە کە عەرووزی کتومت لە کوردیدا نییە». [٦٠] جا بە هۆی نەبوونی ئەو عەرووزەش بەو شێوە کتومتە دەبوایە دەستکارییەکی چاکی قاڵبی کێشەکە بکرێت و پەنا ببرێتە بەر (زحافات و علل)، کە ئەمانە هەر خۆیان لە خۆیاندا لادانن لە قاڵبی کێشە بنچینەییەکانی عەرووز، دیارە ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەی سەلماندنی راستی ئەو بۆچوونەیە کە «زۆر زەحمەتە مەرجەکانی عەرووزی عەرەبی بەتەواوی لە شیعری کوردیدا بەجێ بهێنین (خبن و زحافات)یشی بۆ بەکاربێت، دەبێ لە رووی بزواندنی هەندی تیپەوە دەستکاری زمانەکە بکەین و زمانەکە بخەینە قاڵبی کێشەکەوە و بیشکێنین». [٦١]

---

٥٨- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ل٤٦.

٥٩- پرۆژەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی کوردی - ٢ -، دکتۆر عیزەدین مستەفا، ڕ: برایی، ژ: ٣٦، ساڵی یەکەم. ٣-٦-١٩٦٧، ل٢.

٦٠- شیعری کوردی ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، بەشی یەکەم، چاپخانەی الحوادث - بەغدا، ١٩٨٠، پەراوێزی ژمارە (٧٨)، ل١١٩.

٦١- شیعری تازەی کوردی، دکتور عیزەدین مستەفا ڕەسوول، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئادار ١٩٨٥، پەراوێزەکەی، ل٢٠٤.

هەروەها (هەردی) لەو لێکۆڵینەوانەدا کە تیایدا باسی کێشی شیعری کوردی دەکات، تەئکید لەسەر ئەو راستییە دەکات کە کێشی عەرووزی عەرەبی وەک خۆی و بەبێ دەستکاری کردن بۆ شیعری کوردی ناگونجێت، بۆیە وازی لە بەکارهێنانی هەندێک کێش هێناوە و دەستکاری ئەو کێشانەشی کردووە کە بەکاری هێناون، بۆیە لە بارەی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی کێشی عەرووزەوە دەڵێ: «بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە نەتەوەی کورد و فارس، بەبێ دەستکاری کردن ئەم کێشانەیان وەرگرتووە، بەڵکو بەپێی سروشتی زمانەکەیان، گەلێ کێشیان فرێ داوە... جگە لەوەی دەستکاری گەلێکیان کردووە». (٦٢) ئینجا لە شوێنێکی تردا مەسەلەی دەستکاریکردنی کێشی عەرووز لای شاعیرانی کورد بەشتێکی تازە دانانێت، بەڵکو تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە شیعری کوردی لە کۆنەوە بەتەواوی پەیڕەوی کێشی عەرووزی نەکردووە، بۆیە دەڵێ: «دەربارەی کێشی عەرووزیش لە شیعری کوردیدا من رام وایە کە زۆر گۆڕاوە و شیعری کوردی لە کۆنیشەوە لەسەر کێشە عەرووزییەکانی (خەلیل) نەڕۆیشتوون و بەپێی تایبەتێتی و باری زمانەکە گۆڕیویانە». (٦٣) هەروەها (عەزیز گەردی) لە رووی هەمان باری سەرنجەوە تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە کێشی عەرووز دەبێ بگۆڕێ تا بتوانرێ شیعرەکە بخرێتە قاڵبی کێشەکەوە و لەگەڵیدا بگونجێت. وە لەلایەکی تریشەوە تەواو لەگەڵ (هەردی)دا یەک دەگرێتەوە کە هەموو کێشەکانی عەرووز لە شیعری کوردیدا بەرچاو ناکەون و ئەوانەی بەکاریش دەهێنرێن دەستکاری کراون بۆیە بۆ تەئکیدکردن لەسەر نەگونجانی ئەم جۆرە کێشە لەگەڵ شیعری کوردی دەڵێ: «... هەر چۆن بێت کێشەکانی عەرەبی هەموو لە کوردیدانین وە ئەوەی هەش بێ گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، واتە هەنگاوەکانیان زیاد و کەم کراوە و گۆڕانی (مەبەست زحافاتە) زیاتریان بۆ دۆزراوەتەوە تا لەگەڵ عەرووزدا برۆن بەرێوە». (٦٤)

هەروەها (د. وریا عومەر ئەمین) بەپێی خاسیەتە تایبەتییەکانی کێشی رەسەنی شیعری کوردی، کە کێشی بڕگەیە و پشت بەژمارە نەک کورتی و درێژی بڕگە دەبەستێت،

٦٢- کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، خوولی دووەم، کانوونی دووهەمی ١٩٧١، ل٣.

٦٣- تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی: کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی سێیەم ئامادەکردنی سەلاح شوان، گ: بەیان، ژ: ٧٩، مایسی ١٩٨٢، ل٨٨.

٦٤- کێش لە شیعری کوردیدا – لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی و رەئووف عوسماندا–، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ:٣٧، ١٦-١٠- ١٩٧١، ل٧.



نەگونجانی کێشی عەرووز و رێک نەکەوتنی لەگەڵ شیعری کوردیدا لەو گۆڕانانەدا دەبینێت کە بەناچاری لە کاتی کێشانی شیعردا بە تەرازووی عەرووز دەبێ بەسەریدا بهێنرێت تا بخرێتە قاڵبی کێشەکەوە ئەمەش ئەو کاتە دەردەکەوێت کاتێک دەست لەسەر ئەو راستییە دادەنێت کە «لە کێشی شیعری خۆماڵیدا کورتی و درێژی بڕگە رەچاو ناکرێت کەچی لە عەرووزی عەرەبیدا ئەم لایەنە رەچاو دەکرێ، بەڵام بەڕادەیەکی زۆر لە رێی (زحاف و علل)ەوە رێ دراوە نەرمی پیشان بدرێ». (٦٥)

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە زۆربەی ئەو بیروڕایانەی باسی پەیڕەوکردنی کێشی عەرووزیان لە شیعری کوردیدا کردووە، دەبینین هەموویان پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە کێشی عەرووز وەک خۆی و بەبێ دەستکاریکردنی قاڵبە بنچینەییەکەی لە شیعری کوردیدا نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کێشی عەرووز هەر لە بناغەدا لەگەڵ شیعری کوردیدا نەگونجاوە و هەمیشە هەوڵدراوە لە رێگای گۆڕانی قاڵبە بنچینەییەکانی کێشەکەوە بە هۆی پشت بەستن بە (زحافات و علل)ەوە بە زۆری بەسەر شیعری کوردیدا بسەپێنرێت، ئەوەبوو لە ئەنجامدا بە هۆی هەستکردن بە کۆت و بەندی ئەم جۆرە بە زۆر سەپاندنە، کە لەگەڵ سروشتی شیعردا ناگونجێت، گۆڕانی کێشی شیعر وەک پێویستییەک لە پێویستییەکانی قۆناغە نوێیەکە هاتە پێشەوە و شوێنی خۆی گرت. (د. مارف خەزنەدار) لە روانگەی ئەو سەربەستییەی لە سروشتی شیعردا هەیە لە بارەی دوورکەوتنەوەی شاعیری نوێ لە کێشی عەرووز دەڵێ: «شاعیری نوێی کورد بەشیعرەکەیەوە بۆ ئەو سەربەستییە دەرچوو بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو کۆت و بەندانەی زانستی عەرووز دای نابوو و خستبوویە ملییەوە و تا ئەوپەڕی بەندێتی بەستبوویەوە، هەر لە رێگای ئەو سەبەرستییەوە شیعرەکانی خۆی بە داهێنان و ئیبداعەوە دەگوت». (٦٦) ئینجا هەر لە رووی پێداگرتنی لەسەر ئەو سەربەستییەی دەبێ لە شیعردا هەبێ و شاعیر بەهۆی خۆ بەستنەوەی بە کێش و قافیە لە دەستی دەدات و لە ئەنجامدا زیان بە پرۆسە ئیبداعییەکەی دەگەیەنێت و رێ لە دەربڕینی ئەزموونە راستەقینەکەی دەگرێت دەڵێ: «...جگە لەوەی یەکێتی وەزن و قافیەش ئەم شاعیرە بەند ئەکا بەوە کە بیری هەر لەلای

٦٥- شەپۆڵەکانی شیعری کوردی. وریا عمرامین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٤٨.

٦٦- الادب الكردي الحديث، معروف خزنەدار، جريدة اربيل (رۆژنامەی هەولێر) السنة الثانية، العدد ٩٢، ٢١-١٠-١٩٥٢، ص١.

وەزن و قافیەکە بێ بەمە ناتوانێ بیر و خەیاڵی راستەقینەی خۆی دەربڕێ». [٦٧]

هەر لە رووی ئەم بۆچوونەوە (کاکەی فەللاح) هەستی بەکۆت و بەندی قاڵبە کۆنەکەی کێشی شیعر کردووە کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سروشتە سەربەستەکەی شیعردا ناگونجێت و دەڵێ: «جاران شاعیری کلاسیکی پێش دانانی شیعرەکەی دەبوایە بیری لە قاڵبی کێشەکەی بکردایەتەوە و پێشەکی ئەو قاڵبەی ئامادە بکردایە، ئینجا بکەوتایەتە بەرهەم هۆنینەوە، بێگومان ئەم چەشنە خۆ ئامادەکردن و دەستنیشان کردنی کێشی دیاریکراوە خۆی لە خۆیدا جۆرە بەستنەوە و ملکەچی و بەندایەتییەک دەنوێنێت کە تەواو پێچەوانەی دنیای خەیاڵ و هەست و سۆز و بیری سەربەستانەی شاعیری هونەرمەندە». [٦٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەسەلەی بایەخدانی شاعیری کلاسیکی کورد بە قاڵبی کێشی شیعرەکە زۆرجار بە هۆی لەدەستدانی سەربەستی دەربڕینی ئەزموونە زاتییەکەی بە هۆی رەچاوکردنی شێوە هونەرییەکە و خۆ بەستنەوەی بە قاڵبی کێشەکە بۆتە هۆی قوربانیدان بە چەند لایەنێکی ئەو ئەزموونە. بۆیە (کاکەی فەللاح) لە بارەی وازهێنانی شاعیری نوێ لە کێشی عەرووز دەڵێ: «مەسەلەی بەکارهێنانی کێشی پەنجەیی و خۆڕزگارکردن لە عەرووز، لە رووی گۆڕینی مۆسیقا و سەربەستی شاعیر و دەربڕینی هەست و خواستەکانی شاعیرەوە بایەخێکی بنەڕەتی هەیە – ئەوە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی گەورەی مۆسیقا و کێشی شیعری کوردی بوو». [٦٩] لە راستیدا ئەم تێبینییە وردەی (کاکەی فەللاح) لە بارەی قوربانیدانی شاعیری کلاسیکی بەبەشێک لە ئەزموونە زاتییەکەی، ئەوە دەگەیەنێت کە لای شاعیری کلاسیکی بایەخدان بەشێوە هونەرییەکە پێش ناوەڕۆک دەکەوێت، بۆیە گۆڕانی ئەم تێڕوانینە لای شاعیری نوێی کورد دەتوانرێ بەهۆیەکی گرنگی تری دوورکەوتنەوە لە کێشی عەرووز و گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگە دابنرێت، هەروەها (عەزیز گەردی)یش هەر لە روانگەی گۆڕانی ئەم تێڕوانینەی شاعیرانی نوێ و بایەخدانی زیاتریان بە ناوەڕۆکی شیعر لایەنێکی گرنگی هۆی ئەم گۆڕانەی کێشی شیعر دیاردەکات و دەڵێ: «بەڵام شاعیرانی سەردەمی ئێستامان لە ئەنجامی سەرنجدانی وردیان لە دونیای شیعری بێگانە و تەقینەوەی بەگوڕیان و بایەخدانییان بەدەربڕینی هەست زیاتر لە

---

٦٧- دیوانی سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا، ١٩٥٨، پێشەکییەکەی بە پێنووسی معروف خزنەدار، ل٢٥.

٦٨- کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل٣٥ و ٣٦.

٦٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.



رازاندنەوە و پەیڕەوکردنی قاڵبی دەرەوە هەستیان بەمەکرد کە خۆ بەستنەوە بە ژمارەیەکی نەگۆڕاو لە هەنگاوەکانی دێڕێکا لەسەر دووڕییانێکی بێ دەرەتانیان رائەگرێ ئەبێ مل بنێن بەیەکێ لەم دوو رێچکەی کە لە بەردەمیانە یا ئەوەتا شاعیر ناچارە هەڵاخنین (حشو) بخاتە هۆنراوە، یا ئەوەتە داوی هەستەکە بەناتەواوی ئەبڕێ و ئەیپەڕچێنێتەوە ناو یەک.». [٧٠] لێرەدا دەبینین لە رووی بۆچوونێکی وردەوە لەو بنچینەیە کۆڵراوەتەوە کە بناغەی کێشی لەسەر دامەزراوە و هۆی گۆڕانی کێشی شیعر و گەڕانەوەی شاعیرانی کورد بۆ سەر کێشی بڕگەیی بەوە دیارکراوە کە ئەنجامی خۆ بەستنەوەی شاعیر بەقاڵبە کۆنەکەی شیعر، شاعیر ناچار دەکات بەپێی پێویستییەکانی قاڵبە هونەرییەکە دەستکاری ناوەڕۆک بکات، بێ ئەوەی ئەم پێویستییە لە سروشتی ناوەڕۆکەکە خۆیەوە هاتبێ، بۆیە زۆرجار بۆ بەجێهێنانی مەرجەکانی قاڵبە هونەرییەکە، ئەو ناوەڕۆکە شتی بۆ زیادکراوە و درێژکراوەتەوە وەیان شتی لێ فڕێ دراوە و کورت کراوەتەوە بێ ئەوەی ئەم درێژکردنەوە یان کورت کردنەوەیە پەیوەندی بەخودی ناوەڕۆکەکەوە هەبێت، ئەمەش دیارە چ تەئسیرێکی خراپ دەکاتە سەر دەربڕینی ناوەڕۆکی ئەزموونە شیعرییەکە «... چونکە دوور نییە ئەو هەستەی شاعیر ئەیەوێ دەری ببڕێ بەدوو هەنگاو یا سێ هەنگاو کۆتایی بێت ئیتر بۆچی ناچاربکرێ کە هەر شەش یا هەشت هەنگاوەکە پڕ بکاتەوە؟ هەروەها ئەشێ کە هەستەکە زۆر بێت و هەموو هەنگاوەکانی دێڕەکە نەتوانن بە تەواوی بیخەنەڕوو لێرەشا دەمی مەقەست بۆ بڕینی داوی هەستەکە و هەڵپاچین و قەشاویش کردنی پوکلەی کێشەکە ئەکەوێتە کار». [٧١] واتە لێرەدا بەپێی ئەم رایە ژمارەی هەنگاوەکان (تەفعیلەکان) بڕی ئەو هەست و سۆز و بیر و خەیاڵەی شاعیر دەیەوێ دەریان ببڕێت دیار دەکات و بە ئارەزووی خۆی بەپێی پێویستییەکانی نەک هەر رێی گوزارشتکردن یان گوزارشت نەکردنیان لێدەگرت بەڵکو بەپێی پێویستییەکانی خۆی دەستکارییان دەکات و کورت و درێژیان دەکاتەوە بێ ئەوەی رادەی کارتێکردنی سەلبی ئەم کارە لەسەر چڕی و پڕی ناوەڕۆکەکە لە بەرچاو بگرێت، بۆیە «... ئیتر ناچار شاعیرانی نوێ پشتیان کردە (دێڕ) و (هەنگاو)یان کرد بە بنەڕەتی کێشی هۆنراوە و گوێ نەدانە وەکیەکی ژمارەی هەنگاوەکانی لە تاکە دێڕێکا بەڵکو بەپێی باری دەروونی خۆیەوە و ئەندازەی هەستی هەڵقوڵاوی دێڕی

---

٧٠- کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردیدا، عەزیز گەردی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٢٤، ٨-٧-١٩٧٢، ل٣.

٧١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

هۆنراوە کورت و درێژ ئەکات، هەناسە رائەگرێ و درێژی ئەکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر هۆنراوەکە هەستی راستەقینەی نەشێویێنراوی شاعیر پیشان بدا».[٧٢] هەروەها (رەفیق سابیر) لە رووی هەمان باری سەرنجەوە لە بارەی قوربانیدانی شاعیری کلاسیک بە ناوەڕۆک و بایەخدانی بەدابینکردنی مەرجە هونەرییەکانی قاڵبی شیعرەوە دەڵێ: «بۆیە شاعیری کۆن مولزەم بووە بەوەوە تۆسقاڵێک لە کێش و قافیە لانادات و زۆرجار تەنانەت قوربانی بەهەندێ لە ناوەڕۆکی شیعرەکە بدات و وشە و رستەی زیاد بێنێ یان وشە داتاشێ هەر بۆ ئەوەی لەنگەری کێشەکەی بگرێ یان قافیەکەی جووت بکا».[٧٣]

کەواتە ئەم بیرورایانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانی تێڕوانینی شاعیری کورد لە بایەخدانی بەشێوەی هونەری شیعرەوە بۆ بایەخدانی زیاتر بە ناوەڕۆکی شیعر، هۆیەکی تری دوورکەوتنەوەی شاعیرانی نوێی کورد بوو لە کێشی عەرووز و گەڕانەوەی بۆ سەر کێشی بڕگە، بەڵام لێرەدا نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە گۆڕانی ناوەڕۆکەکەش هەر خۆی لە خۆیدا کاری خۆی هەبوو لەسەر گۆڕانی شێوە هونەرییە کۆنەکە و دروستبوونی شێوەیەکی هونەری نوێ بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی ژیانی سەردەمە نوێیەکە دروستی کردبوو. (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانەی ناوەڕۆکی شیعر دەکات و بەهۆیەکی گرنگی وازهێنانی شاعیری کورد لە کێشی عەرووز دادەنێت و دەڵێ: «بەڵام تەفسیری کۆمەڵایەتی وازهێنان لە عەرووز لە شیعری کوردیدا ئەوەیە کە بزووتنەوەی بووژانەوەی نەتەوایەتی لە سەدەی پێشوودا بووە هۆی پەرەسەندنی ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی، ئەو ناوەڕۆکە نوێیەش هەر لە سەرەتاوە کاری کردە سەر پەرەسەندنی شێوەی هونەری...».[٧٤]

هەروەها (د. مارف خەزنەدار) کە باسی سەرهەڵدانی رۆمانتیکییەت لە ئەدەبی کوردیدا دەکات، گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ گۆڕانی ناوەڕۆک و دەڵێ: «لە ئەنجامی خەباتی سەربەستی نەتەوایەتی و داهاتنی رۆمانتیزم، ئەم بزووتنەوە تازەیە

---

٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٧٣- کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، دەرسیم (رەفیق سابیر)، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٩٩، ساڵی پێنجەم، ١٠-٧-١٩٧٦، ل٤.

٧٤- حول الاوزان في الشعر الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، جريدة التآخي، العدد ٦٧، ٧-٧-١٩٦٧، ص٢.



پڕۆگرامی تازەی لە پێش خۆی دانا، واتە ناوەڕۆکی تازەی داهێنا و بەپێی پێویستی ئەم ناوەڕۆکە تازەیە روخساریش گۆڕا، لە پێش هەموو شتێکا هۆنراوە لە روخسارا گەڕایەوە سەر فۆلکلۆر».[٧٥]

کەواتە ئەم بیرورایانە لەو رووەوە یەک دەگرنەوە کە هاتنە پێشەوەی ناوەڕۆکێکی گەورە وای لە شاعیران کرد بیر لە گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر بکەنەوە و هەست بەوە بکەن کە خۆ بەستنەوە بەقاڵبە کۆنەکەی شیعر رێی ئەوەیان لێدەگرێت بە سەربەستی ئەو ناوەڕۆکە دەربڕن بۆیە گۆڕانی کێش لە پاڵ بنەماکانی تری شیعر کارێکی حەتمی بوو.

بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوەش رابکێشین کە ئەم گۆڕانەی کێشی شیعر و گەڕانەوەی شاعیرانی کورد بۆ سەر کێشی بڕگە دوای دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، یەکسەر نەبووە هۆی وازهێنانێکی تەواو لە کێشی عەرووز، بەڵکو بەکارهێنانی لە نموونەی شیعری چەند شاعیرێکدا هەر بەردەوام بوو، ئەوەتا (گۆران) لە سەرەتای شەستەکاندا، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەرتاقیکردنەوە شیعرییە نوێیەکەی خۆی و هاوڕێکانیدا ئاماژە بۆ بەردەوامبوونی کێشی عەرووز لای هەندێ لە شاعیرانی کورد دەکات «هەڵبەستی تازەی کوردی، بە زۆری، چووەتە سەر کێش (وەزن)ە نەتەوەییەکەی حونجە پەنجە (هیجا - مقطع)، لەکاتێکدا کێشی هەڵبەستی کۆن (عروض)بوو، کە ئێستاش هێشتا لایەنگیری لەناو بوێژەکانا ماوە، کە ئەمانە لە سەرێکەوە کەمایەتین، لە سەرێکیشەوە نوێنەری رێژگەیەکی کۆنن، جگە لەوە بوێژی بەناوبانگ مەولەوی و بوێژەکانی تری شێوەی گۆرانی (هەورامی)یش، بە عەرووز نا، بەکێشێکی دە حونجە (هیجایی) هەڵبەستیان داناوە».[٧٦] کەواتە لێرەدا (گۆران) دەست لەسەر ئەو راستییە دادەنێت کە بەشی زۆری شاعیران گەڕاونەتەوە سەر کێشی پەنجە، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا بەشێکیان، ئەگەرچی بەشە کەمەکەش بێ، هەر لەسەر بەکارهێنانی کێشی عەرووز بەردەوامن، بەڵام لە قسەکانیدا و لەو رەخنەیەی ئاڕاستەی ئەو شاعیرانەی کردووە کە هێشتا پەیڕەوی کێشی عەرووز دەکەن، بەئاشکرا دیارە کە گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگە پەسەند دەکات و داوا لە شاعیران دەکات واز لە کێشی عەرووز بهێنن.

---

٧٥- رۆمانتیزم لە ئەدەبی کوردیدا - ٢ -، معروف خزنەدار، جريدة التآخي (برايي)، العدد ٢٥٠، السنة الاولى، ١٠-٤-١٩٦٨، ل ١٠.

٧٦- کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، گ: هیوا، ژ:٣١، ساڵی٤، کانوونی دووهەمی ١٩٦١، ل٦.

هەروەها (عەلائەدین سەجادی) کە باسی قۆناغەکانی پەرەسەندن و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات، ئەویش سەرباری گۆڕانی کێشی شیعر لە شیعری نوێی کوردیدا، تەئکید لەسەر مانەوەی ئەم کێشە لای هەندێ لە شاعیران لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعردا دەکات و دەڵێ: «هۆنراوەی کوردی لە کاتی خۆیا وەکو هۆنراوەی کۆنی ئارییەکانی تر بەم جۆرە چووە بەڕێوە، کە عەرووز داهات هۆنراوی کوردی ئەو ڕێچکەیەی تا ماوەیەک بەڕەڵا کرد و کەوتە بەر پلاری عەرووز لەم گێجەی دواییەدا وردە وردە ئەگەڕێتەوە بەلای ژمارەی پەنجەوە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەر بێ بەشە لە عەرووز.»[٧٧] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کێشی بڕگە، وەیان کێشی پەنجە، کێشە نەتەوەییە ڕەسەنە کوردییەکەیە و لە سەرەتادا کورد ئەم کێشەیان بەکارهێناوە ئینجا لە قۆناغێکی دیاریکراوی شیعری کوردیدا چۆتە سەر کێشی عەرووز، بەڵام پەیڕەوکردنی ئەم کێشە هەر تەنها ماوەیەکی پێچووە، ڕاستە ئەو ماوەیە ماوەیەکی درێژی لە مێژووی شیعری کوردیدا خایاند، بەڵام لە کۆتاییدا، ژمارەیەکی کەم لە شاعیرانی لێدەرچێت، ئەوا زۆربەی زۆریان گەڕانەوە سەر کێشە کوردییە ڕەسەنەکە کە کێشی بڕگەیە.

هەرچی (د. ئیحسان فوئاد)ە ئەوا لە بارەی باسکردنی هەمان مەسەلەوە دوای ئەوەی لە کێشی شیعری نوێی کوردی دەکۆڵێتەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی کێشی (ڕەمەل) و (هەزەج) لە چەند نموونەیەکی شیعری شاعیرانی دوای (شێخ نوری) و (گۆران) بەرچاو دەکەوێت بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ: «ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کە بەشێک لە ڕەخنەگر و نووسەرانی ئەدەبەکەمان مەیل و ئارەزوویێکی تایبەتییان هەیە بۆ فەرامۆش کردنی کێشی عەرووز و پشتگوێ خستنی لە پاش قۆناغی گوێزانەوەی (١٩٣٠-١٩٤٥)، وە دانانی سنوورێکی جیاکەرەوەی بنج بڕ لە نێوان سەردەمی بەکارهێنانی کێشی عەرووز و کێشی سیلاب (Syllabe) (پەنجە)دا، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند کێشێکی عەرووز لەلایەن دەستەیێک شاعیری نوێخوازی پاش کۆتایی جەنگی گیتی دووەمەوە هەر بەکارهێنراون».[٧٨] ئەوەی ڕاستی بێ نووسەر لێرەدا لە ڕێگای هێنانەوەی چەند نموونەیەکی تەتبیقی لە شیعرەکانی (هەردی و دیلان و دڵزار و دڵدار) کە

٧٧- نرخ شناسی، علاءالدین سجادی، ل٢٧. هەروەها بڕوانە: ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل١٣٢.

٧٨- دووکێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا، دکتۆر ئیحسان فوئاد، گ: کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: ١٥، ١٩٧١-١٩٧٢، ل٣.



هەمووویان دەکەونە دوای قۆناغی(شێخ نوری) و (گۆران)ەوە هەوڵی ئەوەی داوە ئەوە بسەلمێنێت کە کێشی عەرووز بەشێوەیەکی ئاسایی لە شیعری نوێدا هەر بەردەوامە، بەڵام ئەم ڕایەو ڕایەکانی تری پێشووش کە هەمان بۆچوونیان لەم بارەیەوە هەبووە ئەوە ناسەلمێنن کە کێشی عەرووز شان بەشانی کێشی بڕگەی نەتەوەیی لە دوای قۆناغی نوێبوونەوە لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە، چونکە بوونی ئەم چەند نموونە کەمە لە شیعری ئەم شاعیرانەدا وەک حاڵەتێکی بەجیا وەستاو لەناو سەرجەمی شیعری کوردیدا خۆیان دەنوێنن و لە دونیای بەرینی شیعری نوێی کوردیدا لەو سنوورە تەسکە دەرنەچووە و نەبوونەتە دیاردە.

## کێشە بڵاوەکانی شیعر

سەرنجدانێک لەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە بارەی دیارکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی شیعری نوێی کوردییەوە کراون، ئەوە دەردەخەن کە لێکۆڵینەوە لەم لایەنەی کێشی شیعر یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی کە شاعیر و ڕەخنەگرانی کورد بایەخیان پێداوە و بەوردی لە سەری وەستاون و لێیان کۆڵیوەتەوە.

(شێخ نوری شێخ ساڵح) کە باسی کێشی بڕگەیی (وەزنی هیجائی) دەکات لە باسەکەیدا تەنها باسی سێ کێش دەکات ئەوانیش کێشی (حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی)، کە بەکێشی شازدە بڕگەیی ناودەبات و کێشی (نۆ بڕگەیی)ن.

(شێخ نوری) لە سەرەتادا بنچینەی دروستبوونی ئەم کێشە دیار دەکات کە دەبێ ژمارەی بڕگەکانی دێڕی یەکەمی شیعر بەقەد ژمارەی بڕگەکانی دێڕی دووەم بێت، واتە یەکسانی ژمارەی بڕگەکان لە هەردوو دێڕی شیعردا دەکاتە مەرجی بنیاتنانی کێشەکە، ئینجا جۆری کێشەکە لەسەر بناغەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕێک دیاردەکات. لە بارەی کێشی نۆ بڕگەیی ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە و دەڵێ:

چونکی ئێوە جەسوور ئەبینم
نامێنێ ئازاری برینم

ئەم میسرەعانە هەریەکی مورەکەبە لە (٩) هیجا»[٧٩] دوای ئەوە دێتە سەر کێشی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و بەنموونەوە باسی ئەم دوو کێشە دەکات و دەڵێ:

٧٩- ادبیات کوردی، م. نوری، ر: ژیان،ژ: ٢٨، ١٢-٨-١٩٢٦، ل٣.

«هەر لە ئێستاوە بمرن

کفن بۆ خۆتان ببڕن

لەم میسرەعانەدا عەدەدی هیجا (٧)»ە و لە گۆرانی کوردیدا بەعزێ ئەشعاری موتەداولە موافقی وەزنی هیجهائی‌یە. میسال:

کەس نازانێ بۆ بێ رەنگم

گیرۆدەی دەستی فرەنگم

عەدەدی هیجای ئەم میسرەعە ئەگەر بیژمێری ئەزانی کە عەدەدی هیجاکانی (١٦)یە».[٨٠] لێرەدا (شێخ نوری) کە باسی کێشەکانی شیعری کردووە بەگوێرەی کێشی نۆ بڕگەیی و حەوت بڕگەیی جۆری کێشەکانی لەسەر بناغەی وەرگرتنی ژمارەی بڕگەکانی دێڕی یەکەم و دووەم بەجیا دیارکردووە و هەر خۆشی لە سەرەتای باسکردنی کێشی بڕگەییدا یەکسانی ژمارەی بڕگەکانی دێڕی یەکەم و دێڕی دووەمی لە بەرچاوگرتووە و ژمارەی بڕگەکانی دێڕێکی کردۆتە بناغەی دیارکردنی جۆری کێشەکە، کەچی لە کێشی هەشت بڕگەییدا ژمارەی بڕگەکانی هەردوو دێڕی شیعرەکەی پێکەوە کۆکردۆتەوە و بەکێشی شازدە بڕگەیی ناوبردووە، کە خۆی لە بنەڕەتدا هەروەک لە نموونەکەشدا دیارە کێشی (هەشت بڕگەیی)یە.

لە راستیدا زۆربەی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە کێشە بنەڕەتییەکانی شیعری نوێیان کۆڵیوەتەوە زۆر تەئکیدیان لەسەر کێشی (هەشت بڕگەیی) و (دە بڕگەیی) کردووە و بەدیارترین و بڵاوترین جۆرەکانی کێشی شیعری کوردییان داناوە ئینجا لە پاڵ ئەوەدا ئاوڕیان لە چەند کێشێکی تر داوەتەوە و باسیان کردوون.

(د. مارف خەزنەدار) کە باسی کێشەکانی شیعری کوردی دەکات چوار جۆرە کێش دیاردەکات ئەوانیش: «١- وەزنی گۆرانی (هەشت هیجایی و دە هیجایی). ٢- وەزنی بەیت (حەیران و لاوک). (٣- وەزنی عەرووزی (ئەمەیان لە عەرەبی وەرگیراوە) ٤- وەزنی شیعری تازە (ئەمەیان لە رۆژئاواییەوە وەرگیراوە)».[٨١] لەناو ئەم چوار جۆرە کێشەشدا کە دیاری کردوون تەنها ئەو کێشانە بەکێشی رەسەنی کوردی دادەنێت کە بەکێشی (گۆرانی) و (بەیت)ی ناودەبات «وەزنی یەکەم و دووەم واتە (گۆرانی) و

٨٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

٨١- کوردو اسلوبی شیعر، معروف خزنەدار، گ: شەفەق، ژ: ٢، ساڵی یەکەم، ١٥-٢-١٩٥٨، ل٦.



(بەیت) شێوەیێکی بنچینەیی راستەقینەی ئەدەبی کوردییە با وەزنی سێیەم و چوارەم هی بێگانە بێ».[٨٢] وە لەناو ئەو کێشەی بەکێشی (گۆرانی) ناودەبات باسی کێشی هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەم دوو کێشە بناغەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاڤێستا و بەدوو کێشی رەسەنی کوردی دادەنێت «وەزنی گۆرانی: ئەم چەشنە شیعرە دوو جۆرە، هەشت هیجایی و دە هیجایی، وە لە وەزنە هەرە گرنگ و تایبەتییەکانی کوردی ئەژمێردرێن، وە هیچ پەیوەندییێکیان بە (عروض) و وەزنی رۆژئاواییەوە نییە. وە ئەوەی زیاتریش جێگای شانازی بێ ئەوەیە، کە ئەم وەزنە میراتێکی کۆنی راستەقینەی نەتەوەی کوردە. بەشێک لە ئاوێستای زەردەشت بەتایبەتی لە (گاتا)دا هەڵبەستەکان لەسەر ئەم وەزنە رێکخراون بە هەردوو بەشیەوە (هەشت هیجایی و دە هیجایی)، ئەوەی زیاتریش جێگای شانازی بێ بەشی هەرە زۆری شیعری کوردی لەسەر ئەم وەزنە رێکخراوە.[٨٣] لێرەدا بۆ سەلماندنی رەسەنایەتی ئەم دوو کێشە وەک دوو کێشی خۆماڵی رەسەنی کوردی، هەوڵی ئەوە دراوە (ئاڤێستا) بە سەرچاوەی ئەم کێشە دابنرێت. وەنەبێ لەم بارەیەوە ئەم رایەش تەنها رایەک بێت باسی ئەوە بکات، بەڵکو دەبینین لەلایەن چەند نووسەرێکی ترەوە تەئکیدی لەسەرکراوە»[٨٤] لێرەدا دەبێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە رووکردنە ئەم جۆرە بەراوردکردنە لە نێوان بوونی ئەم کێشە بڕگەییانە لە ئاڤێستادا و بەکارهێنانیان لای شاعیرانی نوێی کورد بە پێی ئەم بیروڕایانە بۆ ئەوەیە تەئکید لەسەرئەوە بکرێت کە هۆی بەکارهێنانیان لای شاعیرانی نوێ دەگەڕێتەوە بۆبوونی ئەم کێشانە لە ئاڤێستادا، واتە بۆ هاندەرە نەتەوەییەکە، بەڵام ئەگەر بەوردی لەو کێشە بڕگەییانە بکۆڵینەوە کە شاعیرانی کورد لە تاقیکردنەوە شیعرییە نوێیەکاندا بەکاریان هێناوە نابینین تەنها هۆیەک بۆ بەکارهێنانی ئەم کێشانە ئەوە بێت کە لەبەرئەوەی لە ئاڤێستادا بەکارهاتوون، بۆیە شاعیرانی نوێش روویان کردبێتە بەکارهێنانیان، بەڵکو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم جۆرە کێشە لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت، بۆیە لەم رووەوە ئەگەر لەلایەکەوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا یەک بگرینەوە کە دەڵێ: «تەنها پەیوەندییەک کە لە نێوان بەکارهێنانی ئەم کێشە بڕگەییانە لە (ئاڤێستا) و بەکارهێنانی لە شیعری کوردیدا

٨٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

٨٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

٨٤- بڕوانە: نرخ شناسی، علاءالدین سجادی، ل٥٢ و ٥٣, پیرەمێردی نەمر، محمد رسول هاوار، ل٧٨ و ٩٣، رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رشید احمد، ل١٢٦.

دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەم کێشانە لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان». [٨٥] ئەوا لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەم رایەدا یەک ناگرینەوە کە گونجانی ئەم کێشانە لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی بەتەنها هۆیەکی بوونی ئەم جۆرە کێشە لە ئاڤێستا و بەکارهێنانی لای شاعیرانی نوێی کورد دادەنێت. چونکە رووکردنە بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی لای شاعیرانی نوێی کورد لە سەرەتای دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی یەکێک لە هۆیەکانی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی بوو کە لە ئەنجامدا پاڵی پێوەنان ئاوڕ لە کەلتووری کەلەپووری نەتەوەیی خۆیان بدەنەوە و لایەنێکی گرنگی بناغەی تاقیکردنەوەکەیانی لەسەر دابمەزرێنن. لەبەر ئەوە بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لە شیعری نوێی کوردیدا نە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ هەستە نەتەوایەتییەکە و نە تەنهاش دەگەڕێتەوە بۆ گونجانی ئەم جۆرە کێشە لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی، بەڵکو هەردوو هۆیەکە دەگرێتەوە.

لە شوێنێکی تردا (د. مارف خەزنەدار) کە لە کێشی شیعری نوێ دەکۆڵێتەوە، دوای ئەوەی کێشی شیعری نوێی کوردی دابەش دەکاتە سەر دووبەش کە ئەوانیش: شیعری یەک کێشی خۆماڵی و شیعری کێشی خۆماڵی ڕەنگاوڕەنگە. [٨٦] لەناو جۆری یەکەمدا باسی کێشی (حەوت بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) و (دە بڕگەیی) دەکات. لە بارەی فراوانی بەکارهێنانی کێشی (هەشت بڕگەیی) لە شیعری نوێی کوردیدا دەڵێ «ئەم کێشە لەلای شاعیرەکانی ئەم سەدەیەماندا لاپەڕەیێکی زۆری لە دیوانی شیعریاندا داگیرکردووە». [٨٧] ئینجا لە بارەی بڵاوی کێشی (دە بڕگەیی)یەوە دەڵێ: «زۆربەی شیعری کوردی تازە، وە بەشێک لە شیعری کۆن، لەسەر کێشی دە هیجایی خۆماڵین، لەم جۆرە شیعرەدا بەشێوەیەکی گشتی وەستان لە ناوەڕاستدا ئەبێ شاعیرەکانی کوردی سەدەی بیستەم ئەوانەی لەسەر کێشی هیجا شیعریان هەڵبەستووە شیعری دە هیجاییان هەیە وەکو پیرەمێرد، بێکەس، گۆران، جگەرخوێن...». [٨٨]

---

٨٥- الواقعية في الادب الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسول، ص٢٠٠. هەروەها بڕوانە: حول الاوزان في الشعر الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، جريدة التآخي (برايي) العدد ٦٧، ٧-٧-١٩٦٧، ص٢.

٨٦- بڕوانە: کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، ل٤٤.

٨٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

٨٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.



شایانی باسە لێرەدا ئەوە بڵێین کە (د. خەزنەدار) کاتێک باسی کێشی (حەوت بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) دەکات هەر لە چوارچێوەی باسکردنی ئەم کێشانەدا باسی کێشی (چواردە بڕگەیی) و (شازدە بڕگەیی) کردووە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کێشی (چواردە بڕگەیی) و (شازدە بڕگەیی) لە دووبارەکردنەوەی کێشی (حەوت بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) دروست دەبن.

هەروەها (گۆران) لە کێشە بڕگەییەکانی شیعری کوردی کۆڵیوەتەوە و باسی سێ کێشی کردووە و بەکێشە باوەکانی شیعری نوێی کوردی داناوە، ئەوانیش کێشی (دە بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) و (حەوت بڕگەیی)ن و لەبارەی هەریەکێکیان چەند سەرنجێکی وردی دەربڕیوە. سەبارەت بەکێشی (دە بڕگەیی) ئەوەی دەرخستووە کە ئەم کێشە لە هەموو کێشەکانی تر زیاتر لە شیعری کوردیدا بەکار هاتووە و بە کێشی نەتەوەیی ناوبردووە «کێشی دە بڕگەیی: ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بەئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێ کێشی نەتەوەیی گەلی کورد هەر بەو دەستوورەی لە زمانی فەرەنسزیدا کێشی دوانزە بڕگەیی (ئەسکەندەری) بەکێشی نەتەوەیی دائەنرێ بۆ گەلی فەرەنسەیی، یان کێشی (ئیامبیک) بەکێشی نەتەوەیی دائەنرێ بۆ ئینگلیزەکان، یاخود کێشی یانزە بڕگەیی (٦+٥) بۆ تورکەکان، لەناو هەموو کۆڕەکانی ژن و پیاوا کێشی هەڵبەست نییە ئەوەندەی ئەم کێشی (دەبیە) بەسەر دەمەوە بێ، وە لە هەڵبەستەکانی چیرۆک و گۆرانی و شیوەن و بەستەو لایەلایەی کوردیدا بەزۆری بەکاربێت و بۆ دانەرەکان بەئاسانی ڕێک بخرێت». [٨٩] ئینجا باسی کێشی (هەشت بڕگەیی) دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەم کێشەش یەکێکە لە کێشە بنەڕەتییەکانی شیعری کوردی و بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت «کێشی هەشت بڕگەییش لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆرباوە، واش دێتە بەرچاو، هەتا بەرەو ناوچەی شێوەی کرمانجی بڕۆین باوی زۆرتربێ، بە پێچەوانەی دە بڕگەییەوە کە تافی برەوی -شدة الرواج- لە جەرگەی ناوچەی شێوەی گۆرانییەوە دەست پێ ئەکا» [٩٠] دوای ئەمە دێتە سەر باسکردنی کێشی (حەوت بڕگەیی) و ئەوە دەردەخات کە ئەم کێشە «لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر هەڵبەستی تازەی پێدانراوە» [٩١]

---

٨٩- کێش لە هەڵبەستی کوردیدا، ئەو کێشە بڕگەییانەی ئێستا باون، گۆران، ڕ: ژین: ژ٢٤، ٢٧-٥-١٩٧١، ل١.

٩٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

٩١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە (گۆران) تەنها ئەم سێ کێشە بە کێشە باو و دیارەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت.

(هەردی) لە لێکۆڵینەوەیەکی فراواندا لە بارەی کێشی شیعری کوردییەوە، کە دێتە سەرباسکردنی، کێشە بڕگەییەکانی شیعری نوێی کوردی حەوت جۆرە کێش دیاردەکات ئەوانیش کێشی (دە، پازدە، هەشت، حەوت، یازدە، دوازدە، سێزدە) بڕگەیین و لەناو ئەم کێشانەدا کێشی (دە بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) بەبڵاوترین جۆرەکانی کێشی شیعری نوێی کوردی دادەنێت و لە بارەی کێشی (دە بڕگەیی)یەوە دەڵێ: «لە راستیا ئەم کێشە لە هەموو کێشەکانی تر باوترە زۆرترینی گۆرانی و بەیتی کوردی بەم کێشە وتراوە و شاعیرانی گەورەی وەکو (مەولەوی، ئەحمەد بەگی کوماسی، وەلی دێوانە، ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە) و گەلێکی تریش ئەم کێشەیان بەکارهێناوە لە سەرتاپای شیعرەکانیاندا». [٩٢] ئینجا کە باسی کێشی (هەشت بڕگەیی) دەکات لە بارەی فراوانی بەکارهێنانی ئەم کێشە لە شیعری کوردیدا بۆ ئەوە دەچێت کە بەقەد کێشی (دە بڕگەیی) لە شیعری کوردیدا بڵاوە «ئەم کێشە ئەوەندەی دە بڕگەیی باوی هەیە. بگرە زۆرترینی گۆرانیە خۆشەکانی فۆلکلۆری لەسەر ئەم کێشەن». [٩٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (هەردی) لەناو ئەم حەوت جۆرە کێشە بڕگەییانەدا کە بەکێشە بنەڕەتییەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت، کێشی (هەشت بڕگەیی) و (دە بڕگەیی) بە دیارترین و بڵاوترین کێشەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت.

لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین کە (هەردی) کاتێک باسی جۆرەکانی کێشی بڕگەیی کردووە زیاتر ئەوەی پەسەند کردووە کە بەپێی ژمارەی هەنگاوەکان ناو لە کێشەکان بنرێت وەک ئەوەی کە کێشی (دە بڕگەیی) لەبەر ئەوەی لە دوو هەنگاوی پێنج بڕگەیی پێکهاتووە ناوی (بیست بڕگەیی) لێ نرابا، وە یان کێشی (پازدە بڕگەیی) چونکە لە سێ هەنگاوی پێنج بڕگەیی پێکهاتووە ناوی (سێ بڕگەیی) و کێشی (حەوت بڕگەیی) لەبەرئەوەی لە دوو دێڕ پێک هاتووە و هەر دێڕێکی حەوت بڕگەیە ناوی (چواردە بڕگەیی) لێ نرابا. [٩٤]

---

٩٢- کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، کانوونی دووهەمی ١٩٧١، ل١٠.

٩٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

٩٤- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠ و ١١.



وردبوونەوەیەک لەم رایەی (هەردی) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پشتی بەوەرگرتنی هەردوو دێڕی شیعرەکە بەستووە و کۆی ژمارەی یەکسانی بڕگەکانی هەردوو دێڕەکەی کردۆتە بناغەی دروستبوونی رایەکەی. جا گریمان ئەم پێوەرە لە چەند حاڵەتێکدا بۆ ئەو شیعرانە دەست بدات کە لەسەر بناغەی یەک جۆرە کێش بنیات دەنرێت، ئەوا بۆ ئەو شیعرانە دەست نادات کە کێشی هەمەڕەنگی تێدا بەکاردەهێنرێت، چونکە زۆرجار شاعیر لە هەر دێڕە شیعرێکدا جۆرە کێشێک بەکاردەهێنێت ژمارەی بڕگەکانی جیایە لەگەڵ ژمارەی بڕگەکانی دێڕی دوای خۆی. کەواتە لەم حاڵەتەدا ناتوانرێ ژمارەی بڕگەکانی هەردوو دێڕەکە کۆ بکرێتەوە و کۆی ژمارەی ئەم بڕگانە بکرێتە بناغەی دیارکردنی جۆری کێشەکە. ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەم بیروڕایانەی خستمانە روو لە بارەی دیارکردنی کێشە باو و بنەڕەتییەکانی شیعری نوێی کوردییەوە و بەتایبەتی کێشی (هەشت بڕگەیی) و(دە بڕگەیی)، دەبینین ئەم لێکۆڵینەوانە بە هیچ شێوەیەک بەلای ئەوەدا نەچوونە لایەنی چاک وەیان لایەنی خراپی زۆری بەکارهێنانی ئەم کێشانە لە شیعری کوردیدا دیاربکەن، واتە زیاتر هەوڵی ئەوەیان داوە تەنها ئەوە بڵێن کە شاعیرانی کورد لە تاقیکردنەوە نوێیەکەیاندا دوای وازهێنان لە کێشی عەرووز روویان کردۆتە بەکارهێنانی ئەم کێشە بڕگەییانە، بەڵام دوای ماوەیەک و بەتایبەتیش دوای حەفتاکان، لە ئەنجامی پشت بەستنی شاعیرانی نوێ بەچەند کێشێکی دیاریکراو و بەردەوامبوونیان لەسەر دووبارەکردنەوە و جووینەوەی ئەم کێشانە، هەڵوێستێکی رەخنەیی دیاریکراو دروست بوو ئەویش پەسەند نەکردنی خۆبەستنەوەی شاعیرانە بەتەنها کێشێک یان دووان و دووبارەکردنەوە و جووینەوەی ئەم کێشانە.

(رەفیق سابیر) کە باسی کێشی شیعری نوێی کوردی دەکات، دوای لێکۆڵینەوە لە کێشی (حەوت بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) و (دە بڕگەیی) بۆ ئەوە دەچێت کە «ئەمە ئەو سێ کێشە بوون کە لە بەردەستی شاعیرە نوێخوازەکانی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی بوو (گۆران، پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح) ئەم شاعیرانە ئەم سێ کێشەیان بە زۆری بەکارهێناوە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا بۆ یەکەمجار چەند کێشێکی نوێیان داهێناوە، بەتایبەتی گۆران، کە بڕگەی کێش وەک هەویر وابوو لە ناو دەستیدا و چەند کێشی نوێی لێ دروست کردووە». [٩٥] بەپێی ئەم رایە شاعیران لە سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری

---

٩٥- کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، بەشی دووەم، رەفیق سابیر، ر: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ساڵی پێنجەم، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٤ و ٥.

کوردیدا کێشی (حەوت بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) و (دە بڕگەیی)یان لە ژێر دەست دابووە، ئینجا دوای ئەمە کێشەکانی (یازدە، دوازدە، سێزدە، پازدە، شازدە) بڕگەییان داهێناوە.[٩٦] واتە شاعیران لە قۆناغی یەکەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا چەند کێشێکی تریان داهێناوە و جۆرە هەمە جۆرییەکیان خستۆتە ناو کێشی شیعرەوە، بەڵام ئەم هەمە جۆرییە لە بەکارهێنانی کێشە بڕگەییەکاندا لەگەڵ دەست پێکردنی قۆناغێکی تری نوێکردنەوەی شیعری کوردی وە بەتایبەتی لە دوای حەفتاکان بەشێوەیەکی تر کەوتۆتەوە ئەویش خۆبەستنەوەی شاعیرانە بەچەند کێشێکی دیاریکراو و دووبارەکردنەوە و جووینەوەی ئەو کێشە دیاریکراوانەیە بۆیە (رەفیق سابیر) لە بارەی شیعری ئەو قۆناغە شیعرییەوە دەڵێ: «ئەوەی سەرنجی شیعری ئێستا بدات دەبینێ، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی بڕگە و هەنگاوەکان بەچەشنێکی جۆر بەجۆر و رەنگاوڕەنگ دابەش کراون و، مۆسیقایەکی پتەویان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سنووری چەند کێشێکی دیاریکراودا دەسووڕێنەوە، لە کۆمەڵی ئەو هەموو جۆرە کێشەی کاتی خۆی گۆران و هەندێ شاعیری تر بەکاریان هێناوە ئێستا تەنیا دوو تاقە کێشیان کراون بە بناغەی کێشی شیعری نوێ و بەدەستکارییەوە بەکاردێن، بەڵام کێشەکانی تر بەتەواوی پشتگوێ خراون».[٩٧] مەبەستیش لەو دوو کێشەی کە شاعیرانی ئەو قۆناغە پشتیان پێ بەستووە کێشی (هەشت بڕگەیی) و (دە بڕگەیی)یە.

سەبارەت بەکێشی (هەشت بڕگەیی) کە بە (هەنگاوی چوار بڕگەیی) دیار دەکات، بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم کێشە بناغەی بنیاتنانی ژمارەیەکی دیاری کێشەکانی شیعری نوێی کوردی لەسەر دادەمەزرێت و دەڵێ: «بەشی هەرە زۆری شیعری ئێستا بنچینەکەی لە کێشی هەشت بڕگەییەوە وەرگیراوە کە دوو هەنگاوە و هەر هەنگاوێکی زیاد و کەم کراون و بەچەشنێکی تر دابەش کراونەتەوە (٤,٨,١٢,١٦,٢٠ ،... هتد). وە دەبینین هەنگاوەکە -کە چوار بڕگەیە- کراوە بە بنچینە و پێ بەپێ ئەم کێشە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر باڵی بەسەر شیعری ئێستادا کێشاوە، تەنانەت زۆر شاعیر هەیە لەم کێشە بەولاوە کێشی تری بەکار نەهێناوە».[٩٨] ئینجا لە بارەی فراوانی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی ئەم کێشەوە

---

٩٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

٩٧- کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی سێهەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠١، ساڵی پێنجەم، ٢٤-٧-١٩٧٦، ل٥.

٩٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٥.



ئەو مەترسییە دەخاتە روو کە سەرباری ئەوەی «ئەم کێشە مۆسیقایەکی وای پێدراوە کە لەگەڵ چێژ و ئارەزووی خوێنەری ئێستادا ئاشنایەتییەکی پتەوی پەیدا کردووە، بەڵام سووربوون لەسەر بەکارهێنانی ئەم کێشە ئاوا بەفراوانی بۆی هەیە بەرەو سووانی ببات و لە داهاتوودا خوێنەر لێی بێزار بێ».[٩٩]

وە لەبارەی کێشی (دە بڕگەیی) کە بە(هەنگاوی پێنج بڕگەیی) دادەنێت و دەیکاتە بناغەی دروستبوونی چەند کێشێکی تر دەڵێت: «ئەم جۆرە کێشە دەچێتەوە سەر کێشی دە بڕگەیی کە لە دوو هەنگاو پێکهاتووە و هەر هەنگاوەی پێنج بڕگەیە، هەنگاوی ئەم کێشە کراوە بە بنچینە و بەپێی پێویست و مەبەست زیاد و کەم کراوە (٥,١٠,١٥,٢٠، ...هتد)»[١٠٠]

کەواتە بەپێی ئەم بیروڕایانەی (رەفیق سابیر) زۆربەی شاعیرانی نوێ روویان کردۆتە بەکارهێنانی دوو کێشی دیاریکراو ئەوانیش بەپلەی یەکەم کێشی (هەشت بڕگەیی) و ئینجا بەپلەی دووەم کێشی (دە بڕگەیی)ن، کە شاعیران لە ئەنجامی زۆری بەکارهێنانیان و دووبارە کردنەوەیان تووشی سووان هاتوون.

هەروەها (عەبدوڵڵا پەشێو) خۆبەستنەوەی شاعیرانی نوێی کورد بەو کێشەی کە بەکێشی (چوار پەنجەیی) ناودەبات، بەیەکێک لە دیاردە نالەبارەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت، ئینجا ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتی بێزار بوون و وەڕسییە دەکات کە لە ئەنجامی دووبارەکردنەوە و جووینەوەی ئەم کێشەوە دروست دەبێت «گیروگرفتی کێشی (وەزن) زۆربەی زۆری شیعری تازەمان دەستە و یەخەی تەفعیلەی چوارپەنجەیین... ئەمەش لەکەیەکی رەشە نیشتۆتە سەر چەهرەی شیعری تازە، چونکە ئەم کێشە دەست نادات بۆ ئەوەی هەموو بابەتێکی شیعری پێ بنووسرێت، هەروەها دامەزراندنی تەفعیلەکان، گوێچکە بێزار ئەکەن، لەبەر ئەوەی دێڕی شیعرەکە یان لە تەفعیلەیەک پێکهاتووە یاخود لە دوو تێپەڕ ناکات».[١٠١]

هەرچی (حوسێن عارف)ە ئەوا ئەوپەڕی بێزاربوونی لە ئەنجامی خۆ بەستنەوەی شاعیرانو پشت بەستنیان بەم کێشە کاتێک دەردەکەوێت کە ئەم کێشە بەکێشی

---

٩٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

١٠٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

١٠١- گفتوگۆیەک لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێو، ڕ: هاوکاری، ژ: ١، ٩-١-١٩٧١، ل٣.

(مەلاخۆر) ناودەبات و دەڵێ: «پێشەکی دەڵێم جارێ گەورەترین نەنگی لە شیعری ئەمرۆماندا، جووینەوەی یەک کێشە کە (٤+٤)ە و من ناوی دەبەم بەکێشی مەلا خۆر! من قەت بە هەڵە ناچم ئەگەر بڵێم: ئێستا لەسەدا نەوەدی بەرهەمی شیعرمان، لە چوارچێوەی ئەم کێشە ناچێتە دەرەوە».[١٠٢]

هەروەها (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)کە باسی کێشەکانی شیعری نوێی کوردی دەکات لە سەرەتادا ئاماژە بۆ هەمە جۆری کێش دەکات و دەڵێ: «سەیرکردنێکی هۆنراوەی نوێی کوردی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جۆرەها کێشی خۆماڵیمان هەیە کە بریتین لە (٥، ٦،٧ ، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٤، ١٥، ١٦) بڕگەیی کە ئەشێ شانزە بڕگەییەکە دوو کێشی هەشت بڕگەیی بێت یان وەکو هەندێ کەس باس دەکەن کێشی (هەزەجی) عەرەبی بێت، وە هەروەها دە بڕگەیی و ١٥ بڕگەییەکەش بریتی بن لە دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندەی کێشی پێنج بڕگەیی، یان (١٥) بڕگەییەکە کێشی (ڕەمەلی) عەرەبی بێت».[١٠٣] بەڵام سەرباری بوونی ئەم کێشە هەمە جۆرانە لە شیعری کوردیدا دەبینێ لە دواییدا شاعیران لەم کێشە هەمە جۆرانە دوورکەوتوونەتەوە و تەنها خۆیان بەدوو کێشی دیاریکراو بەستۆتەوە ئەوانیش کێشی (هەشت بڕگەیی) و کێشی (دە بڕگەیی)ن «ئەوەی لێرەدا گرنگ بێ گیرسانەوەی هۆنراوەی ئازادە بەدوو کێشی خۆماڵییەوە کە ئەو دووانەش بریتین لە:

١- کێشی هەشت بڕگەیی ٤+٤=٨

٢- کێشی دە بڕگەیی ٥+٥=١٠[١٠٤]

ئینجا هۆی خۆ بەستنەوەی شاعیران بەم دوو کێشە دەگەڕێنێتەوە بۆ «... بە ئاسان لەت کردنی ئەم دوو کێشە بۆ دوو پێی چوار بڕگەیی و پێنج بڕگەیی، کە دوای کەرتکردنی ئەتوانرێ هەر یەکێ لەو پێیانە بەشێوەیەکی (مضاعف) درێژی بدا بە هەناسەی دێڕی هۆنراوەکە».[١٠٥] لە راستیدا ئەم ئاماژەکردنە بۆ درێژکردنەوەی دێڕەکانی شیعر لە ڕێگای

---

١٠٢- ورشەیەکی ڕەخنەیی ئەدەبی - دیسان شیعر- حسێن عارف، ڕ: هاوکاری، ژ: ٩٧٤، ١٢-٥-١٩٨٨، ل٦.

١٠٣- هۆنراوەی ئازادی کوردی دەرکەوتن و خۆگرتنی، فەرەیدوون عەبدوول، مجلة (آفاق جامعیة) (ئاسۆی زانکۆیی)، العدد ٣٠، ١٩٨١، ل٩٠.

١٠٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

١٠٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.



زیادکردنی (پێ)یەکان، یان هەروەک هەندێک پێی دەڵێن هەنگاوەکان، بۆ ئەوەی بوارێکی فراوانتر بڕەخسێنێت بۆ شاعیر بۆ دەربڕینی مەبەستە شیعرییەکەی، ئاماژەکردنێکی زیرەکانەیە و لەجێی خۆی دایە و بەیەکێک لە دیاردە باوەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنرێت. ئینجا لە کۆتاییدا هەڵوێستی خۆی لەبارەی ئەم دیاردەیە دیاردەکات کاتێک باسی ئەنجامی خۆبەستنەوەی شاعیرانی نوێی کورد بەم کێشە دیاریکراوانە دەکات و لەگەڵ ئەو رایەی (کامەران موکری)دا یەک دەگرێتەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی «لەبیرچوونەوە و لەناوچوونی زۆربەی کێشە خۆماڵییەکان...».[١٠٦]

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە بارەی کێشە باو و بنەڕەتییەکانی شیعری نوێی کوردییەوە کراون، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەو بیروڕایانە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە کێشی ( هەشت بڕگەیی) و کێشی (دە بڕگەیی) بڵاوترین و دیارترین کێشەکانی شیعری نوێی کوردین و زۆربەی شاعیرانی نوێ پشتیان بەم دوو کێشە بەستووە. ئەوەی جێی سەرنج راکێشانیشە ئەوەیە کە شیعری نوێی کوردی لە سەرەتای نوێکردنەوەیدا جگە لەم دوو کێشە چەند کێشێکی تریشی بەکاردەهێنا ، واتە جۆرە هەمە جۆرییەک لە بەکارهێنانی کێشی شیعردا دەبینرا بەڵام ئەم دیاردەیە بەرە بەرە لە شیعری کوردیدا کشاوە دواوە و دیاردەیەکی تر هاتە پێشەوە و جێی گرتەوە ئەویش خۆبەستنەوەی شاعیرانی نوێ بوو، وە بەتایبەتی لە دوای حەفتاکان، بەکێشێک یان دووان و ئەنجامی ئەم دووبارەکردنەوە و جووینەوەش ئەوەبوو هەڵوێستێکی ڕەخنەیی دروست بوو کە خۆی لە پەسەند نەکردنی ئەم دیاردەیە و پیشاندانی وەک کەموکوڕییەک لە شیعری نوێی کوردیدا نواند.

## - کەرتکردنی بڕگەکانی کێش

کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی شیعر لایەنێکی تری ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی گرتۆتەوە کە لە بارەی کێشی شیعری کوردییەوە کراون. جا ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو بیروڕایانەی لەم لایەنەی کێشیان کۆڵیوەتەوە، دەبینین زۆربەی کێشەکان کەرتکردنی بڕگەکانیان شێوەیەکی بنچینەیی وەرگرتووە ئینجا لە پاڵ ئەو شێوە بنچینەییەدا شێوە کەرتکردنەکانی تریان وەرگرتووە. بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین کە بوونی ئەم شێوە بنچینەییەی کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشانە لە شیعری کوردیدا ئەوە ناگەیەنێت کە

---

١٠٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

شاعیران و ڕەخنەگران لە باس و لێکۆڵینەوەکانیاندا یاسایەکی دیاریکراویان هەبێت پشتیان پێ بەستبێ و دەستوور و پەیڕەوێکی نەگۆڕ و چەسپاوی لا دروست کردبن.

بەسەرکردنەوەیەکی ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەی باسی کەرتکردنی بڕگەکانی کێشیان کردووە، ئەوە دەردەخەن کە بایەخدان بەم لایەنەی کێش هەموو کێشەکانی بەیەک پلە نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەندێ کێش بایەخێکی زۆریان پێدراوە و بە وردی و دوور و درێژی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە و هەندێکی دیکەشیان بەشێوەیەکی سەرپێیی و لابەلایی ئاوڕیان لێدراوەتەوە و باسکراون.

لەو کێشانەی لە ڕووی کەرتکردنەوە گرنگییەکی زۆریان پێدراوە و لە هەموو کێشەکانی تر زیاتر خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کێشی (دە بڕگەیی) و کێشی (هەشت بڕگەیی)ن، ئینجا لە پاڵ ئەمانەدا زۆر یا کەم باس لە کێشەکانی تر کراوە.

سەبارەت بە کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی (دە بڕگەیی) و دابەشکردنی بۆ دوو کەرتی یەکسان و بوونی وەستانێک لە نێوان دوو کەرتەکە لە زۆربەی بیروڕا ڕەخنەییەکاندا باسکراوە و تەئکیدی لەسەر کراوە. (گۆران) کە باسی کێشی (دە بڕگەیی) دەکات لە ئەدەبیاتی گۆرانیدا دەڵێ: «لە بارەی کێشەوە، وێژەی گۆرانی - کە لەناو کوردی عێراقدا لقی هەورامییان زیاتر ناسراوە بە هەڵبەستی هونەری و فۆلکلۆرییەوە. لە کێشا تاقە جۆرێکی هەیە، ئەویش کێشی زانراوی دەبییە (٥ بە ٥) کە بریتییە لە کێشی هەڵبەستی نەتەوەیی هەموو کوردان بەگشتی»[١٠٧] ئینجا دێتە سەر باسکردنی جۆری کەرتکردنی کێشی (دە بڕگەیی) لە شیعری کوردیدا بەگشتی و دەڵێ: «دێڕە هەڵبەستەکانی کێشی دەیی بە ئاسانی (عادەتی) هەریەکێ لە دوو پێی پێنج بڕگەیی دروست ئەبن...».[١٠٨]

هەروەها (د. مارف خەزنەدار) لە بارەی کێشی (دە بڕگەیی) لە ئەدەبیاتی گۆرانیدا دەڵێ: «شیعری لیریکی لە دیالیکتی گۆرانیدا... شیعرەکە لە ڕووی کێشەوە دە کەرتی دەبێ و وەستان لە ناوەڕاستدا دەبێ، دێڕی یەکەم تەنیا پێنج کەرت دەبێ، دەشێ ئەو نیوە دێڕە پێنج کەرتییە دووبارە بکرێتەوە و دەبێتە دێڕێکی تەواو».[١٠٩] ئینجا لە بارەی

---

١٠٧- کوردی و کێشی بڕگەیی، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ٢٠، ساڵی یەکەم، ٢٩-٤-١٩٧١، ل١.

١٠٨- ئەو کێشە بڕگەییانەی ئێستا باون، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ٢٤، ٢٧-٥-١٩٧١، ل١.

١٠٩- سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی ڕوخسار و ناوەڕۆک، د. مارف خەزنەدار، گ: کاروان، ژ: ٩٣، ساڵی یەکەم، ئاداری ١٩٩٢، ل١٢.



دابەشکردنی بڕگەکانی ئەم کێشە بەگشتی لە شیعری نوێی کوردیدا دەڵێ: «زۆربەی شیعری کوردی تازە و بەشێک لە شیعری کۆن، لەسەر کێشی دە هیجایی خۆماڵین، لەم جۆرە شیعرەدا بە شێوەیێکی گشتی وەستان لە ناوەڕاستدا ئەبێ».[١١٠]

(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول) کە باسی کێشی (دە بڕگەیی) دەکات، ئەویش بڕگەکانی ئەم کێشە دابەش دەکاتە سەر دوو کەرت، کە هەر کەرتێکی پێنج بڕگە بێت و دەڵێ: «زیاترین کێش کە لە شیعری کوردیدا بەکار هاتبێ کێشی (١٠ بڕگەیی)یە (٥+٥)...».[١١١]

(ئەحمەد هەردی) لە بارەی کەرت کردنی کێشی (دە بڕگەیی) بۆ دوو بەش یان دوو کەرتی یەکسان کە هەریەکەیان بریتی بێت لە پێنج بڕگە لە ڕایەکانی پێش خۆی جیانابێتەوە، بەڵام لەکاتێکدا هەموو ئەو بیروڕایانە ژمارەی تەنها دێڕێکی شیعریان کردۆتە پێوەری دیارکردنی جۆری کێشەکە، ئەم بەپێچەوانەی هەموو ئەو ڕایانە کۆی ژمارەی بڕگەکانی هەردوو دێڕی شیعر وەردەگرێت و دەڵێ: «کێشی دە بڕگەیی (کە ئەبوو ناوی بیست بڕگەیی بوایە) بریتییە لە دوو هەنگاوی پێنج بڕگەیی (٥+٥)».[١١٢]

(د. وریا عومەر ئەمین) دوای ئەوەی سێ جۆرە (گرێ)[*] بۆ کێشی بڕگەیی، کە بەکێشی خۆماڵی ناودەبات، دیاردەکات کە ئەوانیش بریتین لە گرێیی سێ پێیی و چواری و پێنجی کە یەکەمیان لە سێ بڕگە و دووەمیان چوار بڕگە و سێیەمیان پێنج بڕگە پێکدێت.[١١٣] وە ئەم سێ گرێیە بە پارسەنگی پێکهێنانی کێشی شیعری نوێی کوردی دادەنێت و یەکگرتنی ئەم گرێیانە دەکاتە بناغەی دروستبوونی شەپۆڵەکانی شیعری کوردی

---

١١٠- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، ل٥٠.

١١١- الواقعیة في الادب الکردي، د. عزالدین مصطفی رسول، ص١٩٩ . هەروەها بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل١٤٥.

١١٢- کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، سەرەتای کانوونی دووهەمی ١٩٧١، ل١٠.

(*) ئەگەرچی بۆ ئەم مەبەستە زاراوەی (پێ) و(دەستە پێ) و (هەنگاو) دەمێکە بەکاردەهێنرێت، بەڵام (د. وریا عومەر ئەمین) زاراوەی (گرێ) بەکاردەهێنێت، بەڕای ئێمەش چاکتر وایە هەر زاراوەی (پێ) یان (دەستە پێ) بەکاربهێنرێت.

١١٣- بڕوانە: شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عمرامین، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦- ساڵی ١٩٩٠، ل٥٥.

که بە (١٢) شەپۆڵی داناوە. لەناو ئەم شەپۆڵانەدا باسی کێشی (دە بڕگەیی) کردووە و بە شەپۆڵی (٥+٥)ی داناوە و ئەم نموونەیەی بۆ هێناوەتەوە:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە
__________ __________» [١١٤]

هەروەک لە دیارکردنی ژمارەی بڕگەکاندا کە بریتییە لە (٥+٥) و جۆری دابەشکردنی دێڕەکانی شیعرەکەدا دەبینرێت کە دابەش کراون بۆ دوو کەرتی یەکسان کە هەر یەکێکیان لە پێنج بڕگە پێکهاتووە، ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەم رایەش لەگەڵ رایەکانی پێشوودا یەک دەگرێتەوە لە بارەی کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی (دە بڕگەیی) بۆ دوو بەشی یەکسان کە هەریەکێکیان بریتی بێ لە پێنج بڕگە.

کەرتکردنی کێشی (دە بڕگەیی) بۆ دوو کەرتی یەکسان، کە هەر کەرتێکی لە پێنج بڕگە پێکهاتبێ لای چەند شاعیر و نووسەرێکی ترەوە باس کراوە و تەئکیدی لەسەر کراوە. (رەفیق سابیر) لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەم کێشە سەرەڕای ئەوەی لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا زۆر بەکارهێنراوە، هەموو شیعری نووسراوی شێوەی گۆرانیشی لەسەر رێکخراوە، وە لە شیعری نوێشدا زۆر بەکارهێنراوە. ئەم کێشە لە دوو هەنگاو پێک دێت کە بەردەوام وەستان لە ناوەڕاست دایە، واتە هەنگاوی یەکەم پێنج کەرتە، هەنگاوی دووەمیش پێنج کەرتە ٥+٥» [١١٥].

وە لە رووی هەمان بۆچوونەوە (عەبدوڵڵا تاهیر عومەر پشدەری) سەبارەت بەکەرتکردنی کێشی (دە بڕگەیی) دەڵێ: «کێشی دە بڕگەیی: وەک باسمان کرد زۆر بەربڵاوە، بەڵام لە ناوەڕاستیدا پێداگرتنێکی تێدایە لە دوای بڕگەی پێنجەمەوە، واتە دەبێ هیچ وشەیەک نەکەوێتە سەر بڕگەی پێنجەم و شەشەم، وە هەر میسرەعێکی بە دوو هەناسە دەردەبڕێ. هەریەکەی بە پێنج بڕگە» [١١٦].

١١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

١١٥- کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٤.

١١٦- سەرەتایەک دەربارەی (کێش) لە هەڵبەستی کوردیدا - ٢ -، عەبدوڵڵا تاهیر عومەر پشدەری، گ: سروە، ژ: ٣٩،ساڵی پێنجەم، رەزبەری ١٣٦٨ (١٩٨٠) ل٢٣.



هەروەها (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) کێشی (دە بڕگەیی) بەیەکێک لە دوو کێشە بنەڕەتییەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت و ئەویش ئەم کێشە دەکاتە دوو کەرت کە هەر کەرتێکی بریتییە لە پێنج بڕگە. [١١٧]

کەواتە لە بارەی کێشی (دە بڕگەیی)یەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بیروڕایانەی لە رووی کەرتکردنی بڕگەکانەوە لەم کێشەیان کۆڵیوەتەوە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە بڕگەکانی ئەم کێشە پێکهاتووە لەدوو کەرتی یەکسان و هەر کەرتێکی بریتییە لە پێنج بڕگە و وەستانێک لەناوەڕاستی پێنج بڕگەی یەکەم و پێنج بڕگەی دووەمدا دروست دەبێت.

کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی (هەشت بڕگەیی) شێوەیەکی فراوانتر و ئاڵۆزتر وەردەگرێت لە کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی (دە بڕگەیی)، چونکە سەرباری ئەوەی کەرت کردنی بڕگەکانی ئەم کێشە شێوەیەکی بنچینەیی هەیە و زۆربەی باس و لێکۆڵینەوەکان باسی ئەم جۆرە کەرتکردنەیان کردووە کە بڕگەکانی کێشەکەی تێدا دابەش دەبێت بۆ دوو کەرتی یەکسان کە هەر کەرتێکی بریتی دەبێت لە چوار بڕگە و وەستانێک دەکەوێتە ناوەڕاستی هەردوو کەرتەکەوە، بەڵام لە پاڵ ئەم کەرتکردنە بنچینەییەدا بڕگەکانی ئەم کێشە چەند شێوە کەرتکردنێکی تر وەردەگرێت.

(گۆران) لە پاڵ کەرتکردنە بنچینەییەکەی کێشی (هەشت بڕگەیی) هەر زوو هەستی بەشێوەکانی تری کەرتکردنی ئەم کێشە کردووە و بەدەستکاریکردنی کێشەکەی ناوبردووە و گوتوویەتی: «کێشی هەشت بڕگەیش لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆرباوە... دێڕی هەڵبەستی ئەم کێشە لەسەر دوو پێی چوار بڕگەیی ئەڕوا، زۆربەی بەرهەمی بوێژە تازەکانمان بەم کێشەو بەم جۆرە دەستکاریکراوەکانی - هۆنراوەتەوە ئەم پارچەیەی لای خوارەوە وێنەی جۆری ساکاری کێشی هەشت بڕگەیی (٤+٤)ە : وەنەوشەی بن/ دڕک خزاو/ چاوی رەشی/ کردەوە دی نێرگسە جاڕ/ بەهەزار چاو/ پێ ئەکەنێ زەردو سپی» [١١٨].

کەواتە (گۆران) لێرەدا ئەم شێوە کەرتکردنە بنچینەییەی ئەم کێشە بۆ دوو کەرتی یەکسان کە هەر کەرتێکی لە چوار بڕگە پێکهاتبێ بەشێوە ئاسانەکەی کەرتکردنی ئەم کێشە دادەنێت و ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی

١١٧- بڕوانە: هۆنراوەی ئازادی کوردی دەرکەوتن و خۆگرتنی، فەرەیدون عەبدول، مجلة آفاق جامعية (ئاسۆی زانکۆیی)،العدد ٣٠، ١٩٨١، ل٩٠.

١١٨- ئەو کێشە بڕگەییانەی ئێستا باون، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ٢٤، ٢٧-٥-١٩٧١، ل٨.

هەشت بڕگەیی شێوەی تری هەیە و ئەگەرچی تەنها بە(دەستکاری کراوەکانی) ئەم کێشەشی ناوبردووە و یەکە یەکە باسی شێوەکانی تری کەرتکردنەکەی نەکردووە، بەڵام ئەم ئاماژەکردنەی بۆ بوونی چەند جۆرە کەرتکردنێکی تری بڕگەکان گرنگییەکی گەورەی هەیەو بەڵگەی سەرنجدانێکی وردە لە بارەی کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشەوە.

(د. مارف خەزنەدار) کە باسی کێشی (هەشت بڕگەیی) دەکات لە سەرەتادا لەو گۆرانییە کوردییانەدا کە لەسەر کێشی هەشت بڕگەیین ئاماژە بۆ ئەو وەستانە دەکات کە لە نێوان هەردوو کەرتە یەکسانەکە دروست دەبێت و دەڵێ: «بەشێکی زۆر لە گۆرانییەکانی کوردی هەشت هیجاییە، وە شیعری هەشت هیجایی لە شیعری دە هیجایی کۆنترە، وە زۆری ئەم شیعرە هەشت هیجاییانە لە گۆرانیدا سێ دێڕە شیعرن، وە وەستان لە ناوەڕاستدایە». [119] ئینجا ئەم نموونەیە لە شیعری (مەلای جزیری) دەهێنێتەوە:

«لێ عەندەلیب و بلبلێن
ڕۆژ هاتە بورما سونبولێن» [120](*)

و، بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەم نموونەیە لە گۆرانییەکی هەشت بڕگەیی:

چاوت ڕەشە بە خومارەوە
مەمکت سێوە بەدارەوە
خودا داویە مەیشارەوە» [121]

دیارە (د. خەزنەدار) لەم بەراوردکردنەدا ویستوویەتی دەست لەسەر ئەو جیاوازییە دابنێت، کە لە ڕووی مۆسیقاوە لە نێوان ئەم دوو نموونەیەدا هەستی پێکردووە بۆیە لە ئەنجامدا دەڵێ: «تەنیا ئەوەندە هەیە لەم گۆرانییەدا وەستان لە ناوەڕاست دایە، (٤+٤)، بەڵام لە شیعرەکەی مەلای جزیری وەستان لەپاش هیجای پێنجەمە (٥+٣)». [122] ئینجا

١١٩- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، ل٣٣.

١٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(*) جێی باسە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە (د. خەزنەدار) هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم شیعرەی (مەلای جزیری) لەسەر کێشی عەرووزە بەڵام کە بەپێی کێشی بڕگەیی ژمارەی بڕگەکانی کەرت کردووە ئەوا دیارە مەبەستی ئەوەیە کە هەموو شیعرێک لەسەر کێشی عەرووز بێت دەست دەدا بەکێشی بڕگەییش بکێشرێت، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست دەرناچێت.

١٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

١٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦ و ٤٧ .



بەپێی کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشە لە (ئاڤێستا)دا شێوە کەرتکردنەکانی تر دیاردەکات و دەڵێ: «شیعرەکانی هەشت هیجایی (یەشت)ی ئاوێستا لە بابەت وەستانەوە چوارجۆرە، وەستان لەپاش چوارەم (٤+٤) یا لە پاش سێیەم (٣+٥)یا لە پاش پێنجەم (٥+٣) یا لە پاش دووەم (٢+٦) ئەبێ». [123] ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە نووسەر دەیەوێ بڵێ لەکاتێکدا لە گۆرانییە هەشت بڕگەییەکاندا وەستان دەکەوێتە ناوەڕاستی هەردوو کەرتەکەوە، بەڵام لە شیعردا کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشە تەنها خۆیان بەم شێوە کەرتکردنە نابەستنەوە، بەڵکو شێوەی جیاواز وەردەگرن.

(د. عیزەدین مستەفا ڕەسول) کە باسی کێشی (هەشت بڕگەیی) دەکات لە سەرەتادا ئاماژە بۆ شێوە کەرتکردنە بنچینەییەکەی ئەم کێشە دەکات و دابەشبوونی بۆ دوو کەرتی یەکسان کە هەر کەرتێکی پێکهاتبێ لە چوار بڕگە دەردەخات». [124] ئینجا لە پاڵ دیاریکردنی ئەم شێوە بنچینەییەی کەرتکردنی ئەم کێشە لە ڕێگای هێنانەوەی ڕایەکی (حوسێن عەلی شانۆف) لە بارەی بەکارهێنانی کێشی (هەشت بڕگەیی) لە شیعرەکانی (گۆران)دا، سێ شێوە کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشە دیاردەکات کاتێک دەڵێ: «دیسان کورد ئۆغلۆ[*] باش بۆ ئەوە چووە کە گۆران لە پارچە ٨ بڕگەییەکاندا ڕێک خۆی بە (٤+٤)ەوە نەبەستووە بەڵکو زۆر جار کردوویەتی بە (٣+٥)، (٥+٣)، (٣+٣+٢) کە یەکەمجار ئەو لە شیعری کوردیدا بەکاری هێناوە». [125]

شایانی باسە لێرەدا باسی ئەوە بکەین کە (حوسێن عەلی شانۆف) کاتێک لە شیعرەکانی گۆران)دا باسی بەکارهێنانی کێشی (هەشت بڕگەیی) دەکات، جگە لەوەی بەکارهێنانی ئەم کێشە بۆ یەکەمجار لە شیعری کوردیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ (گۆران) هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانیشەوە لایەنێکی تری کاری داهێنەرانەی گۆران بەوە دیاردەکات کە هەوڵی ئەوەی داوە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی کێشەکە بۆ دوو کەرتی یەکسان دەربچێت و شێوەی تر بەکاربهێنێت، بۆیە لەم ڕووەوە لە بارەی بەکارهێنانو کەرتکردنی ئەم کێشە لای گۆران دەڵێ: «شیعرەکانی بەو کێشە هەشت

١٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧ .

١٢٤- بڕوانە: الواقعیة في الادب الکردي، د. عزالدین مصطفی رسول، ص١٩٩، هەروەها بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل١٤٥ .

(*) مەبەستی (حسێن عەلی شانۆف)ە.

١٢٥- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل١٤٥ .

برگەییانە نەبەستۆتەوە کە لە دوو دێڕی یەکسانی ٤+٤ برگەیی پێک هاتبێ بەڵکو زیاتر پشتی بەشێوە نایەکسانەکەی ٥ + ٣ بەستووە:

ئەی نەتەوەی کوڕیای نەبەز!

ئەی سێ ملیۆن لە زەرد ڕەگەز!

لەم دوو دێڕەدا کێشی ٥+٣ی بەکارهێناوە لەکاتێکدا لە فۆلکلۆردا تەنها چاومان بەشێوە بڵاوەکەی ٤+٤ دەکەوێت، کەچی لە شیعرەکانی گۆراندا دەم نادەم دەبینین جگە لە کێشە هەشت برگەییە بنچینەییەکە چەند شێوەیەکی تر کە هەر لە کێشە بنچینەییەکەوە دروست دەبێت، بەکاردێت وەک: ٣+٥، ٥+٣، ٣+٣+٢ کە بۆ یەکەمجار لە شیعری نوێی کوردیدا بەکارهات».(١٢٦) (ئەحمەد هەردی) دوای ئەوەی باسی زۆری بەکارهێنانی ئەم کێشە لای شاعیرانی نوێی کورد دەکات، لە بارەی کەرتکردنی ئەم کێشەوە تەنها ئاماژە بۆ شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی برگەکانی ئەم کێشە بۆ دوو کەرتی یەکسان دەکات کە بەدوو هەنگاوی ناودەبات و دەڵێ: «هەروەها شاعیرەکانی ئەم چەرخە، گەلێک شیعریان لەسەر داناوە کە بریتییە لە دوو هەنگاوی چوار برگەیی:

أ- دنیا هەمووی چاو و ڕاوە

فڕوفێڵ و بەندوباوە

ڕاستە ڕاستی هەڵگیراوە،

درۆ و هوشە بەلێشاوە»(١٢٧)

(د. وریا عومەر ئەمین) تەنها شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی کێشی (هەشت برگەیی) دیار دەکات کە بریتییە لە دوو کەرتی یەکسان کە هەریەکێکیان پێکهاتووە لە چوار برگە و بە شەپۆلی (٤+٤)ی دادەنێت و ئەم نموونەیەی بۆ دەهێنێتەوە:

دونیــــا هەمـــــووی چاوڕاوە

فــــــڕوفـــــێڵ و بەند و داوە

________ ______»(١٢٨)

---

١٢٦- شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ترجمة شكور مصطفى، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥، ص١٧٥ .

١٢٧- کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، کانوونی دووەمی ١٩٧١، ل١١.

١٢٨- شەپۆلەکانی شیعری کوردی، وریا عمر امین، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٥.



هەروەک لەم نموونە شیعرییەدا دیارە دێڕە شیعرەکانی دابەش کردووە بۆ دوو کەرتی یەکسان و وەستانێک لە نێوان کەرتی یەکەم و کەرتی دووەمدا دروست بووە. کە ئەمەش خاسیەتی هەرە دیاری شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی کێشی هەشت برگەییە.

(دڵشاد محەمەد ئەمین) دوای ئەوەی کێشی (هەشت برگەیی) و (دە برگەیی) بە کێشە بنەڕەتییەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت، لە بارەی کەرتکردنی کێشی (هەشت برگەیی)یەوە جگە لە شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی ئەم کێشە بۆ دوو کەرتی یەکسان، باسی دوو جۆرە کەرتکردنی تری برگەکانی ئەم کێشە دەکات و دەڵێ: «بەڵام ئەم دوو کێشە سەرەکییە وەکو دابەشبوونی ئیقاعی ناوەوە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر فەرق دەکا... کە دێڕێکی هەشت کەرتی دادەنێ بە ٤+٤ دەست پێدەکا هەندێ ٢+٣+٣ هەندێکی تر ٣+٣+٢ و هەروەها... مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەرچی ئەو سێ نموونەیە هەرسێکیان سەر بەکێشێکی سەرەکین کە متەوالیەی ٤ - ٨ - ١٢- ١٦یە، بەڵام دابەشکردنی کەرتەکان لە دیوی ناوەوەی کێشە سەرەکییەکە... بەگوێرەی زەوق و کۆششی شاعیرەکە فەرق دەکا».(١٢٩)

هەروەها (ڕەفیق سابیر) لە بارەی کەرتکردنی کێشی (هەشت برگەیی)یەوە لە سەرەتادا شێوەی کەرتکردنە بنچینەییەکە دیاردەکات و دەڵێ: «ئەم کێشە لە دوو هەنگاو پێک دێت کە زۆر جار وەستان لە ناوەڕاست دایە، واتە هەنگاوی یەکەم چوار برگەیە و هەنگاوی دووەمیش چوار برگەیە ٤+٤»(١٣٠) ئینجا باسی شێوەکانی تری کەرتکردنی برگەکانی ئەم کێشە دەکات و دەڵێ: «یان هەندێ جار هەنگاوی یەکەم پێنج برگەیەو دووەم سێ برگەیە ٥+٣ یان ٣+٥».(١٣١)

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لەو بیروڕایانەی کە لەبارەی کەرتکردنی کێشی (هەشت برگەیی)یەوە دەربڕان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەرتکردنی برگەکانی کێشی (هەشت برگەیی) جگە لە شێوە بنچینەییەکەی کە پێکهاتووە لە دووکەرتی چوار برگەیی (٤+٤) و بوونی وەستانێک لە نێوان دوو کەرتەکە، چەند شێوە کەرتکردنێکی تریشی وەرگرتووە وەک: (٣+٥)، (٥+٣)، (٣+٣+٢)، (٢+٣+٣).

---

١٢٩- ئێوە ئەوان ئەڵێن چی؟ دڵشاد محەمەد ئەمین، ڕ:هاوکاری، ژ:٢٦٧، ١٦-٢٣/٥/١٩٧٥، ل٣.

١٣٠- کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، ڕەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٤.

١٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

له پاڵ بوونی ئەم هەموو باس و لێکۆڵینەوانەی له بارەی کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی (دەبڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی)یەوە کراون، دەبینین کەرتکردنی کێشەکانی تریش کەم یا زۆر ئاوڕیان لێدراوەتەوە و خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە هەموو ئەو بیروڕایانەی له کەرتکردنی بڕگەکانی کێشەکانیان کۆڵیوەتەوە جۆرە رێککەوتنێک له نێوانیاندا دەبینرێت سەبارەت بە دیارکردنی شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی بڕگەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی کێشەکان لەکاتی کەرتکردنی بڕگەکانیاندا شێوەیەکی بنچینەییان بۆ دیارکراوە.

کێشی (شەش بڕگەیی)، ئەم کێشە بە دەگمەن نەبێ ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و لەو باسانەشدا کە باس کراوە تەنها ئەم شێوە کەرتکردنەی بۆ دانراوە کە بریتییە له (٣+٣).[١٣٢] کێشی (حەوت بڕگەیی)، له بارەی کەرتکردنی ئەم کێشەوە زۆربەی بیروڕاکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشە شێوەیەکی بنچینەیی هەیە بریتییە له (٤+٣).[١٣٣] ئینجا لەپاڵ ئەم شێوە بنچینەییەی کەرتکردنی کێشەکە، باسی شێوە کەرتکردنێکی تری کراوە بریتییە له (٣+٤).[١٣٤]

کێشی (نۆ بڕگەیی)، ئەم کێشە کەم باس کراوە و کەرتکردنی بڕگەکانی تەنها ئەم شێوەیەی بۆ دیارکراوە: (٣+٣+٣).[١٣٥]

---

١٣٢- بڕوانە: الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص١٩٩. شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص ١٧٧، شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر امین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٥، کێش له شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٤.

١٣٣- بڕوانە: ئەو کێشە بڕگەیییانەی ئێستا باون، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ٢٤، ٢٧-٥-١٩٧١، ل٨، الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص١٩٩، کێش له شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ/ برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، ١٩٧١، ل١١، شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر ئەمین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٥، کێش له شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی دووەم ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٤.

١٣٤- کێش له شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٤.

١٣٥- بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٦، شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص١٧٧، شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر ئەمین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٥.



کێشی (یازدە بڕگەیی)، کەرتکردنی ئەم کێشە له کێشەکانی تر زیاتر بایەخی پێدراوە و شێوە بنچینەییەکەی کەرتکردنی بڕگەکانی بریتییە له (٤+٤+٣).[١٣٦] شایانی باسە کە ئەم کێشە له پاڵ ئەم شێوە کەرتکردنە بنچینەییە باسی دوو شێوە کەرتکردنی تری کراوە ئەوانیش بریتین له (٣+٣+٥)[١٣٧] و (٣+٤+٤).[١٣٨]

کێشی(دوازدە بڕگەیی)، ئەم کێشەش یەکێکە لەو کێشانەی بایەخێکی چاکی پێدراوە و ئەوەی لەم باس و لێکۆڵینەوانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشە دوو شێوە کەرتکردنی وەرگرتووە و له لایەن زۆربەی زۆری شاعیر و رەخنەگراندا بەیەک پلە بایەخ بەهەردوو شێوەی کەرتکردنەکە دراوە کە ئەوانیش بریتین له (٣+٣+٣+٣) و (٤+٤+٤).[١٣٩]

شایانی باسە کە لەناو ئەو لێکۆڵینەوانەی باسی کەرتکردنی کێشی (دوازدە بڕگەیی)یان کردووە، تەنها (هەردی) یەک شێوە کەرتکردنی دیارکردووە کە بریتییە له (٣+٣+٣+٣).[١٤٠]

کێشی (سێزدە بڕگەیی)، زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی باسی کەرتکردنی ئەم کێشەیان

---

١٣٦- بڕوانە: الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص١٩٩ .
شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص١٧٧ .
کێش له شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، ١٩٧١، ل١٢، کێش له شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٥.
ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٦، شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر ئەمین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٥.

١٣٧- بڕوانە:شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عمر امین، گ:رۆشنبیری نوێ، ژ:١٢٦، ١٩٩٠،ل٥٥.

١٣٨- بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٥.

١٣٩- بڕوانە: شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص١٧٧، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٦ .
کێش له شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٥.
شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر ئەمین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٥.

١٤٠- بڕوانە: کێش له شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، ١٩٧١، ل١٢.

کردووە، یەک شێوە کەرتکردنیان بۆ دیارکردووە ئەویش پێکهاتووە لە (٤+٤+٥)[١٤١]

جێی باسە لێرەدا باسی ئەو رایەی (هەردی) بکەین کە لە بارەی کێشی (سێزدە برگەیی)یەوە دەڵێ: «ئەمیش لەو کێشانەیە کە شاعیرە لاوەکانی ئەم چەرخە زۆری بەکارئەهێنن، کە بریتییە لە سێ هەنگاو (٤+٤+٣) یەکەم و دووهەم چوار برگەن و هەنگاوی سێهەم سێ برگەیە:

سەردەمێ بوو سەردەمێکی دوورودرێژ بوو،
نوێنی ئارام، بۆ من لەسەر، چەرپایەی لێژبوو
گۆران»[١٤٢]

لێرەدا ئەگەرچی بەهەڵە ژمارەی برگەکانی کەرتەکان دیارکراوە کاتێک بە (٤+٤+٣) دانراوە کە خۆی لە بنچینەدا (٤+٤+٥)ە کە پێ دەچێ هەڵەی چاپ بێ، چونکە نموونەی شیعرەکە بەڵگەی ئەوەیە کە (هەردی) لە دیارکردنی کێشەکە، کە کێشی (سێزدە، برگەیی)یە، بە هەڵەدا نەچووە.

کێشی(چواردە برگەیی)، لە ناو ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی لەسەر کێشەکانی شیعری کوردی کراون. سەبارەت بەم کێشە هەندێکیان هەر باسیان نەکردووە.[١٤٣] هەندێکیشیان کە باسیان کردووە بە هیچ شێوەیەک بەلای کەرتکردنی برگەکانی ئەم کێشەدا نەچوونە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کێشە هیچ جۆرە کەرتکردنێکی بۆ دیارنەکراوە.[١٤٤]

---

١٤١- بڕوانە: شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص١٧٧ . ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٦.کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل.٥ شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا علی امین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ:١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٥ .

١٤٢- کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ:١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، ١٩٧١، ل١٢.

١٤٣- بڕوانە: کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، ١٩٧١ کێش لە شیعری نوێی کوردیدا. رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر ئەمین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠ .

١٤٤- بڕوانە: شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف. ص١٧٧، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٦.



کێشی(پازدە برگەیی)، هەموو ئەو بیروڕایانەی باسی کەرتکردنی ئەم کێشەیان کردووە، یەک شێوە کەرتکردنیان بۆ دیارکردووە ئەویش بریتییە لە (٥+٥+٥).[١٤٥]

کێشی (شازدە برگەیی)، ئەم کێشە لەڕووی کەرتکردنەوە ئەگەرچی کەم باس کراوە، بەڵام لەو رایانەدا کە لە بارەی کەرتکردنیەوە دروست بووە لەلایەکەوە ئەم شێوە کەرتکردنەی بۆ دانراوە: (٦+٥+٥).[١٤٦] و لەلایەکی تریشەوە بە دووبارە کردنەوەی کێشی هەشت برگەیی دانراوە.[١٤٧]

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە بارەی کەرتکردنی کێشەکانی شیعری کوردییەوە کراون، ئەوە دەردەخەن کە هەندێ کێش یەک شێوە کەرتکردنیان هەیە وەک کێشی (شەش برگەیی: ٣+٣) و (نۆ برگەیی: ٣+٣+٣) و (دە برگەیی: ٥+٥) و (سێزدە برگەیی: ٤+٤+٥) و (پازدە برگەیی: ٥+٥+٥)وە هەندێکی تریان دوو جۆرە کەرتکردنیان هەیە وەک کێشی (حەوت برگەیی: ٣+٤و٤+٣) و (دوازدە برگەیی: ٣+٣+٣+٣ و ٤+٤+٤) و کێشی (شازدە برگەیی: (٦+٥+٥) و شێوەیەکی تریشی کە بەدووبارەکردنەوەی کێشی هەشت برگەیی ئاماژەی بۆ کراوە.

هەندێ جاریش کێش هەیە چەند کەرتکردنێکی جۆر بەجۆری هەبووە، وەک کێشی یازدە برگەیی: (٤+٤+٣) و (٣+٤+٤) و (٣+٣+٥) و کێشی (هەشت برگەیی) کە لە ناو کێشەکانی شیعری کوردیدا لە هەموویان زیاتر شێوە کەرتکردنی جیاواز و جۆر بەجۆری وەرگرتووە وەک: (٤+٤) و (٥+٣) و (٣+٥) و (٣+٣+٢) و (٢+٣+٣).

کێشیش هەیە باس لە هیچ جۆرە کەرتکردنێکی نەکراوە وەک کێشی (چواردە برگەیی).

---

١٤٥- بڕوانە: شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص١٧٧ . ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٦. کێش لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گ: برایەتی، ژ: ١٠، ساڵی یەکەم، ١٩٧١، ل١١. کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٥. شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، وریا عومەر ئەمین، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٦، ١٩٩٠، ل٥٦.

١٤٦- بڕوانە: شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ص١٧٧ . ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل١٤٦.

١٤٧- بڕوانە: کێش لە شیعری نوێی کوردیدا. رەفیق سابیر، بەشی دووەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠٠، ١٧-٧-١٩٧٦، ل٥.

# باسی سێیەم

## قافیەی شیعر

- سەرەتایەک لە بارەی قافیە
- چەمک و ئەرکی قافیە
- پێویستی بوون یان نەبوونی قافیە
- گۆڕانی قافیە

## سەرەتایەک لە بارەی قافیە

قافیە وەک یەکێک لە بنەماکانی پێکهاتنی شیعر، هەر لە سەرەتای پەیدابوونی شیعرەوە تا ئێستا بیروڕای جیاوازی لە بارەیەوە دروست بووە. لە ناو ئەم بیروڕایانەدا هەندێ جار قافیە بە پێویستییەک لەپێویستییە سەرەکییەکانی بنچینەی پێکهاتنی شیعر دانراوە و هەندێ جاریش بە شتێکی پێویست دانەنراوە و تەنانەت بوون و نەبوونی بەیەک شت لە قەڵەم دراوە.

ئەگەر تەماشایەکی مێژووی سەرهەڵدانی شیعر بکەین، دەبینین لە کاتێکدا کێش و مۆسیقا هەر لە سەرەتای پەیدابوونی شیعرەوە بەبنەمایەکی بنچینەیی پێکهاتنی شیعر دانراوە و لە قۆناغە جیاجیاکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعردا هەمیشە تەئکیدی لەسەر کراوە، ئەوا بە گوێرەی قافیە مەسەلەکە جیاوازە و بگرە پێچەوانەش بۆتەوە، چونکە بیروڕای واهەیە تەنانەت بۆ ئەوە دەچێت کە شیعر هەر لە بنچینەدا پەیوەندی بە قافیەوە نەبووە و «لە شیعری زمانە کۆنەکانی هیندو ئەوروپییەکانی وەک سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی قافیە نەبووە، هەتا ئەو شیعرانەی لە زمانە ئێرانییە ئوستائی و پارتی و پەهلەوییەکاندا هەیە قافیەیان نەبووە و لە زمانی ئینگلیزی کۆندا لە جیاتی قافیە جارجارە جۆرێک لە ڕێککەوتنی پیتەکان (Assonnance) هەبوو».[١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە لای ئەو میللەتانە لەدایکبوونی شیعر بەبوونی قافیە نە بەستراوەتەوە و قافیە بە مەرجی بنیاتنانی شیعر دانەنراوە، بەڵکو ئەم بایەخدانە بە قافیەی دەگەڕێتەوە بۆ عەرەبەکان و لە ڕێگای ئەمانەوە چۆتە ناو ئەو میللەتانە بۆیە (خواجە نصیر الطوسي) لەم بارەیەوە دەڵێ: «لەکۆندا مەرجی قافیە نەبووە و تایبەتیشە بە عەرەب و نەتەوەکانی تر لەوانیان وەرگرتووە».[٢] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێش عەرەب لە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی شیعردا حیساب بۆ قافیە نەکراوە تا عەرەب بایەخیان پێ نەداوە و نەیان خستۆتە ناو مەرجەکانی پێکهاتنی شیعر ئینجا دوای ئەمە گوازراوەتەوە ناو شیعری میللەتانی ترەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێت کە عەرەب هەر لە زووەوە تەنانەت بەر لە دانانی یاساکانی عەرووز، هەر لە سەردەمی جاهلییەوە بایەخیان بە قافیە داوە بۆیە

١- اوزان الشعر الفارسي، پرويز ناتل خانلری، ص١٠.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ص١٠ و ١١.



«زاراوەکانی قافیە کە لە دانانی جاهلییەکانە لەزاراوەکانی عەرووز کۆنترن کە گومانی تێدا نییە خەلیل(*) دای ناون».[٣] جگە لەمە ئەوەی زیاتریش ئەوە دەردەخات کە عەرەب پێش بایەخدانیان بە کێش زووتر ئاوڕیان لە قافیە داوەتەوە و گرنگییان پێداوە لەوەدا دەردەکەوێت کە «پەیدابوونی زانستی قافیە (علم القافية) پێش زانستی عەرووز (علم العروض) کەوتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر پێویستییان بەزانستی یەکەم هەبووە وەک لە زانستی دووەم».[٤] دیارە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو بابەتانەی تایبەت بوون بە قافیە زووتر خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی تایبەت بە کێش بوون و هەر ئەمەش زیاتر وای کرد پێویستی بەزانستی قافیە بێتە پێشەوە و زووتر دای بهێنن. ئینجا هۆی بایەخدانی عەرەبیش بە قافیە شتێک نییە لە خۆیەوە بێت، بەڵکو هۆی تایبەتی خۆی هەبوو کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترینیان هەستکردنیان بوو بە گرنگی بەها مۆسیقییەکەی قافیە بۆیە «قافیەیان بە یەکێک لە پێویستییەکانی شیعری عەرەبی و بەشێک لە مۆسیقای شیعر داناوە کە بە هۆیەوە یەکێتی قەسیدەکە تەواو دەبێت و گونجان لە نێوان کۆتایی بەیتەکانیدا دێتەدی».[٥]

ئەم بیروڕایانە بەگشتی دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە عەرەب بایەخێکی گەورەیان بە قافیەی شیعر داوە و بەیەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی بنیاتنانی شیعریان داناوە و لە ڕێگای شیعری عەرەبییەوە قافیە لە شیعری نەتەوە غەیرە عەرەبەکان پەیدابووە.

لەبارەی بوون یان نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا زۆربەی ئەو ڕایانەی لەم لایەنەی شیعری کوردییان کۆڵیوەتەوە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە شیعری کوردی لە بنچینەدا قافیەی نەبووە و لە قۆناغێکی تردا وەک نەتەوە غەیرە عەرەبەکانی تر قافیە هاتۆتە ناو شیعری کوردی.

(د. مارف خەزنەدار) لە بارەی بوون یان نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا دەڵێ: «بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری بوون و نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا، دیارە کارێکی گەلێک

(*) مەبەست خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدییە (١٠٠-١٧٥هـ) کە دامەزرێنەری زانستی عەرووزە.

٣- فن التقطيع الشعري والقافية، الدكتور صفاء خلوصي، الطبعة الثالثة، بيروت - ١٩٦٦، ص٢٢٢.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٢.

٥- اصول النقد الادبي، احمد الشايب، الطبعة السابعة، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٦٤، ص٣٢٤ و ٣٢٥.

قورسە، چونکە ئەو شیعرە کوردییەی لە ژێر دەستماندایە هەمووی قافیەی هەیە، وەهیچ شیعری کۆنی کوردی ئەوتۆشمان لەژێر دەست دانییە کە قافیەی نەبێ». [٦] بەڵام بوونی قافیە لەو شیعرانەی کە هەن بە بەڵگەی ئەوە دانانێت کە شیعری کوردی هەر لەسەرەتاوە قافیەی هەبووە، چونکە نووسەر ئەوە بەدوور نازانێت کە شیعری تریش هەبووبێ و قافیەی نەبێ، بەڵام بەدەستمان نەگەیشتبێ، بۆیە زیاتر بۆ ئەوە دەچێت کە شیعری کوردیش وەک شیعری نەتەوە غەیرە عەرەبەکان لە سەرەتادا قافیەی نەبووە و دەڵێ: «بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەتوانین بڵێین، ئەگەر لە زمانە کۆنەکانی هیندۆ-ئەوروپایی و هیندۆ- ئێرانی دا قافیە نەبووبێ، وەئێستا کە ئەوەی ئەم زمانانە قافیەییەکی تایبەتییان هەیە، کە لە قافیە خۆماڵییەکەی کوردی ئەکا، لەوانەیە لە کوردیشدا نەبووبێ!» [٧] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری کوردی وەک شیعری ئەو نەتەوە غەیرە عەرەبانە چۆن لەسەرەتادا قافیەی نەبووە ئەویش قافیەی نەبووە و ئەو قافیەیەی کە لە شیعری کوردیشدا دەبینرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە «وەکو شیعری ئەو زمانانە گۆڕابێ و پێش کەوتبێ تا هاتبێتە سەر ئەو قافیە خۆماڵییەی کە ئێستا هەیەتی». [٨]

(عەلائەدین سەجادی) لەڕووی هەمان بۆچوونەوە لەو بڕوایە دابووە کە شیعری کوردی لە بنچینەدا قافیەی نەبووە و بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیەش پەنا دەباتە بەر (ئاڤێستا) وە بە تایبەتی بەشی (گاتها)، وەیان وەک هەندێک پێی دەڵێن (گاتا)، و نەبوونی قافیەی لە شیعری کوردیدا بەستۆتەوە بە نەبوونی قافیە لە سروودەکانی (گاتها)، ئەوەتا لەم بارەیەوە دەڵێ: «تەنانەت وەکو سەیر ئەکەین لە سروودەکانی (گاتها)دا – کە سروودەکانی زەردەشتە- وەئەم سروودانە بۆ بناغەی زمانی کوردی پایەیەکی بەهێزن- بەجۆرێک داینەوە کە کێشەکەی لەسەر هیجا ئەڕوا سەرواشی هیچ تێدا نییە». [٩] کەواتە (سەجادی) لەسەر بناغەی دیارکردنی سروشتی پێکهاتنی ئەو سروودانە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە شیعری کوردی لە سەرەتادا قافیەی نەبووە «بەڵام پاش ئەوە کە دەنگ و باسی هۆنراوەی عەرەبی کەوتە ناو کوردەوە (سەروا) تەنانەت لە هۆنراوەی خۆماڵیشدا هەر شوێنی خۆی گرت، وەکو لە فۆلکلۆرەکانا هەیە وە وەکو لە هۆنراوەی خۆماڵی تازەشدا

٦- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، ل٥٧.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧

٩- نرخ شناسی، علاءالدین سجادی، ل١٠٦.



هەر هەیە». [١٠] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قافیە لە ڕێگای شیعری عەرەبییەوە هاتۆتە ناو شیعری کوردی. بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەم ڕایەی (سەجادی) ئەگەر لەو ڕووەوە ڕاست بێ کە پەیدابوونی قافیە لە شیعری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی شیعری عەرەبی لەناو میللەتی کورد دا، ئەوا لەو ڕووەوە لەگەڵیدا یەک نا گرینەوە و ناتوانین ئەو ڕایەی پەسەند بکەین کە بێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەوە دەچێت کە پەیدابوونی قافیە نەک هەر لە شیعری نووسراودا، بەڵکو لە شیعری فۆلکلۆری کوردیشدا دیسان دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی شیعری عەرەبی بۆ دوای بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرانە لەناو کورد دا. ئێمە زیاتر بۆ ئەوە دەچین کە ئەو کێش و قافیانەی لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا دەبینرێت شتێک نییە لە دەرەوە وەرگیرابێت بەڵکو چێژو زەوق و سەلیقەی خەڵکەکە دایهێناوە و بەپێی خاسیەتە تایبەتییەکانی زمانەکەیان دروست بوونە.

هەروەها (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) تەئکید لەسەر ئەو کاریگەرییە دەکات کە شیعری کلاسیکی عەرەبی لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی هەیبووە و دەڵێ: «شیعری کلاسیکی کوردی پشتی بە دەریاکانی عەرووزی عەرەبی دەبەست، کە یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهۆی زمانی فارسییەوە هاتوونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. ئەو شیعرە لەڕووی شێوەوە هەموو خاسیەتەکانی شیعری عەرەبی هەبووە، هەر لە یەکێتی قافیەو دانانی بەیتی شیعری بەیەکەیەکی واتایی، و پێڕەوکردنی یاساکانی عەرووز.». [١١] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە یەکێتی قافیە کە بەیەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دادەنرێت لەشیعری عەرەبییەوە هاتۆتە ناو شیعری کلاسیکی کوردی. ئەمەش زیاتر تەئکید لەسەر ئەو بۆچوونە دەکات کە ئەو قافیەیەی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا دەبینرێت لە شیعری عەرەبییەوە هاتۆتە ناو شیعری کوردی جا چ ڕاستەوخۆ لەزمانی عەرەبییەوە هاتبێت وەیان لەڕێگای زمانانی ترەوە بێت.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

١١- حول الاوزان في الشعر الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، جريدة التآخي، العدد:٦٧، ٧-٧-١٩٦٧، ص٢.

## - چەمک و ئەرکی قافیە

لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەشێک لەو بیروڕا ڕەخنەییانەی باسی قافیەیان کردووە خۆیان بەچەند لایەنێکی قافیەوە خەریک کردووە. وەک پێناسەکردنی قافیە و دیارکردنی مەرجەکانی دروستبوونی و دیارکردنی ئەو ڕۆڵەی لە شیعردا دەیگێڕێت.

لە بارەی پێناسەکردنی قافیەوە دەتوانین بڵێین بەشێک لەو بیروڕا ڕەخنەییانەی خۆیان بەم لایەنەوە خەریک کردووە تا ڕادەیەکی زۆر تەئسیری بیروڕا ڕەخنەییەکانی عەرەبەکانیان بەسەرەوە دیارە کە لە پێناسەکردنی قافیەدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە «قافیە بەوە پێناسە کراوە کە بەو کۆمەڵە دەنگە گوتراوە کە لە کۆتایی بەیتەکانی قەسیدەدا دووبارە دەبنەوە».[١٢]

لە ڕاستیدا سەرنجدانێکی ورد لەو پێناسە کۆنەی قافیە کە لای عەرەب بەو دەنگانە دیارکراوە کەلە کۆتایی ئەو وشانەدا دەبینرێت کەلە کۆتایی بەیتەکاندا دووبارە دەبنەوە، لەبیروڕای بەشێک لە شاعیر و ڕەخنەگرانی کورددا دووبارە بۆتەوە.

(شێخ نوری شێخ سالح) لەبارەی پێناسەکردنی قافیەوە دەڵێ: «قافیە لە نیهایەتی هەموو مەسرەعێکدا لە بەینی هیجای ئاخریدا بە ئیعتیباری تەسەووت عیبارەتە لە موتابەقەت».[١٣] کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە قافیە ئەو دەنگە بەیەکچوانەیە کە لە کۆتایی بەیتە شیعرییەکاندا دەبینرێت. ئینجا دوای ئەمە هەر لەناو پێناسەکەدا باسی لایەنێکی تری قافیە دەکات و دەڵێ: «کەوابوو لەنیهایەتی مەسرەعەکاندا هیجاکانی ئاخیری ئەگەر مالکی عەینی تەرزی تەسەووت بوون ئەو تەنازورەی کە لە بەینی ئەسواتا حاسل ئەبێ سامیعە نەواز ئەبێ»[١٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (شێخ نوری) لەباسکردنی قافیەدا وەرگر (متلقی) لەبەر چاو گرتووە و حیسابی بۆ ئەو کاریگەرییە کردووە کە مۆسیقای قافیەکە دەیبەخشێتە سەری.

جێی باسە لێرەدا ئاوڕێک لەو ڕایەی (د. کامل حەسەن بەسیر) بدەینەوە لەبارەی ئەم

١٢- العروض والقافية - دراسة ونقد - الدكتور عبدالرحمن السيد، مطبعة قاصد خير، القاهرة، ص٩٤ .هەروەها بڕوانە. نظرية الشعر عند الفلاسفة المسلمين (من الكندي حتى ابن رشد)، د. الفت كمال الروبي، دار التنوير للطباعة والنشر، ١٩٨٣، ص٢٥٨ و ٢٥٩.

١٣- ادبیاتی کوردی، م. نوری، ڕ: ژیان، ژ: ٣٢، س: ١، ٩-٩-١٩٢٦، ل١.

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢.



پێناسەیەی (شێخ نوری) بۆ قافیە کە تیایدا دەڵێ: «لەم پێناسەیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەکانی نووسەرەکەمان ئاشکرایە کە بە وردی باس لە سەروا نەکراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆمان هەیە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین، کە شیخ نوری شێخ سالح لەم کارەیدا لاسایی پێناسەی سەروای لە عەرووزی عەرەبیدا نەکردۆتەوە بەڵکو ڕوانیویەتیە گەوهەری ئەرکی سەروا و پێوەندی لەگەڵ خوێنەرو گوێگر لە هەڵبەستدا. ئەمیش- هەڵبەت- ئاکامێکی گرنگە لەگەڵ ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی کێشی خۆماڵی و کێشی عەرووزیدا یەک دەگرێتەوە.»[١٥] لێرەدا بەئاشکرا دیارە مەبەست ئەوەیە کە (شێخ نوری) لە پێناسەکردنی قافیەدا تەئسیری بیروڕای ڕەخنەگرانی عەرەبی لەسەر نییە و ئەو بەڵگەیەی بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەشی هێناوەتەوە ئەوەیە کە پەیوەندی قافیەی بە وەرگر دیار کردووە. ئێمە لەم بارەیەوە دەڵێین جارێ پێش هەموو شتێک هەر لە یەکەم سەرنجدانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم پێناسەیەی (شێخ نوری) بۆ قافیە لەگەڵ ئەو پێناسەیەی کە پێشتر لای زاناو ڕەخنەگرانی عەرەبمان دیار کرد چ جیاوازییەکیان لە نێواندا نابینرێت و تەواو لەیەک دەچن، ئینجا دیارکردنی پەیوەندی قافیە بە وەرگر لە سروشتی پێناسەکەی نەگۆڕیوە و شتێکی جیاواز یا نوێی دروست نەکردووە، بەڵکو بەباسکردنی لایەنێکی تری قافیە و فراوانکردنی باسەکە دادەنرێت.

(د. مارف خەزنەدار) قافیە بەوە پێناسە دەکات کە «دێڕە شیعرەکانی شیعر، بە وشەیێک دواییان دێ، ئەم وشانە لە لایەن کێش یا ئاوازەوە لە یەکتری ئەکەن، وەبەلای کەمییەوە ئەبێ تیپی دوایی هەموو ئەم وشانەی دێڕە شیعرەکان یەک بن، ئەم وشانە قافیەیان پێ ئەڵێن، ئەمە بە نیسبەت ئەو شیعرەی یەک قافیە ئەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شیعرێکدا قافیەکان گۆڕان، ئەو کاتە هەر بەشە قافیەیێکی لەیەک چوو وتەی سەرەوەی بەسەرا تەتبیق ئەکرێ».[١٦] دیارە ئەم پێناسەیەش هەر لە ڕوانگەی تێگەیشتنە کۆنەکەی قافیەوە بە یەکچوونی پیتێک یان چەند پیتێکی ئەو وشانەی دەکەونە کۆتایی بەیتە شیعرەکان بە قافیە دادەنێت، بەڵام لێرەدا باسی شتێکی تریش کراوە ئەویش ژمارەی ئەو پیتانەیە کە قافیە پێک دەهێنن و بەلایەنی کەمەوە بەیەک پیت دیار کراوە.

١٥- شێخ نووری شێخ سالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، ل٤١ و ٤٢.

١٦- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، ل٥٦.

(عەلائەدین سەجادی) ئەویش هەر لەسەر بناغەی پێناسەکردنە کۆنەکەی قافیە دەڵێ: «سەروا بریتییە لەو پیتانە- بە دەنگ بێ یان بێ دەنگ- کە ئاوازەکانیان وەکو یەکە و کەوتوونەتە دوایی هەردوو نیوە هۆنراوەکەوە. ئەمە لەکاتێکدا وایە کە سەرتاپای دەستە هۆنراوەکە دووتاکی بێ... خۆ ئەگەر دووتاکی نەبوو ئەوە دیارە دوایی دوو نیوە هۆنراوی یەکەم و دوایی نیوەی دووەمی هۆنراوەکانی تر هەموو لەم سەروایەدا وەکو یەک ئەبن». [١٧] ئەوەی لەم پێناسەیە سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە ژمارەی ئەو پیتانەی قافیەیان لێ پێک دێت بەلایەنی کەمەوە بە دوو پیت دانراوە، بەڵام رایەکی تر هەیە بە پێچەوانەوە بۆ ئەوە دەچێت کە مەرج نییە قافیە لە دوو پیت کەمتر پێک نەیەت، بەڵکو بۆی هەیە لەیەک پیت پێک بێت بە مەرجێک پیتەکەی ئەسڵی بێت، هەروەک چۆن دەکرێ لە دوو پیت یان زیاتریش پێک بێت. (دارا. م) لەم بارەیەوە لە پێناسەکردنی قافیەدا دەڵێ: «لە فەرهەنگی ئەدەبیاتیشدا بەو وشانە دەگوترێن کە لە کۆتایی شیعردا بێن. بە جۆرێک کە یەک یا چەند پیتی ئەسڵی کۆتایی ئەو وشانە یەک بن. بۆ نموونە: دڵ، گوڵ، چڵ... پێکەوە قافیەن یان کەمەر، گەوهەر، دلبەر... ئەمانەش دەکرێ پێکەوە ببنە قافیە. لێرەدا دەبینین پیتە ئەسڵەکانی وشەی دڵ، گوڵ، چڵ بریتییە لە (ڵ). و لە نموونەکانی دیکەشدا بریتییە لە (ە ر). ئەم پیتە ئەسڵیانە لەزمانی ئەدەبیاتدا رەوی (ڕوی)یان پێ دەگوترێ». [١٨]

ئەوەی لەم پێناسانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هەموویان لەسەر بناغەی تێگەیشتنە کۆنەکەی پێناسەکردنی قافیەوە دروست بوونەو لەو بیروڕایانەیان لانەداوە کە عەرەبەکان بۆ قافیەیان کردووە. ئەمەش بەئاشکرا لە باسکردنی دوو شتدا دەردەکەوێت یەکێکیان ئەوەیە کە هەموو پێناسەکان باسی ئەو دەنگانە وەیان ئەو پیتانەیان کردووە کە لە کۆتایی ئەو وشانە دان کە دەکەونە کۆتایی بەیتەکانی شیعرەوە، ئەویتریشیان بایەخدانیان بە ژمارەی ئەو پیتانەی قافیە پێک دەهێنن، دیارە ئەمەش لەوەوە هاتووە کە عەرەب زۆر بایەخیان بە باسکردنی پیتەکانی قافیە داوە.

بەڵام دیارە بەپێی ئەو گۆڕانەی لە شیعری نوێدا بەسەر قافیەدا هات، هەندێ بیروڕای جیاواز لە بیروڕا کۆنەکە لەبارەی قافیەوە دروست بوو و لە خۆبەستنەوە بەو مەرجانە

---

١٧- نرخ شناسی، علاء الدین سجادی، ل١٠٣- و ١٠٤.

١٨- قافیە، دارا. م، گ: سروە، ژ: ٢٧، س: ٤، رەزبەری ١٣٦٧ (١٩٧٩ز)، ل١٢.



دەرچوو، کە بۆ قافیە دانرابوو و لەسەر ئەو بناغەیە چەمکی قافیە دیاردەکرا. دەتوانین بڵێین لەم بارەیەوە (عەزیز گەردی) لەڕووی بۆچوونێکی ترەوە باسی قافیە دەکات. جارێ پێش هەموو شت کە باسی قافیەی شیعری نوێ دەکات ئەوە دەردەخات کە شاعیری نوێ لەو یاساو دەستوورانە دەرچووە کە لە بەکارهێنانی قافیەدا پەیڕەو دەکرا. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وازی لە قافیە هێناوە، بەڵکو «خاوەنی سەروایە بەڵام سەروایەکی نەبەستراوە، واتە هۆنەر بەتەواوی سەرواکە پێشێل ناکات لە هەمان کاتیشا خۆی بە دەستوورێکی دیاری سەروا هێنانەوە بەند ناکات. بەڵکو ناوەناوە بەگوێرەی ئاواز و ئاهەنگی گشتی هۆنراوەکە بەپێی سەلیقەو بەهرەی تایبەتی خۆیەوە سەرواکە ئەکوتێتەوە.». [١٩] ئینجا سەرنجمان بۆ مەسەلەیەکی گرنگ رادەکێشێت ئەویش ئەوەیە کە قافیەی شیعری نوێ جیاوازە لەو چەمکە کۆنەی قافیەی بە وەک یەکی پیتەکانی وشەی کۆتایی دێڕەکانی شیعر دەبەستەوە و بۆ شتێکی تر چووە ئەویش ئەو مۆسیقایەیە کەلە کۆتایی وشەکانی دێڕەکانی شیعردا هەستی پێدەکرێت بێ گوێ دانە بەیەکچوون وەیان جیاوازی دەنگەکان «...زۆر جاریش وائەبێ کە سەروا لەوە ئەپەڕێتەوە کە (وەک یەکی) پیتێک بێت و بۆ ئەوە ئەچێ کە ئاوازی وشەی کۆتایی بێت». [٢٠] ئینجا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە پەسەند کردنی ئەم جۆرە قافیەیە دیار دەکات و دەڵێ: «لە راستیدا هۆنراوەی نوێش ئەوەی هەندێ کەس بە (ئازاد) و هەندێک بە (سەربەست) ناوی ئەبەن جاروبار سەروای هەر هەیە، جا با ئەو سەروایە تیپێکی راستەوخۆش نەبێ، چونکە زۆرجار وائەبێ کە ئاوازی وشەی کۆتایی وا دائەکوتێتەوە هەزار سەروای بە زۆر هاتووی بە قوربان بێ». [٢١] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو ئاوازەی لە کۆتایی وشەکاندا هەستی پێدەکرێت زۆر کاریگەرترە لەو قافیانەی لە ئەنجامی بە یەکچوونی پیتەکانی وشەی کۆتایی دێڕەکانی شیعرەوە دروست دەبێت.

لە راستیدا نەبوونی هەستێکی مۆسیقی بۆ هەستکردن بەو تەوژمە مۆسیقییانەی وشەکان لە کۆتایی دێڕەکانی شیعردا کۆتاییان پێدێ، ئەمە وای کردووە هەندێک

---

١٩- خەندەکەی بایی و هۆنراوەی ئەمڕۆمان، عەزیز گەردی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٣٢، ١١-٩-١٩٧١، ل٣.

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٢١- هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی. رەخنەو لێکۆڵینەوە، عەزیز گەردی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٥، ١٩٧١، ل٣.

واتێبگەن شیعری نوێ وازی لە قافیە هێناوە، لە کاتێکدا ئەو تەوژمە مۆسیقییەی لە کۆتایی ئەو وشانەدا هەیە کە دەکەونە کۆتایی دێڕەکانی شیعر، ئەمە لە شیعری نوێدا دەبێ حیسابی قافیەی بۆ بکرێ، نەک بە یەکچوونی پیتەکانی دوایی وشەکانی کۆتایی دێڕەکانی شیعر. ئەگەر لەو بیروڕایانە ورد بینەوە کە ئەرکی قافیەیان دیار کردووە دەبینین لە ڕووی تێڕوانینی جیاوازەوە تەماشای کراوە و ئەرکی جیاوازی دراوەتە پاڵ، جا لە کاتێکدا هەندێ جار ئەرکەکەی تەنها بەوە دیار کراوە کە بە جوان کردن و ڕازاندنەوەی شیعر بەستراوەتەوە، بەرامبەر بەمە دەبینین بیروڕایەکی تر هەیە لەڕووی تێڕوانینێکی فراوانترەوە تەماشای قافیە دەکات و لە چوارچێوەی پەیوەندی بە ناوەڕۆکی شیعرەوە تەماشای دەکات.

(میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی) بایەخێکی گەورەی بە ئەرکە جوانکارییەکەی قافیە داوە و نەبوونی بەکەم و کوڕییەکی گەورەی شیعر داناوە بۆیە گرنگییەکەی بەوە دیارکردووە کە «شیعر بەفەن و سیفەتی قافیەوە دانەمەزرێ وەکو خانووی بێ دەرگا و پەنجەرە و دیواری بێ بۆیەو سواغ وایە». [٢٢] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قافیە جوانییەکی کاریگەر دەداتە شیعر و فەرامۆشکردنی کارێکی خراپ دەکاتە سەر شێوەی شیعرەکە و لەم ڕووەوە کەلێنێکی گەورە بەجێ دەهێڵێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە (محەمەد سدیق عارف) ئەرکی قافیە بەوە دیار دەکات کە «هەر بۆ ئەوەیە دەنگ و ئاوازێکی کاریگەر بدا بە هۆنراوەکە». [٢٣] ڕاستە لێرەدا تەئکید لەسەر بەها مۆسیقییەکەی قافیە کراوە و ئەرکی تەنها بەستراوەتەوە بەو چێژەی کە لە ئەنجامی مۆسیقا کاریگەرەکەیەوە دروست دەبێت و لایەنی جوانکردنی ڕوخساری شیعرەکەی پێ دەبەسترێتەوە، بەڵام بەرامبەر بەم بۆچوونە بۆچوونێکی تر پەیدا بوو زیاتر تەئکیدی لەسەر ئەو پەیوەندییە کرد کە قافیە بە ناوەڕۆک دەبەستێتەوە. دەتوانین بڵێین لەم ڕووەوە بیروڕاکانی (کەمال غەمبار) بایەخێکی تایبەتییان هەیە، چونکە زۆر بە وردی پێی لەسەر ئەم پەیوەندییە داگرتووە و ئاوڕی لەم لایەنەی قافیە داوەتەوە و ئەوەی دەرخستووە کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان قافیە و مەبەستە شیعرییەکەیدا هەیە «کە سەرنج دەدەینە قافیە دەبێ سەیری پاش و پێش بکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک پەیوەندی بە ماناو وێنەکانی پێش خۆی و دواییەوە هەیە،

٢٢- وەڵامی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەرامبەر بە ئینقیلابی شیعری کوردی، میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی، گ: شەفەق، ژ: ٤، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٥٨، ل٨ .

٢٣- کامەران و هۆنراوەی نوێ، محەمەد سدیق عارف، ل١٨.



ئایا وشەی قافیەکە هەر لە خۆیەوە هاتووە یا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ ماناکەدا هەیە یاخود نا؟» [٢٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێرەدا هەوڵی ئەوەی داوە قافیە بە ناوەڕۆکی شیعر ببەستێتەوە و ئەوە دەربخات کە ئەرکی قافیە لەشیعردا تەنها ئەوە نییە ڕوخساری شیعر بڕازێنێتەوە، بەڵکو ئەرکی لەوە فراوانترەو پەیوەندییەکی پتەوی بەتەواو کردنی ماناوە هەیە، کە دیارە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە مۆسیقای قافیە دەبێ لەگەڵ جۆری بابەتەکەدا جۆرە گونجانێکیان لە نێواندا هەبێت و مۆسیقاکە ڕەنگدانەوەی ئەو ناوەڕوکە بێت بۆیە دەڵێ: «بەر لەهەموو شتێک مەسەلەی هاوڕەگەزی یاخود بڵێین گونجان لە نێوان (وشە و گوزارە) مەسەلەیەکی گرنگە دەبێ تا ڕادەیەکی زۆر قافیەکە لەگەڵ ماناکەدا بگونجێ، واتا مانای دێڕە شیعرەکە یا سەرجەمی هۆنراوەکە: لێرەدا قافیەکە تەنیا بەمەبەستی ئاوازی مۆسیقای وشەکە بەکار ناهێنرێ، بەڵکو زیاتر بۆ تەواو کردنی ماناکە یا وێنە شیعرییەکە دێتە کایەوە». [٢٥] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قافیە لە کاتێکدا تارادەیەک جوانکردنی ڕواڵەتی شیعرەکەی پێ بەستراوەتەوە، لەهەمان کاتدا گرنگییەکی تریشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەومەبەست و مانایە دانابڕێت کە شاعیر دەیەوێ لەناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەری ببڕێت. دەتوانین بڵێین (دڵشاد عەلی) هەر لەڕووی ئەم بۆچوونەوە تەواو دەست لەسەر ئەو پەیوەندییە پتەوە دادەنێت کاتێک ئەو ئاوازەی لە مۆسیقای کێش و سەروای شیعرەکەوە دروست دەبێت بە حاڵەتە شعوری و ئەزموونە خودییەکەی شاعیر دەبەستێتەوە و دەڵێ: «وەک ئەزانین کێش و سەروا لە هۆنراوەدا ڕووی دەرەوەی سۆزە، جا کاتێک شاعیر سۆزێکی بەتین لە دەروونی دا کۆئەبێتەوە و بە هۆنراوە دەری ئەبڕێ، ئەو سۆزە چەشنە ئاوازێک ئەدات بە هۆنراوەکە، کەوابوو کێش و سەروا ئەبێ دەنگدانەوەی سۆزێکی ڕاستەقینە بێت لای شاعیر». [٢٦] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قافیە، لەپاڵ کێشی شیعر، دەبێ لەیەک کاتدا شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر لەبەر چاو بگرێت. هەر لەسەر بناغەی تەئکید کردن لەسەر بەستنەوەی قافیە بە ناوەڕۆکی شیعر لەپاڵ بایەخدان بە گرنگییەکەی بە گوێرەی شێوەی شیعرەوە (د. کامل حەسەن بەسیر) سۆزی شاعیر بەسەرچاوەی ئەو ئاوازە دادەنێت کە لە کێش و قافیەی شیعردا دروست

٢٤- قافیە لە پرچی ئەو کچەدا کام بۆچوونی ڕەخنەگرانە، کەمال غەمبار، گ: بەیان، ژ: ٦٣، حوزەیرانی ١٩٨٠، ل٣٧.

٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

٢٦- دیلان شاعیرو ئازادیخواز، دڵشاد عەلی، ل٥٢.

دەبێت و دەڵێ: «... چونکە هەندێ رەخنەساز تێبینی دەکەن کە رەگەزی ئاواز- لەبەر ئەوەی کێش و سەرواى هەڵبەست ساز دەکات- یەکێکە لە هەرە- رەگەزە گرنگەکانی هۆنراوە. ئەمە راستییەکە بەڵام رەگەزی ئاواز بەلای ئێمەوە سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئاکامی رەگەزی سۆزە. بەمانای ئەوەی کە سۆزی هەستیار بەوجۆرە بەرپا دەبێت و بوونی مادی هەستیار دەهێنێتە لەرزەو زمانی هۆنراوەکەی ترپەو ئیقاعێکی تایبەتی وەردەگریت کە بە زاراوەی رەخنەسازەکان پێی دەوترێ ئاوازی هۆنراوە: کێش و سەروا و مۆسیقای وشە و ئاهەنگی ناوخۆی رستەو دەربڕین». [٢٧]

کەواتە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین ئەرکی قافیە نەتەنها رازاندنەوەی رواڵەتی شیعر و نەتەنها خزمەتکردنی ناوەڕۆکەکەیەتی، بەڵکو چۆن ناتوانین لە نرخی بەها مۆسیقییەکەی قافیە کەم بکەینەوە بەهەمان شێوەش ناتوانین لە نرخی ئەو پەیوەندییە کەم بکەینەوە کە قافیە بە ناوەڕۆک دەبەستێتەوە و بەتەواوکەری ماناکەی دادەنێت.

## پێویستی بوون یان نەبوونی قافیە

لەبارەی پێویستی بوون یان نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا، دوو هەڵوێستی جیاواز لای شاعیر و رەخنەگرانی کورد دروست بووە. هەڵوێستێکیان تەئکید لەسەر گرنگی قافیە دەکات وەک بنەمایەکی پێویستی پێکهاتنی شیعر و بە مەرجی بنیاتنانی شیعری دادەنێت، کەچی بەرامبەر بەمە هەڵوێستێکی تر هەیە بە پێچەوانەی هەڵوێستی یەکەم، هەست بەهیچ جۆرە گرنگییەکی بوونی قافیە لەشیعردا ناکات و بوون و نەبوونی بەیەک شت دادەنێت. (شێخ نوری شێخ ساڵح) بایەخێکی تەواو بە قافیە دەدات ولە پاڵ بوونی کێش بە بنەمایەکی گرنگی پێکهاتنی شیعری دادەنێت و دەڵێ: «نەزم بەو تەرزی بەیانە ئەڵێن کە موزەییەن بێ بەوەزن و قافیە». [٢٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کێش و قافیە لە پێکهاتنی شیعردا بە دوو بنەمای تەواوکەری یەکتر دادەنێت.

(گۆران) کە باسی سروشتی پێکهاتنی شیعر دەکات، وەک دانەیەکی یەکگرتوو کە لە کۆمەڵە بنەمایەکی گرنگ پێکهاتبێ تەماشای شیعر دەکات و لەپاڵ بنەماکانی تردا وەک یەکێک لەو بنەمایانەی شیعریان لێ پێک دێت باسی قافیە دەکات و دەڵێ: «پێشینان

٢٧- وێژەی کوردی و رەخنەسازی، دکتۆر کامل حەسەن عەزیز بەسیر، ل١٩٢ و ١٩٣ .

٢٨- ادبیاتی کوردی، م. نوری، ڕ: ژیان، ژ: ٢٧، س: ١، ٥-٨-١٩٢٦، ل٢.



ناونیشانی هەڵبەستیان بەکێش و قافیە هەڵداوە». [٢٩] بەڵام (گۆران) ئەم چەمکە کۆنەی شیعر رەت دەکاتەوە و لەڕووی باری سەرنجێکی ترەوە و لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی ورد لە گرنگی هەموو ئەو بنەمایانەی شیعریان لی پێک دێت، بۆچوونێکی تر دەخاتە روو کە کێش و قافیە ئەگەرچی بە دوو بنەمای گرنگی شیعر دادەنرێن، بەڵام بەبێ بنەماکانی تر هیچ جۆرە بایەخێکیان نابێت و نابنە هۆی بنیات نانی شیعرێکی راستەقینە بۆیە بۆ بەرپەرچدانەوەی پێناسە کۆنەکەی شیعر دەڵێ: «پێشینان لە دانانی تەعریفی لای سەرەوەدا تەنیا سەرنجیان لە دیمەنی دەرەوەی هەڵبەست لە قاڵبەکەی داوە، ئەگینا قسەی هۆنراوەی بێ بەش لە هەوێنی گەوهەرەکانی هونەر تەنیا لەبەر ئەوەی کێش و قافیەی هەیە، هەرگیز بە هەڵبەست دانانرێ». [٣٠] کەواتە لەم قسانەی (گۆران)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قافیە لەپاڵ بنەماکانی تر بە پێویستییەکی گرنگی شیعر دانراوە.

بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە (گۆران) ئەگەرچی شیعری بە دانەیەکی یەکگرتوو داناوە و لە پێکهاتنی شیعردا هەستی بە گرنگی هەموو بنەماکان کردووە، بەڵام سەرباری ئەمەش دەتوانین بڵێین گرنگییەکی تایبەتی داوەتە کێش و لەناو هەموو بنەماکاندا (کێش)ی بە پێویستییەکی هەرە گرنگی شیعر داناوە. [٣١] بەڵام دیسان ئەم تایبەت کردنەی کێش بەو پێویستییە هەرە گرنگەی ئاماژەی بۆ کردووە مانای کەم کردنەوە نییە لە بایەخی بنەماکانی تر و لەناو ئەمانەش قافیە.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە بەشێک لەو بیروڕایانەی باسی بنەماکانی پێکهاتنی شیعریان کردووە، دەبینین زۆر تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردووە کە مەرجی بنیاتنانی شیعر دەبێ پشت بە هەردوو بنەمای کێش و قافیە ببەستێت و ئەو دوو بنەمایە لەبەرچاو بگرێت تا بە شیعر دابنرێت. واتە نە بەتەنها باسی کێش و نە بەتەنها باسی قافیەیان کردووە، بەڵکو تەئکیدیان لەسەر هەردوو بنەماکە کردووە وەک دووشتی تەواوکەری یەک بۆ بنیاتنانی شیعر. [٣٢]

٢٩- هەڵبەست کێش و قافیە، گۆران، ڕ: ژین، ژ: ١٧، س ١، ٧-٤-١٩٧١، ل٧.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١ و ٧.

٣١- بڕوانە: سەرچارەی پێشوو، ل٧.

٣٢- بڕوانە: بەهۆی هەتاوی پرشنگ زێڕینەوە، قانع، گ: هەتاو، ژ: ١١٥، س: ٤، ٣٠-١١-١٩٥٧، ل٣. شیعرو نووسینی کوردی، رەفیق حیلمی، گ: شەفەق، ژ: ٤، س١، نیسانی ١٩٥٨، ل٣. هەندێ وتارو چاوپێکەوتنی ئەدەبی، خالید دلێر، ل ١٠٨، کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل ١٨٠.

هەروەها بەشێک لە  نووسەر و ڕەخنەگران لەڕووی تێگەیشتنێکی وردەوە سەبارەت بە چەمکی شیعری نوێ، وەیان وەک هەندێک پێی دەڵێن شیعری ئازاد یان شیعری سەربەست، ئەو بۆچوونە هەڵەیان ڕاست کردۆتەوە لەبارەی شیعری نوێ گوایا بریتییە لەو شیعرەی لەکێش و قافیە دوور کەوتۆتەوە. (محەمەد سدیق عارف) و (عەزیز گەردی) بەوردی لەم مەسەلەیان کۆڵیوەتەوە و ئەوەیان دەرخستووە کە کێش و قافیە دوو بنەمای گرنگی پێکهاتنی شیعری نوێن، بەڵام ئەوەندە هەیە کە شیعری نوێ لە بەکارهێنانە کۆنەکەی دوورکەوتۆتەوە و ڕووی کردۆتە بەکارهێنانێکی نوێی ئەو بنەمایانە.(٣٣)

کەواتە ئەم بیروڕایانە هەموویان قافیەیان بە یەکێک لە پێویستییە گرنگەکانی شیعر داناوە و وەک بنەمایەک لە بنەما گرنگەکانی پێکهاتنی شیعردا تەئکیدیان لەسەر کردووە. لێرەدا جێی باسە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە زۆرجار دیارکردنی گرنگی قافیە لەپاڵ گرنگی کێشدا باس کراوە. واتە هەردووکیان بە دوو بنەمای تەواوکەری یەکتری شیعر دانراون. بەڵام بەرامبەر بەم بیروڕایانەی تەئکیدیان لەسەر پێویستی بوونی قافیە لە شیعردا کردووە و بەیەکێک لە بنەماکانی مەرجی پێکهاتنی شیعریان داناوە، بیروڕایەکی تر هەیە بەشێوەیەکی تر تەماشای قافیە دەکات و وەک بنەمایەک لە بنەماکانی پێکهاتنی شیعردا بەو مەرجە بنچینەییەی دانانێت کە نەبوونی کاربکاتە سەر سروشتی پێکهاتنی شیعر، بۆیە بوون و نەبوونی لەڕووی بنیاتنانی شیعرەوە بەیەک شت دادەنێت.

(د. نەسرین فەخری) دوای ئەوەی لەسەر بناغەی کێش و قافیە جۆرەکانی شیعری تازە دیار دەکات، لە بارەی ئەو جۆرە شیعرەی بە شیعری سەربەستی ناودەبات دەڵێ: «شیعری سەربەست.- ئەو شیعرەیە کە شاعیر یەک دەریای تیا ئەگرێت بەڵام ژمارەی (تفاعیل)ەکانی جێگیر نییەو قافیەش یا تیا ئەبێت یا تیا ئەبێت و تیا نابێت».(٣٤) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قافیە بەو مەرجە دانانێت کە هەر دەبێ بەشداری لە بنیاتنانی شیعردا بکات، بەڵکو سەربەستی دەداتە شاعیر لە بەکارهێنان یان واز هێنان لە قافیە.

(هێمن) کە باسی جیاکردنەوەی شیعر و پەخشان دەکات، بوون و نەبوونی قافیە

٣٣- بڕوانە: کامەران و هۆنراوەی نوێ، محەمەد سدیق عارف. ل ٥٤ و ٥٦ .هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، عەزیز گەردی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٥، س: ٢، ٢٤-٧-١٩٧١، ل٣.

٣٤- جۆرەکانی شیعری تازە، -٤-، نەسرین فەخری، ڕ: ژین، ژ: ١٣٢١، ساڵی ٣١، ١٩٥٦، ل٣.



بەیەک شت دادەنێت، کەچی بوونی کێش بە مەرجێکی سەرەکی بنیاتنانی شیعر دادەنێت و دەڵێ: «من قسەی بێ کێش با زۆر قووڵ و جوانیش بێ بە شیعر نازانم، شیعر دەبێ کێشی هەبێ تا لە پەخشان جودا بکرێتەوە، جا قافیەی هەبێ یان نا هەر بە شیعر دەژمێردرێ».(٣٥)

هەرچی (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)ە ئەوا بوون و نەبوونی قافیە لە شیعردا نەک هەر بەشتێکی ئاسایی دادەنێت بگرە بەیەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت و دەڵێ: «هەرچی قافیەیە، ئەوە بوون و نەبوونی و هەمەڕەنگی وەک کێشەکە نامانخاتە ناو گێژاوی موناقەشە، چونکە بوون و نەبوونی و جیاوازی و هەمەڕەنگی قافیە بووە بە شتێکی گونجاوی مەیدانی شیعری تازە. یا بووە بەمەرجێک لە مەرجەکانی».(٣٦)

(کامەران موکری)، ئەویش لە بارەی جیا کردنەوەی شیعر لە پەخشان، سەبارەت بەدیارکردنی سنووری جیاکەرەوەی نێوانیان ڕاستە لەپاڵ کێش قافیەش دەخاتە ناو ئەم سنوورە، بەڵام لەدواییدا بۆمان دەردەکەوێت کە کێش دەکاتە بناغەی ئەم جیاکردنەوەیەو تایبەتی دەکات بە شیعر بۆیە دەڵێ: «بەلای منەوە ئەگەرچی قافیەش هەر بەشێکە لەو سنوورە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر جارجارە نەمێنێ وەیان ڕێی خۆی بەربدا و بەبێ ڕێ و شوێنێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێ هەر ئەگونجێ».(٣٧) کەواتە ڕێگادان بەواز هێنان لە قافیە، با جارجارەیش بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە قافیە مەرجێکی پێویستی بنیاتنانی شیعر نییەو شاعیر بە ئاسانی بۆی هەیە وازی لێبهێنێت و فەرامۆشی کات.

هەروەها (محەمەد سدیق عارف) لەبارەی نەبوونی قافیە لە شیعردا دەڵێ: «جا لەبەر ئەوەی کە ئەمیش (یانی قافیە)، هەر بۆ ئەوەیە دەنگ و ئاوازێکی کاریگەر بدا بە هۆنراوەکە، کەوابوو ئەبێ بگۆڕێ و وەهابێ نەبێتە بەرهەڵستی لە دەربڕینی مانای هۆنراوەکەدا. ئیتر سا یا جووت، جووت بگیرێ وەیا بەینا و بەین، وەئەگەر هەر ناچاری بوو، ئەو قافیەیە بکرێ بە قوربانی ماناکە و وازی لێ بهێنرێ، یانی هیچ پێویست ناکا،

٣٥- ئەزموونی شاعیریم، هێمن، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ١٠ کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، ل٥.

٣٦- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل١٧٧.

٣٧- خۆشەویست، ئەرخەوان، پێشەکییەکەی بەپێنووسی کامەران موکری، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٢، ل٥.

شاعیر لایەنی بیرکردنەوەی تەرخان بکا بۆ هێنانەوەی قافیە».(٣٨) راستە نووسەر لێرەدا زۆر تەئکیدی لەسەر گەیاندنی ناوەڕۆکی شیعر کردووە، بەڵام بەپێی ئەم رایە وازهێنان لە قافیە بۆ گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکە مانای ئەوەیە کە قافیە بەمەرجێکی بنەڕەتی بنچینەی بنیاتنانی شیعر دانراوە و دەتوانرێ وازی لێ بهێنرێت بێ ئەوەی زیانیش بە پێکهاتنی بنیاتی شیعرەکە بگەیەنێت.

لێرەدا سەبارەت بە مەسەلەی واز هێنان لە قافیە، ئەوەی لەم رایانەدا بەلامانەوە گرنگ بێ ئەوەیە کە هەر بنەمایەک لە بنەماکانی هەر بەرهەمێک ئەگەر بە شتێکی بنچینەیی دانرا ئەوا ناتوانرێ وازی لێ بهێنرێت، چونکە نەمانی ئەو بنەمایە دەبێتە هۆی دروست بوونی کەلێن و بەکەم و کوڕی دادەنرێت، بۆیە شتە بنچینەییەکان بواری واز لێهێنان و پشت گوێ خستن و فرێدانیان نییە چ جارجارە یا بەشێوەیەکی بەردەوام بێت و ئینجا لەبەر هەر هۆیەکیش بێت، بۆیە لێرەدا مەسەلەی وازهێنان لە قافیە مانای ئەوەیە کە بە شتێکی بنچینەیی دانەنراوە و لای ئەو نووسەر و رەخنەگرانە نەچۆتە ناو پێویستییەکانی شیعر.

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) بوونی شیعر تەنها بە بوونی کێش دەبەستێتەوە و هیچ جۆرە گرنگییەک بۆ بوون یان نەبوونی قافیە دانانێت و دەڵێ: «نەمانی کێش (الوزن) لە شیعرا واتە ئەو دەقە ئەدەبییە هیچ مافێکی بەسەر شیعرەوە نەماوە جا ئەو کاتە ئێوە و خوای خۆتان چی ناو دەنێن ناوی بنێن... بەڵام سەروا (القافیە) گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لە باسکردنی شیعری ئازادی کوردیدا...».(٣٩) بەڵام دەبێ لێرەشدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە بەپێی ئەم رایە گرنگی نەدان بە قافیەی شیعر هەموو جۆرەشیعرێکی نەگرتۆتەوە بەڵکو تەنها تایبەتی کردووە بەجۆرێکی دیاریکراوی شیعر کە بە شیعری ئازادی ناو بردووە. ئەوەی راستی بێ هەندێ جار ئەو هەوڵانە دەبینرێت کە بوونی قافیەی تێدا تایبەت کراوە بە شیعری کلاسیکی و بەمەرجێکی سەرەکی ئەو شیعرەیان داناوە کەچی لە شیعری نوێدا بە پێویست نەزانراوە و فەرامۆش کراوە. ئەوەتا لەم بارەیەوە (دارا.م) دەڵێ:

٣٨- کامەران و هۆنراوەی نوێ، محەمەد سدیق عارف، ل١٨.

٣٩- هۆنراوەی ئازادی کوردی دەرکەوتن و خۆگرتنی، فەرەیدوون عەبدول، مجلة آفاق جامعیة (ئاسۆی زانکۆیی)، العدد ٣٠، ١٩٨١، ل٨٩.



«قافیە یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیک و بوونی لەهەر شیعرێکدا کە بەم شێوە گوترابێ مەرجێکی بنەڕەتییە- لێرەدا مەبەست لە شیعری کلاسیک هەموو ئەو شیعرانەیە کە قافیەدارن و وەزنی تایبەتی شیعری کۆنیان هەیە- وەبەپێی یاساکانی شیعری کۆن هەر شیعرێک قافیەی ناتەواو و ناڕێک بێ بە شیعر دانانرێ. بەڵام لە شیعری نوێدا مەگەر بە رێکەوت قافیە بێتە کایەوە و چەند وشەی قافیەدار یەک بگرنەوە. دەنا بوونی پێویست نییە و شاعیر دەتوانێ بە یەکجاری خۆی لێ رزگاربکا».(٤٠) کەواتە بەپێی ئەوە قافیە مەرجێکی بنچینەیی شیعری کلاسیکی بووە، بەڵام لە شیعری نوێدا بایەخێکی ئەوتۆی نییەو شاعیر بۆی هەیە وازی لێ بهێنێت.

ئەم بیروڕایانە بەگشتی دەیانەوێ ئەوە بڵێن کە قافیە وەک بنەمایەک لە پێکهاتنی شیعردا بوونی بە مەرجێکی پێویست دانانرێت و دەتوانرێت وازی لێ بهێنرێت بێ ئەوەی کاریش بکاتە سەر شیعر.

بەڵام سەرنجدانێکی ورد لەو بیروڕایانەی ئەم هەڵوێستە دەنوێنن بەئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە خاوەنی ئەم بیروڕایانە لەلایەکەوە بەڵگەیەکی وایان بەدەستەوە نییە پاڵپشتی قسەکانیان پێ بکەن، لەلایەکی تریشەوە دوودڵییەکی ئاشکرایان پێوە دیارە. هەر بۆ نموونە شیکردنەوەیەکی خێرای چەند دەربڕینێکی ناو ئەم بیروڕایانە بە ئاشکرا راستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنن: وەک (د. نەسرین فەخری) کە دەڵێ: «قافیە لە شیعردا دەبێت یانابێت».(٤١) واتە لە بارەی بوون یا نەبوونی قافیە لە شیعردا دوو حاڵەت لەبەر چاو دەگرێت و تەئکید لەسەر هیچ کامێکیان ناکات. (هێمن) کە دەڵێ: «قافیە هەبێ یان نەبێ».(٤٢) واتە دوو ئیحتیمال دادەنێت و باسی وازهێنانێکی تەواو و یەکجارەکی قافیە ناکات. (کامەران موکری) کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات جار جارە دەگونجێ واز لە قافیە بهێنرێت.(٤٣) ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بە شێوەیەکی بەردەوام و یەکجارەکی شاعیر پشت لە قافیە بکات، بەڵکو هەندێ جار ئەویش ئەگەر پێویستی کرد. (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) کە بوون و نەبوونی قافیە لە شیعری نوێدا بە شتێکی ئاسایی

٤٠- قافیە، دارا. م، گ. سروە، ژ: ٢٧، س: ٤، رەزبەری ١٣٦٧ (١٩٧٩ز)، ل١٢.

٤١- بڕوانە: جۆرەکانی شیعری تازە، نەسرین فەخری، ر: ژین، ژ: ١٣٢١، ل٣.

٤٢- بڕوانە: ئەزموونی شاعیریم، هێمن، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ١٠، کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، ل٥.

٤٣- بڕوانە: خۆشەویست، ئەرخەوان، ل٥.

دادەنێت.[٤٤] ئەمەش دیسان هەردوو ئیحتیمالی بەکارهێنان یا وازهێنان دەگرێتەوە. (محەمەد سدیق عارف) کە لە حاڵەتی ناچاریدا ڕێ بە شاعیر دەدات واز لە قافیە بهێنێت.[٤٥] واتە تەنها باس لە حاڵەتێکی دیاریکراو دەکات نەک بە شێوەیەکی گشتی و لە هەموو کاتێکدا. (فەرەیدوون عەبدول) کە باسی ئەوە دەکات قافیە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.[٤٦] ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر گرنگی نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە گرنگی هەیە بەڵام گرنگییەکی گەورە نییە.

کەواتە ئەم بیروڕاو بۆچوونانە هەموویان دوو ئیحتیمال هەڵدەگرن و بەشێوەیەکی یەکجاری نەیان توانیوە قافیە ڕەت بکەنەوە و داوای وازلێهێنانێکی تەواوی بکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بوونی دوو ئیحتیمال لەڕووی بوون یان نەبوونی قافیە لە شیعردا خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە قافیە وەک یەکێک لە بنەماکانی پێکهاتنی شیعر ناچێتە ناو مەرجەکانی پێویستی بنیاتنانی شیعر، چونکە لە حاڵەتێکدا دەبووە ئەو مەرجە بنەڕەتییە ئەگەر هاتوو وەک بنەمایەکی بنچینەیی تەئکید لەسەر حەتمیەتی بوونی بکرابا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەتەواوی ڕەت نەکراوەتەوە.

کەواتە لە ئەنجامدا بەپێی ئەو بیروڕایانەی لەلایەن شاعیران و ڕەخنەگرانی کوردەوە لە بارەی پێویستی بوون یان نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا خرانە ڕوو و شی کرانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قافیە لە شیعری کوردیدا بنەمایەکە لە بنەما پێویستییەکانی پێکهاتنی شیعر سەرباری ئەوەی بەشێک لە بیروڕاکان هەوڵی ئەوەیان داوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێچەوانەی ئەمە بڵێن بەڵام هەروەک بینیمان بوونی ئیحتیمالی دووەم لە هەموو ئەو بیروڕایانەی دەیان ویست لەڕووی ئەم بۆچوونەوە باسی قافیە بکەن خۆیان لە خۆیاندا بەڵگەی ئەوە بوون کە ڕەتکردنەوەیەکی تەواوی قافیە نەبوو. دیارە ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە قافیە بنەمایەکی پێویستی بنیاتنانی شیعرە، بەڵام ئەوەندە هەیە لە تێگەیشتنە کۆنەکەی دەرچووە و لەڕووی تێگەیشتن و تێڕوانینێکی ترەوە باسی لێوە دەکرێت. ئەمەش بە ئاشکرا لەو گۆڕانانەدا دەبینرێت کە بەسەر قافیەی شیعری

٤٤- بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل١٧٧.

٤٥- بڕوانە: کامەران و هۆنراوەی نوێ، محەمەد سدیق عارف، ل١٨.

٤٦- بڕوانە: هۆنراوەی ئازادی کوردی خۆگرتن و دەرکەوتنی، فەرەیدوون عەبدول، مجلة آفاق جامعية (ئاسۆی زانکۆیی)، العدد ٣٠، ١٩٨١، ل٨٩.



کوردیدا داهاتووە و لەوە دەرچووە چەمکی قافیە بە بەیەکچوونی پیتەکان وەیان دەنگەکانی دوایی وشەی کۆتایی دێڕەکانی شیعر ببەسترێتەوە.

**- گۆڕانی قافیە**

گۆڕانی قافیەی شیعر یەکێک بوو لە پێویستییەکانی نوێکرنەوەی شیعر، چونکە یەکێتی قافیە کە یەکێک بوو لە مەرجە بنچینەییەکانی شیعری کلاسیکی وەک کۆت و بەندێکی قورس لە بەردەم شاعیر دانرابوو. شاعیریش ناچار دەبوایە ملکەچ بێت بەرامبەر بە خۆبەستنەوە و پەیڕەوکردنی ئەو شێوە بەکارهێنانەی قافیە کە تەنها ماوەیەکی تەسکی بۆ شاعیر دەهێشتەوە بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە شیعرییەکەی. بەڵام شاعیری نوێ خۆی لە بەردەم ناوەڕۆکێکی گەورەدا بینییەوە کە بارودۆخە ئاڵۆزەکەی سەدەی بیستەم بۆ کوردی دروست کردبوو و دەبوایە هەوڵی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە بدات. ئەوە بوو شیعر بە قاڵبە کۆنەکەی بە هۆی ئەو ماوە تەسکییەی خۆبەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی کێش و قافیە دروستی کردبوو دادی شاعیری نوێی نەدەدا بۆیە هەر دەبوایە خۆی لەو کۆت و بەندە ڕزگار بکات.

بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین ڕاستە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لە سەدەی بیستەمدا بۆ کورد هاتە پێشەوە یەکێک بوو لەو هۆکارە گرنگانەی بوونە هۆی گۆڕانی قافیەی شیعر، بەڵام تەنها هۆیەکیش نەبوو، چونکە نابێ لێرەدا ئەوە لە بیر بکەین کە بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەر دەستی (شێخ نوری شێخ ساڵح) و (گۆران) و هاوڕێکانی لە کارتێکردنی بزووتنەوەی شیعری نوێی تورکی بە دوور بوو، بەڵکو ئەمیش یەکێک بوو لەو هۆیە گرنگانەی پاڵی بە شاعیران وەنا بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر شیعردا بهێنن کە لەگەڵ دیاردەکانی نوێکردنەوەی شیعردا دەگونجا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لە دیارکردنی لایەنەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەمیشە دەبێ لە لایەکەوە ئەو کارتێکردنەی شیعری نوێی جیهانی، وە بەتایبەتی شیعری نوێی تورکی و لە لایەکی تریشەوە بارودۆخە تایبەتییەکەی میللەتی کوردمان لەبەر چاو بێت وەک دوو هۆی تەواوکەری یەکتر بۆ هێنانە کایەوەی ئەو نوێکردنەوەیەی شیعری کوردی بە خۆیەوەی بینی.

کەواتە لادانی شاعیری نوێی کورد لە پەیڕەوکردنی یەکێتی قافیە کە شاعیرانی کۆن خۆیانیان پێ دەبەستەوە کارێکی حەتمی بوو و شاعیری نوێ هەر دەبوایە لێی لابدات.

ئەوەی سەرنجیش رادەکێشێت زۆربەی ئەو بیروڕایانەی باس لەو لادانەی شاعیری نوێ لە یەکێتی قافیە دەکەن، لەسەر ئەوڕایە یەکیان گرتۆتەوە کە هۆی سەرەکی ئەم لادانە ئەو ماوە تەسکییەیە کە یەکێتی قافیە لە شیعردا لەبەردەم دەربڕینی ناوەڕۆکدا دروستی دەکرد.

پەسەند نەکردنی خۆبەستنەوە بە یەکێتی قافیە لای (گۆران) بە ئاشکرا کاتێک دەردەکەوێت کە ئاماژە بۆ ئەو ماوە تەسکییە دەکات کە یەکێتی قافیە دروستی دەکات «بایەخدان بە رازاندنەوەی وێنە، لەگەڵ ئەو ماوە تەسکییەی یەکیەتی قافیە دروستی ئەکا. هەڵبەستی کۆنی ناچار کردووە یەکێتی بابەت (وحدة الموضوع) بترنجێنێتە ماوەی بەیت. لە غەزەل یا قەسیدەیەکا بەیت لە واتا (معنی) دا ئەوەندە سەربەخۆیە کە پیاو ئەتوانێ بەیتەکان بەهەوەسی خۆی پاش و پێش بخات بەبێ ئەوەی هەست بە جیاوازییەک بکرێ». [٤٧] ئینجا باسی ئەو گۆڕانە دەکات کە شاعیرانی نوێ بەسەر قافیەیان داهێناوە و ئەنجامی چاکی ئەم گۆڕانە بەوە دیار دەکات کە «لە هەڵبەستی تازەدا یەکێتی بابەت دابەش کراوە بەسەر هەموو پارچە هەڵبەستەکەدا. لەبەر ئەوە لە پارچەیەک هەڵبەستی تازەدا، نەک هەر لەبەر جیاوازی قافیە، لەبەر تێک نەچوونی ڕێز پێوەگرتنی بابەتیش، زۆر گرانە تاقە دێڕێک چییە، لە شوێنی خۆی بگوێزرێتەوە». [٤٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆ نەبەستنەوەی شاعیری نوێ بە یەکێتی قافیە بۆتە هۆی ئەوەی شیعری نوێ لەلایەکەوە یەکێتییەکی ئۆرگانی بەهێز لە نێوان هەموو دێڕەکانیدا دروست بکات و بەهەموو دێڕەکانی یەک پارچەی یەکگرتوو دروست بکەن و لەلایەکی تریشەوە بواری دەربڕینی ناوەڕۆکەکەش ئەوەندە فراوان ببێت بەسەر هەموو پارچە شیعرەکەدا دابەش ببێت.

(د. مارف خەزنەدار) هەمیشە تەئکیدی لەسەر ئەنجامی نالەباری خۆبەستنەوەی شیعری کلاسیکی بە یەکێتی قافیە کردووە و ئەوەی دەرخستووە کە ئەم جۆرە خۆبەستنەوەیە تا چ رادەیەک بۆتە هۆی قوربانیدان بەو ناوەڕۆکە گرنگەی کە لەپاڵ شێوە هونەرییەکە کۆڵەکەیەکی گرنگی تری شیعر پێکدەهێنێت، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە شیعری کوردیدا زۆرجار قەسیدەکان بەیەک قافیە کۆتاییان دەهات، شاعیری کورد هەموو

٤٧- کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، گ: هیوا، ژ: ٣١، س: ٤، کانوونی دووهەمی ١٩٦١، ل٧.
٤٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٧ و ٨.



هەوڵ و کۆششی خۆی لە رازاندنەوەی قافیەدا خەرج دەکرد، زۆرجاریش زێدەڕۆیی دەکرد و قافیەکەی لە دوو پیت یان زیاتر پێک دەهێنا، بۆیە لەم حاڵەتەدا شیعرەکانی لەڕووی ماناوە سادەو ساکار دەردەچوون، بەڵام لەفزەکانی نایاب و جوان دەردەچوون. وەنەبێ ئەمەش خاسیەتی هەموو جۆرەکانی شیعر بێ، داستانەکان پێڕەوی جووت قافیەیان دەکرد». [٤٩] ئینجا دێتە سەر شیعری نوێ و لەبارەی خۆنەبەستنەوەی شاعیر بەیەکێتی قافیە دەڵێ: «هەرچی شیعری نوێیە ئەوا خۆی بە یەکێتی قافیە نەدەبەستەوە، چونکە بیروباوەڕی فراوان و ئاواتەکانی گەورە بوون، لەم حاڵەتەدا نەیدەتوانی ئەمانە هەموو دەربڕێت ئەگەر سەربەستییەکی تەواوی نەبوایە، بۆیە لە ئەنجامدا شیعرەکانی لەو پەڕی داهێنان و نوێکاری دابوون». [٥٠] لێرەدا نووسەر دەیەوێ ئەوە بڵێ کە گەورەیی هیواو ئاواتەکان و فراوانی بیرو باوەڕەکانی شاعیری نوێ بوونەتە هۆی ئەوەی لە یەکێتی قافیە لابدات، وەک ئەوەی شاعیری کلاسیک هیوا و ئاواتی گەورە و بیرکردنەوەی قووڵ و فراوانی نەبووبێت. ئێمە لەم بارەیەوە دەڵێین راستە شاعیری نوێ لەوە دەرچوو خۆی بە یەکێتی قافیە ببەستێتەوە، بەڵام هۆی ئەم خۆ نەبەستنەوەیەی ناگەڕێتەوە بۆ فراوانی بیرکردنەوە و گەورەیی هیوا و ئاواتەکانی شاعیری نوێ، چونکە شاعیری کلاسیکیش لەمە بێ بەش نەبووە و بگرە بەپێچەوانەوە، سەرباری ئەو کۆت و بەندە سەختەی یەکێتی کێش و قافیە لەبەردەمیدا دروستی دەکرد، گەلێ جار لە هەندێ بابەتی فەلسەفیدا زۆر قووڵ رۆیشتووە و باسی چەند مەسەلەیەکی ئاڵۆزی کردووە کە تەنها لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و فراوان و زەمینەیەکی رۆشنبیری گەورەوە نەبێ ئەم جۆرە شیعرە دروست نەدەبوو. بۆیە بەڕای ئێمە هۆی خۆبەستنەوە وەیان خۆنەبەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی قافیە ئەوەندە پەیوەندی بەو هۆیەوە نییە، بەڵکو هۆی ئەم لادانە لە یەکێتی قافیە لای شاعیری نوێ دەگەڕێتەوە بۆ شتی تر کە دەکرێ بگوترێ لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی رووبەڕووی شاعیری نوێ بۆوە و لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیری نوێ توانی هۆیەک (وسیلة) بدۆزێتەوە بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە ئەویش لە رێگای سوود وەرگرتن لەو تاقیکردنەوە شیعرییە نوێیەی لە بەردەمی بوو و

٤٩- الادب الكردي الحديث، معروف خزنەدار، جريدة اربيل، العدد ٩٢، السنة الثانية، الثلاثاء، ٢١-١٠-١٩٥٢، ص١.
٥٠- سەرچاوەی پێشوو، ص١.

خۆی لە لادان لە پەیڕەوکردنی یەکێتی قافیە دانواند. کەواتە لەم ڕووەوە جیاوازی نێوان شاعیری کلاسیک و شاعیری نوێ لەوەدایە، کە شاعیری کلاسیک پەیڕەوێکی شیعری دیاریکراوی بۆ دانرابوو دەبوایە خۆی پێ ببەستێتەوە و لێی لانەدات، بەڵام شاعیری نوێ توانی لەو پەیڕەوە دەربچێت و جۆرە سەربەستییەک بەدەست بهێنێت.

هەر لە ڕووی هەمان ئەم بۆچوونەوە لە شوێنێکی تردا (د. مارف خەزنەدار) یەکێک لە هۆیەکانی خۆبەستنەوەی شاعیری کلاسیکی کوردی بە یەکێتی قافیە بەوە دیار کردووە کە «... هۆزی دواکەوتوو لە خوێندەواریدا بیروباوەڕی تەسک و ساکار ئەبێ، جا بۆ ئەوەی هونەرێک بدا بەشیعر و وەزن و قافیەیێکی ڕێکوپێکی بۆ دائەنێ، بۆ ئەوەی ئەو ساکارییەی لەبیرو خەیاڵەکەدا هەیە بەم وەزن و قافیەیە دابپۆشی، ئەمەش ڕاستە کە زۆرجار وەزن و قافیە چەشنە هونەرو خەیاڵێکی تر بە شیعر ئەدەن. کە کۆمەڵ پێش ئەکەوێ لەڕووی خوێندەوارییەوە پایەی بیروخەیاڵ بەرز ئەبێتەوە شاعیری هونەروەر ئەتوانێ وێنەی بڵندی هونەراوی وا دروست بکا کە هەرگیز پێویستی بە وەزن و قافیە نەبێ». [٥١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەخنەکەی دیسان شاعیری گرتۆتەوە نەک شیعر.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ خاڵێکی گرنگ ڕابکێشین ئەویش ئەوەیە کە یەکێتی قافیە خاسیەتێکی شیعرییەو تایبەت بە شیعرەو پەسەند نەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەنجامەی خۆبەستنەوەکە دروستی دەکات، بۆیە پێویستە هەر تێبینییەک لەسەر ئەم شێوە بەکارهێنانەی قافیە دروست دەبێت و هەر ڕەخنەیەکی لێدەگیرێت ئاراستەی شیعرەکە بکرێت نەک شاعیر. ئەوەی تێبینیش دەکرێ ئەوەیە کە زۆربەی ئەو بیروڕایانەی ڕەخنەیان لە یەکێتی قافیە گرتووە وەک خاسیەتێکی تایبەت بە شیعر وەریان گرتووە و ڕەخنەیان لێگرتووە تەنانەت (د. مارف خەزنەدار) هەر خۆشی لە چەند شوێنێکدا بەهۆی ئەو ماوە تەسکییەی یەکێتی قافیە دروستی دەکات ڕەخنە لە پەیڕەوکردنی دەگرێت و دەڵێ: «جگە لەوەی یەکێتی وەزن و قافیەش ئەم شاعیرە بەند ئەکا بەوە کە بیری هەرلەلای وەزن و قافیەکە بێ بەمە ناتوانێ بیروخەیاڵی ڕاستەقینەی خۆی دەربڕێ». [٥٢] هەروەها کاتێک باسی شیعری کوردی دەکات لەڕووی شێوەکانی قافیەوە دێتەسەر ئەو شیعرەی خۆی بە یەکێتی قافیە نابەستێتەوە و دەڵێ: «... وە خۆبەندنەکردنی شاعیر بەیەک قافیە، بۆ

---

٥١- دیوانی سەلام، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: معروف خزنەدار، ل٢٥.

٥٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.



ئەوەیە کە زیاتر ئازاد بێ لەدەرکردنی بیروباوەڕی». [٥٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆبەستنەوەی شاعیر بەیەکێتی قافیە دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر نەتوانێت خەیاڵی ڕاستەقینە و بیروباوەڕی تەواوی دەرببڕێت، بەڵکو ناچار دەبێت قوربانی بە بەشێک لەو ناوەڕۆکە بدات لە پێناو پاراستنی یەکێتی قافیەکە، دیارە ئەمەش بەڕای نووسەر جێی پەسەند نەکردن و ڕەخنە لێگرتنە.

(عەلائەدین سەجادی) لادانی شاعیری نوێ لە پەیڕەوکردنی یەکێتی قافیە بە تەواوی پەسەند دەکات و ئەمەش کاتێک بە ئاشکرا هەستی پێدەکەین کە لەڕووی قافیەوە باسی شیعری (ژیانی ئادەمیزاد)ی (شێخ نوری شێخ ساڵح) دەکات و دەڵێ: «زیاتر لەمەش ئەو هۆنراوانە کە تا ئەم سەردەمە هەبوون زۆر بەسترابوون بەسەرواوە، ئەم خۆی لەو خۆبەستنەوەیە ڕزگار کردووە و هۆنراوەکەشی تێک نەچووە، واتە شتە تایبەتییەکانی هۆنراویشی تێدایە کە بریتین لە وشەی جوانی هەڵبژاردە، لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ئەندێشە، لە گواستنەوەی وشە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە دروست کردنی هونەر». [٥٤] ئینجا درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: «لەسەر باوەڕی ئەو کەسانەش کە ئەڵێن: سەروا بۆ هۆنراو دیمەنێکی هۆنراوەییە و ئەبێ هەبێ، کەچی ئەم ئەوەی نەماوە!. ئەم قسەیەش وانییە بەڵکو سەروایەکەش هەر هەیە، ئەوەندە هەیە ئەم وەکو هونەرو هۆنراوی کۆن خۆی نەبەستۆتەوە بەو پیتانەوە کە لە دوایی هەموو نیوە هۆنراوێکا بەکاریان بێنێ، بەڵکو لەسەر شێوەیەکی تازەتر ڕۆیشتووە کە بە گرتنی ئەم ڕێگایە هۆنراوەکە جوانتر بووە». [٥٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (سەجادی) نەک هەر ئەم بەکارهێنانە تازەیەی قافیەی لە شیعری کوردیدا بەلاوە جوان بووە و پەسەندی کردووە، بەڵکو بە یەکێک لە داهێنانە گەورەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی داناوە بۆیە گوتوویەتی: «گرتنی ئەم جۆرە ڕێگایە بۆ هۆنراوی کوردی لە ڕۆژهەڵات دا تا ئەو پەڕی تازەیی تازەیە، مەگەر (تۆفیق فیکرەت) ئەم ڕچەیەی شکاندبێ ئەگینا زۆر کەم بووە». [٥٦]

شاعیرانی کلاسیکی کورد هەر بەوە نەوەستاون خۆیان بە یەکێتی قافیەوە خەریک

---

٥٣-کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، ل٦٤.

٥٤- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل٣١٧.

٥٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

کردبێ، بەڵکو هەوڵی ئەوەیان داوە لەمەش زیاتر روخساری شیعرەکانیان برازێننەوە، ئەوە بوو لە ئەنجامدا شێوە بەکارهێنانێکی تری قافیەیان هێنایە کایەوە کە پێی دەگوترێ (پاش قافیە). ئەمەش «...بریتییە لە وشەیەک، یاخود رستەیەک لەدوایی هەموو دێڕە شیعرێکدا وەکو خۆی دووبارە ئەکرێتەوە، بەمەرجێک پێش ئەم قافیەی دووەمە دیسانەوە دێڕە شیعرەکان قافیەی تایبەتییان ببێ». [٥٧]

جا لە کاتێکدا (سەجادی) بەکارهێنانە کۆنەکەی خۆبەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی قافیە پەسەند ناکات و بێزاری خۆی بەرامبەر دەردەبڕێت، دەبینین بەرامبەر بە (پاش قافیە) کە خۆی ناوی دەنێت (پاشکۆ سەروا) بێزارییەکەی دەگاتە ئەوپەڕی، چونکە بە هۆیەکی تری تەسک کردنەوەیەکی زیاتری ئەو ماوەیەی دادەنێت کە پێشتر یەکێتی قافیەکە دروستی کردبوو، بۆیە دەڵێ: «وەیا ئەمە راستە جگە لەوە کە سەروا کە مەیدانەکەی تەنگ کردوەتەوە پێشینان هێنایان سەربارێکی تریان بۆ ئەم سەروایە زیاد کرد کە ئەویش وتنەوەی تاقە وشەیەکە لە سەروای هەموو چامەکەدا و هێنانی پاشکۆیەکی رنگاورەنگ لە پێش ئەوەوە!!. بەڵام هەر مەیدانی تەنگ کردووە و لەبەر خۆبەستنەوە بەم رەوشتەوە ماوەی ئەوەی نەما کە بیر لە ئاسمانی ئەندێشەدا بەئارەزووی خۆی بفڕێ، زیاتر فڕینەکەی کەوتە سەر دۆزینەوەی ئەو پاشکۆ سەروایە!». [٥٨]

(سەجادی) بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکەی لە بارەی بەکارهێنانی پاش قافیە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەم نموونەیە لە شیعری (مەحوی) دەهێنێتەوە کە دەڵێ:

«ئەوەی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلوق
لەدەورەی نەعشیا سبحەی دەبینی وەلوەلەی مەخلوق!
بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببوایە باوەڕیان
دەبوو قەت بەم حەدە نەبوایە بۆ دنیا پەلەی مەخلوق!
دەخاتە فیکری ئەهلی مەعریفەت شێوەی جمال الحق
دەبینی بەعزێ ئەشخاسێ بەدوو یا خەرگەلەی مەخلوق!» [٥٩]

(سەجادی) بەهێنانەوەی ئەم نموونە شیعرییە مەبەستی خۆی زیاتر روون دەکاتەوە و

---

٥٧- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، ل٥٩.

٥٨- نرخ شناسی، علاءالدین سجادی، ل ١٤٢ و ١٤٣.

٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.



هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە پەسەند نەکردنی ئەم خۆ خەریک کردنەی شاعیر پیشان دەدات و دەڵێ: «بەڵێ ئەم هۆنراوانە بەرانبەر بەنەفسیەتی مەردم و فەلسەفەی بیروباوەڕیان بیرێکی وردی تێدا هەیەو بەڕاستی توانیویە تا ئەندازەیەکی تەواو هونەری هۆنراو دروست بکا، بەڵام لەو رووەوە کە هێناویە هۆنراوەکانی بەستۆتەوە جگە بەوتنەوەی تاقە سەروایەکەوە بە پاشکۆیەکی ترەوە ئەمە مەیدانی بیرەکەی تەسک کردۆتەوە، چونکە هۆنەر ناچار بووە بۆ دروستکردنی ئەو پاشکۆیە کورتیەک بەبنەڕەتی بیرەکە بگەیەنێ! واتە ئەگەر ئەم خۆبەستنەوەیە نەبوایە بێ گومان پایەی هۆنراوەکان بەرزتر ئەبوەوە». [٦٠] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (سەجادی) ئەگەرچی لەڕووی هونەرییەوە هەستی بەجوانی پاش قافیە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شێوە بەکارهێنانەی قافیە ماوەی دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکە چەند تەسکە تەسکتری دەکات و لە ئەنجامدا جوانی روخسارەکە لەسەر حیسابی دەربڕینی ناوەڕۆکەکە دەبێت بۆیە پەسەندی نەکردووە و بە شتێکی زیانبەخشی داناوە.

هۆی پەسەندکردنی دوورکەوتنەوەی شاعیرانی نوێ لە یەکێتی قافیەو رووکردنە بەکارهێنانی جووت قافیە لای (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ)یش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بوارە فراوانەی شاعیر بە دوورکەوتنەوەی لە خۆبەستنەوەی بە یەکێتی قافیە بەدەستی دەهێنێت بۆیە کە باسی گۆڕانی قافیەی شیعری کوردی دەکات دەڵێ: «هەروەها لەڕووی قافیەشەوە چووە سەر دێڕی مەسنەوی و وازی لە قافیەی یەکگرتووی شیعر هێنا، هەروەک یەکێتی ماناش لە تاقە دێڕێکەوە فراوانتر بوو و چووە ناو هەموو قەسیدەوە». [٦١]

(کامیل ژیر) خۆبەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی کێش و قافیە لەوەدا دەبینێت کە شاعیر بەهۆی ئەم خۆبەستنەوەیە ئەو سەربەستییە لە دەست دەدات کە پێویستە هەیبێ بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەی مەبەستیەتی، بۆیە کارێکی ئاسایی بوو شاعیر شێوە کۆنەکەی کێش و قافیە بگۆڕێت و دیارە «مەبەست لەم گۆڕینی وەزن و قافیەیە تەنها فراوانی جێگەیە بۆ دەربڕینی بیری شاعیر بەڕۆشنی. چونکە هەڵبەستی کۆن بە زنجیری وەزن و قافیە بەسترابووەوە، نەئەتوانرا لە سنووری لادرێ. لەبەر ئەوە گەلێ جار مەبەستی شاعیر زۆر بە گوشراوی پیشان ئەدرا. بەڵام ئێستا رێگایان پان و فراوانە و بە هەموو جۆرێک

---

٦٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣ و ١٤٤ .

٦١- شیعری تازەی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئاداری، ١٩٨٥، ل١٩٨.

ئەتوانرێت بیر بە ئاسانی دەرببڕێت». [٦٢] کەواتە بەپێی ئەم رایەش هۆی دوور کەوتنەوەی شاعیری نوێ لە خۆبەستنەوەی بە یەکێتی قافیە دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ئەو بوارەی بەکارهێنانە نوێیەکەی قافیە دروستی دەکات.

(کاکەی فەللاح) زۆر بە توندی پێ دادەگرێت لەسەر ئەو زەرەرو زیانانەی کە لە ئەنجامی خۆخەریک کردنی شاعیر بە قافیەی شیعرەکەوە دروست دەبێت و دەڵێ: «... ئەم هونەری وشەی قافیە دۆزینەوە و رێزکردنە بەشێکی زۆری لە بەهرەو سەلیقەو رەنج و کاتی شاعیر بۆ خۆی بردووە و داگیرکردووە و زۆر جاری واش بووە، ئەگەر نەڵێم هەموو جارێک، پێش ئەوەی شاعیر ویستبێتی شیعرێک بڵێت، جارێ وێڵی چەند وشەیەکی ئاوازداری ئەوتۆ بووە کە لەواتادا لەمەبەستی باس و خواستی ئەو شیعرەوە وەک بابەت لەبارو نزیک بووە و بۆ قافیە گونجاوە ئینجا کەوتۆتە مەیاندن و داڕشتنی ئەو شیعرەی مەبەستی بووە. بەم پێیە، دوای کێشی کلاسیک، قافیەش تەگەرەیەکی زل و تەوقێکی گران بوو لە گەردنی شیعر و شاعیری کورد دا». [٦٣] ئینجا دوای ئەوەی ئەو هەموو ماندوو بوون و خەریک بوونەی شاعیر بۆ رازاندنەوەی قافیەی شیعرەکە دیار دەکات، دەست لەسەر لایەنێکی تری ئەنجامی سەلبی ئەم بایەخدانەی شاعیر بە قافیە دیار دەکات و دەڵێ: «ئاشکرایە ئەم گەڕان و زانین و دۆزینەوە و بیر لێ کردنەوەی پێشەکی ئامادە کردنی قافیە و یەکێتی قافیەیە تا گرێدانی قەسیدەکە زۆرجار تابلۆی هەستی شاعیر دەشێوێنێت و دەیڕوشێنێت و ناتەواوی دەکات و لەم دارو بارەدا شاعیر هەرگیز بەسەربەستی ناتوانێ جڵەو بۆ خەیاڵ و هەست و مەبەستی شل بکات و سەرومڕ بەدانان و داهێنانی تابلۆکانەوە خەریک بێت». [٦٤] ئینجا دوای ئەوەی هەڵوێستی خۆی دیار دەکات لە بارەی پەسەند نەکردنی خۆبەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی قافیە، ئەنجامێکی تری لایەنی خراپی خۆبەستنەوە بە یەکێتی قافیەو خۆخەریک کردنی شاعیر بە رازاندنەوەی قافیەوە دیار دەکات و دەڵێ: «ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە خۆبەستنەوەی تا کۆتایی بەیەک کێش و ئاواز و بەیەک رەنگ قافیەوە، سەربەستی پەل بزاوتنی تەواوی شاعیر دەتاسێنێت و لەباتی ئەوەی بە هونەری دەربڕین و رازاندنەوەی وێنەی تابلۆی هەستەکەوە خەریک بێت، ناچارە بەشێکی زۆری رەنج و تەقەلای خۆی تەرخانی لەسەر ئەو کێشە دەرنەچوون و دۆزینەوە و خۆبەستنەوەی

---

٦٢- نازەنین، هەڵبەستی ژیر، کامل ژیر، چاپخانەی النور، بەغدا، ل ه و.

٦٣- کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل٣٦.

٦٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦ و ٣٧ .



تەواو بەو یەک قافیەییە، یان قافیەدارییە، بکات و ئەرکەکە لەڕادەی بەهرەو هونەری وێنەو دەربڕین و تابلۆی هەستەوە بێتە خوارەوە و بۆ سەر پلەی سەنعەتکاری و پیشەگەری وردەکاری زمان و لەبز و وشە سازی». [٦٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆبەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی قافیە و رازاندنەوەی قافیە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی لایەنی هونەری لەسەر حیسابی ناوەڕۆکەکە، چونکە لەکاتێکدا شاعیر بەدوای ئەو وشانەدا دەگەڕێت کە دەیەوێ یەکێتی قافیەکەی لێ دروست بکات، ئەم بەدوادا گەڕانە لەلایەکەوە شاعیر خەریک دەکات و ماوەی ئەوەی بۆ ناهێڵێتەوە ئەوەندە خەریکی ناوەڕۆکەکە بێت وەلەلایەکی تریشەوە یەکێتی قافیە هەر خۆی لەخۆیدا بوارێکی تەسک بۆ شاعیر بەجێ دەهێڵێت ئەویش گەمارۆدانیەتی لەدوو توێی بەیتی شیعرەکەوە.

دەتوانین بڵێین ئەو بیروڕا رەخنەییانەی باسمان کردن هەموویان لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە یەکێتی قافیە بەهۆی ئەو ماوە تەسکییەی لە شیعردا دروستی کردووە، بۆ شیعری نوێ دەست نادات و هەریەک لەو بیروڕایانەش لە رووی باری سەرنج و بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە هەوڵی ئەوەی داوە ئەو ئەنجامە دیار بکات کە خۆبەستنەوە بە یەکێتی قافیە دروستی دەکات. جا لەکاتێکدا هەموو ئەو بیروڕایانەی لەبارەی یەکێتی قافیەوە دروست بوونە زیاتر بەلای ئەوەدا شکاونەتەوە کە جووت قافیە پەسەند بکەن و وەک بەدیلێکی یەکێتی قافیەی پیشان بدەن، بەڵام دەتوانین بڵێین لەناو ئەم رایانەدا کە زۆربەیان لە بارەی پەسەند نەکردنی خۆبەستنەوە بە یەکێتی قافیەوە دروست ببوو، چەند بیروڕایەکی تر دروست بووە لەبارەی پەسەند کردنی جۆرە قافیەیەکی تر ئەویش قافیەی هەمەڕەنگە، وەیان وەک هەندێک پێی دەڵێن قافیەی رەنگاوڕەنگ، کە ئەمەش وەک ئەنجام بۆتە هۆی ئەوەی رەخنە لە جووت قافیە بگیرێت و پەسەند نەکرێت.

(محەمەد سدیق عارف) لەبارەی قافیەی شیعری (ئەی کچە شوان) ی (کامەران موکری)یەوە دەڵێ: «وەهەروەها هۆنراوەی نوێ خۆی لەو کۆتەش رزگار ئەکا، کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەیەک قافیە بێتەوە، وەیاخود تێهەڵکێش وەیا جووت جووت بگیرێ. بەڵکو شاعیر بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی ئاڵ و گۆڕ (تنوع) بە قافیە بکا. هەروەکو کامەران لە (ئەی کچە شوان)دا بەکاری هێناوە، ئەمەش بێ گومان هەر بۆ ئەو مەبەسەی پێشووە کە باسمان کرد. یانی ماوە دان بە شاعیر بۆ دەربڕینی ئەو مانایەی

---

٦٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩ و ٢٥٠ .

مەبەستیەتی بێ کەم و کوڕی و بەیەک گرتوویی».[٦٦] کەواتە هۆی پەسەند کردنی قافیەی هەمەڕەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە فراوانەی بۆ شاعیری دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی مەبەستە شیعرییەکەی تێدا دەربڕێت.

جا لەکاتێکدا (محەمەد سدیق عارف) ئەو هەمەڕەنگییەی قافیە و لادان لە خۆبەستنەوەیەکی تەواو بە جووت قافیە لای (کامەران) بەهەنگاوێکی گەورەی شیعری نوێی کوردی دادەنێت، دەبینین (سامی شۆڕش) لە حەفتاکاندا لە وتارێکی رەخنەییدا، رەخنەیەکی توندوتیژ لە (کامەران) دەگرێت و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەخۆبەستنەوەی شاعیر بەجووت قافیەوە دەردەبڕێت و دەڵێ: «ئەمەو نەک هەر لە کێشا ئەمە کارەساتی- کامەران - بێ بەڵکو لە - سەروا-شدا وەک قیرو بنێشت خۆی بەستۆتەوە بەجووت سەروا».[٦٧] ئینجا ئەنجامی ئەو گەڕانەوەیەی شاعیر بۆ خۆبەستنەوەی بەجووت قافیە بەوە دیار دەکات کە ئەگەر لە سەرەتادا ئەم وازهێنانەی لە جووت قافیە بەپێی رایەکەی (محەمەد سدیق عارف) ئەوەبێت کە «...کامەران نیوە هەنگاوێک چووبووە پێش ... بەڵام ئێستا- بەداخەوە- کامەران لەگەڵ ئەم نیو هەنگاوەی دا بۆ پێشەوە دوو هەنگاو چۆتە پاشەوە».[٦٨]

کەواتە (محەمەد سدیق عارف) و (سامی شۆڕش) هەردووکیان لەسەر یەک شت یەکیان گرتۆتەوە ئەویش پەسەند کردنی بەکارهێنانی قافیەی هەمەڕەنگە لە شیعردا.

ئەگەر سەرنج بدەینە بیروڕاکانی (رەفیق سابیر) لەبارەی قافیەی هەمەڕەنگەوە، دەبینین زۆر بە وردی باسی بەکارهێنانی ئەم جۆرە قافیەیە دەکات لای شاعیرانی نوێ و ئەنجامی ئەم بەکارهێنانە بەوە دیاردەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر بوارێکی فراوانی هەبێت بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکەی بۆیە لەم بارەیەوە کە باسی دوور کەوتنەوەی شاعیر لە خۆبەستنەوەی بە جووت قافیەو رووکردنە بەکارهێنانی قافیەی هەمەڕەنگ دەکات دەڵێ: «رەنگە خۆماندوو نەکردن بەشوێن قافیەدا و پشت کردنە قافیەی مەسنەوی کارێکی راستەوخۆی هەبێ بۆ خۆ ماندوو نەکردن بە جووت کێشەوە وەیان بەپێچەوانەوە

---

٦٦- کامەران و هۆنراوەی نوێ، محەمەد سدیق عارف، ل٥٥.

٦٧- زەبری هۆنراوەو کارەساتی وشک بوونەوە، سامی شۆڕش، ڕ: هاوکاری، ژ: ٤٥، ١١-١٢-١٩٧١، ل٧.

٦٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



خۆماندوو نەکردن بە جووت کێشەوە کاری کردبێتە سەر پشت گوێ خستنی قافیە. سەرەڕای ئەوەی ئەو دەستووورە حیسابییەی کە لە جووت کێش و جووت قافیەدا هەیە، تا رادەیەک سنوورێک لەبەر دەم شاعیر دادەنێ و نیوەی سەربەستییەکەی لێ زەوت دەکات واتە ئەگەر لە دێڕی یەکەمدا بەسەربەستی جۆرە کێشێکی هەڵبژارد با وای دانێین هەشت بڕگە بێ و قافیەکەشی- وی- بێ، ئەوا لە دێڕی دووەمدا ناچاردەبێ پەیڕەوی هەمان کێش بکات و هەمان قافیەش دووبارە بکاتەوە. وەلە دێڕی سێیەمدا وای دابنێین کێشەکەی دە بڕگەبوو، قافیەکەشی- ان- ئەوا لەدێڕی چوارەمدا ناچاردەبێ هەمان کێش و قافیەی دێڕی سێیەم بەکار بێنێتەوە... هتد»[٦٩] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جووت قافیە تاڕادەیەک سەربەستی شاعیر زەوت دەکات و ناهێڵێ بە ئارەزووی خۆی پەل باوێت و بە سەربەستییەکی تەواو ئەو ناوەڕۆکە دەربڕێت کە مەبەستییەتی و تەنها لە کاتێکدا دەتوانێ ئەم سەربەستییە بەدەست بهێنێت ئەگەر دوور کەوتەوە لەم خۆبەستنەوەیە بە جووت قافیەو رووی کردە بەکارهێنانی قافیەی هەمەڕەنگ. ئەم بۆچوونەشی کاتێک بە ئاشکرا روون دەبێتەوە کە باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لای شاعیرانی هاوچەرخی خۆی دەکات و دەڵێ: «بەڵام شاعیری ئەمڕۆ ئەگەر دێڕی یەکەمی شیعرەکەی هەشت بڕگە بوو، بەلایەوە گرنگ نییە دێڕی دووەمی چوار بڕگە، یان هەشت یان ١٢ یان ١٦ یان ٢٠ بڕگەبێ، یان ئەگەر دێڕی یەکەمی قافیەیەکی هەبوو گرنگ نییە لە دێڕی دووەمدا یان لە سێیەمدا، یان لەچوارەمدا یان لە پێنجەمدا بگەڕێتەوە سەری، خۆ سەربەستی ئەوەی هەیە هەر نەگەڕێتەوە سەر ئەو قافیەیە. گرنگ ئەوەیە زیاتر ناوەڕۆکی شیعرەکە خۆی دەستنیشانی چۆنیەتی قافیەو ژمارەی بڕگەو هەنگاوەکان دەکات».[٧٠] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی قافیەی هەمەڕەنگ تا چ رادەیەک کارێکی چاکی کردۆتە سەر دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعر و بۆتە هۆی بەپێز کردنی ئەو ناوەڕۆکە بەهۆی ئەو بوارە فراوانەی بۆ شاعیری رەخساندووە بۆ گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکەی.

بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی باسی قافیەی هەمەڕەنگیان کردووە زیاتر ناوەڕۆکی شیعریان لەبەرچاو گرتووە کە ئەمەش لەوەدا

---

٦٩- کێش لە شیعری نوێی کوردیدا، رەفیق سابیر، بەشی سێهەم، ڕ: بیری نوێ، ژ: ٢٠١، ساڵی پێنجەم، ٢٤-٧-١٩٧٦، ل٤.

٧٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

دەردەکەوێت کە هەموو تەئکید کردنێکیان لەسەر ئەو بوارە فراوانە بووە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی قافیەی هەمەڕەنگەوە بۆ شاعیر دروست بووە بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە شیعرییەی کە مەبەستی بووە، کەچی لایەنێکی گرنگی ئەم جۆرە قافیەیەیان فەرامۆش کردووە و بەلایدا نەچوونە ئەویش دیارکردنی بەها مۆسیقییەکەی ئەم جۆرە قافیەیە. چونکە بە ئاشکرا هەست بەو هەمەڕەنگییە مۆسیقییە دەکەین کە لە ئەنجامی هەمەڕەنگی قافیەی شیعرەکەوە دروست دەبێت و جوانییەکی کاریگەر دەداتە شیعرەکە و لایەنە هونەرییەکەی بەپێز دەکات.

ئەمانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بیروڕا رەخنەییانە گۆڕانی قافیەی شیعریان بە لایەنێکی گرنگی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعرداناوە و خاسیەتێکی گرنگی نوێکردنەوەی شیعری نواندووە. جا ئەو بیروڕا رەخنەییانە لە سەرەتادا رەخنەکانیان ئاڕاستەی یەکێتی قافیە کردووە و جووت قافیەیان پەسەند کردووە ئینجا دواتر رەخنەیان لە جووت قافیە گرتووە و قافیەی هەمەڕەنگیان پەسەند کردووە.

بەڵام قافیەی هەمەڕەنگ دوا شێوەی بەکارهێنانەکانی قافیە نییە لە شیعری کوردیدا، چونکە ئەگەر قافیەی هەمەڕەنگ لە چاو جووت قافیە بە هەنگاوێکی پێشکەوتووتر دابنرێت، ئەوا دوای ئەمەش هەنگاوێکی تر نراوە و لە هەنگاوەکەی پێش خۆی بە پێشکەوتووتر دادەنرێت و دەتوانین ئەم هەنگاوەش لەو سەرنجە خێرایەی (عەبدولخالق سەرسام)دا دیار بکەین کە دەڵێ:

«لە پاشانیشا وردە وردە شیعری تازەو سەربەست لە دایک بوو وەک بولبولێ لەسەر چڵی قافیەکاندا بەسەربەستی هاتوچۆیان ئەکرد. بەڵام هەر پاش ماوەیەکی کەم لەلایەن هەندێک شاعیرانەوە ئەم قافیەش دووبارە کراوەتەوە هەستیان بەوە کرد کە شاعیر سەربەستی تەواوی خۆی وەرنەگرتووە لە چوارچێوەی هەمان کێش و هەمان قافیەی شاعیرانی پێش خۆی ئەخولێتەوە... ئەمجارەیان بیر لەوە کراوەتەوە کە شیعر سەروا بەجێ بێڵێ و پشت بە ئیقاعی ناوەوە ببەستێت».[٧١]

لێرەدا پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێین کە بەپێی ئەم رایە دیسان هۆی گۆڕانی قافیەی شیعر بەستراوەتەوە بەوەی کە شاعیر لە رێگای پشت بەستنی بە ئیقاعی ناوەوە

٧١- شیعری نوێ و دیاردەیەکی شارستانی، عبدالخالق سەرسام، ڕ: هاوکاری، ژ:٩٣٠، ١٠-٢-١٩٨٧، ل٨.



لە کۆت و بەندی کێش و قافیە کۆنەکە رزگاری بووە و بوارێکی فراوانی بۆ بەجێ ماوە بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکە. وەلەلایەکی تریشەوە ئەم رایە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی ئەو هەوڵ و کۆششەی شاعیری نوێ دیاردەکات لەو رووەوە کە هەوڵی ئەوە دەدات لەوە دەربچێت تەنها خۆی بە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە خەریک بکات، بەڵکو زیاتر بایەخ بە دروستبوونی ئەو ریتمە دەدات کە حاڵەتە ویژدانییەکەی ناوەوە لای دروست دەکات چونکە «مۆسیقای شیعری نوێ هەر لەبناغەوە هۆی دروستبوونی ئەوەیە کە قەسیدەکە بنیاتێکی ریتمی تایبەتییە، پەیوەندە بە حاڵەتێکی شعوری دیاری کراوی خودی شاعیرەکە».[٧٢] ئەمەش گرنگی ئەو تاقیکردنەوە خودییە دیار دەکات لە دروستبوونی ریتمی شیعرەکە. جا لەبەر ئەوەی «مۆسیقای ناوەوە چاکترین رێگایە بۆ دەربڕینی ئەزموونە شعورییەکە بۆیە پێویستە ئەو ئەزموونە لەسەر بناغەی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە لێی بکۆڵرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەست و سۆزو تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەهۆی ئاوازی ناوەوە دەردەبڕێت».[٧٣]

بێگومان ئەمەش بەستراوەتەوە بە دەسەڵات و توانای شاعیر لەڕووی بەکارهێنان و زاڵبوونی بەسەر ئەو کەرەستانەی شیعرەکەی لێ پێک دەهێنێت، بەڵام ئەم بەکارهێنانەشی لەوە دەردەچێت کە تەنها رواڵەت و دیوی دەرەوەی شیعرەکە بگرێتەوە، بەڵکو ئەودیوی شیعرەکە دەگرێتەوە کە خۆی لەمۆسیقای ناوەوەدا دەنوێنێت «لەبەر ئەوەی مۆسیقای ناوەوە لە رێکخستنی ئەو وشانەدا دەردەکەوێت کەلەلایەن شاعیرەوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە نەرمی و ناسکی وەیان توندوتیژی مۆسیقاکە دەبەسترێتەوە بەو حاڵەتە دەروونییەی ساتی داهێنان و ئەفراندنەکە دروست دەبێت».[٧٤] جا شێوە بەکارهێنانە کۆنەکە توانای ئەنجامدانی ئەوەی نەبوو، بۆیە شاعیری نوێ پێویستی بەوە بوو کە خۆی لەو شێوە بەکارهێنانە سواوانە رزگار بکات کە شاعیرانی پێش خۆی خۆیانیان پێ دەبەستەوە ئەوە بوو بیروڕایەکی نوێ لە بارەی قافیەوە دروست بوو ئەویش ئەوەیە کە «قافیەی شیعر ئەو

٧٢- الشعر العربي المعاصر قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، الدكتور عزالدين اسماعيل، ص٦٤.

٧٣- في الرؤيا الشعرية المعاصرة، احمد نصيف الجنابي، كتاب الجماهير - ٨ - دار الحرية للطباعة، بغداد، ص١٠٧.

٧٤- الازهار تورق داخل الصاعقة، حسين مردان، كتاب الجماهير - ٩-، دار الحرية للطباعة - بغداد، ١٩٧٢، ص ١٨٥ .

کۆتاییەیە لەدێڕی شیعردا کە تەوژمە مۆسیقییەکەی تێدا تەواو دەبێت. یانی تەنها کۆتاییەکە لەو شوێنەدا کە دەروون تێیدا دەحەسێتەوە». [٧٥]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دوا تێگەیشتن لەبارەی قافیەی شیعری ئێستا مۆسیقایەکە بەستراوەتەوە بە حاڵەتێکی دەروونی دیاریکراوی شاعیر و بریتییە لەو تەوژمە مۆسیقییانەی دێڕە شیعرەکان کۆتاییان پێ دێت. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو بۆچوونە لای هەندێ کەس کە قافیە لە شیعردا نەماوە، چونکە ئەمانە تەنها مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەیان لەبەر چاو گرتووە و کردوویانەتە پێوەری دیارکردنی کێش و قافیەی شیعرەکە.

٧٥- الشعر العربي المعاصر قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، الدكتور عزالدين اسماعيل، ص٦٧ .

# بەشی چوارەم

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی
## و
## مەسەلەکانی نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر

باسی یەکەم: گۆڕان و نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر
باسی دووەم: نوێکردنەوەی بابەتەکانی ناوەڕۆکی شیعر

## باسی یەکەم

### گۆڕان و نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر

- هۆی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر
- سروشتی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر
- گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر بەپێی گۆڕانی قوتابخانە ئەدەبییەکان
- گۆڕانێکی تری ناوەڕۆکی شیعر لە حەفتاکاندا
- ناوەڕۆکی شیعری هەشتاکان و تەکانێکی تر

## هۆی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر

له سەرەتای سەدەی بیستەمدا دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی پاشماوەی ئەم دەوڵەتە لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، بارودۆخێکی ئاڵۆز بۆ ئەو میللەتانە دروست بوو کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دابوون، میللەتی کوردیش یەکێک بوو لەو میللەتانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی خۆی لەبەردەم واقعێکی سیاسی ئاڵۆز و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دواکەوتوودا بینییەوە «بەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەتەوەی کورد دووچاری دوو دەردی مێژوویی بووبوو، یەکەمیان وەکو زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات لەژێر باری کۆمەڵی چینایەتی دەتلایەوە، دووەمیان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێ بەش کرابوو، ئەمەبوو بەهۆی دواکەوتنی لە هەموو بارێکی ژیاندا»[١]. جا هەر لەناو ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە دواکەوتووەدا کەمیللەتی کورد تیایدا لەو پەڕی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیدا دەژیا، هەر لەو ماوەیەدا، واتە «لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە چینی بۆرجوازی لەکۆمەڵی کوردا پەیدابوو، شێوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەرا تێپەڕی، لە ناوەڕۆکا هەوڵی ئەدا بۆ لەناوبردنی پەیوەندی عەشایری و هۆزایەتی و پێکهێنان و پتەوکردنی نەتەوەی کوردی تازە»[٢]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەوڵ و تێکۆشانی چینی بۆرجوازی کورد بۆ ئەوەبوو لەلایەکەوە پاشماوەی بیروباوەڕە کۆنەپەرستەکانی سەر بەڕژێمی دەرەبەگایەتی و خێڵایەتی لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکان لەناو ببات و لەم ڕێگایەوە چارەسەری باری دواکەوتووی کۆمەڵ بکات، وە لەلایەکی تریشەوە هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی بۆ بەرگریکردن لە مافی نەتەوایەتی میللەتی کورد خستبووە کار بۆ گەیشتن بەمافی سەربەخۆیی ئەمەش ئەو ڕۆڵە کاریگەرە دیاردەکات کە چینی بۆرجوازی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا خستبوویە ئەستۆی خۆی بۆ گۆڕان و چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەی دووچاری میللەتی کورد هاتبوو. ئەو هەوڵ و کۆششانەی چینی بۆرجوازی کورد لەو قۆناغەدا ئەنجامێکی ئاسایی سروشتی پێکهاتنی ئەم چینە بوو، چونکە «...هەر لەناو ئەو

١- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار، ل ١٢٩.

٢- ڕۆمانتیزم لەئەدەبی کوردیدا، د. مارف خەزنەدار، جريدة التآخي (برايی)، العدد ٢٥٠، السنة الاولى، ١-٤-١٩٦٨، ل ١٠.



چینەدا دەستەیەک ڕووناکبیر پەیدا بوون هەڵگری بیروباوەڕە پێشکەوتووخواز و سۆشیالیستەکان بوون و چارەنووسی خۆیان بەو بیروباوەڕانە بەستبۆوە»[٣]. وە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکاندا دەبینی. بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازانەی ئەو دەستە ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرەی چینی بۆرجوازی کورد هەڵیان گرتبوو پەیوەندییەکی پتەوی بەو بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازانەوە هەبوو کە بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکەی چینی بۆرجوازی تورکی پێک دەهێنا کە ئەویش لە شوێنی خۆیدا کەوتبووە ژێر کارتێکردنی بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکانی چینی بۆرجوازی ئەوروپی بۆیە دەتوانرێ بگوترێ «ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە نوێیە لە دەوڵەتی عوسمانلیدا ئەنجامێکی ڕاستەقینەی چینی پێشکەوتووخوازی تورکی بوو، چونکە ئەم چینەش وەک چینی بۆرجوازی ئەوروپی هەستیان بە بەشخوراوی و دواکەوتنی چینەکەیان کردبوو، دەیانویست بگەن بەمافی ڕەوای خۆیان، وەک چینێکی سەربەخۆ دەوری خۆیان بگێڕن لەکۆمەڵدا، لەپاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەم چینە زیاتر پەرەیان سەند و وردە وردە بەشدارییان دەکرد لە دامودەزگای دەوڵەتدا بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵی پێشکەوتنی چینەکەیان دەدا»[٤]. کەواتە ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەی لەلایەن چینی ڕۆشنبیری کوردەوە خرایە ڕوو و لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاوکرایەوە لەو بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازانە جیاناکرێتەوە کە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهاندا بڵاوببوەوە، چونکە چینی ڕۆشنبیری کورد هەتا دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ پەیوەندییان بەتورکیا نەک هەر نەپچڕاو بەردەوام بوو، بەڵکو بەهۆی زانینی زمانەکە و هاتوچۆکردنەوە ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو جموجۆڵێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی تورکی بوون، بۆیە هەر لەم ڕێگایەوەش ئەو ناوەڕۆکە پێشکەوتووخوازەی لە ئەدەبیاتی نوێی تورکیدا دەبینرا، کاری خۆی هەبوو لەسەر شاعیر و نووسەرانی کورد لەو قۆناغەدا. چونکە ئاوڕدانەوەیەک لەو بارودۆخەی کە لەو قۆناغەدا دروست بوو ئەوە دەردەخات «...کە دوای شەڕی جیهانی یەکەم دەنگی ئازادیخوازی و سەربەخۆیی بەنێو گەلانی جیهاندا بڵاوبۆوە، لەئەنجامی ئەم بیروباوەڕە ئازادیخوازانەدا، کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و

٣- الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، ص ٨٩.

٤- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، ل ٦١و ٦٢.

شاعیر لە ئەدەبی کوردیدا سەریان هەڵدا زۆربەی ئەو رۆشنبیر و هونەرمەندانە دەرچووانی خوێندگا نوێیەکان بوون زمانی تورکییان بەباشی دەزانی، هەروەها ئەدەب و بیری بۆرجوازیی تورکی کاری تێکردبوون، ئەم کۆمەڵە شاعیر و رۆشنبیرانە توانییان نوێنەرایەتی بیری بۆرجوازیی تازەی گەلی کورد لە عێراق بکەن، ئەدەبەکەش بکەنە مەیدانی بزووتنەوەی ئەم ئایدیۆلۆجێتییە، رێبازی رۆمانتیکی لەو سەردەمەدا باشترین رێگا بوو بۆ دەربڕینی بیرو ئایدۆلۆجێتی ئەو وەختەی کورد بۆ بەرپەرچدانەوەی بیری کۆنی دەرەبەگایەتی و ئەدەبی کلاسیکی»[5]. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەو ناوەڕۆکە پێشکەوتووخوازەی ئەدەبیاتی نوێی تورکی پێک دەهێنا لەبەر ئەوەی بەلای مەسەلە نەتەوایەتییەکەی میللەتی کورددا نەچووە و دانی بە مافە رەواکانی دانەناوە بۆیە ئەو کارتێکردنە لە سنووری ئەو چوارچێوە گشتییە دەرنەچووە کە ناوەڕۆکە پێشکەوتووخوازەکەی ئەدەبیاتی نوێی تورکی پێک دەهێنا.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەلایەکەوە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نوێیەی لەو قۆناغەدا بۆ میللەتی کورد هاتە پێشەوە و لە لایەکی تریشەوە لە ئەنجامی کارتێکردنی بزووتنەوەی شیعری تورکی و سوود وەرگرتن لەو ناوەڕۆکە پێشکەوتووخوازەی شیعر و ئەدەبیاتی نوێی تورکی پێک دەهێنا، گۆڕانی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردی لێ پێکهاتبوو پێویستییەک بوو ژیانی ئەو سەردەمە سەپاندی، چونکە «لە ئەنجامی خەباتی سەربەستی نەتەوایەتی و داهاتنی رۆمانتیزم، ئەم بزووتنەوە تازەیە پرۆگرامی تازەی لەپێش خۆی دانا واتە ناوەڕۆکی تازەی داهێنا وە بەپێی پێویستی ئەم ناوەڕۆکە تازەیە روخساریش گۆڕا»[6]. جا دیارترین گۆڕان کە بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردی ئەو قۆناغە داهات ئەوەبوو کە «لە ناوەڕۆکا دڵداری و سروشت بوون بەکەرەستە بۆ داهێنانی مانای نیشتیمانپەروەری وە کێشانی وێنەی ئەو بیروباوەڕانەی کە نرخ ئەدەن بە ئادەمیزاد و گومانیان لە دوارۆژێکی رووناک نییە بۆ نەتەوی کورد»[7]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەرەتای گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر لە هاتنە پێشەوەی ئەو بابەتانەدا دەبینرێت کە رەنگدانەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

٦- رۆمانتیزم لەئەدەبی کوردی دا-٢-، دکتۆر مارف خەزنەدار، جریدة التآخي (برایی)، العدد ٢٥٠، السنة الاولى، ١-٤-١٩٦٨، ل ١٠.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.



ئابووری ئەو سەردەمەی میللەتی کورد بوو و ناوەڕۆکە سیاسی و نیشتیمانییەکەی شیعری ئەو قۆناغەی پێک دەهێنا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو گۆڕانەی بەسەر شیعری کوردی داهات بەیەکجار و لەیەک کاتدا ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعری نەگرتەوە، بەڵکو لە سەرەتادا خۆی لە گۆڕانی ئەو بابەتانەدا نواند کە ناوەڕۆکی شیعری پێک دەهێنا دوای ئەوەی شاعیرانی ئەو سەردەمە هەستیان بەوە کرد کە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی پێک دەهێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا ناگونجێت و تەعبیر لە گیانی سەردەمە نوێیەکەیان ناکات بۆیە بەدوای ئەو بابەتانەدا گەڕان کە رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی بارودۆخی ئەو سەردەمە بوو، ئەوەبوو لە ئەنجامدا بەهۆی واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە دواکەوتووەکەی ئەوسای میللەتی کورد ناوەڕۆکی شیعری کوردی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرداهات و لەو بابەتانە دوورکەوتەوە کە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا و توانی تەعبیر لەو ناوەڕۆکە تازەیە بکات کە واقیعی ژیانی ئەو سەردەمەی میللەتی کورد دروستی کردبوو.

### سروشتی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر

لەناو ئەو بیروڕا رەخنەییانەی باسی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعری کوردییان کردووە، زۆربەی زۆری ئەو بیروڕایانەی سروشتی ئەو گۆڕانەیان دیارکردووە بۆ ئەوە چوونە کە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر لە گۆڕانی شێوە هونەرییەکەی خێراترە. هۆی ئەمەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی کە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان سەرچاوەی پێکهاتنی ناوەڕۆکی شیعرن و یەکێک لە دیارترین خاسیەتە دیارەکانی سروشتی ئەو سەرچاوەیەش ئەوەیە کە هەمیشە لە گۆڕاندایە بۆیە ناوەڕۆکی شیعریش هەمیشە بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەو سەرچاوەیەدا دێت دەگۆڕێت ئینجا ئەمە کار دەکاتە سەر گۆڕانی شێوە هونەرییەکە تا لەدواییدا ناوەڕۆکە نوێیەکە شێوەیەکی هونەری گونجاو بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. هەر لەم روانگەیەوە دەبینین زۆربەی ئەو بیروڕا رەخنەییانەی باسی نوێکردنەوەی شیعری کوردییان کردووە بۆ ئەوە چوونە کە سەرەتای دەست پێکردنی نوێکردنەوەکە لە سەرەتادا بەگۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر دەستی پێکردووە، لەم رووەوە (د. مارف خەزنەدار) راستی ئەم بۆچوونەمان کاتێک بۆ دەسەلمێنێت کە باسی سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی دەکات و بەقۆناغە رۆمانتیکییەکەی دەبەستێتەوە و بەپێی سەرنجدانی لەو گۆڕانانەی بەسەر ناوەڕۆکی شیعری ئەو قوناغە و پاراستنی خاسیەتە هونەرییەکانی شیعری کلاسیکی ئەو شیعرە

نوێیە ناو دەنێت (شیعری کلاسیکی تازە) و دەڵێ: «نێوانی هەردوو جەنگ ماوەی داهاتنی «شیعری تازە»ی کوردی، واتە قۆناغی رۆمانتیکی بوو، لەم سەردەمەدا ئەم رێڕەوە لە روخسار و ناوەڕۆکدا خۆی گرت و بەتاقیکردنەوەیێکی سەرکەوتوو تێپەڕی، راستە ئەم بزووتنەوەیە لە ناو جەرگەی شیعری کلاسیکی تەقلیدی هاتە دەرەوە، بەڵام هەر لەناو جەرگەی ئەو شیعرەشدا «شیعری کلاسیکی تازە» سەری دەرهێنا. مەبەس لەم شیعرە «بەڕوخسار کلاسیکی و ناوەڕۆک تازە» شیعری سیاسی - کۆمەڵایەتییە. شیعری سیاسی کوردی تاقیکردنەوەیێکی تازەی ئەم رێڕەوە بوو کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەو قۆناغەدا دەگونجا...»[8] ئینجا دوای ئەوەی مەبەستی لە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعرییەوە دیار دەکات کە تازەیی ئەو ناوەڕۆکە لە باسکردنی ئەو بابەتانەدا دەردەکەوێت کە لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵگای کورد وەرگیراوە، دێتە سەر دیارکردنی مەبەستی لەخۆ بەستنەوەی ئەو شیعرە نوێیە بەشێوە هونەرییە کۆنەکە کاتێک دەڵێ: «مەبەس لەوەی کە ئەم جۆرە شیعرە لە رووی روخسارەوە کلاسیکی بوو، ئەوەیە کە عەرووزی عەرەبی- فارسی کاری تێ کردبوو، هەروەها یەکێتی قافیەشی پاراستبوو، بەڵام لە رووی وشە و تەعبیرەوە وردەکاری و داهێنان و تازەکردنەوەی تێدا بوو».[9] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوەی هونەری شیعری کوردی لە سەرەتای دەست پێکردنی نوێکردنەوەی شیعردا زۆربەی خاسیەتە کۆنەکانی خۆی پاراستبوو گۆڕانەکە زیاتر ناوەڕۆکی شیعری گرتەوە تا لە دواییدا گۆڕانی ناوەڕۆکەکە بووە هۆی گۆڕانی شێوە هونەرییەکە دوای ئەوەی شاعیران هەستیان کرد کە شێوە هونەرییە کۆنەکە بەرە بەرە توانای دەربڕینی ناوەڕۆکە نوێیەکەی لەدەست داوە ئەمە جگە لەوەی دوای گۆڕانی ناوەڕۆک گۆڕانی شێوە هونەرییەکەش پێویست بوو بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەلایەکەوە لەگەڵ ناوەڕۆکە نوێیەکەدا بگونجێت و لەلایەکی تریشەوە جێی پەسەند کردنی چێژ و زەوقی سەردەمە نوێیەکە بێت (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) لە رووی ئەم بۆچوونەوە سروشتی گۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر دیار دەکات و دەڵێ: «ناوەڕۆکی تازە فۆڕمی تازەی دەربڕین و پێ داڕشتنی دەوێت. کاتێک کە ناوەڕۆک دەگۆڕێت، فۆڕم وردە وردە بەدوای ئەودا دەگۆڕێت و قاڵبێکی تازەی ئەوتۆ وەردەگرێت کە لەگەڵ تازەیی ناوەڕۆکەکەدا

---

٨- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار، ل ١٢٩و ١٣٠.

٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.



بگونجێت».[10] ئینجا هۆی سستی گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر لەچاو خێرایی گۆڕانی ناوەڕۆکەکەی لەسەر بناغەی بۆچوونێکی فەلسەفییەوە بەوە دیار دەکات کە «... هاوکێشەی روخسار و ناوەڕۆک لێرەدا بەرامبەر بە هاوکێشەی دیاردە و جەوهەرە لە فەلسەفەدا، لەبەر ئەمەشە گۆڕینی ناوەڕۆک دەبەسترێت بەو گۆڕینە قووڵانەوە کە بەسەر بنەڕەتی ئابووری و پێوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵدا دێت. لە کاتێکدا کە روخسار سەرخانێکە دەتوانین هەندێک قاڵبی لە رژێمەکانی پێشووەوە وەربگرین و وای بگونجێنین کە خزمەتی ناوەڕۆکی تازە بکات. هەروەک چەسپینی سەرخان بەستراوە بەبنەڕەتەوە و ماوەیەکیش لێی دوا دەکەوێت»[11]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوەی هونەری شیعر دوای گۆڕانی ناوەڕۆک دەگۆڕێت، چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو گۆڕانەی بەسەر ناوەڕۆک دادێت پەیوەندییەکی پتەوی بەو گۆڕانانە هەیە کە بەسەر فەلسەفەو رەوشت و سیاسەت و هونەر و.... تد دادێت و هەمووشیان پەیوەندییەکی پتەویان بەو گۆڕانانەوە هەیە کە لەژێرخاندا روودەدەن.

هەروەها (د. ئیحسان فوئاد) کە باسی سروشتی گۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر دەکات هۆی ئەو گۆڕانە خێرایەی بەسەر ناوەڕۆکی شیعر دادێت دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «... ناوەڕۆک لە دۆخ و باری کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدا. مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی دەری دەخات کە نوێکردنەوەی (ڕوخسار) کارێکی سەختتر و ئاڵۆزترە وەک لە نوێکردنەوەی (ناوەڕۆک) کە یەکسەر بەستراوە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە، ئەو بارودۆخەی لە نوێکردنەوە و گۆڕانی بەردەوام دایە»[12].

پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە گۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر و تەئکید کردن لەسەر گۆڕانی ناوەڕۆک پێش شێوە و خێرایی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ناوەڕۆک دادێت، مەسەلەیەکە نەک هەر جێی سەرنج راکێشانی زۆربەی بیروڕا رەخنەییەکان بووە، بەڵکو جۆرە رێککەوتنێکیشی لە نێوانیاندا دروست کردووە. ئاوڕدانەوە لە بەشێک لەو بیروڕایانە راستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت. (کەمال میراودەلی) لەم رووەوە دەڵێ «... بێگومان دەربڕینی ناوەڕۆکی تازە پێویستی بە

---

١٠- دیوانی بەختیار زێوەر، کۆکردنەوەی مەحمود زێوەر، ل ٣١ و ٣٢.

١١- ریالیزمی سۆشیالیستی و ئەدەبیاتی کوردی، بەشی دووەم، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٣ ، ایلول ١٩٨٩ ،ل٦٣.

١٢- ئەدەب و نوێخوازی، د. ئیحسان فوئاد، گ: ئۆتۆنۆمی، ژ: ١ ، ساڵی یازدەهەم، ١٩٨٦، ل ٧٩.

شێوەیەکی تازەش هەیە، شێوە لە ناوەڕۆک جیا ناکرێتەوە، هەر ئەم حاڵەشە پاڵی بە شاعیرەکانمانەوە ناوە بۆ ئەوەی شێوەیەکی دەربڕینی تازە بدۆزنەوە»[13]. هەر لەڕووی هەمان بۆچوونەوە (شێرکۆ بێکەس) لەبارەی گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانەوە دەبێت کە بەسەر ناوەڕۆکی شیعر دادێت دەڵێ: «... ئەو مەبەستانەی شاعیری ئەمڕۆ ئەیخاتە روو جیاوازی لەگەڵ ئەوانی جاراندا هەیە بۆیە پێویستی بە شێوەی جیاوازیش هەیە شێوەی جیاوازیش فۆڕمی جیاواز بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە و، ئەمە پەیڕەوکردنی گیانی سەردەمە»[14] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕانی ئەو بابەتانەی لەهەر سەردەمێکدا بەپێی گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان جیاوازییان تێ دەکەوێت و دەبنە هۆی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر لەهەمانکاتدا ئەو ناوەڕۆکە تازەیە کار دەکاتە سەر شێوە هونەرییەکەی شیعر و بەرە بەرە گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت تا لەگەڵ ناوەڕۆکە تازەکەدا جۆرە گونجانێک دروست دەکات، ئەمەش هەر خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە کە ناوەڕۆک پێش شێوە هونەرییەکە دەگۆڕێت و ئەو گۆڕانەی بەسەر ناوەڕۆکیش دادێت لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە بۆیە خێراتر و زیاترە لەو گۆڕانەی بەسەر شێوە هونەرییەکە دادێت. دیارە هەر لەڕووی ئەم بۆچوونەوە (عیزەدین رەزا) لەبارەی جیاوازی ئەو گۆڕانەی بەسەر ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر دادێت دەڵێ: «بەڵام ئەگەر بمانەوێت جیاوازی لە نێوان گۆڕانی فۆرم و گۆڕانی ناوەڕۆک دەربهێنین ناوەڕۆکێک زیاتر توانستی گۆڕانی هەیە، وەفۆڕم پتر مەیلی وەستان و گۆڕانی هەیە بەڵام لەو کاتەی کە فۆڕم بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکدا بێگومان ناوەڕۆک زیاتر گەشە ئەسێنێت و پێش دەکەوێت»[15] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بوونی شێوەیەکی هونەری گونجاو بۆ ناوەڕۆکە تازەکە و پەرەسەندنی زیاتری ئەو ناوەڕۆکە لە ئەنجامی دۆزینەوەی شێوە هونەرییە نوێیەکە بەڵگەیە بۆ ئەو پەیوەندییە پتەو و بەناویەکدا چووەی لەنێوان ناوەڕۆک و شێوە هونەرییەکەدا هەیە بۆیە هەر لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنە وردەوە (حەمە سەعید

---

١٣- بیروڕایەک دەربارەی ئەدەب و رەخنە، ئامادەکردنی رەفیق سابیر، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٤٢، ١٧-١١-١٩٧٢،ل ٤.

١٤- تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی: کۆڕی شیعری نوێی کوردی، بەشی سێیەم، ئامادەکردنی: سلاّح شوان، گ: بەیان، ژ: ٧٩، مایس١٩٨٢، ل ٨٨.

١٥- سەرنجێکی سەرپێیی: دەربارەی فۆڕم و ناوەرۆک، عزالدین رضا، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٦٤، ٢٧-٤-١٩٧٣، ل ٣.



قەرەداغی) بۆ ئەوە دەچێت کە «فۆڕم و ناوەڕۆک لە یەکێتیدا دەژین و پەیوەندی تەواویان پێکەوە هەیە و لە گۆڕاندان، ئەگەرچی فۆڕم سستترە»[16].

ئەم بیروڕایانە هەموویان دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر لە گۆڕانی شێوە هونەرییەکەی خێراترە و دەست پێکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەگۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر دەستی پێکرد ئینجا گۆڕانی ئەو ناوەڕۆکە بەرە بەرە کاری کردە سەر گۆڕانی شێوە هونەرییەکەی تا لە کۆتاییدا توانی شێوەییێکی هونەری گونجاو بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

## گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر بەپێی گۆڕانی قوتابخانە ئەدەبییەکان

سەرنجدانێکی ورد لەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کوردی پێک دەهێنن ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، شاعیرانی کورد دەستیان کرد بەگۆڕانی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا، چونکە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردی کە لە چەند بابەتێکی دیاریکراوی وەک دڵداری و ستایش و داشۆرین و لاوانەوە... تد پێکهاتبوو ئەم بابەتانە دوای ئەو بارودۆخە نوێیەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەی بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کورد داهات، دەبوایە بگۆڕێن و جۆرە بابەتێکی تر شوێنیان بگرنەوە و ناوەڕۆکی شیعری ئەو قۆناغە پێک بهێنن کە بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە دروستی کردبوو.

جا لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو بارودۆخەی میللەت تێیدا دەژی لە هەر سەردەمێکدا قوتابخانەیەکی ئەدەبی دیاریکراو سەرهەڵدەدا و دەیەوێ تەعبیر لەو ناوەڕۆکە بکات کە بارودۆخی ئەو سەردەمە دروستی کردووە بۆیە لە هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبیدا تەعبیر لە ناوەڕۆکێکی دیاری کراوکراوە جیاوازە لەو ناوەڕۆکەی قوتابخانە ئەدەبییەکەی پێش خۆی دەری بڕیوە، چونکە هەر یەکەیان سەر بەبارودۆخێکی جیاوازن بۆیە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی ئەو سەردەمە و هاتنە پێشەوەی ناوەڕۆکێکی نوێ، شتێکی ئاسایی بوو شاعیر و رەخنەگرانی کورد لەو سەردەمەدا بۆ ئەوە

---

١٦- ئەم روانگانە لە چوار پرسیاردا و ئاوڕدانەوەیەک لەشیعری ئەمڕۆمان، ڕ: بیری نوێ، ژ: ١٩٥، ساڵی چوارەم، ١٢-٦-١٩٧٦، ل ٥.

بچن کە شیعری کلاسیکی کوردی نەتوانای ئەوەی ماوە تەعبیر لە گیانی ئەو سەردەمە نوێیە بکات و ئەو ناوەڕۆکە تازەیە دەربڕێت و نە لەگەڵ چێژ و زەوقی ئەو سەردەمەشدا بگونجێت لەبەر ئەوە دروستبوونی ئەو هەڵوێستە رەخنەییە توندوتیژەی بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی دروست بوو ئەنجامێکی سروشتی هەستکردنی شاعیران و رەخنەگرانی کورد بوو لەبارەی لە پەلوپۆکەوتن و دەستنەدانی ئەو جۆرە شیعرە بۆ ئەو سەردەمە نوێیە، بۆیە دەبوایە شاعیرانی ئەو سەردەمە روو بکەنە ئەو ناوەڕۆکە نوێیەی لەو سەردەمەدا دروست ببوو. جا ئەم گۆڕانە لە سەرەتادا پێش ئەوەی شێوەی هونەری شیعر بگرێتەوە ناوەڕۆکی گرتەوە ئەمەش لە هاتنە پێشەوەی ئەو ناوەڕۆکە سیاسییەدا دەردەکەوێت کە لە شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا سەری هەڵدا وەک لە شیعرەکانی (مەلا حەمدون و ئەحمەد موختار جاف و ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقران و عارف سائیب و مستەفا شەوقی و چەند شاعیرێکی تردا)[١٧] دەبینرێت.

ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەی ناوەڕۆکی شیعری کوردی بەخۆیەوەی بینی بەڕای (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) لە دروستبوونی ئەو ناوەڕۆکە سیاسییەدا دەردەکەوێت کە لە شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا دروست بوو بۆیە لەبارەی هاتنە پێشەوەی ئەم ناوەڕۆکە بۆ ئەوە دەچێت کە «گۆڕینی گەورەی ناوەڕۆک لە زاڵبوونی باسی سەر بەزووتنەوەی نەتەوەیی ئازادیخوازانەی کورد دایە...»[١٨] مەبەستیشی لە گۆڕانی ئەو ناوەڕۆکە کاتێک زیاتر روون دەبێتەوە کە باسی شیعرەکانی (ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقران) دەکات و ئەوە دەردەخات کە لەپاڵ بینینی بەشێک لە مەبەستەکانی شیعری کلاسیکی، لەلایەکی ترەوە هەر بەقاڵبە کۆنەکەی شیعر توانیویەتی هیوا و ئاواتەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد دەربڕێت[١٩]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گۆڕانی شیعری کوردی لە سەرەتادا بە ناوەڕۆک دەستی پێکرد و ئەو ناوەڕۆکەش بەگشتی بریتی بوو لە ناوەڕۆکێکی سیاسی کە ئەمەش راستەوخۆ رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی ئەو بارودۆخە سیاسییە بوو کە لەو سەردەمەدا بۆ میللەتی کورد دروست ببوو. هەر لەڕووی ئەم باری سەرنجەوە (خورشید رەشید ئەحمەد) تەئکید لەسەر دروستبوونی ئەو ناوەڕۆکە سیاسییە لە شیعری کوردی ئەو قۆناغەدا دەکات

١٧- بۆ زیاتر شارەزابوون لە ناوەڕۆکی شیعری ئەم شاعیرانە بڕوانە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار، ل١٣١-١٤٤ .

١٨- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول، ل ٤٠ .

١٩- بڕوانە: الواقعیة في الادب الکردي، الدکتورعزالدین مصطفی رسول، ص٨٩.



کاتێک دەڵێ: «... هەر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بابەتی شیعری سیاسی هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە کە بەڕوخسار کلاسیکی و بە ناوەڕۆک تازە بوو...»[٢٠].

ئەم بیروڕایانە هەموو تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا هەوڵی ئەوەیان داوە ئەو ناوەڕۆکە دەربڕن کە بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکێکی سیاسی بوو و ئەو بارودۆخە سیاسییە تایبەتییەی میللەتی کورد دروستی کردبوو کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروست ببوو.

ئەگەر بەوردی تەماشای واقعی ژیانی ئەو سەردەمەی میللەتی کورد بکەین، دەبینین هۆی سەرەکی ئەو هەڵوێستە رەخنەییە توندوتیژەی شاعیران و رەخنەگرانی کورد بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی کوردییان وەرگرتبوو لە سەرەتادا گەڕاوەتەوە بۆ هاتنە پێشەوەی ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەوە دروست ببوو کە لە دوای جەنگی یەکەم رووبەڕووی میللەتی کورد بۆوە کە ئەمەش لە شوێنی خۆیدا کارێکی گەورە و کاریگەری هەبوو لەسەر دروستبوونی تێڕوانین و بۆچوونێکی تازە لەبارەی ئەرکی شیعر و ئەو بابەتانەی پێویستە ناوەڕۆکی شیعر پێک بهێنن و دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە بەپێی بیروباوەڕ و تێگەیشتنی شاعیر لەو سەردەمەدا، بۆیە (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) کە سیماکانی شیعری کلاسیکی کوردی دیار دەکات لە رووی ئەم بۆچوونەوە رەخنە لەو بابەتانە دەگرێت کە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردییان پێک دەهێنا و دەڵێ: «دەتوانرێ بە شێوەیەکی گشتی سیماکانی قوتابخانەی کلاسیکی بەوە دیار بکرێت کە ئەم جۆرە شیعرە لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دوور بوو و خۆی بەو بابەتە خودییانە دەبەستەوە وەیان ئەو هەستە گشتییەی دەردەبڕی کە دوور بوو لە واقعی ژیانی میللەت و دەتوانرێ چوارچێوەی گشتی مەبەستەکانی قوتابخانەی کلاسیکی کوردی بەوە دەستنیشان بکرێ کە بریتی بوو لە ستایشی ئایینی، غەزەل، لاواندنەوە، تەسەوف و دەربڕینی چەند مەبەستێکی تایبەتی و نامە شیعرییەکان...»[٢١] ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردییان پێکهێناوە بەهۆی هاتنە پێشەوەی ناوەڕۆکێکی تر بوونەتە کۆمەڵە بابەتێکی سواوی بێ کەڵک کە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا ناگونجێت کە لەو سەردەمە نوێیەدا دروست بووە و پێویستی بە جۆرە شیعرێکە بتوانێت واقیعی ژیانی میللەتەکەی خۆی

٢٠- رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، ل ١٣٧ و ١٣٨.

٢١- الواقعیة في الادب الکردي، الدکتور عزالدین مصطفی رسول، ص٨٨.

بکاتە سەرچاوەی ناوەڕۆکی شیعر و لەو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانە بدوێت کە بارودۆخی سەردەمە نوێیەکەی دروستی کردووە. بۆیە داهاتنی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان قوتابخانەی کلاسیکی و قوتابخانەی ڕۆمانتیکی و بەسەرکەوتنی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی کۆتایی هات دوای ئەوەی شیعری کلاسیکی نەیتوانی خۆی لەبەردەم ئەو تەوژمە نوێیە رابگرێت کە لە ئەنجامی گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کورد دروست بوو (د. مارف خەزنەدار) لەم رووەوە تەئکید لەسەر ئەو تەوژمە بەگورەی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردی دەکات کاتێک دەڵێ: «ئەدەبی نوێ لە سایەی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوایەتی رەنگدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بوو لە هەموو رووێکەوە و بەهەموو شەپۆڵەکانییەوە»[٢٢] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری نوێ بەپێی ئاڵۆزی بارودۆخی ئەو سەردەمە و گەورەیی ئەو ناوەڕۆکەی دروست ببوو بابەتەکانی فراوان و گەورە بوون بۆیە سنووری ئەو بابەتانەی شکاند کە شاعیرانی کلاسیک بۆ شیعری کوردییان کێشابوو و خۆیانیان پێ دەبەستەوە و لێیان لانەدەدا، لەکاتێکدا هەروەک (د. مارف خەزنەدار) دەڵێ: «شیعری نوێ چوارچێوەی بابەتەکانی بەتەواوی فراوان کرد و لە ئەنجامدا ئەو شیعرە لیریکییە پەیدا بوو کە هەڵگری چەند بیروباوەڕێکی نەتەوایەتی پێشکەوتووخواز بوو...»[٢٣] ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری پێکدەهێنا پێویستییەک بوو گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانی ئەو سەردەمە نوێیە سەپاندی.

جا لەکاتێکدا ئەو بارودۆخەی لە دوای جەنگی یەکەم بۆ میللەتی کورد دروست بوو، بووە هۆی ئەوەی شاعیرانی کورد بەقاڵبە کۆنەکە رووبکەنە ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی لەو سەردەمەدا دروست ببوو و بەشێوەیەکی سەرەکی لەو بابەتانە پێکهاتبوو کە رەنگدانەوەی بارودۆخە سیاسییەکە بوو، ئەوا شان بەشانی ئەم شیعرە بە شێوە کۆن و ناوەڕۆک سیاسییە تازەیە، جۆرە ناوەڕۆکێکی تر لە شیعری ڕۆمانتیکی ئەو سەردەمەدا هەبوو ئەویش پێکهاتبوو لەو بابەتانەی لە چوارچێوەی خەوبینین بەڕابردوو و راکردن لە واقیع و رووکردنە باوەشی سروشت و رەشبینی و نائومێدی و چەند بابەتێکی تردا دەسووڕایەوە.

٢٢- موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، د. معروف خزنەدار، ص١٧٩.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩ و ١٨٠.



دروستبوونی ئەم ناوەڕۆکە لە شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا هۆی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەگەر لەلایەکەوە تەئسیر و کاریگەری شیعری ڕۆمانتیکی جیهانی بەسەرەوە دیار بێ، ئەوا لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارەی میللەتی کورد تێیدا دەژیا کە دواکەوتنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری گرتبووە ئینجا شکان و نشوستی هێنانی یەک لەدوایەکی راپەڕین و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نەتەوەی کورد و نەگەیشتن بە مافە نەتەوایەتییە رەواکانی ئەمانە هەموویان کارێکی گەورەیان هەبوو لەسەر ئەو نائومێدی و رەشبینییەی باڵی بەسەر بەشێکی زۆری شیعری ئەو ماوەیەدا کێشابوو هەروەک لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران) و چەند شاعیرێکی تردا دەبینرێت کە بەدیارترین نموونەکانی شیعری ڕۆمانتیکی ئەو سەردەمە دادەنرێن.

(خورشید رەشید ئەحمەد) هۆی ئەو نائومێدییەی لە شیعرەکانی(پیرەمێرد)دا دەبینرێت بەوە دیاردەکات کە «پیرەمێرد بە کوڵێ هیوا و ئاواتەوە گەڕابۆوە بۆ کوردستان ئەو ئاوات و هیوایە کە بۆ ماوەیەکی درێژ بوو لەناو دڵ و دەروون و هەست و هۆشیدا پەنگی خواردبۆوە هەر رۆژە بە خەیاڵێک پوورە هەنگێکی شارستانێتی تێدا بەدی دەکرد، بەڵام کاتێک سەری بەکوردستاندا کرد، لە خانووە زەل و قامیشەکانی جاران بەولاوە هیچ شتێکی تری تێدا بەدی نەکرد، ئیتر بەجارێک ورەی بەرداوە و ئەو هەموو ئاوات و هیوایەی لەوە پێش وەک بەفری سەر لوتکەی چیا بەرزەکانی کوردستان توایەوە. دەیویست لە واقیعی مەوزووعی ئەو سەردەمەی کوردستان دوورکەوێتەوە، وەک هەموو شاعیرێکی ڕۆمانتیکی تووشی رەشبینی و نائومێدی بووە لە ژیاندا»[٢٤] ئینجا دوای ئەوەی ئەو نائومێدییەی شاعیر دەبەستێتەوە بەباری دواکەوتوویی کۆمەڵگای کورد ئەمجارە هۆیەکی تری ئەم نائومێدییە دیار دەکات ئەویش سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کوردە کاتێک دەڵێ: «دێری هۆنراوەی پڕ بووە لە قوڵپەی گریان، بەڵام نەک وەک شاعیرانی دیکەی ڕۆمانتیکی بگریت بۆ لە دەست چوونی خۆشەویستەکەی، بەڵکو گریان بەسەر گۆڕی شەهیدانی کورد و بۆ باری ناهەمواری ئەو سەردەمەی کوردستان و هۆی سەرنەکەوتنیان لە شۆڕشەکانیاندا».[٢٥]

بەڵام (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) لەپاڵ بوونی ئەم نائومێدییە لە شیعرەکانی

٢٤- رێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، ل ١٦٥ و١٦٦.

٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

(پیرەمێرد)دا دەبینێ هەندێ جار لە شوێنی ئەم نائومێدییە گەشبینی باڵ بەسەر شیعرەکانیدا دەکێشێ و جێگای نائومێدییەکەی دەگرێتەوە هۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی پێکهاتنی بناغە فیکرییەکەی چینی بۆرجوازی بچووک کە ڕاڕایی و دوودڵی یەکێک لە دیارترین خاسیەتەکانییەتی بۆیە لەبارەی ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانی (پیرەمێرد)دا دەڵێ: «بناغەی ئیبداعی شاعیر ئەو خەیاڵە ڕۆمانتیکییە و بناغە فیکرییەکەشی ئەو ڕاڕاییە تیژەی بۆرجوازی بچووک بوو بۆیە خەیاڵە ڕۆمانتیکییەکەی ئەو نیگەرانییەی دەردەبڕی کە لە نێوان دەربڕینی هیوای ئەو ڕۆمانتیکییە شۆڕشگێڕە بوو کە چاوی بڕیبووە داهاتوو و لە نێوان نائومێدی ئەو ڕۆمانتیکییە کۆنخوازە بوو کە چاوی لە ڕابردوو بوو، جا لە هەردوو حاڵەتدا پیرەمێرد ئەو هەژاری و کوڵەمەرگی و چەوسانەوەیەی دەردەبڕی کە میللەتەکەی بەدەستییەوەی دەناڵاند»[٢٦]. ئینجا باسی بوونی ئەم ناوەڕۆکە لای (شێخ نووری شێخ ساڵح) و (گۆران) دەکات و دەڵێ: «لەپاڵ پیرەمێرد شێخ نووری شێخ ساڵح هەمان یەک بەدوای یەک هاتنی پەرەسەندنی ئیبداعی دەردەبڕی. هەروەها «گۆران»یش لەو ماوەیەدا هەمان ڕۆمانتیکییەتی پیرەمێردی دەردەبڕی. تا لە دواییدا پەرەی سەند و بەشێوە ڕۆمانتیکییەکەی تازەترین ناوەڕۆکی واقعی دەربڕی»[٢٧]. وە لەبارەی پەرەسەندنی شیعری (پیرەمێرد) و دەرکەوتنی سیماکانی واقیعیەت لە شیعرەکانیدا دەڵێ: «پیرەمێرد لەم ڕاڕاییەدا بەردەوام بوو تا لە کۆتایی ژیانیدا دەربڕینێکی واقیعییانە لە شیعرەکانیدا سەری هەڵدا»[٢٨]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنجامی پەرەسەندنی ڕۆمانتیکییەت لە شیعری زۆربەی شاعیرانی کورددا بەرەو زاڵبوونی ڕەگەزەکانی واقیعیەت بەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا چووە دیارە ئەمەش ڕاستییەکی ترمان بۆ دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە قوتابخانەی ڕۆمانتیکی کوردی تەمەنێکی درێژی نەبوو بەهۆی ئەو گۆڕانە خێراییانەی بەسەر بارودۆخی کۆمەڵگای کورد داهات و پێویستی قۆناغەکە وای کرد شاعیران خۆیان لە باوەشی واقیعی ژیانی میللەتەکەیاندا ببیننەوە و تەعبیر لەو واقیعە بکەن کە بارودۆخی سەردەمەکەیان دروستی کردبوو.

---

٢٦- الواقعية في الادب الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسول، ص٩٠. هەروەها بڕوانە: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل٧٦.

٢٧- الواقعية في الادب الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسول، ص ٩١.

٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٠.



بۆیە دەتوانین بڵێین لەدوای دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە کە کۆمەڵگای کوردیشی گرتەوە و لە ئەنجامی سەرکەوتنی بزووتنەوە دیموکراسییەکان و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکان و بەرزبوونەوەی دەنگی جەماوەری گەل بۆ بەرگری کردن لە مافی چینە چەوساوەکان ئەمانە هەموویان بوونە هۆی دروستبوونی ناوەڕۆکێکی تازە. ئەم ناوەڕۆکە تازەیە جیاوازییەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەی شیعری ڕۆمانتیکی پێک دەهێنا بۆیە لە ئەنجامدا ململانێ و کێشەیەکی توند کەوتە نێوان ئەدەبی ئەو سەردەمە و ئەدەبە ڕۆمانتیکییەکە. هەر بۆیەشە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) ئاماژە بۆ سەرەتای دەست پێکردنی ئەو کێشەیە دەکات کاتێک دەڵێ: «لێرەوە دەتوانین بڵێین لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی و دوای جەنگ کێشەی نێوان هەردوو قوتابخانەی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی دەستی پێکردبوو»[٢٩]. تا لە کۆتاییدا پێویستییەکانی ئەو سەردەمە نوێیە ڕێبازی ڕیالیزمی سەپاند ئەویش لە ئەنجامی «... دڕندەیی و زەبر و زەنگی دوژمن و باوەڕی بەهێزی چینە چەوساوەکان و چاکی بیروباوەڕەکانیان وەک ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون خۆی سەپاند. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لە کۆتاییدا بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان زۆربەیان ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی زۆربەی جەماوەری گەل بێت و تاکێتی هونەرمەندە ڕۆمانتیکییەکە بەرەو نەمان بچێت»[٣٠].

هەروەها (د. مارف خەزنەدار) بۆ ئەوە دەچێت کە لایەنە جۆربەجۆرەکانی بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد لەو قۆناغەدا ناوەڕۆکێکی تازەی خستە بەردەمی شاعیران و ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازانەی لەو سەردەمەشدا بە شێوەیەکی فراوان لە بڵاوبوونەوەدا بوو و بووە هۆی دروستبوونی بۆچوون و تێڕوانینێکی تازە لە بارەی ئەرکی ئەدەب و ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی دەتوانێ لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا بیگێڕێت بۆیە لە بارەی دیارکردنی خاسیەتەکانی ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەو قۆناغەدا دەڵێ: «دەتوانین بڵێین لە ناوەڕاستی چلەکاندا بیروباوەڕە نیشتمانییە دیموکراسییەکان شوێنی خۆیان لەناو شیعری کوردیدا کردەوە و ڕووبەری بەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانی فراوان بوو و دەنگی ئەدەب بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤی چەوساوە بەرزبۆوە. هەرچی هەڵوێستی بەرهەڵست

---

٢٩- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩١.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩١.

کارانە و بەرپەچدانەوەی ئیمپریالیزم و دیارکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و هۆیەکانی بوو، ئەوا بووە هۆی لەدایکبوونی گیانی خەباتی شۆڕشگێری لە شیعری کوردی ئەو قۆناغەدا»[٣١].

سەرنجدانێکی ورد لەو گۆڕانانەی بەپێی قوتابخانە ئەدەبییەکان بەسەر شیعری کوردیدا هاتووە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە شیعری کوردی لە هەر سەردەمێکدا رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی بیروباوەڕ و جۆری تێگەیشتن و تێڕوانینی شاعیر و بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەی خۆی بووە و بەدەنگ ئەو گۆڕانانەوە هاتووە کە بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئەو سەردەمەدا هاتووە و توانیویەتی گیانی ئەو سەردەمە دەرببڕێت کە تیایدا ژیاوە. دیارە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە شیعری کوردی لە کاروانی پەرەسەندن و نوێبوونەوەی شیعردا هەمیشە توانیویەتی شان بەشانی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانە بڕوات بەرێوە کە لەهەر قۆناغێکدا گۆڕان و پەرەسەندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەت دروستی کردووە.

هەروەها لێرەدا نابێ ئەو باس و لێکۆڵینەوانە فەرامۆش کەین کە شاعیران و رەخنەگرانی کورد لەبارەی بەراوردکرنی نێوان شیعری کۆن و نوێی کوردیدا کردوویانە و لەپاڵ باسکردنی گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر، ئەو گۆڕانانەیان دیار کردووە کە بەسەر ئەو بابەتانەدا هاتووە کە ناوڕۆکی شیعریان پێکهێناوە.

لەو باس و لێکۆڵینەوانەدا هاوکێشەیەک لە نێوان شیعری کۆن کە بە(کلاسیک) و شیعری نوێ کە بە(ڕۆمانتیک) یان (ڕیالیزم) دانراوە، دروست بووە. ئینجا لە رێگای بەراوردکردنی نێوان هەردوو جۆری شیعرەکە، واتە شیعری کۆن و نوێ، هەڵوێستی رەخنەگرانەی ئەو شاعیر و رەخنەگرانە دەرکەوتووە بەرامبەر بەجۆری ئەو بابەتانەی پێویستە لەهەر سەردەمێکدا ناوەڕۆکی شیعر پێک بهێنن و خاسیەتەکانی هەردوو جۆری شیعرەکە دیارکراوە و دەست لەسەر ئەو گۆڕانانە دانراوە کە لە هەر قۆناغێکدا بەسەر شیعری کوردیدا هاتووە.

(گۆران) لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە تیایدا باسی شیعری (کۆن وتازە) دەکات، لە رووی تیۆرییەوە چەند بیروڕایەکی گشتی لە بارەی جۆری ئەو بابەتانە دەردەبڕێت کە ناوەڕۆکی شیعری کۆن و نوێ پێک دەهێنن. لەسەرەتادا خاسیەتەکانی(بیر)ی هەردوو جۆری

٣١- موجز تاریخ الادب الكردي المعاصر، الدكتور معروف خزنه دار، ص١٠٤.



شیعرەکە دیار دەکات و دەڵێ: «بیری هەڵبەستی کۆن شەقڵی تایبەتی رژێمی دەرەبەگی پێوەیە، لە سەرێکەوە ئایدیالی «مثالی»یە بەرامبەر بە ریالیستی بیری هەڵبەستی تازە، لە سەرێکی تریشەوە زۆربەی ئەم (کۆن)، خۆیی (ذاتی)یە، لە کاتێکدا زۆربەی بیری هەڵبەستی تازە لە دنیای بابەتی (موضوعی) وەرئەگیرێت ئەگەرچی لە دەربڕینا دەنگی بۆتەی هونەری بوێژ ئەگرێ»[٣٢].

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە مەبەستی (گۆران) ئەوە نییە کە شاعیرانی کلاسیکی کورد راستەوخۆ و بەمەبەست شیعرە کانیان خستۆتە خزمەتی چینی دەرەبەگ، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە دەچین مەبەستی ئەوە بێت کە بە هۆی خاسیەتە ئایدیالییەکە و بەستنەوەی شیعر تەنها بەو بابەتانەی لەچوارچێوەی خودی شاعیر دەرناچن لە ئەنجامدا خزمەتی بەرژەوەندی ئەو چینەی کردووە، واتە بەهۆی خۆخەریک کردنی شاعیری کلاسیکی کورد بەو بابەتانەی لەژیانی واقیعی کۆمەڵانی خەڵک بە دوور بوون وەک سەرئەنجام خزمەتی بەو چینە گەیاندووە.

ئینجا ئەو بابەتە سەرەکییانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پیکهێناوە بەوە دیار دەکات کە «بەها هونەرییەکانی سەردەمی دەرەبەگی سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو. پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سەکوچەکەی یار و میرو پیربوو»[٣٣] لە دواییدا بیروڕای خۆی لە بارەی لە کەڵک کەوتن و نەمانی بەشێک لەو بابەتانە و گۆڕانی بەشەکەی تریان بەوە دیار دەکات کە «بوێژی تازە ئەو جووتە پاڵەوانەی دەمێکە ناشتووە کە میرو پیریان پێ ئەڵێن. یاریشی رزگار کردووە لەو دەربڕین (تعبیر)ە بێزراوە کە باڵا شۆخەکەی کردبوو بەسنگی دیوەخان، هەرچی چەکی ئاغا هەیە هەمووی پیا هەڵواسیبوو»[٣٤]. گۆڕانی گەورە و بنەڕەتی بیروڕای شاعیری نوێش لە بارەی ئەرکی پاڵەوانی شیعری نوێی کوردی بەوە دیاردەکات کە «لە هەڵبەستی کۆنا ئەوەی لە پاڵەوان بەجێ هێنانی ئەخوازرا هەموو ئاوات و ئارەزووە خۆییەکانی بوێژ بوو، بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو. ئێستا ئارەزوو و ئاواتەکانی گەل، داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵ لە پاڵەوانی هەڵبەست داوا ئەکرێ. پاڵەوانی تازەش: تێکۆشەرە تەنانەت یاریش بەجوانییە دڵ چەسپ و سروشتییەکەی

٣٢- کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، گ: هیوا، ژ: ٣١، ساڵی ٤، کانوونی دووهەمی ١٩٦١، ل٨.

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە، ئەگەر راستەوخۆ، خۆی نەبێ، پاڵەوان!»(٣٥). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە کاتێکدا شیعری کلاسیکی خۆی بەو بابەتانە دەبەستەوە کە لە خولیای خودی شاعیردا دەسوڕایەوە، شاعیری نوێ بە بەپێچەوانەوە رووی کردۆتە بابەتە گشتییەکان و ئاوڕی لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ داوەتەوە و هەوڵی داوە ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەربڕێت.

گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر لای (کامەران موکری) لە دیارکردنی ئەو مەبەستە شیعریانەدا دەردەکەویت کە لە هەر سەردەمێکدا بەپێی گۆڕانی بارودۆخی ئەو سەردەمە گۆڕانی بەسەر هاتووە و جیاوازی تێکەوتووە بۆیە لە رووی ئەم بۆچوونەوە کە مەبەستەکانی شیعری کلاسیکی دیار دەکات دەڵێ: «(ئامانجی- اغراض) هۆنراوەی کۆن، یان بڵێین جاران. (ستایش- مدح)،-پیاهەڵخوێندن -ذم-، شین، شانازی هتد بووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم ئامانجە هەندێکیان گۆڕاون وە هەندێکیشیان بەرەو مردن ئەچن... وە ئامانجی تر بەرەبەرە پەیدا ئەبێت... جاران (بوێژەکان) شانازییان بەخێڵەوە، یان بەبنەماڵەوە ئەکرد بەڵام ئەمڕۆ، شانازی بەنەتەوە ئەکەین»(٣٦) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستییەکانی هەر سەردەمێک کار لە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر دەکات و دەبێتە هۆی لەدایکبوونی هەندێ بابەت و لەهەمان کاتدا بەشێک لەو بابەتانە لەکەڵک بکەون و بۆ ئەو سەردەمە دەست نەدەن و بەرەو نەمان بچن بۆیە بەپێی ئەو بارودۆخەی میللەتی کورد لەو سەردەمەدا تیایدا ژیاوە جۆری ئەو بابەتانە دیار دەکات کە پێویستە ناوەڕۆکی شیعری ئەو سەردەمە پێک بهێنێت و بابەتەکانی ئەو ناوەڕۆکە بەوە دیاردەکات کە «باسی هەژارکردن(*)، دەرخستنی ئاوات و ئازاریان، چاری دەرد و چەرمەسەرییان، بلاوکردنەوەی نیشتمان پەروەریتی، وە هەموو روویەکی ژیانی کۆمەلایەتی دەرخستن، بەمەرجێک کەڵکی لێ وەربگیرێت ئامانجی هۆنراوەی تازەن»(٣٧).

گۆڕانی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنێت لای (د. مارف خەزنەدار) گرنگییەکی ئەوتۆ پەیدا دەکات بنچینەی دیارکردنی کۆنی یا تازەیی شیعری پێ

---

٣٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

٣٦- دیاری، کامەران، پێشەکییەکەی، ل ٧و ٨.

(*) دیارە ئەم دەربڕینە لە رووی داڕشتنەوە هەڵەیە، چونکە کورد وانالێت، بۆیە راستییەکەی (باسکردنی هەژار)ە.

٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.



دەبەستریتەوە، چونکە سەرباری ئەوەی گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر فەرامۆش ناکات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بایەخەی ناداتێ کە بە ناوەڕۆکی شیعری دەدات، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی شیعر لە ئەنجامی ئەو پێویستییانەوە دەگۆڕێت کە بەپێی گۆڕانی بارودۆخی سەردەمەکەوە دێتە پێشەوە بۆیە ئەرکی شاعیر بەپلەی یەکەم ئەوە دەبێت ئەو ناوەڕۆکە تازەیە دەرببڕێت ئەگەر لە چوارچێوەی شێوە هونەرییە کۆنەکەش دابێت «چونکە ژیان لە گۆڕان و پێشکەوتن دایە، کە هەموو ژیان بگۆڕێ بێ گومان شیعریش ئەگۆڕێ چونکە بەشێکە لە ژیان بەڵکو خۆی ژیانە، جا من وا ئەزانم شیعری کۆن هەر بەبیر و خەیاڵ و مۆسیقا لە شیعری تازە جیا ئەکرێتەوە، چونکە ئەو پێویستییەی کە شیعری کۆن بۆی ئەچوو ئێستا کە ئەم پێویستییە لەناوچووە وە پێویستی تر هاتۆتە ناوەوە بۆ ئینسان و ژیان، جا لەبەر ئەوە شاعیر ئەتوانێ، ئەگەر شاعیر هونەر- وەرێکی بەرزبێ هەر بەجۆری یەکەمی شیعر شیعری تازە بنووسێتەوە واتە شیعری تازە بابەت بنووسێتەوە بە قافیە و وەزنێکی مووەحەد»(٣٨). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نوێکردنەوەی شیعر مەرج نییە لەپاڵ گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر هەر دەبێ شێوە هونەرییەکەشی بگرێتەوە. وەکاتێک باسی ئەو گۆڕانانەی کردووە کە بەسەر ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردیدا هاتووە و وای لێکردووە لە شیعری کلاسیکی جیابێتەوە بەوەی دیارکردووە کە «ئەدەبی کوردی لە زێدەڕۆیی ئایدیالیستە ئەدەبییەکە دوور کەوتۆتەوە و بەرەو ریالیزم هەنگاوی ناوە و لە حەقیقەت نزیک بۆتەوە. وە لە سایەی خەباتی نەتەوەیی ئازادیخوازدا ئەدەبی نوێی کوردی رەنگدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بووە بەهەموو شەپۆلەکانییەوە. هەروەها شیعری هاوچەرخ چوارچێوەی بابەتەکانی فراوان کرد و ئەو لیریکییە نوێیە سەری هەڵدا کە سیمای نیشتمانی پێوە دیار بوو و بیروباوەڕە نەتەوەییە ئازادیخوازەکانی هەڵگرتبوو شیعری تازە هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەی دژی ئیمپریالیزم وەرگرت و دانی بەبوونی کێشەی چینایەتی دانا لە کۆمەڵگای کوردەواریدا...»(٣٩) دیارە ئەمەش ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانە دیاردەکات کە ناوەڕۆکی شیعری کوردی نوێی بەخۆیەوەی بینیوە و فراوان بوون و ئاڵۆزبوونی ئەو بابەتانە دیاردەکات کە ناوەڕۆکی شیعری نوێیان پێکهێناوە. ئینجا هۆی ئەو گۆڕانە گەورەیە بەوە دیاردەکات کە «ئەم ناوەڕۆکە تازەیە بەهۆی زیادبوونی رۆڵی کۆمەڵایەتی شیعر هاتە ناو شیعری نوێ، چونکە کەوتە ژێر کارتێکردنی پەرەسەندنی

---

٣٨- دیوانی سەلام، پێشەکییەکەی بەپێنووسی معروف خزنەدار، ل ٢٦.

٣٩- موجز تاریخ الادب الکردي المعاصر، الدکتور معروف خزنه دار، ص ١٧٩-١٨٠.

ڕێبازی ریالیزم و بووە ڕەنگدانەوەی حەقیقەت لەئەدەبی کوردیدا»(٤٠).

لە دوای لێکۆڵینەوە لە شیعری کلاسیکی (عەلائەدین سەجادی) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو ئەدەبە تایبەت بوو بەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو وە لەبەر ئەوەی ژیان لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و لەهەر قۆناغێکدا جۆرە بیروباوەڕو چێژو زەوقێک دروست دەبێت کە جیاوازە لەقۆناغەکەی پێش خۆی بۆیە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعری نوێ بە ئەنجامێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراو دادەنێت و گرنگترین هۆیەکانی ئەم گۆڕانەش بەوە دیاردەکات کە «... کاروباری ئابووری و هاتنی پێشهاتی ڕۆژانی نوێ و گۆڕینی لاپەڕەکانی گێتی لەناکاو و بەگورجی لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر زیادە پێویستی ئادەمیزاد پەیدا بوو بۆ بەربەرەکانی ژیان»(٤١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە و پێویستییەکانی سەردەمە نوێیەکە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەی لەو سەردەمەدا دروست ببوو لە ئەستۆی شیعری نوێدا بوو ئینجا ئەو گۆڕانەی بەسەر شیعری کوردی داهاتووە بەوە دیاردەکات کە «... لە سەردەمی پێشوودا لەوانەبوو سنوورێکی بۆ گوزارە دانابوو، لە کاتی ئەدەبی داهاتوودا ئەو سنوورە هەڵگیرا، گەلێ گوزارەی جوانی وا هاتە ناوەوە کە لە ڕۆژەکانی ئەدەبی پەیڕەوییی(*) دا ئەو گوزارانە دیارنەبوون»(٤٢). ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو ناوەڕۆکەی شیعری نوێ دەری بڕیوە جیاوازە لەو ناوەڕۆکەی شیعری کلاسیک دەری دەبڕی. ئەمەش بەئاشکرا لەو بەراوردکردنانەدا دەردەکەوێت کە لە نێوان شیعری کۆن و شیعری نوێدا کردوویەتی.

سەرەتا لەبارەی ئەدەبی کلاسیکەوە کە بە (ئەدەبی پەیڕەوی) ناو دەبات دەڵێ: «ئەدەبی پەیڕەوی ئەوەیە کە نووسەر وەیان هۆنەر ملی ڕێچکەیەک ئەگرێ کە گەلێ کەس لەپێش ئەوەوە بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوون، تەنانەت وای لێ دێ ناتوانێ بەبست لەو ڕێگایە لابدات!. کە ویستی باسی گوزارەیەک بکا تۆزێ وشەکان سەرەوبن ئەکا، وەیا لەباتی وشەیەک وشەیەکی تر وەکو ئەو وشەیە ئەکا بەبەرگی گوزارەکەدا و دەری ئەبڕێ. بەڵکو لای وائەبێ ئەگەر بێت و لەو ڕێگەیە لابدا نووسین وەیا هۆنراوەکەی شوێنی خۆی نەگرتووە

٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ص ١٨٠.

٤١- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، علاء الدين سجادي، ل ٦٠.

(*) مەبەستی نووسەر لە (ئەدەبی پەیڕەوی) (ئەدەبی کلاسیکە)ە.

٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.



و ئەکەوێتە بەر پلاری هاوێژان و تووشی شوورەییەکی زۆر زل ئەبێ!!...»(٤٣) ئەمەش هەڵوێستی (سەجادی) بەرامبەر بەشیعری کلاسیکی دەردەخات کە بەشیعرێکی لاساییکەرەوەی دادەنێت کە شاعیران تیایدا خۆیان بەچوارچێوەیەکی دیاریکراو دەبەستەوە و ئەو چوارچێوەیە سنوورێکی دیاریکراوی بۆ کێشرابوو نەدەبوایە شاعیر لێی دەرباچێت. ئینجا لەبارەی جۆری باسکردنی بابەتەکانیش بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیرانی کلاسیک شێوازێکی دیاریکراویان هەبوو ئەو شێوازە تایبەت بوو بەجۆری بیرکردنەوە و چێژو زەوق و هەستکردن و تێگەیشتنی شاعیرانی ئەو سەردەمەوە بۆیە لەبارەی یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لاپەڕەیەکی فراوانی لە شیعری کلاسیکی داگیر کردووە کە ئەویش باسکردنی ئافرەتە دەڵێ: «وەکو ئەوە کە لە سەردەمی پێشوودا یەکێ بیویستایە باسی خۆشەویستێکی خۆی بکا، ئەگەر چاوی بە پیاڵە و زولفی بە مار و دووپشک و برۆی بە شیر و برژانگی بە تیر نەکردایە بەتەواوی ئابڕووی نووسینەکەی ئەچوو، وە لە بازاڕی سەوداگەرانا نەخۆی و نە نووسینەکەی نرخێکیان بۆ دانەئەنرا!!...»(٤٤) ئینجا بەرامبەر بەمە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەجۆری تەماشاکردنی شاعیری نوێ بۆ ئافرەت و چۆنیەتی وەسفکردنی لە شیعری نوێدا دیاردەکات و دەڵێ: «لە کاتێکدا کە دێینە سەر ئەدەبە داهاتووەکە و سەیری «خاسەویژەی-وەسف»ەکەی ئەم ئەکەین هەر بۆ ئەو شتانە کە ئەدەبە پەیڕەوییەکە باسی کردووە. ئەوەندە هەیە ئەم نایەوێ بە شتی ترسێنەر باسیان بکا، بەڵکو بەجۆرێک دێتە ناوەوە کە چەشە زیاتر بۆی بشنێتەوە. ئەو چاوە وەیا ئەو برۆیە وەیا ئەو برژانگە لەباتی ئەوە بەتیر و شیر و زنجیر بیانناسێنێ بەوە ئەیانناسێنێ: کە هیچ جۆرە ڕەشییەک نییە بگا بەوان...»(٤٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم جۆرە باسکردن و وەسف کردنەی ئافرەت لە شیعری نوێدا دەبینرێت گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە و لەگەڵ چێژ و زەوقی سەردەمە نوێیەکەدا دەگونجێت و بەستراوەتەوە بەجۆری بیرکردنەوە و هەستکردن و تەماشاکردنی شاعیری نوێوە.

ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە پێویستە بەسەر شیعری نوێدا بێت بۆ ئەوەی لە شیعری کۆن جیا بێتەوە و ڕۆڵی خۆی لە ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا بگێڕێت لەو بیروڕایانەدا دەردەکەوێت کە (شێخ محەمەدی خاڵ) لە شێوەی چەند داوایەک وەک نەخشەیەک بۆ

٤٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

٤٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣ و٦٤.

شاعیرانی نوێی کوردی داناوە و لە بەشێک لە دیارترین ئەو داوایانەدا هاتووە «جاران وێژەر «ادیب» و بوێژ «شاعیر»مان هەر بۆ خۆیان ئەژیان، وە هەر بیری خۆیان ئەکرد بەهۆنراوە، لەمەولا ئەبێ بۆ کۆمەڵە و گەل بژیین، وەبیری ئەوان بنووسن. جاران وێژەر و بوێژمان هەر گۆرانییان بۆ خۆیان ئەوت، لەمەولا ئەبێ گۆرانی بۆ کۆمەڵە و گەل بڵێین، جاران وێژەر و بوێژمان خۆی بە بەرپرسیار «مسئول» نەئەزانی، لەمەولا ئەبێ خۆی بەرپرسیا بزانێ لە ژیانی کۆڵایەتیدا، وە هەمیشە هاوار بکات بۆ ستەم لێکراو و هێرش بباتە سەر ستەمکار، وە جەنگ بکات لەگەڵ ئەوانەی کە باوەڕیان بەخوا و بە نیشتمان نییە»[46] جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێین ئەگەرچی لەو بڕوایە دانین کە نەخشەدانان لە شیعردا هەبێ و شیعر بەڕادان بدرێ و پێویستە ئەم جۆرە ڕەخنانەش باسی شیعرێک بکات کە هەیە، بەڵام سەرباری ئەمەش دەتوانین بڵێین نووسەر مەبەستی ئەوە بووە پێمان بڵێ شیعری کلاسیک بۆ ئەم سەردەمە دەست نادات بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵک و گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی ئەمەش لە بەشێکی دیاری ئەو بیروڕایانەدا دەردەکەوێت کە تیایدا تەئکید لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر کراوە. جگە لەمە هەروەها نووسەر تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە کە شیعر دەتوانرێ وەک چەکێکی کاریگەر لە خەباتی سیاسیدا بەکار بهێنرێت ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «جاران ئەگەر پرسیار لە وێژەر نەکرابێ لەمەولا پرسیاری لێ ئەکرێ، ئایا ئەم وێژەرە چی کردووە بۆ گەلەکەی، وە چۆن ڕێگای بۆ ڕووناک کردوونەتەوە و باسی ستەمکاری بۆ کردوون و پێی ناسیون، وە ڕێی ڕاستی بۆ ڕووناک کردوونەتەوە»[47]. دیارە ئەمەش ئەرکی کاریگەری شیعر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە شاعیری نوێ چ ئەرکێکی گرتۆتە ئەستۆ و چۆن لە پەیامی شیعر گەیشتووە لە ڕووی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و تێگەیاندنیان لە مەسەلە نەتەوایەتییەکەیان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.

شکاندنی سنووری ئەو بابەتە دیاریکراوانەی شاعیرانی کلاسیکی کورد خۆیان پێ دەبەستەوە و فراوانبوونی ناوەڕۆکی شیعری نوێ وای لە (عەزیز گەردی) کردووە لەبارەی شیعری کلاسیکی کوردییەوە بۆ ئەوە بچێت کە «لە هۆنراوەوەی کۆندا هەندێ باسی

٤٦- ناڵەی دەروون، شێخ محەمەدی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ارشاد- بغداد، ١٩٨٤، ل ٢١٧ و٢١٨.

٤٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.



تایبەتی دەست نیشانکراو هەبوون کە شاعیر سۆزی دڵی خۆی تێدا ئەڕشتن وەکو: (شانازی- مدح- ستایشی ئایینی- دڵداری. هتد)»[48] ئەمەش مانای ئەوەیە کە شیعری کلاسیکی کوردی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا لە سنووری چەند بابەتێکی دیاریکراو دەرنەدەچوو شاعیرانیش بەشێوەیەکی گشتی لە دووبارەکردنەوە و جووینەوەی ئەو چەند بابەتە دیاریکراوەدا بوون، بۆیە بەپێی گۆڕانی بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە و هاتنە پێشەوەی چەند بابەتێکی نوێی سەر بەم قۆناغە نوێیە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی خۆی لە بارەی بەسەرچوون و دەستنەدانی ئەو بابەتە سواوانە دیار دەکات کە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا، کاتێکیش هەست بەم هەڵوێستەی دەکرێت کە باسی ناوەڕۆکی شیعری نوێ دەکات و دەڵێ: «کەچی هۆنراوەی نوێمان ئەم کۆت و دەستوور و باسە دیاریکراوانەی شکاندووە و ئاسۆیەکی بێ بنی لەبەردەم شاعیر کردۆتەوە... شاعیری نوێمان بەدوای شتێ ئەگەڕێ کە لەگەڵ چاخی ئەمڕۆماندا بگونجێ و تاوێک کڵپەی دەروونی مرۆڤی ئەم سەدەیە دامرکێنێتەوە... بیری هۆنراوەی نوێ بەدوای گەلێ شتدا ئەسووڕێ وەک (مرۆڤ - هەستی مرۆڤایەتی - ڕزگاری - خزمەتی چینی چەوساوە - شارستانیەت و پێشکەوتن - یەکێتی - ئاوارەیی - نەسرەوتن و بێ ئارامی - دەربڕینی ئێش وئازار - نەخشەکێشانی ئاوات و ئامانج - هەڵڕێشتنی هەگبەی تووڕەیی- مەسەلەی بوون و مردن و ژیان...هتد»[49] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردی گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە و بابەتەکانی پەرەسەندنێکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینیوە و لەو چوارچێوە تەسکە دەرچووە کە شیعری کلاسیکی خۆی پێ دەبەستەوە. بۆیە پوختەی ئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەر ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردیدا هاتووە کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «... واتە هۆنراوەی نوێ دەرپەڕاندنی بازووی زمانزانی و ڕازاندنەوەی چەند باسێکی سنوور بۆ کێشراو نییە، بەڵکو کۆڕێکە مەسەلەی ژیانی مرۆڤ تیا ئەخرێتە سەر مێزی لێکدانەوە و شیکردنەوە»[50] هەروەها یەکێک لەو بابەتانەی مایەی بایەخ پێدانی بووە و چەند سەرنجێکی وردی لە بارەیەوە دەربڕیوە گۆڕانی جۆری باسکردنی ئافرەتە، ئەو گۆڕانەش بەوە دیار دەکات کە «شاعیری کۆن کە سەیری

٤٨- کۆن و نوێ لەهۆنراوەی کوردی دا، بەشی یەکەم، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٢، ٢٤-٦-١٩٧٢،ل٣.

٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٥٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

ئافرەتی کردووە تەنها دیوی دەرەوەی بینیوە، واتا شاعیری کۆن کە وەسفی دڵدارەکەی ئەکا و باسی جوانی ئەکا هەر دیمەنی دەرەوەی لەبەرچاوە... کەچی شاعیری نوێ بەم پەلک و تفرەی دەرەوە ناوەستێ بەڵکو بەگوڕ ئەڕوا بەناخی ئافرەتا ئەچێتە خوارەوە، تا لەناخی دڵیەوە رووناکی خووڕەوشت و تێکۆشانی مەردانەو باوەڕی پیرۆزی ئەبینێ و بەم پێوانەوە جوانی بۆ دائەنێ نەک رەنگ و روخساری دەرەوەی...»(٥١) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت لەشیعری نوێدا لەوە دەرچوو تەنها وێنەی دیوی دەرەوەی بکێشرێت و مامەڵە لەگەڵ روخساریدا بکرێت، بەڵکو شاعیری نوێ وەک مرۆڤێک مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و باسی گیروگرفتەکانی کردووە و شۆڕبۆتەوە ناخی ئافرەت و ئێش و ئازارەکانی پیشان داوە. ئەنجامی ئەم جۆرە مامەڵە کردنەش هەر دەبوایە ببێتە هۆی گۆڕانی ئەو وێنەیەی شاعیرانی کلاسیک بۆ ئافرەتیان دەکێشا. جا دیارترین سیماکانی ئەم وێنە کۆنەی شاعیرانی کلاسیک بەوە دیاردەکات کە «شاعیر ئەگەر بیویستایە باسی دڵدارەکەی بکا ئەبوو زوڵفی بە مار و دووپشک یا بەشەو وە برۆی بە شیر یا هیلال، وە برژانگی بە تیر یا خەنجەر یا نەشتەر بچوێنێ ئەگینا ئابڕووی نووسینەکەی ئەچوو... تا هەندێ لە شاعیرە هۆشیارەکانمان لەم خاک و خوکە و شت جوینەوە وەڕس و کەوەڕێ بوون ئاشکرا دەنگی نارەزایی خۆیان بەرز کردەوە...»(٥٢) دیارە هۆی ئەم نارەزاییەی شاعیرانی نوێش بەرامبەر بەو وێنەیەی شاعیرانی کلاسیک بۆ ئافرەتیان کێشاوە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی بیروباوەڕی شاعیرانی نوێ بەرامبەر بەئافرەت و ئاوڕدانەوە لەلایەنە مرۆڤایەتییەکەی و ئەمەش خۆی لەخۆیدا کاری کردە سەر گۆڕانی چێژو زەوقی شاعیر و بووە هۆی ئەوەی لەڕوانگەیەکی جیاوازەوە تەماشای ئافرەت بکات و بەشێوەیەک وێنەی بکێشێت کە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە تازانەدا بگونجێت کە زەوقی مرۆڤی نوێ پەسندی دەکات. دیارە ئەو بیروباوەڕ و چێژ و زەوقە نوێیەش لەدایکبووی بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە بوو.

لە راستیدا باسکردنی ئافرەت لە روانگەی تەماشاکردنی شاعیرانی کلاسیک و کێشانی وێنەی بەم شێوە ترسناکە و گۆڕانی ئەم وێنەیە لای شاعیرانی نوێ و تەماشاکردنی لەڕوانگەیەکی جیاوازەوە، لەناو ئەو باس و لێکۆڵینەوە رەخنەییانەی لەم رووەوە لەشیعری کوردییان کۆڵیوەتەوە جێی سەرنج راکێشان بووە و هەوڵی ئەوە دراوە لە

٥١- کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردیدا، بەشی دووەم، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٣، ١-٧-١٩٧٢، ل ٣.

٥٢- کۆن ونوێ لە هۆنراوەی کوردیدا، عەزیز گەردی، ر: هاوکاری، ژ: ١٢٤، ٨-٧- ١٩٧٢، ل ٣.



رێگای بەراوردکردن لە نێوان ئەو وێنەیەی لە شیعری کلاسیکدا هەیەو لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە لای شاعیرانی نوێ دروست بووە، ئەو گۆڕانانە دیار بکرێت کە لە شیعری نوێی کوردیدا بەسەر جۆری باسکردنی ئافرەتدا هاتووە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆربەی ئەو بیرورایانەی لەم رووەوە باسی ئەم مەسەلەیان کردووە لە چوارچێوەی گشتیدا یەکیان گرتۆتەوە و تارادەیەکی زۆریش بەیەک دەچن. خستنەڕووی بەشێک لەم رایانە راستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت.

بەڕای (گۆران) ئافرەت لای شاعیرانی کلاسیک «... ئەبوو بەسەرکردەی لەشکرێک کە برۆکانی دوو شمشێری تیژو برژانگەکانی ریزە تیری ناو تیردان و پرچی کەمەندی لەشکری دلان بێ»(٥٣) کەچی لای شاعیری نوێ ئافرەت مرۆڤێکە رۆڵێکی کاریگەر لە ژیاندا دەگێڕێت بۆیە وێنەی ئەو ئافرەتە لە شیعری نوێدا بەوە دیار دەکات کە «... تەنانەت یاریش بە جوانییە دڵ چەسپ و سروشتییەکەی ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە، ئەگەر راستەوخۆ خۆی نەبێ پاڵەوان!».(٥٤)

گۆڕانی وێنەی ئافرەت و وەسفکردنی بەم شێوە واقیعییە لای (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) کاتێک دەردەکەوێت کە باسی ئەو جیاوازییە دەکات کە لە نێوان وەسفکردنی شاعیری نوێ و شاعیری کلاسیکی کورددا دروست دەبێت بۆیە لەم رووەوە بۆ ئەوە دەچێت کە «لەکاتێکدا کە لە شیعری کلاسیکیدا یاری هەموو شاعیرێک باڵای بەرزە، بەژنی زرافە، ناوقەدی باریکە، چاوی رەشە و برۆی (کەوانە) و برژانگی تیرە. لەکاتێکدا بە شیعرەکانیاندا ناتوانین نەخشەیەکی تایبەتی بۆ (فاتمە)ی بابەتایەر و (سەلما)ی مەلای جزیری و (حەبیبە)ی نالی بکێشین، هەر لەو کاتەدا دەبینین هەریەکێ لەو جوانانەی گۆران و گەلێ شاعیری تر وەسفیان کردووە، رەنگ و باڵاو تام و بۆنی خۆیان هەیە»(٥٥) ئەمەش تەئکید لەسەر گۆڕانی ئەو بەها جوانکارییانە دەکات کەلای شاعیری نوێ لەو وێنە تازانەدا دەردەکەوێت کە بەپێچەوانەی وێنە کۆنەکەی شیعری کلاسیکی رەگەزەکانی وەسف کردن لە خودی کەسەکەوە وەردەگرێت بۆیە هەر لەڕووی ئەم بۆچوونەوە پێ لەسەر ئەوە

٥٣- کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، گ: هیوا، ژ: ٣١، ساڵی ٤، کانوونی دووهەمی ١٩٦١، ل ٨ و٩.

٥٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

٥٥- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ل ٤٠.

دادەگرێت کە «گۆران هەموو تەشبیهەکانی ناو شیعری کلاسیکی لائەدا و جوانی لە ئافرەت خۆیدا دەبینی»[٥٦]

هەستکردن بەم وەرچەرخانەی لە جۆری باسکردنی ئەو بابەتانەدا دەبینرێت و لەناو ئەمانەش ئافرەت لای شاعیرانی نوێ بەڕای (کەمال میراودەلی) بەستراوەتەوە بە جۆری بیرکردنەوەی شاعیر و تەئسیری ئەو بناغە فیکرییە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعرەکەی پێک دەهێنن. بۆیە کە بەها جوانکارییەکانی شیعری (گۆران) دیار دەکات دەیبەستێتەوە بەو گۆڕانانەی لەهەر قۆناغێکدا بەسەر بیروباوەڕەکانیدا هاتووە بۆیە دەڵێ: «کەواتە تێنوێتی گۆرانی ئێمەش بۆ جوانی... تێنوێتییە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی ژیان و دەوری ئادەمیزاد تێیدا... وە بۆ گەیشتن بەم (جوانییە- حەقیقەتە) قۆناغ بە قۆناغ، بەپێی بەرەوپێشچوونی فیکری و تەمەنی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێ لە سەرەتاوە ڕوودەکاتە سروشت. وە سروشت بەتێکڕای بەلای ئەوەوە (سروشتی جوانە)... وە کە هەنگاوێکی تری ڕۆمانسییانەی مرۆڤ پەروەرانە بۆ پێشەوە دەنێت ئەم (جوانییە- حەقیقەتە) لە ئافرەتدا ئەدۆزرێتەوە. ».[٥٧] ئینجا دوای ئەوەی لە قۆناغە ڕۆمانسییەکەیدا ئەم جوانییە لە ئافرەتدا دەبینێت لە قۆناغە واقیعییەکەی «ئەم جوانییە لە سەربەستی گەلەکەی و پێشکەوتنی وڵاتەکەی و لە نووری شارستانێتی نوێدا ئەدۆزرێتەوە»[٥٨] کەواتە بەپێی ئەم رایە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەناو ئەو بابەتانەی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، باسکردن و وەسفکردنی ئافرەتە لای شاعیری نوێ کە لە ڕوانگەیەکی جیا لە ڕوانگەی شاعیری کلاسیکەوە تەماشا کراوە.

هەر لەسەر بناغەی ئەو گۆڕانانەی کە لە قۆناغە جیاجیاکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعردا بەسەر ئەو بابەتانەدا هاتووە کە ناوەڕۆکی شیعری پێکهێناوە (دڵشاد عەلی) دوای ئەوەی (دڵداری و جوانی ئافرەت) بە بابەتێکی سەرەکی شیعری کوردی دادەنێت بەوردی ئەو گۆڕانانە دیار دەکات کاتێک دەڵێ: «ئەم بابەتە گرنگەی هۆنراوەی کوردی وەک خۆی نەمایەوە، بەڵکو هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ تازەبوونەوەی ئەدەبەکەدا گۆڕانی

٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

٥٧- سروشت و جوانی لەشیعری گۆران دا، کەمال میراودەلی، گ: نووسەری کورد ژ: ٩ ئابی ١٩٧٣، ل ٦٢.

٥٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.



بەسەردا هات و قاڵبی تازەتری بۆ خۆی وەرگرت. لەکاتێکدا لای شاعیرە کلاسیکییەکانی وەک مەلای جزیری و خانی و بێسارانی و نالی و کوردی و گەلێکی تریان لە ڕوانگەی دڵدارییەکی ڕووتەوە سەرنج لە ئافرەت ئەدراو ئەخرایە چوارچێوەی هۆنراوەی دڵدارییەوە، ئەبینین لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئافرەت وەک ئەندامێکی گرنگی کۆمەڵ کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و مافەکانی خۆی پێ بدرێ بەتایبەتی مافی خوێندن لای گەلێ لە شاعیران سەری هەڵدا و هۆنراوەکانیان بۆ پاڵپشتی ئافرەت ئەخستەکار کە دیارترینیان حاجی قادری کۆییە».[٥٩] ئینجا ئەوە دەردەخات کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا ئەم بابەتە «... جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی بەخۆیەوە دی و هەندێ لە شاعیرانی ئەو قۆناغەی ئەدەبی کوردی وەک پیرەمێرد و ئەحمەد موختار جافی شاعیر کەوتنە داواکاری لە شاعیران کە واز لە هۆنراوەی دڵداری بهێنن و لەو وەسفە کلاسیکییانە دوور کەونەوە کە شاعیرە کۆنەکانی گیرۆدەی بووبوون و زۆربەی کاتیان بۆ تەرخان کردبوو»[٦٠] دوای ئەمە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا گەورەترین و دیارترین گۆڕان کە بەسەر ئەم بابەتەدا هاتبێت بەوە دیار دەکات کە «هەر لە سەرەتای ئەم قۆناغەوە وەسفە کلاسیکیەکان بەرەو دوا بوونەوەو تازەبوونەوەیەکی فراوانتریان بەخۆیانەوە دی، لەلایەکی ترەوە ئافرەت وەک ئەندامێکی کاریگەری کۆمەڵ کە بەشداری لە گۆڕانی کۆمەڵ و بەشداری لە تێکۆشانەکانی گەلدا ئەکات هاتە ناو هۆنراوەی کوردییەوە کە ئەمەش بەڕوونی لای بێکەس و گۆران و پیرەمێرد و گەلێکی تریان ڕەنگی داوەتەوە»[٦١]. ئینجا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «هەر لێرەوە هەنگاوی دووەمی ئەم بابەتە چووە ئەو چوارچێوەیەوە کە خۆشەویستی ئافرەت بەشێک بێت لە خۆشەویستییە گەورەکەی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ و خۆشەویستیش هاوڕێی شاعیر بێ لە کۆڕی تێکۆشاندا پێش ئەوەی خۆشەویستی بێ.»[٦٢] ئەمەش ئەو گۆڕانانە دیار دەکات کە بەسەر بابەتەکانی ناوەڕۆکی شیعری کوردی داهاتووە و لە هەر قۆناغێکدا شاعیرانی کورد بەپێی بارودۆخە تایبەتییەکەی ئەو قۆناغە لە ڕووی تێڕوانین و

٥٩- دیلان شاعیر و ئازادیخواز، دڵشاد عەلی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا -١٩٨١، ل ٢٠ و ٢١.

٦٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

٦١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١و ٢٢.

٦٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

تەماشاکردنێکی جیاوازەوە لە روانگەی بیروباوەڕی سەردەمە نوێیەکەیان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کردووە کە ناوەڕۆکی شیعری کوردییان پێک هێناوە.

## گۆڕانێکی تری ناوەڕۆکی شیعر لە حەفتاکاندا

گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کورد لەهەر قۆناغێکدا هەمیشە کاری خۆی هەبووە لەسەر بیروباوەڕ و جۆری تەماشاکردن و تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی واقیعی ژیانی میللەتەکە دروستی کردووە، بۆیە لەهەر قۆناغێکدا شاعیرانی کورد بەپێی ئەو تێگەیشتن و تێڕوانینە هەوڵی ئەوەیان داوە تەعبیر لەو ناوەڕۆکە بکەن کە واقیعی بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەیان دروستی کردووە بۆیە لە حەفتاکاندا لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی لەو قۆناغەدا بۆ میللەتی کورد دروست بوو، شاعیرانی کورد دوای ئەوەی رووبەڕووی ئەو واقیعە نوێیە بوونەوە هەستیان کرد پێویستە ئەو ناوەڕۆکە نوێیە دەرببڕن کە بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی ئەو سەردەمە دروستی کردووە بۆیە دەبینین لەو قۆناغەدا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی روانگە شاعیران و نووسەران هەر لەسەرەتاوە لە بانگەوازەکەیاندا بەئاشکرا بیروباوەڕی خۆیان لەبارەی جۆری ئەو بابەتانە خستە روو کە دەبێ ناوەڕۆکی شیعر و ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە پێک بهێنێت، بۆیە هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانەی بانگەوازەکەیان مۆرکردبوو بۆ ئەوە چوون کە «ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبی ئەم سەردەمەمان کوت و مت لەگەڵ رێڕەوی تازەو بابەتەکانی ئەستاتیکی و هونەریدا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئاواتێکی کۆمەڵگای کورد بەتایبەتی و کۆمەڵگای گشت مرۆڤایەتی بێت. ئەمانەوێت ئەو تەوقە رزیوانە بشکێنین کە شێوە و ناوەڕۆکی ئەدەب ئەکەن بە مۆمیایەکی بێ بزووتنەوەی مردووی لەش سارد و سڕ. ئەمانەوێت لەو تاقی کردنەوانەدا بژین کە لەناو جەرگەی کارەسات و رووداوەکانی سەردەمی تازەماندا داڕێژرا بن و خۆمان لەو سنوورە بهاوێینە دەرەوە کە دەوری مێژوویییان لەگەڵ سەردەمی رابردوویان بەسەر چوو». [٦٣] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هاتنە پێشەوەی ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی لە ئەنجامی بارودۆخە نوێیەکە دروست بوو بووە هۆی ئەوەی شاعیرانی نوێ هەست بەوە بکەن کە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری قۆناغی پێش خۆیانی پێک هێناوە لە کەڵک بکەوێت و بۆ قۆناغە نوێیەکەیان دەست نەدات بۆیە

---

٦٣- روانگە، ژمارە-١-، ل ٩ و ١٠.



لەڕووی ئەو بۆچوونەوە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کۆن و ئەو بابەتانەی پێویستە ناوەڕۆکی شیعری نوێ پێک بهێنێت بەوە دیار کرد کە «لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو بابەتە ئەدەبییە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە کە هونەری ناوەڕۆک ئەکەن بەژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و دار و پەردووی وشەی وشک و برنگی رەق و بێ گیانەوە. ئەو بابەتە ئەدەبییانە، هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون و لە ئازار و ئاواتی چەوساوەکانی نەگەیشتوون، وە لە تاقی کردنەوەکانیدا دوو پێیان هەڵ نەهێناوەتەوە. سەردەمی بەرهەمی دروستکراوی بێ بۆنە و ستایشی درۆ و هەجووی بێ پێز بەسەر چووە و ئەدەبیش لەو قەڵەمڕەوی دەرەبەگایەتییە رزگار بووە کە بکرێت بەتاجێکی گەوهەر و مرواری و بەبڕیاری چەند کەسێک بکرێتە سەری یەکێکەوە» [٦٤] ئەمەش هەڵوێستی روانگەییەکان بەرامبەر بەو بابەتانە دیار دەکات کە ناوەڕۆکی شیعری کۆنی پێکهێناوە و ئەوە دەردەخات کە هۆی سەرەکی پەسەند نەکردنی شیعری کۆن لەوە دایە کە ئەو شاعیرانە خۆیان بە چوارچێوەی چەند بابەتێکەوە بەستۆتەوە کە پەیوەندییان بە ژیانی میللەتی کورد و کۆمەڵانی خەڵکەوە نەبووە بۆیە ئەو بابەتە سواوانەیان رەت کردەوە کە ناوەڕۆکی شیعری کۆنی پێک دەهێنا و لەجیاتی ئەمە داوای ئەوەیان کرد کە «نووسەرو شاعیری ئەمڕۆمان، پێویستە ئەو قاوغی ویقارو فیز و لە خۆبایی بوونە کلاسیکییانە بشکێنێ کە دوورە پەرێز و لە سووچێکەوە دابنیشێت، وە تەنها بۆ حەز و ئارەزووی خۆی بهۆنێتەوە و بنووسێت!. نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ، شان بەشانی پیشەی نووسین و شیعر وتنی کارگێڕیشە... شۆڕشگێڕیشە... جەنگاوەریشە...» [٦٥] ئەمەش ئەو ئەرکە دیار دەکات کە شاعیری نوێ خستبوویە ئەستۆی خۆی لەبارەی گۆڕینی ئەو واقیعە نالەبارەی بۆ میللەتی کورد دروست ببوو لە رێگای شۆڕبوونەوە بۆ ناخی ئەو واقیعە و نزیکبوونەوە لە گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک.

وەنەبێ ئەو بیروڕایانەی شاعیران و نووسەرانی دەستەی روانگە لە بانگەوازەکەیاندا دەریان بڕیبوو هەر تەنها لە بانگەوازەکەیاندا باسیان کردبێ، بەڵکو دوای بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەشیان لە زۆربەی نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیشیاندا پێیان لەسەر هەمان بیروباوەڕ داگرتووە و پەرەیان پێداوە. هەر بۆ نموونە سەرنجدانێک لەو

---

٦٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١ و ١٢.

٦٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

بیروڕایانەی کە شاعیر و نووسەرانی روانگە و چەند شاعیرێکی تری ئەو سەردەمە لە کۆڕێکی ئەدەبیدا[*] دەریان بڕیوە ئەوە دەردەخات کە ئەو شاعیر و نووسەرانە لە روانگەی یەک بۆچوونەوە و لەسەر بناغەی ئەو بیروڕایانەی پێشتر لە بانگەوازەکەیاندا دەریان بڕیبوو دیسان تەئکیدیان لەسەر بیروڕاکانی پێشوویان کردۆتەوە هەروەک لە بەشێک لەو بیروڕایانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تیایدا دەڵێن: «... ئێمە هەر لە کاتی خۆیدا هەر لە دووتوێی بانگەوازەکەشماندا لەم بارەیەوە رای خۆمان بەئاشکرا دەرخست دەربارەی زرووف و پێویستی و ئەرکەکانی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە بەو نیازەی بریتی بێت لە تەقینەوەیەک... بەڵێ تەقینەوەیەک، بۆ رێ خۆش کردن لەبەردەم شاڵاوی گڕێ پەنگ خواردووەوەی قووڵایی دەروونی ئەو خامە جەنگاوەرانەی لە بۆتەی ژانی رووداوەکانی ئەم قۆناغەی گەلەکەماندا لە ناخەوە لە گڕ و کفابوون بەڵێ تەقینەوەیەک کەلەو رووداوانەدا زیاتر قاڵبیان بکا و هەنگاویان پێ بنێ بۆ پێشەوە. ئێمە لەکاتی خۆیدا ئەو ئەرکەمان گرتە ئەستۆ... وە بەشانازیشەوە ئەڵێین کە بێ ترس و سڵەمینەوە... راستگۆیانە و بێ پێچ و پەنا توانیمان بەستەڵەکی گەلێک واتەی سنوور بۆدانراو و چوارچێوە بۆ کێشراو بشکێنین و مەودایەکی تری نوێ بخەینە پێش بیر و لێکدانەوە و چاوی هەموو ئەوانەی لە مەیانی ئەدەب و نووسینا ئەیانەوێت دڵسۆز و راستگۆیانە خامە بەدەست بن... ».[٦٦] ئەمەش ئەو بارودۆخە تایبەتییە دیاردەکات کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی روانگە و ئەو خاسیەتانە دیاردەکات کە تایبەت بەو ئەدەبیاتە نوێیە بوو. بۆیە دەبینین لەلایەن چەند شاعیر و رەخنەگرێکەوە تەئکید لەسەر پێویستی لەدایکبوونی روانگە کراوە وەک یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی لەو سەردەمەدا دروست ببوو و لە شوێنی خۆیدا ببووە هۆی دروستبوونی ئەو ناوەڕۆکە نوێیەی لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەوە هاتبووە کایەوە دیارە ئەمەش لەوەوە هاتووە کە «تەواوی بیروڕاکانی ئەم بزووتنەوە نوێیە کە بەدەستەی – روانگە – ناسراون لەوێوە دەست پێ ئەکات کە ئەبێ ئەدەب لە کۆڕی بەیەکاهاتنی ناو کۆمەڵدا و لەتەقینەوە و بەردەوامی شۆڕش و سەرەنجامەکانیا و لە بنیاتنانی کۆمەڵێکی نوێدا وەک ئەو چەک و جەنگاوەرانە دەور بگێڕێت کە قۆناغی سەردەمی گەلەکەمان

(*) ئەو شاعیر و نووسەرانەی لەو کۆڕەدا بەشدارن بوون پێک هاتبوون لە : شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەلال میرزا کەریم، عەبدوڵڵا پەشێو، عەبدوڵڵا عەباس و سەلاح شوان.

٦٦- کۆڕێکی ئەدەبی روانگە خوازەکان، ڕ: هاوکاری، ژ: ٦، ٢٠-٢-١٩٧١،ل ٣.



پێویستی پێیەتی».[٦٧] ئەمەش ئەو دەورە کاریگەرە دیاردەکات کە شیعر لەو قۆناغە نوێیەدا دەتوانێت بیگێڕێت لەڕووی دیارکردنی کەم و کوڕییەکانی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ. هەر ئەم هەستکردنە بە گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هاتنەکایەوەی ئەم شارستانێتییە نوێیە وای لە (عەبدوللا عەباس) کردووە بۆ ئەوە بچێت کە «خوێنەواری کورد ئەمڕۆ پێویستە بە(ئەدەبی تەکیە و خانەقا ) سەرگوزشتەی (ڕشتەی مرواری) فێر نەکرێت، ئەمڕۆ ئێمە لە بارێکا ئەژین پێویستمان بە(دژوەستانی ئازار و ملکەچی و گۆشەگیریە، تەفروتوونا کردنی هەموو پاشماوەیەکی ناشیرین و بنیاتنانی جوانی لەسەر بنەڕەتی خۆشەویستی مرۆڤ، لە رەگەوە هەڵکێشانی بیری کۆن و کۆن پەرستی و داکوتاندنی باوەڕی نوێی بەرەو رووناکی، دانە دواوەی ملکەچی و کوڕنوش بردن و راپەڕین بۆ سەربەستی و ئازادی مرۆڤی کورد) بەم جۆرە و بەپێی ئەم پێویستە شۆڕشگێڕانەو بێ سڵ کردنەوە رێگا بگرێتە بەر»[٦٨] ئەمەش جۆری تەماشاکردن و بیرکردنەوەی شاعیری نوێ پیشان دەدات لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە هێناویەتییە پێشەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرچاوەی شیعری نوێ بریتی بوو لەو ئێش و ئازار و گیروگرفتانەی لەو سەردەمەدا ژیانی میللەتی کوردی پێک دەهێنا.

جا لەکاتێکدا شاعیر و نووسەرانی (روانگە) لە رێگای ئەو بیروڕایانەیاندا هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەوە بلێن کە ئەدەبەکەیان رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی ژیانی میللەتی کوردە لەو قۆناغەدا و ئامانجیان ئەوەیە ئەدەبەکەیان بکەنە چەکێکی کاریگەر بۆ گۆڕین و چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەی رووبەڕووی میللەتەکەیان بۆتەوە، دەبینین بەرامبەر بەم بیروڕایانە هەڵوێستێکی رەخنەیی توند لەلایەن دەستەیەک لە رەخنەگر و شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمە دروست بوو. هۆی دروستبوونی ئەم هەڵوێستە توندوتیژەش بەسترابۆوە بە سروشتی پێکهاتنی بیروباوەڕ و ئایدیولۆژیای ئەو رەخنەگرانە کە لەسەر بناغەی خۆبەستنەوەیەکی توند بە فەلسەفەی مارکسی- لینینییەوە بیروڕاکانیان دەردەبڕی و هەڵوێستیان دەنواند و بیروڕای روانگەییەکانیان بەرپەچ دەدایەوە.

زۆربەی بیروڕا رەخنەییەکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە شاعیر و نووسەرانی

٦٧- نوێکردنەوە لە ئەدەبدا، نووسینی. ج، ڕ: هاوکاری، ژ: ٣٨، ٢٦-٩-١٩٧٠، ل٦.

٦٨- سەبارەت بانگەوازی روانگەی ئەدەبی کوردی، عبدالله عباس، گ: بەیان، ژ: ٤، ١٩٧٠،ل ٤١.

روانگە نوێنەری چینی بۆرجوازی بچووکن دوورن لە گیروگرفت و ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵانی خەڵک و نەیانتوانیوە ببنە نوێنەری راستەقینەیان و ئەدەبەکەیان دەنگدانەوەی گیانی سەردەمە نوێیەکەیان بێت، بۆیە (فازڵ مەلا مەحموود) لەڕووی ئەم بۆچوونەوە رەخنەیەکی توند لەو شاعیر و نووسەرانە دەگرێت و دەڵێ: «خاسیەتەکانی ئەم ئەدەبە(نوێ)یەی ئێستە سەری هەڵداوە ئەوەیە کە هەرچەندە گیانێکی شۆڕشگێڕانەی چەپڕەویان تیایە و هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی نوێ و کۆتایی هێنان بە ئوسلوبە کۆنەکانی ئەدەب، بەڵام هەموو سیفەتەکانی فکری بۆرجوازی بچووکی تیایە: گیانی تاک رەوی و خۆپەرستی، پەلەپەل و بەتەمابوونی ئەوەی کە هەموو شتێ بەسەرە قەڵەمێکی سیحراوی بگۆڕن، دەسکاری کردنی رووکەشی دەردە کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلە ئەدەبییەکان نەک دەست دانە ماکی چەوساندنەوە و هۆی دەردەکان لە جەوهەری مەسەلەکەنا، بێ دەسەڵاتی لە بەرپا کردنی خەباتێکی درێژ خایەن لە مەیدانی ئەدەبا کە لەتەک خەباتی درێژخایەنی ئەم سەردەمەی گەلەکەمانا بەرەو پێش بڕوا، بیری شێواو و نەبوونی یەکێتی بڕوا لەناو نووسەرانی روانگە خۆیانا».[٦٩] هەروەها (فوئاد قەرەداغی) لە بارەی سروشتی پێکهاتنی چینایەتی شاعیر و نووسەرانی روانگەوە لەڕووی هەمان بۆچوونەوە دەڵێ: «روانگەییەکان توێژێک رۆشنبیری وردە بۆرژوازین کە لەناو ململانێ کردنی نێوان مەفاهیمی وردە بۆرژوازی و نەریتی دەرەبەگیدا ئەژین. وە هەرچەندە ئەم توێژە ئەیانەوێت بەتەواوی بپچڕێن لە هەموو نەریتێکی دەرەبەگی و هەموو مەفاهیمێکی دەرەبەگی تورِ بدەن، بەڵام جار ناجار بەبێ ئەوەی ئارەزووی ئەوە بکەن یا چاکتر بڵێین، هەستی پێ بکەن ئەکەونەوە ژێر تەئسیری کۆمەڵەوە و لەگەڵێک مەسەلەدا هەڵوێستیان و مەفاهیمیان جووت ئەوەستێت لەگەڵ فیکری دەرەبەگی و هەڵوێستی دەرەبەگیانەدا»[٧٠] هۆی سەرەکی خاسیەتی جۆری ئەم بیروباوەڕ و وەرگرتنی ئەم هەڵوێستەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «خاوەنانی ئەم رێبازە لە رووی باری چینایەتییەوە توێژاڵێکی وردە بۆرژوازین. باری سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتی لە وڵاتدا لە لایەک، وە ئەنجامی سەرنەکەوتووانەی کارکردنی سیاسی توخمە سەرەکییەکانی ئەم رێبازە و وەڕس بوون لە ئیلتیزامی سیاسییەوەشیان لەلایەکی تر، ئەمانە هەمووی ئەو هۆیە ناوخۆییانەن کە

---

٦٩- روانگە و ئەدەبی نوێمان، فاضل ملا محمود، ڕ: هاوکاری، ژ: ٤، ٣٠-١- ١٩٧١، ل٣.

٧٠- روانگەو بەگژاچوونی رەخنە و رەخنەگرەکان، فوئاد قەرەداغی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٦، ٣٠-٩-١٩٧٢، ل ٣.



هەڵوێستێکی یەگگرتووی پێ وەرگرتن لە هەندێک لایەنەکانی ژیانی گەلەکەمان و ژیانی تایبەتی و جۆری بیرکردنەوەی تایبەتی خۆشیانا. کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دوای یەکگرتنەوەکەیاندا تیشکی دایەوە».[٧١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شاعیر و نووسەرانە لە واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و ناکۆکدا دەژیان بۆیە شتێکی ئاساییە ئەو بیروڕایە لەبارەیانەوە دروست بێت کە «ڕێبازی ئەدەبی روانگە وەک دەرکەوتنێکی ئەدەبی لە سەردەم و بارێکی مێژوویی زانراودا هاتۆتە ژیانەوە و ئەنجامی کۆمەڵێک ناکۆکییە (تناقضات)ە. ژیانی ئەم رێبازە تا ئێستا وەک لەمەو دواش ئەو ناکۆکییانەی لابەلا نەکردووە و نایکات نەک هەر ئەمە بەڵکو لەناو کۆمەڵێکی تر لە ناکۆکییا ئەژی. روانگەییەکان ناکۆکییان هەیە لەگەڵ واقیعی ئێستادا. لەگەڵ هەموو کەلەپووری نەتەوایەتیماندا، لەگەڵ باری سیاسیدا چ لە ئاستی جیهانی بێت یا لە وڵاتی خۆمان، لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕ و رێبازە سیاسییانەدا کە هەیە...»[٧٢] وەنەبێ ئەم ناکۆکییەی شاعیر و نووسەرانی روانگە تەنها لەگەڵ واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رێبازە فیکری و ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکاندا هەبێت، بەڵکو «جگە لەمانە ناکۆکی هەیە لە نێوان جۆری بیرکردنەوەی روانگەییەکان خۆشیان- وەک خۆیان ئەڵێن- بەهۆی نەبوونی (یەکێتی ئایدیۆلۆجی)یەوە».[٧٣] بەڵام سەرباری بوونی ئەم ناکۆکییانەش ئەگەرچی لەڕووی پێکهاتنی چینایەتییەوە بەوردە بۆرجوازیش دانرابن و نەیانتوانیبێ لە ئاست ئەو واقیعە ئاڵۆزەی ژیانی میللەتەکەیان دابن، سەرباری ئەمانە هەموو ئەو بیروڕا رەخنەییانە بۆ ئەوە چوونە کە «... روانگەییەکان بەهەموو کەموکوڕییەکیانەوە لەبەرەی گەلن و دژی سەقافەتی دوژمنانی گەلن بەو شێوەیەی خۆیان تێی ئەگەن. بەڵام سەقافەتی روانگە هەموو سەقافەتی گەل نییە بەڵکو سەقافەتی تۆێژاڵێ چینێکە لە چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل، تۆێژاڵێکی سەر لێ شێواوی ئەو چینە شۆڕشگێڕەیە».[٧٤]

جا لەبەر ئەوەی ئەو بیروڕا رەخنەییانەی لەسەر روانگە دروست بووە زۆربەی زۆریان لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەی کە ئەو بیروڕایانەی نووسەر و شاعیرانی روانگە تەعبیریان لێوە کردووە سروشتی چینایەتی چینی وردە بۆرجوازی وەرگرتووە بۆیە دیارکردنی

---

٧١- روانگە و تەرازووی ویژدان، فوئاد قەرەداغی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٥، ٢٣-٩- ١٩٧٢، ل ٣.

٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٧٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٧٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

خاسیەتەکانی ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبەش هەر لەسەر بناغەی هەمان بۆچوونەوە دروست بووە. واتە ئەو رەخنانەی ئاڕاستەی ئەدەبی روانگە کراوە لە رووی باری سەرنجی چینایەتییەوە دروست بووە بۆیە (فازڵ مەلا مەحموود) لەسەر بناغەی ئەم بۆچوونەوە خاسیەتەکانی ناوەڕۆکی ئەدەبی روانگە بەوە دیار دەکات کە «ڕاڕاییەکی دیار لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیانا، باڵ کێشانی یەئس و رەشبینی و ترس لە دوارۆژ بەسەر بەرهەمەکانیانا، باوەڕ نەبوون بە جەماهیر وەکو دروستکەری مێژوو و بزوێنەری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئینکارکردنی دەوری جەماهیر و برینەوەی خەباتەکانی...»[٧٥] جگە لەمە کە باسی هەڵوێستی شاعیر و نووسەرانی روانگە دەکات بەرامبەر بە دوژمنانی گەل وە بەتایبەتی ئیمپریالیزمی جیهانی و دەرەبەگ و دارودەستەکەی دەڵێ: «لە سەرتاپای بەرهەمەکانی روانگە، بەشێوەیەکی گشتی، حەرفێکی دژی ئیمپریالزم و دەرەبەگایەتی تیا نییە، کە دوژمنی ئەساسی بزووتنەوەی نیشتیمانین لەم قۆناغەدا. باسێکی ژیان و چەوساندنەوەی سەخت و خەباتی بێ وچانی کرێکاران و جوتیارانی ئەم وڵاتەی تیا نییە. شیعرێکی روانگەیی، یان نووسینێک، تەرخان نەکراوە بۆ دەرخستنی خراپی و ناشیرینی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی لە وڵاتدا و هاندانی خەڵک بۆ بەربەرەکانێی ژێردەستەیی و زوڵم و زۆر. لە نووسینی روانگەییەکانا برسێتی و بێ کاری بەدی ناکرێت، ژانی پشتی هەژاران هەست ناکرێت بەدەست قامچی زۆردارەوە، بەڵکو کۆمەڵ وا دێتە بەرچاو کە نەهەژاری تیایە و نە دەوڵەمەند نە ئاغای تیایە و نە جوتیار، نە کرێکاری تیایە و نە بۆرجوازی و خاوەن ئیش، نە زوڵم و زۆر ئەکوتێ، نەکەس بەری رەنجی کەس ئەخوا...»[٧٦]

ئەوەی راستی بێ لە پوختەی ئەم بیروڕایانەیدا سەبارەت بە ئەدەبی روانگە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەیەوێ بڵێ «ئەم ئەدەبە لە راستییا تەعبیر لە هەندێک شعوری زاتی دەستەیەک ئەدیبی سەر لێ شێواو ئەکات... کە وەزعی سیاسی ئێستە دەورێکی زۆری هەیە لەسەر لێ شێوانیانا...»[٧٧] سەبارەت بەهەڵوێستی ئەو شاعیر و نووسەرانەش بەرامبەر بە مەسەلە نەتەوایەتییەکە بەڕەگەز پەرستیان لەقەڵەم دەدات و دەڵێ: «لە مەسەلەی نەتەوایەتیشا، ئەگەرچی روانگەییەکان (نەتەوەپەرست)ن و زۆرجار

٧٥- روانگە یان ئەدەبی ریالیزمی سوشیالست؟، فاضل مەلامحمود، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢، ل٣.

٧٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

٧٧- روانگە و ئەدەبی نوێمان، فاضل مەلا محمود، ڕ: هاوکاری، ژ: ٤، ٣٠-١- ١٩٧١، ل٣.



ڕەگەزپەرستانەش بیر ئەکەنەوە و تۆوی دوژمنایەتی کردنی گەلی عەرەب ئەچێنن وە لە هەموو نووسینەکانیانا باسێکی برایەتی عەرەب و کورد و تورکمان و یەکێتی خەباتی چەوساوەکانی گەلی عیراق ناکەن، کەچی ئەبینین هەڵوێستێکی ناعیلمی و ناڕەوایان هەیە لە مێژووی پڕ شانازی و خەباتی گەلی کوردا».[٧٨] بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشی شیعری (شێرکۆ بێکەس) و (عەبدوڵڵا پەشێو) بە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ: «کاک شێرکۆ بێ کەس لە (کەژاوەی گریان)دا مێژووی دووهەزار و پێنج سەد ساڵی کورد وەها تۆمار ئەکات کە بریتییە لە خۆفرۆشی و نۆکەری بێگانە و تاجی شاهانی بێگانە پەرستن، بێ ئەوەی لەو مێژووە دووروودرێژەدا تەنیا یەک لایەنی ئیجابی دەرخات و یان دان بە بوونیا بنێ. کاک عەبدوڵڵا پەشێو لە (وانەی منداڵەکان)یا کوردایەتی ئەم سەردەمە بەدرۆی پەتی لە قەڵەم ئەدات و دەربارەی خەباتی گەلی کورد ئەڵێ: «هەرچیمان وت، هەرچیمان کرد... نووسینی سەر دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان بوو. »[٧٩].

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە واقیعێکی نالەبار لەبەردەم شاعیر و نووسەرانی روانگەدا بوو، بەڵام رەخنەگر داوای ئەوە دەکات کە ئەو شاعیر و نووسەرانە پێویستە ورەی خەڵک بەرز بکەنەوە و نەیەڵن نائومێدی و رەشبینی باڵی خۆیان بەسەر ئەدەبەکەیاندا بکێشێت بۆیە بوونی ئەو رەشبینی و نائومێدییە لە ئەدەبی روانگە بە هەڵوێستێکی ناڕەوای ئەو شاعیر و نووسەرانە دادەنێت بەرامبەر بە مێژووی گەلی کورد. لەکاتێکدا بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە رەخنەییە (عیزەدین رەزا) دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە بەم شێوەیە لەلایەن شاعیر و نووسەرانی روانگە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نالەبارەی تیایدا دەژیان بەڕەنگدانەوەیەکی راستەقینەی بارودۆخی سەردەمەکەیان دادەنێت بۆیە لەبارەی ئەو بابەتانەی نائومێدی و رەشبینییان تیادا دەبینرێت و باس لە ئێش و ئازار و دەرد و مەینەتەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی میللەتی کورد دەکات دەڵێ: «شاعیرانی نوێمان بەزۆری هەوێنی شیعرەکانیان لە زرووفی یازدەی ئازارەوە هەڵێنجیوە و نائومێدی پێشان ئەدەن بەرامبەر ئەو خەونەی بەڕۆژێکی وەکو ئازاریانەوە ئەدی، ئەو ئاواتانەی کە بەئازاریانەوە ئەدی هەمووی لەبەرچاوی خۆیانەوە لەسێدارە دران، بۆیە باسی دەروونی پڕ جۆشی خۆیان دەکەن بەرامبەر

٧٨- روانگە یان ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست؟، فاضل ملا محمود، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢، ل٣.

٧٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

«منالّە هەتیوەکان، دایکە سک سووتاوەکان، کەلاوە رووخاوەکان...هتد» [٨٠] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هۆی ئەو نائومێدی و رەشبینییە لای شاعیر و نووسەرانی روانگە لەو ژیانە تالّەوە سەرچاوەی گرتووە کە واقیعی ژیانی میللەتی کوردی لەو سەردەمەدا پێکهێناوە.

هەروەها (فوئاد قەرەداغی) کە باسی ناوەڕۆکی ئەدەبی روانگە دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەو ئەدەبە ئەنجامی کۆمەڵێک ناکۆکییە کە یەکێک لەو ناکۆکییانە لەلاسایی کردنەوەی نموونەی ئەو ئەدەبیاتەدا دەبینێت کە لەگەڵ واقیعی ژیانی میللەتی کورددا ناگونجێت بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەمانە لە ونبوونا (وەک خۆیان ئەڵێن ونین) کەوتن بەسەر مۆدێلە نوێخوازییەکانی رۆژئاوادا وە بەرە بەرە لەو گێژاوی ونبوونەدا کەوتوونەتە داوی نووسینەکانی سارتەر و کۆڵن ولسن و ئەلبێر کامۆ و ئلبیرتۆ مۆرافیا و...هتد. ئەمە واقعی رێبازی ئەدەبی روانگە و روانگەییەکانە» . [٨١] ئەم رایە ئەوە دەردەخات کە کەوتنە ژێر تەئسیر و لاسایی کردنەوەی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە سروشتی گێژاوی فیکری و شێوانی ئایدیۆلۆژی شاعیر و نووسەرانی روانگە دیاردەکات. ئینجا باسی ئەو بابەتانە دەکات کە ناوەڕۆکی ئەدەبی روانگەی پێکهێناوە و رەخنە لە شێوازی باسکردنیان دەگرێت و دەڵێ: «لە بەرهەمی روانگەییەکانا دوژمنایەتی کردنی دوژمنەکانی گەل دیارە بەڵام توندی بەربەرەکانی کردنیان بۆ هەموو دوژمنەکان وەکو یەک نییە. هەروەها هەریەکێک لە روانگەییەکان بەپێی ئاستی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆی دژایەتی سەقافەت و ئایدیۆلۆجی دوژمنەکانی گەلی کوردمان ئەکات. وە ئەوەی کە هەموو یەکن لەسەری ئوسلووبی (کەشف) و (هاندان)ە بەبێ چارەسەرکردنێکی راست، بەبێ دەستنیشان کردنی رێگای رزگاربوون لەو دوژمنانە و لە نەریت و ئایدیۆلۆجییە کۆنەپەرەستییەکانیان» . [٨٢]
ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەکاتێکدا رەخنەگر ئەرکی دەستنیشان کردنی کەموکوڕییەکان و گیرگرفتەکانی ژیان و چارەسەرکردنیان دەخاتە ئەستۆی ئەدەب و ئەدەب بەهۆیەک دادەنێت بۆ گۆڕین و چارەسەرکردنی ئەو واقیعە نالەبارەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا رووبەڕووی میللەت دەبێتەوە، دەبینێ شاعیر و نووسەرانی روانگە ئەگەرچی باسی کەموکوڕییەکان

٨٠- ئەدەبی روانگەو هەنگاوەکانی، عزالدین رضا ، گ: بەیان، ژ: ١٩٧٣،٨ ،ل ٥ .

٨١- روانگە و تەرازووی ویژدان، فوئاد قەرەداغی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٥ ، ٢٣-٩- ١٩٧٢ ، ل ٣ و ٧ .

٨٢- سەرچاوەی پێشوو ، ل٧.



دەکەن و گیروگرفتەکان دیار دەکەن، بەڵام بەلای چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەدا ناچن نەک هەر ئەمە بەڵکو بایەخیان بەهەموو مەسەلەیەکی گرنگیش نەداوە وەک «باس نەکردنی گیروگرفتی کرێکاران و جوتیاران، کاڵ و کرچی لە خستنەڕووی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەر نەکردنی زانستییانەیان بۆ ئەو گیروگرفتانە شوێنی راوەستانی لە روانگەییەکان بەنیسبەت گەل و دوژمنانی گەلەوە دیاری ناکات بەڵکو چۆنیەتی ئەو مەسەلانەی ئەیکەنە کەرەسەی بەرهەمەکانیان لەسەرێکەوە، وە هەڵوێستی کردەوەییان لە ناکۆکی نێوان گەل و دوژمنانی گەل لەسەرێکی کەوە، شوێنی راوەستانیان دیاری ئەکات» . [٨٣] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پشتگوێ خستن و فەرامۆش کردنی مەسەلەی چەوسانەوەی چینایەتی و دەسکاری نەکردن و هێشتنەوەی بارودۆخی کۆمەڵگا بەکەموکوڕییەکانیەوە وەک خۆی وەک سەرئەنجام، بێ ئەوەی ئەو شاعیر و نووسەرانە هەستی پێ بکەن، خزمەتی دوژمنان دەکات.

باس نەکردنی باری نالەباری ژیانی پڕ لە چەوسانەوەی جوتیارانی کورد لەلایەن شاعیر و نووسەرانی روانگەوە بەشێوەکی راستەوخۆ و ئاشکرا لەلایەن (کەمال میراودەلی)یەوەش تەئکیدی لەسەر کراوە و بەستراوەتەوە بەچەند هۆیەکەوە لە سەرەتادا هۆی ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «جوتیاران وەکو هێزێکی کاریگەر بوونی خۆیان نەسەلماندووە بەجۆرێک کە ببنە کەرەستەی باس و خواسی کۆمەڵ. وە لەلایەکی کەشەوە، روانگەییەکانیش لەگەڵیانا نەژیاون وە لە ئازارەکانیان تێناگەن...» [٨٤] ئەگەرچی لێرەدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە رەخنەگر پاساو بۆ ئەو شاعیر و نووسەرانە دەهێنێتەوە و تێنەگەیشتن لە کەموکوڕی و هەست نەکردن بەئێش و ئازارەکانی چینی جوتیار و کرێکاری کورد لەلایەن ئەو شاعیر و نووسەرانەوە بە شتێکی ئاسایی دادەنێت و دەیبەستێتەوە بەجیاوازی سروشتی ژیانی هەریەکەیان کە بەڕای ئێمە نابێ ئەمە بکرێتە پاساوێک بۆ ئاوەڕنەدانەوە و بایەخ نەدان بەمەسەلەیەکی گرنگی وەک چەوسانەوەی چینایەتی بۆیە ئێمە زیاتر بۆ ئەوە دەچین کە بیر کردنەوەی ئەو شاعیر و نووسەرانە سروشتی چینایەتی چینەکەی خۆیانی وەرگرتووە، بۆیە شاعیران لە چوارچێوەی ئەم بیرکردنەوەیە مامەڵەیان

٨٣- سەرچاوەی پێشوو ، ل٧.

٨٤- روانگە یان ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست، کەمال میراودەلی، بەشی یەکەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٥ ، ٢٣-٩-١٩٧٢ ، ل٤.

لەگەڵ واقیعی ژیانی سەردەمەکەیاندا کردووە و باسی ئەو بابەتانەیان کردووە کە ناوەڕۆکی ئەدەبەکەیانی پێکهێناوە. ئینجا دەست لەسەر هۆیەکی تری ئەم باس نەکردنە دادەنێت و دەڵێ: «لەلایەکی کەشەوە، گومان نییە کە وەعی شاعیرانی ئەمڕۆ زیاتر وەعییەکی نەتەوەییە لەوەی چینایەتی بێ... واتە مەسەلەی نەتەوایەتی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی سەرەکی تر خۆی دەسەپێنێ... «شاعیرانی نەوەی نوێ هەست بەگیانی نەتەوەکەیان دەکەن. لە شوێندا، هەتا چاوی لێکدانەوە بڕکا... لەکاتدا... هەتا دەنگی مێژوو بڕوا... بەڵام لەهەمان کاتدا هەست دەکەن کە ئەم گیانە پڕە لە قەوارەی گەورە گەورە... پڕە لە زامی خوێن لێ هەڵڕژاو...»(٨٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بارودۆخە تایبەتییەی شاعیر و نووسەرانی کورد لەو سەردەمەدا تیایدا ژیاون بووە هۆی ئەوەی هەستکردن بە چەوسانەوەی نەتەوایەتی زاڵ بێت بەسەر هەست کردن بەچەوسانەوە چینایەتییەکە بۆیە باسکردنی ئێش و ئازار و چەوسانەوەی چینی جوتیار و کرێکاری کورد بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەستی پێناکرێت، بەڵام باسکردنی چەوسانەوە نەتەوایەتییەکە وەک سەرئەنجام سوود بەچینی چەوساوەی جوتیار و کرێکارانی کوردیش دەگەیەنێت بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: «گومان نییە کاتێ روانگەییەکان مەسەلەی نەتەوایەتی دێننە پێش وداوای سەلماندنی بوون و مافی نەتەوەکەیان دەکەن... لەهەمان کاتدا خزمەتی مەسەلەی جوتیارانیش دەکەن وەکو چینێک کە سەر بەو گەلەن و لە مافی نەتەوەیی بێ بەشن. بەڵام ئەوە نابێ رامان بکێشێ بۆ هەڵکردنی دروشمی «نەتەوایەتی بۆرژوازی» واتە ژێر پێ دانی مەسەلەی چینایەتی و گرنگی ئەو مەسەلەیە»(٨٦).

کەواتە ئەم بیروڕایانە هەموویان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەدەبی روانگە خۆی لە مەسەلەی چەوساندنەوەی چینی جوتیار و کرێکاری کورد نەداوە و بەلای گیروگرفتەکانی ئەم چینە دانەچووە و نەیتوانیوە هەست بە ئێش و ئازارەکانیان بکات و بیانکاتە سەرچاوەی ئەدەبەکەی.

مەسەلەیەکی تر لەو مەسەلانەی لە ئەدەبی روانگەدا باس کراوە و چەند بیروڕایەکی رەخنەیی جیاوازی لەبارەیەوە دروست بووە جۆری باسکردن و مامەڵەکردنی شاعیر و

٨٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٨٦- روانگە یا ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست، کەمال میراودەلی، بەشی دووەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٦، ٣٠-٩-١٩٧٢، ل٣.



نووسەرانی روانگەیە لەگەڵ مەسەلەی ئافرەتدا. (فازڵ مەلا مەحموود) لەڕووی باری سەرنجی چینایەتییەوە باسی هەڵوێستی شاعیر و نووسەرانی روانگە دەکات بەرامبەر بەئافرەت و لەم رێگایەوە باسی ئەو پەیوەندییە مرۆڤایەتییە دەکات کە لەنێوان ئافرەت و پیاودا هەیە و رەخنەیەکی توند ئاراستەی جۆری بیرکردنەوە و تەماشاکردنی ئەو شاعیر و نووسەرانە دەکات و دەڵێ: «ئینجا با سەرنجێکی ئافرەت و جنس بدەین لە ئەدەبی روانگەدا روانگەییەکان سەبارەت بەوە لە قاوغی بیرکردنەوەی خۆبەخۆیی (ذاتی) تەسکی خۆیانا ئەخولێنەوە و بە جۆرێکی بەرەڵلا جلەو بۆ بەیت رێزکردن شل ئەکەن، لە مەسەلەی ئافرەتیشدا نموونەی نووسەری بۆرجوازی بچووکی راکردوو لەئیلتیزامن، ئەبینین هەمان باری سەرنجی بۆرجوازیەکانیان هەیە بۆ ئافرەت و لەمەیدانی دڵداری و جنسدا نەبێ باسی ناکەن»(٨٧). بۆ سەلماندنی رایەکەشی شیعرێکی (سەلاح شوان) بە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ: «بۆ نموونە کاک سەلاح شوان لە هەڵبەستێکا بەناوی (خۆشەویستم)... لە گەرمەی ئەوەدا کە بەخەیاڵ لە سەنگەرێکا شەڕ ئەکا، ئاوات ئەخوازێ بەوەی کە ئافرەتێکی لە تەنیشتەوە بوایە و ناو بەناو لەگەڵ هەر گوللە تەقاندنێکا ماچێکی بکردایە»(٨٨). ئەمەش بەڕای رەخنەگر تەنها تەعبیر لەبیرکردنەوەی ئەو مرۆڤە بۆرجوازییە دەکات کە تەنها وەک هۆیەک بۆ چێژ لێ وەرگرتن و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی پیاو دەڕوانێتە ئافرەت. بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەم رایەی (فازڵ مەلا مەحموود) جێی پەسەندکردنی هیچ کەسێک نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رەت کرایەوە و چەند کەسێک وەڵامیان دایەوە. (محەمەدی مەلا کەریم) ئەوەندە ئافرەت بەرز دەکاتەوە و بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشای دەکات بەسەرچاوەی ژیانی دادەنێت و لەم روانگەیەوەش تەماشای مەسەلەی سێکس دەکات و بەپەیوەندییەکی مرۆڤایەتی دادەنێت بۆیە لە وەڵامی رایەکەی پێش خۆیدا دەڵێ: «برادەر فازڵ ئاواتەکەی (سەلاح شوان) لە بارەی ئافرەتەوە کە ئەیەوێ لە سەنگەرەکەیدا ئافرەتێکی بەلاوەبێ و لەگەڵ هەر تەقەیەکدا ماچێکی بکا، بەبارێکی سەرنجی بۆرجوازیانە دائەنێ. وەک من تێ ئەگەم مەبەستی (سەلاح شوان) ئەوەیە پەیوەندییەکی بەتین بخولقێنێ لەنێوان حەز لە ژیان و ئامادەیی بۆ مەرگدا بۆ مەسەلەی گەل، چونکە ئافرەت سەرچاوەی ژیان و سەنگەر پێش قەرەولی مەرگە... سەرەڕای ئەوە

٨٧- روانگە یا ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست؟، فاضل مەلا محمود، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢، ل٧.

٨٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

چارکردنی مەسەلەی هاوسەر (جنس) لە ئەدەبی شۆڕشگێڕیدا شتێکی بڵاوە»[٨٩].

هەروەها (کەمال میراودەلی) دوای ئەوەی لەسەر بناغەی بیرکردنەوەیەکی مەوزووعییەوە ئەو پەیوەندییە سێکسییەی نێوان ژن و مێرد بەشتێکی سروشتی ژیانی مرۆڤ دادەنێت، لەبارەی باسکردنی ئەم مەسەلەیە لە شیعردا بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر بەهۆی ئەمەوە پێ لەسەر لایەنێکی مرۆڤایەتی گرنگی ژیانی مرۆڤ دادەگرێت بۆیە لە وەڵامی (فازڵ مەلا مەحموود)دا لەبارەی شیعرەکەی (سەلاح شوان)ەوە دەڵێ «... بەم پێیە جێی سەرسوڕمان نییە کە لە هۆنراوەی «دڵدارەکەم»دا کاک سەلاح شوان لە سەنگەر دابێ و یارەکەشی لە تەنیشتی بێ ناو بەناو ماچی بکا... ئەم هەڵوێستە دوو شت دەردەبڕێ...

یەکەم: کاک سەلاح وەکو مرۆڤێکی کورد ئەو وەعییەی هەیە کە پێویستە لە خەباتی چەکداری نەتەوەکەیدا بەشداربێ و بچێتە سەنگەرەوە.

دووەم: کاک سەلاح وەکو مرۆڤێک تێنووی خۆشەویستییە یەکەمیان بەلای کاک سەلاحەوە- قضیة-یە ناتوانێ وازی لێ بێنێ... ناتوانێ بیر لە خۆشەویستەکەشی نەکاتەوە. لە ئەنجامدا دڵدارەکەی لەگەڵ خۆیا دەباتە ناو سەنگەرەوە، مەسەلەی جنس لێرەدا نەنگی نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە مەودای تاقیکردنەوەکەی شاعیر بەهێزتر دەکا و بوعدێکی ئینسانی بۆ هۆنراوەکەی زیاد دەکا»[٩٠].

هەروەها (د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ) لە روانگەی رەخنەگرێکی ریالیستەوە وەک مرۆڤێک تەماشای ئافرەت دەکات و دەڵێ: «ژن لە شیعری ریالیستی تازەشدا وەک هەموو پلەکانی کۆنی شیعر وێنەی جوانی و خۆشی بەئادەمیزاد بەخشینە بەڵام ژن «گیان و لەشە»و گەلێک دیمەنی یەکگرتنی جوانی گیان و لەشە، ژن نیوەی کۆمەڵە و ئادەمیزادە و جوانترین شت لە هەموو ئادەمیزادا جوانی دەروونە»[٩١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جوانی راستەقینەی ئافرەت لە جوانی روخسار و لەش و لاریدا نابینرێت، بەڵکو لە ناخ و دڵ و دەروونیدا دەبینرێت و هەردوو جوانییەکەش تەواوکەری یەکترن بۆیە کاتێک هەست

٨٩- چوونەوەیەک بە وتاری (روانگە یا ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست)دا، محمد مەلا کەریم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٢٧ ، ٢٩-٧-١٩٧٢ ، ل ٧.

٩٠- روانگە یا ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست؟، کەمال میراودەلی، بەشی دووەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٦، ٣٠-٩-١٩٧٢ ، ل٧.

٩١- ئەنوەر شاکەلی لە « پاشماوەی ورێنەیەکی شەوانە»دا رەخنە و هەڵسەنگاندنی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ڕ: برایەتی، ژ: ٣٦ ، ١-٢-١٩٧٣ ، ل٢.



بەوە دەکات کە (ئەنوەر شاکەلی) تەنها لە خولیای لەشی ئافرەتدا دەسووڕێتەوە شیعرەکەی دەخاتە خانەی شیعری شاعیرە بەزیو و کۆنەپەرستەکان و دەڵێ: «شاعیر کەس ناناسێت و... ئاوارە و بێ شوێن و بێ رێگە و مەبەس، خەیاڵێکی رۆمانتیکەکانی کۆن بەرەو دواوەی دەبات، بۆ شتێکی کۆنی لەدەستچوو ئەگەڕێت (بۆ سۆزەکەی جاران) کە لە کیس چوو، شاعیری وا بێ شوێن و بێ رێگە هێشتەوە، شاعیر ئەگەڕێ دوایی جێگەیەک ئەدۆزێتەوە، خۆی لە باوەشی ئافرەتدا دۆزیەوە یا بەپێچەوانەوە، بەوچەشنەش خۆی و ئەو و خوا دەناسێت هەموو شت لە لای شاعیر هەر لەشی ئافرەتە»[٩٢] ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی شاعیریش لەگەڵ ئافرەت بە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی بیروباوەڕێکی کۆنەپەرستی دادەنێت و دەڵێ: «لەوە دەچێت کە شاعیر دوای لاسایی کردنەوەیەک کەوتبێت، لە رۆژێکدا ببێت بە شاعیری ئافرەت و لەش، کە تەوژمی بیر و شیعری تازەی جیهان، ئەم چەشنە بەرهەمەی لە خانەی دۆڕاوە و لە خانەی کۆنەپەرستیدا داناوە»[٩٣].

هەموو ئەو بیروڕایانەی لەم رووەوە باسی ناوەڕۆکی شیعری ئەو قۆناغەیان کردووە، ئەوە دەردەخەن کە رەخنەگران لەسەر بناغەی بیروباوەڕێکی پێشکەوتووخوازەوە تەماشای ئافرەتیان کردووە و داوایان لە شاعیر و نووسەران کردووە کە پێویستە وەک مرۆڤێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و رێزی لێ بگیرێت و بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای بکرێت و رۆڵی کاریگەریشی شان بەشانی پیاو لە ژیانی کۆمەڵگادا بۆ دیاربکرێت، ئینجا هەر لە رێگای باسکردنی ئافرەتەوەش دیسان لە روانگەی بیروباوەڕێکی مەوزووعییەوە باسی مەسەلەی سێکسیان کردووە و بە مافێکی رەوای شاعیر و نووسەرانیان داناوە کە باسی ئەو مەسەلەیە بکەن لە ناوەڕۆکی ئەدەبەکەیاندا بەمەرجێک لەڕووی باری سەرنجێکی مرۆڤایەتییەوە تەماشای بکرێت و بە پەیوەندییەکی سروشتی دابنرێت لە ژیانی مرۆڤدا.

٩٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

٩٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

## ناوەڕۆکی شیعری هەشتاکان و تەکانێکی تر

لە هەشتاکاندا میللەتی کورد لەسایەی ئەو رووداو و کارەساتە گەورانەی لەو ماوەیەدا سەرتاپای کوردستانی گرتبۆوە، رووبەڕووی واقیعێکی سەخت و نالەبار ببۆوە، بۆیە چاوەڕوان دەکرا لەو ماوەیەدا شاعیر و نووسەرانی کورد بەدەنگ داواکانی ژیانی ئەو قۆناغەوە بچن و کارەساتی ئەنفال و وێرانکردن و سووتاندنی گوندەکان و کیمیا باران و شەهیدکردنی هەڵەبجە و سیاسەتی راگوێزان و بەکۆمەڵ کوشتن و دەیان کارەساتی تر بکەنە هەوێنی بەرهەمەکانیان و ئەرکی خۆیان لە گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکە گەورەیەی لەو قۆناغەدا هاتبووە پێشەوە بەجێ بگەیەنن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج راکێشانە ئەوەیە کە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە گەورەیە لە ئاست ئەو تەکان و هەژانە قووڵەدا نەبوو کە ئەو کارەسات و رووداوە دڵ تەزێنانە دروستیان کردبوو. بەڵکو بەدەنگەوە هاتنی شاعیر و نووسەرانی کورد بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە بەشێوەیەکی گشتی جۆرە کزییەکی پێوە دیار بوو.

دیارە لەڕووی ئەو باری سەرنجەوە کە شاعیرانی کورد لەو قۆناغە ناسکەی ژیانی میللەتەکەیاندا نەیانتوانیوە بەپێی پێویست ئەو واقیعە سەخت و نالەبارەی ژیانی میللەتەکەیان دەرببڕن (جەوهەر کرمانج) دەڵێ: «ئێمە خۆشمان لە کارەساتی بۆمبارانی کردنی هەڵەبجە و وێرانکردنی کوردستاندا هێشتا نەمانتوانیوە وەکو پێویست لە شیعردا بەرجەستەیان بکەین، چونکە گەورەیی و خێرایی کارەساتەکە شانی شاعیریان داهێناوە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شاعیری بەتوانا زۆر بەچاکی خستیانە روو»(٩٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیران هەوڵیان داوە ئەو ناوەڕۆکە نوێیە پڕ لە کارەساتە گەورانە بکەنە سەرچاوەی شیعرەکانیان و لەم رووەوە هەندێ شاعیر توانیویانە ئەو ناوەڕۆکە دەربڕن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شاعیرانی کورد بەپێی پێویست لە ئاست گەورەیی ئەو ناوەڕۆکەدا نەبوون.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە دروستبوونی ئەم حاڵەتە لای شاعیرانی کورد بێ هۆ نەبوو، واتە شتێک نەبوو لەخۆڕا لەوگۆڕە دروست ببێ، بەڵکو لە ئەنجامی بارێکی مەوزووعی دیاریکراوەوە دروست ببوو، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو رووداو و کارەساتانە

٩٤- گوتوبێژ لەگەڵ: جەوهەر کرمانج، ئامادەکردنی عەزیز کەیخوسرەوی، گ: سروە، ژ: ٥٢، ساڵی شەشەم، خەزەلوەری ١٣٦٩(١٩٨١ز)، ل ٢٠.



ئەوەندە گەورەبوون شاعیر و نووسەرانیان شڵەژاند بوو و تووشی حاڵەتی شپرزەییانی کردبوو و وای لێکردبوون تا ماوەیەک لەو بارە دەروونییەدا بمێننەوە و نەتوانن بەپێی پێویست بەدەنگ ئەو ناوەڕۆکەوە بچن و لە ئاست گەورەیی دەربڕینی کارەساتەکاندا بن.

هەر لە روانگەی هەمان بۆچوونەوە (هەردی) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە شاعیرانی کورد لەو قۆناغە ناسکەی ژیانی میللەتەکەیاندا نەیانتوانیوە ئەرکی سەرشانیان رابپەڕێنن لە رووی دەربڕینی ئەو کارەساتە گەورانەی ژیانی ئەو سەردەمەیانی پێکهێناوە بۆیە رووی گلەییان تێ دەکا و دەڵێ: «لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە جگە لەوەی تا ئێستا شاعیرانی کورد لە ئاستی گەورەیی و سەختی ئەو کارەساتانەدا نەبوون کە لەم دواییانەدا بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون»(٩٥).

ئەگەرچی لێرەدا نامانەوێ پاساو بۆ شاعیر و نووسەرانی کورد بهێنینەوە لەو رووەوەی کە نەیانتوانیوە لە ئاست گەورەیی ئەو رووداو و کارەساتانەدا بن کە لەو قۆناغەدا ژیانی میللەتی کوردیان تاساندبوو، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەو کارەساتانەی لەو ماوەیەدا بەسەر میللەتی کورد داهاتن ئەوەندە سەخت و کاریگەر بوون بەقەد ئەوەش دوژمن بە زەبر و زەنگ بوو و سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی بەهێز بوو بەشێوەیەک لە هەر بستێکی سەر خاکی کوردستان و لە هەر کونجێکی ئەم وڵاتە وێرانکراوەدا ئەگەر دەنگێکی رەوا بەرزبکرابایەوە بەوپەڕی دڕندەیی و نامرۆڤانە دەمکوت دەکرایەوە و رووبەڕووی توندترین و خراپترین سزا دەکرا، بۆیە ئەگەر هەست بەجۆرە کزییەکیش بکرێت لەڕووی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە گەورەیەی واقیعە سەختەکەی ژیانی ئەوسای میللەتی کورد دروستی کردبوو دەبێ ئەمە بەئەنجامێکی سروشتی ئەو بارودۆخەی دابنێین لەو قۆناغە مێژووییە تایبەتییەدا. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر هەر بەشێوەیەکی گشتیش ئەو حاڵەتە دەروونییە لەبەر چاو بگرین کە میللەتی کورد لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەوە تێی کەوتبوو و هەست بە نشوستی کردن و هەرەسهێنان و نائومێدی باڵی بەسەریاندا کێشابوو، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت بۆ شاعیر و نووسەرانی کورد لەو قۆناغەدا نەیانتوانیوە لە ئاست گەورەیی و کاریگەری ئەو کارەساتانەدا بن کە چوارچێوەی ئەو قۆناغەی ژیانیانی پێکهێنابوو.

٩٥- هەردی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، نووسەری کوردستان، ژ: ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٧٧ و ٧٨.

بەڵام سەرباری ئەمەش دەتوانین بڵێین لەم ماوەیەدا چەند شاعیرێک هەوڵی ئەوەیان داوە ئەو ناوەڕۆکە بکەنە هەوێنی شیعرەکانیان و بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەدا کردووە. کە لەم رووەوە دەتوانین بڵێین دیارترینیان هەوڵەکانی (ئەنوەر مەسیفی)یە کە هەوڵی دا لەسەر بناغەی جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لە بارەی ئەرکی شیعرەوە لە رووی گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکەی مەبەستی بووە لەو شێوە هونەرییە تایبەتییەی دەرببڕێت، کە لە راستیدا وەرگرتنەکەی نەک هەر لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە کزبوو، بەڵکو بەشێکی دیاری چینی رۆشنبیری کوردیشی گرتەوە. دیارە هەڵبژاردنی ئەو شێوە دەربڕینە تایبەتییە لای شاعیر بێ هۆ نەبوو، بەڵکو هەروەک خۆشی دەری دەخات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە «واقیعی ئاسایی نەما. ئێستا واقیعی بەکیمیا خنکاندن و زیندەبەچاڵکردنی بەکۆمەڵ و ئەنفالکردنە. ئێستا واقیعی بازرگانی کردنە بە ئاو و بازرگانی کردنە بەگورچیلەی مرۆڤ. من ئەو کارەساتانە بەبەیانی یەکەمی فۆڕمی گران دادەنێم»[٩٦] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شێوە دەربڕینە گرانەی شاعیر بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی شیعرەکانی هەڵبژاردووە سروشتی ئەو ناوەڕۆکە ئاڵۆز و تێکچڕژاوو نائاساییەی وەرگرتووە کە واقیعە سەختەکەی ژیانی میللەتی کوردی لەو رۆژگارەدا پێکهێنابوو بێگومان ئەم جۆرە شیعرە، کە شاعیر هەر خۆشی بەشیعری نائاسایی ناو دەبات، ئاراستەی هەموو خوێنەرێک نەکرا بوو، بەڵکو تایبەت بەجۆرە خوێنەرێکی تایبەتی بوو، کە بەڕای ئێمە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو ئەنجامی ئەم هەوڵەی (مەسیفی) و هاورێکانی لەناو دنیای بەرینی شیعری کوردی ئەو ماوەیەدا لە سنووری حاڵەت دەرنەچن و نەبنە دیاردەیەکی دیار و بڵاوی شیعری کوردی.

جا لەکاتێکدا (مەسیفی) و چەند شاعیرێکی تر ئەم رێچکەیەیان گرتبووە بەر، لە پاڵ ئەمانە کۆمەڵە شاعیرێکی تر بەشێوەیەکی تر مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەکرد کە ناوەڕۆکی شیعرەکانیانی پێک دەهێنا، کە دەتوانین بڵێین جۆری ئەو بابەتانە کە بەردەوامی بابەتەکانی پێش خۆیان بوون. بەمانای ئەوەی ئەو شاعیرانە بەگشتی روویان کردەوە ئەو بابەتانە کە پێشتر ناوەڕۆکی شیعر سەرچاوەی لێگرتبوو، ئەگەر شتێکیشیان

٩٦- بەیانی دووەمی فۆڕمی گران، ئەنوەر مەسیفی، ڕ: کوردستانی نوێ، ژ: ٤٩٥، ساڵی دووەم، ٢٨-٩-١٩٩٣، ل٦.



بۆ زیاد کردبێ ئەوا شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە دیاردەیەکی نوێ دروست بکات. بێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێت کە ئەو شاعیرانە روئیای تایبەتی خۆیان نەبووبێ کە لە جۆری باسکردنی ئەو بابەتانەدا دەردەکەوێت کە ناوەڕۆکی شیعریانی پێک دەهێنا و تایبەتمەندێتیانی دیار دەکرد. بۆیە لە رووی جۆری بابەتەکانەوە دەتوانین بڵێین لە هەشتاکاندا ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعریان پێک دەهێنا لەبەر ئەوەی تا رادەیەکی گەورە بەردەوامی بابەتەکانی شیعری قۆناغی پێش خۆیان بوون، شتێکی ئاسایی بوو لەکاتێکدا لە حەفتاکاندا جۆری ئەو بابەتانە لەبەر ئەوەی بەگوێرەی رۆژگاری خۆیان شتێکی تازە بابەت بوون بۆیە مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆریان لەسەر دروست بوو و لە رووی تێڕوانین و بۆچوونی رەخنەیی جیاوازەوە خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بۆیە ئەوە وەک سەرئەنجام بووە هۆی پەیدابوونی چالاکییەکی رەخنەیی گەورە. کەچی لە هەشتاکاندا لەبەر ئەوەی جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعریان پێک دەهێنا گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتبوو شاعیران لە رووی جۆری ئەو بابەتانەوە شتێکی نوێی ئەوتۆیان نەهێنابووە کایەوە بۆیە شتێکی ئاسایی بوو ئەو چالاکییە رەخنەییەی لە حەفتاکاندا لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەبینرا لە هەشتاکاندا نەبینرێت.

# باسی دووەم

## نوێکردنەوەی بابەتەکانی ناوەڕۆکی شیعر

بابەتی یەکەم: مەسەلەی ئیلتیزام
بابەتی دووەم: مەسەلەی تەم و مژی
بابەتی سێیەم: مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی

# بابەتی یەکەم

## مەسەلەی ئیلتیزام

- سەرەتایەک لەبارەی مەسەلەی ئیلتیزام
- ئیلتیزام لە خۆبەستنەوەی شاعیر بە ژیان لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا
- ئیلتیزام و جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیع و دوو بۆچوون:
  * بۆچوونی یەکەم: خستنەڕووی گیروگرفتەکانی ژیان
  * بۆچوونی دووەم: خستنەڕووی گیروگرفتەکانی ژیان و چارەسەرکردنیان
- ئیلتیزام لە خۆبەستنەوە بە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ مەسەلەی مرۆڤایەتی
- گۆڕانی پرسیارەکان و پەرەسەندنی مانای ئیلتیزام

### - سەرەتایەک لەبارەی مەسەلەی ئیلتیزام

ئەگەر بمانەوێ لەو پەیوەندییە بکۆڵینەوە کە شاعیر بەکۆمەڵ دەبەستێتەوە، دەبینین هەستکردنی شاعیر بەلێپرسینەوە بەرامبەر بەمەسەلە زیندووەکانی کۆمەڵ و خۆبەستنەوەی بە واقیعی ژیانی سەردەمەکەی و هەوڵدانی بۆ دەربڕینی گیروگرفت و کەموکوڕییەکانی ئەو واقیعە بە شێوەیەکی راستەقینە، ئەمانە هەموو ئەو پەیوەندییە پتەوە دیار دەکەن کە شاعیر بە کۆمەڵ دەبەستێتەوە و ئەو ئەرکە گەورەیە دیار دەکات کە خراوەتە ئەستۆی شاعیرەوە.

بەڵام پێش ئەوەی لەسەر ئەو ئەرکە بوەستین کە شاعیر خستوویەتیە ئەستۆی خۆی و تیایدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو مەسەلانە دیار بکات کە تایبەتن بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک، پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە بایەخدانی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بە شاعیرو تەماشاکردنی بە چاوێکی بەرز و پیرۆزەوە لەو رۆڵەوە هاتووە کە توانیویەتی لە ژیانی کۆمەڵگادا بیگێڕێت، ئەمەش ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییە پتەوە دەکات کە شاعیر بە کۆمەڵ دەبەستێتەوە و تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە پەیوەندی نێوان شاعیر و کۆمەڵ پەیوەندییەکی کۆنە و «باوەڕهێنانی کۆمەڵ بە شاعیر گەیشتۆتە ئەو رادەیەی وەک پێغەمبەرێک تەماشای بکرێت کە ئەمەش زیندوێتی و کاریگەری ئەو پەیوەندییە دیار دەکات کە بەیەکتریان دەبەستێتەوە»[1] جگە لەوەی ئەرکێکی پیرۆزی دەخاتە ئەستۆ و بەنموونەی هەر پێغەمبەرێک کە لە دەور و زەمانی خۆیدا پەیامێکی پیرۆزی پێبووە و بەخەڵکی راگەیاندووە، بەهەمان شێوە تەماشای شاعیری کردووە و رۆڵی رێنمایی کردن و رێبەرایەتی کردنی خەڵک و دیارکردنی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ و خۆ پاراستن لە خراپەکاری و پیشاندانی رێگای چاکیان پێ سپاردووە. دیارە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رێزگرتنی کۆمەڵ لە شاعیر و تەماشاکردنی وەک پێغەمبەرێک گەڕاوەتەوە بۆ خۆبەستنەوە و دەربڕینی ئەو مەسەلە گرنگ و کاریگەرانەی پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەبووە پێش هەمووشیان مەسەلە رەوشتییەکەیە کە راستەوخۆ بەسترابۆوە بە چوارچێوە ئایینییەکەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین تەماشاکردنی کۆمەڵ بۆ شاعیر لەسەر بناغەی پێوەرێک بووە، ئەویش لەبەرچاو گرتنی بەها کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکان بووە کە

١- الشعر في اطار العصر الثوري، د.عزالدين اسماعيل، الطبعة الثانية، دار الحداثة، بيروت- لبنان، ١٩٨٥، ص ٢٢ .



پەیوەندییەکی بەناویەکدا چوویان لەگەڵ ئاییندا هەبووە.

هەروەها تەماشاکردنی رەخنەش بۆ ئەرکی شیعر لە ژیانی کۆمەڵگادا، دیسان لەو پێوەرە رەوشتییە دوور نەکەوتۆتەوە و ئەو پەیوەندییەی فەرامۆش نەکردووە کە شاعیر بەمەسەلەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەبەستێتەوە. سەرنجدان لە یەکێک لە کۆنترین هەوڵە رەخنەییەکان ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم پێوەرە رەوشتییە لەبەر چاوگیراوە، ئەمەش لە شانۆگەری (بۆقەکان)ی (ئەرستۆفانس ٤٤٨- ٣٨٠ پ. ز)دا دەردەکەوێت، کە تیایدا گفتوگۆیەکی ئەدەبی لە نێوان هەردوو شاعیری یۆنانی (یوربیدس) و (ئەسکیلیۆس) ساز دەدا و بیروڕای هەریەکەیان لە بارەی ئەرکە کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکەی شیعرەوە دیار دەکات. بۆ نموونە لە کاتێکدا (یوربیدس) لەو روانگەوە دەڕوانێتە شیعر «پێویستە ژیان چۆن لە واقیعدا هەیە بەو شێوەیە وێنەی بگیرێت، بۆ ئەوەی خەڵک چاویان بکرێتەوە و ئاگاداربن»[2] دەبینین (ئەسکیلیۆس) بە پێچەوانەوە بۆ ئەوە دەچێت کە نابێ ژیان وەک خۆی باس بکرێت، بەڵکو شاعیر دەبێ چۆنی بەچاک بزانێت بەو شێوەیەی پیشان بدات. بۆیە شتێکی ئاساییە ئەرکی شیعر بەمەبەستە پەروەردەییەکە ببەستێتەوە و بۆ ئەوە بچێت کە «ئەرکی شاعیر فێرکردنە.... چۆن منداڵ لە دەوروبەر فێردەبێت، گەورەش لە شاعیران فێر دەبن، بۆیە پێویستە لەسەر شاعیر تەنها رای چاک دەرببڕێت».[3] و لە رێگای شیعرەکانیەوە بیروباوەڕی چاک و بەسوود بڵاو بکاتەوە، دیارە رەخنە گرتنیش لە خواوەندەکان و دیارکردنی کەموکوڕییەکانیان یەکێکە لەو کارە ناپەسەندانەی کە (یوربیدس) کردوویەتی بۆیە «(ئەرستۆفانس) لەو گفتوگۆیەدا هێرش دەکاتە سەر (یوربیدس) و بەوەی تاوانبار دەکات کە بەهۆی رۆشنبیرییە سۆفستائییەکەی[*] بنەڕەتە ئاینی و رەوشتییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە کاتێک کەموکوڕییەکانی خواوەند و پاڵەوانەکانی پیشان داوە و بەمرۆڤی چواندوون و

٢- قراءة وتاملات في المسرح الاغريقي، الدكتور جميل نصيف التكريتي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦، سلسلة دراسات (٣٨٥)، ص ٢٩١ .

٣- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩١.

(*) سۆفستائییەکان فەیلەسووفی گەڕیدە و مامۆستای خوتبە بوون لە یۆنانی کۆندا، ئەگەرچی قوتابخانە نەبوون بەڵام هاوبەشییان لە چەند بیروڕایەکی گشتیدا دەکرد. ئایینیان رەت دەکردەوە و باوەڕیان بە نیسبیەت بوو لە مەسەلە رەوشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا. بڕوانە: الموسوعة الفلسفية، ا.روزنتال و ب.يودين، الطبعة الثانية، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعة بيروت، ١٩٨٠، ل ٢٥١.

پیرۆزییەکەی نەهێشتوون».[٤] وە لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا بەجێهێشتنی (یوربیدس) و هێنانەوەی (ئەسکیلیۆس) بۆ سەر زەوی دوای مردنی لەلایەن (ئەریستۆفانس)ەوە بۆ ڕێنمایی کردنی خەڵک لە ڕێگای بیروڕا چاکەکانییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر پێی لەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکەی شیعر دادەگرێت.[٥]

لە ڕاستیدا ڕێزگرتن لە شاعیر و تەماشاکردنی شیعر بەچاوێکی پیرۆزەوە لەسەر بناغەی لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرە ڕەوشتییەی پەیوەندی بە ئایینەوە هەبوو هەر بەردەوام بوو تا سوکراتیش هات، کە ڕێبازە ڕەوشتییەکەی لە ڕەگەزە ئایینییەکەی بەدەر نەبوو.[٦] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شیعر تا چ ڕادەیەک تێکەڵ بەمەسەلە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیانی خەڵک بووە و توانیویەتی تەعبیر لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەی بکات.

هەروەها هەڵوێستە توندوتیژەکەی (ئەفلاتوون) بەرامبەر بە شاعیران پەیوەندییەکی بەهێزی بەمەسەلەی ئیلتیزامەوە هەیە، چونکە لەسەر بناغەی ئەو ڕۆڵەی هەر کەسێک دەبوایە لە کۆمارەکەیدا بیگێڕێت باس لە ئەرکی شاعیر دەکات و بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیران بەکردەوە هیچیان پێ ناکرێت و تەنها قسەیان هەیە. ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «کەواتە با بە پرسیارێک ڕوو بکەینە هۆمیروس یان هەر شاعیرێکی تر. وازیش لەو هەموو هونەرانە دەهێنین کە شاعیران بانگاشەی بۆ دەکەن. بۆ نموونە لێیان ناپرسین بۆچی لە ڕابردوو یان لە ئێستادا شتێک نەزانراوە لە بارەی یەکێکیانەوە کە نەخۆشێکی چارەسەر کردبێ یان قوتابییەکانی فێرە زانیارییەک کردبێ...»[٧] ئینجا بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی و باس لەوە دەکات کە کەس گوێی لەوە نەبووە شەڕێک ڕووی دابێ و هۆمیرۆس بەخۆی یان بەهۆی ئامۆژگارییەکانی سەرکەوتبێ لە سەرکردایەتی کردنی. یان شتێکی لە بواری هونەر یان زانست دۆزیبێتەوە یان دایهێنابێ.[٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەفلاتوون بۆیە ئەم هەڵوێستەی بەرامبەر بە شاعیران وەرگرتووە، چونکە بینیویەتی بەکردەوە هیچ جۆرە سوودێکیان نییە لە کاتێکدا ئەم بۆ هەر کەسێک ئەرکێکی دیاریکراوی دانا بوو وە دەبوایە بەپێی ئەو نەخشەیە

٤- النقد الادبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، ص ٢٨ .

٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨ .

6- English Literary Criticism, J.Atkins, The Medieval, Phase, Combridge, 1943, P. 3

٧- جمهورية افلاطون، ص ٥٥٤ .

٨- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٥٥ .



کارەکانی بەجێ بهێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمارەکەی. ئینجا هەڵوێستەکەی توندوتیژتر دەبێ کاتێک دێ لەسەر بناغەی تیۆری ڕەوشت باس لە تەئسیری خراپی شیعر دەکات کاتێک دەڵێ: «شیعر هەڵچوون و ئینفیعالاتەکان بەهێز دەکات لە جیاتی ئەوەی لاوازیان بکات و جڵەوی بۆ شۆڕ دەکات و زاڵیان دەکات، لە کاتێکدا پێویستە لە ناویان ببات و نەیان هێڵێت ئەگەر خەڵک ویستیان بەختەوەرتر و چاکتر بن».[٩] بێگومان ئەمەش پەیوەندی بەجۆری بیروڕای (ئەفلاتوون)ەوە هەیە لەبارەی عەقڵ کە بەبەشە چاکەکەی مرۆڤ و هەست و سۆز بە بەشە خراپەکەی دادەنێت، چونکە شیعر کە گفتوگۆ لەگەڵ هەست و سۆزەکانی مرۆڤ دەکات و دەیان وروژێنێ لە ئەنجامی ئەمەدا ئەم هەستو سۆزانە لای مرۆڤ زیاد دەکات، واتە ئەو بەشە خراپەی مرۆڤ دەبووژێنێتەوە بۆیە لە ئەنجامدا ئەو تەئسیرە خراپە دروست دەکات. بەهەر حاڵ ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێ ئەوەیە کە لە پوختەی بیروڕاکانی (ئەفلاتوون)دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە (بەتەواوی) شیعری خستۆتە ژێر باری بنیاتی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی لەو کۆمارە خۆشەی خەونی پێوە دەبینی و دەیگوت شاعیران دەبێ پێ لەسەر چاکە دابگرن و لە دڵ و دەروونی لاواندا بڵاوی بکەنەوە. بەوەش تەئکیدی لەسەر پەیامە ڕەوشتییەکەی شیعردەکرد.[١٠]

هەرچی (ئەرستۆ)یە ئەوا لەو شوێنەی مامۆستاکەی تیایدا وەستا ئەم دەستی پێکرد، واتە لە کاتێکدا (ئەفلاتوون)، هەروەک پێشتر باسمان کرد، بۆ ئەوە چوو کە شیعر هەستو سۆزەکان دەوروژێنێ و زیادیان دەکات و ئەمەش ئەنجامێکی خراپی دەبێت و زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت، (ئەرستۆ) بەپێچەوانەوە بۆ ئەوە چوو کە شیعر شتێکی سوود بەخشە چونکە لە کاتێکدا هەست و سۆزەکان دوروژێنێ لە ڕێگای (پاکبوونەوە Kathar-sis) ئەو هەست و سۆزانە لە دڵ و دەروونی مرۆڤ دەردەکات و نایان هێڵێت ئەمەش لە پێناسەکردنی (تراژیدیا)دا دەردەکەوێت کە لە بارەیەوە دەڵێ: «تراژیدیا لاسایی کردنەوەیەکی تەواوە، درێژییەکی دیاریکراوی هەیە، بەزمانێکی ڕازاوە، ئەو لاسایی کردنەوەیەش بەهۆی چەند کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێ لە ڕێگای پێشکەش کردنەوە نەک گێڕانەوە، ترس و بەزەیی دەوروژێنێ و دەبێتە هۆی پاکبوونەوە لەو هەڵچوونانە».[١١]

٩- سەرچاوەی پێشوو، ص٥٦٥ .

١٠- بڕوانە؛ مدخل الى تاريخ الاداب الاوربية، الدكتور عماد حاتم، ص ٨٦ .

١١- فن الشعر، ارسطوطاليس، ص ١٨ .

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ لەوەدا یەک دەگرنەوە کە ئەرکی شیعر ئەوەیە رۆڵێکی چاکی هەبێت لە ژیانی مرۆڤدا و تەئسیرێکی ئیجابی ببەخشێت و سوودبەخش بێت، بەڵام کاتێک لێک جیابوونەتەوە کە ئەفلاتوون لە دوورەوە لە رووی تێڕوانینێکی فەلسەفی رووتەوە تەماشای شیعری کردووە و فەلسەفەکەی کردۆتە پێوەری پێوانەکردنی شیعر بێ ئەوەی بەلای سروشتی پێکهاتنی خودی شیعردا چووبێت، کەچی ئەرستۆ لە نزیکەوە تەماشای شیعری کردووە و لە دەقەکانی شیعری یۆنانی کۆڵیوەتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین مەسەلەی پێداگرتن لەسەر ئەرکی شیعر و بەستنەوەی بەو سوودەی پێویستە بیگەیەنێت و تەئکید کردن لەسەر ئەو پەیوەندییەی شیعر بەکۆمەڵ دەبەستێتەوە لایەنێکی گرنگی مەسەلەی ئیلتیزاممان هەر لە زووەوە بۆ دیار دەکات.

ئینجا دوای ئەمەش لە قۆناغە جیاجیاکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعردا لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییەی شیعر بە کۆمەڵ یان بە مرۆڤ دەبەستێتەوە هەر بەردەوام بوو و لەم رووەوە بە درێژایی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعر چەند بۆچوونێک دروست بوو.

بۆچوونێکیان لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە تەماشای شیعری دەکرد و ئەرکی شیعری بەوە دیار دەکرد کە پێویستە رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی بارودۆخی سەردەمەکەی بێت. واتە بەهای بەرهەمەکە بەڕادەی بەجێهێنانی ئەو مەبەستە دیاردەکرا کە بۆی دانرابوو ئەویش خزمەتکردنی کۆمەڵ بوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رەچاوکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان ببووە ئەو پێوەرەی پەسەندکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکەی لەسەر دەوەستا. دیارە خاوەنانی ئەم بیروڕایانەش خۆیان لەو تیۆرەدا دەبینییەوە کە شیعری بە ژیان دەبەستەوە، بۆیە لەم رووەوە دەتوانرێ بگوترێ «لایەنگرانی ئەم تیۆرە بۆ ئەوە چوون کە هونەر و ئەدەب ئامانجێکی کۆمەڵایەتی و رەوشتی هەیە خۆی لە دەربڕینی داواکانی کۆمەڵو نموونە بەرزەکانیدا دەنوێنێت و بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و پەروەردەکردنی مرۆڤ و ئاراستەکردنی بەرەو راستی و چاکە کاردەکات»[١٢].

بۆچوونەکەی تریش بە پێچەوانەوە شیعر وەک چالاکییەکی خودی پیشان دەدات کە لەلایەن شاعیرەوە ئەنجام دەدرێت و هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵ و ژیانی خەڵکەوە نییە،

---

١٢- في النقد الادبي الحديث منطلقات وتطبيقات، الدكتور فائق مصطفى والدكتور عبدالرضى علي، الطبعة الاولى، طبع بمطابع التعليم العالى- جامعة لموصل، ١٩٨٩،ص ٤٩ .



بەڵکو سیستەمێکی داخراوە و لە هۆکارە دەرەکییەکان دابڕاوە و «هیچ ئامانجێکی نییە تەنها خۆی نەبێت، چونکە مەبەستێک یان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یان رەوشتی نییە و تەنها ئەرکێکی ئەگەر ئەرکی هەبوو وروژاندنی جوانییە»[١٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعر ئەو بوونە سەربەخۆیەی لە خودی خۆی وەردەگرێت و لە سنووری ئەو سیستەمە داخراوە دەرناچێت کە بنیاتی پێکهاتنی لەسەر وەستاوە و تەنها ئامانجیشی گەیشتنە بەمەبەستە ئیستاتیکییەکە. دیارە ئەمەش ئەو مەسەلەیە دەگرێتەوە کە رەخنەگران ناوی (بزووتنەوەی ئیستاتیکی)یان لێناوە و تەئکید لەسەر سەربەخۆیی هونەر لە هەموو مەبەستێک دەکات کە پەیوەندی بە سوود گەیاندنەوە هەبێت»[١٤]. بەڵام ئەگەر بە وردی لەم رایە بکۆڵینەوە کە ئەرکی شیعر تەنها بەگەیاندنی ئەو چێژە دیاردەکات کە لە ئەنجامی هەستکردن بە بەها ئیستاتیکییە رووتەکانی بەرهەمەکەوە دروست دەبێت، دەبینین زێدەڕۆییەکی زۆری تێدایە، چونکە بەدەگمەن نەبێ بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری نابینرێت کە باس لە بابەتێک نەکات و لە ناوەڕۆکێک پێک نەهاتبێت، تەنانەت «ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی رەنگدانەوەی جیهانێکی ناواقیعیش دەبن، سەرباری ئەوە لە مرۆڤدا نابڕێن و پەیوەندییان پێوە هەیە، چونکە تەعبیر لە ئارەزووی مرۆڤ دەکات بۆ شتێک لە واقیعدا بوونی نییە و ئاماژە بۆ ئەو پێویستییانە دەکات کە لەناخی مرۆڤدا هەن»[١٥]. ئەمەش راستییەکی گرنگ دەسەلمێنێت ئەویش ئەوەیە کە شاعیر چەند دوورە پەرێز بێت و خۆی لە بارودۆخی ژیانی واقیعی سەردەمەکەی دووربخاتەوە و تەنها خۆی بە قاوغی خودی خۆی ببەستێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا وەک سەرئەنجام تەعبیر لە شتێک دەکات بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، واتە هیچ بەرهەمێک نییە شتێک نەڵێ و مانایەک نەگەیەنێت.

پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە هەردوو بۆچوونەکە زێدەڕۆیی تێدا دەبینرێت و کەموکوڕی هەیە، چونکە لەبەرچاوگرتنی بەها کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکان و حوکمدان لەسەر بەرهەمێک بەپێی ئەم پێوەرە زۆرجار دەبووە هۆی ئەوەی قوربانی بەلایەنە هونەرییەکە بدرێت. وەیان بە پێچەوانەوە تەنها بایەخدان بەلایەنە هونەرییەکە دەبووە هۆی ئەوەی بە ناوی لەبەرچاوگرتنی بەها ئیستاتیکییەکانەوە لایەنی ناوەڕۆک فەرامۆش

---

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢ .

14- An introduction to Poetry, L ouis Simpsem, London, 1968, P. 32

15- The Poetic image, C.B. Lewis, Newyork, Oxford University, 1948, P. 154

بکرێت لەکاتێکدا شێوەی هونەری و ناوەڕۆک دوو رووی یەک شتن و بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن و بەیەکگرتنی هەردووکیان دانەیەکی یەکگرتووی بەهێز دروست دەبێت. ئەوەی راستی بێ ئەم بۆچوونە لە مێژووی رەخنەدا رەگ و ریشەیەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رایەی (هۆراس) کە تیایدا دەڵێ: «مەبەستی شیعر یان سوود گەیاندن یان خۆشی گەیاندنە، وەیان لەیەک کاتدا وروژاندنی چێژ و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە». [16] ئەمەش ئەو پەیوەندییە دەردەخات کە لە نێوان ئەو چێژەوە دروست دەبێت کە لە جوانی شێوە هونەرییەکەوە دەست دەکەوێت و نێوان ئەو سوودەی کە لە ناوەڕۆکە بەپێزەکەوە دروست دەبێت.

ئینجا دوای ئەوەش دەبینین مەسەلەی بایەخدان بە شێوەی هونەری شیعر و ناوەڕۆکەکەی وەک دوو شتی تەواوکەری یەک لەلایەن شاعیر و رەخنەگرانەوە هەر بەردەوام بوو و پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە لەیەک کاتدا مەبەستە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکەی شیعر و ئەو چێژە خۆشەی لە بەرزی شێوازە هونەرییەکەوە دروست دەبێت، لەبەر چاوبگیرێت، چونکە ئەو بۆچوونە بەهیچ شێوەیەک «ڕاست نییە کە هونەر شێوەیەکی سەربەخۆی هەیە و لە ناوەڕۆک جیایە، یان ئەگەر لە ژیانی واقعی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر نزیک بێتەوە لەوانەیە بێ هێز بێت، بەڵام ئەوەش راست نییە تەنها لە ڕێگای ناوەڕۆکەوە بەناوی هەندێ بیروباوەڕ حوکم لەسەر بەهای کارە ئەدەبییەکان بدرێت، هونەرمەند واقیع وەک خۆی وەرناگرێ و راستییەکان وەک خۆیان ناخاتە روو، بەڵکو ئەو بوونەوەر و شتانە دادەهێنێت کە جیهانێکی فراوان و یەکگرتوو دروست دەکات» [17] لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە دروستبوونی ئەو بۆچوونە جیاوازانە لەبارەی شیعرەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو بارودۆخەی ژیانی سەردەمی شاعیری پێکهێناوە و بۆتە هۆی ئەوەی لە رووی بۆچوونی جیاوازەوە تەماشای ئەرک و مەبەستی شیعر بکات و ئەو بیروڕا جیاوازانەی لەبارەیەوە دروست ببێت و لە هەر سەردەمێکدا لەلایەکەوە بەپێی زەمینە رۆشنبیری و فیکری و فەلسەفییەکە و لەلایەکی تریشەوە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە تایبەتییەی کە دروست بووە ئەمانە دەستنیشانی جۆری تێڕوانین و تەماشاکردنی شاعیر و رەخنەگرانیان کردووە لەبارەی ئەرک و مەبەستی

١٦- فن الشعر، هوراس، ترجمة الدكتور لويس عوض، ص ١٣٢ .

١٧- البنيوية التكوينية والنقد الادبي، لوسيان غولدمان وآخرون، راجع الترجمة محمد سبيلا، الطبعة الاولى، مؤسسة الابحاث العربية، ١٩٨٤، ص ٢٤ .



شیعرەوە و سروشتی ئەو پەیوەندییەیان دیار کردووە لە رووی دووری و نزیکی شیعر لە کۆمەڵ و بەها مرۆڤایەتییەکان.

### - ئیلتیزام لە خۆبەستنەوەی شاعیر بە ژیان لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا

لە رەخنەی ئەدەبی کوردیشدا هەست بە گرنگی ئەو پەیوەندییە کراوە کە شیعر بە کۆمەڵ دەبەستێتەوە و ئەرکی شیعر بەو پەیامە دیار دەکات کە شاعیر دەیگرێتە ئەستۆی خۆی بەرامبەر بەمەسەلە گرنگەکانی ژیانی سەردەمەکەی. ئەم بایەخ پێدانەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەوە دروست بووە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا جیهانی بە گشتی و کوردستانی بەتایبەتی گرتەوە. ئەوەبوو بەپێی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی میللەتی کورد تێیدا دەژیا ئەرکی شیعر بەوە دیارکرا کە دەبێ رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی بارودۆخی ژیانی میللەت بێ، بۆیە هەر زوو (سیاپۆش) هەڵوێستێکی توندوتیژ بەرامبەر بە شاعیرانی کورد وەردەگرێت کاتێک دەبینێ شیعری کوردی لە ئاست بارودۆخە ئاڵۆز و واقیعە نالەبارەکەی ژیانی میللەتی کورددا نییە و دوورەپەرێز وەستاوە لەو رووداوە گرنگانەی لەو سەردەمەدا رووبەرووی بوونەتەوە، بۆیە وەک نارەزاییەک بەرامبەر بە هەست نەکردنی شاعیرانی کورد بە لێپرسینەوە و خۆ خەریککردنیان بەو بابەتە سواوانەی دوور لە گیروگرفت و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤی کوردەوە بوون، لە ڕێگای دەربڕینی بیروڕاکانی لە بارەی ئەرکی شیعرەوە لەو هەڵوێستە توندوتیژەی تێدەگەین، بەرامبەر بە شاعیرانی کوردی وەرگرتووە کاتێک ئەرکی شیعری بەوە دیار کردووە کە «شیعر: تەرجمانی دڵە، چی بەدڵا بێ، ئێش و ئازار، دەرد و خەفەت، هیوا و نائومێدی، شین و شادی، شیرین و تاڵی، خۆشەویستی و قین، گومان و باوەڕ، ترس و بێ باکی، خراپی و چاکیمان بەواتەی رێکوپێک لە شێوەیەکی دڵگیردا بۆ دەرئەخات کە هەموو کەس لە دەمی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیا ئەبینێ» [18] ئەمەش ئەرکێکی گرنگی شیعر دیار دەکات ئەویش رەنگدانەوەی باری دەروونی مرۆڤە لە حاڵەتە شعورییە جیاجیاکاندا ئینجا دوای ئەمە ئەرکێکی تری شیعر بەوە دیار دەکات کە «شیعر: چرایەکە تاریکی رێی ژیانمان بۆ رۆشن ئەکاتەوە، یارمەتیمان ئەدات لە دۆزینەوەی راستیدا» [19] دیارە ئەمەش رۆڵی کاریگەری

١٨- بڕوانە: یادگاری لاوان، بغداد، چاپخانەی الکرخ، ١٩٣٤، ل٣٤ .هەروەها بڕوانە: ئەدەبیاتی کوردی- شاعیرەکانمان، سیاپۆش، ڕ: ژیان، ژ: ٢٥،٣٣٥ی ئاغستۆسی ١٩٣٢، ل ١ .

١٩- یادگاری لاوان، ل ٣٤ .

شیعر دیار دەکات لە رووی رێبەرایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵک و بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و گەیشتن بە راستییەکان ئینجا دوای ئەوە درێژە بە قسەکانی دەدات لە بارەی ئەرکی شیعرەوە و دەڵێ: «شیعر وەکو شیلی (Shelley) ئەڵێ: وێنەیەکی ژیانە لە راستی ئەزەلیەوە وەرگیراوە، ئاوێنەیەکە ناشیرینی تیا جوان ئەبینرێ... سەرچاوەیەکە تا ئەبەد جوانی و ژیری لێ هەڵدەقوڵێ شیعر پەچە لەرووی جوانییەکی شارراوە لائەدات. شیعر لە شەوانی لێک دابڕاندا فوو لە کورەی دڵداری ئەکا، لە رێگەی ژیاندا چرای هیوا بۆ تێکۆشەران هەڵئەکات..... لەبەر چاوی بێ هیوایان ژین شیرین ئەکاتەوە»[٢٠] ئەمەش ئەو جۆرە تێڕوانینە دەنوێنێت کە ئەرکی شیعر بە جوانکردنی وێنەی ژیان و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک و هیوا بەخشین دەبەستێتەوە. بەپێی ئەم بیروڕایانە لە ئەنجامی دیارکردنی ئەم ئەرکانەدا رۆڵی کاریگەری شیعر لە ژیانی مرۆڤدا دەردەکەوێت بۆیە شتێکی ئاساییە (سیاپۆش) لە ئەنجامی هەستکردنی بە کەمتەرخەمی شاعیرانی کورد کە «... لە باسی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و رووی رۆژی و پرچی شەوی و باڵای سەرووی بەولاوە چیکە نازانن...»[٢١] ئەم هەڵوێستە توندوتیژەیان بەرامبەر بنوێنێت و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەو رۆڵە سەلبییە دەرببڕێت کە شاعیرانی کورد بەهۆی خۆ خەریککردنیان بەو بابەتانەی پەیوەندی بە ژیانی واقیعی کۆمەڵگای کوردەوە نییە گیڕاویانە.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ مەسەلەیەکی گرنگ رابکێشین ئەویش ئەوەیە کە (سیاپۆش) لە کاتێکدا پێ لەسەر ناوەڕۆکی شیعر دادەگرێ و ئەرکی شیعر بە خۆبەستنەوەی شاعیر بەو مەسەلانە دیار دەکات کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگاوە هەیە، لە پاڵ ئەمە بایەخ بە شێوەی هونەری شیعریش دەدات و هەردووکیان بە تەواوکەری یەکتر دادەنێت کاتێک دەڵێ «شیعر: وەکو ئەڵێن (وتنێکی وەزنداری قافیەدارە) بەڵام ئەبێ بزانین، کە واتە لەش و مەعنا گیانیەتی، لە واتەی رێکوپێک و مەعنای بەرز و بڵند شیعر پەیدا ئەبێ».[٢٢]

هەستکردن بەو پەیوەندییە پتەوەی شیعر و ئەدەبیاتی بە ژیان بەستۆتەوە جاری وا هەیە

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥، ٣٦ .

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩ .

٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧ .



لەوەدا دەرکەوتووە کە ژیان بۆتە ئەو سەرچاوەیەی شاعیر یا نووسەر بابەتەکانی لێ وەرگرتووە و ناوەڕۆکی بەرهەمەکەی لێ پێکهێناوە، بۆیە لە رووی ئەم بۆچوونەوە (موحەڕەم محەمەد ئەمین) بۆ ئەوە چووە کە «ژیان و وێژە یەک شتە بە هیچ جۆرێک لەیەک جیاکردنەوەی دروست نییە و ئەوانەی بەپێچەوانەی ئەمە ئەڵێن وێژە شتێکە و ژیان شتێکی کەیە زۆر بە هەڵە چوون و هێشتان مێشکیان لە خڵتەی بیرە پەڕپووت و کۆنەکان پاک نەبۆتەوە و ئەوەی راستی بێ وێژەوانی هونەرمەندی راستەقینە ئەوەیە کەرەسەکانی هونەری لەو کارە هەڵبهێنجێ کە هەستی پێ ئەکا و کاری لێ ئەکا وە لە وێژەیەکی زیندوودا پێشکەشی بکا بە جۆرێک ژیان سەرچاوەی هونەرەکەی و ئیلهامی بێت، خەیاڵ کردنەوە بۆ هەست و هۆش و بیری هەمووی لە دەریای ژیان هەڵبقوڵێ و بڕژێتەوە ناو ئەو»[٢٣] جا ئەگەر ئەدەب و ژیان بەو شێوە بەناویەکدا چووە بەیەکتر ببەسترێنەوە ئەوا ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی نووسەر بەرامبەر بەو رایەی دەنوێنێت کە ئەدەب لە ژیان جیا دەکاتەوە دەبێ بە ئەنجامێکی ئاسایی ئەو پەیوەندییە پتەوە دابنرێت کە بەیەکتریان دەبەستێتەوە کاتێک دەڵێ: «وە بەلای منەوە هەر وێژەیەک لەم مانا (معنا)یە بچێتە دەرێ نابێ پێی بوترێ وێژە... بەڵکو تەنها چەند وشەیەکی رەنگاوڕەنگی رێک خراوە... تەنها وشەیەکی پووچە لە هەموو بیر و باسێکدا»[٢٤].

هەر لە رووی پێداگرتن لەسەر ئەو پەیوەندییەی ئەدەب بە ژیان دەبەستێتەوە (کاکە شوان) دەڵێ: «بێ گومان لە هەموو قۆناغێکی مێژووییدا چەشنە ئەدەبێک باوە... ئەم پەیوەندییە لە بەینی ئەدەب و کۆمەڵدا هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە و بەردەوام ئەبێت چونکە ئەدەب وەکو وتوویانە (ئاوێنەی کۆمەڵە) سەرنجێکی کورت بە ئەدەبی میللەتێکا لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا چەند نیشانەیەکی ئاشکرای ئەو کۆمەڵەمان پیشان ئەدات...»[٢٥] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە کاتێکدا ئەدەب دەبێتە ئاوێنەی ژیان ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە رەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەکەیەتی جا لەبەر ئەوەی لەهەر سەردەمێکدا بارودۆخێکی دیاریکراو دروست دەبێت و ئەدەبیش بەپێی گۆڕانی ئەو بارودۆخە گۆڕانی بەسەر دادێت و تەعبیر لە ناوەڕۆکێک دەکات تایبەتە بەو

٢٣- پەیام «رسالە»ی وێژەوانی کورد، محرم محمد امین، گ: هەتاو، ژ: ٩٥، ساڵی: ٣، ٣٠ نیسانی ١٩٥٧، ل١٣ .

٢٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣ .

٢٥- ئەدەبی نوێ، کاکە شوان، بەشی یەکەم، گ: نەوروز، ژ: ١، ساڵی ١، ١٩٥٩، ل ٨٥ .

سەردەمەی کە تیایدا سەر هەڵدەدا بۆیە هەر قۆناغێک ئەدەبێکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەیە کە رەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەکەیەتی.

ئەو پەیوەندییەی شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە لەلایەن (رەفیق حیلمی)یەوە بەو پێویستییانە دیارکراوە کە شاعیر بەپێی بارودۆخی سەردەمەکەی لەبەر چاویان دەگرێت و بەپێی ئەو پێویستییانە شیعر دەنووسێت. بۆیە لەم رووەوە لەبارەی شیعرەکانی (بێخود)ەوە دەڵێ: «بەڵام ئێمە (بێخود) مان بۆ ئەم نەوعە شیعر و سەنعاتە ناوێ و نامانەوێت کە ئیتر وەسفی زاج و پرچمان بۆ بکا و یا مەرسیە بۆ مردوو بنووسێتەوە هەتا نایشمانەوێ هەر بە مەدحی پێغەمبەرەوە خەریک بێ و بۆ ئاخیرەتی هەوڵ بدا، بەڵکو هیوامان وا پێیەتی کە ماوەی عومری خۆی سەرفی (دیوان)ێکی عەسری و تازە بابەت بکا و بەشیعری بەرز و رەنگینی نیشتیمانپەروەرانە، رۆحێکی نوێ بکا بەبەری لاوەکانداو بیانخاتە سەر رێگەی چاکە و پێکهێنانی کار و کردەوەی بەپێز و بەم رەنگە دنیاش لێک بداتەوە و لەگەڵ نەفسی خۆی و رۆژی ئاخیرەتی، میللەت و نیشتیمانیشی بەیادکا و لە خزمەتی ئەوانیشدا گرەو بباتەوە».[٢٦] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر سەردەمێک ناوەڕۆکێکی تازەی هەیە و پێویستە شاعیر ئەو ناوەڕۆکە دەرببڕێت و روو بکاتە ئەو بابەتانەی تەعبیر لە گیانی سەردەمەکەی دەکەن و لەو بابەتانە دوور کەوێتەوە کە لە کەڵک کەوتوون و کاتیان بەسەرچووە و بۆ سەردەمە نوێیەکە دەست نادەن. دیارە ئەو بابەتە نوێیەش کە بارودۆخی ئەو قۆناغە هێناویەتییە پێشەوە شیعری نیشتیمانییە بۆیە داوای ئەوە دەکات شاعیر بایەخ بەو بابەتە بدات چونکە بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد لەو سەردەمەدا پێویستی بەم جۆرە بابەتەیە. جگە لەمە چۆنیەتی باسکردنی بابەتەکەش لایەنێکی تری ئەم مەسەلەیەمان بۆ روون دەکاتەوە کاتێک رەخنە لە شیعرە نیشتیمانییەکانی (ڕەمزی) دەگرێت و دەڵێ: «کاک رەمزی لە شیعری نیشتیمانیدا بە سەلیقەی کۆن چووە بەڕێوەوە لەسەر شێوەی کۆن، بەقەسیدە هەستی خۆی بۆ دەرخستووین. واتە نەیتوانیوە وەیان نەیویستووە پەیڕەوی بوێژە تازەکان بکا. مەسەلا مەتلەعی قەسیدەیێکی کە لە ژێر ناوی (وەتەن)دا بڵاوی کردۆتەوە ئەمەیە:

ئەی وەتەن توخوا لەبەرچی هێندە دڵ غەمگینی تۆ؟
بۆچی دائم وا مەلوول و دیدە پڕ ئەسرینی تۆ؟

---

٢٦- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، ل ٥٨ و ٥٩ .



ئینجا ئێمە لەبەر ئەوەی کە ئەمانەوێ لە شیعری (نیشتیمانی)دا ئەم چەشنە شێوەیە بگۆڕین و بە هیوای ئەوەین کە «بوێژ»ەکانی کورد لەم چەرخی بیستەمی شارستانییەتەدا بە شێوەیێکی وا سارد و بەسەرچوو لە نیشتیمان نەدوێن...»[٢٧] ئەوەش پەسەند نەکردنی ئەو شێوازە کۆنە دەردەخات کە شاعیر لە باسکردنی شیعرە نیشتیمانییەکانیدا پەیڕەوی کردووە، بۆیە داوای ئەوە دەکات شاعیر شێوازێک بەکار بهێنێت کە لەگەڵ چێژ و زەوق و جۆری تێگەیشتن و تێڕوانینی سەردەمەکەیدا بگونجێت، چونکە جۆری تەماشاکردنی نیشتیمان و تێگەیشتن لە مەسەلەکە بەپێی بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە گۆڕاوە لەبەر ئەوە (رەفیق حیلمی) شێوازە کۆنەکەی باسکردنی نیشتیمان رەت دەکاتەوە کاتێک دەڵێ: «نابێ نیشتیمان بکرێ بە ژن وە شیعر بەسەر ئەگریجەی خاو و پەرچەمی (لوول)یا هەڵدرێ. ئەم چەشنە شیعرانە ئیتر باویان نەماوە و نابێ ئێمە بگەڕێینەوە سەری و بیکەینەوە بە باو!... بەڵکو ئەبێ ئیتر ئسلووبێکی تازەی بۆ دابنێین وە بە شێوەیێکی وا لە نیشتیمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستی ئەم چەرخە رێ کەوێ، وەشان بەشانی شارستانییەتی بڕوا».[٢٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنن نابێ لە سەردەمێکی تردا بەهەمان شێوازە کۆنەکە دەرببڕێن و دووبارە بکرێنەوە، بەڵکو لەهەر سەردەمێکدا پێویستە بە شیوازێک دەرببڕێن کە چێژ و زەوقی سەردەمە نوێیەکە پەسەندی بکات.

(عەلائەدین سەجادی) خۆبەستنەوەی شاعیر بەژیانی سەردەمەکەی لە گۆڕانی دید و بۆچوون و جۆری تێگەیشتنی لە واقیعی سەردەمەکەیدا دەبینێت بۆیە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (حاجی قادر) بەپێی گۆڕانی ئەو بارودۆخەی بەسەر ژیانی داهاتووە دەکاتە پێوەری هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی و رادەی هەست بە لێپرسینەوە کردنی شاعیر بەرامبەر بە ئێش و ئازار و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ پیشان دەدات کاتێک دەبینێ بەپێی پێویستییەکانی ژیانی واقیعی کۆمەڵگاکەی ئەو بابەتانەی گۆڕیوە کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێکهێناوە و لەم رووەوە قۆناغەکانی گۆڕانی شیعرەکانی (حاجی قادر) بەوە دیار دەکات کە لە سەرەتادا لە چوارچێوەی غەزەل و دڵداریدا دەسووڕایەوە «تەماشا ئەکەی لێرەدا حاجی زۆر بە قسە نەستەقی و عیبارەت رەنگینی دەستی کردووە بە خۆشخوانی

---

٢٧- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل ٣٠ و ٣١ .
٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢ .

غەرامیات و هاتووە بە تانوپۆی یاردا، بەڵام لە کوردیدا قسەیەک هەیە ئەڵێ: «نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب» سروشتی حاجی بۆ غەرامیات دانەڕێژراوە، حاجی شاعیرێکە نیشتیمانی و بولبولێکی گرینۆکی مەڵبەندەکە هەر ئاوازەیەکی دەمارێک ئەبزوێنێتەوە. بەڵێ لە پەردەی هەوەڵدا دەمی بۆ غەرامیات بردووە، وەکە ئەیخوێنیتەوە چاوت پێ ئەکەوێ هەتا بڵێیت جوان و باڵایە...»[٢٩] ئینجا قۆناغی دووەمی ئەو گۆڕانە لەو ناوەڕۆکەدا دەبینێت کە باری دواکەوتووی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە «حاجی بەم جۆرە لە جەرگی کۆمەڵایەتیشدا هاتوچۆیەک ئەکا...»[٣٠] تا لە کۆتاییدا لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی تیایدا دەژی روو دەکاتە شیعری نیشتیمانی و «لەم مەیدانەدا شۆخانە شۆڕەسواری ئەکا، فیکر و هۆشی تامەزرۆیەکی تر وەرئەگرێ. ئامۆژگارییەکانی حاجی قادر لەباری نیشتیمانیدا پایەی حاجی بەتەواوی لە عالەمی تەفکیر و خەیاڵ بەرزیدا- بەپێی ئەو ڕۆژەی کورد- دەرئەخا و ئەیگەیەنێتە پایەی شاعیرە هەرە نیشتیمانییە گەورەکانی ئەوروپا»[٣١] ئینجا لەبارەی دیارکردنی ئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەر شیعرەکانی (حاجی قادر)دا هاتووە دەڵێ: «من لام وایە گۆڕانی ئەم پەردەیە بەم جۆرە یەکەم لەبەر دوورکەوتنەوەی وڵات و گۆڕینی ئەو ناوچەیە بووە کە تا ئەو وەختە تیایا ژیابوو، دووەم هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ بەرەی بەدرخانییەکانا و ئاو خواردنەوەی لە بیروباوەڕی ئەوان بووە...»[٣٢] بەپێی ئەمە ئەو پەیوەندییە پتەوە دەردەکەوێت کە شیعر بە بارودۆخی ژیانی سەردەمی شاعیر دەبەستێتەوە و ڕادەی هەست بە لێپرسینەوە کردن و پەیامداری شاعیر پیشان دەدەن، کە لێرەدا (سەجادی) کردوویەتی بە پێوەری پەسەندکردنی شیعرەکانی حاجی قادر.

(سەجادی) هەر هەمان هەڵوێستی پێشووی دەنوێنێت لە رووی پێداگرتنی لەسەر ئەو پەیوەندییەی شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە، کاتێک باسی ئەو گۆڕانانە دەکات کە بەسەر شیعرەکانی (ئەحمەد موختار جاف)دا هاتووە و ئەوە دەردەخات کە هەستکردنی شاعیر بە باری دواکەوتوویی کۆمەڵەکەی و ئەو مەترسییەی چاوەڕوانی چارەنووسی نەتەوایەتی میللەتەکەی دەکات وای لێکردووە لە بابەتی غەزەل و دڵداری دوور کەوێتەوە کە لە

٢٩- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، ل ٣١٨ و ٣١٩ .

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢ .

٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢ و ٣٢٣ .

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٣ .



سەرەتادا ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێک دەهێنا و روو بکاتە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتەکەی و بەپێی پێویستییەکانی ئەو واقیعە شیعر بڵێت. هەڵوێستی پەسەند کەری (سەجادی) بەرامبەر بەو هەڵوێستەی کە بە پێی پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی وەرگرتووە کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «ئەحمەد موختار بەگ لێرەدا ئیتر دەوەستێ چونکە تەماشا ئەکا پەردەیەکی تر بەسەر عالەما کێشراوە و بەڕەنگێکی تر ڕەنگ کراوە، جارجارێکیش لە سووچێکەوە دەنگێکی نهێنی بەرگوێی ئەکەوێ کە لە دەروونی تاقە کەسێکەوە دەردێت و باسی ئەو ناڵە ئەکا، کە لە جگەری هەڵکڕووزاوی دایکی نیشتیمانەوە دەنگ ئەداتەوە. کە ئەم دەنگەی گوێ لێ ئەبێ تاسێک ئەیباتەوە... تەکانێک ئەخوا و پەردەی پێشوو ئەداتەوە، پڕ بەدەم روو ئەکاتە ئەو شاعیرانی کوردە- کە خۆیشی یەکێک بووە لەوانە- ئەڵێ:

شاعیرانی کورد! بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول، یا زلفی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن»[٣٣]

ئینجا دوای ئەوەی بەرزی هەستە نەتەوایەتییەکەی شاعیر پیشان دەدات و ڕادەی شۆڕبوونەوەی بەناخی واقیعە سیاسییەکەی نەتەوەکەی دیار دەخات، ئەمجارە ڕۆڵی شاعیر لە پیشاندانی باری دواکەوتووی ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتی کورد دیار دەکات و هەستکردن بە لێپرسینەوەی شاعیر بەرامبەر بە میللەتەکەی لە پیشاندانی ڕێگای ڕاستو چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەدا دەبینێت کاتێک دەڵێت: «کە لەمە ئەبێتەوە تەماشا ئەکا. قەومی کورد لە پایەی یەکەما لانەواز و سەرلێ شێواوی دەستی نەزانی و نەخوێندەوارین- کە ئەمە ریشەی هەموو دەردو بەڵایەکە- روویان تێ ئەکا و ئەڵێ:

لە خەو هەستن میللەتی کورد، خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
......... هتد»[٣٤]

کەواتە ئەو پێوەرەی (سەجادی) لەبەر چاوی گرتووە بۆ دیارکردنی هەڵوێستە

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٧ .

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٨ .

ڕەخنەییەکەی لە بارەی پەسەندکردنی شیعر یان ڕەتکردنەوەی، خۆی لە ڕادەی خۆبەستنەوەی شاعیر بە بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا دەنوێنێت. واتە ڕادەی ئیلتیزام کردنی شاعیر بە مەسەلە گرنگ و کاریگەرەکانی کۆمەڵگاکەی.

لای (عەزیز گەردی) خۆبەستنەوەی نووسەر یان شاعیر بە ژیانی سەردەمەکەی لەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەدا دەردەکەوێت کە ئەدەب بە ژیان دەبەستێتەوە و بوونی هەریەکەیان لە بوونی ئەوی تریاندا دەبینێت و هەر گۆڕان و پەرەسەندنێکیش لە یەکێکیان بە ئەنجامی گۆڕانی ئەوی تریان دادەنێت و تەنانەت ئەرک و مەبەستی شیعر و ئەو پەیامەی شاعیر دەیەوێ بیگەیەنێت هەمووی لەو پەیوەندییەدا کۆدەبێتەوە کە بەیەکتریان دەبەستێتەوە بۆیە بۆ ئەوە دەچێت کە «... بەهیچ جۆرێ ئەدەب و ژیان لێک ناکرێتەوە لێک دانابڕێن، نە ئەدەب بەبێ ژیان پەیدا دەبێ و نە ژیانیش بەبێ ئەدەب دەتوانێ بەدروستی بەردەوام بێ، ئەوەندە هەیە جۆری ژیان جۆری ئەدەبەکە دەستنیشان دەکات و دەیسەپێنێ ئەدەبەکەش جۆری ژیانەکە دەگەشێنێتەوە و برەوی پێ دەدا...»[٣٥] ئینجا ئەنجامی لێک جیاکردنەوەی ئەدەب لە ژیان بەوە دیار دەکات «خۆ ئەوەی خوا نەخواستە دابڕ و لەمپەرێک باوێتە مەعبەینی ئەدەب و ژیان و لێکیان هەڵاوێرێ، دیارە دەیەوێ پەیامی پیرۆزی ئەدەب بسڕێتەوە و نرخی بشکێنێ زیادەکی و بێ نرخ و بایەخ تەماشای بکا...»[٣٦] جا بۆ ئەوەی شیعر شوێنی شایستەی خۆی وەربگرێ و بەهای ڕاستەقینەی دەربکەوێ و ئەو پەیامە پیرۆزە بگەیەنێت کە شاعیر گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی (جەلال مەلەکشا) بۆ ئەوە دەچێت کە «شاعیر دەبێ دەوروبەری خۆی بناسێ هەستی پێ بکا و تیایا بژی تاکو بتوانێ لە شیعردا بیانخولقێنی. کاتێ دەڵێن شیعر ڕاوکردنی ساتەکانە. ئەم ساتە زەمانیانە لە مەکاندان و مەکان غەیرەز ئەو مەکانە نییە کە شاعیر تێدا دەژی!...»[٣٧] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر دوای ئەوەی شۆڕدەبێتەوە ناخی واقیعەکەی و لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دەگات و هەست بە ئێش و ئازارەکانیان دەکات، پێویستە بارودۆخی ئەو واقیعە

---

٣٥- کاروانی یار، جلال مدحت خۆشناو، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦، پێشەکییەکەی بە پێنووسی عەزیز گەردی، ل ٤ و ٥ .

٣٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥ .

٣٧- دەسکەوتەکانی ئەنجوومەنی ئەدەبیانە «تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێی کوردی»، جەلال مەلەکشا، گ: سروە، ژ: ٥، ساڵی شەشەم، ڕەزبەری ١٣٣٩- (١٩٨١ز)، ل ٣٢ و ٣٣ .



لەبەر چاو بگرێت و شیعرەکانی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەو واقیعە بێت کە لە ئەنجامی بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەی دروست دەبێت.

**- ئیلتیزام و جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیع و دوو بۆچوون:**

جۆری مامەڵەکردنی شاعیری کورد لەگەڵ واقیع و هەڵوێستی بەرامبەر بەو ڕووداو و گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی ژیانی مرۆڤ دەبنەوە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لەڕووی دوو بۆچوونی جیاوازەوە باس کراوە.

بۆچوونێکیان ئیلتیزام بوونی شاعیر لەوەدا دەبینێت کە شاعیر ئاگاداری گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی بێت و ئەو گیروگرفتانە پیشان بدات و بیانخاتە ڕوو، واتە لەم حاڵەتەدا ئەرکی شیعر تەنها بەوە دیار دەکات کە تەنها باسی ئەو گیروگرفت و کەم و کوڕییانە بکات کە لە کۆمەڵدا هەن بێ ئەوەی بەدوای ئەوەدا بگەڕێت چارەسەرێک بۆ ئەو گیروگرفتانە بدۆزێتەوە.

بۆچوونەکەی تریان ئیلتیزام بوونی شاعیر لەوەدا دەبینێت کە شاعیر لە پاڵ شۆڕبوونەوەی بە ناخی کۆمەڵ و دیارکردن و خستنە ڕووی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بەشداری لە چارەسەرکردنی ئەو بارە نالەبارەدا بکات کە ڕووبەڕووی خەڵکەکەی دەبێتەوە، واتە ئەم بۆچوونە ئەرکی شیعر بەوە دیار دەکات تا چ ڕادەیەک ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو گیروگرفت و کەموکوڕییانەی لە کۆمەڵدا هەن و بەشداری لە ڕێنمایی کردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵانی خەڵکدا دەکات.

کەواتە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین جۆری مامەڵەکردنی شاعیری کورد لەگەڵ ژیانی واقیعی کۆمەڵگاکەی لە ڕوانگەی ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەوە بووە:

**بۆچوونی یەکەم:** خستنەڕووی گیروگرفتەکانی ژیان

بەگوێرەی ئەم بۆچوونە کە ئەرکی شیعر تەنها لە باسکردنی کەموکوڕییەکانی ژیان و دەردو مەینەتەکانی مرۆڤدا دەبینێت، دەتوانین بڵێین ئەم بۆچوونە تاڕادەیەک کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بە جۆری مامەڵەکردنی شاعیرانی کلاسیک لەگەڵ واقیعی ژیانی سەردەمەکەیاندا، چونکە هەستکردن بە گۆڕانی ئەرکی شیعر و دروستبوونی ئەو بۆچوونەی شیعر بە واقیع دەبەستێتەوە و ئەرکی شیعر لە پیشاندان و خستنەڕووی کەموکوڕییەکانی واقیعدا دەبینێت زۆرجار لە ڕێگای بەراوردکردنی نێوان شیعری کلاسیکی و شیعری

نوێدا دیار کراوە. ئەمەش لە ڕێگای ئەو ناوەڕۆکەوە هەستی پێ دەکرێت کە شیعری هەر قۆناغێکی پێکهێناوە. بۆیە یەکێک لەو ڕایانە ئەو جیاوازییە بەوە دیار دەکات کە «پێشان کە هێشتا بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانا پەیدا نەبوو بوو، وە ئیش و کاری کورد لە چوارچێوەی ئەمارەتە دەرەبەگییەکانا ئەسووڕایەوە، وێژەی کوردیش تەنها یا لە تەعریفکردنی خوا و پێغەمبەر-ص-، یا لە دڵداری، یان بەشان و باڵ هەڵدانی گەورە گەوران، یا لە چیرۆکی شەڕ و ئازایی و سوارچاکی ئەدوا».(٣٨) ئینجا گۆڕانی ئەرکی شیعر بەپێی گۆڕانی ئەو ناوەڕۆکە لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد لە هەر قۆناغێکدا بەوە دیار دەکات «بەڵام هەر بە بزووتنەوەی گیانی نەتەوایەتی لە کوردستانا شیعر و چیرۆک و نووسینی تازەش هاتە بەرهەم. ئەمە لە شیعرەکانی-کوردی- و -سالم-دا تا ڕادەیەک وە لە شیعرەکانی -حاجی قادر- و شیعر و نووسینەکانی -جەنابی مەلای کۆیە-دا باش بەدی ئەکرێ. پاش شەڕی یەکەمیش شیعرەکانی -پیرەمێرد- و -ئەحمەد موختار- و -بێکەس- و دەهای تر ئاوێنەیەکی گەورە و پاکن بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە»(٣٩) ئیتر بەم جۆرە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە شیعرەکانی گۆران و هەردی و دیلان و کامەران و هەژار و لەبارەی شیعری ئەم شاعیرانەوە دەڵێ: «ئێستاش کە تێکۆشانی نەتەوەی کورد بووە بە بەشێ لە تێکۆشانی هەموو نەتەوەکانی کەی گێتی و گیانی دۆستایەتی لەگەڵ گەلانا لە دڵی نەتەوەی کوردا لە بروزایە، بوێژی وا پەیدابوون کە ئەم هەستەی دەرئەبڕن».(٤٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەگەڵ دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی، شیعریش لەو بابەتانە دوور کەوتەوە کە شاعیرانی کلاسیک ڕوویان تێ کردبوو و خۆی لە چەند بابەتێکی دوور لە ژیانی واقیعی میللەتی کورددا دەنواند و لە جیاتی ئەمە شاعیرانی نوێ بەپێی پێویستییەکانی قۆناغە نوێیەکە ڕوویان کردە باسکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەبوو و شیعر بوو بەئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەکە.

دووره پەرێزی شاعیرانی کلاسیک لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەیان لەلایەن

٣٨- لێکۆڵینەوەیەک لە وتاری (وێژە)ی مامۆستا خاڵ، م.م، گ: هیوا، ژ: ٩، ساڵی ١، مارت ١٩٥٨، ل ٦٦ و ٦٧ .

٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧ .

٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧ .



ڕەخنەگرانەوە زۆر تەئکیدی لەسەر کراوە و هۆیەکانی دیاری کراوە. یەکێک لەو هۆیانە جۆری ئەو بابەتانە بوو کە بەگشتی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکییان پێک دەهێنا و دوور بوون لەو مەسەلانەی پەیوەندی بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵەوە هەبوو. جگە لەمە هۆیەکی تر خۆ خەریککردنی شاعیرانی کلاسیک بوو بە ڕازاندنەوەی ڕوخساری شیعرەکانیان. (خورشید ڕەشید ئەحمەد) لەم ڕووەوە بەوردی لەسەر بناغەی ئەو هۆیانە ڕەخنەکانی ئاراستەی شیعری کلاسیک دەکات کاتێک لەلایەکەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «ئەدەبی کلاسیکی بەهۆی بایەخدانێکی زۆر بە فۆڕمی شیعرەکەوە ناوەڕۆکیان بەتەواوەتی فەرامۆش کردبوو چونکە هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان بۆ ئەوەبوو ئەو هەموو مەرجانەی شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆیان بەجێ بهێنێت و ڕوخساری شیعرەکەی لە هیچ مەرجێکی شیعری کەم نەبێت و هاوسەنگی شیعری شاعیرانی پێش خۆی بێت»(٤١) لەلایەکی تریشەوە هۆیەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ جۆری ناوەڕۆکەکە و دەڵێ: «هەروەها دەبوایە ناوەڕۆکی بابەتەکەش لەسەر دڵداری و پەیمان بەستن و مەدح و سۆفیێتی و سروشت و لاواندنەوە و نامەی شیعری بڕۆشتایە ڕوخساری شیعرەکەش پێویست بوو هەر خزمەتی ئەو جۆرە ناوەڕۆکانە بکات، هەر ئەمەش بووەتە هۆی دووره پەرێزی شاعیرانی کلاسیک و خۆلادانیان لە گیروگرفتی ناو کۆمەڵەکەیان چونکە بە لایانەوە هونەری شیعر لە خودی زاتی خۆیدا جیهانێکی سەربەخۆیە گیروگرفت و ئاڵۆزی کۆمەڵ ئەرکی سەرشانی هونەرمەند نییە».(٤٢) هەر لەسەر بناغەی تەئکیدکردن لەسەر بایەخدانی شاعیرانی کلاسیک بەلایەنە هونەرییەکە و فەرامۆشکردنی ناوەڕۆکەکە (زاهیر ئەحمەد سەوز) ئەدەبی کلاسیکی دەخاتە خانەی قوتابخانەی (ئەدەب بۆ ئەدەب) و دەڵێ: «باشتر وایە لێرەدا شتێک لەیاد نەکەین کە لە سەردەمی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا ئەدەب بۆ ئەدەب بوو، ڕوونتر، زیاتر گوڕیان ئەدایە وشەسازی و ئیستاتیکی وشە و هەست بزواندن و توانای یاریکردن بە وشە و وەزن و قافیە و مۆسیقا، بەتایبەتی لە شیعردا کە زۆر باوبووە».(٤٣) ئەم پێداگرتنە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لەسەر خۆ دوورخستنەوەی شاعیرانی کلاسیک لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و دووره پەرێزییان لە واقیعی ژیانی سەردەمەکەیان بەرامبەر

٤١- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، ل ١٣٤ .

٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤ .

٤٣- ڕەخنەی کوردی لە نێوان ڕۆچوون و داهێناندا، ظاهر احمد سەوز، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ٧٧، تشرینی یەکەمی ١٩٧٩، ل ١٤ .

بەمەش پیشاندانی خۆبەستنەوەی شاعیرانی نوێ بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و دەرد و مەینەتەکانیان جۆری تێڕوانین و تێگەیشتنی رەخنەگران بەرامبەر بە ئەرکی شیعر دیاردەکات و سروشتی ئەو پەیوەندییە دیاردەکات کە لە هەر سەردەمێکدا بەپێی تێگەیشتنی شاعیر لە ئەرکی شیعر بە کۆمەڵەکەی دەبەستێتەوە یان لە کۆمەڵەکەی دادەبڕێت، بۆیە لەم رووەوە (تەحسین ئیبراهیم دۆسکی) بۆ تەئکیدکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە جۆری ئەو پەیوەندییە بەوە دیاردەکات کە «شیعری کوردی پێش تازەکردنەوە ناوەڕۆکێکی فەلسەفی هەبوو و هەوڵی نەدەدا چارەسەرێک بۆ کەموکوڕییەکانی واقیعی کۆمەڵگا بدۆزێتەوە، بەڵکو شاعیرەکانمان -زۆربەیان نەک هەموویان- لە بورجێکی عاجیدا دەژیان و هەستیان بە واقیعی کۆمەڵگاکەیان نەدەکرد، کەچی شیعری دوای نوێکردنەوە ئەو بابەتانەی خستەڕوو کە پێوەندی بەواقیعی کۆمەڵگاوە هەبوو و هەستێکی ناسکی بەرامبەر بە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بەگشتی وە مرۆڤی کورد بەتایبەتی هەبوو وە پشتی دەبەست بە کێشانی وێنەی خەباتی کورد لە پێناو گەیشتن بەمافە رەواکانی».[٤٤]

کەواتە لەم بیروڕایانەدا کە رەخنەگران لە رێگای رەخنەگرتن لە شیعری کلاسیکییەوە دەریان بڕیوە، نزیکبوونەوەی شاعیری نوێ لە کۆمەڵ و جۆری ئەو پەیوەندییەی بە واقیعی دەبەستێتەوە لە پیشاندان و خستنەڕووی وێنەی ئەو واقیعەدا دەبینرێت بێ بەشداربوونی شاعیر لە دەسکاریکردن و گۆڕینی واقیعەکەدا.

هەر لە روانگەی بەستنەوەی ئەرکی شیعر بە رەنگدانەوەی بارودۆخی واقیعەکە (محەمەد حەسەن مەنگوڕی) دەڵێ: «بەکورتی هۆنراوەی نوێ بێجگە لە مەرجە هونەرییەکانی ئەبێ (کەموکورتییەکانی ژیان بە شێوەیەکی هونەرییانەی ورد نیشان بدا و، رووداو و نەریت و پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ شی بکاتەوە و بیان پاڵێوێ بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە و گونجاو لەگەڵ سەردەم»[٤٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر ئەرکی شیعر تەنها بەوە دیاردەکات کە تەماشاکردنی واقیعی کۆمەڵگاکە و پیشاندانی ئەو واقیعەیە.

هەروەها (جەمیل رەنجبەر) لەڕووی هەمان بۆچوونەوە، بەڵام لە رێگای گرنگیدانی بەو

٤٤- المدخل لدراسة الادب الكوردي، تحسين ابراهيم الدوسكي، الجزء الثاني، ص٨٤ .

٤٥- کۆشی ئارام، سعدالله پەرۆش، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، ١٩٦٩، پێشەکییەکەی بە پێنووسی محمد حسن مەنگوڕی، ل ٧ .



پەیوەندییەی ئەدەب بە جەماوەر دەبەستێتەوە، باسی ئەو ئەرکەی ئەدەب دەکات و دەڵێ: «هیچ ئەدەبێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوو ناتوانێ دەور ببینێ ئەگەر پەیوەندییەکی چەسپاوی بە جەماوەرەوە نەبێ و دەربڕی باوەڕ و هەستیان نەبێ. هەروەها ناتوانرێت کۆمەڵ فێر بکرێت تا نوێنەری بەرژەوەندییان نەبێ وە مامۆستایەتی ئەدیبان سەر ناگرێ تا قوتابییەتی تیا نەکردبێ»[٤٦].

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت رێبەرایەتی نەتەوەکەی بکات پێویستە لە سەرەتادا لە واقیعی کۆمەڵگاکەی گەیشتبێت و تیایدا ژیابێت تاکو توانای ئەوەی پەیدا کردبێت هەست بە ئێش و ئازارەکانیان بکات و لە گیروگرفتەکانیان بگات و بە زمانی ئەوان قسە بکات. ئینجا کە خاسیەتەکانی ئەو جۆرە ئەدەبە دیاردەکات دەڵێ: «ئەدەبی پێشکەوتوو ئەو ئەدەبەیە کۆمەڵ بەرەو ژیانێکی چاکتر و ئاسوودە ئەبات و ناوەڕۆکەکەشی هەڵێنجراوی تاقیکردنەوە و رووداوی جەرگەی کۆمەڵە و بەزمانی چینی رەنجدەر ئەدوێ و ئاوێنەی تێکڕایی گەلە»[٤٧] هەرچەندە لێرەدا ئەرکی ئەو ئەدەبە بە چاککردنی باری نالەبار و دواکەوتووی کۆمەڵ دیاردەکات، واتە گۆڕینی ئەو واقیعە ناهەموارەی کە هەیە بۆ واقیعێکی چاکتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوەڕۆکی ئەدەبەکە بەوە دیاردەکات کە لە ژیانی واقیعی کۆمەڵگاکەوە وەرگیرابێت و رەنگدانەوەی ژیانی هەموو خەڵک بێت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەرکی ئەدەب تەنها بە پیشاندان و رەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵ دەبەستێتەوە نەک بە گۆڕینی.

ڕەنگدانەوەی باری ژیانی کۆمەڵ لە شیعردا ئەو پەیوەندییە دیاردەکات کە شاعیر بە جەماوەر دەبەستێتەوە، جەماوەریش لەهەر قۆناغێکی ژیانیدا بەپێی ئەو بارودۆخەی تیایدا دەژی پێویستی تایبەتی خۆی دەبێت، (لەتیف هەڵمەت) پێویستییەکانی جەماوەر بەوە دیاردەکات کە شیعر رەنگدانەوەی ژیانی بێت و باسی گیروگرفت و ئێش و ئازارەکانی ئەو بکات بۆیە دەبینین لەم رووەوە لەبارەی ئەرکی شیعر و بەدەنگەوە هاتنی شاعیر بۆ پێویستییەکانی جەماوەر دەڵێ «... ئاشکراشە جەماوەری گەل شیعرێکی دەوێ باسی خۆی بکاو لێی تێ بگا... ئێمە دەبێ بۆ جەماوەر بنووسین... هەر شاعیرێ لە

٤٦- لە پێناوی ئەدەبێکی پێشکەوتوودا، جەمیل رەنجبەر، گ: تیشک، ژ: ٢،ساڵی دووەم، ١٩٧٠، ل ٦٣ .

٤٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ .

جەماوەری ڕەش و ڕووت و هەژاری گەلەکەی خۆی دوور کەوێتەوە ئەوا لە مردن نزیک دەبێتەوە... !»[٤٨] ئەمەش ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان شیعر و جەماوەر پیشان دەدات و چارەنووسی شیعر بە بوونی ئەو جەماوەرە دەبەستێتەوە.

جا لەکاتێکدا ئەمانە شیعر بە ئاوێنەی ژیان دادەنێن و دەیکەنە هۆیەک بۆ پیشاندانی بارودۆخی کۆمەڵ، دەبینین هەندێ جار بۆ ئەوەی شیعر بتوانێت بەئەرکی خۆی هەڵسێ لەڕووی گەیاندنی ئەو مەبەستەی لەبەرچاوی گرتووە ئەوە بە پێویست زانراوە شاعیر باسی ئەمڕۆی خۆی بکات و بەسەر بارودۆخی ئەم ڕۆژگارەدا پازنەدات بۆ سبەینێ. (کەریم دەشتی) لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنەوە لەبارەی ئەرکی شیعرەوە سەبارەت بەلەبەرچاوگرتنی واقیعی ژیانی ئەو سەردەمەی شاعیر تیایدا دەژی دەڵێ: «هۆنراوەی نوێ کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی چەندساڵی ماندووبوونی تەمەنی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردیمانە، نابێ و ڕەواش نییە کە دوورەپەرێز بوەستێ لە کونجێ هەوڵ و تەقەلایەکی بێ بایەخ و هەنگاو لە بۆشاییدا بهاوێژێ و دوور لە هەڵچوون و داکێشانی ئەمڕۆی ژیان بوەستێت چونکە (هۆنراوەیەک کە بۆ ئەم ڕۆژگارە نەلوێت بۆ هیچ کاتێکی تر دەست نادا) بەڵکو دەبێ هاوشان لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆماندا بڕوات لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانیدا هەنگاو بنێت و ببێتە تەواوکەری ئەم مەسەلەیەی کە لە ڕۆژانەی ژیانی خۆی دەچەسپێنێ».[٤٩]

هەروەها (هەڤاڵ کوێستانی) بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر پێویستە لە بارودۆخی سەردەمەکەی خۆی دانەبڕێت و بەناوی سبەینێ پشت لە واقیعی ئەوسای خۆی نەکات، بەڵکو «شیعر دەبێ بچێتە ناو قووڵاییەکانی ژیانەوە پەنجە بخاتە سەر دەردە کۆمەڵایەتییەکانی و زەحمەت و سەختی ئەزموونەکانی بچێژێ و ناکۆکییەکانی تێک هەڵشێلێ و لەناخی خۆیدا بیان توێنێتەوە و لە شێوازێکی هونەری تایبەتیدا گوزارشتیان لێ بدا تا ئەو جێیەی لەو سەردەمەدا و لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرج و واقیعەی تێیدا لە دایک دەبێ، ببێتە زمانی حاڵی خەڵک و بۆن و بەرامەی ئەو ژێوار و واقع و سەردەمەی

٤٨- ئەم شاعیرە و وتووێژێک، ئامادەکردنی مصطفی صالح کریم، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٤، شوباتی ١٩٧٩، ل ٩ .

٤٩- تیشکێ بەسەر هۆنراوەی نوێدا، ئامادەکردنی، عبدالکریم دەشتی، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٥، مارت و نیسانی ١٩٧٩، ل ١٢ .



لێ بێ»[٥٠] ئینجا لە درێژەی قسەکانیدا مەبەستی لەبارەی خۆبەستنەوەی شاعیر بەئەمڕۆی سەردەمەکەی زیاتر ڕوون دەکاتەوە کاتێک دەڵێ: «بۆن و بەرامەی سەردەم، واتا ڕۆچوون و قووڵبوونەوە لە ژیانی ئەمڕۆی خەڵکیدا و نووسین بۆ ئەمڕۆ و بازنەدان بەسەر ئەمڕۆدا بۆ ئایندە، چونکە هەر شیعرێ لە ژیان و واقعی ئەمڕۆ دابڕێ بەناوی ئەوەی ئەمڕۆ دەڕوات و ڕاگوزارە و بۆ سبەینێ دەنووسرێ هەلومەرجەکانی سبەینێ لەبەرچاو دەگرێ، شیعرێکی بێ کەڵکە».[٥١] بەڵام لێرەدا نووسەر لە کاتێکدا داوای ئەوە لە شاعیر دەکات خۆی بەو واقیعە ببەستێتەوە کە تیایدا دەژی، لەهەمان کاتدا ئەوە دەردەخات کە ئەم خۆبەستنەوەی بە ئەمڕۆی سەردەمەکەی ڕێی ئەوەی لێ ناگرێت باسی سبەینێ بکات، بەڵکو دەتوانێت ئەمە بکات بەڵام بەو مەرجەی بەسەر ئەمڕۆی واقیعەکەیدا بازنەدات، بەڵکو ئەمڕۆی بکاتە بناغەی بینینی سبەینێ، بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ: «هەڵبەتە ئێمە لەوەدا کە دەڵێین، دەبێ شاعیر بۆ ئەمڕۆ بنووسێ و خۆی بە واقیعی ئەمڕۆوە ببەستێتەوە نابێ مەبەستمان بەوە لێکدرێتەوە کە شاعیر خۆی لەناو قۆزاخەی ئەمڕۆدا لوول کا و ئاگای لە سبەینێ نەبێ و حەقی بەسەریەوە نەبێ و دەرگای لەسەر نەکاتەوە، بەڵکو مەبەستمان لەوەیە کە بۆ سبەینێ دەرگا لەسەر ئەمڕۆ دانەخا و لە پەنجەرەی ئەمڕۆوە بۆ سبەینێ بڕوانێ».[٥٢] کەچی (کەمال میراودەلی) پەیوەندی زۆربەی نووسەر و شاعیرانی کورد بە واقیعی ژیانی سەردەمەکەیان بە پەیوەندییەک دادەنێت کە لەسەر بناغەی هەستکردنێکی کاتی بەو ساتەی شاعیر تیایدا دەژی دامەزراوە، بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ: «زۆر لە ئەدیبەکانمان لە ڕوانگەیەکی میتافیزیکیانەوە سەیری شتەکان دەکەن و- تەنها دیوی دەرەوە بەدی دەکەن... لێرەوە شتەکان و ڕووداوەکان تەنها لە- لەحزەیەکی وەستاوی (ئێستا)دا دەردەبڕن... دەربڕینی (سبەینێ) و ڕوانین بە چاوێکی گەشبینانە و دووربینانەوە بۆی، لەسەر ئەساسێکی مەوزووعی، لەسەر ئەساسی تێگەیشتنی بزاڤی مێژوو-و هێزە بزوێنەرەکان، کەمتر بەرچاو دەکەوێ... واتە ئێستا (لە بۆتەیەکی وەستاودا) ڕێڕەوی هۆنراوەکە یان بەرهەمەکە دیاری دەکا. ئەم لەحزەیەم بەدڵە، کەواتە پێدەکەنم و وا لە خەڵکیش دەکەم لەگەڵمدا پێ بکەنن... بەڵام ئەم لەحزەیە سەخت و

٥٠- ئێستای شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری، هەڤاڵ کوێستانی، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٤٤ .

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤ .

٥٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤ .

دژوارو جەرگبڕە کەواتە دەگریم، با خەڵکیش لەگەڵما بگرین!! ئەمە ئاکامی ناکامڵی بیرکردنەوەیە»[٥٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر لەکاتێکدا مامەڵە لەگەڵ واقیعی رۆژگاری خۆی دەکات نابێ لەسەر بناغەی هەستە ساتەوەختییەکانی و بەپێی مەزاجی مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات، بەڵکو پێویستە لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی قووڵ جۆری مامەڵەکردنەکەی دیار بکات و هەر لەسەر بناغەی ئەمەش بڕوانێتە سبەینێی، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدا دەژی لەسەر بناغەی هەستە ساتەوەختییەکان ئەنجامەکەی هەر ئەوەیە «لە هەڵسوکەوت کردنیاندا لەگەڵ واقیعدا، لەگەڵ تاقی کردنەوەکانیاندا، لەگەڵ رووداوەکاندا، شاعیر و ئەدیبەکانمان تەنها لە قۆناغی دەرک پێکردنی هەستیدا دەمێننەوە... و بازدان بۆ قۆناغی زانینی زەینی روو نادا. لێرەوە تەنها بۆخۆیان و بەپێی خواستی لەحزەیی خۆیان بیردەکەنەوە»[٥٤]. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بە هیچ جۆرێک یارمەتی شاعیر یان نووسەر نادات لە سروشتی ئەو پەیوەندییە بگات کە شاعیر بە واقیعی ئەمڕۆی خۆی دەبەستێتەوە و ئاسۆی بیرکردنەوەی بەرەو پێشبینی کردنی سبەینێی دەبات، چونکە تێنەگەیشتن لەو واقیعەی شاعیر تیایدا دەژی بواری ئەوەی ناداتێ لەڕووی تێڕوانینێکی مەوزووعییەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعی سەردەمەکەی خۆی بکات و ئەوە بکاتە بناغەی پێشبینی کردنێکی راستەقینەی سبەینێی.

لێرەدا پێویستە لەناو ئەو بۆچوونەی ئەرکی شیعر بە خستنە رووی بارودۆخی واقیعی کۆمەڵ و پیشاندانی گیروگرفت و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ دەبەستێتەوە، ئەوە دیاربکەین کە مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کۆمەڵەکەی پەیوەندییەکە لەسەر بناغەی کار لەیەککردنێکی هەمەلاییەوە دروست نەبووە، بەڵکو کارتێکردنێکی یەک لاییە و تەنها لەلایەن کۆمەڵەوە بەسەر شاعیر دەبینرێت، چونکە لە کاتێکدا کارتێکردنی بارودۆخی ژیانی واقیع و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بەسەر شاعیرەوە لە باسکردن و پیشاندانی ئەو واقیعە نالەبار و بارودۆخە ناخۆشەی ژیانی مرۆڤدا دەردەکەوێت بەرامبەر بەوە بەشداربوونی شاعیر لە گۆڕینی ئەو واقیعەدا نابینرێت، دیارە ئەمەش لە روانگەی جۆری تێگەیشتنی شاعیر لە ئەرکی شیعر و بەستنەوەی تەنها بە پیشاندانی ژیانی واقیعی کۆمەڵگاکەیەوە هاتووە.

٥٣- چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، ل ١٠٠ و ١٠١ .

٥٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١ .



**بۆچوونی دووەم**: خستنەڕووی گیروگرفتەکانی ژیان و چارەسەرکردنیان

ئەم بۆچوونە بەوە ناوەستێت ئەرکی شیعر تەنها بەباسکردن و پیشاندانی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دیار بکات، بەڵکو بۆ ئەوە دەچێت کە ئەرکی شیعر لەپاڵ ئەمانەدا ئەوەیە چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکات لە رێگای بەشداربوونی لە گۆڕینی ئەو واقیعە نالەبارەی کە هەیە و کێشانی وێنەی ئەو واقیعەی پێویستە دروست ببێت و شوێنی واقیعە کۆنەکە بگرێتەوە... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بۆچوونە ئەرکی شیعری بە گۆڕینی واقیعی ژیانی سەردەمەکەوە دیار کردووە.

بەستنەوەی ئەرکی ئەدەب بە گۆڕینی ئەو واقیعە پڕ لە گیروگرفت و کەموکوڕییانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە لای شاعیر و رەخنەگرانی کورد، زۆرجار خۆی لەدیارکردنی ئەو گیروگرفت و کەم و کوڕییانەدا دەنوێنێت. (حامید فەرەج) بەتوندی پێ لەسەر ئەم ئەرکەی شیعر دادەگرێت کاتێک دەڵێ: «ئەدەبیاتێک ئەگەر ئەو کەموکوڕییە کە خەڵک هەستی پێ دەکا، چارەی نەکا، پێویست نییە پێی بگوترێ ئەدەبیات»[٥٥]. ئینجا لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی واقیعی نالەباری ژیانی سەردەمەکەیەوە دەڵێ: «ئێمە دەبێ ئامانجمان لە ئەدەبیاتدا رێگەی راست نیشاندان بێ، رووناک کردنەوەی بیروهۆش بێ، فێرکردن و تێگەیاندن بێ بۆ لابردنی ئەو کەموکوڕییەی کە هەمانە لە هەموو پەلوپۆی ژیانمانا»[٥٦]

هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ) ئەو رۆڵە کاریگەرەی شاعیر لە ژیانی کۆمەڵگادا دەتوانێت بیگێڕێت، لە پیشاندانی کەموکوڕییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو کەموکوڕییانە دیار دەکات کاتێک دەڵێ: «شاعیر ئەگەر بیەوێ ئەتوانێ بە شیعری ئاگرینی خۆی ئاگر بەربداتە دڵی هەزاران کەس، وە لە خەوی بێهۆشی بێداریان بکاتەوە. وە کالای تەمەڵی و ترسنۆکی داکەنێ لەبەریان، وە بەچەک و قەڵغان و زرێ مەردی و نەبەردی بیان رازێنێتەوە. شاعیر ئەتوانێ بە پەند و ئامۆژگاری خۆی، رەوشت و خووی ناشرین لە دڵان دەربێنێ و ریشەکێشیان بکا و لە جێگای ئەو رەوشت و خووی جوان بڕوێنێ و ئاوی بدا تا ریشە دابکوتێ»[٥٧]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە

٥٥- ئەدەبیاتی تازە چۆنە و دەبێ چۆن بێ؟، ح.ف.گ: گەلاوێژ، ژ: ٧، ساڵی ١، ١٩٣٩، ل ٢ .

٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤ .

٥٧- شیعر و شاعیر، شێخ محمدی خاڵ، گ: گەلاوێژ، ژ: ٥، ساڵی: ٧، مایسی ١٩٤٦، ل ٤٥ و٤٦

شاعیر دەتوانێت بەهۆی ئەو شیعرەی تەعبیر لە ژیانی واقیعی کۆمەڵگاکەی دەکات و بەدەنگ پێویستییەکانی سەردەمەکەیەوە دێت دەتوانێت ڕێبەرایەتی میللەتەکەی بکات و دەست لەسەر گیروگرفت و کەموکوڕییەکان دابنێت و ڕێگاچارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە. هەر لە ڕووی بەستنەوەی ئەرکی شیعر بە دیارکردنی دەردەکانی کۆمەڵ و دەرمان کردنیان (مارف خەزنەدار) لە ڕێگای بەستنەوەی ئەدەب بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە خاسیەتەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە بەوە دیار دەکات کە «... ئەم چەشنە وێنەیە لە ئەدەب، کەموکوڕی و ناکۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی، و ناگزووری ژیانی ئادەمیزادمان پیشان ئەدا. بەڵێ ئەم ڕچە لە ئەدەبدا کە (المذهب الواقعي) پێ ئەڵێن بەرزترین ڕچەیە، ئامانجێکی بڵند، و ئاواتێکی پیرۆزە بۆ پێشخستنی کۆمەڵ، بەهۆی ئەو باسانەی کە لێی ئەدوێ. وێنەی ڕاستی دەرئەخا، لەپاش ئەوانەش دەرمانی بۆ ئەدۆزێتەوە، ڕێگای ڕاستکردنەوەی بۆ خۆش ئەکا»[58]. ئەمەش ڕۆڵی شیعر لە پێشخستنی ژیانی کۆمەڵ بەدیارکردنی کەموکوڕییەکان و چارەسەرکردنیان دیار دەکات.

(ڕەفیق حیلمی) لە ڕووی ئەو بۆچوونەوە تەماشای ئەرکی شیعر دەکات کە شاعیر دەبێ لە ریزی پێشەوەی کۆمەڵەکەی بێت و ڕێبەرایەتییان بکات و ڕێگای ڕاستیان پیشان بدات، بۆیە ڕەخنە لە شیعرێکی[*] (ڕەمزی) شاعیر دەگرێ کاتێک دەبینێ تەنها کەموکوڕییەکانی میللەتەکەی دیار دەکات و بەلای ئەوەدا ناچێ ئەم کەموکوڕییانە چارەسەر بکات بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ: «ئەم چەشنە سکاڵایە کە ستەمێکی گەورە و (تانووت)ێکی ئێجگار گرانی تیایە وە نابێ بدرێ بە ڕووی قەومێکا، بەڵام داخەکەم وا دیارە (ڕەمزی) هەندێ هۆی بەدەستەوە بووە کە زیفی سەندووە و بەم مانا گشتییە پلاری گرتۆتە قەومەکەی خۆی. لەگەڵ ئەوەشا، شکی تیا نییە کە پلار و توانج و تانووت، هۆی ڕاستکردنەوە نییە بۆ لاری و چەوتی قەومێک»[59]. ئینجا تێڕوانینی خۆی لەبارەی جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ گیروگرفت و کەموکوڕییەکانی واقیعی ژیانی میللەتەکەی زیاتر ڕوون دەکاتەوە کاتێک هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە پەسەند نەکردنی

٥٨- بوێژ و نووسەر، معروف خزنەدار، ڕ: هەولێر، ژ: ٦٤، ساڵی دووەم، ٢٥ی مارت ١٩٥٢، ل ١ .

(*) مەبەست ئەو شیعرەی (ڕەمزی)یە کە لە ژێر ناوی (سەرزەنش)ە، بڕوانە: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل ٢٨- ٣٠ .

٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ .



ئەو جۆرە بۆچوونە دیار دەکات کە ئەرکی شیعر تەنیا بە دیارکردنی کەموکوڕییەکان دەبەستێتەوە بێ ئەوەی بەدوای چارەسەرکردنیاندا بگەڕێت بۆیە دەبینین لەم ڕووەوە هۆیەکە بەوە دیار دەکات کاتێک دەڵێ: «چونکە تەنها ئەوە بەس نییە کە گلەیی لە قەوم بکەین و یا تێی بگەیەنین کە ئەو ڕێگەیەی لەسەری ئەڕوا ڕێیێکی چەوتە ڕێی پێشکەوتن نییە. بەڵکو ئەبێ بیخەینە سەر ڕێگەی ڕاست، وە ئەو ڕێگە ڕاستەشی بۆ ڕوون بکەینەوە لە پێشیەوە بڕۆین تا وەکو مان نەگرێ وە لە دوامانەوە بڕوا»[60].

(محەمەد ساڵح دیلان) دوای ئەوەی شیعر بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت و کۆمەڵ دەکاتە هۆی لە دایکبوونی شیعر بۆ تەئکیدکردن لەسەر ئەو پەیوەندییە پتەوەی شیعر بە کۆمەڵ دەبەستێتەوە، شاعیر بە ئەندازیاری گەل دادەنێت و ئەرکی شیعر لەبەرەو پێشچوونی ژیانی کۆمەڵدا بە دیارکردنی دەردەکانی کۆمەڵ و چارەسەرکردنیان دەبەستێتەوە کاتێک دەڵێ: «کە ئەڵێین شاعیر ئەندازیاری گەلە و ڕەنگ بۆ خانووی گەل ئەڕێژێ و ڕێگا بۆ ئەم خەڵکە ڕووناک ئەکاتەوە، ئەبێ ئەوەش بزانین کە مەبەستمان لێرەدا لەو شاعیرانەیە کە شیعرەکانیان تەرخان کردووە بۆ چارەکردن و لێدوان و ساغکردنەوەی دەردەکانی کۆمەڵایەتی... ئەو شاعیرانەی لەگەڵ قۆناغەکانی «تطور»ی کۆمەڵدا ڕۆیشتوون. ئەو شاعیرانە کە ویستوویانە کۆمەڵ لە قۆناغێکەوە ببەنە قۆناغێکی تری پێشکەوتووتر لەو قۆناغانەی خۆی تێدایە»[61]. ئەمەش ئەرکی کاریگەری شیعر لە گۆڕینی باری ژیانی کۆمەڵ و نەخشەدانان بۆ بەرەو پێشچوون و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی چاکتر دیار دەکات.

سەرباری لەبەر چاوگرتنی ڕۆڵی شاعیر لە ڕێبەرایەتی کردنی میللەتەکەی لە ڕێگای شۆڕبوونەوەی بە ناخی ژیانی کۆمەڵەکەی و تێگەیشتنی لە بارودۆخی واقیعەکەی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە، لەپاڵ ئەمە جاری وا هەیە کاریگەری ئەرکی شیعر و گرنگی پەیامەکەی لە قوربانی بە خۆدانی شاعیر لە پێناو میللەتەکەی دیار کراوە هەروەک لەم ڕایەی (جگەر خوێن)دا دەردەکەویت کە تیایدا دەڵێ: «هۆزان و ئەدیب وەکە تەلاشەکی زانا و پسپۆرەکی بیرەوەر نەخۆشی و دەرمانی مللەت بهسانی ددی خویا کرن و

٦٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ .

٦١- گوڵزاری کوردستان، عثمان عوزێری، چاپخانەی کامەران- سلێمانی، ١٩٥٨، پێشەکییەکەی بە پێنووسی محمد صالح دیلان، ل ٦ .

تینی بەدچاوان. بە کورتی هوزان گەرەکە خو بمرینی داکو مللەت نەمری. خوە بدی کوشتن داکو (مرۆڤاتی- انسانیت) نە ئیتە کوشتن»[٦٢]

بەستنەوەی ئەرکی شیعر بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی و لەبەرچاوگرتنی واقیعی نالەباری ژیانی سەردەمەکە و رۆڵی شاعیر لە گۆڕینی ئەو واقیعە و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و ئێش و ئازارەکانی خەڵک لەلایەن (کاکەی فەللاح)ەوە کاتێک دەردەکەوێت کە لەبارەی پەیامی شیعرەوە دەڵێ: «... من (پەیامی شیعر) بە شتێکی زۆر بەرز و پیرۆز دائەنێم، و هەرگیز بۆ ئەوە نییە کە لەکاروباری (شخصی)دا بەکار بێت و شیعر: بۆ دۆزینەوە و چارەکردنی دەردەکانی ناو کۆمەڵە، بۆ رازاندنەوە و شیرین کردنی ژیانە، بۆ بەهێزبوونی ورە و زاتە بۆ زاڵبوون بەسەر کەند و کۆسپەکانی رێگای ژیانا، لە چوارچێوەیەکی دڵگیری هونەردا... هتد».[٦٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر کاتێک دەتوانێت ئەو پەیامە پیرۆزە بەخەڵک رابگەیەنێت ئەگەر توانی لە جیاتی ئەو واقیعە نالەبارەی کە هەیە وێنەی ئەو واقیعە بکێشێت کە پێویستە هەبێت و لە کێشانی وێنەی واقیعە نوێیەکەدا رووی جوان و شیرینی ژیان پیشان بدات و یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ زاڵبوون بەسەر گیروگرفت و ئێش و ئازارەکانیدا.

گۆڕانی بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد لە حەفتاکاندا و هەستکردنی شاعیر و نووسەرانی روانگە بە لێپرسینەوە بەرامبەر بەو بارودۆخە تازەیەی بۆ میللەتی کورد هاتبووە پێشەوە، وای لێکردن هەرزوو هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەو بارودۆخە نوێیە بەوە دیار بکەن «ئەمانەوێت لەو تاقی کردنەوانەدا بژین کە لەناو جەرگەی کارەسات و رووداوەکانی سەردەمی تازەماندا داڕێژرابن و خۆمان لەو سنوورە بهاوینە دەرەوە کە دەوری مێژووییان لەگەڵ سەردەمی رابووردوویان بەسەرچوو».[٦٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم شاعیر و نووسەرانە جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەی سەردەمەکەیان بەوە دیارکرد کە رووبکەنە ئەو واقیعە سەختەی ژیانی میللەتەکەیانی پێک دەهێنا بەبەشداریکردن لەو ئەزموونە تازەیەدا کە هاتبووە پێشەوە، بۆیە دیارکردنی جۆری ئەو ئەدەبەی کە دەتوانێت ئەو واقیعە تازەیە بە هەموو تاڵی و ترشییەوە بگرێتە خۆی

٦٢- ئەدەبی کوردی، گ: بلێسە، ژ: ٨، ساڵی ١، مارت ١٩٦٠، ل ٧ .
٦٣- سۆزی دەروون، کاکەی فەللاح، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢، پێشەکییەکەی، ل ٣ .
٦٤- روانگە، ژ: ١، ل ١٠ .



بەلەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی خەڵک لەو قۆناغە نوێیەدا لەو بیروڕایەیاندا دەردەکەوێت کە تیایدا دەڵێن: «بەلای ئێمەوە ئەدەبی ئەم سەردەمە لەوە دەرچووە کە بریتی بێت لە وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافی ساکار... بەڵکو لە هەنگاونان دایە بۆ ئەوەی بچێتە دیوی ناوەوە و لە قووڵاییدا رووی یەکەم و راستی مرۆڤ پیشانی مرۆڤی خۆی بدات. ئەدیب و شاعیر بەلای ئێمەوە هەرگیز ئەوانە نین کە دوای سۆزی عاتیفە و زەوقی خەڵکی بکەون و بەپێی ئارەزووی ساکارانەی ئەوان کار بکەن و بنووسن... بەڵکو ئەوانەن کە هۆشمەندانە فێری راستییان ئەکەن و ئەو ئەرکانەیان بۆ دیاری ئەکەن کە پێویستە بیگرنە ئەستۆ لە راچەنین و چوونە پێشەوەیاندا»[٦٥] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم شاعیر و نووسەرانە رازی نین بەوەی ئەرکی شیعر تەنها بە وێنەگرتنی ئەو واقیعە ببەستنەوە کە هەیە و بەو شێوەیەی پیشان بدەن کە خەڵک دەیانەوێ بیبینن، بەڵکو دەبێ بەپێی پێویستییەکانی بارودۆخی ئەو سەردەمە شاعیر ئەرکی راستەقینەی خۆی لە گۆڕینی ئەو واقیعە سەختەدا ببینێت کە رووبەڕووی میللەتەکەی بۆتەوە بۆیە (جەلال میرزا کەریم) وەک یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی دەستەی روانگە لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنە لە سەرەتادا رۆڵی ئەو شاعیر و ئەدیبانە بەوە دیار دەکات کە «... ئەم ئەدیبانە تا چ رادەیەک ئەتوانن ئەو خەڵکە رەش و رووتە بهێننە بزواندن و وشە و وتەکانیان بکەنە چەک و بیدەنە دەستیان بۆ بەکارهێنانی لە کۆڕی جەنگی ژیان و مردندا».[٦٦] ئینجا لە دواییدا ئەوە دەردەخات کە ئەو رۆڵە کاریگەرە بەستراوەتەوە بەبارودۆخی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە بۆیە هۆی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی «هەتا گەرداوی ئەو دەریا پڕ لە ئاژاوە و ئاڵۆزە و ساختەکاری و خۆ بەزل دانان و کاڵ و بێ تامانە بە تیژی ببڕێت کە ئەدەبی ئەم سەردەمەمان خەریکە تیایا بخنکێ و دوا هەناسەی بدات... بەو نیازە دەرچوو کە ئەو گەرداوە ببڕێت و لە روانگەی تێگەیشتن و بیرێکی نوێی پێشکەوتووەوە بۆ جیهان و مرۆڤ و ئەدەب ئاسۆی شارستانییەتێکی نوێ بهێنێتە کایەوە».[٦٧] ئەمەش ئەرکی شیعر بەوە دیار دەکات کە بتوانێت رووبەڕووی واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەی ببێتەوە و وەک چەکێکی کاریگەر رۆڵی خۆی لە گۆڕین و بەرەو پێشچوونی ژیانی سەردەمەکەی بگێڕێت بۆ بنیاتنانی ژیانێکی چاکتر و لەبارتر. هەر سەبارەت بە بنیاتنانی ئەو ژیانەی کە

٦٥- پاشماوەی کۆڕێکی ئەدەبی روانگە خوازەکان، ڕ: هاوکاری، ژ: ٧، ٢٧- ٢- ١٩٧١، ل ٣ .
٦٦- ئەوانەی لە بانگەوازەکە ناگەن، جلال میرزا کەریم، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٥، ٢٧-٦- ١٩٧٠، ل٤ .
٦٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤ .

پێویستە هەبێت لەلایەن (شێرکۆ بێکەس)ەوە بەو نموونەیە دانراوە کە خەونی نووسەر و شاعیرانی ئەو سەردەمەی نواندووە بۆیە لەبارەی ئەرکی ئەدەبی سەردەمە نوێیەکەیانەوە دەڵێ: «ئەدەبی تازە هونەرمەندی ئەمڕۆ، ئەو دنیایە بنیات ئەنێتەوە کە خۆی بڕوای پێیەتی و لە خەیاڵیایە، نەک ئەو دنیایەی تیا ئەژی و بەردەوام ئەیەوێ... بەجێی بهێڵێ و سنوورەکانی بشکێنی، ئەو دنیایەی ئەم ڕەفزی ئەکات لەبەر ئەوەی تەواو نییە، لەبەر ئەوەی پیس کراوە، لەبەر ئەوەی ئەیەوێ پاکی بکاتەوە، بیگەیێنێتە ئاستی ئەو (میسالەی) خەوی پێوە ئەبینی...»[٦٨] دیارە ئەمەش تەئکید لەسەر ڕاستییەکی گرنگ دەکات ئەویش ئەوەیە کە شاعیر و نووسەرانی ڕوانگە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەی ورد تەماشای ژیانی سەردەمەکەیان کردووە و لە ئاستی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی میللەتی کورد و ئەو واقیعەی کە هەبوو هەستیان بە لێپرسینەوە کردووە و گۆڕینی ئەو بارودۆخە نالەبارەی میللەتەکەیان تیادا دەژیا بە ئەرکی سەرشانی خۆیان داناوە، واتە ئەرکی سەرەکی خۆیان بە گۆڕینی واقیعە هەبووەکە و بنیاتنانی واقیعێکی تازە دادەنا.

دوای ئەمەش تەئکیدکردن لەسەر ئەرکی ئەدەب لە گۆڕین و چاککردنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگا و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی چاکتر لای شاعیر و ڕەخنەگرانی کورد هەر بەردەوام دەبێت و دەبینرێت.

لەبەرچاو گرتنی ئەرکی ئەدەب لە ڕێبەرایەتی کردنی خەڵکی چەوساوە و دیارکردنی ڕێگای ڕاست و یارمەتیدانیان بۆ چاککردنی بارودۆخی ژیانیان لای (دڵشاد عەلی) کاتێک دەردەکەویت کە دەڵێ: «لەگەڵ ئەمەشدا بێ گومانە کە بەرهەمەکە هەموو کاتێ ئەبێ لە خزمەتی مرۆڤی چەوساوەدا بێت و مەشخەڵێک بێت ڕێگای ڕاستی ڕووناک بکاتەوە و پێشەنگی کۆمەڵ بێت و لەناو جەرگەی گەلەوە هەڵقوڵابێت و لە پێناوی جەماوەر دابێت».[٦٩]

هەروەها (کمال میراودەلی) دوای ئەوەی ئەدەب و هونەر بەبەشێک لە سەرخانی کۆمەڵ دادەنێت و کاریگەری ئەو گۆڕانە دیاردەکات کە لە ژێرخاندا ڕوودەدات و کار دەکاتە سەر

٦٨- ڕوانگەو... کوێرە ڕەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی سێیەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦- ٨- ١٩٧٢، ل٣ .

٦٩- کاتێ لەبەرهەمی ئەدەبی ناگەین، دڵشاد عەلی، گ: ئاسۆی زانکۆیی (فاق جامعیة)، ژ: ٥، ساڵی یەکەم، ئازار ١٩٧٨، ل ٨٩ .



هونەر و ئەدەب، دێتە سەر دیارکردنی ڕۆڵی شاعیر و نووسەرانی کورد لە ژیانی کۆمەڵگاکەیان و جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ واقیعی سەردەمەکەیان و ئەرکی ئەدەب بەپێی پێویستییەکانی ئەو قۆناغە بە هۆیەکی کاریگەری گۆڕینی ئەو واقیعە دادەنێت کاتێک دەڵێ: «ئەوەی گومانی لێ ناکرێ ئەو ڕاستییەیە کە ئەدەب و هونەریش چەکێکی کاریگەرن لە چەکەکانی خەباتی میللەت بۆ ئازادی و بەختەوەری و بەهیچ چەشنێک لە جۆرەکانی دیکەی خەباتی سیاسی جیاناکرێتەوە، بە تایبەتی لە قۆناغێکدا، وەک قۆناغی ئەمڕۆی بزووتنەوەی نیشتیمانیمان».[٧٠] ئینجا مەبەستی خۆی زیاتر ڕوون دەکاتەوە کاتێک درێژە بە قسەکانی دەدا و بیروڕای خۆی لەبارەی ئەرکی ئەدەب لە گۆڕینی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگا و بنیاتنانی ژیانێکی چاکتر دەردەبڕێت و دەڵێ: «جا لەبەر ئەمە دەبێ دەوری ئەدەب و هونەری ئەمڕۆمان ڕوونکردنەوەی ڕێبازی خەباتی گەل و هوشیارکردنەوەی چینەکانی و هاندەریان بێت بۆ هاتنە مەیدانی کۆشش و فیداکاری لە پێناوی ئامانجەکانیان. بەواتایەکی تر، ئەرکی یەکەمی سەرشانی ئەدەب و هونەر دروست کردنی هوشیاری، واتە- وعی-یە لەلای جەماوەر».[٧١] ئینجا کە ئەرکی ئەدەبی بە گۆڕینی باری ژیانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دیار دەکات ئەمە دەبەستێتەوە بەو هۆشیارییەی لای جەماوەر دروست دەبێت بۆیە دەڵێ: «مەبەستیشم لە (هۆشیاری) ئەوەیە، کە هەموو جەماوەرانی میللەت لە واقیعی خۆیان ئاگاداربن و تێ بگەن، بەپێی پێویستییەکانی ئەو واقیعە هەست بە لێپرساوی خۆیان و ئەو ئەرکانە بکەن کە دەکەوێتە سەر شانیان لە بینینی دەوری خەبات و قوربانیدان بۆ گۆڕینی باری دواکەوتوویی کۆمەڵ و دروستکردنی ژیانێکی باشتر و خۆشتر و بەختەوەرتر».[٧٢]

هەروەها (هەڤاڵ کوێستانی) تەئکید لەسەر ڕۆڵی کاریگەری شاعیر دەکات بەرامبەر بەو واقیعە سەختەی کە تیایدا دەژی، کاتێک شاعیر هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە دەدات لە ڕێگای دروستکردنی وێنەی واقیعێکی تر، ئەو واقیعەی پێویستە هەبێت و شوێنی واقیعە هەبووەکە بگرێتەوە و ژیانی کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بباتە قۆناغێکی چاکتر و لەبارتر بۆیە کە دێ باس لە ئەرکی شیعر دەکات دەبینێ ئەو ئەرکە دوو ڕووی هەیە

٧٠- چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، ل ٦٢ .

٧١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢ .

٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢ و ٦٣ .

رووێکی سەلبی و رووەکەی تری ئیجابییە، جا بەپێی بۆچوونی خۆی ئەرکە سەلبییەکەی شیعر بەوە دادەنێت کە «شیعر بەو وزە ئەفسووناوییەی هەیەتی، خوێنەر دەخاتە ناو مەداری خەون و خەیاڵ و ئەزموونی شاعیرەوە و بۆ ساتێکیش بێ لە واقیعی هەست پێکراوی غافل دەکا و دەیخاتە ناو دنیای خەیاڵی پڕ سۆز و مۆسیقا و وێنەی شیعری خۆیەوە... ئەمە نیوەی فەرمانی شیعرە کە فرمانە سلبییەکەیەتی» [٧٣] ئینجا لە بارەی ئەرکە ئیجابییەکەوە دەڵێ: «نیوەکەی تری کە گرنگ و ئیجابییە، هەوڵدانە بۆ گۆڕین، واتە بردنی خوێنەر لە دنیای واقیعی سلبییەوە بۆ دنیای خەیاڵی ئیجابی...» [٧٤] چونکە کێشانی وێنەی ئەو واقیعەی کە پێویستە هەبێت و نموونەی ژیانێکی چاکتر دەنوێنێت لەو ژیانەی کە هەیە ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت «خوێنەر کاتێک لە خوێندنەوەی شیعرەکە دەبێتەوە، هەست دەکا، توانای ئەو گۆڕینەی لا دروست بووە، بۆیە خۆی بۆ گۆڕینەکە ئامادە دەکات، گۆڕینی واقع بەو واقعەی شیعرەکە بۆی دەخوڵقێنێ...» [٧٥]

جاری وا هەیە بارودۆخێکی تایبەتی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی میللەت دەبێتە هۆی ئەوەی بارگرانی بخرێتە سەر شیعر و داوای بەجێهێنانی چەند ئەرکێکی لێ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی باری شڵەژاو و نالەباری لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئەو میللەتە لەو قۆناغە دیاریکراوەدا ئینجا گۆڕانی ئەو ئەرکە بەپێی گۆڕانی ژیانی میللەتەکە لە قۆناغێکی تردا. (محەمەدی مەلا کەریم) لەم رووەوە بە وردی بیروڕای خۆی لەبارەی ئەرکی شیعری کوردی دیار دەکات کاتێک دەیبەستێتەوە بەو بارودۆخەی بەسەر ژیانی میللەتی کورددا هاتووە و بۆتە هۆی ئەوەی لە ئەنجامی هەستکردنی شاعیران بە لێپرسینەوە بەرامبەر بەو بارودۆخە تایبەتییەی بەسەر ژیانی میللەتی کورددا هاتووە ئەرکی ئەوتۆ بخەنە ئەستۆی شیعر کە لە بنچینەدا و لە بارودۆخێکی ئاسایی ژیاندا ئەرکی ئەو نین بەڵام پێویستییەکانی ژیانی سەردەمەکەیان لەو قۆناغە تایبەتییەدا ناچاری کردوون بیخەنە ئەستۆی شیعر بۆیە لەم رووەوە دەڵێ: «لە کوردستان و وڵاتە پاشکەوتووەکانی وەک کوردستاندا، باری پاشکەوتووی کۆمەڵ ئەرکی ئەوتۆی خستووەتە سەرشانی شیعر، خەڵکەکەش وایان لێ هاتووە وا ئەزانن لە راستیدا شیعر بۆ

٧٣- ئێستای شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری، هەڤاڵ کوێستانی، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٤٣ .

٧٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣ .

٧٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣ .



بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانە داهاتووە، کە واش نییە. ئەگەر کۆمەڵ بە رۆژی بەختەوەری خۆی گەیشتبوایە، شیعرەکە بۆ ئەوە دانراوە یەکێکی وەک مەولەوی بیلێ کە ئەزانێ چۆنی ئەڵێ، بۆ بابەتی وا بوترێ کە هەرگیزا و هەرگیز مردن بەخۆیەوە نەبینێ» [٧٦] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێ ئەرک هەن شیعر بە شێوەیەکی کاتی بەپێی پێویستییەکانی قۆناغەکە دەیانگرێتە ئەستۆی خۆی، واتە بارودۆخی ژیانی قۆناغەکە شاعیر ناچار دەکات شیعر بەهۆیەک دابنێت بۆ چاککردنی باری نالەباری لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگاکە، چونکە ئەگەر وا نەبوایە شیعر تەنها بەئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی هەڵدەستا و «لە هەموو کایەیەکدا نە ئەبوو بە کەوچک و لە هەموو دیزەیەکدا نە ئەبوو بە ئەسکوێ... مەلای مزگەوت نەی ئەکرد بەهۆی فێرە تارەت گرتن وە دەسنوێژ شتن و نوێژکردنی خەڵکی نەخوێندەوار و منالّی قوتابخانە... خاوەنی (ئەحمەدی) و خاوەن ئەحمەدییەکانی تر نەیان ئەکرد بەفەرهەنگ بۆ زمانی بێگانە بەمنالاّن فێرکردن... سیاسییەکانی نەیان ئەکرد بەچەکی ورووژاندنی خەڵک بۆ خەبات لە دژی داگیرکەران و خوێنمژان... رۆژنامەنووسە شۆڕشگێڕەکان جێگای سەروتاری رۆژنامە و گۆڤارەکانیان پێ رەش نەئەکردەوە... رەشە خەڵکەکەش نەئەهاتن تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتی خۆیانی پێ داڕێژن... ئەمە هیچی لە بنەڕەتا ئەرکی سەرشانی شیعر نییە گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی یا خستوویانە ئەستۆی» . [٧٧] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی شیعر لەم بوارانەدا لەلایەن ئەو هەموو کەسانەوە بۆ ئەو مەبەستە جۆربەجۆرانە تەنها بەیەک شت بەستراوەتەوە ئەویش ئەو بارودۆخەیە کە رووبەڕووی میللەت دەبێتەوە لەو قۆناغە دیاریکراوەدا، دیارە ئەمەش بەڵگەی سەلماندنی ئەو پەیوەندییە پتەوەیە کە شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە و پاڵ بەشاعیرانەوە دەنێت بەپێی پێویستییەکانی ئەو قۆناغە ئەو ئەرکە دیاریکراوە بەجێبهێنێت کە ژیانی ئەو قۆناغە بەسەریدا دەسەپێنێت، بۆیە دوورخستنەوەی شیعر لەو ئەرکانە ئەگەرچی بە ئەرکی بنەڕەتی شیعریش دانانێت پەسەند ناکات، بەڵکو بە پێویستییەکی گرنگی قۆناغە مێژوویەکەی ژیانی میللەتی دادەنێت کاتێک دەڵێ: «شیعری کوردی کە لەبەر ناچاری هێنرایە ئەم مەیدانانەوە، پیاوانە لە هەقی ئەم ئەرکە تازەیەش هات و تا سەردەمێکی درەنگی لەمەولاش ئەم دەورە هەر ئەبینێ و، هەڵە و

٧٦- دیوانی بێکەس، محمدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٠، ل ١٢

٧٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣ .

تاوانە بمانەوێ ئەکتەریی ئەم شانۆ نامەیەی لێ بسەنینەوە». [٧٨] ئینجا گۆڕانی ئەرکی شیعر بەپێی گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵگا و هەنگاونانی بۆ قۆناغێکی تر بەوە دیار دەکات «ئەو کاتە شیعریش ئەو مەیدانانە بەجێ دێڵێ کە لە بنەڕەتدا هی ئەو نین... ئەچێتەوە ناو باخچە و گوڵزاری خۆی و، لە پشت پەردەی ناسک و پەنجەرەی شووشەبەندی رەنگاورەنگدا دائەنیشێتەوە چاوە تاتکێ لەگەڵ دڵدارەکانی ئەکا... شیعرمان ئەبێ بە شیعرێکی تر غەیری ئەوەی ئێستا زۆربەی ناوچەی شیعری داگرتووە... لە ناسکی شیعری مەولەوی و بێسارانی و کوردی و گۆران و هەردی و هەموو شاعیرە هونەرمەندەکانی ترمانا ئەبێ و، مەسەلەی پێوەندی نێوان کاری هونەری و خزمەتی کاروباری رۆژانەی کۆمەڵ ئەکەوێتە ناوچوارچێوەی راستەقینەی خۆیەوە». [٧٩] واتە شاعیر دوای ئەوەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگاکەی چاک دەبێت ناچار نابێت تەنها ناوەڕۆکی شیعرەکە لەبەرچاو بگرێت و بایەخ بە گەیاندنی مەبەستەکەی بدات، بەڵکو بایەخ بە هەردوو لای شیعرەکە دەدات و هەوڵی ئەوە دەدات ناوەڕۆکێکی بەپێز بخاتە چوارچێوەی قالبێکی هونەری بەرز و جوان، بۆیە لەم روانگەیەوە باس لە سادەیی شیعرەکانی (بێکەس) دەکات و دەڵێ: «بێ کەس شاعیرێکە شیعر چەکی دەستی بووە لە خەباتدا، جا بۆیە ئەگەر سادەیی و رەوانی و بێ وێنەییەکی زەقمان تێکرا لە شیعری بێکەسدا بێتە بەرچاو، نابێ گلەیی لە بێکەس خۆی بکەین بۆ وا شیعری لە خاسیەتە بنەڕەتییەکانی داماڵیوە؟ رووی دەمی گلەیی ئەبێ بکرێتە ئەو بار و چەرخە ستەمکارە کە بێکەسی ناچار کردووە لە پێناوی وریاکردنەوەی گەلدا واز لەگەلێ رووی هونەری شیعر بێنێ و شیعری سادە و سووک و ئاسان دابڕێژێت تا خەڵکی پێ وشیارکاتەوە». [٨٠] ئەگەرچی نووسەر ئەم کارەی (بێکەس) لە چوارچێوەی خۆبەستنەوەی بە قۆناغە مێژووییەکەی ژیانی میللەتی کورد بەکارێکی پەسەند دادەنێت و ئەو پەیامەی شاعیر بە پەیامێکی پیرۆز لەقەڵەم دەدات، بەڵام هەڵوێستی رەخنەگرانەی خۆی لەبارەی گرنگی بایەخدانی شاعیر بەلایەنە هونەرییەکەی شیعر لەپاڵ ناوەڕۆکەکە کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «بەختی بێکەس لەمەدا لەوە ئەچێ وێنە کێشێکی بەناوبانگ ناچاری ئەوە ببێ دەرزی ئەلف و بێ بە منالان بلێ. بێ گومان ئەرکی ئەلف و بێ وتنەوە بە منالان ئەرکێکی ئێجگار پیرۆزە،

٧٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤ .

٧٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥ .

٨٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢ .



بەڵام دیارە لەبارەی شارستانیەتییەوە بۆشایی ئەوە پڕ ناکاتەوە کە هونەرمەندێکی باڵای وێنەکێشان لەدەست بچێ». [٨١]

هەروەها (حەمە سەعید حەسەن) تەئکید لەسەر ئەو راستییە دەکات کە شیعری کوردی بەهۆی بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی میللەتی کورد زیاد لە پێویست بارگرانی خراوەتە سەر و زیاتر مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکەکەی لەبەرچاو گرتووە لەبەر ئەوە لە رووی هونەرییەوە زیانی پێ گەیشتووە بۆیە لەم رووەوە کە باسی شیعری کوردی دەکات دەڵێ: «بەداخەوە کورد لە هەلومەرجێکدا دەژی کە شاعیرەکانی ناچار دەبن گەلێ ئەرکی سەخت بە شیعر بسپێرن، ئەگەرچی ئەرکی شیعر نین، ئەمەیش کەم و زۆر لە بەهای جوانی شیعر دێنێتە خوارەوە». [٨٢] ئەمەش تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو مەبەستەی دەیەوێ لە ناوەڕۆکی شیعرەکەی بیگەیەنێت سەرباری ئەوەی بەشێکیان هەر لە بنچینەدا ئەرکی شیعر نین و پێویستییەکانی سەردەم بەسەر شیعریدا سەپاندووە و ئەمەش وەک سەرئەنجام کارێکی خراپ دەکاتە سەر شیعر و زیان بەلایەنە هونەرییەکەی دەگەیەنێت. بەڵام ئەمە راستییەکی گرنگ دەخاتە روو ئەویش ئەوەیە کە شاعیرانی کورد لەهەر سەردەمێکدا بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەیان لەبەرچاو گرتووە و بەدەنگ ئەو پێویستییانەوە هاتوون کە لە هەر قۆناغێکی ژیانی میللەتەکەیاندا دروست بووە و ئەمەش هەر خۆی لەخۆیدا ئەو پەیوەندییە پتەوە دیار دەکات کە شاعیری بە ژیانی نەتەوەکەی بەستۆتەوە و رادەی ئیلتیزام کردن و هەست بە لێپرسینەوە کردنی شاعیرانی کوردمان بەرامبەر بەمەسەلە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیانی میللەتی کورد بۆ دیار دەکات.

بەڵام بۆ ئەوەی چەمکی ئیلتیزاممان لای شاعیر و رەخنەگرانی کورد زیاتر بۆ روون بێتەوە، پێویستە بزانین مەبەستیان لە ئیلتیزام چی بووە و بەچ مانایەک بەکاریان هێناوە.

چەمکی ئیلتیزام لای (ئەنوەر قادر جاف) بەستراوەتەوە بەڕۆڵی شاعیر لە گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگا و پێشخستن و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی چاکتر بۆیە دوای ئەوەی لە رایەکی گشتیدا بە شێوەیەکی موتلەق تەئکید لەسەر بوونی ئیلتیزام دەکات لای هەموو کەسێک، بۆچوونی تایبەتی خۆی لەبارەی چەمکی ئیلتیزام دیار دەکات

٨١- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢ .

٨٢- سەبارەت شیعری هارچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ئەدەبی دیکە، حەمە سەعید حەسەن، چاپخانەی ئاپیک، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢، ل ١٣٨ .

و دەڵێ: «بەڵام لای من (ئیلتیزام) چەند وشەیەکی سواوی وشکی سیاسی نییە... ئیلتیزام نەبووە و ناشبێ بەئەدەبی پڕوپاگەندە و دروشمی سەر دیوار، هەروەک پڕ بەدڵ لە ناخەوە دژی ئەفەنییە مەستەکانی ناو سالۆن و تەلارە عاجییەکانم، لام وایە ئەدەب ئەبێ چەکێکی کاریگەر بێ و هاوبەش بی لە گۆڕینی ژیانا...»[٨٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیلتیزام و پەیمانداری شاعیر کاتێک دەردەکەوێت کە شاعیر بەکردەوە- نەک بەقسەی رووت- هەست بە لێپرسینەوە کردنی خۆی بەرامبەر بە رووداوەکانی ژیانی سەردەمەکەی بنوێنێت و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگا و بنیاتنانی واقیعێکی تازە دەکات لە ژیانی نەتەوەکەیدا.

ئەو هوشیارییەی کە شاعیر لە مرۆڤە ئاساییەکان جیا دەکاتەوە لای (ئەنوەر شاکەلی) وا لە شاعیر دەکات زیاتر هەست بە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەی بکات و ببێتە هۆی خۆبەستنەوەی بەمەسەلە گرنگەکانی ژیانی نەتەوەکەی بۆیە لەبارەی چۆنیەتی پەیدابوونی ئیلتیزام لای شاعیر دەڵێ: «نووسەر وەکو مرۆڤێ (مرۆڤێکی هۆشیار) ناتوانێ بەرامبەر بەو باری خۆی وڵات و جیهانی پیا تێپەڕ ئەبێ بەبێ لایەنی بوەستێ، ناچار بەرامبەر رووداوەکان هەڵوێستی تایبەتی خۆی کە لە ئەنجامی بەراوردکردن و لێکدانەوەدا پەیدا ئەبێ بێگومان ئامادەشە بەهەموو جۆرێک بەرگری لە هەڵوێستەکەی بکات... لێرەدا ئیلتیزام پەیدا ئەبێ...»[٨٤] ئەمەش کارتێکردنی رووداوەکانی سەردەم لەسەر شاعیر دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە شاعیری مولتەزیم ناتوانێت بەرامبەر بەباروودۆخی ژیانی سەردەمەکەی دووره پەرێز بوەستێت.

٨٣- شیعر لە بەشی کوردیدا، ئامادەکردنی، ئەرسەلان بایز، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٤٤، ١- ١٢- ١٩٧٢، ل ٣ .

٨٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣ .



### - ئیلتیزام لە خۆبەستنەوە بەمەسەلەی نەتەوایەتی بۆ مەسەلەی مرۆڤایەتی

مەسەلەی ئیلتیزام لای شاعیر و رەخنەگرانی کورد زۆرجار خۆی لە رادەی خۆبەستنەوەی شاعیر بە ژیانی نەتەوەکەیەوە دەردەکەوێت، واتە لە روانگەیەکی نەتەوایەتییەوە تەماشای شیعر کراوە و لەم رووەوە دەبینین زۆربەی بیروڕاکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە شاعیر و نووسەرانی کورد پێویستە پێش ئەوەی روو بکەنە باسکردنی ئێش و ئازاری ژیانی میللەتانی تر، ئاوڕ لە میللەتی خۆیان بدەنەوە و لە گیروگرفتی خەڵکەکە بگەن و هەست بە ئێش و ئازاریان بکەن، واتە پێش هەموو شتێک ژیانی نەتەوەی خۆیان بکەنە سەرچاوەی شیعرەکانیان بۆیە لەم رووەوە (موحەڕەم موحەمەد ئەمین) دوای ئەوەی ئەوە دەردەخات کە شیعر و ئەدەبیات پێویستە باوەڕیان بە نوێبوونەوە بێت دێتە سەر ئەو سەرچاوەیەی ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنێت و دەڵێ: «... وەسەرەڕای ئەوەش نابێ ئەو کانگە گەوهەریەش (جەوهەری)مان لەبیر بچێ کە وێژەی خۆمانی لێ هەڵ ئەهێنجین کە نیشتیمانەکەمانە کە تیا ئەژین. تێکەڵبوونی وێژەوان لەگەڵ نەتەوەکەیا و پەیداکردنی شارەزایی لە ژیانی خەڵکی بە راستی و هەستێکی قووڵ تەنها ئەوەیە کە لە نووسینەکانیدا وێژەیەکی زیندوو پەیدا بکا... کەوابوو وێژەوانەکانمان ئەبێ کۆشش بکەن بۆ وێژەیەکی تازە کە ژیانی کوردەوارێتی تیا بنوێنێ لە هەموو روویەکیەوە».[٨٥] ئەمەش بە ئاشکرا پەیامی شاعیری نوێ دیاردەکات لە رووی ئاوڕدانەوە و گرنگیدانی بە ژیانی نەتەوەکەی خۆی.

هەروەها (کەمال میراودەلی) ئیلتیزام بوونی شاعیر و نووسەرانی کورد بەژیانی نەتەوەکەیان بەوە دیار دەکات «مەبەستی ئەدەب و هونەر لە عەکس کردنەوەی واقیعدا نابێ- سەلبی بێ، واتە تەنها لە پێناوی وشە ریزکردن دابێ، بەڵکو دەبێ ئیجابی بێ، واتە واقیع عەکس بکاتەوە و بەرەو پێش پاڵی نێ و بیگۆڕێ».[٨٦] ئینجا بەهۆی هەستکردنی بەسەختی باری ژیانی چینی چەوساوەی کورد، وە بەتایبەتی لە گوندەکاندا، دەربڕینی ژیانی پڕ لە ئێش و ئازاری ئەو چینە بە ئەرکی سەر شانی شاعیر دادەنێت و دەڵێ: «ئەو واقیعەی کە پێویستە ئەمڕۆ ئەدەب و هونەری کوردیمان عەکسی بکاتەوە،

٨٥- پەیام «رسالە»ی وێژەوانی کورد، محرم محمد امین، گ: هەتاو، ژ: ٩٥، ساڵی ٣، ٣٠ نیسانی ١٩٥٧، ل ١٥ .

٨٦- چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، ل ٦٧ .

بەمەبەستی گۆڕین و پێشخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەنجدەری کوردستانە لە دێهاتەکاندا». [87] هەروەها (ڕەحیم لوقمانی) لەڕووی هەمان بۆچوونەوە ژیانی نەتەوە بەسەرچاوەی شیعر دادەنێت و دەڵێ: «هەر شیعرێک لە نەتەوەکەی دوورەپەرێز بێ لە زمانی نیاز و خواستیان بێ ئاگا بێ لە کانگای تەبیعی خۆیەوە هەڵناقوڵێ». [88]

هەرچی (هەردی)یە ئەوا دوای ئەوەی گلەیی لە شاعیرانی کورد دەکات کە لە ئاست ئەو کارەسات و ڕووداوە گەورانەدا نەبوون کە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە دێتە سەر دیارکردنی ئەو سەرچاوەیەی پێویستە ناوەڕۆکی شیعر پێک بهێنێت و دەڵێ: «لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە جگە لەوەی تا ئێستا شاعیرانی کورد لە ئاستی گەورەیی و سەختی ئەو کارەساتانەدا نەبوون کە لەم دواییانەدا بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون. هەروەها لایەنێکی گرنگیان فەرامۆش کردووە کە بەبیروڕای من پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەک هەیە ئەویش بریتییە لە مێژووی نەتەوەکەمان. مێژووی کورد پڕە لە قارەمانیەتی و لایەنی پرشنگدار کە ئەکرێ هەریەکە لەوانە بکرێت بە هەوێنی داستانێک». [89] بەپێی ئەم رایە شیعری کوردی نە توانیویەتی، بەپێی پێویست، سوود لەو ڕووداوە مێژوویانە وەربگرێت کە باسی ژیانی رابردووی پڕ لە کارەساتی میللەتی کورد دەکات و نەتوانیویەتیش سوود لەو ڕووداوانە وەربگرێت کە لە ژیانی سەردەمەکەی خۆیدا ڕووبەڕووی میللەتی کورد بوونەتەوە. بەڵام دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێین کە ئەم رایە ئەگەر تا رادەیەکیش راست بێ و لەگەڵی دابین کە ئەو کارەساتە گەورانەی لەم دواییەدا بەسەر ژیانی میللەتی کورد داهات ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە شیعری کوردیدا نەبوو کە لە ئاست سەختی و گەورەیی ئەو ڕووداوانەدا بێ، بەڵام لەهەمان کاتدا راستییەکی گرنگ هەیە نابێ فەرامۆش بکرێت ئەویش ئەوەیە کە شاعیرانی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوەکەیاندا بەرامبەر بەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە بێ دەنگ نەبوونە بگرە بە جوانترین شێوە تەعبیریان لە چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی میللەتەکەیان کردووە و سەختی و نالەباری ژیانی سەردەمەکەیان پیشان داوە هەروەک لە شیعرە سیاسی و

87- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧ .

88- ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر- ٢-، ڕەحیم لوقمانی، گ: سروە، ژ: ٦٣، ساڵی حەوتەم، ڕەزبەری ١٣٧٠ (١٩٨٢ز)، ل ١٢ .

89- هەردی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ١٦، پاییزی ١٩٨٩، ل ٧٨ .



نیشتیمانییە کوردییەکاندا دەبینرێ. بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگ بێ ئەوەیە کە (هەردی) لە ڕێگای ئەم بیروڕایانەیدا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە کە شاعیر پێویستە ڕووداوەکانی ژیانی سەردەمی نەتەوەکەی بکاتە سەرچاوەی شیعرەکانی کە ئەمەش ڕۆڵی شاعیر لە ژیانی نەتەوەکەی دیار دەکات و رادەی هەست بە لێپرسینەوە کردن و پەیامداری شاعیر دیار دەکات.

هەروەها (شێرکۆ بێکەس) لە ڕووی هەمان بۆچوونەوە ئەرکی شیعری نوێی کوردی بەوە دیار دەکات کە پێویستە لە ژیانی نەتەوەی کوردەوە دەست پێ بکات و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و ئێش و ئازارەکانی خەڵک بکاتە هەوێنی سەرچاوەی شیعرەکانی بۆیە ئەرکی سەرەکی بەوە دیار دەکات کە «... لە چاوی کوردایەتییەوە تەماشای چاوی مرۆڤایەتیمان پێ بکات، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی خێرایی ئەم سەدەیەدا شان بەشان بمان بات، بەدەست تێکەڵاو کردنی (تەقلیدەوە) نا بەڵام بە کارتێکردنی پێشکەوتنی شیعری تازەی ئەدەبی وڵاتانی پێشکەوتووەوە... لە ئاشنایەتییەکی بەردەوام دابێ». [90]

ئەم بیروڕایانە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە ئیلتیزامی شاعیری کورد لە خۆبەستنەوەی بە ژیانی نەتەوەکەی و لەبەرچاو گرتنی پێویستییەکانی ئەو قۆناغەوە دێت کە نەتەوەکەی تیادا دەژی بۆیە وایان بەپێویست زانیوە کە شاعیر دوای شۆڕبوونەوەی بەناخی واقیعی ژیانی میللەتی خۆی و هەستکردنی بە ئێش و ئازاری نەتەوەکەی خۆی ئینجا ڕوو بکاتە میللەتانی تر و ئێش و ئازارەکانی ئەوان پیشان بدات. ئەمەش سەرنجمان بۆ مەسەلەیەکی گرنگ رادەکێشێت ئەویش ئەوەیە کە شاعیر و ڕەخنەگرانی کورد لە کاتێکدا داوای ئەوەیان کردووە لە روانگەی ئێش و ئازارەکانی نەتەوەی کوردەوە بڕواننە ئێش و ئازاری نەتەوەکانی تر وەنەبێ ئەم بیروڕایە لە روانگەیەکی نەتەوەپەرستی تەسکەوە هاتبێت، بەڵکو پێویستی بارودۆخەکە وای کردووە ئەوە بە پێویست بزانرێت کە لەسەرەتادا ڕووبکەنە ژیانی میللەتی خۆیان ئینجا بەرەو میللەتانی تر بچن، چونکە لە هیچ شوێنێک و لای هیچ شاعیر و ڕەخنەگرێگ وشەیەک نادۆزینەوە دژی میللەتانی تر گوترابێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە هاوهەستی کردن بە ئێش و ئازاری میللەتانی تر و باسکردنی ژیانی پڕ لە چەوساوەیان بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دادەنرێت...

90- لەگەڵ شاعیری لاو شێرکۆ بێکەس، ڕ: هاوکری، ژ: ٢، ١٦-١-١٩٧١، ل ٣

## گۆڕانی پرسیارەکان و پەرەسەندنی مانای ئیلتیزام

هەر بەگشتی کە باسی ئیلتیزام دەکرێ یەکسەر بە مانای ئیلتیزامکردن بەبەرەی گەلەوە دێت، واتە شاعیر هەوڵی ئەوە دەدات ئەوە دەربخات بۆ کێ دەنووسێ، بەڵام هەندێ جار پرسیاری تر شوێنی ئەم پرسیارەی گرتۆتەوە و زیاتر هەوڵی ئەوە دراوە ئەوە دیار بکرێت شاعیر بەچییەوە مولتەزیمە؟.

(سامی شۆڕش) جارێ هەر زوو ئەوە دیار دەکات کە چەمکی ئیلتیزام لای کورد لە خولیای ئەو پرسیارە سەرەتاییەدا دەسووڕێتەوە کە لەبارەی بوون یان نەبوونی ئیلتیزامە «... لە کاتێکا زۆربەی زیندووەکانی جیهانی لەم شێوەی پرسیارە بوونەتەوە و کەوتوونەتە سەر بارە راستەقینەکەی ئیلتیزامەوە کە (ئایا ئیلتیزام بە چییە)وەیە؟»[٩١] ئینجا مەبەستی لە دیارکردنی چەمکی ئیلتیزام لە رێگای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە روون دەکاتەوە کاتێک دەڵێ «... ئەم پرسیارەش لای زۆر کەس وەڵامێکی تەقلیدی وشکی گرتۆتە خۆوە... کە ئەویش (بێگومان... ئیلتیزام بە بەرەی جەماوەر)ە، ئەگەر ئەم وەڵامە تەقلیدییە زیاتر شی بکەینەوە ئەگەینە ئەو راستییەی کە ئەڵێ ئەبێ ئەدیب و شاعیر لە عەقڵیەت و زمان و بیرکردنەوە و جووڵانەوەی ئەم جەماوەرە دوور نەکەوێتەوە! بەڵام کە لە هەندێ لەم جۆرە بیرکردنەوانە دوور ئەبینەوە ئەبینین ساکارییەکی زۆریان پێوە دیارە... چونکە ئەوەیان لەبیر ئەچێتەوە کە (ئەدەبی مولتەزیم) پەیوەندی راستەوخۆی بە (مەسەلەی جەماوەرەکەوە) هەیە نەک جەماوەرەکە خۆی».[٩٢] لێرەدا رۆڵی شاعیر دەردەکەوێ لە تێگەیشتن لە پێویستییەکانی جەماوەرو هەوڵدان بۆ لەبەرچاو گرتنی ئەو پێویستییانە لە قۆناغە جیاجیاکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵگا بۆیە لە رێگای باسکردنی شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)یەوە کە مەبەستی خۆی لەبارەی (مەسەلەی جەماوەر) زیاتر روون دەکاتەوە کاتێک دەڵێ «لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا جەماوەری کوردەواری- بە وشەی درشت- پچڕابوو لە مەسەلەکەی خۆی. بەڵام حاجی قادر لەناو ئەم مەسەلەیەدا ئەسووتاو شیعرە مولتەزیمەکەی خۆی ئەخستە روو. واتە بۆ ئەوەی ئیلتیزامەکەی راستەقینەبێ و لەناخەوە هەڵقوڵێ ئەبوایە (تەجاوزی قۆناغەکەی) خۆی

٩١- شیعر لەبەشی کوردیدا، ئامادەکردنی: ئەرسەلان بایز، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٤٤، ١- ١٢- ١٩٧٢، ل ٣

٩٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣ .



بکا لە کاتێکا (بەرەی جەماوەر)ەکە لەم قۆناغەدا تەقەی سەریان ئەهات!».[٩٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر نابێ حەزو ئارەزووەکانی جەماوەر لەبەرچاو بگرێ و چی بوێ ئەوەی بداتێ بەڵکو بەپێی تێگەیشتنی خۆی ئەو شتەی بداتێ کە پێویستی پێیەو هەوڵ بدات لەسەر بناغەی تێگەیشتن لە واقیعی ژیانی سەردەمەکەی ئەو واقیعە سەخت و نالەبارە تێبپەڕێنی بۆ واقیعێکی لە بارتر و چاکتر، واتە شاعیر دەبێ پێویستییەکانی جەماوەر نەک حەزو ئارەزووە کاتییەکانی لەبەر چاو بگرێت. دیارە هەر لە رووی ئەم بۆچوونەوەش (دڵشاد محەمەد ئەمین مەریوانی) دەڵێ: «دەربارەی مەسەلەی جمهوریش من لام وایە شاعیر پێویستە بزانێت جمهور پێویستی بە چی هەیە ئەوەی بۆ دەرببڕێت، نەک ئەوەی ئەیەوێ، چونکە ئەشێ هەندێ جار جمهور پێویستییەکانی خۆی نەزانێت، لەم حاڵەتەدا نابێ شاعیر دوای جمهور بکەوێ، بەتایبەتی لە هەندێ شتی ساتە وەختیدا کە رەنگە لەلای جمهورەکە پەسەند بێت و چەپڵەی بۆ لێبدات، بەڵام نەک هەر سوودی بۆ نەبێت، بەڵکو رەنگ بێ زیانیشی پێبگەیەنێ، بۆیە پێویستە شاعیر بۆ سوودی جمهورەکەی بنووسێت نەک بەپێی ئارەزووی ئەو»[٩٤] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر دەبێ رێبەری میللەتەکەی بێت و بزانێت پێویستییەکانی چییە و هەوڵی ئەوە بدات بەپێی ئەو پێویستییانە بەدەنگ داواکانییەوە بێت. دیارە هەر لەسەر بناغەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە (د. کامل حەسەن بەسیر) بۆ ئەوە دەچێت کە «هەستیاری پەیامدار نابێ خۆی لە زەلکاوی بارێکی دواکەوتوودا نقوم بکات و، بەگوێرەی قۆناغێکی کاتی خەڵکی وڵات هۆنراوە بنووسێتەوە و بۆ چەپڵەو هەڵپەڕکێ و شایی خوا پێداوەکان تەلی هونەری بخاتە کار. بەڵکو پێویستە لە رادەی هونەری هۆنراوەی رەسەن تۆزقاڵێک نەیەتە خوارەوە و، خەڵکی وڵات بە ناوەڕۆکی بیروباوەڕی و روخساری هونەری رابەری بکات و ئێش و ئازارو ئاواتیان بکا بە سەرچاوەی خورپەو ئیلهامی دەربارەی دوارۆژیان چاو ببڕێتە ئاسۆی واقیع و پێشەواییان بکات».[٩٥]

کەواتە ئەم بیروڕایانە هەموویان لەسەر ئەوە یەک دەگرنەوە کە پێویستە شاعیر

٩٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣ .

٩٤- تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی: کۆڕی شیعری نوێی کوردی، ئامادەکردنی صلاح شوان، بەشی شەشەم، گ: بەیان، ژ: ٨٣، تشرینی یەکەم ١٩٨٢، ل ٩٠ و ٩١ .

٩٥- وێژەی کوردی و رەخنە سازی، د.کامل حەسەن بەسیر، ل ٢٢٠ .

ڕێبەرایەتی جەماوەر بکات و پێویستییەکانیان دیار بکات و لەسەر بناغەی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیەوە لە واقیعی میللەتەکەیەوە ئەو پێویستییانە لەبەر چاوبگرێت، ئینجا هەر لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی وردی ئەو واقیعەوە بڕوانێتە دواڕۆژیان. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیلتیزام بەهیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێت شاعیر خۆی گیرۆدەی حەزو ئارەزووە ساتەوەختییەکانی جەماوەر بکات، بەڵکو ئیلتیزام ئەوەیە پێویستییەکانی جەماوەر لەبەر چاو بگرێت.

هەروەها (شێرکۆ بێکەس) دوای ئەوەی بە شێوەیەکی موتڵەق ئەوە دەردەخات کە هیچ شاعیرێک یان نووسەرێک نییە نامولتەزیم بێت، دێ بۆ دیارکردنی چەمکی ئیلتیزام لە ڕێگای چەند پرسیارێک بیروڕای خۆی لەبارەی ئیلتیزامەوە دەردەبڕێ و دەڵێ «ئێمە هەڵەوگێڕاو تەماشای ئەم مەسەلەیە ناکەین و ناپرسین. (فلاّن ئەدیب مولتەزیمە یان نا؟) بەڵکو ئەپرسین: بە (چییەوە) مولتەزیمە؟ رابەرە بۆ چی؟ ئەیەوێ چی بڵێت؟ لەگەڵ کێ دایە؟ ئایا لە بەرژەوەندی میللەت ئەنووسێت؟ یان زۆرداران و داگیرکەران؟ لەگەڵ ڕەش و ڕووتی میللەتەکەی دایە؟ یان لەگەڵ چەوسێنەرەکانیان؟ ئێمە هەرگیز (ئیلتیزام) لە ئەدەبێکا، بە (بوق) و (ڕاپۆرتی) سیاسی و (جاڕدان) نازانین». [96] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ دیارکردنی چەمکی ئیلتیزام پێویستە ئەوە بزانرێت کە شاعیر ئیلتیزامی هەیە بە شتێکەوە و هەست بە لێپرسینەوە دەکات بەرامبەر بە مەسەلەیەکی دیاریکراو و دەیەوێ لە ڕێگای خۆبەستنەوەی بەو مەسەلەیە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە جەماوەر دیاربکات بۆیە پێ لەسەر ئەو ناوەڕۆکە دادەگرێ کە شاعیر دەری دەبڕێ کاتێک دەڵێ «مەسەلە لەلای ئێمە وا ناکەوێتەوە- بۆ کێ ئەنووسین؟- بەڵکو (دەربارەی چی ئەنووسین؟- لەچی ئەدوێین و چی نیشان ئەدەین و لە بەرژەوەندی کێدایە... دەربارەی پێشمەرگەو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو ڕەش و ڕووت و چەوساوەکان ئەنووسین؟ دەربارەی (حەقیقەتێک) ئەنووسین کە قابیلی کەرتکردن نەبێت لە هیچ شوێنێکدا... بەڵێ مەسەلە لای ئێمە وا ئەکەوێتەوە (دەربارەی چی ئەنووسین؟)». [97]

---

٩٦- روانگەو ...کوێرە ڕەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی شەشەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٤، ١٦- ٩- ١٩٧٢، ل ٣ .

٩٧- روانگە و کوێرە ڕەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی دووەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٠، ١٩-٨- ١٩٧٢، ل ٧ .



ئیلتیزام لای (ڕەفیق سابیر) لەو پەیامەدا دەردەکەوێت کە شاعیر تیایدا باسی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ دەکات، واتە لەو هەڵوێستەدا دەردەکەوێت کە شاعیر بەکردەوە دەینوێنێت نەک بەقسەی زل و دروشمی بریقەدار بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ «بەتێگەیشتنی من ئیلتیزام هوتاف و کۆمەڵە وێنەیەکی فۆتۆگرافی واقیع و مرۆڤ نییە... بەڵکو پێش هەموو شتێک شۆڕبوونەوەی شاعیرە بۆناو ئەو ناکۆکییانەی لەناو چینەکانی گەلدا هەن، کە سەرچاوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ و مێژووە... پیشاندانی ئەو گۆڕانە شۆڕشگێڕییانەیە کە بەسەر کۆمەڵ دادێن... ڕوونکردنەوەی مەودا و ئیحای ئەو بیرومەسەلەیە بۆ خەڵکی، کە شاعیر بڕوای پێیەتی... پێش هەموویان ئیلتیزام ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕییەیە کە شاعیر و نووسەر بەرامبەر بە هەموو کردارێکی چەوت و نا مرۆڤانە دەستنیشانی دەکات» [98]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیری مولتەزیم دەبێ بایەخ بەوە بدات چی دەنووسێت و نووسینەکەی تا چەند سوود بە کۆمەڵ دەگەیەنێت و ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵکەکە دەبێت.

دیارکردنی ئەو پەیامەی شاعیر دەیەوێ بە جەماوەری رابگەیەنێت لای (سەلام محەمەد) بایەخێکی گەورەی هەیە لە ڕوونکردنەوە و دیارکردنی چەمکی ئیلتیزام بۆیە کاتێک ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە کە دەڵێ شاعیر بۆ کێ دەنووسێ، دەڵێ «جا بەلای منەوە مەسەلەکە تەنیا بەوەندە کۆتایی نایەت گەر بڵێین (بۆ گەل ئەنووسین) بەڵکو لەسەرەتاوە پێویستە ئەو شتانە ڕوون کەینەوە کە ئەبنە هۆی نووسین... کەواتە (چی ئەنووسین) باشتر لە وەڵام نزیکمان ئەکاتەوە و لە ناوەڕاستی نیشانەکە ئەدات» [99]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەندەی ئەوە گرنگە شاعیر ئەوە دیار بکات کە لە شیعرەکەیدا چی دەڵێت و گوزارشت لەکام ناوەڕۆک دەکات و چۆن بەدەنگ پێویستییەکانی ژیانی سەردەمەکەیەوە بێت، ئەوەندە گرنگ نییە ئەوە دیار بکات کە سەر بەبەرەی گەلەو بۆ ئەوان دەنووسێت، چونکە جۆری ئیلتیزامی شاعیر تا ڕادەیەکی گەورە بە جۆری ئەو پەیامە بەستراوەتەوە کە شاعیر بە خەڵکی ڕادەگەیەنێت، بۆیە بەپێی بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد شتێکی ئاساییە شاعیر وەک مرۆڤێکی سەر بە واقیعی ژیانی

---

٩٨- وتووێژێکی والاّ دەربارەی ئەمڕۆ و ئەدەب و ژیان، ئەحمەد ڕێبوار، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٨٠، ١٧- ٨- ١٩٧٣، ل ٦ .

٩٩- لە پێناوی ئەدەبێکی ڕەسەندا، سەلام محەمەد، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٠٤، ٨- ٢- ١٩٧٤، ل ٣ .

میللەتەکەی بکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئەو بارودۆخەی میللەتەکەی پیایدا تێدەپەڕێ و نووسینەکەشی رەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەکەی بێت لەبەر ئەوە «نووسەرێکی ئەم سەردەمەی نەتەوەی کورد کە چاو ئەکاتەوە هەست بە چەوساندنەوەی چینایەتی و دوورکەوتنەوە لە شارستانیەتی هاوچەرخ و ونبوونی کۆمەڵ لەناو ئەفسانەدا و بوونی بۆشاییەکی سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی و نەبوونی پرۆگرامێکی گشتی ئەکات، ئیتر ئەبێ چی بنووسێت ئەگەر پەروەردەی هەمان کۆمەڵ بێت و لە ناخی هەمان ئەفسانەو دواکەوتن و نەزانیدا بژین»[١٠٠].

جا لەکاتێکدا لەم رایانەدا کە لە دیارکردنی چەمکی ئیلتیزامدا هەوڵی ئەوەیان داوە لەرێگای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە خولیای ئەوەدا دەسوورێنەوە کە شاعیر بۆ کێ دەنووسێت و چی دەنووسێت ئەوە دیار بکەن کە شاعیری مولتەزیم ئەو کەسەیە کە سەر بەبەرەی گەلەو شتێک دەنووسێت رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی ژیانی پڕ لە چەوسانەوە و ئێش و ئازاری میللەتە، لای (لەتیف هەڵمەت) پرسیارێکی تر سەر هەڵدەدا ئەویش ئەوەیە (شیعر چۆن بنووسرێت؟) و لەرێگای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە ئیلتیزامی شیعری رێگای ئەوە لە شاعیر ناگرێ لەپاڵ بایەخدانی بەو پەیامەی کە دەیەوێ بە خەڵکی رابگەیەنێت، بایەخ بە لایەنە هونەرییەکەش بدات و ئەو ناوەڕۆکە بخاتە چوارچێوەی قاڵبێکی هونەری بەرز، بۆیە دەڵێ «شاعیری مولتەزیم ئەو شاعیرەیە کە لە نووسیندا پەیوەستە بە بیروباوەڕێکی تایبەتیەوە کە خزمەتی بەرەی گەل و جەماوەر بکات بەڵام هەرگیز بۆ هیچ شاعیرێکی مولتەزیم رەوا نییە لایەنی هونەری شیعر لە پێناوی بیروباوەڕەکەیدا بخاتە پشت گوێ... شاعیری مولتەزیمی راستەقینە ئەو شاعیرەیە کە لەنگەری لایەنی هونەری و لایەنی بیروباوەڕی خۆی رادەگرێ و هیچیان ناکاتە قوربانی ئەوی دییان»[١٠١]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر دەبێ بایەخ بە هەردوو لایەنی شیعر بدات، واتە ناوەڕۆک و شێوە هونەرییەکەی.

لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگی شیعر دێتە پێشەوە ئەویش ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعرە، جا لەم رووەوە دەبینین لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە چەند بۆچوونێک دروست بووە و هەر بۆچوونێکیش چەند راستییەکی گرنگمان لەبارەی مەسەلەی ئیلتیزامی شیعرییەوە بۆ

١٠٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣ .

١٠١- لەتیف هەڵمەت، شیعر شکاتنامەی منە، هێرش، ڕ:هاوکاری، ژ:٩١٠، ١- ١٠- ١٩٨٧، ل ٧



دەردەخات، چونکە هەر یەک لەو بۆچوونانە جۆری تێگەیشتنی شاعیر لە ئەرکی شیعر دیار دەکات و لەرێگای ئەمەوە هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر بەو رووداوانە دەردەکەوێت کە لە ژیانی سەردەمەکەیدا روودەدەن. ئەگەر ئەو بۆچوونە وەربگرین کە زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆکی شیعر دەدات و لە شێوە هونەرییەکەی بە گرنگتر دادەنێت، دەبینین زۆر جار ئەمە زیاتر لە بایەخدانی شاعیر بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شیعرەوە هاتووە.

بایەخدانی (عەلائەدین سەجادی) بە ناوەڕۆکی شیعر لەو پێداگرتنەدا دەردەکەوێت کە تیایدا ئەدەب بە بەرزی ماناو مەبەستی شیعرەکەوە دەبەستێتەوە کاتێک دەڵێ «ئەدەبی قەومێک وەکو تەماشای جوانی وشەکەی ئەکرێ تەماشای بەرزی مەعناکەی زۆرتر ئەکرێ. نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەدەب تەنیا مەعنایە چونکە وشە بۆ مەعنایە... گەلێ وشەی وا لە هەموو زمانێکا هەیە لە رواڵەتا سەیر ئەکەی کە پیاو ئەیلێت بە جوان دێتە بەرچاوی بەڵام کە سەیر ئەکەی هیچ مەعنایەک نابەخشێ و بەپڕوپووچ دائەنرێ... شیعر بۆیە پێی ئەڵێن ئەدەب چونکە مەعنای بەرزو خەیاڵی وردی تێدایە، کەوابوو هەرشتێک ئەو بەرزییەی تێدابوو ئەوە ئەدەبە»[١٠٢]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (سەجادی) شێوە هونەرییەکەی شیعری فەرامۆش نەکردووە، بەڵام زیاتر بایەخی بە ناوەڕۆکی شیعرداوە. هۆی ئەمەش هەروەک لە بیروڕاکانیدا دەردەکەوێت بەستراوەتەوە بە جۆری تەماشاکردنی بۆ رۆڵی شاعیر لە دەربڕینی ئەو بابەتانەی گوزارشت لە پێویستییەکانی قۆناغە مێژووییەکەی ژیانی سەردەمی میللەتدا دەکەن، بۆیە لە پوختەی بیروڕاکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شێوەی هونەری دەبێ لە خزمەتکردنی ناوەڕۆکی شیعر دابێت ئەم هەڵوێستەشی کاتێک دەردەکەوێت کە باسی شیعرەکانی (خانی) و شاعیرانی پێش یان دەوری ئەم شاعیرە دەکات و دەڵێ «ئەو شاعیرانە کە لەدەوری ئەحمەدی خانی دا یان لە پێش ئەوەدا بوون، یا شکل پەرست بوون، یا مادە(*) پەرست، ئەوانە یان کە شکل پەرست بوون هێزو پێزێک لە شیعرەکانیانا نییە وەکو گەلێ شاعیری شکل پەرستی تری دوای خۆیان...»[١٠٣]. ئەمەش بەئاشکرا ئەوە دەردەخات کە (سەجادی) لەگەڵ ئەوەدا نییە شاعیر تەنها شێوە هونەرییەکەی شیعر لەبەر چاو بگرێت و تەنها بایەخ بەم لایەنە بدات

١٠٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدين سجادی، ل ١٢٢ و ١٢٣ .

(*) مەبەستی لە (مادە) ناوەڕۆکە.

١٠٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠ .

چونکە شتێکی لەمە گرنگتر هەیە ئەویش جۆری ئەو بابەتەیە کە ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنێت، بۆیە لەبارەی ئەو شاعیرانەوە کە بایەخ بە ناوەڕۆکی شیعر دەدەن دەڵێ «ئەوانەشیان کە مادە پەرست بوون، بەڵێ شیعرەکانیان بۆ فەن و هونەرە:- وەکو وترا- ئەو کە رۆحی ئاڵا بە مادەیەکی تایبەتییەوە ئیتر هەموو عالەمی لێ ئەبێزرێ تەنیا ئەو مادە تایبەتییە نەبێ کە وەکو تیشکی رۆژ لەو تاریکستانیەدا گزنگی بۆ ئەدا بێجگە لەوە شتێکی تر ناناسێ و نایە بەدڵیا کە شتێکی تر هەیە، وەلەبەر ئەوەش کە روحەکەی ئاڵاوە بەو شتەوە ممکن نیە دەست لێ هەڵگرتنی»[١٠٤]. ئینجا بۆ سەلماندنی رایەکەی باسی رەنگدانەوەی مەسەلە نەتەوایەتییەکەی میللەتی کورد لە شیعرەکانی (خانی)دا دیار دەکات و بەرزی شیعرەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیر توانیوبەتی شێوە هونەرییەکەی شیعر بڕەخسێنێت بۆ خزمەتکردنی ناوەڕۆک و دەربڕینی مەبەستە شیعرییەکەی ئەمەش کاتێک دەردەکەوێ کە لە بارەی (ئەحمەدی خانی)یەوە دەڵێ «یەکێکی وەکو ئەحمەدی خانی جارێ شکل پەرست نەبووە. کە مادەشی پەرستووە روحەکەی لە پێش عالەمی لەشەکەیدا ئاڵاوە بە مادەی میللەت و قەومیەتەوە کە لەشەکە بوو بە قەفەزی روحەکەی و کەوتە عالەمی شکل و وێنەوە ئەو سۆزەی عالەمی ئەرواحەی تازە کردەوە. لەبەر ئەوە قابلیەتێکی راستەو راستی تێدا بوو- قابلیەتەکەشی پەیوەند بوونی روحەکەیەتی بەو مادە تایبەتییەوە- کە ئەو جەورو ستەم و کارەساتانەی بینی وەکو لافاوی ئاوێکی لێڵ ئەهات بەسەر خۆی و قەومەکەیا کەوتە ئەو سۆزو گودازەوە کە دەنگەکەی وەکو دەنگی زرنگەی زەنگ لە گوێچکەی نەوە بە نەوەی کورد دا دەنگ ئەداتەوە!... جا لەبەر ئەم شتانە کە باس کرا ئەحمەدی خانی کەوتە بازاڕی شیعرەوە و قاپیەکی دەریای تەبیعەتی بۆ کرایەوە»[١٠٥]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەکاتێکدا (سەجادی) ئەوە دەردەخات کە ئەو بارودۆخە نالەبارەی میللەتی کورد تیایدا دەژیاو ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی (خانی) پێ لەسەر مەبەستە نەتەوایەتییەکە دابگرێت و بەم شێوە کاریگەرە لە شیعرەکانیدا رەنگ بداتەوە، ئەمە هەر خۆی لە خۆیدا رادەی ئیلتیزام بوونی شاعیر و خۆبەستنەوەی بە مەسەلە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیانی نەتەوەکەی دیار دەکات. بۆیە لە روانگەی تێگەیشتنی لە ئەرکی شیعر و بەستنەوەی بەو پەیامە پیرۆزەی شاعیر

---

١٠٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠ .

١٠٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠ و ٢٠١ .



هەوڵی داوە بیگەیەنێت ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (سەجادی) لەبەر چی بە پلەی یەکەم ئەوەندە پێی لەسەر ناوەڕۆکی شیعر داگرتووە و بەم شێوەیە بایەخی پێداوە.

زەمینە رۆشنبیرییەکەی شاعیر و جۆری ئەو ناوەڕۆکەی دەری دەبڕێت لەلایەن (ساجد ئاوارە)وە نرخی بەرهەمە شیعرییەکە دیار دەکات بۆیە بۆ بەپێز بوونی ناوەڕۆکی شیعر دەڵێ «بۆیە تا ڕادەی زانین و زانیاری بوێژ فراوانتر بێ هێشتا هەر کەمە چونکی هەر فراوانی بیرە یەکەم نرخ ئەدا بە بەرهەمی هۆنراوە هەر بیرێک لە هەر هۆنراوەیەکدا کاڵ و کرچ و واتای لاواز بێ هیچ ناهێنێ،... هەرچەندە لەوێنەو داڕێژگەی خۆیا بەهێز بێت...، وەک هۆنراوەیەک بیرەکەی وا ئەداتە دەست کە نووسەر (بڕوای بێ هێزە بەگەل)، هەر چەندە ئەم جۆرە هۆنراوەیە وردەکاری و وەستایی لە پێناوی داڕشتنیا بەخت کرابێ و شێوەیەکی هونەری جوان ببەخشێ، بایەخی نییەو بێ هوودە... !»[١٠٦]. واتە شاعیر چەند وەستاو کارامە بێ و لەڕووی هونەرییەوە شیعرەکەی بەرز بێت ئەگەر لەڕووی ناوەڕۆکەوە رەنگدانەوەی ئێش و ئازار و گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵ نەبێت و لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتیدا نەبێت پەسەند ناکرێت، چونکە بەڕای (ئاوارە) ناوەڕۆکی شیعر بە پێوەری یەکەمی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە دادەنرێت. هەر لەڕووی هەمان بۆچوونەوە (فوئاد ئەنوەر عومەر) ناوەڕۆک لە شێوەی هونەری شیعر بە گرنگتر دادەنێت و دەڵێ «ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە لایەنی ئامانج لە ئەدەبدا سەرەکییەو ئەگەر لایەنی هونەری چەندە بەهێز بێت بەڵام لە خزمەتی مرۆڤدا نەبێت هیچ نرخێکی نییە چونکە هیچ هونەرێک بەبێ ئامانج نایەتە ژیانەوە و بێ ئامانجیش گەشە ناکات بۆیە لە هەڵسەنگاندنیدا پێویستە بەر لە هەموو شتێک ئامانجەکەی دەستنیشان بکرێ»[١٠٧]. ئەمەش تەئکید لەسەر هەمان را دەکات کە ناوەڕۆک پێوەری یەکەمی هەڵسەنگاندنی شیعرە.

ئەو بۆچوونانەی کە ناوەڕۆکی شیعریان لە شێوە هونەرییەکە بە گرنگتر داناوە، لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەوە تەماشای ناوەڕۆکی شیعریان کردووە کە لایەنە جەوهەرییەکەی شیعر دەگرێتەوە، بۆیە (فازڵ مەلا مەحموود) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە شێوەی هونەری

---

١٠٦- ئەدەبی نوێی کوردی، ساجد ئاوارە، ڕ: ژین، ژ: ١٩٦٤، ٢٠- ٩- ١٩٦٢، ل ٥ .

١٠٧- لە بابەت بەراوردکردنی رەخنەی ئەدەبی کوردی بە رەخنەی ئەدەبی بێگانەوە، فؤاد انور عمر، گ: بەیان، ژ: ٤٨، ئادار و نیسانی ١٩٧٨، ل ٦ .

شیعر دەبێ لە خزمەتکردنی ناوەڕۆکدا بێت و هەرکاتێک ئەو توانایەی نەما خزمەتی ناوەڕۆکەکە بکات پێویستە وازی لێ بهێنرێت بۆیە لەم رووەوە دەڵێ «شێوەی نووسینی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، لە رێگەی دەربڕین و خستنە رووی ناوەڕۆکەوە ئەبێ لە خزمەتی روونکردنەوەی ناوەڕۆکا بێت و یارمەتی گەشەکردنی بدات. مەسەلەی ئەساسی لە هەر کارێکی ئەدەبیدا ناوەڕۆکە، واتە مانا و مەبەست و بیروڕای کارە ئەدەبیەکەیە، گۆڕان و گەشەکردنی ناوەڕۆک مایەی پێشکەوتن و نوێکردنەوە و ئیبداعە لە ئەدەبا. بەڵام شێوەی نووسینیش بایەخێکی زۆری هەیەو ئەویش جارێکی تر کار ئەکاتە سەر ناوەڕۆک»[١٠٨].

ئەمەش راستییەکی گرنگ دەخاتە روو لەبارەی گۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر و ئەوە دەردەخات کە لەبەر ئەوەی گۆڕانی ناوەڕۆک خێراترە لە گۆڕانی شێوە هونەرییەکە دەکرێ ناوەڕۆکە نوێیەکە تا ماوەیەک لە شێوە کۆنەکەدا بمێنێتەوە تا هەلومەرجی گۆڕان و نوێکردنەوەی بۆ دەڕەخسێت بۆیە لەم رووەوە بۆ ئەوە دەچێت کە «ئەگەر شێوەی نووسین فریای گەشەکردنی ناوەڕۆک نەکەوت و خزمەتی پێشکەوتنی نەکرد، ئەوا ئەبێتە رێگری پێشکەوتنی ئەدەب، وەنەک هەر بە شێوەیەکی سەرکەوتوو و بەکەڵک دانانرێ، بەڵکو شێوەیەکی زیان بەخشە و ئەبێ وازی لێ بهێنرێ»[١٠٩].

هەروەها (فوئاد قەرەداغی) ئەوە دەردەخات کە ناوەڕۆک لایەنە بنچینەیی و جەوهەرییەکەی شیعر دەنوێنێت و گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر بە ئەنجامی گۆڕانی ناوەڕۆکەکە دادەنێت و دەڵێ «... ناوەڕۆک لە دەرکەوتە سروشتی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان هەمیشە دەوری شۆڕشگێڕانەو بزێوی ئەبینێ و هەمیشە شێوە سەرەنجامی ئەو جووڵان و بزێوی و نەسرەوتنە ئەبێت واتە ئەو گۆڕانە رێک ئەخات لە قەوارەیەکی تایبەتی گونجاودا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شێوە هیچ کار تێکردنەوەیەکی نەبێت بۆ سەر ناوەڕۆک بەڵکو شێوەش بە هۆی ئامادەبوونی هەندێ مەرجەوە کار ئەکاتە سەر ناوەڕۆک و یارمەتی ناوەڕۆک ئەدات. بەڵام شێوە هەروەک هۆیەکی دەرەوە و ناوەڕۆکیش وەک هۆی ناوەوە ئەمێنێتەوە بۆیە ناوەڕۆک لە یەکێتی نێوان شێوە و ناوەڕۆکدا بەبەردی بناغە دائەنرێت یا بەلایەنی بنچینەییەکە»[١١٠].

١٠٨- روانگە یان ئەدەبی ریالیزمی سوشالیست، فاضل ملا محمود، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٢٥، ١٥-٧- ١٩٧٢، ل ٣ .

١٠٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣ .

١١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ .



بەشێک لە بیروڕا رەخنەییەکان ئەگەرچی باوەڕێکی تەواویان بە یەکێتی نێوان شێوەی هونەری شیعر و ناوەڕۆک هەیەو بەدوو لایەنی بنچینەیی پێکهاتنی شیعری دادەنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەک لە شێوەکان کاتێک لە نێوان ئەو پەیوەندییەی بە یەکتریان دەبەستێتەوە دەوری هەریەکەیان دیاردەکەن، دەوری سەرەکی دەدەنە پاڵ ناوەڕۆک و لە شێوەی هونەری بە گرنگتر لەقەڵەم دەدەن.

ئەگەرچی (بەکر حسێن) ئەو پەیوەندییە پتەوە دیار دەکات کە لە نێوان ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعردا هەیەو بوونی هەریەکەیان بە بوونی ئەوی تر دەبەستێتەوە، کەچی سەرباری ئاماژەکردنی بۆ گرنگی شێوە هونەرییەکە دەورە سەرەکییەکە دەداتە پاڵ ناوەڕۆک و دەڵێ «بەرهەمی ئەدەبی هەروەکو هەموو (ظاهرە) دەرکەوتوویەک، خاسیەتێکی چۆنیەتی دیاریکراوی هەیە کە (ناوەڕۆک)ی پێک ئەهێنێ بەڵام پێویستە ناوەڕۆک (شێوە)یەک یان بەرگێک بپۆشێت کە بەبێ شێوەیەکی گونجاو ناوەڕۆک بوونی نییە و ئەگەر هەبوو ئەوا ناگونجێن و لە خەباتا ئەبن دژی یەکتری، وەلە پەیوەندی نێوانیاندا ناوەڕۆک دەوری سەرەکی هەیەو ئەو (شێوە)ی گونجاو دیاری ئەکات بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە (شێوە) هەر بەندە بە ناوەڕۆکەوە و بەس بەڵکو (شێوە)ش خۆی لە خۆیا کارێکی گرنگ ئەکاتە سەر ناوەڕۆک. شێوە یان لە خزمەتی گەشەکردنی ناوەڕۆکدا ئەبێت یان گیروگرفت ئەخاتە رێی پێشکەوتن و گەشەکردنی»[١١١].

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ناوەڕۆکەکە جۆری ئەو شێوەیە دیار دەکات کە بەرهەمە شیعرییەکە وەری دەگرێت، واتە پێکهاتنی شێوە هونەرییەکە بە ئەنجامی ناوەڕۆکەکە دادەنرێت.

هەروەها (عیزەدین رەزا) پێ لەسەر ئەو پەیوەندییە دادەگرێت کە بوونی هەریەک لە شێوەی هونەری شیعر و ناوەڕۆک بەیەک دەبەستێتەوە و لەم رووەوە دەڵێ «لە باسکردنی فۆڕم و ناوەڕۆک پێویستمان بە دەرخستنی ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکە دەبێت کە لە نێوانیاندا هەیە، چونکە هەروەکو ئاشکرایە لە نێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا ناکۆکییەکی هەمیشەیی و یەکگرتنێکی بەتینیش هەیە کە لە زۆرانبازیدان و لەیەک جیابوونەوەیان بۆ نییە... وە ناوەڕۆکێک نییە لە دەرەوەی فۆڕمدا بوونی هەبێت، وەبەهۆی فۆڕمەوە بوونی

١١١- چەند تێبینی و سەرنجێکی رەخنەگرانە لەسەر « روانگە» و هەندێ لە بەرهەمەکانی، بەکر حسێن، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٧، ١١- ٣- ١٩٧٢، ل ٣ .

ناوەڕۆک ئەسەلمێنرێ»[١١٢]. ئەگەرچی لێرەدا ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکییەی نێوان شێوەی هونەری و ناوەڕۆک هەردووکیان وەک دوو بنچینەی سەرەکی پێکهاتنی شیعر پیشان دەدات بەڵام لە دواییدا بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەڕۆک لە شێوە هونەرییەکە بە گرنگتر دادەنێت کاتێک دەڵێ «روخسار لە پێناوی بەرزکردنەوە و دەربڕینی ناوەڕۆکدا دەخرێتە کار»[١١٣]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شێوەی هونەری شیعر دەبێ لە خزمەتکردنی ناوەڕۆکدا بێت بۆیە دەڵێ «ئەبێ روخسار بتوانێت خزمەتی دەربڕینی ناوەڕۆک بکات بەپلەیەک کە خوێنەر راکێشێت و بابەتەکەی لەگەڵ مێشک و دەماریا تێکەڵاو بکات»[١١٤].

هەر لەسەر بناغەی ئەو رایەی کە ناوەڕۆک لە شێوەی هونەری شیعر گرنگترەو شاعیر دەبێ شێوە هونەرییەکەی شیعر بڕەخسێنێت بۆ خزمەتکردنی ناوەڕۆک (خالید دلێر) داوا لە شاعیران دەکات «وێژەوانان لە بەرهەمە وێژەییەکانیاندا، لەپێش هەموو شتێکدا پێویستە بە شوێن چۆنیەتی بە ئاشکرا دەربڕینی تاقی کردنەوەکانیان و بەوردی و بە تەواوی دارشتنی بیروڕاو باری سەرنج و مەبەستەکانیاندا بگەڕێن تا رازاندنەوەی چوارچێوەی بەرهەمەکانیان. ئەگەر گرنگییەکیش بە چوارچێوە و فۆڕم بدرێ پێویستە هەر لە پێناو بە جوانتر دەربڕین و سادەتری و کاریگەرتری ناوەڕۆکدا بێت»[١١٥]. ئینجا بەپێی ئەو بۆچوونەی پەیامی شیعر بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی میللەت و جۆری خۆبەستنەوەی شاعیر بەبەرەی گەل دیار دەکات بۆئەوە دەچێت کە شێوەی هونەری شیعر دەبێ لە خزمەتکردنی ناوەڕۆکدا بێت واتە هۆی ئەم گرنگیدانەی بە ناوەڕۆکی شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی بەرهەمی وێژەیی خزمەتی ژیان و مەسەلە گرنگەکانی مرۆڤی پێ دەکرێت، دەبێ زیاتر بە گرنگ وەربگیرێت لە چوارچێوەی بەرهەمەکە و ئەم دەبێ هەر بەتەواوەتی لە خزمەتکردنی ئەودا بێت»[١١٦].

١١٢– سەرنجێکی، سەرپێیی: دەربارەی فۆڕم و ناوەڕۆک، عیزەدین ڕەزا، ر: هاوکاری. ژ: ١٦٤، ٢٧– ٤– ١٩٧٣، ل ٣ .

١١٣– روخساری هۆنراوەی نوێی کوردی و ئیستاتیک، عیزەدین رەزا، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٩٩، ٢٨–١٢–١٩٧٣، ل ٣ .

١١٤– سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ .

١١٥– بەرەو لوتکەی ئاوات، خالید دلێر، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٩ .

١١٦– سەرچاوەی پێشوو، ل ٩ .



ئەگەرچی (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) بۆ ئەوە دەچێت کە شێوەی هونەری شیعر دەبێ لە خزمەتکردنی ناوەڕۆکدا بێت و ناوەڕۆکیش لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بە جەوهەر دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگا بەوە نادات لە نرخی شێوە هونەرییەکەی شیعر کەم بکرێتەوە و بە بیانووی بایەخدان بە ناوەڕۆک ئەویان فەرامۆش بکرێت بۆیە هەڵوێستی خۆی لەبارەی گرنگیدان بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر بەوە دیار دەکات کە «سەر بەمیللەت و خەڵک بوون و بەرزی بیر ئەوە ناگەیەنێت کە روخساری ئەدەب کز بێت و لایەنی هونەری نەوی و زمان نووسین شاش بێت، هەروەک سەر بە هونەرو روخساری جوان شۆڕکردن بۆ مەبەستێکی چەوت لە پلەی تاواندایە، خۆ کە مەبەسیش هەر هونەر دەربڕین بووبێ و بەس، ئەوە نووسەر دەکەوێتە قاوغی فۆڕمالیزم و روخسار پەرستییەوە کە دوورە لەو رێبازی خزمەتی گەلەی باوەڕمان پێیەتی»[١١٧]. ئەگەرچی لێرەدا هەست بەوە دەکەین، ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر بە دوو بنەمای سەرەکی بنچینەی پێکهاتنی شیعر دادەنێت، بەڵام دیارە بەپێی لەبەرچاو گرتنی بەستنەوەی ئەرکی شیعر بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی خەڵک و بەجێهێنانی پێداویستییەکانی میللەت وەک رەخنەگرێکی ریالیستی ئەمە وای لێکردووە ناوەڕۆک بەجەوهەر دابنێت و بڵێت «چونکە هەر لە بۆچوونی ریالیستانەدا دەبێ روخسار خزمەتی ناوەڕۆک بکات و سەرشۆڕی ئەو بێت، یا بە ئیستیلاح و کە تیگۆریای فەلسەفە، ناوەڕۆک (جەوهەر)ە روخسار یا فۆڕم دەبێتە (دیاردە) و هەمیشە جەوهەر رێی نیشانی (دیاردە) دەدات»[١١٨].

هەروەها (د. عەبدوڵڵا دەباغ) ئەگەرچی گرنگی شێوەی هونەری شیعر و ناوەڕۆک لە پێکهاتنی شیعردا بەوە دیار دەکات کە هەردووکیان دوو رووی یەک شتن و پەیوەندییەکی پتەو بەیەکترییان دەبەستێتەوە، بەڵام کە دێتە سەر دیارکردنی رۆڵی هەریەکەیان لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعردا دەبینین رۆڵی سەرەکی دەداتە پاڵ ناوەڕۆک و گۆڕانی شێوە هونەرییەکە بەئەنجامی کارتێکردنی ناوەڕۆکەکە دادەنێت بۆیە دەڵێ: «کەواتە یەکێک لەو شتانەی دەتوانین دایمەزرێنین و بیکەین بە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە کورتە رۆڵی سەرەکی

١١٧– رەخنەو راستگۆیی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، ڕ: هاوکاری، ژ: ٦٦٣، ٢٥– ١١– ١٩٨٢، ل ٧ .

١١٨– سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ .هەروەها بڕوانە: شیعری تازەی کوردی، د.عیزەدین مستەفا رەسوول، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ئاداری ١٩٨٥، ل ١٩٥ .

ناوەڕۆکە لە کاری تازەکردنەوەی شیعر و دروستکردنی فۆڕمی تازەی هەڵبەست. چونکە مەسەلەی تازەکردنەوە دەبێ لە چوارچێوەی یەکێتی دیالیکتیکی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا سەیر بکرێت و بە مەسەلەیەک دانەنرێت کە تەنیا پێوەندی بەفۆڕمەوە هەیە»(١١٩). ئەمەش تەئکید لەسەر ئەو رایە دەکات کە لەپاڵ ئەو رۆڵە گرنگەی شێوەی هونەری لە تازەکردنەوەی شیعردا دەیگێڕێت شتێکی لەو گرنگتر هەیە ئەویش ناوەڕۆکە وەک هێزێکی بزوێنەر بۆ تازەکردنەوەی شێوە هونەرییەکە و ئەو شێوە هونەرییەش بە ئەنجامی ناوەڕۆکەکە دادەنێت.

پێویستە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لەو بیروڕا رەخنەییانەی کە ناوەڕۆک لە شێوەی هونەری شیعر بە گرنگتر دادەنێن سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە سەرباری پێداگرتنی ئەو بیروڕایانە لەسەر گرنگی ناوەڕۆکی شیعر، نابینین ئەم گرنگیدانە لە نرخی شێوە هونەرییەکەی کەم کردبێتەوە، چونکە زۆربەی بیروڕاکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە گرنگیدان بە ناوەڕۆکی شیعر مانای کەمکردنەوەی گرنگی شێوە هونەرییەکە نییە. بەڵکو مەسەلەکە تەنها ئەوەیە کە ناوەڕۆکەکە لەشێوە هونەرییەکە گرنگترە. جا لەکاتێکدا ئەم بۆچوونە لە گرنگیدان بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شیعرەوە هاتووە، دەبینین بەرامبەر بەمە بۆچوونێکی تر هەیە تەواو پێچەوانەی ئەمەیە. ئەو بۆچوونە شێوەی هونەری شیعر لە ناوەڕۆک بە گرنگتر دادەنێت و ئەمەش لە بایەخدانی شاعیر بە ئەرکە ئیستاتیکییە رووتەکەی شیعرەوە هاتووە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە دەگمەن نەبێ ئەو بۆچوونە نابینرێت کە شێوەی هونەری شیعر لە ناوەڕۆک بە گرنگتر دادەنێت لەم رووەوە ئەم رایەی (سەلاح شوان) یەکێکە لەو رایانەی کە دیارکردنی بەهای بەرهەمە شیعرییەکە تەنها بە لایەنە هونەرییەکە دەبەستێتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا یەک ناگرێتەوە کە بۆ ئەوە دەچێت شێوەی هونەری چاک لە ناوەڕۆکی چاکەوە پەیدا دەبێت و دەڵێ «بەڵام سەرنجێکم دەربارەی ئەو رایانە هەیە کە وتیان ناوەڕۆکی چاک فۆڕمی چاک دەهێنێتە کایەوە... بەلای منەوە مەرج نییە وەها بێت، زۆر شیعر هەیە، ئێستا و گشت کاتێکی تریش، ناوەڕۆک یان مەبەستێکی زۆر پیرۆزی هەیە و شیعری چاکیش نییەو ناچێتە ڕیزی

١١٩- گۆران و گۆلدسمث و تازەکردنەوە لە هۆنراوەدا، د.عبدالله دەباغ، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١١٨، حوزەیرانی ١٩٨٨، ل ١٠٢ .



شیعرە نەمرەکانەوە بەپێچەوانەیشەوە هەر هەیە، واتە ناوەڕۆکی چاک لەلای شاعیرێکی دەستکورت یان شیعر نووسێک بەرهەمێکی بەرزو نەمری لێ نایەتە کایەوە»(١٢٠). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تەنها لایەنە هونەرییەکەی شیعر دەکاتە پێوەری هەڵسەنگاندنی شیعرەکە و هیچ بایەخ بە ناوەڕۆک نادات بۆیە بۆ ئەوە دەچێت کە ناوەڕۆکەکە باسی هەرچییەک بکات خراپ یان چاک هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە لێرەدا تەنها دەسەڵات و توانای شاعیری لەبەرچاو گرتووە لەڕووی داڕشتن و پێکهاتنی قاڵبە هونەرییەکە بۆیە دەبینین ناوەڕۆک بەتەواوی فەرامۆش دەکات کاتێک دەڵێ «شاعیری خاوەن توانایش بە ناوەڕۆکێکی نا پەسەندیشەوە هەر ئەتوانێت شیعرێکی نەمر بخوڵقێنێت»(١٢١). ئەمەش ئەوپەڕی نائیلتیزامی شاعیر پیشان دەدات، چونکە ئەرکی شیعر تەنها بەو چێژە دەبەستێتەوە کە لە چۆنیەتی داڕشتن و بەکارهێنانی کەرەستەکانی شیعردا دروست دەبێت بێ ئەوەی گوێ بداتە جۆری ئەو بابەتەی ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنێت.

ئەگەرچی (شێرکۆ بێکەس) لە سەرەتای حەفتاکاندا کاتێک باسی مەسەلەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعر دەکات زۆر بەتوندی پێ لەسەر گرنگی هەردووکیان دادەگرێت و هەر یەکەیان بە تەواوکەری ئەوی تر دادەنێت و بوونی هەر یەکێکیان بە بوونی ئەوی تر دەبەستێتەوە و دەڵێت «... هیچیان پێش هیچیان ناکەون، بەڵکو یەک یەکتری تەواو ئەکەن، وە شان بەشانی یەکتری ئەڕۆن، بەتەنیا شێوە ناتوانێ دەستنیشانی ناوەڕۆک بکات ئەگەر ناوەڕۆکیش لە خزمەتی شێوەدا نەبێ، پارچە شیعرێکی بێ ناوەڕۆک، لە کۆمەڵێ وشە و پیتی بێ گیان هیچ نادا بەدەستەوە، وە بەپێچەوانەشەوە بەتەنها ناوەڕۆک، لە کلێشەیەکی داتاشراو و مەنطقێکی وشک بەولاوە، هیچی تر نادات بەدەستەوە»(١٢٢). ئەمەش گرنگی هەردووکیان وەک دوولایەنی بنچینەیی لە پێکهاتنی شیعردا دیار دەکات. بەڵام لەسەرەتای هەشتاکاندا دیارە بیروڕای لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە دەگۆڕێت، بۆیە بۆ ئەوە دەچێت کە لایەنی داهێنانی شیعر بەستراوەتەوە بە بەرزی لایەنە

١٢٠- تۆمارێکی تایبەتی دەربارەی.کۆڕی شیعری نوێی کوردی، ئامادەکردنی.صلاح شوان، بەشی سێیەم، گ: بەیان، ژ: ٧٩، مایسی ١٩٨٢، ل٩٥ .

١٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨ .

١٢٢- روانگەو کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی پێنجەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٣، ٩- ٩- ١٩٧٢، ل ٣ .

هونەرییەکەی نەک جۆری ئەو بابەتەی ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنێت. وەنەبێ بەرزی و پیرۆزی ئەو بابەتەی ناوەڕۆکی هەر شیعرێک پێک دەهێنێت دەبێ نەمری بداتە ئەو شیعرە بۆیە لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنەوە دەڵێ «بۆ (ئازادی) هەزاران شیعرمان نووسیوە. بەڵام ئەشێ زۆر کەمیان بووبن بە شیعر، پیرۆزی مەسەلەیەک، هەر مەسەلەیەک، ئەوە ناگەیەنێ کە بوو بەبابەتی شیعر ئیتر مانای وایە وەک هونەریش بووە بە شیعر و بڕاوەتەوە ئەوەی وەک سەرەنجام ئەمێنێتەوە هونەری زمان و چۆنیەتی تەعبیر کردن و خوڵقاندنە نەک ئەو (مەوزووعەی) شاعیر هەڵیبژاردووە یان بڕوای پێیەتی و خۆشی ئەوێ»[١٢٣].
ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بیروباوەڕی شاعیر و هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ژیانی سەردەمەکەی هیچ جۆرە بایەخێکی نییە، چونکە لێرەدا تەنها بایەخ بە یەک شت دەدرێ ئەویش توانا و دەسەڵاتی شاعیرە لەڕووی هونەرییەوە هەرچی ناوەڕۆکی شیعرە ئەوا کەم یا زۆر هیچ جۆرە بایەخێکی پێ نادرێ و کاری نەکردۆتە سەر دیارکردنی جۆری هەڵسەنگاندنی بەرهەمە شیعرییەکە ئەم جۆرە تێڕوانینەش پەیوەندی شاعیر بە ژیانی سەردەمەکەی دەپچڕێنێت و ڕادەی تێگەیشتن و مامەڵە کردنی لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیان فەرامۆش دەکات و مەسەلەی ئیلتیزام بوونی شاعیر بە مەسەلە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیان بەتەواوی پشت گوێ دەخات، چونکە گرنگ لێرەدا ئەوە نییە شاعیر چ جۆرە ناوەڕۆکێک دەردەبڕێت و باسی چی دەکات، بەڵکو گرنگ تەنها ئەوەیە لەڕووی هونەرییەوە چۆن لە شیعرەکەیدا تەعبیر لەو بابەتانە دەکات کە ناوەڕۆکی شیعر پێک دەهێنێت جا باسی هەر چییەک دەکات ئەمە گرنگ نییە. بەڵام – هەروەک پێشتر باسمان کرد– ئەم جۆرە بۆچوونە نەیتوانیوە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا شوێنێکی ئەوتۆ بۆ خۆی بکاتەوە و ببێتە دیاردەیەکی باو و ڕەنگدانەوەی لەلایەن شاعیر و ڕەخنەگرانی کوردەوە هەبێ، بەڵکو ئەو چەند رایە کەمە وەک حاڵەتی بەجیا وەستاو لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دێنە بەرچاو.

لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە بەرامبەر بەم دوو بۆچوونە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بۆچوونێکی تر هەیە بەیەک چاو تەماشای گرنگی شێوەی هونەری شیعر و ناوەڕۆک دەکات و هیچ کامێکیان لەوی تر بە گرنگتر دانانێت بەڵکو گرنگی هەردووکیان لەڕووی

١٢٣– وتووێژێک لەگەڵ شێرکۆ بێکەس– ٢–، ئامادەکردنی: بەڕۆژ ئاکرەیی، گ: سروە، ژ: ٦٨، ساڵی حەوتەم، ڕەشەمەی ١٣٧٠ (١٩٨٢ز)



پێکهاتنی شیعرەوە لەیەک پلەدا دەبینێت. ئەم جۆرە بۆچوونەش لەلایەکەوە کە بایەخ بە ناوەڕۆکی شیعر دەدات و بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای جۆری ئەو بابەتانە دەکات کە شاعیر دەریان دەبڕێت، ئەمە مانای ئەوەیە پێ لەسەر بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان دادەگرێت و ئەرکی شیعر بە گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزە دەبەستێتەوە کە شاعیر بۆ گەیاندنی بە جەماوەری خەڵک لەبەرچاوی دەگرێت وەلەلایەکی تریشەوە کە بایەخ بە چۆنیەتی دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکە دەدات ئەمە مانای ئەوەیە بایەخ بەلایەنی ئیستاتیکییەکە دەدات و بەم جۆرە دیارکردنی بەهای بەرهەمە شیعرییەکە لەیەک کاتدا بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعرەکە دەبەستێتەوە و وەک سەرئەنجامیش ئەوە دەردەخات کە ئیلتیزام بوونی شاعیر بەمەسەلە گرنگەکانی ژیانی بە هیچ شێوەیەک ڕێگای ئەوەی لێ ناگرێت لە هەمان کاتدا بایەخ بەلایەنە هونەرییەکەش بدات.

بیروڕای (ڕەفیق حیلمی) لەبارەی بایەخدانی بە شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعر کاتێک دەردەکەوێت کە باسی شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دەکات و ئەوە دەردەخات کە بۆیە قوربانی بەلایەنە هونەرییەکەی شیعر داوە، چونکە بەپێی ئەو بارودۆخەی ژیانی سەردەمەکەی پێکهێناوە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شیعری لەبەر چاو گرتووە و هەوڵی ئەوەی داوە بە شێوازێک شیعرەکانی دابڕێژێت کۆمەڵانی خەڵک بە ئاسانی لە شیعرەکانی بگەن لە کاتێکدا شاعیر دەیتوانی لەپاڵ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی زیاتر بایەخی بەلایەنە هونەرییەکەش بدایاو شیعری چاکترو بە پێزتری لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەی هونەرییەوە بدایا دەست ئەم هەڵوێستە ڕەخنەییە گرنگەشی کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ «لەبەر ئەوە دەتوانێ بڵێ کە ئەگەر لەبەر ئەهمیەتی گیان (ڕوح) مادەی ئیهمال نەکردایەو بەتەنگ ڕازانەوەی ئەو شیعرانەوە ببوایە زۆر بەئاسانی ئەمەی بۆ دەچووە سەرو ئەیتوانی کە بیانخاتە وێنییێکی جوانتر و بەرزتری ئەدەبی یەوە. بەڵام وەکو وتمان، حاجی مەبەستی شیعر داڕشتن نەبووە فکر داڕشتن بووە و بۆ ئەمەیش نزیکترین ڕێگەی، لە وتاری ڕاست و ڕەوان و لە پەند و مەوعیزە و کوردی پەتی دا بینیوە»[١٢٤]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە (حاجی قادر) هەروەک چۆن بایەخی بە ناوەڕۆکی شیعرەکەی داوە بەهەمان شێوە بایەخی بە شێوەی هونەرییەکەش بدایا ئەوا لەم حاڵەتەدا شیعرەکانی بایەخیان زیاتر دەبوو و جوانترو بەرزتر دەبوون. هەروەها کە باسی شیعرەکانی (دڵدار) دەکات هەر لە ڕووی

١٢٤– شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، ل ١٠١ و ١٠٢ .

هەمان بۆچوونەوە لەبەر ئەوەی بایەخی بە لایەنی ناوەڕۆک و شێوەی هونەرییەوە داوە بۆیە شیعرەکانی پەسەند دەکات و دەڵێ «ئەم شیعرانە کە باسی هەندێ دەردی کۆمەڵایەتی و نیشتیمان ئەکاو چارەسازی ئەمانەمان پیشان ئەدا، هەروەکو لەلایەن بیرەوە پوختەو بە کەڵکە لە نیگای ئەدەبیشەوە پەسەندو بەهادارو لە سەنعەتی شیعر کەم و زۆر بەشدارە»[١٢٥]. ئەمەش هەڵوێستی رەخنەیی (رەفیق حیلمی) دیار دەکات لەبارەی پێویستی بایەخدان بەیەک پلە بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر.

هەروەها (موحەرەم موحەمەد ئەمین) بایەخدان بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر بەمەرجی ئەدەبی راستەقینە دادەنێت بۆیە دەڵێ «وێژەیەکی راستەقینە کە لە سەرچاوەی ژیانمان بێتە دەرێ، بەواتە وێژەیەکمان ئەوێ کە چرۆی ژیانی تیا بێ... وێژەی مرۆڤ. بەڵام ئەبێ وێژەوانەکانمان ئەوەش بزانن کە مەبەس لە وێژەی مرۆڤ... وێژەی ژیان ناوەڕۆک (مضمون) یا تەنها جۆری نووسین (الاسلوب) نییە بەڵکو ئەبێ ناوەڕۆک و جۆری نووسینی شان بەشانی یەکتری بڕۆن، بەواتە بیرەکە و جۆری نووسینەکە کۆک بن لەگەڵ یەکدا ئەگینا بیرێکی رووت (مجرد) و یا باسێکی بێ بیر ناچێتە ریزەوە»[١٢٦].

(هەژار) لە پاڵ بوونی ناوەڕۆکێکی چاک، لەبەرچاو گرتنی لایەنە هونەرییەکەش بە پێویست دەزانێ بۆیە هەردووکیان وەک دوو بەشی تەواوکەری یەکتر کاتێک دەردەخات کە دەڵێ «بەم بیرە وردەیە دەڵێین شیعر کە هەموو کەس ناتوانێ بیڵێ جا کە بیری ورد هەبوو ئەمجا هەوایەکی ئاوازو گۆرانی دەوێ و هەروەها چەند وشەی نازک و لەبەر دڵانی پێ لازمە تا بەهەمووان، یەکتر تەواو دەکەن و دەتوانین ناوی بنێین شیعر»[١٢٧].

(د. مارف خەزنەدار) بەوردی بیروڕای خۆی لە بارەی پێویستی گرنگیدان بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر وەک دوولایەنی بنچینەیی بەرهەمی شیعری کاتێک دیار دەکات کە دژی ئەو بۆچوونە دەوەستێت کە تەنها بایەخ بە ناوەڕۆک دەدات و لایەنی هونەری فەرامۆش دەکات، کەچی وەک رەتکردنەوەیەک بۆ ئەم بۆچوونە هەڵوێستی خۆی لەبارەی پەسەند کردنی بۆچوونی ئەو تاقمەوە دیار دەکات کە گرنگی بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری

١٢٥- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل ١٣ .

١٢٦- پەیام «رسالە»ی وێژەوانی کورد، محرم محمد امین، گ: هیوا، ژ: ٩٥،ساڵی ٣، ٣٠ نیسانی ١٩٥٧، ل ١٥ .

١٢٧- ئەدەبی کوردی سەربەرەو ژێر دەڕوا، هەژار، گ: روناهی، ژ: ١، ساڵی ١، ١٩٦٠، ٧١ .



شیعر دەدات کاتێک دەڵێ «دووەمیان: پێڕەوی مەبەستەکانی تاقمی پێشوو ئەکەن لە بابەت ئامانجەکانی ئەدەب، بەڵام هونەریش ناخەنە پشت گوێ، بەمە بەرهەمەکانیان لە قسەی رووت رزگار ئەکەن. گومان لەوەدا نییە کە ئەم تاقمی دووەمە لە دواڕۆژدا گۆی هونەر ئەبەنەوە و بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرهەمەکانیان ئەژین»[١٢٨].

(کامەران موکری) زۆر بە توندی پێ لەسەر ئەو رایە دادەگرێ کە پێویستە هاوسەنگییەکی تەواو لە نێوان شێوەی هونەری بەرز و ناوەڕۆکێکی بە پێزدا هەبێت تا بتوانرێ بەرهەمە شیعرییەکە بە بەرهەمێکی چاک و پەسەندکراو لە قەڵەم بدرێت، بۆیە لەبارەی بایەخ نەدان بە ناوەڕۆک و تەنها لەبەر چاو گرتنی شێوە هونەرییەکە دەڵێ «ئینجا بەلای منەوە هۆنراوەیەک ئەگەر هاتوو شێوەکەی جوان و هونەری بوو وە ناوەڕۆکەکەی بیرێکی سادە بوو، ئەوا دائەنرێ بە پارچەیەکی هونەری رووت، وە ئەگەر بیرەکەی زیان بەخش و گێرە شێوێن بوو ئەوا هەر چەندە شێوەشی جوان و رازاوەبێ. ئەبێ بە ناقۆڵاو زیان بەخش دابنرێ و بەرەنگاری ببینەوە وە ئەم چەشنە هۆنراوانە وەک ژەهری ناو کاسەی زێڕ وان»[١٢٩]. ئینجا بە هەمان شێوە ئەمجارە لەبارەی بایەخدان بە ناوەڕۆکی شیعر دەڵێ «وە ئەگەر هاتوو هۆنراوەیەک بیرەکەی بەرزو سوود بەخش بوو بەڵام شێوەی ناقۆڵاو ناهونەری بوو ئەوا واچاکە ئەو کەسە ئەو چەشنە بیرانە بخاتە قاڵبی وتارێکی کۆمەڵایەتی یان رامیارییەوە نەک لە قالبێکی لەت و پەتی هۆنراوەدا دایڕێژێ»[١٣٠]. ئەمەش ئەوە دەردەخات بوونی هەر کەم و کوڕییەک لە هەر یەکێکیان چەند ئەوی تریان بەهێزو چاک بێت هاوسەنگییەکە هەر تێک دەدات و لە نرخی بەرهەمە شیعرییەکە دادەبەزێنێت بۆیە هەڵوێستی خۆی لەبارەی بایەخدان بە هەردووکیان کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ «ئەو هۆنراوەیەی کە ئێمەی شۆڕشگێڕ ئەمانەوێ ئەو هۆنراوەییەیە کە شێوە و ناوەڕۆکی پەسەند بن»[١٣١].

(عەزیز گەردی) بەوردی ئەو پەیوەندییە پتەو و بەناویەکداچووە دیار دەکات کە لە نێوان

١٢٨- بتی شکاو، عبداللە پەشێو، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، ١٩٦٨، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: د.مارف خەزنەدار، ل ٦ و ٧ .

١٢٩- خۆشەویست، ئەرخەوان، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٢، پێشەکییەکەی بە پێنووسی: کامەران موکری، ل ٦.

١٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦ .

١٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦ و ٧ .

ناوەڕۆک و شێوەی هونەریدا هەیە کاتێک دەڵێ «کەواتە بە هیچ چەشنێ ناگونجێ «وشە و مانا» لێک جیا بکەینەوە. چونکە بوون و نەبوونیان بەیەکەوە بەستراوە بۆیەش باش بۆی چوون ئەوانەی کە ئەڵێن «وشە و مانا» وەکو «لەش و گیان» وان، کەواتە چۆن گیان و لەش بەبێ یەکتر ناژین و هەڵناکەن، هەر کامەیان لەناوا نەبێ ئەوەی تریش رەش ئەبێتەوە مەسەلەی (وشە و مانا)ش هەمان سەمەرەی هەیە چونکە ماناو بیرەکە با هەر هەبێت و لە مێشک و دڵ و خەیاڵا بخولێتەوە کە وشەیەک نەبێ دایچۆڕێنێ و بیهێنێ، بیخاتە رووەوە هەرگیز دەرناکەوێ، وشەش خۆی با هەر هەبێ کە مانایەک نەبێ پێستی پڕ بکاتەوە و گیانی بەبەرا بخات هەروەکو قەپێلکێکی سووک و بەتاڵ بەبێ گیانی ئەمێنێتەوە»[١٣٢] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوەی هونەری و ناوەڕۆک بوونی هەریەکێکیان لەبوونی ئەوی تردایەو بەبێ یەک بوونیان نییە بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناکرێ لەیەک جیا بکرێنەوە دیارە ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا ئەوە دەردەخات کە بەیەک چاو تەماشای گرنگی هەردووکیان دەکات و بە دوو بنچینەی سەرەکی پێکهاتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دادەنێت بۆیە ئەمە دەیگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بڵێ «... واتە هەر چەندە بیرو ناوەڕۆک رۆشن بێت و پەیامێکی پیرۆزی بەدواوە بێت نرخ و نموودێکی ئەوتۆی نابێ ئەگەر بەدارشتنێکی هونەری دانەرژێتە روخسارێکی رێکەوە و هەردووکیان تێکەڵ نەبن»[١٣٣].

لە ڕاستیدا کاتێک سەرنج دەدەینە بەشێکی زۆر لەو بیروڕایانەی باسی گرنگی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر دەکەن لە چوارچێوەی گشتیدا هەموویان لەسەر ئەوە یەک دەگرنەوە کە فەرامۆشکردنی یەکێکیان زیان بە سەرجەمی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەگەیەنێت. بۆیە داوای ئەوە دەکەن بایەخ بە هەردوو لایەنەکەی شیعر بدرێت.

(حەمە سەعید قەرەداغی) لەم رووەوە دەڵێ: «هەر گۆڕانێکی نوێ لە فۆڕم دا ناوەڕۆکی تێدا پشت گوێ بخرێ ئەو گۆڕانە سەرکەوتنی بۆ نانووسرێ... روخسار پەرستیش– الشكلية– ئەوەیە کاتێ هەست بەبوونی ناوەڕۆک ناکرێت لە دوای هەر شیعرێکەوە، بۆیە لای من شیعر ناوەڕۆکێکی قووڵە لە فۆڕمێکی هونەری باڵادا خۆی دەگونجێنێ»[١٣٤].

---

١٣٢– ئەدەب و رەخنە، عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٨٠،٨١ .

١٣٣– سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧ .

١٣٤– ئەم روانگانە لە چوار پرسیاردا و ئاوڕدانەوەیەک لە شیعری ئەمڕۆمان، ڕ: بیری نوێ، ژ: ١٩٥، ساڵی چوارەم، ١٢– ٦– ١٩٧٦، ل ٥ .



هەروەها (ئومێد ئاشنا) لە رووی هەمان بۆچوونەوە دەڵێ: «شاعیریەتی ئەوەندەی سۆز و هەڵچوون و جوان پەرستییە وەک کۆمەڵێ مەرجی بنەڕەتی شیعر لەهەمان کاتیشدا تێگەیشتنێکی زانستیانەیە لە باری واقیعی کۆمەڵ و خووە کۆمەڵایەتییەکان. دیراسە کردنی فەلسەفەو رێ و شوێنی رزگاری نەتەوەکان و بیری چینایەتی بە کورتی هەڵوێستێکی ئازایانەیە بەرامبەر هەموو جیهان و دژوارییەکانی. سەرەڕای ئەوەی کە تواناو دەسەڵاتێکی هونەرمەندانەیە بۆ بەکارهێنانی کەرەسەکانی شیعر و مامەڵە پێکردنیان...»[١٣٥].

(ئیسماعیل رەسوول) دوای ئەوەی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری بە دوو بەشە بنچینەییەکەی پێکهاتنی شیعر دادەنێت ئەوە رەت دەکاتەوە دیارکردنی بەهای سەرجەم بەرهەمەکە بە وەرگرتنی تەنها لایەک ببەستێتەوە بۆیە دەڵێ «کەوابێت ناوەڕۆک و حوکمدان بەسەریدا تاکە لایەکی هەڵسەنگاندنەو لای دووەمی پەیوەندی بە شێوەی هونەرییەوە هەیە کە بەرەنجامی تاقیکردنەوەی هونەری دانەرەکەیە، لێرەدا دەوری رەخنەگرو رادەی سەرکەوتنی لە هەڵسەنگاندندا دەردەکەوێت»[١٣٦].

هەرچی (کەمال میراودەلی)یە ئەوا ئەگەرچی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ شیعر ئەو خاسیەتانەی تیادا رەچاو بکرێت کە بناغەی بنیاتنانی لەسەر دادەمەزرێت بەڵام تەئکید لەسەر ئەوەش دەکات کە شیعر نابێ تەنها بایەخ بەلایەنە هونەرییەکە بدات و لایەنی ناوەڕۆک فەرامۆش بکات بۆیە دەڵێ «... منیش دەڵێم راستە (شیعر دەبێ شیعر بێ) بەڵام (نابێ شیعر بۆ شیعر بێ). بەڵام بەلای ئەو جۆرە کەسانەوە کە شیعر بۆ شیعر نەبوو، واتە بۆ خزمەتی مەسەلەی گەل بوو، لە شیعرێتی دەکەوێ... ئەمە لێکدانەوەیەکی دواکەوتووی بۆرژوازییانەیە کە مێژوو بە درۆی خستۆتەوە»[١٣٧]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر دەتوانێت مولتەزیم بێت بەمەسەلە گرنگەکانی ژیانی سەردەمەکەی و پەیامە پیرۆزەکەشی بەخەڵک رابگەیەنێت و لە هەمان کاتدا بایەخ بە لایەنە هونەرییەکەش بدات.

---

١٣٥– دەنگی تایبەتی، ئومێد ئاشنا، گ: تریفە، ژ: ٤–٥، بەشی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٧٧، ل ٣٢ .

١٣٦– چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی، اسماعیل رەسول، ل ٣٥ .

١٣٧– وتووێژێ لەگەڵ شاعیری «بارانی پەڵە هەورێکی کۆچەری»دا، ئامادەکردنی.مصطفی صالح کەریم، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٣، کانوونی دووەمی ١٩٧٩، ل ٩ .

هەروەها (یووسف بابەکری) بوونی پەیامێکی پیرۆز لە شیعردا بە بیانوو دانانێت بۆ پشت گوێ خستنی لایەنی هونەری شیعر بۆیە دەڵێ «شەوی دوو سەعات لەکاتی نووسینیشدا، نابێ یەکێک لە مانە فیدای ئەوی دی بکرێ یانی هۆنەر یا نووسەر نابێ، بێ لەبەر چاوگرتنی ئوسووڵی هونەری و ئەدەبی، هەر بیری لەسەر ئەوەبێ کە مەبەستەکەی هاوار بکاو بگەیەنێ. هەروەها پێچەوانەی ئەوەش دروست نییە»[١٣٨].

هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (حەسەن سەلاّح سۆران) لە رێگای رەتکردنەوەی بایەخدان تەنها بەلایەنە هونەرییەکەی شیعر دەڵێ «بێجگە لەوە کە دەبێ هۆنراوە جوان و رێکوپێک بێ، دەبێ پەیامی گەلێ بەنرخیشی تێدا بێ و هۆنراوەی بێ پەیام وەک لەشی بێ رۆح وایە. تا پەیامی هۆنراوە بەرزتر بی، ئەو هۆنراوەیە باشترە. نابێ فەقەت هۆنراوە بۆ جوانی بنووسین»[١٣٩] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیامی شیعر چەند بەرزو پیرۆز بێت و لایەنە هونەرییەکەی چەند بەرز بێت بەهای بەرهەمەکە بایەخی زیاتر دەبێت و زیاتر پەسەند دەکرێت.

بایەخدانی (د. ئیحسان فوئاد) بە ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر لە دروستبوونی ئەو پرسیارانەدا دەردەکەوێت کە لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە دروست دەبێت و دەڵێ: «لە هەڵسەنگاندنی بایەخی پارچە هۆنراوەیەکدا وەک رووی پرسیار دەکرێتە ئەوەی کە ئەو نووسەرە یان ئەو شاعیرە «چی؟» دەڵێت، ئەوەندەش روودەکرێتە ئەو لایەنەی کە «چۆن؟» دەیلێت. ئەوەندەی گرنگە بزانین بیروباوەڕ لێکدانەوە و بیری نووسەرەکە چییە؟ هەر بەهەمان ئەندازە گرنگە بزانین فلاّنە شاعیر و فیسارە نووسەر کام کالاّو بەرگ بۆ ئەو بیروباوەڕەی خۆی هەڵبژاردووە».[١٤٠] ئەمەش ئەوە دەرەخات کەوا چۆن پێویستە بایەخ بە جۆری ئەو بابەتانە بدەین کە ناوەڕۆکی شیعر پێکدەهێنن و پەیامێکی دیاریکراو بەخەڵک رادەگەیەنن، بەهەمان شێوە پێویستە بایەخ بە داڕشتنی ئەو ناوەڕۆکە لە قالبێکی هونەری جوان و رێکوپێکدا بدەین. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئیلتیزام بوونی شاعیر ناکۆکی نییە لەگەڵ بایەخدانی بەهەردوو لایەنەکەی شیعر.

١٣٨- مەبەستی ئەدەبیات، یوسف بابەکری، گ: سروە، ژ: ٢٩، ساڵی چوارەم، سەرما وەرزی، ١٣٦٧ (١٩٧٩ز)، ل ١٠ .

١٣٩- چۆن هۆنراوە بهۆنینەوە؟ -٢-، حەسەن سەلاّح سۆران، گ: ئاوێنە، ژ: ٢-٣، جۆزەردان، پوشپەڕ ١٣٦٩ (١٩٨١ز)، ل ٣٦ .

١٤٠- رێچکە شکێن، د.احسان فؤاد، گ: بەیان، ژ: ١٢٥، تشرینی دووەمی ١٩٨٦، ل ١٧ .



سەرنجدانێک لەو بیروڕایانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە هەر پرسیارێک لەو پرسیارانەی لای هەر شاعیر یا نووسەرێک دروست بووە و هەوڵی داوە بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی وەلاّمیان بداتەوە، دروستبوونی ئەو پرسیارانە هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیاندا لایەنێکی گرنگی مەسەلەی ئیلتیزامیان دیار کردووە، ئینجا جۆری پرسیارەکانیش و چۆنیەتی وەلاّمدانەوەیان فراوان بوون و پەرەسەندنی مانای ئیلتیزامیان بە ئاشکرا دیار کردووە. چونکە لە کاتێکدا شاعیر لە وەلاّمی پرسیاری (شاعیر بۆ کێ دەنووسێت؟) سادەترین جۆری مانای ئیلتیزام دیاردەکات کە خۆی لە خۆبەستنەوەی شاعیر بەبەرەی گەلەوە دەنوێنێت، دەبینین پرسیاری (شاعیر چی دەنووسێت؟) ئەو پەیامە دیار دەکات کە شاعیر دەیگرێتە ئەستۆی خۆی بەرامبەر بە گەلەکەی کە ئەمەش بەبەرەو پێشچوونی پرسیارەکەی پێش خۆی دادەنرێت. بەرامبەر بەمەش دروستبوونی پرسیار لەبارەی (چۆنیەتی نووسین؟) لە رووی فراوان بوون و پەرەسەندنی مانای ئیلتیزامدا گرنگییەکی تایبەتی پەیدا دەکات، چونکە لایەنێکی تری دوو پرسیارەکەی پێش خۆی تەواو دەکات ئەویش ئەوەیە کە خۆبەستنەوەی شاعیر بەبەرەی گەل و لە ئەستۆگرتنی گەیاندنی پەیامێکی پیرۆز بە خەڵک- کە وەلاّمی دوو پرسیارەکەی پێشووە- دەبێ لە شێوەیەکی هونەری وا بەرزدا دەرببڕێت کە شایەنی بە پێزی و پیرۆزی ناوەڕۆکەکە بێت کە ئەمەش وەک سەر ئەنجام ئەو رایە پووچەڵ دەکاتەوە کە زۆر جار بەناوی ئیلتیزامەوە قوربانی بە لایەنە هونەرییەکە دەدات و ئەوە دەردەخات کە ئیلتیزام بوونی شاعیر بە هیچ شێوەیەک رێی ئەوەی لێ ناگرێت لە هەمان کاتدا بایەخ بەلایەنە هونەرییەکە بدات و ئەو پەیامە پیرۆزەی هەڵیشی گرتووە لە قالبێکی هونەری بەرزدا دابڕێژێت.

# بابەتی دووەم

## مەسەلەی تەم و مژی شیعر

- سەرەتایەک لە بارەی تەم و مژی شیعر
- هەڵوێستی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرامبەر تەم و مژی شیعر
  هەڵوێستی یەکەم: پەسەند نەکردنی تەم و مژی شیعر
  هەڵوێستی دووەم: پەسەند کردنی تەم و مژی شیعر
- هۆی بوونی تەم و مژی لە شیعردا
- تەم و مژی شیعر و مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن

## سەرەتایەک لە بارەی تەم و مژی شیعر

تەم و مژی شیعر وەک یەکێک لە مەسەلە رەخنەییە گرنگەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شیعردا لە رووی تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازەوە خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

وەک ئاشکرایە گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان لە هەر سەردەمێکدا حەتمیەتی گۆڕانی شیعر دەسەپێنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی بەپێی پێویستییەکانی ژیانی سەردەم شێوە دەربڕینێکی هەبێ لە شێوە دەربڕینەکانی قۆناغی پێش خۆی جیا بێت، بۆیە لە کاتێکدا ئەو شێوە دەربڕینە راستەوخۆیەی شیعر کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بنەڕەتێکی ئیستاتیکی دەنواند، لە قۆناغێکی تردا بەپێی ئەو گۆڕانانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی گرتەوە و دیدو بۆچوونی شاعیری گۆڕی و وای لێکرد لە روانگەیەکی ترەوە جۆری تەماشاکردن و تێڕوانینی خۆی دیاربکات، شتێکی ئاسایی بوو لە ئەنجامی ئەمەدا جۆری ئەو دەربڕینە راستەوخۆیە بگۆڕێت و ئەو شێوە دەربڕینە ناراستەوخۆیە دابهێنێت کە بەپێی بۆچوونی خۆی لەگەڵ بارودۆخی ئەو قۆناغە نوێیەی ژیانی سەردەمەکەیدا دەگونجێت ئەوەبوو لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو راستییەی کە «هەموو ئەمانە بۆیان هەیە بە شێوەیەکی تازە زمان پێک بهێنن بەجۆرێک لەگەڵ واقیعی ئەو ژیانەدا بگونجێ». [(١)] ئەو گونجانەش زیاتر لەو توانا ئیحائییەدا خۆی دەنوێنێت کە لە زمانی شیعردا هەیەو توانای ئەوەی دەداتێ جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی هەبێ و لەوە دەربچێت کە تەنها هۆیەک بێت بۆ گواستنەوە و گەیاندنی ماناکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ دیارە هەر ئەمەشە خاسیەتی ئەو زمانە بەوە دیار دەکات کە «پێویستە زمانی شیعر وزەیەکی دەربڕینی چڕو رەوانی هەبێت، لێرەدا وا دەردەکەوێ کە ئێمە داوا لە زمانی شیعر دەکەین لە یەک کاتدا زمانی خەڵک نەبێ و زمانیشیان بێ ئەمەش ناکۆکییەکی زەقی تێدایە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە زمانی شیعر هەمیشە هەروا بووە، نهێنی شیعریش لەو ناکۆکییە زەقەدا هەیە». [(٢)] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەرکی زمانی شیعر لە ئەرکی زمانی قسەکردنی خەڵک جیا دەبێتەوە بەوەی کە «شیعری نوێ ئەرکێکی سەخت و سەیر دەخاتە ئەستۆی زمان ئەویش ئەوەیە لە یەک کاتدا ماناکان ئاشکرا بکات و بیانشارێتەوە. بۆیە تەم و مژیش خەریکە

١- الشعر العربي المعاصر، الدكتور عزالدين اسماعيل، ص١٧٥ .

٢- سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٩ .



ببێتە بنەڕەتێکی ئیستاتیکی گشتی ئەو شیعرە». [(٣)] ئەمەش پێ لەسەر ئەو راستییە دادەگرێ کە زۆرجار توانا و دەسەڵاتی شیعری شاعیر لە رووی مامەڵەکردنی لەگەڵ زمانی شیعردا بەڕادەی خۆ دوورخستنەوەی لە دەربڕینە راپۆرت ئامێزە راستەوخۆییەکاندا دەردەکەوێت چونکە «... دەربڕینی راستەوخۆ لە شیعردا دەربڕینێکی شیعری نییە. ژیانی درێژخایەنی وشەکان و رەنگدانەوەی لایەنە ئەدەبی و مێژوویی و ئەفسانەییەکانیش تیایاندا، ئەمانە هەموو ئەو توانا و هێماگەری و ئیحائییەی پێ دەبەخشن. تەم و مژی و ئاڵۆزیش وشە و هێماکان مەزنتر دەکەن». [(٤)]

ئەمانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە تەم و مژی بۆتە خاسیەتێکی گرنگی شیعری و تەنانەت وای لێهاتووە لە پەیوەندییەکی بەناو یەکداچوودا بە شیعر ببەسترێتەوە و نەتوانرێت لێک جیا بکرێنەوە. چونکە لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەوە تەماشای تەم و مژی دەکرێ کە «...رەنگە تەم و مژی بە سروشتی شیعر خۆی بەسترابێتەوە تا وای لێ دێ هەندێ جار بگوترێ شیعر و تەم ومژی یەک شتن، بۆیە لەو کاتەدا بڵاوبوونەوەی دیاردەی تەم و مژی لە شیعری نوێدا دەبێتە بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی کە شیعر هەوڵی ئەوەی داوە خۆی لە هەموو خاسیەتێکی نا شیعری رزگار بکات و خۆی لە سروشتە رەسەنەکەی شیعر نزیک بخاتەوە». [(٥)] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تەم و مژی وەنەبێ خاسیەتێک بێ تەنها تایبەت بە جۆری پێکهاتنی زمانە شیعرییەکە و بەکارهێنانی وشە و دەربڕینەکان بێ، بەڵکو بناغەی بیرکردنەوەی شیعری لەسەر دامەزراوە «ئەمەش مانای ئەوەیە کە تەم و مژی لە شیعردا خاسیەتێکە لە سروشتی (بیرکردنەوەی شیعری)دا هەیە نەک لە سروشتی (دەربڕینی شیعری)دا، بۆیە زیاتر بەستراوەتەوە بەجەوهەرو بنچینەی شیعرەوە». [(٦)]

بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەکاتێکدا زۆربەی ئەو بیروڕایانە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە تەم و مژی دیاردەیەکی ئیجابییە لە شیعرداو بەیەکێک لە خاسیەتە بنچینەییەکانی سروشتی پێکهاتنی شیعر دادەنرێت، ئەوا بەرامبەر بەم بۆچوونە بە پێچەوانەوە بۆچوونێکی تریان تەم و مژی بەدیاردەیەکی سەلبی و خراپ دادەنێت و بۆ ئەوە

٣- ثورة الشعر الحديث، د. عبدالغفار مكاوي، ص٢٦٦ .

٤- الاسس الجمالية في النقد العربي، د. عزالدين اسماعيل، ص٣٥٣ .

٥- الشعر العربي المعاصر، د. عزالدين اسماعيل، ص١٨٨ .

٦- سەرچاوەی پێشوو ،ص١٩٠ .

دەچێت کە «ئەگەر تەم و مژی گەیشتە شوێنێکی تەواو تاریک و داخراو ئەوا دەبێتە هۆی ونکردنی بەها مرۆڤایەتییەکانی شیعر و لە دواییشدا بەها هونەرییەکەشی لە دەست دەدات». [٧] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەم و مژی وەک خاسیەتێکی رەسەنی شیعری ئەوە نییە کە ببێتە هۆی دروستکردنی بەربەستێک لە نێوان شیعر و وەرگر(متلقي)، چونکە هەر کاتێک شاعیر بە ئەنقەست هەوڵی ئەوە بدات بە تەواوی مەبەست و مانای شیعرەکەی گوم بکات و دەرگا لە رووی هەموو جۆرە تێگەیشتنێک دابخات ئەوا دیارە مەبەستی تەنها دەستخەڕۆکردنی خوێنەرو سەرلێشێواندنی دەبێت، چونکە شیعری رەسەن راستە نابێ لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمدا خۆی بداتە دەست، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت دەرگا لەسەر خۆی دابخات و خوێنەر بەتەواوی فەرامۆش بکات، بەڵکو مەسەلەی گەیاندن دەبێ بایەخی تایبەتی خۆی پێ بدرێ لای شاعیر. دیارە ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگ دێنێتە پێشەوە ئەویش مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنە لە شیعردا کە دەبینین زۆرجار لەگەڵ باسکردنی مەسەلەی تەم و مژدا لای لێکراوەتەوە و خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

بەسەر کردنەوەی بیروڕای چەند شاعیر و رەخنەگرێک لەم رووەوە چەند لایەنێکی گرنگی ئەم مەسەلەیەمان بۆ روون دەکاتەوە «(ییتس)ی شاعیر خوازیاری ئەوەیە هەر قەسیدەیەک بەقەد ژمارەی خوێنەرەکانی مانا هەڵبگرێ، وە ئەلیوت دەڵێ: قەسیدە شتێکی سەربەخۆیە لە نێوان دانەرو خوێنەردا دەوەستێت، جگە لەوەی کە پەیوەندی نێوان دانەرو قەسیدە جیایە لەو پەیوەندییەی نێوانی و نێوان خوێنەر، چونکە ئەو قەسیدەیەی شاعیر دەینووسێ بەتەواوی لە دەستی دەردەچێ و لەوانەیە خوێنەر مانای وای تێدا دەربهێنێت کە هەر بە خەیاڵی دانەرەکەیدا نەهاتبێ، واتە خوێنەر مافی خۆیەتی سەرلەنوێ قەسیدەکە بۆ خۆی بنووسێتەوە». [٨] ئەمەش ئەو بوارە فراوانە دیار دەکات کە تەم و مژی لە رووی گەیاندنی ماناوە بەجێی دێڵێت و سنوورێکی دیاریکراوی بۆ دانانێت و بەکراوەیی وازی لێ دەهێنێت بەجۆرێک هەر کەسێک بتوانێت بەپێی تێگەیشتنی خۆی بەو شێوەیەی کە توانا زاتی و زەمینە رۆشنبیرییەکە بۆی دەڕەخسێنێت، بەو شێوەیە لە مانای شیعرەکە بگات. هەروەها (بیدرو سالیناس)ی شاعیری پورتوگالی پێ لەسەر ئەو

٧- دراسات نقدية، دكتور عدنان حسين قاسم، منشورات المنشأه الشعبية للنشر والتوزيع والاعلان، ليبيا، ١٩٧٩، ص٢٨ .

٨- ثورة الشعر الحديث، د. عبدالغفار مكاوي، ص٢٦٧ .



مانا شاراوانە دادەگرێ کە شیعر هەڵیان دەگرێ و لە خوێندنەوە جیاجیاکاندا بەدیاردەکەوێت کاتێک دەڵێ« شیعر تا رادەیەکی گەورە بەستراوەتەوە بە لێکدانەوە و تەفسیر کە لە هەڵەی تێگەیشتنەوە دێ، چونکە قەسیدە دوای نووسینەوەی کۆتایی دێت، بەڵام ناوەستێت، بەڵکو بە دوای قەسیدەیەکی تردا دەگەڕێ چ لە خۆی یا لە دانەر یا لە خوێنەر یا لە بێدەنگی بێت... ». [٩] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نەمری شیعر تا رادەیەکی گەورە لەو مانا شاراوانەدایە کە زمانە ئیحائییە چڕەکە لە پشت خۆی حەشارداون و دەرگای تەفسیر کردن و تێگەیشتن لەو مانایانە بەکراوەیی بەجێهێشتووە و هەر کەسێک لە روانگەیەکی جیاوازەوە بەپێی تێگەیشتنی خۆی هەر جارەی بە جۆرێکی لێک دەداتەوە و لە هەر سەردەمێکیشدا خوێندنەوەی جیاوازی دەبێت.

کەواتە لێرەدا بۆمان هەیە لەو هۆیانە بگەین کە پاڵ بە شاعیرەوە دەنێن بۆ ئەوەی پەنا بباتە بەر تەم و مژی لە شیعردا، واتە لە کاتێکدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکێک لەو هۆیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا سەربەستییەکی زیاتر بداتە خوێنەر بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی گەشتی دۆزینەوەی مانا شاراوەکان بکات و بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لە ماناکان بدوێ و سنووری مانا قووڵ و چڕەکانی شیعرەکە هەر بە کراوەیی بەجێ بێڵێت و وەک سەر ئەنجامیش وەک بنەڕەتێکی ئیستاتیکی خۆی بنوێنێت، جگە لەمە چەند هۆیەکی تریش هەیە پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ و بە شێوەیەکی ئاشکرا مانای شیعرەکەی نەداتە دەست.

یەکێک لەو هۆیانە بەوە دیارکراوە کە «خستنە رووی (تەم و مژی شیعر) لەم ساڵانەی دواییدا وەک باسێک بۆ گفتوگۆ و باسکردن نەخراوەتە روو بەقەد ئەوەی پەیوەندی هەیە بەو دیاردە فیکری و هونەرییانەی لە نوێگەرییەوە هاتوون» [١٠] ئەمەش گرنگی تەم ومژی وەک دیاردەیەکی لە بەرچاوی شیعر دیاردەکات چ لە رووی شێوەی هونەرییەوە بێت کە تواناو کارامەیی شاعیر لە رووی بەکارهێنانی کەرەستە هونەرییەکانەوە دەردەخات، وەیان لە رووی ناوەڕۆکەوە بێت کە فەلسەفەو دیدو بۆچوونی شاعیر دیاردەکات.

هەروەها هۆیەکی تری تەم و مژی دەگەڕێتەوە بۆ نادیاری و شاراوەیی دەروونی مرۆڤ خۆی و تێکچڕژاوی و ئاڵۆزی هەست و نەست و بیروڕاکانی کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی

٩- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦٧ .

١٠- ابواب ومرايا مقالات في حداثة الشعر، خيري منصور، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص٤٢ .

ئەوەی بەشێوەیەکی تەم و مژاوی و نادیار دەریان ببڕێت «بۆیە پرۆسەی شیعری - کاتێک سروشتێکی ئیجابی داهێنەرانە وەردەگرێت - دەتوانێت ئەزموونە شیعرییەکە لەناخەوە هەڵبهێنجێت، لە تونێلەکانی نەست و بە شێوەیەکی بەهێزو کاریگەرو روون بیگوازێتەوە، ئەگەر کەرەستە هونەرییەکانی شاعیر توانای فراوانکردنی رووبەری ئەو سێبەرانەی هەبێت کە هەڵچوون و هەست و سۆزو بیروڕاکانی تیادا مەلە دەکات و بە جۆرێک ئەو سێبەرانە وەرگر دەخەنە حاڵەتێک وەک ئەوە وابێت لە ژوورێکی نیمچە تاریکدا بێت... کە رێگاکەی دیارنییە وە بەتایبەتیش ئەم کردەوەیە بە تەواوی پشت بە زەمینە رۆشنبیری و ئەزموونە تایبەتییەکانی وەرگر دەبەستێت کە کاردەکاتە سەر پێکهاتنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش ئەو گۆشە نیگایە دیاردەکات کە لێیەوە دەڕوانێتە وێنەکە». [11] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تەم و مژی شیعر پەیوەندییەکی بەناویەکدا چووی بە سروشتی پێکهاتنی دەروونی مرۆڤەوە هەیە بۆیە دەربڕینە ئاڵۆزو نادیارەکانی شتێکی سروشتییە لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی کە دەروونی مرۆڤە لێڵ و ئاڵۆزو تەم و مژاوییە.

هەروەها هۆیەکی تری تەم و مژی شیعر بەستراوەتەوە بە «... گۆڕینی ئەرکی پیت و ئامرازەکانی پەیوەندی و بەشەکانی تری ئاخاوتنی وەک ئاوەڵناو و ئاوەڵکارو شێوە جیاوازەکانی داڕشتنی فرمان و رێکخستنی رستە بەشێوەیەکی نا ئاسایی و حەزکردن لە بەکارهێنانی رستە کراوەکان وەک ئەوەی رستەیەک لە چەند ناوێک پێکهاتبێ بێ ئەوەی فرمانێک بەیەکتریان ببەستێتەوە، وەیان شاڕستە بێ پارستە بێ وەیان بە پێچەوانەوە، یان رستەیەکی مەرجی بێ وەڵامی مەرج بێ، وەیان فرێدانی ئامرازەکانی ناسین و بەکارهێنانیان بە شێوەیەک ببێتە هۆی زیادکردنی تەم و مژی لە جیاتی ئەوەی شتەکان دەستنیشان و پێناسە بکات، وەیان گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی وشەکان بەو مانا کۆنانەی لێیان وەرگیراون و لەبیرکراون، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شاعیر لەوانەیە ناونیشان بۆ شیعرەکەی دانەنێت وەیان ناونیشانێک دابنێت لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکەدا نەگونجێت و بەم جۆرە فرە واتایی دروست دەکەن». [12] ئەمەش جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ

١١- دراسات نقدية، دكتور عدنان حسين قاسم، ص١٦ .

١٢- ثورة الشعر الحديث، د. عبدالغفار مكاوي، ص٢٦٧ . هەروەها بڕوانە: قضايا في النقد الادبي، ك،ك. روثفن، ترجمة الدكتور عبدالجبار المطلبي، مراجعة الدكتور محسن جاسم الموسوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٨٢ .



زمانی شیعردا دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە شاعیر لەوانەیە بۆ بەدەست هێنانی ئەو تەم و مژییەی مەبەستیەتی لە شیعرەکەیدا دروستی بکات بە ئارەزووی خۆی یاری بەزمان بکات و تەنانەت هەندێ جار ئەگەر بووە هۆی ئەوەش زمان بشێوێنێت و دەستوورو یاساکانی تێک بشکێنێت، کە لەو بڕوایە داین شاعیری داهێنەر پێویستی بە تێکدان و شێواندنی زمان نییە تا بەم مەبەستە بگات، بەڵکو لە رێگای چڕکردنەوەی هەست و سۆزو هەڵچوونەکانی و قووڵکردنەوەی بیروڕاکانی لە رێگای بەکارهێنانی زمانێکی ئیحائی چڕ دەتوانێت مەبەستەکەی خۆی بپێکێت.

هەروەها بەکارهێنانی رەمزو ئەفسانە بەهۆیەکی تری تەم و مژی دادەنرێت لە شیعردا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وزە سرووش بەخش و ئیحائییەی خۆیان لە ناوەوەیاندا حەشاردەدات و بوارێکی فراوان بۆ شاعیر دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی و بێ سڵەمینەوە ئەو شتانە بڵێت کە لە دەربڕینێکی راستەوخۆدا نەتوانێت بەو جۆرە دەریان ببڕێت. وەیان هەندێ جار لەبەر هەر هۆیەک بێت چ سیاسی یا کۆمەڵایەتی یا عەقائدی نەتوانێت هەندێ شت بڵێت ئەگەر ئەو پەردەیە مانا زەقەکە دانەپۆشێت.

جا ئەگەر بمانەوێ هۆیەکانی بەکارهێنانی رەمزو ئەفسانە لە شیعردا دیار بکەین دەبینین زۆربەی بیروڕاکان لە رووی یەک بۆچوونەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، هەر بۆ نموونە «بەکارهێنانی ئەفسانە لای شاعیر بەمەبەستی بەجێهێنانی چەند ئامانجێکە وەک ئەوەی شاعیر بیەوێ زاتییەتە مت بووەکەی خۆی تیایدا بسەلمێنێت و بەشداربوونی خۆی لە گرنگترین مەسەلەکان رابگەیەنێت و بەدیلێک بۆ جیهانە ناکۆکەکەی ژیانی رۆژانەی پێشکەش بکات و یاساکانی داپلۆسین و چەوسانەوە رەت بکاتەوە و نشوستییە شارستانییەکانی دەربخات و لە هەموو ئەمانەشدا پەنا بباتە بەر ئەو رەمزە هونەرییانەی وادەکات ئەزموونە شیعرییەکەی زیندوو بێت و کار لە وەرگر بکات بەشێوەیەک وای لێ بکات لە وردبوونەوە و تێڕامانێکی نوێدا لەگەڵ شاعیردا هەوڵی پێکهێنانەوەی جیهانێکی چاکتر بکات». [13] جا هەوڵدان بۆ بنیاتنانی ئەو جیهانە نوێیە لە پاڵ هێما ئەفسانەییەکان واپێویست دەکات سوود لە گیانی ئەفسانەکە وەربگیرێت و بەشێوەیەکی تر بەکاربهێنرێت، بۆیە «بەدەگمەن نەبێ ئەفسانە نوێیەکە شێوەی ئەفسانە گشتییەکانی تر

١٣- الاسطورة في شعر السياب، عبدالرضا علي، دار الرائد العربي، بيروت - لبنان، الطبعة الثانية ١٩٨٤، ص٢٥، هەروەها بڕوانە: اثر التراث في الشعر العراقي الحديث، علي حداد، ص٧٦ .

وەرناگرێت، ئەو ئەفسانانەی لە خەیاڵە شیعرییەکەوە وەردەگیرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەربڕینێکی راستەقینەیە بۆ ئەو گیروگرفتە هاوچەرخانەی کار لە زاتییەتی کەسەکە دەکات». [١٤]

هەروەها هۆی بەکارهێنانی رەمزیش لای شاعیران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە «رەمز سروشتێکی دەوڵەمەندو ورووژێنەری هەیە» [١٥] چونکە راستەوخۆ گوزارشت لە مانایەکی سنووردار ناکات بەڵکو «دەلالەت لەو مانایە دەکات کە لە پشت مانا دیارەکەیە، لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی مانا دیارەکەش» [١٦] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو خاسیەتە تایبەتییەی رەمز یارمەتی شاعیر دەدات مانای شیعرەکە بەکراوەیی بەجێ بهێڵێت، جا لەبەر ئەوەی رەمز لای وەرگر (خوێنەر) هۆیەکی ئیحائییە[١٧] بۆیە ئەویش بەسەربەستی بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیەوە لە روانگەی جیاوازەوە ئەو مانایانە وەردەگرێت کە جۆری پێکهاتنی رۆشنبیری دیاردەکات.

ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو تەم و مژییەی شیعر لە ئەنجامی بەکارهێنانی رەمزو ئەفسانەوە دروست دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لەو سروشتە ئیحائییەدا دەنوێنێت کە شاعیر لەلایەکەوە وەک بنەڕەتێکی ئیستاتیکی خزمەتی لایەنە هونەرییەکەی پێ دەکات و لە رووی ناوەڕۆکیشەوە ماناکان چڕو قووڵتر دەکاتەوە.

بەم جۆرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تەم و مژی خاسیەتێکە تایبەت بە سروشتی شیعر و شاعیر لەبەر هۆی جیاواز پەنای دەباتە بەر. جا جاری وا هەیە ئەو تەم و مژییە تەم و مژییەکی تەنک دەبێت کە ئەمەیان هەر بەشێوەیەکی گشتی بنەڕەتێکی جوانکاری شیعر پێک دەهێنێت و بەپێویستییەک لە پێویستییەکانی دابینکردنی مەرجی شیعریەتی شیعر دادەنرێت و لە شێوازی راپۆرت ئامێزی و راستەوخۆیی رزگار دەکات و جاری واش هەیە تەم و مژییەکی ئەستوور دەبێت کە هۆی جیاواز پاڵی پێوە دەنێت هەوڵی ئەوە بدات

14- the Idea ofgod and Human freedom, pannen berg, Wolfhart, the west minster press, philadeiphia, 1973.p.21.

١٥- الشعر العربي المعاصر، الدكتور عزالدين اسماعيل، ص١٩٧ .

١٦- فن الشعر، الدكتور احسان عباس، الطبعة السادسة، سلسلة الفنون الادبية - ٣-، دار الثقافة - بيروت - لبنان، ١٩٧٩، ص٢٣٨ .

١٧- بڕوانە: The Literary symbol, W. Y. Tindell, University press, Newyork,1955, P, 17.



ماناکان بەتەواوی بشارێتەوە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بێت و لەبەر هەر هۆیەک بێت دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەو جۆرە تەم و مژییە پەسەند ناکرێت کە بەتەواوی ماناکان دەشارێتەوە و دەرگای تێگەیشتن لە رووی وەرگر بەتەواوی دادەخات.

**- هەڵوێستی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرامبەر تەم و مژی شیعر:**

لە ناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی تەم و مژی دراوە و بەیەکێک لە مەسەلە شیعرییە گرنگەکان دانراوە، وە بەتایبەتیش دوای ئەوەی تەم و مژی بووە دیاردەیەکی دیارو سەرنج راکێشەری شیعری نوێی کوردی کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم دیاردەیە بکۆڵرێتەوە و لە رووی باری سەرنجی جیاوازەوە تەماشا بکرێت.

جاری بەر لە هەموو شت دەبێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە هەر دیاردەیەکی نوێ کاتێک پەیدا دەبێ یەکسەر لەلایەن هەموو کەسێکەوە پەسەند ناکرێ، بەڵکو زۆرجار رەت دەکرێتەوە و بەرهەڵستی دەکرێت جا چ بە شێوەیەکی توندوتیژ بێت یان بە شێوەیەکی نەرم. دیاردەی تەم و مژیش لە شیعری نوێی کوردیدا لە رووی چەند باری سەرنجی رەخنەیی جیاوازەوە باس کراوە کە دەتوانین بڵێین وەک سەرئەنجام خۆی لەم دوو هەڵوێستە رەخنەییە جیاوازەدا نواندووە:

**- هەڵوێستی یەکەم:** پەسەند نەکردنی تەم و مژی شیعر

زۆربەی ئەو بیروڕایانەی ئەم هەڵوێستە رەخنەییەیان نواندووە تەم و مژی شیعریان بە دیاردەیەکی سەلبی و خراپ داناوە و رەتیان کردۆتەوە، وە بەتایبەتیش ئەو جۆرە تەم و مژییە دەستکردەی دەرگای هەموو جۆرە تێگەیشتنێک لە رووی وەرگر دادەخات و لە ژێر پەردەیەکی تەماوی ئەستووردا ماناکان دەشارێتەوە و ناهێڵێ کەس بیگاتێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەر لە ناو ئەم بیروڕایانەدا هەندێ جار لە ئەنجامی چەند هۆیەک و بەپێی چەند مەرجێک هەست بە پەسەندکردنی جۆرە تەم و مژییەک دەکرێت کە پێویستی دروستی دەکات و دەیسەپێنێت.

پەسەند نەکردن و رەتکردنەوەی تەم و مژی شیعر لە هەندێ لە بیروڕا رەخنەییەکاندا لەسەر بناغەی پێکهاتنی ئایدیۆلۆجی رەخنەگرەوە دروست بووە، لەم رووەوە لای (ساجد ئاوارە) بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێ کە پەسەندنەکردنی تەم و مژی دەگەڕێتەوە بۆ

باوەڕی پتەوی بە ڕێبازی ریالیزم بۆیە بوونی تەم و مژی لە شیعردا بە شتێکی زیانبەخش دادەنێ و دەڵێ «ئێستاش زۆر لە شاعیران هەن لەسەر شێوە و بیری رابردووی بێ کەڵک ئەکەنەوە، یا هۆنراوەی پڕ لە نهێنی و لێڵ و قووڵ و بیری رەمزی و گرێیاوی لە چوارچێوەیەکی بیری تەسکا دائەنێن. ئەم جۆرە شاعیرانە دیارە مەلاشوویان بە گۆشەگیری و خۆ پەسەندی گیراوەتەوە وە خۆشەویستی ئەم بیرە گۆشەگیری خۆشەویستییە خاوەنەکەی وا ئەناسێنی کە هەرگیز رۆشنایی نەبینێ، و لە ئاسمانی راستی و رووداویدا باڵ ئەگرێتەوە وە ئەکەوێتە سەر پۆتەلاکی ئەدەبی ریالیزمی نوێ و بیری، ئەو بیرۆکانەی ژیانی راستەقینەی خەڵک ئەخەنە روو، ئەبنە چراوگی رێگای راستییان وە پاشەڕۆژی گەشەداریان». [١٨] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رێبازی ریالیزم لەبەر ئەوەی بناغەی بیرو باوەڕی لەسەر ئەوە دامەزراوە کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یا هونەری بەشدارییەکی کاریگەری ژیانی خەڵک بکات و خۆی بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا ببەستێتەوە و بەرهەمەکە بە شێوازێکی وا پێشکەش بکات کە گەورەترین ژمارە لە کۆمەڵانی خەڵک لێی تێبگەن، بۆیە بەپێی بیروڕای لایەنگرانی ئەم رێبازە شاعیر کاتێک پەنا دەباتە بەر تەم و مژی ئەوا لە جەماوەری خەڵک دوور دەکەوێتەوە و تەنها خۆی بەدەستەیەکی هەڵبژاردەی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە کە ئەمەش لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەم رێبازەدا ناگونجێت.

هەروەها (فوئاد قەرەداغی) لەسەر بناغەی باوەڕهێنانی بە رێبازی ریالیزم بۆ ئەوە دەچێت کە رۆڵی کاریگەری شیعر لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا کاتێک دەردەکەوێت کە ئەگەر شاعیر توانی بیروڕاکانی خۆی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بگەیەنێتە خەڵک و کاریان تێ بکات بۆیە ئەمە وای لێکردووە شیعری تەم و مژاوی پەسەند نەکات و داوای شیعرێک بکات کە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا مەبەستەکەی دەرببڕێت و بڵێ «ئەگەر شێوە لە قاڵبێکی هونەری وادا نەبوو کە مەبەستی ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بە روونی و رەوانی بدات بەدەستەوە ئەوا ئەبێتە کۆسپێک لە رێگای گەشەکردنی ناوەڕۆکداو هەروەک کارتێکردنی کۆمەڵایەتیشی تیا نابێت و بەرهەمێکی مردوو دەرئەچێت». [١٩]

١٨- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی، ئاوارە، ل١٧ .

١٩- بەرهەمەکانی روانگەو رەخنەی هونەری، فوئاد قەرەداغی، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٢، ١٧-١١-١٩٧٢، ل٣ .



هەندێ جاریش پەسەند نەکردنی تەم و مژی شیعر لای رەخنەگر گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیر لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی سادەیی و کاڵ و کرچی ئەزموونە شیعرییەکەی بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی پەنا دەباتە بەر جۆرە تەم و مژییەکی دەستکرد، بۆیە لە ئەنجامدا ئەم جۆرە تەم و مژییە جێی پەسەند کردن نەبووە و بەتوندی رەت کراوەتەوە. لەم رووەوە (کەمال میراودەلی) بوونی ئەم جۆرە تەم و مژییە دەستکردە لای ئەم جۆرە شاعیرانە بەپێنەگەیشتنی ئەزموونە شیعرەکانیان دەبەستێتەوە و دەڵێ: «بە باوەڕی من هەر شاعیرێک کە بەتەواوەتی لەگەڵ تاقیکردنەوەکەیدا بژیەت دەتوانێ لە شێوەیەکی هونەری بەرزدا دای بڕێژێت و پێویستی بەوە نییە پەنا بەرێتە بەر غموزی دەستکرد». [٢٠] کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە تەم و مژییە پەسەند نەکراوە کە شێوەیەکی دەستکرد وەردەگرێت و شاعیر بە زۆر لە خۆکردن بۆ شاردنەوەی بێ دەسەڵاتی شیعری و کەموکوڕییەکانی خۆی پەنای دەباتە بەر کە ئەمەش لە نەبوونی ئەزموونێکی شیعری قووڵ و پێگەیشتووەوە دروست دەبێت.

هەروەها بەشێک لە بیروڕا رەخنەییەکان ئەو جۆرە تەم و مژییە دەستکردە لە شیعردا رەت دەکەنەوە کە شاعیر تیایدا بە ئەنقەست ماناو مەبەستی شیعرەکەی تیادا بەتەواوی دەشارێتەوە و ناهێڵێ وەرگر بە هیچ شێوەیەک لە ماناکەی بگات بۆیە (عەزیز گەردی) بە توندی دژی ئەم جۆرە تەم و مژییە دەوەستێت کاتێک دەڵێ: بەڵام ئەگەر شاعیر هەوڵی ئەوە بدات کە بە ترسەوە دەنووکی شیعر بۆ دڵی خوێنەر درێژ بکات تا هەستی خۆی پێ بدات، یا هەر بەتەواوی دەروازەی شاری دەروونی خۆی بەڕووی خوێنەر دابخات و هەر لە دووره شوورەوە گرمەو هاژەی ئەو شارەی بدا بەگوێدا بێگومان ناتوانێ بە خەیاڵ بۆی بچێ کە سووچێ یا کولانکەیێ نەبێ لێیەوە تەماشای بکات... بەمەوەش لە جیاتی ئەوەی کە باوەش بۆ مەلی تاسەی خوێنەر بکاتەوە! توریدی و هەرەتەی ئەکات، هەوڵی ئەوە ئەدات کە (مغلق) بمێنێتەوە، ئەمەشیان جۆرە هەڵاتن و خۆ کێشانەوە و ونبوونێکە!» [٢١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر لە رێگای بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەم و مژییە داخراوە هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ وەرگر دەپچڕێنێ و هیچ جۆرە بایەخێکی پێ نادات و بەوپەڕی

٢٠- بیروڕایەک دەربارەی ئەدەب و رەخنە، ئامادەکردنی: رفیق صابر، ر: هاوکاری، ژ: ١٤٣، ١٧-١١-١٩٧٢، ل٧ .

٢١- لەگەڵ هەندێ نووسەرانی شارەکەماندا، گ: بیری نوێ، ژ: ١، ساڵی ١، ١٩٧٢، ل٣٦.

بێ باکی وەک مرۆڤێکی دوورە پەرێزی بێ هەڵوێست شیعر بۆ مەبەستی شیعر دەڵێ و هیچی تر.

هەر لە رووی ئەم بۆچوونەوە (لەتیف هەڵمەت) دژی ئەو شاعیرە دەوەستێت کە دەرگای تێگەیشتن لە مانای شیعرەکانی لە رووی خوێنەر دادەخات وە بەتایبەتیش ئەگەر تەنها بەمەبەستی لاساییکردنەوە پەنا بباتە بەر تەم و مژی نەک پێویستی پاڵی پێوە نابێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا سیفەتی نارەسەنی دەداتە پاڵ و دەڵێ: «... ئەو شاعیرەش کە شیعرێکی ئاڵۆزو گرێ چن دەنووسێ کە کەس لێی تێ نەگاو سەری لێ دەرنەکا هەر لەبەر ئەوەی شاعیرێکی ئەوروپایی ناودار شیعرێکی وای نووسیوە... ئەو شاعیرەش هەرگیز شاعیرێکی رەسەن نییە و شیعرەکانی ناژی و خۆیشی هەروەکو ئەو (تووتی)یە وایە کە لاسایی هەموو کردارێکی مرۆڤ بکاتەوە».[22]

هەروەها (جەوهەر کرمانج) دژی ئەو شاعیرانە دەوەستێت کە مانای شیعرەکانیان بەتەواوی دەشارنەوە و دەڵێ: «وێنەی شیعری لای من، بەرگێکی قەشەنگ و جوانە بەبەر شیعردا دەکرێ هۆنینەوەی بیرێکی بەرجەستەیە لە وشە لە قاڵبێکی هونەریدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیم ئەم وێنەکارییە ئەوەندە تۆخ بێت ببێ بە پەرژینێک لەبەر دەرکەوتنی مانای شیعر – چونکە ئەوکاتە شیعر بەلای هێماو رەمزەوە دەبات. کە شیعریش وای لێ بێ فەرهەنگی بۆ دابنرێ، یا شاعیرەکە خۆی واژەی بکات، تام و لەزەتی شیعری لە دەست دەدا».[23] ئەمەش پێ لەسەر ئەو راستییە گرنگە دادەگرێت کە تێگەیشتن لە مانای شیعر دەبێ لە سیاقی شیعرەکە خۆیەوە دروست ببێت نەک لە ئەنجامی هۆیەکەوە بێت لە دەرەوەی شیعرەکە.

لای (عیزەدین رەزا) قووڵی مانای شیعر بە جۆری وشە و رستەکان نەبەستراوەتەوە بەڵکو بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکە بۆیە دەڵێ: «... وە شاراوەیی وەیا پۆشراوی واتای هۆنراوە لە بەکارهێنانی وشەی زل و رستەی نادیار نابێت بەڵکو هونەرمەندی راستەقینە زمانێکی سادەو ساکار ئەخاتە کار بەجۆرێک تاوەکو لە واتاکەی

٢٢- هەڵوێستێک و چەند وشەیەک، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ: ٢٦، مایسی ١٩٧٩، ل٩ .

٢٣- گوت و بێژ لەگەڵ: جەوهەر کرمانج، ئامادەکردنی عەزیز کەیخوسرەوی، گ: سروە، ژ: ٥٢٥، ساڵی شەشەم، خەزەڵوەری ١٣٦٩ (١٩٨١ز)، ل١٩ .



بکۆڵیتەوە قووڵتر دەبێت... ».[24] هەر لەم روانگەیەوەش هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە پەسەند نەکردنی شیعری ئەو شاعیرانە دیاردەکات کە مانای شیعرەکانیان بە ئەنقەست دەشارنەوە کاتێک دەڵێ: «بەڵام شاعیرە نوێکانمان دیارە نایانەوێت ئەو شتانەی لە دڵیانا پەنگی خواردۆتەوە وا بەئاسانی بیدەن بەدەستەوە بەڵکو لە بۆتەی قاڵبی هونەری وا دای ئەرژێن کە خوێنەر بەدوای وشەی دڵیانا وێڵ بێت لەگەڵ بوونی هی واش کە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە ئەکات لەدواییدا هۆنراوەکانی لە ورێنە زیاتر لە هیچی تر ناچێت».[25] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر جاری وا هەیە بۆ بەدەستهێنانی تەم و مژی هەموو هۆیەک دەگرێتەبەر چ بەلاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی تاقیکردنەوەی شاعیرانی تر بێ وەیان بەکارهێنانی کەرەستە هونەرییەکان بێ بەشێوەیەک کە خزمەتی ئەم مەبەستەی بکات، جا لەبەر ئەوەی شاعیر لەم رێگایەوە بە ئەنقەست مانای شیعرەکە دەشارێتەوە و بەهۆی ئەمەوە تەم و مژی دروست دەکات بۆیە ئەم جۆرە تەم و مژییە بە شتێکی پەسەند دانانێت.

هەروەها (محەمەد بەدری) پێ لەسەر ئەو راستییە دادەگرێت کە تەم و مژی لەکاتێکدا بە شتێکی پەسەند دادەنرێت ئەگەرهاتوو پێویستی دروستی کرد بۆیە لەم رووەوە دەڵێ: «تەم و مژ و ئاڵۆزیش دوور نییە ببنە گەیێنەرێکی کارامە، ئەگەربێت و بەزۆرەملێ نەکرێتە دیلی چوارچێوەی کارە هونەرییەکە... واتە ئەگەر هات و ئەمانە لە خۆیانەوە وەدەرکەوتن و توانییان لە دروستکردنی شێوە هونەرییەکە رۆڵێکی کاریگەریان هەبێ، بوونیان لەو حاڵەتەدا پێویست ئەبێ».[26] بەڵام دژی ئەو جۆرە تەم و مژییە دەوەستێت کە شاعیر تیایدا بێ ئەوەی پێویستی پاڵی پێوە بنێت بە ئەنقەست بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی پەنای دەباتە بەر بۆیە پەسەند نەکردنی ئەم جۆرە تەم و مژییە کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «بەڵام پەنابردنە بەر ئاڵۆزی و تەم و مژی بە ئەنقەست و بەبێ ئەوەی پێویستیمان پێیان هەبێ ئەبێتە هۆی شێواندنی شیعرەکە بە گشتی و وێنە هونەرییەکە بەتایبەتی»[27]

٢٤- روخساری هۆنراوەی نوێی کوردی و ئیستاتیک، عیزەدین رەزا، ر: هاوکاری، ژ: ١٩٩، ٢٨-١٢-١٩٧٣، ل٧ .

٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٧ .

٢٦- هەندێ تێبینی دەربارەی شیعرو شاعیر، محەمەد بەدری، گ: نووسەری کورد، ژ: ٧ خولی سێهەم، ئابی ١٩٨٩، ل٣٤ .

٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤ .

واته ئەو جۆرە تەم و مژییە کە شاعیر بە زۆری دەیسەپێنێت بێ ئەوەی پێویستی پاڵی پێوە بنێت وەک سەرئەنجام لە جیاتی ئەوەی لە بەرژەوەندی بەرهەمە شیعرییەکە بێت زیانی پێدەگەیەنێت.

ئەگەرچی هەندێ جار بەپێی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخێکی سیاسی دیاریکراوەوە ئەم جۆرە تەم و مژییە پەسەند کراوە کە شاعیر تیایدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای تەنکە تەم و مژییەک مەبەستەکەی خۆی لەوە دوورخستۆتەوە بەشێوەیەکی زەق و ئاشکرا دەری ببڕێت بێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی ونکردن و شاردنەوەیەکی تەواوی مانای شیعرەکە هەروەک لە بیروڕاکانی (ئەحمەد ڕێبوار)دا تەئکیدی لەسەر کراوە، بەڵام دژی ئەو جۆرە تەم و مژییەش وەستاوە کە شاعیر تیایدا بەتەواوی مانای شیعرەکەی شاردۆتەوە کە لە ئەنجامدا لەسەر لێشێوان زیاتر هیچی تر بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە بۆیە لەسەر بناغەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە باس لەم لایەنانەی تەم و مژی شیعر دەکات و دەڵێ: «ئەوەی ئەمانەوێ بیلێین و ئەوەی (واقیعیشە) و تیایدا ئەژین وە ئەوەی لە دەروونمانایەو نهێنییە پێویستە زۆر ئاشکرا بیخەینە روو نەک جلەوی ئەو بەرهەمە بەپێچ و پەنادا بەرین و غموضێکی نا معقولی تێ بخەین بۆ ئەوەی سەری گلۆڵەکە لە خەڵک ون بێت، جا ئەگەر واکرا ئەمەیان لە ترسەوەیە یان دڵنیا نین لەوەی ئەیانەوێ دەری بڕن. بەڵێ وتمان پێویستمان بە شێوەی جوان و تازەکردنەوە و کەمە غموزێک هەیە بە گوێرەی باری سیاسی ئێستامان... بەڵام نەمان وت بەو شێوەیە بێت کە سەر لە خۆیان و خەڵکیش بشێوێنن»[٢٨]

کەواتە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لەو بیروڕایانەی ئەو هەڵوێستە رەخنەییەیان نواندووە کە تەم و مژی شیعری تیادا پەسەند نەکراوە، دەتوانین بڵێین هەموو بیروڕاکان لەوەدا یەکیان گرتۆتەوە کە دژی ئەو جۆرە تەم ومژییەن کە شاعیر بە مەبەستی سەر لێشێواندنی خوێنەر بە ئەنقەست بەتەواوی ماناو مەبەستی شیعرەکەی تیادا شاردۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەنێت کە پەسەند نەکردنی تەم و مژی لەلایەن ئەو بیروڕا رەخنەییانەوە هەموو جۆرە تەم و مژییەکی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەو تەنکە تەم و مژییە لە شیعردا پەسەند کراوە کە شاعیر تیایدا بەپێی پێویست پەنای بردۆتە بەر.

٢٨- وتووێژێکی والا لەسەر ئەمڕۆ و ئەدەب و ژیان، ئامادەکردنی، ئەحمەد ڕێبوار، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٧٣، ٢٩-٦-١٩٧٣، ل٧ .



**هەڵوێستی دووەم:** پەسەند کردنی تەم و مژی شیعر

ئەو بیروڕایانەی ئەم هەڵوێستە رەخنەییەیان نواندووە، بەپێچەوانەی هەڵوێستی یەکەم، تەم ومژی شیعریان پەسەند کردووە لە ئەنجامی هەستکردن بە پەیوەندی ئەم دیاردەیە لە شیعردا بە سروشتی ژیانە ئاڵۆزەکەی ئەم سەردەمە نوێیە، بۆیە تەم و مژی وای لێهات لە شیعری نوێدا ببێتە بنەڕەتێکی ئیستاتیکی شیعری نوێ و رزگارکردنی شیعر لەو دەربڕینە سادەو راستەوخۆیانەی توانای ئەوەی نەبوو ئەو ناوەڕۆکە ئاڵۆزە دەرببڕێت کە پێویستی بە جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان بوو بە شێوەیەک بتوانێت لەگەڵ سروشتی ئەو ناوەڕۆکە نوێیەدا بگونجێت.

هاتنە پێشەوەی ئەو ناوەڕۆکە ئاڵۆزەی ژیانی سەردەمە نوێیەکە لە حەفتاکاندا دروستی کردبوو وای لە شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمە کرد هەست بەوە بکەن کە پێویستە شێوە دەربڕینێکی وا بەکاربهێنن کە لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە نوێیەدا بگونجێت، بۆیە لەم رووەوە بیروڕای خۆیان لە بارەی چۆنیەتی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەی هاتبووە پێشەوە بەوە دیار کرد کە «بیروڕای روانگە - دەربارەی چۆنیەتی نووسین، راستەوخۆ بەو بارەدا ئەچێت کە نابێ بەدەستی ئانقەست نووسین و بەرهەمی ئەدەبی لە تەم و مژی شاراوەیی و غموضدا گیر بدرێت. وەناشبێ بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە خەڵک تێی بگات ئەوەندە ساکار بێت هەر لە خوێندنەوەی سەرەتاکەیدا، ئەنجام و کۆتاییەکەی زۆر بە ئاسانی خۆی بدات بەدەستەوە و کتومت جووینەوەی شێوە کۆنەکە بێت و دوور بێت لە پێویستییەکانی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی ئەدەبییەوە» .[٢٩] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم شاعیر و نووسەرانە ئەو جۆرە تەم و مژییە دەستکردەیان پەسەند نەکردووە کە بە ئەنقەست شاعیر ماناو مەبەستەکانی شیعری تیادا دەشاردەوە و مەبەستی لە سەرلێشێواندنی خەڵک زیاتر هیچی تر نەبووە و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ ئەوەدا نەبوون شیعر بەشێوەیەکی وا سادەو ساکار ناوەڕۆکەکەی دەرببڕێت کە لەگەڵ ئاڵۆزی ژیانەکەدا بەهیچ شێوەیەک ناگونجێت، بۆیە لە بارەی چۆنیەتی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەوە بۆ ئەوە چوون کە «ئێمە قووڵبوونەوە و وردکردنەوەمان زۆر مەبەستە لە نووسین، وامان مەبەستە کە خوێنەر وەک نووسەر ئەرکی خۆ خەریککردن بگرێتە ئەستۆ بۆ تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە باسەکەدا»[٣٠] لێرەدا دەبێ

٢٩- پاشماوەی کۆڕێکی ئەدەبی روانگە خوازەکان، ڕ: هاوکاری، ژ: ٧، ٢٧-٢-١٩٧١، ل٣ .
٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

ئەوە بڵێین کە ئەو تەم و مژە دەستکردەی مەبەستی شاردنەوە و ونکردنی ماناو مەبەستی شاعیرە، جیایە لە خەستکردنەوە و قووڵکردنەوەی مانا، چونکە روونی و ئاشکرایی دەربڕینی مەبەستی شیعر بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ قووڵبوونەوەدا ناکۆک نییە، بەڵکو شاعیری داهێنەر ئەوەیە بتوانێت مانایەکی قووڵ بەشێوەیەکی ئاشکراو رەوان بگەیەنێتە وەرگر.

هەر لە رووی هەمان بۆچوونی بەستنەوەی دیاردەی تەم و مژی بە سروشتی ژیانە ئاڵۆزەکەی سەردەمە نوێیەکەوە (شێرکۆ بێکەس) بوونی تەم و مژی لە شیعری سەردەمەکەیدا بە ئەنجامی بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی میللەتی کورد دەبەستێتەوە لەو قۆناغەدا بۆیە زۆر بەتوندی دژی ئەو دەربڕینە سادەو ساکارو شێوازە راستەوخۆییانە وەستاوە دوای ئەوەی هەستی بەوە کردووە کە لەگەڵ سروشتی ئەو بابەتە مەزن و پیرۆزانەدا ناگونجێن کە ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی سەردەمەکەی پێک دەهێنن، بۆیە لەم رووەوە دەست لەسەر ئەو راستییە دادەنێت کاتێک دەڵێ: «بەلای روانگەوە، ئەو ئەدەبەی دەست بۆ توێکڵی نیشتمانی و چینایەتیمان ئەبات و لە رێگەی دەربڕینی سادەو ساکاری... تەنکە بواری ئەدەبی راستەوخۆو زەقی... بێ رووپۆشی هونەرییەوە... لە چەوساوەکان لە مەسەلەی نەتەوایەتی، لە شۆڕشی میللەتان، لە هەژاران ئەدوێ و بەقووڵی - وەک قووڵی ئازارو چەوساندنەوە و تێکۆشان و قوربانیدانیان ناچێتە خوارەوە، ئێمە ئەو ئەدەبە بە نموونەی ئەدەبێ ئەزانین کە ئەیەوێت (ئیحتیقاری) میللەت بکات، لە تێکۆشانی... کەم بکاتەوە».[٣١] واتە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە پێویستی بەوەیە بەشێوەیەکی وا قووڵ دەرببڕێت کە لەگەڵ سروشتی ئەو ناوەڕۆکەی لەدایکبووی ئەو ژیانە ئاڵۆزەیەدا بگونجێت، بۆیە هەر بۆ سەلماندنی ئەم رایەی لە بارەی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری سەردەمەکەیان پێک دەهێنێت چەند نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێ «لای ئێمە بۆ نموونە دنیای وشەی «پێشمەرگە» «شەهید» «کرێکار» «جوتیار» زۆر پیرۆزترن لەوەی تەنیا وەزن و قافیەیەکی ئیفلیج و پیاهەڵدانێکی ساکار، تەفسیرێکی خوتبە ئامێز، کۆیان بکاتەوە... بەڵکو بە پێچەوانەوە لای روانگە وایە: تاچەند لە (شەهید بوونی پێشمەرگەیەکدا) - با بیری لێ بکەینەوە قووڵی ئیمان، نهێنی خۆبەکوشتدان،

---

٣١- روانگە.. کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێکەس، بەشی سێیەم، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦-٨-١٩٧٢، ل٣ .



ساتی سامناک و بەرەو رووی مردن بوونەوە، گەرمی خوێن لەبەر رۆیشتن... پێویستە- هەوڵ بدەین - بگەینە ئەو ئاستە پیرۆزە... تەنیا نموونەی ئەدەبێکی بەرزیش ئەوەیە هەموو ئەو نهێنییانە کۆبکاتەوە».[٣٢] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بوونی تەم و مژی لە شیعری ئەو سەردەمەدا پێویستییەکە ژیانی سەردەمە نوێیەکە سەپاندی، بۆیە دەبینین ئەم جۆرە تەم ومژییە پەسند دەکات و بەرامبەر بەمەش دژی ئەو جۆرە تەم و مژییە دەستکردە دەوەستێت کە شاعیر بە ئەنقەست دروستی دەکات و هەڵوێستی خۆی بەوە دیاردەکات کە «من بۆ خۆم ئەو شیعرانەم خۆش ناوێ کە بەمەبەستی تەم و مژی دەستکردو بە نیازی یاریکردن بە وشە نووسرابن».[٣٣] بەڵام ئەم بیروڕایانەی کە لە بارەی تەم و مژی شیعرەوە لەلایەن شاعیر و نووسەرانی سەر بە دەستەی روانگە خرایەڕوو، ئەگەر لەلایەکەوە پشتگیری لێوەکرابێ و پەسەندکرابێ، ئەوا لەلایەکی ترەوە بەرپەچ درایەوە.

(فوئاد قەرەداغی) بوونی دیاردەی تەم و مژی لە شیعر و ئەدەبیاتی روانگەدا بە ئەنجامی شێوانی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیای شاعیر و نووسەرانی روانگە دادەنێت و رەخنەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی شێوەی دەربڕینی شیعریان دەکات و لە بارەی ئەنجامی خراپی کارتێکردنی ئەم شێوە دەربڕینە لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیان دەڵێ «بۆ هەڵسەنگاندنی هونەری ئەو بەرهەمانە بە پلەی یەکەم ئەبێت لەسەر شێوەی نووسینیان بکرێت کە شێوەیەکی نادروست و کارێکی خراپی کردۆتە سەر ناوەڕۆکی بەرهەمەکان و لە تەم و مژێکی تاریکدا شاردوونیەتییەوە و مەبەستەکانی لە چاوی خەڵکی ون کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شێوە شێواوە، شێوەی نووسینی بەرهەمی روانگەییەکانە بەگشتی، نابێت ئەو راستییەش فەرامۆش بکرێت کە پەیڕەوکردنی ئەم شێوەیە ئەنجامی شێواوی ئایدیۆلۆجیانەیە».[٣٤] کەچی (عیزەدین رەزا) بە پێچەوانەوە گۆڕانی شیعر و بوونی دیاردەی تەم و مژی لە شیعردا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو گۆڕانانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، بۆیە تەم و مژی بە هەنگاوێکی پێشکەوتووی شیعر دادەنێت و دەڵێ: «... هۆنراوەی تازە هەنگاوێکی بۆ پێشەوە هاویشتووە بە جۆرێک

---

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٣٣- وتووێژ لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، - ٢-، ئامادەکردنی. بەڕۆژ ئاکرەیی، گ: سروە، ژ: ٦٨، ساڵی حەوتەم، رەشەمەی ١٣٧٠ (١٩٨٢ز)، ل١٨ .

٣٤- روانگەو تەرازووی ویژدان، فوئاد قەرەداغی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٥، ٢٣-٩-١٩٧٢، ل٧ .

کە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر روخساری هۆنراوە بە گشتی، بەلای هەندێ کەسەوە نابێت بەمانە بوترێت شیعر!، چونکە خەڵک لێیان تێ ناگات بەڵگەشیان پۆشراوی واتاکانیانە، وەبەلای ئەوانەوە هۆنراو ئەبێت هەموو کەس لێی تێ بگات گوایە لە گەلەوە دەبێت بۆ گەل بێت! بام دەربڕینی قسەی سادەو ساکاریش بێت! ئەوە فەرامۆش دەکەن کە هۆنراوە بەشێکە لە ئەدەب کە ئەمیش بەشێکە لە سەرخانی میللەت کە نابێت رادەی نزم بێت چ لە لایەنی هونەرییەوە چ لە لایەنی بیرەوە بێتە ریزی رەش و رووتی گەل...». (٣٥)

ئەمەش پەسەندکردنی ئەو جۆرە تەم و مژییە لە شیعردا دیاردەکات کە پێویستی گۆڕان و ئاڵۆز بوونی ژیان دەیسەپێنێت بۆیە دژی ئەوە دەوەستێت شاعیر تەنها مامەڵەیەکی رووکەشانە لەگەڵ دیوی دەرەوەی شتەکان بکات و داوای شۆڕبوونەوە بۆ ناخی شتەکان و قووڵبوونەوەیان لێ دەکات و دەڵێ: «پێویستە شاعیری پێشکەوتنخواز زیاتر رووی ناوەوەی شت دەربخات و زیاتر لێی قووڵ بێتەوە بە وێنەی بەرزو سەرنجکێش دەری بڕێت و لە خوێندنەوەیدا مرۆڤ بکەوێتە ئەندێشەو بیر لێکدانەوەیەکی چێژدار وە هەست و ویژدان بجووڵێت». (٣٦) هەروەها (عەبدوڵڵا عەباس) شیعری داهێنەر بەو شیعرە دادەنێت کە سیماکانی ژیانی سەردەمەکە وەردەگرێت، بۆیە بوونی تەم و مژ لە شیعردا بە رەنگدانەوەی سروشتی ژیانی سەردەمە نوێیەکە دادەنێت و دەڵێ «دیاردەی تەم و مژ لە شیعردا، مەسەلەیەکی نیسبییە، هەموو گۆڕانکارییەک، لە سەرەتاوە تا ماوەیەکی زۆری خۆهیلاککردن بەرەو چەسپاندن، بەو قۆناغی تەم و مژە گرانەدا دەڕوا، هەر شیعرێ کە دەخوێنرێتەوە، چەندان پرسیار لە مێشکی خوێنەرا بەجێ نەهێڵێ و نەیخاتە زۆرانبازییەکی دەروونییەوە، ئەو شیعرەیە کە لە بەهرەی داهێناندا بۆشە، مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵە، شاعیری هاوچەرخ، بەو پێیەی هونەرمەندو داهێنەرە، ناتوانێ دوور بێ لە جەنجاڵی ئەم سەردەمە... ئەم کەونە تێکچڕژاوە، وای کردووە، دەربڕینەکانی هونەرمەند، بەهەمان تێکچڕژاوی دنیابێ» (٣٧) ئینجا ئەنجامی کاریگەری ئەم جۆرە شیعرە لەوەدا دەبینێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ زیاتر بەرامبەر بە شتەکان بوەستێت و لێیان

٣٥- روخساری هۆنراوەی نوێی کوردی و ئیستاتیک، عیزەدین رەزا، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٩٩، ٢٨-١٢-١٩٧٣، ل٣ .

٣٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٣٧- چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی شیعرو تەم و مژ لە شیعری نوێدا، عبدالله عباس، گ: رۆژی کوردستان، ژ: ٥٨، ئاداری ١٩٨٠، ل٣٥ .



رابمینێت و لێیان قووڵ بێتەوە، واتە تەم و مژی بە هۆیەک دادەنێت بۆ زیاتر بیرکردنەوە و لێ وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی مرۆڤ بۆیە مەبەستی لە پەنابردنی شاعیر بۆ تەم و مژی بەوە دیاردەکات کە «ئەمە بیانوو نییە بۆ ئاوڕنەدانەوە لە خۆو پچڕان لە ئەرزیەتی کۆمەلایەتی، لەناو کۆمەڵی خودی شاعیر خۆیدا، بەپێچەوانەوە، لە رەگەوە هەستاون و چوونە ناو تێکچڕژاوییەکەی دنیاوە و دەربڕینی ئەم دووانە پێکەوە، هەر لە توانای شاعیری بەهرەدار دایە کە بە وشەکانی خەڵک رابکێشی بۆ تێڕامانی قووڵ و زیاتر قووڵبوونەوە». (٣٨) ئینجا بۆ زیاتر پێداگرتن لەسەر پەسەندکردنی بوونی تەم و مژی لە شیعری نوێدا داوای ئەوە دەکات کە رەمەکییانە و هەر لە خۆوە مامەڵە لەگەڵ بوونی ئەم دیاردەیە لە شیعردا نەکرێت، بەڵکو بە وردی لەو هۆیانە بکۆڵرێتەوە کە پاڵ بە شاعیر وەدەنێن بۆ ئەوەی رووبکەنە تەم و مژی لە دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بۆیە وەک بەرگرییەک بۆ بوونی تەم و مژی لە شیعردا دەڵێ: «کەواتە دیاردەی تەم و مژ، لە شیعری نوێدا، ئەو کارەساتە گرێ گرێیاویە سەیرە، نییە، سەروگوێلاکی شیعری پێ بکوترێتەوە دەبێ تێگەیشتنمان لە دیاردەی تەم و مژ، لە سەرنجدانی مەوزووعییانەوە بێ، واتە دەست خستنە سەر هۆ راستەقینەکانی و بەچاوێکی کراوە و دوور بین و هۆشیارانەوە سەیر بکرێ». (٣٩)

تەم و مژی وەک بنەڕەتێکی ئیستاتیکی لە لایەن (حەسیب قەرەداغی)یەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە و گرنگی بەوە دیارکراوە کە لەلای شاعیری داهێنەر ئەگەر بەجوانی بەکارهات دەبێتە هۆی ئەوەی شیعر لە دەربڕینە سادەو راستەوخۆیەکان رزگار بکات و ماناکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگای بەکارهێنانە تایبەتییەکەی زمانی شیعر کە زیاتر لەم حاڵەتەدا سروشتێکی ئیحائی وەردەگرێت چڕبکرێتەوە و لە زەقی و رووکەشی دەربڕین دوور بکەوێتەوە و شێوەیەکی هونەری جوان وەربگرێت، بۆیە لە بارەی پەسەندکردنی بوونی تەم و مژی لە شیعردا دەڵێ: «لێرەدا من دەڵێم تەم و مژ، بەکارهێنانی ئەفسانەو سوود وەرگرتن لە چیرۆکی بەر ئاگردان و داستانەکانی ناو کۆمەڵ و خۆماڵی لە بەرهەمی شاعیری سواردا، جوانی و هێزو کاریگەری دەخاتە سەر شیعر و ئەدەبیات و دەیباتە پلەی شیعر و ئەدەبیاتی جیهانی بەرزو هانی ئەوە دەدا کە زێدەتر

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥ .

٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥ .

خوێندەوار تامەزرۆی خوێندنەوە و لێ تێگەیشتن و چێژ لێ وەرگرتنی بەرهەمەکە بن بەمەرجێک هەموو ئەو شتانە لە خزمەتی بابەتەکەدا بن، لە راستەوخۆیی دوور بخەنەوە و ببنە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانداو واقیع وەک خۆی وەرنەگیرێ و لە گۆڕانی ئەویشدا دەستی هەبێ بەرەو ئاستێکی بەرزتر، بەرەو کەمالی خەیاڵ و ئەندێشە». [٤٠] بەڵام مەترسی خۆی لە بارەی بەکارهێنانی تەم و مژی لای شاعیری بێ تواناو دەستکورت بەوە دیاردەکات کە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە بۆیە پەسەند نەکردنی تەم ومژی لەم حاڵەتەدا کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ «بەڵام کە کەوتە دەستی ناشێ ئەوا دنیای روون لێک دەکەن بەڕادەیەک کە سەروبەری دیار نەبێ و خۆشیان نەزانن چۆن ئەو تەم و مژەیان داوە بەسەر بەرهەمە کاڵ و کرچەکانی خۆیاندا، چاولێکەری و مۆدەرنیزمی نەبێ هیچی کە نییە!!» [٤١]

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بیروڕایانەی ئەو هەڵوێستە رەخنەییان نواندووە کە تەم و مژی پەسەند کردووە، زۆربەیان لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە پەیوەندییەکی بەناویەکداچوو لە نێوان بوونی تەم و مژی لە شیعری نوێ و سروشتی ژیانە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەکەی سەردەمە نوێیەکەدا هەیە، واتە تەم و مژی بە ئەنجامی بارودۆخی ئەو ژیانە دانراوە کە تیایدا سەری هەڵداوە و سروشت و خاسیەتەکانی وەرگرتووە، لەمەوە دەتوانین بڵێین تەم و مژی دیاردەیەک نییە لە خۆیەوە لە شیعری نوێدا سەری هەڵدابێ، بەڵکو پێویستی سروشتی ژیانی سەردەمەکە دای هێنا و سەپاندی، بۆیە وەک سەر ئەنجامیش تەم ومژی وەک بنەڕەتێکی ئیستاتیکی تایبەت بەو شیعرە نوێیە خۆی نواندووە.

**- هۆی بوونی تەم و مژی لە شیعردا**

دوای ئەوەی تەم و مژی بووە دیاردەیەکی دیارو سەرنج راکێشەری شیعری نوێی کوردی، بەشێک لە بیروڕا رەخنەییەکان بەدوای ئەو هۆیانەدا دەگەڕان کە پاڵیان بە شاعیر وەناوە بۆ ئەوەی پەنا ببەنە بەر تەم و مژی لە دەربڕینی ماناو مەبەستی شیعرەکانیان.

(عەزیز گەردی) دوای ئەوەی بە توندی رەخنە لەو جۆرە شاعیرانە دەگرێ کە بە ئەنقەست

---

٤٠- چاوپێکەوتنی ژمارە: شاعیری فەرهەنگی غەم و بیر..، حەمە سەعید حەمەکەریم، گ: بەیان، ژ: ١٣٧، تشرینی دووەم ١٩٨٧، ل٩٠ و٩١ .

٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل٩١ .



ماناى شیعرەکانیان دەشارنەوە و ناهێڵن خوێنەر لێیان تێبگەن، لەسەر بناغەی دیارکردنی ئەم جۆرە تەم و مژییە، چەند هۆیەک لە بارەی بوونی تەم و مژی لە شیعردا دیاردەکات و دەڵێ «ئەو (غموزەی) کە جاروبار لە هۆنراوەشدا بەدی دەکرێ زادەی ئەم جۆرە شاعیریەتەیە! کە شاعیر بۆ ئەوە شان و باڵ ئەکوتێ کە راستەقینەی خووی خۆی بە پەلکی وشکبووی وشەی بێ گیان داپۆشی ئەم وشانە بکا بە پەردەیەک و لەلایەکەوە خۆی لە ژێرەوە حەشار بدات و لەلایەکی تریشەوە لافێک لێ بدات کە گوایە هونەرێکی نواندووە بەهێنانی ئەو وشانەی کە چونکە هەر وشەی رووتن هیچ گیانێکی هونەرییان تیا نابزوێ! هەر بۆیەشە ئەو (غموزە) ئەبێ بە سەنگی رێگرو چەقی رێ لە خوێنەر ئەگرێ ئەوکاتەی کە ئەیەوێ بە پەیژەی بەرهەمەکەوە بەرەو ناخ و قووڵایی شاعیردا بڕواتە خوارەوە!!» [٤٢] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هۆی پەنابردنە بەر تەم و مژی لەلایەن شاعیرەوە، وە بەتایبەتیش ئەو تەم و مژییە دەستکردەی شیعرەکە لێڵ و تەماوی دەکات بۆ ئەوەی رێ لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ماناى شیعرەکە بگرێت، بۆ ئەوەیە لەلایەکەوە بێ توانایی و کەموکوڕییەکانی خۆی پێ بشارێتەوە. وە لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆ دەرخستن و خۆ بەرزکردنەوەیە لە پەنا پەردە تەماوییەکەدا کە ئەمەش بە ئەنجامی سادەیی و کاڵ و کرچی ئەزموونە شیعرییەکەی شاعیر دادەنێت بۆیە لە بارەی نا دروستی ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ شیعردا لەلایەن ئەو جۆرە شاعیرانەوە دەڵێ «یا ئەوەتە شاعیرەکە تازە پێ ئەنێتە سەر کۆسپەی دەرگای شاعیریەت دوور مەبینە لاف و گەزاف و ساویلکەیی بۆ ئەوەی ببات کە بۆ ماسولکە دەرپەڕاندن و خۆ پیشاندان وشەی بێ سەرو شوێن تێک هەڵبکێشێ و کۆشکێک لە شەختە بەرز بکاتەوە، کە هەرکاتێ رۆژی حەقیقەت لە ئاسۆوە هەڵکشا ئەم بتلێتەوە و بچێ بەناخی خاکا» [٤٣] ئینجا ئەوە دەردەخات کە لەکاتێکدا شاعیری بەتواناو دەسەڵات هەموو هۆیەک دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ماناى شیعرەکەی بگەیەنێتە وەرگرو خۆی لەو شێوە دەربڕینانە دووربخاتەوە کە پەردەیەکی تەماوی ئەستوور دروست دەکەن و ماناکان بە تەواوی دەشارنەوە، شاعیری بێ توانا بە پێچەوانەوە خۆی رێ لە دەرکەوتنی ماناو مەبەستی شیعرەکەی دەگرێت و تەم ومژی دەکاتە هۆیەک بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەی بۆیە لەم رووەوە دەڵێ: «رەنگە بۆیەش شاعیر ناوەڕۆکە غامزەکەی دەرروونی بەشێوەی غامز زیاتر تەماوی بکات تا خوێنەر تێ نەگا چونکە وتراوە نووسەری شارەزا

---

٤٢- لەگەڵ هەندێ نووسەرانی شارەکەماندا، گ: بیری نوێ، ژ: ١ ساڵی: ١، ١٩٧٢، ل٣٦ .

٤٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩ .

لەوە ئەترسێ کە خوێنەر لێی تێ نەگا هەستەکەی بە تەواوی نەیەتە دەرەوە کەچی نووسەری نەشارەزا زراوی لەوە چووە نەوەک خوێنەر تێی بگات جا بۆ ئەوەی خۆی لە خوێنەر بشارێتەوە چەکی هەرە گەورەی ئەم تەم و مژەیە کە غموزی پێ ئەڵێن». (٤٤)

هەروەها (عەزیز گەردی) هۆیەکی تری پەنابردنە بەر تەم و مژی لەلایەن شاعیرەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی شاعیر لە ئەرکی راستەقینەی شیعر و ئەو رۆڵە کاریگەرەی دەتوانێت لە رێگای ئەو پەیامەوە بیگێڕێت کە شاعیر دەیگرێتە ئەستۆی خۆی و دەیەوێ لەم رێگایەوە مەبەستێک بدرکێنێت کە لە خزمەتی مەسەلەیەکی دیاریکراودا دەبێت بۆیە لەسەر بناغەی دیارکردنی ئەم هۆیە لە بارەی هۆی رووکردنە تەم و مژی لای شاعیر دەڵێ: «یا ئەوەتا غمووز لەوە پەیدا ئەبێ کە شاعیر پەیامی شیعر نەزانێت کە دۆزینەوەی راستەقینەیە لە ناخی خۆیەوە! ئەم هەوڵدانەشی بەدوای راستەقینەیەوە دەردەکەوێ کە شاعیر بەرهەمەکەی پارچەیەک بێت لە خۆی! کەچی ئەو لە جیاتی ئەمەوە لە خۆیدا بپچڕێت و بکەوێتە گێژاوی لاسایی کردنەوەی خەڵکی ترەوە، هەر بۆیەشە کە وشەکانی وشک و برینگ و بێ گیانن چونکە گیانێکی حەقیقیان تێ ناگەڕێت لێرەوەش ئەنجام هەر بزربوونەکەیە کە شاعیر خۆی ئەنێ بەلاوە و هەر جارەی تاپۆی ئەو کەسەت پیشان ئەدات لە ناو گەردەلوولی تەم ومژو غموزەکەدا کە بەدوایا وێڵ بووە!». (٤٥) جگە لە مانە هۆیەکی تری پەنا بردنە بەر تەم و مژی دەگەڕێنێتەوە بۆ بێ توانایی شاعیر لە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە فراوان و گەورەیەی رووبەڕووی دەبێتەوە و دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێت لە رووی دەربڕینی بەشێوەیەکی رێکوپێک و روون کە ئەمە وای لێدەکات ناچار بێ بە هەڵپە ئەو ناوەڕۆکە فراوانە بەشێوەیەکی لێڵ و تەم و مژاوی دەرببڕێت بۆیە لە بارەی ئەمەوە دەڵێ: «یا ئەوەتە (غمووز) بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە شاعیر زۆر مانای لە مێشکا بێت دەستی پێیا نەشکێت یا دەسەڵاتی بەسەریانەوە نەبێت کە یەکە یەکە لەسەر پەنگری وردبینی و لێکدانەوەی قووڵ بیان پرژێنێ ئینجا بیانخاتە سەر مێزی ئەدەبیاتەوە بەڵکو تێکڕا بەجارێ هورژوم دێن و بەتەوژم دێتە دەرەوە لەم پرکێش پرکێشە تێک هەڵئەنگون و تێک ئەدەن تەپوتۆزێک پەیدا دەکەن بۆیە هەر کاتە شاعیرەکە بشیەوێ شتێ دەرببڕێ، ئەو تەپوتۆزە پیشان ئەداو هیچی تر!» (٤٦)

---

٤٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ .

٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ .

٤٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ .



ئەگەرچی (عەزیز گەردی) لە سەرجەم بیروڕاکانیدا دەستی لەسەر چەند راستییەکی گرنگ داناوە لە بارەی هۆیەکانی پەنابردنە بەر تەم و مژی لای شاعیر، بەڵام دەبوایە لە پاڵ ئەمەشدا ئەوە فەرامۆش نەکات کە هەموو کاتێک شاعیر لەبەر ئەم هۆیانە پەنا ناباتە بەر تەم و مژی، بەڵکو تەم و مژی لای شاعیری داهێنەر وەک شێوە دەربڕینێکی تایبەتی شیعر خۆی وەک بنەڕەتێکی ئیستاتیکی دەنوێنێت و تواناو دەسەڵاتی شیعری شاعیر دیار دەکات.

هەروەها لەناو ئەو بیروڕا رەخنەییانەی هۆیەکانی بوونی تەم و مژییان لە شیعری کوردیدا دیار کردووە، یەکێک لەو هۆیانەیان گەڕاندۆتەوە بۆ باری دەروونی شاعیر کە لە ئەنجامی ژیانە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەکەی سروشتێکی ئاڵۆزو نادیاری وەرگرتووە و لە ئەنجامدا کاری کردۆتە سەر جۆری دەربڕینی ئەو حاڵەتانەی لە دیوی ناوەوەیدا هەستی پێکردووە و بۆتە هۆی ئەوەی بەو شێوە تەم و مژاوییە دەریان ببڕێت، بۆیە لەم رووەوە ئەم رایە بۆ ئەوە دەچێت کە «ژیان و گەردوون و مردن شاراوەن، مرۆڤی هونەرمەند ئەیەوێ لێیان بگات زۆر پرسیاری دەربارەیان بەخەیاڵدا دێت، بەڵام بێ وەڵامن، لەبەر ئەوە لە دەروون و بیریا هەست بە تەم و مژ ئەکا، کاتێ ئەشنووسێ تەم و مژەکە بە چوارچێوەی بەرهەمەکەیدا بڵاو ئەبێتەوە.» (٤٧) واتە ئەو تەم و مژییەی لە نووسینەکەیدا دەبینرێت بەرەنگدانەوەی باری دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی شاعیر دادەنرێت و هەمان سروشتە تەم ومژاوییەکەی وەردەگرێت.

زۆربەی ئەو هۆیانەی کە شاعیر تیایدا پەنا دەباتە بەر تەم و مژی لە لایەن (خالید دلێر)ەوە لە چەند حاڵەتێکدا دیارکراوە. لە یەکێک لەو حاڵەتانەدا دەڵێ: «یان بەرهەمەکانیان ناوەڕۆکێکی بەکەڵکی تێدایەو خزمەتی مەسەلەیەکی نیشتمانی و... هتد دەکات، بەڵام مەبەستیان نییە جەماوەرەکە خۆی ببێ بەهۆی هێنانەدی و خزمەتکردنی ئەو مەسەلەیە. مەبەستمە بڵێم، جەماوەر ئامانجیانە، بەڵام جەماوەر خۆی بەلایانەوە هۆی هێنانە دی ئەو ئاواتانە نییە کە وێژەوانەکان دەیانەوێ بێتە دی. هەروەک بیانەوێ بە (معجزە!!) و رێگای نەشیاو و نادیار ئەو ئاواتانە بهێننەدی وایە. دەیانەوێ جەماوەر پێش بخەن، بێ ئەوەی جەماوەر خۆی ئاگای لە مەسەلە بێت، یا ئەرکێک لە پێناو ئەو مەسەلەیەدا هەڵگرێ و ئارەقەی بۆ بڕێژێت، کە ئەم جۆرە ئاوات هاتنە دییە ئەمڕۆ هەر لە

---

٤٧- کام ئەدەبی تەم و مژ؟. سیروان، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٧٨ ، ١-٨-١٩٧٥، ل٣ .

تواناadا نییه و ئەگەر ئاوات و مەبەستێکیش بەبێ ئارەقە پێوەکردن بێتەدی، با وا دابنێین بێتە دی، ئەوا ئەو گەلە نرخی نازانێت و بەلایەوە وەک پارەی دەسکەوتووی قومار وایە، ماڵی بەبا دەڕوات»[٤٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تەم و مژی و نادیاری مەبەستی شیعر لەم حاڵەتەدا هیچ جۆرە کاریگەرییەکی نابێت و هیچ ئامانجێک بەدی ناهێنێت، چونکە لەم حاڵەتەدا، وەک ئەوە وایە شیعر بۆ خۆی بنووسێت، بۆیە ناوەڕۆکی شیعرەکەی چەند بەپێزو پیرۆز بێت لەبەر ئەوەی ناگاتە جەماوەرو شاعیر چاوی لەوە نییە ئەو جەماوەرە بەشداری تیادا بکات ئەنجامی هەر مایە پووچ دەبێت. هەروەها حاڵەتێکی تر بەوە دیار دەکات کە شاعیر بۆ داپۆشینی بێ هێزی و لاوازی ناوەڕۆکی شیعرەکەی پەنا دەباتە بەر تەم و مژی و زۆرجار لەم ڕێگایەوە تەم و مژی دەکاتە هۆیەک بۆ هەڵخەڵەتاندنی جەماوەرو شاردنەوەی بێ توانایی خۆی، بۆیە لەم بارەیەوە دەربارەی هۆی پەنابردنە بەر تەم و مژی لای ئەو جۆرە شاعیرانە دەڵێ: «یان بەرهەمەکانیان ناوەڕۆکێکی وەهای تێدانییە رووی مەجلیسی هەبێت و مەبەستی لەم شێوە نووسین و بڵاوکردنەوە، جەماوەر هەڵخەڵەتاندن و خۆ بەشت نیشاندانە و هیچی تر. »[٤٩].

هەروەها هۆی پەنابردنە بەر تەم و مژی لە ئەنجامی بارودۆخێکی سیاسی دیاریکراو کە شاعیر تیایدا ناتوانێت ئەو مەبەستەی لە بەرچاوی گرتووە و دەیەوێ بە خەڵکی رابگەیەنێت راستەوخۆ و بە ئاشکرا دەری ببڕێت، حاڵەتێکی ترە لەو حاڵەتانەی (خالید دلێر) دیاری دەکات کە شاعیر تیایدا ناچار دەبێت پەناببباتە بەر تەم و مژی، بۆیە لەم رووەوە دەڵێ: «لە کاتێکدا کە ناکۆکی لە نێوان گەل و دوژمنە دەسەڵاتدارەکەیدا، دەگاتە ئەو رادەیەی کە شیر و تیر لەیەک بسوون و دەستەو یەخەی یەکدی بووبن... لەو کاتەدا ئەو بوێژەی خۆی لە ریزی گەلەکەدا دەبینێ و لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییە توندوتیژییەی کە ئەمیش لە دەستیدا بەدادە دادە، جۆش و خرۆش و هەڵقوڵان و پەنگ خواردنەوە تەنگی پێ هەڵچنیبێ و دەردی وتەنی (پڕی زگی قسە بووبێ!!) و دەستی بەهیچ لایەک رانەگات و نەزانێ چۆن ئەو لافاوی هەستی دەروونە بەرۆڵەکانی گەلەکەی رابگەیەنێ»[٥٠] لەم حاڵەتەدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە بارودۆخە

٤٨- بەرەو لووتکەی ئاوات، خالید دلێر، ل٧ .

٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٧ و ٨ .

٥٠- هەندێ وتارو چاوپێکەوتنی وێژەیی، خالید دلێر، ل٨٦ .



نالەبارەکەی ژیانی میللەتەکەیدا بکات، بۆیە ناچار دەبێ «وەک بەشداربوونێک لەوەوە، بۆ ئەو خەبات و تێکۆشانەی ئەو گەلە دژی دوژمنەکەی دەیکاو ئەو ئەدیبە بیەوێ بۆ ئەم مەبەستە کەڵک لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی ئەو دوژمنە وەربگرێ، هەڵدەستێ تەم و مژ بەکاردەهێنێ» .[٥١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەم حاڵەتەدا پێویستییەکی گرنگ تەم و مژی سەپاندووە و شاعیری ناچار کردووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی لەبەر چاوی گرتووە رووی تێ بکات و خزمەتی مەسەلە پیرۆزەکەی میللەتی پێ بکات.

جگە لەم حاڵەتانەی کە باس کرا، هەروەها (خالد دلێر) باسی حاڵەتێکی تر دەکات کە شاعیر تیایدا پەنا دەباتە بەر تەم ومژی ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە هۆی تەم و مژییەکەی تیادا دەبەستێتەوە بە جوانکردنی لایەنی هونەری بەرهەمەکەوە بۆیە لەسەر بناغەی دیارکردنی ئەم هۆیە گرنگەوە ئەمە بە حاڵەتێکی تری گرنگی رووکردنە تەم و مژی دادەنێت و دەڵێ: «لە بارێکی تریشدا، بەکارهێنانی تەم و مژ لە ئەدەبدا راست و بەکەڵکە، ئەویش ئەوەیە کە لەبارێکی زۆر تایبەتیدا، ئەگەر تابلۆیەکی شیعر دروست کرابێ و مانای مەبەست بدا بەدەستەوە بەڵام بۆ جوانترکردن و قووڵتر کردنەوەی مانای تابلۆ شیعرییەکە، ئەگەر لە هەندێ شوێنیدا، تەنکە سێبەرێکی بخرێتە سەر، وەک تابلۆیەکی هونەری وێنەکێشان، ئەوا بەکارهێنانی ئەو تەم و مژە لەو شوێنەدا بەجێیەک و وەستاکارییەک دەنوێنێ» .[٥٢] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەم و مژی لێرەدا خزمەتی لایەنی هونەری شیعر دەکات و شێوەیەکی هونەری جوانی دەداتێ و بەهۆی ئەو شێوە دەربڕینە تایبەتییەی تەم و مژی دروستی دەکات ئەمە یارمەتی شاعیر دەدات خۆی لە راستەوخۆیی و سادەیی دەربڕینی مانا و مەبەستی شیعرەکەی دوور بخاتەوە و بەشێوەیەکی قووڵ دەریان ببڕێت.

هەروەها بوونی تەم و مژی لە شیعردا لای (نافیع ئاکرەیی) ئەگەرچی چەند هۆیەکی جیاوازی بۆ دیار کردووە، بەڵام هۆیە سەرەکییەکەی بەشێوەی دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکە بەستۆتەوە، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «وتەی تەم و مژی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی تێڕوانینی شاعیر یان بۆ جۆری ئەو پەیڤانەی کە بەکاریان دێنێ، هەروەک زۆر کۆن بن... یان ژی بۆ ئەو دەمامک و رەمزو کینایەی شاعیر بیرو

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦ .

٥٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢ .

هۆشی خۆی پێ دەردەبڕێ... هەروەک بەکارهێنانی ئەفسانە... ئەم هۆیانە بەڕای ئێمە ڕەگەزی بناغەیی نین، چونکە تەم و مژی لە قووڵایی تاقیکردنەوەکان و نامۆییەکان و بەکارهێنانی ڕەمزەکان نییەو ئەم شتە لە هەموو چەرخەکانی شیعردا هەبووینەو تایبەتی نین بە نوێ یان ژی کۆن، بەڵام تەم و مژی لەو ڕێبازە دێت کە ئەم بیرو هەستانە تێدا پێشکێش دەکرێن. واتە بە شێوەی دەربڕین و ڕێگایەکانی پێشکێشکردن». [٥٣] لێرەدا ئەگەرچی ئاماژە بۆ جۆری تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەی شاعیر کراوە و بە هۆیەک لە هۆیەکانی تەم و مژی شیعر دانراوە هەروەها دەبینین لە پاڵ ئەمەدا باسی بەکارهێنانی دەمامک و ئەفسانەش کراوە، بەڵام بە ڕەگەزێکی بنچینەیی هۆی تەم و مژی شیعر دانەنراوە، بەڵکو زیاتر تەئکید لەسەر ئەوە کراوە کە هۆی بنچینەیی تەم و مژی شیعر لە شێوەی دەربڕینی شیعرەکەدایە. هەرچەندە ئەم رایە دەست لەسەر لایەنێکی گرنگی تەم و مژی شیعر دادەنێت ئەویش بەستنەوەیەتی بەشێوەی دەربڕینی ناوەڕۆکەکە، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە بەکارهێنانی ڕەمزو ئەفسانەش لەم شێوە دەربڕینە جیا ناکرێتەوە، چونکە بەکارهێنانیان چ بەشێوەی هێما لە ڕێگای ئاماژە بۆ کردن بێت یان بەکارهێنانی وەک کەرەستەیەک لە بنیاتی پێکهاتنی شیعرەکەدا بێت لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەچێتە ناو شێوەی دەربڕینی شیعرەکە و دەبێتە هۆیەک لە هۆیەکانی دروستبوونی تەم و مژی لە شیعردا.

بوونی دیاردەی تەم و مژی و بەکارهێنانی ڕەمزو ئەفسانە لە شیعری نوێی کوردیدا پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیەو لەناو بەشێکی دیاری ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەدا، بەکارهێنانی ڕەمزو ئەفسانەیان بەهۆیەک لە هۆیەکانی تەم و مژی شیعر داناوە، دەبینین جۆرە بەیەکچوونێکی دیار لە نێوان هۆی پەنابردنە بەر تەم و مژی و هۆی بەکارهێنانی ڕەمزو ئەفسانەدا هەیە، چونکە لەناو ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەدا کە لە هۆیەکانی بەکارهێنانی ڕەمزو ئەفسانەیان کۆڵیوەتەوە، تاڕادەیەکی گەورە، هەمان ئەو هۆیانە دیار کراوە کە شاعیر بۆ بەدەستهێنانی تەم و مژییەکە پەنای بردۆتە بەر.

(هیشام تاهیر بەرزنجی) هۆی بەکارهێنانی ڕەمز لای شاعیری نوێ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی سروشتی واقیعی ژیانی سەردەمەکەی پێک دەهێنێت، بۆیە دەڵێ:

٥٣- گەشتێک بەجەنگەڵ و وەرزەکاندا، د. نافیع ئاکرەیی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٧٩٠، ٢٣-٥-١٩٨٥، ل١١ .



«ڕاستە ڕەمز ڕواڵەتێکی گرنگی ئەدەبی ئەمڕۆمانە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا. بەڕای من سەرهەڵدانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعە ئاڵۆزو چڕەی شاعیری تیادا دەژی. شاعیر دەبینێ و دەبیستێ و هەست دەکات و دەورووژێ... لەم کاتەدا ئەگەر پەناش نەباتە بەر - ڕەمز- ناتوانێ ئەوەی دەیەوێ بیڵێ و فۆڕمێکی ساڵانی پەنجا بکات بەبەردا... کەواتە ڕەمز کەرەسەیەکی گرنگی ئەدەبی ئەم سەردەمەیە تا نووسەر بتوانێ خەم و ئێش و ئازاری مرۆڤی تیادا دەربڕێ». [٥٤] دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وزە شاراوەیەی لە ڕەمزدا هەیەو یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی مانایەکی قووڵ و فراوان دەرببڕێت لەگەڵ سروشتی ئەو ژیانە ئاڵۆزەدا بگونجێت کە واقیعی سەردەمەکەی پێک دەهێنێت.

هەروەها (ئومێد ئاشنا) لە ڕووی هەمان بۆچوونەوە پەیوەندی نێوان هۆی بەکارهێنانی ڕەمزو واقیعی ژیانی سەردەمەکەی بەوە دیار دەکات کە «ڕەمز دیاردەیەک نییە لە خۆیەوە بێتە ناو شادەماری خوێنی شیعرەوە... ئەو شیعرە داوا دەکات کە گیانێکی ڕەمزییانەی لە لەشدا بێت. چونکە بۆ سەردەمێک دەوترێ کە چوارچێوەی بیری مرۆڤ ئەو ڕەمزە بگرێتە خۆی». [٥٥] واتە پێویستی پاڵی بە شاعیرەوە ناوە بۆ بەکارهێنانی ڕەمز بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەی ژیانی سەردەمەکەی پێکهێناوە و پێویستی بەوە کردووە لەم ڕێگایەوە تەعبیری لێوە بکرێت.

لای (حوسێن عارف) هۆی پەنابردنە بەر ڕەمز دەگەڕێتەوە بۆ دوو حاڵەت «یا ئەوەتا ترسێکی لە بەرەو ئەوەی دەیەوێ بیڵێ بەرەمز نەبێ ناوترێ وەیان دەیەوێ یەکژەمی ماناو مەبەستێکی گەلێ فراوان و قووڵی پێ بدا بەدەستەوە». [٥٦] ئینجا ئەنجامی ڕەنگدانەوەی هەردوو حاڵەتەکە لە نووسینی بەرهەمەکەدا بەوە دیاردەکات کە «لە حاڵەتی یەکەمدا دەگونجێ نووسەر (ئیبداع)ی تێدا بکات و بەرهەمەکەی ببێتە شاکارێک... بەڵام لە زۆرجاردا بەرهەمەکە تەنها لە ڕۆژانێکی کورت یا درێژی پلەی خۆیدا بڕەکا و دەوری خۆی دەگێڕێ لە کاتێکدا لە حاڵەتی دووهەمدا بەکارهێنانی سێ ڕەمزی قەڵەو لە ماناو

٥٤- ئەم ڕوانگانە لە چوار پرسیاردا و ئاوڕدانەوەیەک لە شیعری ئەمڕۆمان، ڕ: بیری نوێ، ژ: ١٩٥، ساڵی چوارەم، ١٢-٦-١٩٧٦، ل٥ .

٥٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٥ .

٥٦- ژمارەی پێشووی ئەدەب و ژیانم خوێندەوە، حوسێن عارف، ڕ: هاوکاری، ژ: ٣٢٤، ١-٧-١٩٧٦، ل٤ .

مەبەستدا، دەبنە سێ تەن تی، ئێن. تی (مەعریفەت) لە بیروهۆشی خوێنەرداو یەکژەمی لە ناخیدا دەتەقنەوە. «[٥٧] هۆی ئەمەش ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە رەمز «... هەمیشە ئاووسە بە وزە (طاقە)یەکی زانستی مت بەڵام هەر هێندەی کەوتە بەرچاوی خوێنەر لە مێشکیدا دەتەقێتەوە و بۆ جار لە دوای جارو بۆ رۆژانێکی دووریش ئەو وزەیەی هەر تێدا دەمێنێتەوە».[٥٨] ئەمەش گرنگی رەمز دەردەخات لە رووی ئەو بوارە فراوانەی بۆ شاعیری دەرەخسێنێت چ بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە بێت کە توانای ئەوەی نییە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکرا دەری ببڕێت و چ بۆ چڕکردنەوە و قووڵکردنەوەی مانا و مەبەستی ناوەڕۆکی شیعرەکەی بێت.

تەئسیرو کاریگەری رەمز لەسەر گۆڕینی زمانی شیعر بۆ ئەو شێوە بەکارهێنانە تایبەتییەی زمانی تیادا چڕ دەبێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگر بە ئاسانی نەتوانێت لە ماناو مەبەستەکانی شیعر بگات و وای لێ بکات بکەوێتە حاڵەتی لێووردبوونەوە و قووڵبوونەوە بۆ تێگەیشتن لە مانای شیعرەکە لای (جەمال محەمەد) کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «رەمز کاردەکاتە سەر زوبانی هۆنراوە، ئەو زوبانەی شاعیر بەکاری دەهێنێ دەبێت زوبانێکی بەرزو باڵابێت و واتایەکی فراوانی هەبێت و وا لە خوێنەرەکەی بکات کە بەناخ و دەروونی وشەکاندا شۆڕبێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە مەودای لێکدانەوەی راستەقینەو تام و چێژی لێ وەربگرێ، با لێکدانەوەکەیشی گرانییەکی تیابێت، چونکە ئەمە تازەکردنەوەیەک دێنێتە کایەوە... مەسەلەی بەکارهێنانی زمانێکی بەرزو باڵاو پاراو زۆرجار لەناو قاڵبی رەمزدا خۆی دەنوێنێ، ئەگەرچی وا لە خوێنەرەکەش دەکات کە خۆی هیلاک بکات لە دووی واتا بنەڕەتییەکەی بگەڕێ و لە مەودای لێکدانەوەدا بمێنێتەوە»[٥٩].

هۆیەکی تر لە هۆیەکانی بەکارهێنانی رەمز بەستراوەتەوە بە هۆیەکی دەروونی و لەم روانگەیەوە (ئیسماعیل رۆژبەیانی) دەڵێ: «بەکارهێنانی رەمزو ئەفسانە بۆ ئەوەیە بیرەوەری ئەقڵی (باطنی) مرۆڤ بوروژێنێت».[٦٠] چونکە سروشتە دەوڵەمەندەکەی

٥٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٤ .

٥٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤ .

٥٩- رەمزو نوێخوازی لە ئەدەبدا، جەمال محەمەد، ر: هاوکاری، ژ: ٣١٤، ٢٢-٤-١٩٧٦، ل٥ .

٦٠- چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری ئەمڕۆمان، ئیسماعیل رۆژبەیانی، گ: بەیان، ژ: ٦٤، تەمووزی ١٩٨٠، ل٣١ .



رەمزو ئەفسانە بەهۆی ئەو وزە مت بووەی تیایاندا هەیە توانای ئەوەیان هەیە یارمەتی شاعیر بدەن شۆڕببێتەوە ناخی مرۆڤ و وێنەی دیوی ناوەوەی دەروونی بکێشێت کە لە شیعری نوێدا بایەخێکی یەکجار گەورەی پەیدا کرد دوای ئەوەی شاعیران روویان کردە هەڵهێنجانی بابەتەکانی شیعریان لە دەروونە ئاڵۆزو پڕ لە نهێنییەکانی مرۆڤەوە و چاکترین رێگاش بۆ دەربڕینی ئەو بابەتانە رەمزو ئەفسانە بوو. دیارە هەر لەسەر بناغەی ئەم بۆچوونەوە (مەحموود زامدر) دەڵێ: «بۆیە سەیر نییە، گەر سەرلەبەری شیعر و شاعیرانی کۆن و نوێی جیهانی بلیمەت، بەتایبەتی شیعر و شاعیری نوێ - روویان لەو ئەفسانە زیندووانە کردبێ و کەوتبێتنە شوێن پێی (خەونە مەزنەکان) و (خەوننامە رەوانەکان) کالایەکی هاوچەرخانەیان برِببێتە بالایان، چونکە چ ئەفسانە پاکەکان و چ میتۆلۆژیای میللی، کانیاوێکی شین و روون و بێ بنی هەزاران بەڵگەو نیشانەی سەوزو سووری وان، کە شاعیری هونەرمەند بتوانێ سوودێکی فرەی لێ وەرگرێت و ژانە خەوتووەکان بێدار بکاتەوە و کۆنە زامەکان بخاتە سوێ و... ... هەموو هەست و نەست و هەڵچوون و داچوونەکانی خۆی پێ بنوێنێ. ».[٦١] ئەمەش گرنگی ئەفسانە وەک هۆیەک لە هۆیەکانی بەرجەستەکردنی خەون و هەست و نەستەکانی مرۆڤ و رەنگدانەوەی حاڵەتە دەروونییە جۆربەجۆرەکانی دەردەخات و تەئکید لەسەر ئەو راستییە گرنگە دەکات کە شاعیرانی نوێ جۆری تێڕوانین و تەماشاکردن و مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعریان پێک دەهێنا گۆڕاوە و دیوی دەرەوەی شتەکانیان بەجێهێشتووە و روویان کردۆتە دیوی ناوەوەی ئەو شتانەو شۆڕبوونەتەوە ناخیان بۆ درکاندنی ئەو نهێنییانەی لە ناوەوەی دەروونی مرۆڤدا خۆیان مەڵاس داوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیران لەم رێگایەوە توانییان مانای شیعرەکانیان قووڵ بکەنەوە و لە رێگای زمانە سرووش بەخش و ئیحائییەکە بەشێوەیەکی وا ناوەڕۆکی شیعرەکانیان دەرببڕن گوزارشت لە سروشتی پێکهاتنی دەروونیان بکات کە ئەویش رەنگدانەوەی ئەنجامی کارتێکردنی بارودۆخە ئاڵۆزەکەی ژیانی سەردەمەکەی دەنوێنێت.

کەواتە لە پوختەی سەرجەم ئەو بیروڕایانەدا کە لەهۆیەکانی تەم و مژی شیعریان کۆڵیوەتەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەم و مژی لە شیعری نوێی کوردیدا لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا نەبێ کە بەشێوەیەکی خراپ بەکارهاتووە وەبەتایبەتیش لای ئەو

٦١- لە بانێژەی شیعرەوە، محمود زامدار، ل٤٣ و ٤٤ .

شاعیره بێ توانایانەی بۆ شاردنەوەی کەم و کوڕییەکانیان روویان تێکردووە، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی وەک دیمەنێک لە دیمەنەکانی پەرەسەندنی شیعری نوێ لای ئەو شاعیرانە خۆی نواندووە کە لە ئەنجامی پێویستییەکی گرنگەوە روویان تێکردووە جا ئەو پێویستییە چ پەیوەندی بە لایەنی ناوەڕۆکی شیعرەوە هەبێت یان بە لایەنە هونەرییەکەی.

**- تەم و مژی شیعر و مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن**

زۆرجار لەگەڵ باسکردنی مەسەلەی تەم و مژی شیعر مەسەلەیەکی تر دێتە پێشەوە ئەویش مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنە لە شیعر، گرنگی ئەم مەسەلەیەش لە دیارکردنی ئەو پەیوەندییەدایە کە شیعر بە وەرگر دەبەستێتەوە. جا لە بارەی جۆری ئەو وەرگرەی شیعرەکەی ئاراستە دەکرێ ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە شیعر ئاراستەی کێ دەکرێ؟ ئەگەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین شیعر ئاراستەی جەماوەر دەکرێ، لێرەدا مەسەلەکە کۆتایی پێ نایەت بەڵکو پرسیارێکی تر خۆی دەسەپێنێت لە بارەی جۆری ئەو جەماوەرەی شیعرەکەی ئاراستە دەکرێت، واتە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە شیعر ئاراستەی کام جەماوەر دەکرێ؟ جا گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناو ئەو بیروڕا رەخنەییانەی لەم مەسەلەیان کۆڵیوەتەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی ئەو وەڵامانەی دەستمان کەوتووە خۆیان لە چەند بیروڕاو بۆچوونێکی جیاوازدا نواندووە.

بۆچوونێکیان بۆ ئەوە دەچێت کە پێویستە شیعر تەنیا خۆی بە چین یا توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵ نەبەستێتەوە، بەڵکو ئاراستەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکرێت و لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو کەسێک دابێت. (محمد صدیق عارف) لەسەر بناغەی ئەم بۆچوونە دەڵێ: «نووسەر پێویستە بۆ هەموو چینەکانی گەلەکەی بنووسێ، نەک بۆ چینێکی تایبەتی کە بە پەنجەی دەست بژمێرین». [٦٢] وە لە رووی هەمان بۆچوونەوە (عەبدولمەجید عەبدولرەحمان) دەڵێ: «وێژە بۆ مرۆڤە، گشت مرۆڤ، بۆ چینێکی تایبەتی نییە، ئەدەبێک نییە بەناوی وێژەی کرێکار یا ئەدەبی جوتیار یان قوتابیان، وێژە بەڕای من بە هیچ چینێک نەبەستراوەتەوە بەشکو بە هەموو جەماهیر گرێ دراون، هەژارو دەوڵەمەند، ئافرەت و پیاو، خوێندەوارو نەخوێندەوار.» [٦٣] هەر ئەمەشە وای لە (کەریم

٦٢- قوتابخانەی شیعری تازە، محمد صدیق عارف (حسین عارف)، ر: ژین، ژ: ١٢٧٧، ساڵی ٣٠، ١٩٥٥، ل٥ .

٦٣- وێژەو ژیانی مرۆڤ، عبدالمجید عبدالرحمن، گ: هەولێر، ژ: ١، ساڵی ١، مایسی ١٩٧٠، ل١٣



شارەزا) کردووە ئاراستە کردنی ئەدەب بۆ زۆربەی جەماوەر و بەستنەوەی بە چینی چەوساوەی میللەتی کورد بە ئەرکی سەرشانی نووسەر و شاعیرانی کورد دابنێت و بۆ ئەوە بچێت کە «... بەرهەمەکەی رێک و روون و رەوان بێ بۆ ئەوەی زۆربەی رۆڵەکانی میللەت تێی بگات چونکە ئەدەب بۆ میللەتە و پێویستە لە رادەی تێگەیشتنی میللەتەوە بێ.» [٦٤] هەروەها (یووسف ئەحمەد دەرگەڵەیی) پێوەری پەسەند کردنی هەر ئەدەبێک بەڕادەی تێگەیشتنی خەڵکەکە دەبەستێتەوە بۆیە دەڵێ: «... وە لەبەر ئەوەی کرێکارو جوتیارو بۆرجوازی بچووک زۆربەی زۆری گەل دروست دەکەن، بۆیە هەر ئەدەبێک بە زمانی ئەوانە نەنووسرێ و لێی تێ نەگەن بە ئەدەبی گەل ناژمێردرێ...». [٦٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی جەماوەر لێی تێبگات دەبێ بە زمانە سادەکەی خەڵک بنووسرێت، جگە لەمە هەروەها دەبێ لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی خەڵک لەبەر چاو بگرێت و بەپێی ئاستی رۆشنبیری و پلەی خوێندەواری و باری گوزەرانی خەڵکەکە بەرهەمەکەی بنووسێت، بۆیە لەم رووەوە ئەمە دەکاتە پێوەری پەسەند کردنی بەرهەمەکە و دەڵێ: «... کەوابێ بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکەی خۆی، دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە بەخۆی تا چ رادەیەک لەگەڵ جەماوەرو بیروڕای خۆی چۆنە؟... ئەو کۆمەڵانەی کە بۆیان دەنووسێ کێن؟ پلەی زانستی و زانیارییان چەندە؟... بەرزی رۆشنبیرییان لە چ پلەیەکە و باری ژیانیان چۆنە؟». [٦٦] کەواتە لەم حاڵەتەدا شاعیر یا نووسەر پێش ئەوەی بەرهەمەکەی بنووسێت دەبێ لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتەکەی بگات و بەوردی لێیان بکۆڵێتەوە و بەپێی ئەو ئەنجامەی پێی دەگات لە بارەی پێشکەوتن یان دواکەوتنی بارودۆخی ژیانی میللەتەکەی ئاستی بەرهەمەکەی بەرز یان نزم بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ئاستی تێگەیشتنی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی جەماوەری خەڵکدا بێت.

هەر لەسەر بناغەی ئاراستە کردنی ئەدەب بۆ هەموو کەس (شێخ محەمەدی خاڵ) داوا لە شاعیر دەکات شیعرەکەی دابەزێنێت بۆ ئاستی تێگەیشتنی هەموو کەس بەخوێندەوارو

٦٤- ئەرکی سەرشانی نووسەرانی کورد لەم قۆناغەدا چییە؟ ر: بیری نوێ، ژ: ٢٦، ٢٠-١٢-١٩٧٢، ل٢ .

٦٥- لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێندا.. چۆن بوو، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، گ. نووسەری نوێ، ژ: ٢، ساڵی٢، ١٩٧٤، ل٢٧ .

٦٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨ .

نەخوێندەواریەوە بۆیە گەیاندنی ناوەڕۆکی هەر بەرهەمێک بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و تەم ومژاوی رەت دەکاتەوە و دەڵێ: «جاران هۆنراوەیەک پەسەند بوو کە پێچراوە بوایە و مەبەستی نەزانرایە، لەمەولا هۆنراوەیەک پەسەندە کە وەک ئاوی رەوان ئاسان، وەبێ قۆرت و گرێ بێ وەک شنەبای بەری بەیان، بەجۆرێک کە خوێندەوارو نەخوێندەوار وەک یەک تێی بگەن». [٦٧] هەروەها پێداگرتنی (ڕەحیم لوقمانی) لەسەر ئەوەی کە شیعر دەبێ بۆ هەموو کەس بێ کاتێک دەردەکەوێ کە دەڵێ: «هەر میللەتێک دەبێ شیعری خۆی هەبێ شیعری میللەتێک نابێ تەنیا هی کەسانێک بێ کە لە خوێندنەوەی تام و چێژ وەردەگرن. دەبێ هی هەموو کۆمەڵ بێ». [٦٨] ئەمەش تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە شاعیر نابێ تەنها ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو لەبەر چاو بگرێت و ئەوانیتر فەرامۆش بکات، بەڵکو دەبێ بەرهەمەکەی ئاڕاستەی هەموویان بکات و لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو کەس دابێ.

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە شاعیر کاتێک شیعرەکەی ئاڕاستەی زۆربەی زۆری خەڵک-وەیان راستتره بلێین هەموو خەڵک - دەکات، ئەوا لێرەدا ئەمە پێویست بەوە دەکات کە بەزمانێکی وا شیعرەکە بنووسرێت هەموو کەس، تەنانەت نەخوێندەوارەکانیش لێی تێبگەن، بۆیە لەم رووەوە (خالید دلێر) مەرجی پەسەند کردنی ئەو ئەدەبەی خزمەتی چینی چەوساوەی میللەتی کورد دەکات بە تێگەیشتن لەو ئەدەبە دادەنێت و دەڵێ: «پێویستە بە سادەترین شێوەی زمانی ئەو جەماوەرە بنووسرێت و سادەترین کەسی جەماوەرەکە لێی تێ بگات. وێژەیەک کە بەزمانێکی پاراو و سادەو ساکارو تا ئەو رادەیە کە بوار رێ دەدا، بەبێ پێچ و پەنا نووسرا کە زۆربەی زۆری خەڵک لێی تێگەیشت، لەناو مێشک و هەست و ناخی خەڵکدا ئیشی خۆی دەکات. گەلێ کۆسپ لادەبا، زۆر کون و قوژبنی تاریک رووناک دەکاتەوە پاڵ بەخەڵکەوە دەنێ بەرەو پێشەوە». [٦٩]

جا لەکاتێکدا ئەم بۆچوونە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە شیعر دەبێ ئاڕاستەی هەموو کەس بکرێت و لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو کەس دابێت، بەپێی ئەمە دەگەینە ئەو

٦٧- وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆ، شێخ محمدی خاڵ، گ: بەیان، ژ: ٢٢، شوباتی - ١٩٧٥، ل ١ و ٢ .

٦٨- ئەرکی کۆمەلایەتی شیعر - ٢ - رەحیم لوقمانی، گ: سروە، ژ: ٦٣، ساڵی حەوتەم، رەزبەری ١٣٧٠ (١٩٨٢ ز)، ل١٣ .

٦٩- بەرەو لووتکەی ئاوات، خالید دلێر، ل٥ .



ئەنجامەی کەلەم جۆرە بۆچوونەدا لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی شیعر بەوە دیار کراوە کە بگاتە هەموو کەسێک، بۆیە داوای ئەوە کراوە شاعیر شیعرەکەی بۆ ئاستی جەماوەرە رەش و رووت و نەخوێندەوارەکە دابگرێتە خوارەوە بۆیە شتێکی ئاساییە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە قوربانی بەگەلێک لایەنی بەپێزو چاکی شیعر بدرێت چ لە رووی ناوەڕۆک وەیان لە رووی شێوەی هونەرییەوە بێت.

بەرامبەر بەم بۆچوونە، بۆچوونێکی تر بە پێچەوانەوە بۆ ئەوە چووە کە پێویستە شیعر ئاستێکی بەرزی هەبێ و ئاڕاستەی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ بکرێت کە پلەیەکی رۆشنبیری چاکی هەبێ و لە ئاستی تێگەیشتنی شیعرەکان دابێ و لەم رووەوە پێی لەسەر ئەو رایە داگرت کە ئەرکی شیعر ئەوە نییە دابەزێتە ئاستی نزمی جەماوەرە رەش و رووت و نەخوێندەوارەکەی کۆمەڵ، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە ئەو جەماوەرە بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی شیعرەکە. ئەم بۆچوونەش ئەگەرچی لە حەفتاکاندا لەلایەن شاعیر و نووسەرانی روانگە خرایە روو و بایەخی پێدرا، بەڵام لە دوای ئەوانیش لە ناو بیروڕا رەخنەییەکاندا هەر بەردەوام بوو.

لەم رووەوە (شێرکۆ بێکەس) لە زۆربەی باس و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ ئەدەبییەکانیدا لە بارەی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنەوە پێ لەسەر ئاستی رۆشنبیری و پلەی هۆشیاری خوێنەرو جۆری خوێندنەوە دادەگرێ و دەڵێ: «لە راستیدا ئەم مەسەلەیە جێگەی لێکۆڵینەوە و نووسینێکی زۆرە، یان بە جۆرێکی تر وردکردنەوەیەکی تەواوی ئەوێ، بەبڕوای من (تێگەیشتن و تێنەگەیشتن) پەیوەندی سەرەکی بە خوێندەوارو نەخوێندەوارییەوە وە بەتایبەتی بەدەوڵەمەندی رۆشنبیرییەوە هەیە» [٧٠] واتە کەمی هۆشیاری و نزمی ئاستی رۆشنبیری خوێنەر ئەو کەلێنە گەورەیە دروست دەکات کە لە نێوان خوێنەرو دەقە نووسراوەکەدا دروست دەبێت و گرفتی تێنەگەیشتن دێنێتە پێشەوە». ئینجا دەست لەسەر هۆیەکی تری گەورەبوونی ئەم کەلێنە دادەنێت کاتێک دەڵێ: «... جگە لە مانە نەبوونی رەخنەگر، ئەم کەلێنەی گەورەتر کردووە» [٧١] ئینجا هەر لەسەر بناغەی پێداگرتنی لەسەر بوونی خوێنەری هۆشیارو رۆشنبیرو خوێندنەوەی وردەوە ئەم مەسەلەیە لە ئەدەبی روانگە بەوە دیاردەکات «ئەدەبی نوێ لەلای ئێمەوە، بەلای روانگەوە،

٧٠- ئەدەب و ژیان، ڕ: هاوکاری، ژ: ٣١، ساڵی دووەم، ٤-٩-١٩٧١، ل٧ .

٧١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧ .

موعادەلەیەکی حیسابی نییە وەک ئەوەی بلێیی ١+١=٢ بەڵکو تاقیکردنەوەی زیندووی ئەدەبی ئەمڕۆ، بەرهەمەکان، رادەی تێگەیشتن و رۆشنبیریشی لە خوێنەر ئەوێت، ئەبێ وردناس و جوان ناس بێت، لەگەڵیانا بژی و خوێندنەوەی ئەدەبی بە رابواردنێکی وەختی وەک، خوێندنەوەی گۆڤارەکانی (الموعد و سنین العجائب) و شوێن پێ هەڵگرتنی دەنگ و باسی ژن هێنان و شووکردنی مومەسیلەکان نەزانێت»[٧٢] چونکە لەم حاڵەتەدا ئەگەر «خوێنەرێ وابوو، لەوە زیاتر کە پێویستە گۆشەکانی، پرسە نامەی رۆژنامەکان بخوێنێتەوە... پێویست ناکات بەوەی... شیعرێکی (بەیاتی) و چیرۆکێکی (حسێن عارف)یش هەر بە هەمان شێوەو... هەمان رادەی لێ تێگەیشتنەوە بخوێنێتەوە».[٧٣] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم رایە تەئکید لەسەر ئەوە دەکات، کە تێگەیشتن لە ئەدەبی روانگە کارێکی ئاسان نییەو لە توانای هەموو کەسدا نییە، بەڵکو خوێنەری تایبەتی دەوێ، واتە ئەو خوێنەرە رۆشنبیرو هوشیارەی لە ئاستی تێگەیشتنی ئەدەبەکەدایە.

هەروەها مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لای (کاکە مەم بۆتانی) دیسان خۆی بە جۆری خوێنەرەکە دەبەستێتەوە بۆیە لە کاتێکدا رێژەی خوێنەری بەرهەمەکانی بەرێژەیەکی کەم دادەنێت کە لەسەد کەس تێپەڕ ناکات ئەمە بە ئەنجامێکی سروشتی جۆری ئەدەبەکە دەبەستێتەوە کە تەنها ئاراستەی دەستەیەکی هەڵبژاردەی خوێنەر کراوە، ئەو خوێنەرە رۆشنبیرو هوشیارەی لە ئاستی بەرزی ئەدەبەکەدایە بۆیە لەم رووەوە لە بارەی جۆری ئەو خوێنەرەی بەرهەمەکانی ئاراستە دەکات دەڵێ «کەوابوو لەو (٨٠٠) کەسە من ئەو کەسانەم مەبەسە کە بەتایبەتی دائەنیشن بۆ ئەوەی بزانن ئەدیب چی نووسیوە... ئەیەوێ باسی چی بکات... تا چ رایەدەک توانیویەتی سەرکەوتوو بێت... هتد، کە ئەمانەش لەو سەد کەسە تێ ناپەڕێت کە باسم کردن. بۆیە ئەڵێم من بۆ ئەوە ئەنووسم کە خۆی بەبەرهەمەکەوە ماندوو بکات و بگەڕێت بەشوێن ئەو فەلسەفەیەدا کە من مەبەستم لە دەربڕینی هەبووە و هەر ئەوانەش لای من رۆشنبیری کوردن!».[٧٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر یان شاعیر پێویستە جۆری خوێنەرەکە لە بەرچاو بگرێت نەک ژمارەیان، دیارە ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەرهەمە ئەدەبییەکان پێویست ناکات ئاراستەی

---

٧٢- روانگەو کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێ کەس، بەشی دووەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣٠، ١٩-٨-١٩٧٢، ل٣ .

٧٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٧٤- چەند وتەیەک بۆ ئاسۆی ئەرخەوانی، کاکە مەم بۆتانی،ر: هاوکاری، ژ: ٤، ١٠-١-١٩٧١، ل٥.



هەموو یان زۆربەی جەماوەر بکرێت، بەڵکو دەبێ ئاراستەی جۆرێکی دیاریکراوی خوێنەر بکرێت ئەویش ئەو خوێنەرەیە کە زەمینەیەکی رۆشنبیری چاک و توانای خوێندنەوەیەکی وردو تێگەیشتنێکی قووڵی هەیە. ئەم جۆرە بیروڕاو بۆچوونەش لەوەوە هاتووە کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی چاک و بەپێز پێویستە تایبەت بکرێ بەو خوێنەرەی لە ئاستی بەرزی بەرهەمەکەدایە، بەڵام ئەم بیروڕایانەی شاعیر و نووسەرانی روانگە دەریان بڕی لەلایەن چەند نووسەر و رەخنەگرێکەوە بەتوندی بەرپەچ درایەوە، چونکە لە روانگەیەکی جیاوازەوە تەماشای ئەرکی شاعیر و نووسەرانی دەکرد، بەرامبەر بەجەماوەرو جۆری ئەو پەیوەندییەی بە خەڵکیان دەبەستێتەوە.

(فازل مەلا مەحموود) لەسەر بناغەی تایبەت کردنی ئەدەب لەلایەن شاعیر و نووسەرانی روانگەوە بەدەستەو تاقمێکی دیاریکراوی جەماوەر، ئەدەبی روانگە بە ئەدەبێکی بۆرجوازی دادەنێت و دەڵێ «وە هەر بەوەی کە بەمستەوای خۆیان! و بۆ نزیکەی ٥٠ کەس لە خوێندەواران ئەنووسن، بەمە وا ئەزانن کە «بەرز ئەبنەوە» بۆ ئاستێکی بەرزتر لە کۆمەڵانی خەڵک بۆ ئاستی دەستەیەکی هەڵبژاردەی خوێندەواران، ئەمیش لە رووی لێ زانین و رادەی هونەرییەوە، بەڵام هەر بەوە بەرهەمەکانیان لەڕووی ناوەڕۆکەوە نزم ئەکەنەوە... بۆ ئاستی ئەدەبی بۆرجوازی»[٧٥]. ئەمەش پەسەند نەکردنی ئەو جۆرە بۆچوونە دیار دەکات کە ئەدەب لە زۆربەی زۆری جەماوەر دادەبڕێ و تەنها تایبەت بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵی دەکات کە چینە رۆشنبیرەکەیە. کاتێکیش لەم بارەیەوە لە هۆی ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی (فازڵ مەلا مەحموود) دەگەین بەرامبەر بەروانگە، کە بۆمان دەردەکەوێت بیروڕاکانی لەسەر بناغەی باوەڕی پتەوی بە رێبازی ریالیزمی سۆشیالیست دروست بووە کە لە بارەیەوە دەڵێ «یەکێک لە هەرە داهێنانە گرنگەکانی کە رێبازی ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست (الواقعیة الاشتراکیة) لە ئەدەبا هێنایەکایەوە، داگرتنە خوارەوەی ئەدەب بوو لە عەرشی فەرمانڕەوایان و تەلاری دەست رۆیشتووی پیاو ماقووڵان، وە بەکارهێنانی شێوەیەکی وا لە نووسینا کە زۆربەی خەڵک تێی بگات، وەبەوە ئەدەبیان کردە هی جەماهیر».[٧٦] ئەمەش ئەوپەڕی پەسەندکردنی بەستنەوەی

---

٧٥- روانگەو ئەدەبی نوێمان، فاضل مەلا محموود، ر: هاوکاری، ژ: ٤، ٣٠-١-١٩٧١، ل٣ .

٧٦- روانگە یا ئەدەبی ریالیزمی سوشیالیست؟، فاضل مەلا محمود، ر: هاوکاری ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢، ل٣ .

ئەدەب بە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی جەماوەرە رەش و رووت و سادەکەی کۆمەڵ دیار دەکات، هەر لەسەر بناغەی پشتگیری کردنی لەو پەیوەندییەی شیعر و ئەدەبیات بە زۆربەی زۆری جەماوەر دەبەستێتەوە ئەمە وای لێکردووە داگرتنە خوارەوەی ئەدەب بۆ ئاستی جەماوەری خەڵک بە یەکێک لە داهێنانە گەورەکانی شاعیر و نووسەرانی سەر بەرێبازی ریالیزمی سۆشیالیست دابنێت و بەرامبەر بەمە دژی ئەو هەڵوێستەی روانگە بوەستێت کە هەوڵی ئەوەیان دەدا خۆیان لە زۆربەی خەڵک دوور بخەنەوە و ئەدەبەکەیان تەنها ئاراستەی دەستەیەکی هەڵبژاردەی جەماوەر بکەن بۆیە بەرپەچدانەوەی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی روانگە لەگەڵ جەماوەر کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «کەچی ئێستە نووسەرانی روانگە، جارێکی تر ئەیانەوێ ئەدەب بەرنەوە ناو دەستەیەکی هەڵبژێرراوی (گوایە بلیمەت) کە ئەدەب چێژکردن هەر لە خۆیان دێت، ئەیانەوێ جارێکی تر ئەدەب بەرنەوە پشت پەردەو ناو گێژاوی تەلیسم و غەیبیات و ناوەڕۆک لەو گێژاوەدا ون کەن».[٧٧] ئینجا ئەنجامی ئەم جۆرە نووسینە بەوە دیاردەکات کە «ئەم شێوە شێواو و ئالۆسکاوە لە نووسین و شیعر دانانا، هەر خۆی رێگری ئەوەیە مەبەستی ناوەڕۆک بدا بەدەستەوە و ئامانجەکانی بێنێتە دی، وە لە ئەنجاما ئەو نووسینە لە خەڵک و جەماهیر دائەبڕێ و لە قاوغەکەی خۆیا وشک ئەبێتەوە و ئەمرێت».[٧٨]

لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەی کە ئەدەب دەبێ ئاراستەی ئەو چینە چەوساوەیە بکرێت کە زۆربەی زۆری رێژەی کۆمەڵ پێک دەهێنێت (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) بیروڕای خۆی لە بارەی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن دیاردەکات و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەپەسەند نەکردنی بیروڕای روانگەییەکان سەبارەت بەتایبەت نەکردنی ئەدەب بەدەستەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵ دیار دەکات و لە سەرەتادا لە بارەی بەستنەوەی ئەدەب بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گەل دەڵێ: «ئێمە هەمووکات – ئەبێ و لە سەرمان پێویستە – کە مەسەلەی ئەدەب و خزمەتکردنی ئەدەب ببەستین بەمەسەلەی زۆربەی زۆری گەلەکەمانەوە بەمەسەلەی کرێکاران و جوتیارانی چەوساوە و هەژارو برسی نەتەوەکەمانەوە خۆ ئەگەر ئەم دووانە لەیەک جیاکەینەوە ئەوا ئەوکاتە دەستمان لە بنی هەمانەکە دەرئەچێ و بمانەوێ و نەمانەوێ بەرهەمە ئەدەبییەکانمان لە خزمەتی چینە بۆجوازی و دەرەبەگ و سەرمایەدارە چەوسێنەرەکانا ئەبێ. ئەو ئەدەبەی لە خزمەتی ئەمانەشدا بێ ئەوە

---

٧٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٧٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .



سەرکەوتنی بۆ نییە و ریسوا بوون و هەڵدێرانی لە پێشەوەیە»[٧٩] جا بۆ ئەوەی ئەو ئەدەبەش بگاتە خەڵک و لە ئاستی تێگەیشتنی ئەواندا بێ ئەوە دەردەخات کە «ئەبێ بەجۆرێک ئەو بەرهەمە پێشکەش بکەین کە هەموو ئەوانەی بۆیان ئەنووسرێ لێی تێ بگەن و حاڵی ببن نەک بیانخاتە گێژاوی بێ سەرو شوێنی بیروهۆشەوە وەک مەتەڵێ بەدوای حەلەکەیدا بگەڕێن».[٨٠] واتە دەبێ پلەی هوشیاری و ئاستی رۆشنبیری جەماوەر لەبەر چاو بگیرێت و بەپێی ئەمە ئەدەبەکەی ئاراستە بکرێت، جا لەسەر بناغەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەبیروڕاکانی روانگە دیاردەکات سەبارەت بەو پەیوەندییەی ئەدەب بەجۆری جەماوەرەکە دەبەستێتەوە و دەڵێ: «ئیتر بەلای روانگە خوازەکانەوە وایە کە ئەم مەسەلەی نادیاری و تەم ومژییەی کە باڵی کێشاوە بەسەریانا و وای لێ کردوون کە کەم کەس تێی بگات. ئەمە خۆی لە خۆیا گۆڕانێکە و بایەخدانێکە بەتازە کردنەوەی رادە و شێوەی ئەدەبی نوێ لەگەڵ ناوەڕۆکیشدا. وە ئەگەر بمانەوێ ئەدەبەکەمان پێش بخەین ئەبێ زیاتر پەنا بەرینە بەر ئەم رێگەیەو خۆ تێگەیشتن و تێ نەگەیشتنی لەلایەن خوێندەوارەوە ئەوە شتێکی ناوەندییە و زۆر گرنگ نییە».[٨١] رەتکردنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونەی روانگەییەکان لە بارەی مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنەوە کاتێک دەردەکەوێت کە ئەنجامی رەنگدانەوەی ئەم جۆرە بیروڕایانە لە ئەدەبیاتی روانگەدا بەوە دیاردەکات کە «ئەدەبێ گەر هاتوو خوێندەواری پشتگوێ خست و بەرهەمەکەی کرد بەمەتەڵێ، بێ شک ئەو ئەدەبە سەرنەکەوتووە، چونکە سەرکەوتنی بەستراوە بەڕادەی تێگەیشتن و وەرگرتن- تقبل-ی لەلایەن خەڵکەوە»[٨٢]

هەروەها رەتکردنەوە و پەسەند نەکردنی بیروڕاکانی روانگە لە بارەی جۆری مامەڵە کردنی لەگەڵ جەماوەر لەلایەن (بەکر حسێن)ەوە کاتێک دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی تەوس ئامێزەوە دەڵێ «ئەم برادەرانە نووسینەکەیان ئەوەندە نوێ و ئاستی بەرزە... کەم کەس هەیە، یان هەر نییە – کە تێی بگات، وەبێ گومان ئەوە گوناهی خەڵکییە کە تێی ناگەن نەک هی ئەوان، چونکە ئەوانیش بۆیان دەست نادا لە ئاستی خۆیان بێنە خوارەوە بۆ

---

٧٩- روانگە لە دوو توێی تاقیکردنەوەدا، احمد سید علی برزنجی، گ: دەنگی مامۆستا، ژ: ٥، ساڵی دووەم، کانوونی دووەم، ١٩٧٢، ل١٤ .

٨٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤ .

٨١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ .

٨٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ .

ئاستی لێکدانەوەی ئێمەی (کۆمەڵانی خەڵک)»[83] ئەمەش ئەو بۆچوونەی روانگەییەکان دەردەخات کە لەکاتێکدا ئەوان دەیانویست ئەوە بڵێن کە هۆی تێنەگەیشتنی جەماوەر لە ئەدەبەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان بەرزی ئاستی ئەدەبەکەیان و نزمی ئاستی کۆمەڵانی خەڵک، نووسەر لە رێگای دیارکردنی مەبەستی روانگەییەکان لە خستنە رووی ئەم جۆرە بیروڕایەدا پەردە لە رووی هۆی خۆشاردنەوەیان لە ژێر ئەو شێوە دەربڕینە تەم و مژاوییە لادەدات و ئەوە دەردەخات کە «بەمە ئەیانەوێ بەبەردێک دوو نیشان بشکێنن، لەلایەکەوە بەم وشە تێکەڵ و پێکەڵ کردنە خۆیان ئەپارێزن لەوەی بەنووسینێکی ئاشکراو زانستانە یان چنینێکی ئەدەبی چاک و بەمەبەستێکی دیاریکراو، باسی گیروگرفتەکانی گەل و گوزەرانی خەڵکی و خەبات و هیواو ئاواتیان بکەن وەبەوە هاوبەشی بکەن لە ئاراستەکردنی خەڵکی و... لەم بوارەدا ئەکەونە بەر ئیمتیحانی راستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک، کە فیکرو بەرهەمەکانیان بەڕاستی هەڵسەنگێنن. لەلایەکی کەشەوە بەبێ ئەرکێکی ئەوتۆ ئەو رێبازە (سەلامەتەی... کە لە ئەنجامدا وادیارە هەر سەلامەت نییە)یان، گرتۆتە بەرو تۆپەڵە وشە ریز ئەکەن بۆ شیعر و چیرۆک نووسینی بەو شێوە و ناوەڕۆکەی باسمان کردن، نەکو هەر خۆیان بەکەمتەرخەم نازانن بەڵکو خۆیان بە (پێشڕەو)یش داناوە.»[84] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێویستە شاعیر و نووسەران شێوە دەربڕینێکی روون و ئاشکرا لە خستنە روو و باسکردنی بابەتەکانیان بگرنە بەر بەشێوەیەک کە خەڵک لێی حاڵی بن و لە مەبەستەکانیان بگەن.

هەروەها بەستنەوەی ئەدەب بەجۆرە خوێنەرێکی دیاریکراو بەپێی بۆچوونی روانگەییەکان لەلایەن (فوئاد قەرەداغی)یەوە کاتێک دەردەکەوێت کە لە بارەی جۆری ئەو خوێنەرەی ئەدەبەکەیان ئاڕاستە دەکرد دەڵێ: «روانگەییەکان لەو باوەڕەدان کە جەماهیر لە ئەدەب ناگات بۆیە زۆر بەئاشکرا ئەوە ئەڵێن و دووپاتی ئەکەنەوە کە بۆ ئەوانە ئەنووسن کە وەک ئەوان بە بەرهەمەکەوە خەریک ئەبن و هاوبەشییەکی قووڵ و تەواوی نووسەر ئەکەن لە مەبەستی نووسینەکەدا، واتە تەنها بۆ ئەوانە ئەنووسن کە سەقافەتێکی ئەدەبییان هەیە. بەم شێوە بیرکردنەوەیەدا دەرئەکەوێت کە روانگەییەکان جەماهیر بە

83- چەند تێبینی و سەرنجێکی رەخنەگرانە لەسەر «روانگە»و هەندێ لە بەرهەمەکانی، بەکر حسێن، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٧، ١١-٣-١٩٧٣، ل٣ .

84- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .



شایستەی ئەوە نازانن تام و چێژی ئەدەب بکات».[85] ئەمەش جۆری تەماشاکردنی روانگەییەکان بۆ ئەو پەیوەندییە دیار دەکات کە ئەدەب بە جەماوەر دەبەستێتەوە و ئەوە دەردەخات کە ئەدەبەکەیان تەنها ئاڕاستەی ئەو خوێنەرە دەکرد کە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەو ئەدەبەدا بوو.

ئەم بیروڕا رەخنەییانە کە بەرامبەر بەو بۆچوونە دەربڕا کە روانگەییەکان خستیانە روو و تیایدا پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە ئەدەب یان شیعر دەبێ تەنها ئاڕاستەی دەستەیەکی هەڵبژاردەی جەماوەر بکرێت و شاعیر یان نووسەر تەنها ئەو جەماوەرە رۆشنبیر و هۆشیارەی لەبەرچاو بێت کە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەدەبەکەیاندایە، ئەم بیروڕا رەخنەییانە هەڵوێستێکیان دروست کرد زۆربەیان لەسەر ئەوە یەکیان گرتەوە کە ئەدەب دەبێ ئاڕاستەی زۆربەی زۆری -وەیان هەموو- جەماوەر بکرێت و نابێ تەنها خۆی بەچینێک وەیان توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵ ببەستێتەوە. بەڵام ئەم هەڵوێستە رەخنەییە نەبووە هۆی ئەوەی ئەو بۆچوونە نەمێنێت بەڵکو دەنگدانەوە و بەردەوامبوونی لای شاعیر و نووسەرانی دوای روانگەش هەر بەردەوام بوو.

لە کۆتایی حەفتاکاندا مەسەلەی تەم و مژی و باس لێوەکردنی لەسەر بناغەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن، لە رووی چەند بۆچوونێکی جیاوازەوە خرایە روو. دەبێ لێرەشدا سەرنج بۆ شتێکی گرنگ رابکێشین ئەویش ئەوەیە کە بڵاوکردنەوەی چامەیەکی شیعری درێژ بەناوی (لم نیازمە) لەلایەن (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) رۆڵی خۆی هەبوو لە وروژاندنی ئەم مەسەلەیە لەو ماوەیەدا بەو شێوەیە و گفتوگۆ لەسەر کردنی لە رووی ئەو بۆچوونە جیاوازانەوە.

لە روانگەی هەستکردن بەگرنگی ئەو پەیوەندییەی شیعر بە جەماوەر دەبەستێتەوە (کەریم دەشتی) هەڵوێستێکی توندوتیژ بەرامبەر بەو شێوە دەربڕینە تەم و مژاوییە وەردەگرێت کە شاعیر تیایدا هەوڵی ئەوە دەدات لە رێگای پێشکەش کردنی تاقیکردنەوەیەکی نوێ، مەسەلەی تێگەیشتن لە بەرهەمەکەی لای خەڵک فەرامۆش بکات، بۆیە سەرنەگرتنی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی شاعیر بە ئەنجامێکی سروشتی ئەم جۆرە مامەڵە کردنەی شاعیر لەگەڵ جەماوەر دادەنێت و لەم بارەیەوە دەڵێ «بەڵام ئەوەی

85- رەخنەی جەماهیری و رەخنەی پسپۆرەکان، فوئاد قەرەداغی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٣٨، ١٤-١٠-١٩٧٢، ل٣ .

جێی داخە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە لەبەرچوون و سەرنەکەوتنە... جگە لەمە شیعرەکە تاڕادەیەکی گەورە فەرامۆشکردنی جەماوەری تیا دەبینرێت و بەم جۆرە شیعرە کە ئەو زەمینەیەی لە دەست داوە کە لێیەوە دەستی پێکردووە چونکە تاقیکردنەوەی نوێ لە هەڵبژاردنی شێوە دەربڕینێکی تێکەڵ و پێکەڵ و سەیر و سەمەرە نایەت، بەڵکو لە ڕێگای پێشکەش کردنێکی وادێت کە تێرکردنی لایەنی روحی جەماوەری تێدا بێت»(٨٦) جا لەبەر ئەوەی شاعیریش ئەم لایەنەی فەرامۆش کردووە و لەسەر بناغەیەکی ترەوە شیعرەکەی ئاڕاستەی جەماوەر کردووە بۆیە لە ئەنجامدا لە بارەی جۆری ئەو جەماوەرەی شاعیر شیعرەکانی ئاڕاستە دەکات نووسەر خۆی لەبەردەم ئەم پرسیارەدا دەبینێتەوە کە «شاعیر بۆ کەسانێک دەنووسێت نازانم ئایا لەگەڵماندا دەژین یان کەسانێکن لەسەر هەسارێکی تردا دەژین؟!»(٨٧) ئەمەش پەسەند نەکردنی ئەو جۆرە شیعرە لەلایەن نووسەرەوە دیار دەکات کە شاعیر تیایدا مانا و مەبەستی شیعرەکەی تیادا بە شێوەیەک دەربڕیوە کە دەرگای تێگەیشتنی لە رووی جەماوەر داخستووە تا ئەو رادەیەی بۆتە هۆی ئەوەی هەست بەوە بکرێت کە شیعرەکە ئاڕاستەی جەماوەرێک کراوە لەسەر رووی زەویدا ناژین.

هەروەها هەر لەسەر بناغەی بەستنەوەی شیعر بەژیانی خەڵک و رۆڵی شاعیر لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ (ئومێد ئاشنا) هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو شێوە دەربڕینە تەم و مژاوییە دەردەبڕێت کە شاعیر لە نووسینەکەیدا پەیڕەوی کردووە و لەم رووەوە دەڵێ «لەم رۆژگارەدا ئەدەبی کوردیمان بە قۆناغێکدا تێپەڕ ئەبێت کە زیاتر پێویستی بە نزیکبوونەوە و تێگەیشتن هەیە لە کۆمەڵانی خەڵک و قووڵبوونەوە لە هۆ و چۆنیەتی ناکۆکی و گیروگرفتە بچووک و گەورەکانیدا».(٨٨) واتە شاعیر دەبێ بە شێوەیەک بنووسێت کە ناوەڕۆکی شیعرەکەی رەنگدانەوەی ژیانی خەڵک بێت و بەشێوەیەک ئەو ناوەڕۆکە دەرببڕێت کە لە ئاستی تێگەیشتنیان دابێ. ئینجا بۆ ئەوەی رایەکەی بە هەڵە وەرنەگیرێت یەکسەر مەبەستی خۆی لە بارەی بەستنەوەی شیعر بە ژیانی

٨٦- تضارب المواقف في ديوان، الرمل هو قصدي - لم نيازمه، عبدالكريم دشتي، جريدة العراق، ٢١-١٢-١٩٧٨ .

٨٧- سەرچاوەی پێشوو، ص٧ .

٨٨- هەندێک لێکدانەوەو سەرنج دەربارەی - لم نیازمە -، ئومێد ئاشنا، ڕ: هاوکاری، ژ: ٤٥٧، ١٥-١-١٩٧٩، ل٣ .



خەڵک و داگرتنە خوارەوەی بۆ ئاستی تێگەیشتنیان روون دەکاتەوە و دەڵێ «کە ئەمە ئەڵێین مەبەستمان لە نزیکی ئەدەب ئەوە نییە لە رادەی قسەی بازاڕی و گفتوگۆی خەڵکدا بێت هەروەها داوای ئەوەش ناکەین کە شتێکی وەها بنووسین تەنها بۆ خۆمان بێت و بۆ خۆمان».(٨٩) ئەمەش مانای ئەوەیە کە شاعیر کاتێک بەرهەمەکەی بەڕەوانی دەگەیەنێتە خەڵک و دەرگای تێگەیشتنیان لە روو داناخات ئەمە بەهیچ شێوەیەک بەڵگەی سادە و ساکاری بەرهەمەکە ناگەیەنێت، چونکە پێوەری چاکی هەر بەرهەمێک لای شاعیری راستەقینە نە ئەوەیە مەبەستەکەی لەناو تەم و مژیدا نقووم بکات و ماناکان بەتەواوی بشارێتەوە و رێ لە خوێنەر بگرێت لێیان تێبگات، نەئەوەیە بەشێوەیەکی سادە و ساکار بەرهەمەکەی بخاتە روو و لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمدا خۆی بداتە دەست، بەڵکو پێوەری بەرهەمی چاک و داهێنەر ئەوەیە لە یەک کاتدا هاوسەنگییەک لە نێوان قووڵی و لە نێوان رەوانی شیعرەکەدا دروست بکات. دیارە لە روانگەی ئەم تێگەیشتنەوە ئەو تەم و مژییە خەستە رەت کراوەتەوە کە شاعیر تیایدا هیچ بوارێکی تیادا بەجێ ناهێڵێت بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکەی و ئەنجامیشی بەسەر لێشێواندنی خوێنەر لەقەڵەم دراوە.

بەڵام (شێرزاد حەسەن) بە پێچەوانەوە لە رووی بۆچوونێکی ترەوە تەماشای ئەو شێوە دەربڕینە تەم و مژییە دەکات کە شاعیر لە شیعرەکەیدا پەیڕەوی کردووە و ئەمە بە ئەنجامێکی سروشتی دوو شت دادەنێت، لەلایەکەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ بارە دەروونییە ئاڵۆزو شاراوەکەی شاعیر، بۆیە لەم رووەوە لە وەڵامی ئەو کەسانەدا کە دەڵێن چامە شیعرییەکەی بە چەند جارێک خوێندنەوە خۆی ناداتە دەست، دەڵێ «... دەبێ ئێمە وا بپرسین، ئەو شاعیرە بۆ پەنای بردۆتە بەر ئەو زمانە تێکچڕ و لوولدراوە... ئەو رێگایە خوارە بۆ... ئەو وێنە چڕانە بۆ...؟ ئەو دونیایە پڕ لە فەوزایەی شاعیر... ئەو زمانە لوولدراوەی بەکاری هێناوە... ئەو وێنە پچڕپچڕ و بریندارانە... هەموو ئەنجامی تێکچوون و شکان و گرێ و خەم و ژانێکن چڕ و خەست و قووڵە... کە ئەویش دەربڕینێکی ناو ناخی شاعیرەکەیە.»(٩٠) وە لە لایەکی تریشەوە تەم و مژییەکەی بەڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی واقیعی سەردەمەکەی دادەنێت و دەڵێ «... یان هەموو ئەو شتە ئاڵۆزانەی دەرەوەی زاتی شاعیر... کە وتمان دەرەوەی زاتی شاعیر هەموو ئەو کەرت و پارچانە دەگرێتەوە کە ژیانی مرۆڤی لێ دروست دەبێ... هەموو هۆیەکانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و

٨٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٩٠- لم نیازمە لە روانگەیەکی ترەوە!، شێرزاد حەسەن، ڕ: هاوکاری، ژ: ٤٨٨، ٢٠-٨-١٩٧٩، ل٣ .

سایکۆلۆژی... هتد»[٩١] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شێوە دەربڕینەی شاعیر هەڵی بژاردووە و تەم ومژی باڵی بەسەردا کێشاوە و وای کردووە تێگەیشتن لە مەبەست و مانای شیعرەکە گران بێت لەلایەن نووسەرەوە وەک ئەوە وایە بڵێ ئەو گرانییە لە تێگەیشتنی شیعرەکەی لەبەر ئەوەی ئەنجامی باری دەروونی شاعیر و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانیەتی بۆیە گوناهی شاعیری تێدانییە کە خوێنەر لێی تێناگات، بەڵکو مافی ڕەوای خۆیەتی بەرهەمەکەشی سروشتی پێکهاتنی دیوی ناوەوەی دەروونی شاعیر و دیوی دەرەوەی ژیانی وەربگرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە خوێنەر لە هۆیەکانی پەنا بردنە بەر ئەو تەم و مژییە بگات کە شاعیر پەنای دەباتە بەر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێنەر لەسەریەتی زەمینەیەکی ڕۆشنبیری دەوڵەمەندو پلەیەکی هۆشیاری چاکی هەبێت تا لە بەرهەمەکە بگات.

بەڵام لە هەشتاکاندا. وە بەتایبەتی لە نیوەی دووەمیدا، مەسەلەی تەم و مژی شیعر و تێگەیشتن و تێنەگەیشتن بەشێوەیەکی فراوانتر خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە. دەشتوانین بڵێین (ئەنوەر مەسیفی) بە بڵاوکردنەوەی شیعری (جلوبەرگ) و (جمکەکان) لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شاعیرانە دێ کە بەهۆی ئەم شیعرانەو ئەو نووسین و گفتوگۆ ئەدەبییانەی لەو ماوەیەدا بڵاوی دەکردنەوە توانی لەناو کۆڕی ئەدەبیات و ڕەخنەدا چالاکییەکی لەبەرچاو بنوێنێت و ئەم مەسەلەیە بەو شێوە فراوانە بورووژێنێت و ببێتە هۆی دروستبوونی ئەو بیروڕاو بۆچوونە جیاوازانەی لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە هاتنە پێشەوە.

(مەسیفی) لە باسێکدا لە ژێر ناوی (فۆڕمی گران) بۆچوونی خۆی لە بارەی پەسەندکردنی جۆری ئەو شیعرە دیار دەکات کە بە ئاسانی خۆی ناداتە دەست و دەڵێ «من دەزانم زۆربەی ئەو شیعرانەی کە خۆشم دەوێن لەو شیعرانەن کە بەیەک جار خوێندنەوە تێیان ناگەم وە هەندێ لە هەمان شیعریش هێشتا دڵنیا نیم کە لێیان حاڵی بووم...».[٩٢] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شیعری چاک و خوڵقێنەر ئەو شیعرەیە کە بە ئاسانی ڕاو ناکرێ و نهێنییەکانی ناتوانرێ ئاشکرا بکرێ، بۆیە هەر خوێندنەوەیەک بە دۆزینەوەیەکی تازەی شیعرەکە دادەنرێت، چونکە دەوڵەمەندی دەقەکە بەهۆی ئەو مانا شاراوانەی هەڵیانی گرتووە دەبێتە هۆی بەزاندنی سنووری کات و شوێنەکان و درکاندنی نهێنییەک لە هەر

---

٩١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٩٢- فۆڕمی گران، ئەنوەر مەسیفی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٩٠٩، ٢٨-٩-١٩٨٧، ل١٢ .



ڕۆژگارێکدا کە لەسەردەمی پێش خۆیدا پەی پێ نەبراوە، لەبەر ئەوە کاتێک خاسیەتەکانی ئەو فۆڕمە دیاردەکات دەڵێ «ئەو فۆڕمە گرانە کە هەستی نوێ بوونەوەی تێدانەبێ وەکو تەرم لە بەندەری پێشڕەوانی مێژووی شیعر مەلە دەکا. هەستی نوێ بوونەوە، ئەو هەستە نەفرەت لێکراوە کێوییە خورافییەی کە پێویستی بە شەڕێکی دەروونی وێرانکار هەیە بۆ ئەوەی ڕاو بکرێ... فۆڕمی گران بە واتای رووخانی بنیاتنەر شاعیرە ژەنگ گرتووەکەی بن ساقۆی خورافی وەدەری دەدا. ئەو شاعیرەی هەستی نوێبوونەوە لە زەمەنی بزر دروست دەکا».[٩٣] ئەو هەستە نوێیەش لە هەڵوەشاندنەوە و وێرانکردنی شتە کۆنەکان و سەر لەنوێ بنیاتنانەوەیان دروست دەبێ، بەڵام بنیاتنانی شیعرێکی وا کە ناسنامەی زیندوێتی و نەمری بداتە شیعرەکە، کە ئەمەش لەو توانایەدا دەبینرێت کە لەدەرەوەی کات و شوێنە دیاریکراوەکاندا هەمیشە تەعبیر لە گیانی نوێبوونەوە دەکات. مامەڵەکردنیش لەگەڵ شیعر لەسەر بناغەی ئەم جۆرە دیدو بۆچوونە پێویستی بە مامەڵە کردنێکی نائاسایی هەیە لەلایەن جۆرێکی تایبەتی لە خوێنەر، ئەو خوێنەرەی ئەگەر زەمینەیەکی ڕۆشنبیری پتەو و لێکدانەوەیەکی ورد و توانای تێگەیشتنێکی قووڵی نەبێ ناتوانێ لە ئاستی وەرگرتنی ئەو دەقە گرانە دابێ، بۆیە کاتێک دێتە سەر دیارکردنی خوێنەری شیعرەکانی، جۆری ئەو خوێنەرە بەوە دیار دەکات «من هێشتا هەست دەکەم خوێنەری شیعرم مرۆڤی زیرەکە... خوێنەریشم پەیدا کردووە، بەڵام چەندن ئەمەیان گرنگ نییە».[٩٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر بە هیچ شێوەیەک ڕێژەی خوێنەری شیعرەکانی لەبەرچاو نەگرتووە و بایەخی بە کەمی یا زۆری ژمارەی خوێنەرەکان نەداوە، بەڵکو جۆری خوێنەرەکەی بەلاوە گرنگ بووە، ئەو خوێنەرە زیرەک و هۆشیارەی لە ئاستی تێگەیشتنی شیعرەکانیدایە و دەتوانێت لەسەر بناغەی ئەو زەمینە ڕۆشنبیرییەو پلەی ئەو هۆشیارییەی هەیەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە شیعرەدا بکات.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شیعرە تەم و مژاوییەی لەو ماوەیەدا بڵاوبۆوە، دوو هەڵوێستی ڕەخنەیی جیاواز لە بارەیەوە دروست بوو، هەڵوێستێکیان هێرشێکی توندی کردە سەرو هەڵوێستێکیشیان بە پێچەوانەوە پشتگیرییەکی چاکی لێکرد.

---

٩٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢ .

٩٤- خاوەنی شیعری «تەمبور قوڕ» ئامادەکردنی، شێرزاد عبدالرحمن، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٠١، ٢٥-٨-١٩٨٨، ل١١ .

(ئەحمەد تاقانە) دوای ئەوەی هۆی تەم و مژی ئەو جۆرە شیعرە لەلایەکەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ شێواندنی زمانی شیعرەکە و یاریکردن بە وشە و دەربڕینەکان و لادان لە هەندێ لە پەیڕەوەکانی زمان و فڕێدانی هەندێ ئامراز، لەلایەکی ترەوە هۆی تەم و مژییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکانی داستان و ئەفسانەو بابەتە فۆلکلۆرییەکان و جۆری ئەو کەرەستەیەی کە زۆرجار خۆی تەنها بە ناوچەیەکی تەسک دەبەستەوە و لە سنووری زانینی چەند کەسێکی تێپەڕ نەدەکرد، دوای ئەوەی دەست لەسەر ئەو هۆیانەی تەم و مژی شیعر دادەنێت دێتە سەر مەسەلەی ونبوونی مانا و مەبەستی شیعرەکە لەناو ئەو تەم و مژییە خەستەی دەرگا لەڕووی هەموو جۆرە تێگەیشتنێک دادەخات، بۆیە لەم حاڵەتەدا تێنەگەیشتن لە مانا و مەبەستی بەرهەمە شیعرییەکە بە شتێکی ئاسایی دادەنێت و دەڵێ «جا کە شتێک لەم بارە دابێ. کێ ماڵی ئەوەی هەیە پێمان بڵێ دەبێ لە شیعرەکەی بگەن... هەوڵ بدەن کە تێی بگەن، تەمبەڵی و تەوەزەلی مەکەن... من بەش بەحاڵی خۆم بەزەحمەتی دەزانم کە لەو مەبەستە نزیک ببمەوە (نەک بەتەواوی لێی تێ بگەم)... کە شاعیرەکە ویستوویەتی و بەهێمایەکی داخراوەی خودییەکی زۆر خودیی تۆمار کردووە. یا بەم جۆرە بەڕەوای نازانم شتێک پەسەند بکەم کە سەرەڕای خۆ پێوە ماندوو کردنێکی دڵسۆزانە نەتوانم هیچی وەهای لێ تێ بگەم».[٩٥] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو شیعرە جێی پەسەند کردنە کە بەئاسانی خۆی ناداتە دەست بێ ئەوەی خۆی نقوومی گێژاوی تەم و مژێکی وا بکات کە دوای چەند خوێندنەوەیەکیش خوێنەر بەدەست بەتاڵی بگەڕێنێتەوە و هیچی لێ تێ نەگات.

هەر لەڕووی هەمان بۆچوونەوە لە بارەی شێواندنی زمان بەدەستی ئەنقەست و سەرلێشێواندنی خەڵک و دروستکردنی تەم و مژییەکی دەستکرد (موکەڕەم تاڵەبانی) هەڵوێستی خۆی لەم رووەوە کاتێک دیار دەکات کە دەڵێ «ئەگەرچی ئەو شاعیرانە لافی ئەوە لێ دەدەن کە ئامرازی پەیوەندییان لابردووە و کای کۆن بەبا ناکەن و بەزمانی پاراوی کوردی دەنووسن، بەڵام لە راستیدا وانییە، ئەو لاف لێدانە تەنها بە مەبەستی رێ لێ وێڵکردن و بزرکردنی مەبەستی سەرەکییانە، کە ئەویش ئەوەیە بزووتنەوەیەکی نائومێدی بەناو کۆمەڵدا بڵاوبکەنەوە، کە توانای ئەوەشیان نییە، چونکە ئەم جۆرە بزووتنەوەیە بۆ کۆمەڵی سەرمایەداری پیشەسازی پێشکەوتوو دەست دەدات کە هەموو نەریت و بەهایەکی

٩٥- لە بارەی هەندێک لایەنی هونەریی شیعری نوێوە، ئەحمەد تاقانە، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٨٢، ٨-٦-١٩٨٩، ل٩ .



کۆمەڵایەتی تێدا پێشێل کراوە... کەچی کۆمەڵی کوردەواری خۆمان هێشتاکە تازە پێی ناوەتە یەکەمین هەنگاو هەڵهێنانی خۆی بەرەو کۆمەڵگەی پیشەسازی... ».[٩٦] بەپێی ئەم رایە ئەگەر مەسەلەی دروستکردنی تەم و مژییەکە و رێگرتن لە تێگەیشتنی بەرهەمەکە لە سەرێکەوە گەڕابێتەوە بۆ تێکدان و شێواندنی زمان، ئەوا لە سەرێکی ترەوە بەستراوەتەوە بە جۆری ئەو جەماوەرەی شیعرەکەی ئاڕاستە کراوە کە کەسانێکی نامۆن و سەر بەکۆمەڵگایەکی جیا لە سروشتی کۆمەڵگای کوردین و شیعرەکە بۆ مەبەستێک گوتراوە دژی بەرژەوەندی گشتی خەڵکەکەیە، بەڵام ئەم رایە جۆرە شپرزەییەکی تێدا دەبینرێت، چونکە ئەگەر لەو رووەوەش راست بۆ ئەوە چووبێت کە شیعرەکە لە رێگای شێواندنی زمانەکەوە توانیبێتی جۆرە تەم و مژییەکی دەستکرد دەستەبەر بکات، بەڵام ئەوە راست نییە کە مەبەستی سەرەکی شیعرەکە بڵاوکردنەوەی رەشبینی و نائومێدی بێت لەناو خەڵکدا، بەڵکو بە ئاشکرا دیارە کە مەبەستی سەرەکی ئەم تاقیکردنەوە شیعرییە ئەوە بوو شتێکی تازە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ئەنجام بدات، بەڵام لە جیاتی ئەوەی پشت بە بەکارهێنانێکی تازەی زمان ببەستێت کە چڕی و قووڵی و دەوڵەمەندی ماناکانی تێدا بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە لە رێگای چەند شتێکی نادروستی وەک فڕێدانی هەندێ ئامرازی پەیوەندی و وازهێنان لە فرمان و پشت بەستن بە رستەی ناوی و چەند شتێکی تر بووە هۆی شێواندنی زمانەکە و سەرنەکەوتنی تاقیکردنەوە شیعرییەکە.

هەروەها (کاوە عومەر بەرزنجی) هەر لەسەر بناغەی پەسەند نەکردنی ئەو جۆرە تەم و مژییەی لە رێگای شێواندنی زمانەوە دروست دەبێت، ئەو جۆرە شیعرە رەت دەکاتەوە و دەڵێ «... ئەرکی شاعیر زۆر مەزنترە لەوەی بێت بەچەند وشەیەکی حەلەق و مەلەقی بێ رێ و جێ بەناوی (طليعيه)تەوە سەر لە خۆیشی و لە خوێنەریش بشێوێنێ و بڵێ وەڵڵا شیعری ئەمڕۆ نابێت ساناو ساکاربێت، بەڵکو ئەبێ بئاڵۆزێ و لە تەم و مژدا نوغرۆبکرێت بەجۆرێک کە نەک خوێنەری ئاساییش پەی پێ نابات بەڵکو نووسەر و شاعیریش سەروبەری لێ ناکاتەوە... بەم حاڵە مەگەر برای (طليعی) بەناو شاعیر بێت و وشە و مانا بەرزەکەیمان بۆ شی بکاتەوە».[٩٧] لێرەدا، ئەم رایە، بە ئاشکرا ئەوەمان پێ دەڵێ کە

٩٦- پڕۆژەی نوێکردنەوە یاخود شێواندن؟ مکرم تاڵەبانی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١١٣٣، ٧-١٢-١٩٨٩، ل٩ .

٩٧- دیاردەیەکی نوێی شیعری ئەمڕۆمان،کاوە عومەر بەرزنجی، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٢٨، ٢٨-١١-١٩٨٨، ل٩ .

شاعیر تەنها ئەوەی لەبەرچاو گرتووە لە ڕێگای ئەم بەکارهێنانە نا دروستەی زمانەوە شیعرێک بڵێت نەک هەر ئاستی تێگەیشتنی خوێنەرە ئاساییەکەی تیادا فەرامۆش کردووە، بەڵکو خوێنەرە ڕۆشنبیرەکەشی گرتۆتەوە بە شێوەیەک لە توانای تێگەیشتنی ئەویشدا نەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر لەم جۆرە شیعرانەدا مەسەلەی گەیاندنی ماناو مەبەستی شیعرەکانی بە خوێنەر، جا هەر چ جۆرە خوێنەرێک بێت، بەلاوە گرنگ نییە، ئەمەش وەک ئەوە وایە شیعر بۆ خۆی بڵێت!.

کەواتە ئەم رایانە بەگشتی یەک هەڵوێستیان نواندووە ئەویش ڕەتکردنەوەی ئەو شیعرەیە کە شاعیر تیایدا بۆ دروستکردنی تەم و مژی رووی کردۆتە شێواندنی زمانی شیعرەکە و ئەم جۆرە مامەڵە کردنەیان لەگەڵ زماندا ڕەت کردۆتەوە و ئەنجامەکەیان بە شاردنەوەیەکی بە ئەنقەستی ماناو مەبەستی شیعرەکان داناوە بەشێوەیەک نەتوانرێت پەی بەمانا شاراوەکان ببرێت و بگاتە جەماوەر، بێ ئەوەی پێویستی ئەمەی سەپاندبێت، کە ئەمەش بەڵگەی فەرامۆشکردنی جەماوەرەو تەئکید کردنە لەسەر دابڕانی شیعر لە خەڵک و گەڕانەوە بۆ چەمکە لە بارچووەکەی (شیعر بۆ شیعر). لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە (ئەنوەر مەسیفی) هەرچەندە هەوڵی ئەوەی داوە پاساو بۆ فڕێدانی بەشێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی و ئەو بەکارهێنانە نوێیەی زمانی شیعر بهێنێتەوە و لەم رووەوە بۆ ئەوە چووە «ئەم هەوڵە تازەیەم وەکو هەوڵی هەندێ نووسەرانی میللەتانە، لەم هەوڵدانە نەک بە ئەنقەست، بەڵکو بە ڕۆیایەکی خزمەتکردنی شیعری کوردی، شیعرم لە هەندێ زێدەڕۆیی رزگار کردووە. بەکورتی من لەمەولا دژی هەندێ ئامرازی پەیوەندیم کە شاعیرانی پێش من، یا ئێستا کە دەنووسن، وەکو گۆچانێک شیعری کوردی بۆ ماڵی خوێنەران دەبەن، خۆ ئەگەر گۆچانەکەیان لێ بشکێ، شیعرەکانیان هەڵدەوەرێ.»[٩٨] لێرەدا بۆمان هەیە شتێک بڵێین ئەویش ئەوەیە ئەگەرچی شاعیر ویستوویەتی ئەوەمان پێ بڵێت کە مەبەستی لە وازهێنانی لە بەشێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی ئەوەبووە شیعر لە زێدەڕۆیی رزگار بکات و خاسیەتی چڕی و قووڵی بداتە شیعرەکانی، وەک خۆی دەڵێ، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەم قسەیەی لێ وەربگرین، چونکە ئەنجامی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی پێچەوانەی ئەم قسەیەی دەرخست.

بەڵام بەرامبەر بەم هەڵوێستە توندوتیژەی ئەم شیعرە تەم و مژاوییە ڕەت دەکاتەوە،

٩٨- خاوەنی شیعری (تەمبور قوڕ)، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٠١، ٢٥-٨-١٩٨٨، ل٤ .



هەڵوێستێکی تر دەبینین بە پێچەوانەوە بەرگری لێ دەکات و بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم جۆرە شیعرە بۆ هەموو کەس نییە، بەڵکو جەماوەرێکی دیاریکراوی هەڵبژاردەی هەیە کە لە ئاستی تێگەیشتنی دایە، لەم رووەوە (قادر ئیبراهیم مینە) جۆری ئەو جەماوەرە دیاردەکات کە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە شیعرە دەکات و دەڵێ «... بەم پێیە شیعری ئەم بڕادەرە نوێخوازەمان رووباری بە لرفە و هاژەو هەڕەشەی پێ بردن ئەوەی بیەوێ لە شیعرەکانیان تێ بگاو چێژیان لێ وەربگرێ دەبێ مەلەوان بێت و بەمەلە لە رووباری شیعرەکانیان بپەڕێتەوە، هەڵبەت ئەوەی هەر لە (پرد)یش ڕاهاتبێ دەبێ خۆی فێرە مەلە بکات... !!»[٩٩] لێرەدا دەبینین نووسەر بەرامبەر بە خوێنەری ئەم شیعرە تەم و مژاوییەدا، کە بەهۆی ئەو قووڵی و چڕییەی لە شیعرەکەدا هەیەو شاعیر لە ژێر پەردەیەکی تەم و مژاوی ئەستووردا حەشاری داون، بۆ ئەوە دەچێت کە خوێنەرێکی ئاسایی پێی ناوەستێت و ناتوانێت لێی تێبگات، بەڵکو پێویستی بە خوێنەرێکی شارەزاو بەتوانا هەیە بۆ ئەوەی بگاتە مانا شاراوەکانی. ئەمەش تەئکید لەسەر ئەو رایە دەکات کە شیعر تایبەت بە چینە ڕۆشنبیرە هەڵبژاردەکە دەکات و تەنها ئەو چینە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەم جۆرە شیعرانەدا دەبینێت.

بەرامبەر بەم دوو بۆچوونە، کە یەکێکیان داوای ئەوە دەکات شیعر دابگرێتە خوارەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی هەموو کەسێک بە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ، کە هەندێ جار خوێندەوارو نەخوێندەواریشی گرتۆتەوە و ئەوی تریشیان داوای ئەوە دەکات کە شاعیر بەشێوەیەک شیعرەکەی دەرببڕێت کە تەنها تایبەت بە جەماوەرە ڕۆشنبیرو هۆشیارەکە بکرێت و تەنها لە ئاستی تێگەیشتنی ئەو دەستە هەڵبژاردەیە دابێت، بۆچوونێکی تر هەیە بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر پێویستە مامەڵەیەکی وردو زیرەکانە لەگەڵ جەماوەردا بکات و بەشێوەیەک شیعرەکانی ئاڕاستە بکات کە بتوانێت لەیەک کاتدا بەرزی لایەنی هونەری و بەپێزی ناوەڕۆکی شیعرەکەی بپارێزێت و لە هەمان کاتیشدا توانای ئەوەی هەبێت بیگەیەنێتە خەڵک.

لەم رووەوە (دڵشاد عەلی) ئەرکی شاعیر لە بەدەستهێنانی ئەو هاوسەنگییە دادەنێت کە شاعیر تیایدا ناوەڕۆکێکی بەپێز لە شێوەیەکی هونەری جواندا دەردەبڕێت بێ ئەوەی ئەمە ڕێی ئەوەی لێبگرێت تاقیکردنەوە شیعرییەکەی بگەیەنێتە خەڵک، بۆیە لە بارەی

٩٩- پڕۆژەی نوێکردنەوە لە شیعردا، قادر ابراهیم مینە، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٧٧، ٢٢-٥-١٩٨٩،ل٩

مەرجی دابینکردنی ئەم خاسیەتە گرنگە لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا لە رووی پاراستنی ئەو رادە دیاریکراوەی دەبێ خۆی پێوە ببەستێتەوە و لێی نەیەتە خوارەوە دەڵێ «ئەوەی شایانی باسە ئەدەب ئەبێ لە رادەیەکی دیاریکراودا بێت لە رووی شێوە و ناوەڕۆکەوە کە سەربەستییەکی تەواوی نییە لە هاتنە خوارەوەیدا، ئەمەش پەیوەندی بەو مەوزووعەوە نییە کە چارەسەری ئەکات چونکە زۆرجار وێنەی ئەو رووداوانەمان پیشان ئەدات کە لەناو جەرگەی گەلەوە هەڵقوڵاوە و ژیانی ئەو مرۆڤانە شی ئەکاتەوە کە لە چینە هەژارەکەن، بەڵام شیکردنەوەیەکی وردو بیرکردنەوەیەکی قووڵ و دەربڕینێکی بەهێزی ئەوتۆ کە تەنها دەستەی رۆشنبیرەکە لێی تێ ئەگات و چێژی لێ وەرئەگرێ جا ئەگەر بەرهەمێک بەم جۆرە بوو ئایا بۆ جەماوەر نەنووسراوە؟»[100] دیارە لە وەڵامدا دەڵێین بۆ جەماوەر نووسراوە، بەڵام هەروەک چۆن شاعیر لەم حاڵەتەدا بەئەرکی خۆی هەڵساوە لە بەستنەوەی ئەدەبەکەی بە جەماوەر بەم شێوەیە، هەروەها بەرامبەر بەجەماوەریش ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە هەوڵی ئەوە بدات لەبەرهەمەکە بگات لە رێگای خۆماندووکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆی و نزیکبوونەوەی لە ئاستی ئەدەبەکە دیارە بناغەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی نووسەریشمان کاتێک بەئاشکرا بۆ دەردەکەوێت کە دژی ئەو رایە دەوەستێت کە داوای داگرتنە خوارەوەی ئەدەب دەکات بۆ ئاستێکی نزم و شێوە دەربڕینێکی سادەو ساکار کە تیایدا دەبێ قوربانی بەلایەنی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە بدات بۆیە بۆ خۆ رزگارکردن لەم کێشەیە بۆ ئەوە دەچێت «چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەش هەرگیز نابێ و ناکرێ لەسەر ئاستی ئەدەبە نوێیەکە بێت و هەوڵی ئەوە بدرێ کە ئاستی شێوە و دەربڕینەکە بهێنرێتە خوارەوە و پەنا ببرێتە بەر ئاسانکردن و ساکارکردنی بەرهەمەکان، بەڵکو لە جیاتی ئەوە هەوڵی ئەوە بدرێ کە ئاستی خوێنەر بەرز بکرێتەوە و بهێنرێتە ئاستی بەرهەمەکان».[101] ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی لەلایەکەوە ئاستی بەرهەمەکە دانەبەزێت و سادەو ساکار دەرنەچێت وە لەلایەکی تریشەوە خزمەتی جەماوەر بکات لە رێگای هەوڵدانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و پەیداکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ چاککردنی ئەو بارە نالەبارەی تیایدا دەژی. ئینجا ئەوە دەردەخات کە شاعیر ناتوانێت بەرهەمەکەی بەشێوەیەک بنووسێت هەموو کەس وەک یەک رازی بکات.

---

١٠٠- کاتێ لە بەرهەمی ئەدەبی ناگەین، دلشاد عەلی، گ: ئاسۆی زانکۆیی (آفاق جامعیة)، العدد الخامس، السنة الاولی، اذار ١٩٧٨، ل٨٧ .

١٠١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩ .



چونکە «... گەل هەموو کاتێ لە کۆمەڵە کەسانێک پێک هاتووە کە جیاوازییان هەیە لە رادەی هەست و سۆزو ئارەزوو و چێژ وەرگرتنیاندا ئەم جیاوازییانەش کەم بن یا زۆر شتێکە و هەیە ئەبێ بخرێتە پێش چاو، کەواتە هیچ نووسەرێک توانای ئەوەی نییە کە هەموو ئەو کەسانە رازی بکات و هەوڵی ئەوە بدات کە هەموو وەک یەک چێژی لێ وەربگرن».[102] کەواتە لەم حاڵەتەدا لەبەر ئەوەی ئەم هەوڵانە لەلایەن هەر شاعیرێکەوە بدرێ رووبەڕووی ئەنجامێکی بێ هوودە دەبێتەوە، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە هەڵبژاردنی (هێڵی ناوەڕاست)[103]دا دەبینێت کە ئەمەش ئەو شوێنە دەنوێنێت کە شاعیر تیایدا لەو رادە دیاریکراوەدا نایەتە خوارەوە کە بۆی دانراوە و خوێنەریش لەو ئاستە نزمە دەردەچێت کە تیایدا دەبێت و هەوڵی ئەوە دەدات بەرز بێتەوە بۆ ئاستی ئەدەبەکە.

هەر لە رووی هەمان بۆچوونەوە (جەوهەر کرمانج) ئاستێکی دیاریکراو بۆ شیعر دیاری دەکات بەشێوەیەک کە لە پاڵ دابینکردنی شێوە و ناوەڕۆکێکی گونجاو بۆ شیعر، مەسەلەی گەیاندنەکەش لەبەر چاو بگرێت، بۆیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەوە دەردەخات «واتە شاعیر دەتوانێ پردێک لە نێوان خۆی و خوێندەواران هەڵبەستێ، بەڵام مەرج نیە هەمیشە شاعیر بەسەر ئەم پردەدا بەرەو لای خوێندەواران بڕوات، پێویستە ئەوانیش تەقەلایەک بدەن بۆ گەیشتن بە شاعیرەکە و نزیک کەوتنەوە لە شیعرەکانی».[104] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر جەماوەری شیعر خوێنەری سادەبوون لەم حاڵەتەدا نابێ شاعیر بەشێوەیەکی سادەو ساکار شیعرەکەی خۆی دەرببڕێت بەمەبەستی لە بەرچاوگرتنی گەیاندنی شیعرەکەی بە جەماوەر، بەڵکو دەبێ خوێنەرەکە هەوڵی ئەوە بدات باری رۆشنبیری خۆی چاک بکات و خۆی لە شیعرەکە نزیک بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئاستە دیاریکراوە بپارێزێت کە پێویستە شیعری لێ نەیەتە خوارەوە. ئینجا راستی ئەو جۆرە بۆ چوونەشمان لە بارەی ئەو جۆرە مامەڵە کردنە راست و دروستەی لە نێوان شاعیر و خوێنەردا دروست دەبێت کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە هۆیەکەی بەوە دیاردەکات «... چونکە

---

١٠٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩ .

١٠٣- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩ .

١٠٤- گوت و بێژ لەگەڵ جەوهەر کرمانج، ئامادەکردنی عەزیز کەیخوسرەوی، گ: سروە، ژ: ٥٢، ساڵی شەشەم، خەزەڵوەری ١٣٦٩ (١٩٨١)، ل١٩ .

پێم وایە شاعیر چەند خۆی ماندوو دەکات بۆ دۆزینەوەی وێنەیەکی شیعری جوان خوێندەوارانیش دەبێ ئەوەندە خۆیان بۆ تێگەیشتنی شیعر ئامادە بکەن»[١٠٥]

وە لە رووی باری سەرنجێکی وردەوە (هەڤاڵ کوێستانی) ئەوە دەردەخات کە نابێ مەسەلەی تێ نەگەیشتن لە شیعر تەنها بە گوناهی خوێنەر دابنێین، بەڵکو شاعیریش لەمەدا بەرپرسیارە کاتێک بەدەستی ئەنقەست بەمەبەستی سەرلێشێوانی خوێنەر لەناو تەم و مژییەکی خەستداماناو مەبەستەکانی دەشارێتەوە بە شێوەیەک نەتوانن لێی تێبگەن، بۆیە لەم رووەوە لە بارەی هۆی ئەمەوە دەڵێ: «تێنەگەیشتنی خەڵک لە شیعر، هەر لەکۆڵەواری خەڵکەوە نییە، بەڵکو کۆڵەواری شاعیریشی تێدایە... چونکە شاعیری کۆڵەوارو بیر ئاڵۆز دەیەوێ بەشلوێ کردنی جۆگەڵەی تەنکی شیعرەکەی، سەر لە خەڵکی بشێوێنێ و بەقووڵییان پێ نیشان دا... دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە مەرج نیە هەر شیعرێ باسی خەڵکی کردو خەڵکی لێی حاڵی بوون و چەپڵەیان بۆ لێدا، شیعرێکی چاک بێ. »[١٠٦]. ئینجا لە بارەی چۆنیەتی مامەڵە کردنی شاعیر لەگەڵ جەماوەر دەڵێ «هەروا بۆن و بەرامەی سەردەم، واتا ئاگایی بوونە لە ئاست و حاڵی فەرهەنگی و هوشیاری خەڵک و، نووسین بە زمانێک کە مایەی تێگەیشتن و حاڵیبوونی خەڵک بێ. یا شیعر دانەبەزێتە ئاستی نزمی فەرهەنگی کۆمەڵ، بەڵام نابێ سەری شاخیشیان لێ بگرێ... نابێ ئەوەندە سەرکەوێ، تا خەڵکی بۆ پیا هەڵڕوانینی کڵاوی سەریان بکەوێتە خوارێ»[١٠٧]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر بۆ گەیاندنی شیعرەکەی بەخەڵک دەبێ رێگایەکی وا هەڵبژێرێت نەئەوەندە لە ئاستی تێگەیشتنیان بەرزبێت بەشێوەیەک هیچی لێ تێنەگەن و ببێتە مایەی سەرلێشێوانیان و نەئەوەندەش سادەو ساکاربێت و بێتە خوارەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی هەموو کەسێک بە خوێندەوارو نەخوێندەوارییەوە.

لە ئەنجامدا ئەو وەڵامانەی لە بارەی ئەو پرسیارەوە دەستمان کەوت کە پەیوەندی بەجۆری ئەو جەماوەرەوە هەبوو کە شیعری ئاڕاستە کراوە، لەو وەڵامانەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا بەشێک لەو بیروڕا رەخنەییانە داوای ئەوەیان کردووە شیعر ئاڕاستەی

١٠٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩ .

١٠٦- ئێستا و شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری، هەڤاڵ کوێستانی، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ١٦، پاییزی ١٩٨٩، ل٤٤ و ٤٥ .

١٠٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ .



زۆربەی -وەیان هەندێ جار هەموو - جەماوەر بکرێت و لە ئاستی تێگەیشتنیان دابێت و تەنانەت جاری وا هەبووە گەیشتوونەتە ئەو رادەیەی داوای ئەوە بکەن شیعر دابگرنە خوارەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی خەڵکە سادەو ساکارو نەخوێندەوارەکە. کەچی بەشێکی تر لەو بیروڕایانە داوای ئەوەیان کردووە کە شیعر دەبێ تەنها ئاڕاستەی دەستەیەکی هەڵبژاردەی چین یا توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵ بکرێت و لە ئاستێکی وا بەرز دابێت کە تەنها ئەو جەماوەرە لێی تێبگات کە لە پلەیەکی هوشیاری چاکدایەو ئاستێکی رۆشنبیری بەرزی هەیە، بەڵام ئەم رایە لە کاتێکدا داوای ئەوە دەکات جەماوەر ئاستی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی تێگەیشتنی بەرهەمەکان بەهیچ شێوەیەک بەلای ئەوەدا نەچووە کە شاعیریش بەرپرسە بەرامبەر بە دروستبوونی ئەو حاڵەتی تێنەگەیشتنەی لای جەماوەر دروست دەبێت بەرامبەر بەرهەمەکە بۆیە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە لەو پەیوەندییە ناهاوسەنگەی لە نێوان شاعیر و جەماوەردا دروست دەبێت، لەو رایەدا دەردەکەوێت کە داوای ئەوە دەکات شاعیر پردێک لە نێوان خۆی و جەماوەر دروست بکات لە رێگای ئەوەی شیعرەکەی بەشێوەیەک دەرببڕێت دەرگای تێگەیشتنی لەبەردەم بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا خوێنەر بەچاککردنی ئاستی رۆشنبیری و کەلتووری خۆی لە شیعرەکە نزیک بکاتەوە و بگاتە ئاستی تێگەیشتنی بەرهەمەکە.

## بابەتی سێیەم

## مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی

- سەرەتایەکی گشتی لەبارەی یاخیبوون وشۆڕشگێڕێتی
- هۆی یاخیبوون وشۆڕشگێڕێتی شاعیری کورد
- ئامانجی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی
- پەیوەندی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی

## - سەرەتایەکی گشتی لەبارەی یاخیبوون وشۆڕشگێڕێتی

مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی لە شیعری هەر نەتەوەیەکدا هەڵوێستێکە شاعیر تیایدا دەنگی نارەزایی بەرز دەکاتەوە بۆ رەتکردنەوەی واقیعێکی نالەبار کە جاری وا هەیە خۆی لە یاخیبوون و رەتکردنەوەی ئەو واقیعەدا دەنوێنێت و جاری واش هەیە خۆی لە بەرپاکردنی شۆڕشێکدا دەنوێنێت بە هەڵوەشاندنەوە و هەڵتەکاندنی بناغەی ئەو واقیعەی کە هەیە بۆ بنیاتنانی واقیعێکی لەبارترو چاکتر.

هۆی سەرهەڵدانی هەر مەسەلەیەکیش لە شیعردا دەبێ بەچوارچێوەی ئەو قۆناغە مێژووییە ببەسترێتەوە کە شاعیر تێیدا دەژی، چونکە گۆڕانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی هەر نەتەوەیەک لەهەر سەردەمێکدا دەبێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی نوێ کە پێویست بە جۆرە مامەڵەکردنێکی تازە دەکات بەشێوەیەک لەگەڵ سروشتی ئەو بارودۆخەدا بگونجێت کە ژیانی سەردەمە نوێیەکە دروستی دەکات. بێگومان ئەمەش جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ رووداوەکانی ژیان دیار دەکات و ئەو هەڵوێستە دەردەخات کە شاعیر لەژیاندا بەرامبەر بە رووداوەکانی ژیانی میللەتەکەی وەری دەگرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتیش دەتوانرێ بە وەڵامێک دابنرێت بۆ ئەو پرسیارانەی بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکە دەیان هێنێتە پێشەوە.

بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیعە نالەبارەکەی تەنها بەرەتکردنەوەی ئەو واقیعە، ئەمەیان رووی سەلبی یاخیبوون پیشان دەدات، چونکە «یاخیبووی راستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێ بەدیلی ئەو شتە چییە کە رەتی دەکاتەوە»[1] دیارە هەستکردنی شاعیریش بە ناکۆکییەکانی ژیان و دیارکردنی کەم و کوڕییەکانی بەستراوەتەوە بەهوشیاری شاعیر و تاقیکردنەوەکانی لە ژیاندا، چونکە «ئەم جۆرە یاخیبوونە پابەندە بە تاقیکردنەوەکانی ژیانی مرۆڤ و ئێش و ئازارەکانی، هەر تاقیکردنەوەشە ئەو هۆشارییە دروست دەکات کە بەهۆیەوە دەرک بە واقیع و بەدیلەکەی دەکرێت، وەناکرێ ئەم جۆرە یاخیبوونەش دوور لە تاقیکرنەوەکە یان لە دەرەوەی بهێنرێتە بەرچاو...»[2] لەبەر ئەوەی سوود وەرگرتنی شاعیر لە رووداوەکانی ژیان وەک سەرچاوەیەک ئەو زەمینەیەی بۆ دەرەخسێنێت تا هەست بەو واقیعە بکات کە تیایدا دەژی

١- الشعر العربي المعاصر قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، د. عزالدين اسماعيل، ص ٤١١.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ص ٤١١.



و ئەو هوشیارییەی لای دروست دەکات کە بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ژیانی واقیعەکەی دەکات و هەڵوێستی لێ وەردەگرێت.

زۆرجار کە باسی یاخیبوون دەکرێ بەرامبەر بەمە مەسەلەی شۆڕشگێڕێتی دێتە پێشەوە، دیارە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی هەردووکیان لە بناغەدا لەیەک شتەوە سەرچاوە دەگرن، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر چ لە حاڵەتی یاخیبوون یان لە حاڵەتی شۆڕشگێڕێتی دابێ، لەهەردوو حاڵەتەکەدا واقیعێکی ناهەموار دەبینێت و بەخەستی هەستی پێدەکات و ناتوانێت چاوپۆشی لێ بکات، بۆیە بەرامبەر بەو واقیعە دۆش دانامێنێت بەڵکو رووبەڕووی دەبێتەوە و بەرهەڵستی دەکات جا ئەگەر لە سەرەتادا بە رەتکردنەوەی ئەو واقیعە دەست پێ بکات ئەوا لەگەڵ بەردەوامبوونی شاعیر لە هەستکردنی بەئێش و ئازاری میللەتەکەی و گەورەبوونی ناکۆکییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی و قووڵبوونەوەی هەستی بەپێویستی گۆڕینی ئەو واقیعە، هەنگاوەکانی بەرەو بەرپاکردنی شۆڕشێک دژی واقیعە هەبووەکەی بەمەبەستی بنیاتنانی واقیعێکی تر دەست پێ دەکات. بۆیە کاتێک باسی ئەدەبی شۆڕشگێڕێتی دەکرێت «بەو ئەدەبە دادەنرێت کە هۆشی میللەت رۆشن دەکاتەوە لەبارەی ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژی و ئەو واقیعەی مافی خۆیەتی تیایدا بژی و چی بکات بۆ ئەوەی تیایدا بژی... ئەو ئەدەبەیە کە رەخنەیەکی هۆشیارانە لە واقیع دەگرێت و لایەنە چاک و خراپەکانی بۆ میللەت دیار دەکات بۆ ئەوەی لێکیان جیا بکاتەوە و لایەنە چاکەکانی بپارێزێت و هەوڵ و کۆششەکانی بخاتە کار و تێ بکۆشێ بۆ ئەوەی لایەنە خراپەکان لە رەگ و ریشەوە هەڵبتەکێنێت...»[3] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شۆڕشگێڕێتی دەبێ هەمیشە دوو کردەوەی تێدا بێت، رەتکردنەوەو هەڵتەکاندنی شتێک و بنیاتنانی شتێکی تر لە شوێنی ئەو، واتە دوو کردەوە کە یەکێکیان بەهۆی روودانی ئەوەی تر دادەنرێت و یەکێکیشیان بەئەنجامی ئەوی تریان.

پەیوەندی شۆڕشگێڕێتیش بەیاخیبوون لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەگەر سەرەتای هەر شۆڕشێک بە رەتکردنەوەی ئەو واقیعە دابنێین کە شاعیر تێیدا دەژی دوای هەستکردنی بە نەگونجانی ئەو واقیعە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەدا ئەوا دەتوانین بڵێین یاخیبوون سەرەتای هەنگاونانە بەرەو بەرپاکردنی شۆڕش.

جێی باسە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەوڵ و کۆششەکانی شاعیر بۆ گۆڕینی

٣- معنى الثورة، الدكتور جورج حنا، الطبعة الثانية، دار بيروت للطباعة والنشر، ١٩٥٩، ص ٢٦.

ناوەڕۆکی شیعر بەبێ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی قاڵبێکی هونەری گونجاو بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە تازەکە بە کارێکی ناتەواو دادەنرێت، بۆیە ئەگەر یاخیبوونی شاعیر لە بیروباوەڕە کۆنەکان و تێکۆشانی لەپێناو دەربڕینی بیروباوەڕە تازەکانی سەر بەسەردەمە نوێیەکەی بەڵگەی گوزارشتکردنی شاعیر بێ لەو بیروباوەڕانەی گیانی سەردەمەکەی دەردەبڕێت، ئەوا هەوڵەکانی بۆ دەرخستنی دەست نەدان و لەکارکەوتنی شێوە هونەرییە کۆنەکانیش لایەنێکی تری پرۆسەی ئەو گۆڕانە پیشان دەدات، چونکە یاخیبوونی شاعیر و بەرپاکردنی شۆڕشەکەی لەسەر شیعری کۆن نابێ تەنها ناوەڕۆکی شیعر بگرێتەوە، بەڵکو لەپاڵ ناوەڕۆکەکە شێوە هونەرییەکەی شیعریش دەگرێتەوە.

ئەگەر ئێش و ئازاری میللەتە چەوساوەکان و بەیەکچوونی بارودۆخی ژیانی نالەباریان، ببێتە هۆی ئەوەی ئەدەبێکی یاخیبوو و شۆڕشگێڕ لای ئەو میللەتانەدا پەیدا ببێ کە لە چوارچێوەی گشتیدا بەیەک بچێت، نابێ ئەوە وامان لێ بکات بۆ ئەوە بچین کە ئەدەبی هەر میللەتێک لەو میللەتانە هیچ جۆرە تایبەتمەندێتییەکی نییە، بەڵکو لەناو چوارچێوە گشتییەکەدا خاسیەتە لەیەک نزیک و بەیەکچووەکان پیشان دەدات، بەپێی ئەو خاسیەتانەی پەیوەندی بەژیانی تایبەتی هەر میللەتێک لەو میللەتانە هەیە، دەتوانرێ دەست لەسەر سیما تایبەتییەکانی ئەدەبی هەر میللەتێک دابنرێت.

## - هۆی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی شاعیری کورد

وردبوونەوە لە هەلومەرجی هاتنەپێشەوەی مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لەچوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شاعیر و نووسەرانی ئەو قۆناغەی میللەتی کورد خۆیان لەبەردەم واقیعێکی دژوارو پڕ لە گیروگرفت و ناکۆکیدا بینییەوە، بۆیە ئەمە وای لێکردن بکەونە حاڵەتێکی دەروونی وا تیایدا هەست بە پێویستی گۆڕانی ئەو واقیعە بکەن کە تێیدا دەژین. ئەمەش بەئاشکرا لەو بانگەوازەدا هەستی پێ دەکرێت کە شاعیر و نووسەرانی ڕوانگە دەریان کرد و تێیدا هاتبوو: «ئێمە لەئێستا وا هەست پێ ئەکەین کە گشتمان گڕو کلّپەیەک لە ناخمانا پەنگ ئەخواتەوە و لە مێژەوە جۆرە هەست و نەست و هیوا و ئاواتێکی تایبەتیمان لە بۆتەی خۆیدا جۆش ئەدات و ئامادەی تەقینەوەی ئەکات»[٤]. بۆیە شتێکی ئاسایی بوو ئەو هەستکردنە خەستە بەو

٤- بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە، شێرکۆ بێکەس و چەند کەسێکی تر، گ: ڕوانگە، ژ: ١ ، مطبعة النعمان- النجف الاشرف، ١٩٧٠، ل ١٣.



واقیعە تاڵەی ڕووبەڕوویان ببۆوە و ئەو حاڵەتە دەروونییەی لادروست کردبوون ئەمە وایان لێبکات سیما و خاسیەتەکانی ئەدەبەکەیان بە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەیان دابنێن و لە نموونەی ئەدەبێکی یاخیبوو شۆڕشگێڕدا ببینن و بڵێن «بانگەوازی ئەدەبی ئەمڕۆ، بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕو کارزان و سەدەی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونە بەرامبەر سەراپای مەیدانەکانی ژیان. بانگەوازی ئەو وشە و هەست و بیرانەیە کە سنوورێک نییە بۆ ئەوەی بەزۆر بیان بەستێتەوە و بەدۆشداماوی ڕاگیریان بکات، وەبەری چوونەپێشەوە و چاونەترسییان لێ بگرێت»[٥]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاسیەتی ئەو ئەدەبە یاخیبوو و شۆڕشگێڕە خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەی ژیانی مرۆڤدا دەبینێت کەلەگەڵ سروشتی ژیانی سەردەمە نوێیەکەدا ناگونجێت. دیارە ئەمەش ئەرکی ئەو شاعیر و نووسەرانە دیار دەکات لەبارەی تاودان و بەگژداچوونی ئەو واقیعە نالەبارەی مرۆڤی پابەندی ژیانێکی دواکەوتوو کردبوو و ڕێی بەرەو پێشچوون و پێشکەوتنی لێگرتبوو، بۆیە هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەم خۆیاندا نەبینی تەنها ئەوە نەبێ دەنگی ناڕەزایی بەرز بکەنەوە و بڵێن «ئەمانەوێت ئەو تەوقە رزیوانە بشکێنین کە شێوە و ناوەڕۆکی ئەدەب ئەکەن بەمۆمیایەکی بێ بزووتنەوەی مردووی لەش ساردو سڕ. ئەمانەوێت لەو تاقیکردنەوانەدا بژین کە لەناو جەرگەی کارەسات و ڕووداوەکانی سەردەمی تازەماندا داڕێژرابن و خۆمان لەو سنوورە بهاوینە دەرەوە کە دەوری مێژووییان لەگەڵ سەردەمی ڕابردوویان بەسەرچوو»[٦] واتە ئەو شاعیر و نووسەرانە بەئاشکرا ئامانجی خۆیان لە یاخیبوون و بەرپاکردنی شۆڕشەکەیان بەسەر شێوە و ناوەڕۆکی ئەو جۆرە شیعرەدا دەربڕی کە بەرامبەری هەستیان بە لە کەڵک کەوتن و دەست نەدانی بۆ سەردەمە نوێیەکەیان دەکرد. بۆیە بەپێی هەستکردنیان بە پێویستی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی هاتبووە پێشەوە لەقاڵبێکی هونەری گونجاودا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی پێویستی قۆناغەکە ناچاریان دەکات ناوەڕۆک و شێوە هونەرییە کۆنەکەی شیعر بەجێ بێڵن بۆ ئەوەی ئەدەبە نوێیەکەیان ڕەنگدانەوەی گیانی سەردەمە نوێیەکەیان بێت، دیارە پێداگرتنیشیان لەسەر شۆڕبوونەوە بۆ ناخی واقیعە پڕ لەئێش و ئازارو کارەساتە جەرگ بڕەکانی میللەتەکەیان لەو قۆناغەدا جۆری مامەڵەکردن و هەڵوێستی ئەو شاعیر و نووسەرانە بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ژیانی میللەتەکەیان و ئەرکیان لە هەستکردن

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٩و ١٠.

بەلێپرسینەوە بەرامبەر بەدەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە دیار دەکات کە خۆی لەشێوەی ئەدەبێکی بەرهەڵستکاری تووڕەدا نواند.

هەروەها (حسێن عارف) هۆی یاخیبوونی شاعیر و نووسەرانی روانگە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەستکردنی ئەو شاعیر و نووسەرانە بەو نەگونجان و ناکۆکییانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانیانی گرتبۆوە، بۆیە لەم رووەوە دەڵێ «ئێمە لەزۆر نووسین وکۆڕی قسەو باسدا وتوومانە کە شاعیر و نووسەری نەوەی نوێمان، وەختێک لەم پلەیەی ئێستای کۆمەڵەکەیاندا چاو بەژیاندا هەڵدێنن، وا هەست ئەکەن کە بەشوورەیەکی بەرزو ئەستووری درۆو دەلەسەو تەڵەکەبازی ئابلۆوقە دراون. وەکە ئەشچنە کۆڕی ئەو ژیانەوە، دەستەو یەخە رووبەڕووی ئەو شوورەیە ئەبنەوەو تیژتر ئەو باوەڕەیان لا ئەچەسپێت»[7]. بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەو شاعیر و نووسەرانە بەپێی ئەوەی چینی هۆشیارو رۆشنبیری میللەت پێک دەهێنن و زیاتر هەست بە مەترسی ئەو ناکۆکییانە دەکەن، بۆیە شتێکی ئاساییە نەتوانن بەرامبەر بەو بارە نالەبارەی ژیانی میللەتەکەیان بێ دەنگ بن ئەوە بوو بەپێی هەست بە لێپرسینەوە کردن بەرامبەر بەمێژوو ئەرکی راستەقینەی خۆیان لە رەتکردنەوەی ئەو واقیعە نالەبارەدا بینی. دیارە هەر لە سەر بناغەی ئەم جۆرە تێگەیشتنەشە(حسێن عارف) هۆی پەنا بردنە بەر رێگای یاخیبوون لای ئەو شاعیر و نووسەرانە بەوە دیار دەکات کاتێک دەڵێ «بەڵام شاعیر و نووسەری نەوەی نوێ... نەوەی سەردەمێک کە لە چارەی نووسراوە، ئاڵۆزترین گیروگرفتی مێژوو یەکالا بکاتەوە وگەورەترین هەنگاوی گۆڕان وپێش کەوتن بنێت، لەکۆڕی نهێنییەکانی بوون و نەبوونی ناو ئەم کەونە بەرینەدا، شاعیر و نووسەری ئەم نەوەیە، هەرگیز مل بۆ ئەوە نادەن کەلە باوەشی شوورەی درۆ و دەڵەسەو تەڵەکە بازیدا، وەک مەڕو مالات مۆڵ بدرێن!... بەڵکو بەبێ سڵکردنەوە، ملی رێگای دووهەم ئەگرن بەرەو رێگای یاخیبوون و بەگژاچوون، کە رێگای پڕ بەپڕی سەردەمی خۆیانە»[8]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێویستی بارودۆخی سەردەمەکە رێگای بەگژدا چوون و یاخی بوونی لەبەردەم شاعیری نوێ داناوە و وای لێکردووە ئەرکی سەر شانی خۆی لە رەتکردنەوەی لایەنە چەوت و نەشیاوەکانی ژیانی دیار بکات و بەرەنگاری ئەو واقیعە ببێتەوە کە تیادا دەژیا.

٧- گیانی یاخیبوون و بەگژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا، حسێن عارف، گ: روانگە، ژ: ٢، ١٩٧١، ل٥٤.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.



رادەی پێگەیشتنی پلەی هوشیاری مرۆڤ لای (کەمال میراودەلی) هۆیەکی گرنگی یاخیبوونە کە مرۆڤ تێیدا دەگاتە ئەو شوێنەی هەست بە ئاڵۆزی وناکۆکییەکانی واقیعەکەی دەکات وئەرکی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو واقیعەدا دەبینێت، بۆیە لەم رووەوە بۆ ئەوە دەچێت کە مرۆڤ «کاتێک کە دەگاتە پلەیەک لە هوشیاری «وەعی» کە باری بەراوەژووی کۆمەڵ و هەڵەکانی و یاسا پڕوپووچەکانی تێ دەگاو ناتوانێ لەگەڵیا بگونجێ و هەڵکا... وە لەهەمان کاتیشا ناتوانێ بێ کۆمەڵ بگونجێ و هەڵکا... چاری ئیجابی بۆ ئەم بارە یاخیبوونە...»[9] ئەمەش رادەی کارتێکردنی رووداوەکانی ژیان لەسەر شاعیر دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کەوا چۆن ئەم جۆرە یاخیبوونە بەئەنجامی کارتێکردنی بارودۆخی ئەو واقیعە دادەنرێت کە شاعیر تێیدا دەژی و لە تاقیکردنەوەکانی ژیانی جیا ناکرێتەوە کە لەگەڵ گەورەیی و کامڵبوونی تاقیکردنەوەکانی رادەی هوشیاری زیاتر دەبێت و رۆژ لەدوا رۆژ هەستکردنی بە رووداوەکان زیاتر دەبێت تا لە ئەنجامدا لە بێدەنگییەکەی دەردەچێت و بەگژ واقیعە بۆگەن و تاڵەکەی دادەچێت.

جۆری مامەڵە کردن لەگەڵ رووداوەکانی ژیان و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەو واقیعەی رووبەڕووی دەبێتەوە لای (عەبدوڵڵا سەڕاج) بەستراوەتەوە بە زەمینە رۆشنبیرییەکەی مرۆڤ، بۆیە بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری بە هۆیەک لە هۆیەکانی یاخیبوون دادەنێت و دەڵێ «... بێ گومان مرۆڤی رۆشنبیر کە سەرنجی دەوروپشتی خۆی ئەدات و بەچاوێکی کراوە و سەرنجەوە ئەڕوانێتە شت، گیروگرفت و (تناقض)یەکی ئاڵۆزکا و بەدی ئەکات، جا چ لەنێوان پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری... هتد. وە چ لە سروشت و ئەو هێزە نهێنییانەی - کە لە هۆشی مرۆڤ بەدەرن- پێکەوە ئەیبەستێ»[10]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بوونی زەمینەیەکی رۆشنبیری پتەو لەبەر ئەوەی یارمەتی مرۆڤ دەدات زیاتر لە بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەی بگات و شۆڕبێتەوە ناخی واقیعەکەی و ناکۆکییەکان ببینێت و هەست بە ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەی بکات، بۆیە لە ئەنجامدا «لەبەر ئەم هۆیانە شۆڕشێکی ئەوتۆ لەناخ و دەروونی ئەو رۆشنبیرە هەڵئەقوڵێ کەوا هەمیشە هەست بە ناڕەحەتی و تووڕەیی و دڵ گوشین بکات،

٩- سەرەتایەک لە: کۆمەڵایەتی و یاخی بوون و شۆڕش، کەمال میراودەلی، ڕ: هاوکاری، ژ: ٣٥، ٢-١٠-١٩٧١، ل٣.

١٠- یاخی بوون... و وێژەکەمان، عبدالله سراج، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٠٦، ٤-٣- ١٩٧٢،ل٣.

سرەوتی لێ ون ئەبێ، بەجۆرێک ژیانی لێ ئەبێتە بەندیخانەو دۆزەخ، خۆی هەمیشە بەچەوساوە و پێوەند کراو و تەریک ئەزانێ... بەم جۆرە گرانایی هەموو جیهان ئەگرێتە ئەستۆی خۆی»[١١]. جگە لەمە هەروەها نووسەر چەند هۆیەکی تریش دیار دەکات کە ئەم هەستەی زیاتر لاخەست دەکاتەوە «... لەو هۆیانە: زرووفی ناهەمواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەمانی نرخی مرۆڤ و زاڵبوونی کەرەستە(المادة) و نەمانی رێچکەی ئابڕوو و رەوشت و پەیوەندی پیرۆزی ناو خەڵک»[١٢]. دیارە مامەڵە کردنیش لەگەڵ ئەم بارودۆخە ئاڵۆزو تێکچڕژاو و پڕ لە ناکۆکییە لەسەر بناغەی زەمینە رۆشنبیرییە پتەوەکەی وا دەکات بەو بارودۆخە رازی نەبێت و لێی یاخی بێت، بۆیە لەم رووە دەڵێ «جا کە رۆشنبیر توانا و وزەی هەبوو، کەوا ئاگری ئەو یاخیبوونەی هەڵگیرسێنی، وە ئەگەریش خاوەن خامە بوو یان بەرەنگ و ئاوازو تاشین، ئەوا بەرهەمێکی یاخیبووی شۆڕشگێڕی ئیجابی بۆ دوارۆژ بەجێ دێڵی. »[١٣].

کەواتە ئەم بیروڕایانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە یەکێک لە دیارترین هۆیەکانی یاخیبوون لە شیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی واقیعێکی نالەبارو نەگونجانی شاعیر لەگەڵ ئەو واقیعەو خەست بوونەوەی ئەو هەستە بەتایبەتیش دوای زیاد بوونی هوشیاری و بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری کە وای لێ دەکات زیاتر هەست بە لێپرسینەوە بکات بەرامبەر بە پیشاندانی لایەنە نەنگ و چەوتەکانی ئەو ژیانە تا لەو تەقینەوەیەدا دەردەکەوێت کە خۆی لە بەگژدا چوون و یاخی بوون بەسەر واقیعەکەدا دەنوێنێت.

دیارە هۆی بەرپابوونی شۆڕشیش لای شاعیر لەو هۆیانە جیا نابێتەوە کە پاڵ بە شاعیر وەدەنێن بۆ یاخیبوون. ئەوەشمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت کە دەبینین یەکێک لەو ڕایانە لەبارەی جۆری ئەو ئەدەبەی پێویستە بەدەنگ پێویستییەکانی واقیعی سەردەمەکەی بێت دەڵێ «واقیعی ئێستامان ئەوەی لە ئەدیبەکانمان ناوێت بۆی بلاوێننەوەو... یاخود لێی هەڵبێن، بەڵکو ئەوەی لێیان ئەوێت بەرەنگاری بنەوە و دای رووخێنن (گریان و لاواندنەوە بۆ گەل و نیشتیمان لە راستیدا پێکەنینە بە خۆمان) بەڵام راپەڕین و وشەی راپەڕێنەر

١١- سەرچاوەی پێشوو،ل٣.

١٢- سەرچاوەی پێشوو،ل٣.

١٣- سەرچاوەی پێشوو،ل٣.



سەربەرزی و ئەنجامی سەرکەوتنمان پێ ئەبەخشێت... ئەبێ وشەی ئەدیب دانەی ئەو گوللانە بێت کە لەلوولەی جەنگاوەرێکی ژیان و ئازادی خوازەوە ئەتەقێت»[١٤]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدەب دەبێ رەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەکە بێت و ئەو ئەدەبەی لەگەڵ ژیانی سەردەمە نوێیەکەشدا دەگونجێت ئەو ئەدەبە شۆڕشگێڕەیە کە لە رووی سەختی و نالەباری واقیعی سەردەمەکەیدا دەتەقێتەوە و لەڕەگ و ریشەوە هەڵی دەتەکێنێت.

هەروەها (عەبدوڵڵا جندی) هۆی تووڕە بوونی شاعیر و بەرپاکردنی شۆڕشەکەی دەبەستێتەوە بە هەست کردنێکی قووڵی شاعیر بە ناکۆکییەکانی ژیانی سەردەمەکەی و نەگونجانی لەگەڵ ئەو ژیانە نموونەییەی خەونی پێوە دەبینێت و لە پێناو هاتنە دیدا خەبات دەکات و تێ دەکۆشێت. بۆیە هۆی شۆڕشی شاعیر دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «شاعیر کاتێک دەبینێ واقیعەکەی بۆتە واقیعێکی تاڵ و ریسواکراو و ناتوانێت لەمە زیاتر چاوپۆشی لێ بکات، ئالێرەوە پرۆسەی گۆڕان دەبێتە شتێکی حەتمی. جا دەربڕین بەوشە، وەیان راستتر بە شیعر بۆی هەیە کاریگەرییەکی ئاشکرای هەبێ تا پرۆسەی گۆڕانەکە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی واقیعە نوێیەکە شوێنی واقیعە کۆنەکە بگرێتەوە...»[١٥]. بەڵام گەیشتن بەو ئامانجە خۆ ماندووکردنی دەوێ و پێویستی بەوەیە هەوڵ و کۆششی بۆ بخرێتە کار، واتە شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم کارەی بەئەنجام بگەیەنێت «... دەبێ بە پێوەندییەکی دیالیکتیکی بەرووداو و مەسەلەکانی سەردەمەکەی ببەسترێتەوە، نەک وەک بینەرێک چ ببینێت وەسفێکی راپۆرت ئامێزو رووکەشانەی بکات، بەڵکو لە رێگای ئاوێتە بوونی لەگەڵ ئەو رووداو و مەسەلانە بە شێوەیەک خۆی بە خاوەنیان بزانێت»[١٦].

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یاخیبوونی شاعیر و بەرپاکردنی شۆڕشەکەی پەیوەندییەکی پتەو و بەناویەکدا چووی هەیە بە دروستبوونی حاڵەتی هەستکردن بە نەگونجانی لەگەڵ ئەو واقیعە دژوار و پڕ لە گیروگرفت و ناکۆکییانەی ژیانی تەنیوە، هەڵوێست وەرگرتنیش لەو واقیعە بەستراوەتەوە بە پلەی هوشیاری و ئاستی رۆشنبیری شاعیر کە لەسەرەتادا بە نارازی بوون و رەتکردنەوەی ئەو واقیعە نالەبارەو داواکردنی

١٤- نوێ کردنەوە لەئەدەبدا، نووسینی. ج، ر: هاوکاری، ژ: ٣٨، ٢٦-٩-١٩٧٠، ل٦.

١٥- ماهیة الشعر وقراءة لقصیدة محسن قوچان الثلج هنا ، عبدالله الجندی، گ: رۆژی کوردستان، ژ: ٧٥، ١٩٨٧، ص١٠.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ص١٠.

واقیعێکی چاکتر دەست پێ دەکات و خۆی لە یاخیبوونێکی ئیجابیدا دەنوێنێت. وە زۆرجار ئەمە پەرەدەسێنێت بۆ کردەوەیەکی فیعلی خۆی لە هەڵوەشاندنەوە و هەڵتەکاندن و گۆڕینی واقیعە هەبووەکە لە ڕەگ و ریشەوە دەنوێنێت، کە لەم حاڵەتەدا شێوەی کارێکی شۆڕشگێڕانە وەردەگرێت.

**- ئامانجی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی**

بەشێک لە بیروڕا ڕەخنەییەکان بایەخیان بەوە داوە ئەوە بزانن مەبەستی شاعیر لە یاخیبوون و شۆڕش چییە و دەیەوێ لە ئەنجامی ئەمەدا چی دەست کەوێت؟.

ئەو وەڵامانەی لەو بیروڕایانەدا سەبارەت بەو پرسیارە گرنگەوە دەستمان دەکەوێت، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو بیروڕاکان، سەرباری بیروڕا و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خاوەن ڕایەکەشەوە، زۆربەی زۆریان لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە یاخیبوون بێ مەبەست نییە و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە بۆیە دەبینین بە توندی دژی ئەوە وەستاون یاخی بوون تەنها بۆ مەبەستی یاخیبوون بێت. لەم ڕووەوە (کامەران موکری) ئامانجی یاخی بوون بە خزمەت کردنی بەرژەوەندی چینی چەوساوەی کۆمەڵ دەبەستێتەوە و دەڵێ «یاخی بوون ئەبێ سوودی ئەو چینە چەوساوانەی تێدا بێت، نەک یاخیبوون هەر بۆ یاخیبوون بێت. وەیاخود بۆ داچڵەکاندنی ئەم و ئەو بێت، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر ناوی خۆ ببرێت»(١٧). ئەمەش پەسەند نەکردن و ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە یاخیبوونە دیار دەکات کە شاعیر تەنها وەک لاسایی کردنەوەیەک بۆ ناو دەرکردن پەنای دەباتە بەر، لەکاتێکدا بەڕای (کامەران) پێویستە یاخی بوون بۆ ئەوە بێت پەردە لەڕووی لایەنە ناشیرین و چەوتەکانی واقیع هەڵبماڵێت، بۆ پشتگیری کردنی ڕایەکەشی شیعری خۆی بە نموونە وەردەگرێت و دەڵێ «بەڵام یاخیبوونی شۆڕشگێڕانە.... هەر لە زووەوە لە هۆنراوەکانی منا بەرپا بووە و بەردەوامیشە بۆ نموونە هۆنراوەی (تیشکی چرایەک) یاخی بوونێکی ئاشکرایە لە واقیعێکی بۆگەن»(١٨).

هەڵوێستی (شێرکۆ بێکەس) لەبارەی پەسەند نەکردنی ئەو جۆرە یاخیبوونەی تەنها بەلاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی تاقیکردنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر دادەنرێت،

---

١٧- لەگەڵ «کامەران»دا، ڕ: هاوکاری، ژ: ١٦، ٢-٥-١٩٧٠،ل٤.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤.



کاتێک دەردەکەوێت کە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لەبارەی نوێکردنەوەی شیعر دیار دەکات و دەڵێ «تازەکردنەوە لە ئەدەبی کوردیدا نابێ لە دۆستایەتی پەیدا کردندا لەگەڵ ئەدەبی تازەی دنیادا خۆی دوورە پەرێز بگرێت، بەمەرجێ ئەو دۆستایەتییە نەبێتە جێگەی لاسایی کردنەوە، ئەدەبی تازەمان ئەبێ سەرچاوەکەی لە ئێش و ئازارو ئاواتی خۆیانەوە بڕژێتە زەریای ئەو ئەدەبە جیهانییەوە»(١٩). جا ئەگەر هەر تاقیکردنەوەیەکی شیعری لە بارودۆخی ژیانی سەردەمی میللەتەکە خۆی دانەبڕێت ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی خودی میللەتەکە دەبێت و بە تاقیکردنەوەیەکی ڕەسەن دادەنرێت بۆیە لەسەر بناغەی ئەم جۆرە تێگەیشتنەوە دەبینین (شێرکۆ بێکەس) دژی ئەو جۆرە یاخیبوونە دەوەستێت کە تەنها ئەنجامی لاسایی کردنەوەی ئەدەبی نەتەوەکانی ترە، بۆیە لەم ڕووەوە بۆ ئەوە دەچێت کە «یاخی بوون بۆ یاخی بوون بۆشایی گەورە کردنە! یان (تازە) ئەوەبێ دەستمان بکەین بە دەرەلنگی پانتۆڵاو قاچیشمان بە قۆڵی چاکەتا! ئەوانەی وا تێگەیشتوون لاسایی کردنەوەی کوت و متی (کافکاو سارتەرو بریتۆن و... هتد) بەخشینی تازەن ئەوەیان لەبیر ئەچێتەوە کە ئەمە(کۆنێتی)یە چونکە لاسایی کردنەوە گەورەترین دەردی (کۆنێتی)یە لە ئەدەبا»(٢٠). دیارە ئەنجامی ئەم جۆرە یاخیبوونەش کە تەنها پشت بەلاسایی کردنەوە دەبەستێت، بەوە دادەنێت کە یاخیبوونێکی بێ ئامانج دەبێت، چونکە هەر لە بنچینەدا هەر شتێک پەیوەندی بە بارودۆخ و ژیانی سەردەمەکەی خۆی نەبێت ناتوانێت ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو میللەتە بێت و شتێکی نامۆ دەردەچێت کە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی بە ئەو نییە. دیارە ئەم ڕایەش دەیەوێ بمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە یاخیبوون لە ئێش و ئازارو کەم وکوڕی و ناکۆکییەکانی ژیانی میللەتەکەوە سەرچاوە بگرێت.

دیارکردنی ئامانجی یاخیبوون بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی مەسەلەی نەتەوایەتی میللەتی کورد لای (عبدالسلام محمد) کاتێک دەردەکەوێت کە ڕووی گلەیی دەکاتە ئەو کەسانەی لە مەبەستی یاخیبوونی شاعیرانی نوێ ناگەن و دەڵێ «... زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد گاڵتەیان بە نووسینی نوێ و مەسەلەی یاخیبوون دێت، وە زۆربەیان هەر ئەوەندە لە ناوەڕۆکی ئەو جۆرە هۆنراوە تێ ئەگەن کە بڵێن دەستێکی بێگانەی پێوەیە یاخود بۆ ناو

---

١٩- ئەدەب وژیان، ڕ: هاوکاری، ژ: ٣١، ٤-٩-١٩٧١، ل٣.

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

دەرکردنی هەستیارەکەیە»[٢١]. واتە لە کاتێکدا ئەوانە یاخیبوونی شاعیرانی نوێ بە لاسایی کردنەوەی شیعری بێگانە دادەنێن و هیچ مەبەستێکی تێدا نابینن تەنها خزمەتکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەبێ لە ڕێگای لاسایی کردنەوەکە (عبدالسلام محمد) بەپێچەوانەوە ئامانجی یاخیبوونی شاعیرانی نوێ بەوە دیار دەکات کە خزمەتکردنی مەسەلە نەتەوایەتییەکەی میللەتی کوردە، بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ «... ئاگاداری ئەوە نین کە یاخی بوونی ئێمە دوا پلەی دڵسۆزیمانە بۆ کوردایەتی هاوچەرخ و دیوی ئەو دیوی هاوچەرخیش»[٢٢].

هەرچی (لەتیف هەڵمەت)ە ئەوا یاخیبوون بە هۆیەک دادەنێت بۆ خۆدۆزینەوە لە ڕێگای دەرچوون لەو واقیعەی کە هەیە بۆ واقیعێکی تر «... من یاخیم... لەم جیهانەی تیا ئەژیم... من یاخیم لە یاساکان... لە سنوورەکان... لە ناوەکان... یاخی بوونی من شۆڕشە دژی ئەم نەخشەیەی تیا ئەژین... »[٢٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یاخیبوونەکەی شاعیر ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە کە ژیانی واقیعە هەبووەکەی پێکهێناوە، ئەو واقیعەی بەندیخانە ئاسا هەستکردن بە بوونی خودی مرۆڤی تیا ون کراوە، بۆیە یاخیبوونەکەشی پەرەی سەندووە بۆ شکاندنی ئەو سنوورانەی بە واقیعە هەبووەکەی بەستۆتەوە بەرەو بەرپاکردنی شۆڕشێک چووە بۆ پەڕینەوە و گەیشتن بەو ژیانەی توانای خۆدۆزینەوە و سەلماندنی بوونی خۆی تیایدا بینیوە ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێ: «هەموو دیلێک لە یاخی بوونا ڕاستی خۆی ئەدۆزێتەوە... من کە یاخی ئەبم یاخی بوونەکەم هۆی ئازادی دیلێتی نییە بەڵکو هۆی ئەوەیە کە پێویست ناکات من دیل بم... ئێمە بۆ ئەوەی بوونی خۆمان بسەلمێنین. پێویستە خۆمان بخەینە بارێکەوە کە تائێستا پێی نەگەیشتووین»[٢٤]. هەنگاونانیش بەرەو خۆ پێگەیاندن و گەیشتن بەو شوێنە لە بەرەنگار بوونەوە و یاخیبوون بەسەر ئەو واقیعە و بەرپاکردنی شۆڕشدایە بۆیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەڵێ:

«... دەسا بۆ ئەوەی پێ بگەین پێویستە یاخی بین پێویستە شۆڕشگێڕ بین... شۆڕشگێڕ

---

٢١- خەو وهۆنراوەو یاخی بوون، عبدالسلام محمد، ڕ: هاوکاری، ژ: ٢٩، ٢١-٨- ١٩٧١، ل٦.

٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

٢٣- هاوکاری ویەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوک، هیوا شوان، ڕ: هاوکاری، ژ: ٤٤، ٤-١٢- ١٩٧١، ل٧ .

٢٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



مرۆڤێکە یاخی ئەبێ لەو قەوارەیەی کە تیا ئەژی»[٢٥]. واتە هەوڵدانی شاعیرە بۆ گۆڕینی ئەو ژیانەی تێیدا دەژی و لەگەڵیدا ناگونجێت بۆ گەیشتن بەو ژیانەی خەونی پێوە دەبینێت.

هەر لەسەر بناغەی بەرپەچدانەوە و ڕەتکردنەوەی شتی کۆن بە مەبەستی گۆڕینی بۆ شتێکی تازە (کەمال میراودەلی) باسی مانای شۆڕشگێڕێتی ئەدەب دەکاو دەڵێ «دیارە مەبەست لە شۆڕشگێڕێتی ئەدەب دوو شتە: یەکەم: هەڵگەڕانەوە و گۆڕینی شێوەو... زمانی ئەدەبی کۆن و... داهێنانی ناوەڕۆک و بیری نوێ. دووەم: کارکردنی لە جەماهیرو بەشدار بوون لە گۆڕینی باری کۆمەڵ و دروست کردنی کۆمەڵێکی نوێی ئازاد و بەختەوەر... هتد»[٢٦]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بیری شۆڕشگێڕێتی لەسەر بناغەی گۆڕین دامەزراوە، گۆڕین لە پێناو گەیشتن بە شتێکی نوێی جیا لە شتە کۆنەکە جا چ لەڕووی شێوەی هونەرییەوە بێت یان لەڕووی ناوەڕۆک. دیارە مەبەستیش لە دیارکردنی ئەم جۆرە شۆڕشە لە شیعردا ئەوەیە ئەو ناوەڕۆکە نوێیەی شاعیر گوزارشتی لێوە دەکات و ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئامانجی خۆی بگات لەڕووی کارو تەئسیری بەسەر جەماوەرەوە دەبێ بە شێوەیەک دەرببڕێت و لە قاڵبی هونەری وادا دابڕێژرێت کە لەگەڵ چێژو زەوقی سەردەمە نوێیەکەدا بگونجێت و لەلایەن جەماوەرەوە وەربگیرێت.

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بیروڕایانەی هەوڵی ئەوەیان داوە مەبەستی شاعیر لە یاخیبوون و کاری شۆڕشگێڕێتیدا دیار بکەن، لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە ئامانجی سەرەکی یاخیبوون لای شاعیری کورد خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەدا نواندووە کە شاعیر تێیدا هەستی بە چەوسانەوە و دیلێتی و ریسوا کردن کردووە و خەونی بە بینینی واقیعێکی جیا بینیوە بۆ ڕزگار بوون لە واقیعە هەبووەکەی. وە ئامانجی سەرەکی شاعیری شۆڕشگێڕیش تێکۆشانی بووە لە پێناو گۆڕینی ئەو واقیعە نالەبارەی تیایدا ژیاوە بۆ بنیاتنانی ژیانێکی نوێ.

---

٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٢٦- شاعیری نوێ، کەمال میراودەلی، گ: بەیان، ژ: ٨، ١٩٧٣، ل١٧.

## - پەیوەندی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی

بەشێک لە بیروڕاکان پەیوەندییەکی پتەو و بەناویەکدا چوو لە نێوان یاخیبوون و شۆڕشدا دەبینن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ دەست پێکردنی هەردووکیان، ئەویش دروست بوونی حاڵەتی نارەزاییە لای شاعیر بەرامبەر بە بوونی واقیعێکی ناکۆک لەگەڵ ژیانی سەردەمە نوێیەکەدا کە شاعیر تێیدا هەست بە نامۆیی و نەگونجان دەکات و لە ئەنجامدا بۆ دەربڕینی هەستە پەنگ خواردووەکەی دەروونی روودەکاتە رەتکردنەوەی ئەو واقیعەو لەم ڕێگایەوە کەم وکوڕی و لایەنە چەوت و ناشیرینەکانی واقیعەکەی پیشان دەدات و نارەزایی خۆی بەرامبەر دیار دەکات. جا لەناو ئەم هەڵوێستە رەتکەرەوەیەدا زۆرجار شاعیر تۆوی شۆڕش هەڵدەگرێت و قسەکانی وەردەگێڕێت بۆ کردەوە و هەڵوێستە نوێیەکەی خۆی لە گۆڕین و هەڵتەکاندنی واقیعە کۆنەکەدا دەنوێنێت و واقیعێکی نوێ بنیات دەنێت. لەمەوە ئەو پەیوەندییە پتەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یاخیبوون بە بەرپاکردنی شۆڕش دەبەستێتەوە.

بوونی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان یاخیبوون و شۆڕشدا هەیە لای (کەمال میراودەلی) لە ڕێگای بوونی ئەو واقیعە نالەبارەوە دیارکراوە کە شاعیر تێیدا لە ئەنجامی بینینی کەم و کوڕی و ناکۆکییەکان هەست بە بێزار بوون و نەگونجان دەکات و ناشتوانێت دوورە پەرێز بوەستێت و چاوپۆشی لێ بکات بەهۆی هەستکردنی بە لێپرسینەوە بەرامبەر بەو واقیعە، بۆیە لەم حاڵەتەدا «... چاری ئیجابی بۆ ئەم بارە یاخیبوونە لەپێناو گۆڕینی باری چەوت و چەوێڵی کۆمەڵ بۆ بارێکی باشتر و نوێ... »[27]. دیارە لێرەدا ئەم رایە لەسەر بناغەی ئەو تێڕوانینە تەماشای یاخی بوون دەکات کە ئەرکی لەپاڵ دیارکردنی کەم وکوڕی و لایەنە چەوت و نەنگییەکانی کۆمەڵ، دۆزینەوەی بەدیلی ئەو واقیعەیە بە واقیعێکی چاکتر لە ڕێگای ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەبێ ئەو لایەنە جۆربەجۆرانەی ژیانی کۆمەڵگاکە بگرێتەوە، دیارە ئەمەش یەکگرتنەوەیە لەگەڵ چەمکی شۆڕشگێڕێتی بۆیە وەک خۆپاراستنێک بۆ خۆ دوورخستنەوە لەتێکەڵبوونی ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکی شۆڕشگێڕێتی دەگەڕێتەوە و دەڵێ «یاخی بوون بریتییە لە: نا... نا بۆ هەموو یاسایەک، بایەخێک، نەریت و ڕێڕەوێکی کۆنی چەوت... جیابوونەوەیە لەو کاروانەی کە بەڕێگایەکی

27- سەرەتایەک لە کۆمەڵایەتی و یاخی بوون و شۆڕش، کەمال میراودەلی، ر: هاوکاری، ژ: ٣٥، ٢-١٠-١٩٧١،ل٣.



هەڵەو هەڵدێرا دەڕوا. »[28]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یاخیبوون بە رەتکردنەوەی لایەنە چەوت و ناکۆکەکانی ژیان دادەنێت، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی زیاتر پێ لەسەر ئەو ئەرکە دادەگرێ کە پێویستە شاعیر بیگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەو ئەرکەش خۆی لە گۆڕینی واقیعەکەدا دەنوێنێت بۆیە مەرجی ئیجابییەتی یاخیبوون لەوەدا دەبینێت کە «... لەناو منداڵدانیا تۆوی شۆڕش هەڵگرێ»[29]. واتە ببێتە سەرەتای هەنگاونان بەرەو شۆڕش، ئەو شۆڕشەی بەدیلی ئەو شتانە دیار دەکات کە شاعیر لەکاتی یاخیبووندا رەتیان دەکاتەوە. بۆیە بۆ دیارکردنی چەمکی شۆڕش دەڵێ «... شۆڕش واتە بەڵێ... بەڵێ بۆ هەموو یاسایەکی باش، هەموو شتێکی چاک، هەموو بیرێکی بەکەڵک بام کۆنیش بێ... وەهەروەها خەباتە لەسەر ڕێگایەکی نوێ- کە لەگەڵ واقیع و کات و شوێنا بگونجێ- بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێ کە هەموو جۆرە چەوسانەوە و ئازارو درۆیەکی تێدا بنەبڕ بکرێ... »[30]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رەخنەگر رەتکردنەوە بە یاخیبوون و دۆزینەوەی بەدیل بە دروستکردنی واقیعێکی نوێ بە شۆڕش دادەنێت و وەک دوو جەمسەری هاوکێشەیەک تەماشایان دەکات و داوای بوونی هاوسەنگی لە نێوانیاندا دەکات و مەترسی تێکچوونی هاوسەنگییەکە لەوەدا دەبینێت «... بەڵام ئەگەر (نا)ی یاخیبوون هاوشانی (بەڵێ)ی شۆڕش نەڕۆیشت و تەنها رەتکردنەوەی هەموو شتێکی کۆن بوو بێ ئەوەی هەوڵ بدا بۆ دۆزینەوەی جێگر- بەدیل-ێکی باشتر... ئەوا ئەو کاتە سەرلێ شێواوی دەگەیەنێ و خاوەنەکەی دەخاتە ناو دەریای بێ سنووری گوم بوونەوە بەجۆرێک کە هەرگیز ناتوانێ خۆی بدۆزێتەوە.»[31].

لەبارەی ئەم رایانەی (کەمال میراودەلی)یەوە دەتوانین بڵێین، سەرباری بوونی جۆرە شپرزەییەک لە هەندێ شوێندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی دەست لەسەر ئەو راستییە گرنگە دابنێت کە بەرپاکردنی شۆڕش لای شاعیر سەرەتاکەی بە یاخیبوونێکی ئیجابی دەست پێ دەکات و لە دواییدا بە شۆڕش کۆتایی دێت. واتە یاخیبوون بە سەرەتای هەنگاو نان دادەنێت بەرەو هەڵگیرساندنی شۆڕش.

هەروەها هەستکردنی شاعیر بەبوونی ژیانێکی ناخۆش و نالەبار و رازی نەبوونی بەو

28- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

29- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

30- سەرچاوەی پێشوو،ل٣.

31- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

ژیانەو هەولّدانی بۆ رەتکردنەوە و لە دواییشدا پەرەسەندنی بۆ گۆڕینی لەلایەن (عەبدوڵڵا عەباس) ئەو پرۆسەیە دیار دەکات کە یاخیبوون بە شۆڕش دەبەستێتەوە کاتێک دەڵێ «ئەوە راستە ئێمە لە واقیعێکا ئەژین، پێویستە لەلایەن رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانەوە رەفز بکرێ، بەڵام رەفز بەتەنیا ئەنجام ناداتە دەست، بەڵکو چۆن رەفز ئەکەین؟ وەئەوەی ئەمانەوێ چۆن بەدییەت؟. ئەمە زۆر مەرجە دیارکردنی هەڵوێستی رۆشنبیری شۆڕشگێڕ، لە ژیانی واقیعێکی تاڵ و تاریک دا پێویستی بە یاخی بوون ئەکات... چونکە یاخی سەرەتایی شۆڕشێکی گەورەیە بۆ گۆڕینی لەبنەڕەتەوە»(٣٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رازی نەبوونی شاعیر بەو واقیعە نالەبارەی تیایدا دەژی تەنها بەرەتکردنەوە و رەفزکردنی کارێکی ناتەواو و بێ ئامانجە، چونکە لەم حاڵەتەدا وەسفی کەم و کوڕییەکان دەکات و لایەنە خراپەکانی بارودۆخی واقیعەکەی دیار دەکات بێ ئەوەی بەلای چارەسەرکردنیاندا بچێت، بۆیە ئەم جۆرە مامەڵە کردنە بێ ئەنجام دەردەچێت، لەبەر ئەوە پێویستە شاعیر بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک لە کارەکەیدا روو بکاتە هەڵەکان و گۆڕینی ئەو واقیعەو بەدیلی لە بنیاتنانی واقیعێکی نوێدا بۆ دیار بکات. دیارە لێرەدا کاری شۆڕشگێڕانەی شاعیر دەست پێ دەکات کە تەنها بە رەخنەگرتن و دیارکردنی کەم و کوڕییەکانی واقیعەکەی وازی نەهێناوە بەڵکو بەدیلی لە گۆڕینی واقیعە هەبووەکە و بنیاتنانی واقیعێکی نوێدا دیار کردووە. ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێت کە رەتکردنەوە و یاخیبوون بە هەنگاوی یەکەمی سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕش لای شاعیر دانراوە.

هەروەها (شێرکۆ بێکەس) کاتێک پێ لەسەر پەیوەندی بەیەکەوە بەستراوی یاخیبوون و شۆڕش دادەگرێ کە بۆ وەڵامی ئەو کەسانەی یاخیبوونی شاعیر و نووسەرانی روانگە بە گێرەشێوێنی و کارێکی بێ ئەنجام دادەنێن، دەڵێ: «ئەو یاخی بوونەی ئێمە باسمان کردووە، پریشکی تەقینەوەی شۆڕش خۆیەتی و لێی جیا نابێتەوە»(٣٣). دیارە هۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە یاخیبوونی شاعیر و نووسەرانی روانگە لەباری دواکەوتووی ژیانی میللەتی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە نەک لە ئەنجامی چاولێکردن و لاسایی کردنەوەی تاقیکردنەوەی شیعری نەتەوەکانی تر، واتە یاخی بوونەکەیان بە یاخی

٣٢- هۆنراوەی نوێ ژیان و تاقیکردنەوەو هەڵوێست لەرۆژ ژمێری(١٩٧١)دا، عەبداللە عەباس، ر: هاوکاری، ژ: ی تایبەتی، ساڵی سێ یەم، ١-١-١٩٧٢، ل٢٧.

٣٣- روانگەو... کوێرە رەخنە، شێرکۆ بێ کەس، بەشی سێ یەم، ر: هاوکاری، ژ: ١٣١، ٢٦-٨-١٩٧٢، ل٧.



بوونێکی سەلبی دانانێت کە شاعیر تێیدا پشت لە کۆمەڵەکەی دەکات و دوورەپەرێز دەوەستێت «بەڵکو بزووتنەوە و رازی نەبوونە، هەڵگەڕانەوەیە لەڕووی ئەو - واقیعە-دا، کە حەقیقەتی تیا بریندار کراوە، پاکێتی تیا پیس ئەکرێ، پیسێتی تیا ئەکرێ بە پاک، یاخی بوونە دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک، لەسەر کردنەوەی چەوساوەکانە، رامالّینی هەموو ئەو، نەریت و عورف و تەقالیدە رزیوانەیە کە رێگەیان لە گۆڕین و پێشکەوتن گرتووە...»(٣٤) بۆیە لە کاتێکدا دەبینێ شاعیر لەسەر بناغەی ئەم جۆرە مامەڵە کردنە هۆشیارانە روودەکاتە واقیعەکەی و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، شتێکی ئاساییە ئەم هەڵوێستە بە پریشکی تەقینەوەی شۆڕش دابنێت.

کەواتە ئەم رایانە هەموویان پێیان لەسەر ئەو پەیوەندییە بەناویەکداچووەی نێوان یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی داگرتووە و یاخیبوونیان بە سەرەتایەک داناوە بۆ خۆشکردنی زەمینەی بەرپابوونی شۆڕش.

بەڵام لێرەدا دەبێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە لەکاتێکدا ئەم رایانەی پێشوو ئەو پەیوەندییە پتەوەیان دیار کردووە کە یاخیبوون بە شۆڕش دەبەستێتەوە و وەک دوو شتی تەواوکەری یەکتر تەماشای کردووە، دەبینین لەو ماوەیەدا، واتە لە حەفتاکاندا، چەند رایەک بەرز بۆتەوە هەوڵی ئەوەیان داوە یاخیبوون و شۆڕش تەواو لەیەک جیا بکەنەوە و بە دوو شتی پێچەوانەی یەکتر پیشان بدەن.

ئەوەی راستی بێ ئەو چەند رایە لەسەر بناغەی خۆبەستنەوەیەکی توندی خاوەن رایەکان بە فەلسەفەی مارکسی بەرامبەر بە روانگە دروست بوو بۆ بەرپەچدانەوەی یاخی بوونی ئەو شاعیر و نووسەرانەی سەر بەم بزووتنەوەیە بوون.

لەم رووەوە هێرشکردنی (فازڵ مەلا مەحموود) بۆ سەر شاعیر و نووسەرە یاخیبووەکانی. روانگە کاتێک دەردەکەوێت کە پێناسەی یاخیبوون و شۆڕش دەکات و بە دوو شتی جیاوازیان دادەنێت و دەڵێ «یاخی بوون شۆڕش نییە، شۆڕش کارێکی هوشیارانەیە و بەرهەمی تەبیعی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە کە گەیشتۆتە رادەی تەقینەوە، شۆڕش خەباتی ملیۆنەها جەماهیرە بۆ گۆڕینی بنەڕەتی کۆمەڵ»(٣٥). جا لەکاتێکدا بەو

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٣٥- روانگە یا ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست؟، فاضل ملا محمود، ر: هارکاری، ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢، ل٣.

چاوە بەرزەوە تەماشای شۆڕش دەکات و بەو کارە پیرۆزەی دادەنێت کە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی خەڵک دەکات و لەو واقیعە نالەبارەیان رزگار دەکات کە تێیدا دەژین، بەپێچەوانەوە لەبارەی یاخیبوون دەڵێ «یاخی بوون نارەزایی دەربڕینێکی کرچ و ناهوشیارە و وەکو گێژەلووکەی ناو فینجانەکە وایە، هەر لە دەروونی ئەو کەسە یان لە هی چەند کەسێکا گینگلە ئەدات یان ئەکەوێتە روو لە شێوەی تەقینەوەیەکی نائاڕاستە کراوی بێ مەبەستا، کە وەکو بڵقی سەر ئاو تەمەنی کورت و بێ تەئسیرە.»[٣٦] ئینجا هۆی توندوتیژی هەڵوێستی نووسەرمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە کاتێک دەڵێ «یاخی بوون تەعبیر لە نەفەسی کورت و راڕایی و پەلەپەلی بورجوازی بچووک ئەکات، کە لەم سەردەمەدا لە رێبازی سیاسی گیڤارستەکانا خۆی ئەنوێنێ... ئەو رێبازەی کە باوەڕی بە دەوری ئەفسانەیی تاقمێک خەڵکی لێوەشاوە و هەڵبژێرراو (النخبة) هەیە و وا ئەزانێ کە مێژوو لەسەر دەستی ئەوانا ئەگۆڕێ.»[٣٧] لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر لەبەر ئەوەی شۆڕش بەو کارە دادەنێت کە هەموو هێزی گەلی لە پشت دایە و یاخیبوون تەنها تایبەت بە دەستەیەکی هەڵبژاردەی کۆمەڵ دەکات، بۆیە ئەنجامی شۆڕش لە خزمەتکردنی هەموو چین و توێژەکانی گەلدا دەبینێت کەچی ئەنجامی یاخیبوون تەنها تایبەت بەخزمەتکردنی بەرژەوەندی تایبەتی دەستە یاخیبووە هەڵبژاردەکە دەکات کە ئەمەش پێچەوانەی بیروڕای مارکسییەکانە کە هێزی گەل بەهێزی بزوێنەر و بەرپاکەری شۆڕش دادەنێت.

هەروەها (عەبدولڕەزاق بیمار) یاخیبوون و شۆڕش تەواو لێک جیادەکاتەوە و بە دوو شتی جیاواز و پێچەوانەی یەکتر دادەنێت کاتێک دەڵێ «یاخی بوون کردەوەی تاکە و کردەوەی تاکیش پێچدان و ئاڵۆزی ئارەزووی دەروونە و لەنەوی بووندا رەگی داکوتاوی نییە. بەپێچەوانەی (شۆڕش)ەوە کە دەنگدانەوەی هەقی مان و بوونی کۆمەڵێکە و سروشتی شت و ناکۆکی و ژیان رەگی هەمیشەیی لە زەوی واقیعدا چەسپاندووە.»[٣٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (بیمار) دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە رووداوەکانی ژیان سەرچاوەی بەرپابوونی شۆڕشن بۆیە شۆڕشگێڕێتی شاعیر بە ئەنجامی کارتێکردنی

---

٣٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٣٨- بانگەوازەکەی روانگە، عبدالرزاق بیمار، ر: هاوکاری، ژ: ١٧، ٩-٥-١٩٧٠، ل ٤.



بارودۆخی ژیانەکە دادەنێت و لە سنووری خودی شاعیر دەردەچێت و گوزارشت لە گیانی کۆمەڵ دەکات، بەپێچەوانەی یاخیبوون کە بەکارێکی تاکەکەسی دادەنێت کە لە ئەنجامی حاڵەتێکی دەروونی تایبەت بەخودی مرۆڤەکەوە دروست دەبێت هەر بۆیەش دەبینین یاخیبوون بە کارێکی رۆمانسییانەی دوور لە واقیع دادەنێت بەپێچەوانەی شۆڕش کاتێک دەڵێ «شۆڕش ژیان و گەرم و گوڕییەتییە، هاوکارییە، هاوبەشی و هاوئەنجامە، پێویستییەکە لە پێویستییەکانی سروشت. بەڵام یاخیبوون، سروشتێکی رۆمانسیەت و میتافیزیک پەرستەکانە.»[٣٩]

لێرەدا بۆمان هەیە ئەوە بڵێین کە ئەم دوو رایە ئەگەرچی یاخیبوون و شۆڕش بەتەواوی لێک جیا دەکەنەوە و بەدوو شتی پێچەوانەی یەکتری دادەنێن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە سروشتی ئەو جۆرە یاخیبوونەی دیاریان کردووە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەمانە مەبەستیان یاخیبوونە بە مانا سەلبییەکەی کە شاعیر تیایدا پشت لە واقیعەکەی دەکات و نارەزایی خۆی تەنها بەرەتکردنەوە دیار دەکات، نەک یاخیبوون بەمانا ئیجابییەکە کە شاعیر بەدیلی شتە رەتکراوەکە دیار دەکات بۆیە شتێکی ئاساییە ئەم بیروڕایانە بەم شێوە توندوتیژە ئاڕاستەی روانگە بکرێ. هەرچی روانگەشە ئەوا ئێمە لەو بڕوایە داین یاخیبوونیان تەنها لەپێناو یاخیبوون نەبوو-سەرباری بوونی چەند نموونەیەکی لەم جۆرەش- بەڵام بەشێوەیەکی گشتی یاخی بوون بوو بەرامبەر بوونی واقیعێکی نالەبار کە لەگەڵ بارودۆخی سەردەمە نوێیەکەدا نەدەگونجا بۆیە هەر ئەو یاخیبوونە ئیجابییە لەناو خۆیدا تۆوی شۆڕشی هەڵگرتبوو کە لای هەندێکیان تەقییەوە و لای هەندێکیشیان مات و کپ بوو.

---

٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

## پێداچوونەوەیەکی خێرا

وردبوونەوە و سەرنجدانمان لە جۆر و چۆنیەتی باسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەو کەرەستەیەی لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەکەی خۆیدا تەوەرەی ئەو بابەتانەی پێک دەهێنا کە رەخنەی ئەدەبی کوردی لێ پێک دەهات و سەرهەڵدانی ئەو بیروڕاو هەڵوێستە رەخنەییە جیاجیایانەی بەدرێژایی مێژوو لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دروست بوون، رێگای ئەوەمان پێدەدا بڵێین کورد خاوەن سامانێکی رەخنەیی دەوڵەمەندەو ئەو سامانە رەخنەییەش چ لە رووی سەرەتا و چوزەرە دەرکردن و چ لە رووی پەرەسەندنو پێگەیشتنەوە لە چوارچێوەی گشتیدا بەرەخنەی ئەدەبی میللەتانی تر دەچێت. دیارە بینینی ئەو بەیەکچوونەش کاتێک دەردەکەوێت ئەگەر بەوردی سەرنج بدرێتە ئەو کەرەستەیەی لە سەرەتاداو تاماوەیەکی درێژ رەخنەی ئەدەبی جیهانی لێ پێکهاتبوو کە لە خولیای چەند مەسەلەیەکدا دەسووڕایەوە و تاماوەیەکی دوورودرێژ ئەو مەسەلانە دووبارە دەبوونەوە و کەرەستەی رەخنەی ئەدەبی جیهانییان پێک دەهێنا. جا بوونی هەمان ئەو مەسەلە رەخنەییانە لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا و باسکردنیان لەڕووی تێڕوانین و بۆچوونی تارادەیەک لە یەکچووەوە بۆتە هۆی ئەوەی بەئاسانی تێبینی ئەوە بکرێت کە رەخنەی ئەدەبی کوردی لە پاڵ ئەو خاڵە جیاکەرەوانەی تایبەتمەندێتی دیارکردووە، شتێکی تارادەیەک لەیەکچووی لەگەڵ رەخنەی ئەدەبی جیهانی دروست کردووە لە چوارچێوەی ئەو قۆناغە مێژووییەدا.

ئێمەش لە ئەنجامی باسکردن و لێکۆڵینەوەمان لەو کەرەستە رەخنەییەی سامانی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەدرێژایی ئەو مێژووە پێکهێناوە کە نیو سەدە زیاتر دەخایەنێت دەتوانین چەند راستییەکی گرنگ لە بارەی رەخنەی ئەدەبی کوردی بخەینەڕوو:

دەرکەوتنی هێڵی گشتی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی، سەرباری ئەو کەموکوڕییانەی وەک شتێکی سروشتی لە پاڵ شتە چاکەکاندا نەک هەر لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەڵکو لە رەخنەی ئەدەبی میللەتانی تریشدا کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەبینرێت، هەڵەی ئەو بۆچوون و بیروڕایانەمان بۆ دەردەخەن کە نەیانتوانیوە باری راستەقینەی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیاربکەن، لەلایەکەوە لە ئەنجامی ئەو تێڕوانینە یەک لاییە تەسکەی تەنها کەموکوڕییەکانی لەبەرچاو گرتووە و چاوی لەلایەنە چاک و دیمەنە



پێشکەوتووەکان پۆشیوە و رووی راستی باری رەخنەی ئەدەبی کوردی شێواندووە و رەمەکییانە رەخنەی ئەدەبی کوردییان یان بەدواکەوتوو داناوە وەیان هەر نکۆڵییان لە بوونی کردووە لە کاتێکدا توانیومانە بەپێی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی میللەتی کورد و بەستنەوەی بەچوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەی هەڵەی ئەو بۆچوونەی پێشوو دەرخەین و رووی راستەقینەی بزووتنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی دیار بکەین.

– پشت بەستنی کورد بە رۆژنامەگەری لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسی و رۆشنبیری و ئەدەبیدا، لەو بارودۆخە جیاناکرێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو تێیدا ژیاوە و بۆتە هۆی ئەوەی لە زۆربەی زۆری –ئەگەر نەڵێین هەموو– بوارەکانی ژیانیدا پشتی پێ ببەستێ. بۆیە شتێکی ئاسایی بوو سەرەتاکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی و پێش ئەمەش بایەخدان بەبڵاوکردنەوەی نموونەی شیعری کوردی بە کۆن و نوێیەوە لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا ببینرێت و لە قۆناغێکی تردا بگوازرێتەوە بواری دەرکردنی کتێبی سەربەخۆ. هەر بەپێی ئەمەش ئەو سەرەتا سادەیەی کە بە بایەخدان بەناوەڕۆکی شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دەستی پێکرد، لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامە (تێگەیشتنی راستی – ١٩١٨)(*) دابوو و دوای ئەمەش بەدرێژایی قۆناغەکانی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی کوردی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە رەخنەییەکان، هەتا دوای بڵاوبوونەوەی کتێبیش لەم بارەیەوە، لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکاندا هەر بەردەوام بوو.

– بەسەرکردنەوە و لێکۆڵینەوەمان لە بەرهەمە رەخنەییەکانی شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی کوردی سەر بە پارچە جیاجیاکانی کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە رەخنەی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی خواروو – کوردستانی عێراق –دا لەچاو رەخنەی ئەدەبی کوردی پارچەکانی تری کوردستان پێشکەوتوو ترە، نەک هەر ئەمە بگرە هەر بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی ئەم پارچەیەی کوردستان لە بارێکی چاکتر و پێشکەوتووتر

(*) دەبێ لێرەدا سەرنج بۆ شتێکی گرنگ رابکێشین ئەویش ئەوەیە کە سەرنجدانمان لە بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا و هەستکردنمان بە بوونی گەلێک شت کە پەیوەندییان بە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەتی کوردەوە هەبێ و نەدۆزرابنەوە وامان لێ دەکات بە دووری نەزانین سەرچاوەی تریش هەبێت لە بواری رەخنەدا و نەگەیشتبێتە دەستمان.

دایە، ئەگەرچی ئەدەبەکەشمان لە سەرجەم پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا هەر لە بنەڕەتەوە یەک ئەدەب بووە، بەڵام ئەو بارودۆخە جیاجیایانەی ژیانی میللەتی کوردیان پێکهێناوە، لە پێش هەمووشیانەوە بارودۆخە سیاسییەکە، وای کردووە ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی لە کوردستانی خواردوودا هەلومەرجی پەرەسەندنی زیاتر بۆ بڕەخسێت و پێشکەوتوو تر بێت.

– یەکێتی ئەدەبی کوردی لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەدەبی کوردیدا لە ئاگاداربوون و شارەزایی شاعیر و نووسەر و رەخنەگرانی کورد لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستاندا لە چالاکییە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکەی پارچەکانی تری کوردستان و بەشداربوونی ئەو شاعیر و نووسەر و رەخنەگرە کوردانە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و رەخنەییەکانیان لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی پارچە جیاجیاکانی سەر بەسەرجەم پارچەکانی کوردستاندا دەردەکەوێت.

– بوونی پەیوەندییەکی پتەو و بەناویەکداچوو لە نێوان رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، کە ئەمەش لە هاتنە پێشەوە و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو مەسەلە شیعرییانەدا دەردەکەوێت کە لەهەر قۆناغێکدا لە رووی باری سەرنجی جیاوازەوە خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەڵوێستی رەخنەیی جیاوازیان لە بارەیەوە دروست بووە، جا دیارترین ئەو مەسەلانەش کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بابەتی سەرەکی رەخنەیان پێکهێناوە چەند مەسەلەیەکی گرنگ بوون کە بریتی بوون لە کێشەی نێوان کۆن و نوێ و ئەو مەسەلانەی تایبەت بەشێوەی هونەری شیعربوون وەک زمان و کێش و قافیە و ئەو مەسەلانەی ناوەڕۆکی شیعریان گرتۆتەوە وەک مەسەلەی ئیلتیزام و تەمومژی و یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی لە پاڵ چەند وردە باسێکی تر لە پاڵ ئەو مەسەلە سەرەکییانەدا باس کراون.

– نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەلایەکەوە بەئەنجامێکی سروشتی ئەو بارودۆخە تایبەتییە دادەنرێت کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ کورد دروست بوو و بووە هۆی هاتنە پێشەوەی ئەو ناوەڕۆکە تازەیەی ژیانی سەردەمە نوێیەکە دروستی کردبوو و لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی قوتابخانەی شیعری نوێی تورکی کە شاعیرانی کورد لە نزیکەوە و راستەوخۆ لە رێگای زانینی زمانی تورکی و بەردەوامبوونی پەیوەندییان بەتورکیا کە دوای جەنگی یەکەمیش هەر نەپچڕابوو وای لێ کردبوون ئاگاداری هەموو جموجۆڵێکی سیاسی و رۆشنبیری و ئەدەبی تورکی بن،



بۆیە شتێکی ئاسایی بوو ئەو کارتێکردنە دروست ببێت، بەڵام لەسەر بناغەی سوود لێ وەرگرتن نەک لاسایی کردنەوە جا چ سەبارەت بەو مەسەلانەوە بێت کە ناوەڕۆکی شیعریان پێکدەهێنا وەیان ئەو مەسەلانە بگرێتەوە کە تایبەت بەشێوەی هونەری شیعر بوون.

– نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە سەرەتادا بەیەکجار و لەیەک کاتدا بەگۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر دەستی پێ نەکرد، بەڵکو بەپێی بیروڕا رەخنەییەکان لە سەرەتادا بەگۆڕانی ناوەڕۆک دەستی پێکرد. جا ئەو گۆڕانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردی داهات دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە شاعیرانی ئەو سەردەمە خۆیان لەبەردەم واقیعێکی سیاسی ئاڵۆز و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دواکەوتوودا بینییەوە و هەر لەو ماوەیەشدا دەنگی ئازادیخوازی و سەربەخۆیی بەناو گەلانی جیهاندا بڵاوببۆوە و لەناو کوردیشدا چینی بۆرجوازی کوردی کە تازە سەری هەڵدابوو و لەناو ئەو چینەشدا دەستەیەک لە رۆشنبیر و شاعیری خاوەن بیروباوەڕی پێشکەوتووخواز پەیدا ببوون، ئەوەبوو لەناو ئەو بارودۆخەدا شاعیرانی ئەو سەردەمە هەستیان بەوەکرد کە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی پێک دەهێنن لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەیاندا ناگونجێت، بۆیە گۆڕانی ئەو ناوەڕۆکە پێویستییەک بوو سروشتی ژیانی سەردەمە نوێیەکەیان سەپاندی. رەنگدانەوەی ئەو ناوەڕۆکە نوێیەش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە هاتنە پێشەوەی ئەو بابەتانەدا دەبینرا کە رەنگدانەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو سەردەمەی میللەتی کورد بوو و ناوەڕۆکە سیاسی و نیشتیمانییەکەی شیعری ئەو قۆناغەی پێکدەهێنا.

– گۆڕانی ناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر سروشتێکی دیاریکراویان هەیە ئەویش ئەوەیە کە گۆڕانی ناوەڕۆک لە گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر خێراترە، هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو سەرچاوەیەی ناوەڕۆکەکە پێکدەهێنێت و بریتییە لەو لایەنە جۆربەجۆرانەی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنن، جا لەبەرئەوەی ژیانیش هەمیشە لە گۆڕاندایە و لەهەر قۆناغێکدا لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە مێژوویییەی تیایدا سەرهەڵدەدات دەگۆڕێت و پەرە دەسێنێت، بەپێی ئەمە ناوەڕۆکی شیعریش دەگۆڕێت ئینجا ئەو گۆڕانانەی بەسەر ناوەڕۆکدا دێن دەبنە هۆی گۆڕانی شێوە هونەرییەکەی شیعر دوای ئەوەی شێوە کۆنەکە توانای دەربڕینی ناوەڕۆکە نوێیەکەی نامێنێت و ناچار دەبێ شێوەیەکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆکە نوێیەکەدا بگونجێت کە ئەمەش هەر

خۆی لە خۆیدا ئەوە دەردەخات گۆڕانی شێوەی هونەری لە گۆڕانی ناوەڕۆک سستترە. جگە لەمە هەروەها هۆیەکی تری سستی گۆڕانی شێوەی هونەری شیعر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گۆڕانی شێوەی هونەری لە گۆڕانی ناوەڕۆک گرانتر و ئاڵۆزترە، بۆیە بەگشتی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ناوەڕۆک دادێن زیاترن لەو گۆڕانانەی شێوەی هونەری شیعر دەگرنەوە.

– سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی پەیوەندییەکی پتەو و بەناویەکداچووی بەپەیدابوونی کێشەی نێوان شیعری کۆن و نوێ هەیە، چونکە لەهەر سەردەمێکدا کە شیعری نوێ سەرهەڵدەدات و بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان دادێت دەچێتە قۆناغێکی نوێ و خاسیەت و ڕەگەزی نوێ پەیدا دەکات و هەوڵی گۆڕینی بنەڕەتە کۆنەکانی شیعری پێش خۆی دەدات، ئەم هەوڵە لەلایەن شیعرە کۆنەکەوە ڕووبەڕووی بەرپەچدانەوە و بەگژداچوون و بەرهەڵستییەکی توند دەبێت و چەند گۆڕانەکە ڕەسەن و کاریگەر بێت، ئەوەندە زیاتر کێشەکە توندتر دەبێت چ لەلایەن کۆنەکەوە بێت کە شێوەی بەرگری لە خۆکردن وەردەگرێت، وەیان لەلایەن نوێیەکەوە بێت بۆ خۆسەپاندن و شوێن گرتنی کۆنەکە. ئەنجامیش لەم کێشەیەدا هەمیشە واکەوتۆتەوە سەرکەوتن بۆ شیعرە نوێیەکە بێت، بەمەرجێک ئەو شیعرە ڕەسەنە بێت کە پێویستی ژیانی سەردەمە نوێیەکە هێنابێتییە کایەوە.

– سەرنجدان لەو گۆڕانانەی بەپێی سەرهەڵدانی قوتابخانە ئەدەبییەکان بەسەر شیعری کوردی داهاتوون، ئەوە دەردەخەن کە لە هەر سەردەمێکدا شیعری کوردی هەوڵی ئەوەی داوە ئەو ناوەڕۆکە دەرببڕێت کە بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکە دروستی کردووە، وە لەبەر ئەوەی هەر قوتابخانەیەکیش لە قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی کوردی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتییەوە سەری هەڵداوە و ناوەڕۆکێکی جیاوازی لە ناوەڕۆکی شیعری پێش خۆی دەربڕیوە، بۆیە هەر دەبوایە لە ئەنجامی ئەمەدا لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییە نوێیەکە و قوتابخانە ئەدەبییە کۆنەکەی پێش خۆی دروست ببێت. کە لە شیعری کوردیدا بەدەرکەوتنی شیعری ڕۆمانتیکی کێشەکە کەوتە نێوان قوتابخانەی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و بەسەرکەوتنی ڕۆمانتیکیەت کۆتایی هات و لە قۆناغێکی تردا بەدەرکەوتنی ئەدەبی ریالیزم کێشەکە کەوتە نێوان ڕۆمانتیک و ریالیزم و بەسەرکەوتنی ریالیزم کۆتایی هات.



– کێشەی نێوان شیعری کۆن و نوێ بەپێی گۆڕانی تێڕوانین و تەماشاکردنی شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگران سەبارەت بەگۆڕانی ئەرک و پەیامی شیعر لەهەر قۆناغێکدا کە بەپێی پێویستییەکانی ژیانی سەردەمەکە و چێژ و زەوقی خەڵکەکە لەهەر قۆناغێکدا ئەو تێڕوانینە نوێیە دروست بوو کە شیعر لەوەدا نابینێت تەنها جووینەوەی چەند بابەتێکی سواوی بێ کەڵک و بایەخدان بە ڕازاندنەوەی ڕوخسار و خۆ بەستنەوەی بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ بێت، هەروەک بەپێی ئەو بیروڕایانە، لە شیعری کۆندا دەبینرا، بەڵکو بەپێی تێڕوانینە نوێیەکە شیعر ئەرکێکی گرنگی خرایە ئەستۆو پەیامێکی پیرۆزی پێ سپێردرا، ئەوەبوو لە ئەنجامدا ئەو دوو هەڵوێستە جیاوازە دروست بوو کە هەندێ جار توندوتیژییەکی زۆری تێدا دەبینراو زیاتر سیمای بەرهەڵستی کردن و بەگژداچوونی شیعری کۆن و هەندێ جاریش شیعری نوێی دەگرتەوە و زۆرجاریش دەگەیشتە ڕادەی ڕەتکردنەوە و گاڵتە پێکردنی شیعر لەلایەن لایەنگرانی هەردوو جۆری شیعرەکە. هەندێ جاریش خۆی لە هەڵوێستێکی نەرمدا نواندووە کە نەسەرجەم شیعری کۆنی تیادا ڕەت کراوەتەوە و نەسەرجەم شیعری نوێشی تیادا پەسەندکراوە، بەڵکو لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونە مەوزووعییە هەڵوێستەکە بنیات نراوە کە دەبێ لەڕووی بۆچوونی سوود لێ وەرگرتنەوە ڕووبکرێتە ئەدەبیاتی کۆن.

– پێوەری دیارکردنی شیعری کۆن و نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەپێی جیاوازی بیروباوەڕو بۆچوون و جۆری تەماشاکردنی خاوەن ڕایەکانی جیاوازی تێ کەوتووە و لەسەر یەک پێوەر ڕێک نەکەوتوون و لەم ڕووەوە چەند پێوەرێکی جیاواز دیارکراوە کە لەڕووی بیروڕاو باری سەرنجی جیاوازەوە دانراون. وەک پێوەری کات، کە بەپێی ئەوە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کاتێک لە دایک دەبێت لەسەردەمی خۆیدا ناوی نوێی لێ دەنرێت و لە بەرهەمەکەی پێش خۆی جیادەکرێتەوە کە دەچێتە خانەی بەرهەمی کۆنەوە وەیان ڕەتکردنەوەی ئەم پێوەرە و بەستنەوەی بەجۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی بەرهەمەکە پێک دەهێنن و لای هەندێکیشیان ڕەتکردنەوەی ئەم پێوەرەو لەبەرچاوگرتنی شێوە هونەرییەکە کە نەمری دەداتە بەرهەمەکە ئەگەر ناوەڕۆکەکەشی لە کەڵک کەوتبێ، وەیان ڕەتکردنەوەی لە بەرچاوگرتنی کێش و قافیە بۆ دیارکردنی کۆن و نوێی شیعر وەیان بەستنەوەی مەسەلەکە بەگۆڕانی ژیان و جۆری جیهانبینی شاعیرو بەرپەچدانەوەی هەموو ئەو دەستوورو یاسایانەی بۆ شیعر دادەنران تا دەگاتە ئەو ڕایەی مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەی شیعری چاک و شیعری خراپ بێ ئەوەی گرنگییەکی ئەوتۆ بداتە ئەوەی ئەو بەرهەمە

شیعرییە چ قاڵبێکی هونەری هەیەو لەسەر چ جۆرە کێشێکە و پەیڕەوی چ جۆرە قافییەک دەکات.

– جۆری مامەڵە کردن لەگەڵ شیعری کۆن لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی ئەو بۆچوونەی کە پێویستە ئەدەبیاتی کۆنمان بکرێتە بناغەی بنیاتنانی ئەدەبیاتی نوێمان لەسەر بناغەی ئەو هەستکردنەوە دروست بووە کە وەک بەشێکی گرنگ لە سامانی نەتەوایەتیمان تەماشای شیعری کۆنمان دەکات و ئەم هەڵوێستە ڕەخنەییەش وەنەبێ سەرجەم شیعر و ئەدەبیاتی کۆنی کوردی گرتبێتەوە بەڵکو ئەو بەشەی لە ئەدەبیاتی کۆن گرتۆتەوە کە چاک و بەپێزەو دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێت و بەشێوەیەک بەکار بهێنرێت کە لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی سەردەمە نوێیەکەدا بگونجێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو بیروڕایانە لەسەر بناغەی بژارکردن و سوود وەرگرتن لەلایەنە چاکەکانی ئەو سامانە ئەدەبیاتە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و لەوە دەرچووە تەنها ڕێزی لێ بگیرێت و بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای بکرێت و بە شتێکی پیرۆز دابنرێت و کوێرانە لاسایی بکرێتەوە کە ئەمەش ڕادەی هۆشیاری شاعیرو ڕەخنەگرانی کورد لەڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەشە گرنگەی سامانی ئەدەبیاتی کوردی دیار دەکات.

– زمانی شیعر وەک یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی شیعری نوێی کوردی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا زۆرجار لەڕووی بۆچوونێکی وردو تێگەیشتنێکی قووڵی سروشت و ئەرکی شیعرەوە پرۆسەی داهێنانی شیعری پێ بەستراوەتەوە. جا لەکاتێکدا لەناو ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەدا یەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی زمانی شیعر بەوە دیارکراوە کە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە لەلایەن شاعیرەوە و بۆتە هۆی ئەوەی لە بەکارهێنانە گشتییەکەی زمانی قسەکردنی خەڵک دەربچێت و ببێتە خاوەن کۆمەڵە خاسیەتێکی جیاکەرەوە، ئەوا چڕکردنەوەی مانای شیعر بەیەکێک لەو لایەنانە دانراوە کە پەیوەندی بەو بەکارهێنانە تایبەتییەی زمانی شیعرەوە هەیە، ئینجا چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکانی شیعر و بەرجەستە کردنیان لەو بەرکارهێنانە تایبەتییەدا کە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانە ئاساییەکە و پەڕینەوەی لە سنووری تەسکی مانا فەرهەنگییەکان و دۆزینەوەی مانای نوێ، نەک هەر خاسیەتی جیاکەرەوەی زمانی شیعری دیارکردووە، بەڵکو لە پاڵ ئەمەشدا ڕادەی سەرکەوتنی بەرهەمەکەشی پێ بەستراوەتەوە. جگە لەمەش دەوڵەمەندی و هەمە جۆری سەرچاوەی زمانی شیعر کە بواری دەربڕینی تاقیکردنەوەی



شیعر فراوانتر دەکات و شارەزا بوون لە فەرهەنگی زمان، ئەمانە هەموویان بەپرۆسەی داهێنانی شیعرەوە بەستراونەتەوە.

– گۆڕانی زمانی شیعری کوردی لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەگۆڕانی ئەو زمانە تێکەڵە دەستی پێکردووە کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکاردەهات و گۆڕا بۆ ئەو زمانەی بەزمانی کوردی عوسمانلی ناو دەبرا. ئەوە بوو لەلایەن شاعیرو ڕەخنەگرانی کوردەوە لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە ئەو هەڵوێستە بەرامبەر بەزمانی شیعری کلاسیکی دروست بوو کە خۆی لە پەسەند نەکردنی ئەو زمانەدا دەنواند، جا دیارترین ئەو هۆیانە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی میللەتی کورد بوو کە بووە هۆی دروستبوونی ناوەڕۆکێکی نوێ و پێویستی دروسبوونی زمانێکی نوێی نزیک لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵک بۆ دەربڕین و گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە. هەروەها خۆبەستنەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بەچەند وشە و زاراوە و دەربڕینێکی دیاریکراو و دووبارەکردنەوە و جووینەوەیان جگە لەوەی بایەخدانیشیان بە وشە و زاراوەکان تارادەیەکی گەورە زیاتر ڕواڵەتی وشە و زاراوەکانی دەگرتەوە، لەکاتێکدا شاعیرانی نوێ پارسەنگی بایەخدانیان زیاتر خستبووە سەر مانا و دەلالەتی وشە و زاراوەکان ئەمە لایەنێکی تری پەسەند نەکردنی زمانە کۆنەکە دیاردەکات. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین ئەو گۆڕانەی بەسەر زمانی شیعری کوردی داهات ئەگەرچی بووە هۆی گۆڕانی ئەو زمانە تێکەڵەی شاعیرانی کلاسیک بەکاریان دەهێنا، بەڵام یەکسەر نەبووە هۆی دروستبوونی زمانێکی کوردی پەتی و بەکارهێنانی لە شیعری ئەو سەردەمەدا، بەڵکو زمانە تێکەڵەکە شێوەیەکی جیاوازی وەرگرت و کارتێکردنی زمانی شاعیرە ڕۆمانتیکە تورکەکانی بەسەرەوە دیاربوو.

– لە گۆڕان و نوێکردنەوەی زمانی شیعری کوردیدا لەو زمانە تێکەڵەی کە دوای سوود وەرگرتنێکی تەواو لە وشە و زاراوەکانی زمانانی ڕۆژهەڵات دروست ببوو وە بەتایبەتیش زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی کە هەریەکێکیان لە شوێنی خۆیاندا کاریان کردبووە سەر دروستکردنی ئەو زمانە تێکەڵەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بۆ ماوەیەکی درێژ بەکاریان دەهێنا بۆ زمانێکی جیا لەو زمانە، هەریەک لە (پیرەمێرد) و (شێخ نوری) و (گۆران) لەژێر چەند هۆکارێکی تایبەت بەتاقیکردنەوە شیعرییەکانیان ڕۆڵی خۆیان لە گۆڕانی ئەو زمانەدا گێڕاوە کە لای (شێخ نوری) و (گۆران)، کە بەپلەی یەکەم لە ئەنجامی

کارتێکردنی شیعری نوێی تورکی بوو، لەڕووی هونەرییەوە بوو و پێش ئەوانیش لای (پیرەمێرد) لەڕووی هەستە نەتەوایەتییەکەوە بوو و هەر ئەو کوردییە پەتییەش بوو کە لەدواییدا (گۆران)، زیاتر پەرەی پێداو لە شیعری دوای (گۆران)یش هەر بەردەوام بوو. کە ئەمەش ڕۆڵی دەستپێشخەرانەی (پیرەمێرد) لە رووی گۆڕان و نوێکردنەوەی زمانی شیعری نوێی کوردی دیاردەکات و ئەوە دەردەخات کە (پیرەمێرد) پێش (شێخ نوری) و(گۆران) و شاعیرانی تر هەوڵەکانی خۆی بۆ هێنانەکایەی زمانە کوردییە پەتییەکە خستبووەکار و بەئەنجامی گەیاندووە.

– لەگەڵ گۆڕانی زمانی شیعری کوردی و چوونی بەرەو بەکارهێنانی کوردی پەتی لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دوو هەڵوێستی جیاواز بەرامبەر بەزمانی شیعری کوردی دروست بووە. هەڵوێستێکیان دەرگای داخستووە لە رووی سوود وەرگرتن و پەیوەندی کردن لەگەڵ زمانانی ترو داوای ئەوەی کردووە بۆ دروستکردنی زمانە کوردییە پەتییەکە، زمان لە وشە و زاراوەکانی زمانانی بێگانە پاک بکرێتەوە و پشت بەکەرەستە خۆماڵییەکەی ببەستێت و تەنها خۆی بە وشە و زاراوەکانی زمانە نەتەوایەتییەکەی ببەستێتەوە و یەکێک لە هۆیە دیارەکانی دروستبوونی ئەم هەڵوێستەش بوونی ناوەڕۆکێکی سیاسی و نیشتمانی بوو، بەمانای ئەوەی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە نوێیەی بارودۆخە نوێیەکە دروستی کردبوو پێویستی بەزمانێکی نوێ بوو بەشێوەیەک لەگەڵ سروشتیدا بگونجێت و بەرگێکی خۆماڵی لە بەرکات و رەنگدانەوەی خاسیەتە نەتەوایەتییەکانی بێت. شاعیرانیش بۆ دروستکردنی ئەو زمانە کوردییە پەتییە پشتیان بەچەند سەرچاوەیەک بەستبوو وەک سوود وەرگرتن لە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و زمانی قسەکردنی خەڵک و سوود وەرگرتن لە زار و بەشە زارەکانی زمانی کوردی. هەڵوێستەکەی تریان بەپێچەوانەوە رێگای سوود وەرگرتنی لە زمانانی تر پەسەند کردووە و بەهۆیەک لە هۆیەکانی پەرەسەندنی زمانە نەتەوایەتییەکەی داناوە، بەڵام بەمەرجێک سوود وەرگرتنەکە بەپێی پێویست و لە سنوورێکی دیاریکراو بوایە و کاری نەکردبایە سەر رەسەنایەتی زمانەکە.

– گۆڕانی زمانی شیعری نوێی کوردی لەو شێوازە گران و ئاڵۆزەی لە شیعری کلاسیکیدا بەکاردەهات بۆ شێوازێکی سادەی نزیک لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵک پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو بەگۆڕانی تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەرکی شیعر و بەستنەوەی بەگەیاندنی پەیامی شیعرەکەی بەگەورەترین ژمارە لە کۆمەڵانی خەڵک، کە ئەمەش پێویستی بەوە بوو بەزمانێک دەربڕێت نزیک بێت لە زمانی خەڵکەکە و ناکرێ ئەمەش



جیا بکرێتەوە لە هاتنە پێشەوەی ئەو واقیعەی بارودۆخە تازەکەی ژیانی میللەتی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دروستی کردبوو و پێویستی بەدەربڕین و گەیاندن بوو بەکۆمەڵانی خەڵک. جگە لەمە هەروەها هۆی دروستبوونی ئەو شێوازە سادەیەی زمانی شیعری نوێ لە کارتێکردنی شیعری نوێی تورکی بەدوور نەبوو کە سوود وەرگرتنی شاعیرانی کورد لە تاقیکردنەوە شیعرییەکەی وان بوو بەهۆی ئاوڕدانەوە لە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و بایەخدان بەزمانی قسەکردنی خەڵک وەک سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی ئەو شێوازە سادەیەی بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە تازەکەیان هەڵبژاردبوو.

– لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەدرێژایی قۆناغەکانی پەرەسەندنی شیعری نوێی کوردی کێش، یان مۆسیقای شیعر کە هەندێ جار بە بەدیلی کێش و قافیە دانراوە، بەیەکێک لە پێویستییە بنەڕەتییەکانی بنچینەی پێکهاتنی شیعری کوردی دانراوە و بایەخ بەو پەیوەندییە بەناویەکداچوو و پتەوە دراوە کە کێش، یان مۆسیقایان، بەشیعر بەستۆتەوە و بەهۆیەکی سەرەکی جیاکردنەوەی شیعر و پەخشانیان داناوە و ئەو بیروڕایانەی داوای گۆڕانی کێشی شیعریشیان کردووە بەهیچ شێوەیەک لە هیچ قۆناغێکی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەمانای پشتگوێ خستنی کێشی شیعر نەهاتوون، بەڵکو بەمەبەستی گۆڕانی شێوە بەکارهێنانە کۆنەکەی بۆ شێوە بەکارهێنانێکی نوێ بووە بۆ خۆشکردنی رێگای دەربڕینی ئەزموونە شیعرییەکەی شاعیری نوێ.

– گۆڕانی کێشی شیعری کوردی لە کێشی عەرووزییەوە بۆ کێشی برگەیی، وەیان هەروەک هەندێک پێی دەڵێن کێشی پەنجە، یەکێک بوو لەو مەسەلانەی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بایەخێکی زۆری پێدراوە و ئەوە دیارکراوە کە پێش ئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئایین و رۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئیسلامییەوە بچنە سەر بەکارهێنانی کێشی عەرووز، لە سەرەتادا کورد کێشی برگەیی بەکارهێناوە ئینجا لە قۆناغێکی تردا چۆتە سەرکێشی عەرووز، بەڵام ئەمە هەر ماوەیەکی خایاندووە، ئەگەرچی ماوەکەش درێژبوو، بەڵام لە کۆتاییدا لە ئەنجامی نەمانی ئەو بارودۆخەی ئەو کێشەی هێنابووە ناو شیعری کوردی شتێکی ئاسایی بوو ئەمە ببێتە هۆی گۆڕانی کێشی عەرووزو گەڕانەوەی شاعیرانی کورد بۆ سەر کێشی برگەیی هەرچەندە ئەو گەڕانەوەیەش بۆ سەر کێشی برگەیی دوای نوێکردنەوەی شیعری کوردی یەکسەر نەبووە هۆی وازهێنانێکی تەواو لە کێشی عەرووز کە بەکارهێنانی لە سنووری چەند نموونەیەکی کەمی شیعری چەند شاعیرێکی کورددا هەر دەبینرا.

– گۆڕانی کێشی شیعری کوردی لە کێشی عەرووزەوە بۆ کێشی بڕگەیی لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بوو، یەکێک لەو هۆیانە گەڕاوەتەوە بۆ کارتێکردنی شیعری نوێی تورکی لەو رووەوەی کەوا چۆن ئەوان بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتییان پاڵیانی پێوەنا بگەڕێنەوە سەر کێشە نەتەوەییە رەسەنەکەی خۆیان، بەهەمان شێوە شاعیرانی کوردیش لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتییان گەڕانەوە بۆ سەر کێشە رەسەنە خۆماڵییەکەی خۆیان کە کێشی بڕگەیی بوو. جگە لەمە هۆیەکی تری گەڕانەوەی شاعیرانی کورد بۆ سەر کێشی بڕگەیی گەڕاوەتەوە بۆ ڕێکنەکەوتنی کێشی عەرووز لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی و گونجانی کێشی بڕگەیی لەگەڵ سروشتی ئەو زمانە. هەروەها گۆڕانی تێڕوانینی شاعیری کورد لە بایەخدان بەشێوەی هونەری شیعرەوە بۆ بایەخدانی زیاتر بەناوەڕۆکی شیعر هۆیەکی تری دوورکەوتنەوەی شاعیرانی نوێی کورد بوو لە کێشی عەرووزو گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بڕگەیی ئینجا گۆڕانی خودی ناوەڕۆکەکەش دیسان کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر گۆڕانی شێوە هونەرییە کۆنەکە و دروستبوونی شێوەیەکی هونەری نوێ بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە نوێیەکەی ژیانی سەردەمە نوێیەکە دروستی کردبوو.

– لە بارەی دیارکردنی کێشە بڵاوەکانی شیعری کوردی بەپێی بزووتنەوەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی زۆربەی بیروڕا رەخنەییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لە سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا کێشی (دە بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) دیارترین و بڵاوترین کێشەکانی شیعری کوردی بوون و لە پاڵ چەند کێشێکی تردا بەکاردەهاتن. واتە لە سەرەتادا جۆرە هەمە ڕەنگییەک لە کێشی شیعری کوردیدا دەبینرا، بەڵام دوای ماوەیەک، وەبەتایبەتی لە حەفتاکان بەدواوە ئەو هەمەڕەنگییە لە بەکارهێنانی کێشی شیعردا نەماو لە جیاتی ئەمە شاعیران خۆیان بەکێشێک یان دووان بەستۆتەوە و روویان کردۆتەوە جووینەوە و دووبارەکردنەوەی ئەو کێشانەو لە ئەنجامی ئەمەدا هەڵوێستێکی رەخنەیی توند دروست بووە خۆی لە پەسەندنەکردنی ئەم دیاردەیەدا نواندووە.

– زۆربەی ئەو بیروڕا رەخنەییانەی لە کەرتکردنی بڕگەکانی کێشی شیعری کوردییان کۆڵیوەتەوە سەرباری ئەوەی یاسایەکی دیاریکراویان نەبووە پشتی پێ ببەستن و پەیڕەوێکی چەسپاوی لا دروست کردبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا دروست بووە لەو رووەوەی کە زۆربەی کێشەکان کەرت کردنی بڕگەکانیان شێوەیەکی بنچینەیی وەرگرتووە ئینجا لە پاڵ ئەمەدا شێوە کەرت کردنەکانی تریان



وەرگرتووە. وەنەبێ ئەم بایەخدانەش بەم لایەنەی کێش هەموو کێشەکانی شیعری بەیەک پلە گرتبێتەوە، بەڵکو هەندێ کێش زۆر و هەندێکشیان کەم بایەخیان پێدراوە و ئەو کێشانەش کە لە هەموو کێشەکانی تر زیاتر بایەخیان پێدراوە کێشی (دە بڕگەیی) و (هەشت بڕگەیی) بوون ئینجا لە پاڵ ئەمانەدا کەم یا زۆر باسی کێشەکانی تری شیعر کراوە. وە لە کۆتاییشدا ئەو بیروڕا رەخنەییانە لە بارەی کەرتکردنی کێشەکانی شیعری کوردییەوە شتێکی گرنگیان دیارکردووە کاتێک ئەوەیان دەرخستووە کە هەندێ کێش یەک شێوە کەرتکردن و هەندێکیشیان دوو شێوە کەرتکردنیان هەیەو هەندێ جاریش کێش هەیە چەند کەرتکردنێکی جۆربەجۆری هەیەو کێشیش هەیە هیچ شێوە کەرت کردنێکی بۆ دیار نەکراوە.

– قافیە وەک یەکێک لە بنەماکانی پێکهاتنی شیعری کوردی لە زۆربەی بیروڕا رەخنەییەکاندا لەسەر بناغەی یەک بۆچوونەوە ئەو بیروڕایانە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە شیعری کوردی، وەک شیعری نەتەوەکانی سەر بەزمانە هیندو ئەوروپاییەکان، لە بنچینەدا قافیەی نەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەکاتێکدا کێش و مۆسیقا هەر لەسەرەتای پەیدابوونی شیعرەوە بەیەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی شیعر دانراوە، قافیە لە قۆناغێکی درەنگتردا، وەک نەتەوە غەیرە عەرەبەکانی تر، هاتۆتە ناو شیعری کوردی.

– قافیە بنەمایەکی پێویستی بنیاتنانی شیعرە، ئەگەرچی سەبارەت بەپێویستی بوون یا نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا دوو ڕای جیاواز دروست بووە، کە یەکێکیان پێی لەسەر پێویستی بوونی قافیە لە شیعردا دادەگرت و ئەوی تریشیان بوون و نەبوونی بەیەک شت دادەنا، چونکە خاوەنانی ئەو رایەی بۆ ئەوە چووبوون نەبوونی قافیە کار لە سروشتی پێکهاتنی شیعر ناکات لەبەر ئەوەی دوو ئیحتیمالیان هەڵگرتووە کە ئەوانیش (بوون) و (نەبوون)ی قافیەن بۆیە ناکرێ بڵێین ئەو رایانە داوای واز لێهێنانێکی تەواو و یەکجاری قافیەیان کردووە و بەتەواوی رەتیان کردۆتەوە، بۆیە ئەنجام وا دەکەوێتەوە کە قافیە بنەمایەکی پێویستی پێکهاتنی شیعرە، بەڵام بەدوورکەوتنەوە لە تێگەیشتنە کۆنەکەی چەمکی قافیە کە لەو گۆڕانانەدا دەبینرێت کە بەسەر قافیەدا هاتووە.

-- قافیە لەڕووی تێڕوانینی جیاوازەوە تەماشاکراوە و ئەرکی جیاوازی دراوەتە پاڵ. بەشێک لە بیروڕاکان ئەرکە جوانکارییەکەی قافیەیان لەبەرچاو گرتووە و پێیان لەسەر بەها مۆسیقییەکەی داگرتووە و بەستوویانەتەوە بەو چێژەی کە لە مۆسیقا کاریگەرەکەیەوە

وەردەگیرێت و لایەنی جوانکردنی رواڵەتی شیعرەکەشیان پێ بەستۆتەوە، بەڵام بەشێکی تر لە بیروڕاکان پێیان لەسەر ئەو پەیوەندییە داگرتووە کە قافیەی بەناوەڕۆک بەستۆتەوە و ئەوەیان دەرخستووە کە قافیە پەیوەندی بەتەواوکردنی مانای شیعرەکەوە هەیە. کەواتە دوور لەو تێڕوانینە یەک لاییانە ئەرکی قافیە نەتەنها رازاندنەوەی رواڵەتی شیعر و نەتەنها خزمەتکردنی ناوەڕۆکەکەیەتی، بەڵکو لەیەک کاتدا خزمەتی رواڵەتی شیعر و ناوەڕۆکەکەی دەکات.

– گۆڕانی قافیە وەک یەکێک لە پێویستییەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە سەرەتادا بەدوورکەوتنەوە لە خۆبەستنەوە بەیەکێتی قافیەو رووکردنە بەکارهێنانی جووت قافیە دەستی پێکردووە و بەرەو بەکارهێنانی قافیەی هەمەڕەنگ چووە تا گەیشتۆتە ئەو جۆرە بەکارهێنانەی پشتی بە ریتمی ناوەوەی شیعر بەستووە و هەر گۆڕانێکیش لەو گۆڕانانەی لەهەر قۆناغێکدا بەسەر قافیەی شیعری کوردی داهاتووە لە زۆربەی بیروڕا رەخنەییەکاندا پەسەند کراوە و بەهەنگاوێکی بەرەو پێشچووی شێوە بەکارهێنانەکەی پێش خۆی دانراوە.

– گۆڕانی قافیە لە شیعری کوردیدا لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بوو، لە سەرەتادا لەلایەکەوە لە کارتێکردنی بزووتنەوەی شیعری نوێی تورکی بەدوور نەبوو و لەلایەکی تریشەوە بەئەنجامی گۆڕانی ناوەڕۆکە کۆنەکەی شیعر و هاتنە پێشەوەی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە دانراوە کە بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی میللەتی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دروستی کردبوو ئەوەبوو هەوڵدانی شاعیران بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە گەورەیە بەهۆی ئەو ماوە تەسکییەی خۆبەستنەوە بە یەکێتی قافیە دروستی دەکرد و رێی لە دەربڕینی ناوەڕۆکەکە دەگرت، ناچار شاعیران روویان کردە شێوە بەکارهێنانێکی تری قافیە کە بواری دەربڕینی ناوەڕۆکەکەی فراوانتربوو ئەویش بەکارهێنانی جووت قافیە بوو ئینجا دوای ئەمەش لە هەموو هەنگاوەکانی تری گۆڕانی قافیە زیاتر هەر ئەو ماوە تەسکییە بوو پاڵی بەشاعیرانەوە نا واز لە شێوە بەکارهێنانەکانی پێش خۆیان بهێنن و رووبکەنە شێوە بەکارهێنانێکی تری قافیە کە لەهەر قۆناغێکدا بوارێکی فراوانتری بۆ دەربڕینی ناوەڕۆک دەرەخساند. هەر لەبەر ئەوەش بوو، لەم رووەوە، زۆربەی بیروڕا رەخنەییەکان زیاتر لایەنی دەربڕینی ناوەڕۆکە شیعرییەکەیان لەبەرچاو دەگرت و ئەوەندە بەلای دیارکردنی کاریگەری ئەو گۆڕانانەدا نەدەچوون کە لەڕووی هونەرییەوە دروستی دەکرد.



– لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا لایەنێکی گرنگی ئیلتیزام لە دیارکردنی ئەو پەیوەندییەدا بینراوە کە شیعری بە ژیان بەستۆتەوە و ئەو ئەرکە گرنگەی دیارکردووە کە شاعیر بەپێی هەست بە لێپرسینەوە کردن بەرامبەر بەڕووداوەکانی ژیانی سەردەم گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی. جا بەپێی جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیع و هەڵوێستی بەرامبەر بەرووداو و گیروگرفتەکانی ژیان دوو بۆچوونی جیاواز دروست بووە: بۆچوونێکیان ئەرکی شیعری بەوە دیارکردووە کە تەنها مەبەستی باسکردنی گیروگرفت و کەموکورییەکانی ژیان بووە بێ ئەوەی بەشداری لە گۆڕینی واقیعەکەیدا کردبێت و بەدوای ئەوەدا گەڕابێت رێگا چارەیەک بدۆزێتەوە. کەچی بۆچوونەکەی تر رازی نەبووە ئەرکی شیعر تەنها بەوێنەگرتن و پیشاندانی باری نالەباری واقیعەکەی دیاربکات، بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا ئەرکی شیعری بەوە دیارکردووە کە پێویستە چارەسەری باری ناهەمواری واقیعەکەی بکات بەگۆڕینی ئەو واقیعەی کە هەیە بۆ ئەو واقیعەی کە پێویستە هەبێت.

– زۆربەی ئەو بیروڕایانەی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا باسی مەسەلەی ئیلتیزامیان کردووە لەسەر ئەوە یەکیان گرتۆتەوە کە شاعیرو نووسەرانی کورد پێویستە لە سەرەتادا پێش ئەوەی باسی ئێش و ئازارو چەوسانەوەی میللەتانی تر بکەن و لە میللەتانی ترەوە دەست پێ بکەن، ئێش و ئازاری مرۆڤی کورد و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای کورد و چەوسانەوە نەتەوایەتی و چینایەتییەکەی میللەتی کورد بکەنە هەوێنی شیعرەکانیان ئینجا بەرەو باسکردنی میللەتانی تر بچن، وەنەبێ ئەم جۆرە بۆچوونەش لەسەر بناغەی بیرکردنەوەیەکی تەسکی رەگەزپەرستییەوە دروست بووبێت، بەڵکو پێویستی بارودۆخی تایبەتییەکەی میللەتی کورد ئەمەی سەپاندووە، ئەگەر وانەبێ هاوهەستی کردن بەئێش و ئازارەکانی میللەتانی ترو باسکردنی ژیانی پڕ لە مەینەتی و چەوسانەوەی ئەو میللەتانە لایەنێکی گرنگی شیعر و ئەدەبیاتی کورد پێک نەدەهێنا.

– گۆڕان و پەرەسەندنی مانای ئیلتیزام لە جۆری پرسیارەکان و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەردەکەوێت کە لای شاعیرو نووسەران دروست بوونەو هەریەکەیان بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی تایبەتی خۆیانەوە هەوڵیان داوە وەڵامیان بدەنەوە، چونکە لە کاتێکدا لە وەڵامی پرسیاری (شاعیر بۆ کێ دەنووسێت؟) سادەترین جۆری مانای ئیلتیزاممان بۆ دەردەکەوێت کە خۆی لە خۆبەستنەوەی شاعیر بە بەرەی گەل دەنوێنێت، پرسیاری (شاعیر چی دەنووسێت؟) ئەو پەیامە دیاردەکات کە شاعیر بەرامبەر بەگەلەکەی دەیگرێتە ئەستۆی خۆی کە ئەمەش بەبەرەوپێشچوونی پرسیارەکەی پێش خۆی دادەنرێت،

بەرامبەر بەمەش دروستبوونی پرسیاری (شاعیر چۆن دەنووسێت؟) ئەو شێوە هونەرییە دیاردەکات کە ناوەڕۆکەکەی پێ دەردەبڕێت، کە ئەمەش لایەنێکی تری پرسیارەکانی تر تەواو دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئیلتیزام رێ لە شاعیر ناگرێت لە پاڵ بایەخدان بەناوەڕۆکی شیعر بایەخ بەشێوە هونەرییەکەش بدات.

– هەر لە رێگای ئەو پرسیارانەی لە بارەی مەسەلەی ئیلتیزامەوە دروست بوون چەند بۆچوونێکی رەخنەیی جیاوازیش سەبارەت بەمەسەلەی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعرەوە دروست بوو. بۆچوونێکیان ناوەڕۆکی لە شێوەی هونەری شیعر بەگرنگتر داناوە، بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ شتێکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو رایانەی ئەم بۆچوونەیان پێک هێنابوو سەرباری ئەوەی زیاتر پێیان لەسەر گرنگی ناوەڕۆک داگرتووە و لە شێوەی هونەرییان بەگرنگتر داناوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە نرخ و گرنگی شێوەی هونەریشیان کەم نەکردۆتەوە وەک لایەنێکی گرنگی پێکهاتنی بەرهەمە شیعرییەکە. بۆچوونێکی تریشیان کە شێوەی هونەری لە ناوەڕۆک بەگرنگتر داناوە ئەم بۆچوونە بەدەگمەن نەبێ لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا نابینرێ. بەڵام بەرامبەر بەمە بۆچوونێکی تر هەبوو بەیەک چاو تەماشای گرنگی شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی شیعری دەکردو هەردووکیانی بەتەواوکەری یەکتر دادەنا بۆیە داوای ئەوەی دەکرد کە لەهەر بەرهەمێکدا پێویستە هاوسەنگییەکی تەواو لە نێوان شێوەیەکی هونەری بەرز و ناوەڕۆکێکی بەپێزدا هەبێت چونکە هەر کەموکورییەک لە یەکێکیاندا زیان بە سەرجەم بەرهەمەکە دەگەیەنێت.

– تەم و مژی دوای ئەوەی بووە دیاردەیەکی دیاری شیعری نوێی کوردی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دوو هەڵوێستی رەخنەیی جیاوازی لە بارەیەوە دروست بوو: هەڵوێستێکیان تەمومژییان لە شیعردا بە شتێکی ناپەسەند دادەنا، بەتایبەتی ئەو جۆرە تەمومژییە دەستکردەی بەئەنقەست بەمەبەستی سەر لێشێواندنی وەرگر دەرگای لەڕووی هەموو جۆرە تێگەیشتنێک دادەخست و لەژێر پەردەیەکی تەماوی ئەستووردا ماناکانی دەشاردەوە. هەڵوێستێکیشیان بەپێچەوانەوە بوونی تەمومژی لە شیعردا پەسەند کردووە و بەسروشتە ئاڵۆزەکەی ژیانی سەردەمە نوێیەکەی بەستۆتەوە تاوای لێهات ئەو بۆچوونە رەخنەییە بێتە پێشەوە کە تەمومژی بەبنەڕەتێکی شیعرە نوێیەکە دابنرێت و ببێتە پێویستییەکی شیعری.

– لەناو ئەو بیروڕا رەخنەییانەی هۆیەکانی تەمومژی شیعریان دیاری کردووە چەند



رایەک نەبێت کە لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا هۆی پەنابردنە بەر تەمومژییان لای شاعیری بێ تواناو کەم ئەزموون و تێنەگەیشتوو لە ئەرکی راستەقینەی شیعر و چەند حاڵەتێکی لەم بابەتە کە تەمومژییان تیادا بەشێوەیەکی خراپ بەکارهاتووە ئەوا ئەم حاڵەتانەی لێ دەربچێت، بەشێوەیەکی گشتی تەمومژییان بەدیمەنێکی دیاری پەرەسەندنی شیعری نوێ داناوە کە شاعیران لە ئەنجامی پێویستییەکەوە روویان تێکردووە جا ئەو پێویستییە چ پەیوەندی بەلایەنی ناوەڕۆک وەیان لایەنی شێوە هونەرییەکەی شیعرەوە هەبێت.

– سەبارەت بەجۆری ئەو جەماوەرەی شیعری ئاڕاستە کراوە هەر لەناو مەسەلەی تەمومژیدا مەسەلەیەکی تر هاتۆتە پێشەوە ئەویش مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنە کە لەڕووی بیروڕاو بۆچوونی جیاوازەوە باس کراوە: بۆچوونێکیان بۆ ئەوە چووە کە شیعر پێویستە ئاراستەی زۆربەی، وەیان هەموو، جەماوەر بکرێت و لە ئاستی تێگەیشتنی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵدا نابێت، بەرامبەر بەمە بۆچوونێکی تریان بەپێچەوانەوە بۆ ئەوە چووە کە شیعر پێویستە ئاستێکی بەرزی هەبێت و تەنها ئاراستەی ئەو جەماوەرە بکرێت کە ئاستێکی رۆشنبیری بەرزی هەیە، بەڵام بەرامبەر بەم دوو بۆچوونە بۆچوونێکی تر دروست بووە بۆ ئەوە چووە کە پێویستە پردێک لە نێوان خۆی و جەماوەردا دروست بکات و نەئەوەندە بەرز بێت کەس نەیگاتێ و نە لە ئاستی دیارکراوی خۆشی دابەزێت و بەرهەمێکی سادەو کاڵ و کرچی لێ دەربچێت.

– یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی لە رەخنەی ئەدەبی کوریدا بەهەڵوێستێک دانراوە کە شاعیر تیایدا نارەزایی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەبوونی واقیعێکی سەخت و نالەبارو ناکۆک لەگەڵ ژیانی سەردەمە نوێیەکەدا کە شاعیر تیایدا هەستی بە نامۆیی و نەگونجان لەگەڵ واقیعە هەبووەکەیدا کردووە و لە ئەنجامدا وای لێهاتووە بەگژ ئەو واقیعەدا بچێت و کەموکوڕی و لایەنە چەوت و ناشیرینییەکانی پیشان بدات و هەڵوێستێکی رەتکەرەوە وەربگرێت کە بەپێی ئاستی هۆشیاری و پلەی رۆشنبیری و جۆری بیرکردنەوەی تایبەتی شاعیر خۆی لە دوو هەڵوێستدا نواندووە کە ئەوانیش یان یاخیبوونە بەسەر واقیعەکە وەیان بەرپاکردنی شۆڕشێکە بۆ هەڵتەکاندنی ئەو واقیعەی کە هەیە بەمەبەستی بنیاتنانی واقیعێکی چاکتر لە واقیعە هەبووەکە.

– لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دوو هەڵوێستی جیاواز بەرامبەر بەیاخیبوون و تەنها یەک هەڵوێستی چەسپاو بەرامبەر بەشۆڕشگێڕێتی دروست بووە. سەبارەت بە یاخیبوون

بەشێک لە بیروڕاکان بەکارێکی تاکەکەسی گێرەشێوێنی بێ ئامانجیان داناوە و بەتوندی ڕەتیان کردۆتەوە کەچی بەشێک لە بیروڕاکان بەپێچەوانەوە یاخیبوونیان بەهۆیەک داناوە بۆ پەردە هەڵماڵین لەڕووی لایەنە ناشیرین و چەوتەکانی ئەو واقیعە نالەبارەی کە هەیەو زۆرجار بەهەڵگری تۆوی شۆڕش دانراوە بۆ خۆشکردنی زەمینەی بەرپاکردنی شۆڕش، هەرچی شۆڕشگێڕێتییە ئەوا سەرجەم بیروڕا ڕەخنەییەکان بەتوندی پەسەندیان کردووە و بەهۆیەکیان داناوە بۆ گۆڕینی واقیع.

– لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دوو جۆرە یاخیبوون دیارکراوە، ئەوانیش یاخیبوونێکی (سەلبی) و یاخیبوونێکی (ئیجابی)ن. یاخیبوونە سەلبییەکە بەو هەڵوێستە دیارکراوە کە شاعیر تیایدا پشتی لە واقیعە نالەبارەکەی کردووە و ناڕەزایی خۆی تەنها بەڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە دیارکردووە، هەرچی یاخی بوونە ئیجابییەکەیە ئەوا شاعیر لەم حاڵەتەدا تەنها لە سنووری ڕەتکردنەوەی واقیعەکە نەوەستاوە، بەڵکو بەدیلی واقیعە ڕەتکراوەکەشی دیارکردووە کە ئەمەش ئەو پەیوەندییە پتەو و بەناویەکدا چووە دیاردەکات کە یاخیبوونە ئیجابییەکە و شۆڕشگێڕێتی بەیەکتر بەستۆتەوە و ئەو زەمینە هاوبەشەی دیارکردووە کە هەردووکیان لێیەوە دەستیان پێکردووە و وەک دوو شتی تەواوکەری یەکتریانی پیشان داون و ئەوەی دەرخستووە کە سەرەتای شۆڕشگێڕێتی بەو یاخیبوونە ئیجابییە دەستی پێکردووە کە بەرەو بەرپاکردنی شۆڕش پەرەی سەندووە. هەر لێرەوەش بەپێی ئەمە بنچینەی ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەمان بۆ دەردەکەوێت کە یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتیان بە دوو شتی پێچەوانەی یەکتر داناوە و ئەوەیان دەرخستووە کە لەم حاڵەتەدا زیاتر مەبەست ئەو یاخیبوونە بووە کە بەمانا سەلبییەکە هاتووە.

– یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی لە ئەدەبدا لایەنی ناوەڕۆک و لایەنی شێوە هونەرییەکەی بەرهەمەکەی گرتۆتەوە. ئەگەر لەڕووی ناوەڕۆکەوە سەرەتای یاخیبوون بەهەستکردنی شاعیر بەنەگونجانی ئەو ناوەڕۆکە کۆنە دەستی پێ کردبێت کە لە ئەنجامی هاتنە پێشەوەی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە دروست بووە کە پێویستی قۆناغە نوێیەکە هێناویەتییە پێشەوە، ئەوا یاخیبوون لەڕووی شێوەی هونەرییەوە کاتێک دەستی پێکردووە کە شاعیر هەستی بەوە کردووە شێوە هونەرییە کۆنەکە بۆ ناوەڕۆکە نوێیەکە دەست نادات و ئەو ناوەڕۆکە نوێیە پێویستی بەشێوە دەربڕینێکی نوێ هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکە نوێیەکەدا بگونجێت و دەری ببڕێت. شۆڕشگێڕێتییەکەش سەبارەت بەناوەڕۆک و شێوەی هونەری شیعر کاتێک دەستی پێکردووە، کە شاعیر دەستی کردووە بەگۆڕینی ناوەڕۆک و شێوە هونەرییە کۆنەکە لە



ڕێگای تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی شتە کۆنەکان و بنیاتنانی شتە نوێیەکان. هەر لێرەوەش ئەو پەیوەندییە پتەوە دەردەکەوێت کە یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی بەمەسەلەی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان کۆن و نوێ دەبەستێتەوە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم کتێب

### ١- بەزمانی کوردی


- ئازادی و ژیان، کەریم شارەزا، چاپخانەی وەفا، بەغدا، ١٩٦٠.
- ئازارو ئاوات، أ.ب. هەوری، چاپخانەی سلمان الأعظمي، بەغدا، ١٩٥٦.
- ئاوازی ژیان- کۆمەڵەی دووەم لە هۆنراوەی چاپکراوی ع. خۆشناو، چاپخانەی الشمال، کرکوک، ١٩٥٩.
- ئەدەب و رەخنە، عەزیز گەردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٧٤.
- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠.
- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٨.
- انجمن ادبيان کرد، أمين فيضي، مطبعەی (ترجمان حقيقت) استەمول ١٣٣٩ (١٩٢١ز)
- ئەوەی بۆ بلاوکردنەوە ناشێ، ناکام، چاپخانەی (لیواء)، بەغدا، ١٩٥٨.
- بتی شکاو، عبدالله پەشێو، چاپخانەی شمال، کرکوک، ١٩٦٨.
- بژار، ئەحمەد رێبوار، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥.
-بەستەی چوار داستان، ئاوارە، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧٠.
- بەشێک لە دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٩.
- بەفرو ئاڵەکۆک- پرس و ئەزموون لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا، کەریم دەشتی، کتێبی کاروان، ژ-١، ١٩٩٣.
- بەهەشت و یادگار، گۆران، چاپی دووەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١.
- پیرەمێردی نەمر، محمد رسول (هاوار)، چاپخانەی العاني، بەغدا، ١٩٧٠.
- تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨.
- چەپکێ وەنەوشە، دایکی سۆلاف، دار القادسیة للطباعة، بغداد، ١٩٨٢.
- چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی، اسماعیل رسول، دار الحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٨١.
- چەند گوتارەکێد رەخنەیی، انور محمد طاهر، ژ بەلاڤکرنا ئەمینداریا گشتی یا رۆشنبیری و لاوان ل دەڤەرا کوردستانێ، ١٩٨٨.





- چەند مەسەلەیەکی شیعری، شێرزاد عبدالرحمن، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٧.
- چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١.
- خونچەی سەهۆڵ، ئازاد دڵزار، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٧٥.
- خۆشەویست، ئەرخەوان، چاپخانەی راپەڕین،سلێمانی، ١٩٧٢.
-دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدین، طبع بمطابع دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.
- دڵدار شیعر و هەڵوێست، شێرزاد عبدالرحمن، مطبعة الرسالة، بغداد، ١٩٨٦.
- دەرزی ئاژەنی خەمەکان، هەمزە عەلی، فوئاد محمد أمین، رەفیق فاییق، پێشەکی و لێکۆڵینەوەی رەئووف حەسەن، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٨.
-دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی- عەلی تەرەماخی، لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسین و ئامادەکردنی بۆ چاپ دکتۆر مارف خەزنەدار، چاپخانەی دار الزمان، بەغدا، ١٩٧١.
- دیاری و یادگار،عثمان شارباژێری، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢.
- دیاری کامەران، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٧.
- دیارو یادگار، خورشیدە بابان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٩.
- دیلان شاعیرو ئازادیخواز، دڵشاد عەلی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١.
- دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ (صاحبقران)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٥٧.
- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوەو پێشەکی بۆ نووسینی د. عیزەدین مستەفا رەسوول، چاپخانەی الأدیب، بەغدا، ١٩٨٦.
- دیوانی بنەوشەکان، عبدالرزاق بیمار، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨١.
- دیوانی بەختیار زێوەر، کۆکردنەوەی مەحموود زێوەر، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ١٩٨٩.
- دیوانی بێکەس، محمدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی الادیب بەغدا، ١٩٨٠.
- دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی فائق هوشیار و محمود احمد محمد ومصطفی صالح کریم و محمد نوری توفیق و احمد زرنگ مصطفی، بەرگی یەکەم، مطبعة الزمان، بەغدا، ١٩٩٠.
- دیوانی سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا، ١٩٥٨.
- (دیوانی شیعر) محمد صالح دیلان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەو پێشەکی و پەراوێز نووسینی عەبدوڵڵا عەزیز خالد، مطبعة سومر، بەغدا، ١٩٨٧.
- دیوانی شێخ نووری شێخ صاڵح، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوەو ساغی کردۆتەوەو لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، مطبعە دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٥.
- دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین و پەراوێز لێدان عەبدوڵڵا عەزیز خالد، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٧.

- دیوانی گۆران- سەرجەمی بەرهەمی گۆران- ، بەرگی یەکەم، محمدی مەلا کەریم، کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
- رازی تەنیایی، احمد هەردی، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٥٧.
- رێباز، نووسینی ئاوارە، ئەمین میرزا کەریم، مەدهۆش، جەمال شارباژێڕی، ئەنوەر قەرەداغی، شێخ جەعفەر حسێن بەرزنجەیی، کۆکردنەوەی: رؤوف معروف، بڵاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاوێژ، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٦٨.
- رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رشید احمد، مطبعة الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.
- رێزی نان بگرن، هێمن، کۆکردنەوەی ئەسعەد عەدۆ، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
- رێگەی دوور، کەریم شارەزا، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧١.
- زایەڵەی زەنگ، ئەژی گۆران، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١.
- سۆزی ئەندێشە، حمە علی وریا، بەرگی دووەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی ١٩٧٩.
- سۆزی دەروون، کاکەی فەللاح، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢.
- سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ئەدەبی دیکە، حمە سەعید حەسەن، چاپخانەی ئاپیک، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
- شیعر و ادبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی التفیض، بەغدا، ١٩٤١.
- شیعر و ادبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الشباب، بەغدا، ١٩٥٦.
- شوکری فەزڵی شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە، ساغ کردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالد- ئاگرین- دار الحریة للطباعە، بغداد، ١٩٨٥.
- شەپۆڵی هەست، حمە عەلی وریا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی ١٩٧٣.
- شەش وتار دەربارەی: شیعری نوێ و تاقیکردنەوە، عبدالله عباس، چاپخانەی علاء، بەغداد، ١٩٨٠.
- شیعر.. هەڵوێستە، حەمە سەعید حەسەن، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٩.
- شیعری کوردی ژیان و بەرهەمی شاعیران، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بەشی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
-شیعری کۆن و تازە یا بیری کۆن و تازە، ص. هەژار، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٣.
- شیعری کۆن و نوێ، أ ب. هەوری، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٥.
- شێخ نووری دەنگی رەسەنی شیعر، مصلح مصطفی جلالی، دار الحریة للبطاعة، بغداد، ١٩٨٤.
- شێخ نووری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و رەخنە سازیدا، دکتۆر کامل حسن البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.



- کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەللاح)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
- کاروانی یار، جلال مدحت خۆشناو، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦.
- کاکەی فەللاح، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
- کامەران و هۆنراوەی نوێ، محمد صدیق عارف، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٨.
- کامیل ژیر و هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و رەخنەدا، ب. هەندرێن، چاپخانەی ئۆفسێتی میناء. بەغدا، ١٩٨٥.
- کوردایەتی، کامیل ژیر، چاپخانەی النجاح، بەغدا، ١٩٦٠.
- کۆشی ئارام، سعدالله پەرۆش، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، ١٩٦٩.
- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، معروف خزنەدار، مطبعة الوفاء، بغداد، ١٩٦٢.
- کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریة، بەغداد، ١٩٩٢.
- گوڵدەستەی شعرای هاوعەسرم، علی کمال باپیر، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٣٩.
- گولزاری کوردستان، عثمان عوزێری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٥٨.
- گۆرانی کۆچەری کوێستان، عبدالله عباس، مطبعة علاء، بغداد، ١٩٨٣.
- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار، چاپخانەی (المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.
- لە بانێژەی شیعرەوە، محمود زامدار، چاپخانەی جریدة العراق، ١٩٨١.
- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی، ئاوارە، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٨٧.
- مستەفا شەوقی و پەیژە، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مومتاز حەیدەری، مطبعة الادیب البغدادیة المحدودة، ١٩٨٥.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، چاپی یەکەم، ١٩٥٢.
- نازەنین، هەڵبەستی ژیر، کامل ژیر، چاپخانەی النور، بەغدا، ١٩٥٧.
-ناڵەی دەروون، شێخ محەمەدی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپخانەی ارشاد، بغداد، ١٩٨٤.
- نرخ شناسی، علاءالدین سجادی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٠.
- نیگای خۆشەویستی، تۆفیق فارس عزیز نەبەز، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨١.
- وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، حەمە سەعید حەسەن، مطبعة علاء بغداد، ١٩٧٩.
- وێژەی کوردی و رەخنە سازی، لە بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر کامل حسن عەزیز بەسیر ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عیراق، چاپخانەی(دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٩٠.
- هاواری لاوان، نەریمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی جامعة، بەغدا، ١٩٥٣.
- هۆنراوەی نوری شێخ ساڵح، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٥٨.
- هۆنراوەی نوێ - لێکۆڵینەوەیەکی وێژەیی، ناکام، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٥٩.

- هەندێ وتار و چاوپێکەوتنی وێژەیی، خالید دلێر، بەشی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا،١٩٨٥.
- یادگاری لاوان، چاپخانەی الکرخ، بغداد، ١٩٣٣.
- یادگاری لاوان و دیاری لاوان – چاوگێرانێک بە باری رۆشنبیری کوردستانی عیراقدا لە ساڵەکانی (سی)دا، غەفوور میرزا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
- یادی بادینان، بەشی یەکەم لە دیوانی م. رەسووڵ (هاوار)، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٥٩.

**بەزمانی عەرەبی**

- أبواب ومرايا مقالات في حداثة الشعر، خيري منصور، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.
- أثر التراث في الشعر العراقي الحديث، علي حداد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.
- الأزهار تورق داخل الصاعقة، حسين مردان، كتاب الجماهير- ٩- دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٢.
- الأسس الجمالية في النقد العربي، د. عزالدين اسماعيل، دار الشوون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.
- الأسطورة في شعر السياب، عبدالرضا علي، الطبعة الثانية، دار الرائد العربي، بيروت- لبنان، ١٩٨٤.
- الاشتراكية والفن، ارنست فيشر، ترجمة اسعد حليم، دار القلم، بيروت، ١٩٧٣.
- اصول النقد الادبي، احمد الشايب، الطبعة السابعة، مكتبة النهضة المصرية ١٩٦٤.
- اضمام قزحية من الشعر الكردي الحديث، اختارها وترجمها آزاد عبدالواحد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٠.
- اغاني كردستان، معروف خزنەدار، بغداد، ١٩٥٥.
-اوزان الشعر الفارسي، دكتور پرويز ناتل خانلري، ترجمة وتعليق دكتور محمد نورالدين عبدالمنعم، مراجعة وتقديم دكتور عبدالنعيم محمد حسنين، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٨.
- أهم مظاهر الرومنطيقية في الادب العربي الحديث واهم المؤثرات الاجنبية فيها، فؤاد القرقوري، الدار العربية للكتاب التونسية للبطاعة وفنون الرسم، جوان، ١٩٨٨.
- البنيوية التكوينية والنقد الادبي، لوسيان غولدمان وآخرون، راجع الترجمة محمد سبيلا، الطبعة الاولى، مؤسسة الابحاث العربية، ١٩٨٤.
- الثابت والمتحول (صدمة الحداثة)، ادونيس، الطبعة الخامسة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٦.
- ثورة الشعر الحديث، د. عبدالغفار مكاوي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤.
- جمهورية افلاطون، دراسة وترجمة الدكتور فؤاد زكريا، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤.



- دراسات نقدية، دكتور عدنان حسين قاسم، منشورات المنشأة الشعبية للنشر والتوزيع والاعلان، ليبيا، ١٩٧٩.
- دراسة في الشعر الكردي، لوسي پول مارگريت و ك. أ. ب، تعريب رفيق حلمي، مطبعة التفيض الاهلية، بغداد، ١٩٣٩.
- دير الملاك (دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر)، د. محسن اطميش، منشورات وزراة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢.
- السمكة الفضية قصائد مختارة للشاعر الكردي لطيف هلمت، اختارها وترجمها عبدالله طاهر البرزنجي، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٧.
- شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، حسين علي شانوف، ترجمة شكور مصطفى، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥ .
- الشعر العراقي الحديث- مرحلة وتطور-، الدكتور جلال خياط، دار صادر، بيروت- لبنان، ١٩٧٠.
- الشعر العربي المعاصر قضاياه، وظواهره الفنية والمعنوية، الدكتور عزالدين اسماعيل، الطبعة الثالثة، دار العودة ودار الثقافة، بيروت، ١٩٨١.
- الشعر في اطار العصر الثوري، د. عزالدين اسماعيل، الطبعة الثانية، دار الحداثة، بيروت- لبنان، ١٩٨٥.
- الشعر كيف نفهمه ونتذوقه، اليزابث دورو، ترجمة محمد ابراهيم الشوش، مكتبة منيمنة، بيروت، ١٩٦١.
- الصراع بين القديم والجديد في الشعر العربي، الدكتور محمد حسين الاعرجي، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية اللطباعة، بغداد، ١٩٧٨.
- صفحات من الادب الكردي، روشن بدرخان، مطبعة سمياء، بيروت، ١٩٥٤.
- طبيعة المجتمع الكردي في ادبه -دراسة نفسية اجتماعية ادبية، د. بدرخان السندي، الجزء الاول، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٦٧.
- عرض موجز للمادية الدياليكتيكية، بودوستنيك وياخوت، دار التقدم، موسكو، مطبعة العراق للطباعة والنشر، ١٩٧٠.
- العروض والقافية -دراسة و نقد-، الدكتور عبدالرحمن السيد، مطبعة قاصد خير، القاهرة.
- علم العروض والقافية، د. عبدالعزيز عتيق، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، ١٩٧٤.
- فتاة نغزة- قصائد لكامران، ترجمة حسين عارف، مطبعة كامران، سليمانية، ١٩٥٩.
- فن التقطيع الشعري والقافية، الدكتور صفاء خلوصي، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٦٦.
- فن الشعر، ارسطو طاليس، ترجمه عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه عبدالرحمن بدوى، الطبعة الثانية، دار الثقافة، بيروت- لبنان، ١٩٧٣.

- فن الشعر، هوراس، ترجمة الدكتور لويس عوض، الطبعة الثانية، الهيئة المصرية العامة للثقافة والنشر، المطبعة الثقافية، القاهرة، ١٩٧٠.
- فن الشعر، الدكتور احسان عباس، الطبعة السادسة، سلسلة الفنون الادبية-٣-، دار الثقافة، بيروت- لبنان، ١٩٧٩.
- في الادب والنقد، الدكتور محمد مندور، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٣.
- في الرؤيا الشعرية المعاصرة، احمد نصيف الجنابي، كتاب الجماهير-٨-، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- في لغة الشعر، د. ابراهيم السامرائي، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان.
- في النقد الادبي، الدكتور شوقي ضيف، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، ١٩٦٦.
- في النقد الادبي الحديث منطلقات وتطبيقات، الدكتور فائق مصطفى والدكتور عبدالرضا علي، الطبعة الاولى، طبع بمطابع التعليم العالي- جامعة الموصل، ١٩٨٩.
- قراءة وتاملات في المسرح الاغريقي، الدكتور جميل نصيف التكريتي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦.
- قضايا الشعر المعاصر، نازك الملائكة، الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين، بيروت- لبنان، ١٩٧٨.
- قضايا في النقد الادبي، ك. ك. روثنفن، ترجمة الدكتور عبدالجبار المطلبي، مراجعة الدكتور محسن الموسوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
- قضية الشعر الجديد، د. محمد النويهي، مكتبة الخانچي ودار الفكر، بيروت- لبنان،١٩٧١.
- كامران شاعر من كردستان، كامل حسن البصير، مطبعة كامران، سليمانية، ١٩٦٠.
- لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع القرن العشرين والحرب العالمية الثانية، د. عدنان حسين العوادي، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.
- مدخل الى تاريخ الاداب الاوربية، الدكتور عماد حاتم، الدار العربية للكتاب، ليبيا- تونس، ١٩٧٩.
- المدخل لدراسة الادب الكردي المدون باللهجة الشمالية، تحسين ابراهيم الدوسكي، الجزء الاول والثاني، دراسات ادبية-١-، من منشورات جمعية علماء كردستان، ١٩٩٣.
- معجم النقد العربي القديم، الدكتور احمد مطلوب، الجزء الثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
- معنى الثورة، الدكتور جورج حنا، الطبعة الثانية، دار بيروت للطباعة والنشر، ١٩٥٩.
- مقالات في تاريخ النقد العربي، د. داود سلوم، سلسلة دراسات، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١.
- موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، د، معروف خزنه دار، الترجمة عن الروسية الدكتور عبدالمجيد شيخو، الناشر: هوشنك كرداغي، ١٩٩٣.





- الموسوعة الفلسفية، م. روزنتال و ب. يودين، ترجمة سمير كرم، الطبعة الثانية، دار الطليعة- بيروت، ١٩٨٠.
- نصوص النقد الادبي، د. لويس عوض، الجزء الاول، دار المعارف بمصر، ١٩٦٥.
- نظرات في الادب الكردي، عبدالسلام حلمي وعبدالمجيد لطفي، مطبعة الصباح، بغداد، ١٩٥٥.
- نظرية الشعر عند الفلاسفة المسلمين (من كندي حتى ابن رشد)، د. الفت كمال الروبي، دار التنوير للطباعة والنشر، ١٩٨٣.
- النظرية النقدية عند العرب، الدكتورة هند حسين طه، سلسلة دراسات، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨١.
- النقد الادبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، الطبعة الاولى، دار العودة بيروت، ١٩٨٢.
- النقد الادبي الحديث في العراق، الدكتور احمد مطلوب، معهد البحوث والدراسات العربية، مطبعة الجبلاوي، ١٩٦٨.
- النقد التطبيقي التحليلي، د. عدنان خالد عبدالله، سلسلة كتب شهرية، الطبعة الاولى، دار الشؤرن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.
- الواقعية في الادب الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسول، منشورات المكتبة المصرية- بيروت، ١٩٦٦.


### به زمانی ئینگلیزی


- A Dictionary of Literary Terms (English- French- Arabic), Magdi Wahba, Beirut Lebanon, New Impression 1983.
- Aesthic, Bonedetto Croce, Vision Press and Peter Owen London, 1953.
- An introduction to poetry, Louis Simpsen, London, 1968.
-Arab conception of poetry, A. Elkot, 1950.
-English Literary Criticism, J. Atkins, the Medieval phase Cambridge, 1943.
-The Idea of God and Human Freedom, pannen Berg, Wolfhart, the west minster press, philadeiphia,1973.
- The Literary Symbol, W.Y.Tindell, University press, Newyork, 1955.
-Theory of Literature , Rene Wellek and Austin Warren, New Heven, published, 1949.
-The Poetic Image, C.B. Lewis, Newyork, Oxford University, 1948.

## ٢- گۆڤارەکان


بەزمانی کوردی

ئاسۆی زانکۆیی (بەشە کوردییەکەی آفاق جامعیە). ژ: ٥، ئاداری ١٩٧٨ .
ژ:١٩٨١،٣٠

ئاوێنە. ژ: ٢-٣، جۆزەردان و پوشپەڕی ١٣٦٩.

ئۆتۆنۆمی. ژ:١، ساڵی یازدەهەم ١٩٨٦
ژ:٥٦، ساڵی دوازدەهەم١٩٨٧
ژ: ٥٧، ساڵی دوازدەهەم ١٩٨٧

برایەتی
ژ:١٠، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، کانوونی دووەمی ١٩٧١

بڵێسە
ژ:٢، ساڵی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٥٩
ژ:٤، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ١٩٥٩
ژ:٧، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٦٠
ژ:٨، ساڵی یەکەم، مارتی ١٩٦٠

بیری نوێ
ژ:١، ساڵی یەکەم، ١٩٧٢

بەیان
ژ: ٢، شوباتی ١٩٧٠
ژ: ٤، نیسانی ١٩٧٠
ژ: ٨، ئابی ١٩٧٣
ژ: ٢١، کانوونی دووەمی ١٩٧٥
ژ: ٢٢، شوباتی ١٩٧٥
ژ: ٢٤، نیسانی ١٩٧٥
ژ: ٢٨، ئابی ١٩٧٥
ژ: ٤٦، کانوونی دووەمی ١٩٧٨
ژ: ٤٨، ئادارو نیسان ١٩٧٨
ژ: ٤٩، مایسی ١٩٧٨
ژ: ٥٩، شوباتی ١٩٨٠
ژ: ٦٢، ئایاری ١٩٨٠
ژ: ٦٣، حوزەیرانی ١٩٨٠
ژ: ٦٤، تەمووزی ١٩٨٠
ژ: ٦٥، ئابی ١٩٨٠
ژ: ٧٨، نیسانی ١٩٨٢
ژ: ٧٩، مایسی ١٩٨٢
ژ: ٨٣، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢
ژ: ٨٤، نەورۆزی ١٩٨٣
ژ: ١٢٥، تشرینی دووەمی١٩٨٦
ژ: ١٣٧، تشرینی دووەمی ١٩٨٧
ژ: ١٤٥، تەمووزی ١٩٨٨
ژ: ١٥٦، حوزەیرانی ١٩٨٩

پێشکەوتن
ژ: ١، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٥٨
ژ: ٨، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٥٨
ژ: ١٥، ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ١٩٥٨

تریفە
ژ: ٤-٥، ئەیلوولی ١٩٧٧

تیشک
ژ: ٢، ساڵی دووەم، ١٩٧٠

دەفتەری کوردەواری
بەرگی سێیەم، مایس-ئاغستۆس- ١٩٧٠

دەنگی گێتی تازە
ژ: ١، بەرگی یەکەم، تشرینی یەکەمی ١٩٤٣

دەنگی مامۆستا
ژ: ١، ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی١٩٧٢

روانگە
ژ: ١، ١٩٧٠
ژ: ٢، ١٩٧١

روناهی
ژ: ١، ساڵی یەک، چریا ئێکی ١٩٦٠





ژ: ٢، ساڵی یەک، چریا دووی ١٩٦٠
ژ: ٤، ساڵی یەک، کانوونی دووی ١٩٦١

رۆژی کوردستان
ژ: ٣و٤، ئاب و ئەیلوولی ١٩٧١
ژ: ٥٢، تشرینی یەکەمی ١٩٧٨
ژ: ٥٨، ئاداری ١٩٨٠
ژ: ٦٤، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨١

رۆژی نوێ
ژ: ٦، ساڵی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٦٠

رۆشنبیری نوێ
ژ: ٥١، گەلاوێژی ١٩٧٦
ژ: ٥٢، ئابی ١٩٧٦
ژ: ٥٥-٥٦، کانوونی یەکەمی ١٩٧٦
ژ: ٦٤، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٧٨
ژ: ٧٧، تشرینی یەکەمی ١٩٧٩
ژ: ١٠٥، ئاداری ١٩٨٥
ژ: ١١٨، حوزەیرانی ١٩٨٨
ژ: ١٢٣، ئەیلوولی ١٩٨٩
ژ:١٢٦، کانوونی یەکەمی ١٩٩٠

زاری کرمانجی
ژ: ٢٤، ساڵی حەوتەم، تەمووزی ١٩٣٢

سروە
ژ: ٦٧، ساڵی یەکەم، ڕێبەندان ١٣٦٤
ژ: ٦٨، ساڵی یەکەم، رەشەمە ١٣٦٤
ژ: ٦، ساڵی دووەم، هاوینی ١٣٦٥
ژ: ١٠، ساڵی سێیەم، بانەمەڕی ١٣٦٦
ژ:١١، ساڵی سێیەم، ١٣٦٦
ژ:٢٢-٥٥، ساڵی چوارەم، ١٣٦٧
ژ:٢٧، ساڵی چوارەم، رەزبەری ١٣٦٧
ژ:٢٩، ساڵی چوارەم، سەرماوەرزی ١٣٦٧
ژ: ٣٠، ساڵی چوارەم، ١٣٦٧
ژ:٣٩، ساڵی پێنجەم، ١٣٦٨
ژ:٥، ساڵی شەشەم، ١٣٦٩
ژ:٥٢، ساڵی شەشەم، ١٣٦٩
ژ: ٥٧، ساڵی هەشتەم، ١٣٧٠
ژ:٦٣، ساڵی حەوتەم، ١٣٧٠

شەفەق
ژ: ١، ساڵی یەکەم، کانوونی دووەمی، ١٩٥٨
ژ: ٢، ساڵی یەکەم، شوباتی، ١٩٥٨
ژ:٤، ساڵی یەکەم، نیسانی، ١٩٥٨

کاروان
ژ:٦٥، حوزەیرانی، ١٩٨٨
ژ: ٧٢، شوباتی، ١٩٨٩
ژ: ٩٣، ئاداری ١٩٩٢

کۆڕی زانیاری کورد
بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥
کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)
بەرگی دەیەم، ١٩٨٣

کۆلیجی ئەدەبیات
ژ: ١٥، ١٩٧١-١٩٧٢
ژ: ١٦، ١٩٧٣
ژ: ١٨، ١٩٧٤

گەلاوێژ
ژ: ٧، ساڵی یەکەم، ١٩٣٩
ژ: ٥و٦، ساڵی سێیەم، مایس و حوزەیرانی ١٩٤٢
ژ: ٩، ساڵی چوارەم، ئەیلوولی ١٩٤٣
ژ: ١١، ساڵی چوارەم، تشرینی دووەمی ١٩٤٣
ژ: ١٢، ساڵی چوارەم، کانوونی یەکەمی ١٩٤٣
ژ: ٢، ساڵی پێنجەم، شوباتی ١٩٤٤

ژ: ٣، ساڵی پێنجەم، مارتی ١٩٤٤
ژ: ٤، ساڵی پێنجەم، نیسانی ١٩٤٤
ژ: ٥، ساڵی پێنجەم، مایسی ١٩٤٤
ژ: ٧، ساڵی پێنجەم، تەمووزی ١٩٤٤
ژ: ٩، ساڵی پێنجەم، ئەیلوولی ١٩٤٤
ژ: ٥، ساڵی حەوتەم، مایسی ١٩٤٦
ژ: ٩ و ١٠، ساڵی هەشتەم، تشرینی یەکەمی ١٩٤٧
ژ: ٢، ساڵی نۆیەم، شوباتی ١٩٤٨
ژ: ٣، ساڵی نۆیەم، مارتی ١٩٤٨

نووسەری کورد
ژ:٩، ئابی ١٩٧٣، خولی یەکەم
ژ:١، ئایاری ١٩٧٩، خولی دووەم
ژ: ٧، ئابی ١٩٨٩، خولی سێیەم

نووسەری کوردستان
ژ:٧، ئاداری ١٩٨٣
ژ: ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤
ژ: ١٦، پایزی ١٩٨٩

نووسەری نوێ
ژ: ٢، ساڵی دووەم، ١٩٧٤

نەورۆز
ژ: ١-٣، ساڵی یەکەم، ١٩٥٩

هاوار
هژمار: ٧، ١٩٣٢

هەولێر
ژ:١، ساڵی یەکەم، مایس ١٩٧٠
ژ: ١-٤، ساڵی دووەم، ١٩٧١

هەتاو
ژ: ٦و٧و٨، ساڵی یەکەم، ١٩٥٤
ژ: ٩٥، ساڵی سێیەم، نیسانی ١٩٥٧
ژ: ١١٥، ساڵی چوارەم، تشرینی دووەمی ١٩٥٧

ژ: ١٤٣، ساڵی پێنجەم، تشرینی دووەمی ١٩٥٨

هیوا
ژ:١، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٥٨
ژ: ٧، ساڵی یەکەم، کانوونی دووەمی ١٩٥٨
ژ: ٨، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٥٨
ژ: ٩، ساڵی یەکەم، مارتی ١٩٥٨
ژ: ٩، ١٠ساڵی دووەم، نیسان و مایسی ١٩٥٩
ژ:١١و١٢، ساڵی دووەم، حوزەیران و تەمووزی ١٩٥٩

**بەزمانی عەرەبی**
مجلة الثقافة الجديدة، العدد التاسع، كانون الأول ١٩٦٩
مجلة شمس كردستان، العدد ٧٥، ١٩٨٧
مجلة المعلم الجديد، الجزء الأول، المجلد التاسع، ١٩٥٦

## رۆژنامەکان

**بەزمانی کوردی**

بانگی کوردستان
ژ: ١، ساڵی یەکەم، ٢ ئاغستۆسی ١٩٢٢
ژ: ٢، ساڵی یەکەم، ١٤ ئاغستۆسی ١٩٢٢
ژ: ٣، ساڵی یەکەم، ٢١ ئاغستۆسی ١٩٢٢
ژ: ٦، ساڵی یەکەم، ١٨ ئەیلوولی ١٩٢٢
ژ: ٨، ساڵی یەکەم، ٢٩ ئەیلوولی ١٩٢٢
ژ: ٩، ساڵی یەکەم، ٨ تشرینی یەکەمی ١٩٢٢
ژ: ١-١٤، ساڵی یەکەم، ٢٨ کانوونی دووەمی ١٩٢٢

برایەتی
ژ: ٣١، ٢٨-١٢-١٩٧٢
ژ: ٣٢، ١٤-١-١٩٧٣



ژ: ٣٥، ٢٥-١-١٩٧٣
ژ: ٣٩، ٢١-٢-١٩٧٣
ژ:٤٠، ٢٨-٢-١٩٧٣
ژ: ٤٩، ٤-٥-١٩٧٣
ژ: ٥٣، ١-٦-١٩٧٣

برایی (بەشە کوردییەکەی رۆژنامەی التآخي)
ژ: ٢٢و٣٦، ساڵی یەکەم، ١٩٦٧
ژ: ٢٤٨و٢٥٠و٢٥٢، ساڵی یەکەم، ١٩٦٨

بیری نوێ
ژ: ٢٦، ٢٠-١٢-١٩٧٢
ژ: ١٩٥،١٢-٦-١٩٧٦
ژ: ١٩٩-٢٠١، تەمووزی ١٩٧٦
ژ: ٢١١، ٩-١٠-١٩٧٦
ژ: ٢٤٦و٢٤٩و٢٥٠، ساڵی شەشەم، ١٩٧٧

پاشکۆی رۆژنامەی عێراق
ژ: ٤، حوزەیرانی ١٩٧٧
ژ: ١٠، کانوونی یەکەمی ١٩٧٧
ژ: ١٩، ئەیلوولی ١٩٧٨
ژ: ٢٣، کانوونی دووەمی ١٩٧٩
ژ: ٢٤، شوباتی ١٩٧٩
ژ: ٢٥، مارت و نیسانی ١٩٧٩
ژ: ٢٦، مایسی ١٩٧٩
ژ: ٢٨، تەمووزی ١٩٧٩
ژ: ٣٦، مایسی ١٩٨٠
ژ: ٤٠، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٠
ژ: ١٩-٢٠، کانوونی دووەمی ١٩٨٨
ژ: ٢١، شوباتی ١٩٨٨
ژ: ٢٣، شوباتی ١٩٨٨
ژ: ٢٦، مارتی ١٩٨٨
ژ: ٨٢، نیسانی ١٩٨٩
ژ: ١٣١، نیسانی ١٩٩٠

رزگاری
ژ: ١٢، ٢٢-١١-١٩٩٤

رۆژی کوردستان
ژ: ١، ساڵی یەکەم، ١٥-١١-١٩٢٢
ژ: ٢، ساڵی یەکەم، ٢٢-١١-١٩٢٢
ژ: ٥، ساڵی یەکەم، ٢٠-١٢-١٩٢٢
ژ: ٩، ساڵی یەکەم،١٧-١-١٩٢٣
ژ: ١٣، ساڵی یەکەم، ١٧-٢-١٩٢٣

ژیان
ژ: ٢٠-٢٩ و ٣١-٣٣ و ٣٧-٤٠ و ٤٢-٢٣ و ٤٦ و ٤٨ و ٥٣-٥٥ و ٥٧ و ٥٩، ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧
ژ: ٣٣٥ و ٣٣٦ ئاغستوس و ئەیلوولی ١٩٣٢
ژ: ٣٧٤-٣٧٦، ئاغستوسی ١٩٣٣

ژین
ژ:٥٧٠ و ٥٧٢ و ٥٧٣ و ٥٧٥ و ٥٧٦، ساڵی١٤، ١٩٣٩
ژ: ١٠٧٦، ساڵی ٢٦، ١٩٥١
ژ: ١١٧٢-١١٧٥، ساڵی ٢٨، ١٩٥٣
ژ: ١٢٢٧، ساڵی ٣٠، ١٩٥٥
ژ: ١٢٧٧، ساڵی ٣٠، ١٩٥٥
ژ: ١٢٨٧، ساڵی ٣١، ١٩٥٦
ژ: ١٢٩٦، ساڵی ٣١، ١٩٥٦
ژ: ١٣١٦، ساڵی ٣١، ١٩٥٦
ژ: ١٣١٧، ساڵی ٣١، ١٩٥٦
ژ: ١٣١٩، ساڵی ٣١، ١٩٥٦
ژ:١٣٢١، ساڵی ٣١، ١٩٥٦
ژ: ١٣٣٢، ساڵی ٣٢، ١٩٥٧
ژ: ١٣٥٢، ساڵی ٣٢، ١٩٥٧
ژ: ١٣٧٩، ساڵی ٣٣، ١٩٥٨
ژ: ١٣٨٢، ساڵی ٣٣، ١٩٥٨
ژ: ١٣٩٣، ساڵی ٣٣، ١٩٥٨

ژ: ١٥٧٨، ساڵی ٣٥، ١٩٦٠
ژ: ١٥٨٣، ساڵی ٣٦، ١٩٦١
ژ: ١٥٨٤، ساڵی ٣٦، ١٩٦١
ژ: ١٥٨٦، ساڵی ٣٦، ١٩٦١
ژ: ١٦٨٣-١٦٨٨، ساڵی ١٩٦٢،٣٧
ژ: ١٦٨٩-١٦٩٥، ساڵی ٣٧، ١٩٦٢
ژ: ٤، ساڵی یەکەم، ١٩٧٠
ژ: ١٧، ساڵی یەکەم، ١٩٧١
ژ: ١٨، ساڵی یەکەم، ١٩٧١
ژ: ١٩، ساڵی یەکەم، ١٩٧١
ژ: ٢٠، ساڵی یەکەم، ١٩٧١
ژ: ٢٤، ساڵی یەکەم، ١٩٧١
ژ: ٨٥- ٩٠،ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٧٢

کوردستانی نوێ
ژ: ١٦١، ١٠-٨-١٩٩٢
ژ: ٤٩٥، ٢٨-٩-١٩٩٣

هاوکاری
ژ: ٥، ٢٦-٢-١٩٧٠
ژ: ٧، ٢٧-٢-١٩٧٠
ژ: ١٥، ٢٥-٤-١٩٧٠
ژ: ١٦، ٢-٥-١٩٧٠
ژ: ١٧، ٩-٥-١٩٧٠
ژ: ٢٢، ١٣-٦-١٩٧٠
ژ: ٢٥، ٢٧-٦-١٩٧٠
ژ: ٢٨، ١٤-٨-١٩٧٠
ژ: ٣٨، ٢٦-٨-١٩٧٠
ژ: ٤٢، ٢٤-١٠-١٩٧٠
ژ: ٤٣، ٣١-١٠-١٩٧٠
ژ: ٤٨، ٢٥-١٢-١٩٧٠
ژ: ٥١، ٢٦-١٢-١٩٧٠
ژ: ١، ٩-١-١٩٧١
ژ: ٢، ١٦-١-١٩٧١
ژ: ٤، ٣٠-١-١٩٧١

ژ: ٧، ٢٧-٢-١٩٧١
ژ: ٢١، ٢٦-٦-١٩٧١
ژ: ٢٩، ٢١-٨-١٩٧١
ژ: ٣١، ٤-٩-١٩٧١
ژ: ٣٢، ١١-٩-١٩٧١
ژ: ٣٣، ١٨-٩-١٩٧١
ژ: ٣٥، ٢-١٠-١٩٧١
ژ: ٤٤، ١٤-١٢-١٩٧١
ژ: ٤٦، ١٨-١٢-١٩٧١
ژ: ١٠٧،١١-٣-١٩٧٢
ژ: ١١١، ٨-٤-١٩٧٢
ژ: ١١٤، ٢٩-٤-١٩٧٢
ژ: ١١٥، ٦-٥-١٩٧٢
ژ: ١١٩، ٣-٦-١٩٧٢
ژ: ١٢٥، ١٥-٧-١٩٧٢
ژ: ١٢٧، ٢٩-٧-١٩٧٢
ژ: ١٣١، ٢٦-٨-١٩٧٢
ژ: ١٣٢، ٢-٩-١٩٧٢
ژ: ١٣٣، ٩-٩-١٩٧٢
ژ: ١٣٥، ٢٣-٩-١٩٧٢
ژ: ١٣٦، ٣٠-٩-١٩٧٢
ژ: ١٣٧، ٢-١٠-١٩٧٢
ژ: ١٣٨، ١٤-١٠-١٩٧٢
ژ: ١٤٠، ٢٨-١٠-١٩٧٢
ژ: ١٤٢، ١٧-١١-١٩٧٢
ژ: ١٤٣، ٢٤-١١-١٩٧٢
ژ: ١٤٤، ١-١٢-١٩٧٢
ژ: ١٤٧، ٢٢-١٢- ١٩٧٢
ژ: ١٥٥، ٢٣-٢-١٩٧٣
ژ: ١٦٢، ٣٠-٣-١٩٧٣
ژ: ١٦٣، ٣-٤-١٩٧٣
ژ: ١٦٤، ٢٧-٤-١٩٧٣
ژ: ١٧٣، ٢٩-٦-١٩٧٣
ژ: ١٨٠، ١٧-٨-١٩٧٣



ژ: ١٨٦، ٢٨-٩-١٩٧٣
ژ: ١٩٧، ١٤-١٢-١٩٧٣
ژ: ١٩٩، ٢٨-١٢-١٩٧٣
ژ: ٢٠٤، ٨-٢-١٩٧٤
ژ: ٢١١، ٢٩-٣-١٩٧٤
ژ: ٢٦٥، ٢-٩/٥/١٩٧٥
ژ: ٢٦٧، ١٦-٢٣/٥/١٩٧٥
ژ: ٢٧٤، ٤-١١/٧/١٩٧٥
ژ: ٢٧٦، ١٨-٢٥/٧/١٩٧٥
ژ: ٢٧٨، ١-٨/٥/١٩٧٥
ژ: ٢٨٤، ١٩-٩/١٩٧٥
ژ: ٣١٤، ٢٢-٤-١٩٧٦
ژ: ٣١٧، ١٣-٥-١٩٧٦
ژ: ٣٢٢، ١٧-٦-١٩٧٦
ژ: ٣٢٤، ١-٧-١٩٧٦
ژ: ٣٢٦، ١٤-٧-١٩٧٦
ژ: ٣٣٠، ١١-٨-١٩٧٦
ژ: ٣٣٨، ١٣-١٠-١٩٧٦
ژ: ٣٤٧، ٢٢-١٢-١٩٧٦
ژ: ٤٣٨، ٢١-٨-١٩٧٨
ژ: ٤٥٧، ١٥-١-١٩٧٩
ژ: ٤٦١، ١٢-١٢-١٩٧٩
ژ: ٢٥، ٢٤-٧-١٩٨١
ژ: ٢٦، ٣١-٧-١٩٨١
ژ: ٦٥٤، ١٦-٩-١٩٨٢
ژ: ٦٦٠، ٤-١١-١٩٨٢
ژ: ٦٦٣، ٢٥-١١-١٩٨٢
ژ: ٨٥٠، ٢١-٧-١٩٨٦
ژ: ٨٨٥، ٢-٤-١٩٨٧
ژ: ٩٠٩، ٢٨-٩-١٩٨٧
ژ: ٩١٠، ١-١٠-١٩٨٧
ژ: ٩١٦، ٢٢-١٠-١٩٨٧
ژ: ٩١٧، ٢٦-١٠-١٩٨٧
ژ: ٩٢١، ٩-١١-١٩٨٧

ژ: ٩٢٢، ١٢-١١-١٩٨٧
ژ: ٩٢٤، ١٩-١١-١٩٨٧
ژ: ٩٢٩، ٣-١٢- ١٩٨٧
ژ: ٩٣٠، ١٠-١٢-١٩٨٧
ژ: ٩٣٣، ٢١-١٢-١٩٨٧
ژ: ٩٣٥، ٢٨-١٢-١٩٨٧
ژ: ٩٨٣، ١٦-٦-١٩٨٨
ژ: ٩٩٥، ٤-٨-١٩٨٨
ژ: ٩٦٦، ٨-٨-١٩٨٨
ژ: ٩٩٩، ١٨-٨-١٩٨٨
ژ: ١٠٠١، ٢٥-٨-١٩٨٨
ژ: ١٠٠٣، ١-٩-١٩٨٨
ژ: ١٠٧٢، ١-٥-١٩٨٩
ژ: ١٠٧٧، ٢٢-٥-١٩٨٩
ژ: ١١١٦، ٩-١٠-١٩٨٩
ژ: ١١١٨، ١٦-١٠-١٩٨٩
ژ: ١١٢٣، ٢-١١- ١٩٨٩
ژ: ١١٣٣، ٢٧-١٢-١٩٨٩
ژ: ١١٣٩، ٢٨-١٢-١٩٨٩
ژ: ١١٦٥، ٢٩-٣-١٩٩٠
ژ: ١١٧٢،٢٣-٤-١٩٩٠
ژ: ١١٨٧، ١٨-٦-١٩٩٠
ژ: ١١٩٦، ٢٣-٧-١٩٩٠

هەولێر
ژ: ٦٤، ساڵی دووەم، ٢٥ مارت ١٩٥٢

**بەزمانی عەرەبی**

جريدة اربيل، العدد ٩١-٩٩، السنة الثانية ١٩٥٢
جريدة التآخي، العدد ٦٧، ٧-٧- ١٩٦٧
العدد ١٠١، ١٩٦٧
العدد ٣٢٨، ٢-٨-١٩٦٨
جريدة العراق العدد ٨٨٧، ٢٩-١-١٩٧٩
العدد ٤٠٥٥، ١٦-٥-١٩٨٩

# ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 5

**بەشی یەکەم** – مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر و دیارکردنی سیماکانی پەرەسەندنی... ..... 17

**بەشی دووەم** – رەخنەی ئەدەبی کوردی و کێشەی نێوان کۆن و نوێ ..... 207

– سەرەتایەک لە بارەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ ..... 209

– پەیدابوونی کێشەی نێوان کۆن و نوێ لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا ..... 214

– کێشەی نێوان کۆن و نوێ و دوو هەڵوێستی جیاواز ..... 218

* توندوتیژی هەڵوێستی یەکەم ..... 218

* نەرمی هەڵوێستی دووەم ..... 241

– قوتابخانە ئەدەبییەکان و کێشەی نێوان کۆن و نوێ ..... 269

– سەرئەنجامی کێشەکە ..... 274

**بەشی سێیەم** – رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شێوەی هونەری شیعر ..... 277

باسی یەکەم – زمانی شیعر ..... 279

– سەرەتایەک لەبارەی زمانی شیعر ..... 281

– گۆڕانی زمانی شیعر ..... 294

– کوردی پەتی و دوو هەڵوێستی جیاواز ..... 315

– شێوازی زمانی شیعر ..... 336

باسی دووەم – کێشی شیعر ..... 349

– سەرەتایەک لەبارەی کێش ..... 351

– گۆڕانی کێش ..... 369

– کێشە بڵاوەکانی شیعر ..... 382

– کەرتکردنی برگەکانی کێش ..... 392

باسی سێیەم – قافیەی شیعر ..... 405

– سەرەتایەک لە بارەی قافیە ..... 407

– چەمک و ئەرکی قافیە ..... 411

– پێویستی بوون یان نەبوونی قافیە ..... 417

– گۆڕانی قافیە ..... 424

**بەشی چوارەم** – رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر ..... 439

باسی یەکەم – گۆڕان و نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر ..... 441

– هۆی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر ..... 443





– سروشتی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر ..... 446

– گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر بەپێی گۆڕانی قوتابخانە ئەدەبییەکان ..... 450

– گۆڕانێکی تری ناوەڕۆکی شیعر لە حەفتاکاندا ..... 459

– ناوەڕۆکی شیعری هەشتاکان و تەکانێکی تر ..... 443

باسی دووەم – نوێکردنەوەی بابەتەکانی ناوەڕۆکی شیعر ..... 457

بابەتی یەکەم – مەسەلەی ئیلتیزام ..... 489

– سەرەتایەک لەبارەی مەسەلەی ئیلتیزام ..... 491

– ئیلتیزام لە خۆبەستنەوەی شاعیر بە ژیان لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا ..... 498

– ئیلتیزام و جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیع و دوو بۆچوون: ..... 506

* بۆچوونی یەکەم: خستنەڕووی گیروگرفتەکانی ژیان ..... 506

* بۆچوونی دووەم: خستنەڕووی گیروگرفتەکانی ژیان و چارەسەرکردنیان ..... 514

– ئیلتیزام لە خۆبەستنەوە بە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ مەسەلەی مرۆڤایەتی ..... 526

– گۆڕانی پرسیارەکان و پەرەسەندنی مانای ئیلتیزام ..... 529

بابەتی دووەم – مەسەلەی تەم و مژی شیعر ..... 551

– سەرەتایەک لە بارەی تەم و مژی شیعر ..... 553

– هەڵوێستی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرامبەر تەم ومژی شیعر ..... 560

هەڵوێستی یەکەم: پەسەند نەکردنی تەم و مژی شیعر ..... 560

هەڵوێستی دووەم: پەسەند کردنی تەم و مژی شیعر ..... 566

– هۆی بوونی تەم ومژی لە شیعردا ..... 571

– تەم و مژی شیعر و مەسەلەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن ..... 581

بابەتی سێیەم – مەسەلەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی ..... 603

– سەرەتایەکی گشتی لەبارەی یاخیبوون وشۆڕشگێڕێتی ..... 605

– هۆی یاخیبوون وشۆڕشگێڕێتی شاعیری کورد ..... 607

– ئامانجی یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی ..... 613

– پەیوەندی یاخیبوون وشۆڕشگێڕێتی ..... 617

– پێداچوونەوەیەکی خێرا ..... 623

سەرچاوەکان ..... 641